تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

شەرەفنامە

مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان

میر شەرەفخانی بدلیسی

وەرگێڕانی

مامۆستا هەژار

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس



خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین
سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

ناسنامە

ناوی کتێب: **شەرەفنامە**
نووسەر: **میرشەرەفخانی بدلیسی**
وەرگێڕ: **مامۆستا هەژار**
نوویسیار: **ماجد مەردۆخ ڕۆحانی**
بڵاوکراوەی: **ئاراس**- ژمارە: ٤١٠
پیتچنین و ڕازاندنەوە: **ئاری عەبدی**
هەڵەگری: **ئەفشین بەهاریزەڕ، ئاراز عەبدی**
ڕوویەرگ: **حەمیدڕەزا زەڕی**
نووسینی ڕوویەرگ: **سەعید غەفووری**
سەرپەرشتی چاپ: **شوان ماجد**
چاپی سێهەم: ٢٠٠٦

ناونیشان: **گەڕەکی خانزاد، هەولێر، کوردستان**

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com



ناوەرۆك

سەردێڕ | لاپەڕە

رووپەڕی سێهەم: (٣ بەش ، ٢٥ بەند)

بەشی یەکەم: (٩ بەند)

ڕووپەڕی چوارەم: (٤ بڕ)

کۆتایی

دەسپێك

ئەم کتێبە سێهەم چاپی وەرگێڕاوەی مێژووی لــە مێژینــەی کــوردان (*شــەرەفنامە*) بــە قەڵــەمی سەنگین و ڕەنگینی مامۆستا هەژارە؛ کە بە شێوازێکی تــازە و بــەم چــەندە ئــاڵوگۆڕەوە، پێــشکەشی خوێنەران دەکرێ:

١- خاڵبەندی[1]: ڕاستە لە ماوەی ئەم دە- دوازدە ساڵەدا، چاپەمەنی بە زمانی کوردی شوکور زۆر گەشەی کردووە و پەرەی ساندووە؛ بەڵام بە داخەوە هێشتا لە باری خاڵبەندیەوە، کتێــب و نووســراوەی کوردی زۆر لاوازە. بە دەگمەن کتێبێکی وا دەستت بگرێ لەم بارەوە کارێکی لە سەر کرابێ و بۆ باشتر و زووتر تێگەیشتنی خوێنەر، حەولێکی دەگەڵ درابێ.

تاقمێك لە خاڵ (.) بەو لاوە، هیچ نیشانەیەك دانانێن؛ بەم بۆنەوەیــە دەبیــنین بــڕێ جــاران تاقــە ڕستەیەك دوو- سێ مانا هەڵدەگرێ و جاروبارەش مانای مەبەست بە هــیچ جــۆرێ خــۆ نانوێنــێ و بــە تەواوی سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ.

دەستەیەکیش بە ئیشتیا و بە بێ یاسا بۆی دادەنێن! دەی جا وەرە و خوێنەری هەژار سەر دەرکــە چی نووسراوە و واتە و مەبەست لە کام شوێن حەشاردراوە؟

تۆ بڵێی ئەم کتێبە بایەخدارەش بەم بۆنەوە بێ تا ئەوڕۆکە - وەکوو شیاوە- نەناسراوە؟

لەم چاپەدا کتێبەکەمان لەسەرڕا پیت چنیوە و بە شێوەیەکی جەمجۆرتر و جوانتر دەرمانهانیوە.

بۆ خاڵبەنــدیــش تا ئەو ڕادە پێم کراوە و لێم زانیوە، نیــشانەکانی { . و ، و ؛ و : و ... و – و – – و « » و ( ) و [ ] و ! و ؟ و / و ⇆ }م لە جێگای خۆیان داناوە؛ بەو هیوایە خوێنــەری هێــژا، ساناتر بڕواتە سەر مانای ورد و زمانی ڕازاوە و وێژەی تایبەتی وەرگێڕاوەکە و باقی بەرهەمەکانی ئــەم کتێبەوە.

٢- شەرەفخان لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی مانگیدا مێژووەکەی دوایی هێناوە. کەوابوو دیــارە لــە

١- ئەم وشە بەرامبەری «نقطه‌گذاری» فارسی و « الترقیم» عەرەبی و «Punctuation» ئینگلیسی داندراوە.

بەشی ئەمیرانی ئەردەڵانی، تا سەرەتای سەردەمی هەڵۆخانی ئەمر باس دەکا و ئیتر بەولاوەتر ناچێ.

مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی - لە پەراوێزی وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی *شەرەفنامەی بدلیسی*دا- درێژەی بەم باسە داوە و بە کورتی تا بڕانەوەی ئەمارەتیانی هێناوە. مامۆستا هەژاریش هەر لە پەراوێزدا، ئەو بەشەی کردۆتە کوردی و دایناوە.

دەوری بیست ساڵێك لەوە دوا، مامۆستا پێنج مێژووی تایبەتی بە بەرە و هۆزی ئەردەڵانی هانی و مێژووەکەی مەستوورە خانمی کردە بناغەی کارەکە و ئەوانی خوسرەوبەگی ئەردەڵانی و سمایلی مەلا محەمەدو ئایەتوڵڵا مەردۆخ و مەلاشەریفی قازی و مەلا جەمیلی - یەك بە یەك- بەرامبەر کرد و هێنایە سەر زمانی کوردی و ئەوی وردەکاری بێ لێ دەکار کرد و کردیە کتێبێکی سەربەخۆ؛ بە ناوی: *مێژووی ئەردەڵان*.[1]

ئاشکرایە ئێستاکە لە سەرینەی ئەم کتێبەدا، ئەو پەراوێزە لاوازە و جێگای پێشووی ناگرێتەوە. کەوا بوو لەم چاپەدا دەستمان لێ هەڵگرت.

٣- لە کۆتایی دوو چاپی پێشووی *شەرەفنامەی* بەکوردی -وەکوو پاشگر- «*فەرهەنگیلەی شەرەفنامە*» و دوو نامیلکەی: «*بە سەر چلی ژینامەی هەژاری وەرگێر*» و «*لە شوێن چوونێك*» -کە لەمەڕ ناوچەی بارزان و ئەمر بارزانی نووسراوە- داندرابوو. ئەوڕۆ، کە کتێبخانەی کورد خاوەنی هەنبانە بۆرینە و چێشتی مجێور و دەیان کتێب و پەرتووکی تایبەت بەو پیاوە گەورەیە، ئەم سێ وتارە -وەك دیارە- چاوکەن لە چاوی ڕووبارێ و گەڕەکن لە حاندی شارێ. بەم بۆنەوە ئەو سێ بەشەشمان لەم چاپەدا نەهێنا.

***

لە بەرامبەر کردنەوە و پێداچوونەوەی ئەم وەرگێڕاوە دەگەڵ مێژووە فارسییەکەی شەرەفخاندا، چەند خاڵێکم بەرچاو کەوت کە بە کورتی ئەمانەیە:

١- سەردێڕەکان -بە تایبەت لە ڕووپەڕی سێهەم بەو لاوە- ئاڵۆزابوون و یەکیان نەدەگرتەوە. لە پێڕستەکەشدا ئەم ناتەباییە زەق دیار بوو. زیاد لەوە، لە چەند شوێنێك - تاك و تەرا- سووکە هەڵەی وەك ژمارەی منداڵان و ساڵەکان و جێگۆڕکێ کردنی شوێنی ڕووداوەکان، ڕوویان دابوو. لەم چاپەدا ئەوانە چوونەتەوە سەر دەقی خۆیان.

١- *مێژووی ئەردەڵان* سێ جاران -لە هەولێر و لە تاران- لە چاپ دراوە.

٢- وەك دەزانین، مامۆستا هەژار قەت بڕوای بە وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە نەبووە و لە هەموو پاچڤەکانیدا، بەرگی بێگەردی زمانی پاراوی خۆی، دەبەر مانا و مەبەستی وەرگێڕاوەکانی کردووە. جا دیارە لەم شێوە وەرگێڕانەدا، گرینگ کاکڵی مانایە و توێکڵ زۆر بایەخی نیە. لەم کارەشدا بەو بۆنەوە، برێ جاران وادیارە خەریکبێ لە ماکی فارسیەکە نەختێ دوورکەوێتەوە؛ بەڵام کە دەگاتە ئاکام، پوختەی مانا پڕ بە پڕی خۆی دێتەوە. جا کە وابوو، ئەگەر کەسێ ویستی ئەم پاچڤە کوردیە دێڕ بە دێڕ و ڕستە بە ڕستە لەگەڵ فارسیەکەیدا بەرامبەردانێ، شوێن بۆ قامك لە سەر دانان فراوانە؛ بەڵام ئەگەر پوختەی مانامان مەبەست بێ، بێشك کارێکی بێقسەیە.

٣- میرشەرەفخان لە ئاخر و ئۆخری چەرخی دەیەمی کۆچیدا مێژووی *شەرەفنامەی* نووسیوە. ڕاستە دەورانی سەفەوی سەردەمی کزبوونی وێژە و زمان و فەرهەنگی فارسیە؛ بەڵام ئەو میرە زانایە بۆ خۆی نووسەرێکی توانا و وێژەوانێکی هەلکەوتە و کتێبەکەی باشترین وێنەی پەخشانی فارسی ئەو سەردەمانەیە. لەو لاشەوە، هەموو شاعیرانی گەورە و ناسراوی فارس، وەك: حافیز، سەعدی، مەولەوی، فیردەوسی، خاقانی، نیزامی و عەتتار و سەنایی، پێشتر لە چەرخی ئەو ژیاون و هەموو شیعر و بەرهەمێکیان لە کتێبخانەی شەرەفخان، شوێنی تایبەتی خۆی بووە. سەرانسەری *شەرەفنامە* بە شیعری بەرز و زۆر جوانی ئەو کەڵە شاعیرانە ڕازاوەتەوە. مامۆستا نەك خۆی لەم بڤە نەبواردووە و چاوی لە وەرگێڕانیان نەقووجاندووە، یەکبەیەکی ئەو شیعرانەی - هەر لە سەر کێشی خۆی - کردوونەتە کوردی و بەڕاستی یەکجار جوانیشی خولقاندوون.

بۆ وێنە لە باسی شەڕی میرسەیفەددینی سۆران و حوسێن بەگی کوردی داسنی — نۆکەری چاو لە دەستی سوڵتان سولەیمانخانی خوێنمژ - کە میری سۆران بە مەردی و نەبەردی، جار لە دووی جار دوژمنانی ڕادەماڵێ و نیشتمانی لە تورکان و بەردەستانیان دەسرێتەوە، سوڵتانی بێفەڕ و قوشقی، ڕك و قینی دڵی پیسی، بەسەر حوسێن بەگی داماودا ئەڕژێنێ و فەرمان ئەدا بە هەزار ئەشکەنجە و ئازار، لەکۆڵ دنیای ئەکەنەوە. شەرەفخان بۆ ئەوە ئەم دەرسەمان لەبیر نەچێتەوە و نەبینە نۆکەری دوژمنی بێگانە و دڵخۆش بە خۆفرۆشی نەبین، ئەم سێ بەیتە فارسیەمان بۆ دێنێتەوە کە دەڵێ:

کسی کو با کسی بد سازگردد	بدو روزی همان بد بازگردد
به چشم خویش دیدم بر گذرگاه	که زد بر جان موری مرغکی راه
هنوز از صید منقارش نپرداخت	که مرغی دیگر آمد کار او ساخت

مامۆستا هەژار -کە قسەکەی زۆر بەدڵە و تەواو قسەی دڵی خۆیە- بەکوردی ئاوەهای دەخەملێنێتەوە:

کەسێ هاوکاری زۆرداران بوو پیشەی	دەسی زۆردار بە بیور دای لە ڕیشەی
کە تاژی ڕاوی پێ نەکراو شەکەت بوو	لە لای ڕاوکەر لەژێر داردا سەکەت بوو
کەوێك هاوخوێنی خۆی بێنێتە سەر داو	نەدوورە خێوی، خۆی لێسێ بە شۆرباو

زیاد لەمەش لە چەند شوێنان کە باری قسەکەی خۆش دیوە، خۆی شیعری - بۆ شادە - لێ زیاد کردووە. وەك لەوێ کە قسەی حەسەنبەگ ناوێکی گەورەی هۆزی عیتاق دەکا - کە پیاوێکی پارە زۆر و نانەخۆر بووە و بە چکووسی و پیسی ناوی ژیانی حێق کردووە- ئەم سێ بەیتەی بۆ داناوە:

کێ زۆر چنۆك و پیسە، بە ڕژدی بیبەزێنە
زێڕ باخنە قولینچکان، وەك مشکی سەر خەزێنە
ئەو ڕۆژی دەچیە بن گڵ، هەزار گرێ لە سەر دڵ
مشکان لە مێشکی وشکت بازباز و گەزگەزێنە
کۆت کردەوە بە بێهۆ، ویستت نەخۆی دە بیخۆ!
ئەو بازە سڵبەزێنە، ئەو گازە دڵتەزێنە

بە کورتی، ئەو *شەرەفنامە* میرشەرەفخان نووسیویەتی، مێژوویێکی یەکجار بەنرخی لە مێژینەیە؛ بە زمانێکی پوخت و پاراو. بەڵام ئەوی مامۆستا هەژار -با بڵەین- وەریگێڕاوە، پێش هەموو شتێ شاکارێکی زمان و وێژەوانیە؛ تژی لە وشە و ڕستەی ڕەسەن و جوانی کوردی.

بەو هیوایە کە ئەم کتێبە هێژایە باشتر لە پێشوو بناسرێ و زووتر جێگای یەکجار بەرز و تایبەتی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێتەوە، چاپی سێهەمی بە خوێنەرانی هێژا پێشکەش ئەکەین.

دوایین قسە، دروودی بێ بڕانەوەیە بۆ گیانی پاکی ئەو دوو زانا دڵسۆزەی گەلەکەمان: شەرەفخانی بدلیسی و مامۆستا هەژار.

ماجد مەردۆخ ڕۆحانی
سنە، خەرمانانی ١٣٨٤ (٢٠٠٥.ز)

پێشەکی وەرگێڕ

من و شەرەفنامە

منالێك بووم؛ تەمەنم لە چاردە بەهاری تێنەپەڕاندبوو؛ لە خوێندەواریشدا هێز و پێزێکی تەواوم نەستاندبوو؛ کە بۆ یەکەمجار -لە سەر دەلاقەی دیوەخانی قەرەنیاغای مامەش- کتێبێکم بەرچاو کەوت، بە درشتی لە پشتی نووسرابوو: *شەرەفنامە*. چەند پەڕێکم لێ هەڵدایەوە و ئەودیو ئەمدیوم کرد، هەر ئەوەندەی تێگەیشتم کە تاریخە و ئیتر چیترم بۆ نەبرایەوە سەر یەك.

سالّ هاتن و سالّ چوون. دەماودەم لەو و لەمم دەبیستەوە کە شەرەفخان لە سەر فلاّن ڕووداو ئاوای فەرمووە و *شەرەفنامە* وای باسی فیسارەکەسی کردووە. تازە زانیم ئەو *شەرەفنامەی* کە من هیچم لێ نەزانیبوو، مێژووی کورد و کوردستانە و کوردێکی گەلپەروەر و خاوەن هونەر بە فارسی نووسیویە و وەریش گەڕاوەتەوە سەر زۆر زمانان و دوو جاریش لە لایەن دوو کوردی زانا و دڵسۆزەوە کراوە بە عارەبی. واتا ئەو مێژووە هێژایەی کوردە، هەر بە زوانی کوردی نەوێ، بە هەموو زمانێك دەست دەکەوێ!

گێژی گێژاو

هەرەمە و جەنگەی بەهاری ساڵی هەزار و نۆسەد و شێست و نۆ -کە نزیکەی نۆ ساڵ بە سەر شۆڕشە مەزن و پیـرۆزەکەی کوردستاندا لە عیـراق ڕادەبرد و پاڵەوانی نەتەوەی کورد و ڕۆڵەی هەرە دڵسۆزی کوردستان (مەلا مستەفای بارزانی) سەرکردایەتی دەکرد و پـێتی بـە پـیتی دوژمـنسـووتێنی نـەیار ڕەتێنی، ڕۆژ بە ڕۆژ و کات بەکات لە هەڵکشان و تیشك داندا بوو- منی هەژاریش بۆ یەکەمـجار لـە ژیانـمدا، بەختم هێنابووی و دەژێر سێبەری باڵی ئەو قارەمانە پێ و قەدەم پیـرۆزە خزابووم و لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستاندا ڕێگە درابـووم و بـەو ڕێگەدانـە سـەرفراز کرابـووم و بـە پێـی وزە و توانـای هەژارانەی خۆم، لە ڕێگەی ئێزگەی شۆڕش و چاپەمەنیەکانی خەباتی کوردستانەوە، دەستەچیلەی خـۆم وەبەر دەدا و دەستەوارەی هەژارانەم دەخستە سەر ئەو بڵێسە بە ودمە و بە دەست و داوێـن باوەشـێنم دەکرد.

ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی مانگی بانەمەڕدا، لە جەنگە و گەرمەی جەنگ و شەڕدا، لـە لانزارێکـەوە، لە بەر پەسارێکەوە، لە لێڕەوارێکەوە، پاڵم دابوو بە کۆتەدارێکەوە و لە ئاقارێکـەوە لـە دیـــمەنی پـڕ مێرگ و چیمەنی نەخشیـن و ڕەنگیـنی کوردستانی خەمگینم دەڕوانی؛ چی ببینم؟

شینکەی دەشت و دەر و گژ و گیای کەژ و چیا، لە بەرێك و شـینە دووکـەڵی بۆمبـای ناپـاڵمی دوژمنانی کوردستان لە سەرێکەوە، لە هەر دەرێکەوە لێك هاڵابوون. هـاڵاوی سووتـــمانی بۆمبـارانی بەدکاران، لە هەر سات و کاتێکدا هەزاران و هەزاران پەلك و لاسکی شلك و ناسـکی تـورت و خـاوی چنوور و بەڕەزا و مەندێ و بێزا و هەڵاڵە و بەیبوون و خاوی بە دیـمەن لاو و بە بۆن و بەرامـە خۆشـی هەڵدەپرووزاند. چروچاوی ساوا و تازە لە خـەم ڕەخسـاو و ژن و پیـاو و کیـژ و لاوی شـۆخ و شـەنگی کوردی هەڵدەکرووزاند. کۆڵیت و کۆختەی وەرزێران و جووتیاران، بە وێران کراوی و کەس تێدا نەماوی و مووچە و کێڵگەی کێڵدراو و داچێنراوی برسی و ڕووت و هەژاران، بە تێکدراوی و لێکـدراوی و لانـەی هەڵوەشاوی مەل و باڵداران -لە بن بنچك و لە سەر داران- بە شپرێوی و شێواوی، دەگـەڵ پـۆل پـۆلی لۆڕك و خەشخاش و مێلاقە و سوێسنی گۆل گۆل داوەستاوی ڕاوەستاو لە باپەناو بـاگردا، بـەدەم گـڕی ئاگری کوردستان داگرەوە -لە دوورەوە- هـەروا سـوور دەچـوونەوە و بـەرەو تـوونی نـەمان و نـەبوون

سەرنـخوون دەبوونەوە.

لەو دیـمەنە بە سامانە، بە دەم ڕامان و دامانەوە وا تاسا بووم، بە گێژ و وڕی وەنەوزم دەدا و لە خەفەتان خەونووچـکە دەیبــردمەوە؛ بـەڵام هـەر زۆر زوو تـینی ئـاگری بـێ ئامـان و ناڵـە و زاڵـەی لەشبەزامانی کورد و گرمەی بۆمبا و زرمەی گوللەی داگیـرکەرانی کوردستان، وشیاریان دەکردمـەوە و خاوی و خەویان لە بیـر دەبردمەوە و دەرگای هەراوی خەیاڵاتـم بەڕوودا دەکرایەوەو هەر ئەوەندەم بۆ دەمایەوە لە بەر خۆمەوە پیش بـخۆمەوە و پێسیـر دادڕم و چاوی کز و سـیس و فرمێـسکاویم بـەرەو عاسـمانی پڕ لە فڕۆکە و دووکەڵاوی هەڵبـڕم و بە قوڵپی گریانەوە لە ژێر لێوانەوە بە وتەیەکی هەناسە ساردانەوە بڵێم: خوایا دەبەر بەشت مرم؛ تاکەی هەڵی دەگری؟ ئێمە بۆچـی دەبـێ هـەروا چـارەڕەش و کلۆڵ بیـن و خۆشیەك بۆ کورد لە ئارادا نەبێ و کوردستانی نیشتمانـمان هەر پێخوستی بێگانە بـێ و بۆ خۆشـمان -کە خاوەن ماڵیــن و گەلێکی تەمەن شەش هەزار ساڵیــن- لە ژێر چـەکمەی زۆردارانـدا بناڵیــن و ئاوا ژیانتاڵ بیـن و ئاوارەی چیا و چۆڵ و شـیو و دۆڵ و شـکێر و ئەشـکەوت و بـن بـەرد و نزاران بیـن و دوچاری ژان و ئێش و کوڵ و کەسەر و دەرد و ئازاران بیـن و هێمان پێمان ڕەوا نەبیــنن و بیانی بێ بەزەیی بیانوومان پێبگرن و خانوومان پێ دەست لـێ هـەڵگرن و بـە بـن بـەرد و شـاخ و هەردان بساچێنن؟ کەچی بیانەوێ لە وەندیشمان بکەن و لەوەندەشـمان دەرپـەڕێنن و ئـەو تـۆزە دار و دەوەنەشـمان لە چنگ دەرێنن!

بەرەو نەماو

هەروا بە دەم وردە خەیاڵات و نزامەوە بـەرەو ڕۆژگـاری کـەونارا و لـە مێژینـەم گەڕامـەوە و ڕوو بـە بناوانی ماڵەباوانی پاڵەوانانی ئەم کوردستانە پێدا چووم و پێ هەڵاچوومەوە، تا تووشی هەوارگەی چۆڵ و کۆنە ئاورگی بێ تیـن و پڕ لە خۆڵەمێشی بادینان هاتـم و لەگەڵ کوڕەکوڕەی کوڕماژانـدا ڕووبـەڕوو بوومەوە و بە تاسەوە ماچ و مووچێکمان کرد و پێکەوە سەرێکمان لە کاولگەی بارەگـای ئەردەشـێری شوانکارە دا و بە لارەملی کڕنۆشێکمان برد.

لەو گەڕان و سووڕانەوەدا تووشم هات بە تووشی دەبدەبە و شکۆی کەیانەکانەوە. گـەلێك خـاوەن

تەخت و بەختی وەك كاوس و كاقوباد و كاخوسرەوم هاتنە بەر چاو، كە تانـجی خونكاری لە سەر سەر و لە سەر تەختی سەروەری، بە دڵنیایی پاڵیان بە پاڵپشتی گەوهەربەنـدەوە دابـوو. لـە بـەر بارەگـای ئەوانەدا ڕوستەمی كوردی مازندەرانی بۆ برەو پێدانی زەند و پازەند و ئەوێستا -وەك چیای ئـەلبورز- هەڵوێستابوو؛ مەچەك و زەندی هەڵكراوی و چاكی مەردانەی بەلادا كـراوی، زراوی پـۆڵای ئاودراویـان دەبرد و دڵی بەردیان دەكردە ئاو. كەللەی دێوی سەربزێوی بە لاتیلاگی سەریەوە نابوو، گیو و گـۆدەرز و بێژەن و برزو، دەوریان لێ دابوو. بە نیازی ئـازادی بەخـشی، ببـووە نەخـشی سـەر پـشتی ڕەخـشی بەناوبانگ و بانگی لە دوژمنانی نیشتمانی دەكرد: ئەگەر مەردن خۆ دەرخەن با خوێنتان بـخۆمەوە.

بارامی چوبینەی سەركردەم بە سەر كردەوە؛ كەللەی لە كەللەی خوسرەو پەروێزی سواری شەودێز دەدا و دەیـخستە ناو هەمێزی سەرداری ڕۆمەوە.

تەیسەفوونی ساسانیم بە ئاوەدانی هاتە بەر چـاو و هێنـدێك چـاوم پێـدا گێـڕا و لـەوێڕا بـەر و بوخچەی نیوەخاڵیم لە كۆڵی خەیاڵم شەتەك دا و دیسان بەرەو پێشووم پێ هەڵـچوومەوە و ڕووبـەڕووی هەگبەتانی پاتەختی كوردەكانی ماد بوومەوە و لەوێوە لە تەك لاوانی كوردی پاڵـەوان و تیـــرئەنداز و نێزەباز و چاپك سوار و بەكاردا، لەرێوە چوینە سەر نەینەوا و تەواو كەوتـمە ناو تەپ و تۆزی هـەرا و كێشەی دوو هۆزی گەورەی ماد و بانیپاڵەوە و لە پاڵەوە دنەی كوڕە كوردانـم دەدا: كوڕیـــنە! نەكـەن بیدۆڕێنن.

من كە لەو خەیاڵاتەمدا تەمی خەمم لێ ڕەویبوو، لە خۆشـی ئـەو ڕابـردووە پـڕ لـە شـانازییە، هەموو كوڵ و كەسەرم لە بیـر چووبوونەوە؛ لەپڕ و نەكاوێك كوڵـنگی گیانی فەرهادی كـەڵوڕ -زۆر بـە تاو و گوڕ- لە چیای بێستوونەوە دەنگی دایەوە و گوێچكەی دڵی خەیاڵاویـمی پێ زرینگایەوە. گرمژن و خرمژنی بەردی بەردەستی فەرهادی مەرد ڕاپەڕاندم و تێگەیاندم كە: خەیاڵ پلاو دادێـك نـادا؛ نـان ئەو نانە ئەمڕۆ لە خوانە. بەرەو خۆتی ئێستا بگەڕێوە بزانە چیت بەسـەر هـاتووە و ئێستا بـەرت بـە كوێوەیە؟ كوڵنگی فەرهاد و ئەو شتانەی پێكرا و ئێلە [illegible]
ئەوان هیچیان مێژووی هەربەوە نییە.

ڕاستی ڕووداو

ڕاست بە سەر شوێنی ڕاستی ڕووداودا، بەرەو دوا گەڕامەوە. لەووزەوی هەوەڵین دەستەسوارانی داگیرکەرانی کوردستان، ئۆغریان لێ بڕیمەوە و بەرپەرچیان دامەوە. زۆر بە سەرسامیەوە دەمڕوانی کە چۆن بە برووسکەی شیریان و بارانی تیریان، سوولاّوی خوێنی گەشمان لە لەشمان هەڵنیشت و بە سێلاوی زۆرداری و گزیکاری، بزیسك و ترووسکەی مان و ژیانی ئەم کوردە بێ زیانە -وەك پەنگر و پێتی کوانووەکەی- هەتاهەتایە کوژایەوە و تازە ببڕای ببڕای نەگەشایەوە! دەستە دەستە کیژە کوردی گەردن زەردی ڕووسوور و مەستەچاوم بە بەرچاودا تێپەڕین کە لە پاش کوژرانی برا و باویان، ڕاویان کردبوون و گرابوون و بەدیل برابوون؛ زنجیر لە مل کراو و بە زنجیرە تێك خراو، لە شار و بازاڕاندا بە دەست کڕیار و فرۆشیارانەوە دەستاودەستیان دەکرد.

هەر تەژەیەکی ملهوڕ و مەندەبۆر و خاوەن زێڕ و زۆر بوایە، کیژۆڵەی کوردی چاوشین و قژزێڕینی هەڵبژاردەی بە دیاردە هەڵدێنا و بۆ خۆی دەبردن.

بە بارستایی چیا بەرزەکانمان جەندەکی لاوانی خوێنگەرمی کوردی سەربەرز و ئازا بوو کە بە تاوانی ئەوینی سەربەستی و لە سەر هەستی نیشتمانپەرستی، پەل پەل کرابوون و وەسەر یەك نرابوون و لە گیشە درابوون.

هەر لە بناوانی دەجلە و فوراتەوە تا لێکدانەوەی دواوانەکەی عالەم، هەمووی بەرۆندك و ئەسرینی گەش و ئاڵی بێوەژنی بابان وێران و بێماڵ و حاڵی پیاوانەماوی زگسووتاوی کوڕکوژراوی کیژفرۆشراو، ڕەنگابوون و سوور هەڵگەڕابوون. هەر پەلکە گوڵاڵەیەکی تورت و ئاڵی ئەو هەموو لاپاڵ و نواڵانە، بەڵگەی کاڵ و منالاّنی کوردی لە خوێندا گەوزیوی خۆشی لە ژیان نەدیو بوون.

چەند سوڵتان و شاهەنشای ئێران و تووران بە فیزەوە خۆیان لە بەر چاوم ڕانا، کە لە خۆڵی لەشی و خوێنی گەشی کوڕەکوردان خشتیان پێژاوە و دامودەزگای زۆرداری و بەدکاری خۆیان پێ داناوە. کوردیان بە کورد بە کوشت داوە و ئەوی لە بەر مردن بە بەرماو ماوە، بە بێ سڵ کردن دەمیان تێناوە و توونیایەتیان بە خوێنمان شکاوە و ورگیان بە گۆشت و پێشەمان هەڵمساوە.

نوقمی بیری ئەو بیرە پڕ لە ناسۆرانە بووم و ژیانی پڕ ژانی ڕابردووم و لێکدانەوە و بەراوەردی

بەرپیوار و نادیاری ڕۆژگاری داهاتووم لێ ببوونە تارمایی و وەك شریتێکی سینەمایی، بە بەر لێلایی چاوی تەڕ و سوورمدا ڕادەبرد و هەنیسك و هەناسەی بە تەوژم و پڕ لە تاسە، ملیان بە ملی یەکەوە نابوو؛ بەربینگیان لێ گرتبووم و پەلپیان پێ گرتبووم و بۆ سەرکەوتن و دەرکەوتن ملەیان دەکرد و لەز و پەلەیان بوو.

کوڵ و زووخاو

بیر لەو ڕابردووە پڕکوێرەوەریە و کوێندەبەریە، زۆر بەدەرد و ژان بوو. خوێن بە فیڕۆ چوون و تۆڵە نەستاندنەوەش زۆر لە سەر دڵ گران بوو؛ بەڵام ناسۆری هەرەگەورە و جەرگبڕ، بێ سەر و شوێن چوونەکەمان بوو. هەیاران! چەند داخێکی گەرم و داغە، لەو هەموو ڕۆژگارە پڕ لە نازارەدا کە کوردی زۆرلێکراوی تێدا ژیاوە و بە شوێن ئەو هەموو پەت پەتێنەدا کە بە سەریان هێناوە، نووسەرێکی وامان لێ پەیدا نەبووە کە دەماری کوردایەتی ببزوێ و تەزوێکی کوردە نامووسی بە لەشدا بێ و لە سەر بەسەرهاتی ئەو گەلە کلۆڵەی خۆی شتێك بخاتە سەر کاغەز و لە مەڕ باب و باپیرە لێقەوماوەکانیەوە کەمێك بنووسێ و دەمێك بدوێ. هەبووە و نەبووە، تەنیا و تەنیا شەرەفخانێك لە دەور و زەمانێکا هەڵکەوتووە و وێکەوتووە و لێرە و لەوێ چی لە نووسراوی دوژمن و بێگانان چاو پێکەوتووە و چی -بە پەرژ و بڵاوی- لە پیرەپیاوی سەردەمی خۆی و لە چیرۆکوانی دیوەخانی بیستووە، تێکی خستوون و ڕێکی خستوون و بە پێی توانا و بەش بە حاڵی خۆی هیچ دریغی نەکردووە. با نیوە و نیوەچڵیش بووبێ، بناخە و هیمێکی توندی دڵپەسندی بۆ داڕژتووین و کەلەپوورێکی باش و لەباری لەو بارەوە بۆ بە جێ هێشتووین. بەڵام هەزار حەیف و مخابن! ئەوەی ئەویش پێی ڕەوا دیوین و بۆی نووسیوین، بە زمانێکە کە هاوزمانەکانی تێناگەن. بریا بە کوردی بوایە! خۆزیا کوردیش تێی بگەیشتایە! کاشکی وابوایە! چەند خۆش دەبوو ئەگەر ئاوا نەبوایە!

چپەی دنەدان

کەچی لە پڕ هەستم کرد وەك پەری هومێدەواری بـمدوێنێ و بە گوێما بسرکێنێ کە: بەسیەتی! ئـاخ و داخ و خۆزیا و بریا مالّی کەسی ئاوەدان نەکردۆتەوە. پیاوی پیاو دەبێ بە هەوای شاقەلی کەوای خـۆی تێکەوێ و لە رێی پێك هێنانی ئاوات و نیاز و ئارەزوویدا، هەرگیز تەسـرەوێ و بـە دلّ پتـەوی چـاکی مەردانەی بکا بە لادا و بە زەبری مەچەك و باهۆی لـێ بـڕان، ملـی دێوەلّووکـەی ناهومێـدی بـادا و گێژەلّووکەی دەستەوستانی و بێ دەرەتانی لە بەرخۆ ڕادا و کۆسپ و لەمپەر و بەرگر و بەرهەلّستان لـە سەر ڕێگە لادا. *شەرەفنامە* ئەگەر بە فارسی نووسراوە و دەسـتی کـوردانی پـێ ناگـا و خـزم و هـۆزە هەژارەکەتی تێناگا، تۆ کە فارسی و کوردی بە ئەندازەی خۆت دەزانـی و دەتـوانی -بـە پێـی توانـا- کارێك بکەی و بۆ ئەو دەردە چارێك بدۆزیەوە، هەستە و کەمەری کۆشـش و مانـدوو بـوون ببەسـتە و هەتا ماوی و لە بەر چاوی و ماوەت هەیە، دەست بەکار بە و خۆت لەو خەمەشت ڕزگار کە و بیکە بە کوردی. با ئەگەر مردی لە بیـر بیـریش بچیەوە؛ با ئەو کارەی کە دەیکەی —لە مەڕ مێژووەوە- کەس بـە هیـچی نـەگرێ؛ بـا لـە لای نووسـەرانی دوارۆژی کـوردەوە نرخێکـی پـێ نـەدرێ؛ بـا پـەیوین و نووسیـنەکانت کالّ و کرچیش بن؛ با توێلّ و هێلّی دێڕ و پیتەکانیشت هەلّقرچاو و بێـنموود و پـڕ لـە لۆچ و چرچییش بن؛ هەر ئەوەندە بۆ تۆ زۆرە کە کوردیەکەی ئەمڕۆ دەخەیە سەر کاغـەز و بەشـێك لـە زوانە جوان و شیـرینەکەت لە پـارێزی دز و چـەتەی داگیـرکەر دەپـارێزی و هـەر چـۆنێك بێـت، لـە سووچێکەوە کەلینێکی پێ پڕ دەبێتەوە و هەرگیز بە یەکجاری ناپووچێتەوە.

لەوانەیە نووسەرانی باشی کوردی لەمەوپاش -کە ئەم نووسراوەی تۆیان دێتە بەر چاو- بزەیان بە نەخوێندەواری و کۆلّەواری تۆ بێتێ و بەزەیان بە نەداری و هەژاری ئاسەواری کوردەواریدا بێتەوە و لـە سۆنگەی تۆوە ئیشتیای نووسینیان بکرێتەوە و بۆ ئەوە دەربـخەن کە دەتوانن زۆر لە تـۆ چاکتـر ئـەو ئەرکە پێك بێنن، شان بدەنەبەر و سەرووبەرێکی وا بە نووسیـن و ئاخافتنمان بدەن کە بە شانازیەوە خۆ بنوێنن و لە باتی ئەم گوشـمەیەت مەیرە و لۆرك بـخەنە سەر خوان و لە جیاتی ئەم چەند مۆرە خـوار و بۆرە، کۆشك و تەلاری جوان و لەبار و سپی‌کار، هەلّخەنەوە.

تۆ سەر پلی تەشیەکە خۆش کە، ئەوسا ڕیس و کر و نەخشی ڕەنگیـن و بەوێنـە، بـا لـە سـەر

دەستڕەنگین و شیرینکاران بێ. تۆ بەو کالەو پێتاوە بە بەن داپێچراوەت، ڕچەیەك بشکێنە، ڕاوی پڵنگ و شکاری شێران، کاری چاپکسواران بێ. خوای گەورە فەرموویە: لە توانا بەدەر ناخەینە سەر کەس. پێشینیانی کوردیش گوتوویانە: سمۆرە گوتی لە دار کەوتمە خوار دوو مەنم کەم کرد! پرسیان: تۆ خۆت نیو مەن نابی، ئەو دوو مەنەت لە کوێ هێنا؟ وتی: کاکی خۆم هەر کەس بە مەنی خۆی.

لە هیچی نەبوو

مرخی خۆم لێ خۆش کرد و بڕیارم دا کە لە سەر بۆرپای خۆزیا و بریا لاچم و بەرانبەر بە وزە و توانای خۆم، دەگژ ئەو کارە دژوارە ڕاچم؛ بەڵام «ئاسمان دوور و زەوی سەخت!» منی پێشمەرگەی هەڵوەدای چیا و چۆڵ و بێ دەرەتان و کلۆڵ، هەر چوار لام لێ تەنراوە و ڕێگەی شار و بازێڕانم لێ بەربەست کراوە، *شەرەفنامە* لە کوێ بێنم و وەیخوێنم و وەریگێڕم و کام کتێب وەك سەرچاوە بدەمە بەرچاو و بۆ بەراوردکردنی ڕاست و خواران، لە کام نوسخە و کام نووسراو بنهێرم؟ بە گێژ و وڕی و بە دڵپڕی بە دەوری خۆما خولم دەخوارد و ڕامدەسپارد. تەنانەت ڕێونگ و ڕێبواریشم هەڵنەدەبواردن؛ بەرببنگم پێ دەگرتن و وەبەر پرسیارانم دەدان؛ تا لە پڕێکا خوای گەورە «کڵاوی بۆ بەڕووکرد» و منی دەگەڵ کاك ساڵح مەحموودی بارزانیدا ڕووبەڕوو کرد. ئەو برا بەنرخ و هێژایە لەو چۆڵ و دەشتە، لێم بوو بە فریشتە و *شەرەفنامەی* فارسی و عەرەبیەکانی محەمەدعەلی عەونی و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ هێنام و بەو دیارییە نایابەی، لەو کۆسپە ڕزگاری کردم و لەو دەردە گرانەش چاری کردم. منیش بێ سێ و دوو کردن لێی وەخۆ کەوتم و لە پێداچوونەوەی *شەرەفنامەدا*، بە سەر شتی هێندە سەیر و سەمەرە و سەرسووڕێنەردا کەوتم، کە هەرگیز بە بیری بیریشمدا ڕانەبردبوون.

دوژمنان و ڕەسەنمان

سەعدی شیرازی دەڵێ: کابرایەك لە خەودا شەیتانی زۆر بە جوانی دیت. لێی پرسی: تۆ لە ڕووکاری گەرماوان وێنەت بە تاکە چاوێکە و شاخ و کلکیشت لێ ڕواوە. ئێستا ئەو شۆخ و شەنگی و

نازداریەت لە کوێ هێناوە؟! لە وەراما پێی گوت: من فریشتەم و فریشتەش هەموویان جوانن؛ بەلأم بنووسە کە لە دەست دوژمنان دایە؛ هەر چاکە ئەوەندەشیان پێوە هێشتووم! کوردیش دەڵێن: پیاو کەسێکی بدزێ، خەونی گولیەی پێوە دەبینێ.

ئێمەی کورد بۆ خۆمان مێژووی خۆمان نەنووسیوە. زانا و مێژوونووسە کوردەکانیش هەر بە بەژن و باڵای داگیرکەرانی کوردستانیان هەڵگوتووە و هەرگیز چاویان خۆیانی نەدیوە. بێگانە داگیرکەرەکانیش چاویان دە خواردنمان بڕیوە و خەونی ناخۆش و پیسیان پێوە دیوین. ئەگەر جار و بارەیەک -بۆ بەرژەوەندی خۆیان- تاك و تەرا لێرە و لەوێ، بە دەگمەن یادیان کردووین، بە جوێن و نەفرینەوە بۆمان هاتوون و فریان پێدا داوین و هەر بە جارێك بەربادیان کردووین.

کۆمەڵێك کوردی بازرگانی هۆزی «باجن» لە لای بۆتانەوە چوونەتە تایف و لە سەر دەستی پێغەمبەر موسوڵمان بوون. لەو ڕۆژەوە «باجن» کراون بە جنی نوسەیبین و هەموو نەتەوەی کورد -لە سایەی ئەو نۆ موسوڵمانانەوە- لەو تیرە جنۆکانەن کە سەرپۆشیان لە سەر لادراوە!

سولەیمان شای جوولەکان، بە دێو و درنجاندا کەنیزەکی بۆ بە دیاری هاتوون. لە ڕێگەدا ئەو داوێن پیسە نەگریسانە، دەستیان دەگەڵ تێکەڵ کردوون و زگیان پەنەماندوون و بێژوویان تێدا گۆڕاوە و سلەمان لەو کەنیزە بێ شەرمانە تۆراوە؛ ئەگەرچی عیبری زمانیش بووە بە عارەبی فەرموویە: «اکردوهن فی الجبال» واتا: بەرهەڵدای کێوانیان کەن با کوردیان لێ بکەوێتەوە. ئیتر بەو پێودانیە، هەرچی کوردە و ڕۆڵەی کوردستانە، زۆڵە و لە دێوانە و لەوساوە هەڵوەدای کێوانە!

ڕۆژێك کوردی کوڕی موردین و چەلێك جووجەڵەی سەعسەعەین و هەلێك -بە هەوا- هەوازنین و تاوێك باوکمان موزیقای بەچکە بارانەیە و دەمێك لە هێلکەی ڕەبیعەی بەکرەوە سەرمان دەرێناوە و چاخێك مامانی مناڵەکانی موزەڕ، ناوکی بڕیوین و سەردەمێك ژنەکەی دەواری نزارنشین، فرچکی پێ مژیوین. تەنانەت بوێژ و زانایەکی عەرەب لە مەڕ مێژووی کوردەوە سوێندی خۆی کردۆتە بەڵگە و فەرموویە:

بە خوا سوێندم کورد نە فارسن   بێچوولەی عەمری کوڕی حارسن

مامۆستا فیردەوسی خاوەنی *شانامە* -خوا خێری بنووسێ- گوایە بەزەی پێماندا هاتۆتەوە، لە

ناو کەڵپ و پەنجەی زەهاکی خوێنمژ و ناپاکی دەرهێناوین و بەرەو چیا ڕاوی ناوین و لە سایەی سەری ئەو چیا ڕژد و هەڵەمووتانەوە ماوین و بە بێترس حاواوینەوە. کەچی -لە پڕ و نەکاو- باو دەخوا و با دەداتەوە سەرمان و بە سەر و پۆتڕاکماندا دێتە خوار و گەزارەمان لێ دەکێشێ و کارێکمان پێ دەکا با بە دەواری شڕی نەکردووە. بە بێ ئەوە میوانمان بوویێ و کەسمان لێ بناسێ، بە خانووپەلاسی خوانەناسی بێفەڕ و بەگەڕمان ناو دەبا!

ئەبوو موسلێمی خوراسانی زۆر بە هاسانی هەموو ئیمپەراتۆریەتی ئیسلامی ئەوسای، بە زۆری باسك و باهۆی پتەوی خۆی لە چنگ بەرەی ئەمەوی دەرێناوە و وەك هێلکەی پاکراوی خوێ لە سەر، لە بەردەمی عەبباسیانی داناوە و دەستەونەزەر لە بەردەستیان ڕاوەستاوە؛ کەچی لە پاداشی ئەو پیاوەتیەدا، بە گزی و دزی کوژراوە و ئەبوودولامەی شاعیری دەرباری مەنسووری لێ هاندراوە کە لە دوای کوژرانی فڕی باوێتێ و پێی بڵێ: «باوك و باپیرە کوردەکانیشت وەك خۆت غەددار و بێ ئەمەگ بوون».

گەمەی لە هەمووان خۆشتر ئەمەیە: ئوغوزخانی تورکستانی، بوغدوزناوی کوردستانی ناردە لای پێغەمبەر. بوغدوز ئەوەندە ناشیرین و ڕەزاگران بوو پێغەمبەر بێزی لە چرووچاوی هەڵقرچاوی هەستا و لە داخانی تووك و نەفرینی لە هەموو کوردی سەر زەمین کرد!

ئاخر با بڕوانین ئەو نووسەرە ساویلکانەی لە دوژمنایەتی کوردان و بۆ دڕاوی گیرفانیان، ئەو چیرۆکەیان هەڵبەستووە و ئەم بوختانە گەورەیان بە پێغەمبەر کردووە و دەناو ڕووپەڕی مێژوویان ئاخنیوە، ئەوەندەیان بە مێشك و دڵا تێنەپەڕیوە کە ئەو هەویرە چەند ئاو هەڵدەگرێ و لێکیان نەداوەتەوە کە گوناهێکی چەند گەورە ملیان دەگرێ و چۆن لە بەری دەردەچن؟ نەیانزانیوە کە پێغەمبەری خوا دەیزانی بنیادەمی دزێویش دەسکاری خوایە و ئەگەر کرێك لەبار و ڕێك نەهات، لە کرگارەوەیە؟ لە لایەکیتریشەوە ئەگەر خوانەخواستە باوەڕ بەو درۆیە بکەین، وای لێدێتەوە ئەگەر ئەو بوغدوزە کوردە بەدبەختە، لاوێکی لووس و پووس و لەبار و بەرچاو و چاونەرم و بێ شەرم بوایە، دەبوایە بە کۆڵێك نزای باشەوە بگەڕێتەوە کوردستان! حاشا کە پێغەمبەری خوا ئاکاری وا نالەباری بوویێ و ئەم درۆ پووچ و بەربادە لە دەمی ئەوانە زیادە کە بۆ لاکی مرداری دنیا، ڕێکیان خستووە.

هەر خۆم بە خۆم کرد

زۆر سەیر و سەمەرەیە ئەو هەموو هۆزان و زۆرزانە کوردانە -کە بە درێژایی مێژووی ئیسلامەتی هاتوون و ڕابردوون و بە عارەبی و تورکی و فارسی ئەو هەموو کتێبانەیان نووسیون و لە سەر یەکیان هەڵچنیون و نامەخانەی دنیایان لیٚ ئاخنیون و ناوبانگیان سەرزەوی تەنیوەتەوە و ئێستاش زۆریان لە بیر نەچوونەوە و شوێنەواریان کوێر نەبوونەوە، پیاوانی وەك ئیبنوئەسیرەکان و کوڕی خەلەکان و ئەبولفیدا و هەزار ئەوەندەی وەك ئەوانمان لیٚ هەڵکەوتووە -هەرگیز لە بەرامبەر ئەو هەموو درۆ و دەلەسە و بوختان و پێدا هەڵخووشانەدا، گنجیان نەپەڕیوەتە توێڵ و تۆزکاڵێکیش شلویٚ و لێڵ نەبوون و دەمیان بووە بە تەڵەی تەقیو و خوستیان لە خۆ بڕیوە و ببڕای ببڕای لە ڕووی دژمان بێژ و فڕهاوێژان هەڵنەگەڕاونەوە و جارێك لە جاران بە دەمیان دا نەداونەوە. لە ناو ئەو هەموو بلیمەت و هەڵکەوتووانەدا یەکێکیان بە خۆیدا ڕانەپەرمیوە و لە وەرامی ئەو نەزانانەدا نەیفەرمووە: بابە ئێوە هیچ نەبیٚ وەرن و ئاوێنەیەك بێنن و دە سەر و سەکوتی ئێمە و تەرح و دیداری خۆتان ڕامێنن، تا بۆتان دەرکەویٚ ئاخۆ کاممان لە کاممان لاو و بەدەوتر و ڕێك و لەبارترین و کێهەمان لە کێهەمان بۆر و دزیوتر و خێچ و خوارترین؟! کەی خودا بەرداره ئەم برا کوردە بێچارە و بیٚ تین و هاودینەتان لە تیرەی بنیادەم هەڵداوێرن و بنە و بنەچەکەی بە جنۆکە و خێو و درنج و دێوان دەسپێرن؟!

مێژوونووسانی کورد تاریخی داگیرکەرانیان نووسیوە و لە مەڕ خۆیانەوە متەقیان لە خۆ بڕیوە. کوردێك و بێگانەیێکیش -کە ئەوەی لەوانەوە دیووە- گوتوویە: بیٚ دەنگی نیشانەی پیٚ ڕازی بوونە و ئەگەر هیچ پاکانەی خۆیان ناکەن دیارە هەرچی دەربارەیان نووسراوە، بە ڕاستی دەزانن و ئەوانیش لە خەڵکیتری باشتر تیٚ دەگەن.

کۆلکەمەلای کەمزان و بەستەزمانی کوردانیش ئەو فەرمایشتە جوانەیان لە ناو کتێبی پەڕزەردی پێوازیدا خوێندۆتەوە و هەر چونکە ناوی کتێبە، ناشیٚ درۆی تێدابیٚ. لە گویٚ ئاگردانی زستان لە مزگەوتان دەسەر و مێشکی کوردی نەخوێندەوار و ساویلکەیان پەستاوتووە و هێندەیان بۆ دووپاتە و هەزارپاتە کردوونەوە کە خۆیان لە بیر خۆیان بردوونەوە و بێزیان لە ڕەسەنیان و قێزیان لە نەتەوەکەیان هاتۆتەوە.

مامۆستای بە نرخ و هێژا مامۆستا شێخ عومەر وەجدی، کاتێ لە جامع‌الازهری قاهیرە مامۆستای ڕەواقی کوردەکان بوو (پایزی ساڵی ١٩٥٨) -لە ڕێگەی چوونە مۆسکۆدا- چوومە دیدەنی و لە ناو گەرمەی وتووێژی کوردانەمان ئاخێکی هەڵکێشا و فەرمووی: «هەژار! دەردی گەلی کورد دوو سەرەیە؛ ئێمە دەربارەی خۆمان هیچمان نەنووسیوە؛ دوژمنان لە هەموو بارێکەوە هەموو شتی پێداویستی خۆیان نووسیوە. شتیش کە نووسرا و بەرگی تێگیرا و بوو بە کتێب، ئەگەر هەزار درۆی شاخداریشی تێدا بێ تازە دەبێ بە ڕاست و هەر گوتت: لەل! دەڵێن بچین کتێبت بۆ بێنین؟ ئیتر قسەت پێ نامێنێ و قسەی دوور لە کتێب لە لای کەس خۆ نانوێنێ.»

جا هەر ئەم ئاهۆیە بۆتە هۆ کە زۆربەی زۆری ئەو کوردانەی بوونە خاوەن زۆر و بە پایە و مایە گەیشتوون، خۆیان لە دایك و بابە جنۆکە و دێوەکەیان دزیوەتەوە و شان و شەپیلکیان لە هاوڕەسەنی کوردی ڕەمەکی و بۆرەپیاگ تەکاندووە و تەکیونەوە و تەکیان داوە بە تەکی عارەبی بنیچە پاك و خانەدان و جوان چاك و بە هەزار درۆ و دەهۆ، سەرەتای کەونارایان بە یەکێك لەوانەوە لکاندووە.

خالتی هۆزێکی لە مێژینەی کوردن و زۆربەیان ئێستاش یەزیدین. میری بۆتان- کە بە شوورەیی زانیوە سەر بە وان بێ- فەرمووییە: نەوەی خالیدی کوڕی وەلیدم. بە داخەوە نەشیزانیوە کە خالیدی کوڕی وەلید هیچ زار و زیچی لێ نەکەوتوونەوە!

هەرکێ هەباس ناوێکی لە تیرەیدا گومان بردبێ -بە بێ ئەوە لێکی دابێتەوە کە دنیا چ باسە- خۆی کردووە بە عەباسی و ئەوەی لە پێشوودا بزنەوان بووە و مەزنایەتی دەست کەوتووە، فەرموویە ئێمە لە مەڕوانیەکانین!

ئەو نەخۆشی و خۆ لێگۆڕان و خۆگۆڕینە، ئەوەندە گران و هەمووانی بوو، تەنانەت جاروبارە هۆزە ڕەمەکیەکانیشی وەبەر خۆی داوە و نەشیانوێراوە لاسای بەگزادە و گەورەماڵەکان بکەنەوە؛ هەوڵیان داوە تا سەنگی خۆیان لەو کۆنە عارەبانە بدۆزنەوە و بە باپیر و باوەپیارەی خۆیانی بقۆزنەوە. وەك هۆزی سوێدیەکان؛ کە گوایە باپیرەگەورەی خوالێخۆشبوویان کۆیلەیەکی ڕەشی مەدینەنشین بووە!

لە سەرتاسەری *شەرەفنامە* بڕوانی -جگە لە شەرەفخان و دوو سێ بنەماڵەی خزمیان نەبێ- کە

خۆیان داوەتە پاڵ ساسانی و بەرمەکیان- هەموو میرە کوردێک، عارەبێکی بە ئارەزووی خۆی هەڵبژاردووە و ڕەگەز و بنیچەی خۆی پێ هەڵپەساردووە. جا ئەگەر باپیرە لە درۆ تاشراوەکەی، کۆنەمیر و گزیریش نەبوویێ، هیچ نەبێ دەرۆزەکەر و گۆشەگیرێك هەر بووە.

ئەمەگ ناسی

وەك دەیزانن لەو ساوە کە ئیسلامەتی لە ناو کورداندا بۆتە باو و بڵاو بۆتەوە و زۆر و زەبەندە نووسەر و زانای بەرز و بەرێزمان لێ پەیدا بوون، گەلێك نووسراوەی لەمەڕ وێژە و مێژووی گەلانیان نووسیوە؛ بەڵام هەرگیز یەك لەوانە گەل و هۆزەکەی خۆی بەسەر نەکردۆتەوە و خزم و کەسی خۆی لە بیر نەبووە و دەمی بۆ دەنگ و باس و ڕووداوی کورد و کوردستان نەچووە. کەچی زیاد لە هەمان و سەرەڕای هەموو دەمان، لە چەرخی یازدەهەمی کۆچیدا دوو کەسمان لێ هەڵکەوتوون کە بەزەییان بە گەلە لێقەوماوەکەی خۆیاندا هاتۆتەوە و نان و لان و باوەشی گەرمی کوردانیان لە بیر خۆ نەبردۆتەوە؛ بە نووسین و هاوار و دادێك، کوردیان یاد کردۆتەوە. ئەو دوو کەسەش شەرەفخان و ئەحمەدی خانی بوون. سەیر و سەمەرەش ئەوەیە لە پاش ئەو دوو دڵسۆزانە، دیسان ئەو دەرگانە داخراوەتەوە و نزیکەی چوارسەد ساڵ بە گاڵەدراوی ماوەتەوە. جاڵجاڵۆکە لە دەوری تەنیوە و بە شەداری ژەنگی هانیوە و جارێك حاجی کۆیە هاوارێکی بۆ کردووە و کەس ئاوڕی وێ نەداوە و کە ئەویش مردووە، کەسیتر تا ئەم دواییانە بە لایەوە نەچوە. لەم دواییانەشدا حوسێن حوزنی و ئەمین زەکی بۆیان ڕەخسیوە و هەر یەکە بە پێی توانا تێکۆشیوە کە ئاسەواری لە ناو چوومان کۆکاتەوە؛ دەنا کەسیتر دە خۆی ڕانەدیوە سەری لێ بداتەوە و سەرەوبەرەی پێ بداتەوە.

گەلۆ! لەو ڕۆژگارەدا چۆن بووە بە تایبەتی ئەو دوو کەسە -زیاد لە هەموو کوردێك- کوردایەتیان بزوتووە؟ دەربارەی خانی لە بەرکولەکەی مەم و زین ـە موکوریانیەکەمدا بیر و بڕوای خۆم لەو بارەوە خستۆتە ڕوو. شەرەفخانیش -کە هەر لە ڕۆژی هاتنە دنیایەوە، بەژەکی زانست فرچك دراوە و بە لاوی لە ماڵی شای ئێراندا پەروەردە کراوە و شان بە شانی شازادان پێی خوێندراوە و وەك ئەوان ڕاهێنراوە- هەموو هونەرێکی دەورە داوە و بەژێهاتی و لەباری بار هاتووە.

وەك خۆشی بۆمان دەگێڕێتەوە: لە باس و خواسی ڕابردووان و لـە هونـەری مێژووناسیـــندا، زۆر سەرکەوتووە و ئەوەندە هۆگری ئەو بابەتە خوێندەواریە بووە کە هەموو کـات و سـاتی تـەنیایی خـۆی دەگەڵ بەسەرهاتی ڕابردوواندا ڕابردووە و ویستوویە لە تاریخ نووسیـن و مێژوو ناسیـندا، جێگەیـەکی بەرز داگیـرکا و ناوێك دەرکا. لە هەر دەرکێکی داوە و لێی نۆڕیوە، دیتوویـە لـە پـێش ئـەودا چـەند کەسێکی زۆر کارامەی تێ خزیوە و هیچ مەودایەکی وای بەدی نەکردووە کـە هـەر خـۆی تاکەسـواری مەیدانەکە بێ و بە ئارەزوو ئەسپی هونەری تێدا تاودا. تا لەپڕ و نەکاودا فریـشتەی بـەختی ئـاوڕێکی بەخێری لێ داوەتەوە و گەلە ئازا و نەبەز و مەرد و ڕەندەکەی خۆی وەبیـر هێناوەتەوە. ئەوسا دیتوویە دەتوانێ بە تیـرێك چەند نیشانە بپێکێ:

١- مێژووی کوردستان کەس دەستی بۆ نەبردووە؛ ئەگەر ئـەو بیـــنووسێ، دەسـتی خـۆی پـێش خستووە و لەو کارەدا بە داهێنەرێك ناو دەر دەکا.

٢- ناوی ناودارانی کورد لە ناو نەچێ؛ وێڕای ئەوانیش نـاوی بـاب و باپیـــرانی -کـە میـــرانی بتلیسن- بە زیـــندوویی بـــمێننەوە و کـوڕانی دوارۆژیـش باسـی شـان و شـکۆی ئـەو گـەورە ماڵـە بـخوێننەوە.

٣- بۆ خۆی -هەر وەك لە ژیاندا میـر و خوونکارە- بەو کارە لە دوارۆژیشدا بە پایەداری لە ناو کوردەواریدا دەمێنێ و لە سەر ڕووپەڕی ڕەنگیـنی نووسراوەکەیەوە بـە سـەربەرزی دەنـوێنێ و کـوردە ڕۆشنبیـرەکانی دوای خۆی لە هونەر و کردەوەی خۆی تێ دەگەیەنێ و هەرگیز کەمایەسی ناهێنێ.

چونکە تێر و تەسەلیش بووە، ئارەزووی نەکردووە لە باتی نووسیـنەکەی بەخششێکی لە دیـوانی تورکانەوە پێ بگا. هەر ویستوویە کوردەکەی خۆی و نووسەری هاوچەرخی لـە هونەرمەندیەکـەی تـێ بگا و ئیتـر چاوی لە چیتـر نەبووە؛ دەستی داوەتێ و لە ڕاستیشا دادی داوە و هەر چۆنێك خۆی نیازی لێ گرتووە، وای هێناوەتەوە. مێژووی کوردی نووسیوە و مردووی بۆ زیـــندوو کردویـــنەوە و کـارێکی وای کردووە کە تازە نەمریـنەوە. سوپاس بۆ میـرشەرەفخانی گـەورە کـە گـەرای ژیانـەوەی لـە نـاو توێیەکانی پەڕی *شەرەفنامە*دا بۆ هەڵگرتیـن و ئێستا وا خەریکیـن سەر هەڵدەیـنەوە و ببووژیـنەوە و بە ئاشکرا و بە شانازی ئەو میـرە ژیر و سەرفرازە یاد کەیـنەوە و هـەتا دنیادنیایـە لـە بیـــرخۆمانی

نەبەینەوە. هەتا هەتایە ئەم گەلی کوردە -ئەگەر دەوڵەمەند و ئەگەر هەژاریەتی- هەر ملکەچ و منەتبار و سوپاسگوزاریەتی.

شەرەفنامە ئازانامەیە

ئەگەر تۆزێك بە زیتی لە ناوناخن و دێڕ و پیتە بە پیتەکانی *شەرەفنامە* ورد بینەوە و ژیرانە لێی بکۆڵینەوە، سەرەڕای ڕووداوەکانی -کە زۆر دڵگر و لە بەرچاون- ئەوی زۆرتر سەرنجی پیاو ڕادەکێشێ، ئازایەتی بێ وێنەی ئەم گەلی کوردەیە. سەرلەبەری *شەرەفنامە* بپشکنە، لە هیچ لایەکەوە کوردێکی قزە و ترسەنۆکت نایەتە بەرچاو و هەمووی هەر پیاوی چاونەترساو و دوژمنترسێن و گەڕناسی بێوێنەیە!

هەرکەس بە چاوێکی بێ لایەن، لە دەراوێکی ڕووناکەوە سەیری سەربەهوردی ئەم گەلی کوردە بکا، هیچ گومانی نامێنێ کە لەو ساوە باوەدەم و دایکەوا لە بەهەشتەوە دەرکراون و بەرەو دنیا ڕاونراون و لە سەرزەوی دامەزراون و خانە و لانەیان پێکەوە ناوە و نەوە و نەوەچڕکیان لێ پاشەکەوت بووە، هەرگیز لە گەلی کوردیان ئازا و بەجەرگتر لێ نەکەوتۆتەوە. زۆر لە مێژوونووسان لایان وایە کە واتای وشەی کورد ئازایە و دراوسێکانمان -کە ئاسیوییانین و زانیویانە چەند ئازا و بەجەرگ ڕسکاوین- ئەو ناوەیان لێ ناوین. تەنانەت زۆر لەو زانایانەی مانایان لە قورعان لێداوەتەوە، باوەڕیان وایە ئەگەر خوای مەزن بە ئیسلامانی فەرمووە: دەنێردرێنە سەر نەتەوەیێکی زۆر ئازا و بەهێز؛ نیازی کوردە و کەسی تر نیە و لە کورد پێوە کەس ڕێی ناکەوێ خوا پەسنی ئازایەتی بدات.

لە ڕاستیدا ئەم ناوی کورد و نەترسانە -کە هەر زۆر لە مێژینەوە بوونەتە ئاواڵ دوانە- نازناوێکە پڕ بە پێست و کاڵا ڕێکی باڵایە و داپیرەی جیهان تا وێستا نەبەرد و مەردی وەك گەلی کوردی نەدیوە و بە دەوروبەری بیریشیدا تێ نەپەڕیوە.

ئەوانەی کە خۆیان زۆر دە خۆیان ڕانابینن و لە ئاوێنەی خۆیاندا سەیری گەلی کورد دەکەن و گوێز لە هەمبانەی خۆیانەوە دەژمێرن و لایان وایە -لە ئازایەتیدا- کوردیش خۆیان ئاساییە و شتێکی نائاسایی تێدا نییە، با بێن و لەگەڵ منا ئاوڕ لە ڕۆژگاری نزیك بە خۆیان بدەنەوە و مێژووی پڕ لە

شانازی کورد لەم سەد ساڵەی دواییدا بێننە بەرچاو و بە دڵ لێکی دەنەوە و بەسەری کەنەوە و بڕوانن و بزانن ئەم نەتەوە دڵ پتەوە، چیە و چۆنە و چی کردووە و کردەوەی هەتا کوێ چووە؟ هەروا لە ڕابردوویەکی زۆر نزیکدا -کە یان خۆمان لە بیرمانە یا خۆ باب و کاڵ و نەنك و باپیرانمان دیویانە، ئان لە بەیت و سەرگوروشتە و چیرۆکاندا بیستوومانە- ئەم کوردە ئازا و پیاوە- لەسەر ئەو هەموو بێکەسی و لێك بلاوی خۆشی ڕا- لە مەیدانی نەترسانا، چەندی هونەر نواندووە و چەند لەشکری بەزاندووە و چۆن دوژمنی بزداندووە.

ئەگەر پیاو بۆ خۆی کورد نەبێ یان دەماری کورد باش نەناسێ، لە باسی ئازایەتی ئەم گەلەدا سەری دەماسێ و لای وایە بەشێکن لە چیرۆك و ئەفسانە و شتی وا ڕووی نەداوە.

دوازدە سوارەی مەریوان، باپیرئاغا و هەمزاغای مەنگوڕ، شێخ عوبەیدوللای نەهری، سمایلاغای سمکۆ، قەدەمخێری بەختیاری، هۆزی بچووکی سوێسنی، بەگزادەی بانە، جافرسان، کۆمەڵی ژێ کافی مەهاباد -کە دەگژ دەوڵەتی ئێرانی دەوڵەمەند و لە مێژینە ڕاچوون- چیان بەسەر هێناوە؟ شێخ سەعیدی پیران، پاڵەوانانی ئاگری داغ و چیای ساسۆن، تەنانەت هێزی کەم دەستی هەمەوەند -کە دژی ئیمپراتۆری عوسمانی ڕاپەڕیون- چۆن پەت پەتێنێکیان بەو دەوڵەتە زەبەلاحە کردووە و چەندیان خوێن و ماڵ تێ چووە تا بەردەست کراون؟

شێخ مەحموودی حەفید بەو لەشکرە کەم و ڕووت و نەدارەیەوە -کە هەر یەکەی لە دێیەکەوە و هەرچەکەی لە جێیەکەوە پێکەوە نابوو- وەهای تەنگە بە ئینگلیس و پادشایەتی عیراقی دەستندەخۆری ئینگلیس هەڵچنی کە زۆربەی لەشکری عیراق و ئینگلیس و سیك و گورگەی لێ دەنگ دراو، هەموو چەکی تازەبابەتی ئەو ڕۆژەی لێ دەکار کرا، هێشتا ئەگەر کوردی بێهۆش و نیشتمانفرۆش نەبوونایە، بۆیان چارە نەدەکرا و پێی نەدەچاران.

زۆر جاری وا هەبوو هەر تاك و تەرای کورد، لە چنگ پەل هاوێژی داگیرکەران و دەست درێژی زۆرداران، وەتەنگ هاتووە و کێردی گەیشتۆتە ئێسکان و لە ناچاری خۆی لە سەر خۆی وەدەنگ هاتووە و دەستی لە خۆی شوشتووە و ڕێگەی چیای داگرتووە و دەگژ دەوڵەتێك ڕاچووە و کاری وای لە دەست هاتووە کە بە لەشکرێکی بێگانە ناکرێ. خەلیل خۆشەوی، عەلیکی بەتێ، شێخ عەتا، حەمەتاڵی بانە، خولەپیزە و هەزارانی دیکەی وا، کە ناوبانگیان هەر ماون و بە پاڵەوانی گەل ناسراون

و هەموومان لە چیرۆکەکانی گوێ ئاگردانی زستاندا، زۆر لەو تاکەسوارانەی مەیدانمان بۆ باس کراوە و بە تاسەوە لە گۆشەی دڵ و مێشکماندا جێمان بۆ کردوونەوە و لە بیر خۆمان نەبردوونەوە.

ئەمیرنیزامی گەڕووسی کاربەدەستێکی ئێران بووە و لە کوردستان بووە. لە نامەیەکدا بۆ گەورەتر لە خۆی نووسیوە، دەڵێ: «هەمزاغای مەنگوڕ و دوو برازای -کە بۆ ئازایەتی لە دنیادا وێنەیان نەبووە- بە دەستی سەربازەکانی ئێران کوژران». هەر کەسیش تۆزێ شارەزای ئەو ڕووداوە بێ باش دەزانێ کە دەوڵەتی ئێران لە شەڕدا پێیان نەوێراوە و بە بەڵێنی درۆ و بە سوێند و پەیمانی نامەردانە فریو دراون و بانگهێشتن کراون و لە ناو خێوەتدا لە نەکاو بەر گوللە دراون.

ئیحسان نووری پاشا لە نووسراوە فارسیەکەی خۆیدا بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێ: «لە شۆڕشەکەی ئاگری داغ دا، تورکان هەر کوردێکیان بە دیل بگرتایە سەریان دەبڕی و لە گوێ پرد و دەم ڕێگایان بەسەر داریانەوە دەکرد تا کوردەکانی پێ چاوترسێن بکەن. شۆڕشگێڕانی ئاگری داغ -هەر دەستەیەك نۆرەی دەرچوون و دەگژ ڕاچوونی تورکانی دەهات- بەر لە هەموو کارێك ڕیشی خۆیان لووس دەتاشی و سمێڵیان قیت با دەدا و تاوێکی باش بە خۆدا دەهاتن؛ دەیانگوت: ئەگەر کیژە کورد سەری براومان بە سەر دارانەوە ببینن، با جوان و لەبار و بەرچاو بین و حەزمان لێ بکەن و بێزمان لێ نەکەن».

جا دەشزانین کە ئەستێرە هەر هێندە بە دیمەن و جوانن تا خۆرەتاو خۆی دەردەخا؛ هەر ئازایەتیەکی لە درێژایی مێژووی کەون و نوێدا، مرۆ لە خۆی نیشان داوە، هەمبەر بە مێرخاسی و گەڕناسی بارزانیان، چڵەکایەکە لە ڕاست چیایەك و تنۆکە ئاوێکە لە حاند دەریایەك. بڕوام وایە ئەگەر ئازایەتی و نەترسان لە بیچم و تەرزی پیاوێکدا بهاتایەتە سەر دنیایە، تووشی هەر بارزانییەك بوایە، بە سەرکزی کڕنۆشی بۆ دەکرد و بە لارەملی سوژدەی بۆ دەبرد.

هەر لەم سێ یەکە چەرخەی بیستەمەدا و لەم ڕۆژگارە دژوار و حەستەمەدا -کە بە سەر کوردا تێپەڕیوە- هەزاران مەردی وا نەبەرد لەو هۆزە سەربەرز و پیرۆزە ڕەخسیوە کە ناوی پاڵەوانانی ئەفسانەییشی لە ناو سیایی ناوی بەکاران سڕیوەتەوە. ئەم هۆزە کەم ژمارە و باوەڕدارە، زۆر جاران لە سەر کورد و کوردستانی نیشتمانمان دەگژ لەشکری زۆری زۆرداران ڕاچوون و بە ڕژانی خوێنی پاکی خۆیان، ئابرووی ڕژاوی گەلی کوردیان کڕیوەتەوە و بە مەچەك و باهۆی لێ بووردن و باوەڕ بەخۆیی، دەست و زەندی گەلێك لە زۆردارانیان لە بندا بڕیوەتەوە. هەتا دنیا دنیایە و هەتا کوردستان کوردی

تێدایە، ناوی شێخ عەبدوسەلام و شێخ ئەحمەدی بارزانی لە سەر تەتەڵەی ڕێزنامەی مێرخاسان و گەڕناسانی هەرە سەربەرزی دنیادا بە پیتی زێڕین و بە زبری و بەرزی جێگەی بۆ دیاری دەکرێ و بە ڕەنێو هێنی سەبەرزانی بارزان ناویان دەبرێ.

پێشینە گوتوویانە: شاگردی هونەرمەند نیشانەی هونەرمەندی مامۆستایە. ئەو شێخانەی بارزان کە ئەو فێرگە ئابڕوومەندەیان بۆ هونەرمەندی دامەزراندووە، شاگردی وەك مستەفا بارزانیان پەروەراندووە و پێگەیاندووە؛ کە سەرەتای کوردایەتی و ئازایەتی چۆن دەست پێ دەکرێ و ئەو ڕێگە پڕ پێچە چۆن ڕێی تێ دەبرێ و ئامانجی پاك و ئاکاری چاك چەندی دەرد و چەوسان و بەجەرگی و نەبەزین گەرەکە و چقاس پشوو لە سەر خۆیی و شەکەتی پێ دەوێ تا سەر دەگرێ و سەر دەکەوێ.

وابزانم تەنیا ناوی مستەفا بارزانی بەس بێ بۆ بەڵگەی ئازایەتی کورد. وەك مەولانای ڕۆمی فەرموویە:

بەڵگەیە بۆ ڕۆژی ڕوون تیشکی هەتاو   بۆ پەسندی گوڵ بەسە بۆنی گوڵاو

بێ گومان بە هاتنە ناوی ناوی بارزانی، باوەڕی هەموو دوو دڵ و گومانداریکیش -لە مەڕ ئازایەتی بێ وێنەی کورد- دەگاتە سەر چڵەپۆپەی بێ گومانی و هەموو دڵخورتیەك لەم بارەوە لە ناو دڵان بار دەکا.

ئەوانەی ئەمڕۆ لە سەر دنیا دەژین و ئەوانەش کە لە دوارۆژدا دەخرێنە ناو مەیدانی ژیانەوە، کێمان دەست دەکەوێ کە ئەم ناوەی بەر گوێ نەکەوتبێ یان نەکەوێ و ئەو پیاوە نەناسێ و بە چیرۆکی ئەو ئازا پایەبەرزە ئاشنا نەبێ؟

نیشتمانی کورد- بە بێ هیچ ماندوو بوون و وەستان، هەوڵیان داوە و خوێنیان ڕژاوە و کۆڵیان نەداوە و کۆڵەی دوژمنیان کوتاوە؛ تا بە زەبری باوەڕی بەهێز و دڵی پتەویان، دڵ و دەزگای کوردستانخوازان لەرزی و درزی برد و کوڕانی ئێستا و چینەکانی دوارۆژ کە دێن و مێژووی شۆڕشە خوێناویەکانی بارزانی دەخوێننەوە و بە وردی شی دەکەنەوە و بە لێزانی شێو و وەردی دەدەنەوە و بە زیرەکی دەگەڵ ڕووداوەکانی شۆڕشەکانی دیکەی دنیادا بەراوەردی دەکەنەوە، چۆن هەبووە و چۆن ڕووی داوە، وای تێدەگەن. بە تایبەتی کە دەربارەی شۆڕشە مەزنەکەی نێوان سالآنی ١٩٦١-١٩٧٠ دەدوێن؛

کە دە ساڵی ڕەبەق بارزانی و پێشمەرگەکانی کوردستان -بۆ ئازادی ئاوازەی نەبەردی و زەبر و زەنگی ئەم گەلە جەنگاوەرە بە باوەڕە، لە ناو چاڵی فەرامۆشیەوە -بە موژدەی ڕزگاری و خۆشییەوە- سەری هەڵدایەوە و دەنگی زەنگی پێشەنگی کاروانی خۆڕانانی پاڵەوانانی کورد، لە درێژایی و پانایی ئەم زەمینە خڕ و پان و بەرینەدا زرینگایەوە و لە ناو هەموو دڵ و مێشکێکدا دەنگی دایەوە؛ ئیتر کەی گومان و سۆ دەمێنێ و کێ هەیە باوەڕ بەوە نەهێنێ کە ئەم گەلی کوردە، ئەگەر وەك گەلانی ئازاد و سەربەستی دیکە هەر لە سەرەتاوە خاوەنی خاکی خۆی بوایە و بە ڕاشکاوی و بە بێ لەمپەر و بەرگر بەخۆدا بهاتایە، هیچ هێزێك لە دنیادا دەگەڵی دەرنەدەبرد و هیچ خاوەن زۆر و خوونکارێك باشاری نەدەکرد.

بە بیری کێدا دەهات لە ڕۆژ و ڕۆژگارێدا کە کوردستانی نیشتمانی کورد لە شەش لایانەوە لە لایەن داگیرکەرانەوە چوارمێخە کێشرابێ و زۆردارانی خاوەن زۆر و کوردخۆر چۆکیان لە سەرسنگی دادابێ و زمانی هاوار و ناڵەشی بەسترا بێ و کرکرەی هەناسە دانیشیان لێ گرێ دابێ، مەلا مستەفا ناوێك پیاوێکی هەژار و بێچەك و جبەخانە و بێ خانە و لانە، لەو مەڵبەندە بچووك و بەردەڵانەی کوردستانەوە -کە ناوی مەڵبەندی بارزانە- بە بێپەروا لە ڕووی داگیرکەرانی کوردستان هەڵگەڕێتەوە و ڕاپەڕێ و بەشێکی زۆر کەم و باوەڕ زۆر، لە کوردی هەژار و ڕووت و برسی و بێدەرەتانی ڕەگەڵ کەوێ و بە کۆنەقەسەڵی و سێ تیرە ژەنگاوی و چفت و شینکەی ڕاوی و خەنجەری ڕوزە و تیخەڵەی برشاویەوە، دەگژ دەوڵەتێك ڕابچن کە خاوەنی زێڕ و زۆری زۆر و سوپای ڕێك و پێك و تازەبابەت و لەبار و پڕ چەك و تەیار و خاوەنی تانك و زرێپۆش و فڕۆکەی بۆمباهاوێژ و خێوی سەتان تۆپی پێنج بە پێنج و لوولەدرێژ و چیادابێژ بێ و تەنیا سنگی ڕووتی لاوی خوێنگەرمی نیشتمانپەرستی کورد، قەڵخانی گوللە و بارووت بێ و برسی و تینوو -لە ئەشکەوت و بن بەرد و سەر هەردانەوە- مەردانە هێرش بێنێ و سەرەڕای لەشکری بێگانەش، چەند جار ئەوەندەی خۆی، کوردی نامووسفرۆش و بێهۆش، پێشی لێ گرتبێ و خۆی بە داگیرکەری وڵات، بەکرێ دابێ و کوردی هاوخوێنی خۆی بۆ بکوژێ؛ کەچی ئەم هەموو نەیارە بشکێنێ و بیانڕەتێنێ و لە ئەنجامدا سەر بە دوژمنی ڕەگەزپەرست و دۆستانی دوژمنانی بچەمێنێ و واز نەهێنێ تا خەڵکی هەموو دنیا مافی ڕەوا بۆ گەلی کورد دەسەلمێنێ.

ئێمە لێرەدا زۆر بە سەرچڵی، باسی تۆزێك لە ئازایەتی بارزانی و پێشمەرگەکانی کوردستانمان -تەنیا بۆ نموونەیەك لە ئازایەتی کورد- هێنایەوە؛ تا بۆمان دەرکەوێ کە هەرچی لەمەو بەر لە مەڕ ئازایەتی کوردەوە گوتراوە و نووسراوە، هێشتا زۆر ناتەواوە و کەمێکە لە زۆر و شەمێکە لە چاوخۆر. ئەگینا بارزانی و شۆڕشەکانی، پێویستیان بە زۆر شۆڕشنامەی زۆر گەورە هەیە و لە تواناادا نیە لە پێشەکیەکی وادا سەروبەری لێك دەینەوە و گەوبەگەوی ئەو زرێ پڕگرێ و پتەوە، بە وردی لە بەر یەك هەڵوەشێنێن و بە وەستایی لێکی دەینەوە و تێکی خەینەوە. ئەگەر مەرگ مەودا بدا، لەمەولا منیش -وەك زۆرکەسیتر- ئەوەندی بۆم بلوێ لە کتێبێکی سەربەخۆدا لێیەوە دەدوێم.

ئەو ئازایە چۆن تێچووە

هەر دڵێکی لە سووچێکەوە کەمووسکەیەك تررووسکەی کوردایەتی وێ کەوتبێ، بیر لەو مەتەڵۆکە دەکاتەوە و بە بیری خۆی لێکی دەداتەوە و دیارە ئەو پرسیارە، بە سەر زۆر دەم و زارانەوەیە و مالم حەقە، پرسێکی زۆریش بەڕێ و جێیە: هۆی دوا کەوتن و سەرنەکەوتنمان چیە؟ یان کێیە؟

وەك من بە بیری خۆم بۆی چووم، کوردەکە هەر وەك لە هەموو کەس ئازاتر و بێ باکترە، لە هەموو کەسیش ڕاست و دڵپاکترە و هەتا بڵێی خۆش باوەڕ و بێگەڕ و گزییە. جا ئەم ڕەوشتە پەسندانەی لێ بوون بە سندان و لە سەر دڵی خڕبوون و گەستوویانە و بەستوویانە و خستوویانە!

ئایینی پاك و بێ گەردی ئیسلامەتی -کە لە سەرەتاوە پەیدا بووە- تیشکی برایەتی و یەکسانی، وە چیاکانی کوردستانیش کەوتووە. تاریکایی ئاگرپەرستی لە سەر ڕەواندوین و چاکان و پاکانی ئیسلامی پێشوو تێیان گەیاندووین کە موسوڵمان هەموو پێکەوە بران و ڕەش و بۆر و سپی و مۆر و زەرد و کەوەیەك لە ئارادا نیە و هەموو ڕەگەز و تیرە و هۆز و نەتەوەیەك -لە بەرانبەر بارەگای خودای بەرزا- یەکجۆرن و یەکتەرزن. نەژادپەرستی ستەمکارانە، کاری بەدکارانە و هەوێنی بێئاکاری و پەستیە. کەس لە کەس زلتر نیە. هەموو موسوڵمانێك -خاوەنی هەر ڕەنگێك و خێوی هەر زمانێك بێ- لە بەربەرۆچکەی خۆرەتاوی ئیسلامەتیدا، بە ئاسانیی دەحاوێتەوە و هیچ بێهێز و پیزێك، هەرگێز لە بۆتەی دەستەڵاتداراندا ناتاوێتەوە. پلەی لە پێشی و گەورەیی، بە ئەندازەی ئاکاری

باش و له خواترسانه.

کوردیش -که چوونه‌ته ژێر سێبه‌ری ئالای پیرۆزی ئه‌م ئایینه پاکه‌وه- دیتوویانه وه‌ك بیستوویانه وایه و موسوڵمان هه‌مووی پێکه‌وه برایه و هه‌موو بۆ یه‌کتر پشت و په‌نان و ئه‌گه‌ر جاران که‌مێکی بێ که‌س بوون -وا له سایه‌ی ئایینی تازه‌وه- بوونه‌ته زۆر و که‌س زۆریان لێ ناکا. ئایین و ڕه‌وشتی نوێیان به لاوه زۆر له ڕێوشوێنی پێشینی پڕئازاری ئاگرپه‌رستیه‌که، له‌بار و چاکتر بووه و له سایه‌ی ئه‌و فه‌رمانه ئاسمانیه‌دا- که قورئانه- ماوه‌یه‌کی زۆر باش حه‌ساونه‌وه. به‌ڵام هه‌زار داخ و مخابن! که ئه‌م جه‌ژنه پیرۆزه زۆری نه‌خایاندووه و له‌شکری خه‌م و په‌ژاره دووباره سه‌ری لێ داونه‌وه و به سه‌ربه‌ستی نه‌ماونه‌وه. ده‌سه‌ڵاتداره ڕاست و دروسته‌کانی ئیسلام، به‌ره‌به‌ره له ئاسۆی ژیان ئاوابوون و که ئه‌وان چوون، خوونکار و زۆرداری به ناو موسوڵمان و به هه‌ناو دووره‌ویژدان -وه‌ك گورگی که‌په‌نه‌ك به شان- خۆیان ناو ناوه شوان و له فه‌رمانه‌کانی خوا هه‌رچی بۆیان نه‌لواوه، پاش گوێیان داوه و ده‌ستیان کردووه به ڕه‌گه‌زپه‌رستی و ملیان ناوه له نه‌ته‌وه هه‌ڵاواردن و بێ‌هێز خواردن.

له‌و نێچیر هه‌ڵبژاردنه‌دا، کاتێ کوردیان به دیارده هه‌ڵناوه و ده که‌ژ و چیای ڕژد و هه‌ڵه‌مووتی کوردستانیان هه‌ڵڕوانیوه و گه‌لی کوردیشیان زۆر له خۆیان به ئازاتر ناسیوه، هه‌رگیز ده خۆیان ڕانه‌دیوه ڕووبه‌ڕوو به شیری ڕووته‌وه هه‌ڵمان که‌نێ و په‌لامارمان بده‌ن و به‌رده‌سمان بکه‌ن. زانای زۆر وریا و گزیزانیان، بیریان لێکردۆته‌وه و زانیویانه ئه‌و به‌رووداره گرێداره، به‌وان هه‌ڵناکه‌نێ و ئه‌گه‌ر ده‌سکی بیور و هۆره و پوازی له‌خۆ، بۆ نه‌تاشن و له ناو خۆیدا کرمی پێ هه‌ڵنه‌هێنن، زۆریان پێ ناشکێ و شکاندنی زۆر دژواره. ئه‌گه‌ر ده‌کرێ کارێکی واپکه‌ن هه‌ر کورده‌که کورده‌که‌یان بۆ بکاته پاروه‌چه‌وره و بیخاته ده‌میانه‌وه. ڕاوی که‌و به که‌و بکه‌ن و هه‌ر که‌وێکی له داو که‌وت بیخۆن و ئه‌گه‌ر که‌وگره‌که‌ش له ڕاو که‌وت، هاسان ده‌خورێ. جا بۆ ئه‌و مه‌به‌سته هه‌ستان به ناوی برایه‌تی و هاوئایینی و هاوسایه‌تیه‌وه، خۆیان ده ناو هه‌ڵکێشاوین و بێ هه‌ست و خشپه چوونه‌ته بن کلێشه‌مانه‌وه و چنگوڕکیان خستۆته ڕیشمانه‌وه. مه‌لای بێ نان و پیری نه‌زانیان به زێڕ و زێو کڕیوه و ده‌ستی گه‌لی به‌سته‌زمانیان پێ بڕیوه؛ مێشك و دڵیان وا له پڕوپووچ ئاخنیوین هه‌ر به جارێك تاساوین و ته‌زیوین و بێگانه‌ش له بن سێبه‌ری مێزه‌ر و پرچ و ڕیشی خۆمانه‌وه داوی ڕاویان بۆ ته‌نیوین و ته‌پکه و فاقه‌یان بۆ ناوینه‌وه؛ هیچ به خۆمان نه‌زانیوه تا تێکه‌وتووین و پێوه بووین و له فڕه و په‌له‌قاژه که‌وتووین.

بە زمانی لووس و بزەی ژەهراوی و سوێند و پەیمانی درۆزنانە، فریویان داوین و ئێمەش -کە ڕاست و دڵپاك ڕسکاوین- باوەڕمان کردووە و گوتومانە: برای هاوئایین دڵسۆزمانە و وەك خۆمانە و هەرچی بوومانە خستوومانەتە بەردەمی برای میوان و بۆ خۆمان بە برسیایەتی سەرمان ناوەتەوە. برای دەسبڕیش -لە باتی چاکە- لە بن دوو گردی فێڵبازیەوە، وازی بە ناوەزمان کردووە و مرخی لە دڵ و مێشکمان خۆش کردووە و لە بیری نەتەوایەتی و گەلپەرستی دایتەکاندوین و تەکانی پێداوین، تا لە ڕاستەڕێی ژیانی کلاکردووین و بە دەردێکی بردووین کەس نەزانێ ماوین یان مردوین. ئەوسا هەر بە هالاوی دەمی گەرمی، وا کولاوین و تولاوینەوە، کە تۆزکالێکیش بە چیڕی نەماوینەوە و هەر بە لێوان خوراوین.

چارەنووس

بە درێژایی هەزار و ئەوەندە ساڵە، زۆربەی هەرەزۆری کورد، وا تێ گەیەنراوە کە هەرچی بە سەری دێ، هەر ڕۆژی بەرێ لە چارەی نووسراوە و کۆشش و ماندوو بوونی بێ بەهرەیە و زۆر دەمێکە هەموو شت براوەتەوە و هەرگیز مانای ئەو فەرمانەی خوای بۆ لێ نەدراوەتەوە کە فەرموویە: بە تێکۆشان نەبێ، مرۆ هیچی دەسگیر نابێ.

بە گەفی گەرم سارد بووینەوە

منداڵی کورد هەر لە ڕۆژی چاوکردنیەوە بە دووپشکی حەوگری و ماری سەرپان و ئاگری بێتامانی دوای نەمانی فرچك دەگرێ و ڕێگەی هەموو خۆشی و شادی و ئاواتی دنیای لێ بەربەست دەکرێ و بێچارە چاری خۆی هەر لەوەندەدا بەدی دەکا، پرچ و ڕیش بەرداتەوە و هانا بۆ پیری بێ پیر بەرێ و بگری و بکڕوزێتەوە و ئەرکی ژیانی لە بیر بچێتەوە. هەموو تەمەنی هەر ئامۆژگاری دەکرێ کە پیاو دەبێ بە بەشی بێبەشی ڕازی بێ و ڕووت و نەداری سەر دنیا لەولا دەوڵەمەندە و نەخۆشی و لەش بەباری بەهرەی خودایە و دەرمان و بژیشك چیان لە دەس نایە و چاری دەرد و ژان، لە نوشتەی مەلا و خاکی سەر گۆڕی چاك و پیرانەوەیە و هەرچی دم دە دمی مەلا بنێ، هاواری دین و دنیایەتی و هەر

کەس نەچووبێتە ژێر سایەی پیـرێکەوە، شەیتان ڕێبەر و کوێخایەتی.

بە هەزار و ئەوەندە بەند و باوی بن شڕ و بڵاو، بڕستیان لێ بڕیوین و بە هـەودای داهـۆ، چـاویان دادووریوین و بە دڵنیایی شیشاونە گیانـمان و هەرچـی هەسـت و نـستمانە، بـە خڕوپـڕی ڕایانـداوە و تەنانەت هونەر و ڕەسەن و مێـژووی پـڕ لـە شانازیـشمان لێـدزراوە و بـە ڕووت و قـووتی کەوتووینـە دەشتەوە و بە پاڵەپەستۆ خزاندوویانینە چیاوە و ئەوسا تێرمان پێ پێکەنیون و گوتویانە: ئێـوەی بـرای موسوڵمانـمان ڕووت و بێبژیون! وەرن -بە خێری ئیمـانی خۆمـان- بـەخێوتان کەیــن! لـە سـەرمانە پیاوانە و موسوڵمانانە بە سەرتان کەیـنەوە؛ ئەوەی لە خۆتانـمانەوە پێگەیـشتووە، هـەزار یـەکێکتان دەدەیـنەوە؛ با لە برسان نەمرن. بەڵام دەبێ ئێوەش نەمەگتان لە چاودابێ و بە کـاری ئێمـە بـچارێن. پیاوی ناچاریش هەموو شتێکی بۆ ڕەوایە. کەوایە لە ڕێی نان و ژیاندا کوشتـن و خۆ بەکوشت دانـیش ڕێ تێدەچێ. داگیـرکەرانی کوردستان بـە درێـژایی مێـژوو کوردیـان خـستۆتە پـێش خۆیـان و بەگـژ دوژمنیاندا کردووە. هەر کوردێکی لە تاوی گیانی خـۆی لەوانـە هەڵگەڕابێتـەوە کـوردی هاوڕەگـەزی خۆیان ناردۆتە سەر و لاساریان پێ لە سەر ڕێگە لابردووە.

کورد کە خاوەنی ماڵی خۆی نەبووە، بـە دەسـندەخۆری و نـەمر و نـەژی، بـەخێو کـراوە و واش تێگەیەنراوە کە خـزم و کـەس دادی پیـاو نـادەن و دەر و دراوسـێ، نەتـەوی و نەویـستـن و دەسـتی هەنگویناوی بـخەیە زاری خزمانەوە، دەیگەزن و دار و بەردی دەور و بەرت پێت دوژمنە. هەر خەلیفە و پاتشای موسوڵمان -کە ئەویش کـورد نیـە- لـە ڕۆژی تەنگانـەدا جێگـەی هانـا و هاوارانـە و لـە قیامەتیشا فریاڕەس هەر خۆیـەتی. ئـەو هـەزار و سـەدان سـاڵە، ئـاوا گـۆش کـراوین و هاوکـاری و کوردەناموسیمان لەبیـر براوە و بیـر و بڕوای نەتەوەخوازی و کەڵکی کۆمەڵایەتی و بـەهرەی دەسـتی گەلـمان لێ وەلا نراوە و تەنانەت زمانە زکماکەکەی خۆشـمان لە بەرچاو خراوە و بـە شـات و شـووتی درۆنەخشینان، ڕەچەڵاك و بنیچە و نەژادەکەی بووشـمانە، لە بەرمان بێزراوە و سەروبەری هەموو کـار و کردەوەیەك -کە هەر لە مێژینەوە فێرمان کـراوە و بۆمـان بـە کەلـەپوور ماوەتـەوە- هـەموو هـەر ئەوەیە: ئەم لا دەکەیـن، ئەولا دەکەیـن، بە بلوێری داگیـرکەر سەما دەکەیـن!

خۆشەویستی نیشتمان و خزمایەتی و هاوخوێنی خۆمان لە دەست داوە و کەسـمان نازانیـن چ

بووین و چۆن بووین و چیمان به سەرهات و چۆن چووین؟ لـه هـەموو ڕەوتانـدا بـه ڕەوتێـك فێریـن؛ ئەویش سوێسکەییە. له مێژووی خۆمان هەر ئەوەندە دەزانیـن که بابەڵبابـمان نۆکەر و دەسـندەخۆری بێگانەی داگیـرکەر بووە و هەتا مـردووە پـارووی بـه خـوێنی هـاوخوێنی خـۆی تـەڕکردووە و ڕەگـی خۆناسیـن و سەربەخۆیی تێدا مردووە و هەستی به سووکایەتی نەکردووە.

پیاوی سووك دەردی سووکی ناکێشێ   زامـی ئـەنـدامی مردوو نائێشێ

کەسی واشـمان نەبووە چش له بەرماوی بێگانه بکا و هەلپەرستی به گەلپەرسـتی بگۆڕێتـەوە و دەنگ هەڵێنێ و لەو خەوە بێبـڕانەوەیەمان ڕاپەڕێنێ و تۆزێکمان له دەردی خۆمان تێبگەیەنێ.

خوێندەوارمان -که شادەمارمانن- لـه فێرگـەی داگیـرکەراندا زمـان و ئـەدەبیاتی بێگانـەیان پێخوێندراوە و ڕەسەنی و پێکەوتوویی و پایەبەرزی خۆیان و نزمی گەلانی ژێردەستەیان فێر کـردوون و زمان و دڵ و دەست و قەڵەمیان بۆ خۆشەویستی ئاغا و خێزان و خزمی ڕاهێنـدراوە و دادراوە و ئـەوا پێیان سپێراوە، نەخوێندەوارە ساویلکه و بەستەزمانەکەیان بۆ بەردەست و بێهەست بکـەن و ئـەو لـه گۆشتە براشتەکەمان بنەوێ و ئەمانیش ئێسکه هەلکڕوزاوێك و تیکه بەرماوێکیان بەر بکەوێ.

ماکی ئاسۆر

ئەگەر میـرشەرەفـخان و سەیدای خانی، تاوانی یەك نـەگرتن و لێـك دووریـمان دەخەنـه سـەر ملـی ملهوڕی و لاساری و دەمار ئەستووریـمان -دەبێ لێم ببوورن- بـه بـڕوای دڵـی مـن، پـەروەردەکرانی هەزار ساڵەمان دەو چاڵەی خستوویـن و ئەوەی پێ کردوویـن که کردوویـه و چاوبەستـن و گزیکـاری بەدکار و ناڵەباران بەو دەردەی بردوویـن.

ئەوەنـدەی چـڕی و دڕی شـاخ و داخ و چـیا و کـەژە ڕژد و دژوارەکانـمان و زۆری و خـوڕی ڕووبارەکانـمان، بوونەته لەمپەر و بەرگری پێك گەیشتـن و تێك گەیـشتنمان، سـەد ئەوەنـدە و بگـرە سەدهەزار ئەوەندە، بەندوباوی پڕ له تەفرە و ژەهراوی برایانی دەمگەرم و دەسبڕ و ئاشنایانی به دیـمەن جوان و بنشڕ، ئەو پەندەیان پێداویـن و لەو بەند و داوەدا شەتەك دراویـن و تا ئێستاش هەر به دیلـی و هەژاری و خاکەساری ماویـنەوە.

گاوا، مامۆستاکەی سولتان مراد دەیفەرموو: «کورد ئەوەتەی هەیە —لە وتەی شادە و ئیماندا نەبێ- یەکتریان نەگرتووە!» نابێ نەشیزانیبێ کە خەتی خوار دەبن سەری گای پیر دایە و ئەنگوستی سولتان و کلکی باب و باپیرانی سولتانیشی تێدابووە. ئەو سولتان سەلیمەی گوتویە: «مێش، کێشەیان دەناو کەوێ، پیاو دەتوانێ تێر بخەوێ!» دەیزانی کەولی خەز و کیسە لیرەی هەلمساو، مامۆستا مەلا ئیدریسی بۆ تاو دەکا و لێی دەپاڕێتەوە کە ترکێك بکە بە میری میرانی کوردستان؛ ئەوسا کوردەکان قزلباشانت بۆ لە کوردستان دەردەکەن! ڕەنگە مەلا لەو کاتەدا کە فلوریەکانی خستبێتە ناو گیرفانی کەولە خەزەکەوە، فەرمووبێتی: «بەرێکی من شیرین بار بێ، با بەشی کورد ژەهری مار بێ!».

ئەو مەلا ئیدریسەی کە هەموو کوردی هاوچەرخێ بە پیاوێکی پیرۆز و پایەبەرزیان زانیوە، ئەگەر بە شیری کۆیلەیی پەروەردە نەکراباو هەروا تۆزکالێك دەماری کوردایەتی تێدابا، کوردەکانی تێدەگەیاند کە ئێوە عەجەم لە کوردستان دەردەکەن؛ مەبنە نۆکەر و نانخۆری عوسمانی و وەرن خاوەنی نیشتمانی خۆمان بین. ئەگەر خان بۆ خان و بەگ بۆ بەگ سەر ناچەمێنێ، با من کەیخودا و ڕیش سپیتان بم و بە کارتان ڕابگەم؛ مامۆستایەکی بەناوبانگی کوردستان، لە دەرکەوانێکی تورك و بێگانە باشترە! بەلام وای نەکردووە تا بزانین دەیانکرد یان هەر گرنەیان لە توركی دەرکەوان دەگرت؟!

چیرۆکی سەیر و سەمەرە وا لای کەریمخانی زەندە؛ ئەو پادشا زل و بەدەستەلاتەی ئێران، لای وابووە چونکە کوردە، ڕێی ناکەوێ ناوی شایەتی پێوە بێ! بە خۆی گوتووە: وکیل‌الرعایا (دەمڕاستی مسکینان)!

مەلای خەتێ، هەمەکارەی میری ڕەواندز بووە و لە لای سەرووی خونکاری کوردستان ڕۆنیشتووە؛ بەلام نانی میر نانێکی خۆمالیە و بە دەمی مەلا خۆش نایە؛ ئەو فێری جیرەی خانەدانی بێگانەیە. بە فتوایەك دەولەتێکی کوردی سەربەخۆی سەرەوژێر کرد و تا خۆی نەکردەوە بە نانخۆری داگیرکەر، ئۆقرەی نەگرت!

هیچ دوور نەڕۆین، هەر لە ڕۆژگاری خۆماندا و لە نیوەی دووهەمی چەرخی بیستەم دا، گەلێك

خوێندەواری بە ناو کورد و کوردیزمان، لە قەوارەی کوردستانی نیشتمانیان بوونە پواز و بۆ نەمانی کوردەکانی ئازادیخواز و بۆ سڕینەوەی ناوی پیرۆزی کوردستان، بە دڵ و بە گیان تێدەکۆشان!

بە چاوی خۆمان دیمان، لە جەنگەی شۆڕشە خوێناویەکەی بارزانیدا، کە هەزاران لاوی کوردی هەژار و نەخوێندەوار و دەربەدەر -گیان لە سەر دەست و دەست لە سەر خەنجەر- دە گژ داگیرکەری ڕەگەزپەرەست و بێ بەزەیی ڕا دەچوون، ئەو خوێندەوارانەمان لە پێش لەشکری دوژمنانەوە چەك بە شانەوە دەهاتن و گوندی کوردستانی نیشتمانیان دەسووتاند و کوردیان دەکوشت و جوتێر و وەرزێری بێچارەیان دەڕووتاندەوە و ماڵی کوردیان تاڵان دەکرد و منداڵی ساوایان دەخستە سەر گڕی ئاگری سوور و لە دوورەوە فڕۆکەی دوژمنیان شارەزا دەکرد کە چۆن بۆمبامان بە سەردا ببارێنن و چۆن هەست و نستمان بتارێنن... بۆچی؟ چونکە ئەو خێزانەی ئەوانی لە ناودا پەروەردە بووە، نەیانزانیوە جگە لە ژێردەستی و بێگانەپەرستی، ڕەوشتێك هەیە! لە فێرگەش هەر ئەو بەند و بالۆرە فێر بوون. ئەگەر لەم لاولاش، لە مەڕ ئازادی و سەربەستی گەلەوە چپەیەکیان وە بەر دڵ و گوێ کەوتووە، تەواو جێگەی خۆی نەکردۆتەوە و هێندەی ڕەگ دانەکوتاوە کە تازە هەڵنەکێشرێتەوە. لە سەرەتای شۆڕشی گەورەی کوردستاندا -کە لایان وابوو سەیرانێکە دەکرێت و قەیرانێکە بە چەند ڕۆژێك بە سەر دەچێت- هاتنە ناوەوە کە ناو دەرکەن و پلاو بخۆن؛ بەڵام کاتێ زانیان ڕێگای ئەم پیاوەتیە هەڵەموت و دژوارە و زۆر حەستەم و پڕ ئازارە، گورج کەوتنەوە سەر هەوای تەلار و ژیانی ناوشار و وەك پیرێژنەکە، بە دەردی پار چوون و دایانەوە سەر شۆپ و ڕێکی باب و باپیران؛ کە ژیانی نۆکەری و دوور لە دەردیسەریە. لە کوردەواری خۆمان دەڵێن: «خویەکی بگری بە شیری، بەری نادەی بە پیری».

من بە بڕوای خۆم ئەم ئاهۆی بە نۆکەری فێربوونەمان و ئەم خۆ بە کەم زانینەمان، ماکی هەموو دەرد و بەڵایەکمانە. هەرگا بیری زۆربەی کورد بگاتە ئەو قۆناغە کە بڕوای وابێ ئەویش وەك خەڵکیتر وایە و مافی ژیانی پێ ڕەوایە و شەندە لە مەندە کەمتر نیە و کۆیلەیی کردن شەرم و شورەییە، هەرگیز نە خاینی خوێندەوار و نە جاشی نەخوێندەوارمان لێ پەیدا دەبێ و نەش وەك مەلای خەتێ، لە خەت دەردەچێ.

جارێك حەمەداغا ناوێکی موکوریانی، بە نۆکەرێکی پیر و زورهانی خۆی دەڵێ: ڕیشت سپییە

و پێم شەرمە لە پاشخانە بەرماوی من بخۆی؛ لە دیوەخان دانیشە با لەگەڵ منا سینیت بۆ بێنن. مام خدری نۆکەر دەڵێ: ئاغا شازدە تەنەکە ڕۆنت پێشکەش دەکەم ژیانی چەند ساڵەم مەگۆڕە. دەنا ناچارم بار دەکەم و دەچم لە پاشخانەی ئاغایەکی دیکە دەژیم. تازە بە سەری پیری دەستم پێ لە بەرماو خواردن هەڵناگیرێ!

وای دەزانم ئەم چیرۆکە، چیرۆکی هەموو کوردێکە. تا بیری نۆکەری و بەرماو خواردن نەگۆڕێ، نابێتە دیوەخانشین و تا دەشی‌گۆڕێ، زۆر کارێکی چەتوونە. هەر کە گۆڕیشی ژیانی بەرەو باشی دەگۆڕێ. مامۆستای نەمرمان جەنابی مەلای کۆیە زانیوویە دەڵێ چی کە فەرموویە:

ئەوی ڕێگای لە کوردەکان گۆڕی لەعنەتی خوای لە ئەلحەد و گۆڕی

شەرەفنامە هونەرنامەیە

ئەو کەسانەی شارەزای ئەدەبی فارسی کۆن و نوێن و دەیخوێننەوە و لێی دەدوێن، بۆیان دەردەکەوێ کە ئەدەبیاتی فارسی لە ئێراندا، لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی سەفەویەکاندا -کە میرشەرەفخانی تێدا ژیاوە- ڕەنگێکی تایبەتی بە خۆیەوە گرتووە و بەرگێکی زۆر فش و فۆڵ و ناقۆڵای دەبەر خۆی کردووە. وشە و ڕستی ناپێویستی ڕەق و تەقی دەروێشانە و ناوئاخن و شڕە بزگوری بێکارە و ناهەمواری تێ خزاوە. فارسەکان خۆیان ئەو ڕۆژگارە بە قەیرانی کەنەفتی ئەدەبەکەیان دەژمێرن و لایان وایە لەو ماوەیەدا لە گەشە کردن وەستاوە و بگرە سیسیش هەڵگەڕاوە. ئەگەر ئەو نووسراوە فارسیانەی لەو چاخەدا نووسراون، دەگەڵ فارسیەکەی *شەرەفنامە*دا، لە بەر یەکیان ڕاگرین، گومان نامێنێ کە شەرەفخان سەرتۆپی هەموو نووسەرانی فارسی زمانی ئەو زەمانە بووە و بۆ کەرەستەی *شەرەفنامە*کەی، هێناویە پوختەی فارسی ئەوسای گوڵبژێر کردووە و چەپکی سەرسەوەتەی ئەدەبیاتی فارسی ئەو سەردەمەی نیشانی خەڵکی دنیا داوە. وەك گوتیشمان، ویستوویە لە مێژوونووسینیشدا کارێك بکا کە گرۆ لە هەموو مێژوونووسێکی هاوچەرخی بباتەوە و کەس دەخۆی ڕانەبینێ، دەمەلاسکەی بکاتەوە. واتا بە تیرێك، دوو نیشانەی هەنگاوتووە: مێژووی کوردی کۆ کردۆتەوە و لینگە مرواریییەکی نایابیشی لە ئەدەبی فارسیدا هۆندۆتەوە.

ئەم شیرینکاریەی ئەو شاسوارە خونکارە، منی هەژاری دنەدا کە لە وەرگێڕانی نووسراوە بەدەنگ و ناوەکەیدا، بەردێك بگرمە دوو چێشکەوە:

ڕووداوی مێژوویی -وەك لە شەرفنامەدا هەیە- بە زمانی کوردی بگێڕمەوە. هەوڵیش بدەم بە پێی توانا، ئەدەبی ئەمڕۆی کوردی تێدا جێ کەمەوە. جا ئەگەر نەشم پێکا، بۆ هەژارێکی وەك من هەر مایەی شانازییە؛ خۆ هیچ نەبێ، باڵە کلۆیەکم بە دیاری هێناوە.

عەزیزم ئەهلی میسرێ بوون بە کڕیارت بە گیان و دڵ

کەچی کوردی، لەشی وەك داوەمووی دێنێتە بازاڕت

چۆنم وەرگێڕاوە

وەرگێڕانی *خەیامم* بە دەستەوە بوو؛ مامۆستایەکی پایەبەرز لێی پرسیم: فلانە وشەی فارسیت چۆن بە کوردی جێ کردۆتەوە؟ گوتم: ئەزبەنی! من نیازم وا نیە فارسی فێری کورد بکەم، تەنیا و تەنیا بیر و بڕوای خەییام بۆ کورد دەگێڕمەوە. لە وەرگێڕانی *شەرەفنامە*شدا، هەر ئەو ڕچەیەم ڕەچاو کردووە. پوختەی ڕووداوە مێژووییەکەم بە کوردی بۆ کورد گێڕاوەتەوە. لەو جێیانەشدا کە شەرەفخان -بۆ سەرپێت خۆش کردنی بەندەکان و ڕازاندنەوەی کۆڕی شەڕ و پێداهەڵگوتنی میر و مەزنەکان- ئەدیبانە بە فارسی دەستی خۆی وەشاندووە و خۆی ڕاناوە، من لە جیاتی ئەوە، کوردانە ملم لێ ناوە و ئەوەندەی شیرم بڕیویە، شنگڵم لەخۆ داوە، کوردییەکی ئەدەبی، یان ئەدەبێکی کوردی بخەمە بەرچاوی هاوزمانانم. هەڵبەستە فارسی و عەرەبی و تورکیەکانیشم کردوون بە شێعری کوردی و زۆربەی زۆریشیانم هەر لە سەر کێشی پێشوو هۆندوونەوە و هەر لە بیچمی خۆیاندا هەڵم خستوونەوە.

تۆزە بژارێك

خوێندەواری ژیر و خوێن شیرین! دنیای ئێستامان نیوەی دووهەمی چەرخی بیستەمە و بنیادەم لە سەرپشتی مانگ، پاڵی داوەتەوە و بای باڵی دەدا کە ئەستێرەکانی کاکێشانیش بخاتە ژێر باڵ و بیانکاتە لانە و ماڵ و بەهرەیان لێ وەرگرێ. زۆر دەمێکە جن و دێو و دێوەزمە و خێو -لە بەر

تیشکی کارەبا- بە شەوارە کەوتوون و لە دنیا ئاوارە بوون. کێوی قـافیش -کـە قـەفقازە- ئەوەنـدەی کارگەری سۆڤیاتی تێ خزاوە، جێگەی لاپرەسەنانی ئەفسانەی کۆنی لێ نەماوە. چوار چەرخ لەمەوبـەر زۆر کەس لای وابووە کە ئەو جۆرە نادیاریانە دەس بـەکار و دەسـەڵاتدارن؛ بـەڵام ئـەمڕۆ باسـی ئـەو پیـرهەڤۆك و شەوە و ئاڵانە، گاڵتەجاڕی منداڵ و کـوڕ و کاڵانـە و کـەس بـە ڕێـەیان نـاپێوێ و کـەس لەمەڕیان ناخێوێ.

لەوەتا زانستی تازە بابەت وەکار کەوتووە، تووك و نزای دەروێش و پیـریش لـە کـار کـەوتووە و بەرپیوار و نادیاری لە ئارادا نەماوە و هەرچی هەیە، هەیە و لە بەرچـاوە و چـاونوقاندن و پرتـەپرت و ورتاندن سەر لە زانا ناشێوێنێ.

میـرشەرەفـخان کە ئەو ڕۆژە بە دەس پاکی دەسـتی بـۆ بـردوون و دەسـکاری نـەکردوون و وەك بیستوویە گێڕاویەتەوە -دیارە هیچ بە دڵیشی نەبوون؛ بەڵگەشم ئەوەیـە تـا لـەو مەبەسـتانەوە دواوە، پینەی «خوا بۆ خۆی دەیزانێ»ی پێوە ناوە— هەر خۆشی لە پێشەکیە بە نرخ و خۆشەکەیدا دنەی داوین و لێشمان پاڕاوەتەوە کە هەڵەی بۆ هەڵگرینەوە. ناچار بە هاواریەوە چووم و هێندێك جنۆکە و منۆکـە و بوغدوزی خوێنتاڵ و شتی لە ئاوەز بە دوورم لێ دوور خستەوە و کێشامنە ناو پێشەکیەکەی خۆمەوە و لە هەتیتەم داون. بە هومێدم گیانی پاکی ئەو میـرە نازدارە لەو بژارە هەژارانەیەم گـەش و شـابێ و لێم نەڕەنـجابێ.

خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانـم کە هەرچەندی لە دەستم هاتووە درێغم نەکردووە و هەر ئەوەندەشـم لەدەستهاتووە. هەرکەسیش هەر چەندی بۆی دەلوێ بیکا، کارمان زۆر دەچتە پێش.

لەم کارەمدا سەرکەوتووم، یان بەسەر سەردا کەوتووم، ئەوە خۆم نایزانـم؛ خوێـندەواری ژیر و بـە بیـر دەیزانن. هەر هێندەم لە دەست دێ لە بەریان بپاڕێمەوە کە بە چاوێکی بێلایەن و بە هێمنی، بـە وردی لە کردەوەکەم بڕوانن. بەڵام دیسان دووپاتەی دەکەمەوە کـە زۆر وشـەی کـوردیم خـستۆتە سـەر کاغەز؛ ئیتـر کاکڵ و بەهرەیتریان هەبێ یان نەبێ، خۆم بە کردە پەشیمان نازانـم.

عبدالرحـمن «هەژار»

بێخۆڵان- چۆمـان (۱۹۷۰/۷/۲۰)

بیست و [illegible]

پاکنووسکردنی ئەم پێشەکیەی سەرەوە سەعات چواری بەیانی ڕۆژی سێشەمـمە ۱۹۷۱/٤/٥ دوایی هات.

پێزانین

فەرموودەیە کە دەڵێ: چاکەی خەڵکت لە چاودا نەبێ، چاکەی خوداشت لە بیر نابێ. بۆ بەرهەم هاتنی ئەم *شەرەفنامە* کوردیە چاکەی زۆر کەسم لە سەرە کە لە سەر خۆمی بە پێویست دەزانم سوپاسیان بکەم.

زۆر سوپاس بۆ باوکی هەژارانی کورد (کاک مستەفا بارزانی) کە ئەگەر سایەی پیرۆزی ئەوم بە سەرەوە نەبا، هەرگیز نەمدەتوانی خزمەت بە زمانەکەم بکەم و هەلی نووسینم بۆ نەدەڕەخسا.

سوپاس بۆ مامۆستایان: محەمەدعەلی عەونی و یەحیا خەشاب و یەڤگینا ڤاسیلیڤا کە بە پێشەکیە بە نرخەکانیان بەهرەیان بە مێژووی کورد گەیاندووە؛ منیش لە وەرگێڕانی *شەرەفنامە*دا زۆرم سوود لێ وەرگرتوون.

سوپاس بۆ مەلاجەمیل بەندی ڕۆژبەیانی کە بۆ *شەرەفنامە* عەرەبیەکەی خۆی، زۆر بە وردی لە نووسراوەکانی حوسێن حوزنی و ئەمین زەکی بەگ و گەلێك کتێبی تریش ورد بۆتەوە و گوڵبژێری کردوون و هەرچی *شەرەفنامە*ی پێ تەواو دەبێ کردونیە ناواخنی نووسراوەکەی و بەو کارەی ڕێگەی دووری بۆ نزیك کردوومەوە و ئەگەر ئەو نەبا، من نەمدەتوانی ئەو کارە گرانە بکەم.

سوپاس بۆ شاعیری گەورەی کورد کاك هێمن مهابادی کە زۆر بە پشوودرێژی سەرلەبەری نووسراوەکەی پشکنی و زۆری هەڵە و پەڵە بۆ هەڵگرتمەوە و بە ئامۆژگاری زانایانەی گەلێکی بەهرە پێگەیاندم.

سوپاس بۆ مامۆستایان مەسعوود محەمەد و عەلائەدین سەجادی و دکتۆر کەماڵ مەزهەر کە لە سۆنگەی هەڵسەنگاندنیدا خۆیان بە خوێندنەوەی ماندوو کرد و بیروڕای خۆیان لەسەر دەربڕی.

سوپاس بۆ چیرۆکنووسی بەنرخی کورد کاك محەمەد مەولوود(مەم) کە بۆ دۆزینەوە و بردنەوە سەر یەکی بنەماڵەی میرانی سۆران، زۆری خۆ ماندوو کرد و سوپاس بۆ مامۆستا نوورەدین بەهائەدین ئەندامی دادگای تەمیزی عیراق کە لەوبارەوە درێغی نەکرد و بە شارەزایی ڕێنموونی کردین.

سوپاس بۆ هونەرمەندی بێوێنەی کورد، کاك بەدیع باباجان کە بۆ کلێشە و وێنە بەنرخەکانی ئەوپەڕی ئەرکی خستە سەرشان؛ خوا بە گەلی کوردی بێڵێ.

سوپاس بۆ کۆڕی زانیاری کورد، کە لە سەر ئەرکی خۆی چاپی کرد.

هەژار

ئەوانەی کە زۆریان خۆ بە مێژووی کوردەوە ماندوو کردووە و بۆ شەرەفنامە کوردیەکە بەهرەیان پێ گەیاندووم:

مێژوونووسی کورد، حوسێن حوزنی موکوریانی

لە سەیدەکانی ینچکە و شقۆیفە کە دوو گوندن دەکەونە نزیك بۆکان. ساڵی ۱۳۱۱ی کۆچی لە شاری سابلاغ (مەهاباد) لە گەڕەکی حاجی حەسەنیان هاتۆتە دنیاوە.

لە تەمەنی لاویدا ئاوارەی وڵاتان بووە. هەموو کوردستانی بەردەستی ئێران و عوسمانی ئەوسا گەڕاوە و بە مۆرهەڵکەنی بەڕێ چووە. ساڵی ۱۹۱۵ لە حەلەب چاپخانەییێکی گچکەی پێکەوە ناوە؛ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب و مێژووی کوردی تەرخان کردووە.

شێخ عومەر وەجدی مامۆستای ڕەواقی ئەکراد لە ئەزهەر بۆ مامۆستا گیو موکوریانی نووسیوە، دەڵێ: لە محەمەدعەلی عەونیم بیستووە گوتویە: «چاپخانەی حوزنیم لە حەلەب دیتووە کە ئەدەب و مێژووی کوردی پێ چاپ دەکرد. خەیاڵم بووە بچمە سوێرەك و سەر لە خزمان بدەم؛ بەڵام حوزنی ئەوەندەی کار تێکردم وازم لە سەفەر هێنا و گەڕامەوە میسر و بڕیارم دا منیش چاو لەو پیاوە بکەم و -بە پێی توانا- خۆم بۆ خزمەتی مێژووی کورد تەرخان بکەم.»


حوزنی ساڵی ۱۹۲۵ هاتۆتە ڕەواندز و چاپخانەی زاری کرمانجی دامەزراندووە. ساڵی ۱۹۴۳ لە ڕەواندز دوور خراوەتەوە و تا مردووە لە بەغدا ژیاوە.

هێندێك لەو کتێبانەی کە حوزنی لە سەر مێژووی کوردی نووسیون ئەمانەن: *مێرگەی دڵان*، *خونچەی بەهارستان*، *پێشکەوتن*، *ئاوڕێکی پاشەوە*، *میرانی سۆران*، *کوردستانی موکوریان*، *ناودارانی کورد*، *بە کورتی هەڵکەوتی دێریکی*، *لاپەڕەیەك لە دێریکی کوردستانی موکوری*، *ناودارانی کورد*، گەلێکی تریشی نووسیون و بڵاو نەکراونەوە. هەروەها لە سەر ڕووپەڕی گەلێك گۆڤار و ڕۆژنامە و بە گەلێك نامیلکەی هێژا، خزمەتی زۆری بە ئەدەب و مێژووی کورد کردووە.

حوزنی لە ۲۰ی ئەیلوولی ساڵی ۱۹۴۷دا لە شاری بەغدا مردووە و تەرمەکەی ڕاگوێزراوەتە هەولێر و ئێستا گۆڕی ئەو پێشمەرگە دڵسۆزە لە شاری مێژوویی هەولێرە.[1]

۱- ئەو زانیارییەم لە مامۆستا گیوموکوریانی -دایك برای حوزنی موکوریانی- وەرگرتووە. هەژار

مێژوونـاسی کورد، ئەمیـنزەکی بەگ



ساڵی ١٨٨٠.ز لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە هاتۆتە دنیاوە. بە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی خوێندوویە و لە فێرگەی ئەرکانی حەربی تورکیا دەرچووە و بووە بە ئەفسەر. گەلێك کاروباری دیوانی تورکیا و عیراقی بە دەستەوە بووە و زۆر جاران وەزیر و نوێنەر بووە.

خولاسەی تاریخی کورد و کوردستانی لە دوو بەرگدا نووسیوە. بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٣١ چاپ کراوە و ساڵی ١٩٦١ لە چاپ دراوەتەوە، بەرگی دووهەم ساڵی ١٩٣٧ چاپ کراوە. *مشاهیرالاکرادی* نووسیوە، *تاریخی سلێمانی و فەرمانڕەوایانی* -کە ساڵی ١٩٣٩ چاپ کراوە- بەرهەمی قەڵەمی ئەوە.

ساڵی ١٩٤٨ لە ٩ی تەموزدا لە شاری بەغدا مردووە و تەرمەکەی براوەتەوە شاری سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە.

زانای دڵسۆزی کورد، محەمەدعەلی عەونی



ساڵی ١٨٩٧.ز لە کوردستانی بەردەستی تورکیا، لە شاری سوێرەك، لیوای دیاربەکر هاتۆتە دنیاوە. پلەی یەکەم و دووهەمی خوێندنی لە تورکیا تەواو کردووە و بۆ فێر بوونی زانستی ئائینی و عەرەبی هاتۆتە میسر و لە قاهیرە، لە ئەزهەر خوێندوویە و کارنامەی بەرزی ساندووە.

زمانی فارسی و فەڕانسیشی زۆر باش زانیوە. دەگەڵ ماڵە بەدرخانیەکاندا لە دامەزراندنی کۆمەڵی خۆیبووندا بەشدار بووە. لەبەر کوردایەتی کردنی، تورك نەیانهێشتووە بگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی و هەر لە میسر ماوەتەوە و لە دیوانی شاهیدا بە وەرگێڕی زمانە ڕۆژهەلاّتیەکان دامەزراوە.


شەرەفنامەی فارسی لە چاپ داوەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی زۆر هێژای لە سەر نووسیوە. هەروەها *شەرەفنامەی* کردۆتە عەرەبی و لە پاش مەرگی ئەو -ساڵی ١٩٥٨- وەزارەتی تەربیەی میسر لە چاپی داوە.

مەسەلەی کورد (القضیة الکردیة)ی بلەچ شێرکۆ- عەرەبییەکەی- ئەونووسیویە. خولاسەی *تاریخی کورد و کوردستان و تاریخی دوەل و ئەماراتی کوردی* ماموّستا ئەمین زەکی بەگی کردوون بە عەرەبی و بە پەراوێزی زۆر بایەخداری ڕازاندوونەوە. جزمی دووهەمی مشاهیرالاکرادی ئەمین زەکی بەگی لە چاپ داوەتەوە. گەلێك نووسراوی زۆر بە نرخی لە سەر کورد و کوردستان هەیە کە تا ئێستا بلاّو نەکراونەوە.

ساڵی ١٩٥٢ لە ١١ی تەموزدا مردووە و لە قاهیرە، لە تەکیەی شێخ مغاوری لە جەبەل مەقتەم، لە نزیك گۆڕی «عمر ابن الفارض» نێژراوە.[1]

١- ژینامەی محەمەدعەلی عەونیم لە ماموّستا نەجمەدین عەونی - برای- وەرگرتووە. هەژار

مێژووزانی هێژا، مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی



ساڵی ١٩١٢ لە گوندی فورقان لە وڵاتی کەرکووك هاتۆتە دنیاوە. لە مەدرەسەی ئائینی خوێندووە. لە کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسیدا زۆر شارەزایە و بە هەر چوار زمانان زۆر نووسەری چاکە. *شەرەفنامەی* بدلیسی کردۆتە عەرەبی و گەلێك پەراوێزی جوان و بە کەڵکی لێ ناوە و ساڵی ١٩٥٣ لە بەغدا چاپ کراوە.

هەر وەها *تاریخی سلێمانی و فەرمانڕەوایانی* - کە مامۆستا ئەمین زەکی بە کوردی نووسیوە- مەلاجەمیل کردوویەتە عەرەبی و ساڵی ١٩٥١ چاپ کراوە. گەلێك نووسراویتریشی لە زۆر بابەتەوە هەیە و بڵاو نەکراونەوە.

هومێد وایە ئەو زانا هێژایە زۆرتر خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوە بێکەسەکەی خۆی بکا و لەو ڕێگەیەدا ماندوو بوون و وەستان نەزانێ.[1]

١- ژینامەی مامۆستا ڕۆژبەیانیم لە دوکتۆر مارف خەزنەدارەوە پێگەیشت. هەژار

بە داخەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی، لە شاری بەغدا، بە شێوەیێکی دڕندانە، چرای ژیانی بە دەستی بەعسیەکان کوژایەوە. ماجد

بیـروبڕوای ئەو زانایانەی *شەرەفنامە* کوردیەکەیان بەر لە چاپ دیوە و هەڵیانسەنگاندووە و نرخیان بڕیوە:

بڕوای کاك مەسعوود محەمەد

[illegible]

٩٥٧/٦/١٠

کتێبی *شەرەفنامە* وەرگێڕانی مامۆستا هەژار لە فارسیەوە بۆ کوردی، بە چـاوی ڕخنـە گـرتن لـە زۆر شـوێنانیم خوێنـدەوە. فـەرمانێك کـە خرابـووە ئەسـتۆم ئـەوە بـوو: لـە بـاری ئـەدەبی و داڕژتـنی عبارەتەکانیەوە سەرنج بدەم. دووری و نیزیکی وەرگێڕانەکە لەگـەڵ ئەسـڵی فارسـی چـەندە و چـۆنە؟ شتێك نیە من لێم کۆڵیبێتەوە چونکە بەراوەردیم لەمـەیانی هـەردووکیان نـەکردووە تـا تـێ بگـەم و ڕاگەینم. لە باری ئەدەبیەوە ئەوەی بۆ من ڕوون بووە لـە هـەموو ئـەو شـوێنانەی کـە وەك نـموونەی سەرتاپای کتێبەکە خوێندومنەوە ئەمە بوو: کە وا مامۆستا هەژار چەشنێك نووسیـنی لە کار هێنـاوە ئەوەی تەکەللوفە تێیدا نیە؛ هەر دەڵێی قسەی ئادەمیزادێکە بـە لـووس و لێکـی و بێقـورت و گـرێ

داستانێك دەگێڕێتەوە و دڵ و مێشکی خوێنەر بۆ خۆی ئەکێشێ. مەبەسم هەڵدان و پێدا هەڵگوتن نیە؛ بەڵکو ڕاستی ئەوەی خوێندومەتەوە دەگێڕمەوە.

یەك لە نرخە زلەکانی دیکەی نووسینەکە ئەمەیە کە وا نمونەیێکی ئەوتۆ دەخاتە پێش چاوی خوێنەری کورد، ئاشنا بێ بە هەموو شوێن و مەڵبەندەکانی کوردستان و لە «ئیقلیمیەتی تەسك» خۆی ڕزگار کردبێ.

ئەوەندەی لەو کتێبەم هاتە پێش چاو و بە سەرنجی تەواوەوە دەمخوێندەوە؛ لە یەك جێگادا نەمدی نەفەس کورتی وەیا بڕینی بێدەسەڵاتانە وەیا هەڵاتن لە مانای مەبەس یا هەر کەم و کوڕیەك لەوانەی دەبن بە هۆی دالەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری. ئەگەر لە گوێرەی گرنگی و درێژی کتێبەکە درێژە بدەم بەم ڕەخنەیەم، ماوەیێکی زۆر و ماندوو بوونێکی بێسنوورم پێ دەوێ. بۆیە بە کورتی و سادەگی ئەڵێم ئەم شێوە نووسینەی مامۆستا هەژار داهاتێکی تازە و نرخدار دەخاتە کۆڕی ئەدەبی و هونەری کوردییەوە.

مەسعوود محەمەد

١٩٧١/٦/١٥



مامۆستا مەسعوود محەمەد کوڕی جەنابی مەلا (مەلامحەمەدی کۆیە) و یادگاری هەرە بەنرخی خانەدانی جەلیزادەیە. ساڵی ١٩١٩ لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە. لای باوکی خوێندوویە و لە مەکتەبی دەوڵەتیش لە حقووق دەرچووە. لە کار و فەرمانی میریدا نایب و وەزیر بووە و ئەندامی تەرخانی «مجلس‌الخدمە»ش بووە.

ئێستا ئەندامی تەرخانی «کۆڕی زانیاری کورد»ە و خزمەت بە وێژە و زمانی کوردی دەکا. چاکترین کتێبێ کە لە سەر حاجی قادری کۆیی نووسرابێ ئەو نووسیویە و دوو پاژی گەورەیە و لە سەر ئەرکی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا لە چاپ دراوە[1].

١- مامۆستا مەسعوود محەمەد ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی، لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە کۆیە نێژراوە. ماجد

بڕوای مامۆستا عەلائەدین سەجادی

شەرەفنامە

شەرەفنامە کە کتێبێکی مێژووی کوردە و شەرەفخانی بەدلیسی بەناوی خۆیەوە
لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا بە زمانی فارسی دایناوە. ئەم کتێبە بەرانبەر بە مێژووی
کورد زەنگێکی گەورەی لێدا، تائێستە مێژووی وەهای لەسەر نەهاتبووە. ئەوسا
مێژووی ئەمارەتە و عەشیرەتە و بنەڕەتی کورد لەم ڕووەوە وەکوو چۆنە
یەکەم کتێبە لە ئێستەشدا هەر یەکەمە.

ئەم کتێبە لە لایەن ئەوانی کە سەرەوە وەرگێڕاوەتە سەر خۆیی زمانی فارسی، [illegible]
مامۆستا محەمەد عەلی عەونی [illegible] لە ١٩٦ [illegible]
بە تایبەتی عەرەبی وەکوو مامۆستا جەمیل بەندی ڕۆژ [illegible]
بەسەرچاوەیەکی زۆر بەرز لە مێژووی کورددا لە [illegible]
لە کوردەواریدا وەرگێڕدراوە؛ ئەوەی کەوا سانەشی ڕۆژهەڵاتی ناسراو [illegible]
[illegible] هاتەوە سەر زمانی کوردی، کتێبەکە مێژووی
لەو مێژووی خۆی ~~[illegible]~~ ی بەشی بووە!
ئەو کتێبە کە تا ئێستە هەر بە فارسی قسەی لێ [illegible]
عبدالرحمن هەژار وە خۆیە سەر ئەو زمانە کە مێژووی [illegible]
لێنیانی خستییە سەر زمانی کوردی. لەم ڕووەوە [illegible]
[illegible] نەی فارسییەکەدا بەراوردم کرد، لە ئەنجاما وام [illegible]
وەرگێڕاوی فارسییەکە نەبوایە ئەمتوانی بڵێم داڕشتنی [illegible]
بەهێزترە لە فارسییەکە چونکە جگە لەوە کە بە تەواوی [illegible]
کە لە ئەسڵە فارسییەکەدا هەن عیبارەتە کوردییەکە هەمووی داوە بە دەستەوە،
هێز و پێزێکی ئەدەبیشی بەرانبەر بە ئەسڵی زمانە کوردییەکە هاتۆتە ناوەوە؛
هاتۆتە ناوەوە بە مەرجێ کە شێکڵی مەعنا فارسییەکە هیچ تێک نەچووە لە بابی
ڕێگای وەرگێڕانەوە. ئەم کتێبە ڕێگای وەرگێڕانی مەعنای گرتووە نەوەک ئەوەی
تەرجەمەی حەرفی، بەڵکوو لە هەموو لایەکیشەوە چ لە هۆنراوەکاندا و چ لە
پەخشانەکاندا بە تەواوی حەقی خۆی دراوەتێ. کەوابوو بەلای منەوە
ڕاستە ئەم وەرگێڕانی شەرەفنامەی فارسییە بە کوردییە وەرگێڕانێکە نزیک بە
بێبێتی و هیچ کەم و کووڕییەکی تێدا نابینم، بەڵکوو ئەتوانم بڵێم کتێبخانەی کوردی
بەم کتێبی شەرەفنامە کوردییە سامانێکی نەبڕاوی دەست ئەکەوێ.

علاءالدین سجادی

١٠/٦/١٩٧١

شەرەفنامە

شەرەفنامە کە کتێبێکی مێژووی کوردە و شەرەفخانی بدلیسی بە ناوی خۆیەوە لە ١٠٠٥ی کۆچیدا بە زمانی فارسی داینـاوە، ئەم کتێبە بەرانبەر بە مێژووی کورد نرخێکی کەورەی هەیە. نالێم مێژووی ڕەچەڵەك و بناغـە بەڵکو ئـەڵێم مێژووی ئەمارەت و عەشرەت و بەرە و تیـرەی کورد؛ لەم ڕووەوە وەکو چۆن یەکەم کتێبە لە ڕاستیشدا هەر یەکەمە.

ئەم کتێبە لە لایەن گەلێ کەسەوە وەرگێڕاوەتە سەر غەیری زمانی فارسی؛ بە تایبەتی عەرەبی وەکو مامۆستا جەمیل بەندی و مامۆستا محەمـەدعەلی عەونی و هەروەها بووە بە سەرچاوەیەکی زۆر بەرز لە مێژووی کورددا لـە لایەن ئەو کەسانەوە کە باسیان لە کوردەوە کردووە؛ ئەو کەسانەش ڕۆژهەڵاتی ناسەکان بووبن یا غەیری ئەوان.

مایەوە سەر زمانی کوردی. کتێبەکە مێژووی کوردە؛ کەچی زمانی کوردی لەو مێژووەی خۆی بێبەش بووە! ئەم جارە و لەم ڕۆژەدا ئەو کتێبە کە تا ئێستە هەر بە فارسی قسەی لێـوە ئـەکرا لـە لایـەن مامۆسـتا عەبدولڕەحـمان هەژارەوە خرایە سەر ئەو زمانە کە مێژووەکە هی ئەوە. واتە ئەو هێنای خستیە سەر زمانی کـوردی. لـەم ڕووەوە مـن چاوم پێ کەوت: لەگەڵ «نص»ە فارسیەکەدا بەراوردم کرد. لە ئەنـجاما وام بۆ دەرکەوت ئەگەر کوردیەکە وەرگێـڕراوی فارسیەکە نەبوایە، ئەمتوانی بڵێم دارشتـن و بەپێزی ئەم، گەلێ بەهێزترە لە فارسـیەکە؛ چـونکە جگـە لـەوە کـە بـە تەواوی ئەو مەعنا و مەفهوومانە کە لە ئەسڵە فارسـیەکەدا هـەن عبارەتـە کوردیەکـە هـەمووی داوە بـە دەسـتەوە، هێزوپێزێکی ئەدەبیشی بەرانبەر بە ئەسڵی زمانە کوردیەکە هاتۆتە ناوەوە. هاتۆتە ناوەوە بە مەرجێ کە شکڵی مەعنا فارسیەکە هیچ تێك نەچووبێ لە باری ڕێگای وەرگێڕانـەوە. ئـەم کتێبـە ڕێگـای وەرگێڕانـی مـەعنای گرتـووە نـەوەك تەرجەمەی حەرفـی؛ بەڵکو لە هەموو لایەکدا -چ لە هۆنراوەکاندا و چ لـە پەخـشانەکاندا- بـە تـەواوی حـەقی خـۆی دراوەتێ. کەوابوو بە لای منەوە ڕاستە ئەم وەرگێڕانی *شەرەفنامەی* فارسیە بە کوردی وەرگێڕانێکە پڕ بە پێستی و هیچ کەم و کوڕیەکی تێدا نابیـنم، بەڵکو ئەتوانـم بڵێم کتێبخانەی کوردی بەم کتێبی *شەرەفنامە* کوردیـە سـامانێکی زۆری دەست ئەکەوێ.

عەلائەدین سەجادی

١٩٧١/٦/١٠

ساڵی ١٩١٥ هاتۆتە دنیاوە. لە مەلایەتی خوێندووە و گەلێك نووسراوی هێژای بە کوردی بڵاو کردۆتەوە. لە مێـژوودا، شۆڕشەکانی کورد و مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوە و کتێبە ئەدەبیـەکانیتری وەك ڕشـتەی مـرواری و گەشـت لـە کوردستان و گەلێکیتریان زۆر بەناوبانگن. ئێستا لە کۆڕی زانیاری کورد، ئەندامی کارایە و خزمەت بـە وێـژەی کـورد دەکا.[1]

١- مامۆسـتا عەلائـەدین سـەجادی سـاڵی ١٩٨٤ی زایـینی، لـە شـاری بەغـدا کۆچـی دوایـی کـردووە و هـەر لەوێش نێژراوە. ماجد

هەژار و شەرەفنامە



تەڕەسـالّی وام نـەدیبوو. هـەوری ڕەش و چـڵکن بەربینگی عاسمانیان بەرنەدەدا. تەم لە سەران نەدەڕەوی و باران هەڵی نەدەبرینگاند. ڕۆژ نەبوو چەند ڕەهێڵەی توند نەهێنێ و شەو نەبوو چەند ڕێژنەی بە خوڕەم نەبارێ. شریخ و هۆڕی هەوران نەدەپساوە و بە بێ نێوبڕ، بریسکەی دەدان. لەنگێزە و باسریشك و قوڕ و چڵپاو و جلّیتاو، بڕستیان لە کەڵ دەبڕی. کەویە بەفر و ڕونو هەرەسیان دەهێنا. زەوی دەجمی و ڕێوبان جمگەیان دەدا.

لەو بەهارە تەڕ و تووشەدا و لەو ڕۆژە گرژ و مۆنانەدا، لە بناری کێوە سەربەرزەکانی کوردستان، لە بنکەیەکی پێشمەرگە، تووشی یەك هاتینەوە.

من و هەژار لە منداڵیەوە هاواڵ بووین؛ وێکڕا پەڕەوازە و گەورە ببووین. هەڕەتی لاوەتیمان پێکەوە لە ناو چواردیواری قوڕماوی و پڕ لە جۆلاّتەنەی حوجرەی کۆنە مزگەوتاندا ڕابواردبوو. ئێستاش وا بە سەری پیری، پاش بیست و ئەوەندە ساڵ لێك دووری و هەڵبڕان و تامەزرۆیی، یەکترمان دەدیتەوە. نەهاتی و لێقەومان هەردووکمانی کەنەفت و کەلەلا و پیر و زۆرهان کردبوو. ئەو ئەستوور ببوو من لاواز؛ ئەو لە بەر ورگ و گەد و گیپاڵی پشووی لێ بڕابوو، من لەبەر کزی و بێهێزی هەر لاکەی سەرم دەهات. دیسان سەرمان گەیشتەوە یەك و بووینەوە یەك ماڵ؛ ماڵی چی؟ دوو لێفەی شڕ و پەتوڕ، سەر و سەرینی پەڕبلاّو و هەڵوەشاو، هەر یەکە تەختە شکاوێك و بە هەردووکمان چرایەك و چادانێك و دوو پیاڵەی ڕووکێش و ئاوخۆرەوەیەکی گڵێنە و ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ.

ژوورەکەمان بە وشکە بەرد داندرابوو. دیوارەکانی خوار و خێچ بوون؛ لە هەموو لایەکەوە زگیان

دابوو. هیچ دیوێکی سواغ نەکرابوو؛ باگێڕەوەی نەبوو. ئالوودارەکانی کەڕاوی بوون و چەکەرەیان دەرکردبوو. هەلاشەکەی داچۆڕابوو؛ بۆساردێکی پیسی لێدەهات. هێندە تەنگ و تەسك بوو بە چیرەچیر جێمان دەبۆوە. هێندە تاریك بوو بە نیوەڕۆ چرای دەویست. هێندە نەوی بوو تێیدا هەڵنەدەهاتینەوە.

قسەی خۆمان بێ زۆریش تێروپڕ نەبووین؛ دەگەڵ پێشمەرگە جوان و جحێڵەکان لە سەر خوانێك کۆ دەبووینەوە و ژەمەنانمان یەك بوو. زێدە پارووی چەور و نەرمی پیری چلێس و گردەنشینمان بۆ دیاری نەکرابوو. گوزەرانمان پێکەوە مێخۆش بوو؛ ترش و شیرن تێکەڵاو بوو. یادی ڕۆژانی ڕابردوومان دەکردەوە و دوارۆژمان بەراورد دەکرد. ئەوەندەمان خۆشی و ناخۆشی بە سەر دڵ و مێشکدا تێدەپەڕی کە وەك دەروێشەکانی چیرۆکی کۆن دەگریاین و پێدەکەنین. گریانمان بە پێکەنین سواغ دەدا. یاخود بڵێین زۆر زۆر پێ دەکەنین و قاقا دەگریاین. شەوگار شەق دەبوو، لە بێداری بێزار دەبووم باوێشك دەمیان گەزێك پێ دادەچەقاندم بە وەنەوز و وردەوێژینگانەوە دە بیرەخەو ڕادەچووم و دە لێفە شڕەکەم دەخزام و دەمەویست سەرخەوێك بشکێنم و شەکەتی و کفتیم نەمێنێ؛ ئەو تازە وەخۆ دەکەوت، چوارمێردەکی لە سەر تەختە بێبەختەکەی بە پانەوە دادەنیشت؛ کاغەز و قەڵەمی لە سەر گۆشی دادەنا؛ کەوڵە تیسکنەکەی بە خۆی دادەدا و ملی خوار و سەری زل و شان و کەوڵی کە سێبەریان دەخستە سەر دیوار، ئەو شەولەبان و غوولی بیابانەی وە بیر دێنامەوە کە دایکم بە ساوایی لێی ترساندبووم.

دیارە من لێم نەدەپرسی چ دەکەی. ئەویش نەیدەگوت چ دەکەم؛ بەڵام دەمدی *شەرەفنامەی* فارسی و عەرەبی لە دەوری خۆی دادەنان و لە بەر یەکی ڕادەنان و بە تێڕامان چاوەکانی بن چاویلکەی بازبازێنیان بە سەردا دەکردن هەر لە بن لێوانیشەوە پرتە و بۆڵەی دەهات و ورتەورتی بوو. جار لە دوای جاریش جیرەی قەڵەمە بۆری دەهات. بەوەدا دەمزانی خەریکی وەرگێڕانی *شەرەفنامەیە*؛ کە وەختی خۆی بە فارسی لە سەر مێژووی کورد نووسراوە و بە چەند زمانێکیش تەرجومە کراوە؛ بەڵام وادیارە هیچ کوردێك بە پێویستی نەزانیوە -یان دەخۆی ڕانەدیوە- بیکاتە کوردی؛ چونکە:

شەرەفنامەی فارسی یان بڵێین فارسی *شەرەفنامە* زۆر سەخت و گرانە و ئەمڕۆ لە ناو فارسیزمانیشدا هەموو خوێندەوارێك تێی ناگا. بۆ ئەوە ئەم ڕاستیە ڕوون کەینەوە دەبێ تۆزێك بەرەو

پاش وەگەڕییــن و سووکە ئاوڕێك لە ئێرانی زەمانی سەفەوی بدەینەوە.

سەفەویەکان زۆڵەکوردی تازەتورکی لــە ڕێ دەرچــووی دووڕەگ بــوون و بــە ملــهوڕی و گــەلۆری دەژیان. لە ژێر پەردەی ئاییــن و بە ناوی وسێن و هەباسەوە شەڕیان بە خەڵك دەفرۆشت و لە کوشتار و تالان و بڕۆ بەولاوە نەیاندەزانی دنیا چ باسە. گوللە تۆپێکیــان بــە ســەد کتــێبی بــاش نەدەگۆڕیــەوە. هونەری جوان و شێعری پڕ مانا و ڕەوان، لە لای ئەوان شیــر و مەتاڵ و تیــروکەوان بوو. ئەگەر کاریان بکەوتبا نووسینیش نووسەرێکی وایان دەویست کە بە پارەوە بەرماوێك و چنگە دراوێك کلکەســووتەیان لە بەر بکا و کێچیان بۆ بکاتە گا و بە کەر بڵێ شێر و کوێر بــە چــاوتیژ دانــێ و دز و بێویــژدانان بــە خدری زیندە قەڵەمداد بکا. نووسەری هونەرمەند و کارامە و بڕوابەخۆ شەرمیان لــە خۆیــان دەکــرد و پێیان زۆر شوورەیی بوو ئاوڕوویان بە ئاوەڕۆ داکەن و ویژدان بە گیــرفان بفرۆشــن؛ بــە ناچــاری خزینــە گۆشە و کەنارانەوە و هەڵوەدای شاران بوون و هێندێك لە هینــد ســەری هەڵدایــەوە و گــەلێکیش بــێ ناوونیشان توایەوە. خوێڕی و تۆڕیش -کە ببوونە گۆشتی سەرچەپەر- بە بلــوێری خــاوەن زێــڕ و زۆران کەوتنە سەما و سەر و گوێلاکی ئەدەبی فارسیان لە بەر پێدا پلیشاوە و خــمی لێ شێوا و لەبــەر یــەك هەڵوەشا و ڕەتێنرا و نسکۆی برد و ئەگەر سەفەوی گۆڕیان گوم نەبوویا، لــە مــردن نەدەگەڕایــەوە؛ لــە پاش ئەوانیش هەتا درەنگ هەر خۆی بە سەر پێوە نەگرتەوە.

شەرەفخان لەو ڕۆژگارە ئەنگوست لە چاوەدا چاوی کردۆتەوە و لە ناو تەپ و تۆز و گێژەڵووکەی سەفەویدا بەخۆدا هاتووە. لە ماڵی شادا ئەو فارسیە دزێو و بن شڕەی پێ خوێندراوە؛ بەڵام ئــەو کــابرا بلیمەت و هەلکەوتووە -زۆر بە دەخۆڕادیوی- باسکی لێ هەڵماڵیوە و لەو گێژاوە خۆی پەڕاندۆتــەوە و هێناویە ئەدەبیاتە بێزەلەتەکەی ئەو ڕۆژەی بە با کردووە و لە کەوی داوە و بەردبــژێری کــردووە و بــە دانستە سپی کردووە و توێکڵی فڕێ داوە و کاکڵێکی پاك و خاوێن و تێرگۆشتی لێ هەڵبــژاردووە و لــە سەر پەڕی *شەرەفنامەی* داناوە و بە نــموونەی ڕەوانی و جــوانی پێــشکەش بــە فارســیدۆستانی ئــەو زەمانەی کردووە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کاکڵە جوان و بەرچاوەش چونکە بــەری داری ئــەو دێمەکارەیــە هێندە ڕەق و چیــرە ددان دەشکێنێ. جا من هەر چەند دەمزانی هەژار فارسی دەزانــێ و زۆر باشیــشی دەزانێ، بەڵام لە دڵی خۆمدا پێم وانەبوو دەتوانێ ئەو گابەردە لە سەر شان دانێ و لەو کەل و بەندەنــە ڕژد و کووڕە سەرکەوێ.

وەرگێڕانی ئەو کتێبە ڕەق و زلە، پشووی درێژ و جیکڵدانەی گوشاد و لە کار نەوەستان و ڕەنجی فەرهای دەوێ؛ پیاوی دەوێ بە درێژایی ساڵ و مانگ، سێسەرەی لە سەر هەڵنەگرێ و هەتا ئەو کەلاوە هەراوە لە هەموو لاوە سەرنەگرێ، کاری بە کاری کەس نەدابێ. هەژاری وا شل و شەوێق و پەرژ و بڵاو، لە لایەکەوە بە بنکە ڕابگا، لە لایەکەوە دەستەچیلەی گڕی شۆڕش بۆ ئێزگە کۆ بکاتەوە و لە لایەکی‌تریشەوە کەرەستەی ڕۆژنامە و شەونامە ئامادە بکا؛ سەرەڕای هەمووانیش وەرگێڕانی *شەرەفنامەی* شەرەف‌خانیش سەربار بێ و ئەویش ڕاپەڕێنێ؟ هەیهوو! چی بە سەر چیەوە؟ بڕوام وابوو هەوایەکە لە کەللەی داوە و کرمێکە لە سەریدا دەجووڵێتەوە و هەر سەرێکە و لێی وەڕەز دەبێ و وازی لێ دێنێ.

بەهار پیر بوو. باران وەستانەوە. هەور ڕەوین. تاو خۆی نواند. تەم و مژ بوونە هالاو و دەگەڵ بەفری پار چوونەوە. گز و گومبەت گەرما شالاوی هێنا و جڕوجانەوەر ژیانەوە و دوژمنانی کوردستانیش دەگەڵ تینی گەرما بووژانەوە؛ وەك ژەنگە سووره هارووژان و دە سەروچاوی نیشتمانپەروەرانی کورد هالان. ڕۆژانە لە بەر گڕی فڕۆکە و گرمە و زرمەی بۆمبا و تەق و تۆق و شەوانە لە بەر هاشەهاشی ماران -کە بە درزی دیوار و کون و کەلێنی باندا، بۆ ڕاوی مشك و نانی وشك سەریان بە ژوورەکەماندا دەکرد- ئۆقرەمان لێ هەڵگیرا و سانەوەمان لێ تۆرا و لە هێلانەکەی تەرەبوو. بەر لەوەی بزانم *شەرەفنامەی* کوردی سەری بە کوێ گەیشت، چاری ناچار لێك هەڵبڕاین و هەر یەکە بۆ لایەك بازرە بووین و وێڕای کەودەری دەگەڵ بەفران هەڵدەکشاین.

ساڵ پایزێکی درنگ بوو. سیخوار لە بەر پەساران هەڵی نابوو. ئاور خۆشەویست ببوو. لە دەوری ئاورگی پڕ لە پۆلوی داربەڕوو، دیسان ژیانی دوو براله دەقی جارانی گرتەوە.

ئێمەی وا سوێر قسە، هێشتا لە چەنەچەنی چاك و خۆشی نەوەستا بووین و هەژدەر- هەژدەر قسەمان لە دەم دەردەپەڕی، هەستا و لە سەر لاقەوە لە کۆنە تەوڕاتێك نەوی و خستیە ئامێزمەوە و گوتی: دەها بیخوێنەوە؛ بەڵان گەردنت ئازا نەبێ ئەگەر بە چاوی دوژمن سەیری نەکەی و ئۆباڵم بە ملت ئەگەر هەر ڕەخنەیەکت بە بیردا دێ، چاوی لێ بپۆشی و پێم نەڵێی. ئەگەر دۆستی بمگریەنە و نامەوێ قانەقلیم دەی. ئەگەر چرووك و پووکت وە بەرچاو بێ و دەنگ نەکەی، تووك لە منداڵت نەیە. منیش بە بێ فوو لە دۆ کردن، خۆم دانا و هەژارنامەی کوردیم زۆر بە وردی خوێندەوە و دەگەڵ

ماکەکەیدا لە بەر یەکم ڕانان و چۆنم هاتە بەرچاو ئاوای دەگێڕمەوە:

پیاو هەق بڵێ، دەربارەی مێژووی کورد هەرچی شەرەفخان بە دڵ نیازی لێگرتووە و دەستی بۆ بردووە و خستوویەتە سەر کاغەز، نووك و بەدی هەر لە سیر هەتا پیوازی زۆر بە دەسپاکی ڕاگوێزراوە و بەرگە عەجەمیەکەی لی داڕناوە و جوان و قازاخ شۆراوە و جل و بەرگی زۆر نایابی کوردی دە بەر کراوە و بە خشڵ و زێڕ و سسڵە و پیڵە و خرینگە و ئۆییەی کوردانە ڕازاوەتەوە و ئەگەر دەیبینی هەژار قورعان دەخۆی کە ئەو کتێبە هەرگیز بە بۆرەخزمایەتیش نەچۆتەوە سەر فارسی و هەر زکماك کوردیە و بە کوردی ڕسکاوە.

هەر کەس بزانێ تەرجەمە کردن دەبێ چۆن بێ، تێدەگا کە هەژار ئەو کوردیە چۆن فێر بووە؛ بەڵام بۆ من کە لە گەپ و گەمەی سەر سەرانگوێلکانەوە دەگەڵی گەڕاوم و دەزانم چۆن ژیاوە و لە کوێ ژیاوە لە چەند سەرچاوەی هەڵێنجاوە، هیچ شتێکی سەمەرە نیە و بە لای منەوە باری خۆیەتی. بە بڕوای هەموو کوردیزانێکی لە ڕاستی نزیك و لە شەڕەگەڕەك بە دوور، تەنانەت بە بڕوای زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژاواییش، لە ناو زاراوەی سۆرانیدا شێوەی موکوریان لە هەمووان پاك و ڕەوانتر ماوە و شەوراوێژی دەمی بێگانەی زۆر کەمتر تێخزاوە. لە ناو موکوریانیشدا ناوچەی بۆکان لەو بارەوە سەرتۆپە. هەژار موکوریانیە و سەر بە ناوچەی بۆکانە و منداڵی ئەو ناوە هێشتا سەریان لە هێلکە نەجووڵاوەتەوە لە کوردیدا بلبلن و زمانیان هەتا بلێی ڕەوانە. بابی هەژار زانا و کوردپەرست بوو؛ هەموو کوردستان گەڕابوو؛ کرمانجی و سۆرانی زۆر باش دەزانی و لە ئەدەبی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکیدا دەستێکی باڵای هەبوون. هەژار لە سەر کۆشی ئەو بابە زمانی گرتووە و قسەی خۆش فێر بووە و دڵ و مێشکی بە شێعر و چیرۆکی کوردی ڕاهاتووە. لە دێ گەورە بووە. دەگەڵ منداڵان بەو کوردیە بێگەرد و ساکارە دواوە. دەگەڵ کیژۆڵاندا لەوبەر لەوبەری چیاوە باللۆرەیان بۆ یەکتر هەڵداوە. شەڕەجنێو و فڕپێك دادان و تەوس و پلار و توانجی پیرێژنانی بیستووە. شەوانە بە لایەلایەی دایکە کوردی موکوریانی دە خەو ڕاچووە؛ بەیانی بە ورینگەورینگی دڵتەزێنی کیژە کوردی مەشکەژێن وە ئاگا هاتووە. لە مزگەوتی لادێ، بەیت و لاوك و حەیران و گەلۆ و شەو و نیوەشەو و درکانە و ئازیزە و پایزە و سوارۆ، گوێچکەیان ئاوداوە. بە مێرمنداڵی لە خانەقای شێخی بورهانی خوێندووە؛ کە دەتگوت کەشتی نووحە و هەموو توخم و تۆوێکی لێ کۆ ببۆوە. هەر شێوە و

زاراوەیەکت بویستایە دە بەردەستدا بوو. لە پەرێز و خێرۆکی پیـران و زانایـانی وەك: سـەید ڕەشـید و سەیفی قازی و شێخ مـحەمەد و مامۆستای فەوزی، دەسکەنەی کردووە و گوڵی هەڵگرتوونـەوە. کـە پـێش‌گەیـشتووە، دۆسـت و هاونـشینی شاعیـران و نووسـەران و کوردیزانـانی وەك: مـەلا مـارف و خاڵەمیـن و قزڵجی و حەقیقی و جەوهەری و کاکە ڕەحـمانی موهتەدی بووە کە لەو باو خۆشتـر بوون و هەر یەکەیان لە ئەدەبی کوردەواریدا دەریایەك بوون. لە بەر دەست و لە ژێر چاوەدێری پێشەوا قـازی مـحەمەدی ئەدیبپەروەردا فێری ڕۆژنامەنووسی بووە و شێعری بە کۆماری کوردسـتان و شۆڕشـەکەی هەڵگوتووە و نازناوی شاعیـری میللی پێ دراوە. لە ژیانی ئاوارەییشدا بە دەردی خـۆی گوتـەنی: بـە شەقی زەمانە فێری شێوە لێك جیاوازەکانی کرمانـجی کـراوە. لـە ژیـانی پێـشمەرگەییدا شـارەزای شارەزوور و شارباژێڕ و گـەرمیان و بیتـوێن و هـەولێر و کـۆ و خۆشـناو و سوورچـی و باڵەکایـەتی و ناودەشت و گەلێك شوێنی‌تریش بووە و هەر پیسرێکی کوردیزان و زیندووی دەسـت کـەوتووە، زۆر بـە وردی دۆزیویە و هەرچی لە دەمیانەوە دەرچـووە، قۆزیویەتـەوە و ئـەو هـەموەی کـۆ کردۆتـەوە و بـە کاوەخۆ لە بێژنگی داون و بنژیلی جودا کردۆتەوە و ساغ و پتەوی هەڵبژاردووە و بە مێشك و دڵی خۆی سپاردووە. ئیدی بۆ سەیرە کە هەژار کوردیزانێکی هەڵبژاردە بێ؟

هەژار بۆ تەونی ئەو کرە لە بار و سفتەی خۆی، شێوەی موکوریانی کردۆتە تەخت و بۆ نـەخش و وێنەکانی وشەی ڕەنگیـن و خۆرەنگ و جوانی، هەموو زاراوەکانی تێوەداوە و تا بۆی کـراوە خـۆی لـە ڕایەڵ و پۆی وشەی نامۆ و بێگانە و کوردی داتاشراوی ناقۆڵا و ناڕەسەنی تازە پێداکەوتوو پاراستووە.

سەیر لەوە دایە دەڵێی شەرەفخـان و هـەژار لێکیـان گێڕاوەتـەوە. لـە ڕۆژگارێکـدا کـە هـەژار *شەرەفنامەی* کردووە بە کوردی، زمان و ئـەدەبی کـوردی لـە بـەر بـێ سـەرە و بـەرەیی و بـەرەڵڵایی خەریکە بە مەرەدی زمان و ئەدەبی فارسی زەمانی سەفەوی بچێ. لە سـایەی نـەزانانی خۆپەسـندەوە ئاڵۆزی و شێواویەکی زۆری تێ کەوتووە و مەترسیەکی گەورە هەڕەشەی لێدەکا.

بێ‌گومان هەژاریش هەستی بـەو مەترسـییە کـردووە و لام وایـە مەبەسـتی هـەرە گـەورەی لـە وەرگێڕانی *شەرەفنامە* بووژاندنەوەی زمانی کوردی بووە و دەیـەوێ لـە مردنـی بپـارێزێ. جـا چـونکە مەیدانێکی فرت و فرەوان و پان و بەرینیشی بۆ هەڵکەوتووە، توانیویە بە کەیفی خۆی قەڵـەمی تێـدا باژوێ و خزمەتێکی هێژا بە زمان و ئەدەبی کوردی بکا. هیچ بە دووریشی نازانـم کـە هێنـدێك لـەو

کەسانەی چەند ساڵە دەگەڵ ئەو خم لێ شێوانەی زمانەکەدا ڕاهاتوون، نووسینی هەژاریان بە دڵ نەبێ. ئەوانەی لە دەباغخانەدا کار دەکەن بە بۆنی گوڵاو دەپشمن و سەرەگێژە دەگرن و تا فێر دەبن ماوەیەکی دەوێ.

من لەو بڕوایە دام کە *شەرەفنامەی* هەژار دەبێ بکرێتە بەردی بناغە بۆ کوردی ئەدەبی و زمانی یەکگرتوومان. هیوادارم هەموو کوردێکی کوردیخواز و دڵسۆز کەڵکی لێ وەرگرێ. هەژاریش هەر بەوەندەوە نەوەستێ و درێژە بە خزمەت کردنی زمانەکەمان بدا و درێخی نەکا؟

هێمن

١٩٧١

من لەو بڕوایە دام کە شەرەفنامەی هەژار دەبێ بکرێتە بەردی بناغە
بۆ کوردی ئەدەبی و زمانی یەکگرتوومان هیوادارم هەموو کوردێکی
کوردیخواز و دڵسۆز کەڵکی لێ وەرگرێ، هەژاریش هەر بەوەندەوە
نەوەستێ و درێژە بە خزمەت کردنی زمانەکەمان بدا و درێخی نەکا

هێمن


هێمن موکریانی - ١٩٧١

شاعیری بەناوبانگی کورد محمد امین شیخ الاسلامی (هێمن) ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی لاچین نزیك بە شاری مەهاباد لە مەڵبەندی موکوریان هاتۆتە دنیاوە. لە کۆمەڵی «ژ.ك»دا ئەندامێکی بەکار بووە و لە لایەن کۆماری کوردستانەوە نازناوی «شاعیری‌میللی» پێدراوە. شاعیرێکی بێ هاوتا و کوردی زانێکی کەم وێنەیە. شێعر و نووسینی یەکجار زۆرە؛ بەڵام کەمی بڵاو کراوەتەوە.[1]

١- مامۆستا هێمن نەورۆزە مانگی ساڵی ١٣٦٥ی کۆچی-هەتاوی (١٩٨٦.ز) لە ورمێ کۆچی دوایی کردووەو لە زیارەتانی بداغسوڵتانی مەهاباد نێژراوە. ماجد

بیروڕای دوکتۆر کەمال مەزهەر

لەسەر داوای مامۆستا هەژار-
خۆی- گەلێك لە دەستنووسی شەرەف
نامە کە -کردوویەتی بە کوردی- لەگەڵ چاپی
ڕووسی و عەرەبی ئەو کتێبەدا بەراوردم
کرد.. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە تەرجەمەکە
زۆر ڕێك و پێك و ئەمینە و لە هیچ شوێنێکدا
جیاوازیم بەرچاو نەکەوت.


کەمال مەزهەر
١٩٧١/٦/١٤

لەسەر داوای مامۆستا هەژار- خۆی- گەلێك لە دەستنووسی *شەرەفنامە* کە -کردوویەتی بە کوردی- لەگەڵ چاپی ڕووسی و عەرەبی ئەو کتێبەدا بەراوردم کرد. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە تەرجەمەکە زۆر ڕێك و پێك و ئەمینە و لە هیچ شوێنێکدا جیاوازیم بەرچاو نەکەوت.

کەمال مەزهەر

١٩٧١/٦/١٤



دوکتۆر کەمال مەزهەر، ساڵی ١٩٣٦ز لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاو دوا پلەی خوێندنی لە یەکیەتی سۆڤیەتی تەواو کردووە و کارنامەی دوکتۆری لە تاریخی کورددا وەرگرتووە. ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردە و سکرتێری گشتی کۆڕیشە.

پێشەکیە عەرەبییەکەی محەممەدعەلی عەونی بە سەر شەرەفنامە فارسیەکەی چاپی میسرەوە

ڕێ خۆشکردنێك

ئەوانەی ویژدان بکەنە ڕێشاندەر و بە وردی لە ڕابردووی گەلی کورد بکۆڵنەوە، زۆر باش تێدەگەن کە ئەو گەلە لە هەموو ڕۆژگارێکا - پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش- مێژووی پڕە لە شانازی و لە ئاکاری چاك و مەردانەدا، دەستی هەرە باڵای هەبووە.

لە پتەو کردنی بناغەی ئیسلامەتی و بەرز کردنەوەی کۆشکی ڕۆشنبیری عەرەبدا بە بێ دریغی کردن- بەشداری کردووە. لە هەر دەرێکەوە و لە هەر سەرێکەوە بۆ هەر هونەرێکی ناو ئیسلامەتی بگەڕێی، دەستی بە کاری کوردی تێدا کەوتۆتە کار و پڕی کردووە لە نەخش و نیگاری هەمە جۆرە. بەڵام مێژوونووسانی ئەم ڕۆژهەڵاتە هەر لە سەرەتاوە و بە تایبەتی لە سەدەکانی ئەم دواییەدا بیری گەلپەرستی خۆیان کردۆتە ڕووگە و هەر ئەدیبێك سەر بە کام ڕەگەز بووبێ هەر بە یاری خۆی هەڵگوتووە و هەرگیز بە پێویستیان نەزانیوە ئاوڕ لە هاودین و هاوسا کوردەکەیان بدەنەوە و هاوارێکیان بۆ بکەن.

پیر و زانا ژیر و هۆزانەکانی کوردانیش گەلێك کتێب و نووسراویان بە عەرەبی و فارسی و تورکی و فەڕەنسی و ئنگلیسیش نووسیوە و بە خەلکیان هەڵگوتووە و هەرگیز بە بیریاندا تێنەپەڕیوە کە بیر لە خۆیان و لە زمانەکەی خۆیان بکەنەوە و ئاورێك لە ڕەگەز و هۆزی خۆیان بدەنەوە. ئیتر لە سۆنگەی ئەو کەمتەرخەمیەدا، هەرچی کورد بۆ ئیسلامی کرد و هەر شانازیەکی لە مێژوودا گومانی دەبرد، لە بیر کورد و بێگانەش چوونەوە و زمانی شیرین و ڕەوانی کوردیش لە زۆربەی شارەگەورەکانی کوردستان وەك مووسڵ و دیاربەکر و سنە و ماردین ڕووی لە کزی و کەنەفتی ناوە و زمانی بێگانەیان بە جۆرێك تێ خزاوە ئەگەر ڕێبوارێکی نەشارەزا و ناوشیار سەریان لێ بدا، وا ئەزانێ ئەو شارانە فڕیان بە سەر کوردستانەوە نەماوە. دەگەڵ ئەوەشا کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ئەو شارە گەورانە خوێن و زمان و ڕێ و شوێنیان کوردانەی پاکە، بەڵام وای لێهاتووە وەختە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی زمانەکەیان لێ داپۆشێ.

لە زۆر جێگە هەر بە دەشتەکی و ڕەوەندان دەڵێن کورد و شارستانیەکان بە کورد نازانن!

جا من کە ئەوانەم دەدیت دڵم کورکاندی کە بە شوێن جوغرافیا و مێژووی کورد و کوردستاندا هەڵوەدا بم و کەل و قوژبنی کتێبخانەکانی قاهیرە و ئاستانە بپشکنم و ئەو دەسنووسانەی لە مەڕ کوردەوە دەدوێن و تۆزی هەڵنەدانەوەیان لێ نیشتووە، بیانتەکێنم و بیانبزوێنم و بیاننوێنم.

ڕۆژێك کە بۆ ئەو مەبەستە دەمڕوانیە *کشف‌الظنون*، ناوی هێندێك تاریخانم هاتە بەرچاو؛ وەك *مفرج‌الکروب فی اخبار بنی ایوب* و *تاریخی شەرەفخانی بدلیسی* و *الروضتین فی اخبار الدولتین(النوریة و الایوبیة)* و *سیرة الصَلاحیة* و چەند کتێبێکی تریش کە لەو مەبەستانە دواون و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە عەرەبی و فارسی نووسراون.

لە پاشان ئاشنایەکم پێی گوتم: *شەرەفنامە* ساڵی ١٨٦٠.ز واتا ٧٠ ساڵ لەمەوبەر لە ڕووسیا بە فارسی چاپ کراوە و کراوەتە فەڕانسیش و لەو ساوە لە ناو ڕۆژهەڵاتناساندا وە بەرەو کەوتووە و هەر کەس خۆی بە تاریخ و جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە خەریك بکا، زۆری پێویستی بەو کتێبە هەیە؛ چونکە *شەرەفنامە* هەر چەند تاریخی کوردە، بەڵام بۆتە فەرهەنگێکی گەورەی مێژوویی و جوغرافی بۆ ئەو دوو مەڵبەندە کە گەلێك ڕووداوی گرینگی بە خۆیەوە دیووە. وەك: لێشاوی تەتار و تورکمانی وێرانکار و ڕووخانی دەور و دوکانی عەبباسیان و سەرهەڵدانی گەلێك دەوڵەتۆکە و وردەپاشایان کە لە بن باڵی تەتار و سەلجووقیانەوە دەرکەوتبوون وەك ئاق‌قۆینلووەکان و قەرەقۆینلووەکان.

هاوینی ساڵی ١٩٢٢ ڕێم کەوتە حەڵەب و دەگەڵ دۆستێکی زانا و کوردپەرستمدا لەو مەبەستانەوە دەدوایین؛ *شەرەفنامە*م وە بیرهاتەوە و پێم گوت: دەڵێن لە ڕووسیە چاپ کراوە. کەچی ئەویش مزگێنی پێدام کە نوسخەیەکی دەسنووس لە حەڵەب هەیە و لە کتێبخانەی مەدرەسەی عوسمانی دایە. ئیتر بە بێ خۆگرتن چووم کتێبەکەم خوازتەوە و دەستم کرد بە نووسینەوەی بەشە زۆرەکەی کە باسی کورد و کوردستان دەکا و بەشە کەمەکەشم بەجێ هێشت کە دانەر لە مەڕ عوسمانیان و پادشایانی ئێرانەوە نووسیویە و ناوی کۆتایی لێناوە.

بۆم دەرکەوت کە *شەرەفنامە* لەو کتێبە بێ‌هاوتا و هەرە باشانەیە کە لە سەرەتای ئیسلامەوە دەربارەی کورد و دەوڵەت و میر و مەزنەکانیانەوە نووسراوە و تا ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی هێناوە.

ئاخر و ئۆخری ساڵ بوو که گەڕامەوه بۆ میسر؛ مامۆستای زانا شێخ فەرەجوڵڵا زەکی کوردیم تێگەیاند که چیم به دیاری هێناوه. چونکه دەشمزانی ئەو پیاوه چاکه له چاپ کردنی کتێبه بەنرخەکان زۆر خێرایه، ڕووم لێنا که *شەرەفنامە*ش به چاپ بگەیەنێ.

له وەراما درکاندی که خۆشی زۆر له مێژه خەریکی ئەو کارەیه و نوسخه چاپکراوەکەی ڕووسیه و دەسنووسێکی سورەییا (ثریا) بەدرخانیشی پەیدا کردووه و نیازی وایه له چاپی بدا؛ ئیتر به هەموو لایەك لێی وەخۆ کەوتین.

پێداچوونەوه و له بەر یەك ڕانان

ئەو سێ نوسخەیەمان له بەردەستا بوو. مامۆستای زاناش جەنابی شێخ محیەدین سەبری کوردی[1] -که زۆری سەر له فارسی دەردەچێ و له ئەدەبیاتی کەون و تازەیدا زۆر شارەزایه- پیاوانه هاته یاریدەمان و ملمان نا له بەراورد کردن و له بەر یەك ڕانانی هەر سێك نوسخه و ئەگەر زیادیەکمان له دەستنووسەکاندا دەست ئەکەوت ئەمانخسته سەر چاپکراوەکەی ڕووسیا. شێخ فەرەج زەکی جگه لەوه که چاپکردنی کردبووه ئەرکی خۆی، ڕاست کردنەوەی هەڵەی چاپخانەشی وەستۆ گرت. منیش چونکه شارەزاییم له جوغرافیای مێژوویی ئاسیای تورکیا و به تایبەتی ولایاته شەرقیەکەیدا هەبوون کارم ئەوه بوو ناوەکان بەرمەوه سەر یەك و ئەگەر هەڵەیەکی تێدابێ ڕاسیان کەمەوه.

ساڵێکی ڕەبەق بەو ئاوایه به پێداچوونەوه و له بەر یەك ڕانان و لێکۆڵینەوه و پشکنینەوه خەریك بووین. هەموو سەری حەوتووان له ماڵی شێخ فەرەجوڵڵا کۆ دەبووینەوه و هەرکەسە کردەوەی خۆی ڕادەنا.

نوسخه چاپکراوەکەی ڕووسیەمان دانا به ماك. هەر چی له دەسنووسەکاندا زیادی بوو، لاشمان وابوو زۆر پێویسته هەبێ، خستمانه ناو ناوەرۆکەوه و ئەوی زۆریش گرینگ نەبوون له کەنارەدا جێمان کردنەوه و ڕاشمانگەیاند که ئەو نوسخانه له کوێدا جیاوازییان هەیه.

شەرەفخان له پێشەکیەکەدا ناڵێ باسی گەڵباخی دەکەم، بەڵام که ئێمه له دەستنووسەکاندا چاومان پێ کەوت، وامان به باش زانی ڕەگەڵی خەین و چاپی کەین.

---

[1]- باوکی زکریا محی‌الدینه؛ که دەستی ڕاستی جمال عبدالناصر بووه. هەژار

ئەمەگداری

کورد هەمیشە دەبێ چاکەی مسیۆ ف. فیلیانوف، زرنوفی لە چاو دابێ و ئەو ڕۆژهەڵاتناسە پیاوچاکە لە بیر نەکا کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٦٠ز دا *شەرەفنامەی* چاپ کردووە و لە ڕۆژاوا بڵاوی کردۆتەوە. خوالێخۆشبووی نەمر پێشەکیەکی زۆر هێژای بە فەرانسی لە سەر *شەرەفنامە* نووسیوە.
ئێمەش بە ناوی ئەمەگداریەوە وەریدەگێڕین و تەنیا ئەوە نەبێ کە بەسەرهاتی شەرەفخانی دووبارە گێڕاوەتەوەو لە کۆتایی کتێبەکەدا هەیە، هەرچی نووسیویە دەیخەینە بەرچاوی خوێندەواران؛ تا هەموو کەس بیزانێ کە ئەو زانا پایەبەرزە و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژاوایی هاوکاری، بۆ پەیدا کردنی نوسخەکانی دەسنووسی *شەرەفنامە* چەندیان هەوڵ داوە و چەند پاتەختی خۆرهەڵات و خۆرنشینیان پشکنیوە و لە ڕێگەی زیندوو کردنەوەیدا چەندیان دەرد و ئازار دیوە.

بە ئاواتەوەم زانا و نووسەرە وریا و دریاکانی ڕۆژهەڵاتیش تێبگەن، کە زیندوو کردنەوەی ئاسەواری باب و باپیری هاونیشتمانە کوردەکانم بەهرەی زۆری هەیە؛ بە تایبەتی ڕوو ئەکەمە ئەندامانی کۆمەڵی «یانەی سەرکەوتن» لە بەغدا، کە شنگڵێك لە خۆ بدەن و بۆ پاراستنی ئاسەواری گەلی کوردی چارەڕەش کۆششتێك بکەن.

زۆر بە داخەوە تاوێستا زانا و نووسەرەکانی کورد لە ئاخافتن و نامەنووسی و کتێب داناندا زمانی زگماکی خۆیان وەلا ناوە و زمانی ئەو گەلانەیان بە دەمەوە گرتووە کە تەنانەت مافی ژیانیش بە گەلە کلۆڵەکەی ئەوان ڕەوا نابینن!

خۆزی چاپ کردنی ئەم کتێبە گیانی کوردایەتی لەو کوردە زلانەدا زیندوو بکردایەتەوە و دنەی دابان کە *شەرەفنامە* بکەن بە کوردی و بیشیخەنە سەر ئەو زمانانە کە ڕۆشنبیرانی کورد لێی تێدەگەن.

ئارەزوومە کۆمەڵی بەرێزی ناوبراو ئەو پێشەکیە فەرانسیە بکەنە ئاوێنەی تێکۆشان و بە هەموو توانا هەوڵ بدەن ئەدەبیاتی کورد زیندوو کەنەوە و زمانەکە لە ناو خوێندەواراندا پەرە پێ بدەن و لە گفتوگۆ و نووسین و چاپەمەنیەکانیاندا هەر زمانی کوردی دەکار بێنن. خەبات بکەن کە زاراوە لێك جیاوازەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژاوا تا لوڕستان بگەیەننەوە یەك و ئەو دەسنووسانەی کە لە مەڕ

کورد و کوردستانەوە دەدوێن و لە ڕۆژهەلاّت و خۆرنشیندا خزیوونەتە گۆشەی بێکەسییەوە، بیاندۆزنەوە و تۆزیان بتەکێنن و بەهرەیان لێ هەلگرێنن.

ئێمەش بەش بە حالّی خۆمان ئەگەر بزانین زانایانی کوردی عەرەبیزان و عەرەبەکانی دۆستی کورد یاریدەیەکمان دەدەن، ئامادەین ئەم کتێبە نایابە بکەینە عەرەبی تا فارسینەزانیش بزانن چی تێدایە.

خۆ ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی «یانەی سەرکەوتن» خۆیان بیانەوێ بیکەن بە عەرەبی ئێمە کە لە پێداچوونەوە و لەبەریەك ڕانان و دۆزینەوەی ناوی ڕاستی جوغرافی و تاریخیدا ئەزموونمان هەیە و لە کلّ دەرهاتووین، ئامادەین بە پێی توانا هەموو جۆرە کۆمەگێکی زانستی و ئەدەبی بەو برایانە بکەین.

داخم ناچێ: ناوی سەدوحەفتاوسێ کتێبمان لە میرسورەییا بەدرخانەوە بۆ هاتبوو کە لە مەڕ کورد و کوردستانەوە دواون و جێگە و سالّی چاپکردنیشیان دیاری کرابوو؛ هەروەها دوو پێڕستیشمان ساز کردبوو؛ لە دوامین کاتا نەمانتوانی بیخەینە پالّ ئەم چاپە فارسیەوە.

زۆر سوپاسی میرسورەییا بەدرخان ئەکەین و هەر وەها چاکەی جەلادەت بەدرخانی براشیمان لە سەرە کە هاوینی سالّی ١٩٢٦ بۆ ماوەیەك یاریدەی داین.[1]

محەمەدعەلی عەونی

١- شەرەفنامە بە فارسی، سالّی ١٩٣٠ز لە میسر لە چاپ دراوەتەوە. هەژار

ڤیلیا زۆف

پێشەکی زێرنۆف، کە ساڵی ۱۸٦۰.ز لە سەر یەکەم چاپی *شەرەفنامە* بە فەڕانسە- نووسیوە

شەرەفنامە کتێبێکە هەر لە ڕۆژگارانی کەوناراوە تا ساڵی هەزار و پێنجی کۆچی دەربارەی هۆز و بنەماڵەکانی کورد دەدوێ. دانەرەکەی شەرەفخان کوڕی شەمسەدین میری وڵاتی بدلیسە. بدلیس - لەگەڵ بچووکیشیدا- لە هەموو مەزننشینەکانی کوردستان گرینگتر و لەڕووترە.

«لێرەدا باسی ژیانی شەرەفخان و باب و باپیرانی دەکا. جا چونکە ئێمە لە دواییدا هەر ئەینووسین لامان داوە. م.ع»

بەڵام زۆر دژوارە بزانین کەی دەستی پێ کردووە؟ ئەگەر لە پێشەکیەکەی ورد بینەوە وا دەرئەکەوێ زۆر لە مێژساڵ بووە بە ئاواتی نووسینەوە بووە. چونکە زۆری سەر لە تاریخ دەرچووە و لێش بڕاوە تاریخێك بنووسێ کەسی‌تر ڕێی تێ نەبردبێ و کاری تێدا نەکردبێ؛ بەڵام لە بەر کار و فرمانی زۆری خۆی بۆی نەکراوە ئەو ئاواتە پێك بێنێ. لە دواییدا کە تووشی ئارامی و سانەوە بووە، تاریخی گەلی کوردی خۆی بە سەر ڕووپەڕەوە چەسپاندووە. منیش و مسیۆ ولکو لامان وایە دوای ئەوە سوڵتان مراد شەرەفی هێناوەتەوە سەر جێگەی باب و باپیرانی، ئەوسا نووسینی کتێبەکە دەستی پێ کراوە. کەرستەی *شەرەفنامەی* لە بەلگەی هەمە جۆرەی ڕۆژهەڵاتی و لە گێڕانەوەی دەماودەمی پیرانی باوەڕپێکراو و لە بیرەوەری خۆیەوە پێك هێناوە.

نرخی زانستی ئەم مێژووە کوردیە جێگەی گومان و کێشە نیە. دەگەڵ ئەوەشا کە سێسەد ساڵی بە سەرا تێپەڕیوە، هێشتا لە ڕۆژهەڵاتدا کارێکی دیکەی وا نەکراوە کە بە سەنگی *شەرەفنامە* بێتەوە.

لە ڕاستیدا جگە لە *شەرەفنامە*، دەربارەی کوردان چەند بزگوڕ و تیتۆڵێك لێر و لەوێ و چەند پارچەیەکی کەم نەبێ -کە کەوتۆتە ناو کتێبانەوە- چیترمان دەس ناکەوێ؛ ئەم چەند پارچانەش با زۆریش بن، بەڵام شتێکی وا نادەنە دەست کە پیاو وەدەنگ نەهێنێ و بەوانە ناگەینە دامەزرانی تاریخێك بۆ گەلی کورد؛ کە گەلێك لکی لێ دەبنەوە و هەر لکەی مێژووی سەربەخۆی خۆی هەیە.

شەرەف جگە لەو ڕووداوانەی لە تاریخی عەرەب و فارس و تورکەوە کۆی کردۆتەوە، بەشێکی زۆری لە بەسەرهاتی تازە و گرینگی وا خستۆتە سەر کە زۆر بە کارن؛ هۆزەکانی بە ڕێکی و تەکوزی

بردۆتەوە سەر یەك و بەو کارەی والآییەکی زۆری لە تاریــخی گەلانی ئاسـیادا پـڕ کردۆتـەوە و لێـرەدا زۆری چاکە کردووە.

لە مەڕ جوغرافیا و سروشتی گەلان و چلۆنایەتیان، زانیویە کامی چاك و پاکـە، هەڵبـژاردووە و لە تاریــخەکەیدا جێی کردۆتەوە و بەوە نرخی ئەدەبی نووسراوەکەی زۆر باڵا بردووە.

ئەو ڕەخنانەی دەتوانیــن لە شەرەفـی بگریــن دوانی سەرەکیــن:

یەکیان ڕێ و شوێنی کتێب دانانە و ئەوی تر تەرزی داڕژتنیەتی.

هەرچی ڕووداوی مێژوویی کوردە، دەبوایە بکرایــە بــە دوو بەشـەوە و بەشـێکیان زۆر لـەوی تـر جیاواز بوایە:

ئەو لایەنە کە زۆر سەرنج ڕادەکێشێ ئەو مەبەستانەیە کە لە پێشدا نەنووسراون و لە کوردانــەوە مێژووی ڕابردوانی بیستووە و هێندێکیشی بۆ خۆی بە چاو دیتوویە. کتێبەکە لەو بارەوە سەرچاوەیەکە هەرگیز لێڵ نابێ و وشـکاوی دانایــە. بـەڵام ئەوانــەی لــە کتـێبیتریــەوە وەرگرتــووە لــە گێڕانــەوەی ڕووداوەکاندا زۆری هۆش نەداوەتێ و خۆی لە هەڵە نەپارازتووە.

هێندێك جاران گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لێ ئاڵۆزاوە و ناوی بە هەڵەی نووسیون و تووشی بێسەرە و بەرەیی واهاتووە کە ناکرێ دڵمان ناوی لێ بـخواتەوە. لە مەڕ تــەرزی نووسیــــنەکەشی ئەگـەر ئـەو شێعرە زۆرانە و ئەو چەند وشە هەڵمساو و گرانە کەمانە نەبێ -کە ڕۆژهەڵاتیەکان حەزی لێ دەکـەن و بە لای ئێمەشەوە باش نییە- بە گشتی نووسینەکەی ڕەوان و هاسانە؛ چەند ڕووداوێکی لە ڕاسـتی بــە دووریشی تێدا بەرچاو دەکەوێ.

لە چاپ کردنا نیشانەی پرسیارم (؟) لە سەر ئەو وشانە دانا کــە لێیــان دوو دڵ بــووم. لــە دوای کتێبەکەوە بە درێژی لەوانەوە دەدوێم و دەیکەم بە نووسراوی خۆم!

دەگەڵ ئەوەشا نابێ ڕەخنەکانــم بە گرینگ بگیــرێن، چونکە نەك هەر شەرەفخان، بگرە هــەموو نووسەرانی ڕۆژهەڵات، گوێ بەوە نادەن کە دەبێ پیاو لــە لێکۆڵینــەوەی زانیاریــدا بــاش ورد بێتــەوە. ڕۆژهەڵاتیەکان زۆربەیان لە ڕووی بیــرەوەری خۆیانەوە تاریخ دەنووسنەوە و لایان وایە وا باشتــرە.

تەرزی نووســینەکەش دەکرێ بۆ پیاوێکی وەك شەرەفخان چاوپۆشی لێ بکرێ؛ چــونکە زۆربــەی ژیانی لە فەرمانی دیوان و لە هەرا و شەڕ و شۆڕدا بەخت کردووە.

له وڵاتی ڕۆژهەڵاتا *شەرەفنامە* زۆر کەم بڵاو بۆتەوە. هۆیەکەشی زۆر هاسانە: گەلی کورد لە ئاسیادا دەورێکی گرینگی نەبووە و تاریخەکەشی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات زۆر بەکار نەهاتووە. دیسان سەرەڕای ئەوەش لە فەرهەنگی هونەر و کتێباندا -کە حاجی خەلیفەی کاتب چەلەبی نووسیویە- ناوی *شەرەفنامە* جێگەیەکی باشی بۆ تەرخان کراوە. (بڕوانە: *کشف الظنون*، چاپی فلورجل، ژمارە: ٢١٣٥-٢١٤٤).

ئەو نووسەرە گەورەی کتێبی *جیهان نومای* لە جوغرافیادا نووسیوە، هەر وەها زەینەلعابدین، کە کتێبی *ریاض السیاحة*ی داناوە، هەردووکیان دەربارەی کوردان زۆر شتیان لە *شەرەفنامە* وەرگرتووە. دوو جاریش لە ئاسیادا *شەرەفنامە* کراوەتە تورکی؛ یەکیان سامی ناوێك بۆ میرێکی کوردی وەرگێڕاوە؛ کە ناوی مستەفا بەگ بووە. (بڕوانە: مۆرلی. پێڕستی دەسنووسە عەرەبی و فارسیە مێژووییەکان؛ کە لە کتێبخانەی کۆمەڵی ئاسیایی پادشایی بریتانیاو ئیرلەندە).

حاجی خەلیفە بە ناوی *تاریخی شەرەفخانی بدلیسی* ناوی بردووە. لە ئەورووپادا بۆ یەکەم جار دێربلو باسی لێوە کردووە و لە دوو وتاردا لە سەر کتێبخانە ڕۆژهەڵاتیەکەیەوە لێی دواوە: جارێك «*تاریخی شەرەفخانی بدلیسی*» پێ دەڵێ و جارێك بە« *تاریخی کوردان*»ی ناو دەبا. (بڕوانە: مایسترخت). هەر دوك وتاریشی بێ زیاد و کەم لە فەرهەنگەکەی حاجی خەلیفەوە وەرگێڕاون و وا دیارە سێر جان مالکۆلم لە پێش هەموو ئەورووپاییەکدا نوسخەی *شەرەفنامە*ی وەگیر کەوتووە. ئەویش مەزنی هۆزی محێزی کورد داویەتیێ، لە سەری نووسیوە: کوردین کورونیك هی فۆن شەرەف ئەو نوسخەیە لای مەکۆی ئاسیایی پادشایی بریتانیای مەزن و ئیرلەندەیە (بڕوانە: پێڕست). زۆریش سەیرە کە تاریخی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانیشی لە دواوە ڕەگەڵ خراوە کە لە ساڵی ١٢٢٥ی کۆچی(١٨١٠زایینی)دا نووسراوە. (بڕوانە: کەتەلۆگی مۆرلی و ماریلو).

مالکۆلم لە تاریخە فارسیەکەیدا کە ساڵی ١٨١٥ بڵاوی کردۆتەوە، زۆر جار باسی *شەرەفنامە* دەکا و تەنانەت چەند کورتە ڕووداوێکیشی لێ ئەگێڕێتەوە؛ بەڵام زۆر بە گرینگی نەگرتووە و بە درێژی

له ناوەرۆکی نەدواوە.[1]

تا ساڵی ١٨٢٦ ئەورووپا نرخی *شەرەفنامە*ی نەزانیبوو؛ چونکە سەرنجی ڕۆشنبیرانی ڕانەکێشابوو. من لێرەدا دە خۆ ڕادەبینم ئەم ڕاستییە بخەمە ڕوو کە لە سایەی زانایانی ڕووسەوە ئەو دیاریە هێژایە پێشکەش بە زانست کراوە (بڕوانە: دورن. مەکۆی ئاسیایی. بەشی دووهەم).

مسیۆ فراش یەکەم کەسێك بووە کە لە ساڵی ١٨٢٦دا بانگاوازی بۆ ئەو تاریخە کوردیە کرد و کورتە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەکی لە سەر نووسی و لە کۆتاییدا بە ئاواتی خواست کە ئەم تاریخە گرینگە ئاسیاییە تەرجەمە بکرێت. دەڵێ: «وەرکێڕانی ئەو ئاسەوارە بە نرخە دەبێتە پەنجەرەیەك، تاریخی ئاسیامان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.»

هەر لە هەمان ساڵدا مسیۆ ولکو یادداشتێکی لە سەر مێژووی فارس بڵاو کردەوە و ناوی *شەرەفنامە*شی لە سەر نووسی و بڕێکیشی باسی شەرەفخان کرد (ڕۆژنامەی ئاسیا، بەشی ٨، ساڵی ١٨٢٦ ڕووپەڕ ٢٩١، ٢٩٨).

دوای ئەوەش بە ماوەیەك مسیۆ شارموا - کە لە سان پترسبورگ مامۆستای زمانەکانی ڕۆژهەڵات بوو- لە سەر ئامۆژگاری مسیۆ فراش فرایهین دەستیدا تەرجەمە کردنی *شەرەفنامە* (بڕوانە: فراش ژیانی شێخ سەفی ئەردەوێلی). ئەگەر نەخۆشی ڕێگەی لێ نەبەستایە، ئەو ڕۆژهەڵاتناسە هێژایە کردەوەیەکی وای دەخستە ڕوو کە سەرنجی زانایان ڕابکێشێ.

لەم ڕۆژانەی دواییدا کە لە سایەی تێکۆشانی زانایان و دنیاگەڕانەوە لێکۆڵینەوە لە زمان و تاریخ و جوغرافیای کوردستان زۆر لە بڕەو دایە، *شەرەفنامە* بۆ ئەو مەبەستە تایبەتیانە زۆر بەکەڵکە و ئەوانەی بەهرەی لێ دەبینن ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادین.

١- ئەو نووسەرە ئینگلیسیە بە شەرەفنامە دەڵێ: مێژووی کوردان" بە دانەریش دەڵێ: شەرەفەدین. ناوی مێژووی کوردان لە ئەورووپا و ئاسیا بە سەر کتێبەکەدا بڕاوە. مسیۆ ڕیخ [لە ڕووپەڕ ١٢ی چاپەکەی میسردا وا نووسراوە. بەڵام ڕەنگە: ڕیچ بێ. هەژار] کە پاش مالکۆلم بە دە ساڵ هاتۆتە کوردستان هەر وای ناو دەبا.

«بڕوانە *باسی مانەوەی لە کوردستان و دیمەنی نەینەوای کۆن*، چاپی لەندەن، ساڵی ١٨٣٦.ز، بەشی هەوەڵ، ڕووپەڕ ١٠٩، ٢٤٧، ٣٠٢ و ٣٨٠».

ناتوانین بڵێین ناوی شەرەفەدین هەڵەیە؛ چونکە شەرەفخان هەر خۆی بە شەرەف باس کردووە. هەموو شەرەف ناوێك دینێکی دەگەڵە. مۆرلی لە پێڕستی مالکۆلمدا هەر دەڵێ: شەرەفەدین و لە پێڕستی سانپترسبۆرگیشدا هەر وایە.

مسیۆ کاترمر لە تاریخی *مغول و فارس*، چاپی پاریس، ڕووپەڕ ٣١٩-٣٢٩، چەند پارچەیەکی لە *شەرەفنامە* خوازتۆتەوە. ئەگەر لە پێڕستی *دەستنووسەکانی ڕۆژهەڵات*، لە کتێبخانەی قەیسەر لە سانپترسبۆرگ، هی ساڵی ١٨٥٢، ڕووپەر ٢٩٥ بڕوانی، وتارێکی سەربەخۆ بۆ ئەم تاریخە تەرخان کراوە. دوکتۆر هاینریش ئالفرێد بارب[1] لە ئاکادیمی زانستی پادشاهی ڤیەن بەشی فەلسەفی - مێژوویی[2] -کە دەربارەی فەلسەفەی تاریخەوەی نووسیوە و باسی تورکیا و فارس ئەکا- لە دوو وتاراندا پوختەی *شەرەفنامەی* سەر لە بەر جێکردۆتەوە و لێیەوە دواوە. هەر وەها ئەو نووسەرە وتارێکی سێهەمی لە سەر پێنج بنەماڵەی کورد نووسیوە کە دەتوانین بڵێین بەشی یەکەمی پێ تەواو کردووە.

مسیۆ مورلیش لە پێڕستی *شەرەفنامەدا*، ناوی ئەو هۆز و مەزنانەی بە هەڵە نووسراون لە بەر دوو تەرجەمە تورکیەکەوە کە لە مووزەی بریتانیادان ڕاستی کردوونەوە.

مسیۆ لیرسن لە باسی کوردانـدا کورتە وتارێکی لە سەر تاریخی کورد هەیە و چەند ڕووداوێکی سەیر ئەگێڕێتەوە کە لە *شەرەفنامەی* وەرگرتووە؛ کە لە دواییدا مسیۆ کۆتیك ڕاستی ئەوەی گوت و نووسراوەکەی بڵاو کردەوە تا بەتاڵایی پڕکاتەوە و پێداویستێك پێك بێنێ.

بیسرم لێ کردەوە، تێگەیشتم چاپ کردنی *شەرەفنامە* جگە لەوە کە بەهرەی فرەی هەیە، بۆ زانستی مێژوویی دەربارەی کورد زۆر زۆر پێویستە. بڕیارم دا نوسخە فارسیەکە بە تەرجەمەوە بڵاو بکەمەوە و چەند کەنارە و لێدوانی فەلسەفی و مێژوویی و جوغرافیش بخەمە سەر ئەو بەشەی کە من دەری دەخەم و جگە لە کۆتاییەکە سەرلەبەری *شەرەفنامەکە* دەبێ و ئەمەش کە من چاپی دەکەم بۆ مێژووی کورد زۆر گرینگە؛ چونکە باسی هەر هۆزەی بە جیا تێدایە و بە باسی بەسەرهاتی دانەر دوایی پێ دەهێنم و کۆتاییەکەش دەکەوێتە سەر بەرگی دووهەم. جا وا من لە چەند وشەیەکدا ڕوونی ئەکەمەوە کە بۆ بڵاو کردنەوەی ماکە فارسیەکە چم کردووە:

1- HEINRICH ALFRED BARB

2- Sitzungseerichte der Kaiserlichen Akademie der Wissenschaften. Phil-Hist. Klasse. Wien ١٨٥٣.

لە چوار دەسنووسم ڕوانیووە:

١- دەسنووسی کتێبخانەی قەیسەر لە سانپترسبۆرگ، کە ساڵی ١٠٠٧ کۆچی، پاش دانانی کتێبەکە، بە دوو ساڵ نووسراوەتەوە و دانەریشی چاوی پێدا خشاندووە.[1]

٢- دەسنووسی مسیۆ خانیکۆف: ئەم زانا ڕۆژهەڵاتناسە ساڵی ١٨٥٤ لە فارس کۆنسوڵی گشتی ڕووسیە بووە. ئەو نوسخەی لە دیلمەکان- لای سلماس- کڕیوە. دوو دەسنووسی دیکەشی لە کتێبخانەی یەحیاخان، خانی فەرمانڕەوای ئازەربایجان وەرگرتووە" لە بەر یەکی ڕاگرتوون و هینەکەی خۆی لە بەر چا کردوون.

مسیۆ خانیکۆف -کە هەموو کەس دەزانێ لە ڕێگەی زانستدا چەند پیاوە- هەتا لە چاپ کردن بوومەوە، دەسنووسەکەی خۆی لە لا دانام.

دەسنووسی خانیکۆف نۆزدەی مانگی شابانی ساڵی ١٢٥٢ی کۆچی (١٨٣٧.ز)، کابرایەك بە ناوی مەحموودڕەزا کوڕی سابر عەلی کەربەلایی بە فەرمانی ڕەوشەن ئەفەندی لە گوندی دیلمەکان، لە بەر دەسنوسێکی شەرفەخانەوە نووسیویەتەوە؛ کە مێژووی دەگەڕێتەوە سەر ساڵی ١٠٠٧ کۆچی و لە کۆتاییدا ئاوای نووسیوە: «دانەری هەژار و نووسەری بێکارە و چاو لە بەزەیی خوای گەورە، شەرەف کوڕی شەمسەدین ڕۆژەکی کیسرایی، لە کۆتایی مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٠٠٧ کۆچی پێغەمبەر - درووی خوای لە سەر- لە شاری بدلیسێ خوا لە بەڵایانی بپارێزێ، لە نووسینەوە و ڕاست کردنەوە و بژار کردنی بوومەوە. بە یاریدە و کۆمەکی خوای بەخشندە، کزترین کۆیلە و لە بەرد و دار بێکارتر محەمەدڕەزا کوڕی کەربەلایی سابر عەلی، لە گوندی دیلمەکان لە ڕۆژی سێشەمە نزیك چێشتەنگاو، ١٩ی مانگی شابانی بەرێز، نووسینەوەی ئەو کتێبەی تەواو کرد.»

لە دەسنووسەکەدا زۆر جار جێ مۆری ڕەوشەن ئەفەندی دەبینرێ. مۆرەکەشی بە فارسی لێی هەڵکەندراوە: تجلی‌الله ناگاه آید اما بر دل آگاه آید (خوا لە پڕ خۆی دەر دەخا بەڵام دڵی وشیاری گەرەکە) لە ناوەڕاستیشا ناوی ڕەوشەن و ساڵی ١٢٥١ بەرچاو دەکەوێ.

١- ئەم گفتە ڕاستە؛ لە برانەوەی دەسنووسەکەدا نووسراوە: لە برانەوەی مانگی شەشەکانی ساڵی هەزار و حەوتی کۆچی پێغەمبەر درووی خوای لە سەر، لە شاری بدلیسێ خوا لە گزی شەیتانی بپارێزێ، بە دەستی دانەری کتێب، خوا هەر پایەدار و باڵادەستی بکا، ڕاست کردنەوە، بژاری ئەم کتێبە کۆتایی هات.

دەسنووسی خانیکۆف ٢٥٠پەڕەیەوهەمووی کەسێك نووسیویەتەوەوزۆرڕەوانەودێڕیشی لێكنزیكن.

٣- دەسنووسی مووزەی ئاسیا، زانکۆی قەیسەر لە سان پترسبۆرگ، ژمارە ٧٥٦، لە سەر شوێنی پێشووی ڕۆسۆ. ئەو دەسنووسە ٦٠٥ پەڕەیە و خەتەکەی ناخۆشە؛ بەڵام باش دەخوێندرێتەوە. بە دیاری بۆ مسیۆ ڕۆسۆ هاتووە. کابرای خاوەنی لە رووپەڕی یەکەما نووسیویە: «لە باداخانی حاکمی ساوجبلاغەوە، نزیك گۆلی وان» بەڵام نە تاریخی نووسینەوەی لە سەرە و نە ناوی نووسەر. هەر دەسنووسەکەش چوار خەتی لە دواوە نەماوە. ئەم نوسخەی ڕۆسۆیە دراوە بە مسیۆ ولکو. ئەویش وتارەکەی لە سەر نووسیوە و لە ڕۆژنامەی ئاسیاییدا بڵاوی کردۆتەوە.

٤- دەسنووسی مووزەی ئاسیا، ژمارە ٥٧٦ کە بارۆن بود لە فارسەوە هێناویە و تەنیا سەد لاپەڕەیە و بە: «کە ایوان کیوان با وجود علومکان» کە لە پێشەکیە فارسیەکەدایە دەست پێ دەکا و بە: «سبحان بگ و سلطان احمد بگ» -کە باسی سوێدیەکانە- دەبڕێتەوە.

دەسنووسەکە بە خەتێکی زۆر جوانە و دیارە کۆنە و ئاگاداریشی لێ نەکراوە. لە سەرەتا و برانەوەشدا چەند نووسراوێکی لە بابەت خوا و دینەوە وەسەر خراوە. بەندێکی زۆر تازەشی لە سەر مێژووی ئەردەڵان لە دواوە ڕەگەڵ خراوە و پێکەوە دە بەرگ گیراوە. دوو کەمایەسی زل لەو دەسنووسەدا هەیە. یەکیان بە ڕستی «محمدی خانالشهیر» دەست پێ دەکا؛ تا دەگاتە ئەم وشانە: «و شایسته رفعت آن کس است»». «بڕوانە یەکەم چاپی *شەرەفنامە*، رووپەڕ ١٢٩-١٥٩ بەشی یەکەم». دووهەم: بە دوو وشەی «آثار شجاعتش» دەست پێ ئەکا؛ تا دەگاتە: «و پنج پسر داشت». «بڕوانە چاپە فارسیەکەی ڕووسیە، بەشی یەکەم، ڕووپەڕ ١٨٩-١٩٧». شتیتریشی تێدا ئەدۆزرێتەوە و پەڕەکانیش هەموو لە جێگەی خۆیان نین.

بەلای منەوە لەو چوار دەسنووسانە هەر دوانیان تەواون: نوسخەی مسیۆ خانیکۆف و نوسخەی ئاسیا، ژمارە ٥٧٦؛ کەچی ئەوانیش بەو پێیە کە شەرەفخان لە پێشەکیەکەدا هێناویە، هەر دووکیان چوار بەندیان کەمە کە باسی زەرزا و ئەستونی و داسنی و تەرزایە. من دەڵێم دەبێ دانەر خۆی باسی نەکردبن. ئیتر یان چی لەوانەوە نەزانیوە، یان زەمانە ماوەی نەداوە، وازی لێ هێناون. ناوەکانی نووسیون بۆ ئەوە لە هەلێکی باشتردا بگەڕێتەوە سەریان و ئەو هەلەش نەڕەخساوە کە بۆیان بابداتەوە. ئەم بیرە لە هەموو شتێك پتری ڕێ تێ دەچێ؛ چونکە شەرەفخان بە گشتی گوێی بەوە

نەداوە بە ناوەکانی پێشەکییەکەیدا بێتەوە یەك لە دوای یەك بە سەریان کاتەوە.

ئەو ڕێك و پێکییەی کە ئێستا تیا دەبینرێ بۆیەیە کە من خۆم پێڕستەکەم تەکووز و لەبار کردووە. دەسنووسەکەی مووزەی ئاسیا ژمارە ٥٧٦ لە بەشی دووهەمی (ڕووپەڕی سێهەم)دا کە دەبوایە لە نێوان فەرمانڕەوایانی ماهیدەشت و بانەدا باسی تەرزا بکا تەرزاش لە هەموو دەسنووسەکانی کەوتووە؛ بەڵام لێدوانێکی سەربەخۆی دەربارەی گەڵباخی تێدایە. «بڕوانە نوسخەی سێرجان مالکۆڵم پێڕستی مۆرلی ڕووپەڕ ١٤٩».

ئەو بار سووڕان و ئاڵ و گۆڕانە منی هێناوەتە سەر ئەو بیرە کە دانەر خۆی دەستێکی تێداوە و بۆی تەواو نەکراوە؛ بەڵام هەر بۆ خۆم وا بیر دەکەمەوە. پیاو تەواو دڵی ئاو ناخواتەوە تا گەلێك نوسخەی دەسنووسی *شەرەفنامەی* دەس نەکەون.

من کە هەر چوار نوسخەم بەرچاو کەوتووە، ناچارم هەر چی لەو چوارانەدا لێك جیاوازن لە داوی بەشی دووهەمی کتێبەکەدا بیانخەمە بەر چاوان و لەوە بەولاوەش ئەو وتارانەی دەربارەی ئەو دەسنووسانەوە دەنووسرێن، نرخی هەمووانیان دیاری دەکا.

بۆ لە بەر ڕانان و لە چاپ دانی ئەو کتێبە، دەسنووسەکەی کتێبخانەی قەیسەرم بەلاوە پێ باشتر بوو؛ چونکە شەرەفخان بە دەستی خۆی چاکی کردووە. کارگێڕی کتێبخانەکە -پیاو هەق بڵێ- زۆر بە ڕووی خۆشەوە ڕێگەی دام، کەڵك لەو دەسنووسە وەرگرم. جا چونکە ڕێ و شوێنی کتێبخانە وابوو، نەدەبوایە کتێبی لێ دەرکەوێتە دەر، ناچار بووم هەر لەوێدا دەگەڵ نوسخە دەسنووسەکەی خانیکۆفدا لە بەر یەکیان ڕاگرم و گەڵاڵەی چاپەکەشم هەر لە بەرانبەر ئەودا ڕادەنا. هەر کەموکوڕییەکیش کە لە نوسخەکەی کتێبخانەدا هەبوون لە بەر ئەوەکەی خانیکۆف چاکم کرد. ئیتر گومانم نەما کە کتێبەکەی من زۆر لە دەسنووسەکەی ناو مووزەی ئاسیا باشتر دەرچوو. خۆ بە تایبەتی کە سەر لە بەر دوو جارانیشی پێدا چوومەوە. جا داومە چاپ بکرێ. مەگین چۆنەکاییش ووبێ دەنا هیچ دەسکاریشم لە خۆمەوە تێدا نەکردووە.[1]

ئەگەر جاروبارە -ئەویش زۆر کەم- بە تاڵاییەکم پڕ کردۆتەوە، بۆم ڕوانیوەتە نووسراوی ئەوانەی

١- لێرەدا بە چەند دێڕێك باسی تەرزی نووسین و دروشمی سەر پیتەکانی کتێبە فارسیەکە دەکا. جا چونکە لە کوردیەکەدا کارمان پێ نامێنێ، ناچار بووم دەرمهاویشت. هەژار

شەرەفخان خۆی بەهرەی لە کتێبیان وەرگرتووە. وەك: ئیبنو خەلـەکان و عەبـدوڕڕەزاق و هـیتـریش. چونکە من -وەك گوتـم- ڕاست کردنەوەی هەڵە و بەڵگە لە سەر هێنانەوەیان هەڵدەگرم بۆ دوایە و بـە دوور و درێژی لە سەری دەڕۆم.

بەر لەوە لەو پێشەکیەم ببمەوە کە ویستم خوێندەواران بـزانن بـۆ چـاپ و بـڵاو کردنـەوەی چـۆن شێوەیەکم ڕەچاو کردووە، بە پێویستم زانی بۆ شارەزا کردن، ناوی ئەو *شەرەفنامە* دەسنووسانە بنووسم کە وەك من ئەیزانـم لە ئەورووپا دەس دەکەون.

جگە لە چوار نوسخەی کـە مـن کتێبەکـەم لـە بـەر چـاپ کـردووە و لـە ڕووسـیە هـەن، سـێ دەسنووسیش لە نەمسا لای دوکتۆر بارب هەیە. سێرجان مالکۆڵم لە لەندەن نوسـخەیەکی هەیـە کـە ئێستا لە پاڵ کۆما کتێبی کۆمەڵی ئاسایی پادشایی بریتانیا و ئیـرلەندە دایـە. «بڕوانـە کەتـەلۆگی مۆرلی ڕووپەڕ ٥١». لە پاریس دەسنووسێك هەیە و بەشێکە لە کۆمەڵە کتێبێـك، بـە خـەتێکی زۆر جوانیش نووسراوەتەوە. «بڕوانە: ولکۆ وتارەکانی ڕۆژنامەی *ئەزمانك* ساڵی ١٨٢٦، بەشی ٨، ڕووپـەڕ ٢٩١، وتاری تاریـخی مغول و فارس، کاترمر، ڕووپەڕ ٣٠١».

لێم ڕوونە لە مووزەی بریتانیاشدا نوسخەی مسـتـرریچ هەیە -کە لە کوردستان دەستی کەوتووە- چونکە هەموو دەسنووسەکانی دران بەو مووزەیە. «بڕوانە چیـرۆکی مانـەوەی ڕیـچ لـە کوردسـتاندا، بەشی یەکەم، ڕووپەڕ ٢٤٧ و کەنارەی بارب ڕووپەڕ ٥».

هەر وەك باسیشمان کرد، دو تەرجەمەی ترکی لە *شەرەفنامە* هان لە مووزەی بریتانیادا. مـسیۆ ڕیۆ کورتە باسێکی لە سەر نووسیون. «بڕوانە کەتەلۆگی موڕلی-١٤٥ و کەنارە ژمارە ٣».

ڤ. ڤلیامینـۆف زێرنۆف

سان پتـرسبۆرگ، مانگی یەکەم، ساڵی ١٨٦٠ میلادی



لێدوانێك بە دانستە

دەربارەی کورد و کوردستان

کوردستان یان کوردەواری، ولاتێکی گەورە و هەراو و بەرینە و بەشی هەرە زۆری وەبەر تورکیە کەوتووە. بەشێکی زۆر گەورەشی خراوەتە سەر ئێران و هێندێکیشی لای ژووروی عیراقی لێ پێك هاتووە و هەر بە ناوی دانیشتووەکانیەوە ناو دەبرێ کە هەموو کوردن.

تورکان بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان ناوی کوردستانیان لە جوغرافیا و دەفتەری دیواندا سڕیوەتەوە. ئەو ولاتەی لە تورکیا ناوی کوردستان بووە و هەروەها ئەستانی کوردستانی ئێرانی ئێستا، هەموو شار و مەڵبەندەکانی کوردنشین ناگرێتەوە و سنوورەکانی نەتەوایەتی کوردستان داناگرن.

دیاری کردنی سنوورەکانی نەتەوایەتی کوردستانی گەورە زۆر دژوارە کە بە وردی دیاری بکرێن. چونکە:

١- هەر زۆر لە زووەوە لە لایەن دەسەلاتدارانەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە تورکمان و فارس و عەرەب کۆچیان پێ کراوە و دە کوردستان خزێنراوە و تێکەلاو بە کورد کراون.

٢- زۆر کورد لە کوردستان ئاوارە بوون و دەگەڵ بێگانەی دراوسێدا ڕەگەزیان لێك هالاوە.

٣- دەوڵەتە ئیسلامە گەورەکان، زۆریان ئاڵ و گۆڕی ئیداری و سیاسی کردووە و کوردیان لێك هەلاواردووە و شوێنەوار و سنووری نەتەوایەتی گەلانیان دەسکاری کردووە.

٤- هۆی هەرە گرینگیش ئەوەیە خوێندەواری کورد هەستی نەتەوایەتی خۆیان بەرانبەر بە ڕێ و شوێنی تازەی زانیاری پەروەردە نەکردووە و لە نووسین و بلاوکردنەوەی بیر و باوەڕدا زمانی خۆیان دە کار نەهێناوە و بەو هۆیەوە زمانی نیشتمانیان وەختە لە شارە گەورەکاندا لە ناو بچێ و زمانی کوردی هەر لە چیا و چۆلان ماوە و خەلکی گوندان و کۆچەران هێشتوویانەتەوە.

هەر چۆنێك بێت، ئێمە دەتوانین لە ڕووی ئەو مەڵبەندانەوە کە زۆربەی کورد لەواندا بە زمانی کوردی داخێون، سنووری نەتەوایەتی مێژوویی کوردستان نیشان بدەین؛ ئیتر بە کوردی دەنووسن یان نا، کارمان بەوە نیە.



کوردستان لە شیمالەوە دەگاتە چیای ئارارات؛ کە ئەو چیایە لەمپەرێکی جوغرافی و سیاسی نێوان ئێران و ڕووس و تورکیە و سنووری نیشتمانی ڕەگەزایەتی کورد و فارس و ئەرمەنە. لە جنوبیەوە دەگاتە جەبەل حەمرین؛ کە لە نێوان عیراقی عەرەب (بەغدا و بەسرە) و عیراقی کورد یان کوردستانی عیراق (ولایەتی مووسلی پێشوو) دایە.

ڕۆژهەڵاتەکەی لەو سەری لوڕستانەوە دەست پێدەکا و ڕۆژاوای دەگاتە ولایەتی مەلاتیە لە تورکیا.

بەو پێیە هەموو ویلایاتی شەرقی تورکیای ئاسیا- جگە لە ویلایاتی تەرابزون و بەشێك لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم- کوردە و لە ناو سنووری کوردستاندا هەڵکەوتووە. هەروەها بەشی جەنوبی ئێستای ولایەتی تەورێز و هەموو ئەیالەتی کوردستان و لوڕستان لە ئێران دەکەونە سەر کوردستانی مەزنەوە.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شارەکان و دانیشتووی چیاکان و ڕەوەندەکانی ناو ئەو سنوورە پانە، بە خوێن و زمان و ڕێ و شوێن کوردن. زمانی تورکی و فارسی و عارەبی کە لە شارە گەورەکانی کوردستاندا دەبیسرێن، فیتی ئێران و تورکیە و عیراقە کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە.

سنووری کوردستان

پوختەی سنووری کوردستان ئاوایە:

لە شیمالەوە: کۆماری ئەرمەنستانی بەردەستی ڕووس.

لە ڕۆژهەڵاتەوە: ئازەربایجانی ئێران و عیراقی عەجەم و مەڵبەندی فارس.

لە جەنووبەوە: خۆزستانی ئێران و عیراقی عەرەب و چۆلی شام (لیوای دێرزۆر)

لە خۆرنشینەوە: چەمی فورات و بڕێك لە ویلایاتی شەرقی لە ئەنادۆڵ.

زەوی و هەوای کوردستان

لە هەموو لایەکەوە چیای زۆر سەربەرز دەوری کوردستانیان داوە؛ تەنیا لە بەشە جەنووبیەکەی نەبێ کە

زۆری بانو هەن و کانیاوی بە تەوژمی تێدان و دەشت و مەزرای زۆریشی هەیە کە بە ئاوی چەم و کانیاوەکان پاراو دەبن. بەشی جەنووبی و جەنووبی شەرقی -کە چەمی دەجلە و فورات و رووبارەکانی زێی گەورە و چووك و چەمی خاپووریان پێدا ڕادەبڕێ- لە هەموو شوێنەکانی‌تری کوردستان بە پیت و ڕێژەوترن.

چیای هەرە بەرزی کوردستان لەوپەڕی شیمالەوە هەلکەوتووە؛ پڕیەتی لە لێڕی چڕ و بەهرەدەر و شیو و دۆڵی زۆر بە پیت و سوودی لە دەورەیە و بە هاوین و بە زستان هەر ئاوەدانە و پڕ لە شار و گوندە. کێوەکانی نێوانی ئێران و تورکیا ڕووت و قاقڕ و کراڵن. نە لێڕەوارە و نە لەوەڕە و لە بەردی ڕەقی ئاگرپژێن پێك هاتوون و کەڵپە و گڕەبەردی وا پشتی گرتوون کە لە وزەی هیچ لەشکرێکدا نیە لێیانەوە ئاوا بێ. زۆربەی چۆماوەکان وەك فورات و هەردوك لکی و دەجلە و زۆر لە ڕووبارەکانی لەو کێوە ڕژد و سەختانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن. ئەم چەمانە هەموو بەرەو جەنووب ڕادەخوشێن. جگە لە چەمی قەتور کە لکی چەمی کوڕە و دەڕژێتە ناو دەریای قەزوێنەوە.

گەلێك ڕووبار و جۆباری تریشی هەن؛ هێندێکیان دەڕژێنە دەریاچەی وانەوە و بڕێکیان ڕوو دەکەنە گۆلی ورمێ؛ کە لە وڵاتی عەجەمە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گۆلی وانەوە.

کوردی هەندەران

ئێمە لە سنووری کوردستان دواین و گوتمان ئەو مەڵبەندە پان و هەراوەیە کە زۆربەی خەلکەکەی کوردن؛ بەڵام گەلێك هۆز و تیرەی کوردی‌تریش لە دەرەوەی کوردستان دەژین. بۆ نموونە لە شیمالی سووریە لە نێوان ئەسکەندەروونە و حەڵەبدا لە ناوەڕۆکی دەشتی خەسیب، کوردێکی یەکجار زۆر هەیە کە ژمارەیان نزیك بە سەد هەزار کەسە. لە ڕۆژهەڵاتی حەلەبیش چەند گوندێکی یەکپارچە کورد هەیە.

لە زۆر جێگەی ئانادۆڵیش لە دەشتەکانی قوونیە و بانوی سیواس و جورم و دەشتی ئەدنە گەلێك هۆزی کوردی تێدایە.

لە ویلایاتی جەنووبی قەفقازیش کورد هەر یەکجار زۆرە و ئاگاداران بە نیو میلیۆنیان دادەنێن.

زۆربەی زۆری هۆزەکانی لای خوراسان و سەجستان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، کوردی تەواو عەیارن و تەنانەت ئەفغانستان و بەلووچستانیش زۆر و زۆربە کوردی ڕەوەندیان تێدایە.

ژمارەی کورد

لە مەڕ ژمارەی سەرجەمی کورد بە تایبەتی دانیشتوانی کوردستان، زۆر قسەی تێك پەڕیو و لێك دوور و دژی یەکتر هەن! چونکە ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بە سەر کوردستاندا گرتووە تاوێستا هەرگیز سەرژماریەکی بە ڕاست و درووستیان لە کوردستاندا نەکردووە و تا توانیویانە کەمیان نیشان داوە. بۆ نموونە خوالێخۆشبوو شەمسەدین سامی ئەرناتوتی لە قاموس‌الاعلامی تورکیەکەیدا فەرموویە «ژمارەی کورد نزیکەی دوو میلیۆن و نیوە.»

«دائرةالمعارف اسلامی» بە زمانی فەڕەنسی دەنووسێ: ژمارەی هەموو کوردان لە پێش جەنگی ساڵی ۱۹۱٤دا سێ ملیۆن بووە.

گومان لەوەدا نیە چەندەی زەوی لە عاسمانەوە دوورە ئەو فەرمایشانەش ئەوەندە لە ڕاستیەوە دوورن! چونکە دنیاگەڕان و ئەوانەی لەولاوە هاتوون و لە سەر کورد و کوردستانیان نووسیوە، کاتێ دیتوویانە خەڵکی شارە گەورەکانی کوردستان زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی ڕەگەڵ کوردی دەخەن، وایان زانیوە کورد نین و داگیرکەرانی کوردستانیش میوانە بێگانەکەیان بە شارەزووی خۆیان تێگەیاندووە کە چۆنمان لە سەر بنووسێ و تا ئێستاش دەستیان لەم گەندەڵ فێڵانە هەر بەرنەداوە.

بیانی نەشارەزا وایانزانیووە کە تەنیا هەر خەڵکی ناو چیا و گوندی و ڕەوەندەکان کوردن و چیتر! ئیتر شارستان و بەندەرنشینەکانی کوردیان نەهاتۆتە بەر چاو -کە ئەوانە کەلەپووری سێ مەدەنییەتی گەشەداری ڕۆژهەڵاتی کەوناری ئاشووری و میدی و کەیانیان بۆ ماوەتەوە و هیمی هەرە گرینگی دوارۆژی کوردن- ژمارەی کوردیان کەم نووسیوە و سنوور و کەوشەنی کوردستانیان بە ئارەزووی خۆیان هەڵقرچاندووە؛ بەڵام هەرچی گوتوویانە و دەیلێن دەگەڵ ڕووداوی ڕاستی تاریخی و زانستی ڕەسەن ناسین و بەڵگەیتری نەتەوایەتیدا عاسمان و ڕێسمانن.

بەڵگە لە مێژینە و کەوناراکانی کوردی و لێکۆڵینەوەی وردی مێژوویی و پێداگەڕان و لێڕوانینی

ئەو کوردستانە بەرفرەوانە کە لە ئەنقەرەوە تا خوراسانی داکرتووە و گەلی کوردی تێدا دەژی، بۆمان دەردەخا کە ژمارەمان بە لوڕی لوڕستان و کەلوڕی کرماشان و هەمەدانەوە هیچ نەبێ خۆ لە شەش ملیۆن دەدا. ئەگەر ئەو لاپرەسەن و بیانیانەی کوردستانیش بە زیادەوە دانێن، هەر ملیۆنێك دەبن. بەو پێیە ژمارەی کوردەکانی کوردستان و هەندەران بە لانی کەمەوە لە حەوت ملیۆنی نزیك دەکاتەوە. ئەمەش سیاییەکەیەتی:

١٥٠٠٠٠٠	لە ئێران
٢٥٠٠٠٠	لە ڕووسیە
٤٥٠٠٠٠٠	لە هەموو تورکیە
٥٠٠٠٠٠	لە عیراق
٢٥٠٠٠٠	لە هەموو سوریە
٧٠٠٠٠٠٠	هەمووی حەوت ملیۆن[١]

ڕەگەز و زمان

زانایان دەربارەی ڕەگەزی کورد پێك نەهاتوون؛ هەر وەك بۆ هەموو شتێکی‌تری سەر بە گەلی کوردیش یەکتریان نەگرتووە! هێندێك لە ڕەسەنناسان لایان وایە کورد لە هۆزە ئاریەکانەوە کەوتۆتەوەو هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە کاردۆکیا (وان و بدلیس) دانیشتووە و بۆ پارازتنی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی -کە داخواز و پیشەی هەمیشەی ئەو گەلە چیانشینە بووە- پالی بەو کەژە سەرکەشانەوە داوە؛ کە بە سەر ئاشورستانی کەونیدا ڕوانیوە.

بەلگەی بە هێز بۆ ئەم مەبەستە نووسراوەکەی [illegible] مێژووزانی پێشینی یۆنانە کە باسی پاشەکشە کردنی دەهەزار شەرکەری یۆنانی دەکا کە سالی ٤٠١ پێشی عیسا لە ئێرانەوە بەرەو شیمال هاتوون و ڕوویان کردۆتە لای دەریای ڕەش و لە ڕێگەی نێوان چیاکانی ڕەواندز تا دەگاتە دەرسیم و ئەرزنجان بە ناو گەلێکی زۆر ئازا و نەترسا تێپەڕیون کە ناویان کاردۆخ بووە. بێگومان کاردۆخ

١ - ئەم ژمارەیانە ئەگەڕێتەوە بۆ ٦٥ سالی پێش. ئەوی ئێستا تا ڕادەیەك ڕۆشنە، ژمارەی کوردی عیراقە: دەوری پێنج میلیۆن. ماجد

کورده و یۆنانی گۆڕیویانه. بەو پێیە وا بوو بە نزیکەی سێ هەزار ساڵ گەلی کورد لەو نیشتمانەدا دەژی و ڕەوشت و ئاکاری ئەو کۆنە باپیرانەی بۆ ماوەتەوە.

هێندێکی‌تر لە زانایان لایان وایە کورد تەنیا هەر ئەو کوردۆکیانە نەبوون، لەوانیش و لە یۆنایش لە مێژینەترن؛ چونکە لێکۆڵینەوەی زانستی تازە بابەت دەریخستووە کە لە سەرەتای تاریخەوە لەو چیا بەرزانەدا کە بە سەر ئاشوور و میدیایاندا دەڕوانێ، کەلێك بە ناوی گۆتۆ تیاندا ژیاوە و گۆتۆش بە مانا پاڵەوان و شەڕکەرە. ئاشۆریەکان کۆتۆیان بە کاردۆ یان کاردۆ گوتووە. استرابوون جوغرافی‌زانی پێشووش هەر ئەو ناوەی دەگەڵ باسی کارداسیسدا هێناوە. ئەگەر وەك گومانی لێ دەکرێ کاردۆکی توورانیش بووبێ، هەر لە سەرەتای تاریخەوە تێکەڵاوی ئاریەکانی دەوروبەری بووە و بووە بە لکێك لەو ئاریە هەرە کەونارایانەی کە ئاسەواری شارستانیەتیان زۆر لە ئاسەواری شارستانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیایی وەك شارستانیەتی ئاشۆری و حەیسی و سۆزی و عیلامی و بابلی پتر بووە.

گۆتۆ

وا دەردەکەوێ لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئاشۆراندا جۆرە سەربەستیەکی سیاسی پێکەوە نابێ؛ بەڵام لە پاش تێکچوونی نەینەوا، دەگەڵ میدیەکاندا بوونە یەك. ئەو میدیانەی باپیرانی ئەو کوردە شەڕکەر و ئازایە بوون و دەستیان گەیشتۆتە جەنووبیش و فارس و خۆزستانیان دەست بە سەر ڕاگرتووە. چونکە ئەو شارستانیەتەی لە کرماشان و هەمداندا هەبووە، تەواو لەو شارستانیەتە دەکا کە گۆتۆ لە شیمالدا لە کاردۆکیای دامەزراندووە و هەر وەك شارستانیەتەکەی میدیا و ئاشۆریانیش دەچێ.

ئاسەواری کەونارا وا نیشان دەدا کە وشەی گۆدەرز واتا گەورەی گۆتۆ. هۆزی کەلهوڕ خۆیان بە تۆرەمەی ئەو گۆدەرزە دەزانن. هەروەها گۆرانیش (کوردی عیراق و ئێران) لایان وایە بە ڕەسەن دەچنەوە سەر گۆدەرزی کوڕی گیو کە گیویش کوڕێکی هەبووە ناوی ڕەحام بووە و بەهمەنی کەیانی ناردوویە ئورشەلیمی پێ وێران کردووە و جوولەکەی بە دیل گرتوون و ئەو ڕەحامەیە کە عەرەبان بە بەختونەسری ناو دەبەن. ئەو ڕەحامە دوایی لە سەر تەختی پادشایی ڕۆنیشتووە و نەوە و نەتەوە

دەسەڵاتدارەکانی بە گۆران ناوبانگیان ڕۆیشتووە. لە نزیك قەسری شیرینەوە لە سەر هێندێك بەردی بێستوون هەڵکەندراوە:گیوی کوڕی گۆدەرز ڕاستەوە هەبووە.«بڕوانە گۆڤاری کۆمەڵی ئاسیایی٩-١١٤.»

جا بە هەرتك باران دا، گەلی کورد بە هەر چوار لکیەوە (کرمانج و کۆران و لوڕ و کەلوڕ) لەو گەلە ئاریە هەرە لە مێژینانەیە کە شارستانیەتی زۆر گەشەداریان لە بانوی ئێران و دەوروبەری دامەزراندووە و بە سەر هەموو هۆزە هاونەژادە ئاریەکانی پێشووی خۆیاندا زاڵ بوون. پاتەختیان ئەکباتانی لای کرماشان بووە و لە سەرچاوەی دەجلە و فوراتەوە تا خەلیجی فارس کەوتۆتە ژێر قەڵەمڕەویان. لە سەرانسەری ئەو ئیمپەراتۆریەدا زمانی کوردی زمانی کشتی بووە و ناوی پەهلەوی لێنراوە کە واتا زمانی پاڵەوانان و ئەمەش هەر مانای گۆتۆ و کاردۆ دەکرێتەوە. کوردی شانامەش هەر بە مانا ئازایە و چونکە بە درێژایی مێژوو لە هەموو کەس ئازاتر و گیانبازتر بوون ئەو ناوەیان بە سەردا براوە.

زمانی پەهلەوی ماکەی ئەم کوردەیەی ئێستایە کە بوەتە زاراوەی کرمانجی و گۆرانی و لوڕی و کەلوڕی. لوڕیش لەوانی‌تر لە پەهلەوی نزیکترە؛ چونکە لوڕ کەمتر تخوونی کلدان و ئاشۆران بوون. کەلوڕی و ئەوجار گۆرانی و لە پاشان کرمانجی زۆریان ئاشوری و کلدانی تێکەڵ بووە؛ چونکە هاوسای یەکتر بوون.

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە دژوارە، پوختەی نووسراوەی خاوەنی جوغرافیای *مەلتەبرون* دەخەینە بەرچاو، کە نزیکەی سەدەیەك لە مەوبەر لە سەر وشەی «ئێران، یەران» وەك شەرقی دەیلێن و «ئێریانە، ئاریانە» وەك ڕۆژاواییەکان ئەیدرکێنن، دەڕوا و باسی گۆڕانی زمانی خاوەن شارستانیەتەکانی گەورە دەکا.

دەڵێ: پێشینەکان ئاری و ئەسقوسی(تەتەر) و توران و ئێرانیشیان لێك هەڵداوارد؛ کە لە دیوارەکانی ئیستەخر ناوی ئاریانە نووسراوە. یۆنانەکانیش هەر ئەوەیان دەگوت؛ ئەڵبەت هێندێك لە زاناکانی یۆنان تەنیا بە ڕۆژهەڵاتی ئێران واتا بە خوراسان و ئەفغانیان دەگوت وڵاتی ئاریانە. بەڵام باوکی تاریخ -کە هیرۆدۆتە- لە سەر ئەوە سوورە کە ڕۆژهەڵات و خۆرنشینی ئێران هەمووی

مەڵبەندی ئاریانەیە و خەڵکی میدیاش بێگومان ئارین.

کۆنترین زمانی ئاریانە زەند و پەهلەوانە. زەند یان زەندئاویستا، زمانی پیرۆزی مەجووسان بووە و زمانی ئایینی کەونی ئێرانیانە و دەگەڵ زمانی سانسکریتیدا -کە زمانی پیرۆزی هیندۆکانە- خزمایەتی هەیە و زۆر وشەی ئەو دوو زمانە لە ڕیشەدا یەکتر دەگرنەوە.

زمانی پەهلەوی واتا زمانی پاڵەوان و شەڕکەران، خۆیا دەگا لە عیراقی عەجەم و میدیای گەورە و پەرت(فارس)دا زۆر بە برەو بووبێ و لە کۆشك و دیوانی پادشایانی بنیچەی سیرۆس (کوورش)دا، هەر زمانی پەهلەوی دە کار هێنراوە.

ئەگەرچی پەهلەوی گەلێك وشەی کلدان و ئاشۆرانیشی تێخزاوە، بەڵام هەر لە زووەوە کتێبی ئایینی مەجووسان لە زەندەوە کراوە بە پەهلەوی.

نووسینی دەورەی ساسانیانیش بە زمانی پەهلەوی هەر ماوەتەوە. ئەمەش بەڵگەیە کە لە زەمانی ساسانیانیشدا هەر زمانی دیوان بووە. بەڵام لە نێوانی ساڵانی ۲۱۱.ز تا ۶۳۲.ز وا دیارە خۆیان لە زمانی پەهلەوی نەبان کردووە و لە برەویان خستووە. لەو ساوە ڕوویان کردۆتە چیاکانی پارس و بە فەرمانی پادشا زمانی فارسی کراوە بە جێنشینی زەندە و پەهلەوی؛ چونکە لە هەردوکیان هاسان و ڕەوانتر بووە.

کاتێ کە عەرەب لە سەدەی حەوتەمدا دەستیان بەسەر ئێراندا گرت و دەوڵەتی فارسیان لەناو برد، زمانە فارسیەکەش لە برەو کەوت و ئەو وچانە تا ساڵانی ۹۷۷.ز خایاند. تا دەیلەمیەکان لێ بڕان کە زمانی کۆنی خۆیان تازە کەنەوە و برەو بە زمانی نەتەوایەتی بدەنەوە؛ فارسیەکەیان هەڵبژارد؛ کە لە خۆیان نزیکتر و لە کۆنەکان هاسانتر بوو. بەڵام فارسیش زۆر گۆڕابوو؛ گەلێك وشەی عەرەبی تێخزابوو. بوێژان و نووسەران تێکەوتن لە زەند و لە پەهلەوی (کوردی کەون) و لە فارسیە تێکەڵاوەکەیان، زاراوەیێکی هاسان و دەوڵەمەند و ڕەوانیان پێکەوە نا و ناویان نا فارسی تازە؛ کە ئێستا لە وڵاتی عەجەمدا باوە. فارسیە کەونەکەش لە سایەی شانامەی فیردەوسی و لە سۆنگەی کتێبی ئایینی ئاگرپەرستان مایەوە و لە ناو نەچوو. «بڕوانە: وتاری پەنجا و پێنجەم لە مەڕ ئاسیاوە، تەرجەمە عەرەبیەکەی ملتبرون، ڕووپەڕ ۱۲۱».

له پوختەی ئەم باسانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە گەلی کورد یەکێکە لە گەلانی ئێرانی هەرە کەونو شارستانیەتیەکی زۆر گەشەداری لە بانوی ئێرانی مەزندا دامەزراندووە و هەر لە «سەند»ەوە رۆژهەلاتی بە دەستەوە بووە و بەرەو خۆرنشینیش هاتووە و تا دەجلە و فوراتی داگرتووە. زمانە کوردیەکەشی -کە پەهلەوی (زمانی پالەوانان) بووە- لە هەموو ئیمپەراتۆریەتی پێشووی ئێراندا (ئەوەی ئەسکەندەری مەکدونی تێکی داوە) زمانی هەمووانی بووە. لە پاشان کە وردە پاشا هاتوونەتە سەرکار و لە مێژووی فارس بە رۆژگاری ئەشکانیان ناو دەبرێ، ئەوانیش سەرێك لە سەر سەرداری هەموو ئێران دەست و پەنجەیان لێك نەرم کردووە و دەگۆ یەکتر راچوون؛ تا لە ئەنجامدا پادشای مەڵبەندی فارس (شیراز) هەموو وردە پاشاکانی دەردەست کردووە و ئیمپەراتۆریەتی دووهەمی لە ئێراندا دامەزراندووە و ناوی ناوە ساسانی. وشەی فارس لەو ساوە دەگەڵ ئێراندا شان بە شان هاتووە و بە هەموو ئێرانی کەون و نوێیان وتووە و بەو بۆنەوە بە ئیمپەراتۆریە کوردی و پەهلەویەکەشیان هەر گوتووە فارسی.

گەلی فارس لەگەڵ ئەوەشا کە لە شارستانیەت و دەسەلاتداریدا زۆر خاوەن رەگە، بەلام لە چاو گەلی کوردی برای، تازەکارە و کورد زۆر لە مێژترەوە شارستانیەتی یەکەمی لە ئێراندا دامەزراندووە.

ئەو نووسراوانەی بۆ ئەم پێشەکیە و بۆ کەنارە و لێدوان دەربارەی *شەرەفنامە*وە لێم روانیوون ئەمانەن.

١- *مسالك الابصار* ٢- *التعريف بالمصطلح الشريف* ٣- *صبح الاعشى* ٤- *معجم البلدان* ٥- *مراصد الاطلاع* ٦- *قاموس الاعلام التركى* ٧- *ئەنسا کلوپیدیای ئینگلیس* ٨- *دائرة المعارف اسلامی بە فەرانسی* و چەند کتێبێکی تاریخی و جوغرافی تورکی و فارسی دیکەش و هێندێکیش یادداشت و گەرانی کوردانەی خۆمالی.

محەممەدعەلی عەونی

وەرگێری تورکی و فارسی لە دیوانی خاوەن شکۆ: پادشای میسر



کورد و کوردستان[1]

بەشی یەکەم: ڕەگەزی کورد

(۱)

نووسەرانی موسوڵمانی پێشوو، لە سەر ڕەگەزی کوردان پێك نەهاتوون؛ هێندێك دەڵێن لە عـەرەبانن و تەنانەت لەمەشدا یەکدەنگ نیـن! دەستەیەك بنەچەکەیان بە ڕەبیعەی کوڕی وائلی دادەنێن. کۆمەڵێك دەیاندەنە پاڵ موزەڕی کوڕی نزار و گوایە نەتەوەی کوردی کـوڕی مـوڕدی ڕۆڵـەی سەعـسەعەن و لـە هۆزی هەوازنن. بڕێکیشیان فەرموویانە وەچەی ڕەبیعە و موزەڕن. بـەڵام تێکـڕا لایـان وایـە هـەر لـە مێژووی زۆر دوورەوە، بە هـۆی زۆر شـەڕ و شـوڕەوە - کـە لـە نێـوان کوردەکـان و عـەرەبی بـەرەی غەسساندا ڕووی داوە- یا خود بە شوێن چایەران و لەوەڕ و پووش و پاوانان، هەڵوەدای بیابانان بوون و لە ناو چیا گیـرساونەوە و ئەو لە گـەل تەرەبوونـەیان و تێکـەڵ بوونیـان بـە نامۆیـان، بۆتـە مایـەی لەبیـرچوونی زمانە عارەبیەکەیان و خۆشیان زۆر بە زل دەزانن بۆیە فێری عەجەمی بوون.

مێژوونووسی موسوڵمانی وەهاش هەبووە کوردی کردۆتە تۆرەمەی جنـد و شـەیتان و گوتوویـە: «شەیتانێك لەو شەیتانانەی کە بە جەسەد بەناوبانگە و کۆیلەی ماڵی سولەیـمان بوو، لـە سولەیـمان هەڵگەڕاوە و دەری کرد و پەلاماری کەنیزە حیزەکـانی دا و جندۆکـەی تێـدا گورانـدن و کـاتێ خـودا سولەیـمانی سەر خستەوە، فەرمووی: ئەو داوێن تەڕانە ئاوارەی شاخ و کێوان کەن. کوردی ئێستا لـەو

۱- مامۆستا مـحەمەدعەلی عەونی شەرەفنامەی وەرگێڕاوەتە سەر زمـانی عـەرەبی و لـە سـاڵی ۱۹۵۸.ز لـە سـەر ئەرکی وەزارەتی پەروەرێن و فێرکردنی میسر لە چاپ دراوە و لە لایەن مێژوونووسی میسری مامۆستا یەحیا خەشابەوە ئەم پێشەکیەی بۆ نووسراوە.

کیژانە کەوتوونەوە پیژی شەیتانی ئاژاوەن.»[1]

(٢)

خاوەنەکەی *شەرەفنامە* -کە لە سەدەی یازدەی کۆچیدا کتێبەکەی خۆی نووسیوە- وتەی هێندێك نووسەرانی ڕاگوێزتووە کە ڕەگەزی گەلی کوردیان بە خەڵکی ئێران زانیوە و گوتوویانە: «کورد ئێرانین؛ بۆ مژی پارێزی خۆیان لە چنگ زەحاکی مار بە شان، داویانەتە کەژ و ڕازان و ڕەوەزیان کردۆتە زێد و زار و زیچیان خستۆتەوە و ناوی کوردیان لێ نراوە و کە زۆر بوون و لە کۆ جێیان نەبۆتەوە، بەرەو پێدەشتان خزیون.[2] خۆشی لای وایە وشەی کورد واتا ئازا. بۆ بەڵگەی ئەو ئازایەتیەش ناوی ڕوستەمی کوڕ زاڵ و بارام چوبینە و فەرهادی دڵدادەی شیرین و خێرەدین پاشای وەزیری ئورخانی عوسمانی دێنێ. بدلیسی میرانی جزیر دەباتەوە سەر خالیدی کوڕی وەلید و خانەدانی بدلیسیانیش بە نەوەی کیسرا دادەنێ.

(٣)

مینۆرسکی لە لای وایە کورد گەلێکی ئێرانیە و لە وڵاتانی فارس و قەوقاز و تورکیا و عیراق نیشتەجێن. زمان و مێژووشیان دەگەڵ گەلانی بانی ئێراندا لێك جیاواز نابێتەوە و ئەگەر بیچم و دیمەنیشیان لە یەك نەکا گرینگ نیە.

زۆر وێدەچێ ڕەگەزی کورد، لە ئاڵی ڕۆژهەڵاتەوە (خۆرنشینی ئێران)، بەرەو ڕۆژئاوا (کوردستانی ناوەندی) کۆچابن و بەر لەوانیش گەلانیتر لەو خۆرنشینەدا ژیابن و بە ناوی کاردۆ ناسرابن و دەگەڵ کوردە ئێرانیەکان لێك درابن.

سیرۆدانجن لە خوێندنەوەی ئاسەواری ئاشوورییاندا ناوی «کار-دا-کا»ی دیتووە و لای وایە

١- *مروج الذهب للمسعودی*، بەرگی ١، ڕووپەڕ ٣٠٧ و ٣٠٨، چاپی میسر، یەحیا خەشاب.

بە پێی فەرمایشتی مەسعوودی، کورد بەر و پشت ئەتڵەسن! هەژار

٢- مینۆرسکی لە *دائرة المعارفی ئیسلامیدا* دەڵێ: «هەموو ساڵێك لە ئێران لە ڕۆژی ٣١ اغطوسدا بۆ بیرەوەری نەمانی زەحاك جێژنێك دەگێڕێ کە «جێژنی کورد»ی پێ دەڵێن.

مەڵبەندێك بووە دراوسێی گەلی سۆ بووە. درایڤەر دەڵێ: سۆ جەنووبی گۆلی وانە. شەرەفخان دەڵێ: قەڵای سۆ لە نزیك شاری بدلیسە و لە پاش ئەوەش بە هەزار ساڵ تگلات پلیسر هیرش دەباتە سەر گەلی کورتی لە چیای ئازۆ. درایڤەر ئازۆ بە حەزۆی ئێستا (ساسۆن) دەزانێ. بەڵام «کورتی»یەکە تەواو دیار نیە! هیرۆدۆت لە سەدەی پێنجی پێش میلاد ئەو ناوە نابا؛ بەڵام گوتوویە: «مەڵبەندی سێزدە لە ئیمپەراتۆری ئەکمینی خراوەتە سەر ئەرمەنستان و ناوی بوختەیوخە. کە هێندێك ڕۆژهەڵاتناسان لایان وایە بوختان، بوهتانە.

گەزەنفۆن ٤٠١-٤٠٠ بەر لە میلاد ناوی گەلی کوردۆك دێنێ کە لە خاوەری (کنتریتس، بوختان) دەژی. هەر ئەم ناوە زۆر جاری دیش لەو شوێنانەی کەوتوونە لای ڕۆژئاوای دەجلە و چیای جودی، دەبیسرێ و مێژووناسان بە کوردۆئیـنیان ناسیوە. ئارامیەکان ئەو ناوچەیان ناو لێناوە حەوزی کاردۆ شاری جزیری ئێستاشیان گازارتای کاردۆ پێ وتووە.

شاری جزیر لە پێشوودا ئەرمەنیەکان ناوی کوردوزیان لێ نابوو؛ عەرەب کردیان بە بقردی. یاقووت لە زمان ئیبنوئەسیرەوە پێمان دەڵێ: بەقردا پاژی جزیری ئیبنوعومەرە. دوای ئیسلام بقرداشیان نەهێشتووە و لە کتێبە عەرەبیەکاندا جزیرەی ئیبنوعومەر (بووهتان) نووسراوە. مینۆرسکی لەو سەر باسە دەڕوا و دەڵێ: «کاردشۆی (نیشتمانی لە مێژینەی گەلی کاردۆ) نیشتمانی ئێستای کوردە و دەبێ ئەوەش بسەلمێنین کە وشەی کاردشۆی هەر کوردە و لە سەرەتای چەرخی بیستەمی ئێستاوە هەموو کەس لەو باوەڕەیە. کورد و خەلدیش هەر یەك ناون.

ریسك دەڵێ: «ناوی خەلدی و کورد و کوردیای لێك جیا نین.» دەربارەی زمانەکەشیان تۆژینەوەی پسپۆڕانی زۆر بە وردی خوێندۆتەوە و دەڵێ: «کورد بۆتە ناو بۆ گەلێکی ڕەگەز ئێرانی دوتۆوە؛ یان گەلێکە کە هاوسای ئێرانیان بووە؛ کە عەرەب هاتوونە ئێران، بیانی دەگەڵ ئێرانیاندا تێکەڵ بوون و حوکماتیشیان لە سەر کردوون.»

(٤)

سیدنی سمیت لە بارەی زمان و مێژووەوە پێشەکیەکی هێژای هەیە تیا دەڵێ: «لە مەڕ زمانی کوردەوە لە ڕۆژگاری تازەدا بیری زانایان گۆڕاوە و بە ڕیشاژۆی زمانی فارسی نازانن و لایان وایە

زمانێکی سەربەخۆیە و کەونارایە و گۆڕانی بە سەردا هاتووە و ناسك و ڕەوانتر بووە و کوردی لەو فارسیەش کۆنترە کە شوێنەواری دارایە.[1] زمانی کورد شەشسەد ساڵ بەر لە میلادیش هەر زمانێکی سەربەخۆ و خۆڕی بووە و لەو چاخەوە کە میدیەکان هاتوونە وڵاتی میدی و ئێرانی هاتوونە ئێران، گەلی کوردیش لە کوردستان دامەزراوە».

سیدنی سمیس -کە پسپۆڕی زمانە کەوناراکانە- لە لای وایە کوردی و فارسی لێك جیان و فڕیان بە یەکەوە نیە و لاشی وایە کە پاش ساڵی ٦٥٠ی پێش میلاد، کورد هاتوونە کوردستان و بەڵگەشی ئەو ئاسەوارەی ئاشووریانە کە بەر لەوە ناوی کوردیان تێدا نیە.

(٥)

سافراستیان لە دائرةالمعارفی بریتانی بەرگی ساڵی ١٩٤٤دا دەڵێ: «بەر لە ئیسلام هیچ وەختێ کورد سەری بۆ کەس نەچەماندووە و لە دەورانی ئەکمینیدا تەواو بوونە شاری نەژاد و ئەوسا وەکو ستاریەکان شەڕکەریان بۆ دەوڵەت دەنارد و پارێزگاری ئاگردانی زەردەشتیانیش هەر خۆیان بوون.

(٦)

ئەمین زەکی بۆ ئەو باسە دوورتر دەڕوا و دەڵێ: «کوردستان یەکەم نیشتمانی دووەم بنچینەی مرۆڤە و گەلان بە هۆی کارەسات و ڕووداوی کۆن لەوێوە ئاوارە بوون و لە هەندەران نیشتەجێ بوون. هەر لە سەرەتای مێژوودا چیای زاگرۆس نیشتمانی گەلەکانی لولو و گۆتی و خالدی (کالدی) و سوبارو (هوری) بووە. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو مەڵبەندەش عیلام ژیاون. جگە لە گەلی عیلامی، ئەو گەلانە بنەچەکەی هەرە کەونی گەلی کوردن».

لەمەڕ «میدی» چەرخی نۆهەمی پێش میلاد ئەو لای وایە: «میدیەکان هیند و ئەورووپین و لە وڵاتی «باختریانە»ی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەوقازڕا بەرەو ڕۆژاوی باکووری بانوی ئێران واتا: وڵاتی میدیا بزوتوون و ئەمە زۆر ڕاستە کە دەڵێن: میدی ئەو هۆزە کوردانەن لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشووریەکاندا نیشتەجێن. میدی بە ڕەگەز ئارین و زمانیان لە زمانەکانی هیند و ئەورووپی بەشێکە و هەر زمانی کوردی کۆنەیان ئەو بنچینەی ئەمە بووە و هەر وەك گەلی پەرتی و فارس کە تێکەڵ بوون، پەرتی پەرت و بڵاو بوونە، میدیەکانیش کە کەوتوونە ناو فارسەوە بە مەرەدی ئەوان چوونە».

١- Early Histry of Assyria.

ئەمیــن زەکی پلارێ دە سیدنی سـمیسی دەگرێ کـە گوتوویـە: «بـەر لـە سـاڵی ٦٥٠ی پـێش میلاد، ناوی کوردان لە شوێنەواری ئاشووریان دیـاری نیـە.» بەڵگـەی تۆژینـەوەی «هـۆل»ە کـە لـە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا درکاندوویە: «سێهەم خونکاری ئاشووری کە ئاداد(نیـراری) بـووە، ٨١٢ی پێش میلاد پەلاماری هۆزەکانی کوردی لای باکووری داوە». بەوەدا باش دەردەکەوێ کە گـەلی کـورد لە ٦٥٠یەکە زۆر کۆنترە».

پاشان دەڵێ: «خوا کوردەکان قەوقازی بن و لە پاش کۆچ و کۆچـباری زۆر لـە چـەرخی نۆیـەم و هەشتەمی پێش میلادا بووبنە ئاری –وەك هێندێك خاوەرناس دەڵێن- خوا هەر ئاری حەسڵ بـووبن و ڕاست هیند و ئەورووپایی بن- وەك زۆر مێژوونووس دەینووسـن -ئـەوی بێگومـان سـۆیە بیـروبڕوای ئەوانەیە کە ڕەگەز و ڕەسەنی کورد زۆر بە کەونارا دەزانن و لایان وایە زۆر بـە ڕەگـە. دەگـەڵ هێمـان پێویستمان بە زۆر بەڵگەیتریش هەیە کە بۆمانی ڕوون کەنەوە. دەگەڵ ئـەوەش مـن لام وایـە ئـەوەی دەڵێن کوردان لە چـەرخی حەوتـەمی بـەر لـە مـیلاد هاتوونـە کوردسـتانەوە، بـە سەرچـوون و تێـی نەگەیون.».

جا بۆ بەڵگەی ئەم داوایەش ئاوا دەڵێ: «ئەو نـاوە لێـك جیایانـەی کـە لـە گـەلی کـورد نـراون نایگەیێنێ کە چەند گەلی جیاواز بووبن. ئاڵوگۆڕی باری ژیان پێشچوون و گەشەکردنی ناو گۆڕانی بـە شوێندا دێ. بەڵگەش قسەی سپایزەرە کە گوتوویە: گۆڕانی ناو و ناتۆرە لە ناو هەمموو گەلان زۆرە؛ بـۆ نـموونە: کاسی وەرگەڕا بۆ: کاسای، کۆسـی، کاشـشو، کۆشـی و هـەروەها لولـو کردیانـە: لولوبـوم، لوللومی و نوللو.»

ئەو ناوی لە کورد نراون و هێندێك بە ڕواڵەت لێك جیان، ڕۆژهەڵاتناس لایان وایە لـە بنـچینەدا هەر یەك ناون. جا یان بە هەمموو کورد گوتراون یان ناوی تیـرە و هۆزانن کە کوردیان لێ پێکهـاتووە و ئێستاش هەر هۆزەی سەربەخۆ ناوێکی تایبەتی هەیە. لە ڕۆژگاری کەونارادا ناوی کـورد بـەم چەشـنە بووگە:

لای سۆمەریەکان: گۆتی، جۆتی، جوودی.

لای ئاشووریەکان: گۆتی، کوتی، کورتی، کارتی، کاردۆ، کارداکا، کاردان، کارکتان، کارداك.

لای ئێرانیەکان: کورتیوی، سیـرتی، کوردراها.

لای ڕۆمانی و یۆنانی: کاردوسۆی، کاردخۆی، کاردۆك، کەردۆکی، کەردۆخی.

لای ئەرمەنان: کوردۆئیـــن، کورچیخ، کورتیخ، کەرخی، کورخی.

لای عەرەبان: کوردی، کاردۆی، باقاردا، کارتاویە، جوردی، جودی.»

ئەمیـن زەکی لە بڕانەوەی باسەکەیدا، خۆی لای وایە کە دەربارەی سەرچـاوەی ڕەگـەزی کـوردان بەڵگەی وا دەست نەکەوتووە کە تەواو لێی پشت ئەستوور بیـن.

بەشی دووهەم

کوردستان لە سەرەتای ئیسلامەوە هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی

(١)

هەر لەو ساوە کە عەرەبان خاکی فارس و ڕۆمانیان گرت، مێژووی کوردیش لەوە دەرچوو مێژووی کەونی بۆ بڕوانی و بۆ زمانەکەی کەونارا بپشکنی. هەر لە سایەی کتێبی مێژووی ئیسلامی، مێژووی کوردیش شی کراوە و ڕوون و ڕەوان باسی کراوە!

کوردان زۆر شانازی دەکەن کە هەواڵێکی پێغەمبەر ناوی گابانی کورد بووە. کوڕی گابان -کە مەیموون ئەبووبەسیر[1] بووە- لە لای کورد زۆر خۆشەویستە. گابان وەك سەلمان فارسی -کە فارس خۆی پێ ڕادەنێن- زۆر لە پێغەمبەر نزیك و فەرموودەکانی لەبەر بوون. لە چەرخەکانی سەرەتای دەوڵەتی خاوەری ئیسلام، نێوی کورد لە زۆر شوێناندا دێتە بەر چاو. ساڵی ٢٢٤.ك (٨٣٩.ز) بە سەرکردەیی سەرداریان جەعفەری کوڕی فەهرجس لە لای مووسڵ شۆڕشێکیان دژی موعتەسم عەبباسی هەڵگیرساند و والی مووسڵیان وەدەر نا و خەلیفە چاری ناچار بوو لەشکرێکی یەکجار زۆری بە سەرکردەیی ئیتاخ ناو نارده سەریان و جەعفەر کوژرا و کوردەکان قەڵاچۆ کران و ساف لە سافیش تاڵان کران.[2]

ساڵی ٢٥٢.ك (٨٦٦.ز) کە مساور دەگژ والی مووسڵ ڕاچوو، کورد هاوکاری مساور بوون. شۆڕشی زەنج و سەففاری -کە دژی بەغدا دەجەنگین- کورد یاریدەی شۆڕشیان کرد. یەعقووبی لەیسی سەففاری لە پاداشتی ئازایەتی، ئەهوازی دا بە محەممەد کوڕی عوبەیدوڵڵا کوڕی هەزار مەرد؛ بەڵام محەممەد دەیەویست هەر بۆ خۆی هەمەکارە بێ. ئەبووهەیجا کوڕحەمەدان تازە ببووە والی مووسڵ، هاواریان بۆ هێنا و گوتیان: محەممەد کوڕی بیلال و کوردەکانی هەزەبانی دەوری نەینەوایان داوە و هەر کوردەکان پێنج هەزارن. ئەبووهەیجا لە مەعرویە -کە لە سەر چۆمی خازرە- چووە جەستەیان و لە شەڕدا لەبەر کورد شکا و هاتەوە مووسڵ و دووبارە خۆی بۆ شەڕ ساز کردەوە؛

١- کورد و کوردستانی ئەمین زەکی کە ئەویش لە تەفسیری *روح المعانی* ئالوسی ڕاگوێزتووە.یەحیا خەشاب

٢- ئیبنوئەسیر، ڕووداوەکانی ساڵی ٢٢٤.

به لەشکرێکی زۆرەوە چووە سەریان. محەممەد کەوتە تەنگانە و داوای شەڕ وێستانی کرد و بەڵێنی دا کوڕەکانی خۆی دە گرۆ دانێ و خۆیشی بدا بە دەستەوە. کە چوو کوڕانی بنێرێ، کوردەکانی خۆی تێگەیاند کە بچنە ئازربایجان و خۆ ڕزگار کەن. ئەبووهەیجا کە تێگەیشت محەممەد فریوی داوە، خۆی گەیاندنێ و دەوری گرتن. دەورە درا و کە زانیان دەرەتان نەما، هاتنە بەر داڵدەی دوژمن و ئەبووهەیجاش عافووی کردن و منداڵ و ماڵی کوردانی -کە بردبوون- وێی دانەوە. لە پاشان کوردی حەمیدی و کوردەکانی چیای داسن هاتنە پەنای ئەبووهەیجا و شەڕ و ئاژاوە داکوژا.[1]

وەك ئیبن مسکویە ٣٣٧.ك (٩٤٣.ز) دەڵێ: حوسێن حەمەدانی هێرشی کردە سەر ئازربایجان و دەگەڵ مەزنی هۆزی کوردی هەزەبانی پەیمانی دۆستایەتی بەست و مەڵبەندی سەڵماسیشی گرت.

وەکو *تارێخی بەیهەقی* و چەند مێژوونووسی دیش دەڵێن: غەزنەویەکان بەشی زۆری لەشکرەکەیان هەر کورد بوون. لە ڕاستیشدا کورد هەمیشە بە ئازا و بوێر و شەڕکەر بە ناوبانگ بوون.

بدلیسی هەتا تاریخی ١٠٠٥ باسی بنەماڵەی کوردان دەکا.

(٢)

بەشی ڕۆژئاوای مەڵبەندی ناو چیا (اقلیم الجبال) بە کوردستان ناو براوە.[2] مستوفی دەڵێ: لە دەوری نیوەی سەدەی شەشی کۆچی، سوڵتان سەنجەری سەلجووقی ٥١١.ك (٥٥٥.ز) ئەو ناو چیایەی لە کرماشان جیا کردەوە و ناوی کوردستانی لێ نا و سولەیمانشای برازای خۆی لە سەر دانا. باج و پیتاکی کوردستان ئەو ڕۆژگارە دوو ملیۆن دیناری زێڕ بوو.[3]

*«مروج و الذهب»*ی مەسعوودی، ٣٣٢.ك (٩٤٣.ز) ناوی چەند هۆزی کورد دێنێ:

شاهجان: لە لای دینەوەر و هەمەدان.

ماجوردان: لە کەنگاوەر.

١- لوسترانگ، *بلدان الخلافه الشرقیه*، تەرجەمەی بشیر فرنسیس و کورکیس عواد، ل ١٨.

٢- مینۆرسکی، *دائرة المعارف الاسلامیة*، *خلاصه تاریخ کوردستان* ٣٧٤، ٣٧٥. *بلدان الخلافة الشرقیة*، ٢١٦، ٢١٧. یەحیا خەشاب

٣- هەر ئەو سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧-٢٢٨.

هەزەبانی و برات: لە ئازەربایـجان.

شادنـجان، لازیا، مادنـجان، مازدەنکان، باریسان، جەلالی، جەبارقی، جـاوانی[1]، موسـتەکانی: ئەوانە لە ناو چیا دەژیـن.

دەبابلاّ: لە شام دەژین

کوردە مەسیحیەکانیش وەك تیـرەی یەعقووبی (جورقان) لە لای مووسڵ و چیای جـودین. هـەر مەسعوودی لـە کتـێبی *التنبیـه والارشـاد*، رووپـەڕ ۸۸-۹۱دا هـۆزی بازنــجانی کـورد نـاو دەبـا. ئیستەخری (۹۱۵/۳٤۰) لە لاپەڕە ۱۱٥ی کتێبەکەیدا ناوی ئەو هۆزانە دێـنێ: ناشـاویرا، بوزیکـان، کیکان. دەشڵێ: لە لای مەرعیش دەژیـن. لـە لاپـەڕەی ۲۸۲شـدا هێنـدێك مەڵبەنـدی کوردنـشیـن ناونووس دەکا؛ وەکو: فارس، سەجستان، خوراسان (گوندێکە لای ئەسەداباد) ئیسفەهان -جگـە لـەوە کە بازێڕێکی گەورەیە و بە شاری کوردان ناسراوە[2]- ناوی تیـرەیەکی کوردی سەر بە هۆزی بازنـجانە.

نیاز لە ناو چیا: الـجبال، ماهی کوفە و ماهی بەسرە و ماسەبەدان (ماسەبەدان) و هەمـەدان و شارەزوور و دەور و بەری داراباد و سەمەغان و زیـمکان و ئازربایـجان و ئەرمەنستان بووە و لە دویـن یان توین -کە پێشوو ناوی دبیڵ بووە و لە سەر چەمی ڕس هەڵکەوتووە- کوردان خانووی بـە بـەرد و خـشتی کاڵیـان لـێ سـاز داوە. مەقدەسـی دەڵـێ: «کوردەکـانی سـەر چـەمی ڕس بەشـی زۆریـەیان مەسیحیـن». هەروەها ئەرانیش کوردە و یـەك لـە دەروازەی بەرزەعـە بـە دەروازەی کـورد دەناسـرا. مسکویە دەڵێ: «حاکمی ئەران ساڵی ۳۳۲ك (۱۰٤۲ز) -کە ڕووس پەلاماریان دابـوو- هیمـدادی لـە کوردەکان خواست.»

بیلقان و باب الابواب (دەربەند) و جزیرە و شام و سغوور (سەرحەدان) کوردیان لێیە.

ئیستەخری باسی پێنج مەڵبەندی کوردنشیـن دەکا کە لە فارس دان[3] و هەر کۆمەڵە کوردێك لەو

۱- بۆ باسی جاوانی بڕوانە *نامیلکەی دکتۆر مستەفا جەواد: «جابان، القبیلة المنسیة الکردیة»* کە مامۆسـتا هـەژار کردویەتە کوردی بە ناوی «*هۆزی لەبیرکراوی گاوان*» و کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ۱۹۷۱.ز لەچاپی داون. ماجد

۲- *الیعقوبی*، ل ۲۷۵ ئیستەخری، ل ۱۲٥. یەحیا خەشاب

۳- ئەو شوێنانەی کە کوردی لێ بوون «ڕم»یان پێ دەگوتن. *دائرة الـمعارف اسلامی*، وتاری مینۆرسکی، *مفاتیح‌العلوم* خوارەزمی، بەندی حەوتەم. یەحیا خەشاب

مەڵبەندانە پاتەخت و سەرداری خۆیان هەیە و پیتاکی خۆی دەدەنێ و ئەویش دەیانپارێزێ. ئەو پێنج مەڵبەندەش بریتیین لە:

١- جیلویە: لە نێوان ئیسفەهان و خۆزستاندا.

٢- لەوەلیجان: لە نێوان شیراز و خەلیجی فارسدا.

٣- دیوان: لە ناوچەی سابوور (شاپوور).

٤- کاریان: لە لای کرمان.

٥- شەهریار: لە لای ئیسفەهانە و بازنجانیشی پێ دەڵێن؛ لە بەر ئەو هۆزە کوردەی کە بەو ناوەن و هێندێکیان ڕاگوێزراونە ئیسفەهان.

لە پاشان هەر ئیستەخری باسی سیوسێ تیرەی کورد دەکا کە لە فارس دان و ناوی ئەوانەی لە *دیوانی صدقاتدا* دەرێناوە؛ ئەوانیش ئەمانەن:

کرمانی، ڕامانی، مودەسەر، محەمەد بن بەشەر و بقیلی. مەقدەسی دەڵێ: ثعلبی، بوندامەهری، محەمەد بن ئیسحاق، سەباهی، ئیسحاقی، ئەدورکانی، شەهراکی، تەهمادانی، زەبادی، شەهرەوی، بونداده‌کی، خوسرەوی، زەنجی، سەفەری، شەهیاری، میهرکی، موبارکی، ئیشتامەهری، شاهونی، فوراتی، سەلمونی، سیری، ئازادختی، بەرازدوختی، موتەللەبی، مەمالی، شاهکانی، کجتی، جەلیلی.

ئەو هۆزانە هەموویان کۆچەر و دەوارنشین بوون و ژمارەیان پێنج سەدهەزار خێزان بوو. جگە لەوانەش ئیستەخری لە کوردەکانی ناو فارس ناوی هۆزی لوریش دێنێ. ابن البلخی ٥٠٠ك (١١٠٧ز) دەڵێ: «کابرایەك بە ناوی عەلەك لەو کوردانە ببووە ئیسلام؛ ئێستاش وەچەی لە وڵاتی فارسدا ماون؛ بەڵام کوردەکانی دیکە کە لە وڵاتی فارس دەژیان، لە کەوشەنی ئیسفەهان بوون و عضدالدولە ڕایگوێزتوون». ابن البلخی[1] بە تایبەتی لە مەڕ کوردی شوانکارەوە دەدوێ و دەڵێ: «هێزێکی زۆر گەورە بوون و لە دەورانی بویەهیەکان بەناوبانگ بوون.»

ڕامانی -کەوا ئیستەخری باسیان دەکا- لکی هۆزی شوانکارە بوون. *شەرەفنامە* هیچ باسی

١- *فارسنامە*، ل ١٦٨.

شوانکاره ناکا! ئەمە بۆمانی دەردەخا کوردەکانی ناوچەی فارس دەگەڵ کوردی کوردستان (شول، لـور) لێك جیاوازن. بەڵام زۆزان (هاوینەوار) -کە بـە گـشتی بـە کوردسـتانیان گوتـووە- هێـشتا زۆر ڕوون نەبۆتەوە.

یاقووت لە معجم دا[1] دەڵێ: «زۆزان وڵاتێکی جوانە و لە نێوانی چیاکانی ئەرمەنستان و ئەخلات و ئازربایـجان و دیاربەکر و مووسڵ هەڵکەوتووە. دانیشتووەکانی ئەرمەنن و کەلێك هـۆزە کوردیـشی لێن.

یاقووت لە زمان ئەسیـرەوە ڕایگوێزتووە: «زۆزان مەڵبەندێ هەراوە و لە ڕۆژهەڵاتی دەجلەوە تـا جزیرەی عومەرە و سنوورەکەی لە دوو ڕۆژەڕێی مووسڵەوە دەس پێدەکا و ئەخلاتیش وە بەر خۆ دەدا و لە سەڵماسی ئازربایـجان کۆتایی دێت؛ هەمووش بـە دەسـت کوردەکـانی بەشـنەوییە و بەختیەوەیـە. قەڵای برقە و قەڵای بەشیـر لە دەست بەشنەویەکاندایە و قەڵاکانی جورزەقیـل و ئاتیـل و عـەللوس و بازی سوور، هی بەختیانە و جورزەقیل پایتەختیانە و جێ و ڕێـی هـەرە سـەختیانە. قـەڵای ئـەلقی و ئەروەخ و باخۆخە و بەرخۆ و کینکور و نێروە و خەوشەب هی خاوەنەکانی مووسڵن.

قلقشندی لە *صبح‌الاعشی*[2]دا دەڵێ: *مسالك الابـصار*[3] دەڵـێ: «ئەگەرچـی کـورد زۆر ڕەگـەزیان کەوتوونە ناو، بەڵام ڕەسەنێ سەربەخۆن و هاوسای عیراق و عەرەبن و زۆر نەچوونەتە ناو فارس. کـورد لە شام و یەمەنیش هەن و لە زۆر شوێنیتریش دەژیـن و ئاپۆرەیـان زۆر لـە دەورەی خـاکی عەجـەم و عیراقە». لە مەڕ وڵاتی کێواتیش ئاوا دەڵێ: «نیاز لە کێوات ئەو کەژانەن کە لەمپـەرن. هۆزەکانیـان هەرچی باشم نەناسیبێ ناوم نەبرد و لەوانیشدا ناوی پادشا و ئەمیـرەکانـم باس کردوون. لـە چـیاکانی هەمەدان ڕا دەست پێدەکەین و بە شارەزوور و هەولێردا دێینە دەوروبەری مووسڵ و لـە جزیـرە دێینـە سەر دەجلە و ئەو بەر دەجلەی بەرەو فوڕات گوێ نادەینێ -چونکە لامان گرنگ نیە- ئیتـر جگـە لـە کوردەکانی جزیرە و کوردی گوندەکانی ماردین چیتـر نیە.»[4]

١- *معجم‌البلدان*، ب ٤، ل ٤١٥، چاپی میسر.

٢- *صبح‌الاعشی*، پاژی ٤، ل ٣٧٣-٣٧٩. یەحیا خەشاب

٣- هی «فضل‌الله العمري»یە. یەحیا خەشاب

٤- ئەم نەخشەکێشانەی «قلقشندی» دەڵێ بۆ تێلگراف کردن نووسراوە! هەژار

قلقشندی ٨١٤ك (١٤١١ز) هۆزەکانی لور و شول و شـوانکارەش نـاو دەبـا و دەڵـێ: «لـوڕ دوو تیـرەن: لوڕی گەورە و لوڕی پچووك؛ یەکجار زۆرن و زۆریشیان بڵاو بوونەوە و پادشا و میـری خۆیـان هەیە و بەشی زۆریان لە وڵاتی میسر و شامێن و شامیەکانیشیان زۆرترن و زۆریش ئازا و گفت ڕاست و شایی بەخۆن. هۆزی شول وەکو شوانکارەن، لە ئاوەزدا بەرانبـەرن و دەسـت و دڵواز و بەخـشندەن و پەنادەری هەژاران و بەخێوکەری ڕێبوارانن؛ بەڵام بە گـژ یەکـدا دەچـن و پەیـمان هەڵدەوەشـێننەوە و خوێنی یەکتـری دەڕێژن. شوانکارەکان لە لوڕەکان ڕەوشت پاکتـر و چاکتـرن و خاوەنی گفتی خۆیانن و خودان باوەر و ئیمانن.»

خێوی *مـسالك الابـصار* دەربـارەی «اقلیم‌الـجبال» دەڵـێ: «کەوشـەنەکەی سـەر زنـجیـرەی کێوەکانی هەمەدان و شارەزوورە و لە کن شورە قەڵاکانی کافرەکانی وڵاتی تکفور دوایی دێت. تکفـور مەملەکەتی سیسە و ئەو شوێنەشە کە سەربەوێ لە دەست ماڵی لاون دایە.»

ئەوسا باسی بیست شوێن دەکا کە هەر شوێنەی هۆزە کوردێکی لێ هەیە:

١- ماهیدەشت: لە کێواتی هەمەدان و شارەزوورە و کوردی گۆرانی لێ دەژین.

٢- دەرەتەنگ: ئەویش هەر هی گۆرانانە و میـری سەربەخۆیان هەیە و هەر دوو لا لەو گۆرانانە پێنج هەزار پیاوێکیان هەیە.

٣- داتسرك و نەهاوەندیش تا دێتە نزیك شارەزوور، جێگەی هۆزی کەلالییە و بە کۆمەڵی شـێر ناسراون؛ هەزار شەڕکەرێکیان هەیە و دەستیان لە سەر کوردەکانی هاوساش دەڕوا.

٤- لە نزیك هۆزی گەلاڵی و لە کێوەکانی هەمەدان کوردی زەنکلی[1] نیشتەجێن.

٥- دەوروبەری شارەزووری، زێدی دوو هـۆزە کوردانـە کـە ناویـان لوسـە و بابرییـە؛ لـە پـاش هەراکەی بەغدایە لەوێ دەرچوون و ڕوویان کردە میسر و شام و هۆزی «خولە» یان «خولسە» هاتۆتـە مەڵبەندەکەیان و تەواو کوردی ڕەسەنیش نیـن.

٦- شوێنێك لە دۆژ شارەزوور و شنۆی ئازەربایـجانە، هۆزی سیولی لێ دەژین.

٧- ئالیشتـر[1] هۆزی قرتاوی (کرتاوی) لەوێن و چەند جێی دیشیان لە وڵاتی هەولێرێ هەیە.

١- مـحەمەدعەلی عەونی لای وایە: زەنگنەیە و تێکچووە. یەحیا خەشاب

٨- ناوچەی کرکار، هۆزی حسنانی (خۆشناو)ی لێیە و ئەو هـۆزەش بوونـە سـێ تیـرە: عیـسا شەهابەدینی، تلی و جاکی.

٩- دەربەندی (قرابلی)، جێکەی هۆزی قریاوییە؛ پاسانەی دەربەنـدیان هەیـە و خێـوی دەربەنـد دۆستی سولّتانی میسرە.

١٠- کرحیـن و دقوق الناقە[٢]، نیوان کەرکوك و تاوغە. بە فەرموودەی مینۆرسکی شوێنی هۆزی تیـرکارینە.

١١- ناو دوو چیای سەر بە هەولێر، ئـەو کـوردەی لـێن کـە دۆسـت و ناشـنای میـسر بـوون و تەتەریشیان نەڕەنـجاندن.

١٢- مازنـجان، بیـروە، نـجمە، ناوچەی سوران: مازنـجانی -کە سەر بە هۆزی حەمیدین- لەو ناوە دان.

١٣- ناوچـەی سـوران، شـەقلاوە و خـەفتیان ئـەبوو عـەلی (خـەفتیانی چـووك) بـە دەشـت دەربەندیشەوە -کە لەو بەینەن- هۆزی سۆرانی تێدایە.[٣]

١٤- ملازکرد و ڕستاق[٤] شوێنی هۆزی زرزارییە[٥] و دەڵێن عەجەم بوون، بوونە کورد.

١٥- جۆڵەمێرگ، جۆڵەمێرگی لێ نیشتەجێن. دەڵێن عەرەب بوون بوونە کورد؛ پادشـاکەیان لـە لای کوردان زۆر بە ڕێزە و باج دەستێنێ و پێی دەڵێن خێوی جۆڵەمێرگ.

١٦- مەرگەوەڕ: کوردەکانی وێ دەگەڵ کوردی جۆڵەمێرگی هاوپەیـمانن.

١٧- کوار لای ڕۆژاوای جۆڵەمێرگە و هاوکەوشەنن و ئەو کوردانەی لەوێ دەژین هەر بـە کـواری ناو دەبرێن.

١- بلدان الـخلافە الشرقیە: ل ٢٢٨-٢٢٩. یەحیا خەشاب

٢- بلدان الـخلافە الشرقیە: ل ٢٢٨-٢٢٩. یەحیا خەشاب

٣- شەقلاوە، هەودیان، وێدەچێ دەربەندەکە گەلیعەلیبەگ و دەشتەکەشی دەشتی حەریر بێ. هەژار

٤- مەلازگرد، ڕۆست.

٥- لە *مسالك*دا دەڵێ: زرزاری بە زمانی عەجەمی بێچوە گورگە. *خلاصـة التـاریخ الکـرد*، ل ٣٨٥، پـەراوێزی عـەلی عەونی.

۱۸- ناوچەی دینار: کوردی دیناری لێ دەژین.

۱۹- عیمادیە و قەڵای هرور جێگەی کوردی هەکاریە.

۲۰- قمرانیە و کەهف داوود، مەڵبەندی هۆزی تنبکی و بستیکییە.[1] دیسان هەر خێوی *مسالك* باسی بوختی و سندی و ڕاسنی و دونبولی دەکا و دەڵێ دونبولیەکان خەڵك پێیان دەڵێن زازا (ظاظا) و بە خۆ دەڵێن دملی (دونبولی).

خاوەنی کتێبی *التثقیف* ناوی بیست و پێنج مەڵبەند و هۆزی کوردانی نووسیوە کە ڕۆژی خۆی لە دەفتەری دیوانی میسری ڕاگوێزتوون.[2]

مینۆرسکی لە وتارێك کە دەربارەی کوردەکانی لای ڕۆژهەڵاتی ئێرانێ نووسیویەتی، دەری دەخا کە لە مەڵبەندی قەرەباغ لە قەفقازێ، بیست و چوار هۆزە کورد هەیە و دوو هۆزی گل و زەنگەنەش لە خوراسانێدا دەژیان و هۆزی جیگان لە گورجستان نیشتەجێ بوون.

ابن خلدون لە مێژووەکەی خۆیدا دەڵێ: «دوو هۆزی کورد لە وڵاتی جزایر دەژین، ناویان لاوین و بادینە.»


(۳)

شەرەفنامەی بدلیسی ۱۰۰۵.ك (۱۵۹٦.ز) وای ڕاگەیاندووە کە کورد لە باری کۆمەڵایەتی و زاراوەوە دەبنە چوار بەش: کرمانج و لوڕ و کەلهوڕ و گۆران. دەشڵێ سنووری کوردستان بە خەتێ ڕاست لە سەر خەلیجی فارسەوە تا بڕانەوەی مەلاتیا و مەرعەش دەچێ. ئالی باکووری ئەم خەتە وڵاتانی فارس و عیراقی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستانی گچکە و ئەرمەنستانی گەورەیە. باشووریش عیراقی عەرەب و ناوچەکانی مووسڵ و دیاربەکرە.

پادشایان و میرانی ئازای کوردستان بە ناوی هۆزیان ناسراون. وەك: هەکاری و سۆری و بابانی و ئەردەڵان. هێندێکیشیان ناویان وێڕای شار و قەڵاکانیان هاتوون. وەك: میرانی، حەسەنکێف و بدلیس و جزیر و حەزۆ و ئەگیل و هیتریش.

۱- دائرة المعارف الاسلامیة مینۆرسکی. یەحیا خەشاب

۲- *خلاصه تاریخ کرد و کردستان*، ل ۳۸۰.



نەخشەی کوردستان لە زەمانی شەرەفخاندا

فەرمانڕەواکانی کوردان، لە لای بدلیسی چوار دەستەن:

١- سەربەخۆکان کە مێژوونووس ناویان بە پادشا نووسیون.

٢- ئەوەی تەواو سەربەست نەبوون، بەڵام دراویان لە سکە داوە و لە خودبە ناویان وەخوێندوون.

٣- فەرمانڕەوای کوردستانێ.

٤- فەرمانڕەوایانی بدلیس.

دەستەی یەکەم:

دەوڵەتەکانی مەروانی، حەسنەوی، لوڕی مەزن، فضلوی، لوڕی بچووک، ئەیوبییەکان؛ کە پادشای میسر و شامێ بوون. دەشڵێ شادی کوڕی مەڕوان باپیری سەلاحەدینی کوردی ڕەوەندی دوین بوو لە سەر شەڕی سەلیبیانیش زۆر دواوە.

دەستەی دووەم:

ڕەسەنی ئەردەڵانیەکان دەباتەوە سەر ئەحمەدی کوڕی مەڕوان و لە بابە ئەردەڵان دەدوێ و دەڵێ زۆر لە ناو گۆرانان ژیاوە و لە پاشان شارەزووری گرت و ناوی یەکێ لە شاهانی ساسانیشی لە خۆ ناوە. حەمدوڵڵا مستەوفی خێوی *تاریخ گزیدە* دەڵێ: «هەمیشە کورد حوکمی شارەزووریان دەکرد؛ زۆرانبازی زۆرداران بوو. کێ لە گشتان زۆردارتر با، شارەزووری بۆ خۆی دەبرد.»

ئەردەڵانی لە ناو عوسمانی و سەفەوی دابەش ببوون. شەرەفخان لە کتێبەکەیدا بۆ سەفەویان هەر ناوی قزڵباش دەڵێ[1]. سورخابی ئەوەی ئەردەڵان ببووە دۆستی شاتۆماسبی سەفەوی (٩٣٠-١٥٢٤/٩٨٤-١٥٧٦) و بە تکای ئەو لە براکەی خۆش بوو؛ کە دژی ئەو ببووە دۆستی سوڵتان سولەیمان قانونی (٩٢٦-١٥١٩/٩٧٤-٢٠-١٥٦٦). ئەردەڵان ببووە مەیدانی شەڕ و هەرای نێوان ئێرانی و عوسمانی. تا لە ئەنجامدا هەڵۆخان چووە ژێر ئاڵای سوڵتان مرادی عوسمانی و دەگەڵ

١- قزڵباش پاشماوەی ئەو دیلانە بوون کە تەیموورلەنگ بە شێخ حەیدەری ئەسپاردن؛ بۆ ئەوەی بناسرێنەوە کڵاوی سووریان لە سەر بوو. لە دوارۆژدا قزڵباشی تورک و فارس بوونە سوپای هەرە بەهێزی سەفەوی.

قزلباشانیشدا تێکی نەدا و ئابەم چەشنە خۆ پارێزیە، تا ساڵی ١٠٠٥ك (١٥٩٦ز) -کە شەرەفخان لە *شەرەفنامە* بۆتەوە- ئەو هەر فەرمانڕەوا بووە.

لە باسی هەکاریانیشدا ئێژێ فەرمانێکم بە خەتی ئیگوری دیوە. چەنگیزیەکان بۆ هەکاریانیان نووسیوە و ناوچەکەیان بۆ پشتاوپشت بەو بنەماڵە بەخشیوە؛ کەچی هەرگیز تەمی تورك و گەڕی فارس لەو ناوچەدا نەڕەویوە.

دەستەی سێهەم:

لە پاش میرانی هەکاری، باسی فەرمانڕەوایانی کوردستان (چەمشکەزەك) دەکا کە مەزنەکانی مجەنکورد و پەرتك و سوقمان لەوانن. لە مەڕ میرانی مەرداسی و ئەگیل و پالە و چەرموگ و ساسۆن و خێزان و مەکس و ئیسپایرد و کلیس دەدوێ. سوێدیانیش دەباتەوە سەر بەرمەکیان.

دەستەی چوارەم:

باسی ژیننامە و ڕابردووی میرەکانی بدلیس دەکا کە خانەدانەکەی خۆنی و هەمیشەش لەو کتێبەیدا دەری دەخا کە بێ خوێندنن و بێ فێرگە، هیچ گەلێك بە ئاوات ناگا. بۆ ئەبیووبیان بە شانازی باسی ئەو فێرگانە دەکا کە لە پاشیان بەجێماوە. کاتێ باسی بدلیس دەکا لە بەر خوێنەری ڕادەنێ کە باپیری فێرگە و تەکیەی بنیات ناوە و بۆ خۆی پێنج فێرگەی ساز داوە و هەموویانی ساڵی ٩٩٩ك (٩١-١٥٩٠ز) سەرگرتووە و دەڵێ هەموو پڕ لە فەقێ و مەلای چاکن و ناوی مەلاکانیش دێنێ.

باسی خوسرەو پاشای تورکیش دەکا کە چاکەی دەگەڵ کردووە و لە پاش چل و نەوەندە ساڵ دەربەدەری، هێناویەتەوە ناو ئیسلام!

ناوی قەڵای ئەخلات دەبا کە شاتۆماسب ڕووخاندی و سوڵتان سولەیمان لە باتی چاکردنەوەی خراپتری بە سەر هێنا!

ڕەسەنی خۆی دەباتەوە سەر کیسرایان و ژیننامەی خۆشی نووسیووە کە لە ماڵی شاتۆماسب پەروەریوە و لە دەورانی شائیسماعیل دەمڕاستی کوردەکان بووە و خەڵك ئێرەی پێ بردووە و شایان لێ دردۆنگ کردووە و هەڵیداشتۆتە نەخچەوان و سوڵتان موراد هێناویەتەوە بدلیس و لە شەڕی تفلیس و

گورجیان، شەڕکەری عوسمانی بووە و لە پاداشتی ئازایەتی، شاری موشیان پێ بەخشیوە و لە ساڵی ١٠٠٥دا کوڕی لە جێی خۆی داناوە.

کە ئایینی کورد باس دەکا دەڵێ: کەمیان یەزیدین و زۆربەی زۆریان شافعین و لە خوێندن زۆر زیرەکن و مەلای زۆر زانایان هەیە؛ بەڵام بێ ناو و ناوبانگن!

بدلیسی دەڵێ: چونکە کورد نەهاتوونە ژێر فەرمانی تاکە فەرمانداریکەوە بۆیە لە یەکتر نامۆن و خوێنی یەکتری دەڕێژن و گوێ نادەنە هێمنایەتی و ڕێکوپێکی و لە سەر زۆر کەم، زوو هەڵدەچن![1]

ئەمین زەکیش هەر لای وایە چونکە کورد نابن بە یەك و تێکڕا دژی تورك و فارس ناخەبتن، داگیرکەرانی کوردستان دەرفەتی خۆیان لێ هێنان و دەوڵەتۆکە سەربەخۆکانیان کەم کەمە لێ تێکدان و هەر بە کورد کوردیان کوشتووە.[2]

کورد بە ئازا بەناوبانگن: «ئەگەر تووڕە بن لە شێر توندترن؛ ئەگەر ڕاپەڕن لە برووسکە سووك ترن»[3] بۆ ڕێزگرتن، ناو لە کورد نراوە «قورەیشی عەجەم»[4].

١- نووسەر زۆری ناوەرۆکی شەرەفنامە خستۆتە ئەم پێشەکیەوە؛ ناچار بووم هەڵمقرچاندن.

٢- *خلاصه تاریخ کوردستان*، ل ١٤٩.

٣- *صبح‌الاعشی*، ب ٤، ل ٣٧٩.

٤- *شفاء والغلیل*، ل ٣. بڕوانە کتێبی *تنسر*، یحیی‌الخشاب، ل ٥٢.

بەشی سێهەم

کورد لەم رۆژگارەدا

(١)

برواپێکی و نێوانخۆشی شەرەفخان و سۆڵتان مرادی سێهەمیــن، تــا ماوەیــەك کــورد و تــورکی بــە ئارخەیانی ڕاگرتن؛ بەڵام کورد -پاش وچانێکی کەم- وە کار کەوتن، کە ژێردەستەی تورکان نەبن و بۆ خۆیان سەربەخۆ بژین. نێوانیان دەگەڵ ئێران و هاوسا فەلەکانیان خۆش کرد و بەدرخان بەگی بۆتانی -کە سەرەك هۆزی ڕۆندز و هەکاری بوو- ساڵی ١٨٣٢.ز لە ڕۆژگاری سوڵتان مەحــموودی دووهەمــدا، دژی تورکیا ڕاپەڕی و شۆڕشەکەی هەتا ساڵی ١٨٧٤ -کە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولعەزیزخان بوو- دانەمرکا و لە ئەنــجامدا تورك گەلێك وڵاتی کوردیان بەرخۆ دا و والی تورکیان لە ســەر دانــان. دوایەش سوڵتان عەبدولــحەمید بۆ ئەوەی کورد و فەلەکان لە یەکتــر بکا بە دوژمن، ســاڵی ١٨٩٠.ز تیپی سوارەی حەمیدیەی لە سوارەی کوردان پێك هێنا و کردنیە قوڵەچۆماغ و هــەر کــەس لــە ڕووی یاسای تورکان وەرگەڕایەوە، بەو کودرانە تەنبێ دەکرا و لە ئەنــجامدا هەر سوارەی حەمیدیــەی کــورد بوونە هۆی بەدبەختی کورد و کۆســپی ڕێگــەی ســەربەخۆیی کوردســتان بــوون و ئەرمەنیــشیان کــردە دوژمنی خوێنی کورد.

کە عەبدولــحەمید لە ١٩٠٩.ز دەرکرا، تیپی سوارەی کوردەکانیش لە نــاوبرا. لــەوەدوا کــوردی ڕۆشنبیــر کەوتنە دنەدانی کوردان کە بۆ ئازادی بکۆشن. درۆشــمی ئەوســای تورکیــا -کــە ئــازادی و برایەتی و یەکسانی هەموو گەلانی ژێــر بەیــداغی عوســمانی بــوو- دەرفــەتی دا بــە کوردەکــان کــە بریکاریان بە هەر دوو کۆڕی نوێنەران وەدەنگ بێن و داوای مافــی کوردان بکەن.[1]

جگە لەمەش لە ئاستانە و بەغدا و مووسڵ و تەنانەت لە قاهیــرەشدا کۆمەڵە کورد و گۆڤاریــان بۆ داوای ماف وەکار کەوتن؛ بەڵام تورکان زۆر بە توندی لێیان دان و خپیان کردن. هێندێك لە کۆمەڵی کوردان کە لەم چەرخی بیستەمەدا لە ئاستانەدا پێك هاتوون ئەمانە بوون:

١- کۆمەڵی عەزمی قەوی.

١- ئەنسکلوپیدی بریتانی، کوردستان.

٢- کۆمەڵی تەعالی و تەرەققی کورد.

٣- کۆمەڵی خوێندەواری کورد. ئەم کۆمەڵە فێرگەیێکی بۆ کوردی خوێندن کردەوە و منالی کورد لە قۆناغی بەراییدا لێیان دەخوێند؛ بەڵام حوکمی ئیتحاد و تەرەققی نوێ کە نیازی وابوو کەلانی ژێردەستەی بکاتە تورک، کۆمەڵەکەی هەڵوەشاند و فێرگەکەشی لێداخستن!

٤- لە ١٩١٠ کۆمەڵی هێڤی دامەزرا و تا ساڵی ١٩١٤ هەر مایەوە و دوای شەڕیش هەڵیدایەوە؛ بەڵام کاتێ ئەتاتورک هاتە سەر کار، لە کار کەوت.

٥- کۆمەڵی ئیستقلالی کورد. کۆمەڵی «تشکیلات اجتماعی» بۆ کوردستان، لکی ئیستقلالی کورد بوو.

٦- کۆمەڵی میللەتی کورد.

بەوەدا باش دەر دەکەوێ کە کوردەکان زۆر تامەزرۆی ژیانی ئازاد و سەربەخۆن. لە دوای ئەوەی کەمالیەکان حوکمی تەواویان گرتە دەست، ئەو کۆمەڵانە هەڵوەشان. بەڵام ئەو دەرد و ئازارەی کورد لە تورکیا تووشی بوون، ڕێگەی نەبەست کە کوردەکان لە هەندەران لە ڕێی زمان و ژیواری کەونارایان چالاکانە خۆ بنوێنن و خەبات بکەن. لە دەرەوە کۆمەڵ یەکیان گرت و داوایان کرد کە ئەوانیش وەك گەلێکی خاوەنی مێژووی کەونارا و خێوی داب و ڕێوشوێنی نەتەوەیی، ڕێز بگیرێن و لە خەلکی‌تر هەڵناوێرێن. کۆمەڵی خۆیبوون (ئیستقلال) لە دەری تورکیا پێك هات و هەموو کوردستانی داگرت و کورد بە گشتی پەسندیان کرد. لە بەغدایەش یانەی سەرکەوتن دامەزرا.

گۆڤارەکان، ئەوانەی کە زۆر گرینگ بوون:

١- *کوردستان*، لە تورکیادا دەردەچوو. پاشان لە پێش شەڕی گەورە گوێزرایەوە بۆ قاهیرە و بە کوردی و تورکی دەردەچوو؛ نیو مانگیش بوو.

٢- *کوردستان* لە ورمێ بوو؛ مژدەدەرە مەسیحیەکان دەریان دەکرد.

٣- *ڕۆژی کورد* ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵی هێڤی دەری خست. لە ژمارەی یەك و دوویدا، وێنەی دوو قارەمانی کورد: سەلاحەدینی ئەییوبی و کەریمخان زەند -کە کوردەکان بە میری زۆر بە هێزیانی حەساو دەکەن و لە ساڵی ١٧٥٠.ز ڕا تا ١٧٩٤ شای ئێران بووە- چاپ کرابوو.

٤- لە پاشان هەر ئەو گۆڤارە بەرگ و ناوی پێشووی گۆڕا و کرابوو بە *هەتاوی کورد*.

٥- *ژیان*، دوای کۆتایی شەڕی گەورە، لە میسر و لە ئەستەنبوڵ و لە کوردستانیٚ دەر دەچوو.

٦- *پێشکەوتن*، لە شاری سولەیمانی بوو.

٧- *بانگی کوردستان*، زوانی حاڵی حکوومەتی شێخ مەحموود بوو؛ حەوتانەش بوو.

٨- *بانگی حەق*.

٩- *ئومێدی ئیستقلال*.

١٠- *ژیانەوە*، حەوتانە بوو. هەتا ساڵی ١٩٣١ هەر دەر دەچوو.[١]

(٢)

کوردستان بە هەموو مانا و لەو بارەوە کە جێی کوردە، لە مابەینی سیٚ دەوڵەتی ئێران و عیراق و تورکیادا بەش کراوە.

کوردی ئێران بە تایبەتی لە کرماشان و کوردستان (ئەستانێکە بەو ناوەوە) و بەشی باشووری ئازربایجان و کێواتی لای ورمیٚ و خۆی و داوێنەکانی باشووری ئاراراتێدا نیشتەجێن. چەند کۆمەڵە کوردی دیکەش لە خوراسان و فارس و بروجرد (لورستان) هەیە.

لە تورکیا کورد لە نێوان تورك و ئێراندا هەڵکەوتوون و لە دەوری زێباری وان دراوسیٚ مەسیحیەکانن. لە لای سەروی چەمی دەجلە و فۆراتەوە، کورد لە باکووری ئەوخەتەن کە فیشخابور (نزیك جزیر) دەگەڵ سومەیسات لێك دەدا؛ کە کەوتۆتە باکووری بریجیکەوە. لە ڕۆژئاوای فۆراتیش هەن. لە بەدلیس و ئەرزنجان و دیاربەکر و ئەرزەرۆمیٚ و دامێنەکانی ڕۆژئاوای ئاراراتیٚ، هەرە زۆرن. بەرانبەر بە سەرژماری ساڵی ١٩٣٩ کوردی عیراق نیوملیۆنن و لە سولەیمانی نیشتەجێن و زۆربەی دانیشتووانی هەولێر و کەرکووکیٚ کوردن.[٢]

مینۆرسکی لە *دائرةالمعارف اسلامی*دا دەڵیٚ کوردی ئێران نزیکەی پێنجسەد هەزارن. ئەویش لە ڕووی ئەو ژمارەی هەڵگرتووە کە ڕووسیا ساڵی ١٩٢٥ بۆ کوردی تورکیای دانا و دەڵیٚ کوردان لە

١- *خلاصةالتاریخ کرد و کردستان*، ل ٣٧٠ و دوای وی. یەحیا خەشاب

٢- *ئینسکلۆپیدی بریتانی*، کوردستان. یەحیا خەشاب

تورکیا دەگەنە ملیۆن و نیوێك! و دەڵێ تورکان پێیان وایە کۆنی کوردەکانی (کۆچەر؟) تێکڕا نۆتوشەش هەزارە. بەڵام کوردەکانی عیراق (لیوای مووسڵ) بە پێی سەرژمارەی ساڵی ۱۹۲۳-۲٤ دەگاتە چوارسەد و نەوەت و چوار هەزار و حەوت کەس. سەت و هەشتا و نۆ هەزاریان لە ئەستانی سولەیمانین و زۆربەی خەڵکی هەولێریشن چونکە سەدوحەفتاهەزار و شەشسەت و پەنجای لێیە. لە کەرکووکیش زۆربەی دانیشتووانی کوردن. جیا لەوەش لە قەوقازیای سەر بە ڕووسیاش لە ناوچەی یەریوان و قارس، کورد هەیە و ساڵی ۱۹۱۰ سەت و بیست و پێنج هەزار بوون؛ بیست و پێنج هەزاریان یەزیدی بوون. لە سووریا قونسولی ڕووس کوردی وڵاتی حەڵەبی بە سەتو بیست و پێنج هەزار داناوە. گۆڤار *العالم الاسلامی کوردی* لای دیکەی سووریا بە بیست هەزار کەس دادەنێ! لە شاری دەمشق و حەڵەب گەڕەکی کوردەکان هەیە. هێندێك لە نووسەری تازە بۆ ژمارەی کورد وا دەڵێن:

لە تورکیادا چوار ملیۆن واتا چواریەکی دانیشتووان.

لە ئێران سێ ملیۆن و نیو واتا بیست و سێ لە سەتی.

لە عیراقێدا ملیۆنێك واتا لە سەتا بیست و هەشت.

لە سووریا دوو سەت و پەنجا هەزار کورد.

لە ڕووسیا دەگەنە سەد و شێست هەزار.[1]

(۳)

مووسڵ لە نێوان ئینگلیز و تورکیا

زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەو لیوایە کوردەکانن. تورك و ئینگلیز لە جەنگەی شەڕی گەورەدا و لە پاشانیش لە سەر وێ، مشت و مڕیان بوو. ئینگلیز زۆر بە چاوچنۆکی بۆ نەوتی مووسڵی دەڕوانی.

ئاگربەسی مۆدروس

بیست و پێنجی سپتامبری ۱۹۱۸ ئینگلیسان کەرکووکیان گرت و هێزەکانیان گەییە دوازدەمیلی

١- ساڵی ۱۹۱۰، ۱۲٥هەزار، ٦۳ ساڵ ۲٥ هەزاری زیاد کردووە؛ ڕەنگە لە سەرمان، زە و زوو نەکەن! هەژار بڕوانە بۆ پەراوێزی لاپەڕەی هەشتاویەك.

مووسڵ. ڕۆژی سی مانگ، تورك و ئینگلیز له سەر ئاگربەس پێك هاتن.

مادەکانی ٧ و ١٦ی پەیـمانی ئاگربەسەکە بەم جۆرەیە:

مادەی ٧: له هەر شوێنێك هەر مەترسییەك ڕوو بکاتە هاوپەیـمانان، دەتوانن ئەو شوێنە بگرن!

مادەی ١٦: مۆڵگەکانی سوپای تورك و حیجاز و عەسیـر و یەمـەن و سـووریا (میزوپۆتامیـا): بیـن‌النهریـن - هەرچەندی هەن- دەدرێنە دەست نزیکتـریـن سەرلەشکری هاوپەیـمانان.

ئەوسا بە پێی ئەو دوو مادە، له دووەمی نوامبـری ئەو ساڵەدا، ئینگلیز سـێر ولیـام مارشـاڵی نارده سەر مووسڵ کە بیگرێ.

سەرکردەی لەشکری تورکان (ئیحسان پاشا) له سەر مانای وشەی (میزوپۆتامیا) کردیە کێشە و دەیگوت مووسڵێ ناگرێتەوە. کە پرسی بە ئاستانە کرد، ڕایان سپارد کە شار چۆڵ کا و بیدا بە سوپای ئینگلیز و فەرمانبەرانی ڕەشاییش -بە ناوی سەر بە عوسـمانی- کاروباری خۆیان بکەن.

هەشتی مانگی نوامبـرێ، ئینگلیز هاتنە ناو مووسڵەوە و ئـاڵای خۆیـان لـێ هـەڵکرد و ئـاڵای تورکانیان لێ داگرت. پاشان ئینگلیز هەموو وڵاتەکەی گرت و سـەرکردەی لەشـکری ئینگلیـز، شـێخ مەحـموودی گەوەری کوردی له سەر سولەیـمانی دانا و کردیە نوێنەری دەسەڵاتی سوپای خۆی.

ئینگلیز پیلانی دانابوو کە له نێوان مووسڵ و خەلیجی فارسدا دەوڵـەتێکی عـەرەب پێـك بـێ. واتا عیراقی ئیستاکێ له ژێر دەستی ئینگلیز دابێ و ناوێکی واشی لێ بنێ کە نەڵێن موستـەعمەرەیە و وەکی دیش موستەعمەرە بێ. ئینتدابی بۆ دۆزیەوە! ئا بەم جۆرە ویلایەتێك و پارچەیەك له دەوڵەتی عوسـمانی ژێرکەوتووی بێ هێز، دابڕا و بڕیار درا کوڕێکی شەریف حوسێنی -کە پێشوو والـی مەکـە بوو- بکەنە پادشای ئەو پاژە.

وەزارەتی هیند له لەندەن ناردیە لای حاکم عەسکەری ئینگلیز کە له خـەڵکی وڵاتەکـە پرسـیار بکا ئاخۆ دەوڵەتی عەرەبی تازە ئیجاد پەسەند دەکەن؟ ئەمیـری عەرەبیان دەوێ؟ کێیـان بـۆ ئەمیـر گەرەکە؟[1]

ئەفسەرە ڕاسپێراوەکە له ئەنـجامدا وەرامی پرسیارەکانی وا دایەوە:

١- *مشکلةالـموصل*، ل ١٢٧. یەحیا خەشاب

١- هەموو خەڵکەکە حەز دەکەن ئینگلیز چاوەدێرپیان بکا تا بۆ خۆیان یەکجاری لە خەم دەرەخسن!

٢- مەسیحیەکان- کلدانیش و کاتۆلیکیش- ڕاستەوخۆ ئینگلیسیان دەوێ.

٣- کوردی یەزیدی سنجارێ نایانەوێ فەرماندەریان موسوڵمان بێ.

٤- کوردەکانیش -کە نیوەی خەڵکی ناوچەکەن- حوکماتی عەرەبیان ناوێ.

(٤)

لە ڕووسیا شۆڕشی باڵشەویك ڕوویدا. هێزی ڕووس لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەنجیە خۆی کێشاوە و لە مەیداندا هەر ئینگلیس و فەرانسی مان. کلیمەنسۆی سەرەکوەزیری فەڕانسە خەونی بەو ڕۆژەوە دەدیت کە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی وەگیر فەڕانسا بکەوێ و ئاواتی کۆنیان بێتە دی. سەرەکوەزیری ئینگلیسان (لوید جورج) ساڵی ١٩١٦ لە گفتوگۆی سایکس پیکۆ ملی دابوو کە مووسڵ بۆ فەڕانسە بێ و نیازی وابوو کە فەڕانسیان بکاتە هێزێکی لەمپەر لە نێوان ڕووس و ئینگلیسدا. بەڵام کە ڕووس کشانەوە، ئینگلیس پەشیمان بوونەوە و داوایان کرد کە مووسڵ پشکی خۆیان بێ و ئەستاندیشیان! سەرۆکوەزیری فەڕانسە لە پاش دۆڕاندنی مووسڵ، تازە بە برینی خۆی زانی و درەنگ تێگەیشت کە مووسڵ نرخی چەندە و چەندی بەهرە و پیت پێوەیە.

وتوویژ دەربارەی نەوت دەست پێکرا. کلیمەنسۆ پێك هاتنەکەی سان ڕیمۆی پەسەند کرد و ڕۆژی بیستی یەنایری ساڵی ١٩٢٠ خۆی لە حکوومەت کێشاوە. بەڵام لە دوایی کە ئینگلیس بەشێکیان لە نەوتی مووسڵ بۆ فەڕانسە نیشان کرد، پێك هاتنامەکە لە بیستی ئاپریلی ١٩٢٠ ئیمزا کرا و ڕۆژی پاشین بڕیار درا وڵاتی سووریا و لوبنان قەڵەمڕەوی فەڕانسە بێ و بریتانیش لە عیراق و فەلەستیندا دەستیان بڕوا. (*بڕوانامەی کۆمەڵی گەلان*، بەرگەی ٤، مادەی ٢٢).

پەیمانی سیڤر

ئەم پەیمانە لە دەی ئابی ١٩٢٠دا بەسترا و شاهەنشاهی عوسمانیانی هەڵوەشاند و پەیمانی سانڕیمۆی چەسپاند و سەرپەرستی «انتداب» وڵاتانی لە عوسمانی دابڕیاوی کردە یاسا. لە سۆنگەی ئەو پەیمانەوە کەوشەنی تورك و عیراقیش دیاری کرا. واتا میزۆپۆتامیا ناوچەی مووسڵیشی گرتەوە.

مادەی ٦٢ و ٦٤ لەو پەیمانە کە دەربارەی مافی کورد دەدوا، ڕای دەگەیاند کە کورد گەلێکن سەربەخۆ و نە تورکن و نە عەرەبن و مافیان هەیە لە نیشتمانی خۆیاندا سەربەست بژین. ناوەڕۆکی ئەو دوو مادەیە بەم جۆرەن:

مادەی ٦٢: لە ڕۆژی وەکار خستنی پەیمانەوە هەتا شەش مانگ، سێ ئەندام سەر بە سێ دەوڵەتی فەڕانسان و بریتانیا و ئیتالیا لە ئەستەمبوڵ کۆ دەبنەوە و ئەو لێژنەیە حوکمی زاتی بۆ کوردستان دیاری دەکا و کوردستانیش ئەو شوێنەیە کە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی فوڕاتی لای سنووری باشووری ئەرمەنستان و باکووری کەوشەنەکانی تورکیا و سووریا و عیراقە و کوردیان تێدا نیشتەجێیە.

مادەی ٦٤: ئەگەر لەو وڵاتانەدا کە لە مادەی ٦٢دا دەست نیشان کراون، تا مەودای ساڵێك لە دەرچوونی ئەو پەیمانەوە ڕوو بکاتە کۆڕی کۆمەڵی گەلان و دەری بخا کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەیانەوێ لە تورکیا جیا بنەوە و ئەگەر کۆمەڵی گەلانیش لای وابوو کە ئەو کوردانە شیاوی ئەو سەربەخۆ بوونەن و ئەگەر کۆمەڵی گەلان ڕای‌سپارد کە ئەو مافەیان بدرێتێ، وا تورکیا لە ئێستاوە بەڵێن دەدا ئەو سپاردەیە پێك بێنێ و لەو ناوچانە واز لە هەموو مافێکی خۆی بێنێ. ئەم وازهێنانەشی لە ناو بەینی هاوپەیمانانی سەرەکی و تورکیا، وتووێژی لە سەر دەکرێ و پێك دێن.

جا ئەگەر لە وەختی خۆیدا تورك ئەو کارەی ئەنجام دا، ئەوسا هێزی هاوپەیمانە سەرەکیەکان بە شتێکی ڕەوای دەزانن کە ئەم دەوڵەتە کوردە سەربەخۆیە، کوردەکانی نیشتەجێی مەڵبەندی مووسڵ ڕەگەڵ خۆی خا (ئەگەر خۆیان ئاواتیان بێ). واتا: ئینگلیس لەو ناوەدا پارووی هەرەچەوری ڕفاند و سێ چێشکەی بە بەردێك پێکا:

١- گەلە کەمایەتیەکانی تورکیا و عەربستانی سەر بە تورکی ئاگادار کرد کە هەر کامێك

ئاواتی بێ لە ئاغای هەڵگەڕێتەوە، پەنا و پارێزگاری هەیە.

٢- ئەگەر عیراق نافەرمانی ئینگلیس بکا، زۆر هاسانە ناوچەی مووسڵی لێ داببڕێت کە بەپیتترین شوێنێکە لە عیراقدا.

٣- گوێی تورکیای لە شەڕ دوڕاو باش ئاو بدا کە بە تەمای مووسڵ نەبێ و تازە بە هی خۆی نەزانێ.

(٥)

بڕوانامەی نیشتمانی

هاوپەیمانان مستەفاکەماڵ پاشایان کردە گش پشکن (مفتش عام) لە سەر ئەو هێزە چەکدارەی لە سیواس و ئەرزەڕۆم بوون، کە نەهێڵێ لە خەت دەرچن. هەروەها حوکمی عوسمانیش کردبوویە والی ئەرزەڕۆم.

شەڕی گەورە کۆتایی هات. ئیمپەراتۆری تورکیا کوت کوت کرا. خاوەر و خۆرنشینەکەی لە بن چەکمەی بریتانیا و فەڕانسە و ئیتالیادا پێخوست کرا. یۆنانی لە ئیزمیردا بوون. چەندین دورگە لە تورکیا درابووە یۆنانیەکان و ئیتالیا. هەروا لیژنەی سوێندخۆران بوو بەرەو ئەستەمبوڵ دەهاتن و پاتەختی ئیمپەراتۆری لە داگیرکەر جمەی دەهات. یەك داوای تاوانی دەکرد؛ یەك وامی کۆنی لێ دەویست. هەرکەسە بۆ خۆی دەکێشا و لە بەر یەکیان دەکێشاوە. مستەفا کەماڵ کە دەیدی زێدی لە دەست نەیاراندا دەناڵێنێ و دوژمنان دەمیان تێناوە، زۆری لە لا شوورەیی بوو کە ژاردەستی بێگانە بێ. لە ئەستەمبوڵ هەڵگەڕاوە و زۆر بە توندی بە گژ هاوپەیماناندا چوو!

١١ی یۆلیوی ١٩١٩ مستەفاکەماڵی یاخی، ئەرکی میری لێداڕنا و نیشتمانپەرستی تورکی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. ڕۆژی ٢٧ی تەمووز لە ئەرزەڕۆم حیزبی وەتەنی نوێ ئیجاد، یەکەم کۆنگرەی پێك هێنا و ڕۆژی ١٣ی سپتامبری ١٩١٩ش کۆنگەرەیەکی دی بەسترا و بڕوانامەی نیشتمانی پەسند کرا. مادەی یەکەم لە بڕوانامەکە دەڵێ:

ئەگەر چارەمان ناچار بوو ئەو پارچانەی کە زۆربەی دانیشتوەکانی عەرەبن و دە پێشدا سەر بە

تورکیا بوون و له کاتی ئاگربەسەکەی ۳۰ ئۆکتۆبری ۱۹۱۸دا کەوتبوونە بەردەستی دوژمن، با بە ئازادی دەنگ بدەن و چارەنووسی خۆیان دیار کەن. بەڵام ئەو پارچەکانیتر -خوا کەوتبنە بەر خەتی ئاگربەسەوە، یان سەر خەت بن - کە زۆربەی زۆریان عوسمانی و مووسوڵمانن و لە دین و ڕەگەز و دۆز و ئامانج و ئاکاردا یەکن و لە مافی نەتەوایەتی و دابی کۆمەڵایەتیدا لێك نزیکن و ڕێزی یەکتریان لەبەرە و بە تەواوی تێکەڵاون- بە هیچ جۆرێك لە نیشتمان دانابڕێن و بۆ هیچ هۆیەکی قانوونی یان مەنتیقی گوێ شل ناکەین.

دانەری کتێبی مووسڵ لای وایە بەشی دووهەمی ئەم مادە بۆ دوو شت بوو:

۱- ناوچەی کلیکیا کە لە سەر پێك هاتنەکەی تورك و فەڕانسە لە ۲۰ی ئۆکتۆبری ۱۹۲۱دا دراوە بە تورکیا.

۲- ناوچەی مووسڵ کە ئینگلیز خۆی لێ ساز دابوو لە دەست تورکانی دەرێنێ.

ئەو دەمەی کە هاوپەیمانان تورکیایان پەلپەل دەکرد، کۆمەڵەی مستەفا کەماڵ هەڵوەشانی پارلەمان و ئاڵوگۆڕی وەزیران و هەڵبژاردنی نوێی دەخواست.

لە ۲۸ جینوەری ۱۹۲۰دا مەجلیسی تازە کۆ بۆوە و قۆڵی لە سەر بڕوانامەی حیزب کێشا. بەو بۆنەوە ئینگلیس ئاستانەی گرت و پەرلەمانەکەی هەڵوەشاند. مستەفا کەماڵ ئەمجارە کۆڕی نیشتمانی گەورەی لە ئەنقەرە کۆ کردەوە و ڕۆژی ۲۳ی ئاپریلی ۱۹۲۰ کۆڕ بڕیاری پێك هێنانی بڕوانامەکەی ڕاگەیاند.

(٦)

وەحیدەدین ئاخر سوڵتانی عوسمانی ئامادە بوو هەرچی ئینگلیس و فەڕانسە دەیانەوێ بۆیان بکا. مستەفا کەماڵ وانەبوو. ملی بۆ پەیمانی سێڤر نەدا و دەگەڵ ڕووسیا ڕێك کەوت و ۱٦ی مارسی ۱۹۲۱ پەیمانی دۆستایەتیان بەست. ئیتالیاشی تاق کردەوە و بە دانی چەند سەرپشکی (امتیاز)، ئازالیای لێ وەرگرتەوە. دەگەڵ فەڕانسەش ڕێك کەوتن کە لە ئۆکتۆبری ۱۹۲۱دا کلیکیای بۆ بەجێ بێڵن. واشی کرد کە هاوپەیمانان لە ۱۰ی ئابی ۱۹۲۱ ڕایانگەیاند شەڕی نێوان تورك و یۆنان بەستەیە بەو دوو دەوڵەتە.

لە سەرەتاکانی ساڵی ۱۹۲۲دا ئەنقەرە نوێنەری ناردن کە بۆ ئاشتی و نێوان خۆشبوون دەگەڵ

ئینگلیس وتووێژ کەن. وەزیرانی هەندەرانی بریتانیا و فەڕانسە و ئیتالیاش لە پاریسێ کۆ بوونەوە کە لە کێشەی تورك و یۆنان بکۆڵنەوە و لەو دەسکاریەش ورد ببنەوە کە تورکیا داوای دەکرد لە پەیمانی سێڤر بکرێ.

٩ی سپتامبری ١٩٢٢ مستەفا کەماڵ لەشکری یۆنانی لە ئەزمیر دەرکرد. لوید جورج کە هەوڵی دەدا هاوپەیمان و بالکانیەکان لە دژی تورك هان بدا، چی بۆ نەکرا؛ پوانکاریە گوتی فەڕانسە بە گژ تورکیادا ناچێ.

ئەم ڕووداوانە بوونە هۆ کە لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٢٢دا ئاگربەسی مۆدانیا بێتە گۆڕێ و هەر لەوێش مستەفا کەماڵ لە زمانی نیشتمانیەکان وای ڕایگەیاند:

١- بڕوانامەی نیشتمانی بۆ تورکیا مافی هەرە بەرە ژێرە.

٢- هەر هەردێکمان لە دەست چووە گەرەکە بیسێنینەوە.

٣- پرس بە خەلکی تەراقیای ڕۆژاوایی ئەشێ بکرێ.

٤- سەرپشکیەکان (امتیازات) گەرەکە هەلوەشێنەوە.

٥- دانیش بەوەدا بندرێ کە تورکیا خێوی هەموو زەمینەکانی خۆیەتی. بەمەدا وا دەردەکەوت کە تورکیا ڕازی نابێ هیچ زەمینێ لێ جوێ وەکەن.

ڕۆژی ١٦ی نوامبری ١٩٢٢ سوڵتان محەممەد وەحیدەدین وە دەر نرا و مستەفا کەماڵ هاتە سەر حوکم و هاوپەیمانان پێی ڕازی بوون و لەوەشدا زۆریان قازانج کرد. چونکە نەمانی خەلافەتی ئیسلام هەر وەك بۆ مستەفا کەماڵ باش بوو بۆ هاوپەیمانان باشتر بوو.

(٧)

کۆنگرەی لۆزان

لەو کۆنگرە لە سەر مووسڵ، بوو بە هەرای عیسمەت ئینۆنو و لۆرد کرۆزن. عیسمەت دەیگوت: کوردی مووسڵ تورکی موسوڵمانن! بەڵگەشی ئەوە دێناوە چەند نوێنەریان لە پارلەمانی تورکیان! لۆرد کرۆزن ڕەخنەی لە هەڵبژاردنەکە دەگرت و دەیگوت: دەوڵەت بۆ خۆی ناوی داون و لەو کوردانە ئی وا

هەیە لە گفتوگۆ بەشدار نابێ؛ چونکو لە تورکی تێ ناگا.

هەر چۆنێك بوو لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا پەیمانی لۆزان بەسترا و شەڕ بە یەکجاری کۆتا بوو. هەر کێشەی نێوان دانانی عیراق و تورکیا مابوو کە ئایا مەڵبەندی مووسڵ عیراقە، یان بەشی تورکیا دەبێ؟ بڕیار وابوو ئەگەر خۆبەخۆ پێك نەیەن، کۆمەڵەی گەلان دەمڕاست بێ و کێشەکە ببڕێنێتەوە.

دەربارەی مافی کوردانیش پەیمانی سێڤر هەڵقرچا و لە پەیمانی نوێ لۆزاندا باسی ئیستقلال هەر نەما و تەنیا کرا بە بەزەیی هاوپەیمانان بەرانبەر بەو کەم هێزانەی کە لە بەردەستی تورکان دان. مادەی ٣٨ و ٣٩ی پەیمانی لۆزان ئاوایە.

٣٨: تورکیا دەستەبەر دەبێ کە گیان و ژیان و ئازادی دانیشتووانی وڵاتەکەی بپارێزێ و گوێ نەداتە شوێنی زان و ڕەچەڵاك و جۆری زمان و ئاینیان.

٣٩: تورك یاسای وا دانانێ کە بازرگانی ئازاد و ئاییندارى و یەکترگرتنی سیاسی و نووسین و دوان بە زمانی زگماك بەربەست کا.

(٨)

کۆنگرەی قوستەنتەنییە

ئەو کۆنگرە ١٩ی مارسی ١٩٢٤ دەربارەی مووسڵ گیرابوو. فەتحی بەگ نوێنەری تورك و سەرۆکی پارڵەمان گوتی: هاونیشتمانانی ئێمە بە چاوێك تماشا دەکرێن! ئێمە بۆ ڕەگەز و ئایین هیچ جیاوازیەك دانانێین! کورد و تورك -کە هاونیشتمانی یەکدین- نایانەوێ بۆ خاتری چەند هەزار ئاشۆری، نیشتمانیان پارچە بکرێ. کوردەکانی ناوچەی مووسڵ نوێنەریان لە کۆڕدا هەیە! قسەی پێشووی عیسمەت ئینۆنۆی جونەوە! نوێنەری بریتانیا (پرسی کۆکس) پرسی ئەو نوێنەرە کوردانە کێن؟ تورکەکە ڕیزی لێ گرتن: نایب زادە نوری ئەفەندی، سولەیمان فەهمی ئەفەندی، محەمەد نوری ئەفەندی، ئەفتچی زادە، نازم بەگ، فەتاح بەگ.

کابرای ئینگلیس بە ژینامەی ئەو کوردانەدا هاتە خوارێ کە کێن و چن. گوتی: نوری ئەفەندی

نایبزاده لاتێکی ماڵی نابیه و دەستی بابی خۆی بڕیوه؛ گویا دەچێ لە تورکیا کاسبی بکا. لەوەتا بابی زانیویه کە بۆتە نوێنەر لە لاتان، کوڕی خۆی خوێڕی کردووه. سولەیمان ئەفەندی لە مووسڵ باج ئەستێن بوو؛ دراوی بە ملدا هات و هەڵات و لە پارلەمانی ئێوەدا خۆی حەشار دا. نوری ئەفەندی فەرمانبەرێکی عیراق بوو؛ لە بێتاکاریان دەرکرا و خرایە بەر چاوەدێری و هەڵات! نازم بەگ نەفتچیزادە لە پارلەمانی عوسمانی نوێنەری ناوچەی کەرکووك بوو؛ لە عیراقیش لە کۆڕی دامەزرێنەرانی بوو بە ئەندام. ساڵی ١٩٢١ کردیان بە کارگێڕی حیللە، نەیویست؛ ویستی کارگێڕی کەرکووك بێ، بۆیان نەکرد. لەو ڕقانە دژی عیراق دەجووڵاوە و عیراق نیازی وابوو بیگرێ؛ هەڵات و لە سولەیمانیەوە چووە تورکیا.

فەتاح بەگیش -کە ژن برای شێخ مەحموودە- لە ئەستەمبوڵ کاری شێخ مەحموودێ دەکا کە دەیەوێ نێوەڕاستی داردەست بگرێ و هیچ لایەکی نەڕەنجێنێ!

پاشان گوتی: نوێنەریەتی ئەو کوردانە لە پارلەمانی تورکیدا، پێچەوانەی پەیماننامەکەی لۆزانە. مەرج ئەوەیە کە هیچ لایەك کارێك نەکا باری کەوشەنی پێ بگۆڕێ. مووسڵ ئێستا سەر بە حوکماتی عیراقە و بوونی وان لە پارلەمانی تورکیادا ڕەوا نیە.

کۆنگرەی قوستەنتینیە سەری نەگرت و کار کەوتە کۆمەڵی گەلان و لیژنەیەك دەست نیشان کرا کە لەو کێشەیە وەکۆڵێ. قسەکە هاتە سەر ئەوە کە ئایا کورد لە ڕەگەزدا تورکن یان ئێرانیین، یان عەرەبن؟! لیژنە لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٢٥دا کردەنامەی خۆی پێشکەش کرد کە بەو جۆرە بوو:

«ئەگەر قازانجی خەڵکەکە لە بەر چاوبێ، بە لای لیژنەوە وا باشە مەڵبەندی مووسڵ بەش بکرێ. بەڵگەی گرینگ بە تایبەتی لە مەڕ ئابووری و جوغرافی و ئارەزووی دانیشتووانەوە وا دەردەخەن کە هەر هەردێك لە باشووری خەتی بروکسل دا هەیە، هی عیراق بێ؛ بە دوو مەرج:

١- ئەم هەردانە بیست و پێنج ساڵ لە ژێر انتداب بمێنن.

٢- چاکە دەگەڵ کوردان بکرێ؛ فەرمانبەریان لە دادگا و فێرگە هەبن و لەو شوێنانەش زمانی کوردی ڕەسمی بێ.

بەڵام ئەگەر مەرجی یەکەمین پێك نەیە، مەترسی سیاسی هەیە و چونکە تورکیا لە باری سیاسی و هێمنایەتیەوە لە عیراق حاڵی باشترە، لیژنە لەو باوەڕەدایە مووسڵ بدرێ بە تورکیا. خۆ

ئەگەر مەرجی دووهەمیش پێك نەهێنرێ، ئەوا زۆربەی ئەو کوردانە حوکمی تورکیان لە هی‌ن عـەرەب پێ باشتـرە.

هەر چۆنێك بێ عیـراق دەبێ دیالەی هەر بۆ بـمێنێ؛ چونکە لە مەڕ ئاودێریەوە زۆری پێویـستی پێ هەیە.

شۆڕشی شێخ سەعید

هەر لەو سەروبەندانەدا کە تورکیا تێی گیـرابوو، شۆڕشێکی کورد هەڵگرسا. هێنـدێك نووسـەر لایـان وایە بۆیە ڕوویدا مستەفا کەماڵ بڕیاری کۆنگرەی لۆزانی بە هـیچ گـرت و هـەر لـە سـاڵی ١٩٢٤ەوە زمانی کوردی یاساغ کرد و کوردەکانی لە جێی خۆیان دەگوازتەوە. کوردەکان بە سەرکردەیی کۆلۆنێـل (خالیدبەگ)ی سەرکۆماری هۆزی جبـران، بۆ بەربەرەکانێ تورکان خۆیـان سـاز کـرد و زۆر ئەفـسەر و ڕۆشنبیـری کورد بۆ خەبات کۆ بوونەوە. بڕیاردرا ڕۆژی ٢٦ی مارسی ١٩٢٥ ئەو شۆڕشـە دەسـت پـێ بکرێ؛ بەڵام ڕێکەوت وای هێنا کە بەر لە ڕۆژی داندراو تەقە قەوما. هێندێك پیاوی شێخ سەعید -کە سەرۆکی تەریقەی نەقشەبەندی بوو- دەگەڵ پەلێك عەسکەری تـورك بـە شـەڕ هـاتن؛ سـوپای تـورك شۆڕشەکەی لە ناو برد و شێخ سەعید و هاوکارەکانی گرتن و تێکڕا دانی بە مەحکەمە.

مەحکەمەی ئیستقلال ڕۆژی ٢٧مایۆ فەرمانی خنکانی شێخ و دوکتـۆر فوئـاد و چـل و شـەش شۆڕشگێڕی ڕاگەیاند و مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٥ لە دار دران. سەرۆکی مەحکەمە گوتی ئەوانەی ئەم شۆڕشەیان کرد مافـی نەتەوایەتیان دەویست. دوای ئەوە زۆر گەورەی کـوردان لـە بۆتـان و ساسـۆن و بایەزیدێ ڕاگوێزران و ناردیاننە شوێنی ناسازگار لە کەناراوی ئانادۆل. بەڵام ئێستاش کورد و تورك لەم ڕێی ئەو سەربەخۆییەدا وێك دەکەون!

هۆیەکانی ئەو شۆڕشە لای مینۆڕسکی ئەمانەن:

١- کۆماری تورکیا دینی لە دەوڵەت جیا کردەوە.

٢- ژیانەوەی نەتەوایەتی کورد و ئاواتی سەربەخۆ بوونیان.

٣- پیلانی میـرێکی عوسـمانی که له حەڵەب دەژیا.

٤- فروفێڵی ئینگلیزەکان.

هێندێك ڕۆژنامەیٚ تورکیـاش نووسـیان کـه فەرمانبـەرانی تـورك لـه دیاربـەکر چـەند نامـەی کومپانیاکانی ئینگلیسیان وە دەست کەوتووە که بۆ وەزارەتی جەنگی کوردستان نووسراون. ئینگلـیس له پاش ئەو شۆڕشە -له کۆڕی کۆمەڵی گەلان- گلەی له تورکیا دەکرد کـه مەسـیحیان ئـازار دەدا و گویٚ ناداته پەیـماننامەی سێڤر و لۆزان.

تورکیش بەرپەرچیان دەدان و گازنیان له ئینگلیز دەکرد که گەرمان تێـدەهاڵێنیٚ و نیـازی وایـه ئـاواتی داگیـرکەرانەی بـه سـەرمەدا بسەپێنیٚ و دەشـیان گـوت کـه هـەر ئینگلـیس دنـەی شـێخ مەحـموودیٚ دەدەن کوردی مووسڵیان لیٚ هان دا، دژی تورکیا ڕاپەڕن.[1]

سەرەنـجام کۆمـەڵی گەلان ١٦ی دیسامبـری ١٩٢٥ خەتی بروکسلی پەسەند کـرد و مووسـڵ وە سەر عیـراق خرا و دوو مەرجیشی بۆ داندرا:

١- ٢٥ ساڵ عیـراق له ژێر «انتداب» (سەرپەرشتی ئینگلیز)دا بیٚ.

٢- حکوومـەتی بریتانی بەڵێن به کۆمەڵی گەلان بـدات کـه بەرژەوەنـدی کوردەکـان دەپـارێزیٚ!

عیـراق بەو هەردووك مەرجه ڕازی بوو. هێندێك ئازادیـخوازی عیـراق له ٢٥ ساڵ «انتداب» دڵخۆش نەبوون؛ ئینگلیز هەڕەشەی لیٚ کردن که مووسڵ دەدا به تورکان.

٥ی ژوویيەی ١٩٢٦ پەیـماننامەی نێوان عیراق و ئینگلیس و تـورك بەسـتـرا و تـورك دانیـان بەوە دانا که مووسڵ سەر به عیراق بیٚ و تۆزێك خەتی بروکسل دەسکاری بکریٚ و هەتا ٢٥ ساڵانیش دەیەکی داهاتی ئەو کۆمپانیانەی عیراق بۆ تورك بیٚ:

١- شێخ مەحـموود سەرۆکێکی کورد بوو له پاش شۆڕشی شێخ سەعید له تورکیاوە ڕای کرد و هاتـه عیـراق بـۆ لای ئینگلیز و له سەر شاری سولەیـمانی کردیان به وەکیلی خۆیان.

مامۆستا یەحیا خەشاب، له ڕووپەڕ ٣٠ پێشەکیەکەیدا دەڵیٚ: ساڵی ١٩١٨ سولەیـمانی درا به شـێخ مەحـموود؛ لـه ڕووپەڕ ٣٩دا دەڵیٚ: ساڵی ١٩٢٤ کرۆزن گوتی: فەتاحبەگ، شێخ مەحـموود ناردوویەته ئەستەمبووڵ؛ له ڕووپـەڕ ٤٢دا دەڵیٚ: پاش شۆڕشی شێخ سەعید -که ساڵی ١٩٢٥ بووە- شێخ مەحـموود له تورکیاوە ڕای کردووە. دەبوایه ئەوەندەی له بیـر بوایه که ئەم هەڵه زلانەی به بارێکدا پینه بکردایه؛ چونکه به کەس داناپۆشرێن. هەژار

١- کۆمپانیای نەوتی تورکی بە پێی مادەی ١٠ی ئیمتیازی ١٤ی مایوی ١٩٢٥.

٢- کۆمپانیا، یان کەسانێك بەهرە لە نەوت دەسێنن بە پێ مادەی ٦ی ئیمتیازەکە.

٣- لێوپۆیی کۆمپانیاکانی نەوت، بە پێی مادەی سی و سێهەمی ئیمتیازە گۆڕینەکە.

(١٠)

کورد و بریتانیا

لە دووهەمی مارسی ساڵی ١٩٢٦دا لە مەڕ مافی کوردانەوە ئینگلیس کردەنامەی «انتدابی» دا بە کۆمەڵی گەلان و تیا دەڵێ: «کوردێکی زۆر لە وەزارەتەکانی دارایی و ناوەخۆ و داد و لە مەڵبەندە کوردنشین و مەڵبەندەکانی‌تری عێراق دامەزراون و دەست بەکارن؛ لە حکوومەتی ناوەندیشدا بەشیان هەیە لە ٢٠ ئەندامی سەنایە دوویان کوردن؛ لە ٨٨ نوێنەری پاڕلەمانیش ١٤ کوردن؛ دوو وەزیری کوردیش هەیە؛ لە ناو سوپا و پۆلیسیشدا کورد مشەیە. مەڵبەندە کوردنشینەکان ٢٥ فێرگەی لێ هەیە؛ پێنجیان لەوان هی فەلانن و لە شازدە فێرگەی بیستەکەش دەرسی کوردی دەخوێندرێ؛ زۆربەی مامۆستاکان کوردن. مامۆستای کورد لە زۆر فێرگەی نەکوردیش هەن.»

جگە لەوەش ئینگلیز کارێکی وایان کرد کە ناوەرۆکی دەفتەر و نامەی ڕەسمی بە کوردی بن.

بەر لە شەڕێ، زمانی کوردی بێ‌بایەخ بوو؛ ئێستاکێنێ کە کوردی نووسی بۆتە باو، لە پیاوەتی فەرمانبەرانی ئینگلیسە! تا وێستا لە لیوای مووسڵ کوردی خوێندن پەیدا نەبووە. بەڵام لە ناوچەی هەولێر و سولەیمانی وا خەریکە پەرە دەگرێ.

جیا لە ئینگلیس کاربەدەستانی عەرەبیش لە عێراقدا هەوڵیان دەدا کەمایەتی کورد لە لایان گەشە بکا و زمانەکەی دە کار بێنێ و فەرمان و خوێندنی هەبێ. تەنانەت حاکمانی عەرەب کوردیان بۆ ئەوە هان دەدا کە لە ناو دەوڵەتەکەدا ئەوانیش دەوڵەتۆکە بن.

سەرەك وەزیرانی عیراق لە ٢١ی جینوەری ١٩٢٦ لە وتارێکدا ڕایگەیاند: «لە سێ دەوڵەتی عێراقە کە ماف بدا بە کوردان و فەرمانبەریان لە خۆیان بێ و زمانی کوردیش ڕەسمی بێ.»

ئەم وتارە بۆ هەموو وەزارەتێك چوو کە گشت پەیڕەوی لێ بکەن.

له ئاههنگێك كه بۆ ئیمزای پهیمانی تازه گیرابوو، مهلیك فهیسهڵ له مهڕ كوردانهوه گوتی: «یهك له ئهركی عیراقی ڕاست، دنهدانی برای كوردی عیراقیهتی كه ڕهگهزی بپارێزێ و بێته ژێر ئالآی عیراقی».

ههر لهو جێیهش مهندوب سامی بریتانی له وتاری خوێدا گوتی: «ئهركی گرینگی سهرشانی حكومهتی عیراقه وا كارێك بكا كه كوردهكان دڵسارد نهبن و شانازی به كوردایهتی خۆیان بكهن. بێگومانیشم كه عیراق ئهم سیاسهته بهرنادا».

كهوابوو ئهوه ئینگلیز و حاكمانی عیراقی بوون كه بڕیاریاندا كورد له ناو عیراقیدا پێناس و زمانی خۆیان بێ، بهرانبهر بهو باره نوێیه. نایف بهگ[1] - كه سهرهك هۆزێكی كورد بوو- به پهنجا ههزار كهسهوه له توركیا باری كرد و هاته عیراق.

ئازادی پێناس و زمان -كه عیراق به كوردی بهخشی!- ئازادیخوازی كوردهكانی توركیاشی وا وهكار خست كه باركهن و بێنه عیراق.

ئهگهر بیری دامهزرانی دهوڵهتی سهربهخۆی كوردی، دایه سیس بوون، سهبووری كوردان بهوه بوو كه لهم دهوڵهته عهرهبه، ڕهگهز و زوانیان بێ ترسه و مافی ڕهوای نهتهوهیی خۆیان ههیه. بهڵام ئینگلیز كه ئیستقلالی كوردی باس دهكرد یان له توركانی دادهبڕین، ههر بۆیه بوو كه مووسڵ له تورك ببڕێ و دهگهڵ ئهوهش كه زۆربهی دانیشتووهكانی عهرهب نین، بیخاته سهر عیراقهوه. مووسڵیشی بۆ نهوتهكهی بوو. سیاسهتی بریتانی له مهڕ تورك و كورد و كهمایهتیهكانی دیكه و بۆ ههموو شوێنێكی عیراق بناغهی له سهر نهوت بوو.

كۆمپانیاكانی نهوت له كێشه و ههرای مووسڵدا زۆر چالاك بوون. له سالآنی ١٩١٨-١٩٢٠دا سێر ئارنۆڵد ویلسون بریكاری مهندوبی سامی عیراق بوو. كاتێ كهوشهنی نێوان توركیا و عیراق دیاری كرا، ئهو دهگهڵ سهركردایهتی هاوپهیمانان دهس به كار بوو. ساڵی ١٩٢٦ كه ئینگلیس بوون به خاوهنی نهوتی مووسڵ، سێر ئارنۆڵد بوو به كارگێڕی گشتی نهوتی ئێرانی و ئینگلیسی، لهو شوێنانهی كه نهوتی ئێران و عیراقی لێیه.

١- نیازی نایفی پاشایه كه سهرۆكی هۆزی كۆچهر بوو؛ ماڵی هاتبووه سووریا. پهنجا ههزارهكهش خۆی نیه. ههژار

سالّی ١٩٣٢ کە عیراق چووە کۆمەڵی گەلانەوە، نوێنەری عیراق ڕایگەیاند کە مافی کورد پارێزراوە. بەڵام چونکە گوێ نەدرابووە مەڵبەندە کوردنشینەکان، ساڵی ١٩٣٣ شێخ ئەحمەد بارزانی، بەرزنجی، شۆڕشی کرد و بە کۆششی کابتن فیولیت ساڵی ١٩٣٤ دامرکێنرا و سەرانی شۆڕش هێنرانە کەرکووك و سولەیمانیە و تا ساڵی ١٩٤٣ لەوێ مان.

ساڵی ١٩٤٣ مەلامستەفا بارزانی برای شێخ ئەحمەد بارزانی -کە حکوومەت بۆی دانابوو لە شاری سولەیمانی بێ- لە گرتووخانەی خۆی هەڵات و پەنای بە هۆزی بارزان برد و لەو کارەشدا شێخ لەتیف بەرزنجی کوڕی شێخ مەحموود یاریدەی داوە.

لەو دەمەشدا ئازربایجانی ئێران لەشکری ڕووسی تێ چووبوو. ڕووس کوردیان دڵخۆش دەکرد و سەرەك هۆزە کوردەکانیان بە دەستەڵاتدار هێشتەوە. ئەو چاکەی ڕووس دەگەڵ کوردی ئێرانیان کرد، کوردی دیکەش بیستیانەوە و لەو سۆنگەوە شێخ لەتیف چووە ئازربایجان و ڕووس زۆر باشیان بە خێر هێنا. ڕووس نیازیان بوو بۆ کورد و ئازربایجان دوو دەوڵەتی یان سەربەخۆ یان یەکدیگیر! درووست بکەن. شێخ لەتیف لە ئازربایجان گۆڤارێکی مانگانەی چل ڕووپەڕی بە ناوی *نیشتمان* دەردەخست.[1]

هێزی پۆلیسی عیراقێ چوونە سەر مەلامستەفا و بە شەڕ دەرۆستی نەهاتن. ئەم جار سوپای دە گژ ڕاچوو. ئەویش بە شەڕ پێی نەوەستا. نووری سەعیدی سەرەك وەزیر -کە گۆیا ئەویش هەر کوردە- وای پێ باش بوو مافی کوردان دابین بکا و ئەو شۆڕشە دامرکێنێ و یەکیەتی عیراق بمێنێ. زەعیمێکی کوردی کردە وەزیر دەوڵەت کە ناوی مەجید مستەفا ماجد بوو؛ بەوی سپارد کە وتووێژ دەگەڵ مەلامستەفا بکا. نووری سەعید مەرجی مەلامستەفای قبوڵ کرد کە چەك لە بارزانیەکان نەستێنێ و مافی کوردیش لە مەڕ باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەوە چین، بیندا؛ بەڵام پەڕلەمانی عیراق دژی ئەو پێك هاتنە وێستا و نووری سەعید بە ناچاری خۆی لە وەزارەت کێشاوە و پاچەچی هاتە شوێنەکەی و بەڵێنی نووری سەعیدی بە هیچ نەگرت.

مەلامستەفا شۆڕشێکی زۆر توندوتیژی هەڵگیرساند. ساڵی ١٩٤٥ هێرشێکی گەورەی سوپای

١- شێخ لەتیف مانگی ١١ی ١٩٤٣ چۆتە سەردەشت؛ پاش حەوت مانگ هاتۆتەوە عیراق. گۆڤاری *نیشتمان* ئورگانی کۆمەڵی ژ.ك بوو، لە مەهاباد بە نهێنی دەردەچوو. یەکەم ژمارەی مانگی پووشپەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی، واتا حزیران - تەموزی ١٩٤٣ دەرچووە. هەژار

عیـراق چووە سەر کوردان و شۆڕشەکەی لە ناو بردن. ٧ی ئابی ئەوێ ساڵێ مەلامستەفا چووە ئێران و زۆر لە چەکداری هۆزەکەش دەگەڵی چوون. عیـراق داوای لە ئێران کـرد کـە بـارزانی بداتـەوە. ئێـران گوتی: ئەمن دەستم پێی ڕاناگا؛ چونکە لە بەردەستی ڕووسە. کە داوای لە ڕووسیا کرد گوتی: ناتوانـم بیگرم چونکە لە عەرزی ئێرانە!

ڕاستیشت دەوێ، کوردستان هەمیشە بۆ کاربەدەسـت و حاکمـانی ئێـران بەڵایـە. لـە ڕۆژگـاری ناسرەدینشا بەم لاوە، پیاوی دەوڵەت لـە لای کـوردان زۆر خوێنتـاڵن. فەرمانبـەرانی حکوومـەت لـە جیاتی وەی دڵی کوردان بە خۆ خۆش کەن هەر لە خۆیان دردۆنگ دەکەن.

پاش هاتنی ڕووس بۆ ئێران و پاڵ پێوەنانی ڕەزاشا، ڕووس لێ بڕان دەوڵەتێك لە ئازربایـجان بـە سەرۆکی جەعفەر پیشەوەری دامەزرێنن. پیشەوەری بە هاریکاری کوردەکان بە شەڕ دە گـژ هێزەکـانی حکوومەتی تاران چوو؛ گفتیشی بە کوردەکان دا کە لە ناو ئازربایـجاندا دەوڵەتێکی سـەربەخۆیان بـۆ پێك بێنن. ساڵی ١٩٤٦ کە جەعفەر بە ئاوات گەیشت؛ کورد داوای بەشی خۆیان کرد و [illegible] کورد بە سەرۆکایەتی قازی مـحەمەد پێك هات و پاتەختیشی مەهاباد (سابلاخ) بوو. کە ڕووس لـە ئێـران دەرکەوتن، وڵاتی ئازربایـجان دیسان دراوە بە تاران و حوکمی جەعفەر پیشەوەری و قـازی مـــحەمەد لە بەین چوون. هێزەکانی مەلامستەفا بارزانیش حکوومەتی ئێران یەك لە دوو ڕێگەی بۆ دانـان: یـان چەك دانێن و لە ئێران بن، یان مەلامستەفا و سەد کورد بە پەنابەر بـمێننەوە و ئەوانیتـر بگەڕێنـەوە بۆ عیـراق. ئەگەر بەو مەرجانەش نەکەن، ئێران هەموانیان دەردەکا.

لە ئەپریلی ١٩٤٧دا مەلامستەفا هاتەوە عیـراق و خۆی تەسلیم کرد.[1]

١- وا دیارە مامۆستا یەحیا خەشاب ئەم باسـەی تـەواو دە بـنج و بنـاوان نـەکردووە و لـە نێـوان شـێخ ئەحـمەد و مەلامستەفادا لێی ئاڵۆزاوە. ڕاستیەکەی ئەمەیە: دوای ئەوە کە بارزانی و دەوڵەتی ئێران پێك نەهاتن، لەشکری ئێرانی گەلێك لە هۆزە کوردەکانی بەردەستی خۆشیان وە پێش خۆ دا و هاتنە سەر بارزانیـان. لـە دەشـتی شـنۆ و نەغـەدەدا دەگەڵ بارزانیان دە گژ یەك ڕاچوون و گەلێك شەڕی خوێناوی لە نێواندا ڕوویدا. گەلێك زیان بە گیان و ماڵی لەشکریانی ئێران و کوردەکانی هاوکاریان گەیشت. زستانی زۆر سەخت بوو؛ بەفری زۆر و برسایەتی برستی لە بارزانیـان بـڕی. بـە تایبەتی پیـر و ژن و منداڵی وردە، زۆر پەرێشان و بێ سەرەوبەرە ببوون. بارزانی بە دەم شەڕەوە خۆیان گەیاندە سنووری عیـراق، بۆ ئەوە کە ماڵ و منـداڵ و پەککەوتـەی بارزانیـەکان لـە بـەین نەچـن. شـێخ ئەحـــمەدی بـارزانی و چـەند کەسێك لە شەڕکەران دەگەڵ ئەو خێزان و ماڵانەدا خۆیان تەسلیمی حکوومەتی عیـراق کرد. حکوومـەتی عیـــراق←

ساڵی ١٩٥٥ ڕەفیق حیلمی -کە لە کوردە ڕۆشنبیرەکانی عیراقە- گوتی: «کورد مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆیان بێ.»

گومان نیە ئینگلیز کە باسی ئازادی کوردیان دەکرد، بۆیە بوو ئەوتیان دەس کەوێ. ڕووسیش بۆیە کوردیان دەویست کە بگەنە نەوتی ئازربایجان. کە وابوو شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥ی بارزانی و

← شێخ ئەحمەد و چەند کەسێکی لە خزمانی، لە بەسرا زیندانی کرد.
ماڵ و منداڵ و وردەی بارزانیانیش خرانە ناو زنجەوە و ئەمر نەژی دەژیان و زۆر بە شپرزەیی ڕایان دەبوارد. ماوەیەکی زۆر هەر وا مانەوە تا لە ئەنجاما ڕێگەیان دان بچنەوە وڵاتی بارزان. بەڵام مەلامستەفا و پێنجسەد کەس لە پیاوانی بەکار و بەگوردی بارزانی خۆیان تەسلیم نەکرد و لە ٤٧/٤/٢٨ هاتنەوە لە سنووری عیراق چەند شەڕێکیان دەگەڵ عیراق کرد و لە ١٩٤٧/٥/١٨ سنووری عێراقیان بەجێهێشت و بە ڕێگەی تورکیادا گەڕانەوە و لە چەند جێیەکدا دەگەڵ تورکان تووشی یەك هاتن و بە شەڕ خۆیان ڕزگار کردن. هاتنەوە ناو کوردستانی ئێران و دەیانەویست بەرەو ڕووسیا بچن. ئێرانیەکان لە هەموو جێگە و شوێنێکدا لەشکریان لە سەر ڕێگە دانابوون کە شایەد پێشیان پێ بگرن و وانەکەن مەلامستەفا بگاتە ڕووسیا. بارزانی لەو ڕێگە دوور و پڕ لە مەترسیەدا -کە زۆر کەس سەری لێ سووڕ ماوە- گەلێك جار تووشی لەشکری ئێران هاتن و شەڕی زۆر خوێناویان لە نێواندا قەوما و بە ئازایەتی خۆیان ڕزگار کرد و توانیان لە چۆمی ئاراز بپەڕنەوە. لە ئازربایجانی سۆڤیێتی بوونە پەناهەندەی دەوڵەتی ڕووس. لە پاش ماوەیەك لە ئازربایجانیان ڕاگوێزتن و بردیاننە ئۆزبەکستان. مەلامستەفا لە ئوزبەکستانەوە چووە مۆسکۆ. هەر لە ساڵی ٩٤٧ ڕا تا ساڵی ١٩٥٨ مەلامستەفا و هەواڵانی بارزانی لە ڕووسیا ژیان و لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی عێراق، هاتنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان.
ساڵی ١٩٦١ پارتی دیموکراتی کوردستان -کە بە سەرۆکایەتی بارزانی بوو- لە سەر داوای مافی نەتەوایەتی گەلی کورد، دەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا نێوانی زۆر خۆش نەبوو؛ کەوتبووە گلە و گازندە کردن. لە ١١ی تابی ساڵی ١٩٦١دا عەبدولکەریم قاسم لەشکری ناردە سەر کوردستان و شەڕی هەڵگیرساند. هەر لە ١٦ی ئەم مانگەشدا لە خوت و خاڵ فڕۆکەی ناردنە سەر بارزان و بۆمبارانی کرد.
لە بەرانبەر ئەم دەستدرێژیەدا مەلامستەفا -لە سەر ئەمر و فەرمانی شێخ ئەحمەد- بۆ مافی ڕەوای پارێزگاری لە زوڵم و زۆری، ڕاپەڕی و بە گژ سوپای عێراقدا هاتەوە. ئەو شۆڕشە هەتا ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دەوامی کرد و لەو ساوە دەگەڵ حکومەتی بەعسی پێك هات کە حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) بدەن بە کوردستان. ئیتر دوایی بەو شەڕ و کوشتارە هێنا. ئێستا کە ساڵ ١٩٧٢ە، کوردەکان چاوەنۆڕی وەن حکومەتی عێراق بەڵێنەکانی پێك بێنێ و حوکمی زاتی بدا بە کورد و جارێکیتر شەڕ و خوێن ڕژتن نەبینن. هەژار
شیاوی باسە: ئێستا کە من ئەو پەراوێزە چاپ دەکەم و وەختیش ١٢ی مانگی نۆی ساڵی ١٩٧٣یە لە قەیرانی حوکمی زاتی لە کوردستانی عێراقدا ٦ مانگ ماوە. بە هۆمێدم کوردی هەژار ئەم ئاواتەیان بێتە جێ و حوکمی زاتیان بۆ بچەسپێ؛ پەنا بە خوا. هەژار

شۆڕشی قازی محەمەدیش ئەگەرچی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوون، ئەو هیمە توندەیان نەبوو کە دەوڵەتی لە سەر گێڕ بێ. هەرگا ئەو هیمە قایمە بۆ کوردەکانیش هەڵکەوێ، ئەو ئاواتەی کە بە سەرچڵی لێی دواین بۆیان پێك دێ. حەزم دەکرد مامۆستا محەمەدعەلی عەونی- کە *شەرەفنامەی* بە عەرەبی وەرگێڕاوە و بەو کردەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامەتی بە تێکڕایی و ڕۆشنبیری کوردەکانی بە تایبەتی دەوڵەمەند کرد- ئێستا لە سەر دنیا بوایە و بەری ماندوو بوونی زۆری بە چاپکراوی بدیایە. خوای لێ خۆش بێ و بچێتە بەهەشت.

زۆر سوپاس بۆ شێخ عومەر وەجدی، شێخی ڕەواقی کوردان لە ئەزهەر کە زۆری خۆ بۆ چاپ کردنی ئەم کتێبە ماندوو کرد و پێڕستیشی بۆ درووست کرد.

یەحیا خەشاب

ئاپریل ١٩٥٨

شەرەفنامە لە کوردناسیی سۆڤیێتدا

دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد

هیچ خوێندەوارێکی کورد و هیچ ڕۆژهەلاّتناسێك نیە ناوی *شەرەفنامە* و شەرەفخانی بدلیسی نەبیستبێ کە تا ئێستە بە گەلێك زمان و بە دەها جار کورت و درێژ دەربارەیان نووسراوە. هەموو ڕۆژهەلاّتناسی سۆڤیێت بە گشتی و کوردناسیان بە تایبەتی، بایەخێکی دیار و شایانیان بە هەر دوو بەرگەکەی *شەرەفنامە* و دانەری داوە. ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەلاّتناسانی سۆڤیەت لە نووسینەکانیاندا نەك تەنیا دەربارەی کوردستان، بەلّکو دەربارەی زۆر لایەنی تری ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستیش کەلّکیان لە *شەرەفنامە* وەرگرتووە. لە سالّەکانی ٣٠دا داوا لە کاربەدەستی ئەکادیمیای سوڤێتی ڕۆژهەلاّت و کوردناس: ف.ب. ڕاستۆپچین[١] کرا ئەم سەرچاوە کۆنە بگۆڕێتەوە سەر زمانی ڕووسی؛ بەلاّم مردنی لە ناکاوی بووە کۆسپ لە بەردەمی جێبەجێ کردنی ئەم کارە پێویستەدا.

بایەخ پێدانی ڕۆژهەلاّتناسی سۆڤیێت بە *شەرەفنامە* لە دەسالّی ڕابردوودا گەیشتە بەرزترین پلەی. لە سەرەتای سالّەکانی شەستەوە، کاربەدەستی زانستی بەشی کوردی دەزگای ڕۆژهەلاّتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیێت، لقی لینینگراد (یڤگینا ڤاسیلیێڤا) دەستی کرد بە گۆڕینی ئەم سەرچاوە کۆنە لە زمانی فارسیەوە بۆ سەر زمانی ڕووسی. سالّی ١٩٦٧ بەرگی یەکەمی بە ڕووسی لە

١- ڕۆژهەلاّتناسی سۆڤیێتی ف.ب.ڕاستۆپچین، لە سالّەکانی ٣٠دا چەند باسێکی بە نرخی دەربارەی کورد بلاّو کردەوە. ڕاستۆپچین یەکەم زانایە لە جیهاندا کە یەکەم بیبلیۆگرافیای لە سەر کورد داناوە و کاتی خۆی لە ژێر ناوی بیبلیوگرافیا لە بارەی کێشەی کوردەوە، لە گۆڤاری *ڕۆژهەلاّتی شۆڕشگێڕ*دا بلاّوی کردۆتەوە. «بڕوانە: *ڕۆژهەلاّتی شۆڕشگێڕ* بە زمانی ڕووسی، ژمارە ٣-٤، سالّی ١٩٣٣، ل ٢٩٢-٣٢٦ و ژمارە ٥ی هەمان سالّ، ل ١٥٩-٧٣.» یەکێك لە وتارە بە نرخەکانی ڕاستۆپچین «سەرنج لە بارەی کوردەوە»یە کە لە ژمارە ١٣-١٤ی سالّی ١٩٣٢ی گۆڤاری *دەنگ و باسی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست*دا بلاّوی کردۆتەوە. گۆڤاری ناوبراو، ل٧٢-٩٣. بۆ لێکۆلّینەوە لە ژمارەیەك، ڕووی گرنگی ژیانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی کورد تەرخان کراوە. ڕاستۆپچین لە سەرەتای ئەم وتارەیدا هێرشێکی زۆر توندی کردۆتە سەر ئەو مێژوونووسە دوورنەبینانەی لە خۆڕا خەباتی گەلی کوردیان لەکەدار کردووە. لە هەمان کاتدا ڕاستۆپچین زۆر توند ڕەخنەشی لەو ڕۆژهەلاّتناسە سۆڤیێتیانەش گرتووە کە نەزانانە -لە ژێر پەردەی مارکسیەتدا- لەکەی کۆنەپەرستیان بە هەموو جوولاّنەوەیەکی کوردەوە لکاندووە.

ژێر چاپدا دەرچوو[1]. بەر لەوەش بە چەند مانگێك كاربەدەستی زانستی دەزگای گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستی ئەكادیمیای زانستی ئازەربایجانی سۆڤێتی (م.شەمسی) سەبارەت بەو نامەیەی تەرخانی كردبوو بۆ لێكۆڵینەوە لە *شەرەفنامە*، بە ناوی *شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژووی گەلی كوردەوە*[2]؛ كە بەرهەمی كاری بێوچانی چەند ساڵێكی بوو نازناوی دوكتۆری پێدرا.

ئەم دوو شارەزایە بە شێوەیەكی زانیاری قووڵ، نرخی *شەرەفنامە* و گەلێك ڕووی نەزانراوی خۆی و دانەرەكەیان بۆ یەكەم جار بە جۆرێكی ڕێكوپێك خستۆتە بەردەمی ڕۆژهەڵاتناسانی وڵاتەكەیان و دەرەوە؛ كە وا بزانم كورتە باسێكیان لە پێشەكی یەكەم چاپی كوردی *شەرەفنامە*دا كارێكی لەجێ و پێویستە.

بەرگی یەكەمی *شەرەفنامە* بە ڕووسی، ٦١٩ لاپەڕەیە،[3] كە تەنها ٤١٢ لاپەڕەی بریتییە لە وەرگێڕانی نووسینەكەی شەرەفخان؛ ئەوی تری بریتییە لە پێشەكی و پاشكۆ و كورتە باسێكی كتێبەكە بە ئینگلیزی؛ كە لە لایەن ئافرەتی زانای سوڤێتی (ی. ڤاسیلیێڤا)وە ئامادە كراون.

ی. ڤاسیلیێڤا لە پەنجا و پێنج لاپەڕەی پێشەكییەكەیدا وەستایانە *شەرەفنامەی* هەڵسەنگاندووە و نرخی زانستی دیاری كردووە و گەلێك زانیاری نوێی لەم بارەیەوە بڵاو كردۆتەوە كە زۆربەی هەرە زۆریان لای خوێندەواری كورد نەزانراو بوون. لەم پێشەكییەدا زانای سۆڤێتی بە درێژی باسی مێژووی لێكۆڵینەوەی *شەرەفنامە* و دەسنووسە كۆنەكانی و ئەو كتێبخانانەی ئێستە تیایاندا هەڵگیراون و گەلێك باسیتری لەم بابەتەوە تۆمار كردووە.

وەك ڤاسیلیێڤا نووسیویێتی، هێربێلۆ بە زمانی فەرەنسی ساڵی ١٧٧٦ لە لاپەڕەی ٨٣٦ و ٨٤١ی كتێبەكەیدا (كتێبخانەی ڕۆژهەڵات یا فەرهەنگی گشتی) بۆ یەكەم جار باسی *شەرەفنامەی* بە جیهانی

---

[1] - ڤاسیلیێڤا دەمێكە دەستی بە گۆڕینی بەرگی دووهەمی *شەرەفنامە* كردووە كە نیاز وایە ئەویش لەم چەندانەدا بخرێتە ژێر چاپەوە.

[2] - ئەم نامەیە بە زمانی ئازەری نووسراوە و كورتەكەی بە ڕووسی چاپ كراوە.

[3] - هەزار و سێسەد دانە لە بەرگی یەكەمی *شەرەفنامە* بە ڕووسی بە شێوەیەكی جوان و بەرچاو، چاپ كراوە و دەمێكە لە بازاڕاندا نەماوە.

زانیاری ڕۆژئاوا گەیاندووە[1]. هێربێلۆ لە ڕێگەی یەکێك لە نووسراوەکانی گەڕۆکی بەناوبانگی تورکی سەدەی حەڤدەهەم (کاتب چەلەبی)یەوە بە *شەرەفنامەی* زانیوە «بڕوانە ل ١٤ی پێشەکیەکەی ی.ڤاسیلێڤا». دوای ئەوە یەکەم ئەورووپایی کە دەسنووسی *شەرەفنامەی* دەستکەوتووە جۆن مالکۆلم[2] بووە کە تەنانەت لە ڕووی زانستیشەوە کەڵکی لێ وەرگرتووە؛ بەوەدا کە لە بەرگی دووهەمی[3] دەربارەی مێژووی ئێران چەند جارێك شتی لە *شەرەفنامە* وەرگرتووە؛ بەڵام بێ ئەوەی ناوی کتێبەکە یا دانەری بێنێت. بێگومان بەکارهێنانی *شەرەفنامە* وەك سەرچاوە -لەو کاتەدا لە لایەن شارەزایەکی وەك مالکۆلمەوە- بەڵگەیەکی مێژووییە بۆ نرخی بەرز و بایەخی بێسنووری *شەرەفنامە*. دوای جۆن مالکۆلم، بە بیست ساڵێك مێژوونووسی فەرەنسی (کاترمێر) لە زۆر شوێنی ئەو کتێبەیدا کە ساڵی ١٨٣٦ لە پاریس لە ژێر ناوی *مێژووی مەغولەکانی ئێران*دا بڵاوی کردۆتەوە کەڵکی لە *شەرەفنامە* وەرگرتووە.

ڤاسیلێڤا بە درێژی باسی شوێنی *شەرەفنامەی* لە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسدا کردووە. خ.د.فرین یەکەمین زانای ڕووس بووە کە ساڵی ١٨٢٦ لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی پیتەربورگدا باسی *شەرەفنامەی* وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی یەکجار گرنگ کردووە[4]. لە پاشی سێ ساڵ دووبارە فرین لە

١- بە پێی ئەو زانیاریانەی لە بیبلیۆگرافیاکەی ژاکە موسەیلیاندا بڵاو کراوەتەوە، هێربێلۆ لە پێنج شوێنی کتێبەکەیدا ل ٨٤١، ٨٣٦، ٨٠٧، ٧٠٦، ٣١٧، باسی کورد و *شەرەفنامەی* کردووە: (ژ.س موسەیلیان، بیبلوگرافیای کوردناسی بە زمانی ڕووسی مۆسکۆ، ١٩٦٣، ل٥٥).

٢- جۆن مالکۆلم ١٧٦٩.ك (١٨٣٣.ز) کاربەدەستێکی دیبلۆماسی بەریتانی ناسراوە؛ ماوەیەکی زۆر لە هیندوستان و ئێران کاری کردووە و شارەزاییەکی زۆری دەربارەی وڵات و گەلەکانی ڕۆژهەڵات هەبووە و گەلێك نووسراوی بە نرخی لە بارەیانەوە بەجێهێشتووە و کاتێك کە لە ئێران بووە، ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە و دەسنووسی کۆنی دەستکەوتووە کە یەکێکیان *شەرەفنامە* بووە.

٣- J. Malcolm, The History of Persia From The Most Early Period to the present time, vol.٢ london, ١٨١٥ pp. ٢٠٧-٢٠٨.

٤- پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ لە یەکێك لە وتارەکانی ئەم دواییەیدا باسی ئەوەی کردووە کەوا یەکەم کەسێ کە بە درێژی ساڵی ١٨٢٦ دەربارەی *شەرەفنامەی* نووسیوە، م.ڤۆلکۆڤ بووە. بە پێی ئەم وتارەی مامۆستا کوردۆ جگە لە فرین ژمارەیەکیتریش لە ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووسیا هەر لەو کاتەدا داوای بڵاو کردنەوە و گۆڕینی *شەرەفنامەیان* کردووە

یەکێك لە نووسینەکانیدا باسی *شەرەفنامەی* کردۆتەوە و داوای کردووە بە زووترین کات فارسیەکەی بڵاو بکرێتەوە و بگۆڕدرێتە سەر زمانێکی ئەورووپایی.

زانا و کاربەدەستی ئەکادیمیا، ڤلیامینۆف زێرنۆف[1] ئەرکی بڵاوکردنەوەی *شەرەفنامەی* بە فارسی گرتە ئەستۆی خۆی و توانی ساڵی ١٨٦٠ بەرگی یەکەمی بە پێشەکیەکی بیست لاپەڕەیی بە نرخەوە بە زمانی فەڕانسی بڵاو بکاتەوە[2]. دوابەدوای ئەوە، بە دوو ساڵ بەرگی دووهەمیشی لەگەڵ پێشەکیەکی فەڕانسی حەوت لاپەڕەییدا بڵاو کردەوە[3]. جێبەجێ کردنی ئەم کارە ئەوەندە پایەی زانستی ڤێلیامینۆف زیرنۆڤی -لە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیدا- بەرز کردەوە کە نازناوی ئەکادێمی پێ درا. بەشێکی یەکجار پڕ کەڵك و گرینگی پێشەکیەکەی ڤاسیلێڤا بۆ باسی دەسنووسەکانی *شەرەفنامە* تەرخان کراوە کە ژمارەیان -وەك دەڵێت- یەکجار زۆرە. ژمارەی تۆمارکراوی *شەرەفنامە* تەنها لە کتێبخانە ناسراوەکانی جیهاندا دەگاتە ٢٢ دانە (ل ١٧). ئەمەش بێگومان بەڵگەیەکی ترە بۆ گرنگی *شەرەفنامە* کە وا دیارە زانایان هەر لە زووەوە بایەخێکی زۆریان پێداوە و ژمارەیەکی زۆریان لە سەر

(بڕوانە: ك.ك.کوردۆییف، کوردناسی، کتێبی موزەخانەی ئاسیایی لقی لینینگرادی دەزگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی یەکیەتی سۆڤیەت، مۆسکۆ، ١٩٧٢، ل٣٨٦-٣٨٧).

١- ڤلیامینۆف زێرنۆڤ (ڤیلادیمیر ڤیلادیمیروڤیچ) ١٨٣٠.ك (١٩٠٤.ز) یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسە ناسراوەکانی ڕووسیا کە شارەزاییەکی تەواوی لە مێژوو، ئارکیۆلۆژیا و زماندا هەبووە و گەلێك زمانی دەزانی و ساڵی ١٨٦١ بە ئەندامی ئەکادیمیا هەڵبژێردرا. بەشی زۆری بەرهەمەکانی ڤیلیامینۆڤ زێرنۆڤ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو و زمانی گەلە ڕۆژهەڵاتیەکانی ڕووسیا تەرخان کراون. لە بەر ئەوەی یەکێك لەو زمانانەی زێرنۆڤ بە ڕەوانی دەیزانی فارسی بوو، بڵاوکردنەوەی *شەرەفنامەی* پێ سپێردرا.

٢- لە لاپەڕەی یەکەمی بەرگی یەکەمدا بە زمانی فارسی نووسراوە: «جلد اول از کتاب شرفنامە تألیف شرفخان بن شمس‌الدین بدلیسی کە بە اهتمام اقل عباد ولادیمیر ملقب بە ولیامینوف زیرنوف در محروسە بطربورغ در دارالطباع اکادیمیەی امپراطوریة سنە ١٨٦٠ عیسوی مطابق سنە ١٢٧٦ هجری مطبوع گردید».

٣- لە لاپەڕەی یەکەمی بەرگی دووهەمدا بە زمانی فارسی نووسراوە: «جلد دویّم از کتاب *شرفنامە* تألیف شرفخان بنشمس‌الدین بدلیسی کە بە اهتمام اقل عباد ولادیمیر ملقب بە ولیامینوف زرنوف در محرووسە بطربورغ در دارالطباع اکادیمیە امپراطوریة سنە ١٨٦٢ عیسوی مطابق سنە ١٢٧٨ هجری مطبوع گردید».

نووسیوەتەوە[1]. بە پێی ئەو زانیاریانەی ڤاسیلیێڤا کۆی کردوونەتەوە، کۆنترین و بەنرخترین و ڕاستترین دەستنووسی زانراوی *شەرەفنامە* ئەو ژمارەیە کە بە دەستخەتی خودی شەرەفخان لە ژێر ناوی *شەرەفنامەی تاریخی کوردستاندا* نووسراوەتەوە و ئێستە لە کتێبخانەی بۆدلیان لە ئاکسفۆرد هەلگیراوە. ئەم دەستنووسەی *شەرەفنامە* کەوتۆتە ٢٤٦ پەڕەوە و بە ٢٠ وێنەی نایاب ڕایزاندۆتەوە و لە کۆتایی زولحەجەی ساڵی ١٠٠٥.ك (١٣ی ئابی ١٥٩٧.ز)دا، شەرەفخان لە نووسینەوەی بۆتەوە. واتە ئەمە یەکەم ژمارەی نووسراوەی *شەرەفنامەیە*؛ چونکە شەرەفخان لە مانگی ئابی ساڵی ١٥٩٧.ز لە نووسینەوەی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی و لە مایسی ١٥٩٩.ز شدا لە نووسینەوەی بەرگی دووهەمی بۆتەوە.

دووهەم ژمارەی بە نرخی دەسنووسی *شەرەفنامە*، ئەو ژمارەیە کە لە کتێبخانەی گشتی لنینگراد پارێزراوە. مێژووی نووسینەوەی ئەم دەسنووسەی شەرەفنامە، ساڵی ١٥٩٨ە و شەرەفخان خۆی سەیری کردۆتەوە و مۆری خۆی لەسەر داناوە. بەڵام ئەوەی تا ڕادەیەك لە نرخی کەم کردۆتەوە، ئەوەیە کە چەند شوێنێکی کەمی نەماوە[2].

دەسنووسێکیتری کۆنی *شەرەفنامە* کە ساڵی ١٦٠٦ لە شاری کلس لە لایەن حەسەنی کوڕی نوورەدینەوە لە بەر یەکەم ژمارەی *شەرەفنامە* بە بێ دەستکاری لە ٣٢٧ پەڕەدا نووسراوەتەوە، لە کتێبخانەی بۆدلیان هەلگیراوە. جگە لەمانە ڤاسیلیێڤا باسی ژمارەیەکیتر لە دەسنووسە کۆنەکانی *شەرەفنامە* دەکات کە لە موزەخانەی بەریتانی و کتێبخانەی ئەستەمبوڵ و هەندێك شوێنیتردا پارێزراون (ل١٧-٢٠).

تا ئێستە *شەرەفنامە* چەند جارێك لە زمانی فارسیەوە گۆڕدراوەتە سەر چەند زمانێکیتر. وەك ڤاسیلیێڤا دەیگێڕێتەوە: کۆنترین گۆڕینی *شەرەفنامە* ئەو دوو گۆڕینەن کە بۆ سەر زمانی تورکی —بە

١- زۆر لەوانەیە تا ئێستەش ژمارەیەکی زۆر لە دەسنووسە کۆنەکانی *شەرەفنامە* لە کوردستان وە یا لە هەندێك لە وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبن.

٢- ئەم دەسنووسەی *شەرەفنامە* یەکێك بووە لە دەستکەوتە بە نرخەکانی لەشکری ڕووس لە کاتی شەڕی ڕووس و فارسدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا (١٨٢٦- ١٨٢٨.ز) کە لە ئەردەبیلەوە لەگەڵ کتێبخانەی سەفەویەکاندا گواستوویانەتەوە پیتەرزبورگ.

جیا- کروان؛ یەکێکیان کورت کراوەی *شەرەفنامە*یە و ئەویتریان هەموویەتی و تا ئێستە دوو دەسنووسی یەکەمیان و دەسنووسێکی دووهەمیان دۆزراونەوە؛ بەڵام هیچکامێکیان بڵاو نەکراونەتەوە. کورت کراوەکەی *شەرەفنامە* لە لایەن محەممەدبەگی ئەحمەدبەگی میرزا ناوەوە ساڵی ۱۰۷۸ی کۆچی (۱٦٦٧-١٦٦٨ز) تەرجەمە کراوە و ئەویتریشیان لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی حەڤدەهەمدا، لە لایەن سامی ناوێکەوە کراوە (ل۲۰-۲۱).

دوای ئەوە بە دەوروبەری دووسەد ساڵێك، بەرگی یەکەمی *شەرەفنامە* لە لایەن یەکێك لە ڕۆشنبیرە هەرە زرنگەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کوردستان (مەلا مەحموودی بایەزیدی)یەوە[1] بۆ یەکەم جار کراوە بە کوردی. مەلا مەحموود ئەم کارەی ساڵی (۱۸۵۸-۱۸۵۹) بە هاندانی کوردناسی بەناوبانگی ڕووسی «ئەلێکسەندەر ژابا»وە[2] کردووە و دەسنووسەکەی ئێستە لە کتێبخانەی گشتی لینینگراد هەڵگیراوە. هەر لەو دەوروبەرەشدا، لە ڤیەنا *شەرەفنامە* لە لایەن *هـ.ا. بارب*ەوە کراوە بە ئەڵمانی و بەرە-بەرە لە نێوان ساڵانی ۱۸۵۳ و ۱۸۵۹دا لەگەڵ پێشەکیەکی وەرگێڕدا، بڵاو

۱- مەلامەحموودی بایەزیدی زانایەکی پایەبڵندی کوردە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا لە دایك بووە. بایەزیدی جگە لە زمانی زگماکی خۆی، لە زمان و ئەدەبی عەرەبی و تورکی و فارسیدا دەستێکی باڵای هەبووە؛ شارەزایەکی گەورەی قورئان بووە و بۆ ماوەیەکی درێژ نەك تەنها لە بایەزیددا، بەڵکو لە هەموو کوردستاندا مەلایەکی کەم هاوتا بووە. مەلا مەحموود ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی ئەدەبی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە لە ڕووی زانستییەوە نرخێکی زۆر گەورەیان هەیە. م.ب.ڕۆدینکۆ لەم ڕووەوە نووسیوێتی دەڵێت: گەلی کورد لە پاراستنی گەلێك ڕووداوی بە نرخی ژیانی، زۆر قەرزداری مەحموودی بایەزیدیە. ئەگەر هەوڵ و تەقەلای مەحموودی بایەزیدی و ژابا نەبوایە ژمارەیەك لە سەرچاوە گرینگەکانی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەند تا ئەمڕۆش بە نەزانراوی دەمانەوە. «بڕوانەوە: ملا محمودی بایزیدی، *عادت و رسوماتنامە اکرادیە*، چاپی ڕوسی. گۆڕین و لێکۆڵینەوەی م.ب.ڕۆدینکۆ مۆسکۆ، ۱۹٦۳، ل ٤. دەربارەی ژیان و کارەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی، بڕوانە پێشەکی ئەم سەرچاوەیە».

۲- ئەلێکسندەر ژابا کاتی خۆی قۆنسولی ڕووس بووە؛ لە نزیکەوە کورد و کوردستانی ناسیوە و گەلێك نووسینی بایەخداری لە بارەیانەوە بەجێ هێشتووە؛ وەك *جامعیی رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی* کە بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر پەند و چیرۆکی فۆلکلۆری کە کۆی کردوونەتەوە و کردوونی بە فەرەنسی و ساڵی ۱۸٦۰ لە پیتەربورگ لە چاپی داون. ژابا هاوڕێیەکی نزیکی مەلا مەحموودی بایەزیدی بووە و بە یارمەتی ئەو توانیویەتی گەلێك دەسنووسی بە نرخ پەیدا بکات و لە گەلێك ڕووی زمان و ژیانی ڕۆشنبیری گەلی بکۆڵێتەوە. نووسینەکانی ژابا و ئەو سەرچاوە دەسنووسانەی لە بارەی کوردەوە کۆی کردوونەتەوە لە کتێبخانەی گشتی لینینگراد هەڵگیراون.

کراوەتەوە. دوای ئەوە بە ماوەیەك کارێکی زانستی یەکجار گەورە بە نیسبەت *شەرەفنامە*وە کرا کە بووە هۆی پێناساندنی تەواوی ئەم سەرچاوە کۆنە، لە جیهانی زانستی ڕۆژئاوادا. ئەوە بوو پرۆفیسۆر ف.ب.شارموا -کە ئەو کاتە وەك زانای هەرە فارسیزان لە ئەورووپا حیساب دەکرا- توانی لە نێوان (١٨٦٨- ١٨٧٥)دا تەرجەمەی فەرانسی هەر دوو بەرگەکەی *شەرەفنامە* لە پیتەرزبورگ بڵاو بکاتەوە؛ کە بریتی بوو لە بەرهەمی ٣٠ ساڵ کاری بێ وچانی. شارموا چاپەکەی ڤیلیامینۆف زیرنۆڤی بۆ تەرجەمەکەی کردبووە بنچینە و کەڵکیشی لە دوو دەسنووسی کۆنی *شەرەفنامە* وەرگرتبوو.

ئەم چاپە فەرانسیەی *شەرەفنامە* کەوتۆتە چواربەرگی سەربەخۆوە: بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ساڵی ١٨٦٨ و بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی ساڵی ١٨٧٣ و بەشی دووەمی بەرگی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ لە چاپ دراون (ل٩،٥٤٩،٢١).

شارموا لە تەرجەمەکەیدا پەیڕەوی مەرجە زانیاریەکانی گۆڕینی کردووە. بیری خۆی و ئەو ڕاست و روون کردنەوانەی بە پێویستی زانیون، لە پەراوێزی کتێبەکەدا بڵاوی کردوونەوە. جگە لەوەش پێشەکیەکی بۆ نووسیوە کە تێیدا باسی *شەرەفنامە* و هەندێك رووی ژیانی کورد و جوغرافیای کوردستانی کردووە. ڤاسیلیێڤا لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند ڕەخنەیەکی لە پێشەکیەکەی ف.ب.شارموا گرتووە، دان بەوەدا دەنێت کە تەرجەمەکەی تا ئەمڕۆش نرخی زانستی خۆی لە دەست نەداوە (ل٢٣).

دوابەدوای ئەم زانیاریە بەنرخە کەم زانراوانە، ڤاسیلیێڤا دەکەوێتە هەڵسەنگاندنی *شەرەفنامە* و بیری خۆی -وەك ڕۆژهەڵاتناسێك- دەربارەی سەنگ و بایەخی دەردەبڕێت و دەڵێت: نرخی زانیاری ئەم سەرچاوەیە ئەوەندە زۆرە کە پێویستی بە پیاهەڵدان نیە. هیچ نەبێت بە یارمەتی *شەرەفنامە* دەتوانرێت جێگەی گرنگی ون بووی گەلی کورد لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیاری بکرێت (ل٣٧)؛ ئەمەش بێگومان لە نرخاندن نایەت؛ چونکە: گەلی کورد، هەر وەك چۆن ڕۆژهەڵاتناسی هەرە بەناوبانگی ڕووسیا و سۆڤیێت (ئۆربێلی[1])

١- ئارکیۆلۆژ و مێژوونووسی بەناوبانگی سۆڤیێتی، یوسف ئەبگارەڤیچ ئۆربیلی ١٨٨٧.ك (١٩٦١.ز)، یەکێکە لەو زانا پایەبلندانەی بە قووڵی لە زمان و مێژووی گەلی کورد و باری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێگەیشتووە و خزمەتێکی زۆری کوردناسی کردووە و لە پێگەیاندنی ژمارەیەك لە زانا کوردەکانی سۆڤیێت دەستێکی زۆر باڵای هەبووە.

دەڵێت: «کارێکی یەکجار گەورەی کردۆتە سەر ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات و ئەم گەلە زۆر لە ڕۆڵەکانی خۆی لە ژێر ناوی فارس و تورك و عەرەب و ئەرمەندا لە دەست داوە. بەوەی ناویان وەك شاعیر و مۆسیقار و جەنگاوەری نەمر، مێژووی چەند میللەتێك دەڕازێننەوە و ئەمەش کارێکی وەهای کردووە لە زانستی ئەورووپا و ڕووسدا وەها باو بێت کە گوایە کورد نەك تەنها ناتوانێت شتێکی نوێ لە ژیانی ڕۆشنبیریدا بێنێتە کایەوە، بەڵکو توانای ئەوەشی نیە تەنانەت لە بێگانەشەوە هیچ فێر بێت». بەڵام وەك ڤاسیلیێڤا دەڵێت بە یارمەتی *شەرەفنامە* دەتوانرێت ئەم کەلێنە گەورەیە لە مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا پڕ بکرێتەوە و شوێنی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردی تێدا دیاری بکرێت.

یەکێك لەو ئەنجامە گرنگانەی کە زانای سۆڤێتی (ژ.ڤاسیلیێڤا) لە بارەی ناوەرۆکی *شەرەفنامە*وە پێی گەیشتووە بریتیە لە دەست نیشان کردنی ڕاستی ئەوەی کەوا ئەم سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنە، یاریدەی کوردناسان دەدات کە بە شێوەیەکی قووڵتر لە زۆر ڕووی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمرۆی کورد تێبگەن (ل ٦٧). ئەم بیرەی ڤاسیلیێڤا زۆر ڕاست و درووستە؛ چونکە *شەرەفنامە* گەلێك ڕووی گرنگی خەباتی سەختی نەتەوەی کوردی لە سەدەکانی ڕابووردوودا تۆمار کردووە کە لای مێژوونووسی خۆ و بێگانە نەزانراوبوون و تەنانەت تا ئەمرۆش بە تەواوەتی نەزانراون و ئەمەش هۆیەکی گەورەی تێنەگەیشتنی جووڵانەوەی ئازادیخوازی نەتەوایەتی گەلی کوردە لە لایەن بێگانەوە.

ڤاسیلیێڤا پتر لە سەدوبیست لاپەڕەی بە ئینگلیزی لە کۆتایی کتێبەکەی، بۆ تێبینی و ڕوون کردنەوە و هەڵە ڕاست کردنەوە و بەراورد کردن و سەرچاوە و مەڵبەند و کورتە باسێك لە بارەی *شەرەفنامە*وە، نووسیوە و هەموو ئەمانەوە بێگومان ئەوندەیتر نرخی زانیاری کارەکەیان بەرز کردۆتەوە. شایەنی باسە ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤێت هەر زوو بایەخی بەم کارەی ڤاسیلیێڤا دا و بە دەستکەوتێکی دیاری کوردناسی لە قەڵەم دا.[1]

١- بڕوانە: گۆڤاری گەلانی *ئاسیا و ئەفریقا* (بە زمانی ڕووسی) ژمارە ٦، ساڵی ١٩٦٨، ل ٢٠١، ٢٠٢. ئەم گۆڤارە دانی بەوە داناوە کە تەرجەمەکەی ڤاسیلیێڤا لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو و بێگەردە و ئەمەی بە دەستکەوتێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤێت داناوە.

زانای ئازەریش دوکتۆر محەممەدی شەمسی -جگە لە نامەی دوکتۆریەکەی- زنجیرەیەك وتاری زانستی لە بارەی شەرەفخان و *شەرەفنامە*وە بڵاو کردۆتەوە؛ وەك: *مێژوونووسی کوردی بەناوبانگ شەرەفخان بدلیسی*[1] و *باسی ڕاپەڕینەکانی سەدەی شازدەهەمینی هۆزە کوردەکان لە شەرەفنامەدا*[2]. دوکتۆر شەمسی لە نامەی دوکتۆریکەیدا بە درێژی باسی ژیان و بەسەرهاتی شەرەفخان و باری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لە سەدەی شازدەدا دەکا و لە ناوەڕۆکی *شەرەفنامە* دەدوێ. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم باسانە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی کۆنی وەك *نزهةالقلوب*ی *حمدالله القزوینی* و بەرهەمی ژمارەیەك مێژوونووسی سەردەمی شەرەفخانی بەکار هێناوە؛ وەك قازی ئەحمەدی غەففاری.

دوکتۆر شەمسیش - هەر وەك ڤاسیلیێڤا- بە درێژی باسی گرنگی *شەرەفنامە*ی کردووە و دەڵێت کەوا مێژوونووسەکانی دوای شەرەفخان بۆ وێنە کاتب چەلەبی و ئەولیا چەلەبی و گەلێکی‌تر، لە بەرهەمەکانیاندا لە سەرچاوەیەك زیاتر *شەرەفنامە*یان بە کار هێناوە. هەروەها ئەو هەڵەیەشی ڕاست کردۆتەوە کە هەندێك مێژوونووس لەو بارەیەوە کردوویانە؛ کە گوایە شەرەفخان کتێبەکەی بە هاندانی شای ئێران داناوە[3]. لە ڕاستیدا شەرەفخان لەو کاتەدا کە *شەرەفنامە*ی داناوە، زۆر لە سوڵتانی عوسمانیەوە نزیك بووە و بە پێی قسەکانی دوکتۆر شەمسی، عوسمانیێکان تەنانەت یارمەتیشیان داوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەش زۆر گرنگە کە لە ناوەڕۆکی *شەرەفنامە*دا -تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر- هەست بە بێ‌لایەنی و لانەدان دەکرێت؛ بۆ وێنە شەرەفخان بە یەك جۆر بە شان و باهۆی شاتوهماسب و سوڵتان موورادی سێهەمیدا هەڵداوە و خۆی لەوە کەڕ کردووە کە ئەو جووتە شێر و تیریان لە یەك دەسوو. جگە لەمە شەرەفخان لە سەرەتای کتێبەکەیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا و

١- بڕوانە گۆڤاری *هەواڵەکانی کۆڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤێت* (بە زمانی ڕووسی و ئازەری) ژمارە ١، ساڵی ١٩٦٧، ل ٦٧-٧٢.

٢- هەمان گۆڤار، ژمارە ١، ساڵی ١٩٦٨، ل ٤٠-٤٦.

٣- بۆ وێنە بڕوانە: شاکر خصباك، *الکرد و للمسائلة الکردیة*، بغداد، ١٩٥٩، ل ١٥. بە بیری دوکتۆر شاکر خصباك گوایە شەرەفخان *شەرەفنامە*ی بە هاندانی شاعەباسی دووەم داناوە؛ لە کاتێکدا کە شەرەفخان هاوژینی شاعەباسی یەکەم بوو!

سەرنجڕاکێشەر بەم جۆرەی لای خوارەوە باسی ئەو هۆیەی کردووە کە بۆ دانانی *شەرەفنامە* پاڵی پێوە ناوە؛ دەڵێ: چونکە مێژوونووسان تا ئێستا هیچیان لە بارەی کورد و کوردستانەوە نەنووسیوە، من ویستم بە پێی توانا لەو بارەوە کتێبێك بنووسم و ناوی لێ بنێم *شەرەفنامە*؛ هەموو ئاواتیشم هەر ئەوەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان گوم نەبێت. کەواتە بەر لە هەموو شتێك و پتر لە هەموو هۆیەك، گیان و هەستی کوردایەتی شەرەفخانیان جووڵاندووە و بەڵگەی ئەمەش هەر لە ناو *شەرەفنامە* جارەهای جار بەرچاو دەکەوێت. بۆ وێنە لە سەراپای *شەرەفنامە*دا هەست بەوە دەکرێت کەوا خاوەنەکەی بە ئاشکرا یا لە ژێر لێوەوە و لە ژێر پەردەی هەڵدان بە شانوباهۆی سوڵتانەکاندا دەڵێت: «کوردستان وڵاتێکە بە کەس داگیر ناکرێت و سەر بۆ کەس شۆڕ ناکات».

سەرەڕای هەموو ئەمانە، شەرەفخانی بدلیسی یەکەم کەسە کە هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ڕاست و بێپێچ و پەنا، دەستکاری سنووری کوردستان دیاری بکات. بەر لە شەرەفخان و بە تایبەتی لە سەردەمی سەلجووقێکانەوە، کوردستان بەو مەڵبەندانە دەوترا کە کەوتبوونە نێوان ئازربایجان و لوڕستان و ڕۆژئاوای زنجیرە شاخەکانی زاگرۆسەوە؛ بەڵام لە *شەرەفنامە*دا سنووری کوردستان لە مەلاتییەوە دەست پێ دەکات و لە سەر ڕۆخەکانی خەلیج کۆتایی دێت[1]. یەکێك لە ڕووە گرنگەکانی کارە زانستیەکەی دوکتۆر شەمسی لە بارەی *شەرەفنامە*وە ئەوەیە کەوا بە یارمەتی ئەم سەرچاوەیە و لە بەر ڕۆشنایی ڕێبازێکی زانیاری ڕاست، توانیویێتی چەند لایەکی پڕ پێچ و پەنا و کەم زانراوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و چەند ناوچەیەکی کوردستان لە کۆتایی سەدەکانی ناوەندیدا دیاری بکات. زانیارێکانی ناو *شەرەفنامە* وا دەردەخەن کەوا بناغەی ژیانی ئابووری میرنشینی بدلیس لە سەدەکانی ناوەندا، لە سەر جۆرێ خاوەن مۆڵکێتی پچووك دامەزرابوو. چەوساندنەوەی جوتیاریش قاڵبی تایبەتی خۆی وەرگرتبوو؛ بەوەی لە سنووری تەنها بەرهەم هێناندا نەمابوو؛ بەڵکو جووتیار دەبوو جگە لەوەش پارێزگاری بەرژەوەندە سیاسیەکانی سەرۆکەکانی بکات؛ بە بەشدار بوون لە هەموو شەڕەکانی ئاغایدا؛ کە هەندێکیان بریتی بوون لە شەڕی دەرەبەگایەتی نێوان سەرۆکە کوردەکان. بۆ دواجار لە کوردناسی سۆڤێتدا، مامۆستا قەناتی کوردۆ (کوردوییێف) لەو وتارەیدا کە لە ژێر ناوی

١- لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن کەوا لە سەدەی شازدەدا- سەرەتای دروست بوونی هەستی نەتەوایەتی- ئەم تایبەتیە لە ناو سەردارە کوردەکاندا لە ئارادا بووە.

کوردناسی ساڵی ۱۹۷۲ بڵاوی کردۆتەوە[1]، باسی *شەرەفنامە*ی کردووە. بە تایبەتی دەستنووسە کۆنەکانی کە لە ئارشیفەکانی لینینگراد پارێزراون. وەك قەناتی کوردۆ باسی دەکات، م.ڤۆلکۆڤ یەکەم کەس بووە کە بە درێژی لە ساڵەکانی بیستی سەدەی نۆزدەدا -لە چەند لاپەڕەیەکدا- وەسفی ئەو دەستنووسانەی کردووە و خ.دفرێنیش یەکەم کەس بووە کە هەر لەو دەورو بەرەدا لە وتارەکانی خۆیدا باسی گرنگی پێویستی بڵاو کردنەوە و گۆڕینی *شەرەفنامە*ی کردووە[2]. دوای ئەوە مامۆستا قەناتی کوردۆ دێتە سەر باسی مێژووی لێکۆڵینەوەی *شەرەفنامە* لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووسیا و سۆڤیێتەوە؛ وەك لە سەرەوە باسمان لێ کرد.[3]

بەم جۆرە وەك دەبینن *شەرەفنامە* شوێنی شایانی خۆی لە کوردناسی سۆڤیێتدا کردۆتەوە و ئەو ڕاستیانەش کە لە سەرەوە باسمان کردن، وا بزانم تا ڕادەیەك یارمەتی دیاری کردنی نرخی زۆری ئەم چاپە کوردیەی *شەرەفنامە* دەدەن.

بێگومان مامۆستا هەژار بەم کارە گرنگ و بایەخدارەی کەلەبەرێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردەوە و کۆڕی زانیاری کوردیش بە بڵاوکردنەوەی ئەرکێکی گرنگی سەرشانی بەجێ هێنا.

١- بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٨.

٢- ك.ك.کوردۆییڤ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣٨٦-٣٨٧.

٣- ئەم بەشە لە ژێر چاپدا بوو کە نووسەر، کتێبێکی بە زمانی ئازەری لە دوکتۆر م.شەمسی، بەم ناوەوە وەرگرت: *شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژووی گەلی کورد*. بەم جۆرە نامەی دوکتۆریەکەی د.شەمسیش وەك کتێب بڵاو بووە و ئەمەش بێگومان بۆ کوردناسی سۆڤیێت دەستکەوتێکی نوێیە. کتێبەکەی دوکتۆر شەمسی سەد و چل و چوار لاپەڕەیە و ١٧٠٠ دانەی لێ چاپ کراوە و دانەری کەلکی لە ١٣٤ سەرچاوەی هەمەجۆر وەرگرتووە؛ کە ناوەکانیان لە کۆتایی کتێبەکەدا تۆمار کراون.



شەرەفنامە

مێژووی ماڵە میرانی کوردستان

میر شەرەفخانی بدلیسی

وەرگێڕانی
مامۆستا هەژار



سەرەتا

بە ناوی خودای دەهندە و دلۆڤان

سەرەتای وتارم بە سوپاسی ئەو خودایە دەست پێ دەکا، کە پەسندی ئەو لە دڵی ڕووناکـەوە وەك ڕۆژی بە کیسرێژ، زەوی و عاسـمان دەتەنێتەوە. ئەو خاوەن شکۆیەی کە هـەموو پایەبـەرز و سـەربڵندێك لـە سەر و ژێر ڕێسمەی دەرگانەی ئەودا، بە لارەملی و سەرکزی سەر دەنێتەوە.

شیـرینکارێکە، دەفرێکی گڵینی بۆ داڵدەو پەسیوی گیانی ئادەم، لە قوڕ و لیتە هەڵخستۆتەوە و بە تینی تیشکی بەزەیی خۆی، وشکی کردۆتەوە و بە چاو پێداخشاندنێك، وەهای مشت و مـاڵ داوە و ئەوەندەی ڕێز لێناوە کە شیاوی کۆڕی بارەگای پڕ شکۆی خۆی بێ و لە بەرە ژوورتر لە نۆپلەی تـەختی یەزدانیدا جێگەی بۆ کردەوە و بە شانازیەوە ڕایناوە.

دەس ڕەنگینێکە، لە خاکی ڕەشی نـمناك، سکەیەکی وای دارشتووە کە بە هەزاران هەزار بە بار و بە خەڵوار مرواری و گەوهەر -لە بازاڕی دوڕناساندا- بە قولەقاپەی ڕاناگەن و دەسکی لە دوو ناکەن.

باڵا دەستێکە، ئەو پادشاو خان و بەگلەر و سەردار و سەروەرانەی کە بـە لـووتبـەرزی و فیـز و شانازیەوە لە سەر ژێردەستان خۆ ڕادەنێن و تیز بەم و بەو دەکەن، لە بەرانبەر هێز و دەسـەڵاتی ئـەودا ڕووت و نابووت و کەساس و بێتەنوان. ئـەو گـەدا و بـێنەوایانـەی کـە چـاوی چـاکەیان لـە دەسـتی بەخشندەی خودای تاکە و دەستی نیازیان تەنیا بەرەو بارەگای شکۆداری ئەو بەرز دەکەنەوە و بـەس و لەو پێوە کاریان بە کەس نەماوە، ئەگەرچی لە ڕواڵەت و لە دیـمەندا بێپایە و مایە و بێسەرە و بەر و شپرزە و پەرێشانن، بەڵام لە ڕاستیدا پادشای سەربەرز و دڵخۆش، هەر ئەوانن.

هەر خۆیەتی هێندێکیان بۆ ماوەیەك بەرز دەکاتەوە و بە سەر کۆمەڵێکیاندا زاڵ دەکا و بۆ ئەزموون و بەڵگە لێ دەرخستن، پەتیان بۆ شل دەکا و سەردەمێك خۆیان لێ دەبوێرێ و لە ئەنجام و ئاکامدا پێمێری گیانکێشانیان بۆ دەنێرێ و لە گۆڕی ژیانیان وە دەر دەنێ و گۆڕی جیهانیان لێ هەڵدەوەژێرێ و بە گۆڕی تەنگەبەر و گۆڕیچەی سەنگەسەر و تاریکیان دەسپێرێ و لە ڕۆژی پرسینەوەدا پاك و پووکیان لێك هەڵداوێرێ و لە بەردەمی دادگای بەرزی خۆیدا بێڕوودەروایسی و بێکەمایەسی چاکە و خراپەکانیان بۆ دەژمێرێ؛ ساغ و پتەویان دەکاتە نەمامی بەهەشت و دەغەڵ و گەندەڵیان بە بەرکلی دۆزەخەوە هەڵدەپەسێرێ.

کارنەخشینێکە، هەر لە تاکە جووتێکی نێر و مێوە، گەلێك تیرە و هۆزی جۆربەجۆر و سپی و سوور و زەرد و بۆر و ڕەش و گەندمی لە بنەچەکە و ڕەگەزی ئادەمی هەڵخستۆتەوە؛ بۆ ئەوە کە خۆی و خۆیان بناسن. هەر کەسە -بە پێی پێداویستی ژیان- فێری شتێك کراوە و چەشنە زانستێکی وەپاڵ نراوە و ئەرکی فەرمانێکی شایانی پێ سپێراوە تا کاروباری ژیان لە هەموو سەرێکەوە ڕێك بێتەوە و بەند و شیرازەی ژیاننامەی مرۆڤایەتی لە بەر یەك هەڵنەوەشێ و لێك نەبێتەوە و ئەم داموودەزگا گەورە و گرانە و ئەو خانەدانە پڕخێزان و ئاوەدانە، ئاورگی پڕ پەرەنگی دانەمرکێتەوە. دڵ و دەروونی کیژ و کوڕی لە تین و گڕی ئەوین پڕکردووە و بە تیشکی تاسەی پێك گەیینی داگرساندووە. دەردی ژانی لە ژن -بە هەزار ڕەنگی دڵڕفێن- ڕەنگاندووە و شەکەتی و ماندووبوونی بێبڕانەوەی، بە پیاو سەلماندووە. هەر بۆیە کە پێت و بڵێسەی کوانووی ئەم ژیانە لە سەر ڕووی ئەم جیهانەدا هەر بگەشێتەوە و هەرگیز نەکوژێتەوە.

هەر لە خۆت جوانە گەورەیی کردن	گەردن کەچی تۆن ژیان و مردن
نەوی کردن و بەرزی لە تۆیە	ژیان لە تۆیە بە تان و پۆیە

پەسنی پێغەمبەر

درووود و ئافەرینێك کە هەرگیز لە بنە نەیە و سەروبنی دیار نەبێ، بۆ دیداری پاکی ئەو پێغەمبەرە دیاری بێ کە فەرموویەتی: پێغەمبەر بووم و هێشتا بابەدەم لە ناو ئاو و لیتەدا دەتلایەوە. ئەو

پێغەمبەرەی کە خودای بانی سەر دواندوویە و دەبارەی ئەو گوتوویە: تۆمسان هەر بۆیە نارد و ئەسپاردەمان بە تۆ ئەسپارد، کە ببیە مایەی سەروەری و بەختەوەری و نموونەی دادگەری بۆ هەموو ئافەریدەیەك.

پێغەمبەرێ کە بە میوانی بۆ سەر خوانی دیوەخانی یەزدانی مەزن لە سەرووی نۆ نهۆمی عاسمانان بان کرا. بە درێژایی ڕێبازی -بۆ بەخێر هێنان و پێشوازی- هەر نۆ گومبەزی تەرز و بەرزی بۆ ڕازایەوە و چراخان کرا. فریشتەکەی بەهەشتەکەی خودا -کە بوڕاقی ناو نراوە- دیمەنی ئەسپی باڵداری پێدراوە، بۆ گەشتی دەشت و چۆڵی بێ تۆز و خاك و خۆڵی بەرەو خێوەتی شین، بە زین کراوی لە سەرزەوین ئامادەکرا و فەرمانی بزووتنی پێدرا. چاپوك سواری نازدار -بە تەیاری و چەلەنگی- مامزە و ئاوزەنگی لێ بزاوت و بە حاستەم تەڕادی هەنگاوت. ئەسپی باڵداری خۆش ڕەوتی وەخۆ کەوت و لە بای شەماڵ ڕەوانتر و زۆر لە خەیاڵ تیژباڵتر، نێوانی دەپێوان و بە خۆشبەزی و گوڕ و تاوی، تەوس و پلاری دەهەڕەتی چاو دەگرت. چوارناڵەی گاڵەیێکی وای دەکرد، ڕێی لە گەڕانی مانگ و خۆر دەبڕیەوە و بە پەلکەی یاڵ و بژان، دەنکە فرمێسکی قەتیس‌ماوی لە چاوی ئەستێران دەسڕیەوە. ئەوەندەچالاك و بەکار بوو کە جوبرایلی جڵەودار، دەگەڵی دەرنەبرد و سەرەودەری دەرنەکرد و بینی تەنگ و پشووی سوار ببوو؛ لە نیوەی ڕێدا بەجێما و لە سوێی ئەو نیوە و نیوەچڵیە، هەر ئاخ و داخی پێما.

لە شەوڕۆیی خۆشت کە جبرەیل بە جێما ورەی بیری پێشەوبڕەی تۆ بە کێ ما؟

فریشتە شۆخ و شەنگ و قۆزەکەی بەر ڕکێفی خۆشەویستی خودا -لە فەڕ و پیتی سوارە بە ودم و پیرۆزەکەی- جارلەجار مەست و سەرخۆشتر و سەر و دڵخۆشتر و خۆشبەز و باوخۆشتر دەبوو. لە گەرمەی هاتوچۆ و ڕمبازیدا، شانازی بە خۆی دەکرد و دەهاتە بیری کە دار پیر دەبێ و جارێك بازی بە سەرەوە دەنیشێ؛ یا دار کرمۆڵ و دەغەزدار بێ و یا باز نازی لێ بشێوێ. پیرۆزەش ئەگەر بەختەوەر با، سێبەری سمی منی بە سەر خۆیەوە دەدیت کە سێبەری خۆشەویستی خودام بە سەرەوەیە. شۆڕەسواری میوان لە بەر دەروازەی خانەدانی خانەخوێی مەزنی خۆی، زەنگۆی بە تاڵ کرد و بەرەو ماڵ و بە سەر باڵی پەریەکانی پاسەوانە تایبەتیەکانی بارەگای یەزدانیدا -کە ببووە

پایەنـدازی- وردەهـەنگاوی هەڵـدێنا تـا گەیـشتە جێگـەی دیـاری کـراوی کـە ژێکـەوانێك و بگـرە کەمتـریش، لە بینایی چاوان و داهێنەری گیانلەبەر و بێگیانـان نزیـك کەوتـەوە. ئـەو جێگـەی لـەو دیدارەدا بەو درا -هەتا دنیا دنیایە- کەس رێی تێ ناکەوێ؛ تەنانەت کەس رێی ناکەوێ خەونیش بـەو پایە و شکۆیەوە ببینێ.

لـــە بـــەر ئـــەو کران عاسـمان و زەوی	لە بەر ئەو تەمی کـفـر و چەوتی رەوی
زەوی کـاتـێ زانـی پلەی ڕێزی خـۆی	کە پێغەمبەری گرتـە هـامـێـزی خۆی
بـلـنـد پـایـەتر بوو لە هەر سەروەرێ	بە گەورەییەکـەی خوا مەگیـن پەی بەرێ
هەتا چەرخ و خـولـیـە زەمیـن و زەمان	بە قەد پەلکی داران و رەمـلـی چـەمان
بە قەد بەفر و باران، گیا و ئـاو و خـاك	دروود بـێ لـە دیـداری ئەو گیانی پاك

پەسنی سوڵتان

هەروەها لە پاش سوپاسی خودا و پێهەڵگوتنی پێغەمبەری مەزن، دەمەوێ سوپاسـی پادشـای خۆشـم بکەم. ئەو پادشایەی کە گومبەزە شینەکەی کاکێشانی عاسـمان -بەو هـەمـوو دووری و بەرزییـەوە و بەو هەمـوو رێکی و تەرزییەوە- کەمتـرین خـەمڵ و خـشڵی سـەردەرانەکەیەتی. خونکـاری سـەیوانی چوارەم -کە ناوی خۆرە و بەخشینی تیشك و تیـرێژی حەورەنگ نەخشینی بێبڕانەوەیـە و هـەتا بڵێـی زۆرە- لە ڕیزی بێڕێزترینی دەرکەوانان و پاسەوانانەکەیەتی. پوخت و پـاراوی هەڵبـژێراوی ڕەچـەڵاکی شاگەورەکانە؛ نەتەوەی پاکی بنەماڵەی خانەدانە هەرە سایەچەورەکانە. داڵدەو پەنا و پەسیوی کیسڕایە و بۆ قەیسەران جێگەی هومێد و هانایە. پادشایانی چیـنوماچیـن دەکەونـە دەسـت و پایـەوە؛ کـاری سوڵتانان ماچ کردنی لاشیپانە و سەردەرانەی دەرگایەتی. سوننی مەزەبان دەپارێزێ و لە گومڕا بوون و گوناهیان دڵی دەبێزێ. هەر چیەك بدرکێنێ، کەس لە گفتی دەرناچێ. بە ڕاستەوچۆپەدا هـەر زۆردار و تاوانبـاران دادەپاچـێ. هـەژاری و خـەمباری لـە ئـارادا نەهێـشتووە و سـێبەری شـاباڵی بـەزەیی و بەخشندەیی، بە هەمـوو کەلوکولێنێك گەیشتووە. سەرۆکی دین و دنیایە و بەختەوەری هەر دوو لایـە. خاوەنی دوو دەریا و دوو بەژانە؛ کۆیلە و مفردی مەکە و مەدینانە. دووەمیـن ئەسکەندەری شـاخدارە

و سێهەمیـن عومەری لە خواترس و پارێزگارە. لە سایەی ئەوڕا، دنیا زۆر هێدی و هێمن و ئارام و بێ دەردوژانە. باوکی بێکەس و بێچاران سوڵتان مـحەمەدخانە[1]؛ خوا ڕاوەسـتاوی کـاو دەس دەبـن بـاڵی گرێ...

چۆن پـێت هـەڵبـڵێم ڕۆژی تیـشکدەر؟ خـۆزگە بەو کەسەی سایەی تۆی لە سەر

خوا بـە هـۆی تـۆوە شادی بۆ ناردین ئێـمەی خۆش دەوێ بە تۆی ئـەسپـاردین

پەسنی مێژوو

لە لای ئەوانەی کە زۆر زرینگ و ژیرن و وردەکارن و دوور ئەبینن و بـە ڕاوبیـرن، زۆر ئاشـکرایە کـە هەموو نووسەرێکی لە زەبر و هەموو زانایەکی زۆرزان و دەڕاست و هەموو ئاگادارێك لە بەسـەرهاتی ڕابردووان، لای وایە مێژوو پڕیە لە ئامۆژگاری بە سوود و تۆی لـە ڕێـشاندانی بـە کـەڵك و بەهرەیـە. بەسەرهاتی ڕابردووانـمان بیـر دەخاتەوە و دووری کەونارامان لێ نزیـك دەکاتـەوە و خـۆ بـە تایبـەتی ئەگەر ئەو سەربهورد و ڕووداوانەش، دەم و ڕاوێژ خۆشـان بیگێڕنـەوە و میـرزا چـاکی دەسـتوقەڵـەم ڕەنگیـن، ڕووپەڕی کتێبـانی پـێ بنەخـشێنن، دەربـارەی ئـەم تـەرزە دیرۆکانەیـە مـحەمەد کـوڕی خواندشاکوڕی مەحـموود کە بە میـرخواند بەناوبانگە و خـاوەنی تاریـخی « *روضةالصفا* »یـە، لـە پێشەکی کتێبە هێژا و بە نرخەکەیـدا دەڵـێ: خوێندنـەوەی مێـژوو لـە دەسـەرانەوە بـەهرە بـە پیـاو دەگەیەنێ:

١- زانستە بۆ مرۆ.

٢- ئاگاداری و خوێندنەوە، ئاودەنگی و خەمرەوێنە.

٣- ڕێگەی دوور بۆ پیاو نزیك دەکاتەوە و کۆسپ و دژواریش لە ڕێ لا دەدا.

٤- ڕاست و درۆ لێك هەڵدەوێژێرێ و ناڕەوا لە ناو ڕەوا دەبژێرێ.

٥- فرەی هەڵسەنگاندن و بەراورد کردن تێدایە. زانایان گوتوویانە: ئەزموون پیـاوان زانـا دەکـا؛

١- مـحەمەدخانی سێهەم، کوڕی سوڵتان مرادی سێهەم و سێزدەهەمیـن سوڵتانی عوسـمانیە. لە سـاڵی ١٠٠٣وە تـا ١٠١٣ پادشایەتی کردووە.

تاقی کردنەویان بە لکێك لە دەلکی زانست زانیوە. پیاو بە مێژوو خوێندنەوە، زۆر فێری لێکدانــەوە و تۆژیــنەوە و ئەزموون دەبێ.

٦- مێژووزان کەمتــر کاری بە پرسیاری لای ئەم و ئەو دەبێ؛ چونکە مەبەستەکە لە بەر دەســتە و بۆی دەڕوانێ و خۆی دەیزانێ.

٧- گەورەپیاوان کە دەگەڵ کاری گران و دژواردا ڕووبەڕوو دەبن، بە خوێندنــەوەی مێــژوو کــوڵی دڵیان دادەمرکێ و ئارامی ڕوویان تێ دەکا.

٨- مێژووناسیــن ژیری و وریایی بۆ پیاو زیاد دەکا و ئاراستەی ڕاوێژ و بیــری ڕاستی دەکا.

٩- ئاگادار لە مێژوو هەمیشە پشوو درێژ و لەسەرخۆیە.

١٠- سەرداران و زۆرداران لە بەسەرهاتی ڕابردووانەوە، باڵادەستی و دەسەڵاتی خودای مــەزنیان دێتەوە بیــر و بە هێزوگوڕی خۆیان بادی هەوا نابن و بــە ملــهوڕی و لاســاری لــە ڕێ لانــادەن و بــاش تێدەگەن کە نە خۆشی هەتا سەرە و نە ناخۆشی. هەر سەبارەت بەم مەبەستەشە کــە پادشــای هــەموو پادشایان لە قورئانی پیــرۆزدا فەرموویەتی: «بە ڕاستی لە چیــرۆکیاندا، پەند هەبوو بۆ خاوەن دڵان.»

من و ئەم کتێبە

من کە نووسەری ئەم ڕووپەڕانەم و ناوم شەرەف کوڕی شەمسەدینە و چاوم لە بەزەیی خودایە و هومێدەوارم کە ئاریکارم بێ و لەم دنیایەدا سەرفراز بم و لە کێشەی ئەو دنیاش ڕزگارم بێ، لە هەڕەتی جوانی و هەڕەمەی بەهاری ژیانمدا، لە دوای ئەوە کە دەستی ڕاست و چەپی خۆم ناسی و لە خوێندەواریدا هێزوپێزم پەیدا کرد و هەزارە و دوولایی زانستیە ڕواڵەتی و نهێنیەکانم یەك لا کردەوە و هەرچی بۆ دنیا و دینم پێویست بوو، لە هەر شتەی زۆر شتم زانی و بە سەر ڕاستی و کارامەیی کەوتمە سەر کاروباری دیوانی؛ لەو سەروبەندەدا هەتا لافاوی وەڕەزی ڕووی تێدەکردم، بە خوێندنەوەی چیرۆکان و دیرۆکان بەرم دەگرت. هەرچەند جارێ تەم ومژی پەژارە و کەسەرم بە سەردا دەهات، بە سروەی بیرەوەری ڕووداوی ڕابردووان دەرم دەکرد. هەر چەندی کزە و سۆزەی ساردوسڕی ناهومێدی نیازی وابوایە بە لامدا تێپەڕێ، بە پێداچوونەوەی سەرگوروشتەی میرومەزنەکانی پێشوو، خۆم سەرگەرم دەکرد؛ تا وام لێهات لەو هونەرە جوانەدا بوومە بژاردە و لە لێدوانیەوە بوومە دەم و پل ڕەوانێکی وەها کە دنەی دام و هێنامیە سەر ئەو بڕوا و بیرە کە -بە پێی توانا- منیش چەند گەوێك بخەمە ئەو زنجیرەوە.

ئەوسا مرخی خۆم وا لێ خۆش کردبوو کە لەم زانستە بە مایە و هێژا و پڕ بەهایەدا نووسراوێکی ئەوەندە بە نرخ و سەربەخۆ بخەمە ڕوو کە هەرگیز بەر لە من دەستی مێژوونووسانی پێش خۆمی پێ ڕانەگەیشتبێ و ئەوەی من دەیخەمە بەر چاو، کەسیتر وەك خۆمی تێنەگەیشتبێ. بەڵام بە هۆی کۆسپی دژوار و ڕووداوی نالەبار و لارگەڕانی ڕۆژگاری ناهەموار، ئەو ئاواتەم هەر بە ئاوات مایەوە و بووکی ناوپەردووی نیازم، ئارای لە سەر هەڵنەدرایەوە. لە هەموو لاوە هەر بای پێچەوانە بوو، کەڵەکی ئارەزووی بە پاشدا دەگێڕاوە و لە هەموو سووچێکەوە هەر گێژەڵووکەی ئاژاوە بوو، سەری لە عاسمان دەساوی و سەری لە زانا دەشێواند.

دنـــیا وەکوو پرچی یار پەشێو بوو　　دیـمەن هەمـوو لا درنج و دێو بوو
ئـــاژاوە جـیهانـی وا تـــەنـیبـوو　　خـۆشـی شـڕ و هێمـنی گەنیـبوو
بـاو باوی شەڕ و گەڕ و گـزی بـوو　　پـیس جێگر و ئــابـڕوو خـزیـبوو

حەشاماتی بەستەزمان لە بیابانی سەرگەردانیدا بە سەرلێشێواوی مابوونەوە؛ دێوەزمـەی دەرد و ئازار دوولینگانەی کوڵ و کەسەری بە سەردا بەردابوونەوە. لـەو ڕۆژگـارە وەیـشوومە و تاڵـەدا کـەس دەهاواری کەس نەدەهات و لە تووك و نزا و ئاه و ناڵە بەو لاوە، هیچیان لـە دەس نـەدەهات. چـاوی سوور و تەڕیان دەبڕیە عاسـمان و دەستی کەمهێز و سستیان بـە لـەرزۆکی پـان دەکـردەوە و لـە بـەر خودای خۆیان دەپاڕانەوە: خوایە! تۆ کارسازی بێـچارانی و فریاڕەسـی بـێدەرەتـانی. هـەڵگرتنی ئـەم بارەگرانەی ئەم زۆریە زۆرە لە وزە و توانای ئێمە بـەدەرە. تـۆش هەڵێنـەگری و دەفریامـان وەرە و بـە دەستی توانای خۆت ئەو ئەرکە ملشکێنە و ئەو ڕەنـجە دڵتەزێنە و ئەو داخ و دەردە بێوێنەیەمان لـە بەر برەوێنە و لە سەرمان لابەرە.

تیشکی بەزەی خودای تاك و پاك بزووت و سروەی خۆشی و شادی هەنگووت و تـاریکی زۆرداری و هەوری چلکنی نالەباری وەها تەرت و توونا بوو کە ئاداری بە سەر پاداریەوە نەما.

ئـەم پادشـادادگەر و هەژارپـەروەرەمان بـۆ پەیـدا بـوو؛ کـە لـە ودمـی هـاتنی، بـرینی دڵان گۆشتەزونیان هێناوە و بە هەتوانی دڵدانەوەی ئەو، سارێژ بوونەوە. لە ژێر سایەی شاباڵی ئەو پیـرۆزە پیـرۆزەدا، دڵخورتی و نیگەرانی لە بیـر هەمـوو کەس چوونەوە و ئاگردانی دڵەتەپێ و سەرگەردانی بـە جارێك کوێر بوونەوە و هەژار و نەدار و بیمار و دەردەداری ئەوسا، هەموویان تێر و تەسەل و پۆشـتە و ساغ و بە دەماغ -بە دڵی خۆش و چاوی ڕوونەوە- ژیان بەرێوە دەبەن. کوندەبوومەی وەیشوومە فـڕین و قەلەڕەشکەی بێفەڕ لە قڕین کەوت. باوی تووتی شەکرشکێن هاتەوە؛ کە بە گفت و لفتی شیـرینی خۆی شەکر ببارێنێ و خوێنتاڵی بتارێنێ. بولبول بـەرگی کەساسـی لـە بـەر خـۆ داڕنیـوە و پـەردەی بێدەنگی دادڕیوە و زۆر بە ڕاشکاوی بەرانبەر بە گوڵی دڵخـوازی خـۆی دەنـوێنێ و بـۆی دەخـوێنێ و دەچریکێنێ.

جا چونکە ئەوانەی لە بازاڕی وتاردا گەوهەرفرۆش و دوڕناسن و ئەو مێژووناسانەی کە تووتی ناو

شەکەرستانی چیرۆك و دەنگ و باسن، تا وێستا ڕێگەی خۆیان نەخستۆتە ناو کوردستانەوە و باسوخواسی گەڕناسان و سەرناسانی کوردیان بە سەردەمی بنووسدا ڕانەبردووە و ئەو مێژووە پڕ لە شانازی و خۆشەی -کە لە چێژ و بەرامەدا برەوبەری هەنگوین و گەزۆشە- بە داخەوە لەوانەوە نەدیاری بووە و کەوتۆتە بەر پیوار و بە هیچ ئاوایەك دەست و دەمیان لێ نزیك نەکردووە، منی بێتین و توان و بێدەست و زوان، کەوتمە سەر ئەو خەیاڵە کە بە ئەندازەی وزە و توانای خۆم -ئەوەندەی بۆم لوا- لە باسوخواسی گەورە پیاوان و خاوەن ناوان و سەرداران و خونکارانی کورد و کوردستان کۆ بکەمەوە و ئەوەی لە پیاوە پیرە ژیرەکانی ڕاست و بێدرۆوە بیستوومە، بینووسمەوە و ناوی لێ بنێم: ***شەرەفنامە***. هەموو نیاز و ئاواتیشم هەر ئەمەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لە ناو ناوان بمێنێ و لە ناو نەچن.

لە زانایانی پیاوچاك و دڵپاك و بەوەج دەپاڕێمەوە کەوا زۆر بە وردی لە نووسینەکەم ورد ببنەوە و ئەگەر پەشێویەکیان بەرچاو کەوت، بە شێوەیەکی مەردانە بەراوردی بکەن. خۆ ئەگەر هەڵە و لە بیرچوونێکم لە سەر دەدۆزنەوە، هەر بە گاڵتە پێکردن و تیز و تەشەر لێم نەقۆزنەوە؛ پیاوەتیم دەگەڵ بکەن و بە پارچەیەکی چاکتر و بە بزگوڕێکی تازەتر و پاکتر، بۆم پینە بکەن.

هەڵم بپۆشە، نەچی گیف ببی لە سەرکۆنەم   بترسە ڕۆژێ ئەتۆش تەڕببی، مەڵێ سۆنەم
پەڵەی هەڵە هەموو لا دەگرێ، کێیە بێ پەڵەیە؟   بڵاوە بیری مرۆ، هەر خودایە بێ هەڵەیە

پێشدەستییەك

یەکالآ کردنەوەی بنج و بناوانی کورد و ڕوون کردنەوەی باری ژیان و چۆنیەتی ئاکاریان بە درێژایی مێژوو.

ڕووپەڕی یەکەم

دەنگ و باسی ئەو فەرمانڕەوا کوردانەیە کە لە کوردستاندا ئالآی سەربەخۆیەتیان هەڵکردووە و مێژوونوسان لە ڕیزی پادشایانیان نووسیون؛ ئەویش لە پێنج بەنداندا دێن:

بەندی یەکەم: فەرمانڕەوایانی دیاربەکر و جزیر.

بەندی دووەم: فەرمانڕەوایانی دینەوەر و شارەزوور؛ کە بە حەسنەوییە بەناوبانگن.

بەندی سێهەم: فەرمانڕەوایانی فەزلەوییە؛ کە بە لوڕی گەورە ناسراون.

بەندی چوارەم: فەرمانڕەوایانی لوڕی بچووك.

بەندی پێنجەم: پادشایانی میسر و شام؛ کە بە بنەماڵەی ئەییوبی ناوبراون.

ڕووپەڕی دووەم

باسی بەسەرهاتی ئەو گەورە پیاوانەیە کە هەرچەندەباوی سەربەخۆبوونی تەواویشیان بۆ نەڕەخساوە و خۆیان بە پادشاناو نەناوە، بەڵام لە سەربەستی و ئازادیدا گەیشتوونە ڕادەیەك کە هێندێك لەوانە تەنانەت سکەشیان بە ناوی خۆیانەوە لێداوە و خودبەی هەینیش لە سەر بەرزەکی مزگەوتان بە ناوی ئەوانەوە خوێندراوەتەوە. لە پێنج بەندیشدا دەربارەی ئەوانەوە داخێوین:

بەندی یەکەم: فەرمانڕەوایانی ئاردەڵان.

بەندی دووەم: فەرمانڕەوایانی هەکاری کە شەنبۆشیان پێ دەڵێن.[1]

بەندی سێهەم: فەرمانڕەوایانی ئامێدی[2] کە بە بادینان بەناوبانگن.[3]

بەندی چوارەم: فەرمانڕەوایانی جزیر کە بەختی (بەختیە)شیان پێ دەڵێن. ئەویش سێ لکی لێ دەبێتەوە:

لکی یەکەم: فەرمانڕەوایانی جزیر.

لکی دووەم: فەرمانڕەوایانی گۆرکێل.

لکی سێهەم: فەرمانڕەوایانی فەنیك.

بەندی پێنجەم: فەرمانڕەوایانی حەسەن کیف کە بە ملکان (مەلەکان) ناسراون.

ڕووپەڕی سێهەم

فەرمانڕەوایان و کاربەدەستانی‌تر لە کوردستاندا؛ کە دەکرێن بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەمیان لە نۆ بەنداندا لێ دەدوێین:

بەندی یەکەم: فەرمانڕەوایانی چەمشکەزەك. ئەوانیش بە سێ دەستە دابەش دەکرێن:

دەستەی یەکەم: فەرمانڕەوایانی مجەنکورد[4].

دەستەی دووەم: فەرمانڕەوایانی پەرتك[5].

دەستەی سێهەم: فەرمانڕەوایانی سوقمان.

١- ناوچەیەکە سەر بە جۆلەمێرگە لە وڵاتی وان و نزیکی بۆتان و چال و ئالبان. لکێکی زێی گەورە لەویۆە هەڵدەقولێ و دەڕژێتە ناو دەجلەوە. کوار و شەمدینان و مەحموودی و بێت شەباب لە سەر هەکارین. عەونی

٢- ئامێدی (عیمادیە)، بنیاتی عیمادەدین زەنگیە. ئەبولسعوودی ئامێدی -کە بە «مفتی‌الثقلین» بەناوبانگ بووە- خەلکی ئەوێ بووە. عەونی

٣- پەیڕەوانی زەردەشت بیهدینان بوون؛ بەهـ دینەکەش گوتراوە (دینی بهی) واتا: ئایینی باشان و ئایینی باشی. بادینان ڕەنگە بیهدینان بێ. هەژار

٤- شارێکە لە نێوان ئەرزەڕۆم و قارس. عەونی

٥- لە دوازدەکیلۆمیتری باکووری خەرپووت لە سەر زێی فورات هەڵکەوتووە. عەونی

بەندی دووەم: باسی فەرمانڕەوایانی مەرداسی دەکا و ئەویش سێ لکی لێ دەبنەوە:

لکی یەکەم: فەرمانڕەوایانی ئەگیل[1].

لکی دووەم: فەرمانڕەوایانی پالەو[2].

لکی سێهەم: فەرمانڕەوایانی چەرموگ[3].

بەندی سێهەم: فەرمانڕەوایانی ساسۆن[4] (حەزۆ).

بەندی چوارەم: فەرمانڕەوایانی خێزان کە ئەویش دەبنە سێ دەستە:

دەستەی یەکەم: فەرمانڕەوایانی خێزان[5].

دەستەی دووەم: فەرمانڕەوایانی مەکس[6].

دەستەی سێهەم: فەرمانڕەوایانی ئەسبایرد (ئەسپاروت)[7].

بەندی پێنجەم: فەرمانڕەوایانی کلیس (کلز، کیلس)[8].

بەندی شەشەم: فەرمانڕەوایانی شیـروان[9]؛ کە ئەویش سێ‌لکن:

لکی یەکەم: فەرمانڕەوایانی کفرا.[10]

لکی دووەم: فەرمانڕەوایانی ئێرون (ئەروه).[11]

١- شارێکە لە مەڵبەندی ئەرغەنی سی و دوو کیلۆمیتـر لە دیاربەکرەوە دوورە. عەونی

٢- شارێکە ٩٥ کیلۆمیتـر لە دیاربەکرەوە دوورە.

٣- یان چەرمك، لە ٥٠ کیلۆمیتـری باکووری دیاربەکرە. گراوی زۆر لێ هەن و خەڵك دەیچنێ. عەونی

٤- لە وڵاتی بدلیسە و نزیك بە شاری مووشە. چیای ساسۆن دەکەوێتە خۆرنشینی و ٢٦٠٠ میتـر بەرزە. عەونی

٥- شارێکە سەر بە دیاربەکرەو لە ئەسعەرد (سعرت) نزیکە و داری شابەڕووی زۆرە. عەونی

٦- شارێکە ٩٩ کیلۆمیتـر لە وان دوورە. عەونی

٧- ناوچەیەکە سەر بە بدلیس. لە نەخشەی عوســمانیدا سپاروت نووسراوە. عەونی

٨- شارێکە ٥٠کیلۆمیتـر لە حەڵەب دوورە. یاقووت دەڵێ: کلز گوندێکـە لـەلای أعـزاز و أعـزاز شـارێکی گەورەیـە. عەونی

٩- شارێکە لە لای بدلیس. عەونی

١٠- لە ناوچەی ئەسعردە و سەر بە بدلیسە. هۆزی مەحـمەدیان و ئەستوورکان لەوێن. عەونی

١١- لە ئەتڵەسی عوســمانیدا «ئەروه»یە؛ شارۆکێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەسعردەوە. عەونی

مستـرپیچ دەڵێ: لە ئیـرنەوە بۆ کفرا سێ سەعاتە ڕێیە. جەمیل

لکی سێهەم: فەرمانڕەوایانی کرنی (کرتی، کورتی).[١]

بەندی حەوتەم: فەرمانڕەوایانی زەرقی[٢]؛ ئەویش چوار دەستەن:

دەستەی یەکەم: فەرمانڕەوایانی دەرزینی.[٣]

دەستەی دووەم: فەرمانڕەوایانی گردکان.[٤]

دەستەی سێهەم: فەرمانڕەوایانی عیتاق (ئاتاق).[٥]

دەستەی چوارەم: فەرمانڕەوایانی تەرجیل.[٦]

بەندی هەشتەم: فەرمانڕەوایانی سوێدی.

بەندی نۆیەم: فەرمانڕەوایانی سولەیمانی؛ ئەویش دوو لکی لێ دەبێتەوە:

لکی یەکەم: فەرمانڕەوایانی قولب و باتمان.[٧]

لکی دووەم: فەرمانڕەوایانی میافارقین.[٨]

بەشی دووەم لە ڕووپەڕی سێهەم. بە دوازدەبەند کۆتایی دێت:

بەندی یەکەم: فەرمانڕەوایانی سوهران (سۆران).

بەندی دووەم: فەرمانڕەوایانی بابان.

بەندی سێهەم: فەرمانڕەوایانی موکری.

بەندی چوارەم: فەرمانڕەوایانی برادۆست[٩]؛ ئەویش دوو دەستەن:

١- دووسەعاتە ڕێیە بۆ خێزان و چوارسەعاتە بۆ شیروان و زۆر چڕ و سەختە؛ هۆزی چنگنی عەمبەرلووی لێ دەژین.

٢- ناوچەیەك و گوندێك بەو ناوە لە لای ئەسعرد هەیە؛ هۆزەکانی زەرقی و عەزمانکی و هوێدی و ژەنگانە لەوێ دەژین. عەونی

٣- لە ئەسعردەوە چوار سەعاتە ڕێیە. عەونی

٤- کەوتۆتە نێوان دیاربەکر و میافارقین. جەمیل

٥- ناوچەیەکە سەر بە دیاربەکر. عەونی

٦- ناوی گوندێکە لە لای دیاربەکر. جەمیل

٧- مەڵبەندێکە سەر بە بدلیس و دەکەوێتە لای باشووری کنج.

٨- ٧٠ کیلۆمیتر لە دیاربەکر دوورە و قەڵایەکی کەونارا و بەناوبانگی هەیە و بنگەی قەزای سلوانە.

٩- ناوچەیەکە سەر بە لیوای هەولێر.

دەستەی یەکەم: فەرمانڕەوایانی وەشنی (ئەشنە، شنۆ).[١]

دەستەی دووەم: فەرمانڕوایانی سۆما.

بەندی پێنجەم: فەرمانڕەوایانی مەحموودی.[٢]

بەندی شەشەم: فەرمانڕەوایانی دونبولی.[٣]

بەندی حەوتەم: فەرمانڕەوایانی زەرزا.

بەندی هەشتەم: فەرمانڕەوایانی ئەستۆنی (ئەستوانی).[٤]

بەندی نۆیەم: فەرمانڕەوایانی تاسنی (داسنی).[٥]

بەندی دەیەم: فەرمانڕەوایانی کەلهوڕ[٦]؛ ئەویش سێ لکی لێ پەیدا دەبێ:

لکی یەکەم: فەرمانڕەوایانی پلنگان (پالەنگان)

لکی دووەم: فەرمانڕەوایانی دەرەتەنگ.[٧]

لکی سێهەم: فەرمانڕەوایانی ماهیدەشت.[٨]

بەندی یازدەمیـــن: فەرمانڕەوایانی بانە.

١- شنۆ شارێکە لە ئازربایـجانی کوردستان؛ سێ زانای بەناوبانگی حەدیس بە ناوی ئەشنایی و ئەشنەهی و ئەشـنائی و زۆر مەلای بە ناوی ئوشنەوی، لەو شارە هەلکەوتوون. عەونیەلی کوڕی شێخ حامیدی ئوشنەوی یەك لەوانەیە.جەمیل

٢- مەڵبەندی هۆزی مەحـموودی لە سەر سنووری ئێستای تورکیا و ئێرانە و ٩٠ کیلۆمیتـــری لای ڕۆژهـەڵاتی وانـە. عەونی

٣- کتێبی الـمسالك دەڵێ: دونبوڵی لە پێشدا لە چیاکانی مەقلوب و موختاردا ژیان و ڕاونراون و پەڕیدەی ئازربایـجان بوون و لەوێ مـەزنایەتیەکی سەربەخۆیان دامەزراندووە. جەمیل

٤- گوندێك بەو ناوە لە ناوچەی ئەهری، لە کوردستانی داگیـرکراوی تورکیادا هەیە. جەمیل

٥- *معجم البلدان* دەڵێ: لە باکووری مووسڵ لە لای خۆرنشینی دەجلەوە، چیایەکی مەزن هەیە؛ گەلێکی کورد لێ هـەن و بەداسنی دەناسرێن، ئەمڕۆ بەو داسنیانە دەڵێن یەزیدی. تەوفیق وەهبی دەڵێ: داسنی لە وشەی دئیڤەسنەوە هـاتووە. جەمیل

٦- کەلهوڕ (کەڵوڕ) ئەو مەڵبەندەیە کە کەوتۆتە نێوان حلوانی کۆن و کرماشان، تا دەگاتە کەوشەنی سنە (سەنەندەج). هێندێك لە کەڵوڕان لەو مەڵبەندەوە پەڕەوازە بوون. جەمیل

٧- نزیکی زەهاوە و لە دەم دەربەندێکەوەیە؛ چەمی ئەڵوەند لەوێوە دەڕژێتە دەشتەوە؛ پاتەختیشی ڕێژاوە. جەمیل

٨- قەڵایەك و شارێکی لە مێژینەیە و لە خانەقینەوە نزیکە. عەونی

بەندی دوازدەمیــن: فەرمانڕەوایانی تەرزا.

بەشی سێهەم لە ڕووپەڕی سێهەم:

فەرمانڕەوایانی ئەو کوردانەی کە لە ئێرانن و گۆرانیان پێ دەڵیـن؛ ئەویش چوار دەستەن:

دەستەی یەکەم: فەرمانڕەوایانی سیامەنسوور.[1]

دەستەی دووەم: فەرمانڕەوایانی چەکنی.[2]

دەستەی سێهەم: فەرمانڕەوایانی زەنگنە.[3]

دەستەی چوارەم: فەرمانڕەوایانی پازۆکی.[4]

ڕووپەڕی چوارەم

فەرمانڕەوایانی بدلیس[5] کە دەبنە باب و باپیـری نووسەری ئەم ڕووپەڕانە. ئەویش بە سەرەتایەك و چواربڕ و کۆتاییەك، کۆتایی پێ دەهێنرێ.

سەرەتا کە باسی شاری بدلیس دەکا؛ کێ دروسـتی کـردووە و هـۆی ئـاوەدان کردنـەوەی شـار و قەڵاکەی چبووە و چۆن بووە؟

١- لە ڕۆژگاری سەفەویدا هۆزێکی زۆر ئازا و بە هێز بوون. لە پاشان لەبەرێك هەڵوەشان و بە کوردستان و ئێراندا بڵاو بوونەوە؛ هێندێکیشیان پەیڕەوی ئەفغانستان بوون. خەڵکی گوندی سیامەنسوور لە ناوچەی قەرەحەسەن لە کوردسـتانی عێراق، لەو هۆزەن. جەمیل

٢- یان چنگنی.لەزەمانی سەفەویداهۆزێکی زۆرخاوەن زۆرو زۆردار بوو؛ عەجەم تێکیداون و ئێستا پەرژوبڵاون و ئـەوی لەوانە مـان کۆچەر و ڕەوەندن و لە نێوان مەراغە و سولەیـمانیدا گەرمێن و کوێستان دەکەن. جەمیل

گوندێك لە ناوچەی شارباژێڕی لای سولەیـمانی بە ناوی چنگنیان هەیە. هەژار

٣- هۆزێکی کوردە. لە ڕۆژگاری سەفەویدا ئەمیـرنشینی خـۆی دامەزرانـد و ماوەیـەکیش مایـەوە؛ لـە پاشـان هـەر دەوڵەتی ئێران لە ناوی بردووە و بڵاوی کردووە. ئێستاش هێندێکیان لە لای کرند لە ئێران و هێندێکـیشیان لـە لیـوای کەرکووك لە عێراق نیشتەجێن. جەمیل

٤- هۆزێکی کوردە. لە ڕۆژگاری سەفەویدا ناوی دەرکردووە و میـرنشینی خۆی دامەزراندوە؛ لە پاشـان لـە بـەر یـەك هەڵوەشاوە و ئێستاش هێندێکیان لە لای تاران و هێندێکیان لە باشووری ئێرانن. جەمیل

٥- مەڵبەندێکی گەورەیە و شارێکیشە لە کوردستانی بـاکووری و کەوتۆتـە ڕۆژاوای گـۆلی وانـەوە. مـووش و کـنج و ئەسعرد سەر بە بەدلیسن. عەونی

بڕی یەکەم: دەربارەی هۆزی ڕوزکی (ڕۆژەکی)ە؛ کە بۆچی ئەم ناوەیان بە سەردا براوە.

بڕی دووەم: فەرمانڕەوایانی بدلیس بە ڕەسەن دەچنەوە سەر کێ و چۆن کەوتوونەتە ئەو ولآتەوە؟

بڕی سێهەم: دەبارەی ئەو فەرمانڕەوایانەی بدلیسە کە پادشاگەورەکانی ڕابردوو زۆریان بەرێز گرتوون و دۆستایەتی و چاکەیان دەگەڵ کردوون؛ ئەویش دەکرێ بە چوار بەش.

بەشی یەکەم: مەلیك ئەشرەف.

بەشی دووەم: حاجی شەرەف کوڕی زیائەدین.

بەشی سێهەم: ئەمیرشەمسەدین کوڕی حاجی شەرەف.

بەشی چوارەم: ئەمیرئیبراهیم کوڕی ئەمیرحاجی محەمەد.

بڕی چوارەم: ئەو هۆیانەی کە لە سۆنگەیانەوە فەرمانڕەوایی بدلیسیان لە دەست داوە. ئەویش چوار هۆی هەبووە:

هۆی یەکەم: کێشەی نێوان میرشەرەف و میرئیبراهیم.

هۆی دووەم: دامەزرانی میرشەرەف لە جێگەی میرئیبراهیم و بوونی بە فەرمانڕەوای بدلیس.

هۆی سێهەم: باس لەوە دەکا کە چۆن میرشەرەف قەلآی بدلیسی لە قزلباشان ساندەوە.

هۆی چوارەم: بەسەرهاتی میرشەمسەدین کوڕی میرشەرەف.

کۆتایی: باس‌وخواسی ئەم بەستەزمان و باڵشکاوەیە؛ هەر لە ڕۆژی هاتنە سەر دنیاوە تا ئەمڕۆ کە بەرانبەر بە مێژووی ساڵی هەزار و پێنجی کۆچیە.

ئەوسا کتێبەکەم بە چیرۆکی بەسەرهاتی پادشایانی بەرز و بەرێزی خانەدانی عوسمانی و پادشایانی ئێران و توووران و زۆربەی خونکارانی دیکەش لە دنیادا -کە هاوچەرخی ئەوانە بوون- دەبڕێمەوە.

لێکۆڵینەوەیەک

دەربارەی ڕەگەزی کورد و چۆنیەتی ژیانیان

لە مەڕ ڕەگەزی کوردەوە زۆر باس و خواسی جۆربەجۆر نووسراوە؛ بۆ نموونە: هێندێك لایان وایە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی زەهاك (ضحاك)ی ماراندا[1]، کە پێنجەمین پادشای پێشدادیان بووە و لە جێگەی جەمشید لە سەر تەختی ئێران و تووران ڕۆنیشتووە و دەستی بە سەر بەشی زۆری جیهاندا ڕۆیشتووە، ئەو زەهاکە ئەوەندەبەدفەڕ و جووت قۆشە و نەعاملاو و نەگونجاو و ناهەموار و ناهەنجار بوو کە کۆمەڵێك لە مێژوونووسان لایان وایە زەهاك، شەدداده. زانایەکی پیتۆڵ و ژیر و بەبیر، دەربارەی زەهاك دەڵێ:

کە جەمشید ڕۆیی بەرەو گۆڕەشار	بە زۆر هاتە جێی ئەژدەهاکی گەمار
جیهان کەوتە بەر دەستی وا بێ فەڕێ	وەکووو بێتە بەر چنگی ورچێ، مەڕێ
دڵ و دەست و ڕوو ڕەش، دژ و نالەبار	دز و دەسبڕ و شێت و پەتیار و هار
هەموو کەس لە دەستی بە گازندەبوو	بە وێرانە فێر بوو وەکووو کوندەبوو

سەرباری ئەوەش کە ئەوەندەگزیکەر و بە گەڕ و لاسار و نارەسەن و ناپەسند بوو، وەك دەڵێن: دوو ڕەگ وەکوو دوو مار لە سەر شانیەوە هەستابوون کە لە ڕۆژگاری ئێستادا بژیشکان بەو نەخۆشینە دەڵێن شێرپەنجە.

ئەو نەخۆشی شادەماری سەرشانە، زۆر بە ژان و بێتامان بوو. گەلێکیان بژیشك و لوقمان لێ کۆ کردەوە و زۆریان داوودەرمان و تۆزوهەتوان بۆ دەکار هێنا، هیچیان پێ دەگەڵ نەکرا و تاوتوێی ئازار دانەمرکا و ڕۆژبەڕۆژ و سات بە سات لە باریك و بنێسی دەدا و ئاهێکی پێ نەهێشتبوو؛ تا ڕۆژێك شەیتان خۆی گۆڕی و لە بیچم و تەرزی بژیشکدا هاتە لای زەهاك و پێی گوت: چاری ماری سەر

---

[1] - یەك لە پادشایانی «حەمیەری»یە و کوڕی عاد، کوڕی عیملاق، کوڕی حام، کوڕی نووحە. عەونی

شانت، هەر مێشکی لاوانە. ئەگەر بێتوو هەموو ڕۆژێ بە مێشکی تازە و گەرماوگەرم بیانهەنووی، ئیتر هەر یەکاویەکە و بە ئامان و زامان چاکت دەکاتەوە و وەك گوێزی ئازات لێ دێتەوە. بە هەڵکەوت ژانی سەرشانی زەهاك ئەو دەرمانەی پێ دەکەوت و هەتا مێشکی تازەی سەری تازەلاوانیان تێ هەڵدەسوو، بۆ ماوەیەکی باش ئۆقرەی پێدەهات و خرپ، خەوی لێدەکەوت. ئیتر وەك بوێژەکە دەڵێ:

وشتر نەبەسی بوو بارگرانی   وا زەنگۆڵەشی خرا ملانی

لەو ڕۆژەوە هەموو ڕۆژێك دوو لاوی بێتاوان و بەسەزوانیان سەرژێ دەکرد و مێشکیان بۆ چاری ئازاری زەهاك دەبرد. دەڵێن ئەو کابرایەی کە ئەرکی سەر بڕینی لاوانی پێ سپێراوە، پیاوێکی دڵنەرم و خاوەن بەزەیی و بە ئاکار بووە. لەو کارە زۆر پەرێشان و خەمبار و ئەو ئەرکەی بە لاوە فرە دژوار بووە. گەلێکی لە سەر دڵ گران دەهات و زۆری لێ تووڕە بوو؛ بەڵام کەمی دەست دەڕۆیشت. هەر ئەوەندەی لە دەس دەهات کە هەموو ڕۆژێك لاوێکی لە دوو لاوەکە پاشقل دەدا و خۆی لە سەر بڕینی دەبوارد و مێشکە مەڕێکی دەگەڵ سەری لاوە سەربڕاوەکەدا لێك دەدا و بۆ پادشای دەنارد. ئەو کەسەی دەشیدزیەوە، بە دزیەوە ڕزگاری دەکرد و مەرجی بۆ دادەنا کە لە ئاوەدانیدا نەمێنێ و ڕوو بکاتە شاخ و کێوان. لەو تاك تاك و کەم کەمە کۆمەڵێکی زۆر و لە هەموو ڕەنگ و جۆر و لە شێوەی زماندا لێك جیا لە چیا لێك کۆ بوونەوە. ژن و ژنخوازی کەوتە نێوان و خزمایەتی هەمووی لە یەکتر کردنە خۆیی و بێگانەیی و نامۆیی لە ناویان کۆچی کرد و نەوە و نەتەوە و تۆرەمە و زار و زیچی زۆریان لێ کەوتەوە و ناویان بوو بە کورد.

جا چونکە بۆ بارەوبار و کار و باران، لە باژێڕان دوورە پەرێز بوون و ڕوویان نەدەکردەشاران و کەمتر چاویان بە بیانی و نەناس و لاپرەسەنان دەکەوت، شێوە زمانێکی تایبەتی و سەربەخۆیان بۆ خۆیان داهێنا و لەو ناو دار و دەوەن و تەلان و بەندەن و ڕەوەز و چڕگەن و خر و بودر و ڕژد و چر و لێڕەوار و ئەشکەوت و شکێر و بەربەسار و نزارانەدا، بوون بە خاوەنی ئاوەدانی و خێوی ماڵ و دەستیاندا کشت و کاڵ و زۆربەی زۆریشیان بە ڕەنێو هێنان و بەرهەمی ئاژەڵ و وڵسات و پاتاڵەوە خەریك دەبوون و بە شوێن پووش و پاوان و لەوەڕ و بژوێندا دەگەڕان و بەو هۆیە لە هۆز تەریك دەبوون و ڕوویان دەکردەچێنکە و نواڵ و چیمەنان و گەشتیان دەکەوتە پێدەشتان و لەو دیمەن گۆڕانە،

دەگۆڕان و دەشتیان دەکردەنشیمەن و دەشیانکردەنیشتمان و بە یەکجارەکی لە کەل کلا دەبوون.

هێندێك کەس گوتوویانە: لە بەر ئازایەتی و نەبەردی و مەردی -کە ئاکاری هەمیشە و لە مێژینەیانە- ناوی کوردیان بە سەردا براوە.

لە مێژوونووسانیشدا ئی وا هەبووە گوتوویە: کورد لە تۆمی جندۆکەوە گۆڕاون و خوا سەرپۆشی لە سەر لاداون!

هێندێکیتر هەر لەو جۆرە مێژوونوسانە فەرموویانە: دێو بە بنیادەم گەیشتووە و قەوارەی کوردیان دارشتووە! شتی وا سەیر و سەمەرە مەگەر خوا بزانێ چۆنە؟![1]

هۆزە سەرەکیەکانی کورد لەو بارەوە کە شێوەی ئاخافتن و هێندێك ئاکار و داب و دەستوور و هەڵس و کەوتیان لێك جیاوازە، دەکرێن بە چوار بەشەوە:

یەکەم: کرمانج[2]، دووەم: لوڕ، سێهەم: کەڵهوڕ، چوارەم: گۆران.

سنوور و کەوشەنی وڵاتی کوردان -کە ناوی کوردستانە- لە سەر لێواری دەریای هورمز[3]ەوە -کە لە سەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە- دەست پێدەکا و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە[4]و مەرعش[5] دەبڕێتەوە. وڵاتی فارس[6] و عیراقی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە[7]و ئەرمەنستانی گەورە،[8] دەکەونە لای باکووری ئەو خەتەوە. عیراقی عارەب[9] و

١- بڕوانە پێشەکی وەرگێڕ لە ژێر سەردێڕی دوژمنانمان و ڕەسەنماندا. هەژار

٢- خزمانی زەردەشت بە ماژ ناو براون. مانج ڕەنگە ئەو ماژە بێ. هەژار

٣- خەلیجی فارسە؛ تەنگەیەکی بە ناوی هورمز لێ هەیە. عەونی

٤- شارێکە لە مەڵبەندی خەرپووت لە کوردستانی باکووری. عەونی

٥- شارێکە لە باکووری حەلەب و باشووری ئانادۆل. عەونی

٦- مەڵبەندێکی گەورەیە کەوتۆتە باشووری ئێران و بنکەشی شیرازە. عەونی

٧- نیاز کلیکیایە کە ئێستا ئەدەنەی پێ دەڵێن. عەونی

٨- ئەو مەڵبەندەیە کەوا کەوتۆتە نێوان گۆلی وان و چیاکانی قەفقازەوە، پایتەختەکەی ئاڕانە کە ئێستا یەریوانی پێ دەگوترێ. عەونی

٩- مەڵبەندێکی گەورەیە و بریتیە لە بەغدا و بەسرە؛ لە لای باکوورەوە لە تکریت ڕا دەست پێ دەکا و بە جەبەلحەمریندا دەڕوا و لە دەریای فارس و لە ڕێژگەی شەتولعەرەب و ناوچەی حەسا دەبڕێتەوە.

مووسڵ و دیاربەکر دەبنە باشووری ئەو سنوورە.

سەرەڕای ئەوەش زۆر و زەوەند بە هۆز و تیرەکانی کورد لەو پەڕی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتەوە دایانگرتووە و تێیدا بڵاو بوونەتەوە و ئەو سەریان گەیوەتە ئەو پەڕی مەڵبەندی خۆرنشین.

زۆربەی کوردەکان ئازاد و ئازا و بوێر و جوامێر ومێرخاس و گەڕناس و بەکار و بە فیز و دەمارن. ئەوەندەلە خوازەلۆکی و سەرشۆڕی بێزارن کە ئەگەر کوردێك هەستی کرد دەستی کورتە، چەك هەڵدەگرێ و منەت هەڵناگرێ و نان لە دەمی شێریشدا بێ بە زۆری زۆرداری دەریدێنێ و بۆی دانامێنێ. نەخوازا ئەوەندەیان پێخۆشە بە ئازا و نەترساو باسیان بکری و بە بێباك و گەڕناس ناویان ببرێ، زۆری وایان هەیە کە هەر چەند هەرگیز ڕێگری و چەتەیی نەکردووە و شەڕ و شۆڕیشی نەدیتووە، دیسان وا خۆی دەنوێنێ کە بە سەری هاتووە و لەو بارەوە لە کڵ دەرهاتووە. کورد لە لای گران نایە پێی بڵێن بە زۆر شتی لە بێ زۆر ساندووە؛ بەڵام پێی خۆشە بمرێ و نەڵێن دەرۆزەی کردووە و دەستی خوازەلۆکی لە بەر ئەم و ئەو پان کردۆتەوە. بەو فەرموودەڕەفتار دەکەن کە فەرموویانە:

دەستێ درێژ بێ بە تەمای تۆزێ زیو باشە کە بە برین بچێ بۆ دانگ و نیو[1]

پێشینیان گوتوویانە: «کەسێکی بیر لە دوارۆژ بکاتەوە ترسەنۆك دەبێ». کوردەکان لە ترسی ئەوە کە نەوەك بە ترسەنۆك ناو ببرێن، زۆر بیر لە دوارۆژ ناکەنەوە و بەرو ودوای کار و باری خۆیان لێك نادەنەوە!

زۆربەی کوردەکان سوننی مەزەبن و لە سەر شۆپی ئیمامیشافعی دەڕۆن و لە سەر بەجێ هێنانی

١- شێعری سەعدی شیرازیە دەڵێ:

«دست دراز از پی یك حبه سیم بـه كـه ببـرند بـدانگی و نیـم»

دانەری کتێب بەراوەژووی مانا لێداوەتەوە؛ بۆیە نووسیویە بەو فەرموودەڕەفتار ناکەن. کە پێچەوانەکەی ڕاستە و سەعدیش دزی لە گەدایی بە باشتر زانیوە. من «دە»م لە جێگەی «نا» دانا و هەڵەم هەڵگرت. هەژار

ئەم تاقە بەیتە لە چیرۆکێکی زۆر کورتی «گلستان»دایە، لە بابی سێهەم: دزێك بە گەدایەك دەڵێ: شەرم ناکەی لەبەر تۆزێ زێو، دەست بۆ هەر ناکەسێك دادەکێشی؟ ئەویش بەم بەیتە جوابی دەداتەوە؛ واتا: وا باشە، تا لە سەر دزینی دانگ و نیوێك (گرەمێك) بەبرین بچێ. کەوابوو، بۆچوونەکەی شەرەفخانە. بەڵام چۆن مامۆستا هەژاری بلیمەت پێچەوانەی مانا لێداوەتەوە؟! فەرمایشەکەی خۆیە: «بڵاوە بیری مرۆ، هەر خودایە بێ هەڵەیە». ماجد

ڕێ و شوێنی ئاییـنی خۆیان زۆر سوورن و سەریان بچێ نوێژیان ناچێ و لە چوونە حەج و زەکـات داندا هیچ لام و جومیان نیە و بۆ پێك هێنانی هەموو ئەرکی سەرشانیان -لە مـەڕ ئایینـەوە- هـەتا بڵێـی چوست و چالاك و ئامادەن و لە ڕووی فەرمانی مەلایاندا لارە ملن و چیان پێ بسپێرن بـە مـوو لێـی لانادەن. خزم و یارانی پێغەمبەریشیان زۆر خۆش گەرەکە.

هێندێك هۆز و تیـرەی کورد -کەوا کەوتوونە ئالی مووسڵ و شامەوە- وەك: داسنی و خـالتی و پەسیان و بڕێکیش لە مەحـموودی و دونبولّیەکان، یەزیدین و لە دەستە و بەستەی شێخ عەدی[1] کوڕی موسافیرن؛ کە ئەویش سەر بە پاشاکانی زنـجیـرەی مەڕوانی بووە.

ئەو یەزیدیانەی لایان وایە ئەو شێخ عەدی (ئادی)یەی -کە لە گەلی لالەش نێژراوە- ئەرکی نوێژ و ڕۆژووی یەزیدیەکانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و دەستەبەر بووە ڕۆژی هەستانەوەی ئەو دنیا بە بێ چەند و چوون و پرسیار و باس و خـواس، بیانباتـە بەهەشـت. یەزیدییـەکان لـە مـەلا ڕوالـەت بیـــنەکانی موسڵمانان زۆر دڕدۆنگن و ڕکیان لێیان دەبێتەوە.

لە کوردستاندا بە گشتی و لە ئامێدا[2] بە تایبەتی، مەلای چاك و زانـای هـۆزان گـەلێك زۆرە و زۆربەیان لە هەر دوازدەزانستەکاندا زۆر زەبر بە دەستـن و گەلێکیان خوێـندۆتەوە و فرەشیان لە بـەرە؛ ڕەنگە لە دانانی کتێبانیشدا بەشدار بووبن؛ بەڵام لەو بارەوە ناویانگیان دەر نەکردووە[3].

مەلاکانی کورد لە مەڕ ئەو زانـست و هونەرانـەوە کـە زانیـــن و فێربوونیـان دەرگـای بارەگـای

١- عەدی کوڕی موسافیـری هەکاری، پیـــرێکی گـەورە بـووە و لای عەبـدولقادری شـارەزووری و غەوسـی گـەیلانی پێگەیشتووە. ساڵی ٥٥٧ی کۆچی لە چیای هەکاری مردووە و لە گەلی لالەش نێژراوە. عەونی

تاریـخی مووسڵ دەڵێ: شێخ عەدی دوانن؛ عەدی کوڕی موسافیـری هەکاری و عەدی کوڕی ئەبووبەرەکات کە لە چیای هەکاری لە دایك بووە و شێخایەتی کردووە. دەربارەی ئەمەیانەوە مسیۆنۆ دەڵێ: کورد بووە و زەردەشتی بووە و لە سەر ڕچەی ئایینی تیـراهی ڕۆیشتووە. جەمیل

٢- نیاز لە ئامێد (ئامد) دیاریەکرە. هەژار

٣- زۆریان کتێب داناون و لەو بارەوە زۆریش خاوەن ناون. *ئەحکامی ئامێدی* لە ئەزهەر بە دەرس دەخوێندرێ؛ *کافیە و شافیەی ئیبنوحاجیب*، *تاریـخی ئیبنوئەسیـر*، *موستەلەحاتی ئیبنوسەلاح* (*کشف الغومە فـی مناقب الائمە*)ی عیـسا هەولێری، لەم دواییانەشدا پیاوی وەك شێخ عەبدولقادری موهاجیـر نووسەری *تهذیب الکلام*، زەهاوی، حەیدەری، چۆڕی، پێنجوێنی، بێتووشی و ئەوەندەزۆری دیکەش هەن کە دەژمارە نایەن. فەرەجوڵڵا زەکی

پادشایانی ئێران و تووران بە ڕوودا دەکاتەوە و لە سایەی ئەوانەوە پیاو دەبێ بە خاوەنی پایە و مایـە، ڕەنــجێکیان نەداوە و هیچ بۆی تێ نەکۆشاون.

ڕەمەکی و بۆرەپیاگ و نەخوێندەواری کورد، بۆ بەکاری و ئەمەگداری و ڕێز لە دایك و باب نان و بەخێر هێنانی میوان، لە جیهاندا تاکەسوارەی مەیدانن. لە پێناوی سەردار و مەزنی خۆیاندا بە گیـان و دڵ گیانبازن و بە تێکڕایی هەموویان چاوتێر و دەست و دڵ وازن و لە زیـخی و ئازایەتی و پـەیتی و بەجەرگیدا لە لای ژووروی هەموو کەسێکەوەن. وا دەردەکەوێ کە وشەی کـورد بـە مانـا ئـازا و بـە جەرگ و بێباك لە مەرگە؛ چونکە زۆربەی پاڵەوان و نەبەردانی بەناو و دەنگ و قارەمانانی کۆڕی شـەڕ و جەنگ و سەردارانی سەر بە دەرەوە، لەم گەلی کوردەوە سـەری هەڵـداوە. وەك ئاشـکرایە پاڵـەوانی پۆڵاخۆر و خاوەن زۆر و گورز و گۆپاڵ (ڕوستەمی زاڵ) کە لـە ڕۆژگـاری کەیقوبادشـادا ژیـاوە، کـوڕە کوردێك بووە و لە سیستان هاتۆتە دنیاوە و بە ڕوسـتەمی زابلـی نـاو بـراوە. هۆنـەری هونەرمەنـدی شانامە (مامۆستا فیـردەوسی) تووسی بـە ڕوسـتەمی کـوردی نووسـیوە.[1] هـەروەها لـە سـەردەمی پادشایەتی هورموزی کوڕی نەوشیـرواندا، سەرداری هەرە بەکار و پاڵەوانی بەدەمار و پڵنگی مەیدانی جەنگ و شێری پڕ کیـنە (بارامی‌چۆبینە) کـورد بـووە و لـە تورکـستان و خوراسـان بـەخێو کـراوە و بنەچەکە و ڕەگەزی پادشاکانی کرت[2] و غور[3] بەو دەگەنەوە.

گورگیـن میلاد کە لە جەنگە و جەرگەی شەڕدا کۆنـەگورگی بـاران دیـدە[4] و چاونەترسـاو و لـە مەردایەتیدا بێ‌وێنە و یەکەمیـن پیاو بوو، لە نەتەوەی کوردەوە کەوتۆتەوە و ئەوا نزیکەی چوار هەزار

١- حاجی قادری کۆیی فەرموویە:

گـوردی شـانـامە پاکیـان کـوردن کافـی ئەم سافە کافـی ئەو دوردن

٢- پادشایانی کرتی ئەوانەی کە لە پاش دەوڵەتی ئیلخانی بە فەرمانی مەنکۆقائان ببوونە فەرمانڕەوای غور و هیـرات و سیستان و بلوجستان. هەوەڵینیان مەلیك شەمسەدین‌مـحەمەد بووە؛ ساڵی ٦٤٣ك فەرمانڕەوایی غورستانی دەسـت کەوتووە. عەونی

٣- پادشای ئەفغانستان و خوراسان و غەزنە و هیـرات بوون.عەلائەدین کوڕی حەسەن کوڕی حوسێن کوڕی سام -کە لە سەدەی شەشەمدا بووە- یەکەمیـن پادشای ئەو بنەماڵەیە. عەونی

٤- «گورگی بالاندیدە»یە؛ بالان بە مانای تەڵە. واتا گورگێك کە پێشتر بەتەڵەوە بووبێت و خەلەستبێ. ماجد

ساڵە ئەوەی لە مەڵبەندی لار[1]دا خونکار و فەرمانڕەوای سەربەستن و کەس لە دەستی نەهاتووە دەست بخاتە کاریانەوە و گەلێك جاریش سکە و خودبە هەر بە ناوی خۆیانەوە بووە. پادشازەلام و زۆردارەکانی عەجەم -بە تۆزێك دیاری و پێشکەشێکی کەم- لە ڕاستیان دەم بەست دەبن و چاو دەقونجێنن و ناوێرن خۆیان لە قەرەی بدەن و نایانەوێ بیانهاڕووژێنن.

مەلاتاجەدینیکوردی -کە لە پێشدا لە شاری بڕووسا لە مزگەوتان مامۆستا بوو- لە دواییدا ببووە وەزیری هەرە گەورەی ئورخان و نازناوی خەیرەدین پاشای پێ درابوو.

ئەمجار با بێینە سەر باسی ئەو ئەویندارە دڵ بریندارە بەناوودەنگەی کە لە ڕێی دڵداری و بەندەواریدا، دڵی سەنگی سەخت و چەتوونی کێوی بێستوونی لە بەر یەك دەرێنا و بە ئاواتی گەستنی لێوی شیرینی شیرینی، دەستی لە گیانی شیرینی هەڵگرت و هەر بە یادی ئەوینی شیرینی، دوایی بە ژینی تاڵی خۆی هێنا؛ ئەو کێ بوو؟

بڕوانە لە بێستوونی سەرکەش — جەرگ و دڵی پڕ لە زامە ئێستەش
کام هێزە دڵی کەژی بڕیوە؟ — کام چەنگە کە کێوی دادڕیوە؟
نووسرا بە دەمی کوڵنگ لە سەر بەرد — هەر کوردە نەبەرد و مەردی بێگەرد
سەرتۆپی کوڕانی کوردی کەڵهوڕ — فەرهادەلەمڕای دڵا چیادڕ

کوردەکان ئەگەر ئاکارێکی ناپەسندیان هەبێ، هەر ئەوەندەیە: کەسیان سەر بۆ کەسیان ناچەمینی و بۆ یەکتر نایەنە بەرکەمەند و هەر وەك تاکە-تاکە، هەر کەسە بیر لە سەربەرزی خۆی دەکاتەوە، بە تێکڕایی بیر لە سەربڵندی تێکڕایی ناکەن و پشتی یەکتری ناگرن و نابنە یەك. دەربارەی ئەم ئاکارە ئالەبارەیانەوە مامۆستای زانا مەلاسەعدەدین[2] کە فێرکاری سوڵتان مرادخانی خوالێخۆشبووە، لە ناو مێژووە تورکیەکەیدا -کە بۆ عوسمانیانی داناوە- لە مەڕ کوردیشەوە دواوە و

١- مەڵبەندێکە لە ئێران و سەر بە ئەستانی کرمانە و شارێکیش بەو ناوە، لەو مەڵبەندەدا هەیە. عەونی

٢- خواجە سەعدەدین کوڕی حوسێن، دانەری *تاج‌التواریخ* - کە بە خوجە*تاریخی* بەناوبانگە- ساڵی ٩٧٢ك مامۆستای مرادخان بووە و ساڵی ١٠٠٦ کراوەتە شێخەلئیسلام. عەونی

دەڵێ: «هەموو کوردێك بۆ خۆی سەربەخۆیەکە و ئاڵای ملهوڕی و زۆرداری بەرز کردۆتەوە و لە ناو ئەو شاخ و کێوانەدا بە سەربەستی دەژی. ئەگەر سەرنج بدەیە باری یەکدیگیری و هاوبیری و هاوکارییانەوە، تەنیا لە شادەو ئیماندا نەبێ لە هیچ شتی تردا یەکتر ناگرنەوە.[1]

کورد لە تۆڵە ئەستاندا زەبری زۆر توند دەوەشێنێ و تۆڵەی خۆی یەك بە هەزار دەستێنێ. خوێنی پیاوانیان کیژێکە یان ئەسپێکی باشە یا خۆ بە چەند سەرێك لە وڵسات و ئاژەڵ دادەکوژێ.

کورد هەتا چوار ژن دێنن؛ ئەگەر دەوڵەمەندیش بن چوار کەنیزەکیشی دەخەنە سەر. زۆر بە زەو و زوون و زوو زیاد دەکەن. ئەگەر ئەو هەموو کوشت و کوشتارە لە ناویان ڕووی نەدابا، ئەوەندەزۆر و خاوەن زۆر دەبوون کە ئێران و هەموو جیهانیش دەبوو لێیان بترسێ؛ بەڵام هەر خودا بۆ خۆی دەزانێ چی بڕیار داوە.

هەر ئەمە ڕاستە کە خوای گەورە بەرێ دایناوە   چاو بە ڕاستی کە نەبینێ ئەوە سووچی چاوە

دەستەڵاتدارەکانی کوردستان ئەوانەی هۆزەکەیان گەورە و خاوەن زۆر و زۆر ناو بە

١- ئەحمەدی‌خانی لە مەڕ ئەو مەبەستەوە دەڵێ:

هێندەی کە بەجەرگ و دوورەترسن   کەمتر لە بەیەك گەیین دەپرسن
کەس بۆ کەسێ نابێ چاو دەبەر بێ   هەر کەس دەیەوێ زل و لە سەر بێ
لەم سەرڕەقییە و دەماری زلیان   بێگانە دەبن سواری ملیان
هەر خۆیەتی زل کەوە و ڕەش و بۆر   هەر بۆیەیە بوونە هێنزی خۆخۆر
کوردیش کە ببایە یەك دڵ و دەست   دەستیان دەکەوت ژیانی سەربەست
پەیدا دەبوو باو و گەورەیی و ژین   ناومان دەرئەکرد بە بیر و زانین
جیاواز دەبوو گفتی پاك و ناپاك   پڕنرخ و بەڕێز دەبوو شتی چاك

«مەم و زین»ی خانی، وەرگێڕاوی هەژار

*دانەر لە مەڕ یەکنەگرتنی کوردانەوە ئەفسانەیێکی زۆر ساویلکانەی گێڕاوەتەوە کە لە نێوان بەغدوزی کورد و پێغەمبەردا ڕوویداوە. لە ڕاستیدا ئەو چیرۆکە سووکایەتیە بۆ پێغەمبەر؛ لەبەر ئەوە ڕامانگوێزتە ناو پێشەکیەکەی وەرگێڕ و لێی دواوین. بڕوانە لاپەڕەی بیستوپێنج، پێشەکی وەرگێڕ. هەژار

دەرەوەن، بە نـاوی هۆزەکەیانـەوە دەناسـرێن؛ وەك: هـەکاری، سـۆران، بابـان و ئاردەڵان. ئـەو مـیر ومەزنانەش کە دژی سەخت و هەڵـەموت، یـان شـاریان دەبەردەسـت دایـە بـە نـاوی ئـەو قەڵایـە، یـان ئـەو شـارەوە نـاو دەبـرێن؛ وەك فـەرمانڕەوایانی: حەسـەن کێـف و بـدلیس و جزیـر و حـەزۆ و ئەگێل و هیترێش.

خـاکی کوردسـتان بـە لوڕستانیـشیەوە، بەشـی زۆری ڕەقـەن و چـر و لێـڕەوارە و نـەرمانی ئەوەندەنیە کە بەرهەم و دەرامەتی کشت و کاڵی دانیشتووانی هەموو بە تەسەلی تێر بکا.

سـەبارەت بـە ڕژد و کراڵـی زەوی و زارەکـەیان، کـورد لـە چـاو دەرودراوسـێکانیان هـەژار و نـەدارن. سـەرەڕای ئـەوەش هـەموویان زۆر چـاوتێر و کـەم چـاونەزێرن و هـەرگیز گازندەلـە بـەختی خۆیـان ناکـەن. زوربـەی زۆری خێـزان و مـاڵ و منـداڵی ڕەمـەکی و بۆرەپیـاوی کوردسـتان -بەشـی زۆری سـاڵ- بـە نـانی هـەرزن و گـارس و گـاڵ ڕایـدەبوێرن و لـە سـەر ئـەو بەلەنگازیەشـەوە، شـوکرانە بـژێرن. لـە ڕێنـانی گەنـم و پێخـۆری گـەرم و ڕایـەخی نـەرم و ژیـانی کـامرانی و پێکـەوەنانی دراو و سـاماندا، ڕووناکەنـە دەرگـای خونکـاران و زۆرداران و هـەرگیز دەسـتیان لـە بەر نامەردان پـان ناکەنـەوە. پادشـایانی زلـیش چـاویان نەبڕیوەتـە وڵاتەکەیانـەوە و نیـازی داگیـر کردنیان دەدڵ نـەگرتووە. تـەنیا بـە دیـاری بـۆ بـردن و پێـشکەش کردنـی پێـشکەشی، چـاویان لـێ دەپۆشن و لێیان گەڕاون.

ئەگـەر شـەڕیش ڕوو بـدا، ئـەوا کوردەکـان دەبـەن و بـە گـژ دوژمـنی خۆیانیـدا دەدەن و خۆیانی پـێ دەپـارێزن؛ دەنـا لـەوەبـەولاوە کاریـان بـە کاریـان نـەداوە و وازیـان لـێ هێنـاون. خـۆ ئەگەر جار و بـارەش وا هەڵکـەوتبێ پادشـایەك لـەو پادشـازلانە لـێ بڕابـێ کـە کوردسـتان بـخاتە ژێر چەنگی خۆیەوە، زۆری خوێن و ماڵ لێ بەخت کردووە و زۆر بە گرانی لە سەرکەوتووە.

داگیـرکەری کوردسـتان -هـەرکێ بـووبێ- هـەرگا دەسـتی بـۆ ئـەم ئـاگرە بـێ ئامانـە درێـژ کردووە، لە ئەنـجامدا هـەر پەشـیمان بۆتـەوە و لـە دوای داگیـرکردنیـشیچـاری ناچـاربووەدیـسان هـەر بـە خـاوەنی پێـشووی ئەسـپاردۆتەوە. نـموونەش گورجـستان و شـەکی[1] و

١- شارێکە لە ئیقلیمی گورجستان.

شیـــروان[1] و تـــالش[2] و گـــەیلان[3] و ڕوســـتەمدار[4] و مازەنـــدەران[5] ئوســـتوراباده[6] کـــه لـــه بـــاکووری ئێران و بە سەر کوردستانەوەیە.

زۆربەی بەشەکانی کوردستان کەوتوونە سەر مەڵبەند (اقلیم)ی سێهەم و چـوارەم؛ چـەند شـارێك نەبێ لەو پەڕی کوردستانەوە کە زانایان لایان وایە سەر بە مەڵبەندی پێنجەمە.

وا لێرەدا بنووسی زمان لووس و گەوهەربار، نووسیـــنی پێشەکیە هێژا و بەهادارەکەی بڕاندەوە و بە ئاسوودەیی پاڵیدایەوە و پشووی داو لە شەکەتی سایەوە. سا لەمـــەولا بەرانبـــەر بـــەو بڕیـــارەی کـــە دەستەبەری بووم، دەست دەکەم بە درێژە پێدانی مەبەســت و لـــە شـــی کردنـــەوەی ناوئـــاخنی ڕوویـــەڕی یەکەمەوە تێ هەڵدەچمەوە.

ئاواتمە جێگەی پەسنی یاران بێ   وەروێرکەی دڵی خوێنـــدەواران بێ

١- ناوچەیەکە لە نزیك یەریوان. عەونی

٢- شارێکە لە ئێران؛ هۆزی تالشی کورد لەوێن. عەونی

٣- یان «گیلان»، ئێستا ئەستانێکی ئێرانەو شاری ڕەشت بنکەیەتی‌و لە باشووری دەریای قەزوێن هەلکەوتووە.عەونی

٤- ناوچەیەکە لە نێوان گەیلان و مازەندەراندا. عەونی

٥- ئێستا ئەستانێکی ئێرانە و کەوتۆتە نێوان دەریای قەزوێن و چیای ئەلبورز. عەونی

بە گفتی زانای بەناوبانگی ئێران (سەعید نەفیسی) لە کۆندا ناوی ئەلبورز (هەرەبەرز) بووە. هەژار

٦- شارێکی گەورەیە لە باکووری ئێرانی ئێستایە و لە ڕۆژهەڵاتی مازەندەرانە و بنگەی تەبەرستانە.

ڕووپەڕی یەکەم

ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لە کوردستاندا ئاڵای سەربەخۆ بوونیان هەڵکردووە و مێژووناسان لە ڕیزی پادشایانیان نووسیون، ئەویش لە پێنج بەندا باسیان دەکرێ:

بەندی یەکەم

فەرمانڕەوایانی دیاربەکر و جزیر

لە بەر ئاوێنەی خاوێنی دڵی ڕووناك و پاکی مێژووناسانی زانا و ئاگادارانی ڕۆژگارانی پێشین و ئاگا لە دەنگ و باسان، شتێکی زۆر دیاری و ئاشکرایە کە یەکەمین کوردێکی لە وڵاتی دیاربەکر و جزیر لە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی سەربەخۆ ڕۆنیشتووە و بە پادشاناویانگی ڕۆیشتووە، ئەحمەدی کوڕی مەروان بووە.[1]

١- حکوومەتی ئەحمەدی کوڕی مەڕوان لە سەردار و پەردووی حکوومەتی لە بەر یەك هەڵوەشاوی دۆستەکی دامەزراوە.

حکوومەتی دۆستەکی لە دەوروبەری ساڵی ٣٢١.ك (٩٣١.ز) لە لایەن دۆستەك (دۆشتیك) ناوێکەوە -کە لە خانەدانی حەمیدی (حەمودی) بووە- دامەزراوە. کوڕێکی هەبووە بە ناوی بازنەبوشوجاع، ناوی منداڵی حوسێن بووە و نازناوی ئەبووعەبدوڵاشی لە سەر بووە. ئەو کوڕە ساڵی ٣٢٤.ك لە شاری دیاربەکر هاتۆتە دنیاوە. لە ئازایەتی و پیاوەتیدا بێوێنە بووە. لە بەر ئاکاری چاکی هەموو کەس خۆشی ویستووە و خەڵکی زۆری لە دەورە هاڵاوە. نیازی پادشایەتی لە کەللەی داوە و بۆشی لواوە لە ساڵی ٣٤٥و٤٦.ك (٩٥٥.ز)دا لە پاش داگیر کردنی جزیر و ئەسعرد، حکوومەتی خۆی دامەزراندووە؛ ساڵی ٣٤٨.ك (٩٥٨.ز) دۆستیك مرد و قەڵەمڕەوی ئەویش کەوتە دەست بازی جێنشین. ئەویش هەر بەوەندەشەوە نەوێستا؛ ملی لە پان و بەرین کردونەوەی وڵاتەکەی ناو مەلازگورد و ماکۆی داگیر کرد و شارێکیشی بە ناوی شاباز بنیات نا؛ کە لە دواییدا لە لایەن مەلیك عادلی ئەییووبییەوە ناوەکەی گۆڕاوە و بۆتە عادلجەواز. لە نێوان ساڵانی ٣٥٥و٣٥٦.ك (٩٦٣و٩٦٤.ز) ئەرجیش و دیاربەکر و میافارقین و ئورفە و ئەخلات و وان و بدلیس و←

←گەلێك جێگەی‌تریشی دەست بە سەردا گرت. میر و مەزنەکانی حەسەن‌کێف و جزیر و بۆتان و سروج و نووسەیبین هەموو هاتنە بەر فەرمانی و دیاربەکری کردەپاتەخت. ئەلقادروبیلای عەبباسی نازناوی شاباز ئەبووشوجاعی دایە. ساڵی ٣٦٠.ك (٩٦٨.ز) شاباز سکەی بە ناوی خۆیەوە لێدا و لە خوتبەشدا ناوی لە تەك ناوی خەلیفەی عەبباسیدا دەخوێندرایەوە. کاتێ ئەبوتەغلەبی حەمەدانی و عەزدودەولەی دەیلەمی بوو بە شەڕیان، باز یاریدەی عەزدودەولەیدا. لە پاش مەرگی عەزدودەولە ساڵی ٣٧٢.ك (٩٨٢.ز) باز بە نیازی داگیرکردنی مووسڵ بە لەشکرەوە لە ژەنگار (شنگال)ەوە هات. سەمسامودەولەی کوڕی عەزدودەولەی بە سەرکردایەتی ئەبووسەعید بارام کوڕی ئەردەشێر لەشکری ناردەپێش و هەردوك لەشکر لە باجلایا بە گژ یەکدا چوون و لە پاش شەڕێکی زۆر گەرم و خوێناوی لەشکری سەمسام شکا. دیسان بە سەرکردایەتی ئەبولقاسم سەعید لەشکری ناردەجەستەی باز؛ ئەمجارەش لە سەر ڕەخی چەمی خاپوور دەگژ یەکتری ڕاچوون و سەمسام و لەشکری زۆر پیستر لە پێشوو شکان. باز دەم لە سەر پشت ڕاوەدووی نان و دەناو مووسڵی کردنەوە و ئابڵۆقەی دان. لە سەر تکای خەڵکی مووسڵ سێ مانگی بۆ دانان کە دەستیان بۆ نەبا و ئەوانیش لەو ماوەیەدا شارەکە چۆڵ کەن. ئەبووعەلی حاکمی فەنیکی بە هێندێك لەشکرەوە بە دیارەوە دانان و بۆ خۆی گەڕایەوە بۆ دیاربەکر و ئیتر مووسڵیشی لە دەست دەیلەمیان ڕزگار کرد و سەر و سامانێکی باشی بە کار و باری مووسڵ داو ئەمجار بە لەشکرەوە بەرەو بەغدا بزووت و نیازی وابوو دەیلەمیەکان لە بەغدایەش دەرپەڕێنێ. سەمسام سەرسام ببوو! لەشکرێکی یەکجار زۆری بە سەرکردایەتی زیاد کوڕی کاکۆیە ناردەسەر ڕێبازی باز و لە تکریت تووشی باز هاتن و پێکداهاتن و باز شکا و گەڕایەوە دیاربەکر.

لە پاش ماوەیەك سەمسام و باز پێك هاتن؛ ساڵی ٣٧٧.ك (٩٨٧.ز) باز دووبارە دەوری مووسڵی گرت. لەو دەمەدا لە لایەن شەرەفودەولەی حاکمی بەغداوە، ئەبوونەسرخواشازە بە سەر مووسڵ ڕادەگەیشت. ئەبوونەسر بە لەشکرەوە هات و بەرەنگاری باز بوو. باز زۆری خستە تەنگانەوە و تەنگەی پێ هەڵچنی و ناچاری کرد کە پەنا بە هۆزەکانی عارەبی بەنوعوقەیل و بەنونەمیر بەرێ کە دەهاواریەوە بێن. باز تەلیعەتودەولەی برای خۆی ناردەسەر ڕێگەیان. ئەو لە شەڕدا کوژرا و لەشکرەکەشی شکا. باز دیسان بۆ جاری سێهەم ساڵی ٣٨٠.ك (٩٩٠.ز) هاتەوە سەر مووسل و ئابڵۆقەی داو ڕۆژی دووەمی جیمادی دووەم لە جەنگەی شەڕدا ئەسپەکەی گلا و تازە باز لەو کەوتنە هەڵ نەستایەوە.

دەڵێن عارەبێکی عوقەیلی تووشی لاشەی نیوەگیانی هاتووە و سەری بڕیوە و بۆ حەمەدانیەکانی بە دیاری ناردووە و ئەوانیش بۆ بەغدایان بەرێ کردووە لاشەکەشیان لە مووسڵ لە بابالامارە هەڵواسیوە.

لە پاش نەمانی باز، سەرکردەی لەشکرەکەی (ئەبووعەلی‌حەسەن کوڕی مەروان) کە برازا یان خوارزای بوو، کراوەتە جێنشینی ئەبووعەلی. لەشکری پەرژوبلاوی خڕ کردەوە و ڕووی کردەقەڵای حەسەن‌کێف -کە خێزانی شابازی تێدا بوو- لەوێ خۆی بۆ هەموو پێش‌هات و ڕووداوێك ئامادەکرد و چاوەنۆڕی چارەنووس بوو.

ئەبووتاهێر ئیبراهیم و ئەبووعەبدولاحوسێن حەمەدانی خۆیان لەوە خۆش کردبوو کە هەموو وڵاتی باز داگیر بکەن. بە لەشکرەوە هاتنە بەرەوە و ئەبووعەلی بەرسینگەی لێ برینەوە و دەرەتانی لێ برین و کوشت و برێکی تێ‌خستن، هەر دوژمنێکی کە لە مەیدانی شەڕدا کەلاکی نەکەوتبوو، بە لەشی پڕ برینەوە ڕای کرد. ئەبووعەبدولای حەمەدانی بە دیل گرت و بە پیاوەتی بەرەڵای کرد. هاتەوە سەر دیاربەکر و حکوومەتی مەروانی بەناوبانگی تێدا دامەزراندەوە←

لــە ڕۆژگـــاری فـــەرمانڕەوایی ئـــەلقادروبیلای خەلیفـــەی عەبباســـیدا، دەســـەڵاتی ئـــەو پادشـاکوردەگەیوەتە چـڵەپۆپەی بـەرزی و بـە پایەیـەك گەیـشتووە کـە خەلیفـەی بەغـدا نازنـاوی: نەسرودەولەی پێداوە.

ئەحـمەدی کوڕی مەروان هەشتا ساڵ ژیاوە و پەنـجاودووساڵی ڕەبەق لە سەر تەختی پادشـایەتی دیاربەکر و جزیر مەزنایـەتی کـردووە و زۆر بـە شـادی و دڵگوشـادی و کـامڕەوایی و خۆشـگوزەرانی ڕایبواردووە. بە پیاوی خۆیدا دیاری و پێشکەشی زۆری بۆ سـوڵتان تـوغروڵی سەلـجووقی نـاردووە و دۆستایەتی و دڵسۆزی خۆی بۆ دەربڕیوە. یەك لەو دیاریانەی کە بـەوی ڕەوا دیـوە، پارچـە یـاقوتێکی نایاب و گرانبەها بووە کە دەیانگوت بە نرخێکی دوور لە ئاوەز لە پادشاکانی دەیلەمی کڕیوە.

فەخرودەولە کوڕی جەهیـر -کـە وەزیـری خەلیفـە بـووە- لـە پێـشدا ئـەویش و ئەبولقاســمی مەغریبیش وەزیری ئەحـمەدی کوڕی مەڕوان بوون.

وەك دەگێڕنەوە: هەمیشە سێسەدوشێستوشەش کەنیزی لووس و لەباری هەبووە. هەر شەوێك لە شەوگاری ساڵدا دەگەڵ یەکێکیان خەوتووە و هیچ کەنیزێك لە ساڵێکدا دوو جار چاوی بە کڕیاری خۆی نەکەوتووە! ساڵی ٤٥٣ك (١٠٦١ز) بە مردنی خۆی مردووە.

نەسرودەولە کوڕی ئەحـمەد کوڕی مەروان

لە جێگەی باوکی دانرا و جڵەوی فەرمانڕوایی گرتە دەست و بیستویـەك سـاڵی بـێ زیـاد و کـەم بـە چاوەدێری کوڕی جەهیـری وەزیری پادشایەتی کردووە. چەند شەڕ و پێك هەڵپرژانێك لە نێوان نەسر و سەعیدی برایدا ڕوویداوە. نەسـر لـە میافارقیـن و سـەعید لـە ئامێـد فـەرمانڕەوایی دەکـرد. لـە

← و ولاتەکەی خۆی زۆر لە جاران پان و پۆرتر کردەوە. لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە گەیـشتە وان و لـە لای ڕۆژهەڵاتـەوە مووسل و دەوروبەری وەبەرخۆی داو پیاوی خۆی بە سەرەوە دانان. سکەی بە ناوی خۆی لێـدەدا. لـە ئەنــجامدا سـاڵی ٣٨٧ك (٩٩٧ز) دەست ڕەشێك بە ڕەشەکوژ کوشتی. ئەبووسەعیدمەنسوور برای ئەبووعەلی -کە لە پاش نەمانی باز لە میافارقیـن دەژیا- کرا بە جێنشیـن. ئەویش وەك براکەی بە مشوور و داب و دەستوور بوو؛ سکەی بە نـاوی خـۆی لێدا و ولاتەکەی زۆر برەو پێدا. لە ساڵی ٤٠٢ك (١٠١١ز) دا، شروە کوڕی ماسە -کە خاوەنی قەڵای ئاتاخ و دۆستی زۆر نزیکی ئەبووسەعید بوو- بانگهێشتنی کرد و زۆر بە نامەردانـە میـوانی خـۆی کوشـت. لـە پـاش مـەرگی ئـەو، مەلیكعادل ناسرودەولە ئەحـمەدیمەڕوانی هاتە سەر حوکم. جەمیل

ئەنجامدا نەسر لە مانگی قوربانی ساڵی ٤٧٢.ك (١٠٨٠.ز) کۆچی دوایی کردووە.

سەعید کوڕی نەسرودەولە ئەحمەد

ماوەیەکی زۆر لە ئامێد[1] (دیاربەکر)دا فەرمانڕەوا بووە. لە ڕاست هەژاران و بێچاران زۆردەست گوشاد و دڵاوا بووە و بۆ داماوان و لێ قەوماوان پشت و پەنا بووە. ڕەمەکی و سوپایی لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی ئەودا بە کامەرانی و ئارامی ژیاون. ساڵی ٤٦٥.ك (١٠٧٣.ز) خوا بۆ خۆی بردەوە.

مەنسوور کوڕی نەسر کوڕی نەسرودەولە ئەحمەد

لە جێگەی باوکی دانیشت و لە ئەنجامدا دەگەڵ فەخرودەولە کوڕی جەهیری وەزیردا بوو بە شەڕیان و تێ شکا.[2] لە پاشانیش جگەرمۆ[3]ی فەرماندەی لەشکری مووسڵ بە دیلی گرت و کۆت و زنجیری خستە پا و پیلی و لە جزیرێ لە ماڵە جوولەکەیەکدا بەندی کرد. تا لە مانگی محەڕەمی ساڵی ٤٨٩.ك (١٠٥٩.ز) دابەر بەزەی خوا کەوت و دنیای ڕوونی بەجێ هێشت. چوار کەس لەو بنەماڵە نەوەدویەك ساڵ فەرمانڕەوا بوون و بە نەمانی مەنسوور لە بەین چوون.

١- یاقووتی حەمەوی دەڵێ: ئامێد دژێکی قایم و شارێکی ڕێك و پێکە؛ وارشێکی بەرز و پتەوی لە دەورە کراوە. ئێستا ئامێد ناوی دیاربەکرە و پاتەختی کوردستانی باکوورییە و دەبەردەستی تورکان دایە. عەونی

٢- ئەو شەڕە لە سەر ئەوە قەوما، دوای ئەوە مەنسوور هەموو وڵاتەکەی باوك و مامی خۆی گرتە دەست و حکوومەتی لێ دامەزراند فەرمانیدا لە خودبەدا ناوی دەگەڵ ناوی خەلیفەی بەغدا بخوێندرێتەوە. خەلیفە بەوە تووڕە بوو مەلیکشای سەلجووقی وای کرد دیاربەکر بدرێ بە فەخرودەولە کە لە پێشدا وەزیری مەلیکعادل ناسرودەولە ئەحمەدی باپیری مەنسوور بوو. فەخرودەولە بێنمەکی کرد و لە سەردار و نان بدەی خۆی هەڵگەڕایەوە و بە لەشکری بێگانەوە هەڵیکوتایە سەر دیاربەکر. مەنسوور خۆی لە بەر نەگرت و کشایەوە بۆ جزیر و بۆتان. فەخرودەولە ساڵی ٤٧٨.ك دیاربەکری گرت و دەوری جزیریشی دا. بنەماڵەیەکی کورد لە جزیرێ هەبوون ماڵی دهھانیان پێ دەگوتن؛ لە بنەوە بوونە پیاوی دوژمن و بە شەو دەرگای قەڵایان بۆ کردەوە و مەنسوور بەدیل گیرا و پادشایەتی لەو خانەدانە بنەبڕ بوو. جەمیل

٣- شەمسەدەولە جگەرمۆ کوردێکی جزیری و لە ماڵی بەنیوەهبان بوو؛ لە کن پادشایانی دۆستەکی نۆکەر بوو، پیاوێکی بەجەرگ و ئازابوو؛ پایەی درایەو کرایە سەرکردە. لە پاشان لە نان بدەی خۆی هەڵگەڕایەوەو بوو بە پیاوی فەخرودەولەو دواییش هەر ئەو جگەرمۆە مووسڵی بۆ خۆی داگیر کرد. جەمیل

بەندی دووەم

فەرمانڕەوایانی دینەوەر و شارەزوور

کە بە حەسنەوییە بەناوبانگن

وەك لە سەر رووپەڕی پڕ لە بیـرەوەری مێژووناسان نووسراوە و لە سـەر تەتەڵـەی یـادی دیرۆکنووسـان هەڵکەندراوە و هێشتا نـە ئـەو سـڕاوەتەوە و نـە ئـەم کـڕاوە؛ وەهـا زانـراوە کـە حەسـنەوییە کـوڕی حوسێن[1] دەگەڵ ڕوکنودەوڵە کوڕی بۆیەدا هاوچەرخ بووە و لە ڕۆژگاری ئەودا کاری حەسنەوییە زۆر باڵا

١- میـرحوسێنی بەرزیکانی سەرکۆمارێك بووە لە شارەزوور. پیاوێکی زۆر دڵاوا و ناوبدەبووە؛ گەلێك کوردی لـێ کـۆ بۆتەوە. ساڵی ٣٣٠.ك دەستی بە وڵات گرتن کردووە. خەلیفەی بەغدایە (متقي لله ابراهيم) لەشـکری ناردۆتـە سـەر، بەڵام زۆر پیس شکاوە و هەرچی گـران باریانـە دەسـت کوردەکـان کـەوتووە. ئیتـر لـەوە بـەو لاوە وڵاتـی خـۆی زۆر بەرفرەوانتـر کردووە.

ونداد و غانـم -کە دوو برای میـرحوسێن بوون و سـەرۆکایەتی هـۆزی ئایـشانی‌یـان دەکـرد- دینـەوەر و هەمـەدان و نەهاوەند و سامغان و چەند جێگەیەکیشیان لە ئازربایـجان خستبووە دەست خۆیانەوە.

حەسەنۆوای (حەسنەوییە) هەر بە زیندی سەری باوکی کرابووە جێنشیـن. ساڵی ٣٤٨.ك میـرحەسەن، سـاڵی ٣٤٩.ك ونداد و ساڵی ٣٥٠.ك غانـم لە دنیا دەرچوون و حەسەنۆوای میـراتی میـرایەتی باب و هەرتك مامانی بۆ بـەجێ مـا. خاکی ژێر قەڵەمڕەوی هەموو مەڵبەندی ئەهواز و خۆزستان و ئەسەداباد و شارەزوور و گەلێك شوێنی‌تریشی دەگرتەوە.

موعێزودەوڵەی بۆیە چاوی تەماحی بڕیبووە موڵکی حەسنەوییەوە. لەشکری بەنی‌تەغلەبی حەمەدانی بە سـەرکردایەتی یەناڵکوش ناردەسەری. حەسنەوییە لە ڕۆژاوای هەولێر پێشەوبڕەی دایەوە و بە گژیدا هات و شکاندی و هەموو چەك و جبەخانەی دوژمن کەوتە دەست لەشکری کوردەوە. موعێزودەوڵە لە تۆڵەدا لەشکری ناردەسەر دینەوەر و تاڵانیان کرد و ئاواییەکانیان سووتاند. حەسنەوییە سەرەڕێی لێ گرتن و خۆی لێ داگرتن؛ بەڵام بەختیان بە کار بوو، دەداوی نەکەوتن. لەو سەردەمانەشدا ڕوکنودەوڵەی بویە دەگەڵ کوردەکانی گورگاندا زۆر بە توندی شەڕی بوو؛ دەترسا دەرۆسـتیان نەیـە؛ هاواری بۆ موعێزودەوڵە نارد. موعێزودەوڵە بۆ ئەوە کە بتوانێ دەهانای ڕوکنودەوڵە بێ، ناچـار دەگـەڵ حەسـنەوییەدا ڕێك کەوت. بـەو مەرجـە ئاشـت بوونـەوە کـە حەسـنەوییە پەنـجا هـەزار زێـڕ وەرگـری و ناویـشی لـە تـەك نـاوی موعێزودەوڵەدا بـخرێتە ناو خودبەوە. حەسنەوییە لەشکری بۆ بۆیەکرد و بۆیان چـووە سـەر کوردەکـانی گورگـان. ←

چووە. دەگەڵ ئەوەشابێ ئەمەگی کردووە و لە دژی ڕوکنودەوڵە ڕاپەڕیوە. لە سەر ئەوە ڕوکنودەوڵە ساڵی ٣٥٣.ك (٩٦٩.ز) لەشکرێکی گەورە و گرانی بە سەرکردایەتی ئیبنوعەمیدی وەزیری خۆی ناردەسەر حەسنەوییە. حەسنەوییە کە لێکی دایەوە بە لایەوە زۆرگوج بوو ئەو شەڕە بکا؛ بە زمانی خۆش و بە نەرمی هاتە پێش و کەیخودا و ڕیش سپی خستە نێوان و دەگەڵ ڕوکنودەوڵە ئاشت بوونەوە و لەشکر بە دوادا گەڕایەوە[1]

دەڵێن حەسنەوییە دارا و دەوڵەمەندێکی زۆر قورس بووە زۆریش پیاوێکی دەست بڵاو و خاوەن بەزەیی و خێرەومەند بووە. لە خۆراك و پۆشاکی برسی و هەتیوان و لە پەنادانی بێ پەنا و پەسیوان هەرگیز درێغی نەکردووە. ڕۆژی شەممە سێهەمی مانگی مەولوودی ساڵی ٣٦٩.ك (٩٧٩.ز) چاوی لە دنیا پۆشی و بادەی مەرگی نۆشی و لەو دنیا کەوتە خۆشیەوە.[2]

بەدر کوڕی حەسنەوییە

لە جێگەی باوکی لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی جێگیر بوو؛ ڕۆژبەڕۆژ ئەستێرەی بەختی گەشتر هەڵدەهات؛ هەتا وای لێهات کە ساڵی ٣٨٨.ك (٩٩٨.ز) ئەوەندەی بڕەو سەند، لە دیوانی بەغداوە

←ساڵی ٣٥٦.ك شەڕێك لە نێوان عێزەدەوڵە بەختیار کوڕی موعێزودەوڵە و حەسنەوییەدا قەوما. میرحەسەنوای لەو شەڕەشدا سەرکەوت و زۆر ناوی ئازایەتی دەرکەوت. ساڵی ٣٥٧.ك دیسان پێکەوە ئاشت بوونەوە. عێزەدەوڵە دیاری و پێشکێشی زۆری بۆ حەسنەوییە نارد و ڕاشیسپارد ئەگەر بۆی بە گژ ئەبووتەغلەبی حەمەدانیدا بچێ، هەتا سەر زابی گەورەی پێ دەبەخشێت. حەسنەوییە لە ئەبووتەغلەب وەخۆ کەوت و لەشکری حەمەدانیانی ڕاو نا هەتا دەناو شاری ڕەققەی پەستاوتن و بە سەرکەوتوویی بە ڕێگەی هەولێر و شارەزووردا گەڕایەوە بۆ دینەوەر. ڕوکنودەولە لەو پێکهاتنەی موعێزودەوڵە و حەسنەوییە زۆر تووڕە و تەنگەنەفەس ببوو؛ لەشکرێکی یەکجار زۆری بە سەرکردایەتی ئیبنوعەمیدی وەزیر ناردەسەر دینەوەر و شارەزوور و لە حەسنەوییەی داگیر کردن و ئەوەی لە ناویاندا ڕووی داوە دانەری کتێب پێمانی دەڵێ. جەمیل

١- ئەمینزەکی و حوسێنحوزنی دەڵێن: ئیبنوعەمید لە ڕێگەدا لە نزیك هەمەدان مرد؛ ئەبولفەتحی کوڕی بوو بە سەرکردەی لەشکرەکە. ئەویش دەیەویست بگەڕێتەوە ڕەی، ئەوەك بەشی بخورێ؛ نەك بچێ و تووشی شەڕ بێ. لەبەر ئەوە دەگەڵ حەسنەوییە پێکهات و پەنجاهەزار زێڕی زیانی لەشکرکێشی پێ بژارد و وازی لێ هێنا. جەمیل

٢- لە شاری سەڕماج مردووە؛ کە ئەو شارەش هەر خۆی دروستی کردووە و لە شوێنەوارە هەرە گرینگەکانیەتی. جەمیل

نازناوی ناسرووددەولەی بە خەلات پێ دراوە.[1]

هەر لە دینەوەرەوە بگرە تا ئەهواز[2] و خۆزستان[3] و بروجرد[4] و ئەسەداباد[5] و نەهاوەندی[6] -بە قەلا و چیا و دەشتەوە- بە گشتی دەبەر دەستدا بوو. ساڵی ٤٠٥ک (١٠١٤ز) هێرشێکی گەورەی کردەسەر قەڵای کوسجەد؛[7] حوسێنی کوڕی مەنسووری[8] لە قەڵاکەدا ئابلۆقە دا. لە ماوەی ئەو ئابلۆقەدانەدا

١- هەر لەو ساڵەدا کە ببووە فەرمانڕەوا، هەڵیکوتایە سەر لای ڕۆژاوای هەولێر و گەلێك قەڵای لە دەست دەیلەمان دەرێنا. عەزدودەولە لە سەر ئەوە کە باوکی بەدر بە ڕکەبەرایەتی ئەو چووبوو یاریدەی فەخرودەولەی دابوو، بیری تۆڵە و ڕکی کۆنی هەر لە زگدا بوو؛ لێ بڕابوو ئەو بنەماڵەی بە یەکجاری لە بنە بێنێ. لە بنەوە فەخرودەولە و موئەیدودەولە و گەلێکی تریشی لێ هاندا کە تێی هەڵپێچن و دەگۆی ڕاچن. بەدر و براکانی -کە ئەبووعەلا و عەبدوڕەزاق و عاسم و ئەبووعەدنان و بەختیار و عەبدولمەلیك بوون- بە هیچ ئاوایەك دانویان پێکەوە نەدەکولا. هێندێك ببوونە قولەچوماغی دەستی دوژمن و بڕێکیشیان خەریکی شەڕ و هەرای خۆبەخۆ بوون. بەختیار کە لە قەڵای سەرماج بوو، ناردیە لای عەزدودەولە کە بێت و قەڵاکەی بۆ بەجێ دێڵم. دوژمن لەو شەڕەبرایە هەلی دەست کەوت و بە پانەوە لەشکری ناردەسەر ئەو بەشە کوردستانە، بە بێشەڕ هەمەدانی گرت. ئەوسا کاربەدەستانی فەخرودەولە و هێندێك لە سەر هۆزەکانی کوردی بەرزیکانیش ڕەگەڵ کەوتن و بەرەو نەهاوەند و سەرماج هاتن و ملیان لە تاڵان و شڕەخۆری نا. کوڕانی حەسەنەوییە هەموویان هاتن و دەغالەتیان بە دوژمن کرد.

عەزدودەولە لە بەدر و عاسم و عەبدولمەلیك خۆش بوو؛ خەلاتی کردن و براکانیتریشیانی خستە زیندانەوە. بەدر سەرەڕای ئەوە کە شیر و ئەسپی بە زینی زێڕدۆزەوە بە خەلات درایە، کرایەوە بە مەزنی کوردەکانی بەرزیکان و لەو مەزنایەتیە تازەشیدا، زۆری گەشە بە مەڵبەندی خۆی داو گەلێك کاری پیاوانە و خێرومەندانەی کرد.جەمیل

٢- ئەهواز شارێکە لە باشووری ڕۆژاوای ئێران و بنگەی مەڵبەندی خۆزستانە. شوێنەواری شاری سوسەی پایتەختی ساسانیان لە نزیك ئەهوازەوە هەرماوە. عەونی

٣- خۆزستان یان عەرەبستان،مەڵبەندێکە لەوپەڕی باشووری ڕۆژاوای ئێرانەوە؛ لە کۆندا سوسیانەیان پێ دەگوت.عەونی

٤- شارێکە لە ١٨ فرسەخی هەمەدان. عەونی

٥- ئەسەداباد ناوچەیەکە لە نێوان هەمەدان و کرماشان. عەونی

٦- نەهاوەند لە عێراقی عەجەمە؛ شارێکی کەونارایە. ٦٠ کیلۆمیتر لە باشووری هەمەدانەوەیە و هەزار ماڵێك دەبێ. لە سەرەتای ئیسلامدا شارێکی زۆر قەوغا بووە. عەونی

٧- مینۆرسکی لە باسی گۆراندا دەڵێ: «ئەگەر نیاز لە کۆسجەد، گوشخەد بێ -کە قەڵایەکە لە کەناری ئەو سفیدڕوودەی کەوا دەڕژێتە دەریای قەزوێنەوە- وا دیارئەدا مەیدانی شەڕی بەدر زۆر بەرفرەوان بووە؛ بەڵام ئەگەر نیاز لە سفیدڕوود چەمی سیروان بێ، دیارە مەبەست لە دژی کۆسەجە کە نزیك بە کۆسەی هەجیجی هەورامانە. جەمیل

٨- مینۆرسکی و ئەمینزەکی و حوسێنحوزنی بە ناوی حوسێن کوڕی مەسعوودیان ناو بردووە. جەمیل

زستانێکی زۆر تووش و سەخت بە سەردا هات و کەس لە بەربەند و بەستەڵەك لە دەرەوە، خۆی نەدەگرت. لەشکرەکەی کە لە سەرمان حەجمینیان لێ هەڵگیرابوو، زۆری دەستەوداوێن بوون کە هەتا ئەو وشکەبەند و سەرمایە بە سەر دەچێ دەست لە گرتنی ئەو قەڵایە هەڵگرێ؛ بە گوێی نەکردن و پێی داگرت کە هەتا نەیگرم بەرهەڵدای ناکەم. ئەوان لەو مقۆمقۆیەدا بوون، لە پرونەکاو لەشکرێك لە کوردەکانی جوزقان[1] بە سەر ئابلۆقەدەرانیان دادا و دەرەتانیان بۆ نەهێشتن و لەشکری بەدر بەوەندەڕاگەیشتن ڕابکەن و کەوڵی خۆیان دەرباز بکەن؛ ئیتر ئاواتی گرتنی قەڵا بوو بە زیندەخەون.

هیلال کوڕی بەدر[2]

هەمیشە دەگەڵ باوکی شەڕ و کێشەیان بوو؛ هەر لە ساڵی ٤٠٥.ك (١٠١٤.ز)ڕا چەند جارێك لەشکریان لە یەکتر کردبوو. لە ئەنجامدا هیلال لە شەڕێکدا -کە دەگەڵ فەخرەلملووکی وەزیری بەغدایە ڕوبەڕوو ببوو- بە دیل گیرا و خرایە گرتووخانەوە.

جەلالودەولە کوڕی بەهائودەولە کوڕی عەزدودەولە کوڕی ڕوکنودەولە -کە دەسەڵاتداری بەغدا

١- یان جوزقان چەند تیرە و هۆزێکن لە کوردەکانی حەلوان، ئەبووعەبدوڵاحوسێن جوزقانی لەوانە. هەروەها ناوی گوندێکیشە کە نزیکی هەمەدانە. عەونی

٢- دایکی هیلال لە کوردەکانی شازنجانی بوو؛ بەدر زۆری ڕوو نەدەدایە و هیلالی کوڕیشی خۆش نەدەویست؛ بەڵام ئەبووعیسای کوڕی -کە لە ژنێکی دیکە بوو- ببووە نازداری باوان و هەمەکارە هەر بۆ خۆی بوو. هیلال پیاوێکی زۆر ئازای لێ پەیدا ببوو؛ بابی بە دڵ لێی دەترسا. هەر بۆ ئەوە لە خۆی دوورخاتەوە سامغانی دایە. هیلال لە سامغانەوە هەڵیکوتایە سەر کوێخایەکی باوکی لە شارەزوور، کە ناوی کوڕی مازی بووە. کوێخا و ماڵ و منداڵی هەموو کوشتن و شارەزووریشی تاڵان کرد. بەدر لێ برابوو تۆڵەی لێ بکاتەوە؛ بەڵام هیلال لە ژێرەوە بە زەبری دراو و دیاری، کاربەدەستانی باوکی لە خشتە برد و کردنیە دۆستی خۆی و بە سەر دینەوەری دادا و لەشکری باوکی ڕاونا و باوکی خۆی بە دیل گرت و ناردیە قەڵایەکەوە کە لەوێدا بژی و دەست لە دنیاداری هەڵگرێ؛ بۆ خۆشی لە جێگەی دانیشت و بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆ. بەدر بە دزیەوە هاواری بۆ ئەبولفەتحی عەیار و ئەبووعیساشادی نارد کە تۆڵەی بستێننەوە و دژی هیلال بجووڵێننەوە. ئەو دوانە بە لەشکرەوە بە هانایەوە هاتن و ئەبولفەتح کرماشانی گرت و ئەبووعیسا «سابوور- خاست؟»ی تاڵان کرد و هیلال گەیشتە سەریان و هەرتووك لەشکری تێك شکاند و چوار سەد کەسێکی لە دەیلەمان کوشت؛ لەوانە ئەوەدیان هەر میر و مەزن بوون. ئەبووبەکری کوڕی ڕافعی حاکمی هەمەدان و ئەبووعیسای بە دیل گرتن. بەدر کە لەم پیلانەیدا سەر نەکەوت ئەمجار هاواری بۆ ئەمیربەهائودەولەی دەیلەمی نارد. ئەویش لەشکرێکی زۆری بە سەرکردایەتی فەخرولملووك ئەبووغالب بۆ نارد. جەمیل

بوو- بیستیەوە کە وا شەمسودەولە کوڕی فەخرودەولــە و کــوڕی ڕوکنودەولــە حەســەنی کــوڕی بۆیــە، خاوەنی هەمەدان چاوی بڕیوەتە وڵاتەکەی بەدرەوە. هیلالی لە زیندان دەرخــست و بــە لەشــکری زۆر و پڕچەکەوە ناردیەوە کە پارێزگاری وڵاتی خۆی بکا. لە مــانگی قوربــانی ســاڵی ٤٠٥ک (١٠١٥ز)دا شەڕێکی زۆر گران و خوێناوی لە نێوان هیلال و شەمس و لەشکریاندا ڕووی دا. هیلال لــەو هەنگامــە بەسامەدا خۆی لە بەر تیشکی تیغی جەوهــەردار و موکــاری شــەمس، بــۆ ڕانەگیــرا و ســەری نایــە سەرئاسۆی ئاوابوون و بە دەستی شێــرەشێتانی خوێنڕێژ، بەرەو شەوی بێ ڕانەوەی مەرگ بەڕێ کرا.

تاهیــر کوڕی هیلال

هیلال باوکی هێشتا هەر لە شارەزوور دەبەندیــخانەدا بوو کە تاهیــری کــوڕی، لــە ترسی باپیــری[1] نەیوێرا گیــر بی و ڕایکرد و ڕووی کــردەشــارەزوور. لــە پــاش ماوەیــەك بــە نیــازی دەست درێــژی و پەنــجەبازی، هاتەوە جەستەی باپیــری و لە لایەن شەمسودەولەوە دەردەست کرا و هەتا ساڵی ٤٠٦ک (١٠١٥ز) لە ناو چواردیواری زیــندانی ڕەشدا بەربەست کرا. لەوە پاش ڕزگار بــوو؛ بــەڵام هــەر لــەو ساڵەدا لە شەڕێکدا کە دەگەڵ ئەبوشەوکی کرد، بە کوشت چوو.

١- هیلال ساڵی ٤٠٤ لە شارەزوور گیــرا و شارەزوور درایە دەست پیاوەکانی بەهائودەولەی وەزیر. تاهیــر کوڕی هیلال هێرشێکی لە نەکاوی بردەسەر شارەزوور و لە بێگانەی پاك کردەوە؛ بــەڵام هێــشتا تــەواو خــۆی نــەگرتبوو کــە دەگــەڵ شەمسەدەولەدا پێك هەڵپڕژانەوە و ئەو جارە تێشکا و گیــرا و خرایــە زیــندانی هەمەدانــەوە. شەمــسودەولە لــە پــاش ماوەیەك بیستی کە جەلالودەولە شارەزووری داوە بە ئەبولفەتحمــحەمەد کوڕی عــەیار. ئەمــەی لــێ خــۆش نــەهات و تاهیــری ڕزگاری کرد و لەشکری دایە کە بچێ شارەزوور بستێنێتەوە. ئەبولفەتح کە سەرکۆماری هۆزی شازنــجانی بوو ئەبوشەوکی کوڕی خۆی بە لەشکرەوە ناردەشەڕی تاهیــر. ئەبوشەوك شــکا و ســەعدی براشــی لــەو شــەڕەدا کــوژرا و تاهیــر شارەزووری لێ ساندنەوە. لە دوایــیدا ئەبوشــەوك و تاهیــر ئاشــت بوونــەوە و تاهیــر خوشــکی ئەبوشــەوکی خواست؛ بەڵام ئەبوشەوك خوێنی برای هەر لە بیــر مابوو. لە بنەوە لێی دەخەفتا هەتا لە هەلێکدا کێسی لــێ هێنــا و لە تۆڵەی برای خۆیدا کوشتیەوە. ئیتــر لەو ساوە دەوڵەتی حەسنەوییە کەوتە کەنەفتی و بنەماڵــەی عــەیار هاتــە ڕووی کار. جەمیل

بەدرکوڕی تاهیـر کوڕی هیلال[1]

ساڵی ٤٠٨.ك[2] لە سەر ڕاسپاردەی ئیبـراهیمپەناڵ کرا بە فەرمانڕەوای قومش و دینەوەر.

ئەبولفەتح کوڕی عەیار[3]

بۆ ماوەی بیست ساڵ فەرمانڕەوای حەلوان[4] بووە. ساڵی ٤٠١.ك (١٠١٠.ز) کۆچی دوایی کردووە. ئەو ئەبولفەتـحە لە بەرەی حەسنەوییەکان نەبووە؛ لە بنەماڵەیەکی دیکەی کورد کەوتۆتەوە. بەڵام هێندێك لە مێژوونووسان ئەویـشیان لـە ڕیـزی فـەرمانڕەوایانی دینـەوەر و شـارەزووردا دانـاوە و قەڵـەمڕەوی حوکمیشی قومش و شارەزوور بووە.

١- پاش کوژرانی بابی، خۆی گەیاندەکرماشان و چەند هۆزە کوردێکی لە خۆی کۆ کردەوە و هەڵیکوتا سەر دینـەوەر و حوکمی خۆی لێ دامەزراند. ئیبـراهیم یەناڵ، کرماشانی پێ سپارد؛ بەڵام زۆری نەخایاند لە ساڵی ٤٣٨دا موهەلـهەل -کە لە بنەماڵەی عەیار بوو- پەلاماری داو ولاتەکەی هەموو لە دەست دەرێنا. جەمیل

٢- ئەم تاریـخە لە شەرەفنامە فارسیەکەی چاپی پتـەربۆرگ، ڕوویـەڕ ٢٢دا نووسـراوە: «در سنه ثـمان و ثـمانیـن و اربعمایە». هەر لە هەمان ڕووپەڕدا بۆ تاهیـری باوکی دەڵێ: «سنه ست و اربعمایە» لە فارسیەکەی چاپی میسریـشدا، ڕووپەڕ ٤١ وا نووسراوە: «در سنه ثمان و ثمانیـن و اربعمایـە» واتا لە ساڵی ٤٨٨دا. کەچی هەر لە هەمان ڕووپـەڕدا ساڵی پێ کوژرانی باوکی بەدر ٤٠٦ نووسراوە! هەروەها لە پەراوێزی ڕووپەڕ ٤٤ی چـاپە فارسـیەکەی میـسردا دەڵـێ: ئیبـراهیم یەناڵ ساڵی ٤٥٠ کوژراوە. لە تەرجەمە عەرەبیەکانی مـحەممەدعەلی عەونی و مەلا جەلیل ڕۆژ بەیانیش‌دا، هەر بە ٤٨٨ نووسراوە؛ کەچی مەلاجەمیل لە پەراوێزی ڕووپەڕ ٣٩ی شەرەفنامە چاپکراوەکەیـدا دەڵـێ: موهەلـهەل ساڵی ٤٣٨ مولکەکانی لە بەدر بڕیوە. بێ گومانـم کە نە ئیبـراهیم یەناڵ پاش ٣٨ ساڵ مردن فەرمان دەردەکـا و نـە کوڕیش لە پاش ٨٢ ساڵ لە جێگەی بابی دامەزراوە! ڕاستەکەی هەر ئەوەیە ٤٠٨ بـووە و هەشـتایەك بـە هەڵـە خـۆی دەناو خزاندووە. هەژار

٣- سەرکۆماری هۆزی شازنـجان بوو؛ کرابووە سەرداری لەشکری بەدری حەسنەوییە و بە سـەر شـارەزوور و قـومش و کرماشان ڕادەگەیشت. حەلوانیش بە دەست ئەبوشۆکی کوڕیەوە بوو. هەر لە ساڵی (٣٥٠.ك)ەوە خـۆی ئامـادەدەکرد کە مەزنایەتی لە دەست ئامۆزاکانی دەرێنێ. حوسێن‌حوزنی دەڵێ: بنەماڵـەی عـەیار و حەسـنەوییە خزمـی یەکتـری بوون. ئەبولفەتح کوڕی عەیار کوڕی میـرحوسێنی بەرزیکانی بووە کە دەبێتە باوکی میـرحەسنەوییە.

٤- کۆنە شارێك بووە لە نێوان کرماشان و بەغدادا و لە سەر چەمی دیالە و ١٩٠ کیلۆمیتـری بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی بەغدا هەڵکەوتووە. عەونی

ئەبوششۆك كوڕی محەمەد كوڕی عەیار

نازناوی حوسامودەوڵە بووە. ساڵی ٤٢١ك (١٠٣٠ز) مەڵبەندی قومای داگیر كردووە. هەمیشە دەگەڵ براكانی هەرا و كێشەی بوو. ساڵی ٤٣٧ك (١٠٥٥ز) مردووە[١].

موهەلهەل[٢]

برای ئەبوششۆك بوو، نازناوی ئەبوماجید بوو. ساڵی ٤٤٢ك (١٠٥٠ز) خۆی گەیاندەسوڵتان توغرولی سەلجووقی و تكای لێ كرد كە سورخابی برای لە بەند ڕزگار بكا. سوڵتان تكای گرت و سورخابی- كە گرتبوو- بەریدا.

سورخاب كوڕی محەمەد[٣]

١- لە ڕۆژگاری ئەبوششۆكدا عەلائودەوڵەی كاكۆیە، هەمەدان و دەوروبەری داگیر كرد و هێرشی بردەسەر دینەوەر. ئەبوششۆك خۆی لە بەر نەگرت؛ هەڵات و پەنای بە شەرەفودەوڵەی وەزیر برد. عەلائودەوڵە لە ترسان وازی لێ هێنا و هاتەوە هەمەدان. ساڵی ٤٢٠ك ئەبوششۆك، ئەبولفەتحی كوڕی خۆی ناردەسەر ڕێی غوزەكان، كە دەوری دینەوەریان دابوو. ئەبولفەتح قەڵاچۆی خستە ناو غوزەكان و تەرت و تووناى كردن و ئەبوششۆك بەو سەركەوتنە ناوی دەركرد و خەلیفەی بەغدا نازناوی حوسامەدینی دەگەڵ شێرێكی جەواهێربەند بە خەڵات بۆ نارد.
ساڵی ٤٣٠ك كرماشان و مەڵبەندی كێوات و گەلێك جێگەی تری گرت و ئەبولفەتحی كوڕیشی بۆ جێنشیین دیاری كرد. لە سەردەمێكدا كە ئەبولفەتح لە باتی بابی بە سەر دینەوەر ڕادەگەیشت، قەڵاكانی بكورا و بیزارشا و سند و سامغان و چەند ناوچەیەكی تریشی لە دەست موهەلهەل دەرهێنا؛ بەڵام لە دواییدا موهەلهەل بە سەر ئەودا زاڵ بوو، بە دیلی گرت و لە زیندانی موهەلهەلدا مرد.
٢- بە سەر بكورا ڕادەگەیشت. كاتێ ئەبوششۆك مرد، هەڵیكوتایە سەر سەعدی كوڕی و مەڵبەندەكەی هەموو داگیر كرد. ساڵی ٤٣٨ك پەلاماری تاهیری حەسنەوییەی داو كرماشانی لێساند. لەشكری ئیبراهیمیەناڵیشی شكاند؛ كە بە هاواری تاهیرەوە هاتبوو. چووە دیدەنی سوڵتان توغرول لە بەغدایە؛ ئەویش داقوق و شارەزوور و سامغان و سیروانی دایە. لە پاشان سەعدی كوڕی ئەبوششۆك بای دایەوە سەری و بە دیلی گرت و بە تكای توغرولیش بەری نەدا و ئیتر لەو ساوە بێ سەر و شوێن چوو. جەمیل
٣- لەو كاتەدا كە ئەبوششۆك و عەلائودەوڵە شەڕیان بوو، سورخاب خۆی گەیاندەداقوق و داگیری كرد. كە ئیبراهیم یەناڵ لەشكری ئەبوششۆكی شكاند، سورخاب چووە سەر سەعدی كوڕی ئەبوششۆك و بەندنیجن (مەندەلی) لێ داگیر كرد و ماڵیشی بە تاڵان برد و ماوەیەك مایەوە؛ چەند جارێك سەعدی بە گژیا هاتەوە؛ تا لە شەڕێكدا سەعدی بە دیل گرت و خستیە زیندانەوە. كوڕێكی سورخاب -كە ناوی ئەبووعەسكەر بوو- لە باوكی خۆی هەڵگەڕایەوە و بە←

دوای ئەوە کە لە بەندی توغرول ئازاد بوو هاتەوە سەر مەڵبەندی ماهەکی[1] و ڕۆژگاری لەوێدا بەسەر دەبرد. چونکە لەوە پێش لە سۆنگەی ئاژاوە نانەوەدا ساڵی ٤٢٩.ک (١٠٤٧ز) خزمەکانی گرتیان و بۆ ئیبراهیم یەناڵیان برد[2]. ئەویش چاوی هەڵکۆڵی و لە بینایی بێبەش کرد.

سەعدی کوڕی ئەبوششۆک[3]

سورخابی مامی گرتبووی و لە قەڵای خۆیدا بەندی کردبوو. ئەبۆلعەسکەر کوڕی سورخاب لە پاش کوێربوونی باوکی لە بەندی دەرێنا و ئازادی کرد. ساڵی ٤٤٤.ک(١٠٥٢.ز) توغرول بەگ لەشکرێکی زۆر و تەیاری دایە و هاتە سەر عیراقی عەرەب[4] و موهەلهەلی مامی خۆی گرت و خستیە زیندانەوە.

← کۆمەگی کوردەکانی هۆزی ماهەکی، لەشکری باوکی شکاند و سورخابی بە دیل گرت و ناردی بۆ ئیبراهیمیەنال و ئەویش هەرتك چاوی کۆڵی. ساڵی ٤٤٣.ک موهەلهەلی برای تکای بۆ کرد و بەریان داو قەڵای ماهەکی درایە. ئەمینزەکی دەڵێ: هەر ئەو ساڵە بە کوشت چووە. جەمیل

١- ماهەگی: هۆزێکی کوردن لە دەورەی کرماشان و حەلیلاندا دەژیان. ڕۆژگارێك میرنشینیەکی پچووکیان دامەزراندووە و بە ناوی حکوومەتی ماهەگی ناسراوە. جەمیل

٢- ئیبراهیم یەناڵ یان ئینال، برا گچکەی توغرولبەگی سەلجووقی بووە. دژی برای لە هەمەدان شۆڕشی کردەوە و ساڵی ٤٥٠ کوژراوە و لەشکری لێ بڵاوکراوە. عەونی

دوکتۆر مستەفاجەواد لەو مەقالەدا کە لە سەر هۆزی گاوانی حیللەی نووسیوە و لە بەرگی ٤، جزمی ١-١٩٥٦ی *گۆڤاری مجمع‌علمی*دا چاپ کراوە، دەڵێ: ئیبراهیمیەناڵ دایك برای توغرول بەگ بووە. هەژار

٣- مەندەلی بە دەستەوە بوو؛ سورخابی مامی لێی داگیرکرد. لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی موهەلهەلدا ئیبراهیمیەناڵ لەشکری غوزی ڕەگەڵ خست و چوو حلوانی داگیر کرد و خودبەی بە ناوی ئیبراهیمیەناڵ تێدا خوێنرایەوە. پاش ماوەیەك موهەلهەل لە حلوانی دەرپەڕاند. سەعدی لە مەڵبەندی مامیدا دەستی کرد بە چەتەیی و ڕێگری؛ سورخاب گرتی و کوڕی سورخاب بەریدا و هاتەوە و حلوانی گرتەوە. سوڵتان توغرول قەڵای ڕادندبینی پێ سپارد. دیسان دەگەڵ موهەلهەلدا بە گژ یەکدا چوون و موهەلهەلی گرت و بە تکای توغرولیش بەری نەدا. لە ژێرەوەش دەگەڵ مەلیك ڕەحیم نێوانی خۆش کرد. توغرول جێگەی ئەوی دابە بەدر بەگ مەنسوور کوڕی موهەلهەل و لەشکریشی دایە کە بچێ شەڕی سەعدی بکا؛ بەڵام بەدر چی بۆ دەگەڵ نەکرا. دوایی بەدر لەشکری زۆرتری کۆ کردەوە و هاتە سەر سەعدی و ساڵی ٤٤٦.ک هەموو وڵاتەکەی لێ داگیر کرد. لەو ساوە حکوومەتی سەربەخۆی خانەدانی عەیار هاتە بەر تیری سەلجووقیان و بەدر کوڕی هیلال بۆیان بە سەر شارەزوور و دینەوەر و حلوان ڕادەگەیشت. جەمیل

٤- نیاز بەغدا و بەسرایە. چونکە عیراقی عەجەم بە ڕەی و نەهاوەند و هەمەدان دەڵێن. جەمیل

سورخاب کوڕی بەدر کوڕی موهەلهەل

نازناوی ئەبولفەوارسە[1] و بە کوڕی ئەبوششۆك بەناوبانگە و ماوەیەك فەرمانڕەوای شارەزوور و قوما بوو. لە پێشوودا قەڵای جقندکانیان لێ سێنرابوو. ساڵی ٤٩٥.ك (١١٠١.ز) ئەو قەڵایەشی خستەوە ژێر دەستی خۆی. سورخاب پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند و بەداهات بووە؛ مانگی شەشەکانی ساڵی ٥٠٠.ك (١١٠٦.ز) عەمری خوای کردووە.

ئەبولمەنسوور[2]

لە پاش سورخابی باوکی بوو بە فەرمانڕەوا. ئەو خانەدانە ماوەی١٣٠ساڵ دەسەڵاتدار بوون.

١- لە پاش بابی بە فرمانی توغرول بە سەر شارەزوور و خفتیسنگان و داقوق ڕادەگەیشت. دەگەڵ سوڵتان بەرکیارقی کوڕی مەلیکشاشدا ببووە هاوپەیمان. ساڵی ٤٩٥.ك ئەمیرێکی تورکمان بە ناوی قەرابلیسلغر بە لەشکرەوە هێرشی بردەسەر؛ سورخاب شکاندی. قەرابلی دیسان خۆی سازکرد و هاتەوە سەری، دیسان شکا. دەستی هەر هەڵنەگرت و جاری سێهەم بە لەشکرێکی زۆر و بێ ژمارەوە هات و ئەو جار سورخاب خۆی لە بەر نەگرت و دایە چیا. لەو شەڕەدا هەزار کوردێك بە کوشت چوو. لە دوای شکانەکەی سورخاب، یەکێك لە هەواڵانی خۆی لێی هەڵگەڕایەوە و دەستی بە سەر قەڵای خفتیسنگاندا گرت.

بەرکیارق لەشکری ناردەسەر کابرای یاغی؛ بەڵام بە سەد هەزار زێڕ بەرتیل وازی لێ هێنا. سورخاب تەنیا شارەزوور و داقوقی بە دەستەوە مابوو؛ کابرای یاغی ڕۆژێك دەگەڵ برادەرێکی خۆیدا بوو بە دەمەقاڵێیان و یەکیان کوژرا. ئەوی مابوو ناردیەلای سورخاب کە ئەگەر لێی ببورێ قەڵاکەی دەداتەوە. سورخاب سوێندی بەخشینی بۆ خوارد و بەم جۆرە قەڵای دەست کەوتەوە. ساڵی ٤٩٩.ك بەلك کوڕی بارام کوڕی ئەرتق قەڵای جانیجاری لە سورخاب داگیرکرد. سورخاب سێ جاران لەشکری لێ کرد، هیچی بۆ دەگەڵ نەکرا. لە دواییدا ناوبژیکەر کەوتنە نێوانەوە و قەڵاکەی درایەوە. جەمیل

٢- حوسێن‌حوزنی دەڵێ: مەنسوور لە پاش سورخابی برای فەرمانڕەوای شارەزوور بووە. پیاوێکی زۆر بەمشوور بووە و زۆری گەشە بە وڵاتەکەی داوە و بیست ساڵان فەرمانڕەوای سەربەخۆ بووە. جەمیل

بەندی سێهەم

فەرمانڕەوایانی فەزلەوییە

کە بە لوڕیگەورە بەناویانگن

لە کتێبی *زبدةالتواریخ*[1]دا نووسراوە کە: ئەوانە بۆیە ناوی لوڕیان بەسەردا بڕاوە، لە مەڵبەندی مانڕود گوندێك هەیە ناوی کوردە. لە نزیك ئەوگوندەوە دەربەندێکە بە لوڕی پێی دەڵێن «کول». لە ناو دەربەنەی کولیشدا شوێنێك هەیە «لوڕی» پێ دەڵێن. جا چونکە بنەچەکەی ئەو هۆز و تیرانە لەو شوێنە بووە، ناوی خۆیان ناوە لوڕ.

لە مەڕ ناوی لوڕەوە چەند باس و خواسێکی تریش هەیە؛ بەڵام چونکە بەلامەوە گرینگ نەبوون لە نووسینیان خۆ دەبوێرم.

مەڵبەندی لوڕستان دەکرێ بە دوو بەشەوە: لوڕی گەورە و لوڕی بچووك. گۆیا دو برا هەبوون و پێکەوە ژیاون و لە دەوری ساڵی ۳۰۰.ك (۹۱۲.ز) فەرمانڕەوای خاکی لوڕستان بوون.

فەرمانڕەوای لوڕستانی گەورە ناوی بەدر بوو. لوڕستانی بچووکیش براکەیتر بە سەری ڕادەگەیشت؛ کە پێیان دەگوت ئەبومەنسوور. بەدر بۆ ماوەیەکی زۆر مەزنایەتی ناوچەی خۆی کردووە و کە ئەویش مردووە، نەسیرەدینمحەمەد کوڕی هیلال کوڕی بەدر -کە نەوەی بووە- جێگەی باپیری گرتۆتەوە.

نەسیرەدین محەمەد کوڕی هیلال کوڕی بەدر[2]

١- *زبدةالتواریخ* سێن؛ دوان بە فارسی و یەك بە تورکی. یەکەم لوتفوڵا هیرەوی بۆ بایسنقورمیرزای نووسیوە و ساڵی ۸۳٤.ك مردووە. دووەم جەمالەدینمحەمەد کوڕی عەلیکاشی دایناوە و ساڵی ۸۳٦.ك مردووە. سێهەم مەلامستەفاسافی کردوویەتە سەرباری *تاجالتواریخ* و تا ساڵی ۱۰۲٤.ك هاتووە. عەونی

٢- ئەمینزەکی لە *تاریخالدول والامارات الکردیة*دا دەڵێ: نەسرەدین نەوەی بەدر -لە لوڕستانی گەورە- جێگەی باپیری گرتەوە. لەو سەردەمەدا نیوەی لوڕستان بە دەست کوردەکانی شوولەوە بوو. سەرۆکیان سەیفەدین بوو. گوایە بنەماڵەیان لە ڕۆژگاری ساسانیانەوە هەر فەرمانڕەوا بوون. جەمیل

دوای ئەوە کە بوو بە فەرمانڕەوای لوڕستانی گەورە، محەمەد خورشیدی کردەوەزیری خۆی. ساڵی ٥٠٠ك (١١٠٦ز) کوردەکانی چیای سماق[1] لە وڵاتی شام، خۆیەخۆ بەگژ یەکدا هاتن و لەوانە ٤٠٠ ماڵیان ئاوارە و پەڕەوازە بوون و ڕوویان کردەلوڕستان و لە لای هۆزەکەی خزمی محەمەد خورشید گیرسانەوە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لە نەتەوەی محەمەد خورشیدەوەزیرەکە -کە ئەویش وەزیری فەرمانڕەوا و خۆشەویستی کوردەکانیش بوو- نان و خوانێکی جوانی ڕازاندەوە و زۆر کەسی بانگێشتن کردبوو. لە کاتی نان داناندا ئەبولحەسەنی فەزلەوی -کە سەرۆکی کوردەئاوارەکان بوو- سەرەگایەکی لە پێش داندرابوو. ئەبولحەسەن ودمی سەرەگای بە لاوە پیرۆز بوو؛ بە دەستە و بەستەکەی خۆی گوت ئێمە دەبین بە سەرداری ئەم گەلە.

ئەبولحەسەن کوڕێکی هەبوو ناوی عەلی بوو. ڕۆژێك چووبووە ڕاو؛ سەگێکیشی دەگەڵ خۆی بردبوو. تووشی هێندێك دز و چەتان هات و بوو بە شەڕیان و عەلی بریندار کرا و لە هۆش خۆی چوو. دزەکان نەیاندەزانی بووراوەتەوە، وایان زانی مردووە. لە لینگی نەوین و ڕەکێشیان کرد و لە ناو ئەشکەوتێدا ڕایان کێشاو بەجێیان هێشت. سەگەکە بەرەودوا کەوتە شوێن دزان و شوێنی ون نەکردن و دەنیوە شەودا -کە دز دەخەودا بوون- پەلاماری کابرای سەرتەریدەی داو گازی لە باتونی گرت و تا نەیکوشت بەری نەدا. ئەمجارە بە هەڵداوان ڕای کرد و خۆی بە ماڵە عەلیدا کردەوە. نۆکەرانی عەلی کە سەگیان بە دەمی خوێناویەوە دیت، ترسان کە عەلی شتێکی بە سەر هاتبێ. سەگیان دایە پێش خۆیان و ڕاست بردنیە سەر ئەو ئەشکەوتەی کە عەلی تێدابوو. عەلیان بە برینداری هێنایەوە و دەرمانیان کرد و لە مردن خەلەست و لە پاش ئەو کارەساتەش گوایە ماوەیەکی زۆر هەرماوە.[2]

لە پاش مردنی عەلی، محەمەدی کوڕی ڕووی کردەلای بەرەی سولغور کە لەو سەردەمەدا

١- کەژێك و بانوێکە لە ڕۆژاوای حەڵەب و نزیکی ئەسکەندەروونەیە. عەونی
دائرةالمعارف، بەرگی ٣ دەڵێ: ئەو هۆزە کوردەدەگەڵ مەزنە فەزلەویەکەیان لە چیای سماقی وڵاتی سووریاوە چوونە میافارقین و لەوێوە ڕوویان کردەئازربایجان و گەیلان و پەیمانێکیان دەگەڵ میری گەیلان (دیباجی) بەست و لەوێوە هاتنە لوڕستان و ساڵی ٥٠٠ك (١١٠٦ز) لە باکووری شوتورانکوە دامەزران. جەمیل

٢- *تاریخی عمومی* دەڵێ: ئەو عەلیە بۆ ماوەیەك مەزنایەتی هۆزی خۆی کردووە. جەمیل

فەرمانڕەوای وڵاتی فارس بوون؛ بەڵام هێشتا ناوی پادشایەتیان لێ نەنرابوو. محەمەد بە ئازایەتی ناوبانگی دەرکرد و زۆر زوو توانی جێگەی خۆی بکاتەوە و پایە و ڕێزی زۆری پەیدا کرد.

لە پاش مردنی محەمەد، ئەبوتاهیری کوڕی ببووە پیاوی باوەڕپێکراوی ئەتابیکسونقور و ئەوەندەبەئازا و نەترساو ناسرابوو کە سونقور لە خۆی جیا نەدەکردەوە و پشتی خۆی پێ سپاردبوو.

ئەتابیکسونقور دەگەل هۆزی شوانکارە[1] شەڕی بوو. ئەبوتاهیری بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە ناردەیاریدەی لەشکریانی خۆی. ئەبوتاهیر بە سەر دوژمناندا سەرکەوت و بە سەربەرزی گەڕایەوە بۆ فارس. ئەتابیك زۆری ئافەریم لێکرد و گوتی بخوازە ماڵی دنیایە! ئەبوتاهیر داواکاری ئەسپێکی ئەتابیك بوو؛ پێی بەخشرا. هەمیسان گوتی بخوازە! ئەمجار داوای درۆشمی ئەتابیکی کرد؛ ئەویشیان هەر بۆ پێك هێنا. دیسان گوتی لێم بخوازە! ئەبوتاهیر لە وڵامیدا گوتی زۆر پێم خۆشە ئەتابیك بمنێرێتە سەر لوڕستان؛ دەمەوێ ئەوێش بگرم و بیخەمە ژێر قەڵەمڕەوی ئەتابیکەوە. ئەتابیك سونقوڕ ئەم وەرامەی زۆر لێ خۆش هات و بە لەشکرێکی بەکار و زۆر و ساز و تەیارەوە ڕەوانەی لوڕستانی کرد.

ئەبووتاهیر

کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی ئەبولحەسەنی فەزلەوی

ئەبووتاهیر لە دوای ئەوە لە یارمەتیدانی سنقور پشتئەستوور بوو، خۆی گەیاندەسەر سنووری لوڕستان و جار بە شەڕ و گا بە ئاشتی و تاوێکی بە توندوتیژی و زۆر جار بە نەرمی و نیانی، توانی دەست بە سەر خاکی لوڕستاندا بگرێ. کاتێ کە خۆی دیتەوە وا خاوەن زۆر و دەستەڵات دارە و کاری بە نۆکەری کردن نەماوە، ئارەزووی سەربەخۆ بوونی کەوتە کەللە و لە ئەتابیکی ئاغای خۆی

١- هۆزێکی کوردی زۆر ئازا و نەبەردەو لە پێنج تیرە پێك هاتووە. ڕۆژگارێك لە ناو جەرگەی فارسدا حکومەتی سەربەخۆیان هەبووە و نزیکەی سەدوپەنجا ساڵ ئەو حکومەتە هەر ماوە. دامەزرێنەری حکومەتی شوانکارە ئەمیرفەزلەوییە کوڕی عەلی کوڕی حەسەنی ئەییوبی بووە. جەمیل

حکومەتی شوانکارە ساڵی ٤٢١.ك (١٠٣٥.ز) دامەزراوە و تا ساڵی ٧٥٦.ك (١٣٥٥.ز) هەر بەردەوام بووە. *کورد و کوردستانی* ئەمینزەکی، تەرجەمەی محەمەدعەلی عەونی، چاپی بەغدا، ڕووپەڕ ١٣٧. هەژار

هەڵگەڕاوە و فەرمانی داکە هەموو کەس دەبێ پێی بڵێ ئەتابیك. ئیتر لەوساوە کوڕ و کوڕەزاکانی ویش هەر دایانە سەر ئەو شۆپە و بە زۆپە بوون بە ئەتابیك.

لە ڕاستیدا ئەم زنجیرە، ئەتابیکی بەڕاستی نیسن و زرە ئەتابیك بوون؛ چونکە ئەتابیکی ڕەسەن ئەوانە بوون کە پارێزگاری سنووریان پێ دەسپاردن و پادشایانی سەلجووقی منداڵیان پێ بەخێو دەکردن و دەبوایە شازادەکانیش بەو لەلانە بڵێن ئەتابیك واتا باوکەبەگە.[1]

پوختەکەی ئەمەیە: ئەبووتاهیر بە نۆکەری لە کن ئەتابیکسنقور بوو. سالی ٥٥٠.ك (١١٥٥.ز) لوڕستانی بە ناوی سنقوری گرت و بۆ خۆی ئالای سەربەخۆیی تێدا هەڵکرد و هەتا سالی ٥٥٥.ك (١١٦٠.ز) بەوپەڕی سەربەستی فەرمانڕەوایی کرد و بە ئازایی ژیا و بە ئازادی مرد. پێنج کوڕی لە پاش بەجێ مان: هەزار ئەسپ، بەهمەن، عیمادەدین پەهلەوان و نەسرەتەدین ئیلواکوش، قزڵ ئەتابیك.

هەزار ئەسپ

لە سەر دوا ئەسپاردەی باوك و بە قۆل لە سەر کێشانی تێکڕایی براکانی و هەموو هۆز و تیرەکانی وڵات، هەزار ئەسپ کرا بە فەرمانڕەوای سەربەخۆ لە ناو هەموو لوڕستاندا. لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی هەزارئەسپ، ئەو مەڵبەندەبە دەستوورێك پەرەی گرت و گەشەی کرد و بە خۆدا هات و بڕەوی سەند، کە بەهەشتی بەرین هەزار خۆزگەی بە لوڕستان دەخواست. لە هەموو سووچ و کەناران و لە لادی و لە شارانەوە، لە دەشت و کۆسارانەوە، لە نزیك و لە دوورەوە، هەروا خێڵات و ڕەوەند و کۆچەر بوون سەرەوژێر و سەرەوژوور وەك شارە مێروو ڕچەیان دەبەست و ملەیان دەکرد و ڕانەدەوەستان و لەڕا دەوەستان و ڕوویان دەکردەلوڕستان و خۆیان دەگەیاندەژێر سێبەری ئالای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

لە ڕاستیدا لوڕستان لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا ببووە چاری بێچاران و دەرمانی دەردەداران و هەتوانی بریندارات و بژیودەری هەژاران و ئەنوا و پەنای بێپەسیوان و بزەی سەرلێوی خۆشی نەدیوان و

١- پێنج بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە کوردستاندا ئەو ناوی ئەتابەکەیان پێوە بووە: فەرمانڕەوایانی ئەرتقی و حوکمدارانی شاەئەرمەن و پادشایانی زەنگی و ئەتابیکانی ئازربایجان و ئەتابیکانی لوڕستان. جەمیل

مالّی باوکی سێوی و هەتیوان و جێ‌سانەوەی شەکەتان و فریاڕەسی داماوان. نەك هەر بۆ کوردان یانەی بووژانەوە و لانەی حەسانەوە بوو، بۆ زۆر تیرە و ڕەگەزی جۆربەجۆری تریش مایەی هومێد و جێگەی هانا بوو. چەندین هۆزی عارەبی وەك عوقەیلیەکان -کە دەچوونەوە سەر عوقەیلی کوڕی ئەبووتالب و هاشمیەکان کە لە نەتەوەی هاشمی کوڕی عەبدی مەناف بوون- دەخۆ نووسان و لە لای شامەوە و لە ئالی چیای سماقەوە باروبنەیان پێچا و لە هیچ کوێ ئاوڕیان نەداوە و لوڕستان بگرە و هاتم! گەلێك و گەلێك هۆز و خێلّی کوردی لاوەکی‌تریش لە هەموو لایەکی کوردستانەوە بەرەو قەلاّی ئازادی بزووتن و لە لوڕستانی سەربەخۆدا دامەزران و لە ژێر چەپۆکی بێگانان خەلەستن و ڕۆژی ڕەشیان کۆتایی پێ هێنا. لەو هۆزە کوردانە ئەوانەی ناویان زانراوە ئەمانەن:

١- ئەستەرکی ٢- مەماکۆیە ٣- بەختیاری ٤- جوانەکی ٥- بێ‌دانیان ٦- زامەدیان ٧- عەلانی ٨- لووتوەند ٩-بتوەند ١٠- پوازەکی ١١- شنوەند ١٢- ڕاکی ١٣- خاکی ١٤- هاروونی ١٥- ئەشکی ١٦- کۆیی ١٧- لێراوی ١٨- مۆیی ١٩- بەحسەفوویی ٢٠- کەمانکەشی ٢١- مووماستی ٢٢- ئۆمەکی ٢٣- تەوابی ٢٤- گراوی ٢٥- مەدیحە ٢٦- ئاکورد ٢٧- کۆلارد.

گەلێکیش هۆز و تیرەی دیش کە نازانین سەر وە کێ بوون و لە پێشدا لە کوێ بوون، ئاوەکی بوون و لە لۆڕستان گیرسانەوە و بە تێکەلاّو بوونی ئەو هەزارە زیلەی حەشاماتە، دەگەلّ دانیشتوانی لوڕستانی هەزارئەسپ و برایانی، کاروباری لوڕستان ئەوپەڕی باری لە باری گرت و گەشە و هێز و پێزێکی وای پەیدا کرد کە بە بیری بیریشدا نەیە. لەشکری نەبەزی لوڕستان زۆر زوو شوولستان[1]یشی دەس بەسەردا گرت و خستیە سەر لوڕستانەوە. دەسەلاّتی هەزار ئەسپ هەزار ئەوەندەی پێشوو پتەوتر و ناوبانگی دادگەری و شکۆ و سەروەری- سەد هەزار هێندەی بەرێ- وە بڕەو کەوت. هەموو زەوی و بەیارێك، لە هەر ئاقارێك، هەروا تۆزێك نەرمان با و بۆکێلاّن دەستی دابا، جووتی لێ کرا و تۆوی لێ خرا و کرا بە مووچە و مەزرا و ئاوەدانی و گوندی قەوغای لە دەورە دامەزرا. سەروبنی لوڕستانت پشکنیبا، بستە خاکێك نەمابوو کە شێوی نەبڕن و بەوەرد و سێ‌گاسنە، دای‌نەدڕن و لە سەری وەرزی

١- مەلّبەندێکە لە ئەستانی فارس و بە ناوی هۆزی شولی کوردەوە ناو نراوە؛ کە لە سالّی ٥١٩.ك دالە موکوریانی ئازربایجانەوە چوون و لەوێ نیشتەجێ بوون. لەو بارەوە شاعیرێك دەلّێ:

جە کوردانی شاهێن و ڕاوەند و شوول   فرە لەشکر ئاما وە لای دێزفوول   جەمیل

خۆیدا خەلە و خەرمانی لێ هەڵنەگرن.

دەرگای خۆشی و کامەرانی بە ڕووی گەلی کورددا لە سەر گازی پشتێ کرایەوە و لەو ڕۆژگارەدا، لەو مەڵبەندەسازگارەدا، کەست نەدەدی کە لە بەختی ڕەش و ناهەموار و لە ژانی پڕ لە ناسۆر و دژوار، گلە و گازندەیەك بکا. ئەو بەختەوەری و دادگەریەی هەزار ئەسپ -بە هەزار ئاوازە- لە دنیادا دەنگی دایەوە.

خەلیفەی بەغدایە بە ناوی ڕێز لێنان و باربووکردنەوە، بەڵگەی فەرمانداری بۆ نارد؛ واتا: من پێم خۆشە کە لە قەڵەمڕەوی خۆیدا سەربەخۆیە! هەروەها بە دیاری و خەڵاتی زۆر گرانبەها و ئافەریم و دڵدانەوەی پیاوانەش بە سەری کردەوە.

هەزار ئەسپ ساڵی ٦٥٥.ك (١٢٧٥.ز) گیانی پاکی بە خودای تاك سپارد و ئەو دڵە چاکەی ئاوێتەی خاك بوو.

ئەتابیك توکلە کوڕی هەزار ئەسپ

دایکی توکلە لە بنەماڵەی سولغوری بوو؛ کە ئەوانیش بە بنەماڵە پادشابوون. لە پاش مەرگی باوکی لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی لوڕستان ڕۆنیشت. لە کاتێکدا کە دەنگوباسی نەمانی هەزار ئەسپ گەیشتە فارس، ئەتابیك سەعدی سولغوری -کە لە دەمێکەوە نێوانی دەگەڵ هەزار ئەسپ و توکلەدا ناخۆش بوو- هەلی بە دەرفەت زانی و هەڵیکوتایە سەر لوڕستان و شکا. دوو جاریتریش بە لەشکرەوە هاتەوە سەر توکلە و جارلەجار خراپتر دەشکا و لەشکری کورد ڕاوی دەنا و هێزی توکلە سەردەکەوت.[1]

١- ئەمینزەکی دەڵێ: سەعد بە دوو هەزار کەسەوە -بە گفتی تاریخی عوومی بە دەهەزارەوە- هێرشی هێنا و سەرکردەی لەشکرەکەشی جەماڵەدینعومەری ئامۆزای هەزارئەسپ بوو. لەشکری توکلە پێنجسەد کەس بوون. لە نزیك قەڵای ئیرویە دەگژ یەك ڕاچوون. زۆری نەمابوو توکلە بشکێ تیرێکی لە نەکاو، جەماڵەدینی پێکا و لەشکرەکەی بڵاوەی کرد. سێ جاری تریش لەشکری سولغوری هاتنەوە سەری و هەرسێك جارەکانیش زۆر پیس شکان. توکلە هێندێك لە وڵاتی لوڕی پچووکی لە حسامەدینخەلیل گرت. لە دواییدا خەلیفەی بەغدا لێی ڕەنجابوو؛ لە خۆزستانەوە بە سەرکردایەتی بەهائەدینگەرشاسپ و عیمادەدین یونس، لەشکری ناردەسەر لوڕستان. هێندێك ناوچەیان گرت←

ساڵی ٦٥٥.ك (١٢٧٥.ز) کە هولاکۆخان بەرەو بەغدا دەچوو، توکلە چاوی پێکەوت و ئامادەیی بۆ خزمەتکاری نیشان دا. لە سەر فەرمانی هولاکۆ، توکلە رەگەڵ تومان[1] کیتمۆ قانۆییـــن خـرا. لـە پاش ئەوە کە هولاکۆ بەغدای گرت، رۆژێك بۆیان گێـڕایەوە کـە وا توکلـە بـە کوشـتنی خەلیفـەی[2] و قڕکردنی موسوڵمانان زۆر پەرێشان و خەمگیـنە. هولاکۆ زۆر رقی هەستا و دەیەویست توکلە بکوژێ. توکلە هەستی کرد کە بەڵا نزیکە؛ بە بیّ ئەوە خۆی نیشانی خان داو داوای گەڕانـەوەی لـیّ بکـا، لـە بەغدا دەرکەوت و بەرەو لوڕستان هاتەوە. هولاکۆخـان کیتمـۆ قانۆییـــن و چـەند سـەرکردەیەکی‌تـری تەتەری بە لەشکرەوە ناردەسەر لوڕستان کە توکلەی بۆ دەردەست بکەن. وا رێکەوت ئەو مغولانـە لـە رێگەدا تووشی ئەڵب ئەرغون برای توکلە بوون کە بەرەو سوپاگەی هولاکۆ دەهـات، گرتیـان و دەگـەڵ خۆیاندا هێنایانەوە بۆ لوڕستان. توکلە نەیتوانی زۆر خۆی لە بەر لەشکری مغـول بگـرێ، بـە ناچـاری پەنای بەقەڵای «مانـخست[3]؟» برد و لەوێدا خۆی قایم کرد. تـەتار دەوریـان لێگـرت و سـەرکردەکانی مغول جارێك بە هەڕەشە و گوڕەشە و جارێك بە دڵدانەوە و لاواندنەوە دەیهاتنێ کە خۆی بـە دەسـتەوە بدا بەهرەی نەدا. هەتا سەرئەنـجام هولاکۆ مێنەکەی دەستی خۆی بۆ نارد؛ کە نیشانەی لێبوردن بوو. ئەوسا توکلـە هاتـە دەر و خـۆی دایـە دەسـت تـەتاران و رەوانـەی تـەورێزییان کـرد. لـە پـاش لـیّ پرسیـنەوەیەکی کەم و بە سەر داسەپاندنێکی زۆر، فـەرمانی کوشـتنی درا و لـە تـەورێز کوشـتیان و

← و تالآنیان کرد. برایەکی توکلەشیان بە دیل گـرت و لـە قـەڵای لاهـوجدا خـستیانە بەندیـخانەوە. توکلـە خـۆی گەیاندنی و لەشکری خەلیفەی شپرزە کرد و عیمادەدین یونسی کوشت و بەهانەدین‌گرشاسپی گـرت و دەگـەڵ براکەیـدا پێکی گۆڕینەوە. جەمیل

١- لەشکرێکی دەهەزار کەسی تومان، بووە. تومان لە تورکیدا بۆ دەهەزاری دراویش دەکار هاتووە.

٢- «مستعصمبالله» کوڕی «مستنصربالله» دوامیـن خەلیفەی عەبباسی، ساڵی ٦٤٠.ك (١٢٤٢.ز) کرا بە خەلیفـە و ساڵی ٦٥٦.ك (١٢٥٨.ز) هولاکۆ کوشتوویە. هێندێك دەڵێن لە ٢٠ی مـحەڕڕەمدا کوژراوە و هێـندێکیش بـە جـۆری تری دەڵێن. جەمیل

٣- رۆژهەڵاتناسی رووس زێرنوف، نیشانەی پرسی لە سەر کردووە. وەدیارە بە ڕاستی نەزانیوە هێندێك لە مێژوونووسان بە جانبخشستیان نووسیوە. جەمیل

دەبیّ جانبخش (جانبەخش) بیّ و ئەگەر جانبخشست نووسراوە، «است» بە فارسی -کـە نیـشانەی خەبـەرە- کەوتۆتـە شوێنی و هەمزەکەش بەرانبەر بە دەستووری نووسینی کۆن، لە ناو دەچیّ. واتا ئاوا بووە «قلعەی جانبخش است»: قەڵای گیانبەخشە. هەژار

پیاوەکانی لاشەکەیان دزیەوە و هێنایانەوە لوڕستان و لە گوندی زەردە، بە خاکیان سپارد.

ئەتابیک شەمسەدین ئەلپ ئەرغون

لە پاش کوژرانی توکلە، هولاکۆ فەرمانی بۆ ئەلپئەرغونی برای دەرکرد کە ببێتە جێنشینی توکلە و بە سەر لوڕستان ڕابگا. پازدەساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد و لە ڕۆژگاری ئەودا لوڕستان کەوتە ئەو پەڕی گەشە و خۆشیەوە. ئەلپئەرغون -کە خودای گەورە بۆ خۆی بردەوە- دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: یوسفشاو عیمادەدین پەهلەوان.

ئەتابیک یوسفشاکوڕی ئەلپ ئەرغون

لە پاش مەرگی باوکی -بە فەرمانی «ئەبقاخان»ی کوڕی هولاکۆخان- کرا بە فەرمانڕەوای لوڕستان. بەڵام لە بەر ئەوە کە دەبوایە هەمیشە بە دووسەد سوارەوە دەگەڵ ئەبقاخاندا بوایە و هیچگا بەجێی نەهێشتایە، ناچار بوو کاروباری لوڕستانی بە هێندێك لە کاربەدەستانی باوەڕ پێکراوی بسپێرێ.

ئەتابیک یوسفشالە گەلێك شەڕ و هەرایاندا خزمەتی زۆر هێژای بە ئەبقاخان کرد[1] و بە ئازایەتی و گیانبازی خۆی، بۆ ئەبقاخانی دەرخست کە پیاوێکی دڵسۆز و بێ پێچ و پەنایە و توانی دڵی خانێ بەرەو خۆی ڕابکێشێ و خان دەیزانی یوسفشاهەرگیز کارێك ناکا کە دڵی پێ بێشێ.

ئەبقاخان پێ ڕاگەیشتنی وڵاتی خۆزستان و کوهکیلۆیە[2] و شاری فەیرووزان و جەربادقانیشی هەر بە یوسفشائەسپارد.

لە دوای مردنی ئەبقاخانیش ئەحمەدخانی کوڕی، زۆری ڕێز لە یوسفشادەنا و هەرگیز لە خۆی دوور نەدەخستەوە. پاش کوژرانی ئەحمەدخانیش ئەرغونخانی برازای وی -کە ببووە خان- یەکجار

١- کاتێ ئەبقاخان و بوراقخان شەڕیان بوو، بە لەشکری لوڕستانەوە کۆمەگی زۆر باشی ئەبقاخانی کرد. هەر وەها دەگەڵیدا چووە سەر گەیلان و وڵاتی دەیلەم. لە وەختێکا کە هێندێك لە دەیلەمان پەلاماری ئەبقاخانیاندا و دەوریان گرت، یوسفشا دەفریای هات و لە مەترسی ڕزگاری کرد. کە لەو سەفەرەش گەڕاوە، چووە کۆهکیلۆیە و هێرشی بردەسەر هۆزی کوردی شوول -کە لە ناوچەی مامەسینی بوون- میرەکەیانی کوشت و لە بەر یەکی بڵاو کردن. جەمیل

٢- مەڵبەندێکە لە نێوان شووش و فارسدا.

زۆری دەگەڵ باش بوو.

ئەرغونخان یوسفشای ناردەئیسفەهان کە بچی و خواجە شەمسەدین ساحێب دیوانی بۆ بانگ بکاتە ناو هۆردوو. یوسفشالە رێگە تووشی خواجە شەمسەدین هات؛ کە هەر بۆ خۆی بەرەو هۆردووی خان دەهات؛ دەگەڵی گەڕایەوە. ئەرغونخان هەر لەوێ خواجە شەمسەدینی کوشت. یەکێك لە زانایان لە شینی خواجە شەمسەدیندا گوتوویە:

لە وەتا تیشکت بێ سەر و شوێنە ئاسۆ لە شیندا شەلالی خوێنە
مانگ جگەرسووتاو، زوهرە ڕەنگ زەردە شەوگار ڕەشپۆشە و هەناسەسەردە

ئەتابیك یوسفشالە ئاخروئۆخری ژیانیدا ئیزنی لە ئەرغونخان خواست کە بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و لە ناو خزم و کەسانیدا ڕۆژگاری بەسەر بەرێ. خانیش زۆر بە ڕووی خۆشەوە ئیزنیدا و بەڕێی کردەوە. یوسفشاگەیشتەوە لوڕستان و لەوێوە دەچووە کوهکیلۆیە، لە ڕێگە خەونێکی زۆر پەرێشانی دیت و گەڕایەوە. زۆری پێ نەچوو لە ساڵی ٦٨٤.ك (١٢٨٥.ز) دابە یەکجارەکی سەری نایەوە. دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: ئەفراسیاب و ئەحمەد.

ئەتابیك ئەفراسیاب کوڕی یوسفشا

لە سەرفەرمانی ئەرغونخان ئەفراسیاب کرا بە جێنشینی یوسفشاو هاتەوە بۆ لوڕستانێ. ئەحمەد براشی لای ئەرغونخان هێشتەوە کە لە خزمەتیدا بێ.

ئەفراسیاب پیاوێکی دەست و دڵڕەش و ڕووکەش و زۆرکار و زۆردار و بێبەزە و خوێنرێژ و بێفەڕ بوو. وەك دووپشك وابوو؛ بگەیشتایە هەر چیەك، چزوێکی تێڕا دەکرد؛ زیانی بە هەمووان دەگەیاند. تەنانەت دۆست و کاربەدەستانی باوکیشی لە گەڕوگزی و گەزندەیی ئەو نەخەلسی بوون. پەلپی بەم دەگرت و بەهانەی بەو دەگرت و هەر ساتە گۆڵمەزێکی دەنایەوە؛ تاڵانی دەکردن و دەیکوشتن و لە سەر کاری دەر دەکردن و بە پیاوی خوێری و تۆری جێگەی پڕ دەکردنەوە. وای لێهات زۆربەی پیاوماقووڵان و کەیخودایانی لوڕ، لە بەر دەستی ڕایان کرد و پەنایان بە ئیسفەهان برد.

ئەفراسیاب پدەرقزڵ ناوی ئامۆزای خۆی نارد کە بچێ ئەو پەنابەر و هەڵاتووانە لە ئیسفەهاندا

بگرێ و دەستبەستە بۆ لوڕستانیان بەڕێ کاتەوە. لەو سەروبەندانەشدا دەنگ داکەوت کە ئەرغونخانی مغول مردووە. پەدەرقزڵ دەرفەتی لەو هەلە هێنا و دەگەڵ سلغورشادا ڕێك کەوت و خۆی لە مغولان یاغی کرد.

بایدو[1] -کە سەردار و سەر دارۆغەی ئیسفەهان بوو- بە دەستی ئەو قزڵە کوژرا و فەرمانیشی داکە خودبە لە سەر بەرزەکان بە ناوی ئەفراسیابی‌ئەتابیك بخوێنرێتەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەفراسیاب سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و گورجێك چەند کەسێکی لە پیاوانی تایبەتی خۆی دانا کە حکومەتی عیراقی[2] بۆ بەرێوە بەرن و بۆ خۆشی لێ برا کە پاتەختی مغولان بگرێ.

جەلالەدینی کوڕی توکلەی وەك پێشڕەو دەگەڵ لەشکرێکدا ناردەسەر دەربەندی گریهرود[3] -کە لەشکرێکی یەکجار زۆری مغولی تێدا بوو- لەشکری لوڕستان بە سەریان دادان و زۆریان شپرزە کردن و مغول هەڵاتن. لوڕەکان بەو سەرکەوتنە زۆر لە خۆ بایی ببوون و کەوتنە شوێن شکستەیان و خۆیان گەیاندەناو ماڵ و منداڵان و دەستیان کرد بە تاڵان و کاری ناشایستە کردن.

مغولەکان کە زانیان ناموس و ئابڕوویان کەوتۆتە دەست دوژمن، ئیتر خوێنیان کوڵی و بە دڵپڕی بایان دایەوە سەر لوڕان و کارێکیان پێ کردن بە داستان بگەرێتەوە. دەڵێن ئەو ڕۆژە ژنە مغولێك -هەر بە دەستی خۆی- دەلوڕی کوشتووە. کاتێ دەنگ و باسی ئەم کارەساتە گەیشتە ناو سوپاگەی هەرەگەورەی مغول و کەیخاتووخان ئاگادار کرا کە ئەفراسیابی لێ یاغی بووە، ئەمیرتوڵدای یەداجی بە دەهەزار شەڕکەری مغول و بە لەشکری لوڕی بچووکەوە ناردەسەر ئەفراسیاب.

شەڕێکی زۆر خوێناوی لە نێواندا ڕووی داو توڵدای، ئەفراسیابی بە دیل گرت و باڵی بەست و ناردی بۆ لای کەیخاتووخان. ئەروكخان و پادشاخاتوونی کرمانی تکایان بۆ کرد و کەیخاتووخان بەوانی بەخشی و ناردیشیەوە سەر لوڕستان.

١- بایدونۆغل کوڕی ئەبقاخان، کاتێ ئەرغونخان هاتە سەر حوکم، عیراقی عەجەمی پێ سپارد و لە سەر ئیسفەهان کردیە نایبی خۆی. جەمیل

٢- هێندێك لە خزمانی بۆ بە سەر ڕاگەیشتنی هەمەدان و فارس هەتا خەلیجی فارسی دیاری کردبوو. جەمیل

٣- گریهرود یان گەرمرود ڕەنگە کوهروود بێ کە زنجیرە کێوێکە لە کوردستانەوە بە ناو فارس و کرماندا دەکشێ تا دەگاتە چیای پشت بامی بەلووچستان؛ لە نێوان ئیسفەهان و کاشاندا ٣٠٠٠ میتر بەرزە. عەونی

ئەفراسیاب ئەحمەدی برای خۆی لە لای کەیخاتووخان بەجێ هێشت و هاتەوە لوڕستان و دەست بە جێ ئامۆزایەکی خۆی و گەلێك لە سەرداران و پیاوماقوولانی، بە بێ هیچ سووچ و تاوان کوشت.

کاتێ غازانخان هاتە سەر تەختی پادشایەتی، ئەفراسیاب چووە لای کەوتە خاك و پایەوە و غازانخان ڕووی دایە و هەر وەك پێشوو کردیەوە بە فەرمانڕەوای لوڕستان.

ساڵی ٦٩٥.ك (١٢٩٥.ز) کە غازانخان بەرەو بەغدا دەچوو، ئەتابیك ئەفراسیاب لە سنووری هەمەدان خۆی گەیاندی و دڵسۆزی خۆی نیشان دا. غازانخان زۆری ڕێز لێگرت و بە دڵی خۆشەوە بەرێی کردەوە.

لەو گەڕانەوەیەدا تووشی بوو بە تووشی حاکمی هورقوداق (سورقوداغ) کە لە فارسەوە دەچووە لای غازانخان. نیوەزۆر و نیوەخواهیشت هەرچۆنێك بوو دەگەڵ خۆیدا گێڕایەوە و پێکەوە چوونەوە لای خان. هەرچی ئەفراسیاب کردبووی و هەر کردەوەیەکی ناپەسند و گەندی هەبوو. ئەو ئەمیرە نووك و بەدی لە بەردەمی غازانخان دانا و ئەوەندی بوو چەند ئەوەندیشی خستە سەر و دڵی غازانخانی وا لێ پڕ کرد کە دەست بەجێ فەرمانی کوشتنی دەرکرد.[1]

ئەتابیك نەسرەتەدین ئەحمەد، کوڕی یوسفشا

لە پاش کوژرانی ئەتابیك ئەفراسیاب، غازانخان ئەحمەدی کوڕی یوسفشا، برای ئەفراسیابی کردەفەرمانڕەوای لوڕستان. نەسرەتەدین پیاوێکی دەستودڵ پاك و ئاکارچاك و گەلدۆست بوو. بە ماوەیەکی زۆرکەم توانی —بەهەتوانی بەزەیی- برینی دڵ و دەروونی گەلە چەوساوەکەی سارێژ بکاتەوە و بە —شنە و سروەی دڵسۆزی- تۆزی نەهاتی و هەژاری، لە پیل و پۆڕی داماوان و پێشێل کراوانی هاونیشتمانی ڕەواند و هیم و بناغەی گەڕ و بێفەڕی، لە بەر یەك هەڵتەکاند و کزەبای ئازادی، ئالای خۆشی و شادی لە هەموو لوڕستاندا شەکاندەوە. هەرگیز لە فەرمایشتی خودا و پێغەمبەر

١- ساڵی ٦٩٦.ك (١٢٩٦.ز) کوژراوە. ئەمینزەکی دەڵێ: غازانخان فەرمانی قەلاچووی کوردەکانی دەرکرد. پەنجا هەزار کوردیان کوشت و وردەو یەخسیریان بە تاڵان بردن. وای لێهاتبوو کوڕە کوردێکی دوازدەساڵەیان بە دوازدەدرەم فرۆشت و گوێلکێکیان بە پێنج درەم دەدا و نرخی شەکێك درەمێك بوو. ئەمەش لە تۆڵەی ئەوە بوو کە ئەو کوردانە -لە دژی خان- یاریدەی میرنەورۆزیان دا. جەمیل

دەرنەدەچوو؛ دابوویە سەر شارێی ڕاستی و دروستی و هەرگیز بە سەر نەدەچوو. ماوەی سـی و هەشـت ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد و ساڵی٧٣٣.ك (١٣٣٢.ز) بـە مردنـی خـۆی مـرد و گیـانی پـاکی بـەرەو بەهەشتی بەریـن کەوتە فڕیـن.[1]

ئەتابیك ڕوکنەدین یوسفشاکوڕی ئەحمەد

بوو بە جێنشیـنی باوکی. ئەویش شەش ساڵ[2] بەو پەڕی مەردی و ئەبـەردی و دڵسۆزییەوە کاروبـاری دنیاداری ڕاپەڕاند و لە دادگەری و هەژارپەروەریدا لە باوکیشی تێ پەڕاند. واتا لە ڕۆژگاری ئەودا وەك کورد دەڵێ، گورگ و مەڕ پێکـەوە ئـاوی خواردۆتـەوە. ڕۆژی شەشـەمی مـانگی جیمـادی یەکـەمی ساڵی٧٤٠.ك (١٣٣٩.ز) گیانی پاکی بۆ بەهەشـت بـانگ کـراوە و تـەرمی پیـرۆزی لـە مزگـەوت و مەدرەسەیەکدا -کە ڕوکنابادی ناوە- بە خاك سپێراوە.

موزەفەرەدین ئەفراسیابئەحمەد کوڕی یوسفشا[3]

١- قوتبەدین کوڕی عیمادەدین پەهلەوانی کردبووە هەمەکارەی خۆی و خوسرەوشـای کـوڕی مـەلیكحسامەدینی بـە سەرداری لەشکر دیاری کردبوو. زانای زۆر خۆش دەویستـن؛ زۆر کتێبیان بە ناوی ئـەو ڕازاندۆتـەوە؛ لەوانـە: *التاریخ المعجم فـی أحوال ملوك العجم* کە فەزڵوڵاقەزوێنی نووسیویە. چوارسەدوشێست مەدرەسـەی دینی دروسـت کـردووە؛ چلیان لە شاری ئیزەج و ئەوانی تریش لە جێی دیکە؛ سێ یەکی داهاتی ساڵانەی خۆی لەو مەدرەسانە بەخت دەکرد.
حافیزی شیـرازی شاعیـری بەناوبانگ، کوڕی کەماڵەدینە و کەماڵەدین لە لوڕستانەوە هاتۆتە شیـراز. حـافیز یـەکێك بووە لە شاعیـرانی بارەگای ئەم ئەتابیكنسرەتەدینە و لە چەند جێیەکدا پێی هەڵگوتووە. وەك ئەو غەزەڵەی کە تێیـدا دەڵێ: «گر نبودی شاهـحیی نصرتالدین از کرم» یان لە جێگەیەکی تردا دەڵێ: «فلك جبینـەکش شاه نـصرتالـدین است» واتا: ئاسـمان سوژدەبۆ شا نەسرەتەدین دەبا. جەمیل
٢- لە مردنی باوکیەوە تا مەرگی خۆی دەبێتە هەشت ساڵ. بەڵام ئیبنوبەتوتە لە سەفەرنامەکەیدا، ج ١، ل١٢٢ دەڵێ: ئەتابیك یوسفشا دەساڵ فەرمانڕەوا بووە؛ بەسرا و خۆزستان و فەیرووزان و چەند مەڵبەندێکی تریشی لە ژێـر دەسـتدا بووە و کە مردووە، لە ڕوکنابادی شیـراز نێژراوە. حافیزی شیـرازی زۆر بەو ڕوکنابادەهـەڵ دەڵـێ کـە هـەر دەسـکردی ڕوکنەدینیش بووە. جەمیل
٣- ئیبنوبەتوتە لە ئیزەج چاوی بەو ئەتابیکە کەوتووە و دەڵێ: کوڕی ئەتابیك نەسرەتەدینئەحـمەد و بـرای ئـەتابیك ڕوکنەدین یوسفشایە. جەمیل

لە پاش مردنی باوکی تاجی فەرمانڕەوایی لوڕستانی بە لاتیلاگی سەریەوە نا. لە ڕۆژگاری ئەودا مانگیلەی ئالأی ئەمیرتەیمووری کورەکانی بە تیشکی جیهانگیری سەر زەوینی، تەنیەوە و لوڕستانیش وەکوو هەموو خاك و ئاوی ئێران زەمین، هاتە ژێر قەڵەمڕەوی ئەم. ڕۆژی دووشەممە بیست و سێهەمی مانگی جیمادی دووەمی سالی ٧٩٥.ك (١٣٩٣.ز) تەیموورلەنگ فەرمانی فەرمانڕەوایی لوڕستانی بۆ موزەفەرەدین مۆر کردووە. لە پاش ئەو فەرمانە موزەفەر، زۆری بەر لە ژیان نەخواردووە و گیانی پاکی بە خودای نەمر ئەسپاردووە.

ئەتابیكپەشەنگ کوڕی یوسفشا[1]

لە پاش نەمانی مامی، فەرمانڕەوایی لوڕستان بۆ ئەو مایەوە. ئەویش زۆر لە سەر تەختی دەسەڵاتداری نەمایەوە و لە ناو نوێنی مەرگدا سەری نایەوە.

ئەتابیكئەحمەد کوڕی پەشەنگ

لە جێگەی باوکی ناوی فەرمانڕەوای لێ نرا؛ بەڵام لە ڕۆژگاری ئەودا لوڕستان بریەتی بوو لە زۆر چۆلگە و چەند کاولگە و وێرانەیەك، ڕێوی تێدا دەزا و مامزی لێ دەحەسایەوە. لە لانی چەقەڵ و لانەی کوندەبوو بەو لاوە ئاوەدانی تێدا نەما.[2]

١- *تاریخی عمومی* دەڵێ: پیاوێکی باش بووە. ئەمینزەکی دەڵێ: لە ڕۆژگاری ئەودا لوڕستان وێران ببوو؛ چونکە هەمیشە دەگەڵ بەرەی موزەفەردا شەڕیان بوو؛ شامەنسووریموزەفەری لە پەستا لە شووشتەرەوە پەلاماری لوڕستانی دەدا. پەشەنگ بە یارمەتی شاشوجاع -کە برای شامەنسوور بوو- توانی شامەنسوورر لە کۆڵ خۆی کاتەوە. هێندێك سکەی شاشوجاع لە ئیزەج دۆزراوەتەوە. مێژوویان لە نێوان ٧٦٢ و ٧٦٤ی کۆچی دایە. جەمیل

٢- هۆیەکەشی ئەمە بوو: ئەحمەد یان پیرئەحمەد و مەلیكهۆشەنگی خزمی بە شەڕ هاتن و هۆشەنگ کوژرا. شامەنسوور لە تۆڵەدا ئەحمەدی لە لوڕستان دەرپەڕاند و لوڕێکی سەرناسی لە جێگە دانا. سالی ٧٩٥.ك ئەحمەد چووە لای تەیموورلەنگ؛ ئەویش لوڕستانی دایەوە. دوو هەزار ماڵێکی لوڕیش کە دەگەڵی ئاوارە ببوون هاتنەوە سەر جێ‌ڕێی خۆیان. تەیموورلەنگ ئەفراسیابی برای ئەحمەد و شامەنسووری -وەك بارمتە- بردە سەمەرقەند. لە دواییدا لوڕستانی لە نێوان ئەحمەد و ئەفراسیاب دابەش کرد. لە پاش مردنی ئەمیرتەیموور، پیرمحەمەد، پیرئەحمەدی گرت و لە قەڵای کوهاندزدا بەندی کرد. سالی ٨١١.ك دووبارە لوڕستانی دەست کەوتەوە؛←

ئەتابیک ئەبوو سەعید کوڕی ئەحمەد[1]

لە پاش بابی چەند ساڵێك لە لوڕستاندا مەزنایەتی کرد و ساڵی ٨٢٧.ك (١٤٢٣.ز) مرد.

ئەتابیک شاحوسێن

کوڕی ئەبووسەعید کوڕی ئەحمەد کوڕی پەشەنگ کوڕی یوسفشا، بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بە سەر ئەو مەڵبەندەڕاگەیشت و هەر لە ساڵی ٨٢٧.ك (١٤٢٣.ز)دا بە دەستی غیاسەدین کوڕی هۆشەنگ کوڕی پەشەنگ کوژرا.

میرزا سوڵتانئیبراهیم کوڕی میرزا شارۆخ، لەشکری ناردەسەر غیاسەدین و لە وڵاتی دەرپەڕاند. ئیتر لەوساوە لەو بنەماڵە کەسیان فەرمانڕەوایەتی لوڕستانیان نەکردووە.

گێلی لات وابێ ژیان تا ماوی هەر بۆ لایەکە   کۆنە فرتۆڵی جیهان هەر تاوە بۆ زاوایەکە

←بەڵام ناژاوەیەکی ناوخۆیی لە ناوی برد. جەمیل

دز واتا قەڵا، کوهان دز: قەڵای کێوان؛ یان قەڵایەك کە لە دووگە وشتر دەکا. هەژار

١- بەر لەوە دوو ساڵان بە بارمتە لە شیراز گل درا بۆوە. جەمیل

بەندی چوارەم

فەرمانڕەوایانی لوڕی پچووک[1]

وەك لەمەوبەر گوتمان ئەم ناوی لوڕە بۆیە بە سەر ئەو کوردانەدا بڕاوە کە وەختی خۆی لە «کول»ی مانڕود ژیاون و لە دوایی لە بەر زا و زوی زۆر و وەچە خستنەوە، جێگەیان بەرتەنگ بووە و دەستە دەستە و تیرە تیرەیان لێ جیا بۆتەوە و هەر لایە ڕووی کردۆتە لایەکەوە. هەر کۆمەڵێکیان لە هەر جێگەیەك دەگیرسانەوە، ناوەکەیان دەکرد بە ناوونیشان و بەوێوە دەناسران. وەك هۆزی جەنگرووبی و ئۆتری.

ئەو تیرە لوڕانەی کە بە بنیچە ئەچنە سەر کۆنە دانیشتووانی کول، لوڕی تەواو ڕەسەن و بێگەرد نین؛ وەك هۆزەکانی: ١-کرۆسکی ٢- لێنکی ٣- ڕۆژبەیانی ٤- ساکی ٥- شادلویی ٦- دادوعەیانی ٧- محەمەد کەماری؛ کە بە لوڕی ڕەسەن داناندرێن و زڕەلوڕن.

هۆزی جەنگرویی -کە فەرمانڕەواکانی لوڕی پچووك لەوانن- لە لوڕە ڕەسەنەکانن و دەچنەوە سەر تیرەی شەلبۆری. هەروەها تیرە لوڕەکانی: ١- کارانە ٢- زەڕنگەری ٣- فەزلی ٤- ستوەند ٥- ئالانی ٦- کاهکاهی ٧- ڕەخوارکی ٨- دری ٩- برارەند ١٠- مانگرەدار ١١- ئەنارکی ١٢- بولعەبباسی ١٣- عەلیماماسی ١٤- کێجایی ١٥- سلکی ١٦- خودەکی ١٧- نەدرۆیی و گەلێك هۆز و تیرەی تریش لەو لوڕە ڕەسەنانەن. بەڵام هۆزەکانی: ١- سامی ٢- ئەسپان ٣- سەهی و ٤- ئەرکی[2]، ئەگەرچی بە شێوەی لوڕیش داخێون، لوڕ نین و تەنیا هەر ئەوەندەیە کە بۆرەپیاگ و

١- ئەسکەندەرمونشی خاوەنی تاریخی *عالم‌آرای‌عباسی* دەڵێ: لوڕستانی پچووك دەکەوێتە باشووری عیراقی عەجەم و لە پانایییدا هەمەدان و عەلیشوکر و خۆزستان دەگرێتەوە و لە درێژاییدا لە شاری برووجردەوە تا نزیك بەغدایە دەچێ. مەودای سەد فرسەخێك دەبێ و شارەکانی خوڕەماباد و ئەڵشە و سەدمەرە و خاوا و هەزفین، لە سەر لوڕستانی پچووکن. جەمیل

٢- ئەرکی یان هەرکی، ئێستا بە شێوەی کرمانجی داخێون؛ لە لیوای هەولێر و لە لای شنۆ و مەرگەوەڕێ زۆرن. هەژار

ڕەمەکی بوون و لە گوندەکانیاندا بە مسکێنی دامەزراون.

هەتا ساڵی ٥٥٠.ك (١١٥٥.ز) لوڕەکان سەرداری سەربەخۆیان لە خۆیان نەبووە و هەر ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی خەلیفەی بەغدادا بوون.

لە دواییدا لوڕستان خرایە سەر عیراقەوە و حسامەدین‌شوهلی -کە لە تورکەکانی ئەفشار و سەر بە سەلجووقیەکان بوو- کرا بە فەرمانڕەوای لوڕستان و هێندێك لە خۆزستان. دوو کەس بە ناوی محەمەد و کەرامی، کوڕانی خورشید[1] -کە لە هۆزی جەنگرووبی بوون- چوونە لای حسامەدین‌شوهلی و گەلێکیان ڕێز و پایە پەیدا کرد و بوونە پیاوماقووڵ و سەرناس. لە نەتەوەی ئەو دوو برایە، پیاوی زۆر ئازا و کارامە و ژێهاتی هەلکەوتن و یەك لەوانە شوجاعەدین خورشید بووە؛ کە لە دوایی باسی دەکەین.

هەر لەو سەردەمەشدا سورخاب کوڕی عەیار -کە لەوە پێش شتێکمان دەربارە نووسی- یەك بوو لە دەست و پێوەندەکانی حسامەدین‌شوهلی. ڕۆژێك لە جەنگەی ڕاووشکار، شوجاعەدین خورشید و سورخاب کوڕی عەیار، لە سەر کەروێشکێك لێیان دەبێتە هەرا و کار بە جێیەك دەگا کە هەردووکلا بە شیری ڕووتەوە بۆ یەکتر دەچن. حسامەدین شوهلی ناوبژیان دەکا و شەڕەکە دادەکوژێنێ؛ بەڵام هەردووك لە دڵدا ڕك لە یەکتر هەڵدەگرن و لێك دەخەفتێن.

لە پاش ماوەیەك حسامەدین‌شوهلی گزیرایەتی هێندێك لە لوڕستانی بە شوجاعەدین سپارد. سورخابیشی هەر لەو مەڵبەندەدا کردەگزیری چەند شوێنێك.

چونکە کاربەدەستانی عیراق زۆریان زۆری بۆ دانیشتوانی لوڕستان دەهێنا و بە نامەردی و دلڕەقی ڕەفتاریان دەگەڵ دەکردن و هەموو لە دەستیان بە زاڵە و شاه و ناڵە بوون، هانایان بە شوجاعەدین برد و تکایان لێ کرد کە بۆ خۆی سەرپەرستیان بێ و لە بەرامبەر دەستدرێژاندا پەنا و

---

[1] - حوسێن‌حوزنی دەڵێ: ئەو خورشیدەلە هۆزی حوسنی (حەسەنوەند حەسنەوییە)ی کوردەو حکوومەتی لوڕی بچووك، کە پێیان گوتووە حکوومەتی خورشیدی بە ناوی ئەوە. *دائرةالمعارف* دەڵێ: بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی لوڕی پچووك، خورشید ناوێك دەبووە وەزیری حاکمانی لوڕستان. دوور نیە ئەو ناوە لەو سەرچاوە هەڵقولابێ. تاریخی عالەم‌ئارا پێیان دەڵێ: عەبباسی. گۆیا خۆیان بە وەچەی هەباسی کوڕی ئیمام عەلی زانیوە. بەڵام ئەمە ڕاست نیە" هەر چونکە دۆستی بەغدا بوون، بۆیە ناوی هەباسیان بە خۆیانەوە نووساندووە. جەمیل

پشتیان بێ.

لەو سەروبەندەشدا حسامەدینشوهلی مرد و شوجاع بوو بە هەمەکارە و ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبوو؛ تا وای لێهات لە هەموو لوڕستاندا کەس لە فەرمانی دەرنەدەچوو. وردەوردەپێی بە سورخابی غەنیمی خۆی هەڵکێشاوە و دەستی کورت کردووە و تەنگەتاوی کرد و هێچکی لێ هێنایەوە یەك؛ هەتا کردی بە گزیری خۆی لە مانڕود. ئیتر هەموو وڵاتی لوڕی بچووك کەوتە دەست شوجاعەدین خورشیدەوە.

شوجاعەدین کوڕی خورشید

کوڕی ئەبووبەکر کوڕی محەممەد کوڕی خورشید

لە دوای ئەوە کە خودای گەورە ئەو ئاوڕە بەخێرەی لە وڵاتی لوڕستان دایەوە و مەردێکی وەك شوجاعەدینی بۆ ڕەخساندن و فەرمانڕەوایی لوڕستانی بچووکی دامەزراند و سەر و سامانی بە کاروباری دا، ئەوسا دووکوڕی خۆی: بەدر و حەیدەری کردەسەرکردەی لەشکر و ناردنیە سەر سمها بۆ شەڕی هۆزی جەنگرووییی. ئەوانە گەینە بەرەوە و قەڵای ڕەشیان ئابلۆقەدا. لە شەڕی دەوری قەڵادا حەیدەر کوژرا. کوژرانی حەیدەر زۆری کار کردەسەر شوجاعەدین و سوێندی خوارد کە نابێ کەس لەو هۆزە بە زیندوویی بمێنی و دەبێ هەمووان لە خوێنی کوڕی خۆدا بکوژێ. ئەم ئاگری تۆڵەیە سووتمانێکی نایەوە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەجارێك لە گیان و ژیان بێزار بوون و هەرکەسە شڕە و شاتاڵی پێچایەوە و هەر ئەو ڕۆیشتنە کە پێی ڕۆیشتن، ئیتر ئاوڕیان وەو مەڵبەندەنەدایەوە.

ناوچەی مانڕود بە چۆڵ و هۆڵی کەوتە دەست شوجاعەدینخورشیدەوە لە پاش ماوەیەك لە لایەن خەلیفەوە شوجاعەدین و نوورەدینمحەممەدی برای داواکران و برانە بەغدایە و داوایان لێکردن کە دەبێ قەڵای مانگرە بەجێ بێڵن. ئەمانیش مانیان گرت و نەیاندا و هەردووکیان خستنە زیندانەوە. نوورەدینمحەممەد لە زینداندا مرد و بەر لە مردنی وەسیەتی بۆ براکەی کرد کە نەکەی هەرگیز دەست لەو بەردەی بەردەی. شوجاعەدین ڕاسپێری برای بەلاوە زۆر پەسند بوو. ماوەیەکی زۆر لە زینداندا ماوە و وەرامی بە داخوازی خەلیفە نەداوە؛ بەڵام لە ئەنجامدا کە لێی ڕوون بوو تا قەڵا نەدا، هەزار تەقەلا بدا بەری نادەن و ئەویش بە مەرەدی براکەی دەچێ، بە ناچاری ملی داو لە

بەرانبەردا قەڵایەکیتری لە خەلیفە خواست و ئەویش ناوچەی تەڕازەکی لە باتی قەڵای مانگرەی پێ بەخشی؛ کە هەر سەر بە خۆزستانە.

شوجاعەدین کە ڕزگار کرا، هاتەوە لوڕستان و سی ساڵیتر فەرمانڕەوایی کرد. لە ئاخروئۆخری ژیانیدا لە بەر پیری خەرەفا بوو؛ چاکە و خراپەی لێك جوێ نەدەکردەوە. بەدری کوڕی و سەیفەدین ڕوستەمی برازای -کە کوڕی نوورەدینێ بوو- هەمیشە لە بەر دەستیدا بوون و کار و باریان بۆ بەڕێوە دەبرد. لەو سەروبەندانەدا مەلیکی بەیات -کە تورکێك بوو- لەشکری هێنایە سەر لوڕستان و دەستی بە تاڵان و بڕۆ و شڕە خۆری کرد. لەشکری لوڕستان بە سەرکردایەتی بەدر و سەیفەدین ڕوستەم، بەرەنگاری ئەو دوژمنە هێرشهێنە بوون و لە پاش شەڕ و کوشتاری زۆر، لەشکری بەیاتی تورك شکا و زۆر بە شپرزەیی ڕاونرا و مەڵبەندی بەیاتانیش خرایە سەر لوڕستانێ.

شوجاعەدین لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنە گەورەدا، بەدری کوڕی و سەیفەدینی برازای -بە جووتە- کردەجێنشینی خۆی و بۆی دانان کە لە پاش مەرگی ئەو، هەردووکیان پێکەوە بە سەر وڵاتەکە ڕابگەن.

سەیفەدین دەیەویست بەدر بفەوتێنی و جێگەی مامی هەر تەنیا بۆ خۆی بمێنێ. چووە بن کلێشەی شوجاعەدینەوە و دڵی کرمێ کرد و وای بردەمێشکیەوە کە بەدر و ژنەکەت دەیانەوێ دەرماننداوت کەن و لە ناوت بەرن. شوجاعەدین -وەك گوتمان- خەرفابوو، هۆش و گۆشێکی ئەوتۆی نەمابوو کە ڕاستی و درۆی ئەو دووزمانیە دەبناوان بکا؛ گورجێ باوەڕی کرد و فەرمانی دایە کە بەدری بۆ بکوژێ. بەڵام سەیفەدین ڕوستەم بۆ ئەوە لە دوا ڕۆژدا پاکانەی خۆی پێ بکرێ، ئەنگوستیلەی بە نیشانە لە مامی وەرگرت و بەدری ئامۆزای خۆی کوشت.

بەدر چوار کوڕی لە پاش بەجێمان: حسامەدینخەلیل، بەدرەدینمەسعوود، شەرەفەدین تەهمتەن و ئەمیرعەلی.

ماوەیەك بوو بەدر کوژرابوو؛ ڕوژێك شوجاعەدین پرسیاری کرد: گەلۆ! بەدری کوڕم بۆ نابینم؟ هێندێك لە هاونشینان و هەمدەمانی، چیرۆکی کوژرانی بەدریان بۆ گێڕاوە. بەو خەبەرە پرکەسەر و دڵتەزێنە زۆر تێکچوو. ئیتر پەژارەی مەرگی بەدری جوانەمەرگی، بڕستی لێ بڕی و ساڵی ٦٢١.ك (١٢٢٤ز) بە داخی بەدرەوە سەری نایەوە و ڕووپەڕی ژیانی هەڵدرایەوە.

دەڵێن پتر لە سەد ساڵ ژیاوە. لە بەر دادگەری و ئاکارچاکی، لوڕان بە پیاوچاکی دەزانن و ئێستەش گۆڕەکەی ڕووگەی نیازانە و بۆ ودم دچنە سەری.

سەیفەدینڕوستەم

کوڕی نوورەدین کوڕی ئەبووبەکر کوڕی محەمەد کوڕی خورشید

لە پاش مردنی شوجاعەدین، بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی هەموو لوڕستانی بچووك. حسامەدینخەلیل -کوڕە گەورەی بەدر- سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی کردەبەغدایە و لەوێ مایەوە.

سەیفەدین زۆر بە دڵنەرمی و دڵسۆزی دەگەڵ ژێردەستانی خۆیدا دەبزووتەوە. لە ڕۆژگاری ئەودا کەس نەیدەتوانی هێندەی پەڕەکایەك ناڕەوایی بکا. کامەرانی و خۆشی و هەرزانی بە یەکسانی هەموو خاکی لوڕستانی تەنیبۆوە. دەگێڕنەوە کە هەر لەو ڕۆژگارەدا ژنێك لە گوندی ئاشجان لە جیاتی ئاوردوو، جۆی کردۆتە ناو تەندوور و نان و شیوی پێ پێژاوە. سەیفەدین کە ئەمە دەبیستێتەوە بانگی ژنە دەکا و سەرکۆنەی دەکا کە چۆن بژیوی بە ئاگرەوە ناوە و ئەو کارە ناڕەوایەی لێ ڕوودواوە؟ ژنەکە لە وەرامدا دەڵێ بۆیەم وا کردووە لە دوارۆژدا بە چیرۆك بیگێڕنەوە کە لە دەورانی سەیفەدیندا ئەوەندەهەرزانی بووە، دەغڵ و دان بۆ سووتەمەنی خراوەتە تەندوورەوە. سەیفەدین لەو پەرسڤە هێژایە زۆر دڵی پشکوتووە و ژنەکەی خەڵات کردووە.

هەروەها دەڵێن لەو سەروبەندەدا کە سەیفەدین هاتۆتە سەر کار، شێست کەس لە پیاوە هەرە ئازاکانی لوڕ دزی و ڕێگریان کردووە و ڕێگەی هاتووچۆ لە بازرگان و کاروان بڕاوە و کاربەدەستانی عیراق هەرچەندی کردوویانە و کۆشیویانە، دەرۆستیان نەهاتوون و بۆیان بەربەست نەکراون. سەیفەدین دەگۆیان ڕاچووە و بڕستی بڕیون و دەردەستی کردوون و باڵبەستە هێناونی و خستوونیە زیندانەوە. کەسوکاری بەدکارەکان کەوتوونە خاك و پایەوە و بۆ هەر سەرێك لەو دزانە، شێست ئێستری شەشدانگیان داوە کە ئێستر وەرگرێ و دەس لە دز هەڵگرێ. سەیفەدین گوتوویە ئەگەر ئەم کارە نالەبارە بکەم، مێژوونووسان لە پاشەملە بۆم دەنووسن کە سەیفەدین بازرگانی دزفرۆش بووا هەرگیز ئەو نەنگە ناخەمە سەر خۆم. هەر شێستی هەر لەجی و دەس بەجێ کوشتوون.

ئەو هەموو ڕاستی و دروستیە، دەگەڵ ئاکاری خێچ و خواری لوڕاندا ڕێك نەدەهاتەوە؛ ڕێگە لە

دز و ڕێگر گرتنیان زۆر بە دڵ نەبوو! چوون و لە بنەوە دەگەڵ شەرەفەدینی برای، کاکەوبراڵـەی خۆیـان کرد کە سەیفەدین بکوژن و ئەو جێگەی بگرێتەوە. سەیفەدین ڕۆژێك لە گەرماوێدا خۆی دەشوت کە بەو کەیـن و بەینەی زانی. سەری دەبەر دەستی سەرتاشدا بوو، بە نیوە چڵی هێشتەوە و دەگـەڵ پیـاوێکی خۆیدا ڕای کرد. دوژمنان سەریان دەدوو نا و هەڵیانبـڕی تا گەیشتە چیای کـلاو. پیاوەکـەی دەگـەڵی دابوو ئەویش دۆستی نەیاران بوو. لە پشتەوەڕا تیخێکی بۆ داهێنا و لاقێکی لە کار خست. سەیفەدین هێزی ڕاکردنی نەما و بە زامداری و لە بەر زۆری دەرد و ئازار بۆ سەربەردێك خشکەی کـرد و کەلـەلا لە سەرلا لێی کەوت. شەرەفەدین ئەبووبەکری برای بە پەیکانە تیـرێك پێکای و عـەلی کـوڕی بـەدری ناردەسەری کە لەبری خوێنبەهای باوکی سەری ببـڕێ و کەلەبەری خوێنەخوێیی پڕ بێتەوە.

شەرەفەدین ئەبووبەکر کوڕی نوورەدین محەمەد

لە دوای ئەوەی لە چیای کلاو، برای خۆی کوشت و بە دڵنیایی هاتەوە ناو ئاوایی، خێزانی بـەدر -کـە دایکی حسامەدینخەلیلێ بوو- دەگەڵ پێشوازیکەراندا ئەویش چووبوو بە پیـریەوە و پیاڵەی تـژی لـە خۆشاوی لە پێشی ڕاگرت و گوتی لە مزگێنی ئەو کارەدا کە تۆڵەی شوومت ساندەوە، ئەو خۆشاوە لـە دەستی من وەرگرە بینۆشە و نۆشی گیانت بێ. شەرەفەدین فڕی کرد و هەر لاشی وابوو خۆشـاوە و بـە خۆشەویستی پێدراوە. ئیتـر هیچ بەمەی نەزانی ژەهراوی بە دەمدا کراوە. نەخۆش کـەوت و لـە سـەر جێگا کەوت و زۆری دەرد و ئازار کێشاو زۆری کێشاهەتا کەمێك هەستایەوە. تازە تۆزێك بـە لارەلار، کەمێك دارەدارەی دەکرد، بە نیازی ڕاو و گەشتەوە ڕووی کردەچیا و دەشتەوە. برایەکی شـەرەفەدین - کە ناوی عێزەدینگرشاسپ بوو- لەو دەرچوونەی شەرەفەدین هەلی باشی بۆ هەلکـەوت و هەڵیکوتایـە سەر عەلی کوڕی بەدر و گوتی ئەگەر برام برای خۆی کوشت، تۆ چکارە بووی خـۆت تێـوە داو ئـاگری دوژمنایەتیت خۆش کرد؟ هەر لە جێدا ئەویش عەلی -لە تۆڵەی برای خۆیدا- کوشت.

حسامەدینخەلیل لە بەغدایە ئەم ڕووداوانـەی بیسـتەوە و بـە هەڵـەداوان کەوتـە ڕێ و بـەرە و لوڕستان هاتەوە. شەرەفەدین دەست و پێوەندی خۆی تێگەیاندن: ئەگەر حسامەدینخەلیل گەیشتەوە و هاتە پرسەی نەخۆشینم، هەرگا من جاجـمم بە سەر خۆم هەڵکێـشا، ئێـوە سـواری سـەری بـن و زوو بیکوژن.

حسامەدین هاتەوە و هاتە دیدەنی نەخۆش و ئەویش وەك داینابوو مەوجەکەی بە سەر خۆی دادا. بەڵام نۆکەران دەستیان نەوەشاند و خۆیان تێنەگەیاند. کاتێ حسامەدین دەرچووە دەرەوە، شەرەفەدین خۆی لە پیاوەکانی تووڕە کرد کە بۆچی بە گوێتان نەکردم و لە کۆڵ دنیاتان نەکردەوە؟! گوتیان میرم خۆشت لە ئێمە باشتر دەزانی کە تازە لەو نەخۆشیە ڕاست نابیەوە. ئەگەر تۆ نەمای جگە لە حسامەدینخەلیل کێمان هەیە دڕووێکمان لە لەش دەربێنی و کاروباری لوڕستانێ هەڵسووڕێنێ؟ حسامەدین جێگەی هومێد و هانای دوا ڕۆژمانە چۆنی بوگژین؟

شەرەفەدین تێگەیشت کە لوڕەکان حسامەدینیان بۆ جێنشینی ئەو داناوە. بە دڵ لێ بڕا کە بە هەر ناوایەك بێ حسامەدینخەلیل لە ناو بەرێ. حسامەدین هەستی کرد کە پەی سەری دەگەڕێن و لێی دەخەفتن بیکوژن، دیسانەوە ڕای کرد و ڕووی کردەوە بەغدایە.

شەرەفەدین لەو نەخۆشیە هەڵنەستاوە و ترووسکەی ژیانی کوژاوە.

عیزەدینگرشاسپ کوڕی نوورەدینمحەمەد

لە جێگەی برای کرا بە فەرمانڕەوا و لە پاش ماوەیەك براژنە بێوەژنەکەی خۆی -کە خوشکی «سلیمانشاأبوه» بووە- مارە کردەوە. حسامەدینخەلیل کە ئەم دەنگ و باسانەی لە بەغدا پێگەیشت، بڕیاری داکە هەر چۆن بێ لوڕستان بخاتە دەست خۆی. لە خۆزستانەوە هات و لەشکرێکی زۆر بەهێزی کۆ کردەوە و هاتە جەستەی عیزەدینێ. عیزەدین شەڕ و خوێنڕێژی بە دڵ نەبوو؛ ویستی بە بێ هەرا و قڕە لوڕستان بۆ حسامەدینخەلیلێ بەجێ بهێڵێ؛ بەڵام خوشکەکانی کەوتنە تەوس تێگرتن و پلار پێدادانی و زۆر بە ترسەنۆکیان دانا و بە تیز و تەشەرەوە گوتیان تۆ پیاوی شەڕ مەکە! ئێمە ژنین کاری پیاوان دەکەین و بە گژیدا دەچین.

سەرکۆنەی ژنان بوو بە هەسان و عیزەدینی تیژ کرد و چاری ناچار لەشکری ساز کرد و بەرەوپیری دوژمنی تاژۆت و لە نزیك گوندێك لەو ناوەدا بەرەنگاری یەکتر بوون. زۆربەی لەشکری لوڕستان دڵیان دەگەڵ حسامەدین بوو. بە دڵ شەڕیان نەدەکرد و عیزەدین شکا و ڕای کرد و نیازی

وابوو خۆ بگەیەنێتە قەڵای کەربەت[1]، کە مەلەکە خاتوونی ژنی تێدا بوو. حسامەدینخەلیل پیاوی لە سەر ڕێگە دانا ئەگەر هات بیگرن. عێزەدین بۆی نەکرا بگاتە قەڵا و حسامەدین لە پشتەوەڕا بۆی هات و عێزەدینی بە دیل گرت و گفتی پێدا کە نەیکوژێ. ئەمجار هات قەڵای کەربەتی ئابڵۆقەدا و قەڵاکە سێ ڕۆژان خۆی گرت و لەمە بەولاوە لە سەر قسەی عێزەدینێ مەلەکە خاتوونی ژنی دەرگای دژی بۆ کردنەوە و قەڵا درا بە دەستەوە و ئاگری شەڕێ دامرکا و لوڕستان بە خڕوپڕی کەوتە دەست حسامەدین خەلیل.

حسامەدینخەلیل

کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەدین خورشید

لە دوای ئەوە کە حسامەدینخەلیل لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی لوڕستان جێگیر بوو، عێزەدین گرشاسپی بۆ جێنشینی خۆی دیاری کرد. ساڵێك پێچووبوو، ڕۆژێك ناردی بە شوێن عێزەدیندا کە بچێتە دیوانی. مەلەکەخاتوونی ژنی عێزەدین کەوتە دڵخورتیەوە و لای وابوو داوێکیان بۆ مێردەکەی ناوەتەوە، زۆری بە دەورەدا هەڵخوێند کە لەو چوونە خۆ ببوێرێ؛ بەڵام ئەو بە ئامۆژگاری ژنەکەی نەکرد و زۆر بێباکانە ڕووی کردەدیوەخان. حسامەدینخەلیلیش زۆر نامەردانە لە ماڵە خۆیدا جێنشینی خۆی کوشت. مەلەکەخاتوون کە زانی مێردەکەی کوژراوە، هەرسێك کوڕەکانی -کە ناویان شوجاعەدینخورشید و سەیفەدینڕوستەم و نوورەدینمحەمەد بوو- بە دزیەوە ناردەماڵی سولەیمان پاشای خاڵیان.

لە سۆنگەی ئەو کارەساتەوە دوژمنیەکی ئەوەند سەخت کەوتە نێوان حسامەدینخەلیل و سولەیمانشاوە کە هەر تەنیا لە ماوەی ئاقە مانگێکدا سی و یەك جاریان لەشکر بە گژ یەکدا کرد و لە ئەنجامدا سولەیمانشاشکا و قەڵای بەهار[2] و هێندێك مەڵبەندی دیکەی کوردستان وەدست لوڕەکان کەوت. سولەیمانشادیسان لەشکری کۆ کردەوە و هاتەوە سەر حسامەدین و لە شوێنێدا بە

---

[1] - کریە، کریغ، کریق: جێگەیەکە هەشت فرسەخ لە ئەهوازەوە بە لای بەسراوە هەڵکەوتووە. عەونی

[2] - بەهار شار و شوورەیەکی زۆر قایم بوو لە کوردستانی ئێراندا و لە ڕۆژگاری سولەیمانشادا پاتەختی مەڵبەندەکە بوو. عەونی

ناوی دهلیز بەرەنگاری یەکتر بوون و ئەمجار حسامەدین شکا. سولەیمانشاهەر لەوێوە بەرەودوا گەڕایەوە؛ بەڵام حسامەدین دیسان خۆی لێ گیف کردەوە و بۆ تۆڵە کەوتە شوێنیان و دیسان پێك هەڵپڕژانەوە و ئەمجارە حسامەدین، سولەیمانشای زۆر شپرێو کرد و گەلێك لە سەرکردەو کەس و کاری سولەیمانشای کوشت و عومەربەگی براشی یەك لەوانە بوو کە سەریان لەو جەنگەدا چوو.

سولەیمانشابە هەڵەداوان خۆی گەیاندەوە بەغدایە و هانای بە خەلیفە برد و داد و بێدادی لە دەست حسامەدین لە بەر دەم دانا و داوای کۆمەگ و هیمدادی کرد و لەوێوە بە شێستهەزار کەسی چەکدارەوە هاتەوە شەڕی حسامەدین. حسامەدینخەلیل بە سێهەزار سوار و نۆهەزار پیادەوە لە دەشتی شاپور[1] پێشی لێ گرتن و شەڕ دامەزرا. لە سەرەتادا لەشکری سولەیمانشاخۆیان بۆ نەگیرا و ملیان لە هەڵاتن نا؛ بەڵام سولەیمانشابۆ خۆی لە مەیداندا چەقی و کەوتە دنە و هاندان و ناوتێدانی لەشکریانی خۆی و کارێکی کرد زۆربەی زۆری هەڵاتووان گەڕانەوە ناو کۆڕی شەڕ و بایاندایەوە سەر دوژمن.

حسامەدینخەلیل سێبەسێ تەڵاقی خواردبوو کە هەتا دوژمن نەشکێنێ یان دوژمن خوێنی نەڕژێنێ، هەر لە مەیدانی جەنگدا بمێنی و لە شەڕ واز نەهێنێ. دوژمن زۆری زۆر بۆ هێنا و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان داو دەناو خۆیان گرت و کوشتیان و ئەوسا لاشەکەیان سووتاند و سەرەکەیان بە دیاری بۆ سولەیمانشابرد و لە بەر دەمیان دانا. سولەیمانشاگوتی ئەگەر بە زیندوویی بۆ منتان هێنابا نەمدەکوشت. بەڵام دەڵێی چی؟ کاری خودایە و هەر دەبا وا بوایە و ئەم چوار خشتەکیەشی خوێندەوە.

بێچارە خەلیل خشتی درا بەر پشتی	ئاواتی بەهاری ڕشت و بە خوێن شوشتی
دێو هاتبوو تا تەختی سولەیمان بگرێ	دێوێکی سولەیمانی گەییشتێ، کوشتی

کوژرانی حسامەدین ساڵی ٦٤٠.ك (١٢٤٢.ز) بووە.

١- دەشتی شاپوور بانوێکە کەوتۆتە نێوان فارس و لوڕستانەوە. عەونی

بەدرەدین مەسعوود

کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەدین خورشید

کاتێ کە براکەیان لە دەشتی شاپوور کوشت، دادی خۆی بردەلای مەنکۆقائان و پێی گوت چونکە هەموو کەس دەزانێ کە ئێمە هەر لە مێژینەوە سەر بە خانەدانی خانین، بۆیە لە بەغداوە یارمەتی دوژمنی ئێمە دراوە و برای من کوژراوە. وا منیش هانام بە تۆ هێناوە و دەبێ بە بارێکدا چارێکمان بکەی. مەنکۆقائان[1] بە ڕووی خۆشەوە وەری گرت و لاواندیەوە و ناردی بۆ لای هولاکۆخان.

کاتێ هولاکۆخان دەچووە سەر بەغدایە، بەدرەدینی دەگەڵدا بوو. لە ڕێگە بەدرەدین داوای لە خان کرد کە ئەگەر بەغدای گرت سولەیمانشای بکاتە بەشە تالآنی ئەو. هولاکۆ لە وڵامدا گوتی ناتوانم بەڵێنت پێ بدەم، چونکە هەر خوا دەزانێ چۆن دەبێ. کاتێ هولاکۆ بەغدای گرت و کوشت و کوشتار دەستی پێکرد، سولەیمانشاله شەڕێدا شەهید کرا. ئەوسا بەدرەدین لە بەر هولاکۆ پاڕایەوە کە ماڵ و منداڵ و کەسوکاری سولەیمانشای بە بەخشش بداتێ. هولاکۆ بۆی کرد و فەرمانی لەو بارەوە بۆ دەرکرد. بەدرەدین خاووخێزان و دەست و پێوەندی سولەیمانشای هەموو هێنانە لوڕستان. بەڵام لە باتی ئەوە کە تۆڵەیان لێ بکاتەوە، زۆر بە مەردی دەگەڵیان بزووتەوە و لە خزم و کەسوکاری خۆی هەڵناواردن.

لە پاش ئەوەش کە بەغدا ئاوەدان کرایەوە و ئاژاوە کوژایەوە و ژیانی تێدا بووژایەوە، بەدرەدین بە منداڵی سولەیمانشای ڕاگەیاند کە هەر کەس بەغدای پێ لە لوڕستان خۆشترە، با بچێتەوە و لەوێش لە بیرم ناچێتەوە و چاوەدێری دەکەم. هەر کەسیش دەمێنێتەوە و بە خزمایەتی من ڕازیە، ئەوا ئامادەم بیانکەمە بووك و زاوای خۆمان و لە خۆمان هەڵنەبڕێن.

هێندێکیان لە سەر داخوازی خۆیان چوونە بەغدایە و ئەوانەشیان کە مانەوە بە ڕێزەوە گلدرانەوە و لە ماڵە میرانەوە ژنیان پێ دران و کیژیان لێ خوازران و بە خزمایەتی خانەدانەوە دامەزران.

١- ئەوەی چەنگیزخان و برای هولاکۆخان و چوارەمین پادشای بەرەی چەنگیزییان بووە. هولاکۆ ڕۆژاوای ئاسیای بەو گرتووە و کەبلایخانی برای تریشی بەرەو ڕۆژهەلآتی ئاسیا ناردووە. لە ڕۆژگاری مەنکۆقائاندا لویسی نۆیەم پادشای فەرانسە پێی پێشنیار کرد کەخان ببێتە خاچپەرست و هەردووکیان لە دژی موسوڵمانان یەکتر بگرن؛خان گوێی نەدایە. عەونی

بەدرەدینمەسعوود پیاوێکی دادگەر و هەژارپەروەر و دڵنەرم و خوێنــدەوارێکی هونــەروەر بــووە. دەڵێن چوارهەزار مەسەلەی هەر لە مەزهەبی شافعیدا لەبەر کردووە و ئەوەندەش لە خــوا ترســاوە کــە هەرگیز دۆخینی ناڕەوای نەکردۆتەوە.

بەدرەدین شازدەساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و لــە ســاڵی ٦٥٨.ك (١٢٥٢.ز) داخــوای گــەورە بــۆ خۆی بردۆتەوە.[١] لە پاش مەرگی بەدرەدینمەسعوود، جەماڵەدینبــەدر و ناســرەدینعومــەر -کــوڕانی بەدرەدین- دەگەڵ تاجەدین کوڕی حسامەدینخەلیلدا لە سەر کورسی فەرمانڕەوایی لوڕستان بە کێــشە هاتن. کار گەیشتە ئەو جێگەیە کارەکەیان گەیاندەبەردەمی ئەباقاخانی مغول کە پــێ ڕابگــا و بۆیــان یەکلا بکاتەوە. کاتێ گەیشتنە بارەگــای هــۆردووی ئــەباقاخان، بــە فــەرمانی خــان هــەر دوو کــوڕی بەدرەدین کوژران و تاجەدین کرا بە فەرمانڕەوای لوڕستان.

تاجەددین شا

کوڕی حسامەدینخەلیل کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەدینخورشید

ماوەی حەڤدەساڵ لە لایەن ئەباقاخانەوە بە سەر لوڕستان ڕاگەیشت و ساڵی ٦٧٧.ك هەر بە فــەرمانی ئەباقاخان کوژرا و لوڕستان درایە دەست فەلەکەدینحەسەن و عیزەدین حوسێن کە هــەردووکیان کــوڕی بەدرەدینمەسعوود بوون. فەلەکەدین کرا بە حاکمی ولای[٢] و عیزەدین یــنجۆ[٣]یان پێ سپارد. بڕیــاریش وا درا کە لە پاش فەلەکەدین، عیزەدین بێتە جێنشیــن.

ئەو دوو برایە ماوەی پازدەساڵ بە جووت فەرمانڕەوای لوڕســتان بــوون و زۆریــان گەشــە پێــدا و پێشیان خست و گەلێك لە دوژمنــان و نەیارانی خۆیان لە سەر ڕێگە لابرد و دەستیان بە سەر وڵاتەکانی

١- *تاریخ عمومی*، ج ٥، ل٢٠٥ دەڵێ: ١٨ ساڵ فەرمانڕەوا بووە و ساڵی ٦٦٧.ك مردووە. جەمیل
باوکی ساڵی ٦٤٠ کوژرا و ١٦ ساڵی وەسەر خەی دەبێتە ٦٥٦، واتا ساڵی گرتنی بەغدا. دەشڵێ تا ئاوەدان بوونــەوەی بەغدا ماوە. وا دەردەکەوێ ماوەی حوکمی وەك گفتی *تاریــخی عمومیە* و لە مێژووی مردنیشیدا قسەی شەرەفخــان ڕاستە. هەژار

٢- ئەمیــنزەکی بە دلاری نووسیوە و دەڵێ بە دارایی دەوڵەت ڕاگەیشتنە. جەمیل

٣- ینجۆ واتا: چاوەدێری ملکی تایبەتیخان و خەزێنەی خان. جەمیل

بەیات و بیشر و نەهاوەندیش داگرت و ماوەیەکی زۆریش هەر دەبەر دەستیاندا مانەوە.[1] سنوور و کەوشەنی ژێر قەڵەمڕەویان هەر لە هەمەدانەوە گرتبووی هەتا شوشتەر و لە ئیسفەهانەوە دەگەیشتە عەرەبستان. ژمارەی چەکداریان لە حەڤدەهەزاری تێپەڕاند. فەلەکەدین زۆر پیاوێکی وریا و دریا و دانا و دیندار بوو؛ زۆریشی گاڵتە و لاقردی و حەنەك پێخۆش بوو. بەڵام عێزەدین زۆر دژ و ڕکوونی و مۆر و بەسام بوو. هەرگیز بەزەیی بە گوناهباراندا نەدەهاتەوە. هەردووك برا ئەوەندەهەژاردۆست و دادگەر بوون کە زۆردار و بێزۆریان لە لا نەمابوو. وەك دەڵێن هاروێیەکی ناڕەوایان بە هاوڕێیکی زۆر هێژایان ڕەوا نەدەدیت و لە سەر بەرووڵەیەکی بە زۆرداری، سەردارێکیان بە داردا دەکرد. هەردووکیان ئەوەندەیەکتریان خۆش ویستووە کە نەبێتەوە و کەس نەیتوانیوە کێشەیان دەناودا بنێتەوە و بە ڕێکی و بە یەکدڵی، وڵاتی خۆیان بەڕێوە بردووە و بەرزیان کردۆتەوە. پادشایانی ئێرانیش زۆریان دڵ ڕاگرتوون و دەستیان بۆ درێژ نەکردوون. خودای گەورە هەر وەك لە ژیانی جیهانیدا لێکی هەڵناواردن، بۆ لای خۆشی پێکەوەی هەڵبژاردن و لێکی نەکردن هەردووکیان لە ساڵی ٦٩٢.ك (١٢٩٣.ز) دالە ڕۆژگاری دەسەڵاتی کەیخاتووخاندا مردن.

فەلەکەدین کوڕێکی لە پاش بەجێ ما بە ناوی بەدرەدین؛ عێزەدینیش نورەدین محەمەد ناوێکی بەجێ هێشت.

جەماڵەدین خدر

کوڕی تاجەدین شاکوڕی حسامەدین خەلیل کوڕی شوجاعەدین خورشید

لە سەر فەرمانی کەیخاتووخان، جەماڵەدین خدر کرا بە فەرمانڕەوای لوڕستان. بەڵام حسامەدین عومەربەگ کوڕی شەمسەدین کوڕی شەرەفەدین تەهمتەن کوڕی بەدر کوڕی شوجاعەدین خورشید، دەگەڵ شەمسەدین لەنبەکی، خۆیان بە لە پێشتر دەزانی و سەریان وەبەر باری نەهانی. لە ساڵی ٦٩٣.ك (١٢٩٣.ز)دا دەگەڵ ئەو مغولانەدا کە لە نزیك خوڕەمابادەوە پاسداری سنوور بوون ڕێك کەوتن و شەوێك لە نەکاو بە سەریاندا داو جەماڵەدین و خزمەکانیان کوشت و ئیتر لەو ساوە نەتەوەی حسامەدین خەلیل بە یەکجارەکی دوابڕاو بوون.

١- ئەمینزەکی دەڵێ: ١٧ هەزار کەسیان ناردەسەر بەیاتان و وڵاتەکەیان لێ داگیر کردن. جەمیل

حوسامەدین عومەر بەگ

هەر بە زۆرەکی خۆی کردەفەرمانڕەوای لوڕستان. شازادەکانی لوڕستان: سەمسامەدین مەحموود کوڕی نورەدین محەمەد و عیزەدین محەمەد و ئەمیردانیاڵ -کە لە بنەماڵەی گرشاسپی بوو- دەگەڵ چەند کەسێکیتر لە سەرداران و بەکارانی دیکەدا ڕێككەوتن کە تۆڵەی خوێنی کوڕانی تاجەدین شای لێ بکەنەوە و دەشیان گوت حسامەدین عومەر ڕێی ناکەوێ فەرمانڕەوا بێ؛ چونکە بە بنیچە بەشی بە فەرمانڕەوایانەوە نیە و گەرەکە سەمسامەدین مەحموود ببێتە مەزن و فەرمانڕەوامان؛ چونکە باب و باپیرانی هەمیشە جێ گەورە و فەرمانڕوا بوون.

سەمسامەدین زۆر لاوێکی وریا و پیاوێکی زرینگ و پێکەوتوو بوو. سەمسام لە خۆزستانەوە هات و گەیشتبووە سەر سنووری خوڕەماباد کە ڕیشسپی و تکاکاران خۆیان خستە نێوانەوە و نەیانهێشت شەڕەکە بکری و لە سەر ئەم مەرجە پێك هاتن کە شەهابەدین لەنبەکی و براکانی -کە وەك ئاگری بن کایە و مایەی هەرا و ئاژاوە بوون- لە لوڕستاندا نەمێنن؛ حسامەدین عومەریش لوڕستان بداتە دەست سەمسام. ئیتر لەوساوە سەمسام بوو بە فەرمانڕەوای لوڕستان.

سەمسامەدین مەحموود کوڕی نورەدین محەمەد

لە پاش وەلا نانی عومەربەگ، سەمسام بەوپەڕی بادیهەواییەوە لە پاڵە و پشتی فەرمانڕەوایی پاڵی دایەوە و کاروباری وڵاتی زۆر بە ڕێکی گرتە دەستەوە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لوڕستانی تەواوێك وە برەو خستەوە. ڕۆژگار هاتوچوو؛ ڕۆژێك سەمسام بە تاقی تەنیا چووە جەستەی شەهابەدین ئەلیاسی لەنبەکی و برایانی و کێشەی تێهاڵاندن و ئەوانیش دەستەوەکەریان کرد و پەنجاوچوار برینیان لە لەشی سەمسام کرد! بەڵام سەمسام پەکی نەکەوت و دەست بەرداریان هەر نەبوو تا ڕاوی نان و کەوتە شوێنیان و لە سەر لووتکە کێوێکی پڕ بەفردا حاسیەی کردن و لە سەرمانی کەسیرە کردن و هەمووی گرتن و جووقەواری لێ برین.

بە شوێن ئەو ڕووداوەدا ئەوەزایەکی شێخ کاکۆیە چووە لای غازانخانی مغول و لەبەری پاڕاوە کە خوینی جەماڵەدین خدر و شەهابەدین ئەلیاس ون نەکا و تۆڵەیان بستێنێ. غازانخان ناردی عومەربەگ و سەمسامیان هێنا و لە عومەربەگی پرسی تۆ بۆچی جەماڵەدین خدرت کوشت؟ عومەر

گوتی: چونکە ئەو منی نەکوشت! غازانخان ئەو جار پرسی: باشە ئەی کوڕە چکۆلەکەیت بۆ کوشت؟ عومەر لە وەراما ڕاما و بەسەرکزی داما. غازانخان دایە دەست کەسوکاری جەماڵەدین و لە تۆڵەی خوێنی خۆیاندا کوشتیان و هەروەها بە فەرمانی خان، سەمسامەدین مەحمودیش لە تۆڵەی شەهابەدین ئەلیاسدا کوژرا. ئەم ڕووداوە ساڵی٦٩٥.ك (١٢٩٥و ١٢٩٦.ز) ڕووی داوە.

عیزەدین محەمەد

کوڕی ئەمیرعیزەدینحوسێن کوڕی بەدرەدینمەسعوود

لە پاش کوژرانی عومەربەگ و سەمسامەدین مەحموود، عیزەدینمحەمەد -کە هێشتا منداڵ بوو- کرا بە فەرمانڕەوا. بەدرەدینمەسعوود کوڕی فەلەکەدینحەسەن -کە ئامۆزای بوو، بە تەمەنیش گەورەتر بوو- ببووە بەرهەڵست و خۆی لەو لە پێشتر دەزانی.

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان محەمەدی خودابەندەدا، لە سەر فەرمانی سوڵتان بەدرەدین مەسعوود، نازناوی ئەتابیکی درایە و کرایە حاکمی ولای لوڕستان و عیزەدین بە ئینجۆ -ملکی تایبەت و دارایی سوڵتان- ڕادەگەیشت. لە پاش ماوەیەك هەردووك ئەرك هەر بە عیزەدین سپێرا و هەتا ما، ئەوکاربەدەستیەی هەربەدەستەوەما و لە ساڵی ٧١٦.ك(١٣١٦،١٧.ز)دا کۆچی دوایی کرد.

دەوڵەت خاتوون ژنی عیزەدین محەمەد

لە پاش مەرگی عێزەدین بوو بە شاژنی خاکی لوڕستان. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەودا کاروباری دنیاداری ڕۆژبەرۆژ بەرەو گەندی و لەنگی دەچوو. ببووە هەرکەس-هەرکەس و کەس خەتی شاژنی نەدەخوێندەوە. زۆربەی کاروباری لە دیوانی پادشایانی مغولەوە بەڕێوە دەبرا و کە لە ئەنجامدا کارێکی بۆ نەکرا. ناچار عیزەدین برای خۆی، لە جێگەی خۆی دانا و خۆی لە کار کێشایەوە.

عیزەدین حوسێن برای دەوڵەت خاتوون

لە جێگەی خوشکی جڵەوی فەرمانڕەوایی لوڕستانی گرتە دەست و ماوەی چاردەساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد. خەڵکی لوڕستان لە ژێر سێبەری دادگەری ئەودا بە خۆشی و شادمانی و تەسەلی و

خۆشگوزەرانی دەژیان.[1]

شوجاعەدین مەحموود

لە پاش مەرگی عیزەدین، شوجاعەدین مەحموودی کوڕی کرا بە جێنشین؛ بەڵام پیاوێکی ناپیاو و بێفەڕ بوو؛ هەموو خەڵك لە دەستی وەزاڵە هاتبوون. لە ساڵی ٧٥٠.ك (١٣٤٩و١٣٥٠.ز)دا لێی ڕاپەڕین و کوشتیان و لە کۆڵ دنیایان کردەوە.

مەلیك عیزەدین کوڕی شوجاعەدین مەحموود

لە پاش باوکەکەی کرا بە فەرمانڕەوا و لە سۆنگەی ئەوەدا کە پەیوەندی دۆستانەی دەگەڵ پادشایانی عیراقدا پەیدا کرد، بەرز بۆوە و ناو و ناوبانگی پێکەوەنا.

دواجار لە ساڵی ٧٩٠.ك (١٣٨٨.ز) ئەمیرتەیمووری کورەکانی لە قەڵای وامیاندا -کە نیوفرسەخی برووجەردە- دەوری داو گرتی و ناردیە سەمەرقەند و سەیدی ئەحمەدی کوڕیشیان بردەئەندگان و لە پاش سێ ساڵ دوورخستنەوە -کە ناویان نابوو وچانی پەروەردەکردن- هێنایاننەوە و هاتنەوە لوڕستان و عیزەدین دەستی کردەوە بە فەرمانڕەوایی خۆی؛ بەڵام لە ئەنجامدا لە سەر سەرسەختی و لاساری و بێباری سەیدی ئەحمەدی کوڕی، باجگرانی مغول گرتیان و بە ناوی سەرپێچ و یاغی بردیانە سوڵتانیە و بە زیندوویی کەوڵیان کرد و لاشەیان حەوت ڕۆژان لە ڕاستە بازاڕی شاری سوڵتانیەدا هەڵاوەسی.

سەیدی ئەحمەد

هەتا ئەمیرتەیموور لە سەر دنیا بوو، نەیوێرا خۆ دەرخا و دابوویە چیا و چۆڵان و هەر ڕۆژە لە جێیەك و هەر شەوە لە دێیەك و هەرتاوە لە شوێنێك و هەر دەمە دەکەلینێك و کولێنێکدا خۆی دەشاردەوە؛ بەو پەڕی پەرێشانی و چارەڕەشی دەژیا. لە پاش مەرگی تەیموور هاتەوە وڵات و تا ساڵی

---

[1] - حوسێنحوزنی لە سەر ئەم باسە دەڕوا و دەڵێ سوڵتان ئەبووسەعید مەزنایەتیەکەی دان پێدا ناوە و لە فەرمانڕەواییەکەیدا بە سەرکەوتوویی سەردەکەوت و هەتا ڕۆژگاری ئەمیرتەیموور هەرما. ئەمیرتەیموور دەیەویست بیخاتە بەر فەرمانی خۆیەوە، ملی نەدا و توانی بیگرێ و بیکوژێ. زانیشمان کە بنەماڵەی پێشوو بە مەرگی عیزەدین بڕایەوە و خێزانێکی نوێ هاتە ڕووی کار. جەمیل

٨١٤.ك (١٤٠١و١٤٠٢.ز) لە لوڕستان مەزنایەتی کرد و ئەوسا مرد.

شاحوسێن کوڕی مەلیك عیزەدین

لە پاش نەمانی سەیدیئەحمەد، شاحوسێنی کوڕی عیزەدین کرا بە فەرمانڕەوای لوڕستان. شاحوسێن پیاوێکی بزۆز و هاروهاج بوو؛ وەك دەڵێن دەزرێی داودی نەدەوەستا. هێرشی دەبردەسەر هەمەدان و پەلاماری جەربادقان و دەوروبەری ئیسفەهانی دەدا. تەنانەت لە ڕۆژگاری سوڵتان ئەبوسەعید کورەکانیدا هەمەدانی گرت و لەوێوە ڕووی کردەگەرمەسێر و لە شارەزوور هەڵیکوتایە سەر هۆزی بەهارلوو. کۆر پیرعەلی سەر کۆماری بەهارلوو دەرۆستی هات و برستی لێ بڕی و کوشتی. ئەم ڕووداوە لە ساڵی ٨٧٣.ك (١٤٦٨، ٦٩.ز)دا قەوماوە.

شاڕوستەم کوڕی شاحوسێن

ماوەیەکی زۆر مەزنایەتی لوڕانی کرد و لە دواییدا خۆی گەیاندەلای شائیسماعیلی سەفەوی و ئەویش پەسندی کرد و بە چاوەدێری شایان و بە لاواندنەوەی شایانە سەربڵندی کرد. زۆر لەو خۆشیەدا نەمایەوە و دوای دەمێکی کەم دنیای پڕ لە خەمی بەجێهێشت و بە یەکجاری سەری نایەوە.[1]

ئەغوەر کوڕی شاڕوستەم

١- ئەمین‌زەکی و حوسێن‌حوزنی دەڵێن: دوای ئەوە کە شائیسماعیل بەغدای گرت و بەرەو حەویزە دەچوو، لەشکرێکی دەهەزار کەسی بە سەرکردایەتی حەسەنبەگی‌لالا و سەرەك هۆزەکانی کوردەکانی تالش و بەیرامبەگی فەرمانلوو، ناردەسەر شاڕوستەم و شەڕێکی زۆر سەختیان لە ناودا قەوما. شاڕوستەم خۆی نەگرت و دایە چیا. لە پاشان خۆی زۆر دەتەنگانەدا دیت، داوای پێك هاتنی کرد و دوای ئەوە کە حەسەنبەگ و بەیرامبەگ مەرجەکانیان قبوڵ کرد، هاتەوە و لە ڕۆژی دووەمی مانگی جیمادی دووەمدا هاتە لای شائیسماعیل و زۆر پێشوازیەکی گەورەی لێکرا و شا زۆر بە ڕووی خۆشەوە بەخێری هێنا و بە زمانی کوردی بە شێوەی لوڕی زۆری دەگەڵ دوا و فەرمانیشیدا ڕیشە درێژەکەی بە جمواهیرات برازێننەوە. هەر تاڵە مووەی ڕدێنی گەوهەرێکی پێوە هەڵاوەسرا و چەند ڕۆژێك بە میوانی گلی دایەوە. ئەوسا مەڵبەندی شووشتەر و دزفوولی پێ بەخشی و فەرمانی فەرمانڕەوایی بۆ مۆر کرد و گەڕاندیەوە پایتەختی وڵاتی خۆی و هەتا سەر هاوسایەتیان هەر خۆشبوو. جەمیل

ئـەغوەر کـوڕە گـەورەی شاڕوسـتەم بـوو؛ لـەپاش بـاوکی بـوو بـە فـەرمانڕەوای لوڕسـتان. سـاڵی ٩٤٠.ك (١٥٣٣.ز) کـە عوبەیـدوڵڵا خـانی ئوزبـەگ هێرشـی هێنـابووە سـەر ئێـران و گـەیبووە خوراسـان، ئـەغوەر بـۆ بەربەسـت کردنـی ئـەو هێرشـە ڕەگـەڵ لەشـکری شاتۆماسـب کـەوت و جیهانگیـری براگـچکەی خـۆی لـە لوڕسـتان بەجێهێـشت، کـە سەرپەرشـتی وڵات بـێ. جیهانگیـر کێـسی لـەو دەرفەتـە هـانی و هۆزەکـانی لوڕسـتانی کردەلایەنگیـری خـۆی و ڕایگەیانـد کـە هـەر خۆی فەرمانڕەوایە و کاکی هیچکارە نیە.

کاتێ کە لەشـکری شـابەرەو دوا دەگەڕایـەوە، ئەمیـرئەغوەرە ئـەو دەنـگ و باسـە ناخۆشـەی بیستەوە و داوای گەڕانەوی لە شاکرد و چوارناڵە ئەسپی بەرەو لوڕستان تاودا. لـە ئەهاوەنـد هێنـدێك هەتیومەتیوی لاتولوتی لێ هاڵان؛ بەڵام گەورەپیاوان و کەیـخودایانی لوڕ، کەس دانی پێـدا نـەهێنا و جهانگیـریان لەو خۆشتـر ویست. لە پاش هێندێك شەڕ و کوشتار ئەغوەر بە دیل گیـرا و کوژرا.

جیهانگیـر کوڕی شاڕوستەم

جیهانگیـر لە پاش کوشتنی برای، بوو بە فەرمانڕەوای سـەربەخۆ لـە لوڕسـتانداو مـاوەی نۆسـاڵ بـە سەربەستی و کامەرانی پادشایەتی کرد. لە ساڵی ٩٤٩.ك (١٥٤٢و ٤٣.ز)دا شاتۆماسـب لـە تۆڵـەی ئەغوەردا کوشتی[1].

١- مێژوونووسانی کورد، ئەمیـرزەکی بەگ و سەیدحوسێن حوزنی دەڵێن: ئەم ئەغوەر بەگە ماوەیەك فەرمانڕەوایـەکی سەربەخۆ بووە. ساڵی ٩٤٨.ك (١٥٤١.ز) کاتێ کە شاتۆماسب بۆ تەمێ کردنی والی دزفوول (عەلائـەدین ڕەعناشـی) لەشکری دەبرد و گەیشتە لای لوڕستان، جیهانگیـر چووە لای و دیدەنی لێکرد. بەڵام لە پاش ماوەیەك گوێی نەداوەتـە فەرمانی شا و زیانیشی بە وڵاتی هاوسای خۆی گەیاندووە. لە سەر فەرمانی شاتۆماسـب عەبـدوڵڵاخانی ئیستاجلووی تورکمانی ساڵی ٩٤٩.ك (١٥٤٢.ز) لەشکرێکی یەکجار زۆری بردۆتە سەر لوڕستان و شەڕێکی حەستەم و بە سـام لـە نێوانیاندا ڕووی داوە و جیهانگیـر لە شەڕدا بـە دیـل گیـراوە و کـوژراوە، بـەڵام ڕوستەم و مـحەمەدی کوڕەکـانی جیهانگیـر هەڵاتوون و خۆیان گەیاندۆتە بەغدایە.

لە پاشان شاتۆماسب فەرمانی لوڕقڕانی دەرکردووە و دەستی لەشکری لە تاڵان بەرەڵا کردووە. لەشکری قزڵباشـان بـە شیـر و تیـر، شیشاونە گیانی لوڕانەوە و پیـر و لاو و ژن و پیاو و زورهان و ساوایان نەپاراسـتووە و تەنانـەت ئـاژەڵ و پاتاڵیشیان سەر بڕیوە و دەغلودان و باغاتیشیان -سەر لەبەر- لە بنە هێنـاوە. لـە ئەنـجامدا ئەمیـرشاقاسم -کـە

شارِوستەم کوڕی جیهانگیــر

لە پاش ئەوە کـە شاتۆماسـب میـرجیهانگیـری کوشـت، ئەبوومووسـلێمی گـوودەرزی -کـە لەلـەی منداڵەکانی جیهانگیـر بوو- شارِوستەمی کوڕی جیهانگیـری بە نیوەخۆش و نیوەزۆر، ڕەکێش کـرد و بردیە لای شاتۆماسب و کردیە دیاری دەستی خۆی و گوتی: شادۆستیم وای لێکردم کە ئەم کـوڕەم بـۆ هێناوی. دەزبەجێ لە سەر فەرمانی شاکۆت و زنـجیـریان خستە پێ و پیلـی شارِوسـتەم و لـە قـەڵای الـموت[1]دا بەند کرا. لە پاداشتی ئەو کارە چاکەی کە گوودەرزێ کردی! پلەوپایەی میرئاخۆڕی تایبەتی شاهانەی درایە و لە ناو هاوکارانیدا سەرفراز کرا.

کوڕێکی تری جیهانگیـر کە ناوی مـحەمەدی بوو لـەو کاتـەدا زۆر منـداڵ بـوو، هەڵسووڕانی کاروباری فەرمانڕەوایی لە وزەی ئەودا نەبوو. لوڕەکان بە دزیـەوە بردیانـە چـەنگلە -کـە جێگایـەکی سەخت و بەرپیوار بوو- لەوێ شاردیانەوە. ئیتـر کەسی وا لەو بنەماڵە نەمابوو کە بە سەریان ڕابگـا. ماوەیەك ئەو هۆز و تیـرانە بێ سەر و سەردار مانەوە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان کابرایەکی خوێڕی و بێ فەر -کە بە سەر و شکڵ زۆر لـە شارِوسـتەمی دەکـرد- پەیدا بوو، گوتی: من شارِوستەمتانـم و لە قەڵای ئەڵەمووتەوە ڕام کـردووە و خـەڵکیش بـاوەڕی کـرد. کابرای تاین زۆر بێباکانە و بە بێسڵ کردن ڕووی کردەماڵی شارِوستەم و خۆی کردەسەرداری ماڵ. ژنی شارِوستەم -کە چەندین ساڵ بوو مێردی لێ دوور خرا بۆوە- بە هاتنەوەی هەر شاگەشکە بـوو! خـۆی دابە دەستەوە و دەگەڵیدا ڕادەبوارد و بە مێردی خۆی دەزانی و خەڵکیش کە دیتیان وا ماڵ و منـداڵی خۆی پێی شاد و شوکور بوونەوە، ئەوانیش هیچ دوودڵی و گومانیان نەما کە شارِوستەمی بـە ڕاسـتی هەر بە ڕاستی هاتۆتەوە. زۆر بەدڵ هاتنە ژێر فەرمانیەوە و کردیانە فەرمانڕەوای خۆیـان. کـاتێ ئـەو

میـرنشینیەکەی بە سەر لوڕستانەوە بووە و کریوی ئەمیـرجیهانگیـریش بـووە- تکـای لـە شـا کـردووە، قزڵباشـیان کێشاوەتەوە و بە ڕوو لێنانی سەیدئەمیـریش لە خانەدانی میـرانی لوڕستان خۆشبووە و هەر شا بۆ خۆی لوڕستانی لـە نێوان ڕوستەم و مـحەمەدیدا بەش کردووە. جەمیل

[1] - ناوی قەڵایەکی قایـمە و لە لای قەزوێنە. جەمیل

لە شەرەفنامە فارسیەکەدا هەر نووسراوە «قلعەالـموت» مامۆستا ڕۆژبەیانی لە تەرجەمە عەرەبیەکەدا ئاوای نووسیوە: قلعە آلموت= الـموتألاحـمر. واتا: ئاڵی کوردی و فارسی دەگەڵ مەوتی عەرەبی لێکداوە و بووە بە مەرگیسوور. من لام وایە هەڵەمووتی کوردیە کە بە جێگەی زۆر سەخت دەڵێن؛ چونکە فارسیش بە «ئەلەمووت»ی دەخوێننەوە. هەژار

خەبەرە سەیر و سەمەرە گەیشتە قەزوین و بە گوێی شـادا درا؛ گـورجێ شارۆستـەمی لـە گرتووخانـە دەرێنا و فەرمانی شاهانەی بۆ دەرکرد کە فەرمانڕەوای لوڕستان بێ و خوڕەمابادیشی پێ بدرێتەوە؛ کە هەر لە زووشەوە پاتەختی خۆیان بوو.

شاڕوستەم وەك باڵندەیەك کە لە ڕکە بەردرابێ و پەلـەپـرووزەی چـوونەوەی هێلانـە و سـەردانی جووجەڵان بکا وابوو.

هەر دەست و پەلێکی بوو بە باڵێ   تـا هـەرچی زووە بگاتە ماڵێ

بە بێ پشوودان و وچان، شەوورۆژی دەسەر یەك خستەوە و بە پڕتاو بـەرەو لوڕسـتان دەیکوتـا و ڕانەوەستا هەتا خۆی گەیاندەوە ناو کەس و کاری. شاڕوستەمی گۆڕینیش لە خۆگۆڕیـن وازی هێنـا و پێی پێوە نا و لە پەناوە بۆی دەرچوو. ڕێویەبۆر کرپاری کەولێ هاتەوە! بەڵام دۆستانی شاڕوستەمی بە ڕاستی نەیانهێشت زڕە شاڕوستەم بێ دەردیسەر سەر دەرکا. کەوتنـە شـوێنی و گرتیـان و هێنایانـەوە ئاوایی و لە بەر چاوی حەشامات بەردەبارانیان کرد و چاوی نامەردانیان پێ ترساند.

لەو ماوەیەشدا مـحەمەدی برای شاڕوستەم ببووە پیاو و لە سـەر مەزنایـەتی لوڕسـتان دەگـەڵ شاڕوستەمدا کێشە و هەرایان لێ پەیدا بوو؛ تەنانەت کار گەیشتە بە گژ یەکـدا چـوونی چـەکدارانە و شیـر و ڕمبیان لە ڕووی یەکتـر هەژاند. کەیـخودا و ڕیش سپی بوونە بەریوان و ناوبژییان کـردن و لـە سەر ئەوە پێکیان هێنان کە شاڕوستەم چونکە برا گەورەیە چوار دانگ لە شەش دانگـی لوڕسـتانی بـە دەستەوە بێ و ئەو دوو دانگی دیکەش کە دەمێنێتەوە، مـحەمەدی پێ ڕابگا و هەر پێکەوەش بـژین. هەر دووك برا بە دڵ دەگەڵ یەکتـر ئاشت بوونەوە و زۆر بە خۆشی و برایەتی ڕایاندەبوارد.

لەمەوبەر باسـمان کرد کە لە دوای ئەوەی ئەتابیك شاحوسێن بە دەستی غیاسەدین کوڕی کاوس کوژرا و غیاسەدین لە ترسی میـرزا شاهرۆخ لە وڵات هـەڵات و ئیتـر ئـەتابیکانی لـوڕ ئاسـەواریان بڕایەوە، لەوساوە مەڵبەندی لوڕستانی گەورە -کە بە وڵاتی بەختیاری بەناوبانگـە- هـەر ئـاوە و هـەر تاوە، لە ناو دەستی ئەم و ئەودا دەستاودەستی دەکرد.

لە ڕۆژگاری شاتۆماسبی سەفەویدا مەزنایـەتی بەختیاریـەکان بـە تاجـمیرناوێك سـپێرابوو کـە سەرکۆماری هۆزی ئەستەرکی بوو. ئەویش دەبوایە هەرساڵە دراوێکی زۆر و زەوەند بـە نـاوی یـاری و دیاریەوە پێشکەش بە شای ئێران بکا. ساڵێکیان تاجـمیردراوی دیاری شای بۆ هەڵنەسووڕا و فـەرمان

درا لە سەریاندا. لە پاش تاجمیری سەرپەڕاو مەڵبەندی بەختیاری (لوڕی گەورە) درایە دەست میرجیهانگیری بەختیاری و دەبوایە ساڵانە دەهەزار ئێستر بۆ دیوانی شای ئێرانێ بەڕێ بکا.

میرجیهانگیر پیاوێکی سەر بە دەرەوە و لە ناو هۆزەکەی خۆیدا بەڕێز و خۆشەویست بوو. شاڕوستەمی کوڕی جیهانگیر -کە ئێستا باسی ئەو دەکەین- ببووە دەستەبەری ئەو میرە بختیاریە کە هەر گا ئەو ئێسترانەی بۆ نەدرا، ئەو بۆی بدا.

ساڵی ٩٤٧.ک (١٥٦٦.ز) شاتۆماسب ئەمیرخانی مووسڵوی خاوەنی هەمەدانی ناردبوو کە ئەو دەهەزار ئێسترە لە لوڕستانی گەورەدا کۆ کاتەوە و بشچێ باج و پیتاکی خۆزستانیش بۆ شاوەرگرێت. لەو دەمەشدا خۆزستان بە دەست عەرەبەکانی موشەعشەعەوە بوو.

شاپەروەرخانم کچی ئەغوەر و ژنی شاڕوستەم بە دزیەوە فەرمانێکی شای ئێرانی وەرگرتبوو کە دەبێ ئەمیرخانی مووسڵو لە -هەلێکدا کە بۆی هەڵکەوت- محەمەدی برای شاڕوستەمی بگری و بۆ شای ڕەوانەکات!

جا کە ئەمیرخان گەیشتە بەرەوە و لە خوڕرەماباد نزیك کەوتەوە، محەمەدی چوو بە پیریەوە و دیدەنی لێ کرد. ڕۆژێکیان ئەمیرخانی مووسڵو، محەمەدی و گەلێك لە دەست و پێوەند و هەواڵانی بانگێشتن کردن و لە شوێنێکدا کۆی کردنەوە و محەمەدی و سەدکەسی لە گەورە پیاوانی لوڕستان گرت و باڵبەستە بۆ شای ئێرانی بەڕێ کردن؛ شاش هەمووی لە قەڵای ئەڵەمووتدا خستنە ناو زیندانەوە.[1]

ئەگەر خوا دەرفەت بدا بە دووروێژی باسی بەسەرهاتی شاڕوستەم و محەمەدی دەنووسم.

١- سیدحوسێن حوزنی ئەم ڕووداوە بە جۆرێکیتر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەمیرمحەمەدی شۆڕشی نەوەستاندبوو؛ ناوچەکانی دەوروبەری تالان دەکردن و قەڵەمڕەوی زێدەدەکرد و لەشکری هەر بە هێزتر دەبوو. شاتۆماسب لەشکرێکی یەکجار زۆر و پڕچەکی بە سەرکردایەتی ئەمیرخانی حاکمی هەمەدان ناردەسەر. محەمەدی دەگژی ڕاچوو. ماوەیەکی زۆر، زۆر پاڵەوانانە شەڕی دەگەڵ کردن و هەردووك بەرە زۆریان زیان وێ کەوت. بەڵام لە پاشان محەمەدی بە دیل گیرا و بۆ شاتۆماسبیان نارد و خستیە قەڵای ئەڵەمووتەوە. هێندێکیش دەڵێن: شاڕوستەم بانگێشتنەکەی کردووە و بەو فێڵە گرتوونی و خستوونیە زیندانەوە. جەمیل

مـحەمـەدی كوڕی جیهانگیـر

مـحەمەدی لە قەڵای ئەڵەمووتدا دەساڵ زیـندانی كێشا. لە ماوەی ئەو دەساڵەدا چوار كوڕەكانی -كە عەلیخان و ئەسڵەمز و جیهانگیـر و شـاوێردی بـوون- لـە شاڕوسـتەمی مامیـان هەڵگەڕابوونـەوە و ببوونە گڕێ ئاگر و لە تەشك و داوێنی هەڵگڕا بوون و یەخە و بەرۆكیان بەرنەدەدا و سەر و گوێلاكیـان دەكوتایەوە؛ گەڕ و گێچەڵی وایان بـۆ دەنایـەوە هـەنگوین و دۆشـاویان بـە زاری تـاڵ كردبـوو. هـەر بەوەشەوە نەوێستا بوون، پەلاماری وڵاتـی ژێردەسـتی شاشـیان دەدا و شاشـیان سـەرگەردان و شـاش كردبوو. هەمـەدان و جـەربادقان و دەوروبـەری ئیـسفەهان و چـەند شارسـتانیان پـوڕ دەكـرد و مـاڵی شاپەرستانیان كاول و خـاپوور دەكـرد.جگـە لـەوەی كـە بـە سـەر ڕوسـتەمدا زاڵ بـوون، لـە ڕاسـت قزڵباشانیش ڕوستەمی زاڵ بوون و پاسدارانی سەرسنووریان وەزاڵە هێنـا بـوون و بنێـشتە تاڵـەیان بـە بژۆلانەوە نابوون و لە دەست و بردیان حەپەسا بوون. سەردارانی سەر بە شـاو شاڕوسـتەمی دڵ نەشـا، هەرچەندی كردیان و كۆشان و ڕووبەڕوویان بوون و دەگژیان ڕاچوون، هەر سەری شكاو و پاشڵی دڕاویان بۆ ما و بە هیچ ئاوایەك دەرۆستیان هەر نەدەهاتن و زۆریان نەدەبردن و چاریان نەدەكردن.

دەستدرێژی و دەست گـەرمی ئـەو بەچـكە شـێرانە، كێـچی خـستە كـەوڵی شـای ئێرانـەوە و حەجـمیـنی لێ هەڵگیـرابوو؛ تێی گیـرابوو نەیدەزانی بە چ‌ڕێك چاریان بكا و لـە دەسـتیان ڕزگـاری ببێ. ڕاوێژكەرانی شاوایان دەشاگەیاند كە ئەم بەڵایە بە هـیچ شـتێك دوایـی نایـە مەگیـن فـەرمان دەركەی و بفەرمووی كە لە مـحەمەدی خۆشبووی و لە زیـندان دەریخەیە دەرەوە و ئەوسا دەست بـە سەر، بە سەركردەیەكی قزڵباشی بسپێرە و پێودانی بۆ دانێ، دەبێ كوڕەكـانی بـە بارمتـە لـە لای تـۆ دانێ. ئەودەم بە یەكجاری بەردەدرێ و ڕزگار دەكرێ و لۆڕستانی دەدرێتەوە و لە سـەرجێگە و ڕێگـەی پێشووی دادەمەزرێتەوە.

شائەم ڕاوێژەی پەسند كرد و چۆنیان شوێن بۆ كێشابـوو، لـە سـەری ڕۆیـشت. مـحەمەدی بـە مزگیـنی ئازاد كردن فریە شاد بوو. بەڵام سەرەڕای مەرجی دەگرۆ نانی كوڕانیـشەوە قزڵباشـان بۆیـان خستەسەر كە دەبێ سیهەزار سەر ئەسپ و ئێستـر و مەڕیش پێشكەش بە شاو نزیكانی شابكا!

مـحەمەدی ڕەوانەی قەزویـن كراو درایە دەست حوسێنبەگیئستاجلو -كە سەردارێكی قزڵبـاش بوو- لەوێوە نامەیەكی بۆ كوڕەكانی نووسی كە هیچ گیـر نەبن و سیهەزار سـەر ئەسـپ و ئێسـتـر و

پەز بۆ شابێنن و بێنە قەزوێن.

کوڕانی محەممەدی زۆر بە دەستوبردانە وەخۆ کەوتن و وێکەوتن و پێشەکی دەهەزار ئەسپ و ئێستر و ناژەڵیان پێکەوە نا و دوانیان بە هەڵەداوان ئەو وڵسات و پاتاڵەیان ڕەپێچ کرد و بەرەو قەزوێنێ کەوتنە ڕێ.

کاتێ گەیشتنە گوندی شەرەفاباد -کە فرسەخێکی بۆ قەزوێن دەمێنێ- وڵامیان بۆ بابیان نارد کەوا گەیشتوونە بەرەوە و فەرمایشتی لە سەر چییە؟

محەممەدی بە حوسێن بەگی ئستاجلوی ڕاگەیاند کەوا کوڕەکانم لە شەرەفابادن و وڵساتە پێشکەشیەکەی شایان هێناوە و من وای بە باش دەزانم بۆ خۆم بچمە شەرەفاباد و چاوێك بە پاتاڵەکەدا بگێڕم و قرپۆك و ئەیاغی لێ هەڵوەژێرم و گەجەر گوجەری لێ هەلاوێرم و تێر گوشت و بژاردەکەی بۆ شابنێرم؛ نەوەك ڕۆژەردیمان بێتە سەر. خۆ ئەگەر لەو هەلاواردن و هەڵبژاردنەشدا کەم و کووڕیەك بکەوێتە بەینەوە، لە دواییدا پڕی دەکەینەوە.

حوسێنبەگ ئەم پێشنیارەی بە دڵ بوو؛ چەند کەسێکی لە قزڵباشی تێڕادیوی خۆی ڕەگەڵ خست و بردیانە لای کوڕەکانی.

تا ئەوان گەیشتنە شەرەفاباد، تاریکان داهاتبوو. محەممەدی بە قزڵباشەکانی پاسەوانی گوت: دەڵێن چی؟ ئەم شەو لە لای کوڕەکانم میوان بین؟ چونکە تازە شەوە و چاك و چرووکی ناژەڵ لێك ناکرێتەوە؛ بەیانی بە ڕووناکی لە پاتاڵەکە دەڕوانین و دەزانین کامی قەڵەوە و پتەوە، وەپێش خۆمانی دەدەین و دەیبەین و پێشکەشی دەکەین و ئەوی لەڕ و دالگۆشت و بێ بڕەوە، جیای دەکەینەوە و گلیدەدەینەوە. زۆر دەمێکیشە چاوم بە جگەرگۆشەکانم ڕوون نەبۆتەوە، با ئەم شەو تێریان ببینم و بیاندوێنم. قزڵباشەکان مانەوەی شەو و میوانی کوڕەکانیان بە باش زانی و گوتیان چی تێدایە؟ با وابێ.

محەممەدی تاریکایی شەوی بە دەرفەت زانی و خۆی و کوڕەکانی سەر و ئەسپی زۆر باشیان هەڵبژارد و ناوی خوایان لێ هێنا و مامزیان گەیاندەتەڕادی کەحێلان و دەستەو جڵەو بە سەرڕەو تێیان تەقاند و وەك تیری ساردەکەوان بۆی دەرچوون؛ لوڕستان بگرە و هاتم! شەوەکی ئەو شەوە کە دەنگ و باسی ئەم کۆچ و ڕەوە بە ناو قەزوێندا گەڕا و گوێچکەی شاش بەو دەنگە زرینگایەوە، فەرمان

دەرچوو کە ئەمیــرخانی فەرمانڕەوای هەمەدان و دەســتەیەکی هەڵبژاردەلــە چــاپك ســوارانی قزڵبــاش بکەونە شوێن مــحەمەدی و کوڕەکانی و دەردەستیان کەن. بەڵام ئەسپی ژێــر ڕکێفــی عەجــەمان ئــەو کردەو دەرهاتووانە نەبوون کە تۆزی سوارچاکانی لوڕ بشکێنن؛ زۆر لە چارەوێکانیان لە ڕێگەدا سەکەت بوون و بە دەم لە پووشی گەڕانەوە.مــحەمەدی و کوڕانی ڕێگای دەرۆژیان بە چــوار ڕۆژ بــڕی و خۆیــان گەیاندەوە لوڕستان.

شاڕوستەم وەك گوتوویانە: ترسی لە بێچووەمار بوو، هەژدیهاشی دوچار بوو! کــاتێ زانیــەوە کــە مــحەمەدی بە کوڕانەوە هاتەوە، دەشــیزانی دەســەریەوە ناچــێ و هــەر بــە گــەز و ڕیــەی خــۆی بــۆی دەپێوێتەوە، ئۆقری لێ هەڵگیــرا و کونەمشکی لێ بوونە قەیسەری و سەری خۆی دەبن کەوشێ گرت و ئەو هەڵاتنەی پێ هەڵات، ئاوڕی نەداوە هەتا لە کووچە و کۆڵانەکانی قەزوێن خۆی گرتــەوە و لــەوێش دەناو کڵاوسووراندا ماتەی هەڵگرت و تازە ببــڕای-ببــڕای بیــری لە لوڕستان نەدەکــردەوە و نەیــدەوێرا خەونیش بەو ڕۆژەوە ببینێ کە کوێخایەتی کردووە. لە قەزوێنیش چونکە کــەس کــاری پــێ نــەمابوو، کارێکیان پێ نەسپارد و بەرهەڵدا-بەرهەڵدا دەخولایەوە هەتا ڕۆژێــك لــە برســان و لــە ترســان ســەری نایەوە و ناوی لە رووپەڕی ژیان کوژایەوە.

مــحەمەدی لە سەر هەموو خاکی لوڕستان بوو بە فــەرمانڕەوای ســەربەخۆ و شــای بــێ‌جوقــە. بەدەستەڵاتێك بوو خودا نەبێ کەسی بە باڵادەستی خۆی نەدەزانی و دەیگوت پیاوم دەوێ لار بڕوانێتــە لوڕستان و مەردم گەرەکە بــەردم وەبــەر پــێ بــدا. بەوپــەڕی سەربەســتی و ئــازادی دەژیــا و قۆشــە و پوڵەسووتاوێك لە داهاتی لوڕستان بە هیچ ناوێکەوە نەدەچووە گیــرفانی هیچ ناپیاوێکەوە.

مەردی و نەبەردی سامێکی وای بۆ پەیدا کرد کە شاتۆماسب و شائیسماعیلی دووەمیش دڵیــان ڕادەگرت و هیمی دۆستایەتیان دەگەڵ دادەڕشت.

دوای ئەوە کە شائیسماعیلیش مرد و پشتی دەدنیا کرد، مــحەمەدی خۆی کردەلاگیــری سوڵتان مرادی عوســمانی و سوڵتان بە دۆستایەتی مــحەمەدی زۆر شاد و دڵخۆش بــوو. لــە ئاســتانەوە بــۆی بڕایەوە کە ناوچەکانی مەندەلی و چەسان و بادرانی و تەرساق -کە موڵکی تایبەتی شاهانە بوون- ئەو بە سەری ڕابگا و دەرامەتیان -کە دەیکردە دوازدە کیسە زێڕی عوســمانی و بەرانبــەر بــە شەشــسەد تومانی عیــراق بوو- مووچەی ساڵانەی مــحەمەدی بێ. فەرمانێکی سوڵتان مرادیشی بۆ دەرچوو کــە

هەتا مــحەمەدی دۆستی دڵسۆزی دەوڵەت بێ، ئەو مووچە و بەراتــەی هــەر بــبێ. ســەرەڕای ئــەوەش فەرمانی فــەرمانڕەوایی لوڕستانیــشی بــۆ مــۆرکرد و گــەلێك خــەڵاتی درایــە و دراوی زۆری پێــدرا و کەمەربەند و حەمایەڵە شیــری زێڕیــن، بەشێك بوون لەو خەڵاتانە.

چەند ســاڵێك بــەو جــۆرە ڕایبــوارد. بــەڵام پیــاوی وەك مـــحەمەدی کــە ســەری بــۆ عاســـمان نەدەچەماند، نەیدەتوانی لالایی لە بەر میــری میــرانی بەغدا بکات و زمــان لووســی و کلکەســوتە و خۆهێنانە پێش، زۆر لەو بەدوور بوو. میــری میــران لە ســەر ئــەو ســەربەرزیەی خۆشــینەدەویــست و بەگەکانیتری عوســمانیش هەر سەبارەت بەو ئاکارە پیاوانەیەی بە تاوانباریــان دەزانــی و لــە هــەموو لایەکەوە لێی کەوتنە دوژمانی و درۆیان بە دەمــەوە هەڵدەبەســت و کارێکیــان کــرد کــە بــە دزیــەوە فەرمانێکی سوڵتانیان خستە دەست کە هەر کــاتێ بۆیــان لــوا مـــحەمەدی بگــرن و بیخەنــە بەنــد و پێوەندێ.

مــحەمەدی هەســتی بــەو کــەین و بەیـــنە کردبــوو، خــۆی دوورە پــەرێز دەگــرت و هــەلی بــۆ هەڵنەدەخســتــن کە بەردەستی بکەن. تەنانەت ڕۆژێك یەك لە بەگلەربەگەکانی عوســمانی -کە خۆی بە گاشەخۆر دەزانی- سەرەڕێی لە مـــحەمەدی گرت و نیازی گرتنی دەدڵ گرتبوو. بەڵام مــحەمەدی لــەو کەسانە نەبوو کە ئەم جۆرە قەلە و قوتانە بەنی بابــدەن و بــە بــەگلــەرێك و دوان و ســیان و دەیــانیش بگیــرێ. بەگلەری چەنبەری لەو ڕێگرتنەی، لە هەناسەی سارد و خوێنی گــەرمی خــۆی بــەولاوە چــی دەسگیــر نەبوو. لەو ڕۆژوە مــحەمەدی پتر لە پێشوو خۆپــارێزی دەکــرد و ئاگــای لــە خــۆی دەبــوو. توخنی بەغدا نەدەکەوت و تەنیا داهاتی ئەو موڵکانەی وەردەگرت کە دوورە بەغدا بوون و لە مــوڵکی تایبەتی شاهانە بۆی دیاری کرابوون.

شاوێردی و جیهانگیــری کوڕیشی -کە بە ناوی بارمتەی دڵسۆزیەوە لە بەغدا گــل درابوونــەوە- ڕۆژێك کە دەیانزانی والی لە بەغدا دەرچووە و بە ناوی گەشــت و ڕاوەوە چــۆتە چــوڵ و دەشــتەوە، بــە هەلیان زانی و بە جووتەسوارە لە شار دەرچوون و ئەســپیان تــاودان و بــە جۆرێکیــان داژۆت کــە بــای شەماڵ و خەیاڵی تورکانیشیان پێ ڕانەدەگەیشت و خۆیان گەیاندەوە لوڕستان.

لەو سەروبەندانەشدا سولتان مـحەمەد کوڕی شاتۆماسب[1] ناردبوویە سەر کیژی مـحەمەدی کـە بۆ هەمزەمیـرزای کوڕی خۆی بـخوازی و نیازیشی لەم خزمایەتیـە نێـوان خۆشـبوونی مـــحەمەدی و ئێران بوو. ئەمیرمـحەمەدی بەو خزمایەتیە ملی داو کچی خـۆی کردەبـووکی شـای ئێـران و دیـسان دۆستایەتی دەگەڵ قزڵباشان دامەزراندەوە. تا ژیا هەر بە سەربەرزی و ئازایی ژیـا و کـە مـردیش بـە ئازادی مرد.

شاوێردی کوڕی مـحەمەدی[2]

لە پاش نەمانی میـرمـحەمەدی -لە سەر پەسندی ڕیش‌سپی و کەیـخودایانی لوڕستان- شاوێردی لـە سەر تەختی فـەرمانڕەوایی ڕۆنیـشت و لـە دیـوانی شاسـولتان مـــحەمەدی سەفەویـشەوە فـەرمانی فەرمانڕەوایی بۆ دەرچوو.

کاتێ کە هەوساری کاروباری فەرمانڕەوایی ئێـران کەوتـە نـاو لـەپی بـە هێـزی شاعەبباسـەوە[3]

١- سولتان مـحەمەدی خودابەندەکوڕی شاتۆماسبی سەفەوی، ساڵی ٩٨٥.ك (١٥٧٧.ز) لـە جێگـەی شائیـسماعیلی دووەم -کە برای بووە- کراوەتە شا و هەتا ساڵی ٩٩٥.ك (١٥٨٧.ز) پادشا بووە. جەمیل

٢- فەرمانڕەوایەکی زۆر بە مشوور بووە و کاروباری وڵاتی زۆر بە ڕێك‌وپێکی بەرێوە بردووە و سنووری قەڵەمڕەوی خۆی گوشاد کردۆتەوە و لەشکری زۆری پێکەوە ناوە و چەك و جبەخانەی فـرەی وە سـەر یـەك نـاوە و گەنـــجینەی لـە دراو ئاخناوە و ئەوەندەبە دادگەری و دڵسۆزی دەگەڵ ژێردەستانی خۆیدا ڕەفتاری کردووە کە هەموو کەس خۆشی ویستووە و لە فەرمانی دەرنەچوون. ساڵی ٩٩٧.ك (١٥٨٨.ز) سەنان‌پاشای چغالەزادەی تورك، بـە لەشـکری بەغـدا، نەهاوەنـدی گرت و خەڵکی ئەو ناوەی هەموو ئاوارە کرد و قەڵایەکیشی تێدا بنیـات نـا و بـەو هێرشـەی قورقومازخـانی حـاکمی هەمەدانی خـستە تەنگانـەوە. گـەلێك لـە سـەردارە کوردەکـانیش بـە تایبـەتی کـوردی شـارەزووری کەوتنـە گـەل. چغالەزادەپەلی هاویشتە عەلی شوکور و شارەزووریەکانی ناردەسەر هەمەدان. شاوێردی‌خـان بـە هێـزی خوێـەوە هاتـە هاواری قوقورمازخان. لە پاشان ئامۆژگاری قورقورمازی کرد کە بەو لەشکرە کەمەیەوە بە گۆ سەنان پاشادا نەچێتەوە باشتـرە. قورقوماز ئەم ئامۆژگاریەی بە خەیانەت زانی و قسەکەی بە دەم دادایـەوە؛ شـاوێردی تـۆرا و بـە لەشـکرەوە هاتەوە لوڕستان و دەستی‌کرد بە دابەستنی سنوور و قەڵاکانی و ئەو هۆزە کوردانەش کە ئاوارە ببوون پـەنای دان و لـە خۆی کۆ کردنەوە و سەربەخۆیی لوڕستانی ڕاگەیاند و دەگەڵ دەوڵەتی عوسـمانیش خۆی کردەدۆست.

لە پاشان کە عوسـمانی و ئێرانی پێك هاتنەوە، شاوێردی ساڵی ١٠٠٠.ك (١٥٩١.ز) خۆی کردەوە بە دۆستی ئێـران و بوو بە خزمی شاعەبباس. جەمیل

٣- شاعەبباسی یەکەم کوڕی سولتان‌مـحەمەد خودابەندەی سـەفەوی، لـە سـاڵی ٩٩٥.ك (١٥٨٧.ز) و هـەتـا سـاڵی ١٠٣٧.ك (١٦٢٨.ز) پادشایەتی کردووە.جەمیل

ویستی پتر لە پێشوو پایەی دۆستایەتی دەگەڵ فەرمانڕەوایانی لوڕستاندا پتەو بکا. لە پێشدا خوشکە گەورەی شاوێردی -کە بێوەژنی هەمزە میـرزای برای بوو- لە خۆی مارە کرد.

دۆتـامێکی خۆشی -کە نەوەی بارام میـرزا بوو- لە شـاوێردی مـارە کـرد و بـەو خزمایەتیـە ئەوەندە لێك نزیك ببوونەوە وەك دەڵێـن موویان دەبەرەوە نەدەچوو.[1]

ئەم دۆستایەتی و نێوان خۆشیە هەروەك خۆی ما هەتا وەختێك کە شاعەبباس ئەغوەرلوو بـەگی بەیاتی ناردەسەر هەمەدان و کردیە گزیری خۆی لەو نـاوەدا. ئـەغوەر بـەگ و شـاوێردی دوژمـنی لـە مێژینەی یەکتـر و وەك کێرد و پەنیـر وابوون. لور و بەیات هەر لە کۆنەوە خوێنەخوێی یەکتـر بوون و هەمیشە لێك دەخەفتان و لە بەهانە دەگەڕان.

شاوێردی و ئەغوەرلوو لە سەر مەڵبەندی برووجرد کردیانە کێشە و دەستیان لێـك دایـە چـەك و هۆزەکانی لور و بەیات لە نزیك برووجردەوە تێك بەربوون و هەرا قەوما. ئـەغوەرلوو بـەگ و زۆربـەی پیاوە سەرناسەکانی بەیات و گەلێك لە شەڕکەرەکانیان لەو شەڕەدا کوژران. لەشکرچـی لوڕسـتانیەکان ڕژانە ناو ماڵ و منداڵی بەیاتەوە و دەستیان کرد بە تاڵان و شڕەخۆری و لە سیـــر هـەتا پیوازیـان بـۆ نەهێشتـن و وەك پەلکی سیـریان لێ کردن.

شاقولی بەگ برای ئەغوەرلوو بەگ بە هەر ئاوایەك بوو خۆی گەیانـدەلای شـاعەبباس و نسووك و بەدی کارەساتەکەی بۆ گێڕاوە و چۆن برا و خزمەکانی کوژراون و چۆن ماڵیان بە تاڵان براوە، هـەمووی لە بەردەم دانا. شاعەبباس بە بیستنی ئەو دەنگوباسە تەمێکی بە سەردا هات و گڕی گرت و لە ڕکان هەروا ئاورینگی دێنان و هەر ئەو ڕۆژە خۆی لێ ساز کرد و بەرەو لوڕستان هێرشی هێنا.[2]

شاوێردی کە زانـی وا شـاعەبباس هـەر خـۆی هـاتووە و زانـی بەربـەرەکانی شـای پـێ نـاکرێ

١- دەڵێن شاعەبباس هەر بۆیە خوێ کردۆتە خزمی شاوێردی کە فریوی بدا و لە خۆی دڕدۆنگ نەکا و بتـوانێ کێـسی لێ بێنێ و لە بنەی بهێنێ و هەر وا لەوە دەگەڕا کە بەهانەیەکی بۆ هەڵکەوێ. بۆ ئەو مەبەستەشی ئەغوەرلوو سوڵتانی بەیاتی تورکمانی حاکمی ئیسفەهانی ناردەبرووجرد کە پیتاکی بۆ کۆ بکاتەوە. ئیتـر دەگـەڵ شـاوێردی خانـدا بـوو بـە شەڕیان و ئەغورەلوو دەگەڵ چەند میـرێکی تورکمان سەریان تێدا چوو. جەمیل

٢- گوایە شاعەبباس لەو سەردەمەدا بۆ شەڕی ئۆزبەکان بەرەو خوراسـان دەچـوو؛ کـە ئـەم خەبـەرەی بیـست، بـەرەو لوڕستان گەڕایەوە. جەمیل

و کەللەی پێ لە کەللەی شاعەباس نادرێ، دەگەڵ چەند کەسێك لە دەستە و بەستەی خۆیدا بە ماڵ و منداڵەوە باری کرد و بە هەزار کوێرەوەری لە چەمی سەمیرە پەڕیەوە و خۆی گەیاندەچیای کلاو. ئیتر خەڵکەکەیتری لوڕستان، ماڵ و منداڵ و وردەو یەخسیریان لەم بەری چەم قەتیس ما.[1] لەشکری شاعەبباس بە سەری دادان و گەلێکی شپرزە کردن و زۆر پیاوی لێ کوشتن و هەرچی سامان و دارایی هەیانبوو هەمووی قزڵباشان بە تالانیان برد و نانی شەویان پێ نەهێشتن.

شاعەبباس مەهدیقولی سوڵتانی شاملووی کوڕەزای ئەغزەوار سوڵتانی لە سەر خۆڕڕەمابادی پاتەختی لوڕستان دانا و کردی بە میری میرانی ئەو سنوورانە و چەند کەسێك لە سەرکردەکانی قزڵباشیشی لە کن بە جێهێشت کە هاریکار و پارێزگاری بن. ئەوسا بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە پایتەخت.[2]

لە دوای ئەوە کە شاعەبباس لە ئارادا نەما و گەڕایەوە قەزوێن، شاوێردی وەگورد کەوتەوە و کۆمەڵێکی لە پیاوە بە کارەکانی کورد و گۆران لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و رووی کردەوە لوڕستان بۆ دەرپەڕاندنی مەهدیسوڵتان.

زۆر بێباکانە و بە لەخۆبووردوویی لە چەمی سەمیرە پەڕیەوە و لە پشت خوڕڕەمابادەوە خۆی بە لەشکری مەهدیقولیدا دا. شەڕێکی زۆر گەرم و گوڕ و بە خوێن و

١- حوسێن حوزنی لە کتێبی *لوڕستان*دا دەڵێ: شاوێردی بە لەشکرەوە کشایەوە و خۆی گەیاندەچیای گورکوە کە لە سنووری نێوان بەغدا و لوڕستانە و بیست فرسەخ لە سەدمەرەوە دوورە. شاعەبباس بە لەشکرەوە بۆی چووە؛ ئەویش کە زانیویە دەستی لێ هەڵناگرن رووی کردۆتە بەغدایە و شاعەبباس گەڕاوەتەوە. جەمیل

هەروەها حوزنی لەو کتێبەیدا دەڵێ: گەلێك لە کاربەدەستانی لوڕستان کە یەك لەوان ئەمیر قەیسەرخان بێدل و سەرۆکی هۆزێکی دوو هەزار ماڵی بوو، لە شاوێردی هەڵگەڕانەوە و چوونە لای شای ئێران. جەمیل

٢- شاعەبباس وڵاتی لوڕستانی بچووکی کردەدوو کەرتەوە: کەرتێکی دابە مەهدیقولی ناوبراو، کەرتەکەیتریشی دایە دەست سوڵتانحوسێنی کوڕی شاڕوستەم و هەموو سەرەكهۆزەکانی لوڕی بچووکی بانگ کرد و خەڵاتی کردن و رایسپاردن کە لە فەرمانی سوڵتانحوسێن دەرنەچن و هەزار سەریشی مەڕ بە دیاری دابە سوڵتانحوسێن و لە دوای ئەوەش کە هۆزی قەرەئالووسی لە لوڕستان گوێزتەوە و ناردیە عەلیشوکور، بۆ خۆی رۆژی دەی موحەڕەمی ساڵی ١٠٠٢.ك (١٥٩٣.ز) گەڕایەوە بۆ قەزوێن. جەمیل

خوڕ لەو ناوەدا ڕوویدا؛ بەڵام لە ئەنجامدا لە پاش کوشت و کوشتارێکی دژوار و بێژمار، لەشکری شاوێردی خۆی نەگرت و ڕای کرد و هەر کەسە لەو ڕۆژدا، ببووە دزی گای خۆی و وەك ئاردی ناو دڕکانیان لێهات. شاوێردی لە پاش ئەو تێشکانەی، ڕووی کردەبەغدا و هانای بردەبەر عوسمانیەکان و لەوێ گیرسایەوە.[1]

شاعەبباس کە بەمەی زانی بەراوردی کرد و لێکی دایەوە، وای بە باش زانی بە هەر نرخێك بێ لە دەمی عوسمانیانی بپچڕێتەوە و نەبێتە داردەستی دوژمنانی.

فەرمانی شاهانەی دەرکرد کە خوڕڕەماباد و لوڕستان بدرێتەوە دەست شاوێردی و لە جێگەی باب و باپیرانی خۆی فەرمانڕەوایی بکا. کەمبەرە شیری زێڕین و گەلێك خەڵاتی شایانی بۆ نارد و لە ناو هەواڵانیدا سەرفرازی کرد.[2] ئێستا کە مێژوو ١٠٠٥.ك

١- شاعەبباس دوای ئەوە کە شاوێردی لە لوڕستان ئاوارە کرد، پەژیوان بۆوە. حەزی نەدەکرد شاوێردی بێتە دۆستی عوسمانیان؛ چونکە دەیزانی ئەگەر ئەو سەردارە نامدارە و ئەو پاڵەوانە قارەمانە دوژمنی ئێران بێ، ژیان بە خەڵکی خۆزستان و فارس و عەلیشوکور و لوڕستان تاڵدەکا و بە تاڵان و چەتەیی لە بنەیان دێنێ. لەوانەشە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەوڵەتیعوسمانی لەشکری بداتێ و بینێرێتە سەرئێران. لەبەرئەوە هەر بیریدەکردەوە چۆنی بێنێتەوە سەروڵاتی خۆی. لە دواییدا ئیعتمادودەوڵە فەرهادخانی بە ناوی پشکنینەوە ناردەلوڕستان و ڕاشیسپارد کە زۆر پەلە بکا و تەقەلا بدا کە شاوێردی ئاشت کاتەوە. ئیعتمادودەوڵە فەرهادخان پیاوی ناردەلای شاوێردی و وتووێژیان لە ناودا هاتووچوو. دوایی ژوانیان لە گۆڕستانێك کرد و هەردووك لا سوێندیان بۆ یەکتر خوارد و پەیمانی ئاشت بوونەوەیان بەست. ئەمە لە ساڵی ١٠٠٣.ك (١٥٩٤.ز) دابوو؛ ئیتر شاوێردی هاتەوە خوڕڕەمابادی پاتەختی و فەرمانڕەوایی پێشووی گرتەوە دەست و شاعەبباس خەڵاتی کرد و ئەویش هەزار زێڕی بەخششدا بە پیاوەکانی ئیعتمادودەوڵە و هەروەها بە لەشکرەوە ڕەگەڵی کەوت و چوونە سەر خۆزستان کە شۆڕشی تێدا هەڵگیرسا بوو. جەمیل

٢- شەرەفخان هەر هەتا ساڵی هەزاروپێنجی نووسیوە؛ بەڵام لە دوای ئەوە لە ساڵی ١٠٠٦.ك (١٥٩٧.ز)دا شاعەبباس دەشاوێردی هەڵپێچا و دەیەویست لە ناوی بەری و تۆڵەی لێ بکاتەوە. بەو نیازەوە و بە لەشکرێکی زۆرەوە ڕووی کردەئیسفەهان و لە ڕێگەدا بای دایەوە سەر لوڕستان و لە نەکاو بە سەر شاوێردیدا دا. شاوێردی کە زانی دەگەڵیان دەر نابا. لە بەریان هەڵات و خۆی گەیاندەسنووری عیراق و لەوێشەوە چوو خۆی لە قەڵای چەنگلەدا قایم کرد. شاعەبباس بە سەرکردایەتی ئەڵاوێردیخان، لەشکری ناردەسەر و ئابڵۆقەی قەڵاکەیان داو لە پاش چەند شەڕ و پێکا هاتنێك شاوێردی بە دیل گیرا و بردیانە سەدمەرە بۆ لای شاعەبباس. کاتێ گەیشتە بەردەمی شا، دەستی کرد بە جوێن پێدانی و ئەگەرچی شا بە نیاز نەبوو بیکوژێ، بەڵام ڕقی هەستا و فەرمانیداکوشتیان. ئەمجار شاعەبباس ڕووی لە حوسێنخان سەلویزی نا کە بە سەر لوڕستان ڕابگا. حوسێنخان لە بەر←

(١٥٩٧.ز)یە شاوێردی ماوە و زۆر بە کامرانی فەرمانڕەوای لوڕستانە.

←خاتری ماڵەمیران قبووڵی نەکرد. شاعەبباس بەوە زۆر تووڕە بوو؛ فەرمانیدا هەرچی کەس و کاری شاوێردی بوو، هەر لە کۆرپەی ساواوە تا پیر و پەك کەوتەی نێرومێ، هەموویان کوشتن و ناسەواری بڕینەوە و بەو کارە نامەردانەیەی، پەڵەیەکی وا ڕەشی لە مێژوودا خستە سەر خۆی کە تووێڵی مرۆڤایەتی خوەدانی پێدەدا. لە پاش ئەوە کاروباری لوڕستانی دایە دەست سوڵتان حوسێنەوە کە ئەویش کچەزای شاوێردیخان و لە هۆزێکی لوڕی لای پشتکۆ بوو.

ئەمینزەکی دەڵێ: ئەگەرچی ئەو میرحوسێنە ماوەیەکیش بە سەر لوڕستان ڕاگەیشتووە؛ بەڵام کاتێ نادرشا تۆماسبقولی بۆتە شا، سەدمەرە و هێزماس و پشتکۆی داوە بە هۆزی ئینانلوو. بەمە پەردەبە سەر فەرمانڕەوایی لوڕستانی گچکەدا کشاوە؛ بەڵام نەوە و نەتەوەی شاوێردی میرنشینیەکی پچکۆڵەیان لە پشتکۆ هەر لە دەست داما و فەرمانڕەواکانی -کە بە والی ناو دەبران- بە زنجیرە ئەمانەبوون:

١- حوسێنخان ٢- ئیسماعیلخان ٣- ئەسەدخان ٤- حەسەنخان ٥- کەلبعەلیخان ٦- عەلیخان ٧- حەیدرعەلیخان ٨- حوسێنقولیخان ٩- غولامڕەزاخان. لە ڕۆژگاری ئەم غولامڕەزاخانەدا ڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٤٦.ك (١٩٢٨.ز) دامیرنشینیە سەربەخۆکەی لە بەین برد و حاکمێکی سوپایی بە سەرەوە دانا.

مستر ئەدموندس ئەم غولامڕەزاخانەی بە والیەتی دیوە و لە بەر کتێبێکەوە کە والی دایناوە مەقالێکی ڕاگوێزتووە و نووسیویە: «ئەوانەی لوڕستانیان لە ژێر حوکمدا بووە ئەمانەن: حوسێنی یەکەم، شاوێردی، مەنسوور، حوسێنی دووەم، عەلیمەردان، مەنوچیهر، شاوێردی دووەم، ئیسماعیل، محەمەد، ئەسەدولا، محەمەدحوسێن، محەمەدحەسەن، حەیدەر، حوسێنقولی، غولامڕەزاخان.» سێیەکانی پێشوو لە خوڕڕەماباد لە گۆڕستانی ئیمامزادەنێژراون؛ حوسێنی دووەم چونکە هۆزی قەرەئالووسی ڕێ نەدا لە زەهاو بپەڕنەوە و بچنە لای عوسمانی، شا کردی بە والی. عەلیمەردان دوای ئەوەی کە چاوی شاوێردی برای خۆی کۆڵی، نادرشا ناردیە ئاستانە و کە لەوێوە دەگەڕاوە، لە دەوری کەرکووك مرد و لە گۆڕستانی ئیمام زەینەلعابدین نێژرا. [گۆڕی زەیدی کوڕی عەلی لە گوندی ئیمام و باکووری ڕۆژهەڵاتی تاوغە] ئیسماعیل هەشت ساڵی حاکمەتی کرد و دراوێکی زۆری لە ئیسفەهان وەسەر یەك نا. محەمەدحەسەنخان، ئاغامحەمەدخانی قاجار کردیە والی لوڕستان و ساڵی ١٠٥٥.ك (١٨٤٩.ز) یان وەك ئەمینزەکی دەڵێ ١٢٥٦.ك (١٨٤٠.ز) مردووە و ٩٠ ساڵی تەمەن بووە و کراویشە والی پشتکۆ؛ چونکە لوڕستان لە نێوان کوڕەکانیدا -عەلی و ئەحمەد و حەیدەر- بەشکراوە و عەلی لە ساڵی ١٢٥٨.ك (١٨٤١.ز)دا حاکمێکی ناودار بووە و تەنانەت شێخی هۆزی بەنیلامی عەرەبیش سەرانەیان داوەتێ. لە پاشان حوسێنقولیخان لە ڕۆژگاری ناسرەدینشای قاجاردا کراوەتە والی و زۆری خزمەتی دەوڵەتی ئێران کردووە. دوای ئەوە کە غولامڕەزاخان بۆەتە والی و خزمەتکاری ئێرانیش بووە، والیەتیەکە هەڵوەشاوە و خراوەتە سەر ئێران. جەمیل

بەندی پێنجەم

پادشایانی میسر و شام

کە بە بنەماڵەی ئەییوبی بەناوبانگن

چیرۆك بێژانی دەمڕاس و دیرۆكزانانی دوڕناس و مێژوونووسانی تەڕدەست و مێژووناسانی پیتۆڵ و لە سەر هەست، بۆ باسی ئەم مەبەستەمان بەم جۆرە دەست پێ دەکەن و دەڵێن:

باپیرانی پادشایانی میسر و شام بە بنە و بنەچەکە دەگەنەوە سەر شادی کوڕی مەروان[1] و لە هۆزی کوردەکانی ڕەوەندە[2]ن و لە مەڵبەندی ئازربایجان، لە گوندی دوین[3] دەژیان. گوندی دوین ئێستا وێرانە و لە شوێن ئەو گوندێك بە ناوی «چغور سەعد»ەوە ئاوەدان کراوەتەوە.

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری سوڵتان مەسعوودی سەلجۆقیدا، یەکێك لە کاربەدەستانی سوڵتان پاراستنی قەڵای تکریتی بە شادی -باپیرە گەورەی ئەییوبییەکان- ئەسپاردووە و بەو هۆیەوە شادی لە

١- لە بنەماڵەیێکی گەورە و سەرەكهۆز بووە، لە گوندی ئەجدنکانی نزیك بە دوین ژیاوە. بە ڕەگەز دەچێتەوە سەر پادشایانی شەددادی کورد. هاوچەرخی ئەمیرفەزلونی سێهەم بووە. کاتێ ئەمیرقرتی تورکمان وڵاتەکەی بۆ سەلجۆقیان لێ داگیر کردوون، شادی لە نیشتمانی خۆی ئاوارە بووە.

٢- لە کتێبی *اخبارالدول*دا دەڵێ: لە هۆزی حەمیدی کوردە؛ بەڵام ڕەوندە، ڕواندا، ڕەوندی یان ڕەوادی تیرەیەکن لە هۆزی هەزەبانی، هەزانی یان خێزانی؛ کوردن کە لە نێوان هەولێر و ئازربایجان دەژیان و هۆبەیان لە لای ئشنە (ئاران) بوو. جەمیل

٣- مێژوونووسان لە سەر ئەو ناوە کێشەیانە؛ هێندێك دەڵێن: لە نێوان هەولێر و ڕەواندزە و نزیکی گوندی دێرحەریرە؛ کە سەر وەختێك پاتەختی فەرمانڕەوایی سۆران بووە. زانای گەورەی کورد مەلامحەممەد کوڕی حاجیهەزارمێردی. لە ئیبنو خەلەکانی کوردەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویە: «دوین دال بۆر و واو ژێر. شارۆکێکە لە نزیك هەولێر و زۆربەی کاولگەیە و ئەمڕۆ ئەو دەوروبەرە بە وڵاتی سۆران ناسراوە». هێندێکیش گوتوویانە لە ئازربایجانە و کەوتۆتە لای سنووری ئاران (یەریڤان) و گورجستان. شەرەفخان خۆی لای وایە و گەلێك لە مێژووناسانی ئێستاش وەك دوکتۆر ئەحمەدبیلی و ئەمینزەکی بەگ هەر لە سەر ئەو بڕوایەن؛ بەڵام قازیمەحیەدین لای وایە بدوین بیتوێنی ئێستایە کە لە لای کۆیسنجەقە. جەمیل

تکریت گیرساوەتەوە و هەر لەوێدا ماوەتەوە، هەتا ڕۆژی تیسنداری ژیانی کەوتۆتە خۆرنشینی مەرگەوە و شادی لە کەس‌وکاری بووە بەشیـن.[1]

لە پاش نەمانی شادی، کوڕی گەورەی -کە ناوی نەجمەدین ئەییوب بوو-[2] لە سەر کاری بابی دامەزرا و ئەرکی قەڵاداری کەوتە سەر شانی. نەجمەدین ئەییوب برایەکی لە خۆی گچکەتری هەبوو ناوی ئەسەدەدین شێرکۆ بوو.[3] لەو سەروبەندانەدا کە نەجمەدین ببووە دژداری تکریت، ڕۆژێك لە ڕۆژان نەجمەدین و شێرکۆ پێکەوە بە ناو شاری تکریتدا دەگەڕان؛ لە نەکاو ژنێك بە زیرزن و گریان و هاوار، هاواری بۆ هێنان و دەست و دامێنیان بوو، کە بیکەن لە ڕاهی خودادا کابرایەك چاوی بڕیوەتە ناموسم و ئێوە نەمپارێزن ئاورووم دەبا! وا خۆم هاویشتە داڵدەو پەسیوی ئێوەوە.

ئەسەدەدین‌شێرکۆ بە بێ‌ڕامان و سێ‌ودوو لێ کردن، ڕای‌کردەسەر کابرای بێ ئابڕوو ئابڕووبەر و ئەو نێزەی لە دەست دەرێنا کە گەفی پێ لە ژنەکە دەکرد و هەر بە نێزەکەی خۆی برینێکی وا حەستەمی لێ کرد کە بە بێ لینگەفرتە و نقەکردن، هەر دوو جاران دەمی پێك دادا و مرد.

نەجمەدین وەك هەموو فەرمانداریکی خۆ نەبوێر و ڕێوشوێن‌زان، شێرکۆی برای خۆی کۆت و زنجیر کرد و خستیە زیندان و کارەساتەکەشی چۆن دیبوو، ئاوای دەنامەیەکدا نووسی و بۆ نایبی سوڵتان مەسعوودی سەلجۆقی نارد و چاوەنۆڕی فەرمانی بەغدا بوو.

نایبی سوڵتان مەسعوود لە وڵامی نامەی نەجمەدین‌دا نووسیبووی: ئەو کابرایەی کە برای تۆ کوشتوویە، دۆستێکی زۆر نزیك و خۆشەویستی من بوو؛ زۆری بۆ بە پەرۆشم. لە لایەکی‌تریشەوە

١- ئەمیرجەمالەدین بەهرووز کۆنە کۆیلەی شادی بووە. کە شادی ئاوارە کراوە، بەهرووز لە لای مەلیکشای سەلجۆقی دامەزراوە و یاریدەی لەلەی شازادانی کردووە. کاتێ لەلە مردووە، بەهرووز جێگەی گرتۆتەوە. وریایی زۆری لە خۆی نیشان داوە و لە ئەنجامدا کراوەتە والی بەغدایە. ئەوسا ناردوویە بە شوێن شادی کۆنە خاوەنیدا و قەڵای تکریتی داوەتە دەست. لە پاش مەرگی شادی، نەجمەدین ئەییوب و شێرکۆ بوونە دژداری تکریت؛ کە شارێکی بچووکە و لە لای ڕۆژاوای دەجلەیە و سەر بە سامڕایە. جەمیل

٢- نەجمەدین لە گوندی ئەجدنکان هاتە دنیاوە و ساڵی ٥٦٨.ك لە میسر دنیای بەجێ هێشت. جەمیل

٣- ئەبولحەڕب شێرکۆ کراوە بە سەرکردەی لەشکری نورەدین زەنگی و ساڵی ٥٥٥.ك ئەمیرحەج بووە و ناردراویشەتە میسر بۆ یاریدەی خەلیفە عازەدوبیلای فاتمی و سێ جار دەگژ فەرەنگان ڕاچووە و کراوەتە وەزیری خەلیفە و لە بیستودووەمی جیمادی دووەمی ساڵی ٥٦٤.ك دامردووە و لە مەدینە نێژراوە. جەمیل

هەواڵ و هۆگری تۆشم. زۆر دەترسم ڕۆژێك تووشم ببێ بە تووشی شێرکۆوە و خوێنم هەڵچی و خۆم بۆ ڕانەگیرێ و لە تۆڵەی دۆستی لە دەست چووما، شیری لێ بکێشم و لێمان ببێتە کێشە و دیسان خوێن بێتە سەرخوێن. من وای بە باش دەزانم تا تەمی ماتەمی ئەوم لە سەر دەڕەوێ، ئێوە لەو مەڵبەندەبارکەن؛ با چاومان بە یەکتر نەکەوێ.[1] نەجمەدین لە وەرامەوە زانی کە تازە لە تکریت مانەوە تامی نەماوە. دەگەڵ شێرکۆی برایدا نێوماڵ و کەل و پەلی خۆیان پێچایەوە و باریان کرد و ڕوویان کردەمووسڵ و چوونە لای عیمادەدین زەنگی؛ کە فەرمانڕەوای مووسڵ بوو[2]. عیمادەدین زۆری بەخێر هێنان و گەلێکی ڕێز لێ نان و زۆر بە ڕووی خۆشەوە لە لای خۆی گل دانەوە و کردنیە باوەڕپێکراوی خۆی و لە سەر خواست و ئاواتی خۆیان دای‌مەزراندن.

کاتێ کە شاری بەعلەبەك کەوتە دەست عیمادەدینەوە، بە نەجمەدینی ئەسپارد کە بە سەر کاروباری ڕابگا و کارگوزاری ئەوبێ.

نەجمەدین کەڵەپیاوێك بوو لە پیاوە هەڵبژاردەکانی جیهان؛ بەمشوور و کارزان و ئازا و پاڵەوان و لەسەرخۆ و پشوودرێژ و بەرچاوفرەوان و دەستودڵپاك و ئاکارچاك و لە خواترس و پارێزگار و لاگری بێچارە و هەژاران و ئاگری سەرگیانی دوژمن و بەدکاران و جێگەی شانازی دۆست و یاران؛ لە هەر کوێیەك و لە هەر جێیەك ماوەیەك ماوەتەوە، بە دادگەری و هونەروەری دەنگی داوەتەوە.

لەو سەروبەندەدا کە بە سەر بەعلەبەك ڕاگەیشتووە، خانەقایەکی بۆ سۆفیەکان دروست کردووە کە بە نەجمییە ناوی ڕۆیشتووە.

لە پاش مەرگی خوالێخۆشبوو عیمادەدین زەنگی، نەجمەدین و ئەسەدەدین شێرکۆ چوونە لای

١- مامۆستامحەمەد کورد عەلی لە کتێبی *القدیم والحدیث*دا دەڵێ: کابرای پەلاماری ژنەکەی دابوو، لە ئەفسەرانی پارێزگاری قەڵا و مەسیحیش بوو. لەو شەوەدا کە نەجمەدین دەبوو تکریت بەجێ بێڵێ، سەلاحەدین لە دایك بوو، باوکی پێوقەدەمی بە شووم زانیوە. نووسەرێکی بەردەستی، خاوی کردۆتەوە و گوتوویە: ئەم منداڵە گوناهی چیە کە خۆی لێ بە خاوەن ناکەی؟ چووزانی لە دواڕۆژدا نابێتە پادشایەکی بەناوبانگ؟ جەمیل جورجی زەیدان دەڵێ: میرزاکە مەسیحی بوو؛ ئەگەر ئەو نەبا، نەجمەدین سەلاحەدینی ساوای دەخنکاند. هەژار

٢- عیمادەدین زەنگی کوڕی ئاقسونقور، بە سەر بەغدا ڕاگەیشتووە و ساڵی ٥٢١.ك (١١٢٧.ز) بۆتە فەرمانڕەوای مووسل و ساڵی ٥٤٠.ك (١١٥٥.ز)- کە ئابلۆقەی قەڵای جەعبەری داوە- کوژراوە.

نوورەدین مەحموود[١] کە پادشای شام بوو. نوورەدین بەهاتنی کوڕانی شادی،شادوشاگەشکەبوو؛ زۆری بەخێراتن کردن و گەلێکی بەرێزگرتن. شێرکۆی کردەسەرداری لەشکر و شاری حیمسیشی پێ سپارد.[٢]

عازدی ئیسماعیلی والی میسر[٣] -کە لە چەنگ فەرەنگان وە تەنگ هاتبوو- هانای بردەبەر نورەدین مەحموود کە بە هاواریەوە بچێ. نورەدین مەحموود سێ جاران شێرکۆی بە لەشکری گرانی خۆیەوە ناردەمیسر و یاریدەی عازدی دا. لە جاری سێهەمیندا -لە سەر خواستی عازد- شێرکۆ، شاپووری وەزیری عازدی کوشت و لە جێگەی ئەو کرا بە وەزیر.[٤] بەڵام هێشتا گوڵێکی لە گوڵزاری وەزارەت نەچنیبوو کە شەختەی سەختی مەرگی لە پڕ، بەرگ و پەلکی گوڵی ژیانی پەرپەر کرد و هەڵیوەراند و کۆچی بێوادەی ئەو ئازا و ئازادە- وەك دڕکەزی- چەقیە ناو جەرگی هەموو میسری و شاسیەکەوە؛ لە دوای تەنیا ٦٥ ڕۆژ وەزیرایەتی کردن، ڕۆژی دووشەمە، دووەمی مانگی جیمادی یەکەمی ساڵی ٥٦٤.ك (١١٦٩.ز) گیانی پاکی بە خودای تاك سپارد و لە پاش ئەو سەلاحەدینی برازای کرا بە جێنشینی.

١- نوورەدین مەحموود کوڕی عیمادەدین زەنگی ساڵی ٥١١.ك (١١١٧.ز) لە حەڵەب هاتۆتە دنیاوە و ساڵی ٥٤٠.ك (١١٥٥.ز) بۆتە فەرمانڕەوا؛ پادشایەکی دادگەر بووە و لە ڕێی ئیسلامدا زۆری شەڕی فەرەنگان کردووە. قەڵا و وارشی زۆری لە دەوری زۆر شاران دروست کردووە و گەلێك فێرگەی ئایینی بنیات ناون؛ بیست و هەشت ساڵ بە سەربەخۆیی پادشایەتی کردووە و ساڵی ٥٦٩.ك (١١٧٣.ز) لە شام مردووە و هەر لەوێش نێژراوە. جەمیل

٢- نەجمەدین و شێرکۆ ئاشنایەتی پێشوویان دەگەڵ نوورەدین هەبووە؛ ساڵی ٥٢٦.ك (١١٣٢.ز) ئەتابیك نوورەدین لە باشووری تکریت دەگەڵ سەلجۆقیان بە شەڕ هات و زۆر خراپ شکا و خۆی گەیاندەتکریت. نەجمەدین میوانداری کرد و بە کەڵەك و بەلەم لە دەجلەی دەرباز کرد. جەمیل

٣- والی بووە یان خەلیفە؟ عازدوبیلا یازدەمین خەلیفەی فاتمی عوبەیدییە و ناوی عەبدوڵا کوڕی یوسف کوڕی حافیز بووە. ساڵی ٥٥٥.ك (١١٦٠.ز) بە لاوەتی کراوە بە خەلیفە و ساڵی ٥٦٧.ك (١١٧١.ز) مردووە. جەمیل

شەرەفخان هەر خۆی بە ناوی خەلیفە عازد ناوی بردووە. بڕوانە چاپە فارسیەکەی میسر، ڕووپەڕ ٨٦. هەژار

٤- شاپوور (شاور) لە پەیسەری ئەسەدەدین شێرکۆ و هەواڵانی دەگەڕا و لێیان دەخەفتا. نیازی وابوو کە بانگێشتنێکیان بکا و لە ماڵە خۆیدا هەمووان بکوژێ. ئەو پیلانە پێ زاندرا و ڕۆژێك لە سوپاگەدا سەلاحەدین گرتی و باڵ بەستە ناردی بۆ خەلیفە کە فەرمانی لە سەر چیە؟ خەلیفە بۆی ناردەوە کە سەری ببڕن و سەرەکەی بە دیاری بۆ بنێرنەوە. ئابەم جۆرە ئەو وەزیرە خاینەی دەیەویست وڵاتەکەی بدا بە فەرەنگان، سەری تێدا چوو. جەمیل

سەلاحەدین یووسف کوڕی نەجمەدین ئەییوب

سەلاحەدین لاوێکی ژیهاتی و ژیر و کارامە و پیاوێکی زیت و زۆرزان و بە زیپك و دەستگەرم بووە. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر خۆی ڕەپێش خست و هەموو کاروباری میسری خستە ناو چمك و ژێر چۆکی خۆیەوە و کارێکی کرد کە هیچ کەسێك لە میسردا هیچ کارە نەبێ، خۆی نەبێ.

لە لایەن خەلیفە عازدەوە نازناوی مەلیك ناسری پێدراو و لەو ساوە بە مەلیك ناسر سەلاحەدین ناو براو.

سەلاحەدین لە دوای ئەوە کە زۆر باش لە میسردا خۆی داکوتا و هەموو کاروباری ڕووبەڕا کردن، پیاوی بە نامەوە ناردەشام و وەڵامی بۆ نوورەدین بە ڕێ کرد و تیا درکاندی: گەورەم خۆت ئاگاداری کە چەندێکە لە دیداری ئێوە بەش براوم و چاوم بە کەسوکار و خزمانم نەکەوتووە. بە تایبەتی زۆرم وەڕەزی باوکم کردووە و زۆری بۆ بە تاسەم. ئەگەر ئەو چاکەیەشم دەربارە بکەی و ڕێگەی بابم بدەی بێتە لام و بە دیداری شابم، هەرگیز لە سوپاسگوزاریت ڕزگاریم نایە.

نوورەدین ئاواتەکەی پێك هێنا و نەجمەدین، بەرەو فرزەندی جگەرگۆشەی -کە دەمێك بوو بۆی بە پەرۆشەوە بوو- بەرەو میسر چوو.

ڕۆژی بیستوچوارەمی ڕەجەبە مانگی ساڵی ٥٦٥.ك (١١٦٩.ز) نەجمەدین گەییشتە میسر و خەلیفە عازد -هەر خودی خۆی- تا دەرەوەی پاتەخت بە پیریەوە هات و زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە پێشوازی لێکرد.

نەجمەدین ئەییوب کە مینا یاقوب پێغەمبەر، لە سوێی ئازیزی لە بەردڵان و جگەرگۆشەی پاڵەوانی، جگەربرژاو و چرژاو و لە تاوی دووره دیدەیی یۆسفی میسری جوانی، تانە لە چاو و بێ‌تین و تاو بوو؛ هەموو ئاواتی هەر ئەوەندەبوو جارێك لە کەنارێکەوە هەواڵێکی بژنەوێ یان لەباتی دەنگ و باسی، بۆی کراسی، وەبەر بێقل کەوێ. ئەوا خوا کارێکی وای کردووە کە دووبەدوو، ڕووبەڕوو دەبنەوە و هەمبەر بە یەك خۆ دەنوێنن و تێر و پڕ دەبەژن و باڵای یەك ڕادەمێنن و دەس دەملی یەکتر وەردێنن و تەمی سەردەمی تووشی جودایی دەڕەوێنن و دێو و خێوی حەستەمی ڕۆژانی لێك بڕان و چاوەنۆڕی دەتۆرێنن و دەتارێنن. لەو تووشی یەکتر هاتنەوەدا، فرمێسکی شادی هەڵدەوەرین و پەلك و بەرگی چرۆی داری پەژارە و خەمباری - وەك گەڵاڕێزانی ساردەپاییز- دادەورین.

باب و کوڕ پێك شاد و شوکور بوونەوە و لە ناو چەپڵەڕێزان و گوڵبارانی حەشاماتدا بە دڵی خۆش و چاوی ڕوونەوە بەرەو ماڵ بوون و بۆ ناو شار چوونەوە.

سەلاحەدین لە بەرانبەر ئەو سەروەرە خاوەن ناوەی باویدا، هەر دەبوو بە تنۆکە ئاوێك و بە چاوێکی ئەوەندەبەڕێزەوە سەیری دەکرد کە هەموو کەس سەیر دەما.

هەر کە نەجمەدین تۆزی ڕێگەی تەکاند و شەکەتی ڕەواند و پشووی داو حەسایەوە، سەلاحەدین کەوتە خاك و پایەوە و لە بەری پاڕایەوە کە وەزیرایەتیەکە خۆی بیکا و ئەمیش وەك بەندەیەکی ئالقە بە گوێ فەرمانبەرێکی بە گوێ و گوێ لە مست و ڕاست و درووست، لە بەر دەستیدا ڕاوەستێ و بە ڕاوێژ و فەرمانی ئەو دانیشێ و هەستێ و نۆکەرێکی کەمبەر بەستەی بێ. بەڵام نەجمەدینی وا پسپۆر و دوورناس -کە دەیزانی نرخی کوڕەکەی چەندەو چەند هێژا و بە جەوهەر و هونەروەر و مەرد و ڕەندەو چاوی تێوە بوو کە چۆن ئەستێرەی بە گرشەی شکۆ و سەربلندی، لە ئاسۆی هات و کامڕانیدا دەدرەوشێتەوە و سات بە سات پتر دەگەشێتەوە- باش تێ گەیبوو کاڵای خونکاری هەر بە باڵای ئەو بڕاوە و لە کەسیتر ناوەشێتەوە؛ بە هیچ ئاوایەك ملی نەدا جێگەی بگرێتەوە و بۆی لە خودا پاڕاوە کە هەر باڵادەست و کامڕەوا بێ. لە سەرەتاکانی مانگی محەڕەمی ساڵی ٥٦٧.ك (١١٧١.ز) دا، خەلیفە عازد بە نەخۆشی لە سەر جێگا کەوت و پتر لە دەڕۆژی نەخایاند کە چاوی لە دنیای ڕوون نوقاند و لە مەڵبەندی ڕابردوواندا لە ناو نوێنی گلکۆدا بۆ هەمیشە لێی خەوت.[١]

سەلاحەدین بوو بە یەکەمین کەلەپوورگری خەلیفەی خوالێخۆشبوو. هەر کە خەلیفە سەری ئاوا

١- خاوەنی *أخبارالدول* لە ڕووپەری ٩٩ی کتێبەکەیدا دەڵێ: «سەلاحەدین کە بوو بە وەزیر، عازدی گرت و لە کۆشکێکدا خستیە ژێر چاوەدێرییەوە هەتا مرد»؛ بەڵام من ئەمە بە ڕاست نازانم؛ چونکە سەلاحەدینێکی دەگەڵ خاچپەرستەکانی قەستەسەری ئەوەندەباش ڕەفتار بکا بۆ تیماری برینداریان بژیشك بنێری و بە بەفراو تونیایەتیان بشکێنێ، دەگەڵ نان بدەی خۆی -ئەگەر ئەمەشم ڕاست بێ! کە لە دوای مامی کردی بە وەزیر- بۆ گەیشتن بە کورسی پادشایەتیەکی کە درەنگ یا زوو هەر هی خۆیەتی، چۆن ئەو ڕەفتارە ناهەموارە دەکا؟ سەرەڕای ئەوەش زۆربەی مێژووناسان پێچەوانەی ئەوەی دەگێڕنەوە. جورجی زەیدان دەڵێ: «عازد پیلانی دژی سەلاحەدین ڕێك دەخست و شێخ سولەیمانی گزیکاریش -کە ئەبولحەسەنیان پێ دەگوت و بە تەمای جێنشینی و خواستنی ئەمیرە سیتەلمەلیك خوشکی عازید بوو- لەو پیلانەدا یاریدەی عازیدی دەکرد. بەڵام چونکە سیتەلمەلیك خۆشی نەدەویست و بە گیان و دڵ ئەڤینداری عیمادەدینی هاونشینی سەلاحەدین بوو، مەرگیش کە بۆ عازید لە کەمیندا بوو،پیلانیان تێکدا. جەمیل

بوو، سەلاحەدین خۆی گەیاندەسەر گەنجینەی گەواهیرات و کۆ-کۆ و لودە-لۆدەزێڕ و زیو وەسەر یەك نرابوون و هەڵدرابوونەوە. چەند یەغدان و سندوق و تیر و جەوالّ، لە خشلّ و خەملی دوڕ و یاقووت و زمڕووت و لالّ، قەڵاپەچن و دارمالّ بوون؛ هیچ لێی ڕانەوەستا، سووکە دەستێکی پێدا هێنا و ڕایمالّی.

ئەو هەموو دراوە -لەسکە دراوە، لە زێڕ و زیوان- کە دەژمارە و پێوان نەدەهاتن و بە سالّ و زەمانان کۆمەڵی ئیسماعیلی بەو نیازە کە ڕۆژێك دێت و دراو بۆ ڕۆژی وا بە کاریان دێت، قۆشە-قۆشە و چکە-چکە بە گردەوەکۆیی وەسەر یەکیان نابوو، لە خەزێنەی خەلیفەکەی خۆیان دانابوو، هەمووی مابوو؛ بە خڕوپڕی و سووك و هاسان کەوتە دەس گەڕناسانی کورد.

یافیعی لە تاریخەکەیدا دەڵێ: هێندێك لەو شتانەی کە دەگەنجینەی عازیددا بووە و دەست سەلاحەدین کەوتووە، دار عەسایەك لە زمڕووتی ڕووت و سەدهەزار بەرگ کتێبی دەستنووسی زۆر هێژا و خۆشخەت بووە.[1]

ئیتر لە پاش مەرگی عازید ناوەکەشی لە ئاسۆ ئاوا بوو؛ کاروباری دنیاداری لە میسردا بۆ سەلاحەدین یەکلا بۆوە.

سەلاحەدین ئەو جار دەستی کرد بە ڕێك و پێك کردنی دارایی و داهاتی میسر و لەشکری زۆر و تێری ساز کرد و ئەوەندەش بە دادگەری و دڵسۆزی ڕەفتاری دەگەڵ ژێردەستان و بێدەستان دەکرد کە دڵی زۆربەی زۆری خەڵکی میسری بە لای خۆیدا هێنا و لە هەموو گۆشە و کەناران و گوند و شاراندا، باس هەر باسی پیاوەتی و کارچاکی سەلاحەدین بوو.

کە سەلاحەدین لە میسردا بوو بەو دەسەڵاتدارە، چاوچنۆك و چرووك و قرپۆکە پیاوان، لە لای نوورەدین بۆیان تێ چاند و پێیان ڕاگەیاند کە سەلاحەدین وەك پادشالە خۆی دەڕوانێ و خۆی بە پیاوی

١- یافیعی لە تاریخەکەیدا (٣-٤٤٥) دەڵێ: کاتێ سەلاحەدین دەستی بەسەر کۆشکی نشیمەنی عازیددا گرت و مالّ و سامانەکەی خستە دەست خۆیەوە، هەرچی ویستی لێی هەڵبژارد و بە ئارەزووی لێشی بەخشی و لێشی فرۆشت. گەواهێرات و نەغدینەی ئەوەندە بەنرخی هەبوون کە گەلێك ساڵان خەریکی کۆکردنەوەیان ببوون، وێنەیان لە خەزینەی هیچ پادشایەکدا نەبووە. لەمانە چەڵاکێکی زمرووت بوو کە قامیش و نیوێك درێژایی بوو. ئەسپی لەیاقووتی هەبوو. گەلێك شتی تریش. هەر کتێبی بژاردە و خۆشخەتی سەدهەزار بەرگ تێیدا بوو. جەمیل

تۆ نازانیێ. نوورەدین دڵی لە سەلاحەدین کرمیێ ببوو؛ لیێ بڕابوو کە بۆ خۆی بچێتە میسر و یەکێکی‌تر لە جێگەی سەلاحەدین بکاتە وەزیر و ئەوی لە سەر کار لابەریێ. سەلاحەدین کاتیێ بەم کەین و بەینەی زانیەوە، کۆڕێکی پێك هێنا و باوکی و خاڵی و خزم و کەسی خۆی کۆکردەوە و مەبەستەکەی خستە گۆڕیێ و داوای کرد کە لە هەموو سەرێکەوە لێی بتۆژنەوە و بیر و بڕوایان چییە دەری بڕن.

تەقیەدین -کە برازایەکی سەلاحەدین بوو- لە ناو کۆڕەکەدا هەستا و گوتی ئەگەر نوورەدین هەر پێی داگرت و هاتە میسر، بە لەشکرەوە پێشی لیێ بگرین و بە گژیدا بچین. ئێمە هەتا دەسمان چەك بگریێ و هەتا ڕەگی تەڕمان دەلەشدا مابیێ، نابیێ میسر لە دەست خۆمان بدەین.

نەجمەدین کە لای سەرووی هەمووانەوە ڕۆنیشتبوو، وتارەکەی نیوەچڵ بە تەقیەدین بڕی و گەلێکی جوێن پێدا و دەری کردەدەرەوە. ئەمجار ڕووی کردەسەلاحەدین و پێی گوت: کوڕی خۆم! من باوکتم و شەهابەدینیش خاڵتە؛ ئێمە تۆمان لە هەموو کەس خۆشتر دەویێ. ئەگەر ئێستا ئێمە هەردووکمان چاومان بە نوورەدین زەنگی بکەویێ، دەکەوینە خاك و پایەوە و دەستەونەزەر بە نۆکەری لە بەر دەسیدا دەوەستین. ئەگەر فەرمانی کوشتنمان بدا، بە بیێگومان لە تەهی دڵمانەوە ملی بۆ کەچ دەکەین و دەستی وەبەر ناهێنین. جا کە ئێمە باوك و خاڵت بین و وابین، کاربەدەستان و سەردارانی چەکدارانت دەبیێ چۆن بن؟ ئەگەر بە ڕاستی و بە وردی بیر بکەینەوە، ئەم وڵاتە پارچەیەکە لە زەوی و زاری نوورەدین مەحموود و ئێمەش هەموو نانخۆر و کۆیلەی ئەوین. ئەگەر ئارەزووی دەرکردنمان بکا، ناچارین بڕۆین و ئەگەر فەرمانی سزا دانمان بدا، سەر بە فەرمانین. ئەگەر بە قسەی بابی خۆت دەکەی، وەرە و وەك پێت دەڵێم بە نامەیەك بۆ نوورەدین مەحموود بنووسە: گەورەم! وەك من گویێ بیستبووم گوایە دڵی پڕ بەزەیی و پیرۆزت هاتۆتە سەر ئەو نیازە کە لەشکری نەبەز و هەمیشە سەرکەوتووەکەی خۆتان بنێرنە میسر؛ بۆ ڕزگار کردنی. وەك من بیری لیێ دەکەمەوە لام وایە هیچ ئەمەی پیێ ناوی و بۆ منیش لە مردن گرانترە کە ئێوە تۆزی ڕێگاتان لیێ بنیشیێ و خودا بەو ڕۆژە نەکا لە ڕێگەدا ئێوە شەکەت و ماندوو بن.

من تا ئێستا هەرگیز لە کۆیلەیی و نۆکەری ئێوە سەرپێچیم نەکردووە و ناشیکەم. هەتا دەمرم و بگرە دوای مردنیش من خۆم و گیانم بە پاسەوانی پێچکی تەختی فەرمانڕەوایی ئێوە دەزانم.

تـــا تـۆم ناسیوە من خۆم فڕێ دا   هەرچی بیفەرمووی سەرم لە ڕێدا

ئەگەر خودا نەخواستە لە منی کۆیلەی ئالقە بە گوێوە ئاکارێك سەری هەڵدابێ، یان کـارێکی وا ڕووی دابێ کە بە هۆیەوە تۆز و گەردێك لە دڵی ڕۆشنی ئێوە نیشتبێ و من خۆم پێم نەزانیبێ، دیسان پێویست بەوە ناکا ڕەنـجی سەفەرت بدەمە بەر و باری گوناهم لە سەر خۆم سەنگینتر بکـەم. لـەوێوە نۆکەرێکی بەردەستی خۆتان بنێرن، با لێرەوە بە دەستی خۆی زنـجیـر بـخاتە گەردنــمەوە و ڕەکێـشم کا هەتا دەمهێنێتە بەر ئاستانەی دەرگانەی خانەدانی سایەچەورت.

بـــەندەی ســـەرکز و شکستە باڵم   خۆڵی بەر دەرگات بە چەم دەماڵم

سەلاحەدین لە ئامۆژگاری بابی دەرنەچوو؛ نامە نووسرا و بــە ڕێ کـرا. کـۆڕ بـڵاوەی کـرد و لـە بێگانە هەڵوەژێرا. نەجـمەدین و سەلاحەدین دووبەدوو مانەوە. باوك ڕووی کردەکـوڕی خـۆی و گـوتی: کوڕم! تۆ هێشتا لاوی و سەرت گەرمە و زوو هەڵدەچی! هێمان سارد و گەرمی ژیان، قاڵی نەکردویت و لە کڵی دەرنەخستویت و لە بەراورد کردنی سوود و زیانتدا پوخت و پاراو نەبوویت. دەبێ ئەوەندەبزانی هەر وەك گەف و هەڕەشەی نوورەدین لە شامەوە بە تۆ گەیشتووە، هەرا و گوڕەشەی تۆش بە نوورەدین دەگاتەوە. ئەوی سرتەی خەڵکت بۆ دێنێ، لای خـەڵکیش بـۆت تـێ دەچـێنێ. سـبەی ڕۆژ نـوورەدین دەیزانیەوە کە تۆ چنگت بە سەر میسردا گرتووە و ناتەوێ بەشی ئەوی لێ بـدەی؛ هەرچـی لـە هێـز و توانایدا بوایە و دەستی پێ ڕاگەیبایە، دەیهێنا کایەوە و لەشکری شام و مووسڵی لێ دەنگ دەدایـن و دەهاتە سەرمان بۆ شەڕمان و سا بە هەر نرخێك بۆی بکرایە و بە هەر جۆرێك بۆی بلوایـە، ئەوەنـدەی زیان پێدەگەیاندین، ئەگەر بۆشی دەر نەکرابایـــن هێـز و گـوڕی زۆر لـێ هەڵدەقرچـاندین. بـەڵام وەك دەڵێن: مار بە فیتوی نەرم لە کون دێتە دەر؛ ئەم باریك ڕستنەی ئێستامان ئەو گشتەکە گـشتە وەهـا خاو دەکاتەوە کە باو ناخواتەوە و ئاو بە ئاگردا دەکرێ و کێشە دادەمرکێتەوە.

کوڕم! ئێمە لە باتی ئەوە کە شەڕی نوورەدین بکەیـن، زۆر ئـەرکی گریـنگتـــرمان لـە پێـشە و دەبێ بەرەو پێشی ببەیـن و ئەنــجامی بدەیـن و دواڕۆژی خۆمان قایم کەین.[1]

١- جورجی زەیدان دەڵێ: نەجـمەدین پێی گوت: بە خودا ئەگەر نوورەدین داوای قامیشە شەکرێکی میسر بکا، دەگەڵی بە شەڕ دێم و خۆمی دەگەڵ دەگۆڕمەوە. هەژار

لە ڕاستیشدا هەر وەك نەجمەدین بەراوەردی کردبوو، ڕاست هاتەوە. کاتێ نامەی سەلاحەدین و باس و خواستی ناو کۆڕ و گفت و لفتی نەجمەدین گەیشتەوە نوورەدین، پشووی هاتەوە سەرخۆ و ژەنگی دڵتەنگی مشت و ماڵ کرا و وەرامی نامەی سەلاحەدینی بە ڕووخۆشی و پڕ لە دڵخۆشیدانەوە نووسیەوە و تیا درکاندی کە: «جگە لە تۆ کەس لە سەر میسر نابی و تۆ دەستی ڕاست و دڵسۆزی بە ڕاستی منی و لەوە بەو لاوە کەس ڕای ناکەوێ بەدگۆیی تۆم لە لا بکا و ڕێگە نادەم لە گوێ کاڵتـرت پێ بڵێن.»

ساڵی ٥٦٨.ك (١١٧٢.ز) نەجمەدین ئەییوب ڕۆژێك لە سەر ئەسپ هەڵدێرا و چەند ڕۆژێك لە ناو نوێن و باندا بە نەخۆشی مایەوە؛ ئەوسا گیانی بێ تاوانی بە بینایی چاوان سپارد.

کوڕی پایەبەرز و خاوەن شکۆی، لە بەرێکردنی تەرمەکەیدا، داربەستی خستە سەرشانی خۆی و لە شوێنێکدا کە شایانی ئەو باوکە بێ وێنەیە بوو، بە خاکی سپارد و پرسە و سەرەخۆشی شاهانەی بۆ دانا.

نەجمەدین ئەییوب شەش کوڕی لە پاش بەجێ ما: سەلاحەدین یوسف،سەیفەدین محەمەد ئەبوبەکر، شەمسەدەوڵە تورانشا[1] ، سەیفەلئیسلام توغرولتەگین،شەهەنشاە، تاجەلملوك بوری.[2]

نورەدین مەحموود ساڵی ٥٦٩.ك (١١٧٣.ز) سەرزەمینی بەجێهێشت و بە مردنی ئەو سەلاحەدین بە بێ لەمپەر و بەرگر پادشایەتی میسری بۆ ڕەخسا و هیچ کۆسپی لەو بارەوە لە سەر ڕێ نەما و هەر بەوەندەشەوە نەوەستا؛ دوای ماوەیەکی کەمیش شامیشی خستە ژێر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆیەوە و ئاڵای دەوڵەتی ئەییووبی بە سەر وڵاتی شامیشدا شەکایەوە و هەناسەسارد و بێدەرەتان و شەکەتی ئەرکی ژیانی، لە ژێر سایەدا حەسایەوە.

١- مەلیك موعەززەم شەمسەدەوڵە تورانشا. لە زۆربەی شەڕەکانی دەگەڵ خاچپەرستاندا لە سەرداره هەرەئازاکانی لەشکر بوو. مونتەمەنەلخەلافە جەوهەر کە بە لەشکری سوودانەوە شۆڕشی دەکرد، توورانشا دەردەستی کرد و ساڵی ٥٦٧ سوودانی گرت و ساڵی ٥٦٩.ك دەستی بە سەر یەمەندا کێشا. ماوەیەك لە شام لە باتی سەلاحەدین حوکمی کرد و بە سەر بەعلەبەکیش ڕاگەیشتووە. یەمەن و بەعلەبەکی دایەوە بە سەلاحەدین و بە سەر ئەسکەندەرییە ڕادەگەیشت و ساڵی ٥٦٧ هەر لەوێ مردووە. جەمیل

٢- زانایەکی بەرز و شاعیرێکی توانا بووە. ساڵی ٥٥٦.ك هاتۆتە دنیاوەوە دەگەڵ کاکی دەوری حەلەبی داوە و زۆر ئازایانە دەگژ دوژمن ڕاچووە و لە شەڕدا بریندار بووە و برینەکەی وەبنی داوە و ساڵی ٥٧٩.ك پێی مردووە. جەمیل

سەلاحەدین کەسی بێ کەسان و فریاڕەسی بێدەسان بوو. بەدکار نەویست و هەژار خۆشەویست بوو. ڕووی لە هەر لایەك بکردایە، ئاهۆی پیسی و بێفەڕی و نەگریسی لێ دەتاراند و هەر شوێنێك سایەی ئەوی پێدا ڕابېردایە، پیت و برەوی بەرپێزەوی بە سەر دانیشتووانیدا دەباراند.

لە دوای شامیش زۆری نەخایاند کە شاری قودس و خەلیلەرەحمانیشی لە فەرەنگان پاکردەوە و خوار و خیچی خاچی ڕاست و یەکلا کردەوە.

تەڕابولس و یەمەن

لە لایەکیتریشەوە سەلاحەدین بەهائەدین قەراقوشی برازای خۆی[1] بە لەشکرەوە بەرەو خۆرنشین بەرێ کرد و ئەویش خاچپەرستەکانی لە تەڕابولسی غەرب وەدەر نا؛ کە دەمێك بوو چەپاویان دەکرد.

تیرێژی ئەستێرەی بەختی سەلاحەدین سات بە سات پتر و زۆرتر سەرزەمینی دەتەنیەوە و سروەی ئازادی لە سایەی ئەو خانەدانەدا، دەم بە دەم خۆشتر دەشەنیەوە. هێشتا هەواڵی گرتنی تەڕابولس کۆن نەببوو، کە مزگێنی هات وا توورانشاش یەمەنی گرت و ئەو لە دین دەرچووەی کە بە زۆر دولینگەی بە سەر یەمەندا بەردابۆوە و ناوی عەبدولنەبی بوو، لە شەڕگەدا بە دەستی پیاوەکانی توورانشابە کوشت چوو.[2]

وەك باسمان کرد زۆربەی زۆری وڵاتی شام -بە دەمشقی پاتەختەوە- کەوتە ژێر دەستی سەلاحەدین .مەلیك سالح ئیسماعیل کوڕی نورەدین مەحموودیش فەرمانڕەوایەتی حەڵەبی بە

١- *قاموس الاعلامی* تورکی دەڵێ: قەراقوش کۆیلەی سەلاحەدین بووە و برازای نیە. ناوی بەهائەدینعەبدولا بووە و نەبووسەعیدیشیان پێ گوتووە. سوڵتانسەلاحەدین زۆری خۆش ویستووە؛ ئەگەر خۆی لە ماڵ نەبووبێ ئەوی لە جێگەی خۆی داناوە. کاتێ خاچپەرستان لە عەکا بە دیلیان گرت، سوڵتان بە دەهەزار زێڕی لێی کڕینەوە. ماوەیەك بە سەر شامیش ڕاگەیشت. پیاوێکی زۆر پیاو و خێرەومەند بووە؛ شوورەی قاهێرە و دژی جەبەل و پردی سەرەڕێی ئەهرامی جیزە و گەلێك تەکیە و میوانخانەی دروست کردوون. ساڵی ٥٩٧.ك (١٢٠٠.ز) مردووە. جەمیل

٢- عبدولنەبی کوڕی مەهدی، بە ملهوڕی یەمەنی گرت و پیاوێکی زۆردار و خوێنمژ بوو. گومبەزێکی لە سەر گۆڕی باوکی کردبوو. خەڵکی ناچار کردبوو کە لە باتی کابە لە دەوری ئەو گومبەزەدا سووڕ بخۆن. تورانشا گەیشتە سەری و کوشتی و تالانی کرد و گۆڕی بابی هەڵوەشاند و زێڕەکەی تواندەوە و بە جێگەی خۆی گەیاند. جەمیل

دەستەوە مابوو؛ لەوێ دامەزرابوو.[1]

سەلاحەدین ساڵی ٥٧٢.ك (١١٧٦.ز) فەرمانیدا دیوارێك بە درێژایی بیستونۆهەزاروسێسەد گەز لە ڕووکاری بیابانەوە بە هەر چواردەوری قاهیرەدا بکێشرێ. لە هەموولایەکەوە وەستا و فەعلەیان لێ کۆکردەوە و دەست بە کار کرا و هیچ وەخت کار ڕانەگیرا و پشوی تێ نەکەوت و وچانی لێ نەدرا و هەتا دواڕۆژەکانی ژیانی سوڵتانیش ئەو قوڕەکاریە دوایی هەر پێ نەهاتبوو.

شەڕی ڕەملە

ساڵی ٥٧٣.ك (١٢٧٧.ز) سەلاحەدین بە لەشکری زۆرەوە هێرشی بردەسەر شاری عەسقەلان و قەڵاکانی دەور و بەری و تاڵان و ماڵێکی زۆری لە خاچپەرستەکان گرت. نیازی وابوو ڕەملەش بگرێ. ئەو لە ڕێگەی ڕەملەدا بوو، لە پڕونەکاو لەشکرێکی گەورە و گران و لە ژمار بەدەری خاچپەرستان، وەك لێشاو بەوناوە وەربوون و لەشکری سەلاحەدینیان دەناوە خۆ گرت و دەرەتانیان بۆ نەهێشت و بوو بە کوشتوکوشتارێك لەو ڕۆژەدا باب ئاوڕی وە سەر کوڕی خۆی نەدەداوە. لە بەر تۆزی سواران، ڕۆژی ڕووناك و تاووساو، ببووە شەوەزنگێکی ئەنگوست لە چاو. دەم و دووخی شیران وەك ڕاخوشینی ئەستێران دەبریسکانەوە. لیزمەی بارانی تیران وەك تەرزەی خاکەلێوە لەو نێوە، کەی‌کەم ئیسەی کەم دای دابوو. لە هەر چوار کەنارانەوە، لە سۆنگەی خوێن بارانەوە، جۆی خوێن جۆخینی جەندەکی کوژراوانی گرتبووە بەر خۆی و ڕایدابوو. هەر گۆشتی تەڕ بوو بە دەم دەبانانەوە زوێڵ دەبوون و هەروا گیان بوون و بە دەم هەنیسکانەوە دەردەچوون. هەتا ڕمبی حەیزەرانی هەژدەقەفی بەگەڵ دەلەرین، سەری سواران لە دەشتی شەڕگەی بەریندا، وەك سێوی باوەرێن دادەوەرین.

هەر چەندەسوارچاکانی فەڕەنگ یەکجار زۆر و زۆر ئازا و لە شەڕدا نەهەنگ و خاوەن زۆریش بوون؛ بەڵام لەشکری پەروەردەی دەستی سەلاحەدین کە ترسان و هەڵاتنیان بەوپەڕی شوورەیی و نەنگ دەزانی، کۆی کەمی خۆیان وەبەر چاو نەدا و لە هەموو لایەکەوە هەر گوڕە و هەرا بوو. ڕۆژ ڕۆژی

---

[1] - ساڵی ٥٦٩.ك کە نوورەدین مرد، ئیسماعیل دەساڵانە بوو؛ سەلاحەدین وڵاتی شامی لێ داگیر کرد و تەنیا حەڵەبی بە دەستەوە مابوو. چەند ساڵێك حوکمی ئەوێی کرد و ساڵی ٥٧٧.ك (١١٨١.ز) مرد. جەمیل

کوڕانە و شەڕ شەڕی فەڕەنگ و کوردانە؛ پیاو لاشەی لە ناو گۆڕ بێ، نەک بەمێنی و سەرشۆڕ بێ.
کەس لەو هەنگامەیەدا خۆی نەوەشارد و لە جەنگ خۆی نەبوارد.

لەشکری سەلاحەدینی قارەمان هەتا شیری بڕی و تا هێزی تێدا ما، لە شەڕدا ما و لە شەڕ، دانەما و دوژمنی خۆی زۆر شپرێو کرد؛ بەڵام لەو زۆرانی کەم دەگەڵ زۆرەدا، زۆری زیان پێ گەیشت و بەشی هەرەزۆری بەسەربەرزی چوون. برازازای سەلاحەدین کە ناوی تەقیەدین و تەمەنی لە بیست بەهاری تێ نەپەڕاندبوو لەو شەڕەدا خونچەی ژینی پەرپەڕ کرا و لە سەر رووپەڕی سیایی ڕیزی مەردەنەمرەکاندا جێی خۆی کردەوە.[1] تەنانەت سەلاحەدین خۆشی زۆر جاران لەو شەڕەدا کەوتە تەنگ و چەڵەمەوە و درایە بەر گەمارۆ و خرایە شوێنی بەرتەنگ و مەودا کەمەوە و بە هەزار ناریعەلی و بە زەبری شیر و بە نووکی خەنجەر، لەمپەری پەڕاند و ڕیزی دڕاند و ڕێی بۆ خۆی کردووە و بە لەشکر شکاوی خۆی گەیاندەوە میسر.

خاچپەرستەکان لە دوای ئەو سەرکەوتنەیان لەشکریان بردەسەر حەما و لە دەوری قەڵاکەیدا چوار مانگ مانەوە.

لە بڕانەوەی ساڵی ٥٧٣.ك (١١٧٧.ز)دا قەڵای حەڵەب بە بێ شەڕ و لە ڕێی ئاشتیەوە کەوتە دەست سەلاحەدین و ئەویش فەرمانڕەوایی حەڵەبی بە مەلیك زاهیری کوڕی خۆی سپارد.

هێرشەکەی سەر شام

خاچپەرستەکان ساڵی ٥٧٤.ك (١١٧٨.ز) بە نیازی داگیر کردنی شامەوە هێرشیان هێنا و لەو دەمەدا فەڕروخ شا[2]ی برازای سەلاحەدین -لە باتی مامی- بە سەر شام ڕادەگەیشت؛ خۆی لێ ساز دان

١- ڕەنگە نیازی مەلیکمەنسوورمحەمەد کوڕی مەلیکموزەففەر تەقیەدینعومەر کوڕی نووروودەولە شەهەنشاه بووبێ. زانای بەناوبانگ ئەمیرعیسای هەکاریش لەو شەڕەدا بە دیل گیرا؛ سوڵتان بە دراوێکی زۆری کڕیەوە. جەمیل
٢- ئەمیرعیزەدین فەڕوخشا کوڕی نوورەدەولە شەهەنشا. فەڕەنگ لە ژێر سەرکردایەتی بلدوینشای چوارەمدا بوون؛ کە حاکمی ڕەملە بوو. فەڕوخشا وەخت بوو بلدوین بە دیل بگرێ، بەڵام هەمفری ناوێك -کە لە سوارچاکان (شەڤالیە)ی بەناوبانگی خاچپەرستان بوو- خۆی دەبەر گێڕا و ڕزگاری کرد و لە سەر ئەو خۆ دەبەر گێڕانە، بریندار کرا و هەر بەو برینەش مرد. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە شەڕی مرجعیون بە دوای ئەو شەڕەدا بە ماوەیەك ڕوویدا و ←

و ڕێبازی لێبڕینەوە. دەڵێن: نانێکی خواردووە بەو ڕۆنەوە، هاتووە بەو پێ و شۆنەوە. فەرەنگ لایان وابوو لە هەموو هەوران هەر دەباری و جاریّ سەرکەوتوون تازە دانابەزنەوە؛ بەڵام کە فەرۆخ شاخۆی دەرخست، بۆی دەرخستن کە بە تاقەگوڵێك بەهار دانایە و ئەو کوردەی ئەوان نەیانناسیوە بە تێشکانێك ورەیان بەرنەدایە و هەرگیز ترسیان بە دڵدا تێنەپەڕیوە. دوو لەشکر پێك وەربوون و دەگژ یەك ڕاچوون و هەنگامەیەکی زۆر بەسام ڕوویدا. ئەو ڕۆژە لەشکری ژێر سەرکردەیی فەرۆخی کورد، کارێکی بە فەرەنگان کرد با بە دەواری شڕی ناکا. هەر خاچ بوو دەسینگی فەرەنگاندا دادەپاچان و خوار دەبوونەوە و هەر خاچپەرست بوون بە سەر قەڵپووزی زیندا لار دەبوونەوە و بەرەو بەهەزار بەهەزاری مەرگ گلار دەبوونەوە. فەرۆخ تۆڵەی ڕەملەی دەقات لێ ساندن و زۆر پیسی شکاندن و تێی گەیاندن کە خەونی بەراوەژوویان دیوە؛ تەنانەت سەرکردەکەشیانی لە کۆڵ دنیایە کردەوە.

هەر لە ساڵی ٥٧٤.ك (١١٨٧.ز)دا شەهابەدین لالۆی سەلاحەدین -کە فەرمانڕەوای حەما بوو- ڕۆژی لە سەر زەوی نەمابوو؛ دنیای ڕوونی بەجیّهێشت و مەلیك موزەفەر تەقیەدین کوڕی شەهەنشاکوڕی نەجمەدین لە جێگەی ئەو کرا بە فەرمانڕەوای حەما و تا ساڵی ٥٧٧.ك (١١٨١.ز) فەرمانڕەوایی کرد و ئەویش ڕووی کردەبارەگای خودا و دنیای بیّ تانوپۆی بەخۆی ڕەوا نەدی.

ساڵی ٥٧٦.ك (١١٨٠.ز) شەمسودەوڵە توورانشاکوڕی نەجمەدین، ئەو ئازا و فیلەتەنەی بە زەبری شیر هەموو شار و گوند و چیا و چیمەن و دەشت و بەندەنی یەمەنی سەند و چووبووە ئەسکەندەرییە، گێژاوی مەرگ وەك گێژی ئەسکەندەر دەناو خۆی گرت و ڕوو بە نەمان ڕۆی هێشت. تەرمەکەیان هێنایەوە شام و لە فێرگەییەکی بنیاتی خوشکیدا نێژرا. لە پاش نەمانی توورانشاسەیفەلئیسلام تغتەگین توغرولتەگینی بسرای کرا بە جێنشینی و بوو بە فەرمانڕەوای یەمەن.

شەڕی تەبەریا (طبریه)، کە بە شەڕی حوتتین بەناوبانگە

ساڵی ٥٨٣.ك (١١٨٧.ز) ڕۆژێکی هەینی، لە ڕۆژەکانی مانگی مەولوود، لەشکری سەلاحەدین و

⟵ حاکمی تەڕابولس و بلدوینی حاکمی ڕەملە و هوج خاوەنی تەبەریە و گەلێك لە خاچپەرستانی گەورەیتر بە دیل گیران. بلدوین بە ٢٥٠ هەزار زێڕ و بە ئازاد کردنی هەزار دیلی موسوڵمان خۆی کڕیەوە. جەمیل

لەشکری خاچپەرستان، لە دەشتی تەبەریا گەیشتنە یەك و بەرانبەر بەیەك وێستان.

ئەوە ئەو ڕۆژە بوو کە سوڵتانسەلاحەدین بۆی دەگەڕا و پاڵەوانە داخ لە دڵەکانی مەگیرانیان پێوە دەکرد.[1] هەموو بە دڵ لیێ بڕابوون کە ژەنگی جەنگی ڕەملە بە یەکجارەکی لە مێشکی فەڕەنگان بکڕێنن و وایان لە بەر یەك هەڵدڕێنن کە لە مێژووی تازە و کەونیشیاندا گرینگترین بەسەرهات و

١- لە ئەنجامی شەڕی ڕەملەوە -جگە لە حاکمی تەڕابولس و ئەنتاکیە- بلاوین و هەموو سەردارانیتری خاچپەرست، پەیمانی شەڕ وەستاندنیان دەگەڵ سەلاحەدین بەست و ماوەیەکی زۆر دنیا ئارام و هێمن بوو. بەڵام لەو ساڵەدا هێندێك لە فەرمانڕەوایانی خاچپەرست پەیمانەکەیان شکاند و ئەرنات حاکمی کەرەك ڕێی بە کاروانێکی بازرگانە موسوڵمانەکان گرت و تالآنی کردن و ژن و پیاوەکانی بە دیل گرتن و جنێوی بە ئایینی ئیسلام دا. سوڵتان کە ئەم هەواڵە ناخۆشەی بیستەوە، لەشکری برد و لە بنکەی سەلامە نزیك بە گوندی بەسڕی، لەشکرپەزی کرد و ئەوەندەڕاوەستا تا کاروانی حاجیان دەرباز بوون و لەشکری میسریشی بۆ هات. ئەوسا گوێزایەوە تەلعەشتەر و کۆڕێکی لە سەرلەشکرانی خۆی پێك هێنا و پلانی شەڕیان داڕژت و بڕیاریان داکە بۆ هەتا هەتایە فەرەنگان تەنبێ بکەن.
ڕۆژی پێنجشەمە ١٦ی ڕەبیعیدووەمی ساڵی ٥٨٣.ك (١١٨٧.ز) ڕیزەکانی لەشکری ڕانا و مایەوە هەتا بۆ بەیانی نوێژی هەینی کرا و ئەوسا لەشکری دەنگ داو لە لای باشووری زێباری تەبەریەوە، لە ڕووباری ئوردون پەڕیەوە و بە دزیەوە ناردی کە بچنە سفوریا و بە وردی مەکۆی دوژمنی بۆ هەڵێنین.
بەر لە هەموو شتێك گردی کەفەرسەبتی لیێ گرتن و ڕێی هاتوچۆی لیێ بڕین. کۆمەڵێك پیاوی زۆر ئازا و بەکاری لە ڕووکاری دوژمن دامەزراند و خۆشی بە لەشکرێکی هێرش بەرەوە پەلاماری تەبەریەی داو زۆر زوو بەردەستی کرد. بەڵام قەڵاکە خۆی نەدا بە دەستەوە و ژن و منداڵ و دەست و پێوەند و گەلێك پیاوەکانی ڕیامۆند -کە لەو قەڵایەدا قەتیس مابوون- هاواریان بۆ جۆی شای خاوەنی سفوریە نارد.
خاچپەرستان کۆڕی جەنگیان پێك هێنا و بە گەل بڕیاریان داکە بەرەنگاری سەلاحەدین بن. لە بەرەبەیانێکدا بە پانەوە هێرشیان هێنا و نیازیان وابوو ڕێ لە سوڵتان ببڕن و لە لەشکرەکەی خۆی داببڕن و نەشهێڵن دەستیان بە ئاوی خواردنەوە ڕابگا؛ بەڵام سوڵتان دەستی خۆی ڕەپێش خست و هەموو ڕیسی لیێ کردنەوە بە خوری و ناچاری کردن پاشەکشە بکەن و بچنەوە سوپاگە. ڕۆژی دوایی کە دەبووە بیست و شەشەمی مانگ، لەشکری سوڵتان هەڵیکوتایە سەریان و لە بەر یەکیان هەڵوەشاندن و ڕاویان نان و جۆی شا و ڕینۆلدئەرناتی برای -کە حاکمی کەرەك بوون- دەگەڵ گەلێك لە خاچپەرستانیتر بە دیل گیران و لە پاش بڕانەوەی شەڕەکە، سوڵتان ڕووی کردەخێوەتی خۆیەوە و دەگەڵ ڕاوێژکەر و سەردارانی لەشکردا بە گەل سوژدەی سوپاسگوزاریان بۆ خودا برد کە بە سەر کافرانیدا زاڵ کردوون.
ئەمجار فەرمانیدا پادشا دیلەکانیان بۆ برد؛ لە لای خۆی دانان و بەفراویان بۆ هێنان و دەستی کرد بە سەرکۆنە کردنی خاوەنی کەرەك کە ئەو کەریەتیەی بۆ کردووە؟ کاروانی موسوڵمانی ڕووت کردووە و ناوی پێغەمبەری بە خراپ بردووە؟ لە سەر سوێندێکی کە خواردبووی بە دەستی خۆی ملی ڕینۆلدی پەڕاند؛ بەڵام جۆی شای زۆر لاواندەوە و بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە دەگەڵ گیراوەکانیتردا ناردیە دیمشق. جەمیل

نەھاتیان بیّ.

لێك مۆڕبوونەوەی دووربەدوور زۆری نەخایاند؛ خێوی خوێنخوازی ڕووبەندی لە سەر چارەی دزێوی لادا و بە چڕنووکی تیژ و نینۆکی درێژی پڕ قرێژی، لە شەپیلك و لاڕانی شۆڕەسوارانی شەڕانی ڕەبادا و لە پڕ دوو لەشکر وەکووو دوو دەریای لە گۆشت و ئاسن، بە یەکا ھاتن و پێکیان دادا. گوڕە و ھەوھەوی سواران و کۆڕە و حیلەی کەحێلان و ھابگرەی شیروەشێنان و دەبمرەی نێزەداران و ئاخ و ناڵەی برینداران لەو دەشتەدا مەحشەرێکی وای بەرپا کردبوو ساوای بەر مەمکانی دەکردەپیر و زۆرھانێك. عیزراییل ھەر چنگ و پلێکی ببووە ھەزار پەل و بە تەرزێك لە گیانکێشان کەوتبووە پەلەوە، نەیدەپەرژا سەری خۆی بوخرێنی و بە ھیچ لایەکدا لا بکاتەوە.

ئەسپی دووبادی عەرەبیی‌نەژاد، خاك و خۆڵی بۆ سمکۆڵی وە بەر نەدەھات و لە خوێناودا وە مەلە کەوتبوو. لە بەر پاکۆی لاشە و گیشەی جەندەك و گالێش و تەرمەکی تەرمان، نە بۆی دەلوا بۆ پێش بڕوا و نە لۆی دەکرا باو بخواتەوە. ھەر سوارێك لە سەر ئەسپی بپەڕیبا و مەلەی نەزانیبا، تازە لە گۆمی خوێندا دەرنەدەھاتەوە. لەشکری خاچپەرستان شکان؛ بەڵام چۆن شکانێك؟ ئەوی بە بیری خۆی ڕێگەی ھەڵاتنی بۆ خۆی دەدۆزیەوە و بە خەیاڵ بۆی دەردەچوو، وای سەر لیّ شێوابوو کە بە سەر دەچوو، بەرەو دوژمن ڕای دەکرد و نووکی خەنجەری مووکار و شیری جەوھەرداری کورد ھەر لە ڕێوە دەیقۆزیەوە. ئەو لەشکرە گەورە و گرانەی فەرەنگ لەو ڕۆژەدا، لە ھەشتێك مشتێك و لە دیوارێك خشتێکی مابوو. شکستەی شەل وکوت و شکستیان بە خوێن و خوڕەوە و لەشی پڕ لە برینەوە، ملیان لەو دەشتە بەرینە نابوو. ھەموو زەندەقی چووبوو؛ ھیچی زراوی پیّ نەمابوو. تەنانەت سوپاسالاری ھەرەگەورەشیان، نەشیا دەربازیی و بە دیل گیرا و زنجیری خرایە پا و پیلەوە.

ھەلە و ھەلکەوتووە

سەلاحەدین نەیھێشت دوژمن پشوو بدا و برینی خۆی بلێسێتەوە و گۆشتەزون بێنێتەوە. وای بە باش زانی ھەتا گەرمەبرینیان سارد نەبۆتەوە و بە خۆدا نەھاتوونەوە، باشتریان سەر و گوێلاك بوکتێتەوە. ھەڵیکوتایە سەر بازێڕی عەکا و لەنەکاو ئابلۆقەی داو لە خاچپەرستانی پاك کردەوە و چوارھەزار موسوڵمان -کە دیلی دەستی فەرەنگ بوون- بە دەستی سەلاحەدین ئازاد کران.

ئەو سەرڕەوی ھەڵیگرتبوویە، خاوی نەکردەوە و بە پانەوە ھێرشی بردەسەر شارەکانی نابلوس و

حەیفا و قیساریە و ناسرە و عەسقەلان و گەلێك قەڵا و دژ و ئاوی و بەژ و دەشت و تەلانی‌تریشی لێ‌گرتن و ئەوسا فەرمانی دەرکرد کە چونکە لەشکر لەو ماوە زۆرەدا هەر لە شەڕدا و شەکەت بووە، با وچان بدا و ماندووی بحەسێتەوە و خۆ بگرێتەوە و وەگورد بێتەوە. شەڕی لەوەدوامان شەڕی بەرانانە و ئامانج و مەبەست ڕووگەی پیرۆزی خاچپەرست و موسوڵمانانە.

گرتنی قودس

لە پاش ماوەیەك وچان و سانەوە، شەیپووری ئامادەبوون لێدرا و لەشکری سەلاحەدین بەرەو دەوروبەری شاری قودس کەوتەڕێ و گەیشتەجێ. سەر لە هەوەڵەوە لە لای خۆرنشینی شارەوە لەشکربەزی کرد. دوای چەند ڕۆژێك پلانی گۆڕی و بنکەی بردەلای خۆرهەڵاتی شارەوە و لەوێوە پەلاماری شار درا و شەڕی مان و نەمان دامەزرا. شاری قودس شێست هەزار خاچپەرستی تێدابوو؛ هەمووی بە گیان و دڵ لێ بڕابوو هەتا شیری ببڕێ و تا هێزی تێدا مابێ، شەڕی ڕووگەپارێزی بکا. زۆر چالاکانە چاکی مەردانەیان لێ بەلادا کرد و قۆڵیان لێ هەڵماڵی و ملیان نا لە پتەو کردنی سەنگەر و دابەستنی چەپەر و شانیان دایە بەر بۆچین و مۆرەی دیواران و سەنگچن و هەڵنانی حەشار و پیواران و دڵیان دایە سەر سەربەخت کردن و شار بەدەستەوە نەدان.

سەلاحەدینیش بڕیاری دابوو بە هەر نرخێکی لە سەر تەواو بێ، ئەو کارە گرینگە تەواو کا و کاری شەڕی خاچپەرستان بە یەکجاری یەکلا و یەکچاو بکاتەوە و قودسیان لێ بستێنێ و موسوڵمانی لێ دابمەزرێنێ. لە هەر چوارلاوە بەرەقانی قەڵاگر و مەنجەنیقی ئاگرپژێنی خستەکار و بەربووە کوچك پێدادان و بەردەباران و سووتمان نانەوە. دەمبەدەم و سات بەسات ئاڵقەی لە شار تەنگ دەکردەوە و هێچکی لە فەرەنگ دەکێشاو هێزی بەربەرەکانی لێ هەڵدەقرچاندن و وای دەماڵی کولێ کردن، کە ئاواتەخوازی مردن بن. ڕێگەی پشوودانی لێ بڕیبوون؛ هەرکێ سەرێکی هێنابا دەرێ، نەیدەبردەوە و کێ بەقەد بەرگە نوشتەیەکی دیار با، تیری ساردەکەوان ساردی دەکردەوە.

ئەم دەورەدانە فرەی نەخایاند و ڕۆژی هەینی بیستوحەوتەمی ڕەجەبە مانگی ساڵی ٥٨١.ك (١١٨٧.ز) خاچپەرستان توانای بەربەرەکانێ کردنیان بڕا و داوایان لە سەلاحەدین کرد کە لە خوێنیان

خۆش بێ و بە دیلیان نەگرێ، شار دەدەن بە دەستەوە. سەلاحەدین بەڵێنی پێدان و دەرگای شاری قودس کرایەوە و موسوڵمان بە شاگەشکەیی بە نێو قودس وەربوون و بەرلە هەموو شتێك چوون ئەو خاچە زەبەلاحەیان ورد و خاش کرد کە لە سەر گومبەزی بەردی سەخرەتوڵڵا قوتیانەوە کردبوو.

هەر ئەو ڕۆژە سەلاحەدین و هەواڵانی نوێژی هەینیان لە مزگەوتی بەیتولموقەددەسدا بەجێ هێنا و دەنگی سوپاس و شادومانی گەورە و گچکەی موسوڵمانان -لەو ڕۆژە مێژووییەدا- گوێی فریشتەی عاسمانی[1] دەزرینگاندەوە. ئاوا ماڵ بە ماڵخۆ گەیشتەوە و شاری قودس، کە لە ساڵی ٤٧٢.ك ڕا تا ئەو ڕۆژە دەبەردەستیان دابوو، سەلاحەدین بۆ موسوڵمانانی ساندەوە.[2]

ئەمجار سەلاحەدین و خاچپەرستان لە سەر ئەوە پێك هاتن کە هەر پیاوێك لە خاچپەرستەکان بیست دینار و بۆ هەر ژنێك دینارێك لە زێڕی سکەی شاری سوور سەرانە بدەن و ئازاد بن. هەر کەسیش ئەو دراوەی بۆ هەڵنەسووڕا، بە بارمتە بمێنێتەوە تا دەیدا یان بۆی دەدرێ. لە کۆ کردنەوەی ئەو سەرانەیە دراوێکی لە ئەندازە بەدەر کۆ کرایەوە و هەمووشی هەر لەوێ بە سەر لەشکرچی و مەلا و فەقێ و دەروێش و سۆفیاندا بەشرایەوە.

قەڵای سەور

لە پاش گرتنی قودس، سەلاحەدین لەشکری بردەسەر قەڵای سەور و دەوری دا. قەڵا زۆر دژوار و حەستەم بوو؛ هەروا بە سووك و هاسانی نەدەگیرا و پشووی درێژی دەویست. زستانێکی زۆر سەخت بە سەردا هات و لەشکر خۆی لە سەرمان لە دەرەوە پێ نەدەگیرا. بەند و بەستەڵەك پیاوەکانی

١- قازیحەڵەب (مەحیەدین) لە قەسیدەیەکدا -کە بۆ سوڵتانی نووسیبوو- پێشبینی گرتنی قودسی تێدا کردبوو؛ گوتبوی:

سەفەر حەڵەبتان ئەستاند بە شیرێ | مانگی ڕەجەبیش قودس دەگیرێ

پێشبینیەکەی وە ڕاست گەڕا؛ سوڵتان ناردی هێنایان و خودبەی هەینی بەوی خوێند و لە سەرەتاکەیدا گوتی:

ئەم دینە کە پێغەمبەری عارەب بوو خودانی | کورد هات و لە دەست دوژمنەدینانی دەرانی جەمیل

٢- زێرنۆف پرسەکی لە پەنا تاریخەکە داناوە؛ چونکە خاچپەرستان ساڵی ٤٨٢.ك (١٠٨٩.ز) قودسیان گرتووە و سەلاحەدین ساڵی ٥٨٣.ك (١١٨٧.ز) دەری کردوون. جەمیل

کەسیرە کردبوو؛ لە بنەوە کەوتبوونە پرتەوە. لە سەر ئامۆژگاری ئامۆژگاران، سولتان دەستی لەو قەلایە هەلگرت و لەوێوە بە هێرشێکی گورج و گۆلانەوە لە نەکاو پەلاماری شاری تەرسووسی داو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گرتی و مالێکی زۆری لە خاچپەرستان دەسکەوت و لە پاش تالان، شارەکەی سووتاند و بەرەو مەلبەندەکانی تری خاچپەرستانی بزووت و وەك بزووت بە پووشەوە بنێی، شار لە دوای شار و قەلا لە دوای قەلا دەکەوتنە دەست سەلاحەدین و لە هەموو لایەکەوە فەرەنگی ڕاو دەنان تا گەیشتە قەلای بەرزیە.

قەلای بەرزیە[1]

ئەو قەلایە بۆ سەختی و هەلەمووتی و ڕژدی ناوبانگی دەرکردبوو؛ بەرزایی دەگەل دیوارەکانی لە پێنسەدوحەفتا گەز پتر بوو. بەلام لێبڕانی سەخت و پتەوی سەلاحەدین، زۆر لەوە پتەوتر بوو کە قەلایەکی بەردینە خۆی لە بەر بگرێ. دەستی لێ هەلنەگرت هەتا قەلای بەرزیەش لە سەربەرزی کەوت و ملی بۆ سەلاحەدین چەماند و ئەوێشی لە دوژمن داتەکاند.

ئەمجار هێرشی بردەسەر ئەنتاکیا. خاچپەرستانی ئەوێ لە ڕێگەی ئاشتیەوە دەگەلی پێك هاتن و هەرچی دیلی موسولمانیان لە لا بوو هەموویان ئازاد کردن.

بە سەرکردنەوە

لە پاش گەڕانەوە لە ئەنتاکیا، سولتان لە سەر بانگهێشتنی مەلیکزاهیرشای کوڕی چووە حەلەب. مەلیکزاهیر پێشوازیەکی شایانی شانی میوانی مەزنی خۆی کرد و لە خۆشیان شاگەشکە ببوو.

سولتان بۆ ماوەی سێ ڕۆژان لە میوانداری ڕۆلەی شیرینی مایەوە و لەوێوە چوو بۆ سەردانی تەقیەدینی برازی و ڕووی کردەشاری حەمایە. ماوەیەکیش لە لای ئەو مایەوە و زۆری دلی تەقیەدینی دایەوە و لاواندیەوە و ناوچەی جەبەلە[2] و چەند شوێنێکی تریشی پێ بەخشی و خستنیە ژێر

١- بەرزیە شارێکە لە ولاتی شام. خاوەنی قەلا و ژن و مندالی بە دیل گیران. کچێکی حاکمەکە تازەبووك بوو؛ زاواکەی لە جەنگەی شەڕدا لێ هەلبڕابوو؛ سولتان فەرمانی دابە شوێن زاوادا گەڕان، تا پەیدایان کردەوە و دایەوە دەست بووکێ. جەمیل

٢- لەو دوو نوسخەدا لە جیاتی جەبەلە، حەلەب نووسراوە. ڕەنگە دەوروبەری حەلەبی نیاز بووبێ. عەونی ←

فەرمانیەوە.

لەوە دوا سەلاحەدین گەڕایەوە بۆ دیمەشق و چەند ڕۆژێکیش لەوێدا حەسایەوە و ئەمجار هێرشێکی بردەسەر شاری سەفەد[1] و ئەوێشی بە بێ شەڕ و خوێنڕێژی دەسکەوت و لە سۆنگەی گرتنی سەفەدەوە، کەرەك و کەوکەب[2]یش -کە سەر بەوێ بوون- کەوتنە سەر قەڵەمڕەوی سەلاحەدینەوە. لەوێشەوە هاتە شاری قودس و نوێژی جێژنی قوربانی لە «بیت المقدس»دا کرد و پاشان چووە عەسقەلان و مەلیك عادڵی برای لەوێ لابرد و ناردیە سەر قەڵای کەرەك و ئەمجار هاتە عەکا و فەرمانیدا شوورە کاول کراوەکەی نوێ بکرێتەوە و کۆنە و ڕزیو و بنخزیوی لێ دوور بخرێتەوە و عەکا بە وارشێکی قایم و پتەو دەورە بدرێتەوە.

قەڵای شقیف[3]

لە پاش ئەو گەشت و گوزارە، سوڵتان هەر خۆی بە لەشکرێکەوە ڕکێفی هێنایە و چووە جەستەی قەڵای شقیف؛ کە قەڵایەکی زۆر ڕژد و سەخت و ڕەوەزێکی ماھ و حەستەم بوو. دەوری لێدا و گێچەڵی تێهاڵاند.

خاوەنی قەڵاکە خاچپەرستێکی زۆر پیتۆڵ و لە بنەوەبڕ بوو. دەیزانی ئەوە سەلاحەدینە و دیارە، تا دژەکەی نەستێنێ وازی لێناهێنێ و ئەویش ئەوەندەی بە بەرەوە نیە کە بتوانی هەتا سەر بەربەرەکانی سوڵتانی پێ بکرێ. ڕۆژێك هەر بە تاکەسوارە لە قەڵاکەی دەرکەوت و خۆی گەیاندەسەلاحەدین و گوتی واخۆم هاویشتە پەنای تۆوە و خۆم و ماڵ و خێزانم بە پیاوەتی تۆ دەسپێرم. سوڵتان زۆر بە ڕووخۆشی بە خێری هێنا و لە وەرامدا گوتی: هەرچی تۆ ئارەزووتە بڵێ تا

← ڕۆژبەیانی لە ناو کەوانەدا نووسیویە «نواختە حلب» وادیارە نواختەی بە نەواحی یان نواختە حەلەبی بە یەك ناو زانیبێ بەڵام فارسییەکە دەڵێ:

«سلطان برادرزادە را نواختە، جبلە و یك دو قصبە دیگر را اضافۀالکای او نمودە» نواختن: لاواندنەوەیە. واتا «برازای لاواندەوە و جەبەلە و یەك دو شارۆکەیتری خستەسەر مەڵبەندەکەی». هەژار

[1] - شارێك بوو بە سەر چیایەکی بەرزەوە و دژەکەی دەیڕوانیە دەریاچەی تەبەریا. جەمیل

[2] - دژێکی سەخت بوو؛ لە سەر چیای ڕووکاری تەبەریا و بە سەر دۆڵی ئوردوندا زاڵ بوو. جەمیل

[3] - شقیف لە سووریا، لە کەناری دەریا و سێ کیلۆمیتری سەورە و ناوی قەڵایەکە و فەرەنگ ناویان نابوو «بوفور».

بۆت بکەم. کابرای خاچپەرست -کە زمانی عەرەبیشی زۆر باش دەزانی- عەرزی کرد من خۆم هاویشتۆتە خاك و پای تۆوە، دەزانم مەردایەتی تۆ لە هەموو نیاز و ئاواتێکی ئێمەی تێپەڕاندووە و ئاشکرایە کە تۆ لە بەڵێنی خۆت پاشگەز نابیەوە. من هەر ئەوەندەم دەوێ خۆم و ماڵ و خێزانم لە دیمشق دابمەزرێنی و بژیوێکی وامان بۆ دەبەرچاو بگری کە نەمر و نەژی پێی بژین و سەری خۆمان ڕاگرین. ئەگەر ئەو ئاواتەم بێتە دی ئەوا منیش بە خۆشی خۆم لە تەهی دڵەوە قەڵا بۆ پیاوەکانی سوڵتان جێ دێڵم و بە شانازییەوە هەتا دەمرم نانخۆری سوڵتانم.

سوڵتان بەو قسانە گەردی لە سەر دڵ نەما و دەگەڵی ڕێك کەوت و بڕیار درا کابرا بچێتەوە کارسازی خۆی بکا و ئەوسا بە ماڵ و منداڵەوە بەرەو شام بارکا. سوڵتانیش -وەك پەیمانی دابوو- لەشکری لە دەوری قەڵا دوور خستەوە و لە دوورەوە چاوەنۆڕ بوون کەنگێ قەیران بە سەر دەچی و کابرا لە قەڵا دەردەچێ، ئەو سایە بچنە ناویەوە. ڕۆژ هاتن و شەوگار چوون، کابرای تاین نەهاتە دەر و بەڵێنی نەبردەسەر و هەرچی گوتبووی هەمووی بە درۆ دەرچوو. ئەو ڕێویبازی و فەندەڵ فێڵەی هەر بۆیە کرد کە لەشکری سوڵتان هیچ نەبێ بۆ ماوەیەك سەر و دڵی بەردەن و ڕێی دەستی ببێ دیوارە ڕووخاوان چاکاتەوە و کەل و قوژبنان داداتەوە و بورجان گورج کاتەوە و دانەوێڵە و تێشووی زۆر وەسەر یەك نێ و چەکی لە کارکەوتوو نوێ کاتەوە و کەللە لە کەللەی دوژمن بداتەوە.

سەلاحەدین هەستی کرد کە دەستی بە زاخەدا کراوە و بە زمانێکی لووس و دوو قسەی خۆش، فریو دراوە. زۆری لە بەر گران هات و فەرمانی بە لەشکری گرانی داکە هەتا قەڵای شقیف دەگەڵ زەوی ڕێك نەخرێ نابێ وازی لێ بێنرێ. دەوری قەڵا درایەوە و سەر لە نوێ مەنجەنیقی ئاگرپژێن و کەرستەی قەڵاڕمین دامەزرایەوە. بەڵام هێشتا کڵی شەڕی بە گوڕوتاو بە تەواوی نێڵ نەدرابوو، نامە و ڕاسپاردەبە هەڵەداوان گەینە سەلاحەدین و خەبەریان دایە وا لەشکرێکی زۆر و زەبەندەی خاچپەرستان کە سەروبنی دیار نیە و کاری هەزار و دەهەزار و سەدهەزاریش نیە و بەدەر لە هەژمارن و خوا نەبێ کەس نازانێ چەندن و چەند تەیارن و چییان پێیە، گەیشتوونەتە سەر بەندەرگەی عەکا و دەوری قەڵاکەیان داوە و زۆریان زۆری بۆ مەلیك عادل و دانیشتووانی شار هێناوە و کار گەیشتۆتە ئاڵۆزی و کزی و تەنگایەکەوە کە مەلیك عادل بە ناچاری ملی داوە شاری عەکا بە هەموو چەك و جبەخانە و گەمیە و کەڵەك و بارەبەرانەوە بخاتە دەست فەرەنگانەوە و سەرباریش دووسەدهەزار

دیناریان کاڵەدرانە بۆ ببژێری و سەد دیلی خاچپەرستی گەورەشیان دەگەڵ پێنج سەد دیلی ڕەمەکی سەر بەوان ئازاد بکا و بەوانی بسپێری و ئەوانیش پیاوەتی بکەن ڕێگەی موسوڵمانەکانی شارەکە بدەن، لە شار دەرکەون و لە ڕێگە خۆیان تێ نەگەیەنن و ئەوسا شارەکەش ببێتە مۆڵگەی فەرەنگان[1].

سەلاحەدین لە بیستنی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە گەلێك تەزووی سارد و گەرمی بە لەشدا هاتن و دەماری ڕێك هاتن و لە حیرسان گرژ بوو. هەرگیز چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژی نەدەکرد کە بنەماڵەی ئەییوبی بەو جۆرە سەرشۆڕیە مل بدەن و سەر بۆ دوژمن دانەوێنن. لە عەیبەتان ژانی دەدڵ وێستا و لێ بڕا کە ئەم پەرۆشینە لە شان بکاتەوە.

پسپۆڕانی لە شەڕزان و ڕاوێژکەرانی زۆرزانی کۆ کردەوە و کۆڕیان بەست و مەبەستەکەی خستە

١- بۆ ئەو هێرشە هەموو ئەورووپا هرووژا و لە بۆرەپیاگەوە هەتا کەشە و پادشا، لە خەزای خاچپەرستیدا بەشدار بوون. سەرکردەکانی شەڕ ریچاردشێردڵ پادشای ئینگلیز و فیلیپئاگستۆس پادشای فەرانسە و فریدریکباربارۆس پادشای ئەڵمان بوون. خوا وای کرد ڕۆژی چواری جیمادی دووەمی ساڵی ٥٨٦.ك (دەی حوزەیرانی ١١٩٠.ز) فریدریك لە چۆمی سالفدا خنکا و لەشکرەکەی بڵاوەی کرد. ریچارد و فیلیپ شەڕی زۆریان کرد و زۆریان ئازاری موسوڵمانان دا. بێ تاوان و بە تاوانیان هەر دەکوشت و تەر و وشکیان پێکەوە دەسووتاند. دوایی ئەو دوانەش لە نێوان خۆیاندا تێك چوون. فیلیپ ڕۆژی حەوتەمی ڕەجەبی ساڵی ٥٨٧.ك (تەموزی ١١٩١.ز) بە تووڕەیی فەلەستینی بەجێ هێشت و کۆناردی لە جێگەی خۆی کردەسەرکردەی لەشکرەکەی. ریچارد نزیکەی مانگێك لە عەکادا مایەوە و بەرەو یافای ئاژۆت. لەشکری سوڵتان ڕێگەی لێ گرت و زۆری شپرز کرد و دەیافای پەستاوت و لەوێدا خۆی قایم کرد. سوڵتان لە یافاش تەنگی پێ هەڵچنی و جارێك لە شەڕێکدا هێندەی نەمابوو ریچاردی بگرن، گیلیۆم ناوێك هاواری کرد: من ریچاردم. ئەویان کوشت و ریچارد بە پەلەپرووزە دەرباز بوو.

ریچارد کە دەیزانی سەلاحەدین بە هیچ جۆرێك ورە بەر نادا و دەستیشی لێ بەر نادا، چاری ناچار دەگەڵی کەوتە وتووێژی ئاشتی و لە سەر ئەوە پێك هاتن کە ریچارد خوشکی خۆی بدا بە مەلیكعادل و کەنار دەریا بۆ بووك و زاوا بێ و قودسیش لە ژێر فەرمانی ئەو دوانەدا بێ کە نوێنەری خاچپەرست و موسوڵمانانن و زیارەتی «بیتالمقدس» بۆ ئیسلام و مەسیحی، وەك یەك و ئازاد بێ.

ئەمینزەکی دەڵێ: بڕیارەکەی پێشوو وابووە مەلیكعادل هەزار و شەشسەد کەس لە فەرەنگە یەخسیرەکان بەر بدا و دووسەد هەزار دیناریش بدا و ئەوانیش لێ بگەڕێن موسوڵمانان لە عەکا دەرکەون. بەڵام خاچ پەرستەکان پەیمانی خۆیان شکاند و قەڵت و بڕیان خستە موسوڵمانەکانەوە. دەڵێن: هەر ریچارد شێردڵ ڕۆژی ٢٣ی ڕەجەبی ساڵی ٥٨٧.ك (١٢ی حوزەیرانی ١١٩١.ز) دووهەزار و حەوسەد موسوڵمانی کوشتووە. هەر لە شاری عەکا ٦٠ هەزار موسوڵمان کوژراوە. جەمیل

بەر دەستەوە. بیـر و بڕوای هەموویان ئەوە بـوو قـەڵای شـقیف واز لـێ بێـنن و هەرچـی زووە فریـای عەکایە بکەون. سەلاحەدین فەرمانی دابە مەلیکئەفزەڵی کوڕی —کە لە باتی بابی بـە سـەر دیـمـشق ڕادەگەیشت- بچێ و عەسقەلان وێران کا؛ چونکە دەترسا خاچپەرست دەستیان بگاتە عەسقەلان و پووڕ و تاڵانی بکەن و ئەوەندەیان لێ دەسکەوێ کە بۆ گرتنی شاری قودس خۆی پێ سازدەن.

مەلیك ئەفزەڵ بە خەڵکی عەسقەلانی ڕاگەیاند کە شڕ و شـاتاڵ و سـڕ و سـیپاڵیان بپێـچنەوە و عەسقەلان بەجێ بێڵن و ڕوو بکەنە ناوچەیترەوە. خەڵکی عەسـقـەلانی کلـۆڵ و چـارەڕەش دەستەپاچـە ببوون و سەرە و دەریان دەرنەدەکرد کە چ بکەن و ڕوو بکەنە کوێ؟ دەستیان کرد بە هەڕاج کردنی ئـەو کەل و پەلانەی کە بۆیان وەدەر نەدەخرا. نرخی هەموو شت لە دەوە ببـووە یـەك و هێـشتا کڕیاریـشی نەبوو. لە تاریـخی *مرآةالجنان* دادەڵێ: «عەسقەلانیەك دوازدەمریشکی دەدا بـە درهـەمێك». ئیتـر بەو پێیە لێکی دەرەوە و بیـری لێ بکەرەوە.

پوختەی مەبەست حەشامات و ئاپۆرەی زۆر -لە بۆرە پیاگ و لەشکری- بەربوونە خاپوور کردنی شار و لە ڕۆژی بیستەمی مانگی شـابانەوە هـەتا ڕۆژی نیـەتی ڕەمـەزان، داریـان بـە سـەر بـەردەوە نەهێشت و داروپەردوویان بە سەر یەکدا داو سەرەڕای کاول کردنی، ئاگریشیان پێوەنا و لە خۆڵـەمێش و مشکی بەولاوە -لە شوێنەواری ئەو شارە بەخت وەرگەڕاوەی تەخت کراوە- شتێك نەمابوو کـە پێـی بلێین شت.

هەر لە سەر ئەو پلانە، شاری لودد و قەڵای ڕەملەشی بە مەرەدی عەسقەلان برد و بە سـووتاوی و کاول کراوی بەجێهێشتـن.

بە لەشکرەوە بەرەو عەکا دەچـوو، نامـەیێکی لـە مـەلیك عادلـەوە بـۆ هـات بـۆی نووسـیبوو خاچپەرستان ئێستا خاوتر قسە دەکەن و هاتوونەتە سـەر ئـەوە ناوچـەی کـەنار دەریـا بـدرێ بـەوان و ئەوانیش دەست لە شەڕ و خوێنڕێژی بەر بدەن و ببنە دۆستی یەکجاریـمان. تۆ فەرمانت لە سەر چییە؟ سەلاحەدین بەوە ڕازی بوو. مەلیك عادلی سپارد کە دەگەڵیان ڕێـك بکـەوێ. ئیتـر هـیم و بناخـەی ئاشتی و شەڕ بەربەست کردن لە نێواندا دامەزرا و پەیـماننامە نووسرا و بە سوێند و بەڵێنی پیاوانەش دابەستـرا. هاتووچۆی بازرگانی برەوی سەند و هەر دوولا بۆ سارد و سەودا و کاڵا بە کاڵا دەچوونە نـاو

یەکتــر و دنیایەکی کپ و ئارام هاتە ڕوو.[1]

سوڵتان ئەوسا مەلیك ئەفزەڵی کوڕی بە لەشکرەوە ناردەوە شام؛ کە پشوو بدەن و بــحەسێنەوە. بۆخۆشی چووە شاری قودسی و ماوەیەك لەوێ مایەوە و بەرەو دیــمشقی پاتەختی گەڕایەوە.

لە ڕۆژی بیستوحەوتەمی شەشەکانی ساڵی ٥٨٨.ك (١١٩٢.ز) گەیشتەوە دیــمشق و هــەر کــە خەبەری هاتنەوەی بڵاو بۆوە، هەموو خەڵکی شام بە ژن و منــداڵ و پیــر و کاڵــەوە، کــەس نــەمابوو نەچێ بە پێشوازی ئەو خۆشەویستەوە و هەموو کەس لەو ڕۆژەدا گەشە لە چاو و بزە لە ســەر لێــوان و مزگێنیان بە یەکتــر دەدا و بە شانازی هەرەبــەرزیان دەزانــی کــە چــاویان بــە دیــداری ئــەو نەبــەرد و مەردەبە ناوودەنگە ڕوون دەبێتەوە.

کۆچی یەکجاری

ساڵی دوایی کە دەبووە ســاڵی ٥٨٩.ك (فیبــرایر١١٩٣.ز) ڕۆژی هــەینی پــازدەی ســەفەرە مــانگ، سوڵتان سەلاحەدین بۆ پێشوازی حەجاجان -کە لە مەکە دەگەڕانەوە- لە شار دەرکەوت. لە گەڕانەوەدا تایەکی زۆر گرانی هاتێ. ئیتــر بەو تایــە کــەوت و بــەری نــەدا و زۆریــشی مــەودا نــەدا و لــە پــاش دوازدەڕۆژ، واتا ڕۆژی یەکشەممە بیستوحــەوتی ســەفەری ســاڵی ٥٨٩.ك (٤ی مــارس١١٩٣.ز) ئــەو خواپەرستە خۆشەویستە، بەهەشتی بەرینی لە ســەرزەمینی بەرتــەنگ بــە باشتــر زانــی و جیهــانی بەرچاوتەنگی بەرەڵڵا کرد و خێوەتی سەربەرزی لە بەر بارەگای یەزدانی دڵاوادا بەرپا کرد.

لە ڕۆژی مەرگی سەلاحەدین ئەییوبیدا وا بیــر دەکرایەوە کە هەرچی خۆشی و شادیە سوڵتان لــە پێش خۆیدا بە پێشباری بەڕێ کردووە؛ یان هەمووی بە شوێن کۆچباری ئەو نــازدارەدا بــاری کــردووە. حەشاماتی شام و حەول و حەوشی، هەرچی لەو کارەساتە بە ئاگا بوون، بە خڕی و بە پانەوە جــمابوون و تێکڕا گەورە و گچکە و پیــر و منــاڵ و ژن و پیــاو و لاو و کــاڵ و شارســتانی و دەشــتەکی و دارا و هەژار و خانەدان و ڕەمەکی و کاسبکار و جووتیار، قوڕبەشان و سەربەهەش و جەرگڕەش و دڵ بریان و چاو بەگریان بوون. جۆی فرمێسکی سوێر و سوور لە چاوانەوە سەری کردبوو. ئەو ئاپۆرەی لــە ئاشــتنا

---

[1] - ئەو پەیــمانی دۆستایەتیە ڕۆژی ٢٢ی شابانی ساڵی ٥٨٨.ك (٢ی سپتامبــری ١١٩٢.ز) ئیمزا کراوە.

بەشدار بوون و ئازیەتبار بوون، لە ئەندازە بەدەر بوون و لە شیـــن و شـەپۆرگێڕان و لــە خۆدانـدا، لـە ئەندازەیان بردەدەر. خۆنەخوازە کە داربەستی تەرمی پیـرۆزی دەرکەوت، دەنگی گریان و هاوار و ڕۆڕۆ و شلپەی دەستی لە خۆدەران و کوتەی لاقی لە پێش تەرما سەماکەران، گای ژێرزەمینی سڵ دەکـرد و دڵی فریشتەکانی عاسـمانی سەرشینی دادەچڵەکاند و دادەخورپاند و رایدەتلەکاندن. تـەرمی پیـرۆزی لە نزیک مزگەوتی ئەمەوی لە شاری دیـمشقدا بە خاك سپێرا و لەشی کەوتە بن گڵ؛ بەڵام هـەتا دنیـا دنیایە، سەلاحەدین نەمردووە و نامری و ناوی ئەو مەردەلە سەر زاری خەڵکی هـەموو دنیـا، هـەموو زەمانان بە هەموو زمانان، هەر دەمێنی و لە ناو ناچێ.

وا لە دنیـا بژی ئەگـەر بـمری   هەرچی ناوت بزانێ بۆت بگری

پیاوی ئـازا نەمان سـەری نادا   ناوی چاك هەر دەژی لە دنیادا

ئاکارەکانی

سولتان سەلاحەدین هەر چەندی خوا حەزکا پادشایەکی دادگەر و بەلەنگازپەروەر و بەدەستودڵ و ئازاد و ئازا و سەنگیـن و گران و ڕەزاسووك و خوێنشیـرین و ڕووخـۆش و دەم بـە پێکەنیــن بـوو. پیـاوی دەست ڕەنگیـن و هونەروەری زۆر لە لا هێژا بوو. دۆستی هەرە نزیکی پیاوی خوێنـدەوار و زانـا بـوو. ڕێزی لە بوێژ و نووسەران دەنا و بۆ شیـریـنکار و بەجەوهەران سەروەر و پشت و پـەنا بـوو. هـۆزان و پیتۆڵ و هونەرمەندی لە خۆی خڕ دەکردنەوە؛ کەمایەسی و کەم و کۆڕی ژیانی بۆ پـڕ دەکردنـەوە. لـە هیچ چاکەیەك خۆی نەدەبوارد؛ با زۆریشی تێ چوویا. دەسەر هیچ خراپەیەکەوە نەدەچوو؛ بـا زۆریـشی پێ چوویا. لە ڕۆژگاری ئەودا کەس نەیدەوێرا بە خەیاڵیش خراپە بکا. هیچ دەستدارێك بەتیتوش دەس نەدەکەوت کە لە سەر بێزۆران بادی هەوابێ. یان بیـری زۆرکاری بە دڵـدا بـێ. لـە ودم و پـیتی ئـەو سەردارە سەرزەمینی میسر گەیشتە چڵەپۆپەی گەشەداری و ببووە نـموونەی ئارامی و خێر و خۆشی و هەرزانی. هێندێك لەو شوێنەوارە بەهرەدارانەی کە لێی بەجێ ماون و هەر ماون ئەمانەن:

١ و ٢- مەدرەسەی قەڕرافەی گەورە و مەدرەسەی قەڕرافەی گچکە. کە لە نزیك گۆڕی پیـرۆزی ئیمام شافعیـن.

٣- مەدرەسەی قاهیـرەی موعیززی. نزیك بەو زیارەتگایەیە کـە دەڵـێن ئیمـام حوسـێنی تێـدا نێژراوە.

٤- مەدرەسەی حەنەفـییان. کە لە جێی کۆشکی عەبباس کوڕی سەلاردا دروست کراوە.

٥- مەدرەسەی شافعیان کە لە میسر بە ناوی «زیـنالتجار» بەناوبانگە.

٦- مەدرەسەی مالکیان لە قاهیـرەی موعیززی.

٧- نەخۆشخانەیەك لە ناو کۆشکی خۆیدا.

٨- مەدرەسە و خانەقایەك لە قودسی خەلیل (شاری خەلیل).

٩- خانەقایـەك لـە جێگـای کۆشـکی «سعیدالـسعدا»[١]. کـە یـەکێك بـووە لـە خەلیفـە ئیسماعیلییەکان[٢].

بەخشندەیی و دلاوایی سولتان بێ وێنە بووە؛ ماڵی دنیا و خۆڵی دەم ڕێگـای بـە چـاوێك سـەیر کردووە. تەنانەت کە لە پاش مردنی سەری نەغدینەکەی خۆیان داوە، تەنیا چلوحەوت درهەمی مـاڵی دنیا لە پاش بەجێ ماوە.

ئەبولفەتح عوسـمان کوڕی سەلاحەدین

سولتان سەلاحەدین هەر بە زیندی سەر میسری دابوو بە عوسـمانی کوڕە گەورەی کە نازناوی مـەلیك عەزیز بوو.[٣] کاتێ وەلامی مەرگی کتوپڕی جەرگبـڕی ئەو شیـری میسری و شێری مەیدانە گەیشتەوە عەزیزی میسر، بە کۆسکەوتەیی و پەژاری کەوتە ماتەمداری و ئازیەتبارییەوە و لە میسریشدا پرسەی

١- سعیدالسعدا نازناوی پیاوێکی خەلیفە موستەنسەروبیلای فاتـمی بووە و ناوی پێشووی قەنبەر بووە. جەمیل

٢- ئەو خەلیفانەن کە لە مەغریب و میسر حوکمیان کردووە و لەو شیعانە بوون کە ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری سادق بە ئیمامی خۆیان دەزانن. لە ساڵی ٢٩٧.ك ڕا تا ٥٦٧.ك خەلیفایەتیان کردووە. عەونی

لە مێژووەکانیتردا نووسراوە کە هەر لە قاهیـرەدا جگە لە دوو نەخۆشخانە، کۆشکی خەلیفەشی کردووە بە نەخۆشخانە و ئەنوای غەریبانیشی بنیات ناوە. جگە لەوەش گەلێك پرد و ئاوبارە و شوورە دیواری لە شاران کردووە و ڕێگەی زۆری خۆش کردوون و زەوی کشت و کاڵی چاك و زیاد کردووە و باج و گومرگی گرانی لە سـەر خـەڵك لابـردووە. دڕۆشـمی ئالاکەشی پارچەیەکی زەرد بووە و سیسارگێکی سووری لە سەر نەخش کراوە. جەمیل

٣- هێندێك لە مێژووناسان لایان وایە مەلیك ئەفزەڵ کوڕەگەورەی بووە. عەونی و جەمیل

بۆ دانا.

لە پاش هەڵگیرانی خوانی سەرەخۆشی، سەرداران و ئەمیرانی میسر بوونە سوێندخۆری و پەیمانی سەروەریان بۆ مۆر کرد. ئەویش کەوتە خۆی و خۆی تەیار کرد و کاروباری میسری لێك و لە بار کرد و ئەوسا دەگەڵ مەلیك عادڵی مامیدا کاکە و برالەی خۆیان کرد و بە جووتە لەشکریان ئاژۆت و چوونە سەر شام و گەڕیان دەمەلیك ئەفزەڵ هالاند. برایەك لە لایەك و برا و مامێك لە لایەکیترەوە لەشکریان بەگژ یەکدا کرد و مەلیك ئەفزەڵ دوو جاران لەشکری هێرشبەرانی بە پاشدا کشاندەوە و سەری سێ جارە زۆر بە توندی دەوری درا و مەودای لێ بەرتەسك کرا و برستیان لێ بڕی و دەرۆستیان نەهات و لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ٥٩٢.ك (١١٩٦.ز)دا مەلیك ئەفزەڵ دیمشقی بۆ بە جێ هێشتن. عوسمان فەرمانی فەرمانڕەوایی دیمشقی دابە عادڵ و بەرەو میسر گەڕایەوە.[1]

ساڵی ٥٩٣.ك (١١٩٧.ز) سەیفەلئیسلام توغتەگین (توغرولتەگین) کوڕی نەجمەدین ئەییوب -کە پادشای یەمەن بوو- کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی کە ناوی فەتحەدین ئیسماعیل و نازناوی مەلیك موعیز بوو جێگەی گرتەوە.

ساڵی ٥٩٥.ك (١١٩٨.ز) مەلیك عەزیز عوسمان کوڕی سەلاحەدین -کە پادشای میسر بوو- لە دوای شەش ساڵ پادشایەتی کردن چاوی لە دنیا پۆشی و لەو دنیا کەوتە خۆشیەوە.

مەلیك عەزیز پیاوێکی ژیر و وریا و وشیار بووە و لە شەرمێونی و هێمنیدا ناودار و لە پشوودرێژی و سەرەخۆییدا تای نەبووە. زۆریش دەستوداوێنپاك و دڵچاك و بەخشندەبووە.

١- ئەمین‌زەکی لە *تاریخی دوەل و ئەماراتی کوردی*دا، ج٢، ل٢٢٦ دەڵێ: مەلیك عادل و کۆمەڵێك لە ئەمیرانی ئەییووبی ڕازی نەبوون کە مەلیك عەزیز پەلاماری مەلیك ئەفزەڵ بدا و بوونە ناوبژیکەر و لە هێرشی یەکەمدا گێڕایانەوە دواوە. ساڵی دوایی دیسان هێرشی هێنایەوە سەر وڵاتی شام و زۆر هاتە ناوەوە. مەلیك عادل لاگیری لە ئەفزەڵ دەکرد و دنەی لەشکری عەزیزی دەدا کە لێی هەڵگەڕێنەوە تا نەتوانێ بەشی براکەی داگیر بکا؛ بۆ جاری دووەمیش پێکی هێنانەوە.

ئەمین‌زەکی هەر لەو کتێبەیدا دەڵێ: مەلیك عادل کە زانی شەڕی ئەو دوو برایە کۆتایی نایە و لەو سۆنگەیەشدا لەشکری موسوڵمان تێ دەچێ و فەرەنگیش گوێیان لە کلاو دەرپەڕاندووە و نینۆك لێك دخشێنن و لەوانەیە هەر ئەوان بەهرەی لێ ببینن، دەشیەویست بۆ خۆی خەز و بەزەکەی بەرێ، وازی لە ئەفزەڵ هێنا و دەگەڵ عەزیز ڕێك کەوت و بە جووتە هاتنە سەر شام و ئەفزەڵیان دەرکرد و قەڵای سەرخەدیان دایە و بۆ خۆی بوو بە پادشای وڵاتی سووریا. جەمیل

لە پاش نەمانی مەلیك عەزیز، بەرەی ئەییوبی لە سەر جێنشینی ببوونە دوو دەستە: دەستەیەکیان گەرەکیان بوو ئەبوو مەنسوور عەلی کوڕی عەزیز بکەنە جێنشینی باوکی[1]؛ دەستەکەیتر ناردیان بە شوێن مەلیك ئەفزەڵ کوڕی سەلاحەدیندا و کردیانە پادشای میسر.

مەلیك ئەفزەڵ کوڕی سەلاحەدین

هەر وەك لەوە پێش باسمان کرد، هەتا سەلاحەددین مابوو مەلیك ئەفزەڵ بە سەر دیمەشق ڕادەگەیشت و کە ئەویش نەما عەزیز عوسمانی -برای ئەفزەڵ- دەگەڵ مەلیك عادڵی مامیدا، سێجار لەشکریان هێنا سەر شام و ئەفزەڵیان دەرکرد و قەڵای سەرخەد[2]یان دایە و ئەفزەڵ لەو قەڵایەدا دەژیا. تا مەلیك عەزیز لە میسر مرد؛ ئەوسا لە دوویان نارد و بۆ ماوەیەکی کەم لەسەر میسر پادشایەتی کرد. کە مەلیك عادڵ بەم کارەی زانی، بە لەشکری گەورە و گرانیەوە هاتە میسر و بە زۆری زۆرداری دیسان مەلیك ئەفزەڵی لە سەر تەختی پادشایی داگرت[3] و قەڵای شمیشاتی[4] پێ سپارد. مەلیك ئەفزەڵ هەتا مرد هەر لەو قەڵایەدا ڕاینبوارد و لە ساڵی ٦٢٢.ك (١٢٢٥.ز) بەر بەزەیی خوا کەوت.

١- مەلیك مەنسوور عەلی کوڕی مەلیك عەزیز عوسمان کوڕی سەلاحەدین یووسف. عەونی

٢- قەڵایەکی کەونارایە لە شام و لە نێوان حوران و جەبەلدروزە و ئێستا گوندێکە شوێنەواری کۆنی لێیە. عەونی

٣- ئەمینزەکی دەڵێ: کاتێ مەلیك ئەفزەڵ کرا بە پادشای میسر و سەرپەرشتی مەلیك مەنسووری برازای، لێبڕا کە تۆڵە لە مەلیك عادڵ بکاتەوە؛ ناردیە لای مەلیك زاهیری برای -کە پادشای حەڵەب بوو- دژی مامی یاریدەی بدا و بۆ خۆشی خەریکی خۆسازکردن بوو کە بچێتە جەستەی مامی. مەلیك عادڵ بەو کەین و بەینەی زانی و لە بنەوە نێوانی ئەفزەل و سەردارانی تێکدا و بە لەشکرێکی زۆریشەوە هاتە سەر میسر و ساڵی ٥٩٦.ك (١١٩٩.ز) ئەفزەل و مەلیك مەنسووری دەرکردن و میسریشی خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە. جەمیل

٤- شمیشات کەونە قەڵایەکە لە سەر چەمی فوڕات لە کوردستانی باکووری و لە باشووری قەڵای مەنسوورە. ئەتڵەسی عوسمانی بە سامسادی نووسیوە. عەونی

ئەمینزەکی دەڵێ: ئەگەر لە میسریان دەرکرد، ناردیانەوە قەڵای سەرخەد و ماوەیەکی تێدا مایەوە. مەلیك زاهیری برای لەشکری حەڵەبی هێنا کە شام بگرێ؛ وریایی مەلیك عادل نێوانی دوو برالەی تێکدا و مەلیك زاهیر هاتەوە حەڵەب و مەلیك ئەفزەڵ بە ناهومێدی هاتەوە قەڵای سەرخەد. لە پاشان عادڵ بەزەی پێدا هات و قەڵاکانی نەجم و سروج و حەمسادی دایە. جەمیل

تاریـخی یـافعی دەڵـێ[1] مـەلیك ئـەفزەڵ لـە زانـست و وێژەوانیـدا زۆر سـەرکەوتوو بـووە. زۆری فەرمایشی پێغەمبەر لە بەر بوون. خەتـسخۆشێکی دەسڕەنگیـــن و لـە زەبـر بـووە. دڵـی بـە زانـا و هونەرمەندان کراوەتەوە و زۆری لە خۆی نزیك کردوونەوە و گەلێکی لە لا بەڕێز بوون. لە کاری نـاڕەوا زۆر بە قێز و بێز و تووڕە بووە. خۆی بە کەسی بێکەسان دەژمارد و لەگـەڵ گەلـدا بێـدریغ بـووە. بـە کورتی، زۆر لاوێکی پێکەوتە و ئاکارچاك و هونەروەر و بە جەوهەر و لـە پیاوەتیـدا گـوڵی سـەر چـڵ بووە. لە بوێژیشدا دەستی باڵای هەبووە. بـۆ نـــموونە مـەلیك عـەزیزی بـرای -وەك زانیمـان- نـاوی عوسـمان و مەلیك عادڵی مامی بە ئەبوویەکریش ناو براوە؛ بۆ خۆشی ناوی عەلی بووە. ئەبوویـەکر و عوسـمان ڕێك کەوتون و هاتوونە سەر عەلی و لە شامیان دەرکردووە لەو بارەوە نامەیەکی بۆ ناسر[2]ی خەلیفەی عەبباسی نووسیوە و ئەو شێعرانەی تێدا گونـجاندووە (ئەمە کوردیەکەیانە):

دنـــەی ئـــەبـــوویـــەکـــریدا عوسـمان و دەس لە دەسا

بـــەشی ڕەوای عـەلــی بـــێـچـارەیـــان وەبەر پێـــدا

گـــەورەم دەزانـــی کەوا بـاوك بە زیـــنـــدی ســـەری

بە نـاوی جێـــگـــری خـــۆی بـــۆ منـی قـەڵەم لێـــدا

کــە ئـــەو نـــەمـا لە سەرم دەس کـرا بە سەرپـــێچی

لە خێچ و خواری، کــەســێـــك ڕاستـی نـاچێ بە گوێدا

منیش بە دەردی عەلی ڕووت کرام بـە دەست عوسـمان

ئـەبـــوویـــەکـــر کـــە نـەبـێ کێ دەوێرێ خۆم لێدا ؟!

ناسرەدینەڵڵای خەلیفەی بەغدایـەش لـە وەرامـی مـەلیك ئەفزەڵـدا سـێ بـەیتی نامـەی خۆیـدا

١- یافعیعەبدوڵڵا کوڕی ئەسعەد بە قوتبی مەککە و میوانی مەدینە ناسراوە؛ چونکە زۆریـان تێـدا ماوەتـەوە. سـاڵی ٧٥٥.ك مردووە. زۆری کتێب داناون «*مراة الـجنان فـیالـحوادث الزمان*» کـە لـە حەیـدەرابادی دەکـن چـاپکراوە لـە هەمووان بەناوبانگتـرە. جەمیل

٢- خەلیفە ناسرەدینەڵلا ئەحـمەد کوڕی موستەئزی، سی و چوارەمیـن خەلیفەی عەبباسی لە سـاڵی ٥٧٥ك یـەوە تـا ساڵی ٦٢١ حوکمی کردووە و لە پاش ئەو زاهیـر بینەمریلای کوڕی بۆتە خەلیفە. عەونی

گونجاندووە، دەڵێ:

ئـەگەرچی دەردەدڵیش زۆر هەبوو لە نامـەکەتا   هونـــەر دەباری بەرێژە و لە تۆی پەیـــامەکەتا
عەلیٰ کە مـــافـی وە بنلیـــچ درا بە زۆرداری   کەسێکی وا نـــەبوو ئەو دەم بگا بە هـــاواری
بەڵام ئەتۆ وەکوو ئـــەو نیت و ئێـــمە هاناتیـــن   دەبـم بە یاریدەرت خۆش بـــە هەربینا هاتیـــن

نەسروڵڵا کوڕی ئەبولکەرەم زیائەدین مـحەمەد، کـوڕی عەبدولکـەریم شـەیبانی جزیـری وەزیـری مەلیك ئەفزەڵ بووە؛ کـە ئـەویش دەگـەڵ عیـزەدین عـەلی[1] و مەجـدەدین ئەبوسـەعادەتی برای[2] بـە ئیبنوئەسیـر ناوبانگیان ڕۆیشتووە. ئەو ئیبنوئەسیـرەی کە وەزیری مەلیك ئـەفزەڵ بـووە لـە هـەموو زانایانی زەمانی خۆی بەناوبانگتـــر بـووە و کـەس نـەیتوانیوە لـە زاناییـدا لـە بـەری بکـۆخی و لـە بەرانبەریدا بلێ ئەزم. لە هونەری نامەنووسی و وتار ڕازاندنـەوە و وردەکـاری پـسپۆڕانەدا هـەر خـۆی تاکەسوارەی مەیدان بووە. لە جزیرەی ئیبـنوعومەر لە دایك بووە[3] و لەوێش پێگەیشتووە و دەڵێن زۆر

١- عیزەدینعەلی: ئەبولحەسەن عێزەدین عەلی کوڕی ئەبولکەرەمیجزیری برای ئەبولسەعادت مەجدەدین موبـارەك کوڕی ئەبولکەرەمی جزیری، کە بە ئیبنوئەسیـر بەناوبانگـە و لـە جزیـرەی ئیبنوعومـەر (ابـن عمـر) سـاڵی ٥٥٥.ك (١١٦٠.ز) هاتۆتە دنیاوە و کتێبی *النهایة فـي غریب الاحادیث و الکامل فـيالتاریخ و أسدالغابة فـي معرفة الصحابة* ئەو دایناون. عەونی

٢- ئەبوسەعادەت مەجـدەدین مبـارەك ئەبولکـەرەمی جزیـری -کـە بـە ئیبنوئەسیـر بەناوبانگـە- سـاڵی ٥٤٤.ك (١١٤٩.ز) لە جزیرەی ئیبنوعومەر هاتۆتە دنیا و لەوێ گەورە بووە و چووەتە مووسـڵ و لـە لای مـــحەمەد سەعید کوڕی مبارەکی خوێندووە و گوێی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر گرتووە و بۆتە دۆستی ئەمیـر موجاهێدەدین قایـــماز و دوای ئەویش هەمدەمی ئەمیـر نوورەدین ئەرسەلانی کـوڕی بـووە؛ شـەپلە لێـی داوە و گردەنـشیـن بـووە. ئەمیـــر و ئەجیمزادەکان دەهاتنە ماڵی پرسیان پێ دەکرد. میوانگەیەکی لە دەوری شار دروست کردبوو؛ ساڵی ٦٠٦.ك کە مـرد، لەوێدا نێژرا. *جامع الأصول و النهایة فـي غریب الاحادیث و الانصاف فـي تفسیـر القرآن و البدیع فـي فن الکتابة و دیوان الرسائل و کتاب الشافـي و الـمصطفا و الـمختار فـي الادعیة و الافکار* و گەلێك شتیتریشی داناوە.جەمیل وادیارە عەونی و ڕۆژبەیانی لە سەر خاوەنی *النهایة فـي غریب الاحادیث* پێك نەهاتوون. هەژار

٣- جزیرەی ئیبنوعومەر، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ناوەدانی کردۆتەوە و بۆیە بە جزیرەی عومەری ناونراوە.عەونی منیش دەڵێم عەبدولعەزیز عومەری کوردی خەڵکی بەرقەعید -کە سەر بە مووسڵە- دروستی کـردووە. مێژوونووسـی گەورە ئەبولفیداش لە مێژووە هێژاکەیدا، ج٣، ل١٣٩ قسەی مـن دەکـا. لـە ناوەکەشـی دیـارە ئیبنوعومـەر نـەبوو. هێندێکیتر کە نووسیویانە عومەر کوڕی حەسەنی تەغلەبی دروسـتی کـردووە، لـە ڕەگەزپەرستیەوە بـووە و لـە ←

به منداڵی هەموو قورئانی لەبەر کردووە. ئەوەندەبیرتیژ و لەسەرزەین بووە هەموو کەسی ناسیاوی سەری لێ سووڕ ماوە؛ هێشتا تازەلاوێك بووە هەموو دیوانی شێعری موتەنەبی (متنبی) و بوحتووری (بحتری) وەك ئاو لەبەر بووە.

تاریخی یافعی لە ئیبنوخەلەکان (ابن‌خلکان)[1]ەوە دەگێڕێتەوە کە ئەم ئیبنوئەسیرە کاتێ خوێندنی تەواو کرد و پێگەیشت، لە دیوانی سوڵتان سەلاحەدینی ئەییوبی دامەزرا و سوڵتان زۆری خۆش دەویست و هەر ئەویش کردی بە وەزیری مەلیك ئەفزەلی کوڕی خۆی. ئیبنوئەسیر لە کار و باری خۆیدا زۆر سەربەست و کارامە بوو؛ وەزیرایەتی حکوومەتی دیمشقی بەڕێوە برد هەتا مەلیك ئەفزەڵیان لە شام دەرکرد. ئیبنوئەسیری وەزیر زۆر ئەترسا کەتنێکی پێ بکەن و گەڕێکی تێ هاڵێنن؛ لە شاری دیمشقدا خۆی حەشار داو کەس نەیدەدیت و لە ئەنجامدا یەکێك لە پەردەدارانی مەلیك ئەفزەڵ خستیە ناو سندوقێکەوە گاڵەی داو لە وشتری بارکرد و بردیە میسر. لە میسریش ببووە نایب و وەزیری کوڕی عەزیز[2].

کاتێ مەلیك عادڵ میسری داگیر کرد، ئیبنوئەسیر دیسان توانی خۆی ڕزگار بکا و بەر چەنگی عادڵ نەکەوێ؛ لە میسرەوە خۆی گەیاندەحەڵەب و ماوەیەك لە لای مەلیك زاهێر مایەوە و لەوێشەوە چووە مووسڵ. سەردەمێك لە سنجاریش ڕایبوارد و دوبارە گەڕایەوە مووسڵ. ئیتر هەتا مرد لە مووسڵ بوو. ئەو کتێبانەی کە دایناون و لەوانەوە زانیاری ئەو پیاوەمان بۆ دەردەکەوێ، یەکیان *المثل‌السائرة* کە دەربارەی نووسەر و شاعێرەوە دانراوە. ئەوەندەی ئامۆژگاری بە نرخ و هێژا تێدا گونجاندووە کە هەموو نووسەر و شاعیرێك زۆری پێداویستی پێیان دەبێ. دوو کتێبی‌تریشی بە ناوی *الوشی للرقوم فی حل‌المنظوم و المعانی المخترعة فی صناعة الانشاء* نووسیوە. ساڵی ٦٣٧.ك

→ ڕاست نووسین بە دوورە. جەمیل

١- ئیبنوخەلەکان، ئەبولعەبباس شەمسەدین ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم لە زانا گەورەکان و مێژوونووسەر بەناوبانگەکان بووە. ساڵی ٦٠٨.ك لە شاری هەولێر لە دایك بووە و ساڵی ٦٧١.ك لە دیمشق مردووە. زۆر کتێبی هێژای داناون؛ *وفیات الاعیان و انباء و ابناء والزمانی* مێژوویێکی لە هەمووان بەناوبانگترە. عەونی

خەلەکان لە دۆڵی خەلەکانە و گوندێکی گەورەیە و لە کۆیسنجەقەوە نزیکە. جەمیل

٢- ئەبوومەنسوور عەلی کوڕی مەلیك عەزیز عوسمان. هەژار

(١٢٣٩.ز) شیرازەی ژیانی هەڵوەشاو بەرگی مەرگی پۆشی و لە سەر تاقچەی نەمان لە ڕیزی ڕابردوواندا جێگەی بۆ دیاری کرا. دوو برای لە خۆی گەورەتری هەبووە ناویان عیزەدین عەلی و مەجدەدین ئەبولسەعادت بووە.

مەلیك عادڵ کوڕی نەجمەدین ئەییوب

یافعی لە تاریخەکەی خۆیدا دەڵێ: مەلیك عادڵ زۆر پیاوێکی کارزان و بە زییك و زاکون و بەمشوور بووە؛ زۆری خەمخۆری لە بێزۆران کردووە. تەنانەت ژیری و بەبیری بە ئەندازەیەك بووە کە سوڵتان سەلاحەدین بۆ هەموو کاری دژواری پرسووڕای پێ کردووە و گرێ پووچکەی کاری ئاڵۆزاوی بە ئامۆژگاری ئەو ڕەها کردووە. هەروەها زۆر دیندار و پارێزگار و لە خواترسیش بووە؛ ڕۆژووی زۆری گرتووە و لە نوێژ و شەونوێژان زۆر خێرا بووە. لە سەردەمی پادشایەتی سوڵتان سەلاحەدیندا لە ولاتی شام بە سەر عەکا[1] و کەرەك[2] ڕاگەیشتووە.

لە پاش مردنی مەلیك عەزیزی برازای، دەستی بە سەر میسر و شامدا گرت و ئەبومەنسوور عەلی کوڕی مەلیك عەزیزی ناردەشاری ڕوها[3] و کاروباری ئەوێی پێ سپارد و مەلیك کامل

١- عەکا شارێکە لە سەر کەناری دەریایسپی ناوەڕاست هەڵکەوتووە و قەڵایەکی کەونارای هەیە کە لە زەمانی خاچپەرستان و لە هێرشی ناپلێۆن و شەڕەکانی ئیبراهیم پاشای میسریدا -ئەو قەڵایە- دەورێکی گەورەی مێژوویی هەبووە. لە دوارۆژیشدا دەوری زۆر گەورەتری دەبێ. زۆر فەرموودەی پێغەمبەر و مژدەی گەورەی دەربارە هەیە. یەکیان ئەو حەدیسە بەناوبانگەیە کە فرموویە: «خۆشی لەو کەسەی عەکای دیت» و فەرمودەدەربارەی «عَيْنُ الْبَقَر» و شتی دیشەوە هەیە کە لێرەدا ناگونجێن. لە کتێبی *یواقیت و الجواهر*دا دەڵێ: حەوت وەزیری مەهدی لە مێرگی عەکا دادەبەزن، هەموویان بە عەرەبی داخێون؛ هتد. عەونی

ئەو حەدیسانە بە زمان پێغەمبەرەوە هەڵبەستراون؛ بڕوانە کۆتایی *سفرالسعادە*ی خاوەنی قاموس.جەمیل

عەکا شاری پیرۆزی بەهاییانە و بۆ ئەوان وەك مەککەی موسوڵمانان وایە. هەژار

٢- قەڵایەك بەو ناوە لە دۆڵی کەرەکدایە. ئاوەڕۆی کەرەك دەڕژێتە دەریاچەی لووت، کە لە ڕۆژهەڵاتی ئوردونە و گەلێکیش شوێنەواری کۆنە قەڵایانی زەمانی خاچپەرستان و هیتری تێدایە. عەونی

٣- شارێکە ئێستا ناوی ئورفایە، ١٩٠ کیلۆمیتر لە دیاربەکری پاتەختی کوردستانی تورکیاوە دوورە و لە باکووری جزیرەیە و لە ڕۆژهەلاتی فوراتە؛ شارێکی کەونارایە و شوێنەواری کلدانیانی زۆر تێدایە. عەونی

محەمەدی کوڕی خۆشی بە سەر میسرەوە دانا؛ کە لەباتی خۆی ئەو پێ ڕابگا. مەلیك موعەزەمی کوڕیشی لە دیمشقدا کردەهەمەکارە و مەلیك ئەشرەف -کە سێهەمین کوڕی بوو- جزیرەی پێ سپارد و مەلیك ئەوحەد ئەییوبی کوڕی چوارەمینی کردەفەرمانڕەوای ئەخلات[1]. ئەوسا بۆ خۆی هات و لە سەر تەختی پادشایەتی میسر پاڵی دایەوە و سێبەری ئاڵای بەرزەباڵی، سەری لە گونبەزی بەرزی کادزی عاسمان دەساوی.

بەکوشتچوونی موعیز

لە سەرەتاکانی ساڵی ٥٩٨.ك(١٢٠٢.ز)دا، مانگی ڕەجەب، مەلیك موعیز ئیسماعیل کوڕی سەیفەلئیسلام توغتەگین کوڕی نەجمەدین ئەییوب، -کە پادشای یەمەن بوو- لە شاری زوبەید[2] بە دەستی سەردارانی لەشکری خۆی کوژرا. بۆیەشیان کوشت چونکە ئەو موعیزە پیاوێکی داوێنپیس و هەمیشە سەرخۆش و بێفەر و بەگەڕ بووە. دەستدرێژی بۆ ماڵ و نامووسی ژێردەستانی خۆی کردووە.

هەر ئەو موعیزە لە لای شەرم بووە بڵێ کوردم؛ گوتوویە من لە تۆوی ئەمەویەکانم. لە پاش نەمانی ئەو، مەلیك ناسری کوڕی -کە هێشتا زۆر منداڵ بوو- کرا بە جێنشینی.

یەك لەو زانا بەناوبانگەی کە لەو سەردەمەدا ژیاون ئەبولغەنایم موسلیم کوڕی مەحموودی شیرازیە کە کتێبی *عجایب الاسفار و غرائب الاخبار*ی بە ناوی ئەو مەلیك موعیزەوە داناوە.

مردنی ئەییوب

مەلیك ئەوحەد ئەییوب کوڕی مەلیك عادڵ -کە فەرمانڕەوای ئەخلات بوو- پیاوێکی زۆر ناپیاو و تووش و چەموش و تووڕە و تۆسن و نەگونجاو بوو؛ ساڵی ٦٠٩.ك (١٢١٢.ز) خوای چارەساز، لە کۆڵ کڵۆڵ و بێچارانی کردەوە و بۆ خۆی بردەوە. ئەخلاتیش خرایە سەر جزیرە و درایە دەست مەلیك ئەشرەف.

١- ئەخلات شار و قەڵایەکی قایمە لە وڵاتی بدلیس و باکووری ڕۆژاوای دەریاچەی وانە، لە کوردستانی باکووری و دانیشتوانی لە چوارهەزار تێناپەڕن. عەونی

٢- شارێ بەوناوە لە یەمەنە،کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەندەری حودەیدە و گەلێك زانای گەورە لەو زوبەیدەوە پەیدا بوون. عەونی

مەسعوود

ساڵی ٦١٢.ك (١٢١٥.ز) مەلیك عادڵ نەوەیەكی خۆی بە ناوی مەسعوود كوڕی مەلیك كامیل ناردەیەمەن كە لەوێ پادشایەتی بكا. كاتێ مەسعوود گەیشتە سنووری یەمەن، هەموو كەیخودا و پیاوماقوڵانی یەمەن هاتنە پێشوازی و بە خۆشی و شادییەوە لە سەر تەختی یەمەنیان دانا.

ساڵی ٦١٥.ك (١٢١٨.ز) مەلیك عادڵ دڵی لە ئاو و گڵی جیهان گۆڕی و باروبنەی یەكجاری بەرەو گۆڕ تێك نا و بۆ هەمیشە چاوی لێك نا.

پازدەكوڕی لە پاش بەجێ مان؛ پێنج لەوانە لە ڕووی ئەم جیهانەدا ئەستێرەی هاتیان لە عاسمانی كامەرانیدا درەوشایەوە و لە سەر تەختی پادشایەتی پاڵیاندایەوە. ئەو پێنجانە كامیل و موعەززەم و ئەشرەف و ساڵح و شەهابەدین غازی بوون.

مەلیك ئەشرەفمووسا كوڕی مەلیك عادڵ

مەلیك ئەشرەف -كە بە منداڵی ناوی مووسا بووە- لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی بابیدا ڕوها (ئورفا)ی دراوەتێ و حەرانیشی بۆ خراوەتە سەر و كە مەلیك ئەوحەدیش مردووە، ئەخلاتیش بەو گەیشتووە.

مەلیك موعەززەم شەرەفەدین عیسا، كوڕی مەلیك عادڵ -كە پاشای دیمەشق بوو- ساڵی ٦٢٥.ك (١٢٢٧.ز) لەدنیا كۆچی كرد. داودی كوڕی -كە نازناوی مەلیك ناسر بوو- جێگەی گرتەوە و بوو بە پادشای شام. ساڵی ٦٢٦.ك (٢٢٨.ز) مەلیك كامیل كوڕی مەلیك عادڵ لە میسرەوە لەشكری هێنا سەر دیمەشق كە داگیری بكات. مەلیك ئەشرەفیش دەگەڵ مەلیك كامیلی برایدا پێك هاتن كە بۆ داگیركردنی دیمەشق هاوكاری بكەن. مەلێك ناسرداود -كە جێنشینی باوكی خۆی بوو- بەربەرەكانی مامەكانی بۆ نەكرا و لە ڕووی ناچاریەوە داوای پێك هاتن و شەڕ داكوژانی كرد. لە پاش وتووێژ و نامە و ڕاسپاردەگۆڕینەوەی زۆر، بڕیار لە سەر ئەوە درا مەلیك ناسر دیمەشق بەجێ بێڵی و لە باتیان قەڵای شوبەك[1] و نابلس و كەرەك وەرگرێ. مەلیك ئەشرەف دیمەشقی دەس كەوی و حەڕان

١- ئێستا كاولە قەڵایەكە لە نێوان عەمان و دەریای سوور دایە و سەر بە ئوردونە. عەونی

و ئورفه و ڕەققه[1] و ڕەئسولعەین[2] ببنه بەشی مەلیك كامیل. له پاش ئەو بەشینەوەیە، مەلیك كامیل هاتەوە میسر.

مەلیك ئەشرەف له دیمشقدا له سەر تەختی فەرمانڕەوایی جێگیر بوو؛ له ڕاستیدا خێر و بێرێك بوو خودای گەورە بۆ داماوان و لێقەوماوانی ناردبوو. تا خوا حەز كا دلۆڤان و دڵنەرم و بەكار و كارزان و خوێنگەرم و بەمشوور و ڕێكوپێك و بەداموودەستوور و دەستپاك و ئاكارچاك و له بەدفەڕی بە دوور بوو. هەموو خەڵكی شام شەو و ڕۆژ بۆی دەست وەدوعا بوون، كه ئەو پادشاخاوەن داد و ئەو بەهرەی خودادادەیان لێ نەستێنێ. سەرداران و سەربازانی لەشكری، ئەو ساتەیان لە خودا دەویست كە فەرمانیان بۆ دەركا و خوێنی خۆیانی بۆ بەخت كەن و كۆسپی سەر ڕێگەی تەخت كەن. خوێندەواری زۆر خۆشدەویست و پەرەی زۆری بە خوێندن دا. گەلێك فێرگە و زانكۆی گرینگ و پڕبایەخی بنیات نان و مامۆستای هێژای بەسەرەوە دانان. زانكۆیەكی بە ناوی دارالحدیث بۆ زانای بەناوودەنگ شێخ ئەبووعەمر[3] -كە بە ئیبنوسەلاحی شارەزوری بەناوبانگە- كردووە؛ كە دەرسی فەرموودەكانی پێغەمبەری تێدا بلێتەوە.

مەلیك ئەشرەف ساڵی ٥٧٠ك (١١٧٤.ز) هاتۆتە دنیاوە[4] و ساڵی ٦٣٥ك (١٢٣٧.ز) لە تەختایی گۆڕدا جێگەی گرت و گیانی پاكی بە خودای تاك سپارد. سەركردەكانی سوپایی و كاربەدەستانی سەراوپەردەی شایی و هەموو گەورەپیاوانی شار و زانا و پێشەوایانی ئایینی، له ناشتنی تەرمەكەیدا بەشدار بوون و له قەڵای دیمشقدا ئەسپاردەی گڵیان كرد و لە پاش ماوەیەك تەرمی پیرۆزی گوێزرایەوە بۆ ناو كۆشكێكی خۆی كه له نزیك مزگەوتی گەورەی بازێڕدا دروستی كردبوو؛ لەوێ وەشێرایەوە.

١- شارێكە له سووریا له سەر چەمی فوراتە و كەوتۆتە نێوان حەڵەب و دێرزۆر. عەونی

٢- شارێكە له جزیرە و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئورفایە. عەونی

٣- ئەبووعەمرعوسمان كوڕی عەبدوڕڕەحمان لە زانا بەناوبانگەكانی شافیعیە. ساڵی ٥٧٧ك لە شارەزوور هاتۆتە دنیاوە و ساڵی ٦٤٣ك مردووە. زۆر كتێبی بەنرخی لە زمان و ئەدەبدا نووسیوە. عەونی

٤- *مشاهیر الاكراد*ی ئەمینزەكی دەڵێ: ساڵی ٥٧٨ك (١١٨٢.ز) لە دایك بووە. جەمیل

مەلیك كامیل‌محەمەد كوڕی مەلیك عادل[1]

مەلیك كامیل پادشایەك بوو لە ڕۆژگاری خۆیدا لە هەموو پادشایان ناوبەدەرەوەتر و لە دنیاداری و چاكەكاری و بەگژداچوونی زۆرداریدا، لە هەموو خونكاران لە سەرەوەتر بوو. مەرد و ڕەند و خێرەومەند و چاوتێر و دڵاوا بوو. ژیر و وریا، پیتۆڵ و زۆرزان و دانا بوو. لە مەیدانی شەڕدا لە ڕووی هەزار سوار ڕووی وەرنەدەگەڕا و بۆ دینداری و خوداپەرستیش ناوبانگی بە دنیادا دەگەڕا.

ئەوەندەی لە ڕاست دوژمنان ئازا و بەزراو بوو، سەد ئەوەندەلە خودا دەترسا و لە فەرمانی بە موو لای نەدەدا. لە ئاوی شەو پارێزی دەكرد و لە ناڕەوا بێزی دەهاتەوە. هەموو شەوانی هەینی پیر و پیاوچاكی لە خۆ كۆ دەكرنەوە و بە باسی خواناسی و پرس و ڕای خواپەرستانە ڕایدەبوارد.

لە ڕۆژگاری پادشایەتی خۆیدا حەدیسگەیەكی خۆشنوما و بەرفرەوانی لە قاهیرەی «مُعزّز»ی دروست كردووە و گومبەزێكی زۆر بەرز و تەرزیشی بە سەر گڵكۆی ئیمام شافعیەوە بەرز كردۆتەوە.

مەلیك كامیل لە ڕۆژگاری باوكیدا ببووە دەستی ڕاستی بابی و سەرە و بەرە پێدانی دیوانی میسر بەو سپێرا بوو. لە پاش ئەوە كە ساڵی ٦١٥.ك (١٢١٨.ز)[2] باوكی كۆچی دوایی كرد، مەلیك كامیل جێگەی گرتەوە و زۆر زوو هێزوپێزێكی وای پەیدا كرد كە توانی لە ماوەیەكی زۆر كەمدا خاكی حیجاز و یەمەن و شامیش بخاتە ژێر سێبەری ئاڵای خۆیەوە و بەو هۆیەوە، لە هەموو مزگەوتەكانی هەموو ئەو مەڵبەندەئیسلامیانەدا خودبەی هەینی و جێژنان بەناوی ئەو پادشاخاوەن شكۆیە دەخوێنرایەوە و لە سەر بەرزەكی مزگەوتان وایان پێ هەڵدەگوت: خاوەنی مەككە بە عوبەیدەوە و یەمەن بە زوبەیدەوە و میسر بە سەعیدەوە، سەرداری شام بە پاڵەوانیەوە و جزیرە بە منالآنیەوە؛ بۆ هەردووك ڕووگە سوڵتانە و خاوەنی هەردووك نیشانە. خزمەتكاری هەردووك شوێنە پیرۆزەكانە. بۆ دین یاریدەر و یاری جێنشینی پێغەمبەر (مەلیك كامیل) خوا ڕاوەستاوی كات؛ ئامین.

مەلیك كامیل ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە بیستویەكەمی ڕەجەبی ساڵی ٦٣٥.ك (٨ی مارس

١- مەلیك كامیل‌ئەبولمەعالی ناسرەدین‌محەمەد، كوڕی مەلیك عادل‌سەیفەدین ئەبوویەكرمحەمەد، كوڕی ئەمیر نەجمەدین‌ئەیوب، مانگی مەولوودی ساڵی ٥٦٧.ك (١١٨٠.ز) هاتە دنیاوە و لە شەڕی خاچپەرستاندا ئەوەندەئازا و بەكار بووە كە ڕیكاردوسی پادشای ئینگلیس نازناوی شێڤالیەی داوەتێ. جەمیل

٢- لە چاپەكەی ڕووسیادا وا نووسراوە بەڵام لە دوو نوسخەی خەتی‌تردا شەشسەد و پێنجە. عەونی

١٢٣٨.ز) لە قەڵای دیمەشقدا دەستی لە ژیان بەردا و زۆر بە ڕووسووری، ڕووی کردەبارەگای خودای خۆی. واتا لە تەمەنی چل ساڵیدا جوانەمەرگ بوو.

باسێك دەربارەی مەرگ و نەمانی پادشایانی میسر و شام

یافعی لە تاریخەکەی خۆیدا دەڵێ: مەلیك مەسعوود یووسف کوڕی مەلیك کامیل کە ساڵی ٦١٢.ك (١٢١٥.ز) لە سەر فەرمانی باپیری لەشکری بردەسەر یەمەن و پادشایەتی یەمەنی دەسکەوت، ئەوسا نیازی خاکی حیجازی کەوتە سەر و ئازانە و بازانە گوڕی بەستەوە و بازێکی سەربازانەی داو هەردەی پیرۆزی حیجازیشی وەك دڵخوازی خۆی خستە دەستەوە. ئەو مەلیك مەسعوودەساڵی ٦٢٦.ك (١٢٢٩.ز) لە مەککەی پیرۆز کۆچی دوایی کرد و لە پێچی ماڵاواییدا ڕایسپارد کەوا کفنودفنی لە ماڵ و دراوی خۆی بۆ نەکەن و تەرمەکەی بدرێتە دەست شێخ سدیق[1] -کە پیر و پیاوچاکێکی بەناوودەنگی ئەو ڕۆژگارە بوو- تا پیری ناوبراو لە جاوی بێخەوش و ڕەوا، کراسی قیامەتی بۆ ببڕی و وەك هەموو مردووی هەژار و بێ پەنا، بێ هەرا و هوریا و زەنا و بێ ئەوە هیچ ڕێزی لێ بنرێ، ئاوێتەی ژێر توێی خاك و گڵ بکری و لە سەر کێلی گۆڕەکەی بنووسن: «ئەمە گلکۆی هەژاری چاو لە دەستی خودای پەروەردگار، یوسف کوڕی محەمەد کوڕی ئەبووبەکر کوڕی ئەییوبە».
شێخ سدیق لە باتی کفن باڵاپۆش و فۆتەیەکی خۆی تێوە پێچا کە زۆری حەج پێوە کردبوون و لە گۆڕستانی ڕەمەکی موسوڵمانەکاندا بە خاکی سپارد.

مەلیك کامیل لە مەرگی ئەو جوانەمەرگە ئازیزە، کزەی لە جەرگەوە هات و تەمی خەمی پەژارەی جگەرگۆشەی ئاوارەی، دووری تەنی و دوبارە لە شامدا پرسەی بۆ دانایەوە و شین و شەپۆڕ نوێ کرایەوە.

ساڵی ٦٣٢.ك (١٢٣٤.ز) سەرکردەی لەشکری مەلیك کامیل (سەواب خادم) -کە لە ئازایەتیدا ببووە نموونەی هەڵکەوتوویی و نەبەردی لە دنیادا و هەموو میرخاس و گەڕناسێك ئێرەی پێ دەبرد- دنیای بەجێهێشت و مرد. ئەو سەوابە سەد پیاوی وای پێگەیاندن کە زۆر لەوانە لە دواڕۆژدا بە

---

[1] - شێخ سدیق کوڕی بەدری، کوردی هەولێری لە مەککە دەژیا. جەمیل

پلەوپایەی زۆر بەرزوبالاّ گەیشتن.

هەر لە ساڵی ٦٣٢.ك (١٢٣٤.ز)دا مەلیك زاهیر کوڕی سوڵتان سەلاحەدین -کە ناوی داود بوو، نازناوی ئەبووسولەیمانیشیان بۆ خستبووە سەر- لە قەڵای بیرە[1]ی پاتەختیەوە گوێزایەوە بۆ گۆڕستان و برازایەکی خۆی -کە ناوی مەلیك عەزیز کوڕی مەلیك زاهیر بوو- کرا بە جێنشینی.

ساڵی ٦٣٣.ك (١٢٣٥.ز) مەلیك موحسین کوڕی سەلاحەدین پەردەی لای ژیانی دادایەوە و بەرەو نەبوونی بادایەوە. ئەو مەلیك موحسینە زانایەکی هەڵکەوتوو بووە و بە تایبەتی لەمەڕ فەرمایشاتی پێغەمبەری خواوە وەك دەریایەکی بێپەی وا بووە و لە هەموو ڕێوشوێنی ئایینیدا زۆر شارەزا بووە؛ دوورە دنیا و لە خوا نزیك و بێ فیز و ئارام و پارێزگار و بێئازار بووە.

ساڵی ٦٣٥.ك (١٢٣٧.ز) مەلیکئەشرەفی پادشای شام، ڕۆژی لە سەر دنیا نەما و چووە بەر بارەگای بەزەوی خودا و مەلیك ساڵحئیسماعیلی برای کرا بە جێنشین و لە سەر تەختی دیمەشقی بە چوارمشقی دانیشت.

مەلیك کامیل کوڕی مەلیك عادڵ لە میسرەوە بە لەشکرەوە و هاتە ویزەی ئەو مەلیك ساڵحە و شاری دیمەشقی دەورەدا. مەلیك ساڵح لە شاردا سەنگەربەندی کرد و ماتەی هەڵگرت و ماوەیەکیش بەربەرەکانی هێرشبەرەکانی کرد؛ بەڵام لە ئەنجامدا ناچار بوو لە پاش وتووێژێکی ڕواڵەتی و بە مەرجی کەم و زیانی زۆر، مل بدا و وڵاتی خۆی بە کامیل بدا و مەلیك کامیلی مام بوو بە پادشای شام و وەك دەپێشداشی لێ دواین، پادشایەکی زۆر کامڕەوا و بەداموودەستوور و بەمەشوور بوو؛ بەڵام هەر لە پاش دوو مانگ پادشایەتی شام کردن، مردن هاتە جەستەی و دەوری شاری لەشی گرت و لە پاش بیماریەکی کەم و ئازاریکی زۆر و گیانی پاك و بێتاوانی کردەمیوانی مەڵبەندی نەماوان.

تا دوو ڕۆژان وایان نەکرد ئەو باس و خواسە بڵاو بێتەوە. سێهەم ڕۆژی پێمردنی -کە هەینی بوو- بەر لەوە مەلا بچێتە سەر مینبەر کابرایەك سەر کەوت و بە قەو گوتی: خوایە بەزەت بە مەلیك کامیلدا بێتەوە و سایەی مەلیك عادڵمان لە سەر نەڕەوێتەوە. حەشاماتەکە بە بیستنی ئەم خەبەرە دڵتەزێنە تێکڕا دایانە قوڵپی گریان و بوو بە شین و شەپۆر و لەخۆدان. مەلیك عادڵی جێنشین -کە

١- قەڵای بیرەجەگ لە ڕۆژهەلاتی ڕووباری فوڕات و ڕۆژاوای شاری ئورفایە. عەونی

لە میسر بوو- هێشتا منداڵ بوو؛ کاروباری دنیاداری پێ هەڵنەدەسووڕا. سەردارانی لەشکر و کاربەدەستانی وڵات وایان بە پەسند زانی کە موزەففەرەدین مەلیک جەوادیونسی برازای مەلیک کامیل بکرێتە سەرپەرشت و بە ناوی مەلیک عادڵەوە فەرمانڕەوایی دیمشق بەڕێوەبەرێ. ئەوسا گۆڕی مەلیک کامیلیان لە پەنا مزگەوتی گەورەوە هەڵکەند و تەرمەکەیان لە قەڵاوە گوێزتەوە و ئەو گۆڕەیان بۆ کردەماڵی یەکجاری.

پادشاکانی دیکەی ئەو خانەدانەو باسی بڕانەوەیان

یافعی لە تاریخەکەیدا دەڵێ: مەلیک کامیل مرد و مەلیک عادڵی کوڕی لە میسر کرا بە جێنشین و مەلیک جەواد بە ناوی ئەو، بوو بە فەرمانڕەوای دیمشق. ساڵی ٦٣٧.ك (١٢٣٩.ز) پیاوە گەورەکانی میسر هاتبوونە سەر ئەو بیروباوەڕە کە مەلیک عادڵی وا منداڵ بۆ پادشادەست نادا و باش ئەوەیە مەلیک ساڵحئەییوبی برای لەبری ئەو پادشابێ.

ڕۆژێك پەلاماری کۆشکیان داو مەلیک عادڵیان خستە ناو کەژاوە و لە بنکەی فەرمانڕەوایەتیان وەردەرنا. چەکدارێکی زۆر دەوری کەژاوەیان گرت و بردیانە قەڵا و خستیانە زیندانەوە. ئیتر مەلیک ساڵح هیچ لەمپەر و تەگەرەی لەبەر نەما و بەبێ دڵەتەپێ، لە سەر تەختی پادشایەتی جێگیر بوو.

مەلیک ساڵح سەروبەری تەواوی بە کاروباری میسردا. پادشایەکی دادپەروەر و مشوورخۆر بوو. بۆ ئاسوودەیی ژێردەستانی، خۆی زۆر ماندوو دەکرد و بۆ بەختەوەر کردنی کڵۆڵان، تەمەنی خۆی بەخت دەکرد. لە هەموو ئاقارێکی میسردا مزگەوت و پەرسگەی بنیات نان و میسری -سەر لەبەر- زۆر ئاوەدان کردەوە.

ئەوسا بە نیازی شام ساندنەوە -بە لەشکری گرانەوە- کەوتە ڕێ و هات و جەوادی لە سەر دیمشق بەرکەنار کرد و لە باتی ئەسکەندریەی پێ سپارد کە پێی ڕابگا. مەلیک ساڵح بۆ ئەوە لە بەرچاوی خەڵك مەلیك جەواد بشکێنێ، خۆی کە سوار بوو سەرپۆشی زینی ئەسپی خۆی پێ هەڵگرت و چەند هەنگاوێك بە پیادەیی وەپێش خۆی دا. بەڵام لە دواییدا لەو سووکایەتی بەسەر هێنانەی زۆر پەژیوان و شەرمەزار بوو.

مەلیك سالّح دوای ئەوەی دیمشقیشی بە یەكجاری بوویە، ڕووی كردەمەڵبەندی غەور و لەوێوە ناردیە شوێن مەلیك سالّحئیسماعیل[1]ی مامی -كە فەرمانڕەوای بەعلەبەك بوو- كە بێتە لای و بچێتە بەر فەرمانیەوە. مەلیك سالّحئیسماعیل ئامادەنەبوو سەر وەبەر باری برازاكەی خۆی بێنی و بۆ بەربەرەكانی كردنی داوای لە موجاهید[2]ی فەرمانڕەوای حمیس كرد كە دژی ئەو برازایەی كۆمەگی پێ بكا. موجاهید بە دەنگیەوە هات و لەشكری بۆ نارد و ئەویش كە خۆی بە ساز و تەیاری دیت، لەشكری خۆی بە كوێرەڕێیەكی وادا هێنا كە هەتا لەشكر بە ناو شاری شام وەرنەبوون، كەس پێی نەزانی و كاتێ پێیان زانی كار لە كار ترازا و مام، پرزەی برازای بڕی و زۆربەی سەرباز و سەردارانی سوپای شام لە پادشای خۆیان تەكینەوە و تەكیان دابە تەك مەلیك سالّح ئیسماعیلەوە و سالّح ئەییوبیان فرۆشت و دڵی سالّح ئیسماعیلیان پێ كڕی.

سالّح ئەییوب دەیەویست خۆ وشێرێ، بەڵام هێندێك لە پیاوانی مەلیك ناسری خاوەنی كەرەك -كە بۆ كۆمەگی سالّح ئیسماعیل هاتبوون- تووشیان بوو بە تووشیەوە و گرتیان و باڵ بەستە بردیان و كردیانە دیاری دەستی خۆیان و بۆ پادشای خۆیان برد. مەلیك ناسر مەلیك سالّح ئەییوبی لە قەڵای كەرەكدا خستە گرتووخانەوە[3].

كاتێ مەلیك عادڵی كوڕی مەلیك كامیل زانیەوە كە سالّح ئەییوبی برای ئەوەی دەگەڵ كراوە و لە دیمشق وەدەر نراوە، هەلی بە دەرفەت زانی و توانی خۆی لە بەندی میسر ڕزگار بكا و تەختی پادشایەتی میسری وەگیر خۆی خستەوە و پیاویشی ناردەلای مەلیك ناسر و ڕایسپارد كە ئەگەر بێ و سالّح ئەییوبی برام بداتە دەست، سەد دیناری خوێنبەها بۆ دەنێرم.[4] مەلیك ناسر بەو پێشنیارە زۆر تووڕە بوو؛ مەلیك سالّح ئەییوبی لە بەند ڕزگار كرد و پەیمانیشی دەگەڵ بەست كە بە لەشكری خۆی

١- هەر ئەو مەلیك سالّح ئیسماعیلی كوڕی مەلیك عادلەیە كە مەلیك كامیل كوڕی عادل لە دیمشقی دەركرد و براش بوون. مەلیك سالّح ئەیوب كوڕی مەلیك كامیل كوڕی عادل برازای سالّح ئیسماعیل بوو، كە فەرمانڕەوای بەعلبەك بووە.

٢- موجاهیدشێركۆ كوڕی ئەسەدەدینشێركۆ.

٣- مەلیك ناسرداود كوڕی مەلیك موعززەم شەرەفەدین عیسا كوڕی مەلیك عادل كوڕی نەجمەدین ئەیوب. جەمیل

٤- ڕەنگە هەزارێك لەو ناوەدا پەڕیبێ و سەد نەبووبێ و سەدهەزار بووبێ. جەمیل

میسری بۆ بستێنێتەوە و بە گەورەی خۆشی بزانێ.

مەلیك سالّح ئەییوب بە مەلیك ناسر و لەشکریەوە ڕوویان کردەمیسر و هەر ئەوەندەلە سنوورەوە چوونە ژوورەوە، هەموو ئەمیرانی بەرەی کامیلی ئەییوبی میسر -کە عادلّیان دەدزا و سالّحیان دەویست- گوز و گومبەت هەلّیانکوتایە سەر مەلیك عادلّی پادشایان و دەست و لاقیان بەست و لە گۆشەی زیندانیان توند کردەوە و ڕێگەیان بۆ مەلیك سالّح کردەوە و چوون بە پیریەوە و بۆ سەر تەختی پادشایەتی میسریان بردەوە و ئەوسا مەلیك ناسر هاتەوە بۆ قەلاّی کەرەك.

سالّی ٦٣٨.ك (١٢٤٠.ز) مەلیك ئیسماعیلی پادشای دیمشق -سا بە هەر نیازێك بووە- قەلاّی شقیفی بۆ خاچپەرستان چۆلّ کردووە. لە سەر ئەم کارە ناڕەوایەی، دوو زانای هەرە گەورەی شام (عیززەدین عەبدوسەلام[1] و ئەبوعەمر ئیبنولحاجب[2]) زۆر بە توندی بەرپەرچیان دایەوە و تووڕەیی خۆیان ئاشکرا کرد. مەلیك سالّح ئیسماعیل لەو بەگژ داچوونەیان زۆری ڕك هەستا و عیززەدینی لە ئیمام جومعەیی خست و دەگەلّ ئیبنوحاجبدا گرتنی و هەردووکی خستە زیندانەوە.

١- عیززەدین کوڕی عەبدوسەلامی دیمشقی -کە نازناوی سولّتانی زانایانی دراوەتێ- لە شاگردانی ئامێدی کورد و ئیمامجومعەی دیمشق بووە. کە ئەو کارەساتەی بەسەر هاتووە، لە دواییدا ڕای کردووە و چۆتە میسر و سولّتانی میسر زۆری قەدر گرتووە و کردوویەتە دادپرس و ئیمامجومعەی مزگەوتی عەتیق و لە قاهیرەشدا لە مەدرەسەی سالّحیە دەرسی گوتۆتەوە و لە ڕۆژی دەیەمی جیمادی یەکەمی سالّی ٦٦٠.ك (١٢٦١.ز)، کۆچی دوایی کردووە.

٢- شیخ جەمالەدین ئەبوعەمر عوسمان کوڕی ئەبووبەکر کوڕی یونس کوردی شارەزووری، لە ڕێزمانزانە بەناوبانگەکانی زمانی عەرەبی بووە. سالّی٥٧٠.ك (١١٧٤.ز) لە ئەرستا لە مەلّبەندی سەعیدی میسر لە دایك بووە و لەوێ خوێندنی تەواو کردووە و لە فێرگەی فازلیەدا لە قاهیرە کراوەتە فێرکار و دەرسی گوتۆتەوە و ڕوویان لێ ناوە کە بیکەنە قازی،حەزی لێ نەکردووە و لە ترسی قازیەتی، لە میسر ڕای کردووە و پەنای بە دیمشق بردووە. دەپێشدا لەسەر شۆپی شافعی ڕۆیشتووە و لە شام ڕچەی مالکی ڕەچاو کردووە و لە مزگەوتی گەورەی دیمشقدا کراوەتە مامۆستا و گەلێك کتێبی زۆر هێژای داناون و لەوانە ئامیلکەیەکە بۆ برەو پێدانی مەزهەبی مالکی، *شافیە* لە سەرف و *کافیە* لە نەحودا بە شەرحەوە ئەو نووسیونی و *شرح المفصل* و *مختصر المنتهی* لە اصولی فقە و گەلێك شتیتریش هەر بەرهەمی ئەوە. لە پاشان کەوتە ئەسکەندەریەوە و ڕۆژی پێنجشەمە بیستوشەشی شەشەکانی سالّی ٦٤٦.ك (١٢٤٨.ز)، لە تەمەنی ٤٦ سالّیدا مردووە و لە دەری بابولبەحر لە گۆڕستانی سالّح کوڕی ئەبووشامە نێژراوە.

باوکی ئیبنوحاجب بەرلەوە بێتە میسر، پەردەداری ئەمیر عیزەدین سەلاحی کورد بووە و لە شاری سند (زاخۆ) لە لای ئامێدیەوە ژیاوە و لەبەر ئەو پەردەداریەی باوکی ناوی ئیبنوحاجبی بەسەردا براوە. جەمیل

ساڵی ٦٤١.ك (١٢٤٣.ز) ئەو مەلیك جەوادە-كە لە پاش مەرگی مەلیك كامیل چەند ڕۆژێك فەرمانڕەوای دیمشق بوو- لە دنیا دەرچوو.

ساڵی ٦٤٥.ك (١٢٤٧.ز) مەلیك عادڵ كوڕی مەلیك كامیل لە زینداندا مەرگی فریاكەوت و ڕزگاری كرد[1]. كوڕێكی لە پاش بەجێما ناوی «مەلیك موغیس عومەر» بوو؛ كە بابەكەی مرد، ئەویشیان خستە زیندانەوە. لە سەر ئەو كارە چەند جارێك شەڕ و كێشە لە نێوان مەلیك ساڵح ئیسماعیلی پادشای دیمشق و مەلیك ساڵح ئەییوبی میسر و مەلیك ناسری كەرەكدا ڕویدا و بەشی زۆریش هەر مەلیك ساڵح ئیسماعیل تێدەشكا. سەرەڕای ئەوەیش قاتی و گرانی و پەتای چاوقووڵكە بە شامیان وەربوون و زۆریان قڕ كردن و هێز و پێزێكیان پێوە نەهێشتن.

ساڵی ٦٤٧.ك (١٢٤٩.ز) مەلیك ساڵح ئەییوبی پادشای میسر لە شاری میسر وشكاوی ژیانی هات. قەتایا ناو -كە كوێلەی مەلیك ساڵحی خوالێخۆشبوو بوو- دەگەڵ سەرداران و ئەمیرانی میسردا بڕیاریاندا كە هەتا جێنشینی بۆ دادەنێن باسی مەرگی مەلیك ساڵح لە لای كەس نەدركێنن.

مەلیك ساڵح كوڕێكی بوو بە ناوی مەلیك موعەززەم[2] و لەو سەردەمەدا لە وڵاتی شام دەژیا. هەتا پیاویان نارد و مەلیك موعەززەمیان پەیدا كرد و هێنایانەوە میسر، سێ مانگی پێچوو؛ بەڵام هێشتا كەس بە مەرگی مەلیك ساڵحی نەزانیبوو، كە جێنشین پەیدا بوو. ئەوسا نەمانی پادشای پێشوو ڕاگەیەندرا و پادشای نوێی لە جێگە داندرا و مینبەر و زێڕ و زێوی دراو بە ناوی مەلیك موعەززەم ڕازێنرایەوە.

ساڵی ٦٤٧.ك (١٢٥٠.ز) لەشكرێكی زۆر گران و پڕچەكی خاچپەرستان هێرشیان هێنایە سەر میسر[3]. مەلیك موعەززەم بۆیان دەركەوت و لە شاری مەنسوورە پێشایی ئەو لێشاوەی گرت و بەرەنگاریان بوو. شەڕ و كوشتارێك كرا كە هەتا دنیا دنیایە و زەوی لە سەرپەرشتی گایە لە هەموو

١- لە ڕووپەڕ ١٦٩ی *اخبارالدول* دادەڵێ: مەلیك ساڵح [نەجمەدین] ئەییوب نیازی وابوو بەرەو شام بچێ. دەترسا لەو بەینەدا عادلی برای، گێچەڵێك بكا. ویستی بینێرێتە قەڵای شوبەك؛ بەڵام عادل ملی نەدا كە دەركەوێ. ساڵح هێندێك كۆیلەی خۆی ناردن لە زینداندا خنكاندیان و بڵاویان كردەوە كە بە مردنی خۆی مردووە. جەمیل

٢- مەلیك موعەزەم، تورانشایان پێ گوتووە. جەمیل

٣- سانتلویس (سانلویی) ئیمپراتووری فەرانسە سوپاسالاری ئەو هێرشە بووە. جەمیل

کۆڕ و دیوەخانان، خۆشخوانان بە بەیت و چیـــرۆکوانان بــە داســتانی بگێڕنــەوە. لــەو ڕۆژەدا خــوڕینی خونکاران و گوڕینی سەرداران و هەڕەشەی چەکداران و خرمــەی ســواران و گرمــەی تــەپڵ و دەواڵان و شەقەی شووران و ورەقەی مەتاڵان و تەقەی تــەوران و کــۆڕەکــۆڕی کــەحێلان و زۆرەزۆری زامــداران و بۆرەبۆڕی ترسەنۆك و بێباران، دەنگی هەوری بەهارانی وەبن خۆ دەدا. سنگ و بەری نەیاران بە دەردی کۆتەرەداران چووبوون؛ کە شۆڕەسورانی کوردی ئەییوبی، ڕمی حەیزەرانی سەر بە جـۆلانی خۆیــان پــێ دەئەزموون و نێزەیان بێبەزەیی وەك جلیتی ڕۆژی شایی بە سەردا دەکوتان.

لەشکری مەلیك موعەززەمی ئەییووبی لــەو شــەڕی فەرەنگــەدا نــموونەی گەڕناســی و نەبــەردی بێوێنەی بە خەڵکی جیهان ڕاگەیاند و لەو جەنگەدا لەشکری خاچپەرســتانی وا شــکاند و ئــابڕووی وا تکاند کە هیچ ئافەریدەیەك لە دنیادا خۆزگەی پێ نەخوازێ. لە کۆڕی شەڕ و لە شەڕگەدا حەوت هەزار کەلەشی خاچپەرستان لە گۆڕێ بەجێمــان و پاشــان ئــەو لاشــانە گەنیـــن و بوونــە بــژیوی خەرتــەل و دالاشان. پادشای گەورەی خاچپەرستان دیــل کــرا و دەســت و قاچــی بەستـــرا و پەستـــرایە گۆشــەی بەندیــخانەوە و لەوێشدا بە کۆت و پێوەند شەتەك درا[1].

مەلیك موعەززەم لە پاش ئەو سەرکەوتنە فیز و هەوای پەیدا کردبوو؛ ڕەفتاری دەگەڵ کۆیلــەکانی بابیدا زۆر خراپ ببوو. ئەوەندەی زۆر بۆ هێنان کە ئەوانیش لە دژی ئەو یەکتــریان گــرت و لــە نــەکاو ڕۆژێك لێی ڕاپەڕین و گرتیان و کوشتیان و عیززەدین تورکمانی[2] -کە یەکێك بوو لە خۆیان- کردیانــە سەرداری خۆیان و لە مەنسوورەوە بە لەشکرەوە هاتن و قاهیــرەی «مُعزّز»یان دەست بەســەردا گــرت. پادشادیلەکەی خاچپەرستانیش پێنجسەدهەزار دینار و شاری دمیاتی دانێ و خۆی لێ کڕینەوە و ڕزگار کرا[3].

١- زیانی سەلیبیان لەو شەڕەدا سەدهەزار کوژراو بوو. جەمیل

٢- مەلیك موعیز، عیزەدین ئایبەگ (ئاغابەگ)، مێردی شەجەرەتوددوڕڕی ئەییوبی، لە ســاڵی ٦٥٣.ك (١٢٥٥.ز)دا خۆی کردەپادشای میسر و حەوت ساڵان حوکمێکی سەربەخۆی کرد و میــراتگرانی لــە دوای ئــەو بــە چینی کۆیلــە (تەبەقەی مەمالیك) ناو براون. جەمیل

٣- ئەمیــنزەکیدەڵێ: ساڵوێی بە هەشتسەدهەزار دینار خۆی کڕیوەتەوە و شاری دمیاتیشی داوەتەوە بە موسوڵمانان. جەمیل

هەر لەو ساڵەدا مەلیك ناسر -حاكمی كەرەك- لەشكری بردەسەر دیمەشق و زۆر بە هاسانی گرتی. ئەوسا زۆر باش بە خۆدا هات و لەشكرێكی ساز و پڕچەكی سازدا و ڕووی كردەمیسر و هاتە گیانی كۆیلەكان؛ بۆ لە میسر وەدەرنانیان. لەشكری میسر بە سەركردەیی كۆیلەكان لە عەبباسیە هاتنە بەرایی و شەڕێكی زۆر خەست و خوێناوی لەو ناوەدا قەوما. لە ئەنجامدا لەشكری میسر شكا و لەشكری ناسر بە سەركەوتوویی هاتە ناو شاری قاهیرە و ئاڵای دەوڵەتی ئەییوبی دیسان لە سەر میسر شەكایەوە و لە سەر بەرزەكی مزگەوتان، خودبە بە ناوی مەلیك ناسر خوێندرایەوە.

عیززەدین توركمانی و قەتایا دەگەڵ سێسەد كۆیلەی هەڵبژاردەو زۆر ئازا لە كۆیلەكانی مەلیك سالح، لە دەست ناسر هەڵاتن و بەرەو شام ڕۆیشتن. لە ڕێگەدا تووشی كاروانێكی سوپایی مەلیك ناسر هاتن؛ كە چەك و جبەخانە و گەنجینە و تەپڵ و ئاڵا و كەلوپەلی‌تریان بۆ میسر دەهێنا. عیززەدین و قەتایا بەو سێسەد كەسەوە بەسەر كاروانیان دادا و هەر ئەوەندەی بلێی یەك و دوو لە بەریەكیان هەڵوەشاندن و شیر و ڕمبیان تێنان. شەمسەدین لۆلۆ -كە سەرقافڵە بوو- كەوتە بەردەستیان و وەك مەڕی ئاوەكی گۆش تا بە گۆش سەریان بڕی. تەپڵی مەلیك ناسریان ورد و خاش كرد و گەنج و داراییەكەیان هەموو بە تاڵان برد. لەوێشەوە هێرشیان بردەسەر غەززە و گرتیان و كوڕی سەلاحەدین‌ئەییوبی و مەلیك ئەشرەف‌مووسا كوڕی عادڵ[1] فەرمانڕەوای حەمیس و مەلیك سالح‌ئیسماعیل -كە لە پێشدا هێندێكی دەربارە دواوین- دەگەڵ گەلێك لە سەرناسان و ئەمیرانی ئەییووبیان بە دیل گرتن و هەموویان یەكجێ كوشتن و ئاسەواریان بڕینەوە.

كاتێ هەواڵ و باسی ئەو كارەساتە جەرگبڕە بە مەلیك ناسر گەیشتەوە، زانی كار لە كار ترازاوە و تازە مانەوەی لە میسردا هیچ تامی تێدا نەماوە. ناچار بە یەكجاری سێ بەردەی نایە مشت بووكی پادشایەتی بە تەختوتاجی میسر و تەڵاقێكی وایدا بە هێچ شێخ و مەلایەك چیا نەبێتەوە و میسری بەجێهێشت و سەری خۆی هەڵگرت و بەرەو شام قاچاندی.[2]

١- زێرنۆف پرسەك(؟)ی لە سەر داناوە. ڕەنگە لە بەر هەڵەی ناوەكە بێ؛ چونكە مووسا كوڕی عادل هەرگیزحیمسی بە دەستەوە نەبووە. تەنیا بە سەر میسر ڕاگەیشتووە و ئەمەش زۆر لە دوای ئەوە بووە و ڕاستەكەی ئەشرەف موزەفەرەدین مووسا كوڕی مەنسوورە كە لە نێوان ساڵانی٦٤٤.ك (١٢٤٥.ز)و٦٦١.ك(١٢٦٢.ز)پادشای حیمسێ بووە.

٢- لە *تاریخی دوەل و ئیماراتی كوردی*دا دەڵێ: ساڵی ٦٥٢.ك (١٢٥٤.ز) خەلیفەی بەغدا دەستی تێخست و ←

سالّی ٦٤٩.ك(١٢٥١.ز) تەواشی -كە لە لایەن مەلیك ناسرەوە دژداری كەرەك بووە- هەستا سەربەخۆ مەلیك موغیسعومەر كوڕی مەلیك عادڵ كوڕی مەلیك كامیلی لە بەندیخانە دەرێنا و كردیە فەرمانڕەوای كەرەك. دەڵێن دەستی هەنگویناوی بسخەیە زاری سپڵەوە دەیگەزێ؛ ئەویش پارسەنگی چاكەی نان بدەی خۆی ئاوا خراپە دایەوە.

سالّی ٦٥١.ك (١٢٥٣.ز) مەلیك سەلاحەدین كوڕی مەلیك زاهیر كوڕی سەلاحەدین كوڕی نەجمەدینئەییووب، ڕۆژی لە سەر دنیا نەما و پەنای بە گۆڕستان برد.

سالّی٦٥٢.ك[1] (١٢٥٤.ز) ئەمیران و كەیخودایانی میسر، عیززەدینتوركمانیان كردەپادشای خۆیان و نازناوی مەلیك موعیززیان دایە. ئەو موعیززە -وەك گوتمان- لە كۆیلەكانی مەلیك سالّح بوو. ئیتر لەو ڕۆژەوە پادشایەتی میسر كەوتە دەست كۆیلانەوە و خانەدانی ئەییووبی سێبەری لە سەر میسر ڕەوی و بۆ یەكجاری ناویان لە ڕووپەڕی پادشایەتی میسر كوژایەوە. جا چونكە هێندێك لەو كۆیلانەی بەرەی ئەییووبیان، دەگەڵ پادشایانی عوسمانیدا هاوچەرخ بوون، لە بڕانەوەدا-كە باسی ئەو پادشاخاوەن شكۆیانە دەكەم- بەرەبەرە ئەگەر خوا حەز كا، لەوانیشەوە دەدوێم.

مەلیك ناسرداود كوڕی موعەززەم كوڕی عادڵ، لە ترسی عیززەدینتوركمانی ئۆقرە و ئامانی لێ هەڵگیرابوو. بە دەربەدەری و خاكەسەری هەر ڕۆژە لە جێیەك و هەر شەوە لە دێیەك ڕایدەبوارد. سالّی ٦٥٦.ك (١٢٥٨.ز) بە هەناسە ساردی سەری نایەوە و لە گۆڕی تەنگەبەردا بە بێترس حەسایەوە.

ئەو مەلیك ناسرە زیرەك و خۆشمرخ بووە. ماوەیەك دەرسی خوێندووە و لای مۆئەیدیتووسی گوێی بۆ حەدیس ڕاداشتووە. شێعری زۆر باش دەهۆندەوە و مانای زۆر تەڕوناسكی بە بیر و مێشكدا تێدەپەڕی.

سالّی ٦٦٢.ك (١٢٦٥.ز) كۆیلەكانی میسر هاتنە سەر كەرەك و دەوریاندا. مەلیك موغیس كوڕی عادڵ سەنگەربەندی خۆی كرد و ماوەیەك شەڕی كرد. بەڵام دوژمن بڕستی لێ بڕی و مەلیك

← ناسر و عیززەدینی ئاشت كردەوە. جەمیل

١- ئەمینزەكی دەڵێ: سالّی ٦٥٣ك بووە. جەمیل

موغیس بە هێرشکەرانی گوت: ئەگەر نەمکوژن خۆمتان بە دەستەوە دەدەم. بەڵێنیان پێدا و هاتە دەر و ناردیانە لای پادشای میسر و ئیتر سەری تێدا چوو. لە پاش مەلیك موغیس، تازە لە نەتەوەی نەجمەدین‌ئەییووب کەس سەری بە پادشایی نەگەیشتەوە.

خودا بە نیازی خۆی دەکا و چۆنی دەکا و چۆنی گەرەك بێ، فەرمانی ڕەوایە.

ڕووپەڕی دووەم

فەرمانڕەوایانی سەربڵند و پایەبەرزی کوردستان، کە هەر چەندەخۆشیان بە پادشا ناو نەناوە و دەریان نەبڕیوە کە کوردستانی بەردەستیان دەوڵەتێکی سەربەخۆیە؛ بەڵام زۆر بە سەربەستی ژیاون و زۆریان -زۆرجار- خودبەیان بە ناو خوێندراوە و بەر و پشتی دراویان وێنەی خۆیانی لێدراوە.

باسی ئەوانە لە پێنج بەنداندا کراوە.

بەندی یەکەم
فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان

بەئاگایان لە کەونە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایانی کوردستان و شوێنهەڵگرانی شوێنەواری ئەتابیکانی لوڕستان، بنچینەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی دەگێڕنەوە سەر ڕەسەنی خونکارانی دیاربەکر؛ کە ئەوانیش لە نەتەوەی ئەحمەدی کوڕی مەڕوانن[1]؛ کە لەوە پێش لەویش دواین و دەتوانن بۆی بڕوانن.[2]

١- لە دوو نوسخەی دەسنووسدا بابەك کوڕی ساسان. عەونی

٢- حکوومەتی دۆستەکی کوردی مەڕوانی لە ئاخر و ئۆخری چەرخی پێنجەمدا بڕاوەتەوە. وەك دەڵێن: بابەئەردەڵان لە وەچی ئەوانە و هیچ دوور نیە کە بابەئەردەڵانی سەر بە مەڕوانیان لە ترسی دەسدرێژی ئیبنوجەهیری وەزیری بەغدایە، سەری خۆی هەڵگرتبێ و کەوتبێتە ناو گۆرانانەوە و لەوێ گیرسابێتەوە و هەڵیدابێتەوە.

مستەرڕیچ دەڵێ: ئەو بابەئەردەڵانە هەر خۆی گۆرانە و لە تیرەی مامۆیییەکانەوە بە هێزی هۆزەکەی، دەسەڵاتی دەست خستووە و ئەمیرایەتی کردووە. ←

بابەئەردەڵان ناوە بۆ پیاوێك كە چەند سەردەم و تاوێك لە ناو هۆزەكانی گۆراندا ژیانی ڕابواردووە؛ لە بەرەودوای دەسەڵاتی چەنگیزیەكاندا دەستی بە سەر شارەزووردا گرتووە و ئەمیرایەتی لێ دامەزراندووە. ئەوسا ناوی بابەئەردەڵانی گۆڕیوە و كردوویە بە قوبادی كوڕی فەیرووزی ساسانی.[1]

بە گفتی حەمدوڵلامستەوفی[2] شارەزوور، واتا شاری هێزوزۆر[3] و هەمیشە فەرمانڕەواكانی كورد بوون و هەر كەسێ كە خاوەن زۆر بوویێ، بێ زۆری پێش خۆی ڕەپێچەك داوە و ڕاوی ناوە و لە جێگاكەی دامەزراوە. ئەویش هەر ئەوەندەی توانیوە بمێنێ تا بە توانایی ماوە و هەرگا داویەتە باری كزی و زەبوونی و بەرەو نەبوونی خزیوە، یەكی زۆرداری بۆ ڕەخسیوە و پرزەی لێ بڕیوە و میرایەتیەكەی گۆڕیوە.

بابەئەردەڵان لەو خاوەن زۆرانە بووە كە زۆریان نەبردووە و بە سەربەستی فەرمانڕەوایی مەڵبەندی شارەزووری كردووە و پیاوێكی ورد و كارزان و بەدەستوبرد بووە و لە ماوەیەكی كەمدا زۆری پەل هاویشتووە و برەوی بە قەڵەمڕەوی خۆی داوە و زۆری پان و پۆر و هەراو كردۆتەوە و هەتا ژیاوە هەر بە خونكاری و سەرداری ماوە و ئەوسا پێمێردی خودا سەری داوە و دەگەڵ كفنپۆشان بەرەو شاری خامۆشانی ناردووە و هەڵوەدای بیابانی نەمانی كردووە.

← ئیسماعیل كوڕی مەلا محەمەدحوسێن، نووسەری *تاریخی ئەردەلان* دەڵێ: بابەئەردەڵان لە جێی خۆی پەڕیوە بووە و لە مەڵبەندی پاڵەنگان دابەزیوە و لە دواڕۆژدا -لە سۆنگەی مەئمون بەگی كوڕی مونزیری نەوەیەوە- ناوی مامۆیان بەسەردا بڕاوە. جەمیل

١- ڕەنگە لێرەدا كورتەی هێنابێ. ڕاستەكە ئەوەیە ڕایگەیاندووە كە لە وەچەی قوباد كوڕی فەیروزی ساسانیە؛ چونكە ئاشكرایە قوباد بابی نۆشیرەوانی پادشای بەناوبانگی ئێرانەوە بەر لە پێغەمبەر ژیاوە و ساڵی ٥٠٢.ز لە كوردستاندا شەڕی دەگەڵ ڕومانان كردووە. جا كە ئەردەڵانی دەڵێن لە ڕۆژگاری عەباسیشدا حكومەتیان هەر بووە و زۆر لە مێژینەن و پاشماوەی دەوڵەتی ساسانین، نیازیان ئەو مەبەستەیە. جەمیل

٢- حەمدوڵلا مستەوفی قەزوینی خاوەنی مێژووی *نزهتالقلوب و تاریخ گزیده*-كە بە فارسی نووسیوین- ساڵی ٧٤٠.ك (١٢٣٩.ز) مردووە. جەمیل

٣- ئیبنوخەلەكان دەڵێ: زوور كوڕی زەحاك دروستی كردووە. هێندێك مێژوونوس لایان وایە قوباد كوڕی فەیروزی ساسانی بنیاتی ناوە. هەیشە دەڵێن: ناوی سیازوور بووە و ئەو ناوە لە نامەیەكدا كە قەیسەر بۆ كۆڕی پیرانی ڕۆمای ناردووە، بە سیازوور نووسراوە. جەمیل

کاتێ بابانەردەڵان سەرزەمینی بەجێ هێشتووە، کلۆڵی[1] کوڕی لە جێگە دانیشتووە و ئەویش پاش ماوەیەك بەرەو گۆڕخانە لێ نیشتوە و بۆ مەرگستان ڕۆیشتووە. لە دوای ئەوەی کلۆڵیش بە کلۆڵی چۆغەی بێ گرۆڵی ژیانی بە شرۆڵی کەوتە بن گڵەوە، نەوە و نەوەچرکانی -کە بە شوێن یەکدا شوێنی باب و کاڵیان ڕەچاو کردووە- ئەمانەن:

١- خدر کوڕی کلۆڵ ٢- ئەلیاس کوڕی خدر ٣- خدر کوڕی ئەلیاس ٤- حەسەن کوڕی خدر ٥- بابلۆ کوڕی حەسەن[2] ٦- مونزیر کوڕی بابلۆ.[3]

چونکە چۆنیەتی بەسەرهاتی ئەم فەرمانڕەوا ڕابردووانەم باش بۆ دەبناوان نەکرا و لێم ڕوون نەبوو چۆن بوون و چۆن چوون، ناچار چاوم لە ڕاست باسی بەسەرهاتیان نووقاند و هەر ناوەکانیانم ڕاگەیاند. وا لێ براوم هەر دەربارەی ئەو پیاوانەوە بدوێم کە ناویان لە ڕۆژگاراندا کەوتۆتە سەر دەم و زارانەوە و باسی ڕاستی ڕووداوی ژیانیانم لە ئاگادارانی وردەکارەوە بیستووە و بەراوردم کردوون و لە کەوم داون و ئەوی بێ‌زیوان و دارووجان بوون و چروك و قرپۆکیان تێنەچوون -بە دانستە- هەر ئەوانەم هەڵبژاردوون و بە مێژووەکەم سپاردوون. تەنانەت ئەوانەی کە باسم کردوون، هێندێکیان هەر خۆم دیتومن و دواندومن. پەیمانم دەگەڵ بنووسی زمان لووسم بەستووە کە هەر مەبەستی بێگری و لە بار بنویسم و لە وشەی بێ گەشە و سیس، بەبێز و خۆپارێز بم. هەر کەسیش بە دوای ڕاستدا هەڵوەدا بێ، هەرگیز زیانی تووش نابێ.

١- میجرلونگریك دەڵێ: کلۆڵ وڵاتی خۆی زیاد کرد و هەولێری گرت و باجی لە دەوروبەری دەستاند. جەمیل

٢- لە تاریخی ئەردەڵاندا بە ناوی باڵوڵ کوڕی مونزیر نووسراوە. جەمیل

٣- *تاریخ الدول و الامارات الکردیه* ج٢، ل٢٧٦ و القرون‌الاربعه‌الاخیره فی‌العراق ڕووپەڕ ٧و٨ دەڵێن: حکوومەتی بابانەردەڵان لە ڕۆژگاری خدری کوڕی کلۆڵ و ئەلیاس کوڕی خدردا زۆر بێ‌کێشە و هەرا مابوو؛ بەڵام حکوومەتی جەلالیریەکان لە ڕۆژگاری ئەلیاس کوڕی خدردا دەستی بەسەر بەشی زۆری باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی شارەزووردا گرت و ئەگەر وریایی ئەمیر حەسەن کوڕی خدر بەگ نەبوایە، هەموو وڵاتەکە دەکەوتە دەستیانەوە.

لە سەرەتای چەرخی پازدەهەمی زایینی (قەرنی نۆهەمی کۆچی)دا مەئموون بەگ کوڕی مونزیر بەگ کوڕی حەسەن بەگ هاتە سەر کار و ملی نا لە بەربەرەکانێ و بە گۆڕا چوونی جەلالیریان و زۆر چالاکانە هەرچی گرتبوویان لێی ساندنەوە و قەڵەمڕەوی خۆی گوشاد کردەوە و بۆ جاری دووەم زابی گەورە کرایەوە بە سنووری باکووری وڵاتەکەی و بە هێزێکی زۆر گەورەش ڕەواندزی دابەستبوو. جەمیل

مەئموون بەگ

کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆ کوڕی حەسەن کوڕی خدر کوڕی ئەلیاس کوڕی خدر کوڕی کلۆڵ کوڕی بابائەردەڵان.

مەئموون لەپاش مردنی باوکی، بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی شارەزوور و ماوەیەکی دووردوورێژ، زۆر بە باڵادەستی و سەربەستی ژیاوە و کە عەمری خوای بەجێ هێناوە، سێ کوڕی لەپاش بەجێ ماون: بێگە بەگ، سورخاب بەگ، محەمەد بەگ.[1]

بێگە بەگ

لە پاش مردنی مەئموون بەگ، بێگە بەگ جێگەی گرتەوە. بەڵام چونکە مەئموون بەگ هەر لە ڕۆژگاری ژیانیدا وڵاتەکەی بە سەر کوڕەکانیدا بەش کردبوو، هەر ناوچەکانی زەڵم[2]، تەغەسوو[3]،

١- ئەمینزەکی لە *تاریخی سولەیمانی و دەوروبەریدا* دەڵێ: مەئمون بەگ لە ساڵی ٨٦٢.ك (١٤٥٧.ز) داتا ساڵی ٩٠٠.ك (١٤٩٤.ز) واتا نزیکەی سیوهەشت ساڵ حوکمی کردووە و بە هۆی پسپۆڕی لەمەڕ پێ ڕاگەیشتنەوە، زۆری برەو پێداوە و دەوڵەتۆکەکانی هاوساشی، وەك میرنشینەکانی درنە و پێنجوێن -کە لای ئێرانن- و میرنشینەکانی کۆیسنجەق و حەریر و ڕەواندز-کە لەناو دوزێ دان- و میرنشینی عەقرە و عیمادیە و دهۆك و دەوروبەریانی خستە سەر دەوڵەتی خۆیەوە و لەوساوە تا ئەمڕۆش -لە هاوسایەتی عیراقدا- دەوڵەتی وا بەهێز دانەمەزراوە.

لە *تاریخی ئەردەڵان*دا دەڵێ: مەئمون بەگ بەزیندی سەر وڵاتەکەی لە ناو کوڕەکانی دابەش کرد؛ زەڵم و نەوسود و هاوار و دەدان و گوڵعەنبەری دابە بێگە بەگ. دەشتی مەریوان و تەنوورە و کلوکلاش و دەنشکاش بوونە بەشی سورخاب بەگ. سروچك و قەرەداغ و شارباژێر و میهر و سەرپەرشتی کاروباری هۆزەکانی تا عیمادیەی بە محەمەد بەگ ئەسپارد. جەمیل

٢- ئەمینزەکی لە *تاریخی سولەیمانی و دەوروبەری*دا، لە باسی تاریخی سنە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: قەڵای زەڵم (ژەڵم) ساڵی ٥٦٤.ك (١١٦٨.ز) بە فەرمانی بابائەردەڵان دروست کراوە و لە شیوی ژەڵم دایە و نۆ کیلۆمیتر لە ناوچەی خورماڵ (خولمار: گوڵعەنبەر) دوورە و ئێستا ناوی قەڵای خانئەحمەدخانە.

ژەڵم بە توێژێکی سووری لیچق دەڵێن کە لەسەر ناوی ڕاوەستاودا دەوەستێ. جەمیل

٣- ڕەنگە نەوسوود بێ کە گوندێکە لە هەورامان و سەر بە هەڵەبجەیە. جەمیل

شەمیران[1]، هاوار[2]، سێمان[3]، ڕاوودان[4] و گوڵعەنبەر[5]، وەبەر بێگە بەگ کەوتبوون و ئەوی دەماشەوە - وەك لەوە پاشەوە لێی دەدوێم- ببووە بەش براکانی دیکە.

بێگە بەگ چلودوو ساڵی تەواو فەرمانڕەوا بووە. کاتێ ماڵاوایی لە ژیان کردووە و بەرەو مەڵبەندی نەمان چووە، دوو کوڕی لەپاش بەجێ ماوە: ئیسماعیل و مەئموون.

مەئموون بەگ کوڕی بێگە بەگ[6]

بوو بە جێنشینی باوکی و فەرمانڕەوایی شارەزووری گرتە دەست و ساڵێکی بە سەردا تێپەڕیبوو، سوڵتان سولەیمانی عوسمانی،[7] سوڵتانحوسێن بەگی فەرمانڕەوای عیمادیەی دەگەڵ هێندێك ئاغاوەتی کوردی دیکە ناردەسەر و لە قەڵای زەڵمدا دەورەیان دا. زۆریان کرد و کۆشا، بە شەڕ بۆیان نەگیرا و سوڵتان حوسێن بە ناوی پێکهاتن و ئاشت بوونەوە هاتە پێش و مەئموون بەگی لە قەڵا دەرخست و ناردیە ئاستانە و لەوێ خستیانە بەندیخانەوە.[8] کاتێ سورخابی مامی بەو گیرانەی

١- مەڵبەندێکی پڕکەژ و کۆیە و لە باشووری هەڵەبجە و سەرچەمی سیروانە و ئێستاش شوێنەواری قەڵاکەی دیارە و لەو جێگەیە کە چەمی تانجەڕۆ و زەڵم دەڕژێنە سیروانەوە. جەمیل

٢- گوندێکە لای هەڵەبجەیە و کاکەیی لێ دەژین. جەمیل

٣- ڕەنگە شێخان بێ لە نزیك تەوسوودەو گۆڕی پیرۆزی سوڵتان ئیسحاقی پیری کاکەیی لێیە. جەمیل

٤- لە تاریخی ئەردەڵاندا «دران» نووسراوە. جەمیل

٥- شارۆکەیەك بووە هەژدەکیلۆمیتر لە هەڵەبجە دوور و ئێستا هەر شوێنەواری ماوە و گوندی خوڵمار لە جێی ئەوێ ئاوەدان کراوەتەوە. جەمیل

٦- لە *تاریخی سولەیمانی*دا ئەمینزەکی لە (گلشنخلفا) دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتێ سوڵتان سولەیمانی قانوونی چنگی خستە شارەزوورەوە، بێگە بەگ دیدەنی لێکرد و مەئموونی کوڕی بە بارمتەی دۆستایەتی لە لا دانا و سوڵتان مەئموونی بە والی بەغدا سپارد و هەر ماوەیەك بۆ لایەکیان دەنارد و لە دواییدا کردبوویانە کاربەدەستی حیللە.جەمیل

٧- سولەیمانقانونی کوڕی سوڵتان سەلیم، دەیەم ئیمپەراتۆری عوسمانی، لە ساڵی ٩٢٦.ك دابۆتە سوڵتان و گەلێك جێگای لە ئاسیا و ئەورووپا گرت.

زولفەقارخانی کەڵهوڕ بە ناوی ئەو سولەیمانە بەغدای گرت و ماوەیەکی دەدەستدا مایەوە. جەمیل

٨- ئەمینزەکی دەڵێ: مەئمون بەگ سەر بە سەفەویەکان بوو؛ قەڵەمڕەوی فەرمانی خۆی گوشاد کردەوە و گەیشتە سەر زێی بچووك و هەورامان و شارەزوور و قەرەداغ و دەشتی گەرمیانی داگرت. عوسمانی لێی ترسان و ←

زانی، کێسی لێ هانی و لوی و مشیلە و میهران و تەنوورە و کەولۆس و نشکاش -کە بەشی برازاکەی بوو- داگیری کردن و خستنیە سەر قەڵەمڕەوی خۆیەوە و پەناشی بردەبەر شاتۆماسبی سەفەوی. سوڵتان کە زانی مەئموون بەگ بێتاوانە و بە خۆڕایی گیراوە، ئازادی کرد و مەڵبەندی حیللەی لە نزیك بەغدایە پێ سپارد؛ کە داهاتی بخوا و کەس خۆی تێنەگەیەنێ.[1]

ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥.ك یە، حیللە بە دەست مەئموون بەگەوەیە و ماوەیەکە لەوێدا زۆر بە خۆشگوزەرانی و بە بێ نیگەرانی ڕایدەبوێرێ و حکوومەت دەکا. هەروەها لە دیوانی عوسمانیەوە سنجەقی سروچکیشیان دابە ئیسماعیل بەگی برای مەئموون بەگ و ماوەیەك بە سەری ڕاگەیشت و لە پاشان بەرەو ئەو دنیا بارووبنەی تێك نا.

سورخاب کوڕی مەئموون بەگ

وەك باسمان کرد لە پاش گیرانی مەئموون بەگی برازای، وڵاتەکەی ئەویشی وەبەر خۆی داو خستیە سەر قەڵەمڕەوی خۆیەوە. سەرەڕای ئەوەش بەشی محەمەد بەگی برا بچکۆلەشی کردەماڵی خۆی و بەو هۆیەوە لە شارەزوور و زەڵمدا بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆ.[2]

← لەشکری ئینکچاریان هێنا کەرکووك. ساڵی ٩٤٥.ك (١٥٣٨.ز) لەشکریان لێ کۆ کردەوە و زۆربەشی کورد بوون و بە سەرکردایەتی حوسێن پاشای ئامێدی کورد، ناردیانە سەر مەئمون بەگ و پەلاماری شارەزوور و مەریوان و سنەیان دا. مەئمون شەڕی دەگەڵ کردن بەڵام دەرۆستیان نەهات و کشایەوە بۆ قەڵای زەڵم و لەوێ دەورەیان داو هێنایانە دەر و ناردیانە ئاستانە و لەشکری عوسمانی بەربوونە تاڵان و بڕۆ و ماڵ وێران کردنی خەڵك. لە دواییدا حوسێن پاشای ئامێدی قەڵای گوڵعەنبەری دروست کرد؛ ئەو قەڵایەی کە سی ساڵ لەوەبەریش هەر هەبووە و لە جێگەی خورماڵی ئێستا بووە. جەمیل

١- بێگومان ئەوە ئەو حیللەیە نیە کە نزیکی بەغدایە و ئیبنوبەتوتە دەڵێ دیومە و نیوەی دانیشتووانی کوردن؛ چونکە حیللە و سروچك (بەرزنجە) هیچ فریان بە سەر یەکەوە نیە و دووریش نیە ئەوە هەڵەبجە بێ و ناوی گۆڕابێ و ئەو دەمە سەر بە لیوای بەغدا بووبێ. جەمیل

٢- دوای ئەوەی کە خۆی کردووە بە هاوپەیمانی شاتۆماسب و ئەم کارانەی کرد، سوڵتان سولەیمانی قانونی زۆری ڕق لێ هەستا و لە داخی ئەو مەئمون بەگی ئازاد کرد و سنجەقی حیللەی دایە و سمایلی براشی ناردەسەر سروچك -کە کێشەی تێ هاڵێنن و بنکۆڵی بکەن- بەڵام ئەوان چیان بۆ دەگەڵ نەکرا. جەمیل

ساڵی ٩٥٦.ك(١٥٤٩.ز) ئەلقاس میـرزا[1] برای شاتۆماسب -بە هەوای پادشایەتی ئێـران- پـەنای بە سوڵتان سولەیـمانیٚ برد. لە پاش ماوەیەك بە هۆی چەند كەمایەسیەكەوە كـە لێـی ڕوودابـوو، لـە سوڵتان ترسا بوو.[2] پەنای بە سورخاب بەگ برد، كەلە لای شای برای تكای بۆ بكا و لێی ببوری و وەك پێشوو وڵاتی شیـروانی بداتی و كاری بە سەر كاریەوە نەبیٚ. سورخاب بـەگ بـۆ ئـەو كەیـخودایەتی كردنـە هاتـە لای شاتۆماسـب. شـانەمەی بـە سـەركەوتنێكی زۆر گـرینگ زانـی و شـانیعمەتوڵڵای قەهستانی دەگەڵ سورخاب نارد كە بـچن و ئـەلقاس میــرزای بـۆ بێننـەوە. شـانیعمەتوڵڵا و چـەند پیاوماقوولێك هاتن ئەلقاسیان بردەوە لای شاو شاش دەست بەجیٚ فەرمانیدا ئەلقاسیان كۆت و پێوەند كرد و لە قەڵای قەهقەهەدا بەندیان كرد و دوای ساڵێك لە سەربانی قەڵاوە هـەڵیان داشـت و لـە كـۆڵ دنیایان كردەوە.

لە بەرانبەر ئەو خزمەتە باشەی سورخابدا، لە لایەن شاوە ساڵانەی هەزار تـمەن[3] بەرات بۆ بڕایەوە و هەتا ما هەموو ساڵ وەریدەگرت و بشبووە دۆستێكی زۆر نزیكی شاو زۆر خۆشەویست و لەڕوو بوو.[4] سورخاب زۆری تەمەن ڕابواردووە و ماوەی شەستوحەوت ساڵ فەرمانڕەوایی كردووە. لە دوای

١- ئەلقاسمیـرزا كوڕە چكۆلەی شا ئیسـماعیلی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی ئێرانـە؛ شـا تۆماسـبی براگـەورەی شیـروانی پیٚ سپاردبوو. لە كاتێكدا كە شەڕی گورجی و ئێرانیان بوو، لە شـا هەڵگەڕایـەوە و سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد؛ بەڵام شا بە لەشكری زۆرەوە هاتە سەری و ڕاوی ناو چووە داغستان و لە بەنـدەری كەفـەوە بـە سـواری كەشـتی چـووە ئاستانە و پەنای بە سوڵتان برد كە كۆمەگی بكا و تەختی ئێرانی بۆ بستێنیٚ. جەمیل

٢- *أخبارالدول* دەڵیٚ: قاسپ میرزا(!) هەڵاتە ئاستانە. سوڵتان قەدری گرت و دیاری بە نرخی زۆر دایە و بـەڵێنی پێـدا كە ئێرانی بۆ لە شا تۆماسب بستێنێتەوە و بیكاتە شا. لەشكریشی بۆ نارد و زۆری لە ئێران گـرت و كردیـە حـاكمی تەورێز. بەڵام ئەو خەیانەتی بە سوڵتان كرد و گوێی بە فەرمانی نەدەدا. سوڵتان بانگی كردەئاستانە، جوابی نەدایەوە و لێی هەڵگەڕایەوە. سوڵتان لەشكری لیٚ كرد؛ ئەو لەبەری هەڵات و كەوتە وڵاتی كوردانـەوە. لەوێـدا ماوەیـەك مایـەوە هەتا براكەی گرتی و زۆر بێبەزەییانە كوشتی.

ئەمیـنزەكی لە *تاریخ عالـم آرای عـباسی* دەگێڕێتەوە كە لە سـاڵی ٩٤٨دا ئـەلقاسمیـرزا كەوتـە دەسـت چـەكداری كوردەوە و بردیانە لای سورخاب بەگ و ئەویش دایەوە بە خۆیان و نەیدەویست قزڵباشان وڵاتەكـەی لـیٚ داگیـر كـەن. جەمیل

٣- لە *تاریـخی ئەردەڵان*دا دەهەزار تـمەن. جەمیل

٤- ئەمیـنزەكی لە هەردووك تاریـخەكانیدا زۆری لە سـەر ڕۆیـشتووە؛ پوختەكـەی ئەمەیـە: كـاتیٚ ئەسـتەنبوڵ ←

ئەوەش کە مووچەی ژیانی لە لای خوداوە بڕاوە و لە قەڵای هەزار بە هەزاری مەرگەوە هەڵدێراوە، یازدەکوڕی لەپاش بەجێ ماوە:

١- حەسەن ٢- ئەسکەندەر ٣- سوڵتانعەلی ٤- یەعقوب ٥- بەهرام ٦- بسات ٧- زولفەقار ٨- ئەسلەمیش ٩- شاسوار ١٠- سارۆ ١١- قاسم.

محەمەد بەگ کوڕی مەئموون بەگ

لە پاش نەمانی بابی -وەك بۆی دیاری کرابوو- بە سەر سروچك[١]، قەرەداغ[٢]، شاربازێر[٣]، ئالان[٤] و دمهران[٥]دا ڕادەگەیشت؛ چاوی لەوە بوو هەموو وڵاتی ئەردەڵانی دەست کەوێ. لە سەر ئەو نیازە خۆی هاویشتە بنباڵی سوڵتان سولەیمانی عوسمانی و داوای یاریدەدانی لێکرد. سوڵتان سولەیمان، ڕوستەم پاشای گەورەوەزیر و عوسمان پاشای میری میرانی بەغدای دەگەڵ چەند میرە کوردێکدا بە لەشکرەوە ڕەگەڵ خست، کە خاکی ئەردەڵان داگیر بکەن.[٦]

← کارەساتی شارەزوور و گیرانی ئەلقاس میرزای زانیەوە، لە عەلی پاشای والی بەغدا توورە بوو؛ چونکە ئەرکی خۆی بەڕێوە نەبردووە، دەریان کرد و لە باتیان محەممەد پاشای بەلتەچی ساڵی ٩٥٦.ك (١٥٤٩.ز) کرا بە والی بەغدا و بە سەرکردایەتی میری میرانی حەلەب، عوسمان پاشا لەشکرێکی یەکجار زۆری ناردەسەر شارەزوور و دەوری قەڵای زەڵمیان گرت، کە سورخابی تێدا بوو. دەورەدان دووری کێشا؛ بەڵام عوسمان چی بۆ دەگەڵ نەکرا. ئەوسا بەلتەچی بۆ خۆی هات و بەکر بەگ و وەلی بەگ -کە دوو ئەمیری کورد بوون- کردنیە ناوبژیکەر کە وا بکەن خۆ بداتەوە دەست عوسمانیان.

*القرون الاربعه الاخیره فی العراق*یش هەر شتێکی وا دەڵێ؛ بەڵام دوکتور فریج دەڵێ: سورخاب لە پاش ماوەیەك لە ژێر چاوەدێری ئێران دەرچووە و حاکمی سەربەخۆ بووە و بە زانایی خۆی ئاژاوەی بنبڕ کردووە. جەمیل

١- سروچك لە شاربازێڕی سەر بە سولەیمانیە و کەونە قەڵایەکی زۆر بەرزە و لە نزیك گوندی بەرزنجە بووە و شوێنەوارەکەی ماوە. جەمیل

٢- مەڵبەندێکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سولەیمانی. جەمیل

٣- مەڵبەندێکە لە ڕۆژهەڵاتی سولەیمانی و قەڵاچوالانی پاتەختی بابان لەوێیە و ئێستا گوندێکە.جەمیل

٤- ئالان ئەو مەڵبەندەیە کە لە لای پشدەرە؛ یان قەڵایەکی کەونی لای خانەقینە کە ئێستا لەبەین چووە.جەمیل

٥- ئەمینزەکی لای وایە دلجوران بووە؛ من بە مەریوانی دەزانم. جەمیل

٦- *تاریخی ئەردەڵان* دەڵێ: سورخاب بەگ لێ نەگەڕا محەممەد بەگ بەشەکەی خۆی پێ بگا و لێی داگیر کرد؛ ←

لەشکر هاتە سەر شارەزوور و دەوری قەڵای زەڵمیان دا؛ کە لە هەموو قەڵاکانی ئەو ناوە دژوار و هەڵەمووت و سەخت و پتەوترە و لە قوچی و بەرزیدا شەڕەقۆچ دەگەڵ گومبەزی کاکێشانی عاسمانی شیندا دەکا. دەورەدانەکە دوو ساڵی ڕەبەقی خایاند و لە شەڕێکدا گوللەیەك بەر محەممەد بەگ کەوت و لە ژێر گڵدا بۆی خەوت و پەکی کەوت. لە پاشان هیمدادی شاتۆماسپ بۆ دەورەدراوان هات و عوسمان پاشا[1] لە بەریان کشاوە و دەشتی شارەزووری گرتە بەر و زۆری دەسەرەوە نەچوو، عیزرایلی گەیشتە سەر و داری ژیانی وشك و بێبەر کرد و بینەقاقەی ڕێك کوشی و بەری نەدا هەتا خۆڵی شارەزووری وەسەر کرد.

لەو دەرفەتەشدا ئەوانەی ئەو دوو ساڵە لە قەڵادا قولاغەیان دابوو، هەلیان بۆ هەڵکەوت و دەرکەوتن و هەر یەکە بە لایەکدا بۆی دەرچوون و قەڵایان چۆڵ کرد.[2] ساڵی ٩٦٩.ك (١٥٦١.ز) محەممەد پاشاخۆی کوتایە قەڵای چۆڵەوە و کردیە بنکە و لەوە بەو لاوە بەدەمی گەرم و زمانی نەرم و

→ لە بەر ئەوە محەممەد بەگ پەنای بە ئاستانە برد و سوڵتان سولەیمان، ڕوستەم پاشا و هێندێك ئەمیرە کوردی دەگەڵ نارد و هاتنە شارەزوور و ماوەی دوو ساڵان لە دەوری قەڵای زەڵم هەڵخولان؛ تەنانەت کەلێنێکیشیان بۆ تێ نەخرا. بەڵام ئەمینزەکی دەڵێ: لە پاش ئەوە کە سورخاب بەگ خۆی کردەدۆستی ئێران و مەئموون بەگ بەردرا و سنجەقی حیللەی درایە، محەممەد بەگ سەری هەڵدا و هێندێك جێگەی وەبەر خۆدان و داوای لە سوڵتان کرد بە کەلەپوورگری وڵاتی ئەردەڵانی بناسێ و دانی پێدا بنێ. ئەواویش گوێی بۆ فەرمانی سوڵتان شل نەدەکرد؛ ئەم لەشکرەیان ناردەسەر.

تاریخی ئەردەڵان دەڵێ: محەممەد بەگ دەگەڵ عوسمانیاندا بوو. لە شەڕا کوژرا و هێزەکانی ئێرانیش بە سەرکردایەتی حوسێنلالا هاتنە یاریدەی دەورەدراوان و سوپای عوسمانی بە ناچاری کشایەوە و لە داخی ئەو ژێرکەوتنە، عوسمان پاشا وەزگی داو ئاوێتەی ئاو و گڵی شارەزوور بوو. جەمیل

لە قسەکانی شەرەفخانەوە -کە محەممەد بەگ پەنای بە ترکان بردووە و کۆمەگیان کردووە- وا دەردەکەوێ تاریخی ئەردەڵان ڕاست بکا. هەژار

١- ئەمینزەکی دەڵێ: ئەوەی کە دەستی لە گرتنی قەڵا هەڵگرت و هاتە شارەزوور و لەوێ مرد، ڕوستەم پاشا بوو. جەمیل

٢- *تاریخی ئەردەڵان* دەڵێ: ئەوانە لە ناو قەڵاکەدا بوون، کاتێ زانیان عوسمانی بن کەوتوون و پاشەکشە دەکەن، بۆ تاڵان و بڕۆ هاتنە دەرەوە و محەممەد پاشا هەلی لە دەرکەوتنیان دەسکەوت و خۆی خزاندەجێگاکەیانەوە و داگیری کرد. جەمیل

لەبارزانی، توانی هەموو دژ و چەپەر و سەنگەرەکانی ئەو ناوە بخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە و لەوساوە شارەزوور وەسەر قەڵەمڕەوی عوسمانی خرا.[1]

سوڵتان عەلی کوڕی سورخاب

کە سورخاب بەگ نەما، سوڵتان عەلی کوڕی بوو بە فەرمانڕەوای وڵاتی ئەردەڵان. لە پاش سێ ساڵ دەسەڵاتداری[2]، سوڵتانی مەرگ بە سەری دادا و بەرەو گۆڕستانی ڕادا و دو نێرینەی سەروپێچکە و منداڵی لەپاش خۆی لە دنیادا بەجێهێشت: تەیموورخان و هەڵۆخان؛ ئەوانەش سەریان بە کوێ گەیشت و چیان بەسەر هات لە داهاتوودا باسی دەکرێ.[3]

بسات بەگ کوڕی سورخاب بەگ

لە پاش مردنی سوڵتان عەلی، بسات بەگی برای بە سەر خاکی ئەردەڵان ڕادەگەیشت و توانی زۆری سەر و سامان پێ بدا؛ بەڵام کوڕانی سوڵتان عەلی -کە خوشکەزای مونتە شاسوڵتانی ئیستاجلوو بوون- بۆ ساندنەوەی دەسەڵاتی باوکیان پەنایان بە شائیسماعیلسەفەوی دووەم برد.

لە پاش مردنی شائیسماعیل، تەیموورخان کوڕەگەورەی سوڵتان عەلی لە وڵاتی بەردەستی بسات بەگدا ملی‌نا لە چەتەیی و ئاژاوە نانەوە و دوژمنایەتی سەختیان کەوتە نێوانەوە و هەروا دەهات و دوژمنایەتی گەرمتر دەبوو؛ بەڵام بسات بەگ دەبەر دەستی مەرگدا سارد کرایەوە.

١- ئەمین‌زەکی دەڵێ: شارەزوور ساڵی ٩٦١ک (١٥٥٣ز) کەوتۆتە سەر وڵاتی عوسمانی. ڕەنگە نیازی ئەوجارە بێ کە هێشتا سورخاب نەیساندبۆوە. جەمیل

٢- *تاریخی ئەردەڵان* دەڵێ: سێ ساڵان خەبات و بەربەرەکانی کرد، تا توانی حوکم بگرێتە دەست و هەر دەو ساڵەدا عەمری خوای کردووە. ئەمین‌زەکیش لای وایە ساڵێك فەرمانڕەوا بووە. جەمیل

٣- *تاریخی ئەردەڵان* لە دوای سوڵتان عەلی باسی بارامی برای دەکا و دەڵێ: باوکی بەزیندی سەر عیمادیەی دابوویە و هەتا ئێستاش نەوەکانی، حاکمی ڕەواندز و کۆیسنجەق و حەریر و جێگەی‌ترن.

مستەرلونگریك لە ڕووپەڕ ٤٨ی کتێبەکەیدا باسی دەکا و دەڵێ: سورخاب بارامی کوڕی کردەحاکمی ڕەواندز و میرایەتیەکی تیا دامەزراند، سێسەد ساڵی درێژە کێشا.

تەیموورخان کوڕی سوڵتان عەلی

کاتێ مردن بساتی کردەپەندی پساتێ، تەیموورخان بوو بە فەرمانڕەوای سەرزەمینی ئەردەڵان.[1]

ساڵی ٩٨٦.ك (١٥٨٠.ز) پەنای بردەبەر سوڵتان مرادی عوسمانی و ئەویش لە داهاتی زەویە تایبەتیەکانی شارەزووریێ، ساڵانە سەدهەزار ئاغچەی بۆ بڕایەوە و خستیە ڕیزی میسری میرانە گەورەکانەوە و پاشای وەپاش ناوەکەی خراو بوو بە تیموورخان پاشاو هەر چوار کوڕیشی بە خەڵاتی سوڵتان سەرئەفراز کران. سنە و حەسەناباد و قەڵای قزڵجە[2] بۆ سوڵتان عەلی و قەرەداغ درا بە بداغ و مەریوان بۆ مراد و شارباژێر بۆ برای بە تەمەن بەرەژێر[3] و دینەوەر -کە بە سەر ئێرانەوە بوو- ئەویش خرایە سەر بەشی تەیموورخان پاشاوە.

لە سەرەنجامدا بەفوو تێکردنی شەیتان و دنەدانی لەخۆبایی بوون، هەوای پادشایەتی و سەربەخۆیی لە کەللەی دابوو. جارێك دەبووە ڕۆمی و بە تورکی دەیگوت: برای خۆمی و جارێك خۆی دەکردەقزڵباش و لە عەجەمان دەبوو بە قارداش و هەر ڕۆژە لە سەر نیازێك و هەر دەمە سازی بە ئاوازێك دەنگی دەدایەوە. لەبەر بە فیزی و بزۆزی، لە ڕێگە دەرچووبوو؛ دەر و دراوسێی خۆی هەموو ڕەنجاندبوون و کێشەی پێ دەفرۆشتن و گەڕی تێدەهاڵاندن. تاڵانی ئەمی دەکرد و بە ڕەشەدزی ماڵی ئەویتری دەبرد و دەستی درێژ دەکرد و پێی ڕادەکێشاهەتا بە دەست و پێوە بە تەڵەوە بوو. پەلاماری کوڕی عومەر بەگی کەڵهوڕی داو تاڵانی کرد[4]. شاوێردی مەزنی لوڕستان[1]، بە هانای کوڕی عومەر بەگەوە هات و بە جووتە، ڕێگەیان لە

١- ئەمینزەکی دەڵێ: تەیموورخان حەجمینی لە بساتی مامی هەلگرتبوو؛ عوسمانیەکانیش یاریدەیان دەکرد و توانی مامی دەرکا و لە جێی دانیشێ. کەوابێ تەیموور بەرلە مردنی بسات بەگ هاتۆتە سەر حوکم. جەمیل

٢- قزڵجە ئێستا گوندێکە سەر بە پێنجوێن، لە کوردستانی عیراق. خانەدانی بەناوبانگی زانایانی قزڵجی بەو ناوەن. لە هەموان بەناوبانگتر مەلا عەلی قزڵجی بوو کە گەلێك کتێبی نووسیون و بە تایبەتی لە مەنتقدا. ئێستاش مەلا محەمەدی قزڵجی هەیە، خاوەنی *التعریف بمساجد السلیمانیە*. هەژار

تاریخی ئەردەڵان دەڵێ: قەڵای زەڵمیش هەر بە ماڵە تەیموور دراوە. ئەو خەڵات و بەراتە ساڵی ٩٨٨ك بووە. جەمیل

٣- ئەمینزەکی دەڵێ: ناوی بەدرخان بووە. خاوەنی *تاریخی ئەردەڵان* بە عەلەمەدینی ناو دەبا و دەشڵێ: تەیموورخان دینەوەر و کرماشان و سنقور و زەڕینکەمەری -کە ئێستا ناوی گەڕووسە- بۆ خۆی هێشتنەوە.جەمیل

٤- ڕەنگە قوباد بەگ کوڕی عومەر بەگی حاکمی دەرەتەنگ بێ کە لە وڵاتی خۆیدا بە سەربەخۆیی تەواو دەژیا و هاوچاخی شەرەفخان بووە؛ کەچی ئیسماعیلی کوڕی مەلا حەمەحوسێن خاوەنی *تاریخی ئەردەڵان* و ←

تەیموورخان گرت و لە کاتێکدا کە تالآن و ماڵی وڵاتی کەڵھوڕانی دابووە پێش خۆی و بە خاترجەمی بەرەو ماڵ دەگەڕاوە، لە خەسر بۆسەیان بۆ دانا و دەستەویەخە لێی بڵند بوون و لە نەکاو، ئامبازی خۆی و پیاوەکانی بوون و دەگژیان ڕاچوون و ھەتا بە خۆیان زانی، کەوڵیان بردنە دەباغ و شەق و پەقیان کردن و تەیموورخانیان بە دیل گرت و دەگەڵ ماڵە تالآنیەکەی خۆیان و تالآنی پیاوانی تەیموورا ھێنایانەوە و ماوەیەك لەلای خۆیان بە دەست بەسەری گلیان دایەوە و لەوەدوا بەرھەڵدایان کرد. پەندیان لەو ئامۆژگاریە بەنرخە وەرنەگرت کە گوتوویانە:

پیسی گەر گەرای داخست لە دڵدا نـاچـێ تـا نەتبا بە ناخی گڵدا

تەیموورخان لە سەر ئەو پەت پەتێنەشڕا -کە پێی‌کرا- وازی لە بزۆزی ھەر نەھێنا و ئەوجار شاڵاوی بردەسەر زەرڕینکەمەر؛ کە دەوڵەتیاری سیامەنسووری بە فەرمانی شای ئێران کرابووە فەرمانڕەوای ئەو ناوە. دەوڵەتیار بەرەنگاری بۆوە و سەرێك پێکدا ھاتن و تەیموورخان ئەو جاریشی بە لادا نەھات و لە شەڕدا بە لادا ھات و کەلاکی لە شەڕگەدا تخێڵ بوو. کوژرانی تەیموورخان لە ساڵی ٩٩٨.ك (١٤٩١.ز) دابووە.

ھەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی کوڕی سورخاب بەگ

لە پاش کوژرانی تەیموورخان، ھەڵۆخانی برای بوو بە جێنشین و مەزنایەتی لوڕستانی خستە ناو دەستانیەوە. گوێ بە فەرمانی سوڵتان مرادخانی عوسمانی بوو. دڵی قزڵباشەکانی ئێرانیشی لە خۆی نەدەرەنجاند و خۆی دەگەڵ ھەموو لایەکدا گونجاند و کارێکی وای کرد وەك دەڵێن: نە شیش بسووتێ نە کەباب.

لە سایەی ئەو زیرەکی و وریاییەوە، توانیویە بە سەربەستی و بێ‌بەرھەڵست، حوکماتی خۆی بەرێوە بەرێ. ئێستاش کە ساڵی ١٠٠٥.ك (١٥٩٦.ز) یە ھەروا بە کامڕەوایی دەژی و بە دڵنیایی ڕای دەبوێرێ.

← ئەمیسنزەکی بەگ، کوڕیان بۆ نەنووسیوە. جەمیل

١- شاوێردی‌خان کوڕی محەمەدی سەرداری لوڕی بچووك و ئەویشە کە شاعەبباس وڵاتەکەی لێ سەند. جەمیل

بەندی دووەم

فەرمانڕەوایانی هەکاری (شەنبۆ)

لە لای گفت و لفت خۆشانی دەم و پل ڕەوانی پیتۆڵ و زۆرزانی دیرۆك بێژ و مێژوونووسان و مێژووناسانی ژیر و دانا و بەبیرورڕاویژ، بێگرێ و پێچ و پەنایە و شتێکی زۆر ئاشکرایە کە بنج و مۆری خونکارانی هەکاری، دەگەڵ ڕیشە و شادەماری شەنگەداری خانەدانی خەلیفانی عەبباسیدا لێك هالآوە و تێك هالآوە و سەری بەند و بناوانی نەماوانیان سەرچاوێکە و کانیاوێکە و ئاویارەکەی جۆیارەکەی لە یەك دەراو هەڵبەسراوە و لە یەك شێلەگەوە بەردراون و لە ئاژنکردندا، لێك هەڵبڕاون. بەڵام جێگەی ئاخ و داخە -لەو چاخەدا و لە دواییشا- مێژوونووسانی کارامە ئەرکی خۆیان بە ئەنجام نەگەیاندووە و هێندەدەخۆ نەنووساون، دانەدانەی گەوهەرانی ئەو ملوانە -یەك لە دوای یەك- بهۆننەوە و ڕێزگەی کتێب بەو لیزگەیە بەهادارە برازێننەوە؛ هەتا خەڵك بیخوێننەوە. هەر ئەوەندەیان نووسیوە کە ئەمانیش وەچی وانن. ئیتر نەیاندرکاندووە پەل و لکی زۆر بە کەڵکی کامە خەڵفە نەمامن و ئەو خەلیفەی ئەمانی لێ کەوتۆتەوە، کێهەیانە.[1] ئالآ بەژن و بالآ زراوەکەی منیش دەخۆی ڕانەدیت و بە خۆی ڕەوا نەدیت لە دەراوی لێڵاو و شلوێوە پاراو ببێ و شتی تەواو دەبنە نەکراو، لە بەردەستی

١- عەبباسیەکان بە هێزی کۆمەڵی نهێنی و لە سایەی ئازایەتی ئەبوموسلیمی خوراسانی، بوونە پادشای هەموو وڵاتی ئیسلام. بەرێ پاتەختیان کوفە و دوایە بەغدا بوو. یەکەمیان عەبدوڵڵا کوڕی محەمەدعەبباسی سەفاحە؛ ساڵی ١٣٢ك(٧٥٠ز) هاتە سەر حوکم و ٦٥٦ك (١٢٥٨ز) بە کوژرانی موستەعسەم دوابڕاو بوون. واتا ٥٤٤ ساڵ خەلیفایەتیان کردووە. جەمیل

«ئەو حەساوە- وەك لەبەرچاوە- بەساڵی هەتاوی ئەبێتە ٥٠٨ و بەساڵی مانگی ئەکاتە ٥٢٤ ساڵ. ماجد»

ئەبوموسلیمی خوراسانی کورد بووە. ئەبووجەعفەر مەنسوور خەلیفەی عەبباسی لە دیوەخانی خۆیدا کوشتوویە. ئەبوودولامەی شاعیری خەلیفە بەمردنی خۆش بووە و فرێ هاویشتۆتێ و دەڵێ:

أبا مجرم ما غير الله نعمة　　على عبده حتي يغيرها العبد

أفي دولة المنصور حاولت غدره　　ألا ان اهل الغدر آبائك الكرد

کوردیەکەی ئەمەیە: باوکی گوناهکار خوا لە بەندە ناگۆڕێ تا بەندە لە خۆی نەگۆڕێ. تۆ لای مەنسوور بووی و تەمای غەدرت هەبوو؛ بەڵێ دەزانین باوکە کوردەکانیشت هەر ئەهلی غەدر بوون! هەژار

وریا و پیتۆلانی دوارۆژ دابنێ.

ئەوی لە هەموو کەس ڕوونە و بێ چەند و چوونە، ئەو هۆزە بەودم و پیرۆزە لە ناو فەرمانڕەوایانی کوردستان و لە چاو هەموو کاربەدەستان، بە ئاکاری تەرز و کرداری بەرز و بە خوێنشیرینی و گران و سەنگینی، جێگەی بالایان گرتووە و ناوبانگیان دەرکردووە. پاکی دەست و داوێنیان و ڕەوشت و خوی خاوێنیان، لە سەر هەموو دەم و زارانە. دایم و دەرهەم خونکارانی شکۆدار و دنیادارانی دەسبەکار، ڕێزیان گرتوون و هۆگریان بوون و هیچ نەیار و بەدکارێك هەتا سەر دەگەلی دەرنەبردوون. ئەگەر جارێك لە ڕۆژگارێکدا دەسەلاتدار و زۆردارێك، زۆری بردبن و دەستی هاویشتبێتە ولاتەکەیان و لێی داگیر کردبن، زۆر کەمی پێ چووە کە زۆر پەژیوان بۆتەوە و قسەی خۆی خواردۆتەوە و مالی بە مالخۆ ئەسپاردۆتەوە.

لەمەڕ ئەو مەبەستەوە، مەولانا شەرەفەدین عەلییەزدی لە تاریخی *زەفەرنامە*دا دەلێ: ئەمیرتەیمووری کورەکانی سالی ٧٨٩ لە پاش گرتنی قەلای بایەزید، ڕووی کردەوان و وستان. عیززەدین شێر -کە فەرمانڕەوای هەکاری بوو- لە قەلای واندا قایمەکاری خۆی کرد و لێ بڕا هەتا شیری دەبڕی و هێزی بڕ دەکا، بەگژ داگیرکەردا بچێتەوە و لە هێز و گوردی ئەمیرتەیموور سڵ نەکا و نەکشێتەوە. ئەمیرتەیموور بە لەشکری گران و زۆریەوە، دەوری قەلای وانی داو شەڕ دامەزرا و جار لە جار ئالقەی ئابلۆقە لە سەرنشینانی قەلا تەنگ هەلاتەوە و دەمەگازیان لێ وێك هاتەوە و بۆیان دەرکەوت کە ئەو بەلایە لەو قەلایە واز ناهێنێ و ئەو هەزارەزیلە بەوان لەبنە نایە و لە بنەیان دێنی و هاتە بیریان کە گوتوویانە:

کێ بە فوو دیویە نەرم کرێ ئاسن؟ کوتك و سندان و کوورە دەیناسن!

عیززەدینشێر -کە خۆی بە شێرەکوللە دەزانی- لە پاش دوو ڕۆژ بەربەرەکانێ، سەربەخۆ لە قەلا هاتە دەر و بە سەرشۆڕی سەری خستە سەر خاکوپای تەیموورەوە و پاڕایەوە کە لێی ببوورێ؛ بەلام ناسرەدین ناوێك -کە لە خزمانی عیززەدینشێر بوو- بە لایەوە شوورەیی بوو بۆ کەوچکە خوێنێك بپارێتەوە و دەپیاوەتی خۆی ڕانەدیت کە سەر بۆ داگیرکەر بچەمێنێ. گورجێ لە پاش دەرچوونی عیززەدین، دەرگای قەلای گالە دایەوە و سەر لە نوێ ئاشی شەڕی نایەوە و بیستوحەوت ڕۆژان ژانی

بە دوژمن کرد و تا هێز و توانای بەربەرەکانی کردنی وشکاوی هات، دەستی هەڵنەگرت. لەشکری تەیموور ڕژانە قەڵاوە و تیخی جەوهەردار و خەنجەری مووکاریان لێ وەکار خستن و لە کاریان خستن و برستیان لێ برین و هەست و خوستیان پێ نەهێشتن.

زانایەك لە مەڕ گرتنی قەڵای وانەوە ئەوسا ئەم دوو شیعرەی گوتووە:

شایەك کە بە زەبری شیری ئێرانی گرت   چەند بەگلەر و میر وپادشاو خانی گرت
پرسیم لە قەڵەم دەگەڵ قەڵای وان چی کرد   نووسی کە «بە لادزی و گزی وانی گرت»[1]

ئەمیرتەیموور ئەوەندەلەو قەڵایە داغدار ببوو، چاوی پێ هەڵنەدەهات؛ دەستووری بە ئەمیر«یادگاراندخودی» داکە قەڵاکە وێران و خاپوور بکا و داری بەسەر بەردەوە نەهێڵێ و جێگاکەشی بکێڵێ. بەڵام قەڵا دژێکی کۆنە ئیجادی ڕۆژگاری دەسەڵاتی شەددادی کوڕی عاد بوو. ئەو گابەردەسەخت و زلانەی کە چینی دیواریان پێ هەڵچنابوو، ئەو وەستاکاری و کارامەییە کە لە چینەدانان و مۆرەی دیوارانیدا دەکار کرابوو، وێنەی لە سەرزەوین نەدیتراوە و نەشبیسراوە. زۆری دەگەڵ ماندوو بوون کەمیان دەس کەوت هەر ڕەنجێکی دایان هەر ڕەنجبەخەسار بوون و هەر کۆششێکیان کرد، بابەکۆش مانەوە و سەریان لە بەردی ڕەق داو شاخیان تێدا شکا و بۆ دەرمانیش تیزمالکێکیان بۆ هەڵنەکرێنرا و هەر چۆنێك بوو بە چنگەکرکێ تۆزێکیان ڕوشاند و پیچەکیان لەسەر مۆرە تازە ئیجادەکانی هەڵوەشاند و دەستیان لێ هەڵگرت و قەڵا بە سەربەرزی مایەوە و جوابی تەیمووری نەدایەوە.

تەیموور لەشکرێ بەرەو سەڵماس و خۆی تاژۆت. کاتێ خێوەت و بارەگای ڕەنگین و

١- دوو بەیتە فارسییەکە ئاوان:

شاهی کە بەتیغ ملك ایران بگرفت   ماه علمش سرحد کیوان بگرفت
تاریخ گرفتن حصار وان را   گر پرسندت بگو کە «کیوان بگرفت»

«کیوان بگرفت» بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ٧٨٩. مامۆستا ڕۆژبەیانی لە تەرجەمە عەرەبیەکەدا «هم اولاء فتحوا حصن وان»ی بۆ دیوەتەوە؛ بەڵام ئەمە بە ئەبجەد ٧٨٤ دەگرێتەوە و دەرناهێنێ. من لام وایە «هؤلاء هم فتحوا حصن وان» بووە و لە چاپکردندا تێکچووە.

«بە لادزی و گزی وانی گرت» دیسان بە ئەبجەد ٧٨٩ دێتەوە. هەژار

سەراوپەردەی گوشاد و بەرینی خانی تەتەر لەسەر ئەو هەردەبەرپا کرا و لەبەر لووتکە و قوتکەی ئەستوندەك و چەلاکی کۆن و چادری شاهانەی گەورەی گەوران تاولەبۆری هەوران وەلا درا، ئەمیرتەیموورعیززەدینی لە دیواندا ڕێدا و ئاوری بە خێری وێدا و بە ڕووخۆشی فەرمان و نیشانی فەرمانڕەوایی پێدا و مۆری سووری تەیمووری بۆ پێوە نا و ناردیەوە سەر ولاتی خۆی.

سالی ٨٢٤.ك(١٤٢١و٢٢.ز) مەلیك محەمەد کوڕی مەلیك عیززەدین دەگەڵ ئەمیر شەمسەدینەدا بەختیان هێنای و دیدەنی شارۆخ میرزایان بۆ ڕەخسا. شارۆخ میرزا زۆری بەخێرهێنان و گەلێکی ڕوو پێدان و دڵخۆشیدانەوە و لە کار و باری پێچانەوە و بەسەری کردنەوە و فەرمانی حوکمی بۆ نوێ کردنەوە و بە ڕێزلێنانەوە لە لای خۆی گلیدانەوە. بەر لەوەی شەڕی نێوان شارۆخ میرزا و کوڕانی قەرایووسفی تورکمان[1] لە لای ئالشکورد ڕوو بدا، ئیزنیدان و هاتنەوە ماڵ خۆیان.

هەروەها لە پادشایانی خانەدانی چەنگیزیشەوە بە خەتی ئیغوری[2] و بە مۆری ئەو خونکارانە، فەرمانێك نووسراوە دەڵێ: هەمیشە پادشایانی خاوەن شکۆ دەربارەی ئەو بنەماڵە چاکەیان کردووە و درێغییان نەبووە و ولاتی خۆیان بە مولکایەتی بە خۆیان بەخشیون. نووسەری ئەم مێژووە بۆ خۆی چاوی بەو فەرمانە کەوتووە.

ئەو پیاوانە کە لەو خانەدانەدا بە پلەوپایە گەیشتوون -ئەگەر خوا یار بێ- لەمە بەولاوە بە درێژی باسیان دەکرێ.

١- قەرایووسف بە ڕەسەن لەو تەتارانەیە کە هاتوونەتە ئێران و سەر هۆزی قەرەقۆینلووی تورکمان و میری بەشێك لە ئازربایجان بوو. لە زەمانی تەیموورلەنگدا دەگەڵ سوڵتان ئەحمەدی جەلایری پەنایان بە سوڵتان بایەزیدی عوسمانی برد. کە ئەویش کوژرا، چوونە لای زاهێر بەرقووقی پادشای میسر. کە تەیموور مرد، هاتنەوە بۆ تەورێز و هاوپەیمانی ئەحمەدی جەلایری بوون. لە پاشان بوو بە شەڕیان و قەرایووسف، سوڵتان ئەحمەدی بە دیل گرت و ناچاری کرد کە وەسیەتێك بنووسێ، ئازربایجان بدرێ بە پیربداغ و والیەتی بەغدا بۆ شامحەمەد بێ؛ کە هەردووکیان کوڕی قەرایوسف بوون. دوای نووسینی وەسیەتەکە -هەر لە ناڕەوا- کوشتی.

جا چونکە شامحەمەد وێنەی مەڕێکی ڕەشی بە ئالاوە بوو، بە دەوڵەتی قەرەقۆینلوو (مەڕەڕەشانی) ناوی دەرکرد، کە حوکمی گەیشتە لای دیاربەکریش. جەمیل

٢- جۆرە خەتێکە تەتار لە ئەلفبای نەستووریەکانیانەوە وەرگرتووە؛ کە لە چەرخی پێنجەمی میلادەوە باو بووە. جەمیل

ئەسەدەدین کوڕی گولاوی کوڕی عیمادەدین

نووسەری پیتی پەڕەکانی ئەم مێژووە، لە پیاوانی دوورەدرۆ و ڕاست و ڕەوانی بیستووە، کە جارێك لە جاران لە ڕۆژگارانی پێشوودا -بە هۆی چەپگەڕانی چەرخی ناهەموار و سووڕ و خولی دنیای بێبارەوە- یەکێك لە بەچکە شێرانی پادشاکانی هەکاری، لە ولات ئاوارە بووە و سەری خۆی هەلگرتووە و کەوتۆتە میسر و سەرگەردان و کەساس و کەسنەناس و بێکەس، پەنای بە پادشای چەرکەس بردووە.[1]

بەلام دەلێن «شێر لە هەرکوێیە پەنجەی خۆی پێیە» لە چەند شەڕ و شۆڕێکدا کە لە نێوان چەرکەسان و دینەدوژمن و خوانەناساندا قەوماوە، شیر دەکالان نەوەستاوە و کوڕی کوردی ئازا، جەوهەری خۆی نیشانداوە و لە گیانبازی و ئەرکی سەربازیدا هۆی داوەتەوە و دەرگای پایە و مایەی بەرووددا کراوەتەوە و ناوڕی ویێ دراوەتەوە.

دەلێن جارێك لە مەیدانی مەردی و نەبردیدا دەستێکی پەڕیوە. پادشای چەرکەس دەستی زێڕی بۆ کڕیوە و زەند و مەچەکی پۆلایینی بە ئەفسوون و جادووی خوای شەڕ، وەزێڕ گەڕاوە و باسکی گەنم ڕەنگ، زەرد هەلگەڕاوە. لەو ساوە ناوی ئەسەدەدین چەنگ زێڕی بەسەردا بڕاوە.

کاتێ کە حەسەن بەگی ئاقۆینلوو (مەڕەسپیانی)[2]، لە ئێران ببووە پادشا، نیهادی دەربارەی کورد زۆر خراپ بوو؛ دەیەویست کوردستانیان لە بەر دەستان دەربێنی و خۆی بە سەردا بسەپێنێ. بۆ ئەو مەبەستە دوو کەس لە دەستە و بەستەکانی خۆی -کە سۆفی خەلیل و عەرەب شابەگ بوون- بە لەشکرەوە ناردەسەر مەلبەندی هەکاری. سۆفی خەلیل ماوەیەك مایەوە و پلانی هێرشی دادەنا و لە دەرفەت دەگەڕا هەتا لە ڕۆژێکی چوارشەممەدا فەرمانی هێرش بردنی داو هەلیانکوتایە سەر ولاتی

١- پادشایانی چەرکەس لە بەرەی ئەو کۆیلانەن کە لە سالی ٧٨٤.ك (١٣٨٢.ز) تا ٩٢٢.ك (١٥١٦.ز) واتا ١٣٨ سال پادشایەتی میسریان کردووە. یەکەمیان مەلیك زاهێر سەیفەدین برقوق، کۆیلەی ئەمیر یەلبغای عومەری بووە؛ کە یەلبغاش لە پێشدا یەکێك بووە لە کۆیلەکانی مەلیك سالحی‌ئەییوبی و حوکمی میسریان لە دەست ئەییووبیان دەرێناوە. جەمیل

٢- ئوزونحەسەن (حەسەنەدرێژ) کوڕی عەلی بەگ، کوڕی قەرە ئەیلولعوسمان، میری هۆزی ئاققۆینلوو (مەڕەسپیانی) تەتەر و لە سەردارانی لەشکری تەیموورلەنگ بووە. دەولەتی مەڕەسپیانی لە سەر دار و پەردووی دولەتی مەڕەڕەشیان (قەرەقۆینلوو) دامەزراندووە و پاتەختی لە دیاریەکرەوە بردۆتە تەورێز و سالی ٨٨٣.ك (١٤٩٧.ز) مردووە. درۆشمی ئالاکەی شکلی مەڕێکی سپی بووە. جەمیل

هەکاری. میرعیززەدینشێری میری هەکاری لای وابوو ڕۆژی چوارشەممە نابێ پیاو شەڕ بکا؛ دوژمنیش ئەوا هاتە بەرەوە. سەرکردەو پیاوماقووڵانی هەکاری دەست و داوێنی بوون و بە دەوریاندا هەڵخوێند کە هاواری سەروماڵمانە و نامووس و ئابڕوومان دەکەوێتە بەر چنگی دوژمن؛ فەرمان بدەبا پارێزگاری ماڵ و منداڵ و نامووس و ژیانی خۆمان بکەین. بەڵام چ دەکەی؟ عیززەدین شێرە هەر بە ڕەوتێك فێرە و ئەویش سوێسکەییە! چوارشەممە بەد ودمە و شەڕ ناکەم و ناشیەڵم کەس لە چوارشەممەدا بەگژ دوژمندا بچێ و هەرچی دەبێ، بەڵا ببێ! هەرچی کردیان و کڕاندیان ئێستا و ئێستاش دەستی لە چوارشەممەی خۆی هەر بەر نەدا.[1]

سۆفی خەلیل و عەرەب شابەگ گەینە سەری و سەریان بڕی و دەخوێنی خۆیان گەوزاند و هۆزی هەکاریان بەزاند و چوارشەممەیان لە بیر بردنەوە و خانەدانی میریان لێ کۆر کردنەوە.[2]

چوارشەممە بۆ ئاققۆینلوو بەودم بوو. لە چوارشەممەدا وڵاتەکەیان گرت و دایانە دەست هۆزی دونبوڵی، کە بە گزیری عەجەمان پێ ڕابگەن. ئیتر ماوەیەکی زۆر و زەوەندەهۆزی دونبوڵی ببوونە قوڵەچۆماغی تورکمان و بۆ ئەوان و بە ناوی ئەوان بەروبوومی وڵاتی هەکارییان دەخوارد.

هێندێك لە مەسیحیەکانی ناوچەی دز، لە وڵاتی هەکاری، کە بە ئاسۆری ناو دەبرێن -وەك پیشەی هەمیشەیانە- بۆ سارد و سەودا بەرەو شام و میسر چووبوون؛ ناوبانگی ئەسەددەدین چنگزێڕیان بەرگوێ کەوتبوو؛ زانیبووشیان کە لە ماڵە میرانی هەکاریە. هومێدێکیان لەوە پەیداکرد و گوتیان ئەگەر ئەوەمان بۆ بێتەوە، وڵاتی خۆمان دەست دەکەوێتەوە و هەموو لایەك لە سایەی ئازادیدا دەحەسێتەوە. دەناو خۆیاندا پێك هاتن و ئەسەددەدینیان لە نیاز خەبەردار کرد و دەردی بێکەسییان بۆ شی کردەوە. چنگزێڕ بە دەنگیانەوە هات و بە شارەزایی ئاسۆریەکان، خۆی گەیاندەوە وڵاتی هەکاری. بە نهێنی و نەناسیاوی لە ناو ئاسۆریەکاندا دەژیا و چاوی بڕیبووە دەرفەتێك کە بتوانێ زەبری خۆی تێدا بوەشێنی و دوژمن لە نیشتمانەکەی خۆی دەربەڕێنێ.

١- ئێستاش لەو ناوە چوارشەممە و بە تایبەتی ئاخر چوارشەممەی مانگی سەفەر، بێ ودمە و هێندێك لایان وایە زەردەشت لەو ڕۆژەدا مردووە. جەمیل

٢- ساڵی ٨٧٥.ك (١٤٧٠.ز) ئەو هەرایە ڕووی داوە. جەمیل

مەکۆی دونبوڵیەکانی کاربەدەست دژێك بوو لە ناوچەی دزدا و چوار دەورەی تاسۆری بوون. لە سەریان بوو هەموو ڕۆژی شەموان کە لە کاروباری خۆیان دەبوونەوە، بێگاری قەڵا بکەن و تێشووی حەوتوویێك لە نان و پێخۆر و تفاق و ئالیك و دار و ئاورد، بۆ دژداران بەرن و تا شەمۆی دیکە ئازادبن و هەر کە شەمۆ نویێ بۆوە، بێگاریش نوێ بێتەوە.

شەمۆیەك لەو شەمۆیانە ئەسەدی چنگزێڕ و چەند پیاوێکی زۆربوێر و چاونەترسی هۆزەکەی، جلکی ئاسۆریەکانیان دەبەر کرد و چەك و پێداویستی جەنگیان کردەناوئاخنی کۆڵەدار و تێلەکە گیا و کۆڵەباریان لە خۆ شەتەك داو دژی دز بگرە و هاتم! کاتێ دەرگایان بۆ کرایەوە و هەموو چوونە ژوورەوە، وزاقیان بەست و کەوان و تیر و نێزە و شیریان لە ناو کۆڵە پووشکە و گیاوشکە دەرخست و بەر بوونە گیانی داگیرکەران؛ «چت خواردووە ترش و چەوەندەر؟» ئاشێکیان بۆ نانەوە، هەرچی خۆی نەدەبوارد، دەمەولەجێ دەکرا بە ئارد. هەروا سەر بوو دەپەڕان و هەر ورگ بوو دەدڕان و هەر تیر بوو جەرگی کون دەکرد و هەر دونبوڵی بوو ڕای دەکرد و خۆی ون دەکرد. ئەو ڕۆژە ئەوەی بە سەر دونبوڵی هات، تازە نابێتەوە و هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

پوختەکەی ئەمەیە: ئەو پاڵەوانە دڵێرانە و ئەو کارامە شێردڕانە، «هەر هێندەی فوو لە دۆ کەی» قەڵای دزیان لە ناحەزیان پاکردەوە و حیسابی کۆنیان یەکلا کردەوە و پارسەنگیشیان بۆ خستنە سەر و سڵاویشیان بۆ دانەوە. ڕۆژی شەمۆ تۆڵەی چوارشەمۆی کردەوە و فەڕ و ودمی ئەم، بیٚفەڕی و شوومی ئەوی ڕاماڵی و لەو شەمۆ پیرۆزەدا ئاڵای فەرمانڕەوایانی هەباسنەژاد دووبارە لە سەر بۆپەی بەرزی قەڵای دزدا شەکایەوە و سایەی ئاڵای فەرمانڕەوایانی کوردی سەربەخۆ، مـوژدەی ئازادی دایەوە و هەموو داغ لەدڵێکی لەبەر حەسایەوە. ئەو جلکە ڕەشەی کە بۆ تازیەتباری لە ڕۆژانی بێکەسی و هەژاریدا دەبەر دەکرا، کرا بە ئاڵای هەکاری و ڕۆژگاری عەبباسیانی دەهێنایەوە بەرچاو.

زمانی زەمانە لەو سەروبەندانەدا ئەو شێعرە خۆشانەی دەخوێندەوە:

شەمـمە شەمـماسی دێرەکەی ڕەبەنان	خۆی وەدەر خست لە بن چڵووی دەوەنان
دوژمـنی هەڵوەژارد و کەوتە بەزم	گوتی کێ پێم دەوێرێ بێژێ ئەزم

جا چونکە سەربەستی وڵاتی هەکاری بە ڕۆژی شەمۆ دامەزرایەوە، هەکاریش بە شەمۆ دەڵێن

شەنبۆ، ئەو تیـرە فەرمانڕەوایە بە شەنبۆ بەناویانگن.

ئەسەدەدین زۆر ئازا ژیا و بە ئازادی ڕایبوارد و لە ئەنــجامدا وەك هــەموو گیانلەبــەرێك گیــانی پاکی بە خودای تاك ئەسپارد.

داری ژینی هەر کەسێك هەر چەندەبەرزیش بێتەوە
تــەوری پێمــیــردی خودا کۆلك و ڕەگی دەبڕێتەوە

مەلیك عیززەدینشێر کوڕی ئەسەدەدینچنگزێڕ

لە پاش مەرگی بابی بوو بە فەرمانڕەوای مەڵبەندی هەکاری و لە دنیاداری و شیـرینئاکاریدا پیاوێکی بژاردەو ژێهاتی بوو. لە پاش ماوەیەك ئەویش لە ئاسۆی ژیان ئاوا بووە و مەزنایەتی بە زاهیدی کـوڕی سپاردووە.

زاهید بەگ کوڕی عیززەدینشێر

فەرمانڕەوای سەربەخۆی ولاتی هەکاری بووە. نزیکەی شێست ســاڵ حـوکمی کـردووە. هاموشـۆی لای شائیسماعیلی سەفەوی کردووە و ئەوەندەیان نێوان خۆش بووە وەك دەڵێن «موویان دەبەرەوە نەچووە». شائیسماعیل پێی کوتووە مامە؛ فەرمانیشی بۆ دەرکردبوو کە ولاتی هەکاری بۆ خۆی بێت.

زاهید دوو کوڕی بەختەوەری هەبووە بەناوی مەلیك بەگ و سەیدمــحەمەد بەگ. هـەر بــە زینــدی، سەر مەڵبەندی هەکاری لە ناودا بەش کردوون.

مەلیك بەگ کوڕی زاهید بەگ

لە پاش بابی فەرمانڕەوای قەلای بای بوو. پیاوێکی ڕاست و دروست و دڵنەرم و دادگەر بوو؛ کـە مــرد حەوت کوڕی لەپاش بەجێ مان:

زەینەڵ بەگ، بایەندوڕ بەگ، بداغ بەگ، بایەزید بەگ، حوسێن بەگ، بەهائەدین بەگ، ڕوستەم بەگ.

ڕوستەم بەگ هەر لە زەمانی بابییەوە بە سەر ناوچەی کواش و قــەلای ئاختــەمار ڕادەگەیـشت؛ لــە شەڕێکدا کە دەگەل ڕۆژەکیانیان کرد کوژرا.

زەینەڵ بەگ دژی بابی خۆی دخەبتی و دەگەڵ مەحموود ئاغای سلبی -کە دژداری قەڵای بابی بوو- ڕێككەوت و چەند کەسێکی بەدەست و زلیتریشی ڕەگەڵ خۆی خست و کێشەی دەبابی خۆی هاڵاند.

باوك و کوڕ بەرەنگاری یەك بوون و لە پاش شەڕێکی زۆر بەسام و خوێناوی، باوك بە دیل گیرا. زەینەڵ ویستی بیکوژێ؛ لە پاشان نەیکوشت و بڕیاری داهەردووك چاوی باوکی خۆی بکوڵێ. بەڵام هێشتا ئەو نامەردیەشی لە دەست نەهاتبوو کە حوسێن بەگی برای دەفریای باوکی کەوت و ڕفاندی و گەیاندیە لای سەیدمحەمەد بەگ -کە لەو دەمەدا بەسەر وستان ڕادەگەیشت- لەوێش گیر نەبوو ڕووی کردەبدلیس و پەنای بە میرشەرەف بەگ برد. میرشەرەف بەگ زۆری قەدر گرت و قەت وای نەدەکرد گەردێك لە دڵی میوانی خۆشەویستی بنیشێ.

زنیەڵ بەگ -کە کوڕە گەورەی مەلیك بەگ بوو- لە دوای ئەوە کە سەیدمحەمەد بەگی مامی کوژرا، دەستی بە سەر هەموو وڵاتی هەکاریدا گرت و بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی ئەو مەڵبەندە. لە دواییدا بە دووردورێژی باسی بەسەرهاتی سەیدمحەمەد بەگیش دەکەین.

کوڕەکانی دیکەی مەلیك بەگیش، بایەندوڕ بەگیان سەری خۆی هەلگرت و خۆی هاویشتە پەنای شاتۆماسبەوە؛ بەڵام شانەوەندەی ڕووی خۆش نیشان نەدا کە دڵی ئاو بخواتەوە. بە ناهومێدی بەرەو وڵات هاتەوە و لە شاری وان بەرەو نەمان گلار بۆوە و سێ کوڕیشی لە پاش بەجێ مان: زاهید بەگ، محەمەد بەگ، حاجی بەگ.

بداغ بەگ چووبووە حەج؛ لە ڕێ مرد و نەگەڕایەوە. ئەویش دوو نێرینەی لە پاش مان: میرعەزیز و سوڵتان حوسێن.

بایز بەگ لە شاری دیاربەکر لە لای کاربەدەستانی عوسمانی دامەزرابوو. کاتێ لەشکر بە سەرکرادیەتی مستەفا پاشایسەردار دەچووە شەڕی شیروان، بایز بەگیش ڕەگەڵ کەوتبوو. لە شەڕەکەی چلدر، قزلباشان بە دیلیان گرت و بردیانە قەزوێن و شاسوڵتان حوسێن فەرمانیدا دایانە دەست زاهید بەگی برازای خۆی و ئەویش کوشتی.

حوسێن بەگ جاروبارە بە سەر ناوچەی ئالباق ڕادەگەیشت؛ هەتا مەرگی گەیشتە سەر و لە

تەنگەبەری گۆڕیچەی توند کرد.

بەهائەدین کوڕی مەلیك بەگ -خوا یار بێ- دەگەڵ بەسەرهاتی زەینەڵ بەگدا باسی ئەویش دەکەم.

سەیدمحەممەد بەگ

کوڕی زاهید بەگ کوڕی عیززەدینشێر

سەیدمحەممەد بەگ و زەینەڵ بەگی برازای هەمیشە نێوانیان ناخۆش و پێکەوە مشت و مڕیان بوو. مام لە دژی برازای دەگەڵ هۆزی پنیانشی ڕێك کەوت و بە هەر دووکلا بوونە هێزێکی گەورە و هێرشیان کردەسەر زەینەڵ و دەسەڵاتداری ولاتی هەکاری، هەمووی دەست سەیدمحەممەد بەگ کەوت. زەینەڵ جێگەی پێ لێژ بوو؛ جێ نەما تێیدا بسرەوی و ناچار لە ولات هەلات و خۆی گەیاندەئامێدی و پەنای بە سولتان حوسێنی فەرمانڕەوای ئامێدی برد. سولتانحوسێن بەگ تکانامەی بۆ نووسی و ڕەوانەی لای سولتان سولەیمانی عوسمانی کرد.[1]

لەو دەمەدا ڕوستەم پاشاوەزیر بوو؛ زۆری بە خێر هێنا و گەلێکی بەڕێز گرت. بەڵام تێیگەیاند کە ئێمە دەزانین تۆ زۆر لێکراوی و بەشخوراوی و لە دەست ئامۆزا و کەسی خۆت ڕاتکردووە و چوویتە ئازربایجان و پەنات بە شاتۆماسب بردووە. ئەویش داڵدەی داوی و ماوەیەکیش لەوێ ماوی. جا لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین لێت دوودڵ نەبین و تۆزێکت لێ نیگەرانین. ئەگەر دەتەوێ ئێمە دڵنیا کەیت، دەبێ خۆت یەکلا کەیتەوە و بچی ماڵ و خێزانت لە ولاتی بەردەستی قزڵباشان دەرێنی و بیانهێنیە ولاتی عوسمانی؛ ئەوسا دڕدۆنگیمان بەرانبەرت نامێنی و پەنات دەدەین و فەرمانی فەرمانڕەوایی هەکاریشت بۆ دەر دەکەین.

زەینەڵ بەگ ئەمەی بە مژدەیەکی خۆش زانی، بە نیازی چوونە ئێران و هێنانی ماڵ و خێزانی، لە ئەستەمبووڵەوە بەرەو مەڵبەندی هەکاری کەوتە ڕێ. لە کاتێکدا گەیشتبووە ولاتی بۆتان، بەدر بەگ فەرمانڕەوای بۆتان بەو هاتنەی زانی؛ لە بەر خۆی لێکی دایەوە و وای بە باش زانی بەردێك بگرێتە دوو چێشکەوە: لە لایەکەوە دوژمنایەتی دێرینی دەگەڵ هەکاریان هەبوو، بە خوێنی زەینەڵ بەگ

۱- سولتان سولەیمانی قانوونی ساڵی ۹۲۶.ك (۱۵۲۰.ز) بۆتە پادشا و تا ۹۷٤.ك (۱۵٦٦.ز) حوکمی کردووە.

تۆڵەیەك دەسێنرێتەوە، لە لایەكی‌تریش زۆر دۆستی سەیدمحەممەدە، ئەگەر زەینەڵ بەگی بۆ بكوژێ و ئەو بەڵایەی لە كۆڵ كاتەوە، دۆستایەتی خۆشتر دەبێ و دەیكاتە چاوبەرەژێری چاكەی خۆی و تازە لە بیری ناچێتەوە. چەند پیاوێكی زۆر ئازا و گەڕناسی بۆتانی ناردەسەر ڕێگە و كەمینیان بۆ دانا و زەینەڵ بەگ و پیاوەكانی وە بەر هاتن و دەگژ یەك ڕاچوون و زەینەڵ بەگ و پیاوەكانی هەر چەندەهێندێكیشیان دەستەوەكەری كرد، بەڵام ئەوان زۆریان بردن و هەموو گیران و كوژران. پیاوی بەدر بەگ -سەری زەینەڵ بەگ نەبێ- سەری هەموانیان بڕی و بە دیاری و بەڵگە بۆ میری خۆیان بردن و لاشەكانیان لە شەڕگە بەجێهێشت.

بەدر بەگ كە لە سەرەكانی ڕوانی، سەری زەینەڵ بەگی دەناو سەراندا نەدیت؛ كە لە پیاوەكانی پرسی، گوتیان زەینەڵ بەگ پیاوێكی گەورە بوو؛ شەرمەمان كرد سەری ببڕین؛ ئەگینا بە مردوویی بەجێمان هێشتووە.

ئەو دەنگوباسە دەشاری جزیرێ گەڕاو خانمی خێزانی بەدر بەگ بیستیەوە و بە مێردەكەی خۆی گوت كە زەینەڵ بەگ پیاوێكی خانەدان و جێ گەورە بووە و ئەگەر هەر كوشتووشتە وا جوانترە تەرمەكەی بێتەوە شار و لە سەر ڕێوشوێنی ئایینی ئیسلامەتی بیشوێن و بە خاكی بسپێرین و بۆمە كەمایەسیە لاشی لەو دەشتە بكەوی و خۆی تێ‌نەگەیەنین.

لەسەر داخوازی خاتوون، چەند پیاوێك چوون كە تەرمەكەی بێنن؛ كاتێ گەیشتنە سەر لاشەی گوژاوان، دیتیان زەینەڵ بەگ هێشتا دڵی لە كار نەكەوتووە و ئاهێكی تێدا ماوە. بە نیوەگیانی هێنایانەوە ئاوەدانی. خێزانی بەدر بەگ زۆر بە میهرەبانی بۆی وەخۆ كەوت و چەند بژیشك و حەتاری لە جزیرێدا هەبوون، هەمووی لێ كۆكردەوە و دەرمان و هەتوان و خۆراك و هەرچی پێداویستی چارەی نەخۆشێك بێ هەمووی لە دراوی تایبەتی خۆی دا.

بەدر بەگ هەر لە سەر ئەوە سوور بوو كە بیكوژی و لە كۆڵ دنیای كاتەوە؛ بەڵام پاڕانەوە و ئامۆژگاری و فرمێسك و هەنیسكی خانمی دڵنەرم، ئاگری ڕكی لە سینەی مێردەكەیدا كوژاندەوە و لە سایەی پیاوەتی ئەو شێرەژنەوە زەینەڵ بەگ ژیانی دووبارەی بە سەر گرتەوە و زۆر زوو هاتەوە سەردەقی پێشووی و هەر لە سەر داوای خێزانی بەدر بەگ، بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە بەرەو هەكاری

بەڕێ کرا. باسی سەرئەنجامی کاری زەینەل بەگ و ژیانی کوڕانیشی لەو زووانەدا دەخەمە بەر چاو.

سەیدمحەممەد بەگ -وەك لێ دوایین- وڵاتی هەکاریانی بە خرۆپڕی کەوتە بەردەست و بێ بەرهەڵست فەرمانڕەوا بوو. ئەسکەندەر پاشامیری میرانی وان، نێوانی دەگەڵ تێك چووبوو؛ هەر ساتە پلارێکی تێدەگرت و هەر تاوە بەهانەیێکی پێدەگرت و بە هەموو زمانان لە لای سوڵتان دووزمانی لێدەکرد و بۆی تێدەچاند. لە ئەنجامدا توانی فەرمانی سوڵتان بخاتە دەست کە فەرمانداری مەڵبەندی هەکاری لە سەیدمحەممەد بسەنرێ و بە زەینەل بەگ بدرێ. ئەسکەندەریش بۆی هەبێ لە کوێ تووشی سەیدمحەممەد دەبێ، ماوەی پێ نەدا و بیکوژێ.

بە شوێن ئەو فەرماندەرێنانەدا ئەسکەندەر پاشاناردیە شوێن سەیدمحەممەد بەگ کە بێتە دیوانی وانێ. سەیدمحەممەد دەیزانی لە ژێر کاسەدا نیوکاسە هەیە و ڕێگەی وانێ تۆزێك بڤەیە و تەڵەی بۆ نراوەتەوە و پەتی بۆ هەڵخراوە، کۆمەڵێکی زۆری لە پیاوی هەرە بەکار و ئازا دەگەڵ خۆیدا برد و لە دەری شاری وانەوە وڵامی بۆ ئەسکەندەر نارد کە عەرزی پاشابکەن شارەکە ئازاری چاوقوولکەی تێدا و ناوێرم توخنی کەوم و خۆی لە دووری شار کوێم بۆ دادەنێ، بێت و چاومان پێك دەکەوێ. ئەسکەندەر پاشاچاری ناچار بۆی لە شار دەرکەوت و هەر چاوی بەو تەنتەنە و سەنسەنەیە کەوت هەستی کرد کە ئەو چەرمەچەقاڵتەیە بەو ناجورێ و گەرای گەڕی ئەو جارەشی ناگورێ، نەیوێرا فززەی لە بەر بکا و بەڕێی کردەوە. سەیدمحەممەد بەگ هاتەوە وستان و پشتێندی خاترجەمی لێ کردەوە و پیاوەکانی بڵاوە پێ کردن. بەڵام کە ئەو خەوت، دوژمن چاوی نەقووچاندبوو. هەر کە زانی سەیدمحەممەد بەگ بە ئارخەیانی پاڵیداوەتەوە و کەسی وای لە دەورە نەماوەتەوە، هەلی لەدەس نەدا و سەرکردەی کۆیلەکانی وانی بە دەستە سوارێکەوە نارد و ڕایسپارد کە بە سەیدمحەممەد بڵێ دەنگوباسی زۆر ناخۆش لە سەر سنوورانەوە هاتووە و گۆیا ئەو قزلباشە کڵاوسوورانە هرووژمیان بە دەستەوەیە؛ بە هەڵەداوان بێتە وان تا پێکەوە باری کارەکە لەبەر چاو ڕانێین و پلانی بۆ دانێین. تێشی گەیاندن ئەگەر دنیا بوو خۆی گرت و پرتاندی، ئەوا بە زۆریش بێ ڕەپێچەکی دەن و بۆم بێنن.

سەیدمحەممەد زۆری برۆبەهانە داتاشی و گەلێکی قوونەجوولە کرد؛ بەڵام مینگە و فینگە دادی نەدا و بە زۆرەملی پێش خۆیان داو بردیان و پاشاش دەست بەجێ فەرمانی داو لە کونەڕەشی زیندانیان

پەستاوت. لەو گەرم و گوڕی بگرە و بەردەیەدا، یاقووب بەگ کوڕی سەیدمــــحەمەد بــەگ ڕای کـرد و خۆی دەرباز کرد. حەسەن بەگی مەحــموودی -کە ماکی گەر و سەرەسۆدرەکە ئەو بوو- بــە فـەرمانی ئەسکەندەر پاشاچەند کۆیلەیەکی برد و کەوتە شوێن یاقووب بەگ کە بیگرێتەوە؛ یاقووببەگ زانی لە بەریان دەرناچێ، خۆی هاویشتەماڵی شـاقولی بلـیلان و لای وابــوو هـۆزی پنیانــشی پـەنای دەدەن و دەیپارێزن و دەیکەنەوە بە حاکمی هەکاری. شاقولی ئەگەرچی نـمەکخـوردەی بـاوکی یـاقوویش بــوو بەڵام نـمەکدانی شکاند و زۆر نامەردانە بزووتەوە. شاقولی و حەسەن بەگ ئاشنا بوون؛ حەسەن بەگیش بە ئاواتەوە بوو تۆوی سەیدمــحەمەد لە سەر زەمیــن نەمێنێ. شاقولی قۆڵی یاقووبی بەســت و دایــە دەست حەسەن بەگ و ئەسکەندەر پاشاش باب و کوڕی هەر لــەجــێ کوشتـــن. ئەوسـا زەینــەڵ بــەگی کردەوە دەسەڵاتداری وڵاتی هەکاری.

یاقووب بەگ سێ کوڕی هەبوون: ئولامە، سوڵتانئەحــمەد، میــرزا.

ئولامە بەگ ئەگەرچی دەوڵاتی هەکاریدا بەشی نەدرابوو، بەڵام لە دیوانی سوڵتان مرادەوە ناوچــەی خۆی پێ سپێرابوو. لە پاشان ئەویشی لێ سێنرایەوە و دەگەڵ عومەری کـوڕی هاتنــە ئەســتەمبوڵ و لەوێشەوە چوونە ناو گۆڕی کور و قووڵەوە.

زەینەڵ بەگ کوڕی مەلیك بەگ

لە پێشوودا لێ دواین کە زەینەڵ بەگ هەڵێك دژی بابی دەجووڵاوە و چــەڵێك بەگـژ سەیدمـــحەمەدی مامیدا دەچوو. ئەوەشی لە بۆتان بە سەر هات کە بەســەرهاتەکەمان گێڕایــەوە. جـا کـە لـە سـایەی پیاوەتی ژنی بەدر بەگ لە مردن خەلەست و گوڕی بەستەوە و گەیشتەوە هەکاری، بۆ ئامادەکردنی کار و باری خۆی کەوتبووە جم و جووڵ و نیازی بوو بچێتە ئەستەمبووڵ؛ لە نـەکاو بیــستی کـەوا ڕوسـتەم پاشای وەزیر --کە جێ هانای ئــەو بــوو- لــە ســەر کــار لابــراوە. تــەواوێك ناهومێـد بــوو. ســەفەری ئەستەمبووڵی چوو، نەشیدەزانی چ بکا؛ لەو بارەوە تووشی سەرگەردانی ببوو. لە پاش لێکدانەوەیەکی زۆر، هاتە سەر ئەو بیـرە کە گیــر نەبێ و بچێتە ئێران و پەنا بــە شاتۆماسـب بـەرێ؛ بـەڵام وەك تــێ گرتبوو وا دەرنەچوو. شای ئێران سەیدمــحەمەدی بەو نەدا و ڕووێکی خۆشی نیــشان نــەدا. ماوەیــەك

بێ‌دەرەتان خولایەوە و کەس ئاوڕی وێ نەدایەوە. بەڵام لە پڕ دەرووی ڕوونی بەڕوودا کرایەوە و لـە نـاو قزڵباشاندا خەبەر بڵاو بۆوە کە ڕوستەم پاشاگەڕاوەتەوە سـەر کورسـی وەزارەت. ئـەم خەبـەرە زەینـەڵ بەگی بووژاندەوە و بڵێسەی دڵساردی کوژاندەوە و بە بـێ خـۆ گـرتن و وەسـتان، ڕووی کردەئاسـتانەی سوڵتان و لاشیپانەی دەرگای ماچ کرد و خۆی گەیاندەلای ڕوستەم پاشا؛ کە جێگەی هانـا و هـاوارانی بوو. بەڵام ئەو جاریش تیـری سەری کرد و نەیپێکا. ڕوستەم پاشاحاشای لە دۆستایەتی کۆن کرد و بـە مۆنیکەوە دواندی و بە گیـرەگیـڕ لە باتی وڵاتی هەکاری، ناوچەی بوسەنەی لـە وڵاتـی ڕۆم‌ئیلـی پـێ سپارد، کە بە دەرامەتەکەی بژی. ئیتـر ناچار لە بوسەنە مایەوە تا چەند شتێکی گرینگ لەو مـاوەدا هاتە کایەوە.

یەك لەوانە کوژرانی سەیدمسحەمەد بوو لە لایەن میـری میـرانی وانەوە و بەهانەکەش ئـەوە بـوو کە لە پاش گیـرانی قەڵای وان، سەیدمـحەمەد لە نێوان شازادەسوڵتان مستەفا[1] و شاتۆماسبدا نامەی ئاڵوگۆڕ کردوون و قسەی بۆ یەکتـر هێناون و بـردوون و چـەند بوختـانێکی‌تریـشیان بـۆ هەڵبەسـت و کوشتیان؛ دووەمینیان لە کار بەرکەنار کردنەوەی ڕوستەم پاشابوو.

ئەسکەندەر پاشاتکای بۆ زەینەڵ بەگ کـرد و لـە ڕۆم ئیلیـەوە گوێزایانـەوە بـۆ وان و کردیـان بـە جاسووس و زوانگیـری خۆیان و بۆ ئێرانیان نارد. جارێك لەو جارانە کە زەینەڵ لە ئێران بـوو، لـە لای سلماس تووشی بایەندورِ بەگی برای خۆی هات؛ کە ئەویش کارەکـەی زەینـەڵی بـۆ ئێرانیـان دەکـرد و بەرەو خاکی عوسـمانی دەهات. دوو برای جاسوسی دوو دوژمن بەگژ یەکدا چوون و بایەنـدورِ شـکا و زەینەڵ چەند پیاوێکی لێ بە دیل گرت و بە دیاری بۆ وانی هێنانـەوە. بـەو دیـاری هاوردنـەی پـاروی دەڕۆنێ کەوت. ئەسکەندەر پاشاله بەر سوڵتان پاڕاوە کە پاداشـتی زەینـەڵ بـەگ بـە وڵاتـی هـەکاری بداتەوە و سەیدمـحەمەدیشی بە کوشتـن لە کۆڵ بکاتەوە.سوڵتان هەموو داخوازیەکانی بۆ پێك هێنا.

١- چیـرۆکی سوڵتان مـستەفا ئاوا بووە: دایکی سوڵتان سەلیم کە ژنی سوڵتان سولەیـمان بوو، ڕەقیبی بۆ کوڕی خـۆی نەدەویست؛ بۆ سوڵتان مستەفای تێ‌چاندبوو کە پیلان دژی بابی دەرێژێ و دەیەوێ بیکوژێ و هەر ئەویش شا تۆماسبی هەڵناوە هێرش بێنێتەوە سەر عوسـمانی. دەگەڵ ڕوستەم پاشاشدا یەکبوون. ژن و ڕوستەم، سولەیـمانیان وا لە هەساندا کوڕەکەی خۆی بکوژێ. سوڵتان چووە قوونیە بۆ سەردانی کوڕ. کوڕیش کە ئاگای لە هیچ نەبوو، هاتە پێشوازی باوکی و هەر گەیشتە ناو خێوەت، وەبەر شیـرانیاندا و فەراقی ڕەشیان لێ بڕی. جەمیل

زەینەڵ بەگ کراوە بە فەرمانڕەوای وڵاتی هەکاری و چل ساڵان ئەو مەزنایەتیەی هەر بە دەستەوە بوو. جار و بارەیەك بەهانەدینی برای لە جێگەی ئەو دەکرا بە کوێخای وڵات؛ لە پاشان ئەویش هەر بە دەستی زەینەڵ بەگ و سەیدی خانی کوڕی، کوژرا و شرت و گوم کرا. زەینەڵ بەگ بێبەرهەڵست مایەوە و لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی هەکاری پاڵی دایەوە.

زەینەڵ بەگ چوار کوڕی هەبوون: زاهید بەگ، سەیدیخان، زەکەریا بەگ و برایم بەگ.

زاهید بەگ سەرچەوتی دەگەڵ باوکی دەکرد و لە ڕوی هەڵدەگەڕایەوە؛ لە ئەنجامدا بۆ جێگاکەی پێشووی باوکیان هەڵداشت و لە بوسەنەیان قایم کرد.

زەینەڵ بەگ فەرمانی جێنشینی خۆی بۆ سەیدی بەگی کوڕی لە سوڵتان ساندبوو؛ بەڵام سەیدی بەگ هەر بە لاوی لە سەر ئەسپ گلا و جوانەمەرگ بوو. ئەوجار فەرمانی جێنشینی بە ناوی زەکەریا بەگ کرا و ڕاشیسپارد کە لە پاش مەرگی ناوچەی ئاڵباق بەشی برایم بەگی چوارەمین کوڕی بێ.

ساڵی ٩٩٢.ك (١٥٨٥.ز) سوڵتان مراد[١] فەرمانی بە عوسمان پاشای گەورەوەزیردا کە ئازربایجان بگرێ و بە زەینەڵ بەگیشیان ڕاگەیاند کە هێرش بەرێتە سەر وڵاتی قزڵباشان و لە کوشتن و تاڵان درێغی نەکا.

لەو سەروبەندەشدا شاسوڵتان محەمەد و هەمزە میرزای کوڕی لە تەورێز بوون؛ خەبەریان بۆ هات کە زەینەڵ بەگ گەیشتۆتە مەرەند. هێزێکی زۆری تورکمان بە فەرمانی شای ئێران بەرەو زەینەڵ بەگ بەڕێ کران. زەینەڵ بەگ و هەواڵانی تازە لە تاڵانی وڵاتەکانی کرکر و زنوز و مەرەند بەرەو دوا دەگەڕانەوە و زەینەڵ بەگ دەگەڵ چەند کەسێکدا لە نزیك کاروانسەرای ئەلکی خەریك بوون نوێژی ئێوارەیان دەکرد؛ تورکمان بە سەریان دادان و ملیان دەبەر ملی یەك نا و زەینەڵ بەگ و هەواڵانی کوژران و برایم بەگی کوڕیشی بە دیل گیرا.

هێندێك ماڵە سەید و خەڵکی دیکەی مەرەند، تەرمی زەینەڵ بەگیان شاردەوە و دوایی کە عوسمانی تەورێزیان گرت، لاشەکەیان لە مەرەندەوە بردەوە جۆڵەمێرگ و لە مزگەوتێکدا -کە هەر زەینەڵ بەگ دروستی کردبوو- نێژرا. سوڵتان مراد فەرمانی فەرمانڕەوایی هەکاری بۆ زەکەریا بەگ

١- سوڵتان مرادی سێهەم لە ساڵی ٩٨٢.ك (١٥٧٤.ز) ڕا تا ١٠٠٣.ك (١٥٩٤.ز) حوکمی کردووە. جەمیل

تازە کردەوە و برایم بەگیشیان بە دراوێکی زۆر لە قزڵباشان کڕیەوە و ناردیانە سەر ناوچەی ئالباق.

زەکەریا بەگ کوڕی زەینەل بەگ

دوو ساڵ بوو زەکەریا بەگ سەرداری مەڵبەندی هەکاری بوو. لەو کاتەدا کە جەعفەرپاشای وەزیر، بە سەر کاروباری ولاتی وان و ئازربایجان ڕادەگەیشت، دووزمانان دنەیان داکە بلێ بە پێی ڕێ و شوێنی ئیسلام، دەبێ ولاتی هەکاری ببێتە بەشی زاهید بەگ کوڕەگەورە و لە زەکەریا بستێندرێتەوە. لەو بارەوە نامەی بۆ سوڵتان نووسی و فەرمانی بۆ دەرکرد و زاهید بەگ هاتەوە سەر ولاتی هەکاری. خەڵکی ولاتەکە حەزیان لە زاهید بەگ نەدەکرد و فەرمانیان نەبرد؛ لێی ڕاپەڕین و دەگەڵی بە شەڕ هاتن و زاهید و کوڕێکی لەو شەڕەدا کوژران.

جەعفەر پاشاکە ئەمەی زانیەوە، فەرمانی سوڵتانی بۆ مەلیك بەگ کوڕی زاهید بەگ لە سوڵتان وەرگرت؛ کە ببێتە جێنشینی بابی. لەشکرێکی زۆریشی لە وان و تەورێزەوە ڕەگەڵ خست و چوونە جەستەی زەکەریا بەگ، کە دەری کەن و مەلیك بەگی لە جێگە دانێن. زەکەریا نەیتوانی خۆیان لە بەر بگرێ و هەلات و پەنای بە سەیدی خانی فەرمانڕەوای ئامێدی برد.

سەیدی خان وای بە باش زانی کە سوڵتانی عوسمانی لە بنج و بناوانی کارەکە ئاگادار بکات. سەنان پاشای وەزیریش خۆی کردەهاریکار و سەر لە نوێ فەرمانێك لە سوڵتانەوە دەرچوو کە زەکەریا بەگ بکرێتەوە مەزنی ولاتی هەکاری و بەو مەرجە لە جێگەی جاران دابمەزرێتەوە کە هەموو ساڵێ سەد هەزار فلوری بە ناوی دیاریەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی بنێرێ.

مەلیك بەگیان بۆ زەکەریا بەگ دەرکرد و ئەویش لەسەر داوای حکومەت هاتە ئەستەمبوڵ و نیازیشی وابوو بە هەر نرخێك بێ ئەو مەزنایەتیە بەلای خۆیدا بچەرخێنێتەوە؛ بەڵام ئازاری چاوقوڵکە فریای کەوت و بارگەی پێ لە گۆڕستان خست.

لە سەرەتای ساڵی ١٠٠٥ك (١٥٩٦ز) دائەبوبەکراغای کوێخای زەکەریا بەگ -کە پیاوێکی ڕاست و دروست و سەرناس و کەیخودا بوو- لە ئەنجامی دووزمانی کردنی فەخرەدین ناوێکدا کوژرا. ئەو فەخرەدینەش چەند ساڵێك بوو کاروباری زەکەریا بەگی لە پاتەختی دەوڵەتدا ڕادەپەڕاند.

چیرۆکی بە کوشتدانی ئەبوویەکراغاش ئاوا بوو:

منداڵانی شاقولی بلیلان، بە هۆی سەیفەدینی برازایانەوە، ناوچەی خۆیان لە دیوانی عوسمانیەوە درابوویە و دەستەبەری چەند مەرجێك ببوون. فەخرەدین بەرهەڵستی ئەو کوڕانەی شاقولی کرد و لە لایەن دیوانی سوڵتان محەمەدخانی خەزاکەرەوە[1]، ناوچەی خۆی بۆ حەسەن بەگی کوڕی سەیدیخان بەگی برازای زەکەریا بەگ وەرگرت. ئەو کردەوەی ئەو فەخرەدینە بوو بە هۆی دوژمنی و کینەی نێوان ئەو دوو بنەماڵە کە لە سایەی کەیخودایەتی ئەبوویەکراغادا زۆریان نێوان خۆش بوو. ئیتر لەو ڕۆژەوە لێك دەخەفتان و سێبەری یەکتریان بە تیر دەنگاوت.

برایم بەگ کوڕی زەینەڵ بەگ چەند جارێك لەشکری بردەسەر خۆی کە داگیری بکات و سەیفەدین بەگژیدا دەهاتەوە و ئاوا گەلێك خوێنڕێژی کەوتە نێوان و زۆر کەس لە هەر دوولا بە کوشت چوون. برایم بەگ هاواری بۆ زەکەریا بەگ دەنارد کە لەو شەڕانەدا کۆمەگی پێ بکا؛ بەڵام ئەبوویەکراغا لاگری شەڕ و ئاژاوەنانەوە نەبوو؛ نەیدەویست دوژمن و خوێنەخوێ بۆ ئاغای پەیدا بن. ئەواویش دەستیان بە ڕووی برایەمەوە نەدەنا؛ بەڵام هیمدادی زۆر کەم و ڕواڵەتییان بۆ دەنارد.

سەنان پاشاکرابووە میری میرانی وان. زەکەریا بەگ ئەبوویەکراغای بە دیاری و پێشکێشەوە ناردەبەخێرهێنانی سەنان پاشا. فەخرەدینی ناوبراو بە هەلی زانی کە بەڵایەك بەسەر ئەو پیاوە باشە بێنێ؛ دەگەڵ حەسەن بەگی کوڕی سەیدیخاندا ڕێك کەوتن و بە شوێن ئەبوویەکراغادا چوونە وان. هەر دووکیان دەیانزانی کە سەنان پاشاکابرایەکی زۆر چاوچنۆك و پووڵپەرست و خوێڕیە؛ چوونە لای و لە زمان زەکەریا بەگەوە پێیان گوت: بەگ دەڵێ بۆیە ئەبوویەکراغا بە دیاریەوە بۆ ناردووە کە لێی بێزارم و دەمەوێ لە چنگی ڕزگار بم. ئەگەر پاشائەو کابرایەم لە کۆڵ کاتەوە من سێ خەروار زێڕی بە دیاری بۆ دەنێرم. سەنان پاشاکە ناوی زێڕی بیست، وەخت بوو لە خۆشیان زیرە بکا. هەر ئەبوویەکراغا هات گرتی و بەبێ

---

[1]- سوڵتان محەمەدی سێهەم لە ١٠٠٣وە تا ١٠١٤.ك حوکمی کردووە. جەمیل

هیچ پرسوڕا کوشتی.

ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥.ك (١٥٩٦.ز)یە زەکەریا بەگ لە جۆڵەمێرگی بنکەی خانەدان، فەرماندارە و برایم بەگیش بە سەر داهاتی ئاڵباق ڕادەگا. بە هومێدم لە کرداری چاکدا سەرکەوتوو بن.[1]

١- ئەمینزەکی لە هێندێك مێژووانی دەگێڕێتەوە کە حکومەتی هەکاری هەتا ساڵی ١٢٦٤.ك (١٨٤٥.ز) هەر ماوە و تا ساڵی ١٠٤٩.ك (١٦٣٩.ز) میر عیمادەدین ناوێکی لە سەر بووە و بە دوای ئەویشدا چەند ئەمیرێك هاتوون و نورەڵلا بەگی حاکمی بۆتان دوامین میری ئەو بنەماڵە بووە و لە ئەولیا چەلەبی دەگێڕێتەوە کە هەکاری میرنشینێکی زۆر بەهێز بووە و هەمیشە دەهەزار چەکداری ئامادەی هەبووە و دەشیتوانی لە وەختی شەڕدا لەشکرێکی پەنجاهەزار نەفەری ساز بکا. ئیتر شتێکیتری وامان دەسگیر نەبوو کە بەسەرهاتیان تا ئەم دەمانە بێنێ. جەمیل

بەندی سێهەم

فەرمانڕەوایانی ئامێدی (عیمادیە)

کە بە بادینانی بەناوبانگن

خۆشبێژانی دیوەخانی دەنگ و باسان و چیرۆکبێژی بەسەرهاتی مێرخاسان، بۆمان باس دەکەن کە بنەچەکەی فەرمانڕەوایانی ئامێدی بە گەورەیی و سەرناسی دەگاتەوە سەر بنەماڵەی پادشاکانی عەبباسی؛ بەڵام وردەکاران و زانیارانی لێزان، دان بەو مەبەستە دانانێن و لایان وایە هەڵبەستەیە و تەنیا پیاوێك لە باپیرانی ئەو میرانە -کە ئازا و گەڕناس بووە- ناوی هەباس بووە. ئەوانەش خۆیان بەو هەباسەوە ناساندووە و ناوەکەیان بەخۆوە نووساندووە. ئەوانە لە ڕۆژی خۆیدا لە وڵاتی شەمزینانەوە بەرەو ئامێدی هاتوون و بەرلەوەش کە ئەو کۆچ و بارە بکەن، قەڵای تارونیان بە دەستەوە بووە کە سەر بە شەمزینانە. ئەو کەسەش کە دەپێشدا ماڵە خۆی لە شەمزینانەوە هێناوەتە ئەو ناوە، ناوی بەهائەدین بووە. بەو هۆیەوە ئەو بنەماڵەی کە لەو کەوتۆتەوە، بە بادینان ناویان ڕۆیشتووە. ئەوەی کە هیچ گومانی تێدا نەبێ ئەوەیە کە نزیکەی چوارسەد ساڵە ئەو بنەماڵە لە ئامێدی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارن.

قەڵای ئامێدی قەڵایەکی تازە ئیجادەو عیمادەدین زەنگی -کە لە سەر مووسڵ و شنگال والی بووە- درووستی کردووە. قەڵا و شار لە سەر بەردێکی جەغزی و پان بنیات نراوە و لە هێندێك جێگاوە ئەو کەڤرە گەورە بەرزی سەد گەز و لە برێ لاوە پەنجا هەتا شێست و لە جێ جێش بیست گەزێك لە تەختی عەرزەوە بەرزە. دوو چاڵاو لە ناو قەڵادا لێ دراون، ناوی مەدرەسە و گەرماو و جەماوەری ناو دژەکە دابین دەکەن و خەڵکی شاریش بە مەشکە و کوندەو بارەبەران لە هەندەران ئاو دەکێشن و دەیبەنە سەرەوە.

زمانی دانیشتووانی ئامێدی و ئاکاریان عارەبی و کوردی تێکەڵاوە و هەموو خەڵکەکەی بە تێکڕایی لە خواترس و خێرەومەند و چاکەکار و دەست بڵاوە. فەرمانڕەوایانی ئامێدی مزگەوت و

مەدرەسەیان زۆر بینات ناوە و مەلای زۆر زانا و بەناوبانگیان بە سەرەوە داناون و بە ڕێبەری و ئامۆژگاری بەهرەی زۆریان بە خەڵك گەیاندووە.

هۆزە گرینگەکانی لای ئامێدی یەکەم مزوری[1] و دووەم زێبارین. زێ ناوی چەمێکە لەو ناوە و چونکە ئەو هۆزە لە سەر کەناری ئەو ڕووبارەن، بە زێباری ناو براون. هەر ئەو چۆمە، چەمە شێتەشی پێ دەڵێن. چونکە ئەوەندەخور و بە تەوژمە، ئەو ناوەی بەسەردا براوە.

هۆزێکی دیکە لە ئامێدی ناوی ڕادکانیە کە ئێستا کوردەکان ڕێکانی پێ دەڵێن و هۆزەکان پەروەری[2] و مەحەل[3] و سیابەروی و تیلی و بوهلی[4]ش هەر لەوێ نیشتەجێن. بوهل بە شێوەی ئەو وڵاتە بە شیوو گەلی دەڵێن.

یەك لە قەڵا بەناوبانگەکانی ئامێدی قەڵای ئاکرەیە کە شارۆکەیەکی بە لاوەیە و هەزارودووسەدماڵێکی موسوڵمان و جووی لێیە. قەڵاکانیتریشی قەڵای دهۆك و قەڵای دێرن کە میرزادەکانی ئامێدی بە سەریان ڕادەگەن. قەڵای بوشریش هەیە بە دەست هۆزی ڕادکانیەوەیە و قەڵادەو شووش و عیمرانی و بازیران[5]یش قەڵان و بە دەست زێباریانەوەن.

ناوچەی زاخۆش هەر سەر بە ئامێدیە و دوو هۆزی کوردی لێ هەن: سندی و سلێمانی[6] و خەڵك بە زاخۆ دەڵێن وڵاتی سندیەکان. زۆربەی زانایان و هۆزانانی کوردستان لەوێوە پەیدا بوون. لە ڕۆژگاری پێشیندا زاخۆ سەر بە ئامێدی نەبووە و حاکمی سەربەخۆی هەبووە. لە دواییدا -کە مەزنەکانی زاخۆ بێ هێز و کەنەفت ببوون- فەرمانڕەوایانی ئامێدی لە دەستیان دەرێناون و خستوویانەتە سەر وڵاتی

١- ئەمین‌زەکی دەڵێ: هۆزی مزوری لە بنەچەکەی مەیسوورین کە لە ڕۆژگاری پاشا سناخریبی ئاشووریدا لەو ناوچە دەژیان. جەمیل

٢- ئێستا بە ناوی بەرواری دەناسرێن. هەژار

٣- مەحلمی هۆزێکن عەرەبی و کوردی تێکەڵ داخێون. هەژار

٤- وێدەچێ هۆزی بۆلی لەوانەبن. هەژار

٥- زۆر وێ دەچێ ئەمە بارزان بێ و دەنووسیندا تێك چوو بێ. هەژار

٦- ئێستا بەناوی «سلێڤانی» بەناوبانگە. هەژار

خۆیانەوە. ئێستاش یەکێك لە بنیچەی ئەو کۆنە کاربەدەستانەی زاخۆ، هەر ماوە و یوسف بەگی ناوە و لە لای حاکمانی جزیرە دامەزراوە.

هێندێك لەوانەی کە لە بنەچەکەی بەهائەدین، بەسەر ئامێدی ڕاگەیشتوون، هەر ناویان بۆ ئێمە نەزانراوە و ئەوانەش کە دیارین و ئاشکرایە -بە یاری خودا- بە شوێن یەکدا دەیاننووسین:

ئەمیرزەینەدین

لە ڕۆژگاری دنیاداری وخونکاری خاوەن شکۆ، ئەمیرتەیموری کورەکانی و لە دەورانی شارۆخ سوڵتانی کوڕە گەورەیدا، فەرمانڕەوای ئامێدی ئەمیرزەینەدین بووە و بە سەربەرزی و شانازی و بە کامەرانی و خۆشگوزەرانی ڕایبواردووە و کاتێ ئەو پایەباڵایەی دۆست لاوێنەوەی دوژمن تاوێنەوە، ڕووی کردۆتە باغ و باغاتی بەهەشتەوە، سەیفەدینی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە.

ئەمیرسەیفەدین

لە پاش مەرگی میرزەینەدین، میرسەیفەدینی کوڕی بوو بە جێنشین، سایەی دادی ئەو دادەگەرە، هەموو کەسی گرتەوە و بەهرەی دەهندەیی ئەو دلۆڤانە، هەموو ژان و کوڵ و کۆڤانی لە بیر هەژاران بردەوە. کە ئەویش بەرەو سەراوپەردەی نەمان لای کردەوە، دوو کوڕی بە یادگار لە سەر شانۆی ڕۆژگار بەجێ هێشتن: حەسەن و بایرك.

حەسەن کوڕی سەیفەدین

حەسەن کرا بە جێنشینی میرسێوەدین و لە زەمانی فەرمانڕەوایی ئەودا، پادشایانی ئاققۆینلوو (مەڕەسپیانی) لەشکرێکیان بە سەرکردایەتی سولەیمان بەگ بێژەن ئوغلوو نارد کە ئامێدی داگیر بکا. سولەیمان هات و توانی قەڵای ئاکری و قەڵای شووش بگرێ؛ بەڵام هەرچی کرد و کۆشی، هێچی دەگەڵ قەڵای ئامێدی بۆ نەکرا و بە ناهومێدی دەستی لێ هەڵگرت. لە دوای ئەوە کە ئاققۆینلووەکان لە ئارادا نەمان و ڕوو بە نەمان گلار بوونەوە و سەفەوی جێگایان گرت، میرحەسەن چووە لای

شائیسماعیل و گەلێکی ڕێز و پایە بۆ پەیدا بوو.[1]

قەڵای دەهۆکی لە هۆزی داسنی ساند و ختستیە سەر مەڵبەندەکەی خۆی. ناوچەی سندیشی لە سندی سەند و فەرمانڕەوایی سەربەخۆی پێشووی لێ ڕیشەکەن کردن. کەوشەنی وڵاتەکەی زۆر بەولاوە برد و سەرزەمینی قەڵەمڕەوی گوشاد و هەراو کردەوە. کە خودای بێهاوتا ئەویشی لە سەر زەوی هەڵکەند و بۆ مەڵبەندی نەمانی بردەوە[2]، حەوت نێرینەی لەسەر دنیا مان: سولتانحوسێن، سەیدیقاسم، مرادخان، سولەیمان، پیربداغ، میرزامحەمەد و خانئەحمەد.

سولتانحوسێن جێگەی باوکی گرتەوە و بەم زوانە باسی خۆی و کوڕانی دەکەم. سەیدیقاسم کوڕێکی ماوە ناوی عەلیخانە. مرادخان نێرینەی لە پاش بەجێ نەماوە. سولەیمان کوڕێکی بە ناوی شاڕوستەم لێ کەوتەوە. پیربداغ کوڕێکی هەبوو. میرزامحەمەد کوڕێکی بە ناوی سولتانمەحموود لە پاش بەجێ ما. خانئەحمەد کوڕێکی ماوە ناوی شایووسفە. بایرك کوڕی میرسەیفەدین کوڕێکی شێتۆکەی هەبوو کە قوباد بەگ، کوڕی سولتانحوسێن، لە سۆنگەی ئەودا بەکوشت چوو.

سولتان حوسێن

کوڕە گەورەی میرحەسەن و هەڵبژاردەی بنەماڵەی هەباس، لە پاش مەرگی بابی بوو بە جێنشین و بە فەرمان و نیشانی جێبەرزی سولتان سولەیمان خان سەرفراز کرا و بەو هۆیەوە پیرۆزبایی فەرمانڕەوایی لێکرا.

ئەو ڕێز و قەدرەی لە سولتانی عوسمانیەوە لەو نراوە، کەس لە کاربەدەستانی کوردستان وای بە خۆیەوە نەدیوە. پایەی لە دیوانی دەوڵەتی عوسمانیدا گەیشتۆتە ڕادەیەك، هەر کەس لە پیاوماقووڵانی کوردستان کاریان بکەوتایە دیوانەوە، دەبوایە بەرپرسی ئەو بکەن یان بیکەنە تکاکاری خۆیان و ئەوسا بۆیان هەڵدەسووڕا. دەیتوانی بێ پەردەو لەمپەر هەرچی ئارەزووی با، ڕووبەڕوو بە سولتانی ڕابگەیەنی و بۆ هەرچی ڕووی لێ نابا، سولتان دڵی نەدەشکاند و بۆی پێك دێنا.

سولتان حوسێن زۆر دیندار و پارێزگار و زانا و زانادۆست و چاکەخواز و گەلخۆشەویست بوو.

١- ئەم چوونە لە ساڵی ٩٠٦.ك (١٥٠٠.ز) دابووە. جەمیل

٢- ساڵی ٩٤٠.ك (١٥٣٣.ز) مردووە. جەمیل

سوپایی و ڕەشایی و گەورە و بچووك لە سایەی دادگەری ئەودا حەسابوونەوە. بیمـار و دەردەدار و دارا و نەدار، لە خزمەت کردنی ئەودا ملەیان دەکرد و خۆیان بە قوربان دەکرد. هەموو شەوەکی و ئێـواران بۆرەپیاگ و هەژاران بە نزا و لالآنەوە لە بەر خوا دەپاڕانەوە کە سایەی ئەو فەرمانڕەوا سـایەچـەورەیان لە سەر کەم نەکاتەوە. ماوەی سی سـاڵی ڕەبـەق زۆر بـە کـامڕەوایی فـەرمانڕەوایی ئامێـدی کـرد و هومێدی ئاواتـخوازانی پێك هێنا و ساڵی نۆسەدو...[1] کە بارگەی بەرەو بەهەشت لێنا[2]. پێـنج کـوڕی لە پاش بەجێ مان: قوباد بەگ، بەیرام بەگ، ڕوستەم بەگ، خان ئیسماعیل و سوڵتان ئەبووسەعید.

قوباد بەگ کوڕی سوڵتانحوسێن بەگ

لە سەر فەرمانی سوڵتان سەلیمخان[3] قوباد لەجێ سوڵتان حوسێن دانرا؛ پیاوێکی سەرسۆفیلکە و ئامالّ دەروێش هەڵکەوتبوو؛ کابرایەکی بێ ئازار و دڵنەرم بوو. شەوگاری بە نوێژ و شەونوێژان ڕۆژ دەکـردەوە و ڕۆژگاری بە ڕاووشکار بەسەر دەبرد. ئەوی ئەو سەری لـێ دەرنەدەچـوو دنیـاداری و مـشوورخۆری بوو. بۆ گوناهێکی پچووك سزای زۆر زلی دادەنا؛ کەچی لە تاوانی زۆر گەورە چاوی دەپۆشـی و سـزای کەم و بچووکیشی پێ ڕەوا نەدەدیت. ئیتر وای لە خۆی کرد هەموو کەسی دەورووبەری لە بـەری وەڕەز بوون و خۆیان لێ تەکاندەوە. خەڵکەکە بە دڵ بەیرام بەگیان دەویست و ویستیان ئەوە بـوو بـچنە ژێـر

١- لە نوسخەکەی چاپی ڕووسیەشدا دوای نۆسەدەکە سپی ماوەتەوە. مردنـی -وەك لـە سـەر دەرانـەی گومبەزەکـەی نووسراوە- ساڵی ٩٨٤.ك (١٥٧٦.ز) بووە. جەمیل

چونکە قوباد بەگ هەر لە پاش بابی ساڵی ٩٧٤.ك (١٥٦٦.ز) بە فەرمانی سوڵتان سەلیم بۆتە حاکم، کەوابێ سـوڵتان حوسێن لە ٩٧٤ دامردووە. عەونی

٢- سوڵتان حوسێن حاکمێکی زیرەك و زۆر ئازا و بەجەرگ بووە. زۆری برەو سەندووە و چوار ساڵانیش مووسڵی لە بـەر دەستدا بووە. زۆری خزمەت بە دەوڵەتی عوسـمانی کردووە و لە پێناوی عوسـمانیاندا زۆری کورد فەوتاندووە و سـاڵی ٩٤٤.ك هێرشی بۆ بردوونە سەر شارەزوور و دەگەڵ تورکان گرتوویە و بۆتە هۆی لەناو چوونی دەوڵەتی ئەردەڵان. سـاڵی ٩٦٠.ك بۆ عوسـمانیان شەڕی ئێرانی کردووە و تەورێز و کوردستانی ئازربایـجانی بۆ گرتوون و پیاوی خۆی تێ بەرداون و بە ئارەزووی خۆیان ملیان لە تالآن و بڕۆ ناوە. جەمیل

٣- سوڵتان سەلیم کوڕی سوڵتان سولەیـمانی قانوونی لە ٩٧٤.ك (١٥٦٦.ز)ڕا، تا بڕانەوەی ساڵی ٩٨٢.ك (١٥٧٤.ز) حوکمی کردووە. جەمیل

دەستی ئەو. بەیرام نەیتوانی بەربەرەکانێ قوباد بکا و ڕووی کردەقەزوێن و بە دیدەنی شائیسماعیلی دووەم بەختەوەر و بە بەڵێن و لاواندنەوەی شاهانە سەرفراز کرا.

هۆزی مزووری -کە زۆر لایەنگیری بەیرام بەگ بوون- لە بەر فەرمانی قوباد چوونە دەرێ و شۆڕشیان کرد و لە سەر کاریان لابرد و سولەیمان کوڕی بایرکی ئامۆزازای قوبادیان -هەر بۆ گاڵتە- لە جێگەی ئەو کردەمەزنی خۆیان.

زەینەڵ بەگ فەرمانڕەوای هەکاری -کە زۆر لە قوباد بەگ دڵپڕ بوو- پیاوی خۆی ناردەئێران و بایرام بەگی لە زیندانی شاسوڵتان محەممەد ڕزگار کرد و هێنایەوە لای خۆی. قوباد بە هاتنەوەی بایرام زۆری ترس ڕێنیشت و حوکمی ئامێدی بەجێ هێشت و بەرەو مووسڵ و شنگال ڕای کرد.

بایرام بەگ بە نیازی مەزنایەتی ئامێدی کەوتە ڕێ. سەرداری بەناوبانگ فەرهاد پاشای وەزیری عوسمانی کە بەم کەینوبەینەی زانی، مەڵبەندی زاخۆی بە فەرمانێك بە بایرام بەگ سپارد. قوباد بەگ لەو ترس و لەرزەدا لە مووسڵەوە هاتە دیاربەکر و لەوێشەوە خۆی گەیاندەئەستەنبوڵ؛ چاوی بە سیاوش پاشای گەورە وەزیر کەوت و گلی و گازنی خۆی لە لا کرد. سیاوەش پاشافەرمانی فەرمانڕەوایی ئامێدی بۆ نوێ کردەوە و بەرەو ئامێدێ بەڕێ کردەوە.

لە ڕێی گەڕانەوەی، کە گەیشتە قەڵای دهۆك، وای بە باش زانی ماوەیەك لەوێدا بمێنێتەوە و ئاژاوەچی و بەدفەڕان دەگیر بخا و تۆڵەی خۆیان لێ بستێنێتەوە و کەنگێ نەیاری لە سەر ڕێگە لابردن، ئەوسا بە ئارخەیانی بچێتە ئامێدی و بە یەکجاری پاڵ داتەوە و بحەسێتەوە.

سولەیمان کوڕی بایرك -کە باسمان لێوە کرد- دەگەڵ میرمەلیکی مزووری، کاکە و برالەی خۆیان کرد و کۆمەڵێك دز و پیاوکوژ و شەڕفرۆشیان لە خۆ کۆ کردەوە و هاتنە دەورەی قەڵای دهۆك و گەڕیان دەقوباد بەگ هاڵاند. لە بنەوە دەگەڵ دژدارانداً پێك هاتن کە دژی قوباد بن و لێ گەڕێن بەربادی کەن. بە دزی دەرگای دژیان بۆ کراوە و پیاوکوژ ڕژانە ناو قەڵاوە و دەستیان بە قەڵاچو کردن کرد. قوباد بەگ و کوڕێکی و کۆمەڵێکی زۆر لە هاودەستانی لەو شاڵاوەدا کوژران و شڕەخۆر بە قەڵا وەربوون و هەرچی لە بەرد نەرمتر و لە بەفر گەرمتر بوو بردیان.[1]

١- ئەم ڕووداوە ساڵی ٩٨٤.ك (١٥٧٦.ز) ڕووی داوە. جەمیل

بایرام بەگ وەختێ بەو کارەساتەی زانی، بە هەڵەداوان لە زاخۆ دەرکەوت و هاتەوە ئامێدی و ناو هۆز و خزمانی. سولەیمان بەگ و میرمەلیکی مزووری وایان دانا کە بایرام بەگ بە سەر وڵاتەکە ڕابگات و ئەویش نەیدەویست لە بیر و بڕوای هۆز و تیرەکان سەرپێچی بکا؛ خۆش و ناخۆش ملی داو هاتەوە سەر کورسی فەرمانڕەوایی.

سەیدیخان و سوڵتان ئەبووسەعیدخان کوڕانی قوباد بەگ بە گریان و قوڕپێوان ڕێ دەشت و کێوانیان دایە بەر و خۆیان گەیاندەبەر بارەگای سوڵتان مرادخان.

بەیرام بەگ کوڕی سوڵتان حوسێن بەگ[1]

دەپێشدا نووکی خامە ئەمەی بۆ خستینە ناو نامە کە: بایرام بەگ لە ترسی قوباد بەگی برای، نەیکرا لە ئامێدی بژی و خۆی هاویشتە بەر پەسیوی شائیسماعیلی سەفەوی و زۆری پایە و مایە دەسکەوت.

لە پاش مەرگی شائیسماعیل، شاسوڵتان محەمەدی برای -کە کرابووە شا- بەیرام بەگی دەدزا و حەزی لە چارەی نەدەکرد و زۆر بە دەرد و سزا هەڵیداشتە ناو قەڵای «ئەڵەمووت» و لە گۆشەی زیندانی توند کرد. زەینەڵ بەگ فەرمانڕەوای هەکاری، خۆی کردەتکاکاری و پاش کۆشش و تەقالای زۆر، توانی ئەمیرخانی والی تەوریز ڕاست بکا و دەگەڵی پێك هات کە پێنج هەزار فلوری بە ناوی دیاری و پێشکەش وەرگرێ و دەگەڵ شاسوڵتان محەمەد پێکەوە بەشی کەن و بایرام بەگی ناو قەڵای ئەڵەمووتی بۆ بەردەن و بینێرنە لای ئەو.

بە پێی بڕیارەکە سەودا سەری گرت و زەینەڵ بەگ دراوی خستە ناو مشتی پیاوی ئەمیرخان و ئەوانیش پەلی بایرام بەگیان گرت و دەناو لەپی زەینەڵ بەگیان نا و هێنایەوە و هەر وەك لەمەوبەر گوتمان، بەیرام بەگ کرایەوە بە فەرمانڕەوای ئامێدی و ئەوەندەسەردارێکی بەهرەدار و پیاوچاك و دڵپاك و گەلدۆست و پێ بەودم و سایەچەور و هونەروەر بوو کە بە خەیاڵی کەسدا نایە. ناوبانگی پیاوەتی و لە گەل نزیکی و خوێنشیرینی ئەو دنیادارە بەختیارە بە هەموو لایەکیدا تەنیەوە و

١- لە ژمارە ٥٧١٩ی *جریدةالخباری* بەغدا لە مەقالێکدا نووسراوە: ئەو بایرام بەگە ساڵی ٩٥٤.ك (١٥٣٨.ز) لە دایك بووە و شەش ساڵ حاکم بووە و ساڵی ٩٩٤.ك (١٥٨٦.ز) کوژراوە.

گەیشتەوە بەر گوێی عوسمان پاشای گەورە وەزیری عوسمانی و سەرداری لەشکری سەر عەجەم و ئەویش دەم و دەست لە قەستموونیەوە فەرمانی فەرمانڕەوایی ئامێدی بە مۆرکراوی بۆ نارد. لەو لاشەوە سەیدیخان کوڕی قوباد بەگ، دادی خۆی بردەلای سوڵتان مراد و نووك و بەدی بەسەرهاتی لە بەردەم دانا کە چۆن ئەو هۆز و تیرانە لە باوکی ڕاپەڕیون و چۆنیان سەری باب و برای بڕیوە و چۆنیان ماڵ و ناو ماڵ دزەیوە و سەرباریش بەیرام بەگیان بە سەر ئامێدیەوە داناوە.

سوڵتان مراد دڵی دایەوە و فەرمانی ئامێدی بدرێتەوە بە سەیدیخان و بە فەرهاد پاشای سپارد کە دەبێ یاغی و ئاژاوەخوازان سەرکوت بکا و بەیرام بەگیش بکوژێ.

فەرهاد پاشابۆ ئەوە کە بایرام بەگێ قوشقی نەکا و بێ قرە و فرە دەگیر کەوێ، بۆ چێشتەخۆری نامەیەکی بۆ نارد و زۆری بە بەژن و باڵای هەڵگوت و پێی ڕاگەیاند کە ویستمان پترت بلاوێنینەوە؛ جا چونکە بە فەرمانی پیرۆزی شاهانە دەبێ ئامێدی بۆ سەیدیخان بێ، ئەوا ئێمە ناوچەی حەسەنکێفمان بۆ ختیە سەر زاخۆ، کە تۆی پێ ڕابگەی و تۆڵەی ئامێدیمان بۆ کردوویەوە. ئەمساڵیش دەگەڵ سوپای بێهاوتای عوسمانیدا دەچیە سەر گورجستان و ئەگەر گورجوگۆڵ بی و بتوانی لەو شەڕەدا ناودەرکەی و خزمەت بە پادشابکەی، لە گەڕانەوەدا دڵسۆزی و نۆکەری تۆ بە خزمەت سوڵتان دەگەیەنین و ئەگەر خوا حەزکا فەرمانڕەوایی ئامێدیشت بۆ وەردەگرینەوە.

بایرام بەگی گێلۆکە و بەستەزمان، بەم چاپ و چووپانە فریوی خوارد و دەستی لە فەرمانڕەوایی هەشت مانگەی ئامێدی بەردا و دوو دەستەکی نایە ناو پەنجەی پۆلایینی سەیدیخانەوە و ڕکێفی هێنایە و چووە حەسەنکێف و لەوێشەوە خۆی کردەپێشمەرگەی لەشکری بێسەروبنی سەرداری سەرکەوتووی عوسمانی و ڕووی کردەگورجستان.

کاتێ کە لە گورجستانیش گەڕایەوە -هەر لە ڕێدا- سەرداری ناوبراو پاداشتی دایەوە و لە قەڵای ئەرزەڕۆمدا لە گۆشەی زیندانی ڕەشدا جێگەی بۆ کردەوە! ئیتر چی بە سەرهات، دوایی دەیزانین.

سەیدی خان کوڕی قوباد بەگ

سوڵتان مراد هەر لەو کاتەدا کە فەرمانی ئامێدی بۆ سەیدیخان دەرکرد، ولامیشی بۆ میری میرانی بەغدا و شارەزوور و هەموو خاوەن دەسەلاتانی کوردستان نارد کە ئەگەر دنیابوو بایرام بەگ

سەری بۆ فەرمانم نەچەماند و بە ئەنجامی نەگەیاند و ئامێدی نەدا بە دەستەوە، ئەوا هەمووتان گەلەکۆمەگی لێ بکەن و بچنە ویزەیی و بە زۆرەملێ دەریپەڕێنن و سەیدیخانی لە جێ دانێن.

کاتێ سەیدیخان گەیشتە مووسڵ، بایرام بەگ ئامێدی بەجێ هێشت و لە ناوەڕاستەکانی مانگی قوربانی ساڵی۹۳۳.ك (۱۵۸۵.ز)دا سەیدیخان بە کۆمەگی خاڵی -کە سولەیمان بەگی میری سۆران بوو- هاتەوە سەر ئامێدی و جێگەی باوکی خۆی گرتەوە.

فەرهاد پاشاکە لە سەفەری گورجستان گەڕایەوە و بارام بەگی گرت، ناردی بە شوێن سەیدیخاندا و هێنایە ئەرزەڕۆم و دراوێکی یەکجار زۆری بە ناوی بەخشش لێ وەرگرت و دنەی داکە داوای خوێنی بابی لە بایرام بەگ بکا.

داواکە خرایە بەردەمی شەرعەوە و خوێنی قوباد بەگ بە سەر بایرام بەگ داسەپێنرا و درایە دەست برازای باو کوژراوی و ئەویش ساڵی ۹۹٤.ك (۱۵۸۵.ز) مامی لە تۆڵەی بابیدا کوشتەوە.

وا ئێستا بۆتە یازدەساڵ کە سەیدیخان فەرمانڕەوای ئامێدییە و بگرە و بەردە و گیروداری ئەو ناوە هەر بە ویە و کەس ناتوانێ پەل ببزێوێ و کەس زات ناکا بڵێ لەل.

ئەگەرچی هەتا ماوەیەك هۆزی مزوری زیبری و زوریان دەکرد و ئاژاوەیان دەنایەوە، بەڵام زۆر زوو لە دەمیدانەوە و هێندێکی لێ کوشتن و ئەویتری ڕام کردن و ئاوری سەرپێچی دامرکاند.

لە ڕاستیدا سەیدیخان لاوێکە بەکار و هەڵکەوتە و ئازا و بە دەست و دڵ و لەشکر و خەڵك و خوا خۆشیان دەوێ و لە سایەی ئەودا کەوتوونە خۆشی و شادیەوە. هومێد وایە لە کاری چاکدا هەر سەرکەوتوو بێ.[1]

۱- ئەمینزەکی لەتاریخی *دوەل و ئەماراتی کوردی*دا درێژە بەو باسە دەدا و دەڵێ: وادیارە لەپاش سەیدیخان یوسفخان بۆتە فەرمانڕەوای ئامێدی و مەلیك ئەحمەد پاشای والی دیاربەکر هێرشی بردۆتە سەر و ساڵی ۱۰٤۸.ك (۱٦۲۸.ز) گرتوویە و لە دیاربەکر خستوویەتە زیندانەوە و سەرانەیەکی زۆری لێساندووە و بەریداوە. لە پاش ئەویش کوڕەکەی بۆتە میر و زۆر دەسەڵاتدار بۆوە و ساڵی ۱۰۷۱.ك (۱٦٦۰.ز) دەهەزار سوار و دەهەزار پیادەی شەڕی هەبووە.

ساڵی ۱۱۱۲.ك (۱۷۰۱.ز) قوبادپاشا میری ئامێدی بووە. بۆ دامرکاندنی شۆڕشی مونتەفیك -لە باشووری عیراق- دەگەڵ لەشکری مووسڵ و دیاربەکردا هاتووە.

ساڵی ۱۱۳۸.ك (۱۷۲٦.ز) بارام پاشای گەورە کوڕی زوبێر پاشا کوڕی قوباد پاشا کوڕی ئەمیر سەعیدخان ←

← کوڕی سوڵتان حوسێن، بە سەر ئامێدی ڕاگەیشتووە؛ کـە سـاڵی ١١٠٧.ك (١٦٩٩.ز) لـە دایـك بـووە و سـاڵی ١١٣٨.ك (١٧٢٦.ز) بۆتە میـر و گەشەی زۆریشی بە وڵاتەکەی داوە.
لە پاش مەرگی ئەویش، سـمایل پاشای کوڕی بۆتە جێگری و ماوەیەکی زۆر لـە سـەر حـوکم بـووە. زۆر جـار دەگـەڵ براکانی پێك هەڵپڕژاون؛ کە لێرەدا باسی ناکرێ. ساڵی ١٢١٣.ك (١٧٩٦.ز) مردووە و مرادخانی کوڕی بۆتە جێنشیـن و ئەویش دەگەڵ مـحەمەدتەیار و قوباد بەگی برای خۆیدا -کە حاکمی زاخۆ بوو- ساڵی ١٢١٤.ك (١٧٩٩.ز) بەشـەڕ هات و والی مووسڵ ناوبژی کردن.
ساڵی ١٢١٥.ك (١٨٠٠.ز) لەشکری عوسـمانی چووە سەر ئامێدی و قەڵای ئاکرێیان لە ئامێـدی دابـڕی و دایـان بـە قوبادبەگ و لە ئەنـجامدا هەر قوبادبەگ سـاڵی ١٢١٨.ك (١٨٠٣.ز) ئامێـدی گـرت و سـاڵی ١٢١٩.ك (١٨٠٤.ز) هۆزی مزووری چوونە سەر قوبادپاشا و گرتیان و خستیانە گرتووخانەوە.
ساڵی ١٢٢٠.ك (١٨٠٥.ز) عەلی پاشای والی بەغدا لەشکرێکی زۆری میـرانی سۆران و بابانی ناردەسـەر ئامێـدی و کوردەکان لە ڕێگە لە ناو خۆیاندا تێکچوون. عەلی پاشا محەمەد پاشای جـەلیلی والـی مووسـڵی کردەسـەرپـشك کـە حوکمی ئامێدی بە کێ دەدا، بدا؛ ئەویش دای بە عادلپاشا و خەڵاتیشی کرد. کە عادلیش ساڵی ١٢٢٣.ك (١٨٠٨.م) مرد، زوبێر پاشای برای کرا بە کاربەدەست و ماوەیەکی زۆر دەگەڵ والی مووسڵدا شەڕ و هەرای بوو.
کە مـحەمەد پاشای کۆرە میـری سۆران هێرشی بردەسەر ئامێـدی، سـەعید پاشـای پـێ ڕادەگەیـشت. دوای نـەمانی مـحەمەد پاشا، سـمایل پاشای مەزنی پێشووی عەقرە هاتەوە ئامێدی و مـحەمەد پاشا بەیرەقـداری والـی مووسـڵی خستە تەنگانەوە. مـحەمەد پاشای گەورە وەزیر لەشکری هێنایە سەر و بەردەستیکرد و خستیە بەندیـخانەی بەغداوە؛ کە تا ساڵی ١٢٦٩.ك (١٨٣٤.ز) هەرما و لە زینداندا مرد. هێندێك دەڵێن لـە بەغـدا دەسبەسـەر بـووەو عـەلیڕەزا پاشای والی، چاوێری کردووە و کەربەلاشی پێ سپاردووە و لـەوێش لابـراوە و هاتۆتـەوە بەغـدا و لـە مزگـەوتی شـێخ عومەری سوهرەوەردیدا مەدرەسەیەکی گەورەی درووست کردووە و ساڵی ١٢٩٢.ك (١٨٧١.ز) هەر لە بەغدا مردووە.
تاریـخی مووسڵ دەڵێ: نووسەرێك تاریـخی بادینانی نووسیوە و لە گوندی زیراوی لای ئامێدیە. جەمیل

بەندی چوارەم

فەرمانڕەوایانی جزیرە

کە ئەویش دەکرێن بە سێ بەشەوە

لە وتاری هێژا و بایەدار و بەنرخ و سەنگینی باوەڕ پێکراوانەوە و لە ڕووپەڕە نووسراوی ڕەنگینی کۆنە پیاوانەوە وامان بۆ دەرکەوتووە کە زنجیرەی بنەچەکەی فەرمانڕەوایانی جزیرە سەری ئەو سەری بە خالیدی کوڕی وەلیدی هەواڵی پێغەمبەرەوە گیرە.[1]

یەکەم سەروەرێکی کە لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی جزیرە ڕۆنیشتووە، ناوی سولەیمانی کوڕی خالید بووە. سەردەمایەك ئەو خانەدانە خودان پایە و مایە، دابوویانە سەر ڕچەی ئایینی یەزیدیەکان و پشتیان بە ڕەوشتی ئەوانەوە دابوو؛ لە گومڕاییدا دەسووڕانەوە. بەڵام لە ئەنجامدا خودای بەندەپەروەر بوو بە ڕێبەریان و خستنیە سەر شەقامی ئیسلامی ڕاست و بوونە سوونیمەزهەب و مزگەوت و مەدرەسەی زۆریان ئاوەدان کردەوە و گەلێك گوندی ئاوا و قەوغا و زەوی و زاری بەپیت و ڕێژەویان بۆ مانەوە و پاراستنی ئەو خانەی خودا و فێرگانە دەقەبەڵ کردووە و وەقفنامەیان بۆ نووساوە.

هۆزی بوختی (بۆتی) کە هۆزەکەی ئەوانە و لە مەڵبەندی بۆتانە، بۆ نەترسی و ئازایی و مەردی و نەبەردی ناو بە دەرەوەن و گەورە و گچکە و نەناس و سەرناسیان ڕەشید و دەسکەرەوەن و لە مەیدانداری و چاپكسواریدا لە هەموو کوردستاندا، هەر ئەوان زۆر لە سەرەوەن. چەکی شەڕیان لە لا

١- ئەم چیرۆکە درۆیە و چی بەسەر چیەوە نیە. خالیدی کوڕی وەلید نەك هەر کوڕی نەبووە، تەنانەت میراتگریشی نەبووە. ئەگەر مردووە هەر مولکێکی لە مەدینەدا بوویەتی، عەبدوڵڵای کوڕی سەلمەی کوڕی عەبدوڵڵا دەستی بەسەردا گرتووە. ئەو جار خالیدی وەلید هەرگیز ڕێی نەکەوتۆتە کوردستان؛ هەر هەتا عیراق هاتووە و لە عیراقەوە گەڕاوەتەوە شام. من لام وایە ئەو هۆزەی کە ئەمەیان بۆ خۆیان هەڵبەستووە، پاشماوەی خالدی (هالدی یان کالدی) بن کە لە باپیرانی کەونارای کورد بوون. بەوەشدا دەردەکەوێ کە هەتا ئەم دواییانەش هەر لە سەر ئایینی یەزیدی (یەزدانی) مابوون. وێش دەچێ سەرۆك هۆزێکی پێشوویان ناوی خالید بووبێ. خالیدی کوڕی وەلیدیان پێ ئازا بووە و لایان وابووە ئەگەر بڵێن سەربەوین دەبنە نەجیمزادە. جەمیل

نوشتەی سەردڵە و ئەسپی ڕەسەن و کارامەیان بە لاوە گوڵی سەرچڵە و شیـــری جەوهــەردار و دەبـانی ئاودار و ئەسپی بەکاریان پێ لە نان و ئاو و بەرگ باشتـرە. یەك دەنگن و یەك ڕەنگن و لە ڕۆژی هەرا و جەنگدا هەموو شان بە شانی یەك دەوەستــن و بۆ یەك ئامانج ڕیز دەبەستــن و هەر ئەو هۆیەشە کە بە دوژمنانی خۆیان دەوەستــن و ڕێگەی سەرکەوتنیان لێ دەبەستــن و لە ناو کوردستـاندا ناویـان لـە سەرووی ناوانەوەیە.

شاری جزیر شارێکی کەونارایە. ساڵی حەڤدەهەمی کۆچی، لە ڕۆژگـاری خوالێخۆشـبوو عومــەری خەلیفەدا، ئەبوومووسای ئەشعەری و سەعدعەیاز -کوڕی عوســمان- بە بێ‌شەڕ، ئەو شارەیان گرتــووە و سەرانەیان لە خەڵکەکەی ساندووە[1]. هێندێك لە هۆزەکانی عارەبی بەنی‌تەغلەب —کە لە دەوروبــەری جزیر بوون- سەریان بۆ سەرانە نەنەواند و ماڵی خۆیان ڕفاند و خۆیان گەیاندەشام و پەنایان بــە وڵاتــی ڕۆم برد و لەوێوە پەیامیان نارد کە ئەگەر ناوی سەرانە بگۆڕن و پێی بڵێن یارمەتی و کۆمەگانە، ئــەوا دێنەوە و چیتان دەوێ دەیـدەین! ئیمـام عومــەر کــە ئەمــەی بیــستەوە فــەرمووی: یارمــەتیش هــەر سەرانەکەیە؛ ئەوان بیدەن و بەهەر ناوێك دەیدەن لێیان وەردەگرین. واتا: چ سەر لە بەرد و چ بــەرد لــە سەر!

قەڵای جزیرە کردەوەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە؛ کە هەشتەمیـــن خەلیفــەی ئەمەویــە و لــە دادگەری و گەلپەروەری و دلۆڤانیدا بە عومەری دووەمیــن ناسراوە.

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری ئەمەویەکاندا نزیکەی سەد ساڵ لە سەر بەرزەکی مزگــەوتان و لــە پــێش هەموو نوێژاندا، پێش نوێژ و خودبــەبێــژان نــاو و نــاتۆرەی زۆر ناشیـــرینان لــە ئیمــام عــەلی کــوڕی ئەبووتالب دەنا و ناوی حەسەن و حوسێنی خۆشەویستی خوایـان بــە خراپــە دەبــرد و جــوێن و پــلاری ناشایستیان تێدەگرتن. عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە ڕۆژگاری فەرمانداری خۆیـدا ئــەو جنێودانــەی بەربەست کرد و خەڵکی لەو گوناھ و تاوانە ڕزگار کرد.

---

[1]- لە نوسخەکانی بەردەستماندا وا نووسراوە و لە مێژووی عەرەبانیشدا «عەیاز کوڕی غەنـەم» نووســراوە؛ کــەوابــێ، ڕەنگە نووسرابێ: بە سەعی (کۆششی) عەیاز کوڕی غەنەم. فەرەجوڵڵا زەکی

قەلاّ و شاری جزیر لە کەناری ڕووباری شەتولعەرەب[1] هەڵکەوتووە و لە کاتی لەهی هاتندا، ئاوی ڕووبار دەبێتە دووپاژ و قەلاّ و شار دەگرێتە هامێزی خۆیەوە. بەندێکی زۆر گەورە لە لای ژووروویی قەلاّوە بە قسل و بەرد هەڵبەسراوە؛ بۆ ئەوە ئەگەر لەهی گوڕ بسێنێ و زۆری بێنێ، زیان بە قەلاّ نەگەیەنێ. لە هەموو لاوە پرد لە سەر بەندەکە کراوە و خەلکی پێدا دەپەڕنەوە و بەوە بۆتە دوورگە و پێی دەڵێن: جزیری عومەرییە.

لە شاری جزیر و دەوروبەریدا، گەلێك دژی دژوار و ناوچەی هەوا خۆش و سازگار هەیە کە ئێمە لەم نامەیەدا هەر ناوی چاردەقەلاّ و ناوچە وە بیر دێنین؛ بۆ ئەوە خوێندەواری بەڕێز لە درێژدادڕینمان وەڕێز و بەبێز نەبن. ئەمەش بەڕێز ناوی قەلاّ و ناوچەکانە:

١- ناوچەی گورکێل، کە لە سەر چیای جوودیە و دەڵێن گەمیەکەی نووح پێغەمبەر- درووود لەویش و لە پێغەمبەری خۆشمان بێ- بە سەریەوە نیشتۆتەوە. لەو ناوچەیەدا حەوت تیرە دەژین: الف) شەهریوەری ب) شەهریلی ج) گورکێل د) ئەستوری؛ ئەم چوار تیرە شیعە مەزهەبن. ه) نیویدکاون و) شوورش ز) هیودڵ؛ ئەم سێ تیرەش یەزیدین.

٢-قەلاّ و ناوچەی برکە، هۆزی برکەی لێیە و ناوی خۆیانیان لێ ناوە.

٣- دژ و ناوچەی ئاروخ، بە دەست هۆزی ئاروخەوە و قەلاّکەی لە قەلاّ هەرە هەڵەمووتەکانی کوردستانە.

٤- ناوچە و دژی پروز، سەر بە هۆزی پروزە و ئەوانیش سێ لکیان لێ بۆتەوە. الف) جاستولان ب) بەزم ج) کرافان.

٥- دژ و ناوچەی بادان، کە بە دەست هۆزی گارسییەوەیە.

٦- ناوچەی تەنزی، قەلاّکەی بە ناوی کەلهۆك ناو دەبرێ و ئەویش هەر هی هۆزی گارسییە.

٧- ناوچەی فنیك، چوار هۆزی لێ دەژین؛ لە باسی فنیکدا دێمەوە سەری.

٨- ناوچەی تور.

٩- ناوچەی هەیتم، زۆربەی دانیشتووەکانی ئەرمەن و عیساییـن و زۆربەی دەرامەتی حاکمانی

١- ڕووباری جزیر لە پەنای دجلەیە. هەژار

جزیر لەوێ پەیدا دەکرێ. تیـرەی جلەکی لەوێ نیشتەجێن.

١٠- ناوچەی شاخ، خەڵکی ئەوێش زۆربەیان ئەرمەن و فەلەن و هۆزی شیلدیش لـەوێن. شـاخ بـە هەناری چاك بەناوبانگە.

١١- قەڵای ئەشاتل.

١٢- قەڵای ئەرمشات، بە دەست هۆزی براسی‌یەوە و ئەو هۆزە لە هۆزە هەرە بە هێزەکانی بۆتانـە و لە پیاوی چەکدار و لە سامان و داراییدا کەسیان ناگاتێ.

١٣- قەڵای کیوەر -کە قەمیزیشی پێ دەڵێن- هۆزی گارسی و قورشی پێ ڕادەگەن.

١٤- قەڵای دیردە، لـە ناوچـەی تـەنزی هەڵکـەوتووە و هێنـدێکیش عـارەبی بـە دەورەوە هـەن؛ ئەوانیش طهـری و سفان و بـنی‌عبـادەن. زۆربـەی ئەرمەنـەکانی ئـەو نـاوەش بـە عـارەبی داخێـون.

هۆزەکانی‌تری بۆتانیش ئەمانەن:

١-دونبولی ٢- نوکی ٣- مەحـموودی ٤- شێخ بزنـی ٥- ماسـکی ٦- ڕەشـکی ٧- مـخـنـەهران ٨- پەیکان ٩- بلان ١٠- بلاستوران ١١- شێرۆیان ١٢- دوتوران.

ئەوی ڕاست بێ ئەمەیە کە هۆزی دونبولی و مەحـموودی زۆر لە مێژینەوە لە جزیر پەڕیوە بـوون و هەر وەك دەپێشدا پێڕستم بۆ داناون. ئەگەر خوا یاربێ لـە ڕووپـەڕی سـێهەمدا سـەریان دەدەمـەوە و باشتـریان شی دەکەمەوە.

وا ئێستاش دەست دەکەم بە گێڕانەوەی سەربهوردی فەرمانڕەوایانی کوردی جزیر و لە خوا دەخوازم نیازم ڕەواکا.

سولەیـمان کوڕی خالید

وەك لە پێشدا لێی دواین، یەکەم کەسێکی لەو خانەدانە فـەرمانڕەوایی جزیـری کـردووە سولەیـمانی کوڕی خالید بووە. ماوەیەك ژیانی بە کامەرانی ڕابواردووە و کاتێ ماڵاوایی لـە جیهـانی بـێبەیـمان کردووە، سێ کوڕی بەجێ هێشتووە کە هەرسێکیان شیـرین کور و هەڵبژاردەبوون و ناویان حاجی‌بەدر و میـرعەبدولعەزیز و میـرئەبداڵ بووە.

میرعەبدولعەزیز لە ناو برایانیدا وەك مانگی چاردەلە ناو ئەستێراندا درەوشاوەتەوە و هەموو بە جەوهەرێك لە حاند ئەو کشاوەتەوە و گەورەیی هەر لە خۆی وەشاوەتەوە و سەرزەوی بە ڕوخساری ئەو گەشاوەتەوە.

ئەستێرەی بەختی دەدرەوشایەوە   هەر کارێ دەیکرد هۆی دەدایەوە

بەم پێودانە لە پاش نەمانی میرسلێمان، میرعەبدولعەزیز کرا بە فەرمانڕەوا و ئەویش حاجی‌بەدری برای ناردەسەر ناوچەی گورکێل و ناوچەی فنیکیشی بە میرئەبداڵ ئەسپارد.

هەرسێك برا پێکەوە شانیان دابەر و سەر و بەریان بە وڵاتدا و ڕۆژگاریان بە خۆشی بەسەر دەبرد و لە گفتی یەك دەرنەدەچوون و لە برایەتی باشدا کارامە بوون و بەسەر نەدەچوون.

لکی یەکەم
فەرمانڕەوایانی عەزیزان

میرعەبدولعەزیز سەردەمێك بە حاکمی گوزەراندی و پێمیردی خودای لێ بوو بە میوان و بانگی کردەسەر خوانی کۆچکردوانی جیهانی گوزەران و دەستی پێ لە دنیای پەست بەردا و بردیە مەڵبەندی هەرمان و هەستیەوە. دوو کوڕی بە یادگار لە ڕۆژگاردا بەجێ هێشت: سەیفەدین و ئەمیرمەجدەدین.

میرسەیفەدین کوڕی عەبدولعەزیز

میرسەیفەدین لە جێی باوکی کرا بە جێنشین. تەواو دایە سەر شۆپی ئەو باوە هێژایە و هەموو ئاکاری بەهرەداری ئەوی ڕەچاو کرد؛ دڵی خەڵك و یاریدەی خوای بۆ خۆی کێشاو دڵی کەسی لێ نەیشاو کوڵ و کەسەری لە دڵ و سەری کڵۆل و سەرکزان تەرت و توناو بڵاو کرد. کاتێکیش کە بارگەی بەرەو نەمان تێك نا و دەستی مەرگ بەرگی کتێبی ژیانی لێك نا، براکەی جێی گرتەوە.

ئەمیرمەجدەدین کوڕی عەبدولعەزیز

لە جێی برا چاکەکەی کرا بە فەرمانڕەوا و ئەویش وەك دەڵێن: «شەندەلە مەندەکەمتر نیە» لە پاکی و چاکی و مشوورخۆریدا لە باوك و برای خۆی تێپەڕاند. بۆتانی وا گەشە پێدا کە تەوس و توانجی دەبەهەشت دەگرت. دێرزەمانێك بە کامەرانی فەرمانڕەوایی کرد و ڕۆژی تەمەن و ژینی کەوتە خۆرنشینی مەرگەوە و لە ئاسۆی دنیای بێ پۆ ئاوا بوو.

ئەمیرعیسا کوڕی مەجدەدین

شوێنی بابی خۆی گرتەوە و بۆ هەمیشە ئەم شێعرەی کردەسەرمەشقی ژیان کە دەڵێ:

ڕاست و دڵپاك و دادپەروەر بە   تا هەتا سەربڵند و سەروەر بە

دەرگای تەبایی و خێرخوایی و دڵنیایی و پاکڕەوشتی -لە سەر گازی پشت- بە رووی خەڵکدا کردەوە. بۆ چاری دەردەداران و بە سەر کردنەوەی هەژاران، گرۆی لە هەموو سەرداران بردەوە.

لە هەموو تەمەنیدا کەسی بە خۆڕایی دڵمەند نەکرد و قەت هیچ بێسووچ و تاوانێکی تۆزکاڵە تاوێکیش بەند نەکرد.

کاتێ بڵێسەی ژیانی میرعیساش لە ئاییسان کەوت و ئاووگڵ کوژاندیەوە، بەری ئەو شەنگەدارە:

میربەدرەدین کوڕی میرعیسا

ئەو مانگی چاردەیە -کە ئەسپاردەی پیاوچاکان بوو- بە تیشکی خۆی دڵی ژێردەستانی ڕۆشن کردەوە. هەورێکی مانگی نیسانی بەزەیی هەڵگربوو. بە لووزەو بەخت و هاتی بۆ لێویەباران دادەباراند. دەستی بەخشندەی ئەو هەتوانێك بوو برینی دڵی دڵ برینداران سارێژ دەکرد و توێژی پێ دێنانەوە. فرمێسکی لە چاوی گریاوی بێباو و دەربەدەران دەسڕیەوە. دەستی دەستدرێژان و باڵی هەنگاوهاوێژانی ناڕەوا و بێفەڕی دەبڕیەوە.

کاتێ چاوی تێری لە دنیای چاونەزێر پۆشی، ڕۆڵەی شیرینی میرئەبداڵ بوو بە جێنشینی.

میرئەبداڵ کوڕی میربەدر

دایە سەر شوێنی باب و باپیرانی و هەرگیز بە موو لای نەدا و بە لای هیچ ناڕەوایەکدا لای نەکردەوە و قەوینتی و ڕاسپێری خانەدانی گەورەی لە بیر نەبردەوە.

کاتێ ئەویش ئالای فەرمانڕەوایی لە مەڵبەندی نەماندا چەقاند و بەهەشتی بۆ خۆی ستاند:

میرعیززەدین کوڕی میرئەبداڵ

فەرمانڕەوایی بۆتانی گرتە دەست و لە ڕۆژگاری ئەودا مانگۆکی ئالای ئەمیرتەیمووری کورەکان تیرێژی جیهانگیری بە سەر زەویدا پەخشان کرد. وەك مەولانا شەرەفەدین عەلی یەزدی لە *تاریخی زەفەرنامە*دا نووسیویە: پادشای خاوەنشکۆی بێسنوور، ئەمیرتەیمووری کورەکان ساڵی ٧٩٦.ك (١٣٩٣و٩٤.ز) لە دوای ئەمە کە بەغدای ئارامی داگیر کرد و قەڵای تکریتی کاول کرد و هەموو

ناوچە و مەڵبەند و دژەکانی لەو ناوە خستە ژێر چۆکەوە، ڕووی کردەماردین. لە چەملیك -کە حەوت فرسەخی دەگەڵ ماردین مەودایە- ئەمیرعیززەدین حاکمی جزیرە هاتە خزمەتی و بە رایەخ ڕاموسانی تەیموور سەرفراز کرا و پێشکەش و دیاری شایانی شانی تەیمووری هێنابوو؛ لە بەر چاوی ڕانا و تەیموور بە چاوی بەزە و خۆشەویستی لێی ڕوانی و دەستەبەریش بوو کە ئازووقە و تفاق بۆ لەشکر بنێری و ئەوسا بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە.

سوڵتان عیسا کاربەدەستی ماردین هێندێك ڕەفتاری وەها نالەباری دەربارەی چەکدارانی ئەمیرتەیموور کردبوو کە زۆر ناپەسندن و ناکرێ لێرەدا باسی بکرێ. ئەمیرتەیموور نیازی وابوو دەوری قەڵای ماردین بگرێ؛ بەڵام لە بەر زۆری لەشکر و کەم لەوەڕی ئەسپان، وای بە باش زانی جارێ واز لەو بێنێ. ڕۆژی سێشەممە هەشتی مانگی ڕەبیعی دووەمی ئەو ساڵە لە ماردین گەڕایەوە و ڕووی کردەمووسڵ و لەوێوە خاوەن شکۆی دڵگوشاد پیاوی خۆی هێندێك ساز کردن کە دیاری و شتومەکی نایاب و گرانبایی بۆ خان و شازادەکان بەرنە سوڵتانیە. کوردێك کە ناوی شێخ و لە هۆزی بوختی بوو، کاتێ خۆی لە چەملیك دەگەڵ میرعیززەدیندا بە ڕایەخ ڕامووسان سەربەرز کرابوو؛ لە لاواندنەوەی شاهانەیشی بەش درابوو؛ تا ئەو ساتە دەناو لەشکری دنیاگردا بوو. ئیزنی خواست کە دەگەڵ کاروانەکەدا بڕوا و بچێتەوەماڵی خۆی. ئیزنی وەرگرت و ڕەگەڵ کاروان کەوت و کاتێ گەیشتە دەوروبەری جزیرێ، شێخ لە ڕاستەڕێ لایدا و دیاریەکانی برد و خۆی کوتا شاری جزیرەوە و پەنای بە میرعیززەدین برد.

ئەمیرعیززەدین پەیمانێکی کە دەگەڵ پادشای خاوەن شکۆدا بەستبووی شکاندی و دەگەڵ ئەو بەخت وەرگەڕاوەدا بەختی خۆی تێکەڵ کرد و خۆی کردەشەریکەدز. پایەبەرزی خاونشکۆ بۆ بەڵگە پێ نەهێشتن دوو جارانی ناردەلای میرعیززەدین کە شێخم بۆ بگرە و بینێرە لام؛ ئەوسا لە گوناهی تۆ دەبوورم. ئەگینا هەرچی قەڵا و ناوچە و دارونەدارت هەیە لە ژێر سمی ئەسپاندا تارومار دەبێ. میرعیززەدین زۆری دەسەختی قەڵاکەی ڕادەدی و بە تایبەتی کە دەیزانی ئاوی ڕووباریشی لە بەردەست دایە، گوێی نەدا فەرمانی تەیموور و شێخی بە دەستەوە نەدا.

ئەمیرتەیموور ڕۆژی دووشەممە سێزدەی جیمادی یەکەمی ئەو ساڵە، گرانباری بەجێ هێشت و

هێرشی لە نەکاوی بۆ کرد و هەر لەو شەوەدا هەموو لەشکرەکەی لە دەجلە پەڕاندەوە و دەبەیاندا لەشکری هەمیشە سەرکەوتوو وەك بەڵای لە نەکاو و لافاوی بە شاڵاو دەوری جزیریدا و ڕژانە ناوەوە و هیچ سەعاتێکی نەبرد قەڵا و شاکەوتە دەست لەشکر و دەس کرا بە تاڵان و کوشتن و خوێن ڕشتن و وێران و کاول کردن و وردەو یەخسیر بردن.

لە جەنگەی پشێوێنیدا سەربازێکی تەیمووری، عیززەدینی دەست کەوت؛ بەڵام نەیناسی و بە لێدان و کوتان زۆری شت لێ ساند و بەرهەڵدای کرد. میرعیززەدین بە هەزار گیرە و نیرە و دەردیسەری و لە پاش سووکایەتی بەسەر هاتنی زۆر، نیوەگیانێکی لە مەیدان دەرکرد و بەر کوشتن نەکەوت.

دەربارەی ئەو کارەساتە خەڵکی جزیر شتێکیتر دەگێڕنەوە و دەڵێن ئەمیرتەیموور دەپێشدا زۆری ئەمیرعیززەدین خۆش ویستووە و تەنانەت شەترنجیشی دەگەڵ لەییستووە و گەلێکی وەبەر دڵ کەوتووە و هۆگری بووە. ڕووی لێناوە کە بۆ سەفەری شامیش دەگەڵی بێ[1]. بەڵام چونکە هەموو ساڵێك پادشایانی شام دراوی زۆریان بۆ ئەمیرعیززەدین بڕیوەتەوە، خۆی لەو سەفەری عەرەبستانە بواردووە و ئەمیرتەیموور لە سەر ئەوە لێی تووڕە بووە؛ فەرمانی تاڵان و کاول کردنی جزیر و بۆتانی دەرکردووە.

ئەمیرعیززەدین لە ناو هۆزی ئەروخیدا ماتەی هەڵگرتبوو زۆر بە پەرێشانی و شپرزەیی ڕایدەبوارد و بە ڕووتی و کەساسی سەری نایەوە.

میرئەبداڵ کوڕی میرعیززەدین

لە پاش بابی هاتە سەر حوکم و سەرپەرستی هۆز و تیرەکانی دەکرد و زۆری پێ نەچوو کە مردن هێرشی لە نەکاوی کردەسەر و لە دنیایەی بردەدەر.

١- ئەمیر تەیموور ساڵی ٨٠٣ك (١٤٠٠ز) بەرەو شام چووە. جەمیل

میرئیبراهیم کوڕی میرئەبدال

لە جێی میرئەبدال کرا بە فەرمانڕەوا و ماوەیەك دنیاداری کرد و خـوا چـیدی پـێ ڕەوا نـەدی و دایـە دەست مەرگ و لـە تـەختی گـۆڕدا جێگـەی بـۆ کرایـەوە. ئـەویش سـێ کـوڕی لـە جێگـە مایـەوە: میـرشەرەف، میـربەدر، کەکمـحەمەد.

میرشەرەف

هێندێکی مەزنایەتی کرد و بەرەو مەڵبەندی نەمان ڕێی داگرت و براکەی جێگەی گرتەوە.

میربەدر

ماوەیەکی زۆر سەرداری کرد و ئەوسا ڕووی لە دنیا وەرگێڕا و کۆچی یەکجاری کـرد و سـێ کـوڕی لـە پاش بەجێمان: میرشەرەف، میرمـحەمەد، شاعەلی بەگ.

کەك محەمەد کوڕی میرئیبراهیم

لە پاش نەمانی براکانی فەرمانی جزیر کەوتە بەردەستی ئەو و هەر لە ڕۆژگاری ئەویشدا حەسەن بـەگ ئاققۆینلوو (مەڕەسپیانی) هێرشی هێنایە سەر وڵاتی بۆتان و داگیـری کرد و هەمووی وێران و خاپوور کرد و زۆربەی پیاوە گەورەکانی بۆتانی لە ناو برد.

کەك مـحەمەد دەگەڵ میرمـحەمەد و شاعەلی برازایدا بەدیل گیـران و کۆت و پێوەنـدیان خرایـە پی و پیلەوە و بردیاننە عیراق. وڵاتەکە بە خڕوپڕی کەوتە دەست ئـاققۆینلـووی تورکمـان و ئـەوانیش دایانە دەست چەلەبی ناوێك کە بۆ ئەوانی بە سـەر ڕابگـات. ئێـستاش وەچـی ئـەو کابرایـە لـە نـاو تورکماندا بە چەلەبیلوو ناو دەبرێن.

چەلەبی پیاوێکی لێزان و بە مشوور بوو. سەهەندەو زەرندەیەك بوو کەس نەیـدەتوانی سـەر بزێـوی بکا و پشێوێنی بنێتەوە. جزیر هەر دەبەر دەستی چەلەبیدا بوو هەتا ئەو سـەردەمە کـە ئەمیرشـەرەف کوڕی میربەدر وڵاتەکەی لە ژێر چنگاڵی ئاققۆینلووەکان ڕزگار کرد.

میرشەرەف کوڕی میربەدر

لەو دەمانەدا کە کەك محەمەدی مامی و میرمحەمەد و شاعەلی برای لە لای ئاققۆینلووانەوە بەدیل گران، میرشەرەف خۆی ڕزگار کرد و بە نهێنی دەژیا؛ تا ئەو کاتە کە ڕۆژی بەختی ئاققۆینلوو کەوتە زەردەپەڕی نەهات و شەوەکی کامەرانی ئەو تورکمانانە شەوەزەنگی چارەڕەشی بە سەر داهات. وەك گوتوویانە:

یەك کەساس و هەناسەسارد دەمرێ   یەك بە شادی دەچێت و جێیدەگرێ

کەمکەم پەڵە هەوری چلکنی زۆرداری تورکمانی دوژمن، بەری عاسمانی کوردستانی بەردەدا و بەرەو نەمان دەڕەوی و کەویەبەفری داگیرکەری بێ بەزەوی، بە هەڵمی ئاه و نزوولەی هەناسەساردان دەتوایەوە و بە زەویدا دەچۆڕایەوە و ئەستێرەی هاتی میرشەرەفیش ڕۆژبەڕۆژ بە خۆدا دەهات و دەمبەدەم تیشکی دەنگاوت و گاوبەگاو تریفەدارتر لە ئاسۆی ژیاندا دەدرەوشایەوە.

ئەوانەی کە لە چنگاڵی مەرگ قوتار ببوون و لە بۆتان بە تای گیان ڕزگار ببوون، لە دەوری میرشەرەف کۆ ببوونەوە و بە هومێدی ئەو ڕۆژە دەژیان کە هەلێکیان بۆ بڕەخسێتەوە و داگیرکەر لە کوردستان دەربکرێتەوە و ئەو تەمی نەگبەتە بڕەوێتەوە.

لە پاش سی ساڵ ناهومێدی و دەستە و ئەژنۆیی و گردەنشینی، دەرفەت هاتەوە و ڕۆژی کورد هەڵاتەوە، کە مەیدانی مەردان گەرم کاتەوە.

میری جوانمێر وشێر، لە لان هاتەدەر و خاوی خۆی دەرکرد و تاویدا دوژمن و بە خەنجەری زگدڕ و شیری سەربڕ، کەوتە گیانی دوژمنانی کوردستان و پێی دادان و ملی بادان و لە بەرخۆی ڕادان و ئاسەواری نەیاری بڕیەوە و پەڵەی ئەنگی دیلی بە خوێنی داگیرکەر سڕیەوە و ئابڕووی خۆی و هۆزەکەی کڕیەوە و زۆر بە شانازی و سەربڵندی هاتەوە سەر تەختی جزیر و فەرمانڕەوایی باب و باپیرانی سەندەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا کەكمحەمەد و شاعەلی و میرمحەمەدی مام و برای، لە بەندی تورکمانان خۆیان ڕزگار کرد و هاتنەوە جزیر و بوونە پشتیوانی میرشەرەفی پاڵەوان.

لەو سەردەمانەدا کە شائیسماعیلی سەفەوی سەری هەڵدا و هەردووك عیراق و ئازربایجانی لە چنگ تورکمانان دەرهێنا و پادشایەتی ئێرانی بۆ چەسپا، بە هەوای زەمینگیری بەوەندەوە گیر نەبوو؛

پێوە چوو، دیاربەکر و مووسڵ و شەنگالیشی گرت و ئەوسا لەشکری گرانی ئێرانی بەخێری ناردەسەر جزیر و دەگۆ میرشەرەفی ڕاکرد. میرشەرەف لەو کێوانە نەبوو بە ڕەشەبا لەجێ هەڵکەنێ. زەبرێکی لە عەجەمدا، گێژ و وڕی کرد و بە سەرسوڕماوی لە بەری هەڵات و جارێك و چەند جارێکی دیکەش ئاسۆیان پەڕاند و گەڕیان تێ هاڵاندەوە و هەموو جاریش لە پێشوو پیستر دەیدڕاندن و دەیشکاندن؛ تەنانەت هەڵێك لە تەنیا شەڕێکدا کە لە بەر میرشەرەف بەزین، هەزاروحەوسەد قزڵباش لە خوێنی خۆیاندا گەوزین و یەکجار زۆریشیان لێ بە دیل گیرا.

جارێکیتر خانمحەمەد ئیستاجلوو، میری میرانی دیاربەکر و قەرەخانی برای، لەشکری قزڵباشیان دەنگ داو هاتنە جەنگی میرشەرەف. ئەو جارەش بە دەردی پێشوو چوون و زۆر شپرزە بوون و بە سەری شکاو و هیچی نەماوەوە بە پەلەپرووزە خۆیان دوور خستەوە و برینی خۆیان دەلستەوە!

شائەم جار تەواو غەزری بوو؛ هەمیسان بۆ جاری سێهەمین لەشکری زۆر و زەبەندەو هەموو پیاوی دەسکەرەوە و هەڵبژاردەی پاسەوانانی تایبەتی شایی و چەکداری نامداریتریش کۆ کرانەوە و بە سەرکردایەتی یەکانەی قزڵباشان یەکان بەگتکلووی سەرەك پاسدەری شا، لە هەمەدانەوە بەرەو جزیر هات و پێی سپێرا کەدەبێ بەبێ سەری میرشەرەف نەگەڕێتەوە.

لەو شەڕەشدا خودای بانی سەر دەهانای میرشەرەف هات و وەك خۆی فەرموویە: «چەند کۆمەڵی کەم بە خواستی خودا بە سەر کۆمەڵی زۆردا زاڵ بوون!»

یان وەك گوتوویانە:

خوا هاریکاربێ، ئەوانەی پیاون   با کەمیش بووبن، زۆریان ڕاوناون

پاڵەوانانی کوردی بۆتانی -کە وەك پڵنگی زامدار و ورچی برچی و شێری نێری ناوشکێر و لێڕەواران، تامەزرۆی هاڕینی ئێسکی نەیاران و تینووی خوێنی نالەبارانن و لە جەنگدا وەستان و بەدەستەوەدان نازانن- زۆر گورج و گۆڵانە دەوری میری خۆیان گرت. سەر لە سەر دەست و دەست لە بان دەبان و گوێ لە سەر هەست و مەستی مەیدانی مەیدان، زۆر بە گوڕ و تین و دڵ پڕ لە کین، بوونە پەرژینی ئاسنین و لە بەر دوژمن بوونە لەمپەر و بەرانبەری وەستان و ڕێزیان بەست.

قزلّباشیش لەولاوە ڕووبەڕوویان بزووتن و تێـك هەڵـەنگووتن و هـەوەڵ هەڵمـەتی بـوێرانی کوردسـتان کارێکی پێکردن بە داستان بگەڕێتەوە. هێند بە دەست و برد وزاقیان بەست و دەستی خۆیان وەشـاند، قزلّباشیان شاش کرد و تاساندیان و بۆیان نەکرا بێنە دەست و سەرکەوتنیان لە دەسـت داو شکـستیان دەست کەوت.

بە هەر لایەکدا لات دەکردەوە هەر لاوی کـوردی شیـرین کـردەوە بـوو دەیگوڕانـد و دەیدڕانـد و نەیدەدۆڕاند و هەر قزلّباش بوو دەیهەژاند و دەیبۆڕاند و بە ڕووت کـراوی و بـە لەشـی خوێنـاوی لـەو شەرگە پان و بەرینەدا، یەك بە مەیدان تـخێڵ ببوو. هێشتا جەهەندەمی شەڕ تەواو نێڵ نەدرابوو کـە قزلّباشە ماوەکان بە پاشدا کشانەوە و لە جیاتی جزیر قووتدان، خوێن ڕشانەوە.

ئیتـر هەر ئەو شکانە بوو کە پێی شکان و تازە ببـڕای- ببـڕای هـەتا سـێبەری میـرشەرەف لـە سەر دنیا مابوو، عەجەمی قزلّباش ڕووی نەکردەوە جزیر و دەمی بۆ ئەو بڤەیە نـەبرد و بـە خـەیاڵیش نارەزووی گرتنی جزیری نەکرد.[1] ئەمیـرشەرەف ئەمـجار بە دڵنیایی لـە سـەر کورسـی فـەرمانڕەوایی جێی گرت و هـەتا مـا هـەر بـە سـەربەرزی و ئـازایی ژیـا و لـە ئەنـجامدا بارگـە و بنـەی بـەڕێ کردەناوجەرگەی سەرخۆشانی شاری خامۆشان و لە بەهەشتی خودا، لە نهۆمی پیـاوی مـەرد و ئـازادا جێگەی بۆ کرایەوە.

شاعەلی بەگ کوڕی میربەدر

کە میـرشەرەف لە سەر دنیا نەما، هۆز و تیـرەکانی بۆتانی شـاعەلی بـەگیان بـە پەسـند زانـی کـە فەرمانڕەوایان بێ. ئەویش قەڵا و ناوچەی فنیکی بە میـرمـحەمەدی بـرای ئەسـپارد کـە بـە سـەری ڕابگا.

لە کاتێکدا کە پیاوە گەورەکانی کوردستان خۆیان لە دەسك نابوو کە بە تێکڕایی بـچنە تـەورێز و خۆیە و خۆیان بکەنە دۆستی شای ئێران و بچنە ڕیزی کاربەدەستانیەوە؛ شاعەلی بەگیش بە بـێ ئـەوە بیـری لێ بکاتەوە و لێکی داتەوە و بێنێتەوە بەرچاوی کە بۆتانی چیان بە سەر لەشکری ئێران هـانیوە و چ دەردێکیان لە دەست برا و خزمی ئەو دیوە و چەندیان خـوێن لـە سـەریەتی، هـەر بـە دەبدەبـە و

١- ئەم هێرشانە لە ساڵی ٩٠٨ هەتا ٩١٧.ك (١٥٠٣ هەتا ١٥١١.ز) دابوون. جەمیل

تەنتەنەی ئاغایانی کوردستان و بە زرم و کوت و زەنا-زەنای بەردەست و کوێخایان، بای ڕەگوێ کەوتن و هەموو ڕابردووی لە بیـر بردەوە و ڕەگەڵ کەوت و وێڕای دوازدەکەس لە سەرناسانی کوردستان، ڕووی کردەبارەگای شائیسماعیلی سەفەوی و بە دەستی خۆی، خۆی بە داوێوە کرد.

ئەگەر شاعەلی چاوی نوقاندبوون و خۆی نەدەدی، شائیسماعیل چاوی لێك نەنابوو؛ نـووك و بـەدی کارەساتی لە بیـر مابوو. ئەو برینی بۆتانی لە قزلباشیان کردبوو ببووە تێراوێ ڕەشە و کێم و زووخاوی دەدەلاند. برای میرشەرەف بە پێی خۆی هاتووە دەڵێ تۆڵەم لێ بکەنەوە؛ چۆنی دەسەرەوە دەچێ؟

هێشتا میر و بەگلەری کوردان تەواو ڕۆژباش و سـلاویان وشـکاوی نـەهاتبوو کـە قزلبـاش تێیـان وەرووکان و لە جیاتی خەلات و نیشان، بە کۆت و زنـجیـریان ڕازاندنـەوە و لـە زینـدانی تاریکیانـدا ڕازاندن.

لە پاش ماوەیەك زیندان کێشان، هەر یەکە بە جۆرێك لە زیندان بەردران و شـاعەلیش وەك ئـەوان ڕزگار کرا و بەرەو جزیر گەڕایەوە[1]. ئەو ماوەی کە ئـەو لـە زیندانـدا چـلەی دەکێـشا، شائیـسماعیل جزیری دابووە دەست ئولان بەگ برای خان مـحەمەدی ئیستاجلووی والی دیاربەکر. شاعەلی بـەگ بـە یارمەتی هۆزە نەبەزەکەی خۆی پەلاماری سەر ئولان بەگی داو ڕاوی نا و جزیری ساندەوە.

لە پاش ئەوە شاعەلی دەگەڵ میـرشەرەفخانی بـدلیس بـوو بـە هاوپەیـمان و هـەر دوولا وایـان بەباشزانی کە سەر وە بەر باری سوڵتان سەلیمی عوسـمانی[2] بێنن و ئیتـر دان بە قزلباشاندا نەهێنن.

وەختێ خۆیان کردەدۆستی عوسـمانی، هانی سوڵتان سـەلیمیاندا کـە دیاربـەکر و ئازربایـجان و ئەرمەنستان لە قزلباشان بستێنێ.

شاعەلی دوای ئەوە کە چەندێك فەرمانڕەوایی کرد، لە دنیا مالاوایی کـرد و بـە ڕەحـمەت چـوو. چوار کوڕی بوو: بەدر بەگ، ناسر بەگ، کەك مـحەمەد، میـرمـحەمەد.

بەدر بەگ جێنشینی باوکی بوو، کوڕانی ناسر بەگ و کەك مـحەمەد -کـە ڕۆژگارێـك لـە جزیـردا

١- لە پاش شەڕی چالدێران -کە ساڵی ٩٢٠.ك (١٥١٤.ز) لە نێوان ئێران و عوسـمانیدا ڕوویـدا و ئێـران تـێ شـکا- شاعەلی پاش سێ ساڵ زیندان کێشان بەردراوە. جەمیل

٢- سوڵتان سەلیمی یەکەم کوڕی سوڵتان بایەزیدی دووەم، باوکی دەرکراوە و ساڵی٩١٨.ك (١٥١٢.ز) کراوەتە پادشا. جەمیل

سەردار بوون- لە نۆرەی خۆیاندا باسیان دەکرێ لە میرمـحەمەدیشەوە سـلێمان بـەگ بـەجێ مـاوە؛ کوڕێکی زۆر ئازێ و ڕەشیدەو ئێستاش هەرماوە.

بەدر بەگ کوڕی شاعەلی بەگ

لە پاش نەمانی باوی لە سەر تـەختی فـەرمانڕەوایی جزیـرێ جێگیـــر بـوو. لـە سـایەی دادگـەری و هونەروەری خۆیەوە بۆتانی ئاوەدان و خودان پیت و برەو کرد و هیمی سەرداری و دنیاداری خۆی قایم و پتەو کرد و نزیکەی حەفتا ساڵ بە سەربەستی و بێ بەرهەڵست بە مەزنایەتی گوزەراند و کـار و بـاری ڕاپەڕاند. لە هەموو دەورانی پادشایەتی سوڵتان سولەیـمانخاندا -هەر لـە سـەرەتایەوە تـا بڕایـەوە- خزمەتکاری دڵسۆزی دیوان و هەمیشە و دایم گوێ بە فەرمان بوو. بۆ سەفەری وان و تەورێز و گـرتنی بەغدا و عیراقی عەرەب، دەگەڵ خۆیدا بردووە و هیچ کاتێك لە خـۆی هـەڵناواردوە. بـەو لـە سـوڵتان نزیکیە هەوایەکی لێ پەیدا ببوو، لای وا بوو نازی بە سەر دیوانی عوسـمانیەوە هەیە و هەرچی بیکـا لێی ناپرسنەوە. دوو کاری زۆر نالەباری کرد کە هەم سـوڵتان و هـەم ڕوسـتەم پاشـای وەزیریـشی لـێ ڕەنـجان. یەکەم کاری نابەجێی ئەوە بوو خونکاران و سەردارانی کوردستان -کـە شـەڕی ئێرانیـان بـۆ عوسـمانیان کردبوو- گەڕابوونەوە؛ دەبوایە بچن دەستی سوڵتان ماچ کەن و ئیزنی چوونەوە مـاڵی لـێ بـخوازن. جا چونکە لە کۆڕەکەدا سوڵتان حوسێنی حاکمی ئامێدی وەلای سەرووی بەدر بەگ خرابـوو، لە سەر ئەوە بەدر بەگ تۆرا و دەستی سوڵتانی ماچ نەکرد و بە بێ ئیزنخوازی، لە بەغدا دەرکـەوت و هاتەوە جزیر.

کردەوە بێجێکەی دیکەشی ئەوە بوو زەینەڵ بەگی هەکاری بە هاریکاری ڕوستەم پاشای وەزیر، بـۆ وەرگرتنەوی وڵاتی خۆی لە ئاستانەوە بەرەو ماڵ دەهاتەوە. بەدر بـەگ هێنـدێك پیـاوکوژی خوێنمـژی ناردەسەر ڕێ و ڕێگەی لێ گرت و وەك لەمەوبەر باسـمان کرد پیاوەکانی کوشت و زەینەڵ بەگ خۆشی زۆر بە برینداری لە دەشتی شەڕگەدا بەجێ ما. لەوساوە ڕوستەم پاشاچـارەی بـەدر بـەگی دەدزا و بـە دزیەوە خەریکی بنکۆڵ کردنی بوو. جا کە جاری دووەم ڕوستەم پاشاکرایەوە بە وەزیـر، تەگبیـــری لـە هەڵداشتنی بەدر بەگ کردەوە. ناسر بەگی برای دنەدا کە داوای مەزنایەتی جزیر بۆ خۆی بکا و بۆ ئەو

مەبەستە خۆی بگەیەنێتە ئاستانە.

ناسر بەگ –لەسەر هاندان و ناو تێدانی ڕوستەم پاشا- خۆی گەیاندەبارەگای شاهانە و وەزیریش لە ژێرەوە کارێکی وای کرد کە سولتان بە لای ناسر بەگدا بێ و فەرمانی بۆ دەرچوو کە فەرمانڕەوایی جزیر بە ناسر بەگ ڕەوایە و کار و باری بۆتان لە دەست ئەوایە.

کە ناسر بەگ بە فەرمانەوە بەرەو ماڵ دەهات، بەدر بەگ لە دەستانی هەڵات و ڕووی کردەژەنگار (شنگال). لە پاش دوو ساڵ بەدر بەگ پەنای بە سەردەرانەی شاهانە بردەوە و ناوچەکانی تور و هەیتمیان لە جزیر جوێ کردەوە و سەر لە نوێ فەرمانڕەوایی جزیریان بۆ بەدر بەگ نوێ کردەوە. ئیتر هەتا لە سەر دنیا ژیا بە هۆی فەرمانی خاوەن شکۆوە لە سەر جزیر دامەزرا و لانەبرا[1].

بەدر بەگ لە ناو کۆڕ و کۆمەڵدا بە ئاشکرا بەنگی دەکێشا. بەنگ کێشانەکە گەیبووە ڕادەیەك ڕۆژانە بایی پێنجسەد درەم بەنگ دەکڕا و دەکرا بە دووکەل و بە هەوا دەچوو. هەر خودی خۆی تەنیا لە شەو و ڕۆژێکدا بایی سەد درەمی دووکەڵی بەنگ هەڵدەمژی و کیسەدارەکەی خۆی ڕاسپاردبوو کە نرخی بەنگی میرهەر لە دراوی حەڵاڵ و ڕەوا بدا و زێڕێکی کە بۆنی ناڕەوا و حەرامی لێبێ بۆ بەنگی بەگ ناشێ!

وەکی دیش پیاوێکی زۆر دیندار و بە ئاکار و دڵپاك و چاك بووە؛ نوێژ و ڕۆژووی نەدەچوون؛ دەگەڵ مەلا و زانا و پیر و پیاوچاکاندا چاکەی دەکرد و ئەوەندەی هۆزان و خوێندەواری گەورە لە دەورەی خۆی کۆ کردۆتەوە کە هەرگیز جزیر ئەوەی بە خۆیەوە نەدیوە، بۆ نموونە مەولانا محەمەد بەرقەلعی و مەولانا ئەبووبەکر و مەولانا حەسەن سورچی و مەولانا سەیدعەلی و مەولانا زەینەدینبەبی -کە ئەمەیان لە زانستەکانی ڕواڵەت و نهێنیدا سەردەستەی مەلایان و پێشەنگی خواپەرستان بووە- هەروەها گەلێك زانای ئەوتۆ کە ناوبانگیان ڕۆیشتووە و نووسراویان دەستا و دەست دەکا، هەمووی لەو کاتەدا لە جزیر و لە لای بەدر بەگ حاوانەوە. دەڵێن جارێك مەولانا ئەبووبەکر دڵی لە بەدر بەگ ڕەنجاوە و لێبڕاوە کە لە جزیر بڕوا. بەدر بەگ دەگەڵ کەیخودا و ڕیشسپیانی جزیر خۆیان هاویشتۆتە ماڵیەوە و دڵی داوەتەوە و گەلێکی خەڵات و بەخشش پێداوە تا گەڕاوەتەوە.

١- ئەمینزەکی لە *ناودارانی کورد*دا دەڵێ: لە دوای ئەو گەڕانەوەی، هەر تەنیا ساڵێك ژیاوە. جەمیل

کاتێ ناسر بەگی برای عەمری خوای کرد، بەشەکەی ئەویش -کە ناوچەی تور و هەیتم بوو- هەر هاتەوە سەر بەشی بەدر بەگ و تێکەڵاو کرایەوە.

بەدر بەگ زۆر ژیاوە؛ لە نەوەد دوور کەوتۆتەوە و لە سەد نزیك بۆتەوە. لە دوارۆژەکانی ژیانیدا پیری وای دەورە لێدابوو هۆش و گۆشێکی بۆ نەمابوو. کاری لە ئاوەز بەدووری دەکردن. لە باوەڕ پێکراوانەوە بیسراوە کە جارێك کابرایەك گازندەی لە لا کردووە، گوتوویە قەسابی شار دژمانی پێداوم. لە جزیر بە گازر دەڵێن قەسار. ئەویش ناردوویە گازریان هێناوە و تێر و پڕیان کوتاوە و لە پاش ئەوەی زۆر باش شل و کوت کراوە، کابرا هاواری کردووە میرم من قەساب نیم، قەسارم. بۆ دەتەوێ قەزای بۆزە لە گۆزە بکەوێ. بەدر بەگ لە وەرامدا فەرموویە قەساب و قەسار هەر یەکن ناوەکانتان وێك دەچن و تۆڵەی ئەو هەڵەیەش هاسانە!

بەدر بەگ کە مانگی ژیانی لە ئاسۆی نەماندا ئاوابوو، کوڕێکی لە پاش بەجێ مابوو بە ناوی میرمحەمەد[1].

میرمحەمەد کوڕی بەدر بەگ

لە دەورانی ژیانی بابیدا بە سەر کاروباری وڵاتەکە ڕادەگەیشت و هەمەکارە هەر خۆی بوو. لە دراو کۆکردنەوەدا چاوچنۆك و قیرسیچمەیەك بوو، تەکی نابێتەوە. وەك دەڵێن ساڵانە دوازدەهەزار مەڕی زاوە؛ کە هەر ساڵە لە بەروبوویان دراوێکی زۆری وەسەر یەك ناوە. سەدهەزار سەرەمریشکی بە دۆخە بە سەر گوندیاندا بڕیوە[2] و بۆی بڕیونەوە کە هەر ساڵە دەبێ دەمبڕ لە هەر مریشکێك ئەوەندەهێلکە بۆ میربە دیاری بێنن و دیارە دەبێ مامرەکەش نەمرێ! بە کورتی ئەو پیاوە لە دراو هەڵکڕاندندا ئەوەندەبلیمەت ڕسکاوە کە لە دنیادا وێنەی کەم دیتراوە.

لە پاش مردنی، بەدر بەگ بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی جزیر و بۆتان و حەوت ساڵ بێ دەردیسەر فەرمانڕەوایی کرد. ساڵی ٩٨٦.ك (١٧٥٨.ز) کە بە فەرمانی سوڵتان مراد لەشکری

١- ناودارانی کوردی ئەمین‌زەکی دەڵێ: بەدر بەگ ٩٥ ساڵ ژیاوە. جەمیل

٢- فارسیەکە دەڵێ: «صدهزار قطعه مرغ»؛ ڕۆژبەیانی دەڵێ: سەد هەزار پۆلە باڵندەی کەوی، بەلام قطعه بۆ باڵندە، وەك وشەی نەفەر، سەر، دانە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و وردە وایە. «مرغ» مریشکە. «یك قطعه مرغ» واتا تاکەیەك مریشك. هەژار

عوسمانی بە سەرکردایەتی لەلەقەرا مستەفا پاشای دووەم وەزیر بۆ سەر شیروان و گورجستان بەرێ کرا، میرمحەمەدیش ڕەگەڵ لەشکری دنیاگری موسوڵمانان خرا.

کاتێ عەسکەری مەحشەر بەرپاکەری عوسمانی لە سنووری گورجستان چوونە ژوورەوە، محەمەدخان توقماق نەوەی قازوقهەمزەی ئیستاجلوو، میری میرانی چغورسەعد و ئیمامقولی سوڵتانی قاجار، میری‌میرانی قەراباغ و گەنجەی ئاران، بە دەهەزار سواری ئازا و بەکاری قزڵباشەوە لە جێگایەك -کە ناوی چڵدرە- سەری ڕێگایان لە مستەفا پاشاو هەزارە زیلەی لەشکرەکەی گرت. بە هەڵکەوت لەو ڕۆژەشدا دەروێش پاشا -کە بەگلەر بەگی دیاربەکر بوو- کوردەکانی دەبەر دەستابوو؛ کرابووە سەرکردەی دیدەوانەکانی پێشەنگی لەشکری ئیسلام و پێشڕەوی دەکرد و دەراوی تاقی دەکردەوە.

دەم دەمی زەردەپەڕ بوو، نیسێ شۆڕ ببوون. لەو جێیەدا کە پێی دەڵێن چڵدر -لە دامێنی چیادا- گوز و گومبەت تووشیان بوو بە تووشی سوپای ئێرانەوە و لووت و بزووت تێك هەڵەنگووتن. ئیتر کوڕە کوڕەی لە خۆبایی و پشت ئەستور لە ئازایی، خۆیان لێکیان نەدایەوە کە دوژمن چەندەو چۆنە و سواری سەری خۆیان بوون و هەڵیان کردنێ و بەو بادی هەوا بوونە تێشکان.

مەڵێ دوژمنم هیچە، خۆت هەرچی هەی — لە خۆبایی بوونت بگاتێ، هەڵەی
وەکوو تۆ دەنازی بە ئازایەتی — دەبێ بیربەری دوژمنیش لایەتی
مەڵێ پەنجە ئاسنم و ناشکێتەوە — کە پۆڵاش بە ئاگر دەتاوێتەوە

لەشکری قزڵباشان تەنیا دووهەزار سواریان وەك پێشڕەوی لەشکر نیشانی عوسمانیان دابوو. پاڵەوانە زۆر ئازا و ڕەشیدەکان و گورگە بالان دیدەکانیان لەودیوی کەژەکەوە حاشار دابوو. کاتێ سەیری ئەم لەشکرە کەمەیان کرد، شەڕەکەیان بە گەمەزانی و ئازاو نەبەردانی کوردان وەك پڵنگی ناو ماه و زەردان گوریان بەست و دەست لەسەر خەنجەر خۆیان دەپاڵ هاویشتن و تێیان بەر بوون و هەر هێندەی فوو لە قەننەی کەی بە دەیان و سەتان لاشی قزڵباشی بێسەر و سەری مێشك پژاویان بە گۆڕێ وەر کرد و وەك تۆوی هەرزن پەرژ و بڵاویان کردن. ئەوان خەریکی ئەو بگرە و بەردە و بڕین و دڕینە بوون، کە لەپڕونەکاو شەش‌هەزار سواری زۆر بە کاری لەکڵ دەرهاتووی هەنگامە دیتووی

قزلّباش -وەك كێوی ئاگرپژ و حەزیای خوێنمژ- هەڵچوون و خوشیـــن و لــە چەشنی لافـاوی كەنـداو كەندی بە تەوژمی بەهاران، لە لاملەی كەلەوە سەربەرەوخوار بوونەوە و كوردەكانیان دەناو خۆ گـرت و كڵی شەڕ نێڵ درا. نەعرەتەی سواران و حیلەی ئەسپان و زرمەی لێدان و خرمەی سـمان و زیڕەی زوڕنا و قیـڕەی كەڕەنا و تەپەی دەهۆڵ و شـەقەی ئـاوزەنگی و هاشـەی تیـران و كرپـەی شیـران، گـوێی عاسـمانی دەزرینگاندەوە و ئەو دیـمەنە زەندەقبەرە، دێو و درنـجیشی لە خۆ دەپرینگاندەوە.

چۆڕاوگەی شۆڕاوگەی خوێنی كەڵەپیاوان لە شەڕگەی بەرفراواندا شەپۆلی دەدا و كـاوان هەڵدەپـژا. لەبەر تۆزی سورخوون و بۆزی بەر ئاوزەنگی خورت و ڕوالآن و دەخاك وخۆڵ گەوزینی بە خوێن شەلاّلآن و لە بەر سێبەری ئالآ و مەتالآن، ڕۆژی زەردەپەڕی زەرد و بێرەنگ وەك شەوەزەنگی لێهات.

گوڕیـنی سواران و ورشـــەی دەبـــان	گور و شێری لە ژیـــان دەكردن نەبـــان
بریقەی دەمی شیـری تینوو بە خوێن	بزەی مەرگ و دەیپرسی زیندوو لەكوێن؟
بە شیـر و بە نێزە لە شەڕگەی بەرین	وەكووو تەرزەبـــارانی سـەر داوەریـــــن
فرشتـەی مـرن گیانی هێند بردبوون	سەوە و تێـسر و توربێـنی پڕ كـردبـوون

میرمـحەمەد و ساروخان بەگی مـەزنی حـەزۆ، دەگـەڵ دومـان بـەگی زەرقـی و میرمـــحەمەدی فنیكی، لەو شەڕەدا كوژران. لە پاشانیش هەر لەشكری قزلّباشان شكا و لەو هەنگامـە بـە سامەدا، سێهەزار هەتا چوارهەزار كەس لە هەردووك لا لە مەیدانی شەڕدا گیانیان دۆڕاند و سەریان نەبردەوە.

هەر لەو جێیە كە مـحەمەد بەگی لێ كوژرا، پر و پرێـسكەكانیان پـشكنی، دووسـەدهەزار زێـڕی سووری لە سكەدراوی عوسـمانی پێبوو؛ ئەوە جگە لە پارچەی نایاب و كەلوپەلی جوان و گەواهێربەند و ئەسپاباتی زۆر و زەبەند بوو. گەنـجینە ودارایییەكی كە مـحەمەد بەگ بوویەتی، لەو زەمانەدا هـیچ فەرمانڕەوایەكی كوردستان نەیبووە. چوار كچی لە پاش بەجێ ماوە دەگەڵ كوڕێكی پێنج سـالآنە كـە ناوی سوڵتان مـحەمەد بووە.

سوڵتان مـحەمەد كوڕی ئەمیرمـحەمەد

كە ئەمیرمـحەمەد كوژرا، سوڵتان مـحەمەد زۆر منداڵ بوو. لە كوردستاندا باوە منداڵ بە ناو بـاوكی

نەماو ناو دەنێن. جا ڕەنگە ئەویش ناوێکی دی لێ نرابێ و کە بابی کوژراوە ناوەکەی ئەویان لێ ناوە. وێشدەچێ هەر لە سەرەتاوە ناوی سوڵتان محەمەدی لێنرابێ و بە سوڵتان لە میرجیا کرابێتەوە؛ ئەمە خوا دەیزانێ.

دایکی سوڵتان محەمەد کچی مەلیك محەمەدی کوڕی مەلیك خەلیلی فەرمانڕەوای حەسەنکێف بووە. شۆڕەژنێك بووە لە پیاوان بە داب و دەستوورتر و بە مشوورتر بووە. کەلەپوورێکی لە ئەندازە بە دەریشی لە باوکی کوڕیەوە بۆ بەجێ ماوە[1]. هەموو کار و باری سەرداری و ماڵداری وەك گوڵ بەڕێوە دەبرد و چاوەدێری کوڕی خۆی دەکرد. هەر کەسێ بەر گومان بووە کە لەو خانەدانەدا خۆی بە شت دەزانی و بەرەوژوور دەڕوانێ، بە داوی دیاری و دراو، چاوی دادروون و دەمکوتی کردوون و سەربزێوی لە بیر بردوونەوە! کیژەکانی خۆی دابە میرناسر و میرشەرەفی کوڕانی خانئەبداڵ و ئەرکی دژواری فەرمانداری خستە سەر شانی زاواکانی و بە هۆی ئەو خزمە بەهێزانە، لە هەموو لەمپەر و کۆسپی سەر ڕێبازی دەرباز بوو. بە کورتی ئەو ژنە ئازا و مەردە، سەر و بەرێکی بە وڵاتەکەدا کە هەر باسی ناکرێ.

لە دەرفەتێکدا کوڕەکەی خۆی هەڵگرت و بردیە ئەستەنبووڵ و ڕووی کردەبارەگای سوڵتان مرادخان و دیاری و پێشکێشی زۆر و زەوەندیشی بۆ سوڵتان و وەزیر و کوێخا و گزیر و سووریباش و سەرکارانی بردن و سمێڵی چەور کردن و کارێکی وای کرد کە سوڵتان خەڵاتی کرد و فەرمانی سەرداری جزیری بۆ سوڵتان محەمەد تازە کردەوە و ئەوسا خاترخوازی کرد و گەڕایەوە.

پێنج ساڵ بە سەر ماوەی دەسەڵاتی سوڵتان محەمەددا تێدەپەڕی، کە ئەو شاژنە کەوتە زەردەپەڕی ژیان و گیانی دلۆڤانی بەرەو بەهەشت فڕی و سوڵتان محەمەدیش لە پاش دایکی زۆری نەبرد و لە ساڵی ٩٩١.ك (١٥٨٢.ز) داپەلەوەری گیانی پاکی لە ڕکەی کەلاکی خاکی دەرکەوت و بەرەو داکی دڵسۆز و چاکی بۆ بەهەشتی بەرین سەرکەوت. دەشڵێن نەیار و ناکۆکی چاوچنۆك و ترسنۆك هەبوون کە ژیانی خۆیان لە نەمانی ئەودا دیوە و ژەهریان بۆ دەخۆراك گووشیوە و بە

---

[1]- لە فارسیەکەدا «از پدر و پسر» نووسراوە؛ ڕەنگە واوەکە ئاوەکی بێ. ڕاستەکەی «پدرِ پسر» بووە؛ واتا باوکی کوڕ. جەمیل

دەرمانداوی مردووە. ئیتر ڕەچەڵاکی بەدر بەگ لە بەر و سێبەر کەوت و تازە وەچی تازەی لێ دەرنەکەوتەوە.

ناسر بەگ کوڕی شاعەلی بەگ

لەو ڕۆژگارەدا کە سوڵتان سولەیمان پادشایەتی دەکرد و ڕوستەم پاشای بە گەورەوەزیر دانابوو، دەروێش مەحموودی کەڵەچێری هەمدەمی هەمیشەی سوڵتان و ڕاوێژکەری کاروباری ئاسەفی بەرخیای دووەم (ڕوستەم پاشا) بوو. ئەو دەروێش مەحموودەبە ڕەسەن لە هۆزی ڕۆژەکییە و لە شاگردانی مەولانائیدریسە و هونەری نامە ڕەنگاندن و شێعر هۆندنەوە لەویەوە فێر بووە و ماوەیەك میرزای دیوانی شەرەف بەگی بدلیسی بووە. لە پاش بە کوشت چوونی شەرەف بەگ کەوتە وڵاتی ڕۆمەوە و کرا بە فێرکاری کیژی سوڵتان سولەیمان، کە ژنی ڕوستەم پاشابوو. لەو سایەوە بە پایەیەك گەیشت کە پلەی وەزارت و بریکاری میرشەرەف بەگیش بەو درابوو. وردەوردەبەرزتر بۆوە، هەتا وای لێهات کە ڕاپەڕاندنی کاروباری هەموو سەرداران و فەرمانداڕانی کوردستان دەهاتە بەر دەستی ئەوولە سۆنگەی ئەو پلە گرینگەیەوە، ڕوستەم پاشاش تەواو چووبووە بنج و بناوانی هەموو ڕووداوانی کوردستانەوە و لەوبارەوە پسپۆڕیەکی تەواوی پەیدا کردبوو.

ئەو پێشەکیەم بۆیە لێرەدا گونجاند چونکە لە پێشدا باسمان کرد کە ڕوستەم پاشادنەی ناسر بەگی دادژی بەدر بەگی برای بێ و داوای جزیری لێ بکا. ناسریش بە دەنگیەوە هات و ڕووی کردەئاستانە و فەرمانی سوڵتانی وەرگرت و بەدر بەگی لە جزیرێ دەر کرد.

دوای ئەوە کە دوو ساڵی جزیر خوارد، بەدر بەگ پەنای بە بارەگای پڕشکۆی شاهانە برد و جزیری ساندەوە و ناوچەی هەیتم و تووری لێ دابڕا و درا بە ناسر بەگ. ناسر بەگیش لە پاش ماوەیەك مرد و هەمیسان ئەو بەشەش دەگەڵ جزیر لێك درایەوە. جا هێندێك کەس لایان وایە کە ئەو بەزم و هەرا و گۆڵمەزانە و هێندێکی دیش لە ئاڵ و گۆڕ کردن و جێ پێگۆڕینی فەرمانداڕانی کوردستان، فیتی دەروێش مەحموودی کەڵەچێری بووە.

پوختەی وتار، کاتێ ناسر بەگ دنیای بەجێ هێشت. خان ئەبداڵی کوڕی ناسر بەگ لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان سەلیمخان و لە دەورانی وەزیرایەتی محەمەد پاشای گەورەوەزیردا بە نیازی وەرگرتنەوەی ناوچەکانی تور و هەیتم ڕەوانەی ئاستانە بوو. هەوای فەرمانڕەواییشی چووبووە کەللەوە،

دەیەویست داوای جێگای بەدر بەگیش بکا و خۆی بکاتە فەرمانڕەوای جزیر.

محەمەد پاشای وەزیر لە لایەکەوە دۆستی نزیکی بەدر بەگ بوو، لە لایەکی تریشەوە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت نەیدەویست کە خانەدانی جزیرێ لە بەر یەك هەڵوەشێ؛ بڕیاریدا هێندێك گوێی خان ئەبداڵ ڕاکێشێ و سزای بدا و تۆزێکی بیزار بکا و دەستی لەو خەیاڵە خاوە پێ هەڵگرێ. محەمەداغای چاوەشباشی دەگەڵ چەند جەندرمەیەك بە شوێن خان ئەبداڵدا نارد کە بۆی بێنن. ئەو ڕۆژە خان ئەبداڵ دەگەڵ دەستەیەك لە میرزادەکانی بۆتانی و چەند پیاوێکی خۆیدا لە شاری ئەدرنە بوون و لە کاتێکدا کە خەریك بوون لە مزگەوت نوێژی ئێوارە بکەن، چاوەشباشی و جەندرمەکانی فەرمانی گەورەوەزیریان پێ ڕاگەیاند و تێیانگەیاند کە دەبێ ڕەگەڵمان کەوی و بتبەینە دیوان.

ئەو کوردانەی دەگەڵ خان ئەبداڵ بوون دڵیان کەوتە خرت و پرتەوە، کە دەبێ بەو درەنگ وەختیە و لەو تەنگی نوێژی شێوانەدا بۆچیان بێ و دیارە دەیانەوێ بێبەختی دەگەڵ بکەن و لەوانەیە بەو شەوە شرت و گومی کەن. هەر لەسەر ئەو گومانە، کوردێك کە ناوی شێخی شێخان بوو بە بێ هیچ ڕامان و دامان، هەڵیکێشاخەنجەر و هەتا هێزی دەگرێ دایوەشاندەناوشانی چاوەشباشی و نووکی خەنجەر لە سینگیەوە دیوەودەر بوو. جەندرمە هەر یەکە بە لایەکدا هەڵاتن و هاواریان بۆ وەزیر برد و ئەوی ئەو کوردەکردبووی بۆیان گێڕایەوە.

خان ئەبداڵ و هەواڵانی کە ئەو کارەساتەیان دیت، پەشۆکان و بە سەرگەردانی و سەراسیمەیی بە ناو شاری ئەدرنەدا بڵاو بوونەوە و هەر یەکە خۆی دەقوژنێنێك پەستاوت و چەند کەسێکیان لە شار دەرچوون و ملیان لەو دەشتە نا.

جارچی لە کووچە و کۆڵانەکانی ئەدرنەدا جاڕیان کێشا، کە بە فەرمانی سوڵتان و وەزیر دەبێ هەموو خەڵکی شار وێکەون و ئەوانە بەردەست بکەن و پەنایان نەدەن. خەڵکی شارەکە بە تێکڕایی بەر بوونە ماڵ پشکنین و کوردەکانیان ناچار کرد کە خۆ بە دەستەوە بدەن. هەموویان هێنانە دیوان و دەست بەجێ فەرمانی خواکردی شاهانە بە کوشتنی ئەو کوردانە درا و خانئەبداڵ و نزیکەی سەد کەس لە پیاوە سەرناسەکانی بۆتانی هەر ئەو شەوە لە سەریان درا. دار و نەداریشی خەزێنەداری ئیسلام سیایی بۆ گرت و خرایە پاڵ خەزێنەی دارماڵەوە.

خان ئەبداڵ حەوت کوڕی پاکڕەوشتی لە پاش بەجێ مان: میرناسر، میرشەرەف،

میرمحەممەد، شاعەلی، میرسەیفەدین، میرعیززەدین و میرئەبدال.

میرناسر کوڕی خان ئەبدال -کە کیژی میرمحەممەدی بەدر بەگی دەپاڵدا بوو- لە باتی سوڵتان محەممەدی ژنبرای کە هێشتا منداڵ بوو، ڕەگەڵ لەشکری عوسمانی کەوت و چووە یەریوان و لە گەڕانەوەدا فەرهاد پاشالە قەڵای قارس بیستی کە سوڵتان محەممەد مردووە. بیر و بڕوای پیرۆزی سەردار هاتە سەر ئەوە کە لە خزمانی سوڵتان محەممەد ئەوانەی دەگەڵ لەشکری هەمیشە سەرکەوتوودا چوونەتە یەریوانێ، یەکیان بکاتە کەلەپوورگر و بە سەر جزیر و بۆتانیەوە دانێ. کەیخودا و پیاوەگەورەکانی بۆتانی سەبارەت بەو مەبەستە هاتنە لای نووسەری ئەم پیتانە و ڕوویان لە منی هەژار نا کە بە سەردار ڕابگەیەنم ناسر بەگیان بۆ بکاتە فەرمانڕەوا. سەرداریش پەسندی کرد و بەڵێنی داکە فەرمانڕەوایی جزیر بە ناسر بەگ ڕەوا ببینێ. بەڵام میرعەزیز کوڕی کەك محەممەد باڵیچاوشی ڕاسپاردبووە لای سەردار کە سوڵتان محەممەد سەدهەزار لیرەی عوسمانی و ماڵ و شتومەکی لە ئەندازە بەدەری لە پاش بەجێ ماوە و جگە لە دوو خوشك کەسی کەلەپوورگری تری لە پاش بەجێ نەماوە. ئەگەر مەزنایەتی جزیر بدەن بە من ئامادەم سەدهەزار فلوری سکەی شاهانە لە ماڵی سوڵتان محەممەد و دوازدەهەزار فلوری لە کیسەی خۆم بخەمە ناو خەزێنەی سوڵتانەوە.

سەرداری بەداموودەستوور ئەم پێشنیارەی بە سەرکەوتنێکی گەورە دانا. ڕۆژی دووەم کە دەبوایە میرناسر بۆ دەست ڕامووسان بچێ، میرعەزیزیشیان بانگ کردەدیوان و سەردار ڕووی دەبۆتانیان کرد و لێی پرسین میرناسر و میرعەزیز کامیان بە خزمایەتی لە سوڵتان محەممەدی خوالێخۆشبوو نزیکترن؟ کەیخودایانی بۆتانی گوتیان میرعەزیز بە یەك پشت نزیکترە. سەردار فەرمووی کەوابێ فەرمانڕەوایی جزیر بە خزمی نزیکتر دەگا و دەبێ بەو بدرێ. دووبارە گەورەپیاوانی جزیر هەڵگەڕانەوە و گوتیان ئەگەرچی میرعەزیز خزمی نزیکترە و ئەگەر مەزنایەتیەکە میراتی بێ بە میرعەزیز دەگا، بەڵام هەموو تیرە و هۆز و پیاوماقووڵانی بۆتان بە تێکڕایی میرناسریان گەرەکە و بۆ سەروبەر پێدان و ئاوەدان کردنەوە و پاراستنی وڵات ئەو لە مەزنەکانی پێشووشمان زۆر باشترە.

سەردار گوتی جا باواشبێ، من مەزنایەتی جزیرم داوە بە میرعەزیز. یەك لەسەرناسانی بۆتی بەر پەرچی دایەوە و گوتی فەرمانی سوڵتان سولەیمانە هەر کەسێکی هۆز و تیرەکانی خۆجێ بە مەزنی خۆیانی هەڵبژێرن، هەر ئەوە و دەبێ بە ئارەزووی خۆیان بێ؛ ئێمە هیچمان میرعەزیزمان ناوێ.

سەردار بەو قسانە شڵەژا و بانگی میرغەزیی کرد و لەو ڕۆژەدا -کە پێنجشەممە و بیست و نۆیەمی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی ۹۹۱.ك (۱۵۸۳.ز) بوو- لە بەر دەرکی خێوەتی دیوەخان، میرناسریان سەرژێ کرد. ئیتر بوو بە شین و شەپۆر و گریان و لە خۆدانێك هەرمەگین خوا بزانێ. لافاوی فرمێسك لە چاوی پیر و لاوەوە سەری کرد. کوشتنی ئەو بێتاوانە تاوانێك بوو دڵی بەردیشی ڕێك دەکوشی. گەورە و گچکە لە تاوانی، سەریان بە هەنسکانەوە هەڵدەکەندرا و ئاه و نزوولەی هەناسەساردان، کەڤری دەتاواندەوە و هەموو کەس ببووە شینگێڕ و ئەو بێگوناهە جوانەمەرگەی دەلاواندەوە.

سەری کردبوو خوێن لە چاوانەوە دڵی دار و بەردیش دەتاوانەوە
لە دەرد و کەسەر گوڵ یەخەی دادڕی فڕی بولبول و قەل لە باغا قڕی

لە پاشان فەرمانڕەوایی جزیری دابە میرعەزیز و بە خەلاتی سوڵتانی و بە لاواندنەوەی شاهانەی سەرفراز و خەنی کرد و باڵیچاوەشی دەگەڵ نارد کە جزیری بۆ وەرگرێ و بیداتێ.

میرشەرەف و براکانی لە ناوچەی تەنزیدا بوونە گۆشەنشین و ئەگەر خودای گەورە هاریکار بێ، بەم زووانە قەڵەمە کروچ و بێ زوانەکەم بەسەرهاتی ئەوانیش دەنووسێ.

میرعەزیز کوڕی کەك محەمەد

لە دوای ئەوە کە بە کۆمەگ و یاریدەدانی فەرهاد پاشای وەزیر کرا بە مەزن و کاربەدەستی جزیر و ساڵێك و چوارمانگی لەو گزیریەدا ڕابوارد، عوسمان پاشای گەورەوەزیر لە سەر کاری لا برد و مەزنایەتی جزیری دابە میرمحەمەدی کوڕی خان ئەبداڵ.

میرعەزیزی دەرکرا و بۆ شەڕی تەورێز ڕەگەڵ لەشکری سەرکەوتووی ئیسلام کەوت و چەندی پێ سپێرابا ئەوەندی خزمەتی پادشای عوسمانی دەکرد و گوێ بە فەرمان بوو. لە پاشانماڵی خۆی بار کرد و لە جزیر دەرکەوت و کەوتە شنگالەوە و لەوێی ڕادەبوارد. کە عوسمان پاشا لە تەورێز مرد و جارێکیتر فەرهاد پاشای سەردار بەرەو ئێران بەڕێ کرا، میرعەزیز لە ئەرزەڕۆمێ خۆی گەیاندێ و دیسان بازاڕ دامەزراوە.

فەرهاد پاشا بۆی دانابوو ئەگەر سی گوندی فەلەنشینی بۆتانێ بخاتە سەر مولکی تایبەتی سولتان و ساڵانەش بەرانبەر بە شێستهەزار زێڕی سکە لەو گوندانە بە خەزێنەی دارماڵی شاهانە بگا، ئەوا دەیکاتەوە بە میر. میرعەزیزیش بۆ ئەو مەرجە ملی چەماند و پێك هاتن.

میرمحەمەد کە بە سارد و سەودایەکەی پاشای زانی، بە هەڵەداوان هاتە ئەستەنبووڵ و بە هومێد بوو چارەیەك بدۆزێتەوە.

کاتێ کە هەوساری کار و باری وەزارەت کەوتە ناو لەپی بە هێزی سەنان پاشا، لە سەر داوای میرعەزیز -کە دەترسا تووشی گێرە و قەرقەشی کەن- میرمحەمەدی بەشخوازیان بەرەو ڕۆمئیلی هەڵداشت و لە کۆڵ میرعەزیزیان وەکرد.

میرشەرەف دەگەڵ برایان -کە خزابوونە ناوچەی تەنزی و ژیانێکی نەقڕ نەپڕیان دەگوزەراند- میرعەزیزی سەرەسۆدرە، گەڕی دەوانیش هاڵاند و ناوچەی تەنزی لێ بڕین و دای بە حاجی بەگی کوڕی خۆی. قرمی خۆشی خۆش کردبوو کە منداڵانی خان ئەبداڵ بە یەکجاری لە ناو بەرێ. ئیتر بێترس و دڵ خورتی و بێ بەرهەڵست و تەگەرە، دولینگانەی بەسەر ملی جزیریاندا بەردایەوە؛ بەڵام وەك پێشینە دەڵێن: «بەرخ هەر بن سەوە نابێ، ڕۆژێك دێ شاخی پەیدا بێ»، کوڕەکانی خانئەبداڵێ وردەوردەپێگەیشتن. ئەمامی ساوا بوونە دار و تازەلاوی بەژن زراو. هەموو بوونە کەڵەپیاوی بەدەست و مەچەك و بەشان و باهۆ و تێکسمڕاو و پتەو و چوست و چالاك و بێباك و بە دەردی کابرا گوتەنی «کەریان بە پلار داویشت و گنجیان لە توێڵ نەدەنیشت».

هەموو خەڵکی بۆتانێ زۆر لە میرعەزیزی کورسیکڕ دڵپڕ بوون؛ بەڵام زۆریان پێ نەدەشکا. کە دیتیان کوڕگەل گەورە بوون و بۆ سەرداری گەل دەست دەدەن، هێز و گوڕیان لە دڵ گەڕا و گەلێك هومێدیان پێیان بوو کە خوا بە هۆی ئەوانەوە دەرووی ڕوونیان لێ بکاتەوە.

میرشەرەف کە سوور دەیزانی هەموو جزیری و بۆتانی بە دڵ و گیان دەگەڵ ئەون و دژی میری بە زۆرەکی داسەپاون و چاوەچاون هەر ئەستی و بەردێك لێك بدرێ و قاوە و پووشووی شۆڕشێکیان بۆ هەڵگرسێ، ئیتر سوتمان و دووکەڵ و چرە چەمان لەوان دەبێ، بە خۆی و بە برایانەوە لە میرعەزیزێ ڕاپەڕی و هەموو خەڵکەکەی بۆتانیش وێکڕا دەگەڵیان هرووژا و بوونە خوێنگر و خوێن

ئەستێن؛ هاتنە سەر خوێنکڕ و خۆفرۆش و داوای خوێنی میرناسر و ڕزگاری خۆیـان لێـدەکرد. هـەموو لایان لە میـرعـەزیز زەوت کرد و ئەوی بە دەستیەوە مابوو تەنیا قەڵا و شارەکە بوو.

لە هەر کوێ دەست و پێوەندی میـرعـەزیزیان بدیتایە، ئەگەر نەشیان کوشتبایە خۆزگەی بە مردنێ دەخواست. میـــرعـەزیز لـە ترسـان حەجـــمینی نـەما. قـەڵا و شـاری بـۆ حـاجی بـەگی فرزەنـدی و میرهاوەندەبرازاکەی بەجێ هێشت کە پارێزگاری وڵات بن و لەبۆ خۆشی -بە هومێدی هانا و هیمدادی سوڵتانی- ڕەوانەی بەر بارەگاهی جیهانپەنای پادشایی بوو.

میرشەرەف و زۆربەی زۆری هۆز و تیـــرانی بۆتـانی -کـە ببوونـە دار و دەسـتەی- دەوری قـەڵای جزیریان دا. حاجی بەگ بە پەنایەکدا خۆی کووزوو کرد؛ فیسمالکی دایە و بەرەو دیاربـەکر پـەل بـوو. بەو هەوایە کە بەڵکوو ئیبـڕاهیم پاشای میـری میـرانی دیاربەکر دەهانا و هاواریەوە بێ؛ بەڵام مەرگ فریای کەوت و هەر لە دیاربەکر مرد و ئاواتی هیمدادی پاشای دەگەڵ خۆ بردەگۆڕەوە.

دژدارانی قەڵا چل ڕۆژ بە شپرزەیی و پەرێشانی لە بەیان هەتا هەنگۆڕێ، چاوەچاو و دەست لە بـان چاو، بەرەو ئاستانەیان ڕوانی؛ چاویان خێل بوو؛ میرعـەزیز هەر نەهاتەوە و هاتنی هیمدای ڕۆمیان بـوو بە هات-هاتەکەی ڕۆمێ! ناچار چاریان لەوەدا دی ئەوی سەری بـۆ دەردەچـێ، تـا زووە سـەری خـۆی هەڵگرێ و کەوڵی لە دەباغ ڕزگار کا. میـرهاوەند ماڵ و خێزانـی میـــرعـەزیزی بـە چـەند پاسـدارێك سپارد و دەهەندە-هەندی نیوەشەوێدا -دەگەڵ چەند زەلامێکی خۆیدا- دەروازەی قەڵای کـردەوە و لـە سووچێکەوە قاچاندی.

میـرسەیفەدین -کە برایەکی میـرشەرەف بوو- هەستی پێکرد؛ کەوتە شوێنی و ڕێی دەرچوونی لێ بڕیەوە و دەگژ یەکتـری ڕاچوون و میـرهاوەند میـرسەیفەدینی کوشت و خۆی دەرباز کرد.

میـرشەرەف و میـرعیززەدین خۆیان گەیاندەقەڵایە، دار و نەدار و بوود و نـەبوودی میـــرعـەزیز و عەزیزانی تاڵان کرا. ژن و منداڵ و خێزان و وردەو یەخسیـری دیل کران و درانە دەست کـوردی بۆتـان. کەنیزەك و سەماکەر و بەزمگێڕیان بە سەر دۆستاندا دابەش کرد و ئەوانیش دەکاریان هێنان. کـوڕێکی پچووکی میـرعـەزیزیش لەو ناوەدا بێسەروشوێن شرت و گوم بوو.

کاتێ دەنگ و باسی ئەو کارەساتە دەئاستانە گەڕا و بە گوێی پیـرۆزی هەرەبەرز گەیشت، فـەرمان

بۆ هەموو ئاغا و بەگلەری کوردستان دەرچوو کە دەژێر سەرکردایەتی حوسێن پاشای میــری میــرانی مووسڵدا میــرعەزیزێ بەرنەوە سەر جزیرێ و بۆتانی لە دەستی ناحەزان بۆ بستێننەوە و میــرشەرەف و برایانی -کە بە زۆری زۆرەملی، جزیریان زەوت کردووە- تۆڵەیان لێ بکرێتەوە و سزایەکی وایان بــدرێ کە هەموو سەربزێویتر یەکجاری چاوترسێن ببــن.

حوسێن پاشا لە سەر فەرمانی سوڵتانی، دەگەڵ ئەمیرمــحەمەدی مــەزنی حــەزۆ، لەشــکریان لــە مووسڵەوە هێنا و زستانی ساڵی ۹۹۹.ك (۱۵۹۰.ز) هاتنە سەر شاری جزیرێ.

میــرشەرەف و برایانی کە بە هاتنی وانیان زانی، قەڵا و شاری جزیرێیان بەجێ هێــشت و چــوونەوە ناوچەی تەنزی و لەوێشەوە بە دزیەوە پیلی منداڵ و خێزانی خۆیان گرت و ڕوویــان کــردەلای خێــزان و مەکس.

حوسێن پاشامیــرعەزیزی بۆ ناو قەڵایە گوێزتەوە و بەرەو دوا گەڕایەوە.

میــرشەرەف و براکانی کاتێ ئەمەیان بیستەوە: کە پاشــاو لەشــکری پاشــالەو ئاقارانــە نــەماون و دەوری میــرعەزیز چۆڵ بووە، دیسان هاتنەوە ویزەی و دەوری قەڵایان دایەوە و تەنگەیان لێ کێــشایەوە و هێچکیان لێ وێك هێنایەوە.

میــرعەزیز تێگەیشتبوو میــرشەرەف خواردنی ئەو نیە و ئەو بەڵایە بەڵایەکە هەر دەبێ لــە بــەری ڕاکەن. خۆی و هاوەندی برازای وەکوو چوالە لە کونێکەوە بۆی دەرچوون و لــە شــاری جزیــر تــرازان و تفەدەستی خۆیان کرد و جوچك هەڵێ هەڵۆ هات! وا هەڵاتن کەروێشکی سیخوار لە پشتیان مەودایەك وەپشت خۆ دەدا.

میــرشەرەفیش دەم لە سەر پشت کەوتە دوویان و ڕێزە ڕاوی لێ دابەشیــن و میرهاوەنــدی وە بــەر هات و کوشتی و لە پاش چەند ڕۆژێك، کە لەشی بــێ گیــانی میــرعەزیزیــشیان لــە دەشــت و بیابــان دیتەوە.

بە چی دڵخۆش بیــن لەم جیهانەدا   پــشتی کێی گرت و ملی با نــەدا
زۆر شێــو بۆ گۆوەند وە سەر نراوە   لــە سەر شیــنگێڕان دابەش کراوە

میرمحەممەد کوڕی خان ئەبدال

وەك گوتمان ساڵی ٩٩١.ك (١٥٨٣.ز) فەرهاد پاشای گەورەوەزیر، میرناسری برای میرشەرەفی کوشت و مەزنایەتی جزیر و بۆتانی دابە میرعەزیز و باڵی چاوەشیشی نارد کە بچێ دارایی سوڵتان محەممەد سیایی بگری و جێبەجێی کا! میرمحەممەدی برای میرناسرە کوژراوەکە، ژن و منداڵی میرناسری برد و ڕووی کردەدەرگای عەرشاسایی پادشایی کە دادی خۆی لە لا بکا. وا ڕوویدا لەو سەروبەندەدا لە سۆنگەی درێغی کردن و کەمتەرخەمی، فەرهاد پاشالە سەرداری لەشکری سەر ئێران خرا و عوسمان پاشالە جیاتی ئەو کرا بە سەردار لەشکر و ئەویش میرعەزیزی لێخست و مەزنایەتی جزیری دابە میرمحەممەد. کە عوسمان پاشای ڕەحمەتی لە تەورێز عەمری خوای کرد و فەرهاد پاشاکرایەوە بە سەرداری بەری عەجەم، ئەو باسەشمان گێڕایەوە کە میرعەزیز لە ئەرزەڕۆم چاوی پێ کەوت و سەودای لێکرد و میرایەتی جزیری بە سێ گوندی ئەرمەنیی‌نشین لێ کڕی و مەرجیش وابوو ساڵانە شێست هەزار فلوریان لێ پەیدا بێ و بکرێتە ناو خەزێنەکەی لپاولپ و دارماڵەوە. ئەوسا میرمحەممەدی فرۆشراو، ڕووی کردەدەرگای شاهەنشای خاوەن شکۆو.

لە سەر فیتی فەرهاد پاشالە باتی ئەوە جزیری خۆی بدەنەوە، ناردیانە وڵاتی «بدون»[1] و کارێکیشیان بۆ دۆزیەوە کە هەتا دەمرێ لەوێ بێ.

میرشەرەف و براکانی بۆ سەفەری گورجستانێ لە بەر ئاوزەنگی و مامزەی بە زەبر و زەنگی سەرداری لە جەنگان سەرکەوتوودا بوون. لە دوای ئەوەی کە سەرداری هەرە بەکاری میرخاسان لە خەزای خودانەناسان دەگەڕاوە، میرشەرەف و براکانی لە ناچاری چوونە مەڵبەندی تەنزی و خزینە ناو سووچێکەوە. بەڵام میرعەزیزی تاین ئەوەشی پێ ڕەوا نەدین. هەر بە فەرمانی پادشایی ئەوێشی بە ناوی سنجەق خستە سەر ناوی حاجی بەگی کوڕی. لەو ڕۆژەوەش کە هێنابوویانە جزیر، هەموو بیری دابووە سەر وەی کە کوڕانی خانئەبداڵێ لە بنە بێنی و کەسیان لە دنیا نەمێنێ. بەڵام خەون بەراوەژوو وەڕاست گەڕان؛ وەك زانیمان میرعەزیز و میرهاوەندی برازای و حاجی بەگی کوڕی خۆی و زار و زیچی

١- مامۆستا زێرنۆف لە سەر «بدون» پرسەکی داناوە؛ وادیارە «بوسونە»یە و بە هەڵە نووسراوە. چونکە لە ڕووپەڕ ١٨٣ی فارسیەکەی چاپی میسردا دەڵێ: لای «ڕۆمێلی»؛ لە ڕووپەڕ ١٨٦ ڕەوانەی «بدون» کرا؛ لە ڕووپەڕ ١٨٧ ناردیان لە بوسەنەوە هێنایانەوە. بڕوانە چاپەکەی محەممەد عەلی عەونی. هەژار

نێر و مێویان لە بنە هاتن و دوابڕاو بوون و میرشەرەفیش بە جەوهەر و هونەری خۆی ملکی جزیری ساندەوە و خۆی تێدا دامەزراندەوە و ناوچە و قەلآکانیتری بۆتانی بە برایان ئەسپارد.

لە کاتێدا ئەم دەنگ و باسی بۆتانە ڕووی کردەکۆنەبەختی ئاستانە و گوێچکەی پێچکەی تەختی پیرۆزی سوڵتانی زرینکاند و دڵی سەرداران و سەرکارانی مەزنی داخورپاند، دەنگی پیاوانیان داو بە هەڵەداوان ناردیاننە بوسەنە و بەلەز و پەلە، لە پەلی محەمەد بەگی نەوین و ڕەپێچەکیانداو گورج هێنایانەوە ئەستەمبوولی مۆڵگەی خەلیفایەتی و لەسەر تکای برایم پاشای وەزیر، جزیریان پێبەخشی.

فەرمانیش بە محەمەد پاشابوسنەوی، میری میرانی دیاربەکر درا کە میرەکانی کوردستانیش دەگەڵ خۆی بەرێ و جزیرێ لە برایانی بستێننەوە و محەمەد بەگی بە سەردا بسەپێنن.

کاتێ محەمەد پاشاو میرانی دیاربەکر چوونە سەر جزیر و بۆتان. میرشەرەف بێ شەڕ وەرا وڵاتەکەی بۆ میرمحەمەدی برای بەجێ هێشت و دەگەڵ براکانی دیکەی ڕوویان کردەوە مەڵبەندی تەنزی و کروشمەیان کرد.

لە پاش چەند ڕۆژێك کەیخودا و ڕیشچەرموانی بۆتانی خۆیان خستە نێوانەوە و میرشەرەفیان هێنا جزیر و دەگەڵ میرمحەمەدی برایدا پێکیان هێناوە و بڕیار درا ناوچەی شاخ و چەند مووچە و مەزرا و ئاوەدانیتر -کە نزیك بە نیوەی وڵاتی بۆتانی دەگرتەوە- بدرێ بە میرشەرەف و براکانی دیکەی و بە داهاتەکەی بژین. شاری جزیر و ناوچەکانیتر کە دەمێننەوە، بۆ میرمحەمەد بن و میرمحەمەدیش دەستەبەر بێ ئەو سەدوپەنجا هەزار فلوریەی کە بەڵێنی داوە ساڵانە بیخاتە گیرفانی سوڵتان و وەزیرەوە، هەر لە بەریکی خۆی بیدا.

هەردووکلا ملیان بۆ ئەو بڕیارە شل کرد و برایەتیان خۆی توند کرد.

ماوەیەك بە سەر ئەو ئاشتبوونەوەدا ڕابرد. پیاوماقووڵانی بۆتانی دڵیان دەگەڵ میرشەرەف بوو. میرمحەمەدیش دەیزانی کە لە ناو هۆزەکەی خۆیدا ڕەزاگران و خوێنتاڵە و بۆی دەرکەوت کە ئەو سەدوپەنجا هەزار فلوریەی دەبێ بیدا، بۆی لەو خەڵکە ناسێندرێ و لە ئەنجامدا هەر ملی خۆی دەگرێتەوە. ئیتر لە ترسی نابووت بوون، وازی لە مەزناهی هێنا و شاری جزیری بەجێ هێشت. کاتێ کە پیاوە تەرزەکان و وەزیرە پایەبەرزەکان و کۆڵەکە بەختەکانی پادشای بەهەشتی (مرادخان) جەوهەر و هونەری میرشەرەفیان بۆ دەرکەوت،. مەزنایەتی جزیریان بە بەخشش دایە و فەرمانی

میــرایەتیەکەی بۆ نووسرا و نیشانی فەرمانڕەوایی بۆ بەرێ کرا.

میرمــحەمەد کە ئەم هەواڵەی بیستەوە، ڕایکرد و پەنای بە مــحەمەد بــەگی فــەرمانڕەوای حــەزۆ برد. ژنی میرمــحەمەد خوشکی مــحەمەد بەگی حەزۆ بوو. ماڵ و منداڵی لە حەزۆ بــەجێ هێــشت و تکانامەی میرمــحەمەدی دەتەنکەی باخەڵ ڕاکرد و ڕەوانەی دەرگای سوڵتان بوو. لە ســایەی بــەزەیی بێ بڕانەوەی پادشایی، سنجەقی حەسەنکێفی بــە بەخــشش درایــە. لــە دوایــەش چــونکە بــۆ شــەڕی دیــندوژمنــە لامەزەبــەکان و لــە دەورەدانــی قــەڵای ئەکریــدا میــرمـــحەمەدیش وەك ســەرکەوتن و دنیاگرتن، دەبەر ڕکێفی پیــرۆزی شاهانەی سوڵتان مــحەمەدخانی خەزاکەر دابوو -هەمیــشە پایــەدار بێ- پاداشتی داوەتەوە و فەرمانی فەرمانڕەوایی جزیری لە دیوانەوە بە ناو نووسراوە و هــەردی بۆتــان بەو دراوە؛ بەڵام لە ترسی میرشەرەف ناوێرێ هەر بە لاشیدا بچێ.

میــرشەرەف کوڕی خان ئەبدال

میرشەرەف هەڵبژاردەو دیاردەی ئەو خانەدانە سایەچەورەیە و هەتا خوا حەزکا دڵاوا و مــەرد و ڕەنــد و سەربڵند و باڵادەست و گەورەیە. لە مەیدانی مەرداندا بە کاشۆی پیاوەتی گوێ بردۆتەوە و مایەی وەج و پایەی هەمووی بۆ خۆی گرتۆتەوە. مەچەکی بوێری لە جەنگەی دوژمــن هــەڵوەژێری دا، داد ئــەدا و دەستی بگاتە دەسکی خەنــجەرێ، هەزار سەری لە چاوتروکانێکدا بەرباد ئەدا.

لە کاتی بەخششی، حاتەم چرووکە، ڕژدەکڕاڵ   لە جەنگ و سەنگی ئەوا گاڵتەجارە ڕوستەمی زاڵ

چ لەشکری و چ بۆرەپیاو، چ ڕەمــەکی و چ خــاوەن نــاو، هــەر کــەس لــە جزیــردا دێتــە بەرچــاو، چاوبەرەژێری خێروبێری ئەو میــرە دادپەروەرەیــە و بەهرەمەنــدی چــاکەی ئەوســەروەرە بەختەوەرەیــە. ئاشنا وبێگانە لە ئاکاری پیاوانەی دڵخۆش و شادن و لە غەم ئازادن وگــەورە وگــچکەی بۆتــانی دایــم ودەرهەم دەستەودۆعا و دەمپە نزا لەبەر خوا دەرپاڕێنەوە کە ئەو میــرە ژیر و بە بیــرەیان ڕاوەستاو کا.

ئاگری زۆری بە ئــاوی تیغی تیــژ کووژانــدەوە   سیس و شەمزاوی بە سروەی پیاوەتی بووژاندەوە

چارەڕەش بە دڵی بەزام و چاوی خوێن دابێژەوە   بەر بزێــکی ئەو کەوێ ژیــنی بە پیت و ڕێــژەوە

لە پاش ئەو بەسەرهاتانەی کە لە نێوان میرعەزیز و میرهاوەند و میرشەرەفدا ڕوویدا و بــە درێــژی لێی دواین، هەوساری کاروباری جزیرێ کەوتــە نــاو لــەپی میرشــەرەف و لــە پارێزگــاری بــێهێــزان و

پیٚچارانی کاری بێچاراندا، کارێکی وای کردووە کە لەوە چاتر بە خەیاڵی خەیاڵیشدا نایە و نایەتە بەر بیـری بیـریشەوە.

لە مەڕ میرمـحەمەدیشەوە دواین کە وەزیری ڕۆژگـار لـە بوسـەنەوە هێنایـەوە و جزیـری دایـە و ئەویش لە دەستی نەهات ئەرکی فەرمانڕەوایی پێك بـێنی و سـەرلەنوێ وازی لـیٚهێنـا و دیـسان لـە دیوانی سوڵتانەوە مەزنایەتی جزیر درایەوە بە میرشەرەف و فەرمانەکەیان بۆ ناردەبۆتان.

میرشەرەف ماوەیەك بیٚکێشە و هەرا مایەوە. بەڵام میرعیززەدینی بـرای هـەرای نایـەوە. هـەوای گەورەیی لە کەللەی داو شەیتان بە ئاقڵی پێکەنی و کەلکەلەی خۆپەرەستی لە مێـشکیدا جۆڵاتـنـەی تەنی و چەورە و لات و لووت و پیاوکوژ و بیٚباری لەخۆ کۆ کردنەوە و هەر ڕۆژە لە لایەکـەوە شـاڵاوی بۆ سەر ماڵان دەبرد و ماڵی بێچارانی تاڵان دەکرد.

میرشەرەف لە بزۆزی و ناهەنـجاری برای زۆر جاڕز ببوو؛ پێشی زەوت نەدەکرا. وەك دەڵێن «چـاری ددانی بە ئازار هەر کێشانە»، نێشانی برای لە داو و دەرمان دەرچوو؛ دەبوایە گازی تیٚ بـخا. ڕۆژێـك پیاوی ناردن گازی بکەنە جزیریٚ و هەردووك چاویان پێك بکەوی و بزانیٚ ئەو چـی لـەم دەویٚ تـا بـۆی بکا!

چـەند نۆکـەری ڕاز هـەڵگر و بـاوەڕ پێکـراوی ڕاسـپاردن کـە لەسەرهەسـتووشـیار بـن هـەرگا میرعیززەدین هەنگاوی بەرەو دیوان نا، بیکەن بە میوانی گۆڕسـتان. میرعیـززەدین ئـەو قاچـی نایـە ژوورەوە تازە بەرزی نەکردەوە و پیاوانی میرژیانیان لە بیـر بـردەوە و بـە دووخ و دەمـی خەنـجەریان کەللەی سەریان لە خەیاڵی پووچ ئاڵا کرد.

ئیتـر لەو ساوە میرشەرەف لە جزیریٚ فەرمانڕەوای سەربەخۆیە و بە ئازادی و کامـەرانی مـەزنی و سەرداری خۆی دەکا و ئەوپەڕی گەشە و برەوی بـە وڵاتـی بۆتـانیٚ داوە و لـە خـودا هومێـدەوارم کـە هەمیشە سەرکەوتوو بیٚ.[1]

١- شەرەفخان باسەکەی تا ١٠٠٥.ك (١٥٩٦.ز) هێناوە؛ بەڵام ئەو میـرنشینە هەتا دەورانی بەدرخان پاشا هـەرمـا. بەدرخان پاشا ساڵی ١٢٢٧.ك (١٨١٢.ز) لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا فەرمانڕەوایی جزیری دەسکەوت و کەوتـە سـەر ئـەو نیازە کە دەستی تورکان لە سەر وڵاتەکەی ببـڕیٚ و دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا دابـمەزرێنیٚ. پێـوە بـچیٚ تـا هەموو کوردستان لە دەسـت تورکـان دەردێـنی و دەیـخاتە سـەر ئـەو دەوڵـەتی کوردسـتانە. دەسـتی کـرد بـە ←

← یەکخستنەوەی میر و مەزنەکانی کوردستان و بۆ ئەو مەبەستەش کاربەدەستە کوردەکانی وان و هەکاری و خێزان و مووش و هێندێك لە شێخە بەناوبانگەکان هاوکاریان دەگەڵ کرد.

میر بەدرخان کەوتە خۆ و کارخانەی تفەنگ و فیشەکی لە شاری جزیر دامەزراند و پێوە بوو لە هەموو بارێکەوە خۆی بۆ ئەو پرۆژەیە ئامادەبکا. لەو سەروبەندەدا فەلەکانی ولاّتی بۆتان لێی هەڵگەڕانەوە و باجی ساڵانەیان نەدا. میر لەشکرێکی دەهەزار کەسی بردەسەریان کە بیانخاتەوە ژێر فەرمان. کاروباری میر لە دەوڵەتی عوسمانی خۆش نەدەهات و ترسی لێ پەیدا ببوو. نوێنەری ناردنە لای کە هەوڵی یەکخستنەوەی کوردان نەدا و یەکیەتی نەتەوایەتیان وەبەر نەخا. باری دنیاش گۆڕا؛ ئورووپا لە سەر فەلەکان وەجواب هات و تورکیان تێگەیاند کە دەبێ ئەو فەلانە بپارێزێ. ئەستەمبووڵ ئەو هەلەی بە دەرفەت زانی و قرمی خۆش کرد کە ئەو میرنشینە لە ناو هەڵگرێ. بە حافیز پاشای موشیری ئەنادۆڵی سپارد کە بە هەر چۆنێك بێ بەدرخانێ بێنێتە ئاستانە؛ بەڵام حافیز پاشا هیچی بۆ دەگەڵ نەکرا. دەوڵەت لەشکرێکی زۆری ناردەگژ بەدرخان؛ لەشکرەکە شکا و زۆر بە شپرزەیی بەرەو دوا گەڕایەوە. هەنگاوی دووەمی میر لە وەرامدا ئەوە بوو سکەی بە ناوی خۆی لێدا و قەڵەمڕەوی گوشاد کردەوە و وان و سابلاغ و ڕەواندز و مووسڵیشی وەبەر خۆ داو قەلاّکانی سنجار و وێرانشار و سیورەکیشی گرتن و دەسەلاّتی گەیشتە دەوری قەلاّی دیاربەکر. لە دوای ئەوەش کە لە دەوری مووسڵ ئاژاوەیان نایەوە و سەرکوتی کردن، شاری شنۆ و ورمێشی گرت.

لەم بەینەدا حکوومەتی عوسمانی لەشکرێکی یەکجار زۆری بە سەرکردایەتی عوسمان پاشا ناردەسەر میر و لەشکری هەردوك‌لا لە نزیك ورمێ گەیشتنە یەك و لە جەنگەی شەڕدا میر عیززەدین شێر -کە بەڕێوەبەری لەشکری بەدرخان و خزمیشی بوو- بە هەموو چەك و سیلاح و پیاوی خۆیەوە لە بۆتان خۆیان هاویشتە بەر ئاڵای دوژمن و لە میر هەڵگەڕانەوە و یاریدەی تورکانیان داو جزیر گیرا. بەدرخان کە ئەمەی زانی هێندێك لە لەشکرەکەی لە بەرانبەر عوسمان پاشادا ڕاگرت و بە بەشە لەشکرەکەیترەوە بەرەو جزیری پاتەختی هاتەوە و شەڕی تورك و عیززەدین شێری کرد و جزیری لێ ساندنەوە.

پوختەکەی ئەمەیە: خەیانەتی عیززەدین بڕستی بەدرخانی بڕی و عوسمان پاشا لەشکرەکەی شکاند و میر بە ناچاری جزیری بەجێ هێشت و لە قەلاّی ئاروخدا خۆی قایم کرد و تورك و عیززەدین دەوریان داو هەشت مانگی شەڕ کرد و لە پاشان بژیو و جبەخانە نەما و ناچار بوون کە لە دژ دەرکەون و زۆر ئازایانە خۆیان دەناو دوژمن هەڵکرد و تا توانیان شەڕیان کرد و لە ئەنجامدا شکان و میر بەدرخان و دوو کوڕی بە دیل گیران. لەو ساڵەدا ١٢٦٣.ك (١٨٤٨.ز) حکوومەتی عوسمانی بۆ ئەو سەرکەوتنەی میدالێکی بە ناوی میدالی جەنگی کوردستان داڕژت!

ساڵی ١٢٩٤.ك (١٨٧٧.ز) کە تورك و ڕووس بە شەڕ دەهاتن، حکوومەتی عوسمانی، عوسمان پاشا و حوسێن کەنعان پاشای کوڕانی میر بەدرخانی ڕاسپارد کە بۆ ئەو شەڕە، خەزاچی کوردان زۆر کۆ بکەنەوە و بە ناوی شەڕی ئایینەوە بە گژ ڕووسیدا کەن. ئەوانیش ئەمەیان بە هەل زانی و دەگەڵ هێندێك کاربەدەست و ئەفسەران ڕێك کەوتن کە شۆڕشی بابی گەورەیان هەڵگیرسێننەوە و بە ئەنجامی بگەیەنن.

ساڵی ١٢٩٧.ك (١٨٧٩.ز) بۆ دامەزراندنی کوردستانی ئازاد خۆیان گەیاندەوە جزیر و سەربەخۆیی ←

← میرنشینەکەی لە مێژینەی خۆیان ڕاگەیاند. دەوڵەتی عوسمانی چەند جارێك لەشکری بردنە سەر و هەموو جاریش دەشکا. جۆڵەمێرگ و زاخۆ و ئامێدی و ماردین و مدیات و نوسەیبیین هاتە بەر حوکمیان و برای گەورە (عوسمان پاشا) تاجی فەرمانڕەوایی لە سەر نا و لە سەر مینبەران خودبەی بە ناو خوێندرایەوە.
تێشکانی جار لە دواجاری لەشکری عوسمانی و خۆ قایم کردن و برە و پەیدا کردنی حوکمی ئەمیر عوسمان پاشا لە کوردستاندا وایان لە سوڵتان عەبدولحەمید کرد کە بەرانبەر بە کورد و کوردستان خۆی نەرمتر نیشان بدا و بە تایبەتی دەگەڵ بەدرخانیان چاکەی بکا. هەر بەدر خانیەکی سەر بەو ماڵە گیرابوو بەریدان و پیاوی تایبەتی ناردەلای ئەمیر عوسمان و داوای لێکرد کە بە ئاشتی پێك بێن و چیدی خوێنی موسوڵمانان نەڕژێ!
ئەو خزمانەی بەدرخانیان کە لە ئەستەمبوڵێ دەژیان، میر عوسمانیان هەڵنا کە بکەوێتە وتوویێژ. دەگەڵ تورکان دایانمەرزاندەگفتوگۆ و ماوەیەك ئاوا ڕابرا. هەرچی عوسمان پاشا دەیگوت، تورك زۆر بە نەرمی و خۆشی وەرامیان لێ وەدەگەڕاند و سەرزارەکی داوای کوردیان بە شتێکی ڕەوا دەزانی. لە ڕاستیشدا ئەو نەرمیە هەمووی گزی و دەسبڕین بوو.
کاریان گەیاندەئەو بارە کە میر عوسمان و میر حوسێنی برای زۆر باش بۆیان هەڵخەڵەتان و پشتێندی خاترجەمییان لێ کردەوە و کە دەچوونە کۆ بوونەوە بۆ وتوویێژ، ئاگاداری خۆ نەبوون و دوژمنیان بە دۆست دەزانی. ڕۆژێك تورك دیتیان هەلە؛ لە نەکاو هەردووکیان گرتن و بردیانن بۆ ئاستانە و لە بنی زیندانیان توند کردن. لە پاش ماوەیەك بەریان دان؛ بەڵام بەو مەرجە کە هەرگیز لە ئەستەنبوڵ دەر نەکەون.
ساڵی ١٣٠٦ك (١٨٨٩ز.) ئەمینعالی بەگ و مەدحەت بەگ -کوڕانی بەدرخان بەگی گەورە- دەچوونە ئاستانە و بە هەلیان زانی لایاندا تەڕابزون و لەوێوە نامەیان بۆ سەرۆك و سەردارانی کوردستان نووسی و بڕیار درا کە هێزێکی زۆری کوردان بێتە جویزلك -کە لە نزیك تەڕابزونە- لەوێ چاویان بەو دوو میرانە بکەوێ. هێز هات و میرەکانیان دیت؛ بەڵام حکوومەت زانیبووی؛ کار قایمی خۆی کردبوو. هێزێکی زۆر گەورەی تورك ڕێگە و بانی لێ بەستبوون کە نەگەنەوە کوردستان. لە باشووری شاری بایبورد لە دوو لاوە لەشکری تورك دەورەی دان و شەڕی گەرم و گران قەوما و لەشکری کەمی میرەکان شکا و ناچار بوون دایانە چیا و خۆیان گەیاندەچیای ئەرغەنی و مەعدەن. هێزی تورك دوایان کەوت و لە ناو چیاش زۆریان شەڕ کرد و لە ئەنجامدا بە ناچاری خۆیان دایە دەست تورکەوە.
خولاسەی *تاریخی کورد و کوردستانی* ئەمینزەکی، تەرجەمەی محەمەدعەلیعەونی، چاپی بەغدا، ڕووپەڕ ٢٣٦ تا ٢٣٨. هەژار

لکی دووەم

فەرمانڕەوایانی گۆڕکێل

لە پێشدا گوتمان نەتەوەی سولەیمانی کوڕی خالید، وڵاتی جزیریان لە ناو خۆدا بەش کرد و ناوچەی گۆڕکێل وەبەر میرحاجی بەدر کەوت. فەرمانڕەوایانی گۆڕکێل هەموویان لەو حاجیبەدرەوە کەوتوونەوە. گۆڕکێل دەپێشدا ناوی جوردقیل بووە؛ لە پاشان لەبەر زۆر لێدوان ساواوە و گۆڕکێلی بەسەردا براوە.[1]

چیای جوودی کە گەمیەکەی نووح پێغەمبەر- درودی زۆر لە سەر ئەو و پێغەمبەری خۆمان- بە سەریەوە نیشتۆتەوە، لەو مەڵبەندەهەڵکەوتووە.

ناوچەی گۆڕکێل سەد گوندێکی فەلە و موسوڵمان نشینی لێیە. زۆزان و هاوینەواری زۆر سازگار و بە چێنکە و زەنوێر و زۆر گەرمەسێری بژوێن و بە پووش و پاریشی هەیە. گەلێك هۆز و تیرە و خێڵی کوردی کۆچەر، بۆ لەوەڕانی ئاژەڵیان -لە هەموو کژێکی ساڵدا- ڕووی تێ دەکەن.

کاتێ حاجی بەدر مرد و دەربەدەری ئەو دنیا بوو، لە نەوەی ئەو حاجی محەمەد کوڕی شەمسەدین ناوێك شوێنەکەی ئەوی گرتەوە و کاتێ ئەویش بە ڕەوەندی بەرەو مەڵبەندی نەمان چوو، میرشەمسەدینی کوڕی ئەو لە جێ هەوارەکەی هەڵدا و ئەو کەلێنەی پڕ کردەوە و کاتێ خودای گەورە و گران ئەویشی بۆ خۆی بردەوە، سێ کوڕی لە ڕووی ڕۆژگاردا بە یادگار بەجێ هێشتن: میربەدر، میرحاجیمحەمەد، میرسەیدئەحمەد. هەر سێك برا بە شوێن یەکدا مەزنایەتی ناوچەکەی خۆیان کردووە؛ بەڵام چونکە من دەربارەی دوانی پێشوو تێشووی سەرگوروشتەم نەبوو، لە نووسینی ئەم مێژووە، دوو میرە بەرپیوارەکانم هەڵبواردووە و هەر لە میرسەید ئەحمەدەوە دەستم پێکرد.

---

[1] - دەپێشدا ناوی گوردکێل بووە؛ عەرەب گوردی کردۆتە جورد و کێلی کردۆتە قیل. لە پاشان کوردەکان بۆیان وەك خۆی لێ نەهاتۆتەوە. هەژار

میرسەیدئەحمەد کوڕی میرشەمسەدین

لە ئەندازە بەدەر بوێر و نەترس و بێباك و سامناك بووە؛ لە مەیدانی هەرا و هەنگامەدا دەسگەرم و بەدەستوبرد و چوست و زەبر بەدەستێك بوو هەڵبژاردەزەبر و زۆری زراوی دوژمنی دەبرد.

جا لەو سەروبەندانەدا کە مەزنەکانی کوردستان سەریان وەبەر باری سولتان سەلیم خانێ هێنا، سەیدئەحمەد ببووە هەمدەمی سولتان و قسەی خۆش و حەنەکی زۆر پڕ لە کەنی بۆ دەکرد و چیرۆکی سەیر و سەمەرەی بۆ دەگێڕاوە و ببووە هۆگر و خەمڕەوێنی.

پاش مەرگی سولتان سەلیمیش دەگەڵ سولتان سولەیماندا هەر بەو ئاوایە ڕاببوارد و هەمیشە هەر خۆشەویست و نزیکی پادشایان بوو. وەختێك مووسڵ و سنجاریشیان بۆ خستۆتە سەر گۆڕکێل و کەوتوونە ژێر فەرمانیەوە.

دەڵێن ئەو جارە کە سولتان سولەیمانخان لە ئارامگەی بەغداوە دەگەڕاوە، میرسەیدئەحمەد خۆی نایە ناو تابووتێکەوە و لە سەر ڕێبازی سولتانیان لە گەز دابوو. پادشاپرسیاری فەرموو گەلۆ ئەو داربەستەی کێیە؟ گوتیان: تەرمی میرسەیدئەحمەدی تێدایە و عەرزت دەکا سنجەقی مووسڵێ بۆ من وەك گیانی شیرینم وایە و پادشاش بە نامۆی دایە و لەو سایەوە گیان لە لەشمدا نەماوە. پادشانەمەی لێ خۆش هات و فەرمانیدا مووسڵیان خستەوە سەر گۆڕکێل و گیانی تازە و مایەی ژیانی بێئەندازەی بۆ گەڕاوە.

میرسەیدئەحمەد زۆر ژیاوە و لە لای هەموو سولتانەکانی هاوچەرخی، ڕێزی زۆری لێگیراوە.

قەڵای گۆڕکێل لە دژە هەرە هەڵەمووت و ڕژدەکانی کوردستانە کە سولەیمان بەگ بێژەنئوغلی دەوری قەڵای ئامێدی دا و زستانی سەختی دوچار بوو؛ هاتە گەرمەسێری بشێری، عیززەدین شێری هەکاری خۆی لە قەڵای بای قایم کرد و ئیتر قەڵاکان و ناوچەکانی ئەم ناوانە هەموو کەوتنە دەست پیاوانی ئاقۆینلوو. میرسەیدئەحمەد وڵامی بۆ سولەیمان بەگ نارد، گوتی تا قەڵاکانی ئامێدی و بای و سۆی -کە نزیك بدلیسە- لە دەست ئێمەدایە، هیچ ترسێکمان لێتان نیە و دیمەنی خێوەتەکانتان سەرپاك لە بەرچاوی کوردان وەك شیاکە

گامێش دەنوێنن.

میرسەیدئەحمەد -کە ئەمیری ناوچەی گوڕکێل و مووسڵ بوو- عەمری خودای بەجێ هێنا و برازای جێگەی گرتەوە.

میرشەمسەدین کوڕی میربەدر

کرا بە جێنشینی میرسەیدئەحمەدی مامی و ئەویش سێ ساڵان فەرمانڕەوایی گوڕکێلی کرد و ماڵاوایی لە ژیان کرد و سێ برای هەبوون: میرئیبراهیم، میرعومەر، میرحاجیمحەمەد.

میرئیبراهیم کوڕی میربەدر

لەوان سەروبەندانەدا کە بەدر بەگی جزیرێ دەگەڵ ناسر بەگی برای لە سەر مەزنایەتی جزیر بە کێشە و هەرا هاتبوون، میرئیبراهیم -برادەری ناسر بەگ- سەبارەت بەو ئاشنایەتیە لاگری لە ناسر بەگ کرد و چووە شاری وان و نامەی لە فەرهاد پاشاوەرگرت کە ناسر بەگی پێ سەر خا و نامەی لە تەنکەی باخەڵ نا و ڕووی کردەلای ئاستانەی سوڵتان سولەیمانخانەوە.

هەر لەو سەروبەندانەشدا شاتۆماسب بە لەشکری یەکجار زۆر و لە هەژمار بەدەری -کە زۆر لە دڵۆپە بارانی پەڵە و لە پەلکی داران پتر بوو- دەوروبەری شاری وان و هەرێم و مەڵبەندەکانی سەریەوانی دابووە بەر و دەرەتانیان لە زیندەوەران بڕیبوو. جا هەر وەکوو گوتوویانە:

هێرش بردن و دەس لە گیان شردن   هەواڵن دەگەڵ خۆ ڕزگار کردن

کاتێ زانی تووش بە تووشی قزڵباشە و لێدەرچوونی زۆر چەتوونە، لێکیداوە کە هەر چونێك بێ سەر دەرکا و نیازی لێگرت کە پێدزەیەکی بکا و بە دزیەوە خۆی بخزێنێتە بدلیسێ. بەڵام ڕیسەکەی هەڵوەشاو لە نێوانی بارگیری و ناوچەی ئەرجیش لووت و بزووت دەقزڵباشان هەڵەنگووت و نەشیدەکرا بەرەو دواوە بابداتەوە، لە ناچاری دەسکردنەوە و هێرش بردن و دەس لە گیان و سەر شردن و دەس بۆ دەسکی شیر بردنی هاتە بیر و شیری کێشاو ئازا خۆی دەناو هەڵکردن و دڕی پێدان و زۆر مەردانە خۆی گەیاندەناو قەڵاکەی ئەرجیشەوە.

شاتۆماسب هەر خودی خۆی سەرداری لەشکری کرد و دەوری قـەڵای ئەرجیـشی داو دەس کـرا بـە شەڕ و لێکدان و تێکدان. نزیکەی چوار مانگی خایاند قەڵاکە بۆ شانەگیـرا؛ بەڵام ئەوانەی ناو قەڵا لە تەنگانەی بێبژیوی، زۆر شپرزە و شپرێو ببوون. وایان بە لاوە پەسند بوو کە ئامـان لـە شابــخوازن و ئەویش لە خوێنیان خۆش ببێ و ئەمانیش بە خۆشی خۆیان، خۆیان و قەڵای بدەنێ.

میرئیبـراهیم و ئەو بۆتانیەی دەگەڵی بوون، ملیان نەدا و دەستیان نەدا کە خۆ بۆ شـای سەرشـۆڕ کەن و دەس لە هەرا و شەڕ هەڵگرن. خۆجێییەکانی ناو قەڵا بە نهێنی دەگەڵ دوژمنـدا ڕێـک کـەوتن و دەجەنگەی نیوەشەوێکدا دەرگای قەڵایان کردەوە و پێنجسەد هەتا شەشسەد چەکدار لـە قزڵباشـی زۆر بەکار و کارامەیان ڕژاندەناو قەڵاکەوە و لە بەرەبەری بەیاندا خۆیان و قزڵباشەکان بە تفەنگ و تیـر و شیـرەوە شیشانە گیانی بۆتانی. میرئیبـراهیم لەو پشێوی بگـرە و بـەردەی خافڵگیـریەدا، تیـرێکی پێمیـردی خودای لە نەکاوێکا بەرکەوت و ڕوو بە نـەمان وەڕێ کـەوت. دیـسان برازایەکیـشی بـرینی حەستەمی لێ بوون، دەگەڵ پەنـجا شێست کەسێکتر لە بۆتانیەکاندا گرا و برانـە پـێش شاتۆماسـب. شـافەرمانی داهـەموویان بـە زینـدوویی کـەوڵ کـردن و بـەو ئـێش و دەرد و ژانـەوە تلانـەوە؛ بـەڵام هێندەنەمانەوە و مردن دەفریایان کەوت.

میرئەحـمەد کوڕی میرئیبراهیم

لە پاش کوژرانی بابەکەی لە سەر فەرمانی سوڵتان سولەیـمانخان، گۆڕکێلی بـە مەزنایـەتی درایـە و سێ سـاڵانی پـێ ڕاگەیـشت. کـوڕێکی گـەلێك بـێفـەر و جـووتمـۆر و نـاجۆری هـەبوو؛ ناویـشی میرمـحەمەد بوو. لـەو ڕۆژ و ڕۆژگـارەدا کـە میرعـەزیز گـەڕی دەکـوڕانی خـان ئەبـداڵ هاڵانـدبوو، میرئەحـمەد یاریدەی بەرەی خان ئەبداڵی دەکرد. کوڕەکەشی لە ئینکەبەری بابی خـۆی، خـۆی دابـووە لای میرعەزیز و هەر بە فیتی میرعـەزیزیش باوکی خۆی لە سەر کـار لاگـرت و بـۆ خـۆی جێگەکـەی گرتەوە.

میرئەحـمەدی وەدەرنراو، لە دەست کوڕی ناڕسەنی، ڕووی کردەبارەگای سوڵتان مرادخان کـە دادی خۆی لە لا بکا؛ لە ڕێگەدا پەیکی مردن تووشی هات و لە دنیای ڕوونی بردەدەر.

میرمحەمەد کوڕی میرئەحمەد

لە پاش باوی لادراوی، ماوەیەك خۆی بە مەزنایەتی دیتەوە؛ بەڵام زەلامێکی کەللەکلۆری گێژ و گەلۆر و بێهۆش و گۆش بوو. ئەگەر لە ڕیزی پیاواندا بەرەو پاشت وەخوێندایە، هەمیشە یەکەم دەردەچوو. بە شەش تەقەڵ و مانگەشەو بەری لە دنیا گرتبوو نەشیدەزانی چ باسە چەند ڕۆژێك لە سۆنگەی یاری و هاریکاری میرعەزیزەوە خۆی ڕانا؛ بەڵام دوایی سەری دۆڕاند.

پسمامانی (میرعومەر و میرمحەمەد و میرمەحموود)، ڕۆژێك سواری سەری بوون و میرمحەمەد توون بە توون چوو.

میرئەحمەد کوڕی میرمحەمەد

ئەو کاتەی بابەکەیان کوشت گچکۆکە و منداڵۆکە بوو. ئێستاکێ کە مێژووی کۆچی سێهەم ڕۆژی ڕەمەزانی ساڵی ١٠٠٥ .ك (١٥٩٧ .ز)یە لە ژێر سایەی چاوەدێری و یاریکاری میرشەرەف کوڕی خان ئەبداڵ بە سەر گوڕکێلی ڕادەگا.

لكی سێهەم
فەرمانڕەوایانی فنیك

دانیشتووانی ناوچەی فنیكێ چوار هۆزن: بەجنویی، شوقاقی، میـران، كۆینە. فـەرمانڕەواكانی فنیـك دەچنەوە سەر میرئەبدالێ كوڕی سولەیـمان كوڕي خالید.

وەك باسـمان كرد سولەیـمانی كوڕی خالید لە جزیرێ كۆچی دوایـی كـرد و كوڕەكـانی ولاتەكـەی بابی خۆیان لە ناو خۆیاندا دابـەش كـرد. ناوچـەی فنیـك وەبـەر میرئەبـدالێ كـەوت. ماویـەكی زۆر میرئەبدالێ بە سەر ئەوێ ڕاگەیشتووە و كە مردووە نەوە و نەتەوە و وەچی ئەو، مەزنایەتی ناوچـەكەیان بە دەست بووە. لە دواییدا توركمانی ئاققۆینلوو لـە بـەر دەسـتیان دەرێنـاون و دەسـتیان بـە سـەردا گرتووە. لەو ڕۆژەوە نالەباری و تێكەڵ پێكەڵی و ئاڵۆزی و بێسەرە و بەرەبیی بێداد، هەموو ناوچـەكەی داگرت و مەودای نزیكەی سەدساڵێك لە ژێر چەكمەی توركمانی ئاققۆینلوودا ناڵاندی.

لە پاش ئەوەی كە دەوڵەتی ئاققۆینلوو گلۆڵـەی لـێ كەوتـە لێـژی، دووبـارە ولاتـی خۆیـان دەس كەوتەوە و ئیتـر لەوساوە كەسیتر بە نیازی دەست درێژكردن، پەلی بۆ درێژ نەكردوون. تەنیا جارێك لە سەردەمی مەزنایەتی شاعەلی بەگ -كە فەرمانڕەوای جزیر بوو- دەستی بە سەر فنیك داگـرت و دای بە میرمـحەمەدی برای؛ بەڵام دیسان هەر بە یارمەتی خودی فەرمانڕەوایانی جزیر، ناوچەكە دراوەتەوە دەست خاوەنانی پێشووی و هەتا ئەمڕۆ كە مێژوو ١٠٠٥.ك (١٥٩٦و٩٧.ز)یە، دەبەر دەستی خۆیـان دایە.

بەندی پێنجەم

فەرمانڕەوایانی حەسەنکێف

کە بە ملکان[1] بەناوبانگن

جیـــهان بی‌بی‌جـان خانـمی جـــادووە یەکێ سەر دەخا و دەستەیەك ون بووە
لە یـەك باز دەدات و یەکێ ساز دەدا لە هـــەر کـاتە سازێـکی ئـاواز دەدا

وتاردابێژی دانستەپێژی خۆش‌وێژی گەوهەرڕێژ و هەقایەتخوانی بەسەروزوانی دەمڕاست و بەڕاوێـژ، وایان لە گێژەو داوە و دانبژێریان کردووە و پوختەکەیان ڕاناوە کە لە دوای ئەوەی گەردوونی چـەپگەرد و ڕۆژگـاری دڵبـەرد، ڕووی لـە بنەماڵـەی پادشـایانی ئـەییوبی وەرگێـڕا و ڕووپـەڕی کامـەرانی لـێ هەڵگێڕانەوە و ساڵی ٦٢٢.ك (١٢٦٣و٦٤.ز) بۆ خەڵکی کوردەواری بوو بە قەڵەمنداری خاکەسـاری و لەو ساڵە تووش و شوومەدا ئەو خانەدانە ئاوەدان و بەبەروبوومە بوو بە هێلانەی کوندەبوومــە و ڕۆژی سەروەختی تەخت و بەختەوەرییان مژوتەمی ماتەمیـن دایگرت و لە پـشت کـەژی دژدامانـدا پـەنای گرت و شێرایەوە و ئەستوندەکی کۆن و تاوڵی خونکاران و سەردارانی میسر و شامێ، لە بەر تـەوژمی ڕەشەبای چارەڕەشی چەمایەوە و کەچایەوە و چی لە جێگە نەمایەوە و بنـەوباریان بـە یـەکجاری لـەو ناوەدا پێچرایەوە، یەك لە پاشماوەی خانەدان، تا ماوەیەك بە نهێنی لە شاری حەمادا ژیـاوە و لـەوە پێوە ڕووی کردۆتە قەڵای مـاردین و بۆتـە میـوانی دژدرا و گـەلێکی ڕێـز لێگیـــراوە و بـە ئـاوات و ئارەزووی دڵ لە لای خاوەن قەڵای مەرد و ڕەند و ئاکارپەسند دامەزراوە و بە پیاوەتی باربووی میوانی کردووە و قەڵا و مەڵبەندی ساوەری پێ بەخشیوە. تا ماوەیەك لە ساوەرێ ڕای‌بواردووە و لـەوێش دڵـی

---

[1] - ئەمیـــنزەکی دەڵێ: مەلیکانن واتا پادشایان. بەڵام من لام وایە لە مەلکاتیەوە هاتووە کە یەکێکە لە سێ مەزهەبی فەلەکان؛ مەلکاتی، یاقووبی و نەستۆری؛ کە سەر بە قددیس ئەنتۆنیۆسن. هێندێك لـە کوردەمەسـیحیەکان بـە نـاوی مەزهەبەکانیانەوە ناو براون. کۆمەڵێك لە مێژوونووسان لایان وایە نەستۆریەکانی لای مووسـڵ -کـە ئێـستا بـە خۆیـان دەڵێن ئاشۆری- و فەلە یاقووبیەکان -کە سەردەمێك جوزقانیان پێ دەگوتن- بە ڕەسەن کوردن. جەمیل

هەڵقەندراوە و بەجێی هێشتووە و ڕووی کردۆتە رأس‌الغول (سەردێوەزمە) کە ئێستا بە حەسەنکێف دەناسرێ.

ئاووهەوای سازگاری حەسەنکێفی پێ کەوتووە و زۆری وەبەر دڵ کەوتووە و لەوێ پاڵی داوەتەوە و یەکجاری حەساوەتەوە و بۆ خۆی ژنی لێ هێناوە و خێزانی پێکەوە ناوە. سەرەڕای خزمایەتیشی، بناغەی دۆستایەتیشی دەگەڵ خەڵکا داڕشتووە و ڕۆژبەڕۆژ لای خۆجێییەکان خۆشەویستی پەرەی گرتووە تا سەرئەنجام وای بە سەر هاتووە پیر و لاو و ژن و پیاو و دارا و نەداری ئەو ناوە بە دڵ و داو ڕێزیان لێناوە و تەواو دڵیان کەوتۆتە سەری و چی گوتووە لێیان بیستووە و بۆ مەزنی خۆیان ویستووە. بە دەستی گەل کردوویانە بە مشوورخۆری خۆیان و بۆیان پەنجە مۆر کردووە. قەڵا و سەنگەر و چەپەریان هەڵناونەوە و داداونەوە و تازەمیریان لێ داناوە.

دژدار و سەرداری ماردین دابوویە کزی و کەنەفتی و دژ و شوورەقەڵاکانی ڕوویان کردبووە وێرانی و زگیان دابوو و هەرەسیان هێنابوو؛ لە دەسکاری و هەڵنانەوەی قەڵای حەسەنکێف زۆر ترسا. پیاوێکی ناردەلای میری حەسەنکێفێ کە بێ و چاوی پێ بکەوێ. میرئامادەنەبوو بچێ و ئیتر ئەو خۆ بواردنە بوو بە ئامیانی دڕدۆنگی و سەری کێشایە هەرا و جەنگ.

لەشکری ماردین دەنگ دراو بۆ گرتنی قەڵای حەستەمی حەسەنکێف، ڕووی کردەناوچەی ڕاس‌الغول. دژداری قەڵای بەربەڵا، وەك شێر لە مەیداندا چەقی و وەك پڵنگی چنگ خوێناوی بەرەنگاری نەیاری بوو؛ ناچاری کرد بە شکاوی و هێزنەماوی بە پاشدا بگەڕێتەوە و ئیتر تازە جارێکی‌تر ئاسۆ نەپەڕێنێتەوە.

لەو ڕۆژەوە دووبارە هەیڤکی بەختی دەوڵەتی بەرەی ئەیبووبی گەشاوە و ئاڵای هات و بەختەوەریان لە سەر ناوچەی حەسەنکێفێ شەکاوە و بە ماوەیەکی فریەکەم، زۆری سنوور و کەوشەنی دەوروبەری خۆی پەڕاند و حوکماتی خۆی لێ دامەزراند.

لە دیوان و فەرمانان و لە دەسنووسی ڕابردوواندا، حەسەنکێف بە سینیش نووسراوە و سەبارەت بەو مەبەستەوە لە باوەڕ پێکراوانەوە شتێکمان بە دەستەوەیە؛ گوایە: جارێك عارەبە سوارێك حەسەن ناو لە شەڕێکدا فەرمانداری ئەو قەڵایە گرتوویەسی و خراوەتە زیندانەوە و ماوەیەکی تێدا ماوە و

هەرچی هەوڵیان دەگەڵ داوە هیچ ڕازی نەدرکاندوون و زمـانی خـۆی گـرێ داوە و بـەهرەی بـە دیلگـر نەداوە. دژدار هەڕەشەی لێ دەکات ئەگەر هەر قڕوقپ بکا لە سەر دنیایـە نـامێنی و ئـەو لاسـاری و سەرسەختیەی وای لێ دەکا بیفەوتێنێ.

حەسەن کە زانی دەکوژرێ وڵامی بۆ دژداری نارد: کە بوخچەی مەرگم تێك ناوە و هومێدم لە ژیان بڕاوە. تکام وایە دوا ئاواتـم بۆ پێك بێنن؛ لێم گەڕێن تاوێك ماینەکەم دەناو قەڵادا تـاو دەم و چـاوتان بە سەر و سواریم و جوانی و لەباری ماینەکەم بکەوێ؛ ئیتـر ئەوسا لە خوێنی من گـەردنتان خـۆش و ئازاد بی و خۆشم بە دڵخۆشی دەمرم. خێوی قەڵا ئاواتەکەی بۆ پێك هێنا و ماینەکەی خۆیان بۆ هێنـا و گوتیان فەرموو سوار بە! حەسەن کەوتە سەر دەست و پای میر وخۆی هاویشتە سـەر خـوانی زیـن و ماینی تاینی سمکۆدکی کلکسەگلاوی حدودی گوێبەلی کەفەڵپانی، دەمەیدانێدا هێنـا و بـرد. بـەڵام ماین چ ماین؟

بە لەش نەرم و دەم گەرم و نـاودەس بـڵاو	ڕەوان و بـــە لـــەنـــجـە وەکووو بلقـی ئاو
لە بەر خۆشبەزی و سووکـی وەختی ڕەوی	بـە ناڵ و سـمان نەیـدەڕووشـــانـد زەوی
وەکووو دەنـکە بـــارانی نـەورۆز بە تـاو	لە کێو پێـــوی تیـــژتـــر لە تیشکی هەتاو
گەڕی زۆر بەگـوڕتر لـە بـیـر و خـــەیـاڵ	لــە لات وابـوو تووکی هەموو بوونە بـــاڵ
بە نـەرمێـکـــەوە کـــەوتـبـا کـــایـەوە	شـــنـەش تـــۆزی پـای پـێ نەدەشکـایەوە
وەکووو بەختی کوردی هەژار مۆن و سڵ	کـەسـی پـێ نـەگیبوو، وەك ئـاواتـــی دڵ

حەسەنی چاپکسوار لە بەردەمی دژداردا جارێك بە ڕەوت و هەڵێك بە نەرمەغار، سوارچاکی خـۆی و لە باری ماینە بەکارەکەی ڕانا و لەپڕ ئاوزەنگی لێ تەقاند و هەی لێکرد. ماین لە بانی قەڵاوە پەڕی و لە بەرزایی پتـر لە سەدوپەنـجا گەزی بەننایی، خۆی هەڵداشتە ناو زێوەکە لەوێوە تێدەپەڕی. سـوار هیچ لە سەری نەپەڕی؛ بەڵام ماین بەو تەوژمە، لە نێرینەی چەمدا پسا.

سوار وازی لە ماین هێنا و هەر بە مەلە ملی لێنا و لەو ئاوە خوڕ و بـە گـوڕ و نەهـەنگ فڕێنـە، پەڕیەوە و خۆی ڕزگار کرد. کاتێ حەسەن لە بەرچاوی خاوەن قەڵا و خەڵکی ون بوو، هەموو تێکڕا بـە سەرسامی لێکیان پرسی: حەسەن کیف؟ واتا حەسەن چۆن؟ جا وەك دەڵێن: هەر لەو ساوە لە سـۆنگەی

ئەم عاجباتیەوە ناوی نراوە حەسەنکیف. قسەیەکی سەیرە گەر درۆ نەبێ!

هێندێکیش دەڵێن کێفا کوڕی تۆڵۆن ئەو قەڵایەی بنیات ناوە و حصنکێفای پێ گوتراوە؛ کە حصن بە عەرەبی قەڵایە. ئەمەش خوا دەیزانێ.[1]

هۆز و تیرە گرینکەکانی ناوچەی حەسەنکێفێ سێزدەن:

١- ناشیتی ٢- محەلمی ٣- میهرانی ٤- بەجنەوی ٥- شقاقی ٦- ئەستورکی ٧-کوردلیمەزن ٨-کوردلیگچکە ٩- ڕەشان ١٠- کیشکی ١١- جلەکی ١٢- خەندەکی ١٣- سوهانی و بیدیان.

ئەو شوێنە گرینگانەی کە بە سەر حەسەنکێفەوەن، شاری ئەسعرد و ناوچەی بشێری و توور و ئەرزەنن؛ کە ئەرزەن بە دەست مەزنی حەزۆوەیە و دوازدەهەزار فەلەی باج و پیتاکدەری لێیە.

لەو ڕۆژەوە کە خاوەنی قەڵا دەگەڵ میری ماردینیدا کێشە و هەرای لێ پەیدا بوو، هەتا ئەو ڕۆژەی پێسیری ژیانی لە بەرچنگوڕکی مەرگدا بزگوڕ بە بزگوڕ هەڵتلیشا، هەر فەرمانڕەوای سەربەخۆی ناوچە و قەڵا و میری هۆز و تیرەکان بوو. لە دوای ئەویش -وەکوو دەماودەم هاتووە- گوایە:

مەلیک سولەیمان

کە ناوی یەکێك لە کوڕانی بووە، بۆتە جێنشینی و ماوەیەکی زۆر بە فەرمانڕەوایی ماوەتەوە و تا دواییەکەی دەوڵەتی چەنگیزیەکان، واتا هەتا ساڵی ٧٣٦.ك (١٣٣٥و٣٦.ز) وڵاتی حەسەنکێفی هەر بەدەستەوە بوو. لەدوای ئەوەش کە سولەیمان پەیمانی دەگەڵ ژیان هەڵوەشاند و مەرگ بۆخۆی ڕفاند:

مەلیک محەمەد

کە ڕۆڵەی مەلیك سولەیمان بوو، کرا بە جێگر. پیاوێکی لێزان و مشوورخۆر و دادگەر بووە. لە سەرداری و دنیاداری و چاوەدێری، دەست و پێوەند و ڕەعیەت و ژێردەستانی خۆیدا، لە ناو فەرمانڕەوا

---

[1] - کێف: کێو. هیچ دوور نیە هەسانکێو بێ. هەسان بەردێکی سەختە و تیخی پێ تیژ دەکەن. کەهفی عەرەبی -کە بە ئەشکەوت دەڵێن- هەر کێفە کوردیەکەیە. هەژار

پایەبەرزەکانیشدا وێنەی نەبووە. هەرگیز پادشاو خاوەن دەسەڵاتەکانی ئێرانی لە خۆی سڵ نەدەکرد و دڵی گشتانی ڕادەگرت. هەتا دوایی پادشای مەرگ بە سەریا داو بەرەو دنیای نەمانی برد. ئەوسا:

مەلیك عادل کوڕی مەلیك محەمەد

لە سەر ئەسپاردەی مەلیك محەمەد کرا بە فەرمانڕەوای وڵاتی حەسەنکێف و بەوپەڕی دڵسۆزی و دادگەری دەگەڵ خەلکدا ڕەفتاری دەکرد و وڵاتەکەی لە ئاوەدانیدا کردەوێنەی بەهەشت و لە پایەبەرزی و شان و شکۆدا زۆری لە باب و باپیرانی خۆی تێپەڕاند. تا لە ساڵی ٧٨١.ك (١٣٧٩.ز)دا ڕەشەبای مەرگ پەلکی لکی ژیانی هەڵوەراند و دایوەراندەناو چاڵەوە.

مەلیك ئەشرەف کوڕی مەلیك عادل

کراوە بە جێنشینی مەلیك عادل و هاوچەرخی ئەمیرتەیمووری کورەکانی بووە. مەولانا شەرەفەدین عەلییەزدی خاوەنی *ظفرنامە* دەڵێ: «ساڵی ٧٩٦.ك (١٣٩٣و٣٩٤.ز) ئەمیرتەیمووری بەدابودەستوور لە دوای ئەوە کە بەغدای گرت و قەڵای تکریتی خستە بەر دەست، لەوێرا ڕووی کردەماردین. کاتێ گەیشتە شاری ڕوحا، سەرداری حەسەنکێف لەوێ بە ڕامووسانی ڕایەخی ژێر ئەمیرسەرفراز کرا و توێڵی بێچارەیی و سەرکزی بە زەمینی بەندەیەتی‌دا ساوی و دڵسۆزی خۆی لە خزمەتکاریدا پێك هێنا و لە ڕووی خۆش و چاکە دەربارە کردنی شاهانەوە بەشی درا و گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی.»

لە پاش ئەوەش ماوەیەکی زۆر ما و ئەوسا تەیموور لەنگی مەرگ بە سەری کردەوە و خوای گەورە بۆ خۆی بردەوە.

مەلیك خەلیل

کوڕی مەلیك ئەشرەف کە نازناوی مەلیك کامیل بوو، لە دوای کۆچی باوی هەموو هۆز و تیرەکانی حەسەنکێف بە تێکڕایی کردیانە سەرداری خۆیان. ساڵی ٨٢٤.ك (١٤٢١و٢٢.ز) شاڕۆخ میرزا کوڕی ئەمیرتەیمووری کورەکانی -کە بۆ شەڕی کوڕەکانی قەرەیووسفی تورکمانی دەهات- گەیشتە کەوشەنی وان و وستان. مەلیك خەلیل پێشوازی شایانی کرد و بە سەردەرانە ماچ کردنی شاڕۆخی

سەربەرز و بەختەوەر کرا و لەو کاتەشدا کە میرزا شارۆخ لە سنووری ئەلشگردێ مەزنەکانی کوردستانی وەك میرشەمسەدینی بدلیس و مەلیك محەمەدی هەکاری و کوڕی سوڵتان سولەیمانی خێزانی بەرێ دەکرد، مەلیك خەلیلیش دەگەڵ وان گەڕاوە بۆ وڵاتی خۆی و هەتا ژیا هەر بە ئاسوودەیی و کامەرانی ڕایبوارد و لەشکر و بەردەستانی لە چاکەی زۆر بەهرەدار و دڵخۆش دەکرد. ساڵی ٨٦٢.ك(١٤٥٧.ز) فریشتەی گیانکێشان ناوی لە سیایی خەڵکی دنیا ڕەشکردەوە و بەرەو بەهەشتی بەرینی بەڕێکرد.

مەلیك خەلەف

کوڕی مەلیك سولەیمان بوو. دەبووە برازای مەلیك خەلیل و بە خەلەف چاوسوور ناسراوە. لە پاش نەمانی مامەکەی کرا بە سەرداری حەسەنکێف و مەزنی هۆز و تیرەکانی ئەو ناوە بوو. لە شەڕ و هەرایەکدا کە لە نێوان وان و بۆتانیاندا قەوما، خەلەف ئازایەتی و نەبەردیەکی وەهای نواند کە ئیتر لە ناو خەڵکدا بە خەڵەف جووت شێر ناوبانگی ڕۆیشت.

لەو سەروبەندانەدا کە حەسەن بەگی بایەندوری ئاققۆینلوو خۆی لە گرتنی کوردستان خۆش کرد، لەشکرێکی تورکمانی ناردەجەستەی حەسەنکێف و گرتنی قەڵای پێ سپاردن. لەشکر دەورەی قەڵاکەی دا؛ بەڵام هەرچی تەقەلای داو کرد و کۆشاچی بۆ دەگەڵ خەلەف نەکرا. کاتێ بە شەڕی ڕووبەڕوو بەهرەیەکیان دەس نەکەوت، کەوتنە باری گەڕوگزی و بە دزیەوە ئامۆزایەکی مەلیك خەلەفیان فریو داکە ئەگەر مەلیك خەلەفمان بۆ بکوژی تۆ دەکەینە میری وڵات.

ئیتر هەتیو گرێی نامووس و پیاوەتی، بۆ بێگانەی نامۆ شل کرد و دوژمن لە خشتەیان برد و بە خەیاڵی پڕ و پووچی شوێن کڵاوی قوچ کەتبوو؛ لێی دەخەفتا هەتا ڕۆژێك لە گەرماودا کێس و دەرفەتی لێ هێنا و کوشتی و کۆلکەی خانەدانی گەورە، بە دەسکەتەوری خۆماڵی برایەوە و کەوتە چنگ تورکمانەوە. ئەو کابرای ناموسفرۆشیش چی پێ نەبڕا و هەر پەشیمانی بۆ ماوە! گوتوویانە «هەر کەس بکا بێگانەپەرستی، ئاخری هەر دێنێ نوشوستی» خاپینۆکان خاپاندیان و بە ئاوەزی پێکەنین و خۆیان بە خۆی ماڵوێران کرد.

تـــۆوی ئـــەمــــەگ ئەگەر لەزەویشدا هـەبوویێ زوو — بـــارانــی لـێ نـەبـــاری، نـەگوورا، سـەوز نەبـوو

نـــاوی وەفـــا لـــە نـــاوی جنـۆکـــە و پـــەری دەچـــێ — هەر بیستمان دەڵێن هەس و کەس نەیـدی ڕووبەڕوو

مەلیك خەلیل کوڕی مەلیك سولەیمان

لە ڕۆژگاری تورکماناندا بە نهێنی لە شاری حەما دەژیا. کاتێك کە دەرهەم بەرهـەمی کەوتـە بـەرەی تورکمانی ئاققۆینلوو، مـەلیك خـەلیل بـە یارمـەتی میرشامـــحەمەدی شـێرۆیی لـە شـاری حـەما دەرکەوت. مەلیکیانی حەسەنکێفی، هەمیشە وەزیری خۆیان لەو شێرۆییانە هەڵدەبژارد. هۆزەکانی لای حەسەنکێف لە مەلیکیان کۆ بوونەوە و چەکیان هەڵگرت و چوونە سـەر شـاری ئەسـعرد و بـە زەبـری شیـر، ئاققۆینلوویان دەرپەڕاند و لەوێوە هاتنە سەر قەڵای حەسەنکێف و گەلێك پیاوانە ئەویشیان لـە دوژمنان پاکردەوە و مەلیك خەلیل بوو بە پادشای سەربەخۆ. لـە ڕاستیـشدا لـەو چـاخەدا کـەس لـە مەزنانی کوردستان بە پلەوپایە و شکۆ و مایەی ئەو سەرداره نەگەیشتووە و زۆریش پادشایانە ژیاوە.

خوشکی گەورەی شائیسماعیلی سەفەوی -کاتێ کە لەبەر دەستدرێژی سوڵتان یـەعقووب ڕەوی و زێد و نیـشتمانی خـوی بـەجێهێـشت و بـە نیـازی زیـارەتی کابـە، هاتـە دیاربـەکر- کـە گەیـشتە حەسەنکێف، مەلیك خەلیل لە خۆی مارەی کرد و لە ڕۆژی شیـرینی خواردن و زەماوەنـدا بـەزمێکی ئەوتۆ بەرپا بوو، کە وێنەی لـە ڕووی دنیـادا نـەدەبینرێ و نەدیتـــراوە. کەیـــخودا و کاربەدەســتان و گەورەپیاوانی کوردستان تەنانەت خەڵکی ڕەمەکیش لەو ئاهەنگە شاهانەیە کۆ بوونەوە.

بە هەر لایەکدا لات دەکردەوە دیلان و سەما و گۆوەندی ڕواڵ و کیژ و لاوان بوو. نـازداری بـاوان و بەربەدراوان و بەڵەکچاوان و بەلەکخر و جەرگبڕان، دەسـت لـە دەسـتی تـازەلاوان و شیـــرینکوڕانـدا هەڵیان دەخڕاندەوە و خەمی دڵیان دەپەڕاند.

لە دیوانی میر ومەزنان، مەیگێڕانی لووس و سادەبە قومقومۆکی بادەوە سووڕیان دەدا و بە ڕەوتی بەلەنـجەولاریان و بزەی لێوی شەکرباریان پەردەی شەرمیان لە ڕووی شـەرمنان دادەدڕانـد و تەنانـەت دڵی زۆرهانی پەك کەوتەشیان بە ناز دەفڕاند.

چاوئەندازی بەژنوباڵای نۆنـەمامان و تـاڵی مـەی و ئـاڵی کـوڵمی گوڵنـدامان، پیـــری لـە ژیـان زویریشیان تەڕ دەکردەوە و پتـر لە لاوی چاردەساڵ، بە تاسەوە دڵ و چاویان دەلەوەڕاند.

گۆرانیبێژانی خۆشدەنگ و لەبەروەگێرانی خۆشڕەنگ، لەو ناو بەزم و ئاهەنگەدا کەوتبوونە گاڵـە و ئەوی دەیانگوت نەیاندەگوتەوە. چووزەلە و بلوور و ساز و سەمتوور بە سەد ئاواز و هەزار جـۆر لـە کۆڕدا دەنگی دەداوە. خۆشخوانی خۆ وێژ بەو هۆیە ئەم شێعرەیان خوێندەوە:

بەزمیشاهانەیە ئەیدڵ! هەلە خۆت سەرخۆش کە   چاوی مەست هۆش دەڕفێنن وەرە خۆ بێهوش کە

جوانتـرین گــوڵ لە گوڵستـانی عەجـەم میـوانە   دیـاری شایــانە لەمــەولا گـوڵـی کوردسـتـانە

تەختـی بەلکیسە حەسەنکێف و خەلیــلسێمانە   پـڕکە پێـوانەکــە مەیگێـڕ! هەرەتی پەیــمانە

لە دوای ئەوە بە ماوەیەك کە تەخت و بەختی ئاققۆینلووان وەرگەڕا و ڕۆژی هاتی شائیسماعیل لە ژێر هەوری کەساسیەوە هاتە دەرێ، میر ومەزنانی کوردستان بە ئاواتی سەردەرانە ڕاموسانی بارەگاکەی، ڕوویان کردەشاری تەورێز. شاهەر کە چاوی پێ کەوتن بێ چاك و چۆنی و چەند و چوون، مەلیك خەلیلیش و هەموو میرەکوردەکانی گرت و دانیە دەست زینەڵ بەگی شاملوو. ئەویش جێگەی لە لاگۆشەی زینداناندا بۆ چاك کردن.

مەلیك خەلیلی زاواشی وەکوو جاوی جوو هەڵپێچا کە هەر ئێستاکە خوشکی خـۆم بـە مناڵـەوە دەوێتەوە. مەلیك خەلیلی زاوای شـا، ژنـی و کوڕێـك و سـێ کـچی بـۆ هێنانـەوە تـەورێزێ، وەسـەر خەزووری کردنەوە. ماوەی سێ ساڵ مەلیك خەلیل لە گرتووخانە خزێنرا و لەو ماوەشدا وڵاتەکـەی بـە دەست قزڵباشەوە بوو. لە شەڕەکەی چاڵدیراندا مەلیك خەلیل دەرفەتێکی لە بۆ ڕەخسا و دەگەڵ باشـی بیوکبایکیدا ڕێك کـەوتن و پاسـدارانی زینـدانی کوشـت و لـە تـەورێزەوە ڕایکـرد و ڕوویکردەئـالی دیاربەکر. کاتێ گەیشتە نزیك وان، چەکداری هۆزی مەحـموودی سەری ڕێگەیان لێ گرت و خۆیان لـێ سازدا بیگرن. مەلیك خەلیل زۆر مەردانە هاتە دەست و خۆی لە دەستیان ڕزگار کرد و لە ڕێـی گـەڵی بدلیسەوە بەرەو حەسەنکێف هاتەوە. بەڵام باشی بیوکی هاوڕێی، لە شـەڕی مەحـموودیەکاندا سـەری تێدا چوو.

وەختێ لە بەندیــخانە بـوو، هـۆزی شـێرۆیی و زەرقیـەکان و هـۆز و تیــرەکانی ناوچـەکانی لای حەسەنکێف، مەلیك سولەیـمانی کوڕی مەلیك خەلیلیان کردبووە مەزنی خۆیان؛ بەڵام هۆزی ڕەشـان، کاروباری ناوچەی خۆیان دابووە دەست کوڕەمـامێکی مـەلیك خـەلیل و هـەر لـەو ماوەشـدا بۆتـانی

لەشکریان بردبووە سەر شاری ئەسعرد کە لە چنگی قزلّباشانی ڕزگار کەن. لەپڕ دەنگ و باس داکەوت کە مەلیك خەلیل هاتەوە. کوڕانی مەلیك خەلیلیّ هاتنەوە خزمەت باوکیان و لەشکری هۆزی بۆتانیش لە دەوری ئەسعرد وەکشیـن.

مەلیك خەلیل پاش چەند ڕۆژێك قەلاّت و شاری ئەسعردی لـە قزلّباشـان سـاندەوە. قزلّباشـان لـە وەختی خۆی قەلاّ و ناوچەی حەسەنکێفیان بە یارمـەتی هـۆزی بەجنـەوی گرتبـوو. هـەر بەوانیـشیان سپاردبوو کە بۆیانی بپارێزن. ئەو بەجنەویانە زۆر جاران لە لایەن قزلّباشەوە خزمەتیان پـیّ سـپێراوە و بۆ عەجەم فریو دراون. جا کـە هـەوالّی هاتنـەوەی مـەلیك خـەلیلیّ داکـەوت، بەجنەویـەکان خۆیـان گەیاندەناوچەی توور لە بۆتانیّ کە بژیو و جبەخانە کۆ بکەنەوە و بـخزێنەوە ناو قەلاّوە و هەروا هاسان دەست مەلیك خەلیل نەکەویّ.

مەلیك خەلیل بە پلانی ئەو بەجنەویانەی دەزانی و کێس و دەرفەتی لیّ هانی و لەشکری خۆی کـۆ کردەوە و لە پڕ بە سەری دادان و ئەوانیش -کە خافلّگیـر بوون- بڕیاریاندا ئەگەر ئەمانیان پیّ بدری و نەکوژرێن، قەلاّ بە دەستەوە بدەن. مەلیك خەلیل چاوی لە کوشـتنیان پۆشـی و ئـەوانیش بـە خۆشـی خۆیان قەلاّیان دایەوە دەستی. دەگەلّ حوسێن بەگی مەزنی بەجنەویشدا ئاشـت بوونـەوە و لـە جیـاتی خوێنی باب و برای -کە لە دوایی باسیان دەکەین- گوندی بالّی بە مولکایەتی پیّدرا.

باوەر پێکراوان وادەگێڕنەوە کە بەجن و بەخت هەردووکیان کوڕی حاکمێکی جزیری عومەرییە بوون و لە سەر مەزنایەتی، ئەو دوو برایە هەرایان لیّ پەیدا بووە و مەزنایەتی جزیر بـەر بـەخت کـەوتووە و بەجنیش هاتۆتە لای حەسەنکێف و بنەمالّەی مەلیکانیش حەسەنکێفیان لەو بەجنانە زەوت کردووە.

ئیواش هەبوون گوتوویانە: هەموو کوردی کوردستانیّ لە ڕەگەزی بەجن و بەختـن. ئەمـەش هـەر خودا دەیزانیّ لەو کاتەدا کە میرشەرەف کوڕی میربەدر فەرمانڕەوای جزیر بوو، هـۆزی بەجنـەوی -بـە هۆی دوژمنایەتی کۆنەوە- گەر و گێچەلّیان تیّ دەهالاّند. میرشەرەف ویـستی تۆلّـەیان لـیّ بکاتـەوە؛ ناردیە لای مەلیك خەلیلیّ کە دەبـیّ تـەنبێیان بکـا. مـەلیك خـەلیل، میرمـحەمەدی بەجنـەوی و پازدەکەس لە کـور و دەسـت و پێوەنـدانی بـۆ خـاتری میرشـەرەف کوشتـن. حوسێن بـەگی کـوڕی میرمـحەمەد بە هەلاّتن ڕزگاری هات و مالّ و دارایی هۆزەکەی هـەمووی وەبـەر تـالاّن کـەوت. جـا ئێستاکانیّ وەك دەلّێن: لە بەر ئەو خوێنەخوێیە بووە کە حوسێن بەگ دەگەلّ قزلّباشان ڕێك کـەوتووە و

مەلیك خەلیلیش بۆ کوژانەوەی ئەو خوێنەیە کە گوندی باڵی داوە بە حوسێن بەگ و دەگەڵی ئاشتەوە بووگە.

مەلیك خەلیل لە دوای ئەوە کە هۆزی بەجنەوی قەڵای حەسەنکێفیان دایەوە، ماوەیەك لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی بە کامەرانی پاڵیدایەوە و ئەوسا پادشای مەرگی لێ بوو بە میوان و ناردیە دیوانی ڕازپۆشانی شاری خامۆشان و لە گۆشەی گۆڕی تەنگەبەردا جێی بۆ چاکرا. چوارکوڕی بە یادگار بەجێ هێشتن: مەلیك سولەیمان، مەلیك عەلی، مەلیك محەمەد، مەلیك حوسێن.

مەلیك حوسێن کوڕی مەلیك خەلیل

مەلیك حوسێن لاوێك بوو سەربەرز و بەدەمار و بەخشندەو خاوەن بەزەیی. دەگەڵ هەموو ئاکاری جوان و لەباریدا جوان چاکێك بوو نەبکەی نەبخۆی تماشای سای گەردنی کەی. هەمووخەڵکی ئەو ناوە شەو و ڕۆژ پەسنی لاوەتی و پیاوەتی ئەو کوڕەیان دەدا. هێشتا بلووغی نەببوو، بە مەزنیان هەڵبژارد و کار و باری وڵاتەکەیان پێ سپارد.

جوانی کە لە ڕووتە تیشکی دڵتە ڕوناهی خودایە تاو و گڵتە

بەڵام کە لە جێگەی باوکی جێگیر بوو، لە براکانی خۆی دڵگیر بوو. مەلیك محەمەد و مەلیك عەلی گرتن و مەلیك سولەیمانی برایتری لە ناوچەی ئەرزەن ڕای کرد و خۆی گەیاندەلای خوسرەو پاشای میری میرانی دیاربەکر و داوای جێگەی مەلیك حوسێنی بۆ خۆی کرد.

خوسرەوپاشا بەو ناوەوە کە نایەوێ برا پێکەوە کێشەیان بێ و ئاشتیان دەکەمەوە، ناردی مەلیك حوسێن و براکانی هێنانە دیوانی دیاربەکر و مەلیك حوسێنی کوشت و مەزنایەتی حەسەنکێفی دا بە مەلیك سولەیمان.

مەلیك سولەیمان کوڕی مەلیك خەلیل

شارەزایانی دین و ڕێبوارانی شارێی ئایین بە تێکڕایی فەرموویانە کە شایانی گەورەیی ئەو کەسەیە هەمیشە بەو فەرموودەڕەفتار بکا: «چاکە بکە وەك خوا چاکەی دەگەڵ کردی» و گەورە و گچکە لە چاکە و بەزەی بەهرەوەر بن و بەرانبەر بە فەرموودەی «خزم لە خەڵکیتر لە پێشترن» ئەوانەی کە

خزمایەتی لە بیـر ناکەن و لە چاوەدێریان دریغیان نیە، زۆر زوو خەڵك ئێرەییان پێ دەبا.

دوو یار گەرەکە وەك برینگ وابن   دوژمن ببـڕن و بۆ یـەك تەبا بـن

نیاز لەو پێشەکیە ئەوەیە کە مەلیك سولەیـمان بە فەرمانی خـواکردی سـوڵتان سولەیـمانخـانی خەزاکەر و بە یاریدەدانی باشی خوسرەوپاشای میـری میـران و والی وڵاتی دیاربەکر، کرا بـە میــری حەسەنکێف و کاتێ هاتەوە پاتەختی خۆی، دەگەڵ مەلیك مـحەمەد و مەلیك عەلی برایدا کێـشە و هەرایان لێ پەیدا بوو.

مەلیك عەلی خۆی لەبەر نەگرت و پەنای بە شەرەفـخانی فەرمانڕەوای بدلیس برد. هەموو هـۆز و تیـرەکانی حەسەنکێف بە هۆی بە کوشت دانی مەلیك حوسێنەوە کینەی زۆریان لە مەلیك سولەیـمان دەدڵ گرتبوو. کەس خۆشی نەدەویست و ببوونە بەرهەڵستی. مەلیك سولەیـمان ژیانی پێ تاڵ ببوو؛ لە ترسان خەو و خۆراکی لێ هەڵگیـرا بوو. خۆی گەیاندەدیاربەکر و کلیلی قەڵاکانی لە بـەردەم خوسـرەو پاشادانا و بە خۆشی خۆی وازی لەو مەزنایەتیە هێنا و داوای لە پاشاکرد کـە لـە بـاتی حەسـەنکێف جێگایەکیتری پێ ببەخشن. خوسرەو پاشانەم هەواڵەی بە پێچکی تەختی هەرەبەرزی سوڵتان ڕاگەیاند و لە بەزەیی شاهانەوە ڕوحا(ئورفا) و حەوسەددهەزار ئاقچەی بە ناوی والیەتیەوە لە بـاتی حەسـەنکێف درایە. سێسەدهەزار ئاقچەش بە ناوی زەعامەت درا بـە مـەلیك مـــحەمەدی بـرای و دووسـەدهەزار ئاقچە لە داهاتی ئورفا بە مەلیك عەلی بەخشرا.

ماوەیەك مەلیك سولەیـمان بە سەر ئورفە ڕاگەیشت و لە دواییدا گیانی دەبەر چەنگی مەرگدا لـە فڕە کەوت و لە ژێر توێی ئاخدا لێی خەوت.

مەلیك مـحەمەد کوڕی مەلیك خەلیل

لە پاش مردنی براکەی سنجەقی ڕەهایان لێ ساندەوە و لە دیوانی سـوڵتانەوە، عەربگیــری بـە نـاوی میــرنشیـن پێ سپێرا و لە پاشان بدلیسیان بە سنجەق دایە و لەوێش ئەوەندەی هەڵنـەکرد؛ بـۆ خـۆی وازوازی و هێندەیشیان گۆڕ بەگۆڕ پێکردبوو، تەواو لە گیان و ژیان بێزار ببوو. سەریشی لە گزیرایـەتی و باجگیـری دیوان دەر نەدەچوو. جا دەڵێن «پیاوکە ناچار بوو خزمی دوور و وامی کۆن ڕەچاو دەکا!»

ئەویش لە زوویکەوە دۆستایەتی دەگەڵ بەدر بەگی فەرمانڕەوای جزیردا هەبوون، کچی خۆشی دابوو بە میـرمـحەمەد بەگی کوڕی و لە مێژیـشەوە هـەر هاوسـای یەکتـری بـوون. چـووە جزیـر و بـوو بـە گۆشەگیـر و هەتا ڕۆژی لە سەر زەوی مـابوو، لـەویٚ نـەبزووت و دوایـی ڕۆژێـك دەپێمیـردی خـودا هەڵەنگووت و دنیای پڕئاژاوە و هەرای، بە یازدەکوڕەوە بەجیٚ هێشت:

مەلیك خەڵەف، مەلیك سوڵتانحوسێن، مـەلیك ئەشـرەف، مـەلیك عەلی،مـەلیك سولەیـمان، مەلیك خەلیل، مەلیك زاهێر، مەلیك عادڵ،مەلیك مەحـموود، مەلیك حەسەن، مەلیك ئەحـمەد.

مەلیك خەڵەف لە هەڕەتی لاوەتی و جەنگەی بەهاری ژیانیدا جوانەمەرگ بوو؛ کوڕێکی هەیە ناوی مەلیك هەمزەیە. مەلیك سولەیـمان و مەلیك زاهیـر و مەلیك حەسـەن هـەر سـێکیان بـە گەنـجی مردن. مەلیك سوڵتان حوسێن داوای سنجەقی بابی کرد و لە دیوانی سـوڵتان سـەلیمخانـەوە دایـانیٚ. براکانیتریش بوونە پیاوی میـرەکانی کوردستان و لەو ناوەدا دێن و دەچن.

مەلیك سوڵتان حوسێن کوڕی مەلیك مـحەمەد

سنجەقی باوکی پیٚ درا و ئەویش چەند جارێك ئاڵوگۆڕی پیٚ کرا و بە دەردی بابی، وەڕەز بوو؛ دەسـتی لەو ئەرکە گرانە هەڵگرت و ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥.ك (١٥٩٦.ز)یە لە کوردستان ڕایـدەبوێری و کـەم تا کورتێك بەهرەی مەوقووفەجاتی باب و باپیـرانی پێدەگا. چونکە نەجیمزادیە، هومێد دەکەم خودای گەورە و گران ناوڕی وە سەر بداتەوە و بە پلە و پایەی باب و باپیـرە گەورەکانی شاد کاتەوە.



ڕووپەڕی سێهەم

فەرمانڕەواکانی دیکەی کوردستان

ئەویش سێ بەشن

بەشی یەکەم

بە نۆ بەند باس دەکرێن

بەندی یەکەم

فەرمانڕەوایانی چەمشکەزەك

ئەویش سێ دەستەن

زیت و وریاکانی سەرگوروشتەزانی کارامە و ئاگاداری ڕووداوانی دیوانی مێژوو، بە گفت و نامە پێیان ڕاگەیاندووین کە فەرمانڕەوایانی چەمشکەزەك خۆیان لایان وایە بە بنەچەکە دەچنەوە سەر خەلیفەکانی عەبباسی و باپیریان ناوی مەلکیش بووە؛ بەڵام هێندێك لە گەورەپیاوان وای دەبناوان دەکەنەوە کە ئەمیرسلیق کوڕی عەلی کوڕی قاسم لە وەچی پادشایانی سەلجووقیە و لە ڕۆژگاری ئەلپ ئەرسەلان[1]ی سەلجووقیدا خاوەنی ئەرزەڕۆم و دەوروبەری بووە و لە ساڵی ٥٦٦.ك (١١٦١.ز)دا دەگەڵ فەرمانڕەوایانی گورجستاندا شەڕێکی زۆر بە سامیان کردووە و دەگەڵ زۆر لە سەرناسانی

١- زێرنۆف پرسەکی لە سەر داناوە. چونکە ئەلپ ئەرسەلان ساڵی ٤٥٣ حوکمی خوراسانی کردووە. وادیارە قلیجئەرسەلان بێ کە ساڵی ٥٥٥ بۆتە پادشای وڵاتی ڕۆم و لە ٥٧٠ مردووە. جەمیل

لەشکرەکەی بە دەست گورجیان بە دیل چوون؛ بەڵام خوشکەکەی -کە ژنی پادشای ئەرمەن بوو- دیاری و پێشکێشی زۆری بۆ گورجستان نارد و برای لە زیندان دەرێنا.

لە پاش مەرگی سلیق، مەلیك محەمەدی کوڕی بۆتە جێنشینی و کاتێ ئەویش چاوی لە دنیا پۆشیوە، میرنشینەکە دراوەتە دەست نەوەی ئەو[1] و کە ئەوەش مردووە مەلیکشاکوڕی محەمەد لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی جێگیر بووە و هەوای سەربەخۆیی و پادشایەتی لە کەللەی داوە و بەو نیازەوە ڕاپەڕیوە و لە ئەنجامدا ساڵی ٥٩٨ .ك (١٢٠١ .ز) سولەیمانی کوڕی قلیجئەرسەلان بڕستی بڕیوە و گرتوویە و کوشتوویە و لەو ساوە ئەرزەڕۆم کەوتۆتە بەردەستی سەلجۆقیەکانی ڕۆمەوە.

وێدەچێ کە فەرمانڕەوایانی چەمشکەزەك وەچەی ئەو مەلیکشایە بن و ناوی مەلیکشالە دەمی کورداندا سوابی و کرابێ بە مەلکیش. ناوی فەرمانڕەواکانیشیان هەروا دەگەیەنێ کە بنیچە تورك بن؛ چونکە هیچ وەك ناوی عەرەب و کوردان ناچن.[2]

هەروەها دەڵێن مەلکیش ناوێك لە نەوەکانی مەلکیشی پێشوو، حەشاماتێکی زۆری ڕەگەڵ خۆی خستووە و هێرشی بردووە و سیودوو قەڵا و شازدەناوچەی داگیر کردووە؛ کە ئێستا بە دەست هۆزەکانی چەمشکەزەکە و ناوی مەلکیشیان بە سەردا سەپاوە.

مەلکیشیەکان سێ تیرەن و بە زۆری قەوغایی و حەشامات و دارایی، سەرتۆپی هۆزەکانی کوردستانن. نزیکەی هەزار ماڵێکیان خزمەتی پادشای ئێران و هێندێکیشیان لە ڕیزی پیاوماقووڵانی لای پادشابوون. چەمشکەزەك هەمیشە فەرمانڕەوای سەربەخۆ و خۆماڵیان بە سەرەوە بووە. بەرفرەوانی وڵاتەکەیان و زۆری حەشامەتەکەیان لە ڕادەیەك دایە کە هەموو کەسێك و تەنانەت پادشایانی زەمان، لە دەفتەر و پسوولەکانی دیواندا بە وڵاتەکەیان دەڵێن «کوردستان».

لەو ساوە کە مەلکیش سیودوو دژ و شازدەناوچەی خستە دەستەوە -وەك باسکرا- کوڕ و نەوەکانی مەزنایەتی ئەو ناوەیان بە باڵا بڕاوە. تەنانەت پادشایانی خاوەن شکۆی وەك چەنگیزخان و

١- جاقدش نووسراوە. محەمەدعەلی عەونی دەڵێ لە دوو نوسخە حەفیدش نەوەی نووسراوە. بەڵام ڕەنگە حافدش نووسرابێ حافدش و جاقدش لێك دەگۆڕێن. هەژار

٢- ئەمینزەکی بە مەلیکشایی نووسیوە و ئێستاش لە ناو کوردا هۆزی مەلیکشایی هەن. جەمیل

ئەمیرتەیموری کورەکان و شاهرۆخ میرزا و قەرایووسفی تورکمانیش دەستیان بۆ نەبردوون و لێیان زەوت نەکردوون و هەروا ماونەتەوە؛ هەتا ئەو ڕۆژگارەی کە شێخ ئەمیرکوڕی یەلمان فەرمانڕەوایی چەمشکەزەکی کەوتە دەست.

کاتێ پادشایەتی ئێران کەوتە بەر چەنگی حەسەن بەگی بایەندوری و ئەویش بە دڵ لێی بڕا کە هەموو خانەدانەکانی کوردستان لە ناو بەرێ و بە تایبەتی ئاسەواری ئەوانە ببڕێتەوە کە دەگەڵ بەرەی پادشایانی قەرەقۆینلوودا دۆستایەتی و هاوکاریان کردووە و بەر لە هەمووان چاوی بڕیە چەمشکەزەك. هۆزی خەربەندەلوو -کە لە هۆزە هەرە بە هێزەکانی سەر بە ئاققۆینلوو بوو- پێی سپێرا کە وڵاتی چەمشکەزەك بگرێ و خاکی بە توورەکان بکێشێ. ئەو هۆزە هاتن وڵاتی چەمشکەزەکیان بە ملهوڕی لە دەست میرشێخ حەسەن دەرێنا.

لەو دەمەدا شێخ حەسەن منداڵێك بوو؛ بەڵام کاتێ پێ گەیشت و زۆر ئازا و دڵاواش بار هاتبوو، شەو و ڕۆژ هەر دەبیری ئەوەدا بوو کە نیشتمانەکەی لە چنگ داگیرکەران ڕزگار بکا و لە سەر ئەو نیازە بە خۆدا هات و کۆمەڵێکی لە پاڵەوانانی دەسکەرەوە و ناوبەدەرەوە لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و دەست لە دەست و قەوەت لە خوا، بە سەر هۆزی خەربەندەلووی دادا و زێدی خۆشەویستی لە دوژمنان پاکردەوە و کاری تورکمانی یەکلا کردەوە. کاتێ ئەویش گیانی بەر تاڵانی مەرگ کەوت، کوڕەکەی:

زۆراب بەگ

کرا بە جێنشینی و ئەویش زۆری بە مردن نەشکا و لەشکری ژیانی شکا و لە بەین چوو. کوڕە گەورەکەی:

حاجی ڕوستەم بەگ

جێگەی گرتەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا شائیسماعیلی سەفەوی هاتە سەر تەختی ئێران و لەشکرێکی قزڵباشی بە سەرکردایەتی نوورعەلی خەلیفە ناو، ناردەسەر وڵاتی چەمشکەزەك. حاجیڕوستەم بەگ هیچ دەستەوەکەری نەکرد و بە بێشەڕوشوڕ وڵاتەکەی دایە دەست نوورعەلی خەلیفە و ڕووی کردەبارەگای شائیسماعیل. وەختێ پیتی لاشیپانە ڕاموسانی پێ گەیشت و بە خەڵاتی شاهانە سەرفراز

کرا، پارچە زەمینێکیان لە عیراق -لەبری چەمشکەزەك- پێ بەخشی.

نوورعەلی خەلیفە ملی لە نامەردی و دڵبەردی و خوێنرێژی نا و قەڵت وبڕی خستە ناو چەمشکەزەکەوە و گەلێك لە میرزادەو گەورەپیاوانی هۆزەکەی کوشتن. ئیتر کارێکی وای کرد کە پیر و هەرزەکار و گەورە و بچووکی وڵات لە دەستی وەزاڵە هاتن و کێردیان بە ئێسقان گەیشت. هەر کەس لە بەر خۆیەوە دەستی بۆ چەك برد و بەرەنگاری زۆردار وێستان و بە هەڵەداوان بە شوێن حاجی ڕوستەمیاندا، ناردەلای عیراق و ئیسفەهان کە بێتەوە. لەو دەمەشدا شائیسماعیل بە لەشکری عیراق و فارس و ئازربایجانەوە بۆ شەڕی سوڵتان سەلیم بەرەو چاڵدیران دەچوو؛ حاجی ڕوستەم دەگەڵ لەشکرەکەدا بوو.

دوای ئەوە کە شاشکا و سوڵتان سەلیمخان بە نیازی گرتنی تەورێز هەوساری بڕیاری وەرگێڕا، حاجی ڕوستەم لە شوێنێك بە ناوی یام -کە سەر بە مەرەندە- بە ڕکێف ماچ کردنی سوڵتان، خۆی بەختەوەر کرد و هەر ئەو ڕۆژە بە فەرمانی خواکردی سوڵتانی، حاجی ڕوستەم و نەوەی و چلکەس لە ئاغایان و سەرناسانی مەلکیشی لەو جێیە لە سەریان درا.

بە قسەی خەڵك گوایە کوشتنەکەی بۆیە بووە چونکە ساڵی ۸۷۸.ك (۱٤۷۳.ز) کە سوڵتان محەمەدخان والی ڕۆم چووبوو قەڵای کەماخ بگرێ، حەسەن بەگی بایەندوری بە گژیدا هاتووە و محەمەد خان شکاندوویە و دژداری کەماخ ویستوویە قەڵاکە بدا بە پیاوەکانی سوڵتان محەمەد؛ حاجیڕوستەم بەگ نەیهێشتووە. لە پاشان بە ماوەیەك قەڵاکەی داوەتە دەست پیاوی شائیسماعیل سەفەوی. فەرڕوخشاد بەگی بایەندوری ئەو کەین و بەینەی بە پێچکی تەختی خەلافەتی سوڵتان گەیاند و گوتی حاجیڕوستەم بەگ خاوەخاوی کرد و نەیهێشت قەڵای کەماخ وەگیر باپیری پایەبەرزتان بکەوێ؛ کەچی زۆر بە سووك و هاسانی دایە دەست پیاوەکانی شائیسماعیل. لەو ڕۆژەوە ئەوە ببووە گرێ لە دڵی سوڵتاندا و بە خوێنی حاجیڕوستەم بەگ و ئەو چلویەك کوردە، خەشی خۆی ڕشت. بەڵێ:

کێ لە ڕووی شاهان وەرگەڕێتەوە　　تۆڵەی زۆر سەختی لێ دەکرێتەوە

پیرحوسێن بەگ کوڕی حاجیڕوستەم بەگ لە عیراق بیستیەوە کە بابی کوژراوە، سەری خۆی هەڵگرت و بە نیازی ئەوە کە بچێتە میسر و پەنا بە پادشایانی چەرکەس بەرێ، ملی ڕێی گرت.

لە ڕێدا لای داشاری مەلاتیە و بوو بە میوانی مەمای بەگ؛ کە لە لایەن چەرکەسەکانەوە بەو شارە ڕادەگەیشت. بەسەرهاتی خۆی و خانەدانەکەی بۆ مەمای بەگ گێڕاوە و دەربارەی چوونە میسریش پرسی پێکرد و وەك خوا فەرموویە: «لە کاردا پرسیان پێ بکە» لێی داوا کرد کە ئامۆژگاری بکا و چی بە باش دەزانێ وەپێشی کەوێ. مەمای بەگ پیرەپیاوێکی ساردوگەرم چێشتووی لە دنیا گەیشتووی لە کلّ دەرهاتوو بوو. زمانی زەمانە لە پەسنی ئەودا دەیگوت:

هەموو گەنجی زانستی کۆکردەوە لە مەیدانی ئەزموون گرۆی بردەوە

مامە پیرە سەرێکی باش بۆی ڕاما و لە وەراما پێی گوت: کوڕی من! ئەمڕۆ پایە و مایەی شکۆ و سەروەری پادشایانی بەرەی عوسمانی لە سەرووی هەموو بەرزانەوەیە. ئاوازەی زەنگی دنیاداری و سەرداری ئەوان لە دنیادا دەنگی داوەتەوە. لەو لاشەوە چەرکەسەکان بوونە هەرکەس- هەرکەس و لەبەر بێدادی، تووشی نامرادی بوون و گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژی و کەس چاکەیان نابێژێ. بەو زووانە سلار دەبنەوە و گلار دەبنەوە و لە بیر دەچنەوە و وڵاتیان بە خەڵات بۆ خەڵکیتر دەچێ. وا بە باش دەزانم هەر خۆت باوێژیە بەر سایەی سوڵتان سەلیم خانەوە و جڵەوت بەرەو ڕۆم بادەیەوە.

پیرحوسێن بەگ کوڕی حاجیڕوستەم بەگ

پیرحوسێن پەندی مامی پیری بە دڵەوە نووسا. دەیزانی بە دڵسۆزی ئامۆژگاری کردووە و لە نیازی چاکە بەدەر مەبەستێکی نەبووە.

پەندێك لە کەسێ کە دوورەگەردە دەرمانی دڵانە، چاری دەردە

پای لێبڕانی ختە ناو ئاوزەنگی گوێ نەدانەوە و بەرانبەر بەو فەرموودەی «ئەگەر بڕیارت داپشت بە خوا بەستە»، پشت بە خوا ڕووی کردەلای دوژمنی بابەکوشتەی و زۆر بێباکانە خۆی هاویشتە ئاستانەی عەرشاسایی سوڵتان سەلیمخانەوە و لە ئاماسیە بە ودمی ڕایەخ ڕامووسی گەیشت.

سوڵتانی عوسمانی لە ئازایەتی و بەجەرگی ئەو خۆرتە سەری سووڕ ما؛ هەیاران! من باوك و کوڕ و چل کەسم لە ناودارانی مەلکیش سەر بڕیوە؛ ئەم کوڕە چۆنی دەخۆ ڕادیوە، بێت و ڕووبەڕووم

بوەستێت و وەك نە بای دیبی و نە بۆران، بە بێ ڕەنگ گۆڕان و دڵەتەپێ هاتووە و دەڵێ پەنام هێناوە.
ئیتـر سوڵتان سەلیم ئەو شێعرەی هاتەوە بیـر کە دەڵێ:

بە ئازایەتی هەر کوڕێك هەڵکـەوێ   ئەگەر دوژمنیشت بێ خۆشت دەوێ

پیـرحوسێنی لاوی لاواندەوە و چلورە و بەسـتەڵەکی ناهومێـدی تاوانـدەوە و لـە نـاو هاوسـالآن و هاومالآنی خۆیدا ڕاینا و لە لای سـەرووی ئەوانـەوە داینـا و فەرمانیـشی بـۆ مـحەمەدپاشابیغلووی میـری میـرانی مەرعیش دەرکرد کـە ڕەگـەڵ پیـرحوسێنێ کـەوێ و ولآتـی چەمـشکەزەکی بـۆ لـە قزڵباشان بسێننەوە و بە میـرایەتی میـراتی باب و باپیـرانی دایـمەزرێننەوە. بـەلآم پیـرحوسێن لـە سەر ئەوەیش ڕانەوەستا کە لەشکری مـحەمەد پاشای بگاتێ هەر قەوم و قیلەی خـۆی کـۆ کـردەوە و هێرشی بردەسەر نوورعەلی خەلیفە. نوورعەلیش بە لەشکرەوە هاتە پێشی و لە تاکرییلاغیـدا تووشـی یەك هاتن و پێکداهاتن. کوڕە کوردی بە گوڕی دڵپڕی تینـوو بـە خـوێنی داگیـرکەران، وەك بـەرانی شەڕانی هەڵیان کردەعەجەمە سەرسووری ئێرانی و کۆڕی شەڕیان لێ گەرم کردن و سەری ڕەقیـان نـەرم کردن و شەرگەیان لێ پڕ تەرم کردن و ئەو باز و سـەقرانە هـەر قزڵباشـێکیان وە بـەر دەهـات لـووری دەبوونێ و تێی ڕۆ دەهـاتن و چـەرمیان بـە بـەرەوە نەدەهێـشت و زۆری نەخایانـد سـەری نوورعـەلی خەلیفەی بێ شەرموشوورە- بە کلآوی سوورەوە- بە سەرنێزەی کوردێکەوە قیت هەڵتـروشکا و چـاوی پیس و سیسی برپیبووە جوری سەربڕان و زگدڕانی هاودەمـە عەجەمـەکانی خزمـی و لـە لاك و لاشـی قزڵباشی نزمی هەڵدەڕوانی.

پیـرحوسێن بەگ گولزاری کوردەواری لە بەشەکەی خۆیدا بژارکرد و دوژمـنی هـەڵوەژارد و تـاوانی ڕۆژانی داگیـرکرانی دەقات پێ بژاردەوە و کلآوی فەرمانڕەوایی بە لاتیلاگی سەریەوە نـاو سـی سـاڵی تەواو بە کامەرانی ڕاببوارد و ئەوسا گیانی بە بینایی چاوان سپارد.

شازدەکوڕی هەبوون: خالید بەگ، مـحەمەدی بەگ، ڕوستەم بەگ، یوسف بـەگ، پیلەتـەن بـەگ، کەیقوباد بەگ، بەهلول بەگ، موحسیـن بەگ، یاقووب بەگ، فەرۆخشاد بەگ، عەلی بـەگ، گـولآوی بەگ، کەیـخوسرەو بەگ، کەیکاوس بەگ، پەرویز بەگ، یەلـمان بەگ.

لە پاش مردنی باو، برایان تەباییان لە بیـر برد و بەو ئامۆژگاریەیان نەکرد کە گوتوویانە:

یەك موو دەپسێ، بەڵام بە دەستە بیهۆنەوە فیـــلی پێوە بەستـــە

تەنیا لە سەر ئەوە پێك هاتبوون کە هەرگیز پێك نەیەن و لە بەر یەك بڵاو بوون و هـەر کەسـە لـە بەر خۆیەوە ڕووی کردەئاستانەی سوڵتان سولەیـمان و پێشنیاریان کرد کـە لـە وڵاتـی چەمـشکەزەکدا هەرچی تۆزێك بە کار دێ، وەك سەرانە و باجی فەلەکان و پووشانەی ئاژەڵ و چەند گوند و ناوچـەیەکی وا کە دەشێن بکەونە سەر بەشەمولکی پادشایی، ئەوە هەمووی بۆ سوڵتان بێ و ئـەوی بـە ئـەیاغیش دەمێنێتەوە بکرێتە دوو سنجەق و چاردەزەعامەت و تیمار. لە سەر داخوازی خۆیان فەرمانی پیـرۆزی سوڵتانیش دەرچوو کە ئاواتیان پێـك بێـنن و هەرچـی لـە بەشـی سـوڵتان دەمێنێتـەوە -وەك خۆیـان ویستوویانە- پارچە- پارچە بکرێ و بە ناویاندا بەش بکرێ. مەرجیش ئەوە بێ کەسـیان بەشـی خـۆی نەدا بە بێگانە و هەر لە ناو تۆرەمەی پیـرحوسێندا دەستاودەست بکـا و ناشـبێ تـازە هـەرگیز هـیچ کامێك لەو خانەدانە داوای هیچ شتیتر لە دەوڵەت بکا.

باسی ئەو چواردەبرایە و ناوچەکانی بەردەستیان، بەم جۆرەیە:

دەستەی یەکەم

فەرمانڕەوایانی مجەنکورد

ناوچەی مـجەنکورد لە سەر فەرمانی سوڵتان سولەیـمانخان بـە سـنجەق درا بـە مـحەمەدی بـەگ، کوڕەگەورەی پیـرحوسێن بەگ. ساڵێك مەزنایەتی کرد و مرد و چوار نێرینەی هەبوون زۆر منداڵ بوون؛ کاروباریان بۆ هەڵنەدەسووڕا. لە دیوانی پادشاوە، سنجەقەکە درا بە فەرۆخشاد بەگی برای. لـە پـاش چەند ساڵێك براکانی -کە ئێرەیان پێ دەبرد- بۆیان تێچاند کـە لـە داهـاتی پادشـای دزیـوە و ئەمـە گەیشتەوە بەر پێچکی تەختی پڕ لە دادی سوڵتانی و بە فەرمانی سوڵتان لـە سـەریاندا. ئـەویش دوو کوڕی لە پاش مان. خەلیل بەگ و حوسێن بەگ.

لە سنجەقی مـجەنکورد زەعامەتێك جوێ کرایەوە و درا بەو دوو کوڕانە و سـنجەقەکەش درا بـە قاسم بەگی برای سەنان پاشای هەرنەهووتی، میـری میـرانی ئەرزەڕۆم.

چوار کوڕەکانی مـحەمەد بەگیشیان دامەزراندن و بژیوێکیان بۆ دیاری کردن. لە دواییـدا ڕوسـتەم بەگی پەرتك بە تکاکاری خۆی گەیاندەلای سوڵتان سولەیـمانخان و پێی گوت: ئەگەر فەرۆخشاد بـەگ کاری ناشایستی کردووە بە سزای خۆی گەیشتووە. ئەو منداڵە سەروپێچکانە گوناهیان چ بوو؟ ئێـستا پاڕانەوەم لە دەرگانەی پیـرۆزت ئەوەیە وەك خۆت مەرجت داناوە کە نابێ ئەو وڵاتە بدرێ بە بێگانـە، با مـجەنکورد بدرێ بە پیلەتەنی کوڕی مـحەمەد بەگ. لەو دەمەشدا پیلەتن دەگەڵ سەردار مـستەفا پادشاچووبووە سەفەری شیـروان. سوڵتان لە سەر تکای ڕوستەم بەگ مـجەنکوردی دایەوە و فـەرمانی بۆ دەرکرد.

کە لە سەفەرەکە گەڕایەوە، ئیزنی هاتنەوەی خواست و بـەرەو مـجەنکورد دەهـات، گەیـشتبووە ناوچەی تورجان، پێمیـردی خوای گەیشتە سـەر و گیـانی دەتـووری ڕابـردووان هاویـشت و نەیهێـشت میـرایەتی بە خۆیەوە ببینێ. ئەویش چـوار کـوڕی هـەبوون: عـەلی بـەگ، جیهانگیـر، عوسـمان، کەڵەحەمەد بەگ.

لە سەر فەرمانی بـەرزی سـوڵتانی خـاوەن شـکۆ (مرادخـان) مـستەفاپاشای سـەردار، سـنجەقی

مـجەنکوردی دابە عەلی بەگی کورە گەورەی. براکانی دیکەش هەر یەکە مووچەیەکیان بـۆ بڕایـەوە و کارێکیان بۆ دۆزرایەوە.

عەلی بەگ چەند ڕۆژێك بە سەر مـجەنکوردیٚ ڕاگەیشت و مردنی پـیٚ گەیـشت و دنیـای پـڕ لـە گیـرە و نیـرەی پیٚ بەجیٚ هێشت. سیٚ کوڕی بوون: حەیدەر بەگ، ئەڵلاوێردی، پیلەتەن.

لە دیوانی سوڵتان مرادخانەوە حەیدەر بەگی کوڕە گەورەی بۆ سەر سنجەقەکە دیاری کرا؛ بەڵام بەر لەوە تامی بکا، مەرگی بە دیاری بۆ هات و بە گۆڕیچەیان ئەسپارد.

سنجەقی مـجەنکورد بە میـرات بە ئـەڵلاوێردی بـڕا و ئێـستا کـە سـاڵی (١٠٠٥ك)یـە و ڕۆژی دووشەمـــە و هەژدەی مانگی ڕەمەزانە، سنجەقی مـجەنکوردی بە دەستەوەیە.

دەستەی دووەم

فەرمانڕەوایانی پەرتک

وەك باسمان کرد لە پاش پیرحوسێن بەگ وڵاتی چەمشکەزەك دەناو کوڕەکانیدا دابەشکرا. ناوچەی پەرتك لەو بەشبەشەدا بەر ڕوستەم بەگی کوڕی دووەمی پیرحوسێن کەوت. ماوەیەك لە سەر فەرمانی دیوان بە سەری ڕاگەیشت و ڕوستەمی مەرگی تووش هات و کەمەندی لێ هاڵاند و لە گۆڕستانی توند کرد و سێ کوڕی لە پاش بەجێ ما: بایسنقوڕ، محەمەدی، عەلی.

باوك بایسنقوڕی کردبووە جێنشین و لە پاش مردنی جێگەی گرتەوە و لە ڕاستیشدا گەورەیی هەر لەو دەوەشێتەوە. کردار باشە، ئاکار جوانە، بە قورساغ و سەنگین و گرانە؛ دەگەڵ ورد و درشت و گەورە و گچکەدا سازاوە و سەرداری بەو ڕازاوەتەوە.

لە مشوورخۆریدا بێهاوتایە و لە ئازاییدا کەس دەرۆستی نایە. لە بەخشیندا حاتەم تۆزی ناشکێنێ و لە مەیداندا ئەسفەندیار دەشکێنێ. بە زانست و کردەوە لە هونەری مۆسیقادا زۆر لە سەرە و گەلێکی ئاهەنگ و هەوای خۆش و شێعری باش لەبەرە.

پێشەنگ و ڕاوێژکەری ئامۆزایانی و هۆزەکانی چەمشکەزەکە و هەموویان بە دڵ هەر ئەویان گەرەکە و هەرگیز لە فەرمانی دەرناچن. بە هومێدم وەك باب و باپیرە گەورەکانی حکوومەتی گەورەتر دامەزرێنی و هەرگیز بۆ هیچ ئاواتێك دانەمێنێ.

دەستەی سێهەم

فەرمانڕەوایانی سوقمان

وەك لە پێشدا گوتـمان، لە زەمانی سوڵتان سولەیـمانخانی خەزاکەردا وڵاتی چەمشکەزەك کرایـە دوو سنجەق و چاردەزەعامەت. شارۆکەی چەمشکەزەك و ناوچەی سوقمان کەوتبوونە سەر موڵکی تایبەتی شاهانەوە. کەیـخوسرەو بەگ و کەیکاوس بەگ و پەرویز بەگ، کوڕانی پیـــرحوسێن بـەگ -کـە هـەر سێك لە دایکێك بوون و لە پاش بابیان سەروپێچکە بوون- شتێکی کەمیان بۆ دیـاری کرابـوو. کـاتێ پێگەیشتـن و بوونە پیاو، هەر سێکیان بۆ بەشی ڕەوای خۆیان ڕوویان کردەنەستەمبووڵ.

بەچکەشێر چنجوڕك و کەڵپی دەرکەوت، دەرچوو لە لان

ڕۆیـی ئـەو ڕۆژەی ددانی لـێ دەســـوون ورچـی تـەلان

دادی خۆیان بە -هۆی وەزیرە گەورەکان- بە گوێی پـەردەدارانی سـەردەرانەی خەلافـەت ڕازێنـەوە ڕاگەیاند و ئەوانیش بە دانیشتوانی لەمپەری دستوور پتەویان گەیاند. لە دەریای بـێ کـەناری بـەزەیی پادشاهانە و چاکەی بێ سنووری سوڵتانانەوە، ناوچەی سوقمان -کە ببووە مـوڵکی تایبـەتی پیـــرۆزی پادشا- بە ناوی سنجەق بە کەیـخوسرەو بەگ بەخشرا و بە مۆری ودم زۆری پادشایانەش نەخـشی بـۆ لێدرا و براکانیشی هەر یەکی زەعامەتێکیان پێدرا.

کەیـخوسرەو بەگ ماوەیەك بە کامەرانی گوزەرانی کرد و لە پاش ئەوە، گیـانی بەهەشـتخـوازی، ئاوازی نیازی خۆی بە هۆی فرشتەکانی سەر شانیەوە بە ئاســـمان گەیانـد و عاســـمانـنـشینانیش بـە عیزرایلیان ڕاگەیاند و ئەویش لە کەیـخوسرەو بەگی ئەستاند و بۆ بەهەشتی ڕەتاند.

بە ڕەگ کوتان و بڵندی مـــەنازە! بای مـــردن   لە تۆ بەرزتری هەڵکەند، کە هاتە هەڵکردن

سێ کوڕی لە پاش بەجێ مان: ساڵح بەگ، قاسم بەگ، عومەر بەگ.

ساڵح بەگ کرا بە جێنشینی باوك. قاسـمیان پیاوێکی شێتۆکە و گەللایی بوو؛ سەری لە کاروباری دنیایی دەرنەدەچوو؛ ژیانێکی دەروێشی ڕەچاو کرد و بە گۆشەنشینی دەژیا.

عومەر بەگ ڕکونی و خۆپەرست بوو؛ چاوی بڕیبووە جێگای برای و لێی دەخەفتا. ڕۆژێك هەلی دەست خست و هەڵیکوتا سەر و کوشتی و لە جێگەی ئەو خۆی کردەمەزنی وڵات. بەوەندەشەوە نەوەستا؛ مرخی لە براژنە بێوەژنەکەشی خۆش کرد کە بیخوازێ و دارایی و کەلەپووری برا کوژراوەکەشی دەست کەوێ؛ ناردیە خوازبێنی. ژنە دەیزانی پرسەگورگانەی پێ دەکەن؛ دەنا خۆشیبێ و ناخۆشیبێ هەر داگیر دەکرێ. ملی داو لە ژێریشەوە کەوتە سەر ئەو بیرە کە تۆڵەی خوێنی مێردی خۆی لەو دامێنتەڕ و سەروشك و نامەردەبکاتەوە. ئەو شێرەژنە پلانی خۆی لە لای هێندێك لە نۆکەرانی ڕازپۆش و ئەمەگداری سالح بەگ درکاند و ئەوانیش بە گیان و دڵ ئامادەی یاریدەدانی بوون. بڕیار وا درا شەوی بووکێنی، ئەوانە لە سەر هەست بن؛ هەر کاتێ زاوا دەچێتە پەردەوە، لێی ڕاپەڕن و کاری ببینن.

شەوی بووك گوێزانەوە، عومەری زاوا بە هەزار نیاز و نازەوە و بە فیز و شانازی و لووتبەرزیەوە، ڕووی کردەپەردەی بووکی تازەوە. کوڕگەلی بەهێزوگور و شێردڕ، لە بۆسە دەرپەڕین و بەر خەنجەریان داو کاسەلکەی سەری گلاویان لە خەیاڵ پلاو بەتاڵ کرد و خەنجەریان بە خوێنی پیسی مشت و ماڵ کرد و هەقی تاوانەکەیان نایە مشتەوە و کە خوێنی برای ڕشتبوو، خوێنیان ڕشتەوە.

سالح بەگ سێ کوڕی لە پاش بەجێ مابوون: کەیخوسرەو بەگ، مەحموود بەگ، محەمەد بەگ. ئەو شازنە بە ناموس و خاوەن ئابڕووە، کەیخوسرەو بەگی کوڕەگەورەی خۆی هەڵگرت و ڕەوانەی ئاستانەی سوڵتان مرادخان بوو. ئەو کارەساتەی بە سەری هاتبوو -بە هۆی وەزیرە گەورەکانەوە- بە جێگەی ڕانانی پەردەی بارەگای عەرشاسایی سوڵتان گەیاند. لە بەزیی بێ کەمایەسی پادشاهانەوە سنجەقی باوك درا بە کوڕ و نیشانەی پادشاشی پێ بەخشرا و بە ئارەزووی دڵ گەڕایەوە.

ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥.ك یە، کەیخوسرەو بەگ بە بێکێشە و دەردەسەری سەرداری ناوچەی سوقمانە.

بەسەرهاتی کوڕەکانی دیکەی پیرحوسێن بەگیش بەم جۆرەی خوارەوەیە:

یەکەم یوسف بەگ؛ لە بەش بەشێنەکەدا ساڵانە حەفتا هەزار ئاقچەی بۆ بڕایەوە. کە مرد چونکە نێرینەی لێ نەکەوتەوە، ئەو دراوە بە زولفەقار و مستەفا و زۆرابی ئیبنولقاس دەگەیشت؛ کە هەر

سێکیان کوڕی مـحەمەد بەگ بوون.

دووەم موحسیـن بەگ؛ حەفتاهەزار ئاقچەی بۆ بڕابۆوە و لە پـاش خـۆی کوڕەکـانی -کـە بـرایم و جەعفەر و شێخ حەسەن و مراد بەگ و ئەیبە سوڵتان بوون- لە ناو خۆیاندا بەشیان دەکرد.

سێهەم یاقووب بەگ؛ چلهەزار ئاقچەی بەرات بوو. لەپاش خـۆی سـێ کوڕەکـانی -کـە فـەڕوخ و دوندار و بابر بەگ بوون- وەریان دەگرت.

چوارەم کەیقوباد بـەگ؛ سـالآنە پەنـجاهەزار ئاقـچەیان بـۆ بڕیـەوە؛ بـەڵام ئـەو حیزەبـــخۆیی و سەرشۆڕیەی بە دڵ نەبوو؛ وڵات و دراوی بۆ برایانی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندەیەمەن. لـەوێش زۆری خزمەت بە دەوڵەت کرد. بە هیوای مەزنایەتی وڵاتی چەمشکەزەك، هاتەوە ئەستەنبووڵ و لـەوێ خـوا بۆ خۆی بردەوە. چوار کوڕی هەبوون حوسێن بەگ و مەسیح و زاهید و ئیسلام بەگ.

پێنجەم کەیکاوس بەگ؛ بە مووچەیەکی زۆرکەم داسەکنابوو. کە مرد، دەیاندا بە مەنسوور بـەگی کوڕی.

شەشەم پەروێز بەگ؛ زەعامەتەکەی لە پاش مردنی درا بە حەیدەر بەگی کوڕی.

حەوتەم باڵوڵ بەگ؛ چلهەزار ئاقچەی جیـرە بوو. دوای خۆی درا بە مـحەمەد بەگی کـوڕی و کـە ئەویش نەما، کوڕەکانی -ئەلوەند و ئەروەج و ئەحـمەد- لە خۆیان بەش دەکرد.

هەشتەم گوڵاوی بەگ؛ بەشەکەی چلهـەزار ئاقـچە بـوو. دەگـەڵ مـستەفا پاشـای سـەردار چـووە شیـروانات و لە شەڕەکەی چاڵدیراندا، دەگەڵ زۆر لە پیاوەگەورەکانی کوردستاندا ئەویش سـەری تێـدا چوو. پشکی ئەو، مـحەمەد بەگی کوڕی وەری دەگرت. کە ئەویش مرد، درا بە عەلیخانی کوڕەزای.

نۆیەم یەلـمان بەگ؛ بە بیستهەزار ئاقچە ڕازی کراوە و خوا تەمـەنی زۆری پێـداوە و ئێـستا کـە (١٠٠٥ك)یە، هەر ماوە.

بەندی دووەم

فەرمانڕەوایانی مەرداسی

ئەویش دەبنە سێ دەستە

کۆنە پیاوانی پسپۆر و لێزانـی ڕاسـت و چـەوتی ڕووداوان، بـە بـنج و بنـاوانی ڕابردووانـی خانەدانـە ئاوەدانەکاندا ڕۆیشتوون و بۆیان ڕوون بۆتەوە کە ڕەگەزی سـەرۆکەکـانی هـۆزی گـەڕناس و سەرناسـی مەرداسی، بە زنـجیرەی کوڕانی ئیمام عەباسی مـامی پێغەمبـەری خـواوە لکـاوە و چۆرچـۆڕەی ئـەم پاشاوە لەو سەرچاوە بەهەشتیەوە داتکاوە.

یەکەم هەڵکەوتەیان پیـرمەنسوور کوڕی سەیدحەسەنەشەلە بووە. پیاوێکی دوورەدنیا و خواپەرست و خۆپـارێز بـووە و جـار و بـارە -بـە گوێـچکەی دڵـی- ڕازی نادیـاری و بـەرپیواری بیـستووە. ڕەسەننامەیێکیان بە دەسـتەوەیە بـە حەڤدەپـشت دەیانباتـەوە سـەر عـەلی کـوڕی عەبـدوڵڵا کـوڕی عەبباسی خوالێخۆشبوو.

پیـرمەنسوور دەپێشدا لە لای هەکاری دەژیا؛ لەوێوە باری کرد و هاتە ئەگیل لـە دەوروبـەری دژی ئەگیلدا، لە گوندی پیـران گیـرساوە؛ دەروێش دانێکی بنیات ناو دەسـتی کـرد بـە دەروێـش گـرتن و شێخایەتی کردن.

شەو و ڕۆژ لە سەر دووگرد لا نەدەکەوت؛ کەمی دەخوارد و کەمتـر دەخەوت و دنەی خەڵکی دەدا کە لە گوناه دوور و لە خوا نزیك بن. تا وای لێهات هەموو خەڵکی وڵاتەکەی کەمەندگیـری پیـرکرد و بوونە تۆبەکار و خزمەتکاری.

کاتێ پیـرمەنسووری پیـرۆز دنیای بێپیـری دایە پشتەوە و چوو بە لای حۆریـەکانی بەهەشـتەوە، پیـرمووسای جگەرگۆشەی، شوێنەواری لە بیـر نەبردەوە؛ خانەقایەکی سۆفـی بەندیشی لە گوندەکـەدا ئیجادکرد و نامەخوا خواپەرستی دووچەندانی زیاد کرد. ئەوەندەی بە پـرچ و ڕیـش لـێ هـاڵان کـەڵی کۆتانیشی بە موو دەبەستەوە. زۆربەی هەرەزۆری هۆز و تیـرەکانی مەرداسی دەستیان گڵاو کرد و بـە

پیـری دەستگیـری خۆیان ناسی.

ناوبانگی پیاوچاکی و دەست و داوێنپاکی ئەو پیاوە بیّفیز و خاکیە، کـەژ و چـیا و دەشـتەکانی، کاکی بە کاکی داگرت و لە هەموو لایەکەوە هەروا بـۆرەپیـاو و خـاوەن نـاو و نێـر و مـێ بـوون وەك شارەمێـروو ڕچەیان دەبەست و دەهاتن و تۆبەیان لە سەر دەستی دەکرد و نوشتەیان بە موفەڕك دەبرد.

کاتێ پیـرمووساش ناهۆی مەرگی پێوە نووسا و تیـرێژی ودمی لەو دنیـای نـەمردا چرووسـایەوە، کوڕی وەك دوڕی -کە ناوی پیـرەبەدر بوو- بەو پەڕی ڕێز و قەدرەوە لە سەر کەوڵ و پۆستی خودادۆستی جێگیـر بوو.

پیـرەبەدر لە باب و باپیـرانی خۆشی تێپەڕاند و سەرەوبەرەی زۆری بەو پیشە بـەهرەدارەی خۆیـدا و بیـری لیّکردەوە کە دەروێـشدانەکـەی بکـا بـە دیوەخـانی سـەرداری و سۆفـی بەندەکـەی جێگـەی گیـروبەندی خونکاری بێ و واز لەمانیش نەهێنێ و مەزنایەتی دووسەرە دامەزرێنێ.

دەروێش و دێوانەی دەنگدان و سۆفـی و موریدی بۆ جـەنگ سـازدان و بـە زۆری زۆرداری دژداری ئەگیلی دەرپەڕاند و لە گۆشەگیـریەوە بوو بە قەڵاگیـر و بەرماڵی شەوبێداری لە سەر تەختی خونکاری ڕاخست و کەوڵ و پۆستی دەروێشی لە سەر قاڵی و لاکێشی قەڵای ئەگیل داخست. دژی ئەگیل دژێکی فریە سەخت و دژوارە؛ بە لاشاخێکی ڕژد و هەزار بە هەزارەوە هەڵخراوەتەوە. ئەو لاشاخە ئەوەندەخوار بۆتەوە پیاو لە تێهەڵڕوانینی زەندەقی دەچێ و هێندەبەسامە ئەوی تـماشای بکا مـچوڕکی بـە لەشـدا دێت.

دەماودەم دەگێڕنەوە و دەڵێن جارێك پیـرێکی سەر بەرماڵ بە لای ئـەو قەدپاڵـەدا ڕابـردووە و بـە زمانی تورکی دەو چیایەی ڕاخوڕیوە و لە توانای خوداوە ئەو لاشاخە بەرەو پیـرە تورکە چەمیوەتەوە و تازە خۆی بە ڕاستی نەدیوەتەوە. ئەمەش خودا دەیزانێ. ئەو هۆزەی کە لە ناو دژ و وڵاتەکـەدا دەژیـن بە مەرداسی ناودەبرێن.

مەرداس کوڕی ئیدریس کوڕی نەسیـر کوڕی نەسر کوڕی جەمیل، مەزنی هۆزی بەنی کلاب[1] بـووە و لە پێشدا لە دەوروبەری حەڵەب ژیاون؛ کە ئەوسـا حەڵـەب دەبـەر دەسـتی پادشـایانی ئیـسماعیلی

١- واتا: بەرەی سەگەل.

میسردا بووە. ئەمیرانی میسر خۆبەخۆ بە شەڕ هاتوون و دانیشتووانی وڵاتیش تێوە گلاون و تووشی گێرە و قەرقەش کراون. ساڵح کوڕی مەرداس کوڕی ئیدریس، کێسی لەو دووبەرەکایەتیە هێناوە و دەوری قەڵای داوە و تەنگی بە دژداران هەڵچنیوە و قەڵاکەی گرتووە. کە ئەو دەنگ و باسە گەیشتەوە میسر، زاهید کوڕی حاکم٢ی ئیسماعیلی لەشکری ناردەسەر و لە ساڵی٤٢٠.ك (١٠٢٩.ز)دا خۆی و کوڕەکەیان کوشت. ئیتر هۆزەکانی ئاوارە بوون و لە لای ئەگیل گیرسانەوە.

پوختەی وتار، پیر بەدر کە بە یاریدەو کۆمەگی هۆزی مەرداسی، قەڵا و مەڵبەندی ئەگیلی خستە ژێر چۆکی خۆیەوە، ماوەیەك فەرمانڕەوایی کرد و چیدی نەیدایە سەرشۆڕیی باب و باپیرانی.

یەك لە پادشایانی سەلجۆقی[1] چاوی بڕیە وەڵاتەکەی و قەڵاکەی لە دەست دەرهێنا و بە ناچاری هەڵات و لە مەبەستی دواییدا ڕوونی دەکەینەوە کە چی بەسەرهات.

١- ڕەنگە تەتش کوڕی ئەلپئەرسەلان بێت کە لە ساڵی ٤٧٨ ڕا تا برانەوەی ٤٨٨ پادشایەتی کردووە. جەمیل

دەستەی یەکەم

فەرمانڕەوایانی ئەگیل

کە بە بڵدوقانی بەناوبانگن

نووسەری ئەم رووپەڕانە لە باوەڕ پێکراوانیەوە بیستووە کە ناوی بڵدوقانی چۆن پەیدا بووە: دوای ئـەوە پیـر بەدر لە بەر دوژمن هەڵاتووە، پەنای بە میافارقین بردووە و لە لای میرحوسامەدین حاواوەتـەوە و لە دواییدا شەڕێك لە نێوان حوسامەدین و میـرئارتقدا[1] ڕووی داوە، پیـر بەدر لەو شەڕەدا کوژراوە.

پوختەی مەبەست ئەوەیە میـرئەرتق بە فەرمانی ئەلپئەرسـەلان هاتـە سـەر میافـارقین و دەوری قەڵای داو دژدارانی خستە تەنگانەوە و لە جەنگەی تیـرەبارانێکدا، پەیکانێك میرحوسامەدینی پێکـا و تێکیەوە گلاند و گیانی لێ‌ساند.

بە کوژرانی سەردار، دژداران خۆیان بێ‌سەر دیتەوە و بێ‌سەرە و بەرەیی ڕووی تێکردن و دێوەزمـەی دڵساردی خۆی لێکردن و ڕۆژبەڕۆژ لە کزی و کەنەفتیاندا و ئەمیرئەرتەق لە نیوەشـەوێکدا هێرشـێکی توند و تیژی بردنی و خۆی دەنا و ڕاکردن و مردن وەبرە و کەوت و بە شیـر و نێـزە دەناویـان کـەوت و قەڵت و بڕی تێخستــن و کەسیان نەخەلستــن و پیـر بەدریش یەك لەو سەرپەڕاوانە بوو.

لە بنەماڵەی پیـرانی مەرداسی، تەنیا پیـرەکی ئاوسی پیـر بەدر لە کوشتـن خەلەست و بە دزیەوە خزیە قوژبنێکەوە و خۆی لە دژمن دزیەوە. ئیتـر هەمـوو هومێد و هیوای هۆزی مەرداسی ئەو گەرایە بوو کە لەو زگەدا گۆڕا بوو. گەورە و گچکەیان دەست بە دوعـا و دەم بە نزا بوون کە خودا نێرینەیان بۆ بنێری و دوارۆژیان بەو بسپێری و بێ‌سەر و سەروەر نەمێننەوە.

هەموو ڕۆژێ دوو جاران، بوومەلێڵەی بەیانی و سەرلەنگۆرەی ئێواران، ڕیشچەرمووانی مەرداسـی

---

[1] - میـر ئارتق لە لایەن ئەلپ ئەرسەلانی سەلـجوقیەوە بە سەر ماردین و دیاریەکر ڕادەگەیشت. نەوەی ئەو ئارتقە لـە دواییدا هەتا حەڵەب و بەغدایان لە بەردەستا بـووە و حـەوت کـەس لـەو ماڵـە سـەریان بـە پادشـایەتی گەیـشتووە. مێژوونوسان ئەوانیشیان هەر لە ڕەسەنی سەلـجووقی حیساب کردووە. دوامیــن کەسیان مەلیك ناسرە کە لە ڕۆژگـاری ئاقۆیێنلوودا بە دەستی حەسەن بەگی بایەندوری بەکوشت چووە و بە نەمانی ناسر، دەوڵەتی ئارتق لە بەین چووە.

لە دەوری کولێتی ژن بیەکە کۆ دەبوون و باس و خواسی پیرە عەزیزەکەیان لێ دەپرسی؛ تا ڕۆژێك کە قەیران بەسەر چوو، ژن ژانی هاتی و کەوتە زەیستانیەوە.

حەشاماتێکی زۆر لە دەوری کۆخەکە ئاپۆرەیان داو بە تاسەوە دڵ لە مست و لەسەر هەست وێستابوون و گوێقولاغی موژدەیەکی خۆش بوون. یەکێ کەلە هەمووان پاپاتر و کوڕخواتربوو گوڕی بەستە ژوورەوە و بە مزگێنی کوڕەوە هاتە دەر و بۆ ئەوە هەموو کەس تێنەگا کە چی دەباران دایە، بە تورکی گوتی بولدوق واتا: پەیدامان کرد.

ئیتر لە خۆشی ئەو مژدەخۆشەوە، ناوی بولدوقیان دابە میری دوارۆژ و هەرچی لەویش کەوتوونەوە بە بولدوقانی ناسراون.

یەکێ ڕیشسپی بۆی دەگێڕامەوە	کە ساڵێك لە ساڵان لە لای شامەوە
ژنێك زگپڕ و بێکەس و بێپەسیو	پەنای بردە وێرانەیەك بێ بژیو
کوڕی هانی، بێچارە سەیری نەکرد	لە تاوی کوڕی مرد و زۆری نەبرد
ئیتر نەیدەزانی خودا ڕۆژی خۆی	چەنێ گەورەیی و ڕۆزی داناوە بۆی
ئەوەند گەوهەر و گەنجی دینێتە چەنگ	کە دەرچێ لە پێوان و هەژمار و سەنگ

کە ئەمیربولدوق هاتە دنیاوە، دایك لە سەر زەیستانی مرد و دنیای بەجێ هێشت. هۆزی مەرداسی کوڕیان برد و زۆر بە دڵ و داو بەخێویان کرد. کوڕێك ڕۆژەی دوو ڕۆژە بوو. وەك نۆنەمامێکی شۆخ و شەنگ و چەلەنگ هەڵیدا و پێگەیشت و داوی خاوی هەڕەتی شلکی گشت کردەوە و بوو بە لاوێك وە بەر هەموو دڵ و چاوێك دەکەوت و لە گشت کردەوەدا پیاوی تەواو بوو. هۆزی مەرداسی بە دەستیگەل دەستیان گرت و لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی ئەگیلیان ڕۆنیشاند و بە ئاواتی دێرینی خۆیان گەیشتن.

ئەمیربولدوق لە دادگەریدا دادی سەروری داو ڕایەخی دڵنیایی لە ژێر هەموو ژێر دەستانیدا ڕاخست و دەرگای ترس و ناهەمواری بە حەوگۆڵە و کلیلان داخست. چاکەی هۆزی ئەمەگداری، گوێل بە بار و لاوێچ بە تەغار دایەوە و هەمووی لە ژێر سایەی ئەو خونکارەدا حەسایەوە.

تا چەند ساڵێك بە شانازی و سەرفرازی فەرمانڕەوایی کرد و ئەوسا ماڵاوایی لە ژیان خواست و

ڕاستەڕێی مەرگی گرتە بەر و لاشی لە باوەشی دایکی خاکا خەوت و گیانی پاکی بەرەو بەهەشتێ سەرکەوت. ئەوسا فرزەندی دڵبەندی:

میرئیبراهیم کوڕی میربولڵدوق

کرا بە جێنشین و ئەویش وەك باوکە هێژاکەی دەرگای چاکەی بە ڕووی خەڵکدا کردەوە و لە داد و بەخشندەییدا گرۆی لە زۆران بردەوە. بەڵام هێمان جێگەی خۆی تەواو گەرم دانەهێنا بوو کە سێ بەردەی نایە مست بووکی ناو پەردەی دنیاداریەوە و کۆچی یەکجاری کرد.

میرمحەمەد کوڕی ئیبراهیم

لە شوێن باوکی کرا بە میر وئەویش زۆر بە سەرداری نەمایەوە و بە سەر دارەبازی مەرگەوە نیشتەوە و سێ شیرین کوڕی لە جێگەی خۆی هێشتەوە: ئەمیرعیسا و ئەمیرتەیموورتاش و ئەمیرحوسێن.

میرعیسا لە پاش بابی کرا بە فەرمانڕەوای ئەگیل. تەیموورتاش لە ڕۆژگاری باوکیدا بە سەر قەڵا و ناوچەی باغن ڕادەگەیشت. میرەکانی پالەو لە ئەمیرتەیموورتاشەوە کەوەتوونەوە؛ کە لە لیزگەی لکی دووەمدا ئەوانیش دەهۆنینەوە.

میرحوسێن بە زیندی سەری باوی قەڵای بردنج و ناوچەی چەرموگی بە دەستەوە بوو. هێندێك لایان وایە میرحوسێن خزمی میرمحەمەدەو کوڕی نیە و لە بەر خزمایەتی، ئەو مولکانەی دابوویە. خوا حەز کا لە لکی سێهەمدا دەربارەی میرحوسێن و کوڕانیشیەوە دەدوێم.

میرعیسا کوڕی میرمحەمەد

لە جێی بابی کرا بە میری ئەگیل. دەگەڵ براکانیدا زۆر یەکدڵ و تەبا بوون و ڕەشایی و سوپایی لە ڕۆژگاری ئەودا لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بوون. لە دوای ئەوە کە سوپای مەرگ بە سەری دادا و لە ڕەشایی گۆڕیچەدا جێی بۆ کرایەوە. کوڕەکەی:

دەوڵەتشابەگ

بە دەوڵەتی بابی شابوو. ماوەیەك بە شادی ڕایبوارد و شای مردن بە سەری کردەوە و بۆ دەوڵەتی خۆی بردەوە و میرعیسای کوڕی جێگەی گرتەوە.

میرعیسا

بۆ چاکە و مەردایەتی، چاکی مەردانەی بە لادا کرد و لە ڕۆژگاری ئەودا ئاوەدانی و خۆشی هەمووانی، بە سەر ئەو ولاتەدا باڵی کێشاو کە ئەویش سێبەری لە سەر زەوی نەما دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: ئەسفەندیار و شامحەمەد.

شامحەمەد بەگ کوڕی میرعیسا

بەڕێهاتوویی کرایە جێنشینی باوکی و زۆری نەبرد کۆچی دوایی کرد و پێنج کوڕی لە دوا مان: قاسم بەگ، عیسا بەگ، مەنسوور بەگ، ئیسفەهان بەگ، میران بەگ.

قاسم بەگ

پیاوێکی ژیر و پیتۆڵ و توند و تۆڵ و مەرد و ڕەند و هونەرمەند بوو. بۆ مشوورخۆری و ئاوەز زۆری شۆڕەسواری مەیدان بووە و لە هەموو لایەکەوە دەستنیشان کراوە. لە ڕۆژگاری پادشایانی ئاققۆینلوودا زۆر لەڕوو بووە. بەخێو کردنی کوڕە پادشایەکی پێ سپێراوە و لەو ساوە ناوی لەلەقاسمی بە سەردا براوە.[1]

سالی ۹۱۳.ك (۱۵۰۷.ز) کە شائیسماعیلی سەفەوی دیاربەکری گرت، لەلە قاسم لایی کرد و نەهاتە لای. شابەوە زۆر قوشقی ببوو؛ لەشکرێکی بە سەرکردایەتی خانمحەمەدی ئیستاجلوو ناردەسەر ئەگیل و گرتیان و لەلە قاسمیان لێ دەرپەڕاند و کابرایەکی قزڵباشیان لە سەر کردەگزیر و سورباش، کە ناوی مەنسوور بەگ بوو.

ئەگیل حەوسالَ بە دەست قزڵباشەوە بوو. لە دوای شەڕی چالدیران -بە کۆمەگی سوڵتان سەلیمخان- لەلە قاسم ئەگیلی ساندەوە و خۆی لێ دامەزراندەوە. دەشڵێن لە وەختێکدا کە دیاربەکر بە دەست قەرەخانەوە بووە[2]، لەلە قاسم بە فێڵێك دەستی بڕیوە و دیاربەکری لە دەست قزڵباش دەرهێناوە

١- ناوی نەهێناوە بەڵام دەبێ یاقووب کوڕی حەسەنیدرێژ بێ. جەمیل

٢- قەرەخان برای محەمەدخان ئیستاجلوو، لە ئەمیرەکانی قزڵباش بووە. جەمیل

و داویەتە دەست مـحەمەد پاشای میـری میرانی دیاربەکر.[1]

لە لای عوسـمانیانیش لەلەقاسم زۆر لەپێش بووە. زۆر بە خۆشی ژیانی ڕابواردووە و کە گیانی بـە خوا سپاردووە، هیچ نێرینەی لە پاش بەجێ نەماوە و مەزنایەتیەکە بە مراد بەگی برازای دراوە.

مراد بەگ کوری عیسا بەگ

بە ڕاسپێری مامی و بە فەرمانی سوڵتان سولەیمانخان، کـرا بـە فـەرمانڕەوای ئـەگیل. مـراد بـەگ پیاوێکی بەدەستودڵ و خواپەرست و گەلدۆست بووە. مردن و پرسینەوەی لـە بیـر نـەکردووە و دڵـی هەموو کەسی ڕاگرتـووە. گومبـەزێکی تـەرز و بـەرزی بـە سـەر گۆڕخانـەی قاسم بـەگی مامیـەوە هەڵخستەوە. غەوارەخانەیەکی بۆ ئاوارە و بێچاران لە نزیك گۆڕخانەکە بنیات نـاوە؛ هـەر ڕێبـوارەکی هەژار بەوێدا ڕابواردووە، لایداوە و نان و شێو و نوێن و ڕایـەخیان داوە و بـە خێـری مـامی تێروپـڕی خواردووەو شەوی تێدا ڕابواردووە. ئەو میوانـخانەی هەژارانە، قۆناغێـك لـە شـار دوورە و بـە خـانی شەڕبەتێن مەنشوورە.

چەند ساڵێك ئاوا بە پاك و خاوێنی، چـاك و داوێـنی لـە چـاکە هـەڵکرد و بـەریك و بـەرۆکی لـە پیاوێنی و پاکداوێنی ئاخنی و ئەوسا لە ئاوارەخانەی دوو دەرگانەی ئەم جیهانە بۆ پەیـمانە دەرکـەوت و لە میوانگەی ناو بەهەشتی بەریندا بە ئاوات گەیشت. دوو کوڕی لە پاش بەجێمـان: عـەلی خـان و قاسم بەگ. هەردووك برا یەك لە دو یەك کرانە میـر؛ بەڵام هیچیان تەواو تامی مەزنایەتیان نەچێشت و لە تەمەنی گوڵدا چوونە بن گڵەوە و دنیای پیـریان بە جوانی بەجێ هێشت.

قاسم بەگ دوو کوڕی بوون: جەعفەر بەگ، غەزەنفەر بەگ.

جەعفەر بەگ

هەر بە سەری شلکی سایەی باوکی لە سەر ڕەوی و سێوی بوو. بە فەرمانی سوڵتان سەلیم خان کردیانە میـری ئەگیل. ئێستا کە تاریخ ١٠٠٥ی کۆچیە، جەعفەر بەگ ماوە و ماوەی بیست و پێنج ساڵە بـە سەر ئەگیل ڕادەگا.

١- مـحەمەد پاشا بیقلوو (سـمێڵفش) لە زەمانی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا میـری میـرانی دیاربەکر بووە. جەمیل

دەستەی دووەم

فەرمانڕەوایانی پالەو

وەك دەگەڵ باس و بەسەرهاتی ئەگیلدا ڕابورد و بە وەستایی لیزگە مرواریەکەمان بە شوێن یەکدا پێوە کرد، فەرمانڕەوایانی پالەوە لەو ئەمیرتەیموورتاشەوە هاتوون کە ئەویش کوڕی میرمحەمەد کوڕی میرئیبراهیم کوڕی میربولدوق بوو.

میرتەیموورتاش لە ئاکاری باشدا بێهاوتا و لە زانابییدا زۆر بەر چاو و زۆر بەدڵ و بەرچاوفرەوان بووە و لە بەجەرگیدا ناوی لە سەرووی ناوانەوە نووسراوە و لە دلاّوایی و کاری پیاوانەدا لە پێش زۆربەی کەڵەپیاواندا باسی کراوە. لەو ساوە کە باوکی لە بەهەشتی بەریندا حەساوە و ئەم ئەسپی تۆسنی سەرداری لە ژێر ڕکێفی خۆیدا دیوە، تا ئەو کاتەی کە چاوی لە دنیا پۆشیوە، هەرگیز گەردی نەخستە سەر دڵی هەژارێك و بارێکی نەپەڕاندەسەر لێوی هیچ داماو و پەژارێك.

کاتێ چرای ژیانی لە سەر دەلاقەی جیهان بە بای مەرگ کوژاوە، تاقە کوڕێکی لە پاش بەجێ ما ناوی هەمزە بوو. هەمزەش ماوەیەك مەزنایەتی کردووە؛ کە مردووە چوار کوڕی هەبووە: حوسێن، یەغمور، عەلی و ڕوستەم.

حوسێن بەگ کوڕی میرهەمزە

لە جێگەی باوکی کرا بە فەرمانڕەوا و لەو سەردەمانەشدا -ڕۆژگاری ئاقۆینلوو بوو- هەرا و ئاژاوە کەوتە وڵاتی دیاربەکرەوە.

حوسێن بەگ بە نیازی گرتنی قەڵای ئەرغەنی، هێرشی بردەسەر تورکمانان و لە شەڕدا کوژرا. ئەم لاوە کە هێشتە لە بادەی کامەرانی چەند چۆڕێکی فڕ نەکردبوو، مەیگێڕی مەرگ پیاڵەی بۆ پڕ کرد و بەو پەیمانە سڕی کرد و گیانی شڕ کرد. چونکە نێرینەی لێ نەکەوتەوە، جەمشیدی برازای جێی گرتەوە.

جەمشید بەگ کوڕی ڕوستەم بەگ

لە ڕۆژگاری فەرمانداری حوسێن بەگدا جەمشید بەگ ببووە پیاوی خالید بەگی پازۆکی. ڕۆژێك لە جەنگەی ڕاووشکاردا، بازی خالید بەگ لە پڕ لە دەستی بازەوان فڕی و بەرەژوور چوو؛ هەر چوو لە تەشقی عاسماندا لە بەرچاو ون بوو. هەموو کەس لای وابوو تازە ئەو بازە واز لەو بازرەبوونە نانێ و ناگەڕێتەوە و لە سەر دوندی ئەستێران نەبێ نانیشێتەوە. بە سەرسووڕماوی لەو بەرزەفڕەیان دەڕوانی و هەر هێندەیان زانی باز بە تەقڵە و قەڵەمباز سەرەو نشێو هاتەوە بەرچاو و زۆر بە گوڕوتاو خۆی لوور کرد و سەری جەمشید بەگی کردەلیس و بە سەریەوە نیشتەوە.

خالید بەگ و هەوالانی -کە لەو ڕووداوە سەمەرەیان دەڕوانی- ئەوەیان بۆ جەمشید بەگ بە نیشانەی ودم زانی و هەر واش دەرچوو:

پلاری دەسی کوێرە هات و نەهات   وەدی هات ئەوی گاڵتەیەك بوو لە لات

زۆری پێ نەچوو مامی مرد و فەرمانڕەوایی پالەوی دەست کەوت.

جەمشید بەگ پیاوێکی دنیادیتە و بە گەرم و ساردی ژیان ئامێتە و خاوەن ئەزموون و بەرچاو ڕوون بوو. کاتێ کە گەورەپیاوان و خاوەن ناوانی کوردستان هەستان و چوونە ژێر سایەی ئاستانەی سوڵتان سەلیم خانەوە، ئەویش وێڕای ئەوان قوڵقەی کۆیلەیی سوڵتانی ناوبراوی بە گوێچکانەوە کرد و کۆڵوانەی فەرمانبەری بە شانەوە گرت.

بە کۆمەگی سوڵتان و بە زۆری بازوانی خۆی، هێرشی بردەسەر عەرەبشای تورکمان، کە لە لایەن ئێرانەوە بە گزیری لە سەر پالەو دانرابوو؛ پارێزگاری ئەوێی پێ سپێرابوو. چەند جارێك زۆر مەردانە دەگژ قزڵباشان ڕاچوو؛ دەستی لێ هەڵنەگرتن هەتا لە پالەوی دەرکردن و زێدی باب و باپیرانی خۆی ساندەوە و حوکمی لێ دامەزراندەوە.

چیرۆکێکی سەیر لەو ڕۆژگارەوە دەگێڕنەوە. گوایە لە شەڕێکی نێوان کورد و تورکماندا پیاوێکی جەمشید بەگ شیرێکی وەبەر سەری دەکەوێ، لایەکی قاپێلکەسەری دەپەڕێ، نیوەی مێشکی بێ سەرپۆش دەمێنێتەوە. برینپێچان تەڵەزمە کوولەکەیەکی بە لاسەریەوە دەنووسێنن و بە هەتوان و شەڵتە پنجی دەکەنەوە و لە پاش ماوەیەك کەللە و کوولەکە بەسەر یەکدا جۆش دەخۆن و درز نامێنێ

و گۆشتەزون دێنیّ و پێستی بەسەر دەکشێتەوە و بە کەللەی ئێسکی کوولەکەبەندەوە ئەوەندەژیاوە کە چەند منداڵێکی دیکەشی بەرهەم هێناوە. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی نەدەشیا لێرەدا بنووسریّ، بەڵام باوی مێژوونووسانی دەستڕەنگین وایە؛ ئەگەر تووشی ڕووداوی سەرسوڕێن بن، بە سەریدا باز نادەن. منیش دامە سەر ڕچەی ئەوان و چاوم لەوان کرد.

جەمشید بەگ بە زیرەکی خۆی توانیویە میر ووەزیرەکانی عوسمانی بە لای خۆدا بێنیّ و خۆی دەگەڵ کاربەدەستە بەرزەکانی وڵاتدا زۆر ڕێك خستبوو؛ دۆستایەتی دەگەڵ بەستبوون. وای لە خۆی کردبوو کە پادشاهانی خاوەن شکۆ و سوڵتانانی پایەبڵند بە دڵ و گیان هۆگری ببوون و بڕوای خۆیان خستبووە سەر و بە دڵسۆزی هەرەڕاستیان دەزانی.

سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر چەند جارێك کە بۆ گرتنی ئێران بە کوردستاندا ڕادەبرد، بۆ هەمدەمی و ڕاوێژکەری سوڵتانی -زیاد لە هەموو کوردان- هەر جەمشید بەگی پەسند دەکرد و دەگەڵ خۆی دەبرد.

هەرچی دەکەی و دەڵێی پەسندە   شاکار و کرت دەلال و ڕندە
هەر وەك سەدەفی ڕواڵەتت کڕ   قاپێلکی دڵ و دەروون لە دوڕ پڕ

هەرچی لە دەمی جەمشید بەگ دەرچووبا بە دڵی سوڵتانەوە دەنوسا و هەرچی بە دڵ بە شاواتی بخواستایە لە دەمی پادشاوە بە فەرمان دەردەکەوت. بەو دەستەڵات و شیرین بوونەشی، خۆی لە لای خەڵك و خوا خۆشەویست کردبوو؛ خێرخواز و دەست و دڵواز و زۆریش حەنەکبێژ و جەفەنگباز بوو. دەوڵەت و داهاتیشی دەژمار نەدەهات. لەو ڕۆژگارەدا ئەو نەغدینە و ماڵ و پاتاڵ و ئاژاڵە کە جەمشید بەگ بوویە هیچ حاکمە کوردێك نەیبووە.

دەڵێن هەموو ساڵێ سێ هەزار تەگە و خەرتی سێ ساڵەی دێنا و هەر یەکە ناڵە ئەسپێك یان ناڵە ئێسترێکی دەمل دەکردن و بۆ بازاڕی حەڵەبی دەبردن و لە بەرچاوی کڕیارانی ڕادەنان و بە ناڵەوە دەیفرۆشتن کە هەر ناڵەکان سەنگی چل‌خەڵواری وشتری دەبوون.[1] ساڵانە دەهەزار مەڕی سەر کاسەی

١- خروار بە فارسی و خەڵوار بە کوردی سێسەد کیلۆیە. جا بەو پێیە یان دەبیّ چلەکە چوار بیّ یان سێ‌هەزارەکە سی‌هەزار بیّ؛ دەنا دەریّنایەتیّ! هەژار

دەبوو؛ بەو پێیەش ماڵی بەرجووت و ڕەشەوڵاغ و بەرزەپێ لێك دەرەوە! كە دەبێ چەندی بووبێ؟

قەڵا و فێرگەیێكی ئایینی لە پالەو دروست كردووە و لە سەرچاوەیێكی زۆر دوورەدەستەوە ئاوی بۆ قـەڵا و شـارەكە بـردووە. لـە شـوێنێكدا كـە نـاوی دەمرقـاپوو (دەرگائاسـنە)یـە، كاروانـسەرا و میوانـخانەیێكی زۆر گوشاد و بەرفرەهی درووست كـردووە؛ كـە هاتوچـۆكەران لـە زسـتان و هاویـنـدا بەهرەی لێ دەبینن.

تەمەنی لە سەتی تێ پەڕاند و شێست ساڵان فەرمانڕەوایەتی كرد.

لە سوڵتان سولەیـمانخانی خەزاكەرەوە فەرمانێك دەرچووە كە دەبێ پالەو هەتا هەتایـە، سـەدەلە دوای سەدەو بەرەباب بە شوێن بەرەبابدا بە دەست كوڕ و نەتەوەی جەمشید بەگـەوە بێـت و هەركـەس ئەم فەرمانە پێك نەهێنێ بەر لەعنەتی خوا كەوێ.

هەر بە زیندی سەری خۆی حوسێنجانی كوڕی كردبووە جێنشیـن. لـە ئەنـجامدا لـە كەپرۆكـەی ناهەمواری مایەی شەكەتی و ڕەنج بەخەساری دنیا، گوێزتیەوە خانووی یەكجاری و كەوتە بەر بـەزەیی پەروەردگاریەوە.

چلـۆن دڵ بە ژینی جیـــهان خۆش دەكەی؟	چلـۆن بیــری مـردن فەرامـۆش دەكـەی؟
جیـهان چەشـنـی كاروانـسەرای دوودەری	لە یەك دەچیە ژوور، دەچیە دەر لەو سەری
گوڵـی گـەش هەتـا پەلك و پەڕ دەردەكا	دەبیـنی كـە زەردە و خـەزەڵـوەر دەكـا

جەمشید بەگ پێنج كوڕی لە پاش بەجێ مـان: حوسـێنجـان، حەسـەن، هـەمزە، تەیـموورتاش، دەوڵەتشا.

حوسێن و حەسەن سەریان بە فەرمانڕەوایی گەیشت و لە دوایە باسـیان دەكـرێ. هـەمزە بـەگ لـە خرتوپرت (متفرقات)ی دەرگای پادشادا، بە مووچەی سـاڵانەی دەهـەزار ئاقـچە، پلـەی زەعامـەتی پێدرابوو؛ بەڵام چونكە دڵی باوكی ڕەنـجاند، ناوی لە خانـەدان سـڕایەوە و دەركـرا. لـە پـاش مردنـی هەمزە، ڕوستەم بەگی كوڕی لە لایەن مستەفا پاشای سەردارەوە بەڵێنی وەرگـرت كـە ئەگـەر دەگـەڵ عوسـمان پاشادا بچێتە پاراستنی شیـروان، فەرمانڕەوایی پالەوی دەداتێ؛ بەڵام لە شـەڕی شـەماخیدا -كە دەگەڵ ئەرەسخان كرا- بە دەستی قزڵباشان كوژرا و نەگەڕاوە.

تەیموورتاش -کە چوارەمیــن کوڕی جەمشید بەگ بوو- لە زەمــانی باب‌یــدا بــە ســەر خــەرپووت ڕادەگەیشت و هەر زۆر زوو مرد و دوو کوڕی هەبوون بە ناوی ئەڵلاوێردی و ئەسیل.

دەوڵەتشای کوڕی پێنجەمی هەر لە ڕۆژگاری باوکیدا ساڵێ چلهەزار ئاقچەی مووچە بۆ بڕابــۆوە و لە خرت و پرتی پادشاییدا (متفرقگی) بە زەعامەت [!] دامەزرابوو. ئەویش لەو زووانەدا مــرد و دوو کوڕی بەجێ‌هێشتــن: یوسف و ئەحــمەد.

حوسێن‌جان بەگ کوڕی جەمشید بەگ

جەمشید بەگ هەر بە زیندی سەری سەروەری وڵاتی پالەوی دابــووە دەســت حوسێــن‌جــان و فــەرمانی بەرزی سوڵتان سولەیــمان خانیشی بۆ وەرگرتبوو کە جێ‌نشیــن بێ. لە پاش مــەرگی جەمــشید بــەگ، حوسێن‌جان بە سەربەخۆیی لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی پالەو پاڵی داوە و لــەوە بــەولاوە لــەو نــاوەدا کەس نەیتوانی بڵێ ئەزم.

مــەزنێکی دڵودەروونپاك و بۆ هەموو کەس چاك و بۆ بێچاران بە تایبەتی باب و کاك بوو. ئاشنا و بێگانە خۆشیان دەویست و قسەیان لێ دەبیــست. ئــاوازەی چــاکە و پیــاوەتی هــەر بــە کوردســتانەوە نەوێستا؛ عیراق و حیجازیشی تەنیەوە و لە بەخشندەییدا حاتەم ورکەنانی لەبەر خوانی ئەو دەچنیەوە. دوای ئەوەی بەرگ و باری قیامەتی ساز داو ڕووی کردەبارەگای خوای بــێ نیــاز، دوو کــوڕی هــەبوون: مەحــموود و حەسەن بەگ.

مەحــموود شێتوپەتیارە بوو؛ بە کاری دنیاداری نەدەهات؛ هۆزەکــانی پالــەو ئــەویان هــەڵبوارد و مەزنایەتیەکەیان بە حەسەن بەگ ئەسپارد.

حەسەن بەگ کوڕی جەمشید بەگ

لەسەر هەڵبژێرانی لە لایەن هۆز و خزمانیەوە و بە پێی فەرمانی سوڵتان مرادخان، کرا بە فــەرمانڕەوا و سێ‌ساڵان زۆر بە لێزانی و دڵسۆزی فەرمانڕەوایی پالــەوی کــرد و ســاڵی ٩٨٦.ك (١٥٧٨.ز) -لــەو دەمانەدا کە مستەفا پاشای سەردار لە شیــروانەوە دەگەڕاوە- حەسەن بەگ مرد و دوو کوڕی لە پــاش بەجێ مان: سولەیــمان و موزەففەر بەگ.

سولەیمان بەگ کوڕی حەسەن بەگ

مستەفا پاشای سەردار، سولەیمانی کردەسەرداری پالەو. محەمەد پاشای گەورەوەزیریش لەسەر چەند مەرجێك دەگەڵ یوسف بەگ کوڕی دەوڵەتشای جەمشید بەگدا ڕێك کەوت و لە ئاستانەی بەخت هێلانەی سوڵتان مرادخانەوە فەرمانی پالەوی بۆ ساند. چەند ساڵێك لە ناو ئەو دوو خزمانەدا شەڕ و هەرا بوو. لە هەردووك لاوە گەلێك لاو کوژران و خوێنێکی بێداد ڕژا.

خەڵکی پالەو لاگیری سولەیمان بەگ بوون و یوسفیان بە دزێو دەزانی؛ ئەگەرچی یوسف لەو شیرینکوڕانە بوو دەبوو بیبژێری. لاوێکی زانا و ڕووناکبیر و بە ڕاوتەگبیر و هێمن و لەسەرخۆ و نەرم و نیان و مەند و مەرد و ڕەند بوو. بەڵام دەڵێی چی؟

جیهان ڕووی لە خوێڕی وکەر وناکەسە　　　که تۆ تێدەگەی، ئەم گوناهەت بەسە

زۆری ئەولاوئەملا کرد و بە ناچاری لە دەرکی نامەردانی داو دەستیان بە سنگیەوە نا و چونکە شتێکی وای نەبوو چاوی چاوچنۆکان پڕ بکا، لە دەرك و دیوانان ڕێگەی نەدەدرا؛ لە داخان دایە باری باریکی و ڕۆژی ژیانی تاریکی بە سەردا هات و بە مردن لە نەهات ڕزگاری بوو.

لە پاش مردنی یوسف-هەر بە هەمان مەرجی پێشوو- بەڵێنی پالەویان بە ئەحمەدبەگی برای دا. ماوەیەکی زۆریش ئەحمەد بەگ بەربەرەکانی سولەیمانی کرد و لە ناو دۆستانی ئەو دوو دوژمنانەدا شەڕ و کوشتاری زۆر قەوما؛ بەڵام زیرەکی و کۆشایی کە بەخت و هاتی دەگەڵ نەبوو، بەهرەیەك نادا:

زۆر هەیە زۆر گێلە ستێرەی گەشە　　　هەیشە گەلێك زیرەکە بەختی ڕەشە

کوێرە لە تاریکیە هات و نەهات　　　کۆش و لەپی پڕ لە گوژاڵك و نەبات

نسایەتە بەر چاویەوە میر ونەوێر　　　زۆری فسۆس گوێچ دەڕفێنن لە شێر

ئەحمەد بەگ زۆری کرد و کۆشی، بەخت ڕووی خۆی لێ داپۆشی و لە ئەنجامدا بە هومێدی ئاوڕوێدانەوەی سوڵتانەوە ڕووی کردەئەستەنبووڵ و هەر لەوان ڕۆژانەشدا نەخۆشی ڕشانەوەی تووش هات و تووشی گۆڕستانی کرد. ئیتر مەزنایەتی پالەو -بەبێ بەرهەڵست- بۆ سولەیمان مایەوە.

دەستەی سێھەم

فەرمانڕەوایانی چەرموگ

گوتمان میرمحەمەد قەڵای بردنج و ناوچەی چەرموگی دابە میرحوسێن و هێندێك بە کوڕی میرمحەمەدی دەزانن و بڕێکیش هەر بە خزمی دادەنێن.

میرحوسێن سەردەمێك مەزنایەتی چەرموگی کردووە و مردووە و کوڕەکەی جێی گرتووە.

میرسەیفەدین

بۆتە جێنشینی میرحوسێن و کە ئەویش لە دنیا کۆچی کردووە و لە بەھەشت نیشتەجێ بووە:

شایوسف

بە میراتی شابووە و ئەویش ماوەیەك مەزنی چەرموگ بووە و مردن بەرببینگی گرتووە.

وڵات بەگ

وڵاتەکەی دەست کەوتووە؛ کە ئەویش بەرەو مەڵبەندی مردووان باری کردووە:

شاعەلی بەگ

قۆڵی لە سەرداری ھەڵماڵیوە؛ لە پاش ماوەیەك ئەویش بەرگی ژیانی داماڵیوە و لە دنیا نەدیو بووە،

ئەسفەندیار بەگ

ئەسپی لە مەیدانی مەزنایەتیدا تاو داوە و کاتێ ڕوستەمی مەرگ تیری لە چاو داوە و لە ئارادا نەماوە،

بایەندورِ بەگ

باوی بووە و جێنشینی باوی بووە و کە دەستی مەرگ خاوی کردۆتەوە و مەزنایەتی جێ هێشتووە، فەرمانڕەوایی چەرموگ بە محەمەد بەگ گەیشتووە.

محەمەد بەگ

کە ناوی مەزنایەتی لێ نراوە، لەو دەمەدا چەرموگ لە لایەن قزلْباشانەوە داگیر کراوە. محەمەد بەگ قزلْباشی لێ دەرپەڕاندن و مەزنایەتی باب و باپیرانی وەگیر خۆی هێناوە.

لە پاش گیرانی دیاربەکر، لە لایەن سولْتان سەلیمخانی خەزاکەرەوە فەرمانی پیرۆزی بۆ دەرچوو کە ناوچەی چەرموگ بۆ ئەو خانەدانە بێ؛ بەڵام مەرجیش ئەوەیە داهاتی فەلەکانی ئەو ناوە دەبێ بە دیوانی دیاربەکر بگات و هەموو ساڵێ دەیخەنە ناو خەزێنەی دیاربەکرەوە.

ئێستا مەزنایەتی چەرموگ وا بە دەست محەمەد بەگەوە.

بەندی سێهەم

فەرمانڕەوایانی ساسۆن

کە لە پاشان بە ناوی حەزۆ ناسراون

چیرۆکوانی وتارزانی ئاستانی ڕاستان و پێشەنگان و ئاڵا بە دەستانی داستانی زۆر بە داب و دەستوور، لە سەر ئەو مەبەستە سوورن کە ڕەگەزی کۆنی فەرمانڕەوایانی ساسۆن و پادشایانی ساسانی، هەر لە یەك تۆ گووراون و هەر لە بنجێك ڕواون و پاراوی یەك دەراون. هیچ گومان و سۆشی نیە خانەدانی ساسۆنی و میرەکانی بدلیسی، پشتی پێشوویان کیسرا بوون و لە یەك هێشوو چنابوون و لە دوارۆژدا لێك جیا بوونەوە. ئەو دوو ماڵە لە دوو برا کەوتوونەوە: عیززەدین و زیائەدین.

ئەو دوو برایە لە پاتەختی ئەرمەنەوە -کە ئەوساکە ئەخلات بووە- دەرچوون و هاتوونە بدلیس و قەڵای ساسۆنیان لە «تاویت» ناوێکی گورجی گرتووە و عیززەدینی بە سەر ڕاگەیشتووە.

درێژەی ئەم باس و خواسە لە بەسەرهاتی فەرمانڕەوایانی بدلیسدا دەخەینە بەر چاو.

چونکە کورد بە عیززەدین دەڵێن عیززین، ئەو فەرمانڕەوایانە بە عیززانی ناسراون[1] بە شوێن ئەو بارەبارەدا گەلێك لە هۆزی ڕۆژەکی چوون و لەو ناوە مانەوە و هۆزی نیشتەجێی کەوناراش چوارن: ١- شێرۆیی[2] ٢- بابوسی ٣- سوسانی ٤- تەموقی. کاتێکیش ناوچەی ئەرزەن[3]یان گرت، هۆزەکانی خالدی و دێرمغاری و عەزیزان و هیتریش هاتنە ژێر فەرمانیانەوە.

فەرمانڕەوایانی ساسۆن دەناو پیاوە مەزنەکانی کوردستاندا بە بەخشندەیی و سەربەرزی بەناوبانگن و لە ڕۆژی هەرا و هەنگامەشدا ناو هەر ناوی خۆیانە و هەمیشە دەگەڵ خونکار و دەسەڵاتدارە زۆر زەلامەکاندا بە دۆستایەتیان ڕابواردووە. پادشایانی ئاقۆینلووی تورکمانی و قزڵباش و

١- لە نوسخەیەکدا عیززدین نووسراوە. عەونی

٢- لە نوسخەیەکی دەستنووسدا شیروینی. عەونی

٣- شارێکی زل و قایم بوو لە باکووری ڕۆژاوای وان. جەمیل

عوسمانی -کە هێرشیان بۆ کوردستان کردووە- دەستیان بۆ مەزنەکانی ساسۆن نەبردووە و بە خۆڕێکخستن و نەرمونیانی لە دەستیان خەلستوون و بگرە زۆریش ڕێزیان لێگرتوون.

یەکەم کەسێکی لەو فەرمانداارانە ناوی بە کاری کەوتۆتە سەردەم و زارانەوە، میرئەبوویەکرە؛ کە دوو کوڕی زۆر بە کردەوە و ئاکارچاکی بووە و ناویان: خدر بەگ و عەلی بەگ بووە.

خدر بەگ کوڕی میرئەبوویەکر

لە پاش مەرگی میرئەبوویەکر، خدر کرا بە جێنشین و کاتێ کە پەلکی سەوزی ژیانی بە سۆزەی شەختەی مەرگ زەرد هەلگەڕا و سەرچاوەی زیندەگانی وشکاوی هات -چونکە هیچ نێرینەی نەبوون- برای کرایە جێگری.

عەلی بەگ کوڕی میرئەبوویەکر

لە پاش نەمانی خدر بەگ بە قۆڵ لە سەرکێشانی هۆز و تیرەکانی ئەو ناوچە و مەڵبەندانە، جێگەی باپیری گرتەوە. عەلی بەگ پیاوێکی بادەنۆش و دڵتەر و سەرخۆش و تەرپۆش بوو؛ هۆشوبیری هەر لە دەوری بەڵەکچاوان و بەژنزراوان خولیدەخوارد و دڵ و دینی بە بادەو مەیگێڕی سادەتەسپاردبوو؛ هەمیشە دەدڵی خۆیدا بە زەمزەمە دەیگوت:

رەزان پاراوکە هەوری خاکەلێوە! چت لە دەریایە؟ دلۆپێك مەی هەزار خەڵوار و بار مرواری هێژایە

کوولەکەی بادەی ئاڵ ببوە کوولەکەی گیان و کۆڵەکەی ژیانی و ماچێکی دیم و ڕووئالانی، لە گەنجی ئاروون و قاروونان بە چاکتر دەزانی. کۆڕی قسەی خۆش و بە پێکەنین و بزە و چزەی کەبابی مەزەی بەلاوە لە دیتنی مزگەوت و بیستن لە مەلای مێزەر بەسەر پێ خۆشتر بوو.

لەو کاتەدا کە میر ومەزنەکانی کوردستانی -بۆ خۆ نزیك کردنەوە- چوونە لای شائیسماعیل و زۆربەیانی گرت و وڵاتەکەیانی داگیرکرد، شاعەلی بەگی بەدڵەوە نووسابوو. ئەوی عەلی بەگ ڕەچاوی کردبوو هەر ئەوەش ڕەفتاری شابوو. بەو هۆیەوە لە چنگ گیرۆدەبوون خۆی ڕەها کرد و تەنانەت بووش بە هاونشین و هاوپیاڵەی شا. شەو و ڕۆژ لە ژووری تایبەتیدا دەگەڵ شا و شایانی بەردەمی شادا مەست و پیاڵە بە دەست نۆشانۆشی بوو؛ بە سەرخۆشی ڕایدەبوارد.

عەلی بەگ دەگەڵ شەرەف بەگی بدلیسدا زۆر ئاشنا بووە و شەرەف بەگ کچی ئەوی هـانیوە و بـە چاوی باب و فرزەندی لە شەرەف بەگی ڕوانیوە.

عەلی بەگ هەر لە تەوریز بادەی مەرگی لە دەست فریشتەی خوا فڕ کـردووە و کـە مـردووە سـێ کوڕی هەبوو: مـحەمەد بەگ، خدر بەگ، شاوەلی بەگ.

خدر بەگ کوڕی عەلی بەگ

کە عەلی بەگ لە تەوریز بوو، مـحەمەد بەگی کوڕی دەگەڵ بـوو. هـۆز و خزمـان -کـە بـە مردنیـان زانـی- بـە تێکڕایـی خـدر بـەگیان بەگـەورە هەڵبـژارد و مەزنایـەتی ساسـۆنیان پـێ سـپارد؛ بـەڵام شائیسماعیل فەرمانی ساسۆنی بۆ مـحەمەد بەگ دەرکرد. سەرئەنـجامی بەسەرهاتی ئـەو دوو برایـە لە داهاتوودا دێ. شاوەلی بەگیان هێشتا بابی مابوو بە جوانەمەرگی کۆچـی لـە دنیـا کـرد و ئێـستا کوڕێکی ماوە ناوی دیادینە.

مـحەمەد بەگ کوڕی عەلی بەگ

کە زانی هۆزەکانی ساسۆن خدر بەگیان بە گەورە داناوە، چاری هەر لەوەدا دی کـە بـە خـۆی و چـەند کەسێك لە دەست و پێوەندانەوە پەنای بردەبەر سوڵتان سەلیمخان. لە کاتێکـا کـە سـوڵتان بـە نیـازی گـرتنی قـاهیرەی میـسر کەوتـە ڕێ، مـــحەمەد بـەگیش وێـڕای بـەخت و هـات، دەبـەر ئـاوزەنگی دوژمنڕەتێنی سوڵتاندا بوو.

لە شەڕی چەرکەساندا زۆری گیانبازی کرد و تەنانـەت ئـەو ڕۆژە کـە چـەرکەس شـکان و لاشـەی کوژراوان بەسەر دەکرانەوە، کە لەشی مـحەمەد بەگیان بە زامداری و کەلەلایی و بگرە بـێگیـان یـان نیوەگیان دەناو کوژراواندا دیتەوە، وەزیران و سەرداران ئـەم ڕووداوەیـان گەیاندەسـوڵتان و فەرمانیـدا بژیشك و لوقمانیان لێ کۆکردەوە و پێداویستی دەرمانیشی لە خەزێنەی دارماڵ درا. وەزیرانی پایەبەرز گوتیان ئاواتت چیە بیدرکێنە تا بۆتی پێك بێنیـن؟ ئەویش دڵخوازی ئەوە بوو کـە والیـەتی ساسـۆنی بدەنێ و ئەرزەنیشی بۆ بـخەنە سەر؛ کە لە سەر ئەرزەن دەمێك بوو دەگەڵ میـرانی حەسـەنکێف هـەر

هەرا و مشتومڕیان بوو. وەزیرانی پایەبڵند هەموو دڵخوازیان پێك هێنا و فەرمانی بێلام و جوومی بۆ دەرکرا. خدر بەگ هەر بە خۆشی خۆی دەستی لە ساسۆنێ بەردا و کارێکی لە وڵاتی حەزۆ پێ سپێرا و ماوەیەك لەوێ مایەوە ئەوسا لە ژێر نوێنی خاکا حەسایەوە.

خدر بەگ چوار کوڕی لە پاش مان: سولتان مەحموود، ئەحمەد، یەعقووب، محەمەد.

سولتان محەمەد بە مردنی خۆی مرد و یاقووب بەگ ساڵی ۹۹۲.ك (۱۵۸٤.ز) نزیك بە کلیسای موخران -کە لە نزیك تفلیسە- لە شەڕی قزڵباش و سماعونی گورجیدا شکا و لە گەڕانەوەدا لە دەربەندی تومانس کوژرا.

بەڵێ محەمەد بەگ بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی ساسۆن؛ بەڵام مەلیك خەلیل -فەرمانڕەوای حەسەنکێفێ- ناوچەی ئەرزەنی نەدایە و قەڵاکەی دەسکاری و قایم کرد و دژداری لێ دانان کە بیپارێزن.

محەمەد بەگ بە یارمەتی شەرەفخانی بدلیس و شاعەلی بەگی والی جزیرێ، لەشکری بردەسەر و قەڵای ئەرزەنی خاپوور کرد و مرۆڤی مەلیك خەلیلی لە ئەرزەنێ دوور خستنەوە. پاش حەڤدەساڵ فەرمانداری کردن، فەرمانی مردنی بۆ هات و قەڵای ژینی ویران کرا و لە بن توێی ئاخدا دامەزرا.

شەش کوڕی بوون: سولەیمان بەگ، بەهائەدین بەگ، سارۆخان، خانبوداغ بەگ، حوسێن بەگ و عەلی بەگ. سێ کوڕی- یەك لە دوو یەك- مەزنایەتیان کرد و لە حوسێن بەگ حەسەن بەگ ناوێك مابوو. لە پاش کوژرانی سارۆخان -کە محەمەدی کوڕیان کردبووە جێنشینی- ئەو حەسەنە بەرپینگی محەمەد بەگی گرت و هەر کەسە بۆ لای خۆی ڕاکێشاو محەمەد بەگ هاواری بۆ فەرهاد پاشای سەردار نارد و ئەویش حەسەن بەگی گرت و دایە دەست محەمەد بەگ و ئەویش بە سێ کوڕانەوە لە ناوی برد.

بوداغ بەگ مرادخان ناوێکی لە پاش بەجێ ما و لە سەفەری گورجستان بێسەروشوێن چوو. مرادیش دوو کوڕی ماوە بە ناوی بەهائەدین و بوداغ. عەلی بەگ هەر لە ڕۆژگاری بابیدا مرد و کەسی لە پاش بەجێ نەما.

سولەیمان بەگ

کوڕی محەمەد بەگ کوڕی عەلی بەگ

ساڵی ٩٢٧.ك (١٥٣٠و٣١.ز) لەسەر فەرمانی بەرزی سوڵتان سولەیمانخان، کرا بە جێنشینی بابی و فەرمانڕەوایی ساسۆنی درایە. ناوچەی ئەرزەنیش کرا بە مووچەی بەهائەدین بەگی برای.

سولەیمان بەگ زۆر بەوەج و سەنگین و گران و خۆگر و ئاکار ڕەنگین بوو؛ لافی پادشایانی لێدەدا. بەوپەڕی سەربەرزی و چاوتێریەوە ژیاوە و هەرگیز سەری بۆ هیچ ئافەریدەیەك نەچەماندووە و لە دەهندەیی و نان بدەییدا لە هەموو کەسی تێپەڕاندووە.

کاتێ کە سوڵتان سولەیمانخان بەغدا و بدلیسی گرت و لە دەربەندی کیغندورەوە تۆپەڕی و خێوەتی عاسمان ڕووشێن و بارەگای زەوی لەرزێنی لە دەشتی ئەرزەندا لێدا و لە سامی ئەو سامدارە، باڵدار باڵی دەوەراند و ناڵدار ناڵی دەپەڕاند و کەژ و کۆ -لە ترسانی- سەریان دەبەرخۆ نابوون و ئەستێرەی عاسمانان بە سەرسامیەوە تێوە ڕامابوون، سولەیمان بەگ هەر مووشی لێ نەبزووتن و گنج مانابێ نەیهاتی و مینا تۆڵا پۆڵایەك لە ساسۆن ما و تەکانی نەخوارد و ئازووقە و بژیوی لەشکری نارد و بەخێر هێنانی بە راسپاردن ڕاسپارد و خۆی نەهاتە سەردەرانە ڕامووسان و بە دەست و پەلدا نووسان. تەنانەت نەیهێشت کە شەمسەدین بەگیش ڕوو بکاتە مەلاتیا.

سولەیمان بەگ پیاوێکی تەڕ و دڵ بە دنیا خۆش و خۆشگوزەران بوو؛ هەر بە زیندی سەری -بەر لەوە سەری ئاوابێ- بەهەشتی خۆی ساز دابوو. هەموو دەم و ژەمێکی دەگەڵ بادەی پیر و سادەی جواندا ڕادەبوارد و لە هەموو سات و کاتاندا کوڵمەسۆر و مل بە مۆری وەك فریشتە و پەری و هۆری دەوریان دابوو. لێوی شیرین و ئاڵی دەمژی ومەی دێرین و تاڵی فڕ دەکرد. تاوێك بێیار و خەمڕەوێنی شۆخ و شەنگ و دەلال و چەلەنگی بەسەر نەدەبرد و گاوێك دوور لە دەنگی قاقا و ساز و سەمتوور و دەف و بلوور هەڵی نەدەکرد. هەروا بەکامەرانی ڕایبوارد تا لە ئەنجامدا بە نەخۆشی خوروێلکە فەرەنگی، دنیای بەرچاو تەنگی بەجێ هێشت و کەسیشی بۆ جێنشین لە پاش خۆی بەجێ نەهێشت.

بڕونێ لە ژین و سەرئەنجامەکەی　　سەرەوژێری کردن جەم و جامەکەی
بەهاری ژیان پاییزی مەرگی هەس　　هەتا سەر خودایە دەمێنێت و بەس

بەهائەدین کوڕی محەممەد بەگ

لە پاش مەرگی برای -بە فەرمانی بەرزە نیشانی سولتان سولەیمانخان- لە جێگەی سولەیمان بەگ لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی ساسۆن دامەزرا. فەرمانەکەی بە ناوی فەرمانڕەوای حەزۆ نووسراوە.

بەهائەدین پیاوێکی سەرسۆفیلکە و ئامالدێوانە بووە و زۆریش دلاوا و دەست بلاو و ئازا و نەترس بووە. لە ڕۆژگاری سولەیمان بەگدا چیان لە ئەرزەن نەدەدایە و لە باتیان سەدهەزار ئاقچە لە دەرامەتی ناوچەیەکیتر وەردەگرت. ولاتی خۆی بەجێ هێشتبوو؛ پازدەسالان جار بە سواری و جار بە پیادەیی، دەبەر ئاوزەنگی هەمیشە لە سەری سولتاندا لە ئەستەنبوول خەریکی ڕاووشکار دەبوو. سولتان سولەیمان ناوی لێ نابوو«دەلوو بەهائەدین»[1]. هەمیشە بەسەری دەکردەوە و بەخشش و خەلاتی شاهانەی دەدایە. هێندێك جاران لە سوێرەك میرلیوا بووە و بە سەر جێگەیتریش ڕاگەیشتووە؛ بەلام دەست بلاویەکەی کاری لەوەیدا نەبووە. ئەگەر یەکێك کۆلەپووشکەی بۆ هێنابێ، کۆشکی بە پاداش داوەتێ و لە بەرانبەر پشیلەیێکی پێشکەشی، وشتری لۆکی دەبەخشی. ئیتر چاوچنۆك و خوازەلۆك و نانی- نانی و چەورە و لات و زمان لووسان -کە ناسیان چەندەساویلکە و لە باران خۆشبار هاتووە- دەوریان لێداو سەریان پێچا و هەر یەك بە جۆرێك دەیدۆشی و شتی لێ دەکێشایەوە. سالانە دۆژی شێست هەتا حەفتا هەزار فلوری زێڕ هەر دەرامەتی حەزۆ بوو؛ بیست هەزاریشی لەم و لەو بەدەستەوا وەردەگرت و هێشتا بەرگەی نەدەگرت و لەشکری گەدا و دادۆشان هەروا لە زێدەبووندا بوون. کاتێ کە مرد سیهەزار فلوری وامی بێجێگەی بۆ میراتگران بەجێ هێشت.

تۆ کە بەخشندەی ببەخشە لە بوود   مەیکە بە کلاوی ئەحمەد و مەحموود

پێنج کوڕی هەبوون بەلام قەرزداری و نەداری بابیان لە پەروپۆی کردنەوە و لێشیان نەدەوەشاوە ببنە فەرمانڕەوا. بۆ چەند ڕۆژێك سولەیمان بەگی کوڕی ناوی حاکمی حەزۆی لێنرا. دوایی درا بە ساروخانی برای.

بەهائەدین پتر لە سی سال مەزنایەتی حەزۆی کرد و کوڕەکانیشی نێرینەیان لێ نەکەوتەوە.

١- دەلوو بەهائەدین: بەهائەدینە شێتە.

سارۆخان بەگ کوڕی محەممەد بەگ

هەتا بەهائەدین بەگ لە سەر دنیا بوو، سارۆخان بەگ لە حەزۆ ئاوارە و هەڵوەدا ببوو؛ بە دەربەدەری و خاکەسەری دەژیا. جار بە جارە بارگیری یان شیسروی یاخۆ کسان یان مووش یا سوێرەکی لە دیوانی پادشاوە بە زەعامەت پێدەدرا و مووچەی ئەوی لێدەدرا و زۆر جاریش بە بەرهەڵدایی دەسووڕایەوە و کەس ئاوڕی وێ نەدەدایەوە. جا وەك دەڵێن: «مەرگی کەر بۆ گورگ خەنەبەندانە»، لە پاش هەژدەساڵ بە کلۆڵی ژیان، کە بەهائەدین لە گڵدا خەوت، بەختی سارۆخان لە خەو ڕاپەڕی و پەنای بە ئاستانەی سوڵتان سەلیمخان برد. خوالێخۆشبوی بەهەشتی محەممەد پاشای وەزیری زانا و بەڕاوتەگبیر، کە وەك شیسری جەوهەردار و زێڕی تەواو عەیار و چاوەدیری نەجیمزادە بێخودانەکان و لایەنگری کەونە خانەدانە ئاوەدانەکان بوو،

هەزار ئافەریم بۆ وەزیری وەها   گرێی کاری ئاڵۆزی کردن ڕەها

دەماودەم بیستبوویەوە کە بەهائەدین لە زەمانی ژیانیدا هەمیشە دەیگوت: کوڕەکانم بۆ ئەوە ناشێن کە فەرماندار بن و تێیان ڕانابینم کە بتوانن لە سەر کار بن؛ هەر چەندەحەسەن پاشای میری میرانی دیاربەکر -کە فرزەندی دڵبەندی خودی ئەو وەزیرە هونەرمەندەش بوو- لەبەر باوکی پایەبەرزی خۆی پاڕایەوە کە سولەیمان بەگی کوڕەگەورەی بەهائەدین بکرێتە جێنشین، ملی نەدا و گوێی پێ نەدا و شانی لێ هەڵتەکاند. فەرمانی حەزۆی بۆ سارۆخان ساند و بە خەڵاتی شاهانەی لاواندەوە و لە سەر کورسی فەرمانڕەوایەتی دامەزراند. ماوەی پێنج ساڵ زۆر بە دادگەری و گەلپەروەری مەزنایەتی کرد و چونکە فێرە تریاككێشان ببوو، تووشی چەند نەخۆشیەکی دەبنەوەبڕ و حەستەم هاتبوو. ئەویشی لێ ببوونە سەرباری دەردی تریاك بەباکردنی.

لەو کاتەدا کە لەشکری هەمیشە لە سەری پادشاهی، بە سەرداری مستەفا پاشابەرەو شیروان و گورجستان ڕەوانە کرابوو، سارۆخان بەگیش ڕەگەڵ کەوت و لە شەڕی چاڵدیراندا ئەویش دەگەڵ لەشکری دیاربەکر و کوردستاندا پێشەنگی سوپای ئیسلام بوو؛ کە لە پڕونەکاو لە گاوی ڕۆژپەڕدا قزڵباشان وەك باشووی ئاکام لوریان بوونێ و تێیان ڕژهاتن و چەرمیان کردن و لە ناویان بردن و سارۆخانیش وێڕای ئەوان دەستەملانی مردن بوو. محەممەد بەگی کوڕی لەو دروچڕەدا خۆی کووزووو کرد و بە هەزار

پەلەپرووزە لە چنگ مردن خەلەست و کەولّی خۆی دەرباز کرد.

لە پاش پرسە و سەرەخۆشی و شکاندنی ئازیەتباری و ڕەشپۆشی، لە جێی باوکی دانرا. کوڕەکەی دیکەی -کە ناوی عەلی بەگ بوو- هێشتا هەر لاوێکی دەمڕووت بوو کە مردن کردیە قەرەبرووت و بە جوانەمەرگی سەری نایەوە.

مـحەمەد بەگ کوڕی ساروخان بەگ

ساڵی ٩٨٦.ك (١٥٧٨.ز) کە باوکی کوژرا، تەمەنی هەژدەساڵان بوو. بە هیمـدادی مـستەفا پاشـای سەردار کرا بە سەرداری مەڵبەندەکە و گیـروبەندی دنیاداری و پارێزگاری کەوشەنان و ئاگاداری لەشکر و قۆشەنانی پێ سپێرا. لە ڕاستیشدا لاوێك بوو لاوچاك و پـاكڕەوشـت و قـشت و ئاكارچـاك. لاسـا و پەیڕەوی ڕۆمیانی دەکرد و خۆی لە باری ئەوان هەڵدەخستەوە. بە گەورەیی هەوای فێر بوونی خوێندن و نووسینی کەوتە سەر و دەبەری ڕاچوو. سیوادی فارسـی و خـەتێکی شکـستەی بـۆ خـۆی پێکـەوەنا. جارجارە کە مەشقی لە بەر دەسنووسی میـرزا چاکانی کارامە دەکرد، زووی هەڵدەگرتێ و زۆر جـوانی دێناوە و لە ناو هونەراندا هەر ئەمەش فێر بووە.

لە پاڵ خۆیدا ئاواتی بەرزی هەبوو؛ بەڵام بە کردەوە چی وای بۆ نەکرا. ئەوی چاکی لێـدەزانی هـەر لاساکردنەوەی بەچکە ڕۆمیان بوو. لە جلکی ڕەنگاورەنگ و خواردنی گرانبایی و خواردنـەوەی سـەر و دڵخۆشکەردا کەس لە بازێڕیانیش بە قولەقاپەی ڕانەدەگەیشت و ڕۆمیش دەسکیان لە دوو نەدەکرد.

لە پاشان وازی لەو وازوازیەش هێنا و ساڵی ١٠٠١.ك (١٥٩٣.ز) بە نیازی حیجاز باری سـەفەری لێنا و چەند چۆڵ و بیابانی بڕی و بە چەند کەل و کەژ و دەشت و بەژاندا تێپەڕی و خۆی گەیاندەبەستی پیـرۆزی مەککە و چاوی بەو کابەیە ڕوون کردەوە؛ کە جێی لە دەورگەڕانی «پیاوانێ کە سارد و سەودا و بازرگانی خوایان لە بیـر ناباتەوە» و بە فەرمانی «ڕوو بکە مزگەوتی بەستەوە» پشتەماڵی بەست و چووە ئەو شوێنە کە «هەر کەسی بچتێ ترسی نامێنێ» و بانگەوازی «کێ لە دەستی دێ دەبێ سەر لە ماڵی خودا بدا»ی بە دڵ ژنەوت و لە سەر سپاردەی «لە ئەرك پێك هێناندا یادی یـەزدان زۆر بکـەن» دەمی لە نزا نەسرەوت و ڕەگەڵ کاروانی: «هەموو بەرەو ئێمە دێنەوە.» کەوت کـە ئـەوەش ئەوپـەڕی بەختیاریە.

بەڵام زۆری خۆ بە کاروباری سەرداریەوە ماندوو نەدەکرد و ئەرکی فەرمانداری -وەك پێویستە- بەڕێوە نەدەبرد. هەوساری کارداری دابووە دەست شەمسەدین کوڕی فەریدوونئاغا و کردبوویە هەمەکارەی خۆی و ئەویش بە ئارەزووی خۆی دەبزووتەوە و دەستی میری لە تەختە بەستبوو. بە بێپرسی شەمسەدینێ نەیدەتوانی پەنجە دەناوێ ڕابکا یان دەست بۆ پووشکەیەك بەرێ. لە هەستان و ڕۆنیشتن و سەردان و بە خەڵك گەیشتنیشدا، دەبوایە پرسی بەو کوێخا سەهندەیەی بکردایە.

خزم و دۆستە دڵسۆزەکانی محەمەد بەگ -کە ڕکیان لێ هەڵدەگرت و سەربزێویان دەنواند- هەمووی لە وڵات وەدەرنان؛ تەنانەت نیازیشی وابوو ئاغاکەی خۆی بکوژێ. کاتێ کە حەسەنخان و غازانخانی کوڕی حەسەنخانی پسمامی کوژران، کچی حەسەنخان و خوشکەکەی خۆی -کە ژنی غازانخان بوو- لە شەمسەدینی کوێخای مارە کردن. مێشکی محەمەد بەگی بە جۆرێك لە بادی هەوایی دەماندبوو، کەللەی پێ لە کەللەی فەرمانڕەوا پایەبەرزەکان دەدا. لەشکری بردەسەر جزیر و نیازی وابوو کە شەرەف بەگ دەرکا و میرمحەمەدی برای لە جێگە دابنێ. هەمیشەش دەگەڵ هۆزی ڕۆژەکی و زەرقی و سلێمانیدا -کە هاوسای بوون- شەڕوکێشە و هەرای بوو.

ساڵی ١٠٠٤.ك (١٥٩٥و٩٦.ز) لە پاش هەژدەساڵ مەزنایەتی کردن، کوێخای مردن بە سەری کردەوە و خوا بۆ خۆی بردەوە و چ منداڵیشی نەبوون.

ئەحمەد بەگ کوڕی خدر بەگ و محەمەد بەگی برای

دوای ئەوە کە محەمەد بەگی ساروخان بەگ فیزخانەی جیهانی بەجێ هێشت و بەرەو گۆڕیان ڕۆهێشت، شەمسەدینی کوێخا -کە خۆی کردبووە شێرەکوللە و کەوچك بەدەستی گەل- ئەحمەد بەگی کردەمەزنی حەزۆ و هۆز و تیرەکانیش بە دەستی گەل ملیانداو دایاننا و بە هۆی مراد پاشای میری میرانی دیاربەکرەوە، ڕووداوەکەیان بە بەر گوێچکی پێچکی تەختی بەبەختی سوڵتان ڕاگەیاند.

محەمەد بەگ کوڕی خدر بەگ لە ڕۆژگاری محەمەد بەگدا لە دەست دەسەڵاتی شەمسەدین وڵاتی جێهێشت و لە لای میری بۆتان دەژیا. لەو کاتەدا کە محەمەد بەگ مرد، ئەو لە شاری

ئەسعرد بوو. کاتێ کە زانیەوە ئەحمەد بەگی برای کراوەتە میری حەزۆ، دەگەڵ بەهائەدین بەگی کوڕی مرادخان -کە ئەویش نزیکەی دوو ساڵ بوو وێڕای شامراد و حوسێنئاغای سۆسانی و بارامئاغا و هێندێك ئاغایترا، لە چنگ شەمسەدین ئاوارە ببوون و لە بدلیس و شیروانیان ڕادەبوارد- بە تێکڕایی بەرەو حەزۆ هاتن. لەو گەلەکۆمەگیە شەمسەدین زۆری ترس ڕێنیشت و چووە بنکلێشەی ئەحمەدبەگەوە و هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە هەرچۆنێك بێ محەمەد بەگی برای خۆی بکوژێ. محەمەد بەگ هەستی بەو کەین و بەینە کرد و خۆی نەختە داوی کوێخاوە و لە ڕێوە بای داوە و دەگەڵ ئاغاکانی سۆسانیدا خۆی گەیاندەقەڵای ساسۆن.

پیاوماقووڵانی ئەو ناوە -کە لەبەر دەست و دەمی پیسی شەمسەدین وەتەنگ هاتبوون- لە دژی ئەو دەگەڵ دوژمنی پێك هاتن و زۆر بە ڕووخۆشی پێشوازیان لێکرد و دەرگای قەڵایان بەڕوودا کردەوە. ئەو قەڵایەش لەو هەڵەمووتانەیە کە خەرتەل تا بەسەریا خولدەخوا دەبێ هەزارجار تل بدا و ڕەشەبا لە پێ هەڵگەڕانیدا شەکەت و فل دەبێ.

دەبوو پاسدەر لە سەر سەربانەکانی پشتی دانوێنێ

دەترسا گومبەزی عاسمانی شین شانی بڕووشێنێ

بە شوێن ئەو ڕووداوانەدا شەمسەدین بنێشتی لێ پووچەڵ بوو؛ مەنجەڵی نامەردی هاتە کوڵ و هەڵچوو؛ پەلاماری ئەحمەد بەگی دەستکردی خۆیدا و کراسی سەرداری -کە خۆی بۆی بڕیبوو- لە بەر دادڕی و کۆت و زنجیری خستە پا و دەستەوە و وەك دیلێك لە گۆشەی زیندانی بەستەوە و بەهائەدین بەگی لە جێگەی ئەو قوت کردەوە. سێ-چوار هەزار پیادەو سواری بۆتانی و شیروانی و زەرقی لە خۆی هاڵاند و بە نیازی تاڵان و گرتنی قەڵای ساسۆن و محەمەد بەگ و پیاوەکانی، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندەئەو ناوە و لە ڕۆژاوای قەڵاوە لەشکریەزی کرد و ئاگری شەڕ و هەرا هەڵگیرسا.

محەمەد بەگ و یارانی تووشی پەرێشانی هاتن و لە ڕووی ناچاریەوە ڕۆژی سێشەمۆی چاردەی مانگی شابانی ساڵی ١٠٠٤ك (١٥٩٦ز) پیاوێکی ناردەلای فەرمانڕەوای بدلیس و داوای کۆمەگی لێکرد. ئەویش بە دەنگیەوە هات و دوسێ هەزار پیادەو سواری ڕۆژەکی لە دوو لاوە بە هاوارەوە نارد.

شەمسەدین کە بەمەی زانی، خۆی لە سەرگەردانیدا دیتەوە و هەر هێندەی بۆ کرا لە نیوەشەوێکدا تفەدەستی لێکرد و خۆی کوشی و بەرەو حەزۆ کشایەوە و هەر ئاوڕیشی نەدایەوە. محەمەد بەگ و ئاغایانی ڕۆژەکی -کە عەلائەدینئاغای بلْباسی و ئەلوەنداغای قەوالیسی بوون- دەگەڵ هۆزەکانی مودەکی و زێدانیشدا کەوتنە شوێنی. لەشکری شەمسەدین کە گەیشتنەوە حەزۆ، هەموو لە ترسان بڵاوەیان کرد و سەری کوێخا بێ کڵاو مایەوە و جێگەی پێ لێژ ببوو. چاری ناچار پیلی ماڵ و منداڵی خۆی گرت و دەگەڵ میرشامحەمەدی شێروییدا ڕوویان کردەلای زەینەڵ بەگی شێرویی، کە دەبووە خەزووری کیژی شەمسەدین و پەنای بردەبەر خزمی خۆی. حوسێنئاغای کوڕیشی ڕاسپارد کە بچێتە قەڵا و لە زینداندا ئەحمەد بەگ بکوژێ و بەهائەدین بەگ دەگەڵ خۆیدا بێنێ و لە ڕێگە بگەنە وان.

بەهائەدین بەگ -کە لە قەڵاکەدا بوو- بیستیەوە کەوا شەمسەدین بەرەو شێروان هەڵاتووە و لەشکری محەمەد بەگ و ڕۆژەکیانیش بەرەو حەزۆ هاتووە؛ ئەحمەد بەگی لە زیندان ڕەها کرد و کاتێ کە حوسێن بەگ پای نایە ناو قەڵاوە، ئەوان گرتیان و خستیانە ناو زیندانەوە و جێگەی ئەحمەد بەگیان پێ پڕ کردەوە.

شەمسەدین کە بەو بەڵایەی زانیەوە، لە ئەژنۆ و ڕانی خۆی داو بە شین و گابۆر و قوڕپێوان هەڵات و دایە کێوان. ئەحمەد بەگ و بەهائەدین بەگ -وەك براگچکەی بەرفەرمان- بە پیرمحەمەد بەگەوە هاتن و قەڵایان دایە دەست و کردیانە مەزنی وڵات و مووچەیەکیش کە هەر لە مێژەوە بۆ کوڕەمیران دیار کرابوو، بەوان درا و دامەزران و محەمەد بەگ داوای فەرمانڕەواییەکەی -کە پیاوماقووڵان و حاکمە گەورەکانی کوردستان قۆڵیان بۆ لە سەر کێشابوو- بە پێچکی تەختی خەلیفایەتی سوڵتانی هەرە زل و بە شکۆ و شان، سوڵتان محەمەدخان گەیاند. بە یاریدەی پیاوانەی وەزیری گەورە (برایم پاشای گەورەوەزیر) وڵاتی حەزۆیان پێ بەخشی و فەرمانەکە بە نیشانی سوڵتانی نەخشی و بە لاوانەوەی پادشاو خەڵاتی گرانبەها و هێژا، سەرفرازی ناو هەواڵانی کرا.

هێشتا ماوەی سێ ساڵ بە سەر فەرمانڕەواییەکەیدا ڕانەبردبوو، شەمسەدینی دڵ بەرك و کینە، گڕی ئاژاوەی دەهەناوان هەلگڕا و لێ بڕا کەتنێك بنێتەوە. خۆی گەیاندەجزیر و پەنای بە میرشەرەفی جزیر برد و داوای لێکرد کە تکای بۆ لە محەمەد بەگ بکا و حوسێنئاغای کوڕی لە گرتووخانە

ڕزگار بکەن. بەر لەوە پیاوی میرشەرەف بە تکانامەوە بگاتە حەزۆ، حوسێن‌ئاغا کوژرا. میرشەرەف لەسەر ئەو کارە دڵی لە محەممەد بەگ ڕەنجا. ئەمجار شەمسەدین بە بەرگوێیدادا کە هۆز و هێزەکانی حەزۆ لە میری خۆیان وەڕەزن و نامە و پیاویان ناردۆتە لای شەمسەدین کوێخا کە دەستی خۆی تێخا و هەر کەسیان لە بەچکە میرەکانی حەزۆ بۆ دیاری بکا، بە محەممەد بەگی دەگۆڕنەوە. میرشەرەف بە چاپ و چووپ و شات و شووتی ئەو دووزمانە جانانەیە فریوی خوارد و نزیکەی پێنج‌هەزار کەسی لە بۆتانی و شێریی و زەرقی و کوردی دیکە کۆ کردەوە و لاشی وابوو کە بەرلەوە بگاتە ئەسعرد، میرزادەو هۆز و تیرەکانی حەزۆ دێنە پێشواز و بەر فەرمانیەوە و هەرچی ئەو بڵێ لە گفتی دەرناچن. بەڵام پێچەوانەی خەیاڵاتی ئەو، عەززانیەکان یەکپا ڕاوەستان و دەستیان لە میری خۆیان هەڵنەگرت و لێبڕان هەتا ڕەگی تەڕیان تێدا مابێ، لاگیری محەممەد بەگ بن و بۆ هەموو پێهاتێك چاوەنۆر و ئامادەی هەموو کارەساتێك بوون.

هێندێك لە میر ومەزنان هاتنە بەریوانی و میرشەرەفیان لە چوونی حەزۆ گیر داو لەسەر ئەم وتووێژە میرشەرەف لە ئەسعردەوە بەرەو بدلیسی باداوە و نیازی کرد کە شەمسەدینی دەگەڵ چەند پیاوماقووڵێکدا بنێرێتە حەزۆ و بیکاتەوە کوێخا و کاربەدەستی محەممەد بەگ. لە پاش لێدوان و سەروبەر کردنی کارەکە، خانەبداڵی برای میرشەرەف و خەڵەف بەگی برای منی هەژاریان بە چەند سەرناسێکی بۆتانی و ڕۆژەکیەوە دەگەڵ شەمسەدین نارد و دایانمەزراندەوە.

لە پاش ماوەیەك کە بۆتانیەکان گەڕانەوە، شەمسەدینی کوێخا دیسان وەك جاران هەڵی تۆزاند و گەڕی دەگەورەپیاوانی حەزۆ هاڵاند. فەلە و موسوڵمانەکانی ئەو شارۆکەیە کە زانیان تۆیەی گورگ مەرگە و چاریتری نیە، بە دەستی گەل لێی ڕاپەڕین و لێبڕان لە کۆڵ دنیای کەنەوە. خەڵەف بەگ و هێندێکیتر توانیان بە هەزار قیرە و گوێ پچڕکێ لە چنگ دوژمنانی قەستەسەری ڕزگار کەن. میرشەرەف لە بیستنی ئەم خەبەرە هومێدی پێ نەما و گەڕاوە جزیرێ. ئیتر لەو ڕۆژەوە -کە بیستەمی مانگی ناو جێژنانی ساڵی ١٠٠٤.ك (١٥٩٦.ز) بوو- گڕی ئاژاوە دامرکا و هەرا و کێشە، بێدەنگەی لێ کرا.

عەلی پاشای میری میرانی مووسڵێ -دۆستی لە مێژینەی برایم پاشای گەورەوەزیر- دەپێشدا لە

ئاستانە بوو؛ کاتێ خەبەر و باسی محەممەد بەگ بە بەرگوێی وەزیری ڕووناکبیری خاوەن تەگبیر گەیشت، ئەو عەلی پاشایە کە پیاوێکی زۆر پووڵەکی و چرووك و ڕژد و پووك بوو، بەو هەوایە کە دراو و مایەی زۆر لە محەممەد بەگ وەردەگرێ، ئەویش بەشی خۆی تێخست و لاگیری لێ‌کرد. بە شوێن ئەوەدا بۆ وەرگرتنی بەش و پڕکردنی گیرفانی، هاتە سەردانی و بوو بە میوانی. محەممەد بەگ هیچ درێغی دەگەڵ نەکرد و ئەوەندی لە دەستی هات ڕێزی لێ گرت و دراوێکی زۆری دایە؛ بەڵام ئەو خەیاڵ پلاوەی کە دڵە گلاوەکەی عەلی پاشامەگیرانی پێدەکرد، بە هیچ کابانێك لێ نەدەنرا و بە هیچ دەم و ددانێك نەدەخورا. وەك ئەو بۆ خۆی تێی گرتبوو بە سەتی وەك محەممەد بەگیش نەدەدرا. چاوچنۆکی و خوازەڵۆکی ئەو کابرایە لە جەهەندەم تیندارتر و بە جۆشتر بوو؛ هەر چەندی تێت بڕژتایە نەیدەگوت بەس و لە پەستا گڕ خۆشتر دەبوو؛ هەر دەیگوت بێنە و نیەی نەدەزانی:

شەرم و شوورە و پیاوەتی لای ئەو دراو و پارە بوو
ترسی خوا و مەردایەتی لای ئەو دڕاو و پارە بوو
بۆ دراو کۆ کردنەوە و خواردن لە حەزیا و دێو دەچوو
بۆ لە باش بیر کردنەوە خوێڕی و قزەو بێکارە بوو

بە دڵڕەنجاوی لە حەزۆ دەرکەوت و چووە مووسڵ و لە پاش شەش مانگ لە سەر کار لابرا و هاتە جزیر و شەمسەدینی بردەلای خۆی و دژی محەممەد بەگ پیلانیان ڕێك خست. فەرمانێکی بە درۆیان ساز داو ڕوونووسی فەرمانەکەیان ناردەحەزۆ و دایان بە ئەحمەد بەگ کەوا تۆ کراویە میری حەزۆ و گیرمەبە و وەرە جزیرێ. ئەحمەد بەگی گێل و بەستەزمان فریوی خوارد و دەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا لە حەزۆ هەڵات و هاتە جزیر. شەمسەدین و عەلی پاشاپێشوازییان کرد و بە قەدر و حورمەت هێنایانە لای شەرەف بەگ و فەرمانێکی‌تری دەسکردی خۆشیان نیشاندا کە لەسەر عەلی پاشاو میرشەرەف پێویستە یاریدەی ئەحمەد بەگ بدەن و بیکەنە مەزنی حەزۆ. میرشەرەفیش سابوونی لە بەر پێی درا و بە دەردی ئەحمەد بەگ برا و بەو ساختەکاریە فریوی خوارد و لە بڕانەوی مانگی شابانی ساڵی ١٠٠٤دا لەشکرێکی زۆری دەگەڵ عەلی پاشاو ئەحمەد بەگ و شەمسەدین و شاعەلی

بەگی برای خۆیدا بەرەو حەزۆ نارد.

خەڵکی حەزۆ کە بەو باس و خواسەیان زانی، پیاوماقووڵانی سۆسانی و خالدی و چەند کەیخودایەك بیریان هاتە سەر ئەوە کەوا محەمەد بەگ لە سەر حوکم لادراوە و ئەحمەد بەگیش دەیەوێ بە هێزی باسکی بێگانان بێتەوە سەرمان. وا باشە ئێمە لە ناو خۆماندا مەزنێك هەڵبژێرین و کاروباری وڵاتی پێ بسپێرین. ئەوسا ئەگەر ئەحمەد بەگ و شەمسەدین زانیان ئێمە مەزنی خۆمان هەیە و ئەوانمان ناوێ، لەوانەیە بەرەو دوا بگەڕێنەوە و وازمان لێ بێنن. لەسەر ئەو بیروڕایە، بەهائەدین بەگی کوڕی مرادخانیان بە گەورەی خۆیان هەڵبژارد و نیازیشیان وابوو محەمەد بەگ بکوژن. هەتیو مەتیوی هەرزەکار و بێئاکار، دەستیان دایە چەکوچوونە جەستەی محەمەد بەگ. ئەویش وەك گوتوویانە «ناچاری سەرت بە ماڵی دوژمندا دەکا» زۆر بە نەرمی هاتە پێش و گوتی چونکە هۆز و خزمان لە ڕەوشت و ئاکاری من خۆشیان نایە، وا من بە دڵ و دەروون دەست لە مەزنایەتی هەڵدەگرم و بەهائەدینم بە گەورەی خۆم قبوڵ کرد و پەیمانی بەرفەرمانی دەدەمێ. ئەوسا پسوولە و فەرمانەکانی پادشای ماچ کردن و لە بەردەمی بەهائەدینی دانان.

شەمسەدین کە ئەم خەبەرەی بیست، نامەیەکی پڕ لە گەفوهەڕەشەی بۆ بەهائەدین نووسی کە محەمەد بەگ کوڕی منی کوشتووە؛ ئەگەر بۆم بگری و ڕایگری هەتا من دەتگەمێ، ئەوا مەزنایەتی حەزۆت دەدەمێ؛ ئەگینا گلەی خۆت لە ملی خۆتە.

محەمەد بەگ کە بە ناوەرۆکی نامەی زانی ڕایسپاردەلای بەهائەدین کە زۆر شەرمەنەنگە تۆ من بگری و بە سووکایەتی بمدەیە دەست شەمسەدین و لە تۆڵەی کوڕیدا بمکوژێ؛ من ئامۆزای خۆتم؛ ئەگەر دەزانی شیاوی کوشتنم، بۆ خۆت لە گەردنم دە. بە هەر فێڵ و تەڵەکەیەك بوو خۆی لە دەست ئەو نەزانە بێویژدانە ڕزگار کرد و پەنای بە هۆزی خالدی برد. بە کۆمەگی محەمەدئاغای خالدی ئابەکی، لەوێوە ڕووی کردەقەڵای ساسۆن و بە یاریدەی خەڵکی ناوچەکە خۆی لە قەڵاکە داگرت و لێی دامەزرا.

شەمسەدین و عەلی پاشاو گەورەپیاوانی بۆتانی، ناوی مەزنایەتیان لە ئەحمەد بەگ نا و بە سەد تەنتەنە و سەنسەنە بەرەو حەزۆ هاتن. بەهائەدین بەگ نزیکەی هەزار سوار و پیادەی لەشکر سازداو بە نیازی رێ پێنەدانی هێرشبەران، خۆی لە دەسك نا. هێندێك کەسی لە هۆزی خالدی ناردنە گوێ چەم کە پاسەوان بن و لاشی وابوو چونکە چەمەکە بوار نادا، بۆتانی ناتانن بپەڕنەوە؛ خۆیشی سەری پردی لێ گرتن.

لە بوولێڵەی بەیاندا، بۆتانی هەر بە سواری، خۆیان ڕە زگ چەم نا و ئەسپەکانیان بە مەلە پەڕینەوە و چەند پیاوێکیان لە پاسەوانە خالدیەکان کوشتن و ئەوانیتر هەڵاتن و هەواڵیان بۆ بەهائەدین برد.

بەهائەدین کە زانی کار لە کار ترازاوە و دەستەوەکەری بۆ ناکرێ، ڕکێفی هێنایە و بەرەو سۆسانی ڕاکرد و ماڵ و منداڵی لە ناو سۆسانیان بەجێ هێشت و بەرەو ساسۆن هات و نیازی وابوو لە قەڵاکەیدا خۆ داگرێ. کاتێ نزیك کەوتەوە بیستی کەوا دوو ڕۆژ لەمەوبەر محەمەد بەگ دەگەڵ ساسۆنیەکاندا ڕێك کەوتووە و چووەتە ناو قەڵاوە و دەرگاشی زۆر قایم داخراوە؛ ناچار دەگەڵ شامرادئاغای سۆسانی و چەند پیاوێکدا، ڕۆژی دووشەممە بیست و پێنجەمی مانگی ڕۆژوانی ئەو ساڵە هاتە بدلیس و یازدەڕۆژان لەوێ مایەوە و ڕۆژی دوازدەمین هەر چەندی دۆست و برادەران بە بەریان هەڵخوێند کە بمێنێتەوە، بەهرەی نەدا و گوتی هەر دەڕۆم. درۆیەکی بیستبوو کە گوایە خەڵکی حەزۆ بە کۆمەگی محەمەد بەگی زەرقی، ئەحمەد بەگ و شەمسەدینیان دەرکردووە و چاوەنۆڕی ئەوەن کە بچێتەوە و بیکەنەوە گەورە. لە قەڵای بدلیسەوە کە وەڕێکەوت، گەیشتە سەر پردی خاتوون؛ پیاوێکی تووش هات بە هەڵەداوان لە ساسۆنەوە دەهات و هەواڵی دایە کە شەوی هەینی شەشی شەشەکانێ محەمەدئاغای ئابەکی شەمسەدینی لە ناو قەڵادا کوشتووە. ئەحمەد بەگیش لە مەزنایەتی خراوە و خەڵکی حەزۆ هەموو پیاوەکانی عەلی پاشایان وەك پەلکی سیر لێ کردوون و بە دەردی سوورەساقەیان بردوون و ڕووت و قووت دەناو خانووەکانی شەمسەدیندا قەتیس ماون و پیاویشیان بە دووی محەمەد بەگدا نارد و هێنایانەوە و نێستا بە

فەرمانڕەوایی پاڵی داوەتەوە.

بەهائەدین بە یەکجاری ئەترەی بەردا و بە ناهومێدی ڕووی کردە دەرزینێ و چەند ڕۆژێکی دەگەڵ محەممەد بەگی زەرقی گوزەراند و لەسەر ئامۆژگاری ئەو بەرەو جزیر تێی تەقاند و خۆی هاویشتە بەر پەسیوی میرشەرەف و ئەویش مووچەیەکی لە داهاتی سنجاقی ئەسعرد بۆ بڕیەوە؛ کە ئەو مووچەیەی دەپێشدا دەدا بە محەممەد بەگی کوڕی خۆی. ئەحمەد بەگ لە حەزۆ کوژرا و ئێستا لە ناوچەی حەزۆدا محەممەد بەگ فەرمانڕەوای سەربەخۆیە.

بەندی چوارەم

فەرمانڕەوایانی خێزان

ئەویش دەبنە سێ دەستە

ئەو گوڵچنانەی لە باخچەی ڕەنگاورەنگی پڕ بۆنوبەرامەی مێژوودا گوڵبژێرن و ئەو کارامانەی لە ناو مێرگ و میرخوزاری بەسەرهاتی ڕابردوواندا ئاودێرن، بنووسیان گوڵاوی داداوە و گوێچکەی مەیان وا ئاو داوە کە فەرمانڕەوایانی خێزان لە ناوچەی بلیجانەوە هاتوون؛ کە سەر بە مەڵبەندی خەنسە. وادیارە باب و باپیرانیان جێ گەورە و خانەدان بوون و هاتوونەتە بلیجان و قەڵاکەیان لە دەستدا بووە. ماوەیەك کە لەوێ ماونەوە، لە وەچەی ئەوان سێ برای زۆر ئازا بە ناوی: دل و بل و بلیج پەیدابوون و بەرەو خێزان بزوتوون و بە زۆرداری گرتوویانە و بە سێ پشکیان بەشکردووە: خێزان بۆ برای گەورە بووە و نێونجی مەکسی بردووە و ئەسپایرد بەر گچکەکەیان کەوتووە. هەر سێکیان، هەر کەس لە جێگای خۆی مەزنێك بووە.

باسی بەسەرهاتی تۆرەمەی ئەو برایانە- وەك دەماودەم هاتووە و چۆن حوکمیان لەو مەڵبەندە کردووە- بە یاری خودای پەروەردگار لە لکی یەکەم و دووەم و سێهەمدا بە نووکی بنووسمی دادێنم و لە سەرکاغەزیان دەچەسپێنم.

دەستەی یەکەم

لە فەرمانڕەوایانی خێزان و هۆی ئەو ناوەیان

چیرۆکێکی زۆر بڵاوە و دەماودەم وا ڕاگوێزراوە کە لە سەرەتاوە ناوی خێزان، سەحەرخیزان[1] بووە. چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە چاو خەڵکیتری کوردستان زووتر لە خەو هەستاون و بۆ نوێژ و پاڕانەوە لە بەر بارەگای خودا وێستاون و گەورە و گچکە و پیر و بەچکەیان سەریان بچێ نوێژیان ناچێ، سپێدەی بەیان و گزنگ لە سەران و جەنگەی نیوڕۆیان و دانی ئێواران و بە درێژایی شەوگاران، لەبەر نوێژان نەسرەوتوون و نەخەوتوون و ناوی سەحەرخیزان تەواو پڕ بە پێستیانە. ئەم ناوە لە ناو کوردانـدا هێندەی هاتوچۆ پێکراوە، سوواوە و سەحەری لێکەوتووە و خێزانەکە بێهەواڵ ماوەتەوە. کورد هەر پیشەیەتی لە ناوان دادەبڕێ: بە شەمسەدین دەڵێن شەمۆ و عیزەدینیش بویتە عەزۆ؛ جەمشید ناوی جەمۆیە و ئەبداڵ بە ئەبدۆ بانگ دەکەن.

هێندێکیش دەڵێن ئەوی قەڵاکەی بنیات ناوە چۆتە زیارەتی ماڵی خودا و کاتێ لە حەج گەڕاوەتەوە دژداران دەرکەیان لێ گاڵە داوە و ڕێگەی چوونەژووریان نەداوە و ئەویش ڕکی هەستاوە و گوتوویە: خیزانی هیچوپوچ[2] و سەری خۆی هەلگرتووە و ڕۆیشتووە.

زۆربەی فەرمانڕەواکانی ئەو ناوچەیە بەو ناوەوە ناسراون. شاری خێزان شارێکی تازەئیجادەو لە ڕۆژگاری ئیسلامیدا بنیات نراوە. خەڵکی ئەوێ دەڵێن: خاوەنی مەراغەی لای تەورێز ئەو شارەی درووست کردووە و نووسەری ئەم ڕووپەڕانە گەلێکی کتێب بۆ پشکنیوە و پادشایەکی وای بە بەرچاودا تێنەپەڕیوە، خێزان دەسکردی وی بێ؟ وێدەچێ ئەو کارە کاری وەزیرێك یان ئەمیرێك بووبێ.

١- سحرخیز: شەوەکی بێدار؛ سحرخیزان: ئەوانەی بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستن.

٢- ڕستەی «سحرخیزان» و «خیزانی بیاعتبار» فارسین؛ ناشێ ببنە ناوی کوردان. من لام وایە هەر «خێزانە» کە بە ئاوەدانی ماڵ دەڵێن. جەمیل

«سحرخیزان» فارسیە؛ بەڵام «خێزان» وەك جنێو، یان ئاوەدانی ماڵ، کوردین و دەفارسیدا نین. خیزی بێ ئیعتبار جنێوێکی کوردانەیە. هەژار

هەڵیشدەگرێ ئەو کاتە کە هولاکۆخان دەسکاری شاری مەراغەی کردووە و بۆ خۆی لەوێ دانیشتووە و خواجەنەسیری تووسی هەمەکارەی بووە، قەڵا و شارەکە کاری ئەو بێ و دەگەڵ یەکێك لە پیاوەگەورەکان یان وەزیرەکانی ئیسلامدا پێکەوە هاوکارییان کردبێ. مزگەوتی گەورەی ئەو شارە هەر کاری بنیاتنەری قەڵاکەیەتی؛ چەند کۆڵەکەیەکی تێدایە، خەڵکی وڵاتەکە نازانن چ دارێکن. هێندێك دەڵێن ئەو دارەیە کە تورك «ئیتبوڕنی» و کوردان شیلانی پێ دەڵێن[1]. خەڵکەکە بڕوایان وایە کە زۆر لە پیاوچاکان هاتوونە ئەو مزگەوتە و لە ودمی ئەوانەوە هەر کەس لەوێدا بپاڕێتەوە، نزای دەستەولەجێ ڕەوایە. ژووری قەڵا وەك ڕوانگەی ئەستێرەناسان هەڵخراوەتەوە؛ بە خشتی سوور و قسڵاو داڕژاوە. باغاتی زۆر و هەموو جۆرە میوە و ترێ و کشمیشی لای تەورێز و عەجەمستانیشی لێ هەیە و ئەگەر بەو هۆیەوە بنیاتی ئەو شارە بدەنە پاڵ خواجە نەسیرەوە، لە ئاوەز بە دوور نیە و خواش دەیزانێ. بەڵام ئاو و هەوای خێزان زۆر ناسازگارە؛ پایزان هەموو کەس لەوێ تووشی لەرزوتا ئەوێ و لام وایە ئەو ناسازگاریە تاوانی داری فندق بێ کە زۆری لێ هەیە.

هۆزی وڵاتی خێزان بە ئەمیران بەناوبانگن. هۆی ئەو ناوەش ئەمەیە هەرکەس لەو هۆزە بمردایە، مەزنی وڵات مووچە و تازووقەی ئەوی بە میراتگرانی دەدا و گەورە و چووکی وەك یەك تەماشادەکردن و کابرا وەك نەمردبا وابوو.

فەرمانڕەوایانی خێزان هەمیشە دەگەڵ زۆرداره زلەکاندا نەرم خۆیان نیشان داوە و دەگەڵیان ڕێك کەوتوون و ئەوانیش خاتریان گرتوون. چەند جارێك پادشایان کە دەستیان بە سەر کوردستاندا گرتووە و خاوەنە کوردەکانیان لێ دەرکردووە، خۆیان دەو بنەماڵە نەگەیاندووە و بێترس و زیان ماونەوە.

مەولانا عەبدولڕەزاقی سەمەرقەندی لە کتێبی *مطلع‌السعدین*دا دەڵێ: ساڵی ٨٢٤.ك (١٤٢١.ز) کاتێ میرزا شاهڕوخی کوڕی ئەمیرتەیمووری کورەکانی بۆ سەرکوتانی کوڕانی قەرەیووسفی تورکمانی گەیشتە کەوشەنی ئازربایجان، کوڕی میرسولەیمانی خێزانی دەگەڵ شەمسەدینی بدلیسی هاتن بە پیریەوە و بە ئاوڕ وێدانەوەی شاهانە و لاواندنەوەی خاوەن شکۆیانە، سەرفراز کران.

١- «شیلان» پنچکە؛ قەت هێندەئەستوور نابێ دەسکە تەوریشی لێ پێك بێ، چجای کۆڵەکەی مزگەوت. وادیارە ئەو خەڵکە هەر وەك داری کۆڵەکەیان نەزانیوە شیلانیشیان نەناسیوە. هەژار

له پاش میرسولەیمان و کوڕەکەی -وەك دەماودەم هاتووە- میرمەلیك ماوەیەك مەزنایەتی تێدا کردووە و کە ئەویش کۆچی لە سەر سەرزەمین کردووە و لە گۆڕستان خەوتووە:

میرداود کوڕی میرمەلیك

سی‌ونۆ ساڵان بە بێ‌کێشە و دەردەسەری، سەرداری سەربەخۆی خێزان بووە. شەو و ڕۆژی بە خواردنەوەی مەی و بادەو بە هامدەمی نۆنەمامی جوان و سادە ڕابواردووە. فێرگەیێکی لە خێزاندا بنیات ناوە کە بە فێرگەی داوودیەوە ناو براوە؛ هەتا ئێستاش زانا و هۆزان لەو جێگەدا دەس‌بەکار و لەو فێرگەیەدا فێرکارن.

ئەو میرداودە سێ کوڕی بووە: سوڵتان ئەحمەد، میرسولەیمان بەگ، حەسەن بەگ.

سوڵتان ئەحمەد کوڕی میرداود

لە پاش نەمانی بابی، مەزنایەتی خێزانی گرتە چنگ و زۆر بە زیتی و لێزانی گەلێك سەروسامانی بە ناوچەی بەرفەرمانی داو هۆزەکانی نەمیری و دانیشتووانی ئەو ناوە لە دڵسۆزی و لە ژێری میری خۆیان هەموو شاد و دڵخۆش بوون. لەو چاخەدا کە میران و سەردارانی کوردستان دەگەڵ سوڵتان سولەیمانخاندا ڕوویان کردە ئارامیگەی بەغدایە، سوڵتان ئەحمەد زۆر خزمەتی زۆر گرینگی بۆ سوڵتان کرد و لەو ناوەدا ناوی دەرکرد. لە پاداشتا فەرمان درا کە نازناوی جەنابیان بۆ ئیجاد بێ و خانەدانیان لە ناو فەرماننامەکاندا وێژەی حاکمیان بۆ بەکار بێ و خێزانیشیان بە مولکایەتی بدرێتێ و بە نەفرین و تووك لە داگیرکەران بەربەست بکرێ و لەو ساوە بە حاکمانی خێزان ناوبراون.

هەر چەندەهەر زۆر لە مێژینەوە خانەدانی خێزان و بنەماڵەی شەرەفخان خۆشەویستی یەکتر و زۆر نێوان خۆش بوون، بەڵام لەو ساوە کە ئۆڵمە پێی نایە ڕۆمەوە، چەند شتێکی وا ڕووی داوە کە نێوانیانی تێك داوە و لێکی کردن بە دوژمن و لە باسی بەسەرهاتی شەرەفخاندا ڕوون دەکرێتەوە.

سوڵتانئەحمەد بەگ و ئۆڵمە پێکەوە ڕێك کەوتبوون خانەدانی شەرەفخانی لە ناو بەرن. شەرەفخانیش لە تۆڵەدا لەشکری کرد و هێرشی بردەسەر خێزان و نیازی وابوو کە خێزان و

سـولتانەکەی بەردەسـت بکـا. لـە هـەر دووکلا کوشـتارێکی بێـداد کـرا و ناوبژیکـەر هاتنـە بـەر و شەرەفـخانیان گەڕاندەوە.

سولتان ئەحـمەد پیاوی ناردەدیاربەکر و ئۆلمەی هاندا کە بێتە سەر شەرەفـخان و دەگـژی ڕاچـێ. ئۆلمە هات و بە لەشکری دیاربەکرەوە چووە خێزان و بە ڕابەری سـولتان ئەحـمەد لـە خێزانـڕا هاتـە تاتیك و لەوێشەوە هاتە سەر بدلیس. لەو شەڕەدا میرشەرەفـخان کـوژرا و لـە پـاش ئـەویش سـولتان ئەحـمەد هێندەنەژیا و سەرزەمینی بەجێ هێشت و لە ناو گۆڕدا نیشتەجێ بوو.

بـــە دڵ گـــەر چـاوێ بـخشێنی لـە مەڵبـەندی کفـنپۆشـــان

ســـەری دڵ ســـووڕدەمـێنیێ، هێنـدەسـەیـرە شاری خامۆشان

دڵیپـــڕ ئـــارەزووی شاهـــان ژەمێکی ســـووکـەڵـــەی مارە

لـــە دەم مێروولـــەیـــەکـدا خاکی لاکی مـەزن و خوونکـــارە

ئـــەوی نـــازی دەکـــرد و دەنـگـــی دابـــوو ساز و ئـــاوازی

دەگـــەڵ گـــازنـــدەکـــەر تۆزن لـە خۆڵـدا بـــێ جیـــاوازی

پێنج کوڕی لە پاش بەجێمان: میرمـحەمەد، یوسف بەگ، مـەلیك خـەلیل، مـەلیك خـان، خـان مەحـموود.

میرمـحەمەد کوڕی سولتان ئەحـمەد

لە پاش مەرگی سولتان ئەحـمەد، لەسەر فەرمانی -ناکرێ نەزانی- سولتان سولەیـمانخان، مەڵبەندی خێزان کرا بە دوو بەش: بەشێکی درا بە میرمـحەمەد و بەشەکەیتری بۆ مەلیك خـەلیل. هـەر تـەنیا ساڵێك میرمـحەمەدیش بە سەرداری ژیـا و مـەرگی کتـوپڕ، تەمـەنی بـڕی و سـێ کـوڕی لـە پـاش بەجێمان: سولتان مستەفا، داود بەگ، زەینەڵ بەگ.

لە پاش مەرگی ئەو، مەلیك خەلیلی برای بەشەکەی ویـشی خـستە سـەر بەشـی خـۆی و دیـوانی سولتانیش بەوە ڕازی بوو. بەڵام سولتان مستەفا بە کۆمەگی بەهائەدین بەگی حەزۆ -کە خاڵۆی بوو- ڕووی کردەئاستانە و بەشەبابی بۆ خۆی نەستاندەوە؛ شەش ساڵان مەزنایەتی کرد. ڕۆژێك چووبـووە ڕاو نەگەڕایەوە و کە لە دوای گەڕان کەلاکەکەیان لە لێڕەواردا دۆزیەوە و هـەر چـەندی لـەو کارەسـاتەیان

تۆژیەوە، ئێستاش نەیانزانی بۆ کوژراوە و کێ کوشتوویە. داودبەگی برای جێگەی گرتەوە و ئەویش دوای ساڵێك سەرزەوی جێ هێشت.

لە پاش داود بەگ، زەینەڵ بەگی برای چووە ئاستانەی سوڵتان سەلیمخان و دوو بەشەی خێزانی بە چەشنی پێشوو کردەوە یەك و بە ناوی نووسرا؛ بەڵام بەرلەوەی لە مەزنایەتی چێژێك بچێژێ و ئارەزووی پێك بێ، مەیگێڕی مردن ژەهراوی مەرگی بە گەروودا کرد و لە ڕێی ئەستەنبووڵ -زۆر بە ناکامی- هەموو ئاواتی ئاوێتەی گڵ بوون.

مەلیك خەلیل کوڕی سوڵتان ئەحمەد

هەر وەك لەمەوبەر تۆزێکی لێدواین، هەتا براکە و برازاکانی لە ئارادا بوون، جارجارە نیوە و جاری واش هەبوو هەموو خێزانی دەبەر دەستدا بوو. لە پاش نەمانی برازاکانی -لە ڕۆژگاری سوڵتان سەلیمخاندا- بە کۆمەگ کردن و یاریدەدانی ڕاوێژکەری بەرز و ژیر (محەمەد پاشای گەورەوەزیر) هەردووك پارچەی خێزانی کردەپشکی خۆی. بیستودوو ساڵێك بێ بەرهەڵست و بێ چەت تێکەوتن مەزنایەتی کرد. بەڵام پیاوێکی دەستەوستان بوو؛ پێ نەدەوەستا ئەرکی گرانی فەرمانڕەوایی بەڕێوە بەرێ و هەست و نستی خۆی نابووە ژێردەستی ئەبداڵئاغاوە کە ئەو ئەبداڵە سەر بە کۆماری بلیلانی بوو. ئەم لە جیاتی ئەو کاروبارەکەی جێبەجێ دەکرد و مەلیك خەلیلیش لەو سەرداریەدا بە ناو و نانێك قنیاتی دەکرد. هاتیشی وابوو (خوا وای دابوویە) چی ئاوات بوایە بۆی پێك دەهات و هیچ دانەدەما.

ساڵی ٩٩١.ك (١٥٨٣.ز) بە نەخۆشی فێ -کە زۆر لەمێژ بوو پێی دوچار ببوو- کۆچی دوایی کرد و کوڕێکی چکۆڵەی لە پاش بەجێ ما ناوی حەسەن بەگ بوو.

میرمەحموود کوڕی سوڵتان ئەحمەد[1]

هۆز و تیرەکانی ئەمیری لە جێگەی مەلیك خەلیلی برایان دانا و فەرمانی پیرۆزی سوڵتان

١- لە باسی سوڵتان ئەحمەددا کوڕی پێنجەمی ناوی خانمەحموودەو لێرەدا بە میر مەحموودی هێناوە. هەژار

مرادخانیشی بۆ هات و دەستی بە کار کرد. لە ڕاستیشدا پیاوێکی بەکار و مشوورخۆر و لێزان بوو؛ ئەوەندەی سەرە و بەرە بەو مەڵبەندەدا و ئەوەندی وە برەو خست کە هەر باسی ناکرێ.

ساڵی ٩٩٢.ك (١٥٨٤.ز) کە عوسمان پاشای وەزیر بە لەشکری جیهانگیرەوە بۆ گرتن و بەرپێ دانی تەورێز بزووتبوو، میرمەحموودیش ڕەگەڵ کەوتبوو. ڕۆژێك کە سەنانپاشای وەزیر لە سەعدابادی تەورێز دەگەڵ قزڵباشان تێك هاڵقا و ئاوقای یەکتری بوون و هەواڵەکانی هەڵاتن، میرمەحموود و چەند سەرناسێکی خێزانی لە مەیدانی شەڕدا بە شەهیدی بەختەوەر بوون.

دوو کوڕی بە ناوی سوڵتان ئەحمەد و میرمەحموود لە پاش بەجێ مان و میرمەحموود هەر زۆر بە منداڵی جوانەمەرگ بوو.

میرحەسەن کوڕی مەلیك خەلیل

لە پاش بە کوشت چوونی میرمەحموودی مامی -هەر چەندەزۆریش منداڵ بوو- هۆز و تیرەکانی ئەمیری کردیان بە میری خۆیان و بەرانبەر بە فەرمانی سوڵتان مرادخان فەرمانڕەوایی خێزانی کەوتە دەست.

یوسف بەگ کوڕی سوڵتان ئەحمەد -کە دەبووە مامی- بە نیازی مەزنایەتی خێزان، ڕووی کردەئاستانەی کونەبەختی سوڵتان مرادخان و لە بەزەیی بێ بڕانەوەی شاهانەوە سەرداری خێزانی درایە و کاتێك لە ئاستانەوە گەڕیاوە و هاتەوە خێزان، لە تیرە و هۆزەکانی ئەمیری کەس ئاوڕێکی بە خێری لێ نەدایەوە و سەرینی ناهومێدی نایەوە و بە دڵساردی ڕووی کردە تەورێز و خۆی خستە سەر خاك و پای جەعفەر پاشای وەزیرەوە. جەعفەر پاشاپیاوی خۆی دەگەڵ ناردن کە خێزانی بۆ بگرن و بیدەنێ؛ بەڵام خەڵکی ناوچەکە فەرمانی پاشاشیان بە پاشدا گێڕاوە و جوابیان نەداوە.

چەند جارێکیتریش لە دەرکانیداو هاوار و دادی بۆ ئەو و ئەم برد تا لە ئەنجامدا کەیخودا و خێرخوایان کەوتنە نێوان و ناوچەی ئەمیرانیان بە ناوی سنجەق دایە و خێزان و دەوروبەریشی بۆ میرحەسەن مایەوە.

ماوەیەکی کەم ئاوا ڕابرا؛ بەڵام بە دنەدانی کەتنگێڕان یا خۆ بە ئارەزووی جوانەمەرگ بوون! یوسف بەگ هەوای هەموو خێزانی کەوتەوە سەر و سەری لە شەڕ دەخورا. میرحەسەن دەستە و

بەستەی خۆی لێ کۆ کردەوە و هۆزی شیـروانیش هاتنە هیمدادی و پەلاماری یوسف بەگی دا.

یوسف بەگ لە گوندی ئاز -کە لە ناوچەی نەمیـرانە- سەنگەربەندی خۆی کرد و لە بەریان وێستا. کاتێ شەڕەکە گـەرم بـوو، هەواڵـەکانی بڵاوەیـان لـێ کـرد و یوسـف بـەگ خـۆی لـە نـاو ڕەهەنـدی ئاودەستێکدا وەشارد و زۆر بە پیسی لە ناو پیساییدا کوژرا و کەسیش نەیزانی کێ کوشـتوویە. بـەڵام بۆگەنی کارەساتەکە، سەر و مێـشکی میرحەسـەنی بـاش ئـاخنی. کاربەدەسـتانی عوسـمانی -کـە گێچەڵیان دەکرد- گەڕیان تێهاڵاند و شەڕیان پێفرۆشت و ئەوی پێی بڵێن شت و لە بەرد نەرمتـر بێ، هەمووی بە بەرتیل داو تەنانەت چەند پارچە زەمینێکی زۆر باشی لە وڵاتـی خێـزان هـەبوون، دەگـەڵ هەموو ئەو موڵك و ماڵەی لە باب و باپیـرانەوە بۆی مابۆوە، هەمووی کردەگیـرفانی کاربەدەسـتانی عوسـمانیەوە و ئێستاش کە لە سەر ساجی عەلیان داناوە و قۆشەی سووتاوی نەماوە، گیـرە و هەرا و گزی و بەهانە هەر ماوە.

سەرەڕای ئەوەش حاجی بەگی ئامۆزای[1] -کە کچەزای حەسەن بەگی مەحـموودیە- بە گژی داهات و داوای ناوچەی نەمیـرانی لێدەکرد و لە پاش هەرا و کێشەی زۆر، بڕیـار درا کـە ناوچـەی مـەروانان بـخوا و دەگەڵ میـرحەسەن بژی و پێکەوە بە سەر وڵاتەکە ڕابگـەن و ئێـستا نێوانیـان خـۆش بـووە و کاروباری خێزان زۆر بە باشی ڕووبەڕا دەبێ.

١- لە دوو دەستنووسدا حاجی بەگ کوڕی داود بەگی ئامۆزای. عەونی

دەستەی دووەم

فەرمانڕەوایانی مەکس

لە دەلاندنی زمانی تەڕ و پاراوی دادراوی بنووسی بێگرێ و ڕەوانەوە و لە درکەی نرکەی پاڵەی بەهێزی ناوپەرێزی ئەم پاڵەوانستانەوە وامان بۆ دەرکەوت کە فەرمانڕەوایانی پێشووی خێزان و مەکس و ئەسپایرد، سێ برا بوون و لە بلیجانەوە هەڵۆەدا بوون و هاتوون ولاتی ئەمیرانیان داگرتووە و لە خۆیان بەش کردووە و هەرکەسە بەشی خۆی بردووە و حوکمی لێکردووە. هەیشە دەڵێن ئامۆزا بوون و پێکەوە تەبا بوون و دەگۆ سەلجۆقیان ڕاچوون و ولاتەکەیان لێگرتوون. هەر چۆنێك بێت یەکەم کەسێك کە لە مەکس بۆتە ئەمیر وناوی لە بیر خەڵك ماوە، میرئەبداڵە. میرئەبداڵیش دوو کوڕی بووە بە ناوی ئەحمەد بەگ و حەسەن بەگ.

ئەحمەد بەگ کوڕی میرئەبدال

کاتێ میرئەبدال نەماوە، ئەویان لە جێگە داناوە. زەینەل بەگی هەکاری -کە چاری نەویستووە و ویستوویە ئازاری بدا- حەسەنی برای لە دەسك ناوە و کردوویەتە داردەستی خۆی و بردوویەتە بەر ئاستانەی سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر و ناوچە و قەڵای کارکاری لە ولاتەکەی میرئەحمەدی پێ دابڕیوە و بە ناوی سنجاق بە حەسەن بەگی بەخشیوە. فەرمانی کاریگەری بۆ دەرچووە کە هەردووك برا هەتا ژیاون پێکەوە فەرمانڕەوای ئەو ناوە بن. سی ساڵ بە جووت حوکمیان کرد و ئەوسا ئەحمەد بەگیان مرد و دوو کوڕی لە پاش مان: ئەبدال بەگ و میرعیمادەدین.

ئەبدال بەگ کوڕی میرئەحمەد

لە پاش نەمانی بابی -بەرانبەر بە فەرمانی هەمیشە پێك هاتووی سوڵتان سولەیمانخان- مەکسی خرا بەر فەرمانەوە. هەر لەو سەروبەندانەشدا حەسەن بەگی مامی فەرمانی مەرگی بۆ هات و لە گۆڕستان دامەزرا.

ئەبدال بەگ -کە کیژی زەینەل بەگی هەکاری دەباخەڵدا بوو- بە کۆمەگی خەزووری کارکاری وەك ڕۆژگاری باپیرانی، خستەوە سەر مەکس و لەوبارەوە نیشانی بەزەیی نیشاندەری سوڵتان سەلیم‌خانی وەرگرت. لە دواییدا ڕوستەم بەگی میرحەسەنیش -بە یاریدەی هۆزی مەحموودی- سەرلەنوێ ناوچەی کارکاری دابڕیەوە و خستیەوە بەردەستی خۆی. لەسەر ئەوە شەڕ و هەرای زۆر و زەوەند لە نێوانی ئامۆزایاندا پەیدا بوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٠٠٥ك (١٥٩٦ز)دا، شەوێك دۆژی شێو و خەوتنان، ئەبدال بەگ بە نیازی دەسبەئاو گەیاندن هاتبووە سەر لێواری قۆنگرەی قەڵا و لەسەرخۆشیان هەڵخلیسکا و مەستانە کەوتە خوارەوە و تازە ئەغیاری نەدیەوە.

دوو کوڕی هەبوون: میرئەحمەد و محەمەد. لەسەر قۆڵ لەسەر کێشانی هۆزەکان و خزمانی، میرئەحمەد کرا بە جێنشین.

ڕوستەم بەگ کوڕی حەسەن بەگ

هەر وەك لێی دواین، لە داخی ئامۆزایانی، کیژی حەسەن بەگی مەحموودی خواست و بە کۆمەگی مەحموودیان و ئاوڕوێدانی مستەفا پاشای سەردار، ناوچەی کارکاری کردەپاری خۆی.

لە پاش ماوەیەك لە ژیان تەکیەوە و تەکی دابە گۆڕی تەنگەوە و حەسەن بەگی کوڕی جێگەی گرتەوە. جا کە ئەبدال بەگ لە بەرزیەوە هەڵدێرا و لە دنیا هەڵوەژێرا، حەسەن بەگ بۆ گرتنی مەکس یاریدەی لە سەنان پاشای میری میرانی وان خواست و ئەویش نزیکەی سێسەد سوار و پیادەی دەگەڵ نارد و میرئەحمەدیش بە هۆز و خزمانی خۆیەوە لە قەڵا دەرکەوت و هاتە بەرایی حەسەن بەگ و پێکوەربوون و تێکبەربوون و لەو ناوەدا حەسەن بەگ وەبەر هات و ماوەی ژیانی بەسەر چوو. میرئەحمەد هەر خۆی ما و بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی مەکس و ئێستا دەستەڵاتداری بێ بەرهەڵستە.

دەستەی سێهەم

فەرمانڕەوایانی ئەسپایرد

وەك زانیمان ئەسپایردیەکانیش هەر خزمی میرەکانی خێزان بوون. کاتێ کە کاربەدەستانی کوردستان خۆیان خستە ژێر ئاڵای عوسمانیانەوە، محەمەد بەگ بە سەر ئەسپایرد ڕادەگەیشت. کە دنیای بەجێ هێشت، دوو کوڕی لە پاش بەجێمان: سوڵتان ئیبراهیم و میرشەرەف.

سوڵتان ئیبراهیم کوڕی محەمەد بەگ

بەرانبەر بە فەرمانی سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر، کرا بە جێنشینی باوکی و میرایەتی ئەسپایردی کەوتە دەست. ماوەیەك بە سەرداری ڕایبوارد و لە پاشان کە قزڵباشان هاتنە دەوری قەڵای وانێ، ئەویش دەگەڵ فەرهاد پاشای میری میرانی وان، شەڕی قزڵباشانی کرد و بە دەستی وان کوژرا و دوو کوڕی لە پاش مان: محەمەد بەگ و حەسەن بەگ.

محەمەد بەگ کوڕی سوڵتان ئیبراهیم

لە پاش کوژرانی باوی -بە گوێرەی فەرمانی سوڵتان- فەرمانڕەوایەتی ئەسپایردیان پێ ئەسپارد. ئەویش چوار کوڕی بوون: ئەییووب بەگ و خالید بەگ و ئوەیس بەگ.[1] هەر بە زیندی سەر وەسیەتی بۆ ئەییووب بەگ کردبوو. لە پاش مردنی کرا بە جێنشینی و ئێستا کە ساڵی هەزار و پێنجی کۆچیە وا نزیکەی بیست ساڵە وڵاتەکەی بە دەستەوەیە و لە بەخۆوە بژیوی و دراو هەڵکڕاندن و زانیاری دنیاداریدا، جێ ئێرەیی هەواڵانیەتی.

---

[1]- لە فارسیەکەی چاپی میسردا ناوی کوڕی چوارەم نیە؛ بەڵام لە تەرجەمە عەرەبیەکەی محەمەدعەلی عەونیدا، ڕووپەڕی ۲۱۳، چوارەمیان سوڵتان ئیبراهیم بەگە. هەژار

میرشەرەف کوڕی محەممەد بەگ

لەو کاتە کە سوڵتان ئیبراهیمی برای کرا بە مەزنی وڵاتی ئەسپایرد، میرشەرەف پەنای بە دەرگای سولەیمان برد و لە سۆنگەی فەرمانی بەرزەنیشانی سوڵتانەوە ناوچەی ئاغاکیسی -لە قەڵەمڕەوی برای- بۆ دابڕا و بە ناوی سنجەقەوە بە سەری ڕادەگەیشت و لە پاش ماوەیەك لەوێش دابڕا و بەرەو ئەو دنیا باری کرد و بەهائەدین و ئۆرکەمزی لە پاش بەجێ مان؛ بەڵام هەردووك زۆر منداڵ بوون و گزیرایەتی ئاغاکیسیان پێ جێبەجێ نەدەکرا و لە دیوانەوە لێیان بڕا و درا بە میسرە عوسمانیەکان. ئۆرکەمزیان میرمنداڵە بوو کە تووشی نەخۆشی فێداری و دوچاری بیماری شێتی و پەتیاری بوو. بەهائەدین کوردستانی بەجێ هێشت و لە عەربسان گیرسایەوە و لە لای بەسرا و ئەحەساوە[1] چووبووە ڕیزی نۆکەرانی پادشاوە.

١- الاحساء: مەڵبەندێکە لە باکووری بەحرەین و لە کەناری ڕۆژاوای خەلیجی بەسرەیە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی جزیرەی عەرەب. جەمیل

بەندی پێنجەم

فەرمانڕەوایانی کلیس

با ئەوانەی ڕێپێبەری سەر و بەری بەرەی باشی هاشمیانن و ناسێنەری وەچ و بەری لك و پۆپی گەش و زۆپی شەنگەداری بڕ و چڕۆ پەرێشانی قوڕەیشانن، باش بیزانن کە ئەوانەی لە سەر کلیس حوکمڕانن، پێیان وایە لە ڕیشاژۆی فرزەندانی ئیمامهەباس -خوالێی خۆش بێ- ڕوواونەوە و بنجی خۆیان سەر بەو تیرە و زنجیرەیە حەساو دەکەن.

هێندێك کەسیش -کە باشتری لێدەزانن- لایان وایە کە ئەوانە دەگەڵ بەرەی بنەماڵەی ماڵە میرانی هەکاری و ئامێدیدا ئامۆزان و بەڵگەی ڕاستیشیان ئەمەیە کە دەپێشدا سێ برا بوون؛ شەمسەدین و بەهائەدین و مونتەشا. هەکاریەکان -کە لە شەمسن- ناوی شەمۆیان لێ نراوە و ئامێدیەکان لەبەر ناوی بەهائەدین بوونە بهدین و فەرمانڕەوایانی کلیس -کە تۆرەمەی مونتەشابوون- بە ناوی مەند ناونراون.

هەر چۆنێك بوویێ ئەو مەندە-کە ڕەسەنی ئەو میرانەی پێوە بەندە- پیاوێ بەدەسوبرد بووە و کۆمەڵە کوردێکی ئازای لە دەوری خۆی کۆ کردووە و بەرەو میسر و وڵاتی شام ڕۆیشتووە و لە لای پادشایانی بەرەی ئەییووبی دامەزراوە. ئەو پادشادادگەرانەش ناوچەی قەسیریان لە نزیك وڵاتی ئەنتاکیەوە پێ سپاردووە؛ کە خۆی و دەست و پێوەندەکانی تیا بحاوێنەوە.

ئەو کوردەیەزیدیانەش کە لە ناوچەی قەسیر دەژیان، هەموو هاتنە ژێر سێبەری پارێزگاری مەندەوە و مەند ڕۆژبەرۆژ برەوی دەسەند و مەردی و ڕەندی و سەربڵندی و قووڵ و مەندی مەند، لە لای هەموو کەسی جوان و پەسەند کرد و زۆر پێ نەچوو کوردەکانی جوم و کلیسیشی کەمەندکێشی ئاکاری خۆی کرد و سەر لە بەریان، سەریان وەبەر باری ئەو لاوە ڕند و لەوەندە هێنا. پادشایانی میسر و شامیش لە کرداری دڵشاد بوون و کوردەکانی دەوری شام و لای حەلەبیان گش بەو سپارد و بەو خەڵاتە شایانەیان بە دڵخوازیان گەیاند و سەرفرازیان کرد و لەوساوە مەند بوو بە میری خاوەندگیر و

لکی دووەم[1]
کرنی

ئەوانە لە نەوە و نەوەچڕکی میرمحەمەدی کوڕی میرحەسەن کەوتوونەوە؛ کە باوك ولاتەکەی لە ناو کوڕاندا بەش کرد و قەلاّی شەبستانی بەو میرمحەمەدەدابوو. وا ئێستاش زەینەڵ بەگ کوڕی سولەیمان بەگ لە دیوانی پادشاوە قەلاّ و مەزرای شەبستانی بە زەعامەت پێدراوە و بە سەری ڕادەگا.

هێندێك جاریش میرحەسەنی مەلیك سولەیمان، کە پسمامیەتی -وەك لە باسی بە کوشت چوونی ئەبدالّ بەگدا لێی دواین- بە سەر کفرادا دەستی ڕۆیشتووە.

دەڕاستیدا زەینەڵ بەگ لاوێکی دووربیسن و کارزانە و هەر لە ئێستاوە زەعامەتەکەی خۆی خستۆتە سەر ناوی کوڕەکەی و ئاغاکیسی بە زەعامەت لە دیوانی سوڵتان محەمەدخانەوە بۆ خۆی وەرگرتووە؛ برایەکیشی هەیە ناوی ئەبدالە.

١- دانەر لە سەرەتای بەندی شەشەمدا، شیروانیان دەکاتە سێ لك؛ کەچی بۆ کرنی و ئێرون، یەکەم و دووەمی داناوە؛ کە دەبێ دووەم و سێهەم بن. هەژار

لکی سێهەم

ئێرون

میرمەلیك، کوڕی میرحەسەن، کوڕی شەمسەدین، کوڕی میرحەسەن، ئێرونی بە نـاوی زەعامـەت بـە دەستەوەیە و زانیشمان کە میرحەسەنی هەوەڵێ ئێرونی بۆ شەمسەدینی باپیـری ئەو میرحەسەنە جـوێ کردبۆوە.

میرمەلیك لاوێکە -بۆ ئازایەتی و دلاوایی- لە کوردستاندا ناوبانگی دەرکردووە و بۆ دینداری و لە خوا ترسیش لە ئەندازەی دەربردووە.

بەندی حەوتەم

فەرمانڕەوایانی زەرقی

ئەویش چوار دەستەن

مەلەوانانی سەر ڕووباری دوورەبواری کەفچڕێنی کەڵرفێنی بە تەوژم و ڕژد و تیژ و پڕ لە کێژی مێژووی کەون، بنی گۆمیان پشکنیوە و بۆ بنیچەی قومپووی کومپووی خانەدانی میرەکانی کوردستانیان لێ ڕوانیوە و لە ناو زیخ و چەوو قومی تەختاییدا، سەر ڕەسەنی بنەماڵەی زەرقییەکانیان دیوەتەوە و دەریان خستووە کە عارەبە و شامی بووە.

شێخ حەسەن ناو کوڕی سەید عەبدولڕەحمانێك، ئەو وڵاتە بە ڕێژەوەی جێهێشتووە و -کاری خوایە- ئاوارەیی تووش کردووە و بەرەو مەڵبەندی ماردین هاتووە و کوردستانی بەدڵ بووە. ملی لە خوداپەرستی ناوە و ڕۆژووی گرتووە و چلەی کێشاوە و نوێژی درێژی کردوون و سوژدەی بە بینی بردوون و هەمیشە جلیشی سەرتاپا شین بووە و لەبەر ئەوە خەڵك ناوی شێخی ئەزرەقی (شێخە شینە)یان بە سەردا بڕیوە. عەرەب بە چاوشینان دەڵێن ئەزرەق. هیچ دوور نیە ئەو شێخە چاوی شین بووبێ. هەر چۆنێك بێت نەخوێندەواران هێندەیان جووە تا «ئە»یەکەی لێ کەوتەوە و زەرقیکی ڕووت ماوەتەوە.[1]

١- ئەمینزەکی بە زراکی (زریکی) ناوی بردووە. ڕەنگە لە لاتینی وەرگرتبێ. من لام وایە ئەو ناوە لە ئەزرەقییەوە هاتبێ. نافع کوڕی ئەزرەقی حەنەفی -کە ئەبووڕاشدیان پێ دەگوت و لە خاریجیان بوو- مەزەبێکی ئیجاد کرد و دەپێشدا کەم بوون؛ دوایە وایان لێهات ئەهواز و زۆر لە ئێرانیان تا کرمان گرت. بە فەرمانی عەبدوڵلا کوڕی زوبەیر -گزیری بەسرا- عەبدوڵلا کوڕی حەرس خوزاعی، بە گژیاندا هات و لە بەریان شکا. چەند جارێکیتریش هاتنە سەریان، دەرۆستیان نەهاتن. دوایی موهەللەب کوڕی ئەبووسوفرە -میری خوراسان- بڵاوی کردن و نافع و جێنشینەکەشی کوشتن و دەستی هەر لێ هەڵنەگرتن؛ تەنانەت لە ڕۆژگاری عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان و حەججاجی گزیری عیراقیشدا، هەر دەگژیان ڕادەچوو. ئەزرەقیەکان «قەطەری» کوڕی فوجائەیان کردەپێشەوا و لەپاشان لەناو خۆدا بووبە کێشەیان. عبدربە گەورە، بە حەوتهەزار کەسەوە و عبدربە گچکە، بە چوارهەزارەوە بەجێیان هێشت و ڕوویان کردەدەوروبەری کرمان و قەتەری لە فارسدا مایەوە و موهەللەب زۆری برد و بەرەو کرمان ڕاوی نا. جەمیل وێشدەچێ ناوی زەرقی لە زەرگەوە هاتبێ و کابرا شێخ بووە و زەرگی وەشاندووە. هەژار

ئەوەندەدوورەدنیا و خواخواز و نوێژ و ڕۆژوو پاك بووە، زۆربەی پیاوماقوولانی ماردین بوونەتە دەروێشی و پادشای ئەو سەردەمە لێی ترساوە و لە قەڵای ماردیندا خستوویەتە گرتووخانەوە. لە پاش چەند ڕۆژێك شێخ بە پادشای نواندووە و دڵ و هۆشی لێ ساندووە و کەمەندکێشی کردووە و پادشاجەزمی لێ هاتووە و بۆتە دەروێش و شێخی لە بەندیخانە دەرێناوە و دەستی دەبەژنی وەرێناوە و داوای بوردنی کردووە و شێخ بەخشیویە و ئەویش بۆ دڵنەوازی کیژی خۆی بە شێخ بەخشیوە. ئیتر لەو ساوە هەموو خەڵکی ئەو ناوە بوونە خاکی بەری پێی شێخەشینە و هەر مەبینە چەندیان بڕوا پێ‌هێنا و چتۆ ڕێزیان لێ دەنا!؟

لە پاش ئەوەی کە پادشازەرگی مەرگی پێداکرا و شین و شیوەن وەلابرا، شێخەشینە جێی گرتەوە و کرا بە جێنشین و مەڵبەند و ناوچەکانی دەوروبەری بە سەر کوڕەکانیدا بەشینەوە.

دەستەی یەکەم

فەرمانڕەوایانی دەرزینی

لە کوڕانی شێخ حەسەنی زەرقی، ئەوی هاتۆتە دەرزینی، ناوی هابیل بووە و کوڕی هابیلیش قابیل بووە. لەو سەردەمانەدا کە قەڵای دەرزینی لە دەست دینەدوژمنانی دڵ کوێردا بوو، کلیسایەکی گەلەك مەزنی بە ناوی دیرزیر[1] تێدا بوو. جا کە هابیل و قابیل ڕزگاریان کردووە و بۆ خۆیان دەستیان بە سەردا گرتووە، ئەو ناوە لەبەر زۆر دەکارهێنانی، لە ناو دەم و زاراندا سواوەو کراوە بە دەرزینی. ئەوانەی میری دەرزین بوونە و مێژوویان ئاشکرا و ڕوونە، بە شوێن یەکدا ناونووس دەکرێن.

میرهەمزە

کوڕی میرخەلیل کوڕی میرغازی

میرهەمزە ماوەیەك لەسەر فەرمانی شائیسماعیلی سەفەوی بە سەر دەرزینێ ڕادەگەیشت. کاتێ کە ئەو نەما، محەمەد بەگی کوڕی دەگەڵ میر ومەزنەکانی کوردستاندا هاتە بەر فەرمانی دەرك و دیوانی وێنە عاسمانی سوڵتان سەلیمخان و بە خشل و زیوەری جیهان جوانکەری ئاوری شاهانە سەرفراز کرا و بە هەستی تەرز و بەزەیی بەرزی سوڵتانانە، کاری ساز درا و دەرزینی درایە.

لە دەرباری ڕۆژگاردا چوار کوڕی بە یادگار بەجێ هێشت: عەلی بەگ، شاقولی بەگ، یەعقووب بەگ و جیهانشابەگ.

عەلی بەگ کوڕی محەمەد بەگ

لە پاش مەرگی بابی، براکانی کەوتنە بەربەرەکانی کردنی و لە سەر مەزنایەتی گەڕیان تێهاڵاند و شەڕیان پێ فرۆشت. لە ئەنجامدا بە هێزی دەست و بازوو زۆری، ئەوانی برد و خپی کردن و حەوساڵان بە بێ بەرهەڵست فەرمانڕەوایەتی کرد و کە ئەویش مرد براکەی:

١- لە دەسنووسێکدا «دردیز» و لە یەکی ترا «دیرزینر» نووسراوە.عەونی ڕەنگە «دێرزێڕ» بێ. هەژار

شاقولی بەگ کوڕی محەمەد بەگ

ساڵی ٩٤١.ك (١٥٣٤.ز) لەسەر فەرمانی لە بان سەرانی سولتان سولەیمانخان کرا بە فەرمانڕەوای دەرزینی و بوو بە جێنشینی برای. هەشت ساڵان بە مەزنایەتی مایەوە. جارێکیان لە ئاستانەوە دەگەڕایەوە؛ لە شارۆکەی بولی، ناسر بەگی زەرقی گردکانی -کە لە زووێکەوە دوژمنایەتیان هەبوو- تووشی هات و خۆی و چەند پیاوێکی کوشت.

یاقووب بەگ کوڕی محەمەد بەگ

لە پاش کوژرانی شاقولی بەگی برای، کرا بە کاربەدەستی هەموو ولاّتی سەر بە زەرقی. یاقووب بەگ زانا و خوێندەوارێکی لە زەبر بووە و سەرسۆفیلکە و دەروێشانەش هەڵکەوتووە و هاموشۆی پیاوانی خودا و هەژارانی زۆر کردووە. شێعری دەروێشانەی دەهۆندەوە و زۆربەی شێعرەکانیشی بە زمانی کوردی گوتوون و دیوانی شێعری بە کوردی هەیە. بۆ ڕەوشت پاکی و ڕەفتار چاکی و بۆ سەرداری و دنیاداریش، لە رۆژگاری خۆیدا بێوێنە و تاك بووە.

دوای بیستوپێنج ساڵ گەورەیی کردن، خۆی لەو ئەرکە گرانە نەبان کرد و دومانبەگی کوڕی خۆی لە شوێن خۆی دانا. دوو ساڵ بە سەردا تێپەڕیبوو، دومان بەگیش دەگەڵ میر ومەزنە کوردەکانیتردا چووبووە شیروان و لە شەڕی چاڵدیراندا قزڵباشان کوشتیان. لە پاش جوانەمەرگ بوونی دومان بەگ، یەعقووب بەگ تەنیا ساڵێك ژیا و سەفەری مەرگی هاتە بەر و نەمان نەیهێشت چیدی لە دومان بچی و ناردیە لای دومانی کوڕی. دومان بەگ دوو کوڕی لە دوو مان: محەمەد بەگ و عەلی بەگ.

محەمەد بەگی کوڕی دومان بەگ

ساڵی ٩٨٦.ك (١٥٧٨.ز) -کە دومان بەگ کوژرا- یەعقووب بەگ، محەمەد بەگی پازدەساڵانەی نەوەی لە جێی بابەکەی دانا. دەگەڵ ئەو تەمەنکەمیەشی، ئەوەندەی بە لەباری سەرداری دەکرد و هێندەی لە باری دەزانی کە لە کردەی زۆرکردەو پیرانیش تێپەڕیبوو، بە جورێك سەروبەری بە مەڵبەندەکە داو دەوڵەمەندی کرد و بە ئەندازەیەك ڕێز و پایەی بەرەو خۆی برد کە باب و باپیرانیشی هەرگیز ئەوەیان بە خۆیانەوە نەدیبوو.

محەمەد بەگی گردکی هەر لە کۆنەوە دوژمنایەتی دەگەڵ ئەو بنەماڵەدا هەبوو؛ بۆرەخزمێکی شەمسەدین کەدخودای حەزوەییش بوو. شەمسەدین دنەیدا کە تۆڵەی کۆن لە محەمەد بەگی تازەمیربستێنێتەوە. دەمی فیز و هەوا دەماندی و پفی کرد و شەیتانی شەڕ دەدمی تفی و لە خشتەی برد و دەم و لەوسی کەدخودا بوو بە ئەستێ و بەرد پریشکی پەڕاند و بە مێشکی وشکی گەیاند و ئاگری ڕك و کینی هەڵکرد و دەمحەمەد بەگی دەرزینی بەردا و چەندین گوند و مەزرای لەو ناوەدا تاڵان کرد و سووتاند و زیانی زۆری پێگەیاند.

محەمەد بەگی دەرزینی هێندێك ئامۆزا و پیاوی دڵسۆزی خۆی ناردن و ڕایسپاردن کە ئاگاداری سنووران و پارێزگاری وڵات بن و دەست وەبەر دەستدرێژکەران بهێنن.

محەمەد بەگی گردکی لە هێرشەکەی پێشوویەوە چێشتە ببوو، لای وابوو ژاژی بۆ ڕۆ کراوە؛ نەیدەزانی تەڵەی بۆ نراوەتەوە. دیسان خۆی لێ گیف کردن و بە گەف و هەڕەشەوە هەڵەشەبوو هاتەوە جەستەی دەرزینیەکان. بەڵام وەك دەڵێن: «دایکی دز جارێك سنگ دەخوا و جارێك سنگ دەکوتێ»، پیاوەکانی محەمەدی دومان بەگ بەر سینگەیان لێ بریەوە و قەڵت و بریان وە خۆی و پیاوەکانی خست و برستیان بڕی و لە شەڕدا مەزنی هێرشبەر چەند تیخ و تیرێکی بەرکەوت و بریندار کرا و کەلاکی لەو گۆڕە کەوت و بە نیوەگیانی لە مەیدانیان ڕاگوێزت و گەیاندیانە قەڵای گردکان و لە پاش ڕۆژێك ئەو نیوەگیانەشی لە دەمی برینانەوە هاتە دەر و بەر تاڵانی عیزرایل کەوت.

محەمەد بەگی دومان بەگ دەیزانی هێندێك لە ئاغاکانی بەردەستی خۆی لە بنەوە دەگەڵ دوژمنیدا ڕێك بوون؛ گرتنی و کوشتنی و ماڵ و داراییشی بە تاڵان بردن.

ئێستا کە ساڵی ١٠٠٥ی.ك یە، بە سەربەخۆیی و بێ بەرهەڵست فەرمانڕەوای وڵاتەکەیەتی. لەم بەینانەدا بە هەوای کۆمەگی میرشەرەفی جزیر ویستی محەمەد بەگی کوڕی خدر بەگی خزمی خۆی لە حەزۆ دەر بکا و بەهائەدین بەگی مرادخانی لە جێ دانێ؛ بەڵام ئەو گاشە گرانەی نەتوانی و کەوتە بەر تیر و توانج و تیز پێ کردنی هەواڵانی. چونکە جوانکەیە، لە خوا دەخوازم کە ڕێگەی ڕاستی نیشان داو فێری پیاوەتی و ئەمەگداری بکا.

ئەی دڵ گومان نەبەی کە ئەمەگ بێتە ڕێت چجار یان هەر نەهاتە سەر زەوی یان بوو بە بەفری پار

دەستەی دووەم

فەرمانڕەوایانی گردکان

لەمەوبەر قەڵشتی قەڵەم دەلاندی و خشپە و جیسڕەکەی گەیاندی کە هابیلی شێخەشینە (شێخ ئەزرەقی)، دیرزیری وەگیر خۆ خست. کوڕی کە ناوی قابیل بوو چووبووە زگ کچە کاولیەك و زگی پڕ کرد و بیژوێکی لێ ببوو.[1] بۆ ئەوەی هابیل پێ نەزانی و ئەو شوورەییە شرت و گوم کا، کوڕە چکۆڵە زۆڵەکەی ناردەگردکان. فەرمانڕەوایانی گردکان ئەوە و نەتیژەی ئەو پیژەن و ئامۆزای میرەکانی دەرزینین.

میرناسری گردکانی و خاوەنەکانی دەرزینی، لەسەر گوندێك کە لە دۆژی دوو ناوچەیە و سەرسنوورە (تم و تم و هەرو) هەر هەر کێشە و هەرایان بووە و کامیان زۆری بەسەر ئەویتردا شکاوە، مناری وەبەر خۆ داوە و چەند جار دەستاودەستی کردووە؛ تا سەرئەنجام شاقولی بەگی میری دەرزین چۆتە دیوانی سولەیمانخان و فەرمانی ڕەنگینی وەرگرتووە و مناری وەسەر دەرزینی خستووە. ناسر بەگ کە ئەمەی بیستووە، ڕك و کینەی لە سینەدا هەڵگڕاوە و لێ بڕاوە کە تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە و بە نۆرەی خۆی ئەویش دەربی لێ بداتەوە. دەستە و بەستەی کۆ کردنەوە و وەشوێن خۆی دان و شوێنی شاقولی هەڵگرت و نیازی وابوو لە هەر شوێنێك تووشی یەك بن کاری دەگەڵ یەکلا بکا و بیبڕێتەوە و ئەو فەرمانەی کە هێناویە بە خوێن و خوڕ بسڕێتەوە. شاقولی بەگ دەگەڵ هێندێك لە نۆکەران —کە لە پاتەختەوە دەگەڕانەوە- وەبەر بۆسەی ناسر هاتن و لە پاش شەڕ و پێکهەڵپڕژان، هەموو کوژران. ئەمیرلیوای شاری بولی کە بەم ڕێگریەی زانیەوە، گرد و وردی خەڵکی شاری گەلەجاڕ داو پەلاماری ناسر بەگیان داو خۆی و سی کەس لە نۆکەرانیان دەردەست کردن و باڵ بەستە هێنایاننەوە. دەنگ و باس بە پێچکی تەختی خەلیفە گەیشتەوە و لە کۆشکی شکۆدارەوە فەرمانی بێ چەند و چوون بۆ بە

١- کاولی یان کاوڵی: تیرەیەکی هەرجایی و بێ نیشتمانن و لە بەر چاوی مەردم سووکن.

داراکردنی ناسر بەگ و هەواڵانی دەرچوو. هەر سی و یەك نەفەریان بە داری دەم ڕێگەوە هەڵاوەسین و هەموو لە ڕێ لاداوێکیان پێ چاوترسێن کرد.

دەتەوێ بێدەس و هەژار تێر بن؟ دەس درێژان هەژار و بێ نان کە!

دەتەوێ ئاوەدان بێ مەڵبەندت؟ کێ دز و چەوتە ماڵی وێران کە!

محەمەد بەگ کوڕی ناسر بەگ

لە پاش کوژرانی بابی گردکانی درایە. فەرموودەی پێغەمەری خودایە کە «خۆشەویستی و نەویستی دەبنە کەلەپوور». ئەویش لە ڕکەبەری دەرزینیان خۆی دەگەڵ شەمسەدین کەدخودای حەزوەیی و زەینەڵ بەگی شێروەیی ڕێك خست و دژی محەمەد بەگی دەرزینی دەخەبتی. وەك لەوەپێش لێی دواین، لە دواییدا ئەویش لەو ڕێگەدا سەری تێدا چوو؛ پیاوەکانی محەمەدی دومان بەگ کوشتیان.

ناسر بەگ کوڕی محەمەد بەگ

ئەگەرچی منداڵیش بوو بە کۆمەگی شەمسەدین کەدخودا لە جێی باوکی دانرا و گوندی منار و هێندێك ماڵ و دراویشی لەباتی خوێنی بابی و نۆکەرە کوژراوەکانی پێدرا و فەرمانڕەوای حەزۆ و زەینەڵ بەگی شێرۆیی بوونە هۆی ئاشتبوونەوەیان و بڕیار درا مەحموود بەگی زەرقی -کە کوێخای محەمەد بەگی دەرزینی و هەوێنی کوژرانی محەمەد بەگی گردکانی بوو- لە دەرزینی نەمێنی و محەمەد بەگ دەستی بە ڕووی ئەو میرانەوە نەنا و مەحموود بەگی پاڵ پێوە نا و ئەویش پەنای بە بدلیس برد.

لە پاش چەند ڕۆژێك بە فیتی شەمسەدین کەدخودا، نۆکەرانی مەحموود بەگ ئاغای خۆیان کوشت و بەرەو حەزۆ هەڵاتن. خوێنی مەحموود بەگ ئاگری ڕکی ناسربەگی بە یەکجارەکی کوژاندەوە و نێوان ناخۆشی لە نێواندا نەما.

ناسر بەگ هێشتا منداڵ بوو گاڵتە و گەپی منداڵانەی لێ خۆش دەهات و ڕۆژگاری خۆی بە هەرزەکاری و گەمە و گەپەوە دەگوزەراند. حەسەن ناوێك نۆکەری بوو، نازناوی چەنبەری لێ نرابوو؛

پیاوێکی گاڵتەجار و حەنەکچی بوو. چەنبەر ببووە خەمڕەوێنی و ناسر بەگ زۆر هۆگری ببوو. ڕۆژێك چەنبەر لە تەزیوی بەنگ‌کێشاندا لە جەنگەی ڕاو و شکاردا هەر بە گاڵتە، خەنجەرێکی داهێنایە و سەری کرد و سینەی ئاغای وەبەرهات و نووکی خەنجەر سینگی سمی و بە دیوادەری لە پشتیەوە سەری هەڵدا و ناسر بەگ خەڵتانی خوێن بوو؛ دەستە و لە جێ هەر لەو جێیە مرد. خزم و کەس و دەسە و بەسەی ناسر بەگی کە لەوێ بوون، ئەمەیان دی داورووکان و بە پێلاقە و بە چەپۆکان بەری بوونی و چەنبەریان لە چەرخی چەنبەر داو هەست و خوستیان لێ بڕی و جەفەنگ و خەیاڵی بەنگیان لە سەر دەر کرد و سەنگەساریان کرد.

کابرایەك هەبوو میرخەلیلیان پێ دەگوت. لە ڕۆژگاری ناسری باپیری ئەم ناسرەدا کوێخای گردکان بوو. لە پاش خنکانی ناسر بەگ بە سەر وڵاتەکە ڕادەگەیشت. کاتێ کە محەمەد بەگ هاتە سەر کار، میرخەلیل باری کرد و لە کن ئاغایانی کورد نۆکەری دەکرد و لە پاشان لەبەر پیری و زەبوونی بە گردەنشینی هاتەوە گردکان و لە لای میرناسری چکۆڵە پەنانشین بوو. ڕۆژی کارەساتەکە دووزمان و شۆفاران میرخەلیلی بەستەزمانیان تێوە داو گوتیان بە فیتی ئەو چەنبەر ئەو خەنجەرەی وەشاندووە. خەڵکەکە هاروژان و ئەو پیاوە بێ‌تاوانەشیان کوشت.

میرناسر دوو کوڕی سەروپێچکەی لە پاش بەجێ مان: میرمحەمەد و میرئەبووبەکر. ئێستا بەرامبەر بە فەرمانی سوڵتانی، میرمحەمەد لە جێی بابی فەرمانڕەوای گردکانە.

دەستەی سێهەم

فەرمانڕەوایانی عیتاق[1]

خانەدانی ئەحمەد بەگ کوڕی میرمحەمەدی زەرقی، لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی کوردستانە و ئەحمەد بەگ هاوزەمانی شائیسماعیلی سەفەوی بووە. ئەو سەردەمە کە ئەو شایە دیاربەکر و کوردستانی داگیر کرد، عیتاقی لە ئەحمەد بەگ ساند و بە هۆزی قاجاری سپارد.[2] هۆزی زەرقیش لە زێد پەڕەوازە بوون و بە وڵاتاندا بڵاو بوونەوە. دوای ئەوە کە خانمحەمەدی ئیستاجلوو کوژرا و شائیسماعیل لە چاڵدیران شکا، لە هەموو لایەکەوە کوردەکان وەخۆ کەوتن کە مەڵبەندەکانی خۆیان بستێننەوە.

کوردەکانی عیتاق زستانی ئەو ساڵە خۆیان خزاندبووە ناو وێرانەکانی قەڵای مەڵخەوە. قاجارەکان -کە لە ناو قەڵای عیتاقدا بوون- ویستیان لەو کاولە قەڵایەشیان وەدەر نێن. زەرقییەکان زۆریان لە بەر پاڕانەوە کە زستانە و دەرەتان نیە و هۆزی مەرداسی دوژمنمانن و دەترسین ئەگەر بەجێمان بزانن، بێنە سەرمان؛ دەرنەچین و لە سەرمان کەسیرە ببین و وردەو یەخسیرمان بەرن. ئەگەر هەتا بەهار لێیان گەڕێن و دەریان نەپەڕێنن، ئەوسا بۆ خۆیان باردەکەن و سوپاسگوزاریش دەبن. قاجاری دڕدار بەزەیی پێدا هاتن و وازی لێهێنان.

زەرقییەکان کە زانیان تازە قزڵباش نایەنەوە سەریان و دەستیان لێ بەرداون، بۆ گرتنەوەی قەڵای خۆیان، خۆیان ساز کرد و نەردیوانێکی لە دار و پەتیان لێك داو لە شەوێکی تۆف و تووشی زستاندا ڕازەوانانی کورد ئەو سەری گوریسیان دەلێواری بورجان ترینجاند و دلاوەرانی زەرقی بە پەیژەدا چوونە

[1]- لە کۆنە کتێبەکانی ئیسلامیدا، قەڵای «هیتاخ» بەناوبانگە؛ ئێستا ناوی لیجەیە و لە ئەستانی دیاربەکرە و سەربە تورکە. عەونی

[2]- قاجار هۆزێکی زلی تورکمانە و خەڵکی ڕەی و ئوستراباد و تەبەرستانی باکووری ئێرانن و ماوەیەکیش شایەتی ئێرانیان کرد. جەمیل

بان و لە سەر بانڕا دەست لە بان خەنجەر بۆ عەجەمان چوونە خوار و تێیان بەربوون و قەڵت و بڕێکیان تێخستن کە نەبێتەوە. قزڵباشی خەواڵوو هێشتا چاویان هەڵ نەگلۆفیبوو سەریان بڕا و تاقیان لێ بڕا و سەرەکانیان بە بەنەوە کردن و وەك کوولەکە سەراوی بە دیواری قەڵادا شۆڕیان کردنەوە و کەلاکیان گۆڕ کردن و ماڵ و منداڵیشیان لە قەڵا وەدەر نان. پیاویان نارد و ئەحمەد بەگیان هێنایەوە و مەزنایەتیان پێ دایەوە و فەرمانی سوڵتان سەلیمخانیش میرایەتیەکەی داکوتا و ماوەیەك بە سەرداری مایەوە و بە پلەی تەمەندا سەر کەوت و لە سەربانی قەڵای ژیانەوە داکەوت و لە ژێر ئاخدا خەوت و سێ کوڕی لە پاش مان: شاهم بەگ، یوسف بەگ، مەحموود بەگ.

لە پاش بابیان هیچیان سەریان بۆ یەکتر نەچەماند و لە سەر مەزنایەتی کردن پێك هەڵپڕژان و خەڵکیان لە خۆ تێکەیاند و لە ئەنجامدا هەرسێك چوونە ئاستانەی بەختخانەی سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر، کە ئەو بۆیان پێ ڕابگا. میرزایەکیان لە دیوانی پادشاوە دەگەڵ ناردن، وڵاتەکەی لێ بەش کردن و بەشێکی باشیشی کردەپشکی تایبەتی سوڵتان.

زێڕیان دزیبوو سێ دزی بێفەڕ   لەسەر بەش کردن لێیان بوو بە شەڕ
ئەوان خەریکی مشت و مڕ کردن   یەکی لاپرەسەن هات و لێی بردن

شاهم بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ

فەرمانی پیرۆز بۆ میری میرانی دیاربەکر هاتبوو کە میرزایەکی شارەزا بچێتە ناوچەی عیتاق و بەشی برایان تاق کاتەوە. میرزاش چەند گوند و مەزرایەکی بۆ مەحموود بەگ بە زەعامەت دیاری کرد کە ساڵانە بەر و بوومیان بە شێست هەزار ئاقچە بگا و یوسف بەگیش بە زەعامەت سەد و دەهەزار ئاقچەی بۆ جێکراوە و پارچە زەویەکانی دەوری ڕەبت و میافارقین و گوندی جەسقە و سەرانەی فەلەکان بوونە بەشی سوڵتان و دووسەد هەزار ئاقچەش هەر بە سنجاق بۆ شاهم بەگ بڕایەوە.

دوای ئەوە کە مەحموود بەگیش مرد بەشەکەی ئەویان بە ناوی ئالیکانە بە قوباد بەگی ڕەمەزانلوو بەخشی و لە ڕۆژگاری وەزیرەتی ڕوستەم پاشادا شاهم بەگیان کردەخاین و بە فەرمانی سوڵتان لە سەریان دا. ناوچەی عیتاق نزیکەی بیست ساڵ لە دەست میرانی زەرقی دەرکەوت و

میرانی عوسمانی دەیانخوارد.

یوسف بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ

لە سەروبەندی هەرای ئەلقاس‌میرزادا، کە پادشای سولەیمان پایە هەر بە خودی خۆی بەرەو ئازەربایجان دەچوو، سنجاقی عیتاقی بە یوسف بەگ بەخشی و خستیە سەر زەعامەتەکەی و مەرجیشی بۆ داندرا کە قەڵاکەی وێران بکا.

یوسف بەگ چەند ساڵێك بە سەر عیتاق ڕاگەیشت و خۆش دەژیا و کاتێ ڕۆژی لە سەر دنیا بڕیا، سەر لە نوێ عیتاق درا بە کابرایەکی عوسمانی کە ناوی ئەحمەد بەگی حاجی‌حوسێن بوو.

یوسف بەگ، حەسەن بەگ ناوێکی لە پاش بەجێ ما.

حەسەن بەگ کوڕی یوسف بەگ

لە پاش مردنی بابەکەی وڵاتەکە دوو ساڵان بە دەست بێگانەکانەوە بوو. کاتێ هەوساری خونکاری و دنیاداری و زنجیری گیسر و بەند و زەمینگیری هاتە ناو لەپ و دەستانی سوڵتان سەلیم‌خانەوە، حەسەن بەگ بۆ دادخوازی ڕووی کردەکابەی نیازان و سەردەرانەی کارسازان، کە ئاستانەی سوڵتان بوو. بە یاریکاری و هیمدادی محەممەد پاشای گەورەوەزیر، بەر بەزەیی بەرێزەوی سوڵتان کەوت و عیتاقی بە سنجاق پێ بەخشرا و بیست ساڵ میری و گزیری کرد.

هەتا بڵێی پولەکی بوو؛ لە قەمچیشی باش دەزانی. گردەوەکۆیی بەو دەکرا لە وزەی دێویشدا نەبوو. کەس وانەبوو؛ قۆشە- قۆشە و پارە- پارەی سەر یەك دەنا و زارکی کیسەی لێ وێك دەنا و لەو کون، لەو کاژێڕ، لەو پەنا دەیشاردەوە. هەموو ژیانی وا بە سیسی و چیڕکیسەیی و دراو زۆری و نانەخۆری بەسەربرد و بە زگی نێز و لەسوێی ژەمێ خۆش و چەور، کامی کرد و تامی نەکرد و مرد.

کێ زۆر چنۆك و پیسە، بە ڕژدی بییبەزێنە
زێڕ باخنە قولینچکان وەك مشکی سەر خەزێنە

ئەو ڕۆژی دەچیە بن گڵ، هەزار گرێ لە سەردڵ
مشکان لە مێشکی وشکت بازباز و گەزگەزێنە

کۆت کردەوە بە بێ‌هۆ، ویستت نەخۆی دەبیخۆ!
ئەو بازە سڵ بەزێنە، ئەو گازە دڵتەزێنە

کە چنگ و پلی لە دنیا شل کرد و چوار پەلی ڕاکێشا، جگە لە گەنجینەکەی، دوو گەنجی بە ناوی یوسف و وەلی لەپاش بەجێ ما.

لەسەر فەرمانی بەڕێز و جوانی سوڵتان مرادخانی خوالێخۆشبوو، جێگەی حەسەن درا بە یوسف بەگ؛ بەلاّم هێشتا لە تەمەنی گوڵدا و هیچ گوڵی نەکردبوو کە تەزووی ساردی پایزی مەرگی بەسەردا هات و گوڵی ژیانی پەرپەڕ کرد و هەڵیپریواند و بۆ گۆڕستانی شاند.

وەلی بەگ

میراتەکە بۆ ئەو مایەوە؛ بەلاّم جیهانشابەگ کوڕی زۆراب بەگ -کە دوورە پسمامێکی بوو- گەڕی تێهاڵاند و دەستەبەر بوو کە ئەگەر عیتاقی بدەنێ هەر ساڵ بیست هەزار فلوری بە خەزێنەی دیاربەکر بدا. لە بارەگای پادشای گەردوون کەمەرەوە، بازی بەزەیی بە سەرەوە نیشتەوە و عیتاقیان بە سنجاق دایە، وەلی بەگ بەو دراوە بۆ خۆی هەڵیگرتەوە و جیهانشا لەو سەودایە هەڵینەگرتەوە. لە پاشانیش کە برایم پاشای نەگریس و بێفەڕ دژی دەوڵەت ڕاپەڕی و گەڕی دەوڵاتی ڕەبیعە [مووسڵ] هاڵاند و شەڕی بۆ دیاربەکر و کوردستان[1] بە دیاری هێنا، لە بەرانبەر چل هەزار فلوریدا -کە ساڵانە بە دیوانی دیاربەکر بگا- عیتاقی دابە زولفەقار بەگی کوڕی شاهم بەگ.

کاتێ لەسەر فەرمانی پادشایی، برایم پاشالە والیەتی دیاربەکر بەرکەنار کرا و بردیانە ئەستەنبووڵ و لە یەددیقەڵە [حەوقەلا]دا خرایە گرتووخانەوە و کاتێ کە پادشای خاوەن شکۆوشان سوڵتان محەمەدخان -هەر پایەدار بێ- هاتە سەر تەختی هۆگرەبەخت و لە سەر کورسی کیسرا و قەیسەران، چوار مێردەکی دادا، ملی ئەو حەجاجە دومینەی بادا و کردیە پەندی پساتی و بۆ ترسانی بەدکارانی ناهەنجار لە مەیدانی ئەستەمبووڵدا بەداردا کرا.

پیاوی بێفەڕ سەری با هەر شۆڕ بێ زەوی پێ پیس دەبێ با جێی گۆڕ بێ

وەلی بەگ وەك پێشوو بە بێمەرج و پێودان و دوور لە کێشەی دووزمانان، مەزنایەتی عیتاقی کردەوە هی خۆی و ئێستا ئەو ناوچەیە لە دەست ئەو دایە.

١- نیازی لە کوردستان مەڵبەندی چەمشکەزەکە؛ کە ئێستا لیوای دەرسیم و دەوروبەریەتی. جەمیل

دەستەی چوارەم

فەرمانڕەوایانی تەرجیل

شوێنی پێشووی زەرقیەکان تەرجیل و عیتاقە. تەرجیل لە نزیك دیاربەکرە و دوو قـەڵای هەیـە قـەڵای تـەرجیل و قـەڵای دارعیـــن[1] و دەرزیـنی و گردکـانیش لکـی ئـەوانن. هەوەڵیـــن حـاکمی زەرقـی سەیدحەسەن کوڕی سەید عەبدولڕەحمان، کوڕی سەید ئەحـمەد، کوڕی سـفیل، کـوڕی سـەید قاسـم، کوڕی سەیدعەلی، کوڕی سەید تاهیـر، کوڕی سەید جەعفەری کوژراو، کوڕی سـەید یـەحیا ئەقنـەع، کوڕی سەید ئیسماعیلی گەورە، کوڕی سەید جەعفەر، کـوڕی ئیمـام مــحەمە دبـاقر، کـوڕی ئیمـام زەینەلعابدین، کوڕی ئیمام حوسێن، کوڕی ئیمام مورتەزاعەلی خوا لێی ڕازیبووە.

گوتـمان سەیدحەسەن لە ئالی شامەوە کەوتۆتە ماردین و لە ناوچەی عیتاق نیشتەجێ بـووە و لـە گۆشەیەکدا کروشـمەی کردووە و پیاوێکی لە گوناھ دوور و لە خوا نزیك و خۆپارێز و لە خۆشی جیهان دوورەپەرێز و لە ژیانی نەرم و نیان بە قێز و بێز بـووە و کـەمی خـواردووە و زبـری پۆشـیوە و گـەل و حەشامات بە دڵ و داو بڕوایان پێ هانیوە و بە شێخیان زانیوە. دەڵـێن چـاوی شیـــن بـووە؛ دەشـڵێن شینی دەبەر کردووە و بە شێخحەسەنی شیـــن ناویان بردووە.

لەو سەروبەندانەدا ئەمیـرێکی پایەبەرزی سەر بـە سەلـــجووقیان -کـە نـاوی ئەمیرئـەرتق کـوڕی ئەکسەب بووە- پێ ڕاگەیشتنی دیاربەکر و مـاردین و خـەرپووت[2]و مـــجەنکورد و حەسـەنکێفی پـێ سپێرابوو. کچێکی یەکجار جوان و هێژای هەبووە ماخولیایی تووش بووە و لە ئەنـجامدا شێت بـووە. هەر چەندی بژیشکانی کارامە دەرمانیان کردووە بەهرەی نەداوە و ڕۆژبەڕۆژ دینتـر بووە. ئەمیرئـەرتق هاواری بۆ شێخحەسەنی ئەزرەقی ناردووە، کە نزایەك دەربارەی کیژەکەی بکا. شێخ هێندێکی بە سـەر ئاودا ورتاند و بە سەر کچەیدا پرژاند و لە ودمـی پیـــرۆزی شـێخەوە، خـوای گـەورە کیـژی میـــری

---

[1]- داراچن. عەونی

[2]- لە دوو دەسنووسدا لە جیاتی خەرپووت جزیرە نووسراوە. عەونی

چاکردەوە. ئەمیرئەرتق کیژەکەی بە شێخ پێشکێش کرد؛ شێخ نەیویست و لە سەیدحەسەنی کوڕی مارە کرد و هەر وەك لەمەوبەر لە سەرەتای باسی دەرزینیدا گوتمان، ناوچەی تەرجیلی پێ بەخشیوە[1] و ماوەیەکی زۆر تەرجیل و عیتاق بە دەست سەید حەسەنەوە بووە و بە میرات بە ئەحمەدی سەیدحەسەن و سولەیمانی کوڕی قاسم و یوسف و حوسێن گەیشتووە و کە ئەویش مردووە، عومەری حەسەنبەگ جێگەی گرتووە.[2]

عومەر بەگ کوڕی حەسەن بەگ

بووە بە جێنشینی بابی و چۆتە لای ئوزونحەسەن بایەندوری[3] و زۆری ڕێز لێناوە و کچی عومەریشی لە خۆ مارە کردووە و ناوچەکانی میهرانی و نەوشادی خستۆتە سەر تەرجیل و عیتاق و پێی بەخشیوە. حەسەن بەگ کوڕێکی لە کیژی عومەربەگ بووە و ئەو کاتە کە هێندێك ولاتی لە کوردستان گرتووە، میرایەتی عیتاق و تەرجیلی داوە بەو کوڕە و بە بدلیس ڕاگەیشتنیشی بە عومەر بەگ ئەسپاردووە.

بداغ بەگ کوڕی عومەر بەگ

کە بابی مرد، ئوزونحەسەن ولاتی بدلیسی نایە بەردەست و کاتێ یەعقووب بەگی کوڕی حەسەن بەگ لە سەر تەختی پادشایەتی ئێران دانیشت، سالی ٨٨٨ك (١٤٨٣ز) تەرجیل و عیتاقی وەك پێشوو دایە بداغ بەگ و چەند سالێك لەوێ فەرمانڕەوایی کرد و لە گۆڕستاندا حەسایەوە.[4]

١- لە سەرەتای باسی زەرقیدا کچ شێت نەبوو؛ میر پادشا بوو؛ ناوی سەیدحەسەن کوڕی شێخحەسەن تەهاتووە. بۆ دەرزینیش هەر هابیلە و حەسەن نیە؛ لە ڕەسەننامەکەشدا دوو حەسەن نین. لێرەشدا گوتی: تەرجیل و عیتاق بۆ سەیدحەسەن بووە. وادیارە سەیدحەسەنی کوڕ زیادە. هەژار

٢- دەبێ حوسێنی دوای یوسف حەسەن بووبێ و عومەری بووبێتە جێنشین. هەژار

٣- حەسەنی درێژ لە دیاربەکر و ئازربایجاندا دەوڵەتی ئاققۆینلووی دامەزراندووە. عەونی

٤- بداغ بەگ سالی ٩١١ك (١٥٠٥ز) مردووە. عەونی

ئەحمەد بەگ کوڕی بداغ بەگ

جێگەی بابی گرتەوە و دوو ساڵان مەزنایەتی کرد و ساڵی ٩١٣.ك (١٥٠٧.ز) کە شائیسماعیلی سەفەوی دیاربەکری گرت، قزڵباشان شەهیدیان کرد.

عەلی بەگ کوڕی بداغ بەگ

لە جێی برای مەزنایەتی دەکرد و بیست ساڵان بە میرایەتی مایەوە و ئەوسا مرد.

شەمسی بەگ

دوای ئەوەی کە میر ومەزنەکانی کوردستان لە باری نالەباری قزڵباشان وەڕەز ببوون، هەموو هاتنە بەر فەرمانی ئاستانی سوڵتان سەلیمخانی خوالێبوردوو. بەڵێنی تەرجیلی پێ درا و لەو کاتەدا کە فەرمانی هەرە کاریگەر بۆ ڕزگاری دیاربەکر دەکار کرا، ئەوساش تەرجیل ئازاد کرا و دەبەردەس شەمسی بەگ نرا. کاتێ ئەویش بەرەو گلکۆ بەر و بوخچەی کۆکردەوە، کوڕەکەی جێگەی گرتەوە.

حەیدەر بەگ کوڕی شەمسی بەگ

سەبارەت بە فەرمانی تەرز و جوانی سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر، میرایەتی میراتی بەو گەیشت و لەجێی بابی خۆی دانیشت. لەو کاتەدا کە مستەفاپاشای سەردار بە لەشکری هەمیشە لە سەرەوە بەرەو شیروان و گورجستانی ئاژۆت، لە شەڕەکەی چاڵدیراندا حەیدەر دەگەڵ گەلێك لە میرە کوردەکان بەر پەلی قزڵباشان کەوت و کوژرا و نەگەڕاوە.

بداغ بەگ کوڕی حەیدەر بەگ

لە لایەن مستەفا پاشای لالە سەردارەوە میرایەتی درایەوە و پازدەساڵ مەزنایەتی کرد و ئیمجا بەر پەلی مەرگ کەوت و لە چاڵی دەخەمەدا لێی خەوت و تازە هەڵنەستایەوە.

حوسێن بەگ کوڕی بداغ بەگ

کرا بە جێنشینی باوکی و ماوەی هەشت مانگان باوی بوو. ئەوسا مەرگ ماوەی نەدا و جێگەی لە ناو گوڕیچەدا بۆ دیاری کرد.

ئیسماعیل بەگ کوڕی بداغ بەگ

لە پاش برای کرا بە میر وچوار ساڵانی سەرداری کرد و لە پاشان مرد.

عومەر بەگ کوڕی حەیدەر بەگ

لە دیوانی پادشایی جەمئاسایی سوڵتان مرادخانەوە فەرمانی هەمیشە بەکاری بۆ دەرچوو کە فەرمانڕەوای تەرجیل بێ. عومەر بەگ لاوێکە لەوەند و مەرد و ڕەند و خۆڕێکخەر. زۆر دەگەڵ ڕۆمیان تێکەڵاوە و زۆربەی وەخت و کات و ساتی بە هاودەمی میسری میرانی دیاربەکر دەباتە سەر و کوردەکانی دیاربەکر هەرگا کاریان لە دیوان بێ، دەچنە لای و کاروباریان بۆ پێك دێنێ.

بەندی هەشتەم
فەرمانڕەوایانی سوێدی

زێڕینگەرانی وەستا و لێزانی خشڵسازدانی بووکی چیرۆکان، کەوهەرناسانی ڕاستەبازاڕی گەوهەرستانی پیرەدیرۆکان کە ڕەنجیان کێشاوە و سەرنجیان داوە و کونجی کەنجینەی دەنگ و باسانیان کۆڵیوەتەوە، لە دوڕ هەمووانیدا دوڕی نەپەنی کەونە ڕەسەنی سوێدیەکانیان دۆزیوەتەوە و لە ڕشتەی گشتی گەشتی مێژوودا -بە گشتی- وایان هۆنیوەتەوە کە سەرچاوەی دووری ڕەگەزی بنەماڵەی میرانی سوێدی، دەگەڵ دەراوی بەرەی بەرمەکیان لێکدەداتەوە و تێکدەکاتەوە. هۆزەکانیشیان وەچەی «أَسوَد» (ڕەش)ن؛ کە لە وەختێکدا کوێلەی یارێکی پێغەمبەر -درروودی خودای لە سەر بێ- بووە. هێندێکیش دەڵێن ژێگەی سوێدیان گوندی سوێدە؛ کە دوو قۆناغ ڕێی مەدینەی ڕوونە و بە لای شامدایە. خوا زاناترە.[1]

بەڵام بەرمەکی[2] ڕگەزی خۆیان بە کیسراکانی فارس دەگەیەننەوە و زۆر لە مێژەوە لە بەلخ دەژیان و ئاگرپەرست بوون؛ هەتا لە نەکاو سروەی بەزەی خوا ئەنگوتووە و بەر تیشکی پەخشان و بێبڕانەوەی کەوتوون و لە گاوری و ئاوری دۆژەهی تەکاندوونەوە و بە دڵی خەمین و دیدەی نمینەوە لە دینی پێشوو پۆشمان بوون و هامێزیان بەهێز دەموسوڵمانی وەرێناوە و گەندەڵەداری بێ باوەڕییان لە بن و

١- ئەوی بە ئەقڵەوە دەنووسێ هەر ئەمەیە کە ئەم کوردەسوێدیانە لە قەڵای «سوێدا»وە هاتوون کە ئێستا سیورەکە و دەنێوان دیاربەکر و ئۆرفا دایە. عەونی

٢- لە تورکستانەوە ڕەگەڵ لەشکری دژی ئەمەویان کەوتوون و هاتوونە عیراق و بۆ دامەزرانی دەوڵەتی عەبباسی زۆر تێکۆشاون. چواریان زۆر بەناوبانگن: ١- خالید کە دەگەڵ ئەبوموسلیمدا هاتۆتە عیراق و بۆتە وەزیری عەبباسی خوێنڕێژ. ٢- یەحیا کوڕی خالید کە ئەبووجەعفەری مەنسوور، ئازربایجانی پێسپارد و مەهدی کردیە وەزیر. ٣- فەزڵ کوڕی یەحیا کە لە زەمانی هاروونەڕەشیدا وەزیر بوو ٤- جەعفەر کوڕی یەحیا کە وزیری هاروونەڕەشید و هەمەکارەشی بوو. لە ڕۆژگاری جەعفەردا فەرمانی بەرمەکی قڕان دەرچووە. جەمیل

ڕیشە دەرێناوە.

ڕوونە چاوێ ئاوی بۆ تۆ تێتزا　　کامڕەوایە دڵ کە بۆ تۆ هەڵگزا

جەعفەری باوکی خالیدی بەرمەکی لە ڕۆژگای عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان یان لە زەمانی سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیکدا بە دارایی و سامانی زۆرەوە هاتۆتە دمشقی پاتەخت و کە پادشابە هاتنی زانیوە، لێی گێڕاوەتەوە و هێناویەتە کۆڕی دیوەخان و هەر بە هاتنی، ڕەنگی شاگۆڕاوە و دەنگی پیاوانی لێداوە و لە دیوانیان وەدەر ناوە. کاتێ هاونشینان هۆی ئەو ڕەنگ گۆڕان و دەنگ گۆڕانەیان پرسیوە، لە پەرسڤدا فەرموویە: من دوو مووروووم بە زەندمەوە بەستۆتەوە، دژی ژەهرن. ئەگەر ژەهریان تخون کەوێ دەبزوونەوە. ئەو کابرایە ژەهری پێیە و کە هاتە ژوور، مووروو جووڵان و پێم زانی و لە میوانخانەی خۆم ڕانی. کاتێ لە جەعفەریان پرسی گوتی: بەڵێ ژەهرم پێیە و دەناو نقێمی هەنگولیسك دایە و هەرگا بکەومە تەنگانەی وا کە دەرنەچم و سەرەودەرەی لێ دەرنەکەم، ئەو ژەهرەی پێمە «بَرمَکَم» (هەڵی دەمژم) و خۆ دەکوژم. لەو ڕۆژەوە وێژەی بەرمەك بوو بە باو و بە نازناو بە سەریاندا برا.[1]

بێباکی جەعفەر لە مەرگ و بەجەرگیەکەی، زۆر لە سولەیمان خۆش هاتن و زۆر بە ڕووی خۆشەوە دواندی و کردی بە هاونشینی خۆی و ڕۆژ بە ڕۆژ پتری ڕێز دەگرت هەتا کردیە وەزیرێکی پایەبەرز.

ژیان هەنگوینە، ژەهری تێکەڵاوە　　دڵی پێ خۆش بکەی، بیرت بڵاوە

مەترسە! بەرگی مەرگی بۆ دەبەرکە　　بە مەردی بمرە، ناوی چاکە دەرکە

١- نیزامەلمولك ئەم چیرۆکەی ئاوا بۆ ئەلپئەرسەلانی سەلجووقی گێڕاوەتەوە: گوایە سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیکی ئەمەوی زۆر خۆهەڵکێش بووە و ڕۆژێك بە بافیش گوتوویە: «دێوی لێ دەرکەی، چم لە سولەیمان پێغەمبەری هاوناوم کەمترە؟» پەردەدارێك لە وەراما گوتوویە: «گەورەم وەزیرێکی وەك ئاسەفی بەرخیات پێدەوێ». سولەیمان گوتی: «ڕاستە، بەڵام لە کوێ بێنم؟» کابرا گوتی: «جەعفەری بەرمەکی لە بەلخە و ساسانی هەر ئەوانیان دەکردە وەزیر و زۆر تیرەیەکی ژیرن». ناردیان هێنایان و لە دەری شارەوە پێشوازی لێ کرا و برایە خزمەت خەلیفە و دەست بەجێ گرتیان و خستیانە زیندان... تا چیرۆك دەبڕێتەوە. جەمیل

لەوە بە دواش ڕۆژگارێك خالیـد کـوڕی ئـەو جەعفـەرە و کـوڕی خالیـد وەنـاو جەعفـەر(؟)[1] لای ئەبوولعەبباسی سەففاح[2] و براکەی ئەبووجەعفەر دەوانیقی[3]، وەزیرایەتیان کردووە.

هەروەها لە سەردەمی خەلیفەگەری هاروونەڕەشیدیشدا، یەحیا کوڕی جەعفـەر لـە سـەر کورسـی وزارەت دانرا و ئەو پلە و پایەی بەو درا و ئەو ڕێزە و قەدرەی لەو نرا، هەتا ئەو ڕۆژە هیچ کەس شـتی وای بە چاو نەدیوە. خۆ نەخوازا کوڕەکانی ئەو یەحیایە (فەزل و جەعفەر و مووسا) لەم دنیایـەدا ئـەو پایە و مایە و ئەو بەخت و هاتەی بۆ ئەوان ڕەخسا، بۆ هیچ وەزیرێك لە ناو ئیسلامدا وا نەڕەخسیووە؛ خاکیان لە مشتدا دەبوو بە زێر و زێڕیان وەکووو خۆڵ بە تێر و جۆرك و خەرار بەخـشیووە. هـەر چـەند بزووتوون و هەر چەند سرەوتوون، بێ پشوو سـەرکەوتوون و لـە هـەموو لاوە هـەر خێـر و بێریـان بـۆ داباریوە.

کە نەهاتیش هات، قۆرتی دژوارن. واهێرش دێنێ کێـو لـە بـن دێـنێ، شـاخ پـەڕە دەکـا، کُـەڵ هەڵدەدێرێ، حەزیا دەپسێنێ. ئەو بەرمەکیانەش لە سەرئەنـجامدا هەوێنی شیـری بەختیان هەڵگەڕا و پێچکە و ڕەوارەی چەسپان و ڕەختەی تەختیان و وەرگەڕا و نەهاتی چنگـڕەش پێسیـری گرتن و جـاران کە شیـری مووکاری میسری لە ڕاست تاڵێك مووی ئەوانـدا کـول بـوو، ئـەوجار -کـە بـەلـەز بـەرەو هەڵدێران سەرەوژێر دەبوون- دەمی دووزمانـان کـاری لێکـردن؛ چپەی ناکەسـان لـە مێـشك و دڵـی هاروونەڕەشید بوون بە چێوەسان و تیژیان کرد و هانیان داو فەرمانی بەرمـەکی قڕانیـان پـێ دەرکـرد. جەعفەری وەزیر دەگەڵ هەزاران لە بەرمەکیتر بە داردا کـرا و یـەحیا و فەزلیـشیان خـستە زینـدان و

١- ئەو پرسە مامۆستا زیرنۆف دایناوە؛ چونکە جەعفەر کوڕی یەحیا کوڕی خالیدە. مامۆستا دەسەر هەڵەوە نەچووە. جەمیل

٢- عەبدولا کوڕی مـحەمەد، کـوڕی عـەبباس، کـوڕی عەبدولـموتەلیب، سـاڵی ١٣٢.ك (٧٥٠.ز) بوەتـە خەلیفـە. پیاوێکی بەخشندەو سەنگیـن و دڵڕەش و دەسروەشێن و خوێنڕێژ بووە؛ ساڵی ١٣٦.ك (٧٥٤.ز) مردووە. جەمیل

٣- ئەبووجەعفەر مەنسوور ساڵی ١٣٦.ك (٧٥٤.ز) چەند ڕۆژێك بەر لە مەرگی برای، کرا بـە خەلیفـە. پیـاوێکی بـە برشت و سەنگیـن و تێگەیشتوو بوو؛ بەڵام زۆر دەستڕژد بووە و لەو چرووکیەی ناوی «دەوانیقی» (دانگی) بـە سـەردا براوە. ساڵی ١٥٨.ك (٧٧٥.ز) مردووە. جەمیل

دانگ شەشیەکی مسقاڵی زێڕ و زێوە. مسقاڵ چوار گرەم و نیوە. خەلیفە لە دانگێکیشی پرسیوەتەوە! دانق هەر دانگی کوردیە. هەژار

دەویدا مردن.

خۆشی و ناخۆشی نامێنن بۆ کەس   هەرچی دێتە دی، بڕانەوەی هەس

ماڵ و داراییش -کە بێهەژمار و دوور لە پێوان بوو- هەمووی خڕ و پڕ بە سەر کۆی خەزنەی تۆزە و دارماڵی دەوڵەتدا کرا.

پوختەی ئەمەیە: هاروون وای هاڕین کە هەتا ئێستاش کۆڕ و دیوەخان بە دەنگ و باسی ئەو خانەوادەخانە بەربادە شەو ڕادەبوێرن و منداڵ و پیران -بۆ پەندی دنیا- گوێی لێ دەدێرن.

هەر کەس بیەوێ زۆرتر دەربارەی ئەوکارەساتەی بەرمەکی دیتیان بکۆڵێتەوە، دەبێ وێکەوێ ئەو نووسراوانەی کە بۆ ئەم باسە تەرخان کراون بخوێنێتەوە. ئەم کتێبەی من ئەو توانەی نەبوو کە سەرلەبەری تێدا جێ وەکەم؛ هەر وا بە کورتی و سەرچڵ لێی دوام. بەڵام من بۆ خۆم زۆرم ڕوانیوە و پەڕە کتێبم زۆر پشکنیوە؛ تاوێستا هیچم لە چارەنووسی مووسای بەرمەکی نەخوێندۆتەوە و بە بەرچاومدا تێنەپەڕیوە. گەلۆ! چی لێ هات؟ دوور نیە کاتێ هارونەڕەشید باب و براکانی دەردەست کردبێ، ئەو ڕایکردبێ و خۆی گەیاندبێتە ناو چیاکانی کوردستانەوە و بۆ شوێنەونی ناوی گۆڕیبێ و لەو ناوە ژیابێ. چونکە چیرۆکێك دەماودەم هاتووە و بڵاو بۆتەوە و وادەگێڕنەوە کە سێ کوڕە بەرمەکی لە ڕۆژگاری عەبباسیانەوە لە لای بەغداوە پەڕەوازە بوون و لە کوردستاندا گیرساونەتەوە و لە چیای شەفتالوو -کە سەربە کنجە- لە ناوچەیەکدا بە ناوی خانچۆك نیشتەجێ بوون و برا گەورەکە، بە نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن و خواپەرستیەوە خۆی خەریك کردووە و لە لاکی گەنی دنیای بێبنیاد زۆر تەریك بووە؛ لەو دۆڵ و شیوە بەزەیی خودا سەری لێداوە و دۆز و ئاواتی بۆ پێك هێناوە و داوای هەر چیەکی لە خوا کردووە پێی ڕەوا دیوە.

دەڵێن ڕۆژێکی براگچکەکە -بۆ پێداویستێك- لە کەل کل بووە. خەڵکی ئەو ناوەش نانی ڕۆژانەی شێخ و دۆستانی شێخیان هێناوە و شێخ و یاران و برای ناونجی نانیان خواردووە و بەشە نانەکەی برا گچکەشیان جوێ کردۆتەوە. کاتێ کە برای بچووك هاتەوە و بەشە ژەمی ویست، برای ناونجی گوتی تۆ ڕۆیی و هەر نەهاتیەوە و درەنگت پێچوو، منیش پێم وابوو نانت خواردووە، بەشەنانی تۆش هەر من خواردوومە. برا گەورە -کە لەو دەسدرێژی و

خۆرایی برای زۆر تووڕە ببوو- تووك و نەفرینی خراپی لێ کرد؛ گوتی: تۆیەکی بە بەشەکەی خۆت دانەسەکناوی و پاری براشت دەورگت خزاند، لە خوا دەخوازم جێی ئەو پاروانەت پارەپارە بێ. شێخ هێشتا تەواو پاڕانەوەکەی لە دەم نەبڕابوو، ورگ و ریخۆڵەی برای پارووەز هەلا-هەلا بوو؛ هیچ کەس بە دەنگی نەگەیشتە سەر. ئیتر لەوساوە بڕوا و باوەڕی خەلکی ئەو ناوە و ئەو دەوروبەرە بەرانبەر بە شێخ، لە یەك بوو بە سەت. هۆزی سوێدی لێی پاڕانەوە کە بچتە ناویان و دڵی نەشکاندن و دەگەڵ براکەیتردا -کە ناوی ئەمیرشەهاب بوو- کەژیان جێهێشت و هاتنە ئاوایی و ئاوایی خانچووك، بوو بە هی شێخ و قەڵا و دژێکی ڕژد و پتەوی لێ دروست کرد و بشبووە ڕابەر و پیر و پێشەوای سوێدیەکان و لە دواجاریشدا کە بە یەکجاری لە ژین تەکیەوە و تەکیدا بە لای گۆڕستانەوە، زارۆی نێرینەی بۆ جێنشینی لێ بەجێ نەما و میرشەهابی برای کار و بارەکەی ئەوی گرتە دەست و لەجێی براکەی کرا بە سەردار و لە وەچەی ئەویش ئەوانەی کە لەو ناوچە و مەڵبەندە فەرمانڕەوا بوون، بە یاری خودا یەك بە دوو یەکا باسیان دەکەم و ناویان دەنووسم.

میرجەلال کوڕی میرشەهاب

لە پاش نەمانی شەهابی بابی، بۆ مەزنایەتی جێگەی گرتەوە و تا دێرزەمانێ گەورەیی کرد و سەرئەنجام ئەویش پێمیێردی خودای گەیشتە سەر و گیانی برد و مرد.

میرمحەمەد کوڕی میرجەلال

لە جێی باوکەکەی کرا بە میر ولە پاش چەند ساڵێك فەرمانڕەوایی و بەجێ هێنانی ئەرکی گرانی کار راپەڕاندن و گەورەیی کردن، بۆ یانەی مردن خۆی لە دەسك نا و کۆچی دوایی کرد.

میرفەخرەدین کوڕی میرمحەمەد

لە شوێنی بابی بوو بە جێنشین و زۆریش پیاوێکی دڵ و دەروون پاك و دادگەر و چاکەکاربوو.

وڵاتەکەی خۆی زۆر وە برەو خست و ئاواتری کرد و لە پاش ماوەیەك، کونجی خەمانی خەمخانەی ژیانی دایە دواوە و بەرەو ژیانی هەمیشە خۆشی بەهەشتی خودا، کۆچ و باری کرد.

میرحەسەن کوڕی میرفەخرەدین

لە شوێن باب و باپیرانی بۆ مەزنایەتی ڕۆنیشت؛ بەڵام نەیدابووە سەر شوێی ئەوان. دژ و ڕکوونی و زماندرێژ و جنێوفرۆش و دەست و دڵڕەش و تووش و خوێنرێژ بوو. خوا کوێری کرد و بە گردەنشینی هەڵیپەسارد و فەرمانڕەواییەکەی بە میرفەخرەدینی کوڕە گەورەکەی ئەسپارد.

میرفەخرەدین کوڕی میرحەسەن

بە دەستێکی زۆر بە هێز هەوساری فەرمانڕەوایی گرت و تووشی و چەمووشی پێ نەهێشت و بە ئارامی ڕامی کرد و لە سەر پشتی تەختی سەرداری و دنیاداری -قۆز و لەبار- خۆی ڕانا.

برایەکی هەبوو بە ناوی میرمحەمەد؛ جوانچاك و شۆخ و لەوەندێك بوو نە بکەی نە بخۆی، تماشای سای گەردنی کەی. سەرەڕای شەنگ و چەلەنگیشی، هەتا خوا حەزکا وریا و زرینگ و مەرد و ڕەند و بەخشندەو سەربڵند و ئازا و بە جەرگ و دڵپتەو بوو. جا هەر وەك گوتوویانە:

شاردنەوەی جوانی بە کەس ناچتە سەرێ   دەقوتووی خەی لە دەرز دێتە دەرێ

وەك دانە مرواری تاقانە لە دوڕدانەی قاپێلکی خان چۆك دەرکەوت و بە شوێن بەختی خۆیدا هەڵیگرتە ڕەوت و بە نیازی خۆڕانان لە دەرك و دیوانان، بۆ لای دیاربەکر و بە هەوای ئوزونحەسەن دیتن وەڕێ کەوت و لەو ئاواتەشیدا سەرکەوت و بە ڕاموسانی لاشیپانەی بارەگای ئەو پادشاپایەبەرزە، سەربەرز کرا و ناوری بە خێری شاهانەی بەرکەوت و چاکەی زۆری دەگەڵ کرا و فەرمانی مەزنایەتی خانچۆك و جبقجور[1]ی پێدرا و بەرێ کرایەوە.

هاتەوە جەستەی برای و کێشە و هەرای بۆ نایەوە و کار گەیشتە شیرکێشان و تیروکەوان و خوێن

١- محەمەدعەلی عەونی لە تەرجەمە عەرەبیەکەی چاپی قاهیرەدا رووپەڕ٢٥١ «چباقچور» و «چبقجور»ی نووسیوە. هەژار

کەوتە نێوان و دوای پێك هەڵپرژان و خوێنرژانی زۆر، میرمحەمەد لە زۆر کەوت و کەوتە گۆر و بە کوژرانی، پەریشانی باری کرد و گڕی ئاژاوە کوژراوە و میرفەخرەدین -بێ بەرهەڵست- مەزنایەتی بۆ مایەوە و لە پاش چەند ساڵێك ئەویش بەرەو نەمان بای دایەوە و چونکە کەسێکی وای نەبوو کەلەبەری پڕکاتەوە، کوڕی برا کوژراوەکەی جێی گرتەوە.

ئەبدال بەگ کوڕی میرمحەمەد

کرا بە جێنشینی مامی و کاروباری وڵاتەکەی ڕادەپەڕاند. لە سەردەمی مەزنایەتی ئەودا، لەشکری قزڵباشان بە سەرکردایەتی ئیقوت ئۆغلێ -گزیری جبقجور- بۆ گرتنی خانچۆك پەلاماری ئەبداڵ بەگی دا. ئەبداڵ بەگ ڕوانی وا ڕێوی بە پێی خۆی بەرەو تەڵە دێ، بەرەگەی لێ گرتن و سەنگەری دابەستن و لە کەمیندا چاوەنۆڕی دەکردن و دەستە و یەخە لێیان ڕاپەڕی و لە شەڕگەدا بوو بە چڕین و گوڕین و دڕین. شەڕێکی زۆر لە هێز و گوڕ و پڕ لە خوێن و خوڕ لە ناو قزڵباش و کوڕە کوردانـدا ڕووی داو زۆر لاوی شیرین لاو و زۆر پیاوی خاوەن ناو لەو ناوە لە خوێندا گەوزین. بەڵام کوڕە کورد -کە هەتا شەڕیان لێ گەرمتر بێ، دڵگەرمتر دەبن و بەزین نازانن- خوێن بەری چاوی گرتن و حیرس گرتنی و دەست لە سەر دەستووی خەنجەران، ئەستۆ و سینەی قزڵباشیان دایە بەر و وەك پاڵەی چاك بکەوێتە سەر بەری ڕوێنە، بەریان لێ گرتن و بەربوونە دروونەوەی گیانی کڵاوسووران و کەڵەشیان لە گیشەدا. ئیقوتئۆغلی لەو هەنگامە بەسامەدا نەترەی نەما و ورەی بەردا و بە لایەکدا خۆی دەربازکرد و قاچاندی و قزڵباشیش -کە لە پاشی نەدەژیان و ڕۆژی عەجەمقڕانیان دی- هەرچی تینی تێدا مابوو، لاسای سەرداری بێزراوی کردەوە و هەرکەسە لە بەر خۆیەوە ڕێی دەرەتانی بەدی کرد و سەڵتەسوارە و بە سووکباری بۆی دەرچوون و کەوڵی خۆیان ڕزگار کرد. گرانباریشیان هەرچی بوو کەم و زۆری لە خێوەت و ئەسپاباتی هەموو جۆرە و هەمە ڕەنگە و لە ئازووخە و تۆشەی جەنگ و ئەسپ و ئێستر و بارەبەر -سەروبەری- بەر کورد کەوت و بوو بە تاڵان.

ئەبداڵ بەگ دوای ئەو سەرکەوتنە چەندساڵان ما و زۆر بە شادی و ئازادی ژیا و لە ئەنجامدا -کە گیانی ئەمری ڕووی کردەمەڵبەندی هەرمانەوە- دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: سویحان بەگ و سوڵتان ئەحمەد.

سوبحان بەگ کوڕی ئەبدالّ بەگ

کرا بە جێنشینی بابی و دەگەڵ سولّتان ئەحمەدی برایدا بە تەبایی فەرمانڕەوایی ولاّتیان دەکرد و لە بەرانبەر نەیار و بەدکاراندا -وەك دوو دیواری لە پۆلاّ و ئاسن- پشتیان پێکەوە دابوون و وێستا بوون.

دوو برا کە لە پشتی یەکترینە   خوای گەورە هەواڵی سێهەمینە

چونکە برایەتیان خۆش و پێکەوە دڵپاك و چاك بوون و بە دڵسۆزی هاوکاری یەکتریان دەکرد، بەختیش چاکی بۆ هێنان و هەر لە خوداوە بە سەریاندا دەڕژا. دوای ئەوەی کە خالید بەگە شەلەی پازۆکی مرد، ناوچەی کنجیشیان دەست بەسەردا گرت. لە ئەنجامی شەڕەکەی چالّدیراندا -کە دیاربەکر دەست سولّتان سەلیمخان کەوت- ناوچەی جبقجوریان لە دەست ئیقوت ئۆغلی دەرێنا و مەنسوور بەگی پازۆکیشیان لە سەر ئاغچەقەلاّ دەرکرد؛ کە بە ناوی شائیسماعیلەوە بە سەری ڕادەگەیشت. هەروەها بە هێزی بازووی خۆیان ناوچەکانی زاك و مەنشکوردیان لە قزلّباش پاکردەوە و قادربەگی قزلّباشیان ڕاو نا و قەڵەمڕەوی خۆیان زۆر لە پێشوو پتر هەراو و بەرین کردەوە.

لە پاشان ئەو دوو برایە ولاّتەکەیان لە ناو خۆیاندا بەش کرد. جبقجور و دەوروبەری بەر سوبحان بەگ کەوت و قەلاّکانی دیش بوونە پشکی سولّتان ئەحمەد.

چەندساڵێك ئاوا ڕابرا لە دوا جاردا دووزمان و کەتنگێڕان برایان لە یەکتر کردن و تێکیان بەردان. سولّتان ئەحمەد بوختانی وای بۆ برای هەڵبەست کە بە فەرمانی سولّتان سولەیمانخان کوشتیان و جبقجوریشیان بە میرێکی عوسمانی بەخشی.

سوبحان بەگ کوڕێکی بە ناوی مەقسوود بەگ لە پاش بەجێ ما.

سولّتان ئەحمەد کوڕی ئەبدالّ بەگ

لە دوای بە کوشت دانی برای، لە دنیادا زۆر مایەوە و پتر لە پەنجاساڵ مەزنایەتی کرد و دنیای خوارد و مەرگی لێ بوو بە میوان و بۆ دیوانی خودای نارد.

زۆر هاتن و تاوێ مانەوە و ڕابردن   دەستاری مەرگ بە نۆرە وردی کردن

دەرگایەکی تەنگ بەرەو ژیانت دێنێ   سەدڕای بەرەلاّ هەیە بەرەو ڕووی مردن

سولّتان ئەحمەد دوو کوڕی لە پاش مان: مراد بەگ و محەمەد بەگ.

مەقسوود بەگ کوڕی سویحان بەگ

لە پاش کوژرانی بابی، دەگەڵ ئاوزەنگی بە زەبر و زەنگی سوڵتان سولەیمانخاندا چووبووە شەڕی نەخچەوان. لە شوێنێکدا کە ئارپەچای پێ دەڵێن و سەر بە نەخچەوانە، لە مەودای پاسەوانیدا تووشی قزڵباشان هات و زۆر مەردانە هاتە دەست و بە نەبەردی ناوی دەرکرد. کاتێ پەسنی دلاوەری بە بیسەری پایەبەرز و شکۆداری شاهانە گەیشت، سنجەقی جبقجوری بە دەستووری پێشین پێ بەخشی و فەرمانی پیرۆزیشی بۆ دەرچوو کە مولکایەتی بێ و بۆ کوڕانی بە کەلەپوور بمێنێتەوە.

لەو سەردەماندا کە ئەسکەندەرە پاشای چەرکەس میری میرانی دیاربەکر بوو، مەقسوود بەگ وەك هەموو کوردێکی سەرڕەق بەو گیانبازی و خزمەتەی کە بۆ سوڵتانی کردبوو، لە خۆ بایی ببوو؛ خۆی دەگەڵ پاشادا ڕێك نەخست و دڵی خۆش نەدەکرد. پاشا ناوچەی جبقجوری لێساند و دای بە میرێکی عوسمانی. ئەویش دایە سەر ڕێی ئاستانەی بەخت هێلانەی سولەیمان و حەوساڵی ڕەبەق لە ئەستەمبوولدا خولی خوارد و دەرکاودەرکی کرد؛ بەڵام هەموو وەزیرە گەورەکان لەبەر دڵی ئەسکەندەر پاشا، حاشایان لێکرد و داد و بێدادەکەیان بە پێچکی تەختی خاوەن بەختی پادشایەتی نەگەیاند و هەر خۆشیان تێنەگەیاند؛ هەتا خودای دادگەر مەرگی بۆ شیاند و لە دەست زۆردارانی ئەستاند.

مراد بەگ کوڕی سوڵتان ئەحمەد بەگ

لە پاش نەمانی سوڵتان ئەحمەد بەگ، ئەسکەندەر پاشای میری میرانی دیاربەکر، میراتەکەی بە کوڕانیدا بەخشیەوە. خانچۆك و ئاغچەقەڵای دابە محەمەد بەگ. جگە لە جبقجور -کە درابووە عوسمانیان- ناوچەکانیتری دابە مراد بەگ و بۆشی دانان کە پێکەوە بە سەر کار و باری وڵاتەکە ڕابگەن. مراد بەگ دوای شازدەساڵ مەزنایەتی، بەشی خۆی بە سولەیمانی کوڕی ئەسپارد و لە پاش چەند ساڵێك ژیان، خۆی لێ بوارد و مەرگ لە دووی نارد و بردی.

جگە لە سولەیمان بەگ، عەلی خان و ئولوخان و مستەفا بەگیشی هەبوون. لە وەختی گرتنی تەورێزدا مستەفا بەگ دەگەڵ میرەکوردەکاندا، قزڵباشان لە سەعدابادی لای تەورێز کوشتیان. عەلیخانیش هەر لەو شەڕەدا بە دیل گیرا و دەگەڵ مراد پاشای میری میرانی قەرامانـدا، دوو

سالان لە قەلای قەهقەهە بە کۆت و زنـجیـرەوە گوزەراندی. لە پاشان دەگەڵ پاشا بەرەڵا کرا و پێکەوە هاتنەوە ڕۆمێ و بە کۆمەگی مراد پاشاو لـە بـەزەیی بـەرزی شـاهانەوە، بەگلـەر بـەگی دیاربـەکر، سنجەقی جبقجوری بە ناوی مولکایەتی پێ بەخشی. ئولوخـانی براشـی دەگـەڵ پیـاوە کاربەدەسـت و گەورەکانی دیاربەکر دایە و بە ئاسوودەیی دەژی.

میرمـحەمەدی مەزنی خانچۆك ئاغچەقەلای بە دەستەوە بـوو. بـەڵام زۆر باشـی پارێزگـاری لـێ نەدەکرد. لەسەر ئەوە فەرهاد پاشای سەردار، سنجەقی ئەویشی هەر بـە سولەیـمان بـەگ بەخـشی و چەند ساڵێك مـحەمەد و سولەیـمان لەسەر ئەوە کێشە و هەرایان بوو؛ هەتا مەرگ هاتـە بـەریوانی و مـحەمەد بەگی برد و شەڕەکە داکوژا.

سولەیـمان بەگ کوڕی مراد بەگ

بێ ڕووبینی و دەروایسی و بێ سرتەی بەر پەنا و پەسیو، لاوێکە لە ناو لاواندا بژاردەو زۆریش خواردەو دەستبڵاوە و هەتا بڵێی ئازایە و تا خوا حەز دەکا پیاوە. لە سەرەتای لاوەتیدا لەلای میـری میـرانی دیاربەکر و بەغدا ژیاوە. لە چنگ ئاوارەیی دەردی چێشتووە و ڕەنـــجی زۆر و ئـەرکی گـران لـە دڵـی ئەودا یادی تاڵی جێ هێشتووە. لە هونـەری سـوپاییدا ڕۆمیانەیـە و لـە سوارچـاکیدا تاقانەیـە و لـە کوردستان بەناوبانگە.

کەس هێـندەزیت و زیـرەك و پیتـۆڵ و ژیـر نیە تـای ئەو، جیهانە کەونە کەسی‌کەی لە بیـر نیە

بەڵام بە داخەوە چونکە ناوی خۆی بیستۆتەوە، تۆزێك لووتی بەرزە و فیزێکی ڕێ نیشتووە و لە بەفیـرۆدان و تەخشان پەخشان کردنی دراودا، تەواوێك بێ‌پەروایە.

ئـازا نی هەتـا بەخـۆ نەوەستیت مـاوە تا بەرزی بە لای خۆتەوە، پەستیت ماوە
بایی کە موسوڵمانی؟ لە بوت ڕزگـاری؟ بـەو فیزە کە لاتە، بوتپەرستیت مـاوە

هەر زۆر لە زووەوە باب و باپیـرانی لە کنج ژیاون؛ کە زۆر شوێنێکی سـەخت و چـڕە و لـە بنـاری چیایەکە چەمی فوراتی بەبەردا دێ و لە هەر دوو لاوە لە دوژمنان پارێزراوە. بەڵام بەرزەفڕی و بەرچاو گوشادی سولەیـمان بەو تۆزەوە نەوەستا و لە کونـجی لانەی تەنگی کنجدا هـەڵی‌نـەکرد. لـە دەشـتی

مەنشکوردی بەرپاندا شارێکی بنیات ناوە و مزگەوتێکی بەرزیشی دەبەرچاو گرتووە؛ بەڵام سەری نەگرتووە و چەند ساڵێکە بەو شارەوە و بەو کارەوە خەریکە.

لە سەردەمەکانی گرتنی ئێران و شیروان و ئازربایجاندا، زۆری خزمەتی گەورە کردووە؛ بە تایبەتی لەو کاتەدا کە دووسێ هەزار سەربازی چغرسەعد -بە سەرکردایەتی نیاز بەگی پازۆکی- هێرشیان هێنا سەر قەرایازی و هۆزی باولی‌یان تالان کرد، سولەیمان بەگ براکانی و چەند ئاغایەکی رەگەڵ خۆ خست و کەوتە شوێنیان و بە گژیاندا هات و خوێنیانی رِشت و ماڵ و ئەسپاب و ئاژەڵ و پاتاڵی تالانی بە زۆر لێ‌ساندنەوە و بە خاوەنیانی گەیاندەوە. بە هۆی مستەفا پاشای سەردارەوە لاوانەوەی شاهانەی پێ برا.

لەوساوە کە بابی بە زیندی سەر کردیە جێنشینی خۆی، تا ئەمڕۆ کە مێژوو سەرەتای مانگی ناوجێژنانی ساڵی هەزار و پەنجە، مەزنی وڵاتی کنجە و مەزنایەتیش هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. یاخوا لە کاری قەنجدا هەر سەرکەوتوو بێ.

بەندی نۆهەم

فەرمانڕەوایانی سلێمانی

ئەویش دوو لکی لێ دەبێتەوە

رووداوگێڕەوەی بەدەم ودوودی قۆز و بە نموودی ناو کۆز و کۆڕی هونەرپەروەران و دەمڕاست و کارای دیاردەو بژاردەی کەڵەنووسەران -کە سەرگوروشتەی وردەو درشتەی چەند پشتاوپشتی خۆی و هەندەرانیان لە بەرە- ریشەی ڕەگەزی سولەیمانیانیان تۆمار کردووە و بردوویاننە سەر مەروانی‌حیمار [کەر] کە دوامین پادشای ئەمەوی بووە.[1] دەڵێن بۆیە مەروان دەگەڵ کەردا پیلۆز کراوە، بە منداڵی ڕۆژێك لە فێرگە هاتۆتەوە و قامکی خستۆتە ناو ئاڵقەی دەرگاوە و دەوێدا قەتیس ماوە و پەنەماوە و بڕبەندیان هێناوە و ئاڵقەکەیان بڕیوە و ڕزگاریان کردووە. کەچی بە دەردی خۆیەوە دانەسەکناوە ڕۆژێکی‌تریش هەمان تاس و هەمان حەمام تلی دەگەوی دەرگا گیراندۆتەوە و هاواری لێ هەستاوە. باوکی بە تووڕەییەوە پێی فەرمووە: بە خوا مەڕوان زۆرم پێ کەری. ئیتر لەو ڕۆژەوە ناوی کەری بە بۆقی ملیەوە نووساوە. هێندێکیش لایان وایە چونکە عەرەبان بە ساڵی سەدەمینی چەرخ دەڵێن ساڵی کەر و چونکوو سەرەتای پادشایەتی مەعاویەی کوڕی ئەبووسفیان تا پادشایەتی ئەو مەروانە سەدساڵیان نێوان بووە، کەری سەد ساڵە وە شوێن مەروان خراوە.

مەروانە کەرە، کوڕی محەمەد، کوڕی حەکەم، کوڕی ئەبوولعاس، کوڕی ئومەییە، کوڕی عەبدی‌شەمس، کوڕی عەبدولمەنافە. حەکەم ڕۆژی یەکەمی گرتنی مەککە موسوڵمان بووە.

مەروانەکەرە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٢٧.ك (٧٤٤.ز) دابۆتە پادشاو چۆتە سەر تەخت و لە دوای پێنج ساڵان ئەبولعەبباسی سەفاحی لێ ڕاپەڕیوە و پرزەی بڕیوە و دەرییەڕاندووە و پەڕیوە بووە و بەرەو میسر چووە و ساڵح و ئەبووعەونی عەبباسی وە شوێن خراوە و ڕۆژی بیست و هەشتەمی مانگی

١- چاردەهەمین پادشای ئەمەویە و بەویش دوابڕاو بوون.

قوربانی ساڵی ١٣٢.ك (٧٤٩.ز) لە گوندی بوسیری لای میسر تووشی هاتوون و کوشتوویانە. دوو کوڕی بە ناوی عەبدوڵڵا و عوبەیدیللا لە پاش بەجێماوە. عەبدوڵڵا کەوتۆتە حەبەشەوە و عوبەیدیلڵا بە نهێنی لە فەلەستین دەژیا. زەمانی هارونەڕەشید پێیان زانی و گزیری سەر فەلەستین گرتی و ناردیە بەغدا و خرا زیندانەوە و هەموو دەورانی هارون لە گرتووخانەدا گوزەراندی و لە ئەنجامدا لەبەر پیری و کوێری لە بەندیخانە دەرکەوت. وێدەچێ سولەیمانیەکان وەچەی ئەو بن. بەڵام وەك ناوی سولەیمانیان لە سەرە، دەشێ ڕاستەوخۆ سەر بە سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك، کوڕی مەروان بن، خوا دەزانێ چۆنە.

کەونەپیاوان و باوەڕپێکراوانی ئەو هۆزە -کە شڕە و شاتاڵی چەند ساڵەی خۆیان دۆزیوە- وەیان دۆزیوەتەوە کە لە شاڵاوی عەبباسیەکاندا، مەروانیەکان وا تاساون، پاش قوڵپ بوونەوە نەپەرژاون خۆ خڕ کەنەوە و لە بڵاوەکردندا سێ نەفەر لە کوڕانی مەروانەکەرە، کۆمەڵێکیان وەدوو خۆ داوە و لە فەلەستینەوە دەلینگی خۆیان وەرێناوە و لە مەڵبەندی قوڵپ[1] گیرساونەوە و لە دۆڵێکدا -کە دەرەی خۆخی پێ دەڵێن و سەر بە ناوچەی غەزالیە- نیشتەجێ بوون. بەرەبەرە و بەرودوای یەك تیرە و هۆزی ئەو ناوچانە -کە قەوغاتر لە هەموانیان هۆزەکانی بانۆکی بوون- لە دەورەیان کۆ بوونەوە و بە یاری وان قەڵاکانی قوڵپ و جسقە[2] و تاش و حسولی و مفارقین [میافارقین] و موچە و مەزرا و کێلگە و بەیارەکانی ئەو ناوچانەیان تا سەر ڕووباری دیاربەکر، خستە دەست و هەروەها قەڵا و دژ و زەوی و زاری بێدیان و کاروکان و دلکلوقیا و ڕبات و جریس و ئیدنیك و سلیك و کنجیان لە ژێرچنگی گورجستانی و ئەرمەنیەکانی دیندوژمن هێنا دەر و ئەوسا هەرکێ بەرەی مەروانی خۆش ویستووە و لە سەروان ئاوارە بووە، لە شام و میسریشەوە بەر بەوان هاتن و لێیان هاڵان و لە ژێر ئاڵایاندا خۆیان گرتەوە.

ئەو هۆزانەی مەروانەکانیان وەخۆ گرتبوو، هۆزەکانی بانۆکی و هویدی و دلخێران و بوجیان و زیلان و بسیان و زکزیان و بەرازین و هێندێك لەوانە سوننی مەزەبن و لە سەر شۆپی شافیعی خوالێخۆشبوو دەڕۆن و بڕێکیشیان لە سەر ئۆلی یەزیدیانن. میرەکانیان -بە تێکڕایی- بە باوەڕ و لە

١- لە کوردستانی ناوەندیە و لای دیاربەکرە. عەونی

٢- لە دەستنووسێکدا حبقە نووسراوە. عەونی

خواترس و نوێژڕەوان و ئاکارجوان و لە پەیڕەوانی فەرموودەکانی پێغەمبەری سەروەرن، درودی خودای لە سەر بێ. زۆریان دوورەدنیا و شێخی سەر بەرماڵ لێ هەڵکەوتووە. سەد خێڵێک لەوانە کۆچەر و ئاژەڵ بەخێوکەرن و زۆزانیان کوێستانی بدلیس و چیای شەرەفەدین و ئاڵەتاقە. پایزانیش لە سەرەتای فەروەردین[1]دا بەرەو گەرمەسێر دێنەوە. پووشانەشیان لە سێسەد سەر سەرێکە و بە فەرمانڕەوای بدلیس دەگا.

پوختەی مەبەست: ئەو هۆزانە کە بە سەرداری مەڕوان[2]، گەلێك قەلآ و ناوچەیان گرت و ماوەیەك لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا بوون، کە مەڕوان لە دنیا دەرچوو، بەهائەدینی کوڕی بوو بە جێنشینی. ئەویش زۆری پێ نەچووە گیانی دەرچووە و میرعیززەدین و میرجەلالەدینی لە پاش بەجێ ماون. میرعیززەدین بۆتە سەردار و کە ئەویش لە سەر ترۆپکی داری ژیانەوە کەوتووە و سلار بۆتەوە -چونکە میربرایمی کوڕی منداڵ بووە و کەڵکی مەزنایەتی نەبووە- لە سەر پەسندی سەرکۆمارەکان، جەلالەدینی برای جێی گرتۆتەوە و هەتا ئەویش مرد میربرایم کوڕی عیززەدین ڕەسیدەببوو؛ بە مەزن هەڵبژێرا. ئەویش سەردەمایەك مایەوە و بەرەو نەمان بای دایەوە و میردیادین و میرشێخ ئەحمەدی لێ بەجێ ما. لەسەر ئەسپاردەی باوك، میردیادین بوو بە جێنشین و هەشتا ساڵ ژیا و زۆر بە کامڕەوایی فەرمانڕەوایی کرد. لە دوای ئەوە کە شائیسماعیلی سەفەوی دیاربەکری گرت، خانمحەمەدی ئیستاجلووی لەبری خۆی بەسەرەوە دانابوو کە ئاگای لێ بێ. محەمەدخان خۆی دەگەڵ میردیادیندا ڕێك خست و بیگیسی[3] خانمی کچی لێ خواست و بە خزمایەتی میردیادین و بە هاریکاری سولەیمانیەکان، خۆی زۆر بەهێز کرد و کاروباری باش دەڕۆیی. بۆ نموونە: جارێك عەلائەدەولەی زولقەدر -کە میری میرانی مەرعش بوو- بە نیازی داگیر کردنی دیاربەکر، ساروقیلانی برازای خۆی ناردەسەر محەمەدخان و شەڕێکی زۆر گرانیان لە ناودا قەوما.

١- فەروەردین، خاکەلێوەی بەهارە و مانگەکانی پاییز مێهر(ڕەزبەر)، ئابان (گەڵاڕێزان) و ئازەر (سەرماوەز)ن.

٢- دەپێشدا بەرەی مەروانی گوتووە و ناوی حاکمێکی ناو مەڕوان نەهاتووە. هەژار

٣- لە دەسنووسێکدا بیکسییە؛ وادیارە بێکەس خانم بووبێ. عەونی وێشدەچێ بەلکیس یان بێگێسی (بێکەزی) بێ. هەژار

دەهـــۆڵ مات و کڕ بوون لە بەر تێك خوڕین   مـەگـیـرانـی شـیـــرانـە بـۆ زگ دڕیـن
لـە هـەر لاوە لاشـەی کـــوژاو سـەرپـــڕاو   لـــە هـەر شـــوێـنێ خوێن هەڵدەپڕژا بە تاو

کوڕە کوڕەی سولەیـمانی -یان دیوانی سولەیـمانی- لەو لێکدانەدا دادیان کرد و هەر نەیارێ هاتە بەریان، بەربادیان کرد و یادی جەنگی حەوتخوانی مازندەرانی ڕوستەمی دەستان و دێوگورانی سـامی نەریـمان، لەبەر هالاوی ئەو شەڕە گەرم و گوڕەیان توانەوە و هەر بە ئەفسانە مانەوە.

ئەو کوردەگورد و نەبەردانە بە هۆی باهۆی هەمبەرتەزێن و چوستی و داهـۆی دوژمـنبـەزێن و بـە دەبانی تازەساو و شیـری بە ژەهر ئاودراویان، دڕیان بە لەشکری دژدا و پلانی ساروقپلانیان هەڵوەشاند و گەلەکۆمەیان تێك گلاند و لە بەر یەکیان هەڵتەکاند و لە ژیانیان داتەکاندن و سەرکردەش سەری دەر نەکرد و لە مەیداندا لە گەزیاندا و سەریان بـڕی و زگیـان دڕی و بیـری شـەڕیان لـە مێـشك و دڵـی سڕیەوە. خانمـحەمەد شاگەشکە بوو؛ زۆری چاکە دەگەڵ میر وهۆزی سولەیـمانی کرد و شانازی پێوە دەکردن. میردیایین کە مەیدانی ژین و ژانی ئەم جیهانەی بەجێ هێشت، هێچ نێرینەی جێ نەهێشتـن. شێخئەحـمەدی برای نۆ کوڕی بوون: شاوەلەد بەگ، بەهلول بەگ، عومەرشـابەگ، سۆسـەن، وەلیخـان، ئەلوەند، خەلیل، ئەحـمەد و جیهانگیـر. مەزنایەتیەکە بۆ ئەوان مایەوە.

لکی یەکەم
فەرمانڕەوایانی قوڵب و باتمان

خودانی ئەم ڕووپەڕانە چەند جارانی لە پیاوی باوەڕ پێکراو بیستووە کە میردیادین زۆر پیر و زەبوون ببوو؛ فرزەندێکی واشی نەبوو کاروباری دنیاداری بۆ هەڵسووڕێنی و چاوچنۆکان وەپرینگێنێ. برازای بەربینگیان گرتووە و قرمی خۆیان خۆش کردووە کە لە سەرداری دەری‌کەن. میردیادین هانای وەبەر محەمەدخانی ئیستاجلوو هێناوە و ئەویش لەشکری بۆ ناردووە و مام و برازا پێك وەربوون و تێك بەربوون و هەنگامە قەوماوە. لەو شەڕە بەسامەدا، عومەرشابەگ و سۆسەن و جیهانگیر بەگ کوژراون و شاوەلەد بەگی براگەورە -کە هەوێنی پشێوێنی بوو- وەك چوالوو خۆی کووزوو کرد و زوو دەرباز بوو؛ خۆی گەیاندەئالی شام و لای شاکانی چەرکەس دامەزرا. کە قزلباش پاش شەڕەکەی چاڵدیران کەوتبوونە کلکەلەقی و دەستیان لە کوردستاندا شل ببوو، عەلی فێری ناوێك -کە پیاوێکی سەرناسی هۆزی بسیان و سەرکردەی ئاغاکان بوو- قەڵای میافارقینی گرت و پیاوی ناردەشام و لە شاوەلەد بەگی گێڕاوە کە گیر نەبی و بێتەوە. شاوەلەد بەگ بە هەڵەداوان بەرەو ماڵی باوان هاتەوە و بە کۆمەگی عەلی فێری و بە پەسندی هۆزەکانی، مەزنایەتی گرتە دەست.

لەو هەلەدا کە دەوڵەتی هەڵپشکوتووی عوسمانی دیاربەکر و کوردستانی وەبەرخۆدان، مەزنی ساسۆن —کە دژایەتی کۆنیان دەگەڵ سولەیمانیەکاندا هەبوو- تیرەی خالیدیان دنە داکە لە میافارقین خۆ داگرن و لەو چاوەش و جەندرمانەی کە ئەرکیان لە کوردستانە و بە کاروانەڕێدا دێن و دەچن، چەند کەسێکیان لێ بکوژن تا بەو فێڵە شاوەلەدبەگی تێوەدەن.

خالیدی ئەرکی خۆیان ئەنجام داو کارەساتەکەشیان دایە پاڵ شاوەلەد بەگ، میری میرانی دیاربەکر. ئەو خەبەرەی بە پێچکی تەختی شکۆدار و بەرزی سوڵتان ڕاگەیاند و فەرمانی دەستبەجێ ڕەوای پادشابە لەسەردانی شاوەلەد بەگ درا. میری میران ناردی و بردیە دیوان و شاوەلەد بەگ کە

بە کرِوکی کارەکەی زانی، بە هەزار ناری عەلی توانی خۆی ڕزگار کا و لە دەستیان ڕاکا و خۆ بگەیەنێتە قەلاّی قولّپ.

ولاّتەکەیان کردەمولّکی تایبەتی سولّتان و گزیریان بە سەرەوە دانان و شاوەلەد بەگیش بە قەلاّی قولّپ و زەویەکانی دەوروبەری دەژیا و سێزدەسالاّن هەروای ڕابوارد، هەتا مەرگ لە دوای نارد و لە دەست میر وبەگلەران و بوختانکەرانی ڕزگار کرد و بە خاکی سپارد.

شەش کوڕی لە پاش بەجێ مان: عەلی بەگ، میردیادین، وەلیخان بەگ، جیهانگیر بەگ، میریوسف و میرسولەیمان.

عەلی بەگ کوڕی شاوەلەد بەگ

لە پاش بابی ماوەی چل سالاّن قەلاّ و ناوچەی قولّپی لە دەستدا بوو. هەموو کەس خۆشی دەویست و ئاکار و ڕەفتاری هەموو پەسند بوون. کاتێ لە دنیا کۆچی کرد، دوو کوڕی بە ناوی سولّتانحوسێن بەگ و وەلیخان بەگ لە پاش مان.

سولّتانحوسێن بەگ کوڕی عەلی بەگ

سالّی ٩٨٠.ك (١٥٧٢.ز) لە سەر فەرمانی لەبەر دلاّنی سولّتانسەلیم خان بوو بە جێگری بابی. سالّی ٩٩٣.ك (١٥٨٥.ز) کە سولّتان مرادی خوابەخشیو لەشکری شکاننەدیوی بە سەرداری عوسمان پاشای گەورەوەزیر ناردەسەر ئازربایجان، سولّتانحوسێن بەگ لە سەعدابادی نزیک بە تەورێز، قزلّباشان شەهیدیان کرد. شەش کوڕی بێ باب مانەوە: قلیج بەگ، سەیدئەحمەد، زەینەلّ بەگ، زاهید بەگ، حەیدەر بەگ و قاسم.

سەیدئەحمەد کاتێ بابیان کوشت، قزلّباشان گرتیان و زنجیریان کرد و دوو سالاّن لە قەلاّی قەهقەهەدا بەندیان کرد و لە دواییدا بە کۆمەکی هێندێك ئاغایان بەردرا و هاتەوە ولاّت. لە دیوانی سولّتان مرادەوە مەزنایەتی بە زەینەلّ بەگ درابوو. قلیج بەگ -کە بە تەمەن لەو زیاتر و بە ئاوەز لەو کەمتر بوو- بە کۆمەگی مەحەمەد بەگی حەزۆ میرایەتی خستە سەر ناوی خۆی و لەسەر مەزنایەتی دەگەلّ زەینەلّ بەگدا کردیە هەرا و دوژمنایەتی و هەلّسور و داسوڕێکی بێسوودی کرد و

هەر لەو سەروبەندانەدا -لەسەر تووشی و بەدفەڕی خۆی- بە دەستی خزم و هۆزەکانی بەکوشت چوو.

سەیدئەحمەد بەگ کوڕی سوڵتانحوسێن

کە قزڵباشان بەرەڵایان کرد، لە ئەرزەڕۆمێ چاوی بە فەرهاد پاشای سەردار کەوت و بەڵگەی دڵسۆزی و گیانبازی خۆی خستە بەر چاو و خزمەتەکانی لە بەردەمی دیوان دانا. لە بەزەیی بێبڕانەوەی پادشاوە، سەرداری بەکار و لەبار، فەرمانی قوڵپ و باتمانی پێ بەخشی.

زۆری نەبرد کە هۆزی بسیان، بەهلول بەگی خاڵیان کوشت و ئەوسا بێبەرهەڵست بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی ئەوێ. بەڵام لە پاش چەند ساڵێك، میری میرانی دیاربەکری لە خۆی ڕەنجاند و لە ئاستانەی پادشاوە میرایەتی قوڵپ درا بە کابرایەکی عوسمانی ئەویش بە دەرکراوی -بە نیازی دادخوازی- ڕووی کردەئاستانەی سوڵتان و ساڵی ۱۰۰۳.ك (۱۵۹٤.ز) گەیشتە ئاستانەی گۆڕستانی ئەستەمبووڵ. سەرلەنوێ قوڵپیان دایەوە بە زەینەڵ بەگی برای و ئێستا کە مێژووی کۆچی هەزار و پێنجە بەسەر قوڵپ ڕادەگا.

لکی دووەم
فەرمانڕەوایانی میافارقیـن

ئەو میـرانەش هەر دەچنەوە سەر میرشێخئەحـمەد کوڕی میرعیـززەدین و دەگـەڵ میــرەکانی قوڵپـدا پسمامن. یەکەم فەرمانڕەوایان بەهلول بەگ، کوڕی ئەلوەند بەگ، کوڕی شێخئەحـمەدە. بـەهلول بـەگ پیاوێکی دەسکەرەوە و کارامە و دلاوا بووە. دەپێشدا خۆی و عومەرشابەگی برای لە لای ئەسـکەندەر پاشای میـری میـرانی دیاربەکر بوون. ئەسکەندەر پاشالەسەر فـەرمانی کاریگـەر هێرشـی بـردەسـەر جوازر[1] و قەڵایەکی تێدا ئیجاد کرد و ناوی لێنا ئەسکەندەریە و بەهلول بەگی کـردەدژدار و ناوچـەکەی بە سنجەق پێ بەخشی؛ زۆری خزمەت بە دەوڵەت کرد و جەوهەری لە خۆ نیشان داو میــری میـرانی دیاربەکر و میر ومەزنانی کوردستان بۆی تێکـەوتن و بـۆی وێکـەوتن و تکانامــەیان بـۆ نووسـی کـە بەشێکی لە میـراتی باب و کاڵان بدرێتەوە و ڕەوانەی ئاستانەی پیـرۆزە هێلانە و بارەگـای شـاهانەی سوڵتان سەلیمخان کرد. لە ئاوڕ وێدانەوەی بێکەمایەسی پادشاهانەوە، ناوچەی میـافارقیــن و هەرچـی سەربەوێیە لە قوڵپ جوێ کرایەوە و بە ناوی مولکایـەتی تەرخانـەوە پێیـان بەخـشی. هـەروەهـا بـە فەرمانی بەرز دەرچوو، باج و پیتاکی هۆزەکانی بسیان و بوجیان و زیلان -کە وەختی خۆی لە شاوەلەد بەگ سێنرابوون و وەسەر مولکی تایبەتی سوڵتان خرابوون- بەهلوول بەگ کۆی بکاتەوە و ساڵ بە ساڵ بیخاتە ناو خەزێنەی دیاربەکرەوە. چەند ساڵێك بەو ئاوایە گوزەرا؛ کۆچ و کۆچبار بەرەو وڵاتی عەجـەم دەستی پێ کرد. هۆزەکانی سولەیـمانی لـە چـنگ زۆرکـاری و نالـەباری دەسـەڵاتداران وڵاتیـان جـێ دەهێشت و دەچوونە ئەو مەڵبەندانە کە قزڵباشیان لێ دەرکرابوو. بە پاسـەوان دادەمـەزران و دەکرانـە ئالای بێگی و سنجەق و زەعامەتیان دەدانێ؛ هەر ئەوەندەکە لە پارێزبەرانی بپـارێزن. هۆزەکـانی بـەر پەلی بەهلوول بەگیش کە هەستیان بەم باس و خواسە کرد، گوێیـان لـە کـڵاو دەرپەڕانـد و قوشـقی و

---

[1]- لە دەستنووسێکدا «جواز» نووسراوە. ڕەنگە قەڵای عادل جەواز بێ. عەونی

کوڕڕەگوێ ببوون و خۆیان لە پیتاك دەبوارد و کلکیان پێ هەڵدەپەسارد. تەنانەت کابرایەکی بسیانی - کە ناوی شاسوار بوو- خۆی کردەمیرلیوای قەڵای بایەزید و هەزار ماڵێکی سلێمانی[1] و کوردیتری لە خۆ کۆ کردەوە و لاقیان چەقاند کە بە ئامان و زامان پوولەسووتاوێك چیە پیتاك نادەین. بەهلوول بەگ حوکمی وەرگرت کە بچێ ئەو باجانە کۆ کاتەوە و ماڵ و ماڵاتەکانیش بۆ میافارقین بێنێتەوە. لەو چوونەیدا تووشی شەڕهات و دەگەڵ شاسواردا ملیان دەبەر ملی یەك نا و لە شەڕدا بەهلوول بەگی کلۆڵ شەهید کرا و پێنج کوڕی لە پاش بەجێ مان: میرخان، عومەر بەگ، مەحموود بەگ، محەمەد و عوسمان.

میرخان کوڕی بەهلوول بەگ

لە پاش کوژرانی بابی، کارەکەی ئەویان پێ سپارد. چەند ساڵێك بە سەردا ڕابرد؛ هۆزەکانی بەردەستی کاری زۆر ناشایستیان دەکرد و خەڵك لە دەستدرێژی و زۆرکاریان وەزاڵە هاتبوون. دادیان لە دەست بردەبەر بارەگای پادشای دادپەنا و فەرمانی کوژرانی میرخان و تیرەکانی بسیان و بوجیان و هەموو خراپەکارێکی سەربەوان، بۆ محەمەد پاشای میری میرانی دیاربەکر هات. محەمەد پاشامیرخانی هێنا دیوانی دیاربەکر و بە فەرمانی سوڵتان کوشتی.

عومەر بەگ کوڕی بەهلوول بەگ

لە پاش کوشتنی برای، میافارقینیان بەو سپارد. دەبوایە ساڵێ چوار خەروار[2] زێڕ بۆ خەزێنەی دیاربەکر کۆ کاتەوە. ئەرکی خۆی بە ئەنجام نەگەیاند و ئەو دراوەی بۆ هەڵنەسووڕا. لەسەر پێشنیاری میری میرانی دیاربەکر و دەفتەردارەکەی، میرایەتی کوردەکان و پێ ڕاگەیشتنی میافارقین لە دیوانی پادشای دەوڵەتپەنای بە شەوکەت و شان، سوڵتانمحەمەد خانەوە، بە برایم بەگ ئاقساق[3] کوڕی جیهانگیر درا. عومەر بەگ دەپێشدا پەنای بە فەرمانڕەوای بدلیس برد و خەریك بوو دراوەکەی دەوڵەت پەیدا کا؛ بەڵام شتێکی وای بە دەمەوە نەچوو. ئەمجار گەلێکی خۆڕی و تۆڕی لە خۆ هاڵاند

١- لە دوو دەستنووسدا بسیانی لە باتی سولەیمانی نووسراوە و بسیانیەکە ڕاستە. عەونی

٢- محەمەدعەلی عەونی ئەم خەروارەی بە کیسە مانا کردووە. هەژار

٣- لە دوو دەستنووسدا ئاقسماق. عەونی

و لە ناوچەکانی مووش و خەنس و مەلازگردا خۆی کردەچەتە و ڕێگری دەکرد. لە نێوان حەزۆ و باتماندا چەند جارێك کاروان و هاتوچۆکەری ڕووت کردوون و چەند موسوڵمانێکیشی کوشتوون.

عەلی بەگ میرلیوای خەنس و محەممەد بەگی مەزنی حەزۆ چوونە سەری و برازایەکی و هێندێك لە هاوکارانیان کوشت و هەرچی بوویان بە تاڵانیان هێنا و بۆ خۆشی بە هەزار جیڕەبابە و چەرمەسەرێ خۆی دەرباز کرد.

ئەگەرچی ناوی میرایەتی لە سەرە، بەڵام دز و سیرمەخۆرە و ناتوانێ لە هیچ کوێ بحاوێتەوە.

بەشی دووەم لە رووبەری سێهەم

ئەویش دوازدەبەندە[1]

بەندی یەکەم

فەرمانڕەوایانی سۆران

نێچیروانی لەبارزان و ڕازەوانی ڕازی بەرز و بێ پێپیلکەی تیشەشاخی لووس و هەڵچووی مێژووی دوور و بێسنووری کوردەواری، بە لەباری بۆمان چوونە دوڕ پنچك و ناودەوەن و بە بەندەنان هەڵگەڕاون و ورد گەڕاون و چەند بەرداویەردیان کردووە و زەرد و هەردیان پشکنیوە و زۆر و زەوەندیان نۆڕیوە و گەلێك قۆناغیان گۆڕیوە و لە لای زۆران لایان داوە و بەرەو سۆران روویان ناوە و ڕەسەنیان خستۆتە داو و ئاوایان لە بەر ڕاناوین کە زنجیرەی بنەچەکەی خانەدانی میری سۆران، دەگاتە سەر کەلۆس[2] ناوێك کە عەرەبی بەغدا بووە! لە گەڕدانی گێژوگەڕی گەردوونی چەپگەردەوە وڵاتی خۆی جێ هێشتووە و گەردی دەردی لێ نیشتووە و ئاوارە بوونی چێشتووە و بەرەو ئەوان(؟)[3] -کە سەر بە

١- لە دوو دسنووسدا ١٠ بەندەو بەندی ١١ و ١٢ نیە. عەونی

٢- دەبێ کەلۆس نازناوی میرێکی ددانکەلی ماڵەمیرانی لە مێژینەی ڕەواندز بووبێ. ئیسماعیلی مەلاحوسێن لە *تاریخی ئەردەڵان*دا دەڵێ: سورخاب بەگی ئەردەڵان بارامی کوڕی خۆی بە سەر ئامێدیەوە دانابوو؛ کە ئێستاش نەوەکانی فەرمانڕەوای ڕەواندز و کۆ و حەریرێن. کتێبی *الاربعة قرون الأخیرة للعراق* لە پەراوێزی رووپەڕ ٤٨دا دەڵێ: «سورخاب کوڕی خۆی کردەحاکمی ڕەواندز و ئەو بنەماڵە سێسەد ساڵ هەر مان».

٣- ئەوان، لە وڵاتی سۆران نیە. هەر ڕەوانە گۆڕاوە و «ئە» لە جێی «ر» داندراوە. «دز» قەڵایە. ڕەواندز: قەڵای ڕەوان. ڕەواندز ناوێکی تازەیە و تەمەنی ناگەڕێتەوە بۆ پێش هەزاری کۆچی. ڕەوان ڕەنگە لە ڕاوەندەوە هاتبێ بە ناوی ئەو شارەوە کە ڕاوەندی گەورە بنیاتی ناوە و بە گفتی *معجم‌البلدان* بە ئەیالەتی مووسڵ ناسراوە. ئەوسا دەبێتە ←

ناوچەی سۆرانە- ڕۆیشتووە و لە گوندی هەودیان[1] دانیشتووە و بۆتە شوانی گوندیەکان و دەدانی پێشەوەی نەبوون و بەو بۆنەوە چونکە بە زاراوەی ئەوان بە پیاوی کەل دەڵێن کەلۆس، ناوی پێشووی لادراوە و هەر بە کەلۆس ناو براوە. کەلۆسی شوان سێ کوڕی بوون: عیسا و ئیبراهیم و شێخ وەیس[2]. عیسا کوڕێکی هێژا و هەڵکەوتە و بەرچاوتێر و نێرەپیاو و دڵاوا و مەشرەفخۆش بووە؛ هەر چیەکی لە شەرتە شوانیەکەی دەست کەوتووە، دەرخواردی کوڕوکاڵی هەرزەکار و دەمڕووتی گوندی داوە و بە جوانمێری، چاوبەرەژێری کردوون و هۆگری بوون و لە فەرمانی دەرنەچوون.

هەر لەو سەروبەندانەشدا دوژمنێکی زۆر زەرندە ڕووی کردۆتە ئەو مەڵبەندەو فەرمانڕەوای وڵاتەکە خۆی بۆ شەڕی ئەو ساز داوە.

میرمنداڵە و کوڕوکاڵی دەوری عیسا -هەر بۆ گاڵتە- ناوی میریان لە عیسا ناوە و کەوتوونە شوێنی و ڕوویان کردۆتە لای باڵەکان[3] خەڵکی ئەوێش سەر و سیمای میرعیسایان بەسام دیوە و زۆریان بە دڵەوە نووساوە و بە مەرد و ڕەندیان ناسیوە و ئەوانیش بڕیاریان داوە کە ئیتر لەمە بە دواوە میرعیسا میری ڕاستی بێ و لە ڕاست فەرمانی مل کەچ بن و چی گوت لە گفتی دەرنەچن.

بەم جۆرە خەڵکێکی زۆری پێوە هەڵنیشت و هێز و پێزێکی بێدادی پەیدا کرد و ڕەوانەی قەڵای ئەوان[ڕەوان] بوون و دەوریان لێدا. دەوروبەری دژەکە لە کەژەکە، کەڤر و بەری سۆری زۆر بوون. عیسا و دەوروبەرەکانی لە ناو ئەو بەردەسوورانە دامەزرابوون و هێند چاوسوور و غللور و لەسەر شەڕکردن سوور بوون، ئەترەی دژدارانیان برد و بە کۆمەڵی بەردەسۆران ناویان دەرکرد. بەردەسۆران لە ناو دەماندا زۆر بووە و وردە وردە بەردەکە هاوێژراوە و بێژەی سۆران تاق بۆتەوە و بەو ماڵەمیرە

← قەڵای ڕاوەند. عەونی

وێشدەچێ دزی ڕەوان بێ. ڕۆ، چۆمە و دز، دژە. واتا قەڵای چۆمان. هەژار

[1]- گوندێکە لە دەکیلۆمیتری باکووری ڕۆژاوای ڕەواندز و بە قەد کێوی باڵەکیانەوەیە و لە پێشدا ناوی هەفتخوان بووە و خاوەنی *الاعشى* لە *مسالك الابصار*ەوە بە ناوی خەفتیانی ڕاگوێزتووە. جەمیل

[2]- ئەمینزەکی و حوسێنحوزنی بە «شێخ ئیدریس»یان نووسیوە. جەمیل

[3]- گوندێکی قەوغایە و نزیکەی ٧ کیلۆمیتری باکووری ڕەواندز و لە سەر لکێکی زێی گەورە هەڵکەوتووە. هۆزی گەورەی باڵەکی -کە ٦٠ گوندێکیان داگرتووە- ئەو ناوەیان وەرگرتووە. جەمیل

سەرکردەیەکی لەشکری گەزەنەفۆن ناوی «بالك» بووە. هەژار

گوتراوە.[1]

سەرئەنجام عیسا قەڵای گرت و وەك عیسای مریەم، بە هاڵاوی بە ودمی دەمی، تەمی ماتەمی لە بەر خەمباران ڕەواند و دەرد و ستەمی لە سەر تاراندن. ئەستێرەی بەختی لە ئاسۆی هاتدا تیشکی دایەوە و دەم لە شوێن دەم و کات لەجەم کاتا دەگەشایەوە. بە مشوورخۆری و زانایی زۆری، ماوەیەکی زۆر بە کامەرانی و خۆشگوزەرانی، چاوێری و شوانی گەلی دڵسۆزی کرد و کە ڕۆژی بڕا و گۆچانی ئاکامی لە گەردن هاڵا و لە سەر تەختی ڕەوانەوە هاتە سەر تەختەی داربەست و ڕەوانەی گۆڕستان کرا، زۆر ناوی چاکە و تاکە کوڕێکی لە پاش بەجێ ما.

شاعەلی بەگ

لە پاش بابی کرا بە میر ولە سەر تەختی فەرمانڕەوایی جێگیر بوو. کاتێ کە مەرگ هاتە سەردانی و لە ژیانی زویرکرد، چوار کوڕی بەناوی عیسا و میربداغ و میرحوسێن و میرسەیدی[2] لە پاش بەجێمان.

باوك هەر بە زیندی سەری وڵاتەکەی لە ناو کوڕەکانی دابەش کرد؛ تا لە دوای ئەو پیلە بە یەکتری نەگرن. ناوچەی حەریری -کە پاتەخت بوو- بە میرعیسا بەخشی[3] و لە دەورانی دەستەڵاتیدا

١- وشەی «سنگ سرخ» لام وا نیە بەردی سوور بێ. ناوی وڵاتی سۆران لە کتێبی *مسالك‌الابصار*دا هاتووە؛ کە دوو سەدە بەرلەو ڕۆژگارە نووسراوە. پێم وایە سنگ سوورە و لە سۆنگەی سینەبەندی سوورەوە ئەو ناوە ڕسکابێ. فریدریك میللنگن سەدەیەك لەمەوبەر بە کوردستاندا گەڕاوە و سەفەرنامەیەکی بە ناوی *ژیانی سەرەتایی ناو کوردان* نووسیوە. دەوێدا دەڵێ: کورد ڕەنگی سووری گەلێك خۆش دەوێ. هەتا کوردێك دەبینم باسەکەی ناو کتێبی گەزەنەفۆنی سەرکردەی یۆنانیم بیر دەخاتەوە کە پەسنی جلکە سوورەکانیان دەدا... هتد. وا دیارە سنگی کورد لە کن فارسان بۆتە سەنگ. جەمیل

٢- ئەمین زەکی دەڵێ: لە کتێبی *کورد/کرد*ا میرعەلی نووسراوە. حوسێن حوزنی دەڵێ: ناوی میرسەیدی عەلی بووە و ڕنگە ئەمە ڕاست بێ. جەمیل

٣- ئەمین زەکی و حوسێن‌حوزنی دەڵێن: «شاعەلی بەگ دەگەڵیدا چۆتە حەریر»؛ بەڵام باسی بەشی سێ کوڕەکانی‌تریان نەکردووە. زۆر وێدەچی میربداغ لە باڵەکیان و میرحوسێن لە ڕەواندز و میرسەیدی عەلی لە شەقڵاوە دامەزرێنرابن.

دەگەڵ پیـریداغی فەرمانڕەوای باباندا بوو بە شەڕیان و لە مەیداندا کوژرا.[١]

پیـریداغ[٢] کوڕی شاعەلی بەگ

لە پاش بابی بە سەر بەشەکەی خۆی ڕادەگەیشت و سۆماقلق[٣] (سۆما)شی لە هۆزی نیلخاسی[٤] سەر بە قزلْباش ڕزگار کرد و خستیە بەر دەستی خۆیەوە و چەند ساڵێك فـەرمانڕەوایی تێـدا کـرد و ئەمـــجار ماڵاوایی لە ژیان کرد و دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: میرسەیفەدین و میرحوسێن.

میرسەیفەدین

بوو بە جێنشینی بابی. بەڵام زۆری نەخایاند کە پێمێردی خودا بەرەو گۆڕستانی شاند و شوێنەکەی بـۆ برای بەجێ ما.[٥]

میرحوسێن

لە جێگەی میرسەیفەدینی برای کرا بە میر وهێشتا دەستەجلکی لە میـرایەتی‌دا نەدڕیبو کە خوا ڕۆزی لە سەر دنیا بڕی و ئەویش حەوت کوڕی هەبوون، گەورەکەیان ناوی میرسەیفەدین بوو؛ ئەو لە جێگـەی بابی کرا بە جێنشیـن و سۆماشی وەك باب و باپیـرانی خستە بەرچنگەوە.[٦]

میرسەیدی کوڕی شاعەلی بەگ

ئەگەرچی کوڕی گچکەی شاعەلی بەگ بوو، بەڵام بە پایە و ناوبانگ زۆر گەورە بوو. بۆ نـان بـدەیی و

١- حوسێن حوزنیش هەروا دەڵێ؛بەڵام ئەمیـن زەکی دەڵێ میـریداغی برای کوشتویە. پێم وایە بەهەڵە چووە.جەمیل

٢- لە دوو دەستنووسدا میـریداغە.عەونی دانەر لە باسی شاعەلی بەگیشدا میـریداغی گوتووە. هەژار

٣- لە دوو دەستنووسدا سوماقلو. عەونی حوسێن حـوزنی بـە سـۆمای نووسـیوە؛ ڕەنگـە سـیماقولی بـێ کەگوندێکـە سەربەکۆیە. جەمیل سۆما ناوچەیەکی بەرفرەوانە و لەکوردستانی بەردەستی ئێرانە و سەر بە ئەستانی ورمێیە.هەژار

٤- ڕەنگە لە هۆزەکانی قزلْباش بووبێ، پیـریداغ ڕاوی نان و دەورمێی پەستاوتن. جەمیل

٥- حوزنی دەڵێ: لە پاش مەرگی سەیفەدین، هۆزی نیلخاس سۆمایان گرتەوە. جەمیل

٦- حوسێن حوزنی دەڵێ: کە سۆمای لە نیلخاسان ساندەوە، دوایی نیلخاسانیشی بڕاندەوە. جەمیل

بەخشین، وەك دەریای بێ کەنار وابوو. ئاوازەی دلاوایی بە دنیادا گەڕابوو؛ لە مەیدانی مەرداندا، لە ڕوی هێرشبەراندا، بەرانبەر بە هەزاران بوو؛ کوتالّی مەردازایی بە بەژنی ئەو بڕابوو. لە پاش نەمانی بابی لە شەقاباد[1] دادەنیشت. تۆڵەی کوژرانی میرعیسای برای لە پیربداغی بابان ساندەوە و بە گژیدا هات و پیربداغی کوشت و داخی خۆی پێ ڕشت و ناوچەی براشی دەگەڵ بەشی خۆی تێکەڵ کردەوە و لە سەر مەڵبەندی سۆران و ناوچەکانی سەربەوێ، زۆر بە سەربەستی و ئازاد و ئازا فەرمانڕەوایی دەکرد و لە سەرئەنجامدا کە لە بەر مەرگ بەزی و خزیە گۆڕی بەرتەنگەوە، سێ کوڕی بە ناوی میرسەیفەدین و میرعیززەدین شێر و سولەیمان لە دوو بەجێ مان.[2] میرسەیفەدین لە هەرەتی جوانی و جەنگەی بەهاری ژیانیدا لە سەر ئەسپ پەڕی و پەڕیوەی ئەو دنیا بوو.[3]

میرعیززەدین شێر

میری هەولێرێ بوو. ساڵی ٩٤١.ك (١٥٣٤.ز) کە سوڵتان سولەیمانخان ئارامیگەی بەغدای گرت، زستانەکەی لە هەولێر گوزەراند[4]. لەو بەینەدا عیززەدین شێر هێندێك کاری ناڕەوای دەربارەی

١- شەقلاوە کەونە و *مسالك الابصار* باسی دەکا. ڕەنگە ناوەکە لە شەقل (دار) و (ئاو) پەیدا بوویێ؛ کە دەڵێن شاقولیاوایە بە لامەوە دوورە؛ چونکە شاقولی بەگ لە دواییدا لەسەری بووە. جەمیل

٢- حوزنی موکوریانی دەڵێ: میرسەیدی دەوری قەڵای هەولێری داو قزڵباش چیرقەڵاییان کرد و بەدەستیانەوە نەدەدا، دەورەدان شەش مانگی خایاند. میر لە خوار قەڵاوە مزگەوتێکی گەورەی دروست کرد و گەلێکی کورد هێنان و فەرمانی داکە خانوان دروست کەن. بەم کارە شارۆکەیەك بەرهەم هات.

٣- حوزنی دەڵێ: سێ مانگ میربووە؛ لە سەر سواریەوە هەڵدێراوە و دەستە و لەجێ مردووە. جەمیل

٤- حوسێن حوزنی دەڵێ: سوڵتان سولەیمانی قانونی لە سەفەری تەورێزی تێشکابوو. خۆی لە سەرمای زستانی تەورێز دزیەوە؛ هاتە گەرمیان و لە هەولێر دابەزی. عیززەدین پێشوازی شایانی لێکرد و هەموو زستانەکە میوانداری زۆرباشی لێکرد؛ بەڵام سوڵتان سولەیمان چونکە زۆر خوێڕی و نامەرد بوو، سزای سنماری داوە. سەرۆك هۆزی دنە دەدان لە میر هەڵگەڕێنەوە و پیاوەکانی خۆی فێر دەکرد ئاژاوە بنێنەوە و بەم ئاوایە پلانی بۆ ڕێکخست و لە شەوێکدا بردیە مۆڵگەی شاهانە و بە نهێنی خنکاندیان. ئەمجار بە شیر بەربوونە دۆستانی و گەلێك سەرکۆمار و سەرناسی شار و مەلای مەزنیان کوشت. گەنجینەی میریشی تالان کرد و هەرچی بەر پەلی کەوت بردی. جەمیل

نۆکەرانی ئاستانەی بەرزی سولتان کرد و بۆ کوشتنی فەرمانی بێوچان درا و کوشتیان![1]

هەولێریش درا بە حوسێن بەگی داسنی، کە لە ماڵە میرەکانی یەزیدی بوو. لە پاش کوژرانی عیززەدین شێر، سولەیمانی براشی خێر و خۆشی لە دنیا نەدی و لە پاش ماوەیەکی کەم ڕێی نەمانی بەدی کرد و بوو بە گۆڕنشین و سێ کوڕی بە ناوی قولی بەگ و میرعیسا و میرسەیفەدین لە سەرزەمین بەجێ هێشت. سولتان سولەیمانخان هەموو وڵاتی سۆرانی وەسەر هەولێر خست و کردیە بەخشش بۆ حوسێن بەگی داسنی. ئیتر حوکمداری سۆران بە یەکجارەکی لە دەست خاوەنانی هاتە دەر و بیانی پێ ڕادەگەیشت!

میرسەیفەدین

کوڕی میرحوسێن کوڕی پیربداغ

وەك لەمەوبەر کەلەبەری تەڕەزنی قەڵەمەکەمان دەڵاندی، میرسەیفەدین سوماقلو[سۆما]ی وەکوو باب و کاڵان لە دەستا بوو. لەوان سەردەماندا کە هەموو خاکی سۆران لە لایەن پادشاهی خەزاکەرەوە بە حوسێن بەگی داسنی بەخشرا[2]، چەند جارێك لە نێوان میرسەیفەدین و حوسێن بەگدا شەڕ و لێکدان ڕوی داو لە ئەنجامدا سەیفەدین خۆی لە بەر یەزیدیەکان نەگرت[3] و پەنای بە بێگە بەگی حاکمی ئەردەڵان برد. بێگە بەگ لە ترسی تووڕە بوون و ڕوو

١- حوزنی دەڵێ: میر عیززەدین کوڕی ڕاوێژکەرانی لە مەلاچاکەکان پێك هێنابوو؛ بە بێ پرسی ئەوان هیچ کاری ئەنجام نەدەدا. زۆریشی ئاسەواری باش بەجێ هێشت. بۆ نموونە: گومبەزی یوونس پێغەمبەری لە مووسڵ نوێ کردەوە و زۆری دووکان و زەویوزاری دەم دەجلە دەقەبەڵ کرد. لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر دوو مزگەوت و میوانخانەیەکی دروست کرد و مەوقووفەی زۆری بۆ بڕینەوە. شاری کەرکوکی قەوغاتر کرد و دەشتەکیەکانی لە شار دادەمەزراندن؛ سێ مزگەوت و فێرگەیەکی زانستی لێ بنیات نا. مەدرەسەی سۆرانی -کە لە کەرکووکە- لەوانەیە هی ئەوبێ. جەمیل

٢- حوسێن حوزنی دەڵێ: کە سوڵتان سولەیمان هەولێری دابە حوسێن بەگی یەزیدی، خەڵك پێیان خۆش نەبوو؛ چونکە لە زێد و دینیان بێگانە بوو. سەرەڕای ئەوەش زۆر زاڵم بوو. تێکڕا گلینامەیەکیان نووسی و بە چەند پیاوێکی گەورەدا بۆیان نارد. دوو لەوانە: مەولانا شێخ شەرەفەدینی نەخشبەندی و مەولانا سەیفەدینی سوهرەوەردی بوون؛ کە ئەوانە شێخی تەریقەت بوون. هەروەها چوار مەلای گەورەشیان دەگەڵ بوو. فەرمانیدا هەموویان کوشتن! جەمیل

٣- حوزنی دەڵێ: هۆی شەڕەکە ئەوە بوو: خەڵکی سۆران لە چنگ کابرای یەزیدی وەزاڵە هاتبوون. دەستەودامێنی ⟵

لێوەرگێڕانی سوڵتان، نە ڕووی پێدا و نە یاریدەیدا. میرسەیفەدین بە دڵساردی گەڕاوە و هاتەوە سۆران و کۆمەڵێکی لە خەڵکی ئەو ناوە لە خۆ هاڵاند و هەڵیکوتا سەر دوژمن و دژی هەولێری داگیر کرد.

پەڕاندنی ئەو لەمپەرە و سەرکەوتنی واسەمەرە، هومێدی وەبرەو خستەوە و هەموو هۆز و تیرەی سۆران بە تێکڕایی بووژانەوە و هرووژان و هاتنە بەر ئالای میری خۆیانەوە. چۆن سەردەمێک ئەبوموسلیم لە ژێر درۆشمی عەبباسیان خزمی یەزیدی قڕ کردن، میرسەیفەدین هەر بەو نیازە بەرەو یەزیدیەکان بزووت. حوسێن بەگ بە لەشکری یەزیدیەوە پێشی پێ گرت و شەڕێکی زۆر خەست و خوێناوی لە ناو سۆرانی و یەزیدی ڕووی داو ئەمجارە یەزیدی شکان و لەو شەڕەدا پێنسەد پیاوی سەرناسی داسنی کوژرا و بەرەی حوسێن سەرکەوت! تالان و ماڵ و شمەکی زۆر و زەوەند وەگیر لاوانی سۆرانی و وەچەنگ میرسەیفەدین کەوت و میرسەیفەدین بۆوە بە میری سەربەخۆی سۆران. میرحوسێنی داسنی چەند جارێکیتر شەل و شکستە و گەجەر گوجەری یەزیدیانی کۆ کردەوە و شەڕی خۆدڕێنی نایەوە و هەموو جاریش لەشکرەکەی دەشکایەوە و جار لە جار پتر دەپووچایەوە و سەرکەوتن چووبووە لای سەیفەدین و داسی داسنیان نەیدەبڕی. حوسێن بەگی داسنی کە تێگەیشت ئاسنی سارد کوتانە و تەنگانەی بێدەرەتانە، بە بۆڕدراوی و سەرشۆڕی بەرەو پاش گەڕایەوە. کاتێ باسوخواسی ئەو شکان و ڕاونانە گەیشتە ئاستانە و بوو بە مقۆمقۆ، ناردیان حوسێن بەگیان بردەئەستەنبووڵ و فەرمانی لە سەردانی لە سوڵتانەوە بۆ دەرچوو؛ بە هەزار ئەشکنجە و ئازاردانەوە کوشتیان.

کەسێ هاوکاری زۆرداران بوو پیشەی	دەسی زۆردار بە بیور دای لە ڕیشەی
کە تاژی ڕاوی پێ نەکرا و شەکەت بوو	لە لای ڕاوکەر لە ژێردارا سەکەت بوو
کەوێک هاوخوێنی خۆی بێنێتە سەر داو	نە دوورە خێوی، خۆی لێنێ بە شۆرباو

← میر بوون کە ئەو دۆڵپایەیان لە کۆڵ کاتەوە. هێرشی بردەسەر و لە دەشتی حەریر پێکدا هاتن و لەشکری حوسێن بەگ هەڵات و دایە چیا و چووە ناو قەڵای حەریرەوە و ناردی کە لەشکری بۆبێ. بە فەرمانی سوڵتان لەشکری مووسڵی بۆ هات و بە گژ یەکدا هاتنەوە و ئەوجار میرسەیفەدین شکا. جەمیل

سولتانی خەزاکەر فەرمانی بە سولتان حوسێنی فەرمانڕەوای ئامێدی داکە هەموو میرەکانی کوردستان دەگەڵ خۆ بەرێ و بچنە سەر میرسەیفەدین و خاکی سۆرانی لە دەست دەرێنن. بەڵام ئەو هەزار زیلەش هەرچی کردیان و کڕاندیان و مڕیان و مڕاندیان، چیان بۆ دەگەڵ نەکرا و بە ئاوات نەگەیشتن و بە بۆڕاوی و دۆڕاوی گەڕانەوە. ئیتر لەو ساوە میری سۆران حەساوە و بێ ترس و پرس و بە کامرانی و ئازاد و سەربەخۆ گوزەرانی دەکرد و فەرمانی بە سەر هەموو وڵاتی سۆراندا دەڕۆیی. بەڵام وەك گوتوویانە:

بەڵای عاسمان کە ویستی پێت بوەستێ دەپێشدا چاو و گوێ و زارت دەبەستێ
کە قۆرتی ڕێت نەدی و چاکەت نەبیسی گلار بووی و لە ناو چاڵدا قەتیسی
هەتا بزوا زوانست بۆ زیانە بەڵای بێ ئاوەزی ئاهۆی ژیانە

ئەویش خوا لێی گۆڕی و کەوتە ناو تۆڕەوە و یوسف بەگی برادۆست -کە نازناوی غازیقڕان بوو[1]- هەڵیفریواند و درۆی بۆ هەڵپریواندن کە ئەگەر دەگەڵ ئەودا بچێتە لای سولتانی خەزاکەر و پەنای پێ بەرێ و ئەویشی تکاکار بێ، هەرچی ئاواتیەتی بۆی دەچێتە سەرێ و لە دەریای بێبنی بەزەی شاهانەوە هەموو گوناهی هەڵدەوەرێ و لێی دەبوورێ و بە دەستووری باب و باپیرانی وڵاتی سۆرانی دەگەڵ خەڵاتی زۆر پێ دەبەخشن و توڕرە و نیشانی بە سنگەوە دەنەخشن.[2] میری وەدوی خۆیدا و دەگیری خست و تەواو پای نەخستبووە ناو ئاستانەوە میرغەزەبی بە پیرەوە هاتن و خستیان و بەستیان و دەستیان لێ هەڵنەگرت هەتا هەست و خوستیان لێ بری.

١- غازی قڕان کوڕی سولتان ئەحمەد و نەوەی میرەکانی حەسنەوییە بووە، کە هاتوون و لەو وڵاتە بوونە میر. جەمیل

٢- حوسێن حوزنی دەڵێ: بەوە فریو درا کە بچێ و پەیماننامە دەگەڵ سولتان ببەستێ و تیا بڕیار بدرێ کە: میر خۆ دەسنووری عوسمانی نەگەیەنێ و خەڵکیشی لێ هان نەدا و بازرگانییان لە ناودا بێ و دەوڵەتی عوسمانی سەربەخۆیی سۆران بە ڕەسمی بناسێ و سولتان میرەکوردەکانی بۆ بنێرێ و دەگژ ئێران ڕاچێ و تاونباران بدەنەوە بە یەکتر و سەفیران ئاڵ و گۆڕ بکەن و تا دەساڵ ئەم پەیمانە دەگەڕدا بێ. هەروەها باسی زۆر فێڵ و فەرەجی تریش دەکا کە بۆ چاو بەستنی خراوەتە گەڕەوە. جەمیل

میرسەیفەدین ڕۆژی چواری مانگی قوربانی ساڵی ٩٦٦.ك (١٥٥٨.ز) کوژراوە. جەمیل

قولی بەگ

کوڕی سولەیمان بەگ کوڕی میرسەیدی

لەو ڕۆژگارەدا کە وڵاتی سۆران بە دەست داسنیەکانەوە بوو، قولی بەگ چەند جارێکیان بە گژدا هات و هەموو جاریش لە بەریان دەشکا و هێزی پێ نەشکان و لە چاری ناچارەوە خۆی لە کوردستان ئاوارە کرد و ڕووی کردەدەرگانەی شاتۆماسب و پەنای بە ئێران برد.

سەبارەت بە دژمنی و کینەی کۆن و لە مێژینەی هەواخوایانی حوسێن و ئاشنایانی یەزیدی، داسنیەکان موسوڵمانی سۆرانیان دەگیرهێنان و ملیان لێنان و دەمیان تێنان و کارێکی وایان دەگەڵ کردن کە هەموو کەس بە چاکەوە یادی حەجاجی یوسفی دەکردەوە و زوڵمی بێدادی سەعدی کوڕی زیادیان لە بیر بردەوە.[1] کوردی سۆران کێردیان گەیشتە ئێسکان و لە گیان و ژیان وەڕەز ببوون؛ پیاویان ناردەعەجەمستان و بە تکا و نزا و داوێنبادان قولی بەگیان هێنایەوە.[2]

ئەوسا ناردیانە ئاستانە و داوای پلەی باب و باپیرانی لە سوڵتان کرد. سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر بڕوای بە قولیبەگ نەبوو؛ دڵی ئاوی نەخواردەوە کە بۆی بکا و بۆ ناوچەی خۆشی نەناردەوە؛ سەماواتی[3] سەر بە بەسرای بە سنجەق پێ بەخشی.

لە پاش نەهێشتنی میرسەیفەدین و کوشتنی حوسێن بەگی داسنی و ڕوودانی ئەو ڕووداوانەی کە لێی دواین، لەسەر تکای سوڵتان حوسێن بەگی فەرمانڕەوای ئامێدی، لە سەماواتی بەسرەوە ڕایانگوێزت و لە مەڵبەندی سۆراندا ناوچەی حەریریان دایە[4] و بیست ساڵێك لەوێندەرێ ما و

١- سەعد کوڕی زیاد سەرکردەیەکی لەشکری یەزیدی کوڕی مەعاویە بوو کە شەڕی ئیمام حوسێنی کرد. جەمیل

٢- حوسێن حوزنی بە جۆرێکیتری دەگێڕێتەوە و دەڵێ: میرقولی بەگ وەختی خۆی چووبوە ئێران. عوسمانی ناردیان هێنایانەوە و چوارجاران لەشکریان دایە و لە مووسڵەوە ناردیانە سەر میرسەیفەدین و دەرۆستی نەهات و کە زانیان چی بۆ ناکرێ، ناردیانە سەماوە. دوای ئەوەی میرسەیفەدین حوسێن بەگی داسنی و هێزی هیمدادی تورکانیشی شکاند، میرقولی بەگ هەر نەهاتەوە کوردستان. جەمیل

٣- سەماوە ئێستا لە سەر ئەستانی دیوانیەیە و لە باشووری عیراقە. جەمیل

٤- حوزنی دەڵێ: ساڵی ٩٦٧.ك (١٥٥٩.ز) سەرەك هۆزەکانی سۆران و میرەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئێران -کە دەیانزانی سوڵتان سەری قاڵە- ڕێگەی ڕاکردنیان بۆ میرقولی بەگ خۆش کرد و لە سەماوڕا هەڵات و ڕۆژی ٦ی مانگی مەولوود هاتەوە حەریر و زۆری خەڵك پێوە هەڵنیشت و بە کۆمەگی گەورەپیاوان قەڵاکەی قایم دابەستەوە ←

مەزنایەتی کرد و لە ئەنجامدا پۆشاکی حەریری بە جاوی بێشۆ وەگۆڕی و سەنیری خاکی وەبن سەردا و لەسەر بەردی گۆڕیچە، بۆ یەکجاری دەخەو ڕاچوو. دوو کوڕی بوون: بداغ بەگ و سولەیمان بەگ.

بداغ بەگ

کوڕی قولی بەگ کوڕی سولەیمان بەگ

لە پاش نەمانی بابی، ئالای فەرمانڕەوایی لە سەر سەقاباد |شەقلاوە| شەکاوە؛ بەلام بە فیت و هۆی بەدگۆیان و لە ڕایەڵی بێ پۆیانەوە، کری سفتی برایەتی دوو براله هەڵوەشاو خۆشەویستی و هێمنی، بوو بە کێشە و دوژمنی و پرتەوبۆڵەی سەر زوان بوو بە تیری ناو کەوان و شیریان لە ڕوی یەکدی کێشاو ڕمبیان بۆ یەکتر هەژاند و میربداغ بەرکەی پەیاغی سولەیمانی نەگرت؛ مەیدانی بۆ چوڵ کرد و پەنای بە سوڵتانحوسێن بەگی فەرمانڕەوای ئامێدی برد و چاونۆڕ بوو کە دەرووێکی لێ بکرێتەوە و کۆمەگ و یاریدەی بکرێ و بێتەوە سەر جێوڕێی خۆی، کەچی ئەوەشی بۆ نەلوا؛ مردن بەرببنگی لێ گرت و عیزرایل پەلپی پێ گرت و نەیانهێشت و لە عەقرەی سەر بە ئامێدی دەناخی هەردیان ڕاکرد و گلەوگازنی بردەلای خودا.[1]

← و کردیە پاتەختی میرایەتی و زۆریش میرێکی گەلدۆست و دادگەر بووە و وڵاتەکەی گەشە پێداوە و قەڵەمڕەوی خۆی زیاد کردووە و هتد. جەمیل

١- ئەمین زەکی دەڵێ: میربداغ بە بێ کێشە و دەردەسەری، دووساڵانی مەزنایەتی کرد؛ هتد. حوسێن حوزنیش هەر لای وایە و دەشڵێ: برای شەڕی پێ فرۆشت؛ مەلا و کەیخودای ناردنە لای کە پێکیان بێنن؛ بەلام برا ملی نەدا و گێچەڵ بەری دەرگای پێگرت. سولەیمان بەگ لە برادۆستەوە و میربداغ لە شەقلاوە ڕاهاتن و لە دەشتی حەریر، لە نزیك باتاس تووشی یەك بوون و هەردووك لەشکر پێك وەر بوون. لە شەوەکیەوە تا ئێوارە لێکیان داو هەر دوو لا زۆریان زیانی ماڵی و گیانی لێکەوت. لە ئەنجامدا پیاوەکانی میربداغ لەو تەکینەوە و چوونە لای دوژمنی و کاتێ زانی بەنی برای پێ با نادرێ، ناردیە لای کە هەرچی گرتوویە بۆ خۆی و شەقلاوە و حەریر و هەولێرم لێ نەستێنێ. لە پاش چوار مانگ وەرام هاتەوە کە واناکەم. ئەویش ئەوجار لە ناچاری هەلات و هتد. هەروەها دەڵێ : ساڵێ ٩٨٥.ك (١٥٧٧.ز) مرد و لە ئامێدی نێژرا.

ئەمین زەکی لایەنگیری دانەرە و دەڵێ: هێزی بادینانی دەگەڵ خۆی هێنا، بەلام نەگەیشتەوە و لە عەقرە مرد. ناوەکەشی لە *مشاهیر الاکراد*دا بە بداغ کوڕی قولی بەگ، کوڕی میرسەیفەدین نووسیوە و بە لامەوە ڕاست نیە. جەمیل ←

میرسولەیمان بەگ کوڕی قولی بەگ

لە پاش مەرگی باب و برا، سولەیمان بەگ بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی هەموو وڵاتی سۆران. زۆر پیاوێکی بەهونەر و دادگەر و هەژارپەروەر بووە؛ لە هۆش و بیروڕا و تەگبیر و مشۆرخۆری و وەج و سەنگ و کارامەیی و زەبر و زەنگدا، لە ناو هەموو سەرداران و سەروەرانی کوردستاندا زەق و زۆپتر دیاری داوە و بە تلی نیشان دراوە و نموونە و بە ناوودەنگ بووە.

بنەماڵەی میری سۆران هەر لە مێژرا دوژمنی هۆزی زەرزا بوون[1] و گەلێك جاران وێك کەوتبوون و لێکیان دابوو؛ هەمیشەش لێکتر دەخەفتان. جا کە دەوران ئەو دەورەی داو گەورەیی دەست سولەیمان کەوت، وەك سولەیمانی پێغەمبەر هەر کە خودای گەورە فەرموویە «سولەیمان لەشکری خۆی لە ساندا»، نزیکەی سێزدەهەزار پیادەو سواری دێو ئاکاری کوردی کۆ کردەوە و هێرشی بردەسەر زەرزا. ئەو دێوانە لەو کێوانەوە بە تەندوورە لوور بوونەوە و هاتنە جەستەی زەرزایان و هەتا ئەوان بە خۆیان زانی، هیچ دەرفەتیان بۆ نەما و میرلیوا و سێسەدوپەنجا کەسیان لە سەرناسان و ئاغایانی زەرزا کوشت و وردەو یەخسیریان بە تالان هێنان و هاتنەوە بۆ وڵاتی سۆران[2]. چەند زەرزای شل و

← دانەر نەیگوتوە هیمدادی هێنا! دەڵێ چاوەنۆڕی کۆمەگ بوو.هەژار

١- هۆزێکە لە کوردستانی بەردەستی ئێران و لە دۆڵی گادەر، لە دەشتی شنۆ نیشتەجێن. جەمیل

٢- حوزنیموکوریانی دەڵێ: زەرزا ئاشنای سەفەویان بوون. سولەیمان بەگ دوو ساڵ بوو میریەتی دەکرد کە ئێرانی زەرزایان لێ ڕاست کردەوە و دەگژی ڕاچوون. لە پاشانیش عوسمانیەکان کە هەستیان کرد هۆزی زەرزا بۆ پواز باشن و بۆ دەکار هێنان دەست دەدەن، سوڵتان پیاوی ناردەلایان و زۆری دڵخۆشی دانەوە و ڕووی لە ئێران بادانەوە و پارەوە چەروەی کردەهی خۆی و ئەوسا هەمووی بەتەیاری پڕچەك کردن و دەسولەیمان بەگی بەردان. سولەیمان بەگ بۆ ئەو شەڕە چاردەهەزار کەسی چەکداری ئامادەکرد و ڕوو بە لەشکری زەرزا هات و لە گوندی سیدەکان تووشیان بوو. لەو دەمەدا کە شەڕکەران چاوەنۆڕی فەرمانێ بوون، سولەیمان بەگ بە وتارێك تێی گەیاندن کە زەرزا چن و کێن و ئامانجیان لەو شەڕە چیە؛ چۆن بۆنە قوڵەچۆماغی دوژمنانی گەلی کورد و جار دەچنە لای عەجەمان و دەگەڵ هۆزی مەحموودیان هێرش دەبەنە سەر ورمێ و تالان و وێرانی دەکەن و هەلێك یار و هاریکاری یوسف غازی قرانن، تا بتوانێ میرسەیفەدین لە ناو بەرێ. ئیستاش خۆیان بە عوسمانیان فرۆشتووە و هاتوون کوردی بۆ بکوژن و ئاسەوارمان ببڕنەوە. جا لە چاوی منووکەوێ دەست هەڵێنن؛ ورەیان لێ بتارێنن؛ کەس بەزەیی بە زەرزادا نەیەتەوە. ڕۆژ ڕۆژی کەڵەپیاوانە و ترس و قزەیی تاوانە و مردن بۆ تەپ و خاوانە. ئەوسا فەرمانی هێرشی داو شاڵاو و برایە سەر زەرزا و شەڕگە، چیای سیدەکان بوو. بە شیر و تیر بەربوونە یەك و شەڕێك لەو ناوەدا ڕوی دا، باب ئاگای لە کوڕ ←

کوت کراو -کە لە بەردەمی شیـران بە بەرماو مابوونەوە- بەرەو ئەستەمبووڵ خوشیـن و بەشیـن و گابۆڕەوە ڕوویان کردەئاستانەی سوڵتان مرادخان و داد و بێدادی خۆیان کرد. پادشای خوالێخۆشبوو بە دڵ لێ بڕا کە سولەیـمانی بە پەندێك بەرێ، سەری هەموو سەرەڕەقێکی پێوە نەرم کا؛ کەچی هەر لـەو گەرماوگەرمیەدا سولەیـمان بەگ پەلاماری هەردی ئێرانی داو هێندێك لە وڵاتی قزڵباشانی تالآن کـرد و زۆریشی لێ بە دیل گرتن و دیلەکان و ماڵ و سـامانی زۆری بەرتالآنیـشی بـە دیـاری بـۆ سـوڵتانی خوابەخشیو نارد و بەو شیـرینیە خەستە، پیلوی پیلە دۆزینەوەی سوڵتان پێکەوە نووسان و چـاوی لـە ڕاست گوناهی سولەیـمان بەگ نوقاند و وەبەر بەخشیـن و چاوپۆشێنی پادشاهانە کەوت![1]

قوباد بەگ ناوێك بە سەر سنجەقی تەرەك[2] ڕادەگەیشت و پسمامی میـرسولەیـمان بەگ بوو. ئـەو

← نەمابوو. دوو ڕۆژ لە بەرەبەیانڕا تا زەردەپەڕی هەنگۆرێ شیـروەشان و خوێن ڕژان و مژی پژان و کوشت و کوشـتار بوو. زەرزا تەواو شپرزە کران و لە مەیدانی شەڕ دەرکران و ڕاونران و بەرەو شنۆ هەڵاتن. لەو شەڕەدا ئەمیـرلیوا -کـە تورکێکی عوسـمانی بوو- دەگەڵ پێنجسەد کەس لە زەرزا بە دیل گیـران.

میـرسولەیـمان دوای ئەو شەڕە، لەشکری خۆی بڵاو نەکرد و مانگێکی پـشوو پێـدان و پاشـان لەپڕونـەکاو، بەپاـەوە هێرشی بردەسەر هۆزی ئیلخاسی قزڵباش و زۆربەی زۆری پیاوەکانی دەردەست کردن و لە ناوی بردن و ئیتـر تـازە لـە سندوس و نەغەدەدا کەس نەما خۆی لە قەرە بدا یا خۆ بێفەرمانی بکا. ئەو شوێنانەی کە گرتیشنی پیـاوی خـۆی لـە سەر دانابوون.

حوزنی پێدا دەڕوا و دەڵێ: سوڵتان مرادخانی سێهەم کاتێ دیتی کە بە زەرزا چی بۆ دەگەڵ میـرسولەیـمان بەگی نەکرا، ئەوجار ناردی قوباد بەگی کاربەدەستی تەرگەوەڕی بۆ شەڕی سولەیـمان بەگ ڕاست کرد و لە هەمبەر ئامۆزایدا ڕاستی کردەوە و بەزەبری زێڕ، پسمامەتی و هاوسایەتی لە بیـر بردەوە.

قوباد بەگ چوارهەزار شەڕکەری هەبوو؛ چاوەنۆڕ بوو لە ئەرزەڕۆمەوە هیمدادی تورکانی بۆبێ. سولەیـمان بەگ بەمـەی زانی و هەلی لە دەست نەدا و نەیهێشت دەسەریەوە بچێ و لە پڕ بە سـەری دادا و ڕۆژێـك هـەتا ئێـوارێ دوو لەشـکر شیشانە یەك بە شیـران و قوباد داوای شەڕ وێستانی کرد و سولەیـمان بەگ گوێی نەدایە و گوتی: دەبێ بـە بـێ مـەرج خۆیم بدا بە دەستەوە. قوباد بە شەو تێی تەقاند و سولەیـمان بەگ کەوتە شوێنی تا دەقەڵای مەرگەوەڕی پەسـتاوتەوە. لەو شەڕەدا لە هەردووك لا چوارسەد کەسێك بە لادا هات. قوباد بەگ دوای ئەم شـکانە هەژدەکەسـی لـە سەرناسـانی دەوروبەری خستە ئەك خۆی و چوونە وان و بەسەرهاتیان لە بەردەمی والی دانا. ئەویش لە سـۆنگەی شـکان و جـەنگ دۆڕاندن، قوباد و چەند کەسێکی کوشت و ئەوانیتری لە سووچی زیندان توند کرد.جەمیل

١- تاڕووتی، مەڵێ وام کرد یان وامە   چێشکەم بۆبگرە، پێت دەڵێم مامە! هەژار

١- تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ: نهۆ لە سەر کوردستانی بەردەستی ئێرانن و لە نزیك سنووری ئێستای تورکیا و عیراقن ←

کابرایە چەند کارێکی ناشایستی کردن و تەنانەت هەوای فەرمانڕەوایی سۆران لە مێشکیدا تریتانەی دەکرد و دوژمنایەتی میرسولەیمانی لە چیکلدانی دڵی خزاند و کینەی ئەوی لە سینەدا کەوی ببو؛ چینە و پیڕپرژەی لێدەکرد. سولەیمان بەگ لێی دەخەفتا هەتا ساڵی ٩٩٤.ك (١٥٨٥.ز) لە نەکاوا هەڵیکوتا سەر پسمامی بێئارامی و ئەو و چاردەخزم و پیاوی زۆر نزیکی وێکڕا کوشتن و داخی دڵی خۆی پێ ڕشتن. ئیتر لەو ساوە دنیا حەساوە و کێ دەیوێرا شان لە شانی میرسولەیمان دا؟ بە سەربەستی و بێ بەرهەڵست ببووە میرێکی سەربەخۆ و لەو ناوەدا خاوەن پایە و خێوی شکۆ هەر بۆ خۆی بوو. بەرز و نزم و نامۆ و خزم و دوور و نزیك سەری لە بەر نزم دەکرد و میر ومەزنانی کوردستان هەموو بە دڵ لێی دەترسان و دەستەونەزەر لەبەر دەستی دەوێستان و لە ڕاستەوی، ڕام و کەوی و لە ژێر پەنجەی زبری ئەودا، نەرم وەك مێوەڕۆن وابوون. ئەگەرچی نەخوێندواریش بوو، خوێندەواری خۆش دەویستن و دەیدواندن و لێی دەبیستن و ببووە پەیڕەوی پیران و زۆربەی دەمی بە نوێژان و زوانودەمی بە نزاوە سەرگەرم بوو. دوا سەرئەنجام جیهانی دوا پووچ و تاڵی بە قاقڕ و کڕاڵ زانی و بە هەشتیلەی گیانی پاکی، بەزەی خودای بەرز و تاکی لێ بوو بە باڵ و ڕکەی خاکی دایە دواوە و بەرەو پەریاوای لای خودا، لە شەقەی شاباڵانی داو بەهەشتی پەروەردگاری کردەهێلانەی یەکجاری[1] و عەلی بەگی بە یادگار لێ بەجێ ما.

عەلی بەگ کوڕی سولەیمان بەگ

لە دوای ئەوەی کە بابی لە ئارادا نەما، بە فەرمانی لەبانسەرانی سوڵتانی خوالێخۆشبوی

← و لە ڕۆژاوای شنۆ و داوێنی چیای دالانپەڕدا هەڵکەوتوون. هەژار

١- حوسێن حوزنی دەڵێ: هەتا ساڵی ٩٩٨.ك (١٥٨٩.ز) حوکمی کردووە و ئەوسا عەلی بەگی کوڕی لە جێی خۆی داناوە و ساڵی ٩٩٩.ك (١٥٩٠.ز) مردووە و زۆریشی ئاسەواری باش لە پاش بەجێ ماوە. مزگەوتی گەورەی حەریر و ئەو قەڵایەی کە ئێستەش لە کن ئەشکەوتی خرواتان شوێنەواری ماوە، کردەوەی ئەون. خانزادەخاتوونی بەناوبانگ کە «قەراڵیچەی سۆران» یان پێ گوتوە، خوشکی بووە و کاروباری ناوخۆی ڕاپەڕاندووە و لە زۆر کاراندا میر پرسی پێ کردووە. خوشکە پەروینی وێژەوانیش لە چیرۆکێکدا کە دەربارەی خانزادەی سۆرانی نووسیوە و لە ڕووپەڕ ٩٠-٩٣ی ژمارە ٧و٨ی گۆڤاری *گەلاوێژی* ساڵی ١٩٤٢دا چاپکراوە، خانزادی بە خوشکی میرسولەیمان داناوە. بەڵام ئەمین زەکی لە *مشاهیرالاکراد*دا دەڵێ: ژنی بووە و کچی حەسەن بەگە. جەمیل

بەهەشتەلان[1]، کرا بە میری ولاتی سۆران و ئێستا کە مێژووی کۆچی هەزارو پێنجە، میرنشینی سەربەخۆی باب و باپیرانی لە دەستدایە[2].

١- نیازی لە مرادخانی سێهەمە.

٢- شەرەفخان هەتا ئێرەی هێناوە و ئێمە لە سەر ژیننامەی بنەماڵەی سۆران دەڕۆین:

عەلی بەگ لە ڕۆژگاری بابیدا بە سەر جۆڵەمێرگ ڕادەگەیشت؛ کاتێ کە بوو بە میری سۆران، پاتەختی بردە حەریر. ساڵی ١٠١٠.ك (١٦٠١.ز) پردێکی بەرینی بەردینی لەو دواوانی باڵەکیان و ڕەواندز، لە سەر زێ هەڵبەست و ڕێگەی گەلی بۆ کاروانەڕێ خۆش کرد و لەو ساوە بە گەلیعەلیبەگ ناسراوە؛ هەروەها قەلاّ و سەنگەری لە زارگەڵێدا درووست کردن. عەلی بەگ پیاوێکی هێدی و هێمن و دوورەشەڕ بووە. بەلاّم بابانەکان گەرپیان تێدەهالاّند و تووشی شەڕیان دەکرد. ئێوانی دەگەلّ تورك و ئێرانیان خۆش بوو؛ دەگەلّ میر حەیدەری کوڕی میرەپاشای میری موکوریانیشدا دۆست بوو. کە میرحەیدەر و جەعفەر پاشای عوسمانی شەڕیان بوو، عەلی بەگ لە سەر میر حەیدەری کردەوە. جارجار بە ماڵەوە دەچووە دوین و چەلی واش هەبوو لە خەڵیفانی دۆڵی ئالانە دادەنیشت. قەلاّکانی سەردەریا و سرێشمە و قەلاّی کلاسووی چیای حەریریش هەر ئەو کردوونی. زۆری حەز لە خوێندەواران دەکرد؛ شێخ حەیدەری ماوەرانی بەناوبانگ و سەرۆکی زانایانی ئەو ڕۆژگارە، ئەو چاوەدێری کردووە. عەلی بەگ ساڵی ١٠٤٤.ك (١٦٣٤.ز) عەمری خوای کردووە و دوو کوڕی هەبووە: ئوغوز بەگ و میرە بەگ. ئوغوز بەگ بۆتە جێنشین.

میر ئوغوز بەگی گەورە کوڕی عەلی بەگ

لە پاش نەمانی بابی هاتە سەر حوکم و نیازی لێ گرت کە میرنشینەکەی هەراوتر بکاتەوە. سەردەمایەك بوو هۆزێکی بێگانە، ڕەواندزی لێ ساندبوون. نامەی بۆ ماقوولاّنی شار و سەرناسانی هەرسێك گەڕەکەکانی نارد و ئەوانیش وەرامیان بۆ نووسیەوە کە با بێ و هێرش بێنێ و ئێمەش بە هەموو توانا کۆمەگی دەکەین. بە دووسەد پیاوی زۆرئازا و بەکارەوە هێرشی بردەسەر نەیارانی و ڕەواندزی لێساندن و ساڵی ١٠٥٣.ك (١٦٤٥.ز) حوکماتی خۆی بردەئەوێ و ساڵی ١١٠٧.ك (١٦٩٥.ز) مردووە.

ئەمین زەکی دەڵێ میر ئوغوزخان لە پاش بابی ساڵی ١٠٢١ك ڕەواندزی کردەپاتەختی خۆی و سیدەکان و هاودیان و دەشتەدیانیشی وەبەرخۆدا و هۆزە فەلەکانیشی هێنانە بەرفەرمان.

میرە بەگ

ئەمین زەکی لە *تاریخ نعیمای* ڕاگوێزتووە دەڵێ: میرە بەگی سۆرانی بۆتە جێنشینی برای و ساڵی١٠٢٩.ك (١٦١٩.ز) چاوی بە خوسرەوپاشا کەوتووە و لە ڕۆژگاری ئەودا خانئەحمەدخانی ئەردەلاّن ولاّتی سۆرانی داگیر کردووە. گومان لەوەدا نیە کە ئەو میرەبەگ(میران بەگ)ە، برای ئوغوز بەگی گەورە بووە. بە داخەوە حوزنی باسی میران بەگی نەکردووە.

میر ئەحمەد کوڕی ئوغوز بەگ

کە باوکی مرد [دەبوایە بڵێ: کە مامی مرد. هەژار] لە جێگەی ئەو چووە سەر تەخت و بانگەوازیان کرد و ←

← هەموو کەسیان کۆ کردەوە و نان و خوانی بۆ ڕازاندنەوە. لەوە بەدوا کەوتە هەراو کردنی میـرنشینەکەی و دەرگەڵە و باڵەکان و وەرتی و سیدەکانی وەبەرخۆ داو زۆر دەگەڵ ژێردەستانی خۆیدا باش و دادگەر و دڵاوا بوو. ساڵی ١١٧٠.ك (١٧٥٦.ز) ڕۆژێك لە ڕاوێ، بە ئازاری دڵەکپێ مرد.

میـر ئوغوز بەگی پچووك کوڕی میـرئەحمەد

بوو بە جێنشینی بابی و پیاوێکی ئاوەدانکەرەوە و چاندن دۆست و کاسبکار و دارودرەخت پەروەر بووە؛ ڕەزی بە خـەڵك ناشتووە و دەسگیـرۆیی وەرزێرانی کردووە و زۆریش دوورە شەڕ و بێ ئازار بووە و ساڵی ١١٨٢.ك (١٧٦٨.ز) مـردووە و شەش کوڕی لە پاش بەجێ ماوە: مستەفا بەگ، تەمەر خان، یەحیا بەگ، بایز بەگ، ئەحـــمەد بـەگ. هـەتا مـابوو مستەفا بەگ جێنشیـن و هەڵسوڕێنی کاروباری ڕەواندزی پاتەخت بوو. تەمەر (تەیـموور) بە سەر هاودیان و یەحیا بـە سەر سیدەکان و باییز بەگ بە سەر باپشتیان ڕادەگەیشتـن حەسەن و ئەحـمەدیش یاریدەی مستەفا بەگیان دەدا.

میـرمستەفا بەگ کوڕی ئوغوز بەگ

لە پاش بابی بوو بە جێنشیـن و براکانی بە زەبری زۆر هێنانە بەرفەرمانەوە و لە ڕانیە و کۆیسنجەق و زینوێ شێخی و سیدەکان و برادۆست و حەریر و هەودیانی دامەزراندن. بەڵام برا دانەمەزران و لە پەستا کەتنیان دەگێڕا و نیازیان وابوو بنکۆڵی کەن. هەموو جارێ دەچووە سەریان و سەری دەکوتان و تا ماوەیەك دایدەمرکاندنەوە. ئاوا ڕابـرا، هـەتا سـاڵی ١١٩٨.ك (١٧٨٤.ز) براکانی لە دژی ئەو دەگەڵ بابـان بوونـە دۆسـت و دنـەیاندان کـە بێنـە سـەر مـستەفا بـەگ و وڵاتەکەی لێ داگیـرکەن. بابانیەکان لەو شەڕەبرایە بەهرەیان برد و لەشکریان کرد و ڕانیە و کۆ و حـەریریان لـە سـۆران دابڕی و خستیانە ژێر دەستی خۆیان. لەولاشەوە تەیـمورخان بەگ هەودیان و شەمزینانی کردەئی خـۆی و تـا سـنووری زەرزا و موکوریان چوو. بایز بەگیش دەشتەکانی ڕەواندز و ناوچەی ڕۆسـت و جێگـەیتـری وەبـەرخۆ دا؛ تـەنیا شـاری ڕەواندز و دەوروبەری و سەرچیا و دۆڵی گەوەران و جۆڵەمێرگ بۆ مستەفا بەگ مایەوە. لەشـکری بابانـەکانیش هـەروا بەرەو پێش دەهات و گەیشتە دەورەی دۆڵی گەوەران و گەینە نزیك گوندی ئەران کە لە پێشودا شار بووە. میـر مستەفا کاتێ زانی دەرۆست نایە، خۆی گەیاندە میـرسولەیـمان پاشای بابان و دەگەڵی ڕێك کەوت و بابانەکان کشانەوە.

ئەمیـن زەکی دەڵێ: میـرە بابانەکە مەحـموودپاشا بووە و میـرمستەفا دەگەڵی پێك هاتووە و فاتـمەخانـمی کـچی لە حوسێن بەگی کوڕی مەحـموود پاشا مارە کردووە.

میـرمستەفا لەوە بە دوا هاتەوە سەر کاروباری دنیاداری خۆی؛ بەڵام تا سەر لێی نەگەڕان. تەیـمورخان و یـەحیا بـەگ دەستیان داوە نامەکاری و دنەی پاشای بابانیان داکە بێتەوە و مەڵبەندی سۆران داگیـر کا.

سولەیـمان پاشای بابانی ساڵی ١٧٨٧.ك (١٢٠١.ز) بە لەشکری زۆرەوە لە ڕێی بالیسان و ئاکۆوە بۆی هـات. میـر مستەفا سپیلکی لێگرت و بە گۆیاندا هات و بەرەو پاشی گێڕانـەوە و چـەند پیـاوێکی هەڵبـژاردەی نـاردە دەربەنـدی مێگری بێجان، بۆسەیان بۆ بابانەکان نایەوە. لەشکرەکە پێشایی گەیشتبووە کونەفیچ و دواییەکەی هاتە نـاو دەربەنـد، پاڵەوانانی سۆرانی لێیان ڕاپەڕین و زۆریان شپرزە و بێ سەروبەر کردن و هەموو گرانبار و ئازووقەیان بـە تـاڵان بـردن و تازە ببـڕای ببڕای بابانەکان بێنەوە سەری!

سێ ساڵیتریش مستەفا بەگ میـرایەتی کرد و برایانی سـتۆکورکیان بـەر نـەدەدا و ئاسایـشتیان لـێ هـەڵگرت، ←

← تا وای‌لیهات لە میرایەتی وەڕەز بوو. ساڵی ١٢٢٣.ك (١٨٠٨.ز) یان بە گفتی ئەمین زەکی ١٢٢٥.ك (١٨١٠.ز)، میر محەممەد بەگی کوڕی -کە بە پاشای کۆرە بەناوبانگە- لە جێگەی خۆی دانا و لە دوایەشدا چاوەکانی کوێر ببوون و ماوەیەك هەر دەرمانی دەکرد هەتا عەمری خودای بەجێ هێنا. دوکتۆر رووس لە ١٩ی مایۆی ساڵی ١٨٣٣ بۆ چاری چاوی چۆتە لای.

مستەفا بەگ چوار کوڕی بووە: محەممەد بەگ، ڕەسووڵ بەگ، سولەیمان بەگ و ئەحمەد بەگ. ئەمین زەکی دەڵێ پێنج بوون و پێنجەمیان تەیموورخان بووە.

میرمحەممەد (پاشای کۆرە)

ساڵی ١١٨٩.ك (١٧٧٥.ز) یان بە گفتی ئەمین زەکی ١١٩٨.ك (١٧٨٤.ز) لە ڕەواندز لە دایك بووە؛ بووك شازەمانی داکی زۆر ژنێکی کەیخوداژن و تێگەیشتی بووە. میر محەممەد لە گوندی دێڵزێ لە ناوچەی باڵەك لە لای مەلا ئەحمەدی نیبنوئادەمی خوێندووە و لە پاشان خەجیجی کچی بایز بەگی مامی خۆی خواستووە و جۆڵە مێرگ و دۆڵی گەوەران و دۆڵی هەرووتیان و سەرچیا و سرێشمە و بیاویان پێ سپاردوە کە بە سەری ڕابگا. ساڵی ١٢٢٣ یان ٢٥، بابی (میر مستەفا بەگ) ئەو و ڕەسووڵ بەگ و سولەیمان بەگ و ئەحمەد بەگی برای بانگ کردونە لای خۆی و لە لای هەمووان کردوویە بە جێنشینی خۆی و بۆ خۆی دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

محەممەد پاشا کە بوەتە میر، نەرمۆشلی و خاوەخاوی نەزانیوە؛ هەر کەس سەری بزاوتبا بزوتی دەچاو ڕادەکرد. تەیموورخان و یەحیا بەگی مامی گرتن و هەڵیواسین. ئەوسا پەری هەڵاویشت و کەوتە بیری ناو دەرکردن. پەلاماری هەولێری داو هەتا سەر زێی گچکە، گرتی و کەوشەنی نێوانی وڵاتی سۆران و بابان و پردێ و کۆیە و ڕانیەشی گرت و ساڵی ١٢٤٩.ك (١٨٣٢.ز) لەشکرێکی یەکجار زۆری بردەسەر شاکرێ و ئامێدی و سەعید پاشای میری بادینانی بە دیل گرت و هەڵیکوتا سەر بەعشیقا و میری یەزیدیانی گرت و لە ڕەواندز بەندی‌کردو لەپاش دووساڵ کوشتی. بەرەو جزیرەشی ئاژۆت، ماردین و نوسەیبینی داگیر کرد.

عوسمانی زۆر ترسیان ڕێنیشت و لە دژی دەستیان بە کار کرد. سوڵتانمەحمودی عوسمانی لەشکرێکی بە لێشاوی بە سەرکردایەتی محەممەد ڕەشید پاشای سەدرێئەعزەم ناردەشەری و فەرمانیش بۆ عەلیڕەزا پاشای والی مووسڵ دەرچوو کە لە لایەکی ترەوە بە لەشکرەوە بۆی بچێ. میر محەممەد پاشای کۆرە زانی کە لە دەشتدا شەڕی ئەو لەشکرە زۆرەی بۆ ناکرێ، بەرەو ڕەواندز هاتەوە و لە قاڵا قایمەکانی خۆیدا، خۆی قایم کرد و گەلی‌عەلی‌بەگیشی لە دوژمن گرت. لەشکری محەممەد پاشا لە دەشتەدیان بوو؛ عەلیڕەزا پاشای تورکیش لە حەریر لەشکریەزی کرد. سەدرێئەعزەم ناردیە لای و ئامۆژگاری کرد کە شەڕی خەلیفەی موسوڵمانان نەکا. مەلاشی بە هەموو لایەکدا ناردن کە فتواکەی مەلای خەتێ بە ناو لەشکری میردا بڵاو بکەنەوە. ئەو فتوایەی کە گوتبووی: هەر کەس لە فەرمانی خەلیفە دەرچێ تەڵاقی دەکەوێ و خوێن و ماڵی بۆ موسوڵمانان حەڵاڵە. لە پاشان بۆی دانا کە ئەگەر خۆی بدا بە دەستەوە، زیانی پێ ناگا. خۆی دایە دەست سەدرێئەعزەم و بردیە ئاستانە و ساڵی ١٢٥٣.ك (١٨٣٧.ز) لە تەرابزون کوژرا. ←

← میجەر فریدریك میلنگن باسی ئەو خۆ بە دەستەوە دانە -لە ڕەسووڵ پاشای برای میرەوە- بە جۆرێکیتر دەگێڕێتەوە کە بۆ ئەم پەراوێزە نابێ. کێ دەیەوێ زۆرتری لێ بزانێ، با لە کتێبی *میرانی سۆران* و *تاریخ الدول و الامارات الکردیە* و *مشاهیرالکرد و کوردستان* و *ژیانی سەرەتایی ناو کوردان* و هتد بڕوانێ.

تا ئێرە پەراوێزی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بوو؛ بەڵام چونکە *تاریخی کورد و کوردستانی* ئەمین زەکی بەگ لە هێندێك شوێن پێچەوانە و هێندێك جاریش پتری نووسیوە، من ئەویشم وەرگێڕایە سەر کوردی.

ئەو دەڵێ: مستەفا بەگ ساڵی ١٢٤١.ك (١٨٢٦.ز) مرد و محەمەد بەگی کوڕی -کە لە دوایی بە میری گەورە ناوی دەرکرد و بە سەربەستی دەستی بە کار کرد- زۆر زیرەك و بە بڕشت و زیت و کڕ و دەبنەوەبڕ بوو؛ هەرچی نیازی بوایە دەیکرد. بەر لە هەر شت میرنشینی شیروان و برادۆستی ڕامالی و ساڵی ١٢٤٦.ك (١٨٣٠.ز) سەربەخۆیی ڕاگەیاند و سورچیایەتی و خۆشناوەتیشی گرت و هاتە سەر هەولێر و ناڵەی لێ وێك هێنا و گرتی و ئالتوون کۆپریشی بەر خۆ داو قەڵەمڕەوی زۆر ڕێك خستن و پیاوی خۆی لە سەر دانان. کۆ و ڕانیەشی لە بابان گرت و سنووری تا زێی بچووك هات.

عەلیڕەزا پاشای والی بەغدا کە زانی بە شەڕ پێی ناوەستێ، خۆی کردە دۆستی و لە ناچاری حکومەتی میری بە ڕەسمیەت ناسی و پلەی پاشایێشی دایە. ساڵی ١٢٤٧.ك (١٨٣١.ز) هێرشی بردە سەر یەزیدیان. هۆش ئەوە بوو میری ئەوان عەلیئاغای باڵەتەیی کوشتبوو. مەلایەحیای مزووری -برازای عەلیاغا بوو- هاتە لای میر و گازندەی خوێنی مامی کرد. میر لەشکری بۆ کرد و چووە سەر یەزیدیان و یەکجار زۆری لێ کوشتن و ئەوی ماشن خۆیان لە چیای جودی و تورعابدین و سنجاردا شاردەوە؛ هێندێکیشیان بەرەو مووسڵ هەڵاتن. والی مووسڵ لە ترسی میر، پردی بڕی و پەنابەران لەو بەرەوە مانەوە و پیاوانی میر هاتنە گیانیان و لە تلقویونجۆدا چەند ڕۆژێك دەوریان دان و توانیان هەموویان بکوژن. لە پاش ساڵێك میر چووە سەر جزیرەی ئیبنوعومەر و وێرانی کرد و دەوری قەڵای ئاروخی داو شەڕێکی زۆر خوێناوی کرد و بای دایەوە سەر یەزیدیان و فەرمانی قەڵاچۆی دان و زۆریەی کوشتن. لە پاش ساڵێك چووە سەر ئاکرێ و سمایل پاشای لێ دەرکرد و ئەوجار ڕووی کردە زێبار، کە بەردەستی سەعید پاشای ئامێدی بوو. سەعید پاشاشی زۆر پیس شکاند و لە وڵاتی دەربەڕاند و مووساپاشای خزمی و دوژمنی لە جێی ئەو دامەزراند.

پاش گرتنی ئامێدی و دهۆك، زاخۆشی گرت. ئەو جار کەوتە ڕێك خستنی وڵاتەکەی. قانوونی قورئان بوو؛ بێ پرسی مەلایان پەنجەی دەناو ڕانەدەکرد. کارو باریشی -وەك میجەرلونگریك دەڵێ- لە هەموو کەس ڕێکتر بوو. لە زاخۆوە چووە جزیرە و حەسەنکێف و ماڵە بەدرخانی شپرزە کرد و قەڵای ماردین و نووسەیبینیش کەوتنە بەر مەترسیەوە.

چاخێ لەو لایانە گەڕاوە، بیستی کەوا خەڵکی ئامێدی مووسا پاشاکەی ئەویان ڕاونـاوە و سەعید ←

← پاشایان هێناوەتەوە. لەشکری بە کن مووسڵدا هێنا؛ بەڵام خۆی دەمووسڵ نەگەیاند. دەورەی ئامێدی داو لە پاش سێ مانگ گرتی و سەعید پاشای دەردەست کرد و خەڵکێکی زۆریشی لێ کوشتن و ئەوسا رەسووڵ بەگی برای خۆی لە سەر دانان و ئامێدی خستە سەر ڕەواندز.

لەو ماوەدا محەممەد پاشای والی مووسڵ -کە دەیدی میر سەری قاڵە و ڕەواندز بەتاڵە- ویستی بیگرێ. ڕەشید بەگی بریکاری بە لەشکرێکەوە نارد و ڕەشید بەگ ناچار کرا بداتە چیا و والی مووسڵ چی بۆ نەکرا.

هەر لەو سەروبەندانەدا حکوومەتی عوسمانی بە ڕەشید پاشای والی سیواسی -کە پێشوو سەدریئەعزەم بوو- ئەسپارد کە وڵاتی بۆ ئارام کاتەوە. والی بەغدا و «متصرفی» مووسڵیش دەنگ دران کە یاریدەی بکەن. ڕەشید پاشا بۆ شەڕی میر خۆی تەیار کرد و بە ڕێی جزیرە و زاخۆوە هاتە مووسڵ و لەوێش لەشکری ئینجەبیراقدارئوغلی ڕەگەڵ کەوت و پێکەوە بەرەو ڕەواندز چوون و لەشکری بەغداش گەیشتێ و لە دەشتی حەریر هەڵیاندا. کوڕی (؟) محەممەد پاشا گەلیعەلیبەگی گرتبوو. تورك وزەی هێرشیان نەبوو؛ ناچار ڕەشید پاشا نامەی بۆ میر نووسی و داوای ئاشتی لێ کرد و بەڵێنی بەهێزی پێدا کە دەیبەخشن و با چیدی خوێن نەڕژێ و بچێتە لای سوڵتان و دەیکاتەوە میر. ئەویش چووە سوپاگەی عوسمانی و دەغالەتی کرد. دەڵێن ڕۆژێکی هەینی مەلایەکی کوردی بەناوبانگ لە خودبەدا گوتی: دروست نیە شەڕی خەلیفەی موسوڵمانان بکرێ و هتد. ئەمە زۆری کار کردەسەر شەڕکەران و محەممەد پاشای ناچار کرد کە سەر وەبەر باری خەلیفە بێنێ، ئەوەك زیان بە دیانەتی بگا!

نووسراوێك لە یاداشتەکانی ئەسعەدئەفەندی خەیلانی حاجیعومەر ئەفەندیزادەوە دەگێڕێتەوە کە باپیری ئەو بنەماڵە ناوی خەتیئەفەندی بووە. قسەی لە سەر میر ڕۆیشتووە و ئەو ئامۆژگاری کردووە کە سەر وەبەر باری تورکان بێنێ و هەر ئەویش سەعات شەشی شەوێ دەگەڵ خۆی بردووە و داویەتە دەست سەدریئەعزەم. ڕەشید پاشا بە ڕێزگرتن ڕەوانەی ئاستانەی کرد و بەخشیان و ناردیانەوە بەرەو وڵات؛ بەڵام گەردوون کاری خۆی کرد. ڕەشیدپاشای والی لەو بەینە مرد و بەڵێن هیچی لێ شین نەبوو. عەلیڕەزا پاشای والی بەغدا زۆری ڕەشید پاشا دەدزا و بە خوێنی میریش تینی بوو. پیاوی ناردەلای سوڵتان و وای تێگەیاند ئەگەر میر محەممەد بچێتەوە ڕەواندز ئاگری ئاژاوە هەڵدەکا و بە هیچ دانامرکێ. فەرمان دەرچوو کە بکوژرێ. میر لە ئاستانە دەرچووبوو بەرەو سیواس دەهات کە بێتەوە بۆ کوردستان، فەرمانیان ناردەسیواس -کە میر لەوێ میوان بوو- دەست بەجێ کوشتیان.

تاریخی کورد و کوردستان، جزمی یەکەم، تەرجەمەی عەرەبی محەممەد عەلی عەونی، چاپی بەغدا، ١٩٦١، ڕووپەڕ ٢٢٨ هەتا ٢٣٣. هەژار

میر ئەحمەد کوڕی مستەفا بەگ

لە زەمانی بابیدا بە سەر هێندێك جێگە ڕادەگیشت. کاتێ میرمحەممەد هاتە سەر حوکم و قەڵەمڕەوی خۆی گوشاد کردەوە، کردیە والی هەولێر. ساڵی ١٢٥٠.ك (١٨٣٣.ز) کە دوکتۆر رووس بۆ چاری چاوی بابی هاتووە، چاوی پێ کەوتوە و میوانی بووە. کە میر محەممەد نەما، ئەو کرا بە میری سۆران. ←

← بەڵام لە دوو ساڵ پتر نەمایەوە و بە فیتی ئامۆزایانی بە کوشت چوو.

سولەیمان بەگ کوڕی مستەفابەگ

ڕۆژگاری بابی هێندێك شوێنی بە دەستەوە بوو؛ کە میر محەممەدیش هاتە سەرکار لێی نەستاندەوە؛ بەڵام لە پاشان ئەویش و تەیموری براشی گرتن و کۆت و زنجیری کردن و لە قەڵایەکی پێنج سەعاتە ڕێ لە ڕەواندزەوە دوور، خستنیە زیندانەوە. لە پاش کوژرانی میر ئەحمەدی برای، کرا بە میر و لە شەش مانگ پتر نەمایەوە و لەبەر دەستەوستانی دەرکرا.

ڕەسووڵ پاشا کوڕی مستەفا بەگ

دەورانی بابی هەر جارە بە سەر جێیەك ڕادەگەیشت، کە میر محەممەد حوکمی سۆرانی گرتە دەست، کردیە سەرداری لەشکر و دوایەش ئامێدی پێ سپارد. لە پاش نەمانی میر محەممەد و دوو برا جێنشینەکانی -لە سەر داوا و تکای خەڵکی ڕەواندز- حکوومەت لە ئامێدیەوە هێنایەوە ڕەواندز و چوار ساڵانی میرەتی کرد. لە ئەنجامدا خۆی لە باج و دەرامەتی دەوڵەت بوارد و عوسمانی لەشکریان ناردەسەر و لە حەریر و خەلیفان بە گژیاندا هات و خۆی نەگرت و هاتەوە ڕەواندز و لەوێش تەنگیان پێ هەڵچنی و ڕایکرد و چووە شنۆیە و پێنج ساڵ لە وێندەرێ ما و ئەوسا دەگەڵ عوسمانیان ڕێك کەوتەوە و هاتەوە؛ بەڵام لەو بەینەدا میرایەتی سۆران پەردەی داگیرکەرانی بەسەردا درا و خرایە ژێر دەستی فەرمانبەرانی تورك و تازە سەری هەڵنەدایەوە.

ڕەسووڵ پاشا لە پاشانیش زۆر ژیا؛ کرا بە «متصرفی» بەغدا و کردیانە والی وان و مستر میلنگنی گەریدە، لەوێ چاوی پێکەوتووە. دوایی کراوەتە والی ئەرزەڕۆم و ساڵی ۱۳۰۱.ك (۱۸۸٤.ز) لەوێ مردووە و پێنج کوڕی بووە: ئەسعەد و فەتاح و ڕەشید و بارام و ئیحسان. ئەسعەد بەگ ساڵی ۱۲۷٥.ك (۱۸٥۹.ز) لە دەجلەدا خنکاوە. ئەوانیتریش کاروباری دیوانیان پێ سپێرا و کەسێك دەیەوێ زیاتری لێ بزانێ، با لەو پەراوێزە بڕوانێ کە حوزنی موکوریانی بۆ کتێبەکەی فریدریك میلنگنی نووسیوە و لە گۆڤاری *گەلاوێژ* و *دەنگی گێتی تازە*دا چاپکراوە. جەمیل

دەمەوپاییزی ساڵی ۱۹۷۱.ز نووسەری هێژا، مامۆستا محەممەد مەولوود(مەم)، لە هەولێر دەربارەی زنجیرەی بنەماڵەی سۆران مەعلووماتی بە نرخی دامێ؛ کە ئەویش بە یارمەتی مامۆستا نوورەدین بەهائەدین، ئەندامی دادگای تەمیزی عیراقی کۆ کردۆتەوە؛ وا لە ژێرەوە نووسیومن. هەژار

بنج و بناوانی میرانی سۆران

یەکەم میر کەلۆس بووە. سێ کوڕی هەبووە بە ناوی میر عیسا شێخ وەیس و ئیبراهیم. لە وەچەی شێخ وەیس و ئیبراهیم شتێك نازانین؛ بەڵام میر عیسا شاعەلی بەگی بووە. ئەویش سێ کوڕی لێ کەوتۆتەوە: میر بداغ، میر حوسێن و میر سەیدی. میر بداغ دوو کوڕی بوون: میر حوسێن و میر سەیفەدین. میر سەیفەدین بێکوڕ بووە. میرحوسێن کوڕێکی بووە بە ناوی میر سەیفەدین و ئەویش ←

→ بە گەنجی مردووە و بەرەی میر بداغ براوەتەوە.

میر عیسا و میر حوسێنیش بێ کوڕ بوون؛ بەڵام برای چوارەم میر سەیدی سێ کوڕی بووە بە ناوی میر سولەیمان، میر سەیفەدین و میر عیزەدینشێر. سەیفەدین وەجاخکوێر بووە، میر عیزەدین خان شاوەلی هەبووە و ئەویش بێ کوڕ مردووە. میر سولەیمان سێ کوڕی بووە: شاقولی بەگ، میر عیسا و میر سەیفەدین. نازانین میر عیسا و میر سەیفەدین چییان بووە؛ بەڵام شاقولی بەگ میر بداغ و میرسولەیمان بەگی لێ کەوتۆتەوە. ئەو میر سولەیمانە قارەمانی داستانی خانزاد و لەشکرییە. شاقولی بەگ شەقلاوەی ئاوەدان کردۆتەوە[؟]. میر سولەیمان بە گزیکاری والی بەغدا لە ناو براوە و خانزادەخاتوونی بەناوبانگ بۆتە حوکمڕانی سۆران کە پاتەختی حەریر بووە. تا ئێستاش شوێنەواری کۆشکی فەرمانداری خانزادەخاتوون لە حەریر هەر ماوە. لە زەمانی ئەو شازنەدا شەقلاوە زۆری گەشە کردووە و هاوینەهەواری قەراڵیچەی کوردەواری بووە. لە سەر لوتکەی چیای سەفین گۆڕەپانێك بە ناوی خانزاد هەیە؛ وەك دەڵێن هاوینان لەوێ هەڵداوە. خەڵکی ناوچەی حەریر خانزادی بە خوشکی میر سولەیمان دەزانن؛ کەچی هێندێك مێژوونووس لایان وایە کچی بووە. سولەیمان بەگ کوڕێکی بە ناوی عەلی بەگ هەبووە ڕێگای گەلی ئەو خۆشی کردووە و بە ناوی ئەوە. عەلی بەگ، میر ئۆغزی لێ کەوتۆتەوە؛ ئەویش دوو کوڕی بە ناوی میر ئەحمەد و میر عیزەدینشێر بووە. میر ئەحمەد وەجاخکوێر و میر عێزەدین کوڕێکی بە ناوی خاناودەل لە پاش بەجێ ماوە. ئەویش سوڵتان مەحموود و ئەویش ئەحمەد بەگی بەجێ هێشتووە. ئەحمەد بەگ، مەحموود بەگ و ئەمیش میر ئۆغزی لە پاش بەجێ ماوە؛ کە دەبێتە بابی مستەفا بەگ و باپیری میر محەمەد پاشای کۆرە. میر ئۆغز بەگ شەش کوڕی بووە: میر حەسەن، میر ئەحمەد، یەحیا بەگ، بایز بەگ، تەمەرخان بەگ و میرمستەفا بەگ.

لە نەوەکانی میر حەسەن و یەحیا بەگ و تەمەرخان بەگ ئاگادار نین؛ بەڵام ئەحمەد بەگ عەبدوڵڵا بەگی بووە. ئەویش دوو کوڕی بە ناوی عەلی بەگ سلاحشوور و حەمەد بەگ هەبووە. عەلی بەگی سلاحشوور کوڕێکی بە ناوی سولەیمان بەگ سلاحشوور بووە؛ کە دەبێتە بابی ئەو عەلی حەیدەر سولەیمانەی وەزیر و سەفیری حکوومەتی عیراقە و برای شەمسەدین بەگە کە ئەویش ئێستا لە هەولێر دەژی و هەروەها براسێهەمیان بورهان بەگە و ئێستا لە بەغدا لە ئەمانەی عاسمە، حاکمە. ئەم سێ برایەش زۆریان لێ کەوتوونەوە.

حەمەد بەگ باوکی مەلاعەزیزی گوندی فەقیانە؛ کە ئەویش دوو کوڕی بوون: کاکیلئاغا و عەبدوڵڵا بەگ، کە ئێستاش عەبدوڵڵا بەگ ماوە.

بایز بەگی ئۆغز بەگ کوڕێکی بە ناوی بەکر بەگ بووە و ئەویش چوار کوڕی بوون: سالح بەگ، عەبدوڵڵا پاشا، حەمەد بەگ و عەلی بەگ. سالح بەگ سێ کوڕی بووە: عەلی بەگ، سدێق بەگ و خورشید بەگ. ئەوەی ئەوانە لە ناوچەی حەریر و هەولێرن. عەلی بەگ دوو کوڕی ماون؛ ناویان برایم بەگ و سالح بەگە. خورشید بەگ باوکی نووری بەگ و قاسم بەگ و برایم بەگە؛ کە هەرسێك ماون و قاسم لە دارایی هەولێر فەرمانبەرە. دوو کوڕی سدێق بەگیش ←

← ماون؛ ناویان حوسێن بەگ و ئەنوەر بەگە. عەبدوڵڵا پاشا بابی سەعید بەگە؛ ئەمیش بابی سمایل بەگی ڕەواندزە، کە ئەندامی کۆڕی دامەزرێنەری عیراق بوو؛ ساڵی ١٩٣٢ز کوژرا و لەعلیخانی دایکی ژنێکی بەناوبانگ بوو لەم دواییانەدا مرد.

حەمەد بەگ دوو کوڕی بوون: مەجید بەگ، شێخ سولەیمان بەگ. مەجید بەگ دوو کوڕی ماون: شێخ سولەیمان کە ئێستا لە هەولێر «ملاحیظ» حدودەو عەبدوڵڵا فەرمانبەری دائیرەی توتنە. عەلی بەگ کوڕێکی بە ناوی حوسێن بەگ هەبوو دەگەڵ مەلامستەفای بارزانیدا چووە ڕووسیا و لەوێ مرد و بێمنداڵیش بوو. میرمستەفا بەگ کوڕی میرئۆغز بەگ چوار کوڕی بوون: میر سولەیمان، میرمستەفا بەگ، میر ئەحمەد و ڕەسووڵ پاشا. میر سولەیمان باوکی میرانی یەحیا بەگە کە ئەویش پێنج کوڕی بووە: حەمەد بەگ، سولەیمان بەگ، خورشید بەگ، تەقیەدین و وەسمان بەگ. حەمەد بەگیان دوو کوڕی بووە: مەجید بەگ و شێخە بەگ. مەجید بەگیش کوڕێکی بە ناوی حەمەد بەگ هەبووە. سولەیمان بەگ باوکی عەلی بەگە کە ئەویش دوو کوڕی بە ناو حەسەن و حوسێن هەبووە. خورشید بەگ سێ کوڕی بووە: سدێق بەگ، میرۆ، حاجیسەعید بەگ. سدێق بەگ دوو کوڕی ماون، ناویان حاجیشەهاب و حاجیپاشایە. میرۆ ئەسعەد و تەوفێق ناوی بەجێ هێشتووە. حاجیسەعید بەگ لە گوندی ئالانە دادەنیشی و دوو کوڕی هەن: ئیسماعیل و محەمەد.

تەقیەدین بەگ سولەیمان بەگی بووە کە ئەویش کوڕێکی بە ناوی تەقیەدین بووە و باوکی سولەیمان بەگ بووە. وەسمان بەگ تەنیا کوڕێکی بە ناوی میر مەلا هەبووە.

کوڕی دووەمی میر مستەفا، ئەمیر مەنسوور محەمەد بەگ بووە؛ کە بە پاشاکۆرە یان میری گەورە بەناوبانگە و هیچ منداڵی نەبوون. سێهەمیان میرئەحمەد بەگی لاڵ بووە. ئەویش کەسی لە پاش بەجێ نەماوە.

چوارەمیان ڕسووڵ بەگە و پاشاشی پێ گوتراوە. پێنج کوڕی هەبووە: ١- ئەسعەد بەگ، باوکی عەبدوڵڵا موخلیس بەگ باوکی زیائەدین بەگ و یەحیا بەگە. ئەمەیان لەم ساڵانەی دواییدا بێ فرزەند مرد و سەردەمێك لە ناوچەی هەولێر قایمقام بوو. ٢- فەتاح بەگ دوو کوڕی بوو: خورشید بەگ و تەوفێق بەگ. ئەمەش بێ جێنشین مرد. ٣- ڕەشید بەگ دوو کوڕی هەبوو: عەبدوڵڵا ئەدیب بەگ و عوسمان بەگ. عەبدوڵڵائەدیب کوڕێکی لە تورکیا ماوە عوسمانیش زەکی هەیە، کە لە تورکیا دەژی. ٤- بارام بەگ. ٥- ئیحسان بەگ. ئەم دووانەش هەر لە تورکیا بوون و کوڕیشیان نەبوون. (لێرەدا مەعلووماتی مەم کۆتایی دێت).

بەندی دووەم
فەرمانڕەوایانی بابان

ئەو هۆنەرانەی بۆ وردەکاری زۆر ئاگادار و دەرەبەند بەکارن، تا و بەند و داوی ئاوریشمی خاوی کەونە ڕووداوی پیـرەبابانیان بە دەمی گشت و سەری ئەنگوشتیان خستۆتە باو و زۆر لێك و لـەبار، گـشتیان کردووە و دوڕ و یاقوت و لاڵ و زمڕوت و چەور و شیــرین و کوژەکـەی شیــن و پیــرۆزە و شـەوە و سەنگی پازار و دانەمرواری وشەی پڕ گەشەی نـاو کوردەواریـان پـێ هۆندۆتـەوە و سـینگ و بـەرۆکی پالەوانناـمـەی مالـەبابانی مـەرد و نەبـەردی نەتـەوەی کوردیـان بـەو گەردنبەنـدە خوشـیك و ڕنـدە ڕازاندۆتەوە؛ کە لێی دەڕوانیــن زۆر باش دەزانیــن ئەو بنەماڵە لە کوردستاندا لە چاو هەموو کەس بـە هۆزی قەوغا و بەهێز و توانا و دەستەڵاتداری، بە ناوودەنگ بوون و کەسی هاوچـەرخیان هاوسـەنگیان نەبووە. بەڵام لە دوای وەی کە فەرمانـدرای ئەو خانەدانـە بـە پیــربداغی بەبـەیی[1] و بـرای گەیـشت[2] ئەوانیش فرزەندی نێرینەیان بەجێ نەهێشتــن، فەرمانڕەوایی لە ناو ئەواندا کۆتـایی هـات و دەسـت و پێوەندیان بوونە جێگر و ناوی بابانیان بۆ خۆ گرتەوە.

میـربداغ کوڕی ئەبدال بەگ

بۆ دلاوایی، حاتەمی‌تایی دەسکی لە دوو نەدەکرد و لە ئازایەتیـدا ڕوسـتەم دەگـەڵی دەرنـەدەبرد. لـە مەیدانی مەردیدا هەمیشە گۆی نەبەردی لە بەر هەوالان دەفڕاند و لە پێـشەبڕکەی پیاوەتیـدا هـەموو چاو لەدوێیکی دەوەستاند. ئەنـجامی کاری گەیشتە بارێ کە هەوای دەرکەوتن و سـەرکەوتنی کەوتـە

١- دانەر وەك مێژوونووسانی‌تر جارێك پیـر بداغ و جارێك میـر بداغی نووسیوە. جەمیل

٢- ئەمیـن زەکی دەڵێ برازای. جەمیل

دانەر هەر خۆی لە ڕووپەڕ ٣٦٥ چاپە فارسیەکەی میسردا دەڵێ: برازاکەی بداغ کوڕی ڕوستەم. هەژار

سەر و زۆریش سەرکەوت. مەڵبەندی لارجان[1]ی لە زەرزا ساند و سیوی[2] لە سۆران جودا کردەوە و سندوسی لە قزڵباش پاکردەوە و قەڵای‌ماران[3]ی -وەك جارانی پێشوو- ساز دایەوە و بە میرلیوای خۆی سپارد و هۆزەکانی موکری و بانەی -بە خواهێشت و بە زۆری- خستە بەر فەرمانەوە و شارباژێڕی لە دەست ئەردەڵان دەرێنا و خستیە سەر وڵاتی خۆیەوە و هەر مەڵبەندێ کە سەندبووی، کوێخا و گزیری سەربەخۆی لێ دانان و تەپڵ و ئاڵای دادگەری و سەربەخۆیی، ئاوازەی داو شەکایەوە و کەرکوکی سەر بە بەغداشی کردەباجدەری بابان و پاسەوانی لە سەر دانان. لە دەورانی فەرمانی خۆیدا شتی وا سەیری داهێناوە کە بۆ هیچ فەرمانڕەوایەکی کورد نەڕەخساوە. بۆ نموونە کیژی میر وئاغایانی بەردەستی خۆی بۆ خۆی دەخواست و پێداویستی باوی ڕۆژی، بۆ گوێزتنەوە و بەزم و ئاهەنگ بەجێ دێنا و ڕۆژی بووکێ و شەوی پەردوو -بە بێ‌ئەوە کەس بزانێ- کچیان بە جیازی سازەوە بۆ ئاغایەك -کە داخواز بوو- دەگوازتەوە.

برای کە ناوی ڕوستەم بوو، لێی دەخەفتا کە بیکوژێ؛ پیاوێکی دڵسۆزی بداغ کەین و بەینەکەی تێگەیاند. کاتێ کە دەچووە سەر زەرزا، ڕوستەم بەگ و هاودەستانی -کە دەستیان دەو کارەدا بوو- فەرمانیدا خڕمچون گیران و کوژران.

بە نیازی داگیرکردنی وڵاتی سۆران لەشکری بردەسەر میرسەیدی کوڕی شاعەلی بەگ و لە جێگەی خۆی وەدەرنا و میرسەیدی ڕووی کردەناو کۆسار و لێڕەواران و چاوەنۆڕی هەلێك بوو کە تۆڵەی خۆ هەڵێنی. پیربداغ بە شوێن ئەو سەرکەوتنەدا زۆری بارەکەڵلەی کەوتبوو؛ کەمتر خۆی دەپاراست. ڕۆژێك دەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا بە نیازی ڕاوشکار چووبووە حەزوبیان[4]. بە هەڵکەوت میرسەیدی لەوێ بوو. وەك بەڵای لە نەکاو لە حەشارگە هاتە دەر و تاوی دانێ و میربداغ و هەواڵانی دانە بەر و کەسیان سەری دەرنەکرد و جوقەواری لێ بڕین:

١- لارجان نیە و لاجانە.

٢- دەبێ سیومیل یان زێوە بێ.

٣- لە نێوان مهاباد و بۆکاندا-لە نزیك خانەقای شێخی بورهان- کێوێکی سەخت و بەردەلان، وەناو «قەلات ماران» هەیە. هەژار

٤- دەبێ گوندی عازەبان بێ کە لە شارباژێڕە. هەژار

گریمان ئەوەند هەڵکشای بووی بە شا | وەکوو تۆ نەبوو کەس لە بەهرە و بەشا
هەمـوو دەفر و ئیـرباره‌کەت زێـڕ و زێـو | ئەگەر ڕێ دەکەی دەچیە سەر پشتی دێو
لە گەنج و لە گەوهەر هەزار کۆت هەبوو | هەزاران هـەزار ئاژەڵـی دۆت هـەبـوو
بە تاو جووت گەڕانـتە و بە بارانە ئـاش | وەڕەز بووی لە بەر بـەرگ و خۆراکی باش
لـە دنـیـا نیـازت چیـێ، وا دەکـەی | لـە بـەر چنـگی مـردن چلـۆن ڕادەکەی؟

شـایەران و خۆشـبێژانی کوردسـتان دەربـارەی دلاوایـی و ئـازایی ئـەو میـرەوە بـەیتی زۆریـان هەڵبەستوون و پەسنیان داوە و پێیان هەڵگوتووە و لە کۆڕ و دیوەخاناندا دەنگخۆشـان بـە ئاهەنگـەوە دەیـخوێننەوە.

چونکە نێرینەی لێ نەکەوتەوە، فەرمانڕەواییەکە بۆ برازاکەی -کە بـداغی کـوڕی ڕوسـتەم بـوو- مایەوە. بەڵام نەیتوانی کەلەبەری مامی پڕکاتەوە و لە بەر دەستەوستانی، ئاغا و نۆکەرانی بەردەستی لە فەرمانی دەرچوونە دەر و لە پاش دوو ساڵ مەزنایەتی کردنی پڕ لە کەمایەسی، لـە داخـان وەزگـی داو وەچەی بابان کەسیان لە ئارادا نەما و نۆکەران جێیان گرتنەوە.

یەکەم کەسێ کە پاش چوونی خانەدانی بابانەکان حوکمی بۆ خۆی گرتۆتەوە پیـرنەزەر بووە.

پیرنەزەر کوڕی بەیرام

پیاوێك بووە دەستودڵگوشاد و سەربەست و ئازاد و بەزاکون و داد و هەموو ژێردەستانی لـە دەسـت و پێوەندانیەوە هەتا سوپایی و ڕەشایی و بۆرەپیاو و بەناو و بێ‌ناو، لە دڵ و هەنا و خۆشیان ویـستووە و سەرکەوتنی ئەویان لە خوا ویستووە. بە هێزی هۆز و بازو، ناوچەی کفری لە بەغدای ئارامگە دابڕیـوە و خستوویەتە سەر مەڵبەندی بابان. کە پیـرنەزەر مرد، وڵاتی بابان کرا بە دوو بەش.

سولەیـمان و میـربرایم

هەردوکیان پەروەردەی دەستی میـربداغ بـوون و لـە ڕۆژگـاری فـەرمانڕەوایی خـۆی، کردبـوونی بـە میـرسنجەق. لە پاش نەمانی پیـرنەزەر ئەو دوانە پێك هاتن و وڵاتی بابانیان لە ناو خۆدا بەش کرد و

ماوەیەکی زۆر پێکەوە نێوان خۆش و دۆستی گیانی بوون. لە ئەنجامدا دوو زمان و کەتنگێڕان خۆیان دەناو خزاندن و لە یەکتریان ترازاندن و دۆستایەتی بوو بە دوژمنی و بە گژ یەکدا هاتن. سولەیمان برایمی کوشت و بەشە ولاتەکەی ئەویشی وەسەر بەشی خۆی خست. پازدەساڵان مەزنایەتی ولاتی بابانی کرد و بەشە ژیانی لێ سێندرا و ڕەوانەی مەڵبەندی نەمان کرا و چوار کوڕی بەجێ هێشتن: حوسێن و ڕوستەم و محەممەد و سولەیمان.

حاجی شێخ

لە دوای مەرگی پیرنەزەر، نۆساڵان بەسەر نیوەی ولاتی بابان ڕاگەیشت و سولەیمان کوشتی و سێ کوڕی مان: حاجی شێخ و میرە و میرسولەیمان. حاجی شێخ لە پاش کوژرانی بابی، زێد و هەمەدەمی بەجێ هێشتن و ڕووی کردەولاتی عەجەم و چووە لای شاتۆماسب؛ بەڵام زۆری ڕووی خۆش لە شا نەدی و بە ناهومێدی گەڕایەوە و لە ناوچەی نەڵێن و دبالە[1] پیاوی میرعیززەدینی برای میرسولەیمانی کوشت و دەستی بەسەر ئەو ناوچەیە داگرت. لە پاش نەمانی میرسولەیمان هەموو ولاتی بابانی خستە ژێر دەست و بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆ. کاری ناشایستی دەربارەی شاتۆماسب دەکرد و ئەویش سێ جاران لەشکری ناردەسەر و هەرسێك جاریش قزلباش بە پاشدا دەگەڕانەوە و لەبەر حاجی شێخ دەشکان. لەو شەڕانەشدا -جگە لە چەند فەقێ و مەلایەك کە بۆ خەزای قزلباش کوشتن تیر و کەوانیان هەڵدەگرت و ڕەگەڵی دەکەوتن- هیچ میر ودەسەڵاتدارێکی کوردستان نەدەچووە کۆمەگی.

ساڵی ٩٤١.ك (١٥٣٣.ز) کە سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر بەغدای ئارامگای گرت و زستانی لەوێدا ڕابوارد، حاجی شێخ بە نیازی سەردەرانە ڕامووسانی سوڵتان، بەرەو بەغدا دەچوو. کاتێ گەیشتە ناوچەی مەرگە، مەرگەیییەکان خۆیان لێ خۆش کرد کە لە کوڵ دنیای کەنەوە. لە وەختێکا کە میرشێخ چوویووە ڕاو و دەگەڵ چەند کەسێکدا خەریکی نوێژ کردن

١- دو نەڵێن لە کوردستانی بەردستی ئێران هەن. بەڵام «دبالە» نەبیسراوە. هەژار

بــوو، کــوردی دێوناکــار بــە شیــری جەوهــەردارەوە وەك ڕەشــەبا هــەڵیانکــردێ و گــڕی چــرای ژیانیان کوژاندەوە و کردیانـە خۆڵەمێشی بـابردەو میــرەی براشـی هـەر لـەو شـەڕەدا پـەڕە کـرا و سەری تێداچوو[1]؛ براکـەیتریـشی -کـە نـاوی سولەیـمان بـوو- تووشـی دێـوی مـەرگ هـات و لـە مەیدانی ژیان دەرچوو.

حاجی شێخ دوو کـوڕی لـە پـاش بـە جـێمـان بـە نـاوی بـداغ و سـارم. کـاتێ دەنـگ و باسـی هێرشی بلّجەمەرگـەییان و مـەرگی بـێوادەی میــرشێخ، وەبـەر گوێیـەکانی بـە شـەوکەت و شـانی سوڵتان کەوت، لە بەزەیی بێ بڕانەوەی شاهانەوە وڵاتی بابان درا بە بداغی کوڕی.

بداغ کوڕی حاجی شێخ

بوو بە جێنشینی بابی و ماوەی شازدەساڵان بەو پەڕی دڵسۆزیەوە فەرمانداری کرد و لە ئەنـجامدا بـە دنەدانی هێندێك لـە گـەورەپیاوان، حوسـێنبـەگی کـوڕی میـرسولەیـمان بـەربینگی گـرت و داوای مەزنایەتی وڵاتی بابانی دەکرد و لە لایەن پادشای سولەیـمان پایـەوە پێـی درا و سـوڵتان حوسـێنی فەرمانڕەوای ئامێدی دەگەڵ خۆیدا هێنا کە وڵاتەکەی بۆ بستێنێت. بـداغ لـە وزەیدا نـەبوو دەگـژیان ڕاچێ و ڕایکرد و پەنای بە سەردەرانەی شاتۆماسب برد. شەش مانگێك لەوێ مایەوە و ڕوستەمپاشـای سەدریئەعزەم دڵخۆشی دایەوە و بەڵێنی دایە کە وڵاتی بابانی بۆ وەرگرێتـەوە و لـە وڵاتـی عەجـەمی پچڕیەوە و هێنایە ئەستەمبووڵ و لە سایەی هەستی بەرزی سوڵتانەوە دیسان بابانی پێ بەخـشرایەوە و بە لاواندنەوەی دوور لە هەژماری پادشاهانەش سەرفەراز کرا و لە ناو هەواڵانیدا شانازی بەخۆ دەکرد؛ ئەوسا بەرەو وڵات گەڕایەوە. کاتێ گەیشتبووە ئەو جێگەی ڕابیـەبولاق[2]ی پـێ دەڵـێن، حوسـێن بـەگ کوڕی میـرسولەیـمان بە هەشت هەزار سوارە و پیادەوە ڕێگەی لێ گرت و بە گژ یەکدا چوون. هێـشتا شەڕەکە وا گەرم نەببوو کە مووی تێدا هەڵپرووزێ و هیچ کەس دەخوێندا بگەوزێ، کە حوسـێن بـەگ ورەی بـەردا و مەیـدانی نەبـەردی بـەجێهێـشت و ڕووی کردەئاسـتانەی سولەیـمان و بـە هـۆی

١- لە کوردەواریدا بەیتێك بە ناوی بەیتی کاکەشێخ و کاکەمیـر هەیە کە ئەو کارەساتە دەگێڕێتەوە و زۆریـش بـەرزە. هێمن

٢- دەبێ ڕانیە نەبێ؟ هەژار

میـرەگەورەکانەوە، بە پایە و ڕێزی ئاڵقەڕێز ماچ کردنی دەرگا سەرفەراز کـرا و فـەرمانی بـێ پـێچ و پەنای پادشای بۆ دەرچوو کە نیوەی وڵاتی بابانی هەبێ و دەبێ دەگەڵ بداغ بەگ پێکەوە پێ ڕابگـەن و هیچیان لەو فەرمانە سەرچەوتی نەکەن.

حوسێن بەگ بە هەڵەداوان بەرەو وڵاتی بابان هاتەوە و دیسان کاریان کەوتەوە بـەردەمی شیـــران و تێك‌گیـران و حوسێن بەگ و ڕوستەم بەگی بـرای کرانـە تـۆزی بـەر بـا و کـاتێ ئـەو دەنـگ و باسـە دەبارەگای سوڵتاندا دەنگی دایەوە، بڵێسەی ڕکی سولەیـمانی سەری لە دەمیەوە دەرانی و فـەرمانی‌دا کە هەموو کوردەکانی هاوسای بابان بچنە سەر بداغ و بداغ کە زانی بەربەرەکانێ بۆ ناکرێ، پەنای بـە سوڵتان حوسێنی فەرمانڕەوای ئامێدی برد و ئەویش ڕاسـتی ڕووداوی بـە پێـچکی تـەختی عاســمان ئاسایی گەیاند و تکانامەی ڕەگەڵ خست کە گوناهەکانی بە ئاوی بەخـشیـن و چاوپۆشـی پادشـاهانە بشۆرێتەوە و وڵاتی باب و باپیـرانی پێ بدرێتەوە.

سوڵتانی هەڵەپۆش لە سـەر تکـای فـەرمانڕەوای ئامێـدی لـە سـووچ و تـاوانی خـۆش بـوو؛ لـە بـاتی وڵاتـی بابـان ناوچـەی عینتـابی پـێ بەخـشی و بەشـی بـداغ بـەگیان بـە بـولی بـەگ ناوێـك ئەسپارد.

لــەو ســەردەمانەدا کــە شــازادەپایەبەرزەکان ســوڵتانســەلیم و ســوڵتانبایەزیـد لــە قونیــە قونەشـەڕیان کەوتــە نێـوان و پێـك هـەڵپرژان، بـداغ بـەگ لـە سـەر بایەزیـدی کـردەوە و چـووبووە شـاری کوتاهیـە. سـوڵتان سولەیـــمان مـەرجی بـۆ سـوڵتان بایەزیـد دانـا کـە دەبـێ سـەری بـداغ بەگم بە براوی بـۆ بنێرێتـە ئاسـتانە؛ ئەوسـا لێـی خـۆش دەبـم؛ چـونکە بـداغ دوژمـنی خانەدانـە. سوڵتان بایەزید فەرمانی پیـرۆزی لـە بـانی سەر دانـا و سـەری بـداغ بـەگی بـڕی و بـە دیـاری بـۆ بارەگای هەرەبەرزی نارد.

بــداغ بــەگ چــوار کــوڕی هــەبوون: حــاجی‌شـێخ و حوســێن بــەگ و مــحەمەد بــەگ و میرســەیفەدین. حــاجی‌شـێخ دەگـەڵ ســوڵتان بایەزیـد چـووە ئێـران و کــاتێ گیــرا -بـە فـەرمانی شاتۆماسـب- حــاجی‌شــێخیش وێــڕای ئاغــا و میــرەکوردەکانی کلکـە و پلکـەی سـوڵتان، لــە سـەری درا و میرسـەیفەدینیش مـردن مـەودای نـەدا و مــحەمەد بـەگیش سـنجەقی کەسـتانەیان

دایە و ئێستا لە سەریەتی.

میرحوسێن کوڕی سولەیمان

لە پاش بابی -چونکە حاجی شێخی کوڕی برایم ناوچەی بابانی بۆ خۆی داگیر کردبوو- ئەو نەیتوانی بەربەرەکانی بکا و ڕایکرد و ڕووی کردەبارەگای شاتۆماسب و داوای هیمداد و کۆمەگی لێکرد. شاش چراغ سولتانی ئیستاجلووی والی دینەوەری ڕەگەڵ خست و هەتا قەراغ سنوور هاتن و چیان بۆ نەکرا و بە بێ دەماغی گەڕانەوە. ئەو جارە شا گۆکجەسولتانی قاجاری والی هەمەدانی نارد. لەو جارەشا گۆکجەی قاجار هەروا کلکی پێ هەڵپەسارد و پەروایەکی پێ نەفەرموو؛ بە دەم لە پووشی گەڕاوە. جاری سێهەم عەبدوڵلاخان ئیستاجلووی میری میران و سوپاسالاری ڕاسپارد کە ولاتی بابان بگرێ، ئەویش لەشکرێکی دوور لە هەژمار و وەك لافاوی بەهارانی ڕەگەڵ خۆ خست و پەلاماری ولاتی بابانی دا.

میرحوسێن -کە پێشەنگ و چاوساغی لەشکر بوو- بردنیە چیای گەلاڵە و دەناو دارستانێکی ترینجاندن کە تووڵەماران لەبەر داران ڕێی هاتوچۆیان لێ بڕابوو. باوکی منی هەژاریش بە پیادەو سوارانی خۆیەوە تەشریفی لەوێ بوو. حاجی شێخ لێیان ڕاپەڕی و ملی لە درین و بڕین نا و دەرەتانی لێ بڕین و لەشکری قزلباش وەك بەچکە دەلەك لە ناو کلۆرەداراندا عاسیە ببوون کەس نەیدەزانی لە کوێرا بۆی دێن و بە کوێیدا هەڵێ و کەنگێ کەولی دەچێتە سەر دەباغ! لەو شەڕەدا نزیکەی دوو-سێ هەزار قزلباش سلار بۆنەوە و سی کەسێك لە پیاوانی هەڵبژاردەی بابی بەندەش لەو گیروبەندەدا جەندەکیان کەوت و ئەو سەرکردەو پیاوماقوولانەی کە لەبەر کوشتار مابوونەوە و لە چنگ مردن ڕزگار ببوون، وەك سلقی ڕووت، بە بێ بەرگ و سەری قوت و پای پێخاوس، هاتنەوە بەر بارەگای شا.

شاتۆماسب لەو ڕێبەریەی میرحوسێنێ زۆر تووڕە بوو؛ ئەو و محەمەد و ڕوستەمی برای هەرسێك توڕدانە ناو قەلایەکی ئێرانەوە و دەناو گرتووخانەی خستن. لە پاش هێندێك

بەریدان و هەرسێك بـرا هـەر ڕزگـار بـوون، بـە بـێ چـەند و چـوون، تفەدەسـتی خۆیـان کـرد و لـە ئێرانەوە هـەڵاتن و بـەرەو دەرگـا و ئاسـتانەی کۆنەبـەختی سـوڵتان سولەیـمان هـاتن. لـە بـەزەیی و چـاکەکاری بێـدرێغی شـاهانەوە، هـەر کـەس بـە گـوێرەی پایـەی خـۆی موچـەیەکیان لـە وڵاتـی ڕۆمئیلیدا بۆ بڕینەوە و ناردنیەوە.

لە پاش شەش ساڵ کە لە ڕۆمئێلیان ڕادەبوارد، لەسەر تکای حوسێن بەگی فـەرمانڕەوای ئامێـدی، لـە ڕۆمئێلییـان هێنانـەوە و وڵاتـی بابانیـان پێدانـەوە. چـا هـەر وەك لەمەوبـەر بـە سـەر نـووکی قەڵەمەکەماندا ڕابرا و لە سەر کاغەز تۆمار کرا، میـرحوسێن کـوڕی سولەیـمان بـە دەسـت بـداغی کوڕی حاجی شێخ کوژرا و خدر بەگی لە پاش بەجێ ما. ئەو خدر بەگە ماوەیەك ناوچەی مەرگـەی بـە دەستەوە بوو. لە دواییدا کە زەمانی خوالێخۆشبوو سوڵتان مرادخان، میـرە بەگی موکوری لە قزڵباش هەڵگەڕاوە و هاتە بەر فەرمانی عوسـمانی. ناوچەی مەرگـەش لـە خـدر بـەگ سـێندرایەوە و درا بـە یەکێك لە کوڕانی و لەسەر ئەمە بۆ ماوەیەك شەڕ و هەرا لە نێوانی خدر بەگ و میـرە بەگدا دەگـەڕدا بوو. لەو بەینەدا خدر بەگ بەر مەرگ کەوت و داوی کێشە و هەرا پسا.

ئێستا هۆزی بابان بێ فەرمانڕەوا ماونەوە؛ بەڵام نزیکەی چوارهەزار چاپك سواری ئەسپ کـەحێلی سەرتاپا پڕچەکیان هەیە و سەریش بۆ کەس نانەوێنن.

هێندێك دەڵێن هۆزەکانی ڕۆژەکی و هەکاری لە بابانەوە هاتوون. خـەڵکی بابـان زۆر دینـدار و لـە خواترس و پارێزگارن و پیاوی زانایان زۆر لێ پەیـدا دەبـێ. هـەر ئاغایـەك لـە ئاغایـانی تیـرەکان، ناوچەیەکی لە ناوچەکان گرتۆتەوە و ساڵانە چوار خـەروار زێـڕ لـە نـاوخۆدا کـۆ دەکـەن و دەیـدن بـە خەزینەی شارەزوور.

وڵاتی بابان موڵکی تایبەتی شاهانەیە و کوێخا و گزیرەکانی دەگەڵ خەڵکەکە زۆر بە نەرم و نیـانی ڕەفتار دەکەن. هەر ساڵە ئەندازەیەك نەغدینەوماڵ بەوان دەگا و لەوە بەولا فلسێکی سوور بـە میـری میـران و دەفتەرداران و کارگوزاران نادەن. تا ئیمڕۆ -کە مێژووی کۆچی هەزارویێنجە- باری ئەو وڵاتە ئاوایە.[1]

١- ئـەم بـارە تـا سـەر وا نـەبووە. لـە بڕانـەوەی چـەرخی یازدەهـەمی کۆچـیدا، فـەقێئەحـمەد کـە وەك ←

→ دەڵێن کوڕی بابامیر، کوڕی بداغ بەگ، کوڕی میرە بەگ، کوڕی شێخ‌حەیدەری موکری بووە، بناغەی فەرمانڕەوایی لەو مەڵبەندە دامەزراندۆتەوە و سولەیمان بەبەی کوڕی، کوشادتری کردۆتەوە و هەتا ساڵی ١١١١.ك (١٦٩٩.ز) حوکمداری بووە و بانک کراوەتە ئاستانە و کراوەتە پاشا و کەرکوکی پێ سپێراوە. بەڵام دیسان تەیموور بەگی برای بە سەر وڵاتی بابان ڕاکەیشتووە و لەو ماوەیەشدا زۆری شپرزەیی دیتووە و ساڵی ١١١٥.ك (١٧٠٣.ز) مردووە و سێ کوڕی بووە: خانە بەگ، فەرهادبەگ و خالید بەگ. لە پاش مردنی، بەکر بەگی برای -کە بە بەکرەسوور ناسراوە- کراوە بە جێنشین؛ کەوشەنی وڵاتی هەراوتر کردەووە و تا سەر سیروان و لەولاشەوە تاسەر زێی کۆیەی برد و بەکرەجۆی سولەیمانی و گوندی بەکراوای لای هەڵەبجە بە ناوی ئەون. لە پاش ئەو ماوەیەك شارەزوور بە دەست عوسمانیانەوە بووە و ساڵی ١١٢٩.ك (١٧١٧.ز) دراوەتە دەست کابرایەکی غەوارەوە. بەڵام خانە پاشا تێکۆشاوە و ساڵی ١١٣٤.ك (١٧٢١.ز) میرایەتی بابانی خستۆتەوە دەست و دوای ئەو خالید بەگی برای و کە ئەویش نەما سەلیم‌پاشای کوڕی بەکر بەگ، ساڵی ١١٥٦.ك (١٧٤٣.ز) هاتە سەر حوکم و دوای ئەو سولەیمان‌پاشا هات و پاش ئەو ئەحمەدپاشای برای جێگەی گرتەوە و دوایە محەمەدپاشای برای لێ ڕاست بۆوە و بە نۆرە پێ ڕاگەیشتوون. ئەمجار مەحموودپاشای برایان هاتۆتە رووی کار و دوای ئەو برایم پاشای کوڕی ئەحمەدپاشا بۆتە سەردار و هەر ئەویشە کە ساڵی١١٩٩.ك (١٧٨٤.ز) شاری سولەیمانیەی بنیات ناوە و پاتەختی لە قەڵاچوالانەوە بۆ ئەوێ هێناوە. ساڵی ١٢٠٢.ك (١٧٨٨.ز) عوسمان‌پاشا کوڕی مەحموودپاشا هاتۆتە سەر کار و ساڵی ١٢٠٤.ك (١٧٩٠.ز) ئاوڕەحمان‌پاشا سەری هەڵداوە و دەگەڵ دوو میرەکانی پێشوودا کێشەی کردووە و هەر کەسە ماوەیەك میر بووە. ساڵی ١٢٢٨.ك (١٨١٣.ز) مەحموودپاشا کوڕی ئاوڕەحمان‌پاشا هاتووە و لە پاش چوار ساڵ لادراوە و عەبدوڵڵاپاشای لەجێ دانراوە و دوای ئەو سولەیمان پاشا کوڕی ئاوڕەحمان‌پاشا و پاش ئەو ساڵی ١٢٥٤.ك (١٨٣٨.ز) ئەحمەدپاشا بۆتە حوکمدار و وڵاتی بە تەرزی تازەبابەت ڕێك خستووە و سوپای تەکووزی پێکەوە ناوە. ساڵی ١٢٦٣.ك (١٨٤٧.ز) عەبدوڵڵاپاشای برای بۆتە میر و ساڵی ١٢٦٧.ك (١٨٥١.ز) ئەو میرنشینە هەڵوەشێنراوە و عەبدوڵڵاپاشا کراوەتە قایمەقامی سولەیمانیە. ئیتر پەردەبە سەر ئەو میرنشینەدا درایەوە؛ هەتا ساڵی ١٣٤١.ك (١٩٢٣.ز) کە شێخ‌مەحموودی حەفیدزادەی بەرزنجی بانگەوازی پادشایەتی کرد و سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند. بەڵام ئەویش لە دوو ساڵ و چەند مانگێکی تێنەپەڕاند.

ئەوی گەرەکیە پتری لێ بزانێ با بڕوانێتە *تاریخ سولیمانیە* و *من عمان الی عمادیە*. جەمیل

بەندی سێهەم
فەرمانڕەوایانی موکری

ئەوانەی لە پیتۆڵی و لە بلەبانیدا دەستی بالایان هەیە و لە حەکایەتخوانی و سەرگوروشتەزانیدا تەپڵ و ئالایان هەیە و کالای دوانی بەرەوانی بە بالایان بڕاوە و لە مەکر و درۆ بە دوورن، دەڵێن: فەرمانڕەوایانی موکری بەرێ خەڵکی شارەزوورن و هێندێك دەڵێن: سەر بە تیرەی بابانین و وەك دەماودەم زانیومانە، کابرایەك بە ناو سەیفەدین سەرزنجیرەی سەردارانی موکری بووە و زۆر بەمەکر و داهۆ بووە و بە مەکری ناوی دەرچووە و دەشکرێ مەکرۆی پێ بلێن. خوا دەزانێ.[1]

میرسەیفەدین موکری

لە دەورەی دەڵ و بەڵ بوون و ڕۆژگاری سەرنخوون بوونی تەخت و بەختی پادشاکانی تورکومانی[2]، میرسەیفەدین سەری هەڵدا و کوردی زۆری لە بابانی و شوێنی دیکەی کوردستاندا لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و پەلاماری تورکەگەلی چابقلوی داو دریاسی لە چنگ دەرێنان و هەر بەوەندەش دانەسەکنا، ناوچەکانی دۆڵباریك و ئەختاچی و ئێلتمور و سلدوزیشی ڕزگار کردن و دەسەر دریاسی خستنەوە.[3]

هێزوتوان و زەبروزەنگی میرسەیفەدین بە جۆرێك بوو کە هێچ کەسێك نەیدەتوانی لە هەمبەری سەرهەڵێنێ و خوار ڕامێنێ. جا ئەوانەی کە لە دەورەی ئەو هالاون و هەر کوردێ کە سەر بەو بووە، ناویان بە موکری دەرچووە. کاتێ کە مەرگ سەری داوە و دەسەلاتی لێ بڕاوە، دوو کوڕی لە پاش بەجێ ماوە: سارم و باباعومەر.

١- ئەمە ڕاست نیە و ناوی موکری زۆر لە مێژینەترە و ڕەنگە لە «مغرێ»وە هاتبێ؛ واتا ڕێگەی موغان. جەمیل

٢- پادشایانی قەرەقۆینلوو و ئاقۆینلووی نیازە. جەمیل

٣- ئەو ناوانە لە ناو کوردی موکوریاندا ئێستا ئاوان: دریاز، یەختەچی، یەلتەمر، سندوس. هەژار

سارم كوڕی سەیفەدین موكری

بوو بە جێنشینی بابی و لە ڕۆژكاری ئەودا شائیسماعیلی سەفەوی بۆ ناوبڕكردنی ئەوان و داگیر كردنی موكوریان، چەند جارێكی لەشكر نارد و هەموو جاریش لە پاش شەڕ و كوشتاری زۆر، قزلباشەكان تێدەشكان و بەرەو پاش دەكەرانەوە. سالی٩١٢.ك (١٥٠٦.ز) شائیسماعیل زستان هاتبووە شاری خۆی و لە خۆیەڕا هۆزی شاملوی بە سەرداری عەبدی بەكی بابی دوورمیشخان و سارۆعەلی مۆردار ناردەشەڕی سارم بەكی. هەردوك سەردار بە لەشكری دوور لە هەژمارەوە هاتنە جەستەی سارم بەگ. شەڕێكی زۆر خەست و خوێناوی كەوتە نێوان و قزلباشێكی زۆر و زەوەند و هەردووك سەرداریان لە مەیداندا سلار بوونەوە و سارم بەگ ئەو جاریش هەلێبڕین و دەكونێی كردنەوە.

لە پاش ئەوە سارم بەگیش -وێڕای سەردار و میرانی كوردستان- خۆی هاویشتە ژێر فەرمانی ئاستانەی سولتانی بە شەوكەت و شان و كیسرانیشان، سولتان سەلیمخان و خۆی لە پێدا هەلڕووسكان و تێهەلپێچانی قزلباشان ئاسوودەكرد.

لە كاتێكدا كە سولتانی دادەوان (سولتان سولەیمانخان) لە سەر تەختی پڕ بەروبۆمی قەیسەرانی ڕۆم، تەخت ڕۆنیشت و سانەوەی فەرموو، سارم بۆ ودم و پیرۆزی ڕامووسانی لاشیپانە، بەرەو دەرگای جیهانپەنا ڕەوانە بوو؛ بە لاواندنەوەی شاهانە خوێندرایەوە و ئەو ولات و ناوچانەی كە لە باوكیەوە بۆی مابوونەوە، بە مووچە و مولكایەتی پێ بەخشرا. مۆری قەدر و حورمەت زۆری سولتانی بۆ بە پسوولەوە نرا و ئیجازەی هاتنەوەی درا و گەڕایەوە. زۆری نەبرد كە شای مەرگ تێی هەلپێچا و دەرگای ژیانی لێ دادرا و خەلاتی بە بەردا كرا و بەرەو نەمان ڕەوانە بوو. كە مرد سێ فرزەندی هەبوون: قاسم، برایم، حاجیعومەر. بەلام هەر سێكیان لە هەڕەتی نەمامیدا بە نەكامی چوونە ژێر خاك. لە پسمامان سێ كوڕ مابوون كە ئەوانیش شێخحەیدەر و میرنەزەر و میرخدر بوون. ئەو سێ برایە هەر سێ كوڕی ڕوستەم كوڕی بابا عومەر كوڕی سەیفەدین بوون.

لە پاش مەرگی كوڕانی سارم، ئەو سێیانە ولاتەكەیان كردەسێ بەش و هەر یەكەیان بەسەر بەشێك ڕادەگەیشت. ناوچەكانی دریاس و دۆلباریك و سلدوز و ئەختاچی وەبەر شێخحەیدەری براگەورە كەوت.

ئێلتمور ببووە پشکی میرنەزەر و ناوچەی محەمەدشا[1] درابووە میرخدر. هەرسێك برا بە یەکەوە تەکیان بە تەك شاتۆماسبەوە داو کەڵەوەی بەرەی عوسمانیانیان لە ملی خۆ دارنی. ساڵی ٩٤٨.ك (١٥٤١.ز) کە ئەلقاس‌میرزا ئاژاوەکەی نایەوە، سوڵتان سولەیمان‌خان لە ناو حاکمانی کوردستاندا سوڵتان حوسێن بەگی ئامێدی و زەینەڵ بەگی هەکاری و میرەکانی برادۆستی ناردەسەر فەرمانڕەوایانی موکری و شەڕی زۆر بەساميان لە ناودا قەوما و هەرسێك برا لەو شەڕی کورد بە کوردەدا کوژران.

شێخ‌حەیدەر دوو کوڕی هەبوون: میرە و حوسێن. میرنەزەر کوڕێکی بوو بە ناوی بەیرام. میرخدر دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان بە ناوی ئولوغ بەگ و میرحەسەن؛ بەڵام هەموویان سەروپێچکە و منداڵۆکە بوون و بۆ ئەوە نەدەشیان کە ئیش و کار ڕاپەڕێنن.

میرە بەگ

کوڕی حاجی‌عومەر، کوڕی سارم، کوڕی سەیفەدین

کە خەبەری بە کوشت چوونی شێخ‌حەیدەر بەر بیسەری بەختەوەری سوڵتان سولەیمان‌خان کەوت، لە سەر تکای میر وبەگلەری کوردستان، لە دیوانی سوڵتانی سولەیمان ئاساییەوە، فەرمانڕەوایی موکوریان درا بە میرە بەگ و نزیکەی سی ساڵان لە سەر دریاس و هۆزی موکری مەزنایەتی کرد و لە فەرمانبەرداریدا زۆر پایەدار و لە خزمەتکاریدا یەکجار بەکار بوو؛ تا لە ئەنجامدا فەرمانی گەڕانەوەی بۆ مەڵبەندی نەمان بۆ هات و دەخەڵاتەوە پێچرا. کاتێ مرد کوڕێکی بە ناوی مستەفا بەجێ هێشت.

میرە بەگ کوڕی شێخ حەیدەر

لە پاش مەرگی مامی، خۆی کردە دۆستی شاتۆماسب و لە دیوانی شاوە مەزنایەتی وڵاتی موکری درایە وکاتێ شاتۆماسبیش لە سەر دنیا نەما میرە بەگ بۆ دیدەنی شائیسماعیل ڕووی کردەقەزوێن و بە ڕایەخ ڕامووسانی سەرفراز کرا و بریکارانی شا ئەوپەڕی ڕێزیان لێ نا و زۆر بە شادی بەڕێ کرایەوە.

١- محەمەشە: ناوچەیەکە بە سەر سندووسە. هەژار

چاخێ هەوساری فەرمانداری دەوڵەتی سەفەوی کەوتە نێو لەپی شاسوڵتان محەمەد و سەرلەبەری کاروباری دنیاداری ئەو زنجیرە، دەگیر داوی قزڵباشان کەوت و گێرە و کێشە و نێرە و بەرهەڵدایی و هەرکەس هەرکەس، هەموو سەرزەمینی ئێرانی گرتەوە، میرە بەگ جێی پێ لێژ کرا و نەیدەتوانی هەروا هەڵکا و بە ناچاری دەگەڵ گەلێك لە میران و فەرماندارانی کوردستان و لوڕستان و ئەردەڵاندا -ساڵی ٩٩١.ك (١٥٨٢.ز) لە سۆنگەی ڕابەری محەمەد پاشای میری میرانی واندا- هاتە بەر فەرمانی ئاستانەی پیرۆز هێلانەی سوڵتان مرادخان و لە ئاوڕوێدانی بێ بنەبانی سوڵتانەوە، والیەتی وڵاتی بابانیشی بۆ خرایە سەر کەلەپووری باب و باپیرانەوە. سنجەقی مووسڵیشی بە بەخشش درایە و هەروەها هەولێر و هێندێك لە وڵاتی سەر بە مەراغە و تەورێزیش درا بە کوڕەکانی و لە چلەی زستاندا دەگەڵ محەمەد پاشای والی واندا لەبەری ورمێوە هێرشی بردەسەر بەکتاش قولی بەگی ئیستاجلوو؛ کە حاکمی مەراغە بوو.

قولی لەو قولیانە نەبوو کە بتوانێ شەڕیان بکا؛ وڵاتی بۆ بەجێ هێشتن و ماڵ و سامانی بەکتاش قولی و دارایی و شڕەی دانیشتووانی مەراغە -هەمووی- بە تاڵان برا و یەکپارچە گەسکی لێدرا. ڕەوەی شاتۆماسب -کە زۆر لە مێژ بوو لە ناوچەی قەراجیق دەلەوەڕا و هەمووی ئەسپی ڕەسەن و هەڵبژاردەو حدوودی گوێ بەل و چوارپەل قەڵەمی بوون و لە هیچ دەور و زەمانانەدا لە دەرکی هیچ پادشایەکدا شتی وا هێژا هێشتا نەدیترا بوون- وەبەر هەڵمەتی سوارانی هێرشبەر هاتن و ڕەپێچەکیان دان و بۆ وانیان هێنان.

هەزار ئەسپی ڕەسەن گشتی حدوودە	لە ڕووی وان ڕەخشی ڕوستەم بێ نموودە
لە ڕەوتا ئاوی لافاون، شەماڵن	لە غاردا هەر پەلێکیان جووتە باڵن
ئەگەر سکۆڵ دەکەن لەو چۆل و دەشتە	دەلەرزێ گایەکەی هەردی لە پشتە

محەمەدپاشای میری میرانی وان کە لەو هێرشەی سەر مەراغەی بە سەرکەوتوویی گەڕاوە، کوڕی میرە بەگی دەگەڵ خۆدا بردەئەرزەڕۆمێ و چوونە لای سەرداری شیرین ئاکار (فەرهادپاشا) تا پێکەوە نۆکەرچاکی و دڵسۆزی و پاکی میرە بەگێ، بە بەر گوێچکی پێچکی تەختی خودان بەخت بگەیەنن. هەر گەیشتنە ئەرزەڕۆمێ والی و پاشالێك کۆم بوون و نامەیەکیان بە جووت نووسی و بە

زمان لووسی، تیژ و پڕیان بە میرە بەگدا هەڵگوت و ڕەوانەی سەردەرانەی هەرەبەرزیان کرد. کاتێ ڕاستی ڕووداوەکە وەبەر دوو گوێی خاوەن شکۆی سوڵتان کەوت، لە بەزەیی بێبڕانەوەی پادشایانە، نازناوی پاشای پێدرا و لە ناو ڕیزی پاشایانی بەر دیوانی عوسمانیدا بە ڕێز و حورمەت ڕێدرا و مەراغەشی بە پێ و شوێنی بەگلەر بەگی پێ سپێرا. مەرجیشی بۆ دیاری کرا کە خۆی دەبێ ئەو وڵاتە لە دەست قزڵباش دەربێنێ و ئەوسا بە سەری ڕا بگا.

حەسەنی کوڕی خدر بەگ[1] -کە ئامۆزای میرە بەگ بوو- ماوەیەك بەر لە میرە بەگ بە ماچ کردنی لاشیپانەی دەرگای بەرزی سوڵتان بەختەوەر ببوو؛ ناوچەی دریاسیان بە بەخشش دابوویە و بە سەری ڕادەگەیشت. کە میرە بەگ کرا بە پاشاو هاتەوە، ئەو حەسەن بەگە نیازی نەبوو کە دریاسی بداتەوە و لە قەڵادا خۆی قایم کرد. میرەپاشا دەوریلێدا و زۆری خستە تەنگانەوە و زۆر نەمابوو قەڵا بگرێ و نەیاران قەڵاچۆ بکا، ئولوغ بەگی برای حەسەن بەگ بە دەسکیسی دۆستانی خۆی لە قەڵاوە خۆی دزیەوە و بە دزیەوە خۆی گەیاندەئەرزەڕۆم و داد و هاواری گەیاندەفەرهادپاشای سەردار و لەوێش لە ترسی میرە بەگ ئۆقرەی نەگرت و گیر نەبوو، بەرەو ئێران بای دایەوە و پەنای بە شاسوڵتان محەمەد برد و بریکارانی شاش زۆریان بەڕێز گرت و مەڵبەندی دەخوارقانی[2] لای مەراغەیان پێ سپارد.

میرەپاشا لە حوسێنی برای خۆی دڕدۆنگ ببوو لای وابوو دەگەڵ ئامۆزاکانیدا دەست و دەمیان کردۆتە یەك و نیازیان وایە لە ناوی بەرن؛ گرتی و کوشتی و گەورە و چووکەی دوژمنانی هەموو لە سەر ڕێ لابرد و سەربەخۆیی بێلەمپەر و دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری بەرهەم هێنا. چەند ساڵێك ئاوا ڕابرا. لە دواجاردا شاری تەورێزی پاتەختیش کەوتە بەردەستی عوسمانی و جەعفەرپاشای وەزیری بەسەرەوە دانرا. جا چونکە هەر زۆر لە مێژەوە مەراغە لەسەر تەورێز بوو، جەعفەرپاشانەوەی دەویست میرە پاشاش -کە سەرداری مەراغەیە- سەربەوی بێ و لە بەرانبەر فەرمایشتی خێوی تەورێز سەرنەوی بێ.

١- ئەمین زەکی و حوزنی بە حوسێن بەگیان نووسیوە. جەمیل

٢- شارۆکێکە لە نێوان مەراغە و تەورێز، بە قەیسی باش بە ناوبانگە و ئێستا ناوی ئازەرشەهرە. هەژار

میرەپاشا -کە نازناوی میری میرانی پێدرابوو- داوای پاشای دایە دواوە و ئاوڕێکی وای وێ نەداوە کە پاشای تورك دابین کا. لەسەر ئەمە جەعفەرپاشالێی غەزری بوو؛ دەستی کرد بە نامەکاری و ناکاری میرەپاشای بە نالەباری بە پایەی تەختی هەرەبەرز دەگەیاند و لە سایەی ئەو گەندەکاریەوە فەرمانڕەوایی وڵاتی بابان و مووسڵ و هەولێریان لێ ساندەوە و ئەنجام گەیشتە ڕادەیەك کە ناردیە لای میرەپاشاو فەرمووی مەراغە سەر بە تەورێزە و ئەگەر نەیێتە ڕێزەی مولکی تایبەتی شاهانەوە، داهاتی تەورێز بەشی خۆی ناکا. مەراغە ساڵێ پازدەخەروار زێڕ لە بەروبۆمی ناوچەکە بۆ سەر خەزێنەی دارماڵی دەوڵەت دەنێرێ و پێویستە ئەو زێڕ و دراوە، لەوە بەو لاوە بێتە تەورێز و لە مووچە و نازووقەی سوپای تەورێزی بەخت کەین.

میرەبەگ بە ناچاری دەستەبەر بوو کە هەموو ساڵێك دراوێکی یەکجار زۆر بە خەزێنەی تەورێز بگەیەنێ. دوو-سێ ساڵێکیش ئاوای گوزەراند؛ بەڵام جەعفەرپاشابەوەشی لێخە نەبۆوە؛ لە کاتێکدا کە دەفتەری بۆ تەورێز دەگرتەوە و چاوی بە تەرزی چاوەدێریەکیدا دەخشاندەوە، مەراغەی خستە سەر تەورێز و کابرایەکی وەك دەستەبەر بە میرسنجەق لە سەر دانا و بۆشی دانا کە هەر ساڵە پازدەخەروار زێڕی پیتاك کۆکاتەوە. لە پاش ساڵێك دانیشتوانی لای مەراغە بڵاو بوون و مەراغە بوو بە وێرانە و فلسێکی سوور بە بەریکی میرسنجەقی دەستەبەری نەگەیشت و ئەوی چووە سەر خەزێنەی ئیسلامیشەوە، لە تاکە خەروارێکی تێنەپەڕاند. میرەپاشا ڕووت و نەدار و بێبژێو کەوتە دەشت و بە ئاواتەوە بوو بچێتەوە سەر شوێنی کەون و ئەو پاشایەتیەی دەخەونیش نەیە.

لەو ڕۆژگارەدا کە مەراغە و دەوروبەری، میرەپاشای بە سەرەوە بوو، شێخ حەیدەری کوڕەگەورەی بە فەرمانی بێ چەندوچوونی سوڵتان مرادخان قەڵای ساروقورغانی سەر بە مەراغەی بنیات نایەوە. ئەو قەڵایە ڕۆژگارێك بەر غەزەبی ئەمیرتەیمووری کورەکانی کەوتبوو؛ بە جارێك تێكوپێك درابوو. ساڵی ١٠٠٢.ك (١٥٩٣و٩٤.ز) کە خدرپاشای میری میرانی بەغدا کرا بە والی تەورێزێ، کاربەدەستانی مەراغە پێیان گوت مەراغە ئەگەر وێرانە تاوانی ئەو قەڵایەیە کە شێخحەیدەر ئاوەدانی کردۆتەوە. کەتن گێڕان کاری خۆیان کرد؛ خدر پاشا تەپەکڵاوێکی تەریب دۆزی لە گزی و گەڕ بۆ شێخ حەیدەر دۆزیەوە؛ ناوچەکەی قەڵاکەی تێدا بە سنجاق دای بە هۆزی مەحموودی و شەڕ و هەرای بۆ

نایەوە.

لەو شەڕەدا هەمزە و قوباد -کە برازای مەنسوور بەگ بوون- دەگەڵ کوڕێك لە کوڕانی زەینەڵ بەگدا -کە سەرکردەی هۆزی مەحموودی بوو- وێڕای گەلێك لە پیاوانیان بە دەستی موکوری کوژران. ساڵی ۱۰۰۳.ك (۱۵۹٤و۹٥.ز) هۆزی مەحموودی و عیوەز بەگ، کوڕی حەسەن بەگ -کە میرلیوای ماکۆ بوو- خدرپاشایان لە شێخحەیدەر هان داو ڕەگەڵ خۆیان خست و بە نیازی تۆڵە ساندن و قەڵا ڕماندن هاتنە سەری. شێخ حەیدەر زۆری کرد و کۆشی کە دڵی پاشابێنێتە جێ و جەنگ نەقەومێ، زۆر پاڕاوە کە ئامادەم هەر مەحموودیەکی کوژراوە خوێنی بدەم؛ بەڵام ئەوان جار لە دواجار تیژتر دەبوون و دنەی پاشایان لێدەدا کە نابێ دەستی لێ بەردا و دەبێ قەڵای دەورە بدرێ و چۆن خرابە وای لێ بکرێ.

شێخحەیدەر کە زانی نەرم و نیانی دادی نادا و وەرامی سندان هەر قوززەڵقورتە و ژیانی حیزانە لە ژێر مردنەوەیە، مەچەکی مەردانەی هەڵماڵی و خۆی بۆ شەڕیان لە دەسك نا و کۆمەڵێك لە پاڵەوانانی کوردی لە بەرانبەر لەشکری پاشاڕاگرت و دەستیان بۆ باڵچوغەی شیر و گیرەی کەوان برد و دەبەر یەك ڕاچوون.

پلوسك بوو بۆ خوێن دەم و دوخی شیر — مەتاڵ بوونە ژوشك لەبەر دڕکی تیر

ڕم و نێزە ئیسلکبڕ و ڕەگ پسێن — ئەسپ یاڵ و بژیان دەرەنگا بە خوێن

کەوان داسی مردن بوو بێ سێ و دوو — لەش و گیانی پێش خۆ دەدا و دەیدروو

دەمی خەنجەری تازە ساوی کوڕان — سەر و ورگی زۆر پێ پەڕان و دڕان

عیوەز بەگ -وێڕای زۆران- لە مەیدانی شەڕدا یەك بە مەیدان تخێڵ کرا و دەخوێنی خۆی گەوزی. میرەپاشافریا کەوت و دەستی وەبەر دەستی کوڕی هێنا و نەیهێشت داخی دڵی پێ برێژێ. خدر پاشاش نەوەستانی لە داوەستان پێ باشتر بوو؛ هەر ئەو ڕۆژە لە دەوری قەڵا لا کەوت.

میرەپاشاچوار کوڕی بووە: بداغ بەگ، قاسم، شێخحەیدەر و حوسێن. لەو کاتەدا کە بەر فەرمانی سوڵتان مرادخان بوون، هەر یەکە سنجەقێکی درابوویە. بداغ مرد؛ قاسم بەگ بە

دەستی حوسێنی براگچکەی بە کوشت چوو؛ شێخ حەیدەر حوسێنی لە تۆڵەی برایدا کوشت.

ئێستا لە کوڕانی میرە بەگ هەر شێخحەیدەر ماوە و جگە لە ناوچە و قەڵاکانی پێشوویان -کە بە دەست باب و کوڕەوەیە- قەڵای تەرەقە و ناوچەی ئاجری و ناوچەی ساروقورغان و ناوچەی دوئاب و ناوچەی لیلان و قەڵای ساروقورغانیشیان دەبەردەست دایە[1].

بەسەرهاتی ئەو بنەماڵە وەکوو هەیە هەتا ئێستا کە ئەم نوسخە پەرێشانە دێتە نووسین لە رووپەڕانم چەسپاندوون. بۆ ئایندەش چی ڕوو دەدا، پەروەردگار ئاگادارە.[2]

١- ئەو شوێنانە -یەك لە دووی یەك- ئێستا لە موکوریان ئاوا ناو دەبرێن: تەرەغە، قاجر، قۆڕغان، میاندواو، لەیلان. بە هەڵکەوت، هەژاری وەرگێڕی شەرەفنامە، خەڵکی گوندی تەرەغەیە. هەژار

٢- حوسێنحوزنی دەڵێ: میرە بەگ دوو کوڕیتریشی هەبوون: ئەمیرخان و ئاودال بەگ. ئەمیرخان هەتا هەرای موکوری قڕان، بە سەر گەرمرود ڕادەگەیشت. شاعەبباس ئەسفەندیار بەگی تورکومانی بە لەشکرێکی زۆرەوە ناردەسەر و هێرشێکی لە نەکاوی بۆ کرا و لە ماڵەخۆیدا کوژرا. ئاودالیان بەریەرەکانی قوبادخانی دەکرد و دەرەتانی بۆ نەما و پەنای بە ئەمیرخانی یەکدەست، فەرمانڕەوای بەناوبانگی برادۆست برد و هەر دەگەڵ ویش لە ماڵی ئەلیاس خەلیفەدا کوژرا.

شێخ حەیدەر دەگەڵ جەعفەرپاشادا لەشکریان لێك کرد و بەگژ یەکدا هاتن و شێخحەیدەر خۆی هاویشتە بن باڵی شاعەبباسەوە، زۆری ڕێز لێگیرا و لە گوناهی بابیشی خۆش بوو. مەراغە و ناوچەکانی سەر بە مەراغەی دایە و شێخحەیدەر زۆر بە دڵسوزی خزمەتی شای دەکرد و دەگەڵیا چووە ئازربایجان و بە هێزی موکوریانەوە بۆی بە گژ عوسمانیاندا هات و تەورێز و نەخچەوان و چفرسەعد و یەریڤانی لێ گرتن و سوپای عوسمانی شڕ کرد و لە ئەنجامدا لە هێرشێکیدا لە خوار قەڵای یەریڤان کوژرا.

قوبادخان -ئەگەرچی منداڵیش بوو- شاعەبباس لە جێگەی شێخحەیدەری باوکی دانا و دایك و گەورە پیاوانی موکری بۆ کردەسەرپەرشت و کاتێ پێگەیشت و بوو بە پیاو، حوکمی گرتە دەستە خۆی و ملی لە هەراو کردنەوەی قەڵەمڕەوەکەی نا و شاعەبباس لەو پەرەهەڵاویشتنەی ترسی ڕێ نیشت و خستبوویە ژێر چاوەدێری و لێی بە گومان بوو. ساڵی ١٠١٧.ك (١٦٠٨.ز) کە هێرش برایە سەر قەڵای دمدم، فەرمانی پێدا کە دەگەڵ ئێعتمادوددەولەدا شەڕی ئەمیرخانی یەکدەست بکەن. قوبادخان بە دەنگیەوە نەچوو. شا ئەمەی لێ دەدڵ گرت و دەری نەبڕی و بۆ هەلێکیتری هەڵگرت. لە مانگی مەولوودی ساڵی ١٠١٨.ك (١٦٠٩.ز)دا کە شاعەبباس لە چیای قەرەباغ لەشکربەزی کردبوو، قوبادخان لای وابوو تووشی کێشەیەك دەکرێ و تۆڵەی نافەرمانیەکەی لێ دەکرێتەوە؛ وای بە باش زانی بۆ خۆی بچێتە لای شا. دەگەڵ چەند کەسێك لە دۆستان و دەست و پێوەندانیدا دیدەنی شای کرد و ئەویش زۆری ڕێز لێ نا و هیچی بە ڕوودا نەداوە و زۆریشی دڵخۆشی داوە. ئەمەشی لە پیاوەتیەوە نەبوو لە دوو شت دەترسا: کوردەکان ←

← سوننی مەزەب بوون و لەوانە بوو عوسمانی سوننی، لە دژی دەوڵەتی شیعە مەزەبیان دەکار بێنێ. لە لایەکی تریشەوە دەترسا کە کوردەکان یەك بگرن و شۆرشێك هەڵگرسێنن. دواجار شاعەبباس بە لەشکرەوە هاتە ناو چیاکانی کوردستان و لە لای مەراغە و لە نزیك قەڵای گادۆڵ هەڵیدا؛ کە ئەو قەڵایە پاتەختی میرنشینی موکری بوو.

قوبادخان بە خۆی و کۆمەڵێکی زۆر لە ناودارانی هۆزی موکوریەوە چوونە بەخێرهێنانی و بوونە میوانی. بە فەرمانی شا بانگیان کردنە جێیەکی دیاریکراو و یەکیەك دەیانبردنە ژوورەوە و دەیانکوشتن و نەیاندەهێشت بە یەکتر بزانن. بەو جۆرە تاقیان لێ بڕین و ئەوجار هێرش کرایە سەر قەڵای گادۆڵ و خافلگیریان کرد و هەرچی تێیدا بوون کوژران و ئەوسا قزڵباش کەوتنە ناو دێهات و ئاوایانەوە و ژن و منداڵ و پیر و پەك کەوتەشیان دەکوشت و گەلێکیشیان خەڵك بە دیل گرت و هێنایان و لە بن دار و قامچیدا کوشتیانن. کاتێ کە شاعەبباس ئەو کەتنەی بە بنەماڵەی میرانی موکری کرد، ساڵی ١٠١٩.ك (١٦١٠.ز) موکوریانی دادەست شێر بەگ ناوێك.

شێر بەگ خزمایەتی دەگەڵ میرانی موکوریدا هەبوو [وێدەچێ شێر بەگی کوڕی ناسر بەگ بێ کە لە بنەماڵەی میرانی تەرگەوەڕ بووە و لە دواییدا باسی دەکرێ] چونکە زۆری خزمەتی شا کردبوو، لە کوژران خەلستبوو. زۆر بە کارامەیی و مشوورخۆری کاروباری موکوریانی هەڵدەسووڕاند و بە یارمەتی مەقسوود بەگی برای و گەورەپیاوانی وڵاتەکە پازدەساڵان بە بێ خاوە خاوی، هەر خەریك بوو تا موکوریانی تەواو ئاوەدان کردەوە و گەشەی زۆری بە کشت و کاڵ و حاڵ و باڵی خەڵکەکەی داو ئەوسا کەوتە لەشکر پێکەوە نان و هەر کوردێکی کە لە سەفەوی داخدار بوو لە ژێر ئاڵای کۆ بوونەوە و ساڵی ١٠٣٤.ك (١٦٢٤.ز) هێرشی بردەسەر مەراغە و شیشایە گیانی قزڵباشان و شیری تێنان و تۆڵەی گەلە قڕ تێخراوەکەی خۆی کردەوە و بەربەی خۆی بۆ پێوانەوە و سەری برین و زگی درین وماڵوێرانی کردن و تاڵانی هێنان. شا کە بەو بەڵایەی زانی، خەمی لێ شێوا و زەمان بەگی هەمەکارەی بە پێنجهەزار شەرکەرەوە بەرەو شێر بەگ بەرێکرد و فەرمانی بە لەشکری فارس و هێزەکانی ئیمام قولیخانیشدا کە بچنە هیمدادی زەمان بەگ و شەری شێر بەگ بکەن. بەڵام ئەو لەشکرانەش چیان بۆ دەگەڵ نەکرا و بە بۆراوی و دۆڕاوی گەڕانەوە.

لەو سەردەمانەشدا حافیزئەحمەد پاشای گەورە وەزیری عوسمانی لەشکری هێنابووە سەر سنووری ئێران و لە دیاربەکر دابەزیبوو؛ پشێوێنی کەوتبووە ئێرانەوە. شا نەیویست کە شێر بەگ بە دوژمن بمێنێتەوە. بە ئەسپاردەیەکی خۆیدا ستورکێکی بۆ نارد و ڕاشیسپارد کە پێی بڵێ ئەگەرچی بێتەمەکیشت کردووە، گەردنت ئازا بێ. ئیتر شا چووە لای بەغدا و شابەندەرخانی میری میرانی ئازربایجانی ناردەگورجستان و لەوێ کوژرا و شۆڕشی گورجیان هەر مایەوە و سەری شاعەبباسی قاڵ کرد. بەم جۆرە شێربەگ وڵاتی موکوری لە چنگ قزڵباشان ڕزگار کرد و شاری سابڵاغ (مهاباد)ی کردەپاتەختی خۆی. بەڵام ئازانین ئەنجامی ئەو فەرمانڕەوایە بە کوێ گەیشت.

نابێ ئەوەندەشمان لە بیر بچێ کە کۆمەڵی نهێنی ژ.ك لە جەنگی دووەمی جیهانی، هەلی دەست خست و بە یارمەتی یەکیەتی سوڤێت -کە هاتبووە ئێرانەوە- کۆماری کوردستانی پێك هێنا و پاتەختی ←

← سابلاغ (مهاباد) و سەرکۆماری قازی‌محەمەد بوو. کۆمارەکە تا دوای شەڕ ما و زۆریشی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە وڵاتەکەدا بڵاو کردەوە. دوای تەواو بوونی شەڕ و کشانەوەی هاوپەیمانان لە ئێران، دەوڵەتی ئێران بە هەموو توانا، بۆ لە ناوبردنی تێکۆشا و لەشکری کردەسەر و ماوەیەکی زۆر دەگژ یەك ڕاچوون و چونکە کۆمارێکی تازە و خۆنەگرتوو بوو نەیتوانی هەتا سەر خۆ بگرێ و هێندێکیش لە سەرکردەو سەرۆك هۆزەکان خەیانەتیان پێکرد و لە ناویان برد و ئەو دەستەی لە سەر حوکم بوون گیران و لە سێداره دران و ئەم کۆماره نیشتمانیەش لە ئارادا نەما. جەمیل

ئەو حوکماتە لە موکوریان کە شێر بەگ دایمەزراندەوە، پتر لە دوو سەدەی خایاند. لە دەوری پاشای کوێرەدا ئەولاخانی میری موکری بە سەربەستی تەواو ژیاوە.

ئەوی شایانی لێدوانە، پیری ژیر و ئاگاداری موکوریانی وەك لە باوك و باپیرانی خۆیانەوە دەگێڕنەوە: بداغسولتان بە یەکەمین میر دەزانن کە لە دریازی گوێزتەوە و گوندی سابلاغی کردەشار و پاتەختی خاکی موکوریان. چونکە مزگەوتی گەورەی شار کە مزگەوتی سووری ناوە و ئاسەواری هەرە کەونارای سابلاغە، کردەوەی بداغسولتانە و تەتەڵەیەکی بەردینی دەسەر دەروازەی گیراوە و مێژووی ساڵی دروست بوونی بە دەسخەتی سوهراب بەگی فرزەندی بداغسولتانە و ١٠٨٩ی کۆچە.

لەوەڕا وا دەردەکەوێ شێر بەگ لە دوای وەی کە ساڵی ١٠٣٤.ك سەربەخۆیی خاکی موکوری ڕاگەیاند، زۆر نەژیابێ. یا خۆ لە بەر گەڕوگەفی قزلباش و خۆ سازدان بۆ بە گژدا چوونیان، نەیپەرژابی و نەیکرابێ ئاوڕ وەسەر ئاوەدانی وڵاتەکە و گەشە و پێش کەوتنی بدات. بداغسولتانی جێگری و شاسولەیمانی سەفەوی ئاشنایەتیان زۆر خۆش بووە و بێ ترسی ئاژاوە ژیاوە و بە ئارخەیانی و دڵسۆزی سەروسامان و ڕەمێنی بە وڵات و دانیشتووان داوە و خۆی هێند خۆشەویست کردووە کە خەڵکی دیار و ڕەمەکیش، ناوی ئەویان کردۆتە نووشتەی سەر دڵ و لە خۆشیانی، شێر بەگیشیان لە بیر چووە. لە دوای ئەویش وەچ و بژی ئەو شالکەش شانازیان پێوە کردووە و خۆیان بەو ناوە ڕاناوە. گۆڕخانەی بداغسولتان و هێندێك لە هۆز و خزمانی بە گومبەزان بەناوبانگ و لە باشووری شارەکەیە و نەزەرگەیەکی پیرۆزە و بۆ نیازانی دەچنە سەرێ.

پردی سووریش کە لە سەر چەمی سابلاغە، هەر بنیاتی ئەو میرەیە. بۆ خۆم لە ئافی لاویمدا دراوێکی مسینم دیت لێی نەخشابوو ضَرب فـي ساوجبلاغ، واتا: لە سابلاغ لە سکە دراوە. مێژووەکەشی وەك لە بیرمە ١١١٤ بوو.

ئێستاش کە دوامین سێیەکی بیستەم سەدەی میلادیە، وەچ و نەوەی بداغسولتان فرێ ماون و گەلێك لەوان خاوەن ئاون. ماڵە «إعظام الـملك» لای بۆکان و خانانی چۆمی مەجیدخان و هۆزی ئاوداری بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی و شێر بەگی، ڕیشاژۆی ئەو شەنگە دارەن.

جیا لەوەش لە زەمانی ناسرەدینشای قاجاردا، عەزیزخان سەرداری موکری سوپاسالاری ئێران و والی ئازربایجان بوو. حوکمێکی وێنە سەربەخۆی لە موکوریان لە دەستدا بوو. دوای ئەو سەیفەدینخانی موکوری کوڕی، ببووە ←

← سەرداری ناوچەکە و دوا بە دوای ئەو حەمەحوسێنخان لە جێی ئەو بوەتە سەردار و وێڕای حەمەخانیبانە و سەیفەدینخانی سەقزی، ویستوویانە کوردستان بکەنە دەوڵەت. بە ڕێبەری شێخ بابای شێخی غەوسابات دەگەڵ ڕووسیا ڕێك کەوتوون کە ئەوان دژی تورکان بن و ڕووسیاش پاش تورك ڕاونان، بە ئاواتیان بگەیەنێ. عوسمانی پێیان زانیوە و فەریق ناوێك سەرکردەی لەشکری تورك، ساڵی ١٣٢٥.ك گرتوونی و لە سەر فتوای مەلا و شێخان خنکاندوونی.
تاقانەی حەمەحوسێنخان -کە عەلیخانی سەردار بوو- کەلێنی پڕ نەکردەوە و بە دەستەوستانی ژیا و بە هەناسە ساردی مرد و ماڵی سەردار دوابڕاو بوون.
هەر لە دەوری قاجاراندا هەمزاغای مەنگوڕ سەردەمێك و قادراغای دێبۆکری سەرێك، لە موکوریان سەر وەبەر باری کەس نەبوون و ئێران پێیان نەوێراوە.
مەبەستم لەو تۆزە دوانە کاڵ و کرچ و سەرچڵانە، هەر ئەوە بوو کە بیزانین هەتا دەورانی ڕەزاشا خاکی موکوریان بۆ ئێران وەك ماری بێ ئیجازە بووە و تا سەر، سەری بۆ داگیرکەر شۆڕ نەکردووە. وەك دەشزانین لە پاش ڕەزاشاکەی پێشووش، ئالای کۆماری کوردستان لە موکوریان شەکایەوە و لە بەر پاشەکشەی دۆست و گەلەکۆمەی دوژمنانی ئازادی کورد، کۆمارەکە لە ناو برا و خێوی ئەم ڕەشکە و پێشکانەش دەربەدەری ئەو تێشکانەس.
ئەگەر تەمەن مەودا بدا و هەودای ژیان ئاڵۆزاو و پس- پس نەبێ و خوداش بە دەسمەوە بێنێ، سەر لەو مێژووە پڕ شانازیە دەدەمەوە و بزگوڕان تێك دەخەمەوە و بە درێژی شی دەکەمەوە.
شاعیری بەناوبانگی کورد کاك هێمنی موکوریانی دەڵێ: لاوێکی زۆر زانا و ژیری مهابادی وە ناو ئەمیری حەسەنپوور چەند ساڵێکە خەریکی مێژووی موکوریە و زۆریشی ئیش لێ کردووە و ئێستا لە ئەمریکا دەژی. بەو مژدەیە زۆر دڵخۆشم و بە پەرۆشم کە بەرهەمەکەی ببینم. هەژار

بەندی چوارەم

فەرمانڕەوایانی برادۆست

کە دەبنە دوو دەستە

هێندێ کەس هەروا دەزانن کە میرەکانی برادۆست بە بنەچەکە گۆرانن. بەڵام زۆر ڕاست و ڕەوانە کە بەرەبابی ئەوانە ڕاست و ڕەوان دەچنەوە سەر هیلال، کوڕی بەدر، کوڕی حەسنەوییە، کە فەرمانڕەوای دینەوەر و شارەزوور بووە.

هیلال لە شەڕێکدا کە دەگەڵ شەمسودەولەی دەیلەمی والی هەمەدانی کرد، کوژرا. سێ کوڕی بوون. ئەو سێ برایە لە پاش بابیان، یەکیان لە جێی بابی دانیشت و بوو بە فەرمانڕەوای شارەزوور. یەکێ‌تریان بە سەر هۆزی ئاکۆ ڕادەگەیشت و برای سێهەم پەڕەوازەی لای ورمێ بوو؛ بوو بە خاوەنی ناوچەی خانەئەڵماسی سەر بە ورمێ. هەر سێك برا وردە-وردەگەشەیان کرد و برەویان سەند و لە ئەنجامدا هەموو سەریان بە میرەتی گەیشتووە. بڕوای مەردمی برادۆست وایە کە سەردارەکانیان نەوە و نەتیژەی بیلالن؛ بەڵام لێم ڕوونە وا نیە و هەر هیلالەکە ڕاستترە.

سەرتۆپی ئەو بنەماڵە و شالکی ئەو خانەدانە، غازی قڕانی کوڕی سوڵتان ئەحمەدە؛ کە بەرلەوەی میرەکانی کوردستان پەنا بەرنە بەر ئاستانەی شائیسماعیل، هێرشێکی بردەسەر ورمێ و کەوتە گیانی قزڵباش و هەزار کەسێکی لێ کوشتن. دوایەش کە وێڕای میر ومەزنانی کوردستان، بە پێتی ڕایەخ ڕاموسانی شائیسماعیل گەیشت، شا زۆری دەگەڵ ڕووخۆش بوو؛ یەکجار زۆری بەخێر هێنا و ناوی غازی قڕانی لێنا و ناوچەکانی تەرگەوەڕ و سۆما و دۆل و هەموو قەڵا و زەوی و زاری دەوروبەری قەڵاکانی پێ بەخشی و فەرمانی والیەتیشی بۆ مۆر کرد. لە دواییشدا دەگەڵ پیاوە گەورەکانی کوردستاندا لاشیپانەی بەرزی دەرگای سوڵتانسەلیمخانی ماچ کرد.

ڕۆژگارێك کە سوڵتانسولەیمانخانی خەزاکەر بە نیازی گرتنی وڵاتی عەجەم هەوساری بڕیاری بەرەو تەورێز و ئازربایجان وەرگەڕاند، بۆ هەمدەمی و ڕاوێژکاری، لەو سەفەرەی، غازی قڕانی هەڵبژارد. گفت و بیر و تەگبیری ئەم، دەربارەی وڵاتی عەجەم زۆر لەجێ و بە ڕێوجێ بوون؛ بەر دڵی پادشاکەوت و لە پاداشدا هێندێك لە وڵاتی هەولێر و بەغدا و دیاربەکری وەك سنجەق، جیا کردەوە و بەوی بەخشی و بە لاواندنەوەی شاهانە سەرفراز و خۆشبەختی کرد و دێرزەمانێ غازی قڕان زۆر بە شادی و کامەرانی حوکمڕانی کرد و زۆریش ژیا. کاتێ کە سەردەرانەی گۆڕی تەنگی پێ ماچ کرا[1]، دوو کوڕی لە جێگە مانەوە: شامحەمەد بەگ و عەلی بەگ.

١- دۆستی زۆر نزیکی میرسەیفەدینی سۆرانی بوو. هەر ئەویش هەڵیفریواند و بردیە ئەستەمبوڵ و بە کوشتنی دا. جەمیل

دانەر لە پێشەکیەکەیدا دەڵێ حاکمانی برادۆست دوو لکن: لکی یەکەم میرانی وەشنی، دووەم میرانی سۆما. کەچی لە ناوەرۆکدا لکی یەکەم میرانی سۆما و لکی دووەم میرانی تەرگەوەڕ و قەلعەداودە؛ کە دەپێشدا نەهاتوون و ناوی وەشنیش سەری نەدراوەتەوە. بڕوانە ڕوویەڕ ١٦و٣٨٤و٣٨٦، فارسیەکەی چاپی قاهیرە. هەژار

دەستەی یەکەم

فەرمانڕەوایانی سۆما

شامحەمەد بەگ کوڕی غازی قڕان

لە پاش نەمانی بابی، فەرمانڕەوایی دەست کەوت و چەند ساڵێك ژیانی ڕابوارد و ئەوسا لە ژێر خاکدا خەوت و چوار کوڕی لە پاش بەجێ مان: بداغ بەگ، حەسەن، ئەسکەندەر و زەینەڵ. کوڕە گەورەکەی جێگەی گرتەوە.

بداغ بەگ کوڕی شامحەمەد بەگ

لە دوای باوکی خوالێخۆشبووی لەسەر فەرمانی چارە و دەرمانی سوڵتان سەلیمخان، گەردانەی مەزنایەتی بە ستۆدا کرا و کاتێ کە ئەویش لە دنیای بێفەڕ بۆ ئەولای بێگەڕ پاڵەستۆ درا، چوار کوڕی هەبوون: ئەولیا بەگ، شامحەمەد بەگ، شاقولی بەگ و سەیدی. ئەو کوڕانە زۆر منداڵ بوون؛ بۆ فەرمانڕەوا نەدەشیان. لەبەر ئەوە مەزنایەتی بۆ حەسەن بەگی برای مایەوە.

حەسەن بەگ کوڕی شامحەمەد بەگ

لە پاش برای بە فەرمانی سوڵتان، میرنشینیەکەی برادۆستی پێ بەخشرا. زۆر بزۆز و نەگونجاو بوو؛ خزم و هۆزی خۆی ڕەنجاندن و میری هاوسای وەڕەز کردن. خزمانی گلی نامەیان نووسی و بە زەینەڵ بەگدا ناردیانە ئاستانە و فەرمانی پیرۆز بۆ حوسێن پاشای میری میرانی وان هات کە لە کاروباری حەسەن بەگ بکۆڵێتەوە. لەسەر فەرمانی هەر ڕەوا و ڕەوان، حەسەن بەگیان کێشایە پای دیوانی وان و دوای تۆژینەوە و لێ پرسینەوە، پەتیان خستە مل و بە داری ناوحەساری سەرایانەوە هەڵواسی و لە پاش جەزرەبە دان و خنکانی، فەرمانی مەزنایەتی برادۆست بۆ عەلی بەگ دەرچوو.

عەلی بەگ کوڕی غازیقران

لەسەر پەسندی حوسێنپاشا، لە ئاستانەی بەرزی سولتان سەلیمخانەوە عەلی بەگ بە فەرمانڕەوا داندرا. چەند ساڵێك بوو مەزنایەتی دەکرد، هۆزی برادۆست ڕوویان لێ وەرگێڕا و حەزیان دەکرد ئەولیا بەگیان بە سەر ڕابگا. ئەولیا بەگ ڕەوانەی ئاستانەی سولتانی خوالێخوشبوو بوو، داوای جێگەی عەلی بەگی کرد.

لەو کاتەوە کە خوسرەوپاشا ورمێی گرتبوو، دابوویە دەست ئەسکەندەر بەگی شامحەمەد. برادۆستیان لە عەلی ساند و ئەسکەندەریان لە ورمێ دەرکرد و عەلیبەگیان لەجێ دانا. ئەسکەندەر بەگ لە دوای ئەوەی لە سەر ورمێ وەلا برا، فەرمانبەری نایە لاوە و گۆشەگیری پەسند کرد و خەریکی نوێژ و ڕۆژوان بوو. عەلی بەگیش لە دوای ساڵێك کە ورمێی خوارد، پێمیردی خودا لە دوی نارد و بە دووگەزە خاکی ئەسپارد؛ هیچ نێرینەشی لێ نەکەوتەوە.

ئەولیا بەگ

کوڕی بداغ بەگ، کوڕی شامحەمەد بەگ

ئەگەر بابی مرد گچکە بوو، لە بەر ئەوە مەزنایەتی بنەماڵە تا چەند ساڵێك کەوتە دەستی پسمامانی. بەڵام کاتێ کە پێگەیی، ژیانی منالی دادواوە و سیایی کالی کوژاوە؛ بە خودا هات و بووژاوە. سەر و سیمای مەردانەی و کروکاری پیاوانەی، دڵی خەڵکی بۆ خۆی کێشاو هۆز و خزم و کەس -سەر لەبەر- پەنا و هانایان بردەبەر بارەگای دنیا پەسیوی سولتانی خودا بەخشیو و لالانەوە و پاڕانەوە کە ئەولیا بێتە سەریان و سەرداری هەر بەو ڕەوایە و کەسیتر بە کاریان نایە. سولتان نیازی ڕەوا کردن و ساڵی ٩٨٥.ك (١٥٧٧.ز) عەلی بەگ لە میرایەتی خرا و مەزنایەتیەکە بەو درا.

ئێستا کە مێژووی کۆچی ساڵی هەزاروپێنجە، میرایەتی سۆمایە دەبەر دەستی ئەو دایە.

دەستەی دووەم

فەرمانڕەوایانی تەرگەوەڕ و قەڵای داود

ناسر بەگ

کوڕی شێر بەگ کوڕی شێخحەسەن بەگ

سولتان ئەحمەد ناوێک -کە دەبێتە باپیرە گەورەی مەزنەکانی مەرگەوەڕ- لە زەمانی خۆیدا مەرگەوەڕی لە برادۆست دابڕیوە و خۆی بە سەری ڕاگەیشتووە و دەستا و دەست هاتووە هەتا بە ناسر بەگ گەیشتووە. دەوەختێکدا کە من بە نووسینی ئەم چەند ڕووپەڕە بێ سەرەوبەرانەوە خەریکم، هەر ناسر بەگ فەرمانڕەوای مەرگەوەڕە. پیاوێکی زۆر بوێر و سەرگەرم و بە خۆوە ژیوە و دنیای زۆر دیوە و تەمەنی لە هەشتا تێپەڕیوە. لەسەر کێشەی کەوشەن و سنوور، هەرای دەگەڵ هۆزی دێری بەرپا کرد. ئەوانیش سەر بە زەینەڵ بەگی هەکاری بوون و دەگژ یەك ڕاچوون و سەد کەسێك لەو ناوەدا کوژرا.

سەروەختێك ولاتەکەی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە شاتۆماسب. زەینەڵ بەگی هەکاری بە نەیاری ناسر بەگ، شێر بەگی کوڕی لێ هانداو سۆمای بۆ لە مەرگەوەڕ جیا کردەوە و بە ناوی سنجاق بە سەریەوە دانا. شێر بەگ چونکە بێ دڵی بابی خۆی کرد، بەهرەیێکی لە ژیان نەبرد و بە نەخۆشی چاوقوولکە مرد.

لە پاش شێر بەگ فەرمانڕەوایی مەرگەوەڕ کەوتە دەستی زەینەدین بەگ، کە پسمامێکی شێر بەگ بوو. ئەویش لە جەنگی قزلباش لە سەعدابادی لای تەورێز -وێڕای میر وبەگلەرانی کوردستان- لە مەیدانی شەڕدا کوژرا و ناوچەی مەرگەوەڕ دووبارە وەدەست ناسر بەگ کەوتەوە.

پیاوێك بە ناوی خدر بەگ خۆی لە ناسر بەگ خۆش کرد و پەنای بە سولتانی ڕەحمەتی برد و مەرگەوەڕی بە سنجەق ئەستاند. ناسر بەگ دەسەریەوە نەچوو؛ لە تۆڵەدا گیانی

شیرینی لێ ئەستاند! پاش خدر درا بە یوسف بەگ. دوای یوسف کەوتە دەست شامحەمەد بەگ. ئەوجار دایان بە حوسێن بەگی شێخ حەسەن بەگ و ئێستا بۆتەوە هی ناسر بەگ.

ناسربەگ بابی هەشت کوڕ بوو: شێربەگ، یوسفبەگ، قەرەخان، ساروخان، شامحەمەد، تەیموورخان، حوسێنی و حەیدەر. وەك باسمانکرد شێربەگ بە چاوقوولکە مرد. یوسف و تەیموورخان خدر کوشتنی. سارۆخانیش بە دەستی حوسێنی برای بە کوشت چوو[1].

١- نازانین چارەنووسی ئەو میرنشینیە پاش ناسر بەگ چی لێ هاتووە؛ بەڵام ئەوەی ئەمین زەکی و حوسێنحوزنی لەو بارەوە نووسیویانە پوختەی دەکەینەوە و دەیخەینە بەر چاو:

ئەمیرخانی یەکدەست

ئەمیر (قەرەتاج؟) کە یەکدەستیان پێ گوتووە زۆر دۆستی شاتۆماسب بووە و ورمێ و شنۆی پێ سپاردووە. لە دوای ئەوەی کە میرەکانی کوردستان پەنایان بە عوسمانی برد، ورمێ و شنۆ دران بە شامحەمەد بەگی برادۆست. ئەمیرخان سەری بۆ نەچەماند و چووە ژێر داڵدەی میرعومەر بەگی سۆران و لە شەڕێکدا کە بۆ ئەوی دەکرد، دەستێکی پەڕی.

ڕۆژگاری شاتۆماسب میری سۆران عومەرناویان نەبووە؛ عومەر بەگی دەرەتەنگ و باباعومەری کوڕی سەیفەدین مسوکری هەن کە ژیننامەشیان نازانین. هەروەها ناوی میرقەرەتاجمان بە بەر چاودا نەهات. زۆر وێدەچێ قەرەخان کوڕی ناسر بەگ بێ و لە نووسیندا بۆ قەرەتاج وەرچەرخابێ. حوزنی لە سەری دەڕوا و ئەمین زەکیش هەر لای وایە کە لە دوای ئەوەی شاعەبباس هاتە سەر تەخت و ئازربایجانی لە عوسمانی ساندەوە، ئەمیرخان چووە لای و شا زۆری ڕێز لێنا و دەستێکی زێڕی بۆ دروست کرد و نازناوی چنگزێڕی دایە و قەڵای مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و شنۆ و ورمێ و سەرۆکایەتی هۆزی برادۆستی خەڵات کرد و بەرێ کردەوە.

ئەمیرخان قەڵای ورمێی پەسند نەکرد و لای وابوو لە بەر هێرشی نەیاراندا خۆ ناگرێ؛ بنیاتی قەڵای دمدمی داڕشت کە سێ فرسەخ لە ورمێوە دوورە. یەکجار پتەوی دامەزراند و چەند قەڵایچەشی دەناودا دروست کردن و عەنباری ئازووقە و عەنباراو و پاسگەی دیدەوانانی ساز کرد و دژێکی بۆ پاراستنی ناوەکەو ئەندەروونێکی زۆر قایمی بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی لێ هەڵخستەوە. هەر لەو ڕۆژەوە کە دەستی بە داڕژتنی هیمی قەڵا کرد، ئەمیرە شیعە مەزهەبەکان کەوتنە بەربەرەکانی و لای شا بۆیان تێدەچاند و تەنانەت پیریداغ بەگی فەرمانڕەوای ئازەربایجانیش کلکی تێخست و دنەی شای داکە نەهێڵی پرۆژەی قەڵا سەر بگرێ؛ بەڵام ئەمیرخان گوێی بە دوو زمانی سۆزمانان نەدا و فەرمانیشی پشت گوێ خستن و ڕانەوەستا تا قەڵای سەرگرت.

هەر لەو سەروبەندەشدا نزیکەی بیست هەزار کەسێك لە جەلالیان لە بەر قویوچی مرادپاشای ←

← عوسمانی ڕەوین و پەنایان بە ئێران هێنا. شا فەرمانی داکە دەهەزاریان بچنە برادۆست و حەسەنخانی ئیستاجلووی والی هەمەدانی بە لەشکرێکەوە دەگەڵ ناردن و ڕایسپاردەلای ئەمیرخان کە دەبێ ئەو جەلالی‌یانە لە لای خۆی جێ بکاتەوە. ئەمیرخان لە ترسی ئەوە کە ئەوەك هۆزەکەی خۆی بکەونە تەنگانەوە، سەرپێچی لەو فەرمانە کرد و دەگەڵ قزلباشەکانی شادا بە شەڕ هات و زۆریشی زیان پێ گەیاندن. شا کە زانی ئەمیرخانی لێ یاغی بووە، لەشکرێکی زۆری کۆ کردەوە و لە ٢٦ی شابانی ساڵی ١٠١٧.ك (٥ی دیسامبری ١٦٠٨.ز) بە سەرکردایەتی ئیعتمادوددەولەی وەزیر ناردیە سەر ئەمیرخان.
چەند نامەیەك لە ناودا ئاڵ و گۆڕی کرد و داوای لێ کرا کە بێتەوە بەر فەرمان و قەلا چۆڵ کا. بەلام خان چونکە زۆری دەقەلاکەی خۆی ڕادەدی، گوێی بە گەف و هەڕەشە نەدا و لە قەلادا حاسیە بوو. لەشکری ئێران دەوری داو ماوەی چوار مانگ شەڕیان دەگەڵ کرد و زۆریان خوێن بەخت کرد و چیان بۆ دەگەڵخان نەکرا. لە ئەنجامدا سەرچاوەی ئاوی قەلایان دۆزیەوە و ئاویان لێ بڕی و دەوروەدراوان بیست و یەك ڕۆژ ئازاری تونیەتیان کێشا و بە گەناوانیان ڕادەبوارد. بەلام عاسمان کۆمەگی کرد و بارانەیەکی بە خوڕڕەم باری و عەنباراوی پڕ کردنەوە. سەرکردەی لەشکری ئێران کە زانی بە ئاو بڕین چی بۆ نەکرا، فەرمانی پەلاماردانی داو گوتی کەس نابێ تا نەمرێ دەست لە هەلمەت بردن هەلگرێ. لەو هێرشە هەموانیەدا یەکجار زۆریان کەلاك داو خوشین هەتا گەینە بن دیواران و لە ناو دژداران و هێرش بەراندا شەڕی زۆر گران و بە سام قەوما و چەند مانگێك هەر لێکیان داو خوێنی یەکتریان ڕژاند و ئاخری قزلباش توانیان بورجێك لە قەلا بگرن. ئەو بورجە قەرەبەگ و پیاوەکانی پاسداری بوون؛ هەموویان کوژران. بە گرتنی ئەو بورجە قزلباش گورج بوونەوە و دژداران توزێك دژدامان. پاش ماوەیەك ئەو قۆنگرەش کە پیریداغ دژداری بوو، کوری ئەمیرخانیش دەگەڵ پارێزگارانیدا بوو، کەوتە دەست قزلباشەوە. کەم کەم هێزیخان کەم دەبوو؛ گوللە تۆپ و بەرە تفەنگ -کەی کەم ئێستەی کەم- بە سەر کوردانداا دەباری و لە لایەکیشەوە زۆر لە پیاوەکانیخان کە تالانی قزلباشیان دەست کەوتبوو، بەو دەسکەوتەوە ڕۆیبوون و نەگەڕابوونەوە. لەو دەمەشدا ئیعتمادوددەولەی سوپاسالاری هێرشبەران مردبوو، محەمەد بەگی بێگدلی هاتبووە شوێنەکەی.خان دەیزانی هەتا سەر خۆی بۆ ناگیرێ، نامەی بۆ بێگدلی نووسی و پێی ڕاگەیاند کە ئەگەر بەڵێنم بدەنێ نەمکوژن هەتا چاوم بە شا دەکەوێ، قەلاتان بۆ بە جێ دێڵم. بێگدلی ئەمەی پێ خۆشبوو.
خان هات و بوو بە میوانی و لە ناو خێوەتی بێگدلیدا پەزیرایی لێ کرا.
حەسەنخانی ئیستاجلوو زۆری ڕك لەخان هەلگرتبوو؛ کاتێ بە هاتنی زانی، بە محەمەد بەگی بێگدلی گوت تۆ میرخان و پیاوەکانیت لە یەك جێگەدا داناون چۆن ناترسی؟ باشتر وایە لە ناو سوپاگەدا بلاویان کەی. بێگدلی لە سەر قسەی ئەو، پیاوەکانی بە ناو خێوەتاندا دابەش کردن و ئەمیرخان و چەند هەوالێکی لە خەیمەی خۆیدا هێشتنەوە.خان ئاودالی موکری و پیاوەکانی وەبەر خێوەتی ئەلیاس خەلیفە کەوتن و هێشتاش بۆ خۆی لە سەنگەرێ دەر نەچووبوو. کاتێ کە هاتەوە و دیتی، واخان ئەبدال و پیاوانی هەر ←

→ بە چەکەوە ماونەوە؛ دەشیەویست لە ناویان بەرێ. دەنۆکەری خۆی ڕاخوڕی کە بۆ هێندەگێژ و وێژن؟ چۆن ئەو میوانە بەرێزانە لە مالّی مـن هـەر بـە چـەکەوە دانیشـن و مانـدوویان نەحەسێتەوە. وەرن ئەو چەکانەیان لێ وەرگرن.خان ئاودال زانی بە دلّپیسی وا دەلّێ و شتێکی دەبن سەردا هەیە. ئامادەنەبوو نە خۆی و نە پیاوەکانی چەك دانێن؛ بەلاّم ئەلیاس خەلیفە دەستی بەر نەدا و هەر سوور بوو کە چەکیان لێ وەرگرێ. خان ئاودال لێی ڕاپەڕی و بە شیر لەت و پەتی کرد و پیاوەکانیشیان هەموو کوشت و بەو هەرایە قزلباش هاروژان و دارژانە سەر شەرکەرانی موکری و برادۆست و سوپاکە بوو بە شەرگە و هەر دوك لا شیشانە گیانی یەکتری و هەموو پیاوەکانی موکری و برادۆست لە شەڕدا کوژران و ئەو پالّەوانە بێ هاوتایەش دوایی بە ژیانی هات. جەمیل

ئەمین زەکی لە رووپەڕ ۱۸۸ *تاریخ کورد و کوردستان*، تەرجەمە عەرەبیەکەی محەمەدعەلی عەونی، چاپی بەغدادا دەلّێ: ئەمیرخان دەگەلّ عومەر بەگی سۆران بە شەڕ هات و دەستی پەڕی. ئەمە پێچەوانەی پەراوێزەکەی پێشووە کە گوتی شەڕی بۆ عومەر بەگ دەکرد و دەستێکی دۆڕاند. هەژار

ئولوغ بەگ

ڕەنگە کوڕی میرخدر، کوڕی ڕوستەم، کوڕی باباعومەر، کوڕی سەیفەدین موکری بووبێ

لە پاش ئەو کارەساتە جەرگبڕە کە بوو بە لەککەیەك بە سەر ناوچاوانی مێژووی جیهانەوە، ئەمیر قوبادخانی بێگدلی برای محەمەدخانی بێگدلی سوپاسالاری عەجەم، بەسەر قەلاّی دمدم ڕادەگەیشت. حەوت سالانی خەلّکی ئەو ناوچانە بە جۆرێك چەوساندەوە کە لە پەڕ و پۆی کردنەوە. لەم بەینەشدا هۆزەکانی برادۆست بووژابوونەوە و بە بیری تۆلّە و ڕزگار بوونەوە دەژیان. پەریزادخاتوونی ژنی ئەمیرخانی لەپزێڕین، لەم ماوەیەدا هەر لە دمدم بە نهێنی دەژیا و کارەکەری مالّانی دەکرد و چاوەنۆڕی هەلێك بوو کە تۆلّەی بۆ بسەنرێتەوە.

ئولوغ بەگ لە میرانی برادۆست و خزمی نزیکی خانی لەپ زێڕینیش بوو. لەوساوە پەڕەوازە ببوو، دوور لەو ناوە دەژیا. پەریزاد خاتوون لە پەستا نامەی بۆ دەنارد و دنەی دەدا کە دەستێك لە قزلباشان بوەشێنێ. ئولوغ بەگ خۆی لە دەوری قەلاّ داگرت و لە دەرفەتێك دەگەڕا. ڕۆژێك قوباد بە نیازی ڕاو لە دژ دەرکەوت و ئولوغ خۆی دەناو پاشماوەی دەژداران هەلکرد و دەستی کرد بە قەلّت و بڕیان و دوابڕاوی کردن. قوبادخان کە ئەمەی زانی بە هەلّەداوان هاواری بۆ ئەمیرئاغا سولّتانی مەراغە نارد و ئەویش پیربداغی حاکمی تەورێز و شێرسولّتانی فەرمانڕەوای موکوریانی بە هیمدادەوە نارد و دەوری قەلاّیان داو ئولوغ بەگ کەوتە خۆ کە دەگۆیان ڕاچێتەوە؛ بەلاّم بەختی چەوتی هێنا و لە کاتێکدا کە جبەخانەی بە سەر پیاوانیدا دەبەشیەوە، ئاگر بەر بووە باڕوتەوە و عەنباری فیشەك تەقیەوە و گڕ دەسەر و چاوی هالاّ و خۆی و زۆربەی پیاوەکانی بە سووتان شپرزە بوون و سووتمانەکە پرزەی بڕین و چاری ناچار بە نیوەشەو بە برینەوە لە قەلاّیە هاتنە دەر و بە هەلاّتن چارەسەری خۆیان کرد. ئیتر پارێزگارێك بۆ دژ نەما. جەمیل

بەندی پێنجەم
فەرمانڕەوایانی مەحموودی

ئەو کرکارانەی تیسکی پەستواوی کولکەی مێژوویان ڕێك پشکنیوە و بەشی کراوی بە سەر ددانەی شەی لێکدانەوەی وردیان داداوە و چەند کەلووی خاویان بە لوولدراوی لێ هەڵپێچاوە و بە سەر نەتەرەی بنووسی لووسیان کرژیان باداوە و گرمۆڵە و گلوویان لێ قرتاندووە و گرێ و گرفنچکیان لێ ڕەهاندووە و بە گلۆڵە و لوولە هەڵیانماڵیوە و ماشەری ژینی پێشینیانیان لێ هەڵوێزنیوە، سەرەتای داوی تێك ئاڵۆزاوی ڕەسەنی کۆنی ئەو بنەماڵەیان پەیدا کردووە و یەکلا کردووە و دەڵێن: فەرماندارانی هۆزی مەحموودی، سەری ئەو سەریان بە پادشایانی مەڕوانی دەگات و هێندیکیش ئێژن: دەگەڵ میرانی جزیر پسمامن.

سەروەختێك بووە لە ڕۆژگاری تورکمانانی قەرەقۆینلوو، شێخمەحموود ناوێکیان لە شامەوە یان لە جزیرەوە -بە هۆز و خزمانیەوە- هاتۆتە ئازربایجان و قەرەیوسفی تورکمانی لە قەڵای ئاشووت دایمەزراندوون و شێخمەحموودیشی دەنێو پیاوانی بەردەستی خۆیدا جێ کردۆتەوە. شێخ زۆر پیاوێکی بەجەرگ و ئازا و چاونەترساو بووە؛ لە زۆر شەڕاندا ناوی دەرکرد و سەرکردە گەلێك پتری خۆشویست و ناوچەی ئاشووت و ناوچەی خۆشابی بە میرایەتی پێ سپارد و نازناوی مەحموودی لە هۆزەکە نا. کە ئەویش نەما، مەزنایەتیەکە هەر لە جێ خۆی ما و کوڕ، کەلەپووری بابی دەسکەوت.

میرحوسێن بەگ کوڕی شێخ مەحموود

لە شوێنی بابی بوو بە جێنشین و لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری ئاققۆینلوودا بەختی هێنای و ناوچەی ئەڵباقیان بۆ لە هەکاریان ساند و دەگەڵ ناوچەی خۆی تێکەڵ کردەوە. تورکمان زۆر جار کۆمەگیان دایە و عیززەدین شێریان بە هۆی ئەو شکاند و وڵاتی شەنبۆشی دەست بەسەردا گرت. عیززەدینشێر

هانای بردەبەر میـری بدلیسیێ کە فریای کەوێ و هۆزی مەحـموودی لە کۆڵ کاتەوە. میـری بدلیسیش لەشکری زۆری بە سەرکردەیی شێخ ئەمیـری بلباسی بۆ هێمـدادی نـارد. میـرحوسێنیمەحـموودی ئاگای لە مەحـموودی بێـزەواد نـەبوو، بـە ئـارەزوو لـە سـەر گـوێ چـەمی خۆشـاب -کـە چـەمی میـرئەحـمەدی ناوە- بەو پەڕی غلوری و سەربەستیەوە ڕایدەبوارد. شێخ ئەمیر وعیززەدین لـە پـڕ بـە سەریاندادا و خافڵگیـریان کرد و لەو دەم ڕووبارە شەڕێك قەوما کـە بـە داسـتانی بگێڕنـەوە. چڕە و گوڕەی گوردی کوردان، گەردوونی سەرگەردان دەکرد. لە هەموو لاوە هەر خوێن بوو فیچقەی دەکـرد و هەر سوار بوو سەرەنگرێی دەبرد و هەر شیـر بوو بریقەی دەهات و هەر تیـر بـوو کارەسـاتی دەگێـڕا. تیـرێك میـرحوسێنی پێکا و تێکیگلاند و بەرەو نەمانی ڕەتاند و کوڕێکی بە نـاوی میـرحامید لـە پاش بەجێ ما.

میـرحامید کوڕی میـرحوسێن

لە پاش کوژرانی بابی جێگەی گرتەوە و ئەویش هەر بەو جۆرە زۆر ساڵان خۆی کردەپیاوی قزڵباشـان و لە ریزی پیاوە گەورەکانیان بوو. کاتێ کە لەشکری مەرگ بە سەریدا داو بە تیـری گیانکێشانی پێکـا و لە رووکاری ڕۆژگاری تەرە کرد، سێ کوڕی بەجێ هێشتـن: میـرشەمسەدین، عیوەز بـەگ و میـرە بەگ.

عیوەز بەگ کوڕی میـرحامید

لە پاش بابی کرا بە میرلیوای خۆشاب و بە سەر هۆزی مەحـموودیش ڕادەگەیـشت؛ بـە گـژ ئۆرکـەمز سولتاندا هات، کە بە فەرمانی شائیسماعیل کاروباری وان و وستانی بەڕێوە دەبرد. ئۆرکەمز گرتـی و لە قەڵای واندا بەندی کرد. لە گرتووخانەوە پیاوی ناردەلای شەرەفخانی فەرمانڕەوای بـدلیس و لێـی پاڕایەوە کە لەو بەندەی ڕزگار کا. شەرەفخان نامە و پیاوی ناردەلای ئۆرکەمز و داوای بەردانی عیوەز بەگی کرد؛ ئۆرکەمز بەری نەدا. شەرەفخان هەر خۆی چووە وان و لە سەر چـۆمی خرکـوم ڕۆنیـشت و داوای ئازاد کردنی کرد؛ ئۆرکەمز دیاریوو خاوە خاوی دەکرد. شەرەفخان لە داخان فەرمانی تالانی وان و وستانی بە پیاوەکانی خۆی دا. ئۆرکەمز خـمی لێ شێوا و لە ڕووی ناچاریەوە عیوەز بـەگی بـەردا و ناردیە لای شەرەفخان. ئیتـر عیوەز بەگ لە پاش ئەوە بۆ ماوەیەك ببـووە بەردەسـتی شائۆماسـب و

ڕەگەڵ میـرەکانی قزڵباش خرابوو. ئەوسا ناوچەی ئەڵباقیش خرایە سەر خۆشاب و چەند ساڵێك عیوەز بەگ بە بریکاری قزڵباشان بە سەری ڕادەگەیشت و کاتێ کە سـوڵتانی مـەرگ لـە قـەڵای گۆڕسـتاندا بەندی بێبڕانەوەی بۆ بڕیەوە، پێنج کوڕی لە پاش مان: حوسێنقولی بـەگ، شـاعەلی بـەگ، هـەمزە، حەسەن و بداغ.

حوسێنقولی بەگ کوڕی عیوەز بەگ

لە دوای ئەوە کە سوڵتان سولەیـمان خانی خەزاکەر وڵاتی بدلیسی داگیـر کرد، ناوچەی کارجیکانی بۆ ماوەیەك بە سنجەق دایە و لەدوایە لێی سێندرایەوە و بە دەرکراوی چووە دیاربەکر و لـەوێش نـەژیا و گۆڕێکی کووڕی بۆ دیاری کرا و کوڕێکی بە ناوی بایەندوڕ بەگ لە دوو ما.

بایەندوڕ بەگ کوڕی حوسێنقولی بەگ

لەو ڕۆژەوە کە خۆیە گیـراوە -لە لایەن سوڵتانی ڕەحـمەتیەوە- قەڵای نوانی سەربەخۆیەی پـێ دراوە و بە سنجەق بە سەری ڕادەگا.

شاعەلی بەگ کوڕی عیوەز بەگ

لە بریکاری شاتۆماسب بۆ ماوەیەك مەزنایەتی مەحـموودیانی لە دەستا بـوو. حوسـێن بـەگی کـوڕی میـرە بەگ -کە میـرلیوای ئاڵباق بوو- کوشتی و کوڕێکی بە ناوی خالید بەگ ماوە و ئێستا ناوچەی جورسی بە سنجەق دەبەر دەستدایە.

هەمزە بەگ کوڕی عیوەز بەگ

لە پاش کوژرانی برای -لەسەر فەرمانی شاتۆماسب- خۆی و هۆزەکەی بوونـە هاریکـاری دەلوپیـــری ناوێکی قزڵباش؛ کە کرابووە میـری مەحـموودیەکان. لە ئەنـجامدا هۆزی مەحـموودی دەلوپیـریـیـان بە گیـر هێنا و بەر شیـریان داو هەستیان لێ بڕی و هەمزە بـەگیان کردەمـەزن. شاتۆماسـب ناردیـە سەری و بە زۆر گرتی و دەسووچی زیندانی خزاند و لە پاش سەردەمێك بەری داو دەگـەڵ هێنـدێك لـە ئاغایانی مەحـموودی کردنیە پیاو و بەردەستی حاجی بەگی دونبوڵی.

لە ئەنجامدا هەر حاجی بەگ ئەو و ئاغا مەحموودیەکانی لە خۆیە کوشت.

خانمحەمەد

لە پاش لەناوچوونی هەمزە، فەرمانڕەوایی مەحموودی لە دیوانی شاوە بە خانمحەمەد، کوڕی شەمسەدین، کوڕی میرحامید درا. دوای چەند ڕۆژێك شاعەلی سولتان حوسێنی فەرمانڕەوای وان، محەمەدخانی گرت و لە قەلای واندا پێوەندی کرد و سەرۆکایەتی هۆزی مەحموودی لە دیوانی شاوە بە هۆزی دونبولی درا و هەموو دونبولیەکان -جگە لە تیرەی ماپڕەشان- کە چەند کەسێکی کەمیان دەقەلای ئاغچەقەلادا بوون و هەروەها جگە لە هێندێك کەسیتر، کە دەقەلای خۆشاب خزا بوون- هەموویان هاتنە بەر فەرمانی حاجی بەگەوە.

خانمحەمەد هەر چۆنێك بوو خۆی لە زیندان ڕزگار کرد و خۆی گەیاندەئاغچەقەلا و گەیشتە پال مام ڕەشیەکان. مەحموودی کە پێیان زانی، کۆمەلێکیان ڕایان کرد و ئەوانیش چوونە لای خانمحەمەدی ئاغایان. چەند لاوێکی زۆر چالاك و بێباك دەگەل خانمحەمەد خۆیان بۆ گیانی حاجی بەگ دەدەسك نا و لە شەوێکدا لە پرونەکاو هەلیانکوتا سەر قەلای ئاشووت؛ کە حاجی بەگی تێدابوو. خوت و خافل خۆیان تێکرد و بە شیر و تیر تێیان بەربوون و دونبولی زۆریان لێ کوژرا و حاجی بەگ بریندار کرا و بە هەزار کێشە و گیرە خۆی لە دەستیان دەرباز کرد و بە زامداری لە ناو قەلا خۆی شاردەوە.

خانمحەمەد پیاوی نارده دیاربەکر و ڕایسپارده ڕوستەم پاشای میری میران و پێی ڕاگەیاند کە ئامادەم سەر وەبەر باری بارەگای سولتان سولەیمانخانی خەزاکەر بێنم.

شاتۆماسب کە وایزانی، فەرمانێکی بۆ خانمحەمەد نووسی کە سەرۆکی هۆزەکەی بێ و بۆی نارد. لە دواییشدا فەرمانداری هۆزی مەحموودی لە لایەن دیوانی شاتۆماسبەوە درا بە حەسەن بەگ و خانمحەمەد بە خۆشی خۆی دەستی لەو مەزنایەتیە هەلگرت و بە ئاغچە قەلای دەساچاند و ڕۆژانەش سەد ئاغچەیتری لە دیوانی عوسمانیەوە بۆ بڕابۆوە و لە خەزێنەی دیاربەکر دەیاندایە و ڕەگەل تیپی ڕەمەکی (متفرقە) خرا بوو. لە سەر سنوورەکانی نزیك بە قزلباش زۆر ئازایانە خزمەتی عوسمانیانی کرد و زۆریش لە سەر دنیا ژیا. سێ کوڕیشی بوون: مەلیك خەلیل، میرشەمسەدین و

سەیدمـحەمەد.

سەیدمـحەمەد هەر لە ڕۆژگاری بابیدا مرد و پاش نەمانی خانمـحەمەدیش کوڕەکـانی لـە سـەر دژی ئاغچەقەڵا دەگژ یەکتـری ڕاچـوون و شەمـسەدین مـەلیکخـەلیلی کوشـت و ئێـستا هـەر خـۆی جێنشینی بابە و ئاغچەقەڵای لە دەستدایە و لە ڕاستیشازۆر لاوێکی ڕێکوپێك و پیاوێکی فرە هێژایە.

میـرە بەگ کوڕی میـرحامید

لە پاش نەمانی عیوەز بەگی برای، لە دیوانی قزڵباشەوە کرا بە فەرمانڕەوای مەحـموودی. لەو دەمەدا کە میـرشەرەفـخانی بـدلیس و ئۆڵمـەتکلوو شـەڕیان بـوو، میــرە بـەگ لـە جەنگـەی جەنگـدا لـە شەرەفـخان هەڵگەڕاوە و خۆی گەیاندەسوپای ئۆڵمە. پاش ماوەیەك لە لای ئۆڵمەش بـوو بـە دۆڵمـەی هەڵوەشاو و هاتە بەرچاو کە ڕاست ناکا و چی وای دەباراندا نیە. کە دی خەنەی ڕەنگی نـەما، بـەرەو ئێرانی باداوە و لەلای شاتۆماسب گیـرساوە.

سوڵتان سولەیـمانخانی خەزاکەر بەو ئاکارانەی زانیبوو. کاتێ لە گەرمەسێری بەغداوە بۆ گـرتنی تەورێز دەچوو، میـرەبەگیش لەو سایەدا بۆ ژێر سـایەی عوسـمانیانی بـا دابـۆوە. سـوڵتانی هـەموو دنیایە چاوەشـێکی لـە چاوەشـانی بارەگـا ناردەشـوێنی. دەڵـێن خـاین ترسـەنۆکە. ئـەویش ترسـا و چاوەشەکەی سوڵتانی کوشت و کوردەکانی بەر دەستی خۆی بۆ هەرا و شەڕ ئامادەکرد. خوێنی چاوەش بوو بە خوێنی سـیاوەش و هـۆردوی سـەر لـە بـەر شـڵەژاند و لـە هـەموو لاوە هێرشـیان بـۆ کـرد و پیاوەکانیان کوشت و خۆشیان گرت و دەگەڵ چەند هاوکارێکیدا هێنایانە بەر دیوان و هەر دەم و دەست میـرغەزەبان خوستیان لێ بـڕی و بە سزای ڕەوایان گەیاند.

دوو کوڕی چووکی لە پاش مان: مەنسوور بەگ و زەینەڵ بەگ.

مەنسوور و زەینەڵ

دوای ئەوەی کە لە خەم ڕەخـسـین، لـەو سـاڵەدا کـە سـوڵتان سولەیـمانخـانی خەزاکـەر سـەفەری نەخـچەوانی دەکـرد، ئـەو دوو برایـە بـە یەکـەوە چـوونە بارەگـای شاتۆماسـب و شـاش ناوچـەی سەکمەنئابادی سەر بە خۆی بە ناوی سنجەق دابە مەنسوور؛ کە هەتا ژیاوە لێی نەسێننەوە. زەینـەڵ

بەگیشی لە ڕیزی پاسدارانی پایەبەرزدا دامەزراند.

لەو سەردەمەدا کە شائیسماعیلی دووەم هاتە سەر تەختی ئێران، مەنسوور بەگ چووە خزمەتی و ئاوڕی بە خێری شاهانەی بەرکەوت و گەلێکی ڕێز لێ گیرا.

لە پاش مەرگی شائیسماعیل -کە هێمنی ناو دوو دەوڵەت جێگەی خۆی بە دوژمنی داو ئاشنایەتی نێو پادشایان وەشێرا و هەرایان لێ پەیدا بۆوە- خوسرەوپاشای میری میرانی وان بەڵێنی بە مەنسوور بەگ داکە سنجاقی بارگیری بە موڵکایەتی بداتێ و هێنایەوە لای عوسمانی و ناوچەی مووشیشیان بە ناوی ئالیکانەوە بۆ خستە سەر بارگیری. زەینەڵ بەگیش زەعامەتیان بۆ بڕیەوە و کاتێ مردیش دوو کوڕی بوون: هەمزە بەگ و قوباد بەگ.

هەمزە بەگ کوڕی زەینەڵ بەگ

ساڵی ١٠٠٢.ك (١٥٩٣و٩٤.ز) لە سەر پەسندی جەعفەرپاشا، ناوچەی سندووسی سەر بە مەراغەی درایە دەست. ماڵ و ماڵات و خێڵ و خێڵاتی مەحموودیان چوونە سندووس و هەر وەك لە باسی موکریدا نووسراوە، دەگەڵ شێخ حەیدەر بە شەڕ هاتن و هەمزە و قوباد بەگی برای و سەد کەسێك لە مەحموودیان و دۆستانیان بە کوشت چوون و دار و نەداریشیان وەبەر تاڵانی موکری کەوت.

حەسەن بەگ

کوڕی عیوەز بەگ، کوڕی میرحامید

هۆزی مەحموودی کە ئێزدی بوون، ئەو حەسەن بەگە یەکەم میرێکە ژئۆلابەرێ پۆشمان بووە و بڕاست و ژدڵ بسڵمان بووە و لە نوێژ و ڕۆژی و حەج و زەکاتدان، گەلێك چێ بووە و کوڕەکانی خۆی فێری قورعان خوێندن و ئەرکی دین بەجێهێنان و پەیڕەوی کردنی پێغەمبەر کردووە؛ فێرگەی ئایینی و مزگەوتی زۆری لە وڵاتی خۆیدا دروست کردوون. هەر وەك لەمەوبەر گوتمان کاتێ کە خانمحەمەد کوڕی میرشەمسەدین کرا بە فەرمانڕەوای مەحموودی، حەسەن بەگ ڕای‌کرد و ڕووی کردە دەرگای شاتۆماسب. شا بە چاوی پڕ لە بەزەوە لێی ڕوانی و فەرمانڕەوایی مەحموودی و قەڵای

خۆشابی خەڵات کرد و ڕەوانەی کردەوە.

کاتێ هاتەوە، خانمحەمەدخان -وەك بەختی بە کار- بە پیریەوە چوو؛ هەر بە خۆشی خۆی مەزنایەتیەکەی بۆی بەجێ هێشت و چووە ئاغچەقەڵا؛ کە هەر جێ و شوێنی لە مێژیان بووە و لەو قەڵایەدا نیشتەجێ بووە. حەسەن بەگیش هیچ دەستدرێژی بۆ نەدەکرد.

لەو سەردەمایەدا کە سوڵتان سولەیمانی خەزاکەر بە نیازی ئێران داگیرکردن دەچووە ئازربایجان، حەسەن بەگ لە رووی ناچاری و بە ئەستۆلاری ڕەوانەی ئاستانەی سولەیمان بوو. هەر وەك خۆیان هێشتەوە و میرایەتی خۆشاب و مەحموودییان پێ بەخشی. ئیتر لەو ڕۆژەوە زۆر بە پاکی و دڵسۆزی خزمەتی پادشای دەکرد. کاتێ کە ئەسکەندەرپاشای میری میرانی وان لەشکری بردەسەر حاجی بەگی دونبولی و لە خۆیە کوشتی، حەسەن بەگ لە شەڕەکەدا گاڵەی کرد و بە ئازایەتی تۆڵەی دڕدۆنگی چەند ساڵەی کردەوە. ئەسکەندەرپاشاهەر چۆنی دیبوو ئاوای بە پێچکەی تەختی خەلافەت گەیاند. سوڵتانی دۆست لاوێنەوەی دوژمن تاوێنەوە، شیری زێڕین و ئەشتی زۆر هێژای بە خەڵات دایە و لە ناو هاوسایە و هەوالانیدا سەرفرازی کرد. ساڵانە هەمبەر بە دووسەد هەزار ئاقچەی عوسمانیشی -لە بەر و بوومی زەمینەکانی تایبەتی شاهانەی سەر بە دیاربەکر، بە ناوی ئالیکانە- بۆ بڕایەوە. سەرەڕای ئەوەش فەرمانێك دەرچوو کە تا سیهەزار سەر ئاژەڵی خێلاتی هۆزی مەحموودی -کە دەچنە زۆزان و دێنەوە گەرمیان- پوشانە و سەرانە نەدەن. لە ڕاستیدا ئەویش هەتا خوا حەزکا لە خزمەتی دەوڵەتدا سەرڕاست بوو؛ لە فیداکاری و خزمەت گوزاریدا هیچ درێغی نەبوو. خۆ نەخوازا لەو دەورانەدا کە سوڵتان مرادخانی خوالێخۆشبوو بە نیازی ئێران گرتن لەشکری ناردەسەر قزڵباشان، ئیتر ئەو بەخت و خۆشیەی کە ڕووی کردەحەسەن بەگ و هۆزی مەحموودی، لە هیچ دەورێکدا هیچ میرێکی کورد ئەمەی بە خۆیەوە نەدیوە.

ئەوسا کە ئەسکەندەرپاشا لە وان بوو، پەلپی بە سوڵتانئەحمەدی فەرمانڕەوای خێزان گرت کە نابێ لە دیوانی واندا لە لای سەرووی دانیشێ؛ فەرمانی پیرۆزی لە سوڵتان سولەیمانخان ساند کە جگە لە زەینەڵ بەگی هەکاری، کەس ڕێی ناکەوێ وەلای سەرووی کەوێ. پەنجاساڵ بە سەربەخۆیی میرایەتی کرد و ساڵی ٩٩٣.ك (١٥٨٥.ز) لە وەختی تەورێز گرتندا -کە شەڕی قزڵباشانی دەکرد-

لە سەعداباد کوژرا. لە پاش ساڵێ کە عەسکەری هەمیشە لەسەر بە سەرداری فەرهادپاشای وەزیر بۆ هیمدادی جەعفەرپاشای میری میرانی تەورێز ڕۆیشت، پێشەی لەشیان کۆ کردەوە و هێنایانەوە خۆشاب و لە فێرگەیەکدا کە خۆی بنیاتی نابوو بە خاکیان سپارد.

سێ کوڕی لە پاش مان: عیوەز، شێر بەگ و شێخی بەگ.

عیوەز بەگ کوڕی حەسەن بەگ

هەر لە ڕۆژگاری بابیدا -لەسەر بەڵێنی عوسمانیان- ناوچەی ماکۆی سەر بە نەخچەوانی لە چنگ قزڵباشان ڕزگار کرد و قەڵایەکی تێدا درووست کرد و بە موڵکایەتی درا بە خۆی. بیست ساڵانی بە سەر ڕاگەیشت؛ لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٠٠٢.ك (١٥٩٣و٩٤.ز) بە هەوای داوای تۆڵەی خوێنی هەمزە بەگ و قوباد بەگی ئامۆزای، وێڕای خدرپاشای میری میرانی تەورێز، چووە سەر شێخحەیدەر و هەر وەك لێی دوایین، شێخحەیدەر ئەویش و گەلێکی‌تریشی لە مەحموودیەکان کوشتن و خوێنی لە دەوری قەڵا ڕشتن.

مستەفا بەگ کوڕی عیوەز بەگ

لە پاش کوژرانی بابی، لە بەزەیی دوورەبەستێنی پادشای دنیا ئەستێن، سوڵتانمحەمەدخانەوە، سنجەقی ماکۆی -هەر بەو دەستوورەی کە درابووە بابی- پێ بەخشرا و ئێستاکێ بە دەستیەوەیەتی.

عەلی بەگ کوڕی عیوەز بەگ

ناوچەی ئوردوبادی نەخچەوان بۆ ماوەیەك بە دەستیەوە بووە. زۆربەی پسمامان و ئاغایانی مەحموودی لە سایەی سەری حەسەن بەگەوە زۆر خۆشیان بۆ هاتبوو. گوندی قەوغا و بەرێژەو و مووچە و مەزرای بە برەوی ئازربایجان و ئەرمەنستانیان -کە لە دەست قزڵباشان دەرێنابوو- کامی هەرە باش بوو، بەو بنەماڵە و ئەو هۆزە سپێرابوو.

پیاو لە ڕاست لا نەدا، حەسەن بەگ پیاوێکی مەرد و ڕەند و کارپەسەند و هۆزپەروەر و دادگەر

بوو. وریایەك بوو کەس لە دنیا تای نەدەکرد. لەو ڕۆژەوە کە هاتبووە بەر فەرمانی عوسمانی تا ئەو ڕۆژەی کە تێیدا مرد، هەر کارێ کە بۆ دەوڵەتی کرد: شەڕ و هەرا، ئازایەتی، چبەهرەی بە دەوڵەت داوە، لە لایەن هۆزەکانیەوە، لە لایەن کوڕەکانیەوە، هەر خزمەتێك بەو سوڵتانانە کراوە، سەر لەبەر درشت و وردی لە دەفتەردا سیایی گرتبوو. بەرگێکیشی تێ گرتبوو. بە بەگلەر بەگ و دەفتەردارانی مۆر کردبوو. ئەوجار لەوان ترازابوو، لە وان بە قازیانەوە گەڕابوو؛ چووبووە لای هەموو میرە کوردەکان، ئەشەدەمبیللای پێ‌کێشابوون و بۆیان لە دەفتەر نووسیبوو، ئەوجار چووبووە لای سەردارانی پایەبەرز و دەرەجەدارانی جێگەورە و ئەوانیشی ساز دابوو؛ مۆری خۆیان بۆ پێوە نابوو. ئەوسا دەفتەری بە تەیاری نارده بارەگای سوڵتان مرادخانی ڕەحمەتی و بە تووڕەی شاهانەشی خەملاند. ئیتر خوا بتحەسێنێتەوە، هەر جارێکی هەر کارێکی بە دیوان با، دەفتەرەبۆری دەبن‌کەوشێ دەنا و بێ بەرگر و پێچ و پەنا، ڕاست بۆ دیوانی بەرزی سوڵتانی مل لێدەنا و دەفتەری لێك دەکردەوە و کردەوەی وە بیر دێناوە. دەفتەر ببووە عاسای مووسا و هێز نەبوو خۆی لە بەر بگرێ.

حەسەن بەگ هەر بە زیندی سەری کە ماکۆی بۆ عیوەز بەگ ساند، شێر بەگی کوڕی دووەمی کردەمیری مەحموودی و خۆشابیشی دایە.

شێر بەگ کوڕی حەسەن بەگ

پیاوێکی سەرسۆفیلکەیە و دەروێشانە هەڵکەوتووە. زۆرتری کات و ساتی بە هاونشینی مەلا و خوێندەوارانەوە ڕادەبوێرێ و خزمەتی پیر و پیاوچاکان دەکا و سەری لە ماڵی خوداش داوە. خۆراك و پۆشاکی زۆر دەدا بە دەروێش و عەبداڵ و هەژاران و هۆز و خزمانیشی زۆریان خۆش‌دەوێ و بە ئاکاری دڵخۆشن. ئێستا ئەوە دوازدەساڵە کە مەزنایەتی خۆشاب و پێشەوایەتی میرەکان و تیرەکانی مەحموودی دەبەر دەستی ئەودایە.[1]

١- ئەمین زەکی دەڵێ ئەو میرنشینیە لە پێشدا ببووە دوو جون و لە چەرخی دەی کۆچیدا سێ بەش بوو؛ هەتا ناوەڕاستەکانی دەورانی عوسمانیش هەر مابوون. لە ئەولیا چەلەبیەوە دەگێڕێتەوە کە: ئەم ئەمارەتە لە سەد تیرەی زۆر بە هێز پێك هاتووە و لە دەمی هێمنایەتیدا شەش هەزار چەکداری هەیە. لە هامریش دەگێڕێتەوە کە: ساڵی ١٠٤٩.ك (١٦٣٩.ز) عەلی‌پاشای حاکمی ئاشووت (ئاشیت) میریان بووە و قەرەمستەفاپاشای سەرەك ←

⟵ وەزیری عوسـمانی لە ناوی بردووە. بە داخەوە نازانیـن شێخی بەگی کوڕی حەسەن بەگ چی بە سەر هات. وێدەچێ لە شەڕی قەڵای دمدم کوژرابێ. جەمیل

بەندی شەشەم

فەرمانڕەوایانی دونبولی[1]

ئاش وەستایانی ئاسیاوی ڕووداوی بێوەستان، لە کۆرەگە و پەڕە و تۆپ و تەنبوورەی سەربهوردی دوورەوە پێدا هاتوون، تەوەرە و شیش و بستە و گردەڵە و مورووی سەرگوروشتەیان دابەستووە و لە داشکستانی داستانی کەوناراوە -بە تێبینی و بە سەنگینی- سەنگ ئاسیاوی دۆز و ئاوەزیان وەسەر خستووە. بە فرکەی ئاوی دۆڵی بنووس، زەنبوورەی نووکی لەبار دادراویان وەگەڕ خستووە و وێژەی بێژراو و گێژە و کراوی بێ گورگە و زیوانی هۆزی زمهەری ئاشێرەکانی خەت و دێرانیان لە سەر بانیژەی تژەی مژیەوە بە کەویژەدا لووزەو پێداوە و بە دەم چەقەنەی زمان و داندا بە ڕیز خزاوە و لە گەرووڵەوە خولی پێدراوە و لە سەر پەڕانی بست و گوێلپانی بیراز کراوی لە وازەداری پێ لێ داخرا و لێیان کردووە و مزە و تۆزاشی وشەگەل باشی بە پێز و پشتیان لە زۆرباراشان جیا کردۆتەوە و بە کاسەی پەلك و پسوولەی کەپوولە وەریانگێڕاوە و ئەوهایان لە هێڵەگ داوە کە: میرەکانی هۆزی دونبولی باپیری زوویان عارەبی شام بووە و هێندێکیش دەڵێن لە بنیچەدا خەڵکی جزیرن و کەوتوونە ئازربایجانەوە و هەمووش لایان وایە ناوی عیسا بووە.[2] پادشایانی ڕابردو سەگمەنئابادی لای خۆیان

١- *قاموس المحیط*، ج٣، ل٣٧٧ دەڵێ: دونبولێ لە سەر کێشی قونفود، هۆزیکی کوردی لای مووسڵن. ئەحمەد کوڕی ئەمیر و عەلی کوڕی ئەبوبەکر -کە هەردوکیان حەدیسەوان بوون- سەر بە هۆزی دونبولیین. جەمیل

٢- ڕەنگە میرعیسای کوڕی میریەحیای نیاز بێ کە بە سەلاحەدینی کورد بە ناوبانگ بووە و لە چاخی خۆیدا سەدهەزار ماڵی لە کوردی یەزیدی بەرەو ئازربایجان و قەهستان (کۆهستان) هێناوە. ئەمین زەکی لە کتێبی *آثارالشیعة الامامیه*وە دەگێڕێتەوە کە بنکەی هەوڵی، شاری تەوریز بووە و ماوەیەکیش بوەتە وەزیری هارونەڕەشید. لە *ریاض الخلدی* تاریخی دونبولیانیشەوە -کە عەبدولڕەزاق کوڕی نەجەفقولی دایناوە- ڕادەگوێزێ و دەڵێ: یەکەم میری دونبولی تاهیر، کوڕی میرعیسا، کوڕی میرمووسای حاکمی شامە؛ کە وەك دەڵێن ئەو مووسایە کوڕی یەحیای بەرمەکی وەزیری هارونەڕەشید بووە. زۆر وێدەچێ ئەمە ڕاست بێ چونکە مووسای کوڕی یەحیای ←

بە ئاورگانە داوەتێ.[1] ماوەیەك لەوێ ژیاوە و بەرە- بەرە هۆز و تیـرەی لێ هاڵاوە و هەڵیداوە.

دونبوڵیەکان لە بەرێدا سەر لە بەریان یەزیدی بوون. لە دواییدا میـرەکانی عیسابەگی و هێنـدێك هۆزی نزیك بە وان، لەو ئۆلە پاشگەز بوونەوە و خۆیان کردەسوننی مەزەب؛ بەڵام هێشتا زۆریان مـاون

← بەرمەکی لە هەراکەدا ناوی نیە و نازاندرێ چی بەسەر هات. دەبێ ئەو میـر عیسایەی ناو شەرەفنامە، ئەوەی ئەو عیسای مووسایە بێ، نەك هەر خۆی بێ؛ چونکە مەودایان زۆر لێك دوورە.

ئەمیـن زەکی دەڵێ: ئەو هۆزە زۆر تیـرەی لێ بوونەوە و لە هەمووان بەناوتر بەرەی یەحیا و بـەرەی شەمـسـەکی -کـە دەچنەوە سەر شەمسولـمەلیك جەعفەر و بەرەی عیسابەگلووی سەر بە میـرعیسا و بەگزادەی بـەرەی میـرفەرەیدون و ئەییوبخانی و هیتـریش، لە ڕۆژگارانی بەرێدا لە لایەن پادشایانی وەك مەئموون و تەیموورلەنگ و سوڵتان سەلیمەوە بەرەو کاشان و خوراسـان و خبوشان و شیـروان و گەنـجە و قەرەباغ و قەرەجەداغ و شوێنیتر ڕاونراون و دوور خراونەتەوە و ئەم هەمـوو لکانەیان لێ بۆتەوە.

وا ئێمە بە سـەر چـلی ژیننامـەی چـوار میــری بـەر لـە میـرعیسـا، لـە ئەمیــن زەکیـەوە دەگێڕینـەوە. ئـەو لـە *مشاهیـرالاکراد*دا دەڵێ: میـرمـحەمەد -یان ئەحـمەد- چوارەمیـن میـری ئەو بنەماڵە، حاکمی شام بووە و لە پاشان لە وڵاتـی هـەکاری چـەند قەڵایـەکی گرتـووە و سـاڵی ٣٨٧.ك (٩٩٧.ز) لـە قـەڵای بـە ناوبـانگی بـایدا مـردووە. میـرسولەیـمانی کوڕی بۆتە جێنشینی و شێخی سەر بەرماڵیش بـووە و کوردەکـانی نـاو کوردسـتان و ئازربایـجان و شامی کردوونە مریدی خۆی و قەڵای زۆر و دام و دەزگای زۆر گرینگی ئیـجاد کردوون و لە هەمووان ناودارتریان سەرای سولەیـمانیەیە، کە لە چیای سنـجاری کردووە. فێرگە و تەکیەی زۆریشی بۆ پەیڕەوانی دامەزراندووە و چەند کتێبیشی داناون و ساڵی ٤١٠.ك (١٠١٩.ز) مردووە و میـرجەعفەری دووەم -کە کوڕی بوو- جێی گرتۆتەوە و کـانی زێـڕی لـە چیای ژەنگار پەیدا کردووە و ساڵی ٤٤١.ك (١٠٤٩.ز) مردووە.

بەڵام ئاخۆ جەعفەری یەکەم کێ بووە؟ ئەمیــن زەکی دەڵێ: دەبێ جەعفەری بەرمەکی بەناوبانگ بێ. من پـێم وا نیـە؛ چونکە نێوانیان زۆر بووە. وادەزانـم میـرجەعفەری کـوڕی ئـەو میـسرحەسەنەیە کـە پیـاوێکی زۆر بـەهێز بـووە و لـە خەلیفەموعتەسـەمی عەبباسی یاغی بووە و دوو جارانی بەگژدا چووە و جاری پێشوو لە چیای داسنیانیان شـکاندووە و جاری دووەم بە سەرکردەیی ئیتاخ لەشکری زۆری ناردۆتە سەر و دەورەیـان داوە و نزیـك بـووە بـە دیلـی بگـرن، خـۆی دەرماناو کردووە و پێ مردووە و مردنەکەشی ساڵی ٢٢٦.ك (٨٤١.ز) بووە. بڕوانە١٦٨/١ مـشاهیـرالاکراد. بۆیـەش ئەمە بە دوور نازانـم چونکە ئەو ئەمیـرە لە چیای داسنیان بووە. کەوابێ یەزیدیە و دونبوڵیش یەزیدین.

سێهەمیان میـریەحیایە کە ئەمیــن زەکی دەڵێ: سێ‌هەزار ماڵی فەلە دەبەر دەستدا بووە و هەزار و دووسەد تەکیەی لە ناو چیاکانی کوردستان و قەهستاندا دروست کردووە و ساڵی ٤٧٧.ك (١٠٨٤.ز) مردووە.

بەڵام سەیرە ئەمیــن زەکی دەڵێ: شەرەفـخان وا دەڵێ و شەرەفنامەش باسی چمیـر یەحیایانی نەکردووە. جەمیل

١- ئەو پادشا ڕابردووە دەبێ سەلاحەدین ئەییووبی بووبێ. شازادە نادرمیـرزای قاجار -کە باسی دونبـوڵی دەکـا- لـە ابوالفیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: دونبوڵیەکان پیاوی سەلاحەدین بوون و شەڕیان لە سەر دەکرد. جەمیل

کە دەست لە یەزید بەر نادەن و وازیان لیٚ نیە لیٚی لادەن!

لە مەڕ ڕەسەنی دونبولّی ئەوی لە هەمووان ڕاستتر بیٚ ئەوەیە کە: ئەو هۆزانە ڕۆژگاریٚك لە لای بۆختی[بۆتان]ەوە هاتوون و کورد دونبولّی بوختیان پیٚ دەلّیٚن.[1]

شیٚخئەحمەد

لە دەورانی تورکمانی ئاققۆینلوو، شیٚخئەحمەد بەگ لە کوڕانی عیسا بەگ، قەلاّی بای و هیٚندیٚك ولاّتی هەکاری لەو تورکمانانەوە پیٚدراوە و زۆریان لەلا خۆشەویست بووە.[2]

دیٚرزەمانیٚ دژداری بای و مەزنایەتی دەوروبەری هەر لە دەست دونبولّیاندا بوو. شیٚخئەحمەد کە مرد، دوو کوڕی بوون: شیٚخئیبراهیم[3] و شیٚخبەهلوول.

شیٚخبەهلوول

لە سەر سپاردەی بابەکە، شیٚخبەهلوول بوو بە جیٚنشین[4]. ئەویش ماوەیەك دنیای خوارد و کۆچباری

١- ئەمین زەکی دوو میری خستوونە نیٚوان میرعیسا و شیٚخ ئەحمەدەوە کە لیٚدوانیان بیٚ بەهرە نیە:

یەکەم: میرجەعفەر شەمسولمەلیك هاوچەرخی میرمەنووچیٚهری شیروان بووە؛ سالّی ٥٣٥.ك (١١٤٠.ز) مردووە. شاعیری بەناوبانگ خاقانی شیروانی زۆری پیٚ هەلّگوتوە.

دووەم: ئەمیر بەگ هاوچەرخی سولّتان سەنجەری سەلجووقیە کە سەنجەر لە ٥١١-٥٥٢.ك (١١١٧-١١٣١.ز)دا فەرمانڕەوا بووە. زۆریشی ئاوایی لە شاری خۆ بەجیٚ هیٚشتووە و سالّی ٥٩٠.ك (١١٩٤.ز) مردووە. جەمیل

٢- ئەمین زەکی بە میرئەحمەدخان کوڕی ئەمیر بەگی ناو دەبا و دەلّیٚ: دارایی زۆر و ناوی چاکەی زۆرتری لە پاش بەجیٚ ما؛ حەزی لە زانست دەکرد و ئەدیبی زۆر خۆش دەویستن. مەولانا جەلالەدین ڕۆمی خاوەنی کتیٚبی بەناوبانگی مەسنەوی، لە لای ئەو بووە و لە هەموو کەسی لیٚ نزیکتر بووە. لە چیای سنجار لە گوندی بابا، عەمری خودای کردووە.

٣- لە تەوریٚز دەبوو؛ دەگەلّ چەنگیزخان دۆست بوو. ولاّتەکەی لە بەلاّی مغولان پاراست. سالّی ٦٩٢.ك (١٢٩٢.ز) مرد. ئەمین زەکی دەلّیٚ: کوڕیٚکی بە ناوی جەمشید بەگ هەبووە و بۆتە جیٚنشینی و لە چیای هەکاری دەگژ مغول ڕاچووە و سالّی ٧٢٥.ك (١٤٢٢.ز) غازانخان لەشکری ناردۆتە سەر و لە چیای چلەخانە کوژراوە و لە گوندی سیابای نیٚژراوە.

٤- ئەمین زەکی دەلّیٚ: کوڕی جەمشید بەگە و میری تەوریٚز بووە و سالّی ٧٦٠.ك (٣٥٩.ز) مردووە.

بۆ گۆڕستان نارد و حەوت کوڕی لە پاش بەجێ مان: جەمشید بەگ[1]، محەمەد بەگ، خالقوێردی بەگ، حاجی بەگ، ئەحمەد بەگ، ئیسماعیل بەگ و جەعفەر بەگ.

حاجی بەگ کوڕی شێخبەهلوول بەگ[2]

جیا لە پەیوەندی دێرینی بە ماڵە سەفەویەوە، دڵسۆزی بە تینی دەربارەی شاتۆماسب کردەسەربار و لە دەرباردا وەك خۆشەویستێك ڕێدرا و شاری خۆی لە لای شاوە بۆ خرایە سەر سەگمەن ئاباد و دایانە دەستی و نازناوی سوڵتانی پێدرا و لەو ساوە بوو بە حاجیسوڵتان. دەبوایە سنووری وان و کەوشەنی ئێران -بە دونبولّیان- لە ڕۆمیان بپارێزێ.

دونبولّیەکانی حاجیسوڵتان -کە هەموو چۆڵپەرست و کێوی بوون- لە سەربزێوی سەریان دەخورا و هەرگیز شاری ئاوەدانیشیان نەهاتبوو. وە ناو شاری خۆی سەربەخۆیان کەوتن و هەر کەسە خۆی بە گۆدەرز و گیو و سامی نەریمان نەدەدا و بە لووتبەرزیەوە بافیشیان دەکرد کە ئێمە بووینە لەمپەر و لە بەر عەسکەری ڕۆمەوە ڕاگیراوین و خوێن بەهامان، شا خۆی، شاری خۆی پێداوین.

بە فیز و بایی بوونەوە بەرێوە دەچوون و بە تیز و پلارانەوە ئاوڕیشی مەردم دەبوون و بە دەردی کاورا کوردەکە، لە تووشیەوە تووشی کەر و تۆشە خۆشەی ناو بار دەبوون. وەکی مامۆستا فەرموویە:[3]

کوردێ کەری ون ببوو لە کابە	قیراندی لە عارەبان کە یابە!
ئەو چۆڵە جەهەندەمە لە بەر تاو	ڕەمڵە، گرەبایە، وشکە، بێ ئاو
بە پیادەیی فێر نەبووم وەك ئێوە	چۆن بێ کەرەشین بڕۆم بەرێوە؟
تووڕە و بەڕك و لە سەر بەهانەم	بەم خوایە کەوا منی لە خانەم

١- شازادەنادرمیرزا لە کتێبی *عالمآرای عباسی* دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەم جەمشید سوڵتانە حاکمی مەرەند بوو؛ بە پێنجسەد کەسەوە دەگژ لەشکری سەنانپاشای چغالەزادەڕاچوو؛ لە بەری شکا و هەڵات.

٢- ئەمین زەکی دەڵێ: لە ڕۆژگاری ئەو میرەدا دونبولّیەکان بوونە پەیڕەوی شێخسەفیەدینی ئەردەوێلی و ئەو میرە ساڵی ٨٢٢.ك (١٤١٩.ز) مردووە.

٣- مامۆستاکە «نظامی گنجوی»ە و هەڵبەستەکە دە «*لەیلی و مەجنوون*» دایە و بەو بەیتە دەست پێدەکا:

کُردي خرکي به کعبه گُم کرد در کعبـه دويـد و اُشـتُـلم کـرد

کێ بێتە بەرم، دزی کەرم بێ — گش گیانی ئەشێ وەدار نەرم بێ
ئەو لەم گەفەدا بوو کەر پەیا بوو — خەنیا کە بە چاری یاری شابوو
دەیگوت هەرەشەم فرە وەکار بوو — ئەینا وەخودا نە کەر نە بار بوو

گوایە چەند کەسێك لە جەزایەرچی دونبولیان دەچنە دووکانی شیرینی فرۆشێك و تا گنجیان لێ دەبڕێ هەلوا دەخۆن و کاتێ مڕ دەبن، لێی دەدەن بڕۆن. کابرای دوکاندار دەڵێ: کاکە دراوەکەی نادەن؟ لێی مۆڕ دەبنەوە و دەڵێن: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ شاخۆی شاری خۆی بە هەلواوە بە ئێمە بەخشیوە! جا ئەمە لە ناو تورکاندا بۆتە باو، دەڵێن: «شهر بزم حلوا بزم» واتا: شار شاری خۆم، هەلوای دەخۆم.

دیسان هەر لەوانی دەگێڕنەوە کە هێندێك لەموسوڵمانەکانیان ڕۆژێکی هەینی دەچن گوێ لەخودبە بگرن؛ خودبەخوێن لە سەر ڕێ و شوێنی شیعەگەری بە ناوی دوازدەئیمامەکاندا دێتە خوارێ. کە ناوی ئیمام جەعفەری سادق دێنێ، دونبولیەکان توورە دەبن و بە یەکتر دەڵێن ئەم پێشنوێژە چەند نەزان و گێژە! ناوی حاجی بەگ و براکانیتری لە بیر کرد و هەر ناوی جەعفەری برا گچکەی برد. ئەو پێشنوێژەی بە سەر ناوی حاجی بەگ و برایانیدا باز بدا بۆ ئەوە ناشێ نوێژی لە پاشەوە بکرێ! زۆر شتی دیش بە گاڵتەوە لە دونبولیان دەگێڕنەوە کە خۆی لێ لادەم باشترە.

پوختەی وتار، حاجیسوڵتان ماوەیەکی کەم و هندك کوێخایەتی شاری خۆی کرد. دوژمنایەتی زۆر کەونی دەگەڵ هۆزی مەحموودی بوو؛ چەند جار لەشکری لێ کردن و هەر وەك لەمەوبەر باسمان کرد، هیچ جارانیش چی بۆ نەکرا. لە ئەنجامدا حەسەن بەگ و خانمحەمەدی مەحموودی ئەسکەندەرپاشای میری میرانی وانیان لێ هان داو لە پرونەکاو هێرشێکی بردەسەر شاری خۆیە و حاجیسوڵتان بەگ و گەلێك لە هۆزی دونبولی خافلگیر کران و کوژران. حاجیسوڵتان کوڕێکی منداڵی بە ناوی حاجی بەگ لە پاش بەجێ ما.

ئەحمەد بەگ کوڕی بەهلوول بەگ

دەپێشدا شاتۆماسب ناوچەی سەگمەنابادی پێ سپارد؛ بەڵام دونبولیەکان لە پاش نەمانی حاجی بەگ، خەمیان لێ شێوا و ڕایەڵ و پۆیان تێك هاڵابوو. هەلێك یاری شای ئێران و چەلێك هاوکاری ڕۆمیان

بوون. ڕێیەکی وایان هەڵنەبژارد هەتا سەر، لە سەری بڕۆن. بەو وازوازی و بازبازێنە شاتۆماسبیان سڵ کرد و زۆری ڕك لێ دەدڵ گرتن. لەو چاخ و سەروبەندەدا کە سولتان سولەیمانخانی خەزاکەر لە نەخچەوان گەڕایەوە، شاتۆماسب هەرسێك برا، ئەحمەد بەگ و ئیسماعیل بەگ و جەعفەر بەگی دەگەڵ هێندێك قزڵباشان ناردەمەڵبەندی ئەردەهان و قزڵباشی تێگەیاندن کە فلانە ڕۆژ هەر دونبوڵیەکی دەگەڵتانە لە سەری دەن و منیش لێرە لەو ڕۆژەدا هەر دونبوڵیەکی لە بارەگای بەرزی شاهی پاسەوانە، بە شیر شەق و پەقیان دەکەم. ڕۆژی ژوانی دونبوڵی قڕان، قزڵباشان لە ئەردەهان هەرسێ برا و چوارسەد پیاوی هەڵبژاردەی دونبوڵیانیان کردەکەلاك و شاتۆماسبیش لە لای خۆی، بیست سی کەسێك پاسەوانی ڕەگەز دونبوڵی خنکاندن. مەنسوور بەگی محەمەد بەگ لە ئەردەهانەوە ڕایکرد و خۆی گەیاندە ئاستانەی سولتانی خەزاکەر و وەبەر بەزەیی سولتان و ئاوڕوێدانی شاهانە کەوت.

مەنسوور بەگ

کوڕی محەمەد بەگ، کوڕی بەهلوول بەگ[1]

لە چاوەدێری کەس نەبوێری پادشاهانەوە، ناوچەی قتوردەرەسی[2] دۆڵی کۆتۆڵی بە سنجەق پێ بەخشرا. هەر دونبوڵیەکیش کە بەرێکەوت لە دەمی شیر ترازابوو، وە ڕێکەوتن و لە ژێر ئاڵای میری ماویان کۆ بوونەوە. هەتا ژیا مەزنایەتی کوتۆڵی کرد و کاتێ مرد، دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: وەلی بەگ و قلیج بەگ.

وەلی بەگ کوڕی مەنسوور بەگ

جێگەی مەنسوور بەگیان دایە و لە ڕاستیدا پیاوێکە لە مەیدانی نەبەردیدا ئاکەسوارە و بۆ ئاکاری

١- ئەمین زەکی دەڵێ: کوڕی بەهلوولە و ئەوەی نیە و ساڵی٧٦٠.ك (١٣٥٩.ز) بۆتە میر و ساڵی ٧٩٥.ك (١٣٩٣.ز) مردووە و کوڕێکی بە ناوی میرمەحموود بووە و سولتانبایەزیدی عوسمانی زۆری خۆش ویستووە. شارۆکەی مەحموودی سەر بە وان، بنیاتی ئەوە و ساڵی ٨٢٠.ك (١٤٢٧.ز) هەر لەوێ مردووە. جەمیل

٢- کۆتۆڵ لە ئازربایجانە و لە سەر چەمی کۆتۆڵە و چل کیلۆمیتری باکووری خۆرنشینی خۆیە. جەمیل

مەردانە، بە سەربەرزی لە هەموو کەسەوە دیارە و شـایانی هـەموو پلـە و پایـەی بـەرزە و هـەتا دڵ دەخوازێ ئاکارتەرزە. وا ئێستە کە مێژوو هەزارو‌پێنجە، ناوچەی کوتۆڵ و مەڵبەندی ئەبقای بـە نـاوی ئاگردانانەوە دەبەر دەستی ئەو دایە و لەوە تا نەخچەوانیش گراوە، ناوچەی ئوجوق بە قلێج بەگی بـرای دراوە و بێ لەمپەر و بەرگر بە سەری ڕا دەگا.

حاجی بەگ ڕۆڵەی حاجی بەگ

ئەمەنی دوو مانگان بووە کە بابی کوژراوە و وەك لە ناو کورداندا بـاوە، کـوڕ بـە نـاوی بـاوی نـەماو ناونراوە. شاتۆماسب بژیوێکی لە خەزێنە بۆ بڕیەوە. کاتێ زل بوو هاتە کایە و پلەی بەرزی پاسداشتنی شای درایە. لە هەرای سوڵتان بایەزید، ناوچەی ئەبقایان پێ سپارد و هێندێك دونبوڵی بلاوی لە دەورە هالا و دامەزرا و نزیکەی بیست ساڵ لەوێ ما. پاش نەمانی شائیسماعیلی دوەمیـــن -کـە ڕۆژگـاری شاسوڵتان مـحەمەد بوو- لە هەلێکدا کە مستەفاپاشای سەردار لە کەناری چـەمی قـەنع دابـەزیبوو، ئەمیـرخان لە نیوەشەوێکدا هێرشی هێنا سەر عەسکەری ئیسلامەتی و حاجی بەگ و چەندەمیـرێکی قزڵباشان لە ناو چەمی کوڕدا خنکاند. سەگمەناباد کە وەختی خۆی -هەتا لاگـری ڕۆمـیێ بـوون- لـە دەرگای سوڵتانی بەهەشتیەوە بە نەزەر بەگ و کوڕانی حاجی بەگ درابوو، ئێـستاش بـە دەسـت زارۆی حاجی بەگەوەیە و کوڕی گەورەش دیسان ناوی حاجی بەگە.

سوڵتانعەلی بەگ

کوڕی جەمشید بەگ، کوڕی بەهلول بەگ

ئەو چاخە کە شاتۆماسب دڵی لە دونبوڵیان گۆڕا و فەرمانی دا کە لە ژیانیان داچـۆڕێنن (ڕۆژی ژوانـی دونبوڵی قڕانەکە) سوڵتانعەلی بەگ -کـە لـە پاسـدارە پایەبـەرز و نازدارەکـانی شـابوو- نـاردرابووە ئیسفەهان کە باج بۆ شاکۆ کاتەوە. سەد تـمەنێکی دەست و پا کردبوو، کـە بیـستیەوە مـام و بـرا و خزمەکانی -لە شاوە- لە شیش دراون و هەموو قەلاچۆ کراون. بە پەلەپەل سەدتـــمەنەی لـە تەنکـەی باخەڵی نا و خۆی لە پەل-پەل بوون ڕزگار کرد و هاتەوە ناو هۆزی دونبوڵی و بە نهێنی لـەوێ دەژیـا. کاتێ ڕەقی شانیشتەوە و لە گوناهی دونبوڵیان خۆش بـوو، سـوڵتانعـەلی سـەد تـمەنی باجانەکـەی

هێنایەوە و وەك نۆكەرێكی زۆر دڵسۆز هاتەوە بەر بارەگای شاو ئاوڕی بەخێری وێدرا و بە لاواندنەوەی شایانە و خەڵاتی شایان، دیسان سەرفراز كرا و هەر وەك پێشوو كرایەوە بە پاسداری پایەدار و كاتێكیش كە شاسوڵتان محەمەد بیستی حاجی بەگ لە ئارادا نەماوە، سوڵتانعەلی بەگی كردە مەزنی دونبوڵیان و نیوەی ناوچەی ئەبقای خستە سەر سولەیمانسەرا و پێی بەخشی.

چەند ساڵێك لەو ناوەدا مەزنایەتی كرد؛ بەڵام چونكە مەڵبەندەكە لە سۆنگەی هەرا و بەڵاوە، وێران و بێخێر ببوو، بژیوی ئەوی نەدەدا و لە شروردا زۆر بە ڕووتی و ناگوزوری دەیگوزەراند و بۆ ئەوەش كە هەر سەری پێ ڕاگرن، لە داهاتی باجی دۆڵی ئەلكیس و شرور -كە سەر بە نەخچەوانە- ساڵانە كۆمەگ بژیویان بۆ بڕیبۆوە و دراوێكیان پێ دەگەیاند. لەناكاودا مەرگ كۆمەگی پێكرد و ژیانی لە شرور بڕیەوە و سێ كوڕی لە دوو مان: نەزەر بەگ، قلیج بەگ و حەسەن بەگ.

نەزەر بەگ كوڕی سوڵتانعەلی

لە دیوانی شاسوڵتان محەمەدەوە فەرمانڕوایی دونبوڵی پێدرا و كرا بە جێنشینی بابەكەی. لە پاش ئەوەی كە عوسمانی چنگیان بە سەر یەریواندا گرت و دەبەر چەنگی سەنان پاشای وەزیریان نا، نەزەر بەگ و هێندێكیتر لە ڕۆملویی و چەمشكەزەك و ئەڵباوتی و سەعدلویی -كە خەڵكی لای چغرسەعد بوون و لە ڕیزی قزڵباشاندا سەركردەو پلەدار بوون- وازیان لە ئێران هێنا و پێیان پێوەنا و ڕوویان كردەدەرگای گەردوون پەنای عوسمانی و بەڕابەری سەنان پاشای چیغالئوغلی لە ئەرزەڕۆم بە دیتنی فەرهادپاشای سەردار سەرفراز و لە بەزەیی پایەبەرزی سوڵتانەوە، ناوچەكانی چاڵدیران و سولەیمانسەرا و سەگمەنابادیان -وەك پێشوو- بە نەزەر و قلیج بەگی برای بەخشی. سەگمەناباد لە پێشوودا شاتۆماسب و لە دوایەش سوڵتانی بەهەشتی خستبوویانە سەر بارگیری و درابووە دەست مەنسوور بەگی مەحموودی. مەنسوور بەگ ئەوێی نەدەدا بە نەزەر بەگ و تەفرەی دەدا. جاری دووەم فەرهادپاشای سەردار فەرمانی بەرز و جوانی سوڵتانی بۆ وەرگرت.

نەزەر بەگ كە هەر ڕۆژی بەرێ، كاتێ دەهاتە بەر فەرمانی ئاستانەی پاشاوە، دەربارەی سەگمەنابادەوە -كە هەر زۆر لە مێژینەوە دونبولی بە سەر ڕاگەیون- دەگەڵ سەنانپاشارێك

کەوتبوون و سەرباریش فەرمانی بەرزی سوڵتانی لەو بارەوە وەرگرتبوو، ویستی بە زۆری بازووی خۆی فەرمانەکە بخاتە کار و مەحموودیەکان ناچار بکا بێنە بەربار، دژایەتی کەوناراییان -کە وەك سکڵی ژێر کا مابوو- بە فووی شەڕانی و شەڕخوازان گەشایەوە و گڕ و بڵێسەی ئاژاوە لە هەر دووك لاوە گرشەی کرد و لە هەر دوو لا لەشکریان لێك کرد و ڕم و شیریان لێکتر کێشاو کێشەو هەرا دەستی پێکرد و پێکداهاتن. نەزەر بەگ و حوسێن بەگی[1] برای و هەشتا پیاوی سەرناسی دونبوڵی لەو شەڕە وە بن گڵ خزان.

قلیج بەگ کوڕی سوڵتانعەلی بەگ

لە پاش کوژرانی برایانی، دەگەڵ خزم و کەیخودایانی هۆزی دونبوڵیدا ڕوویان کردەئەرزەڕۆم و چوونە خزمەت فەرهادپاشای سەردار و هاواریان بۆ برد و سەرداریش مەنسوور بەگ و سەرناسانی مەحموودی -کە لە شەڕدا دەستیان هەبوو- هەمووی هێنانە دیوان و نووسەری ئەم ڕووپەڕانەش لەو کۆڕەدا جێ درابوو.

دەس کرا بە تۆژینەوە و دەرچوو کە ماکی ئاژاوە دوو فەرمانی دژی یەك بوون کە سەردار دەمشتی هەر دوو لای نابوون و دەستی لە پشتی هەر دوو دژدا بوو.

دزەکەم پاسەوانەکەی خۆم بوو — بواری شاندام کە تێ کەتم، گۆم بوو
ئەوی پێم وابوو حاجی شێمحەمەدە — لە بنەوە ناوی خواجە شالۆم بوو

سەرەنجامی کار سەرداری دادکردار ورتەی لە دەم نەهاتە دەر و بە دادرەسێنی ڕەوای وە بن پاڵدێمی کەوای داو بەرانبەر بە فەرموودەی: ئاشتی تازە ئاژینەوە؛ باشتر وایە ئاشت بینەوە. خۆی کردەبەریوان و لە خوێنخوایی پەژیوان کردنەوە و پێکی هێنان و بڕیاری بۆ دان کە مەنسوور بەگ سەگمەناباد بەجێ بێڵێ و حاجی بەگی نەوەی حاجی بەگی هەوەڵێی پێ ڕابگا و قلیج بەگیش چاڵدیرانی پێ بسپێرن و هەموو لایەك خۆ لە شەڕ و دوژمنایەتی ببوێرن. دونبوڵیەکان چاری ناچار بەو

---

[1] - دەپێشدا بە حەسەن ناو برا. هەژار

کوێخایەتیە گورگانەی کە لە پرسەگورگانەیەك زیاتر نەبوو، ڕازی بوون و گەڕانەوە.[1]

١- شەرەفنامە باسی ئەو بنەماڵەی تا ئێرە هێناوە. ئەمیــن زەکـی لـە *تـاریخ جهـانـنـمـای* تـورکی وەرگرتـووە، دەڵـێ: ئـەم ئەمیـــرە هـــەموو کوردســتان و ئازربایـــجان و ئەرمەنــستان و مەڵبەنــدی هـــەکاری دەژێـر فەرمانــدا بـووە و پاتەختیـشی خـۆی بـووە؛ ئەمیـرفەرەیدونیـشیان پـێ گوتـووە. سـاڵی ٨٦٠.ك (١٤٥٦.ز) مـردووە. ئەمـە دەگەڵ شەرەفنامەدا یەکتـر ناگرنەوە و مێژووەکەیان نزیکەی چەرخ و نیمێکی نێوانە. جەمیل
لـە *تاریـــخی دول و ئـەماراتی کـوردی* و *مـشاهیـرالکرد و کردسـتانی* ئەمیـــن زەکـی و لـە *تاریــــخی دونبـولی*، نووسینی شازادەنادرمیـــرزای قاجـار و لـە کتـێبی *ناودارانی کـوردی* حوسـێنحوزنی موکوریانیـدا بـاس لـە چەند دونبولیەکەوە کراوە کە گێڕانەوەیان بێ بەهرە نیە.

میــربەهلوول کوڕی میــرفەرەیدوون

جگە لـە وڵاتـی دونبـوڵی، تەبەرسـتان و داغستانیـشی هـەبووە و خـۆی کردۆتـە پـەیڕەوی شـێخحەیـدەری سـەفەوی و سـاڵی ٨٨٠.ك (١٤٧٥.ز) کـە شـێخ حەیـدەر و شـاخەلیلی ئـاققۆینلـوو بـە شـەڕ هـاتن، ئـەو لـەو شـەڕەدا کوژرا.

میــرڕۆستەم کوڕی بەهلوول

لـە تەمـەنی یازدەسـاڵان کـرا بـە جێنـشینی بـابی و شاوێردیـشیان پـێدەگـوت. سـاڵی ٨٩٨.ك (١٤٨٩.ز) کـە شێخحەیدەر پەلاماری داغستانی داو شکاش، ڕوستەم لە چۆمێکدا خنکا.

میـر بەهرووز کوڕی ڕوستەم

دێــر زەمانێــك میـــر بـــووە و نازنـــاوی سولەیـــمان خەلیفەشـــی هـــەبووە. ســـاڵی ٩٤٥.ك (١٥٣٩.ز) کـــە شاتۆماســب و سولەیـــمانی قـــانوونی لێکیـــان دا، بـــەهرووز دەگـــەڵ شـــای ئێـــران بـــوو. ســـاڵی ٩٨٥.ك (١٥٧٧.ز) مردووە.

ئەییووبخان

نەوەی بـەهرووزە و کـوڕی سولەیـمانخانـە. پـاش باپیـری بـوو بـە مـەزنی دونبوڵیـان و هەڵیـشیدا. شـا نازنـاوی بەگلەر بەگی دایە و پاشان کردیە سوپاسالار؛ چونکە زۆری بە ئازا دیت. ساڵی ٩٤٤.ك (١٥٨٥.ز) مرد.

شابەندەرخان کوڕی ئەییووب

ئەویش ماوەیەك مەزنایەتی کردووە و لە پاشان مردووە.

بەهرووزخان کوڕی شابەندەر

زۆر لــە شــاعەبباس نزیــك بــوو؛ سولەیــمانخــانی دووەمیــشیان پــێدەگــوت. کــە ســوڵتان مــراد هاتــە ســەر ئازربایـجان، دەگـەڵ لەشـکری شاسەفـیدا بـوو. دوایـەش کـە ئەحـــمەدپاشای والـی بەغـدا پـەلاماری ئێرانـی دا، ئەو ئازا و چاونەترساوە لە چیای هەکاری دژی فەرهادپاشا شەڕی دەکرد. ساڵی ١٠١٤.ك (١٦٠٥.ز) مرد.

دوور نیـە سولەیـــمان خـــانی دونبـــوڵی کـــە خـــاوەنی چـــورس و ســـەلماس بـــووە و مـــحەمەدپاشای کـــوڕی زاڵ ←

→ پاشای حاکمی ئەرجیش و عادلجەوازی بە دیل گرتووە، ئەو بەهرووزە بێ.

عەلیخان کوڕی بەهرووز

ئازناوی سەفی قولیخان بووە. کە سوڵتان مراد هاتە ئازربایجان، ئەو دەگەڵ شاسەفی بە گژیدا چووە. کە فەرهاد پاشا بۆ کوردستان هات، عەلیخان زۆر ئازایانە لە چیای هەکاری بەرەنگاری بوو، کە ئەحمەد پاشای والی بەغدایە بەرەو ئازربایجان دەهات پەیمانی دۆستانەی دەگەڵ بەست و کێشەیان نەما و هەتا مرد ئازربایجان و ئەرمەنستانی دەبەر دەستا بوو.

مورتەزا قولیخان کوڕی عەلیخان

شاعەبباسی دووەم بە یارمەتی ئەو چووبووە سەر تەخت. جا لە بەر ئەوە زۆری خۆش دەویست. بەڵام لە دوایی غیاس بەگ دەرمانداوی کرد و مراندی.

غیاس بەگ کوڕی عەلیخان

لە شوێن برای بوو بە میر و شاعەبباسی دووەم زۆری ڕێز لێدەنا؛ ناردیە سەر قەندەهارێ. بەڵام بە شکاوی گەڕاوە و زیانی زۆر بە ئێران گەیشت و لە ڕووی نەهات بێتە لای شا. بەڵام شا هێندێك گوندی لای کاشانی دایە و دەگەڵ خزمانی چوونە وێندەرێ و هۆزی زەڕرابی لەوان کەوتوونەوە و فەتحعلیخان مەلیکوشوعەرای دەورەی قاجار و مەحموودی کوڕی لەو بنەماڵەن.

شاباز خان کوڕی مورتەزا قولیخان، کوڕی ئەییووب، کوڕی سولەیمان خان

ساڵی ۱۱۲۲.ك (۱۷۱۰.ز) بوو بە میری دونبولییان؛ بەڵام لە ڕۆژگاری شاسولەیمان و شاسوڵتان حوسێندا، خۆی کردەگۆشەنشین و شێخایەتی دەکرد. ساڵی ۱۱٤٤.ك (۱۷۳۱.ز) کە عەبدوڵڵا پاشای عوسمانی هاتە سەر خۆی، خۆی دەقەڵا پەستاوت و ماوەیەك هەروا ما و ناچار خۆی بە دەستەوە داو دەگەڵ سیوهەشت خزمی کوژران.

میرئەحمەدخان کوڕی مورتەزاقولیخان

نادرشا کردیە میری دونبولی و بانگی کردەلای خۆی و بە تەگبیری شا بە سەد هەزارماڵەوە هات و حوکمی خۆی بە سەر خۆیە و مەرەند و چەمی ئاراز و تەورێز و سەڵماس و قەرجەداغدا سەپاند و خوداداخانی لە تەورێز وەدەرنا و ئەحمەدخانی برازای بە دیل گرت و شاری خۆی زۆر ئاوەدان کردەوە و گومبەزی پیرۆزی عەسکەری و دیوانی حوکمات و چەند مزگەوت و باغچەی گشتی دوور لە شار و شارێی پان و درەختکاری و دوو کارێزی نزیك ڕێگا، کاری ئەون.

پیاوێکی ئازا بووە و دوژمن خۆی لە بەر نەگرتووە و دەگەڵ خزمانیدا زۆری چاکە کردووە. دەورانێکی زۆر حوکمی کردووە و لە ئەنجامدا برازاکانی لێ دەخەفتان؛ ڕۆژی چوارشەمە ١٤ی مەولوودی ساڵی ١٢٠٢.ك (١٧٨٩.ز) بە ناوی بانگێشتن، خۆی و سێ کوڕی چوونە ماڵی یەك لەوانە و زۆر لە هەواڵی پیلان گێڕان هاتبوونە پێشوازی. لە هەیوانێکدا ڕۆنیشتبوو کە زانی دەداو کەوتووە، لە کۆشکەوە خۆی ←

← هەڵداشت و کەوتنە شوێنی و دیتیانەوە و بە چەند گوللەیەك کوشتیان و لە مزگەوتێکی دەسکردی خۆیدا ناشتیان. هەر ئەو ڕۆژە کەڵبالی‌خانی کوڕە گەورەشیان لە هەیوانی ماڵەکە کوشت و حوسێن‌خانی کوڕیان گرت و بە تەما بوون جەعفەر قولی‌خانی براشیان دەست کەوێ؛ بەڵام ئەو هەڵات و نەگیرا.

میرئەحمەدخان هەموو ساڵێ هەزار تمەنی باج بە کەریم‌خانی زەند دەدا.

حوسێن‌قولی‌خان کوڕی میرئەحمەد

ئامۆزاکانی گرتبوویان. جەعفەری برای خۆی گەیاندەناو هۆزەکان و لە بیست ڕۆژدا لەشکری زۆری پێکەوە نا و هاتەوە سەر پسمامان. خەڵکی خۆیە کە زانیان ئەو هێزی زۆرە و ئامۆزاکانیشیان دەدزا، بەر لە لەشکر ئەوان ڕاپەڕین و هەموو ئامۆزاکانیان بە ماڵ و منداڵەوە لە ناو برد. جەعفەرقولی حوسێن‌قولی‌خانی لە بەند دەرخست و کردیە جێنشینی بابی و کەریم‌خانی زەندیش پەسندی کرد.

ساڵی ۱۲۰۵.ك (۱۷۹۱.ز) کە ئاقامحەمەدی‌قاجار هاتە ئازربایجان، حوسێن‌قولی‌خانی ڕەگەڵ خۆی خست. بەڵام چونکە لێی دەترسا، ماڵ و منداڵی بە بارمتە بردەقەزوێن. لە پاشان تەورێز و خۆی نایە بەردەست.

ساڵی ۱۲۱۳.ك (۱۷۹۸.ز) کە فەتحعەلیشا پەلاماری ورمێ‌دا، حوسێن قولی‌خان بانگێشتنی کرد و نان و خوانێکی ڕازاندەوە کە وێنەی نەبینراوە. هەر ئەو ساڵە دەگەڵ جەعفەرقولی‌خانی برای بوو بە شەڕیان و جەعفەرقولی شکا و دایە چیای هەکاری.

حوسێن‌قولی زانا بووە و لە بژیشکی و هەندەسە و ئەستێرەناسیش سەری دەرچووە؛ گەشەی زۆری بە وڵات داوە. ساڵی ۱۲۱۳.ك (۱۷۹۸.ز) مردووە و فەتحقولی‌خانی شاعیر شەپۆڕنامەیەکی زۆر بەرزی بۆ داناوە.

جەعفەرقولی‌خان کوڕی میرئەحمەد

گوتمان: دوای هەڵاتن هاتەوە خۆی و تۆڵەی باب و برای کردەوە و حوسێنی برای کردەمیر. مانگی مەولوودی ساڵی ۱۲۱۲.ك (۱۷۹۷.ز) فەتحعەلیشا کردیە والی تەورێز و خۆی؛ بەڵام ئەو شای بەجێ نەهێشت. ساڵی دوایە کرا بە حاکمی ئازربایجان و لە تارانەوە هات. سادق‌خانی میری هۆزی شکاك لە ترسانی، سەراب و سەردەرۆ و گەرمڕوودی بەجێهێشت و ڕووی کردەلای شیروان؛ بەڵام کاتێ هاتە تەورێز، پیاوماقوولی کۆ کردنەوە و زۆری دڵخۆشی دانەوە و نامەی بۆ سادق‌خان نووسی و هێنایەوە و هەر دوولا دژی قاجاران پەیمانێکیان پێکەوە بەست. محەمەدقولی‌خانی ئەفشاریش سوێندخۆریان بوو.

ئەمیرحوسێنی ئەفشاری برازای، ڕاستی لێ گوتن و فەتحعەلی‌شا لەشکری ناردەسەر و هێزەکانی لێ بڵاو کرد. ئەمجار ساڵی ۱۲۱۳.ك (۱۷۹۸.ز) شکاك و دونبولی و هێندێك یەزیدی ڕەگەڵ خۆ خستن و بە گژ حوسێن‌قولی‌خانی برایدا هات و دەرۆستیشی نەهات. هەر ئەو زستانە براکەی مرد و بە لەشکرەوە هاتەوە خۆی و پێشوازی کرا و زۆری دڵخۆشی خەلکەکە دایەوە و خەڵاتی زۆرانی کرد و لە سەر تەختی میریەتی ڕۆنیشت. نامەی بۆ فەتحعەلی شا نووسی کە قۆڵی بۆ لە سەر بکێشێ. ئەویش مەرجی بۆ دانا کە ←

← یەك لە كوڕانی بە بارمتە لە تاران دانێ. كوڕێكی خۆی نارد كە بچێ و لە ڕێگەدا تووشی عەبباس‌میرزا هات، كە كرابووە بریكاری شا و بە لەشكری زۆرەوە دەهاتە تەورێز تا بیكاتە بنكەی خۆی. عەبباس‌میرزا كوڕەكەی زۆر بە قەدرەوە بەرەو تاران بەڕێكرد؛ پیاوی خۆشی ڕەگەڵ خستن. دوایە نامەی بۆ جەعفەرقولی‌خان نارد كە بێ و لە تەورێز بیبینێ. جەعفەرقولی لای وابوو داوە و بۆی نراوەتەوە؛ نەهات و خۆی بۆ شەڕ ساز كرد. برایەكی كردەحاكمی خۆیە و بۆ خۆی بە لەشكرەوە هات و بە ناو هۆزەكانی شكاك و یەزیدی و سپیكیدا گەڕا و پازدەهەزار كەسێكی لە دەوری خۆی هالاند و بەرەو عەبباس‌میرزا بزووت. لەو دەمەشدا عەبباس‌میرزا چووبووە سەر قەلای هود، كەخانئەبدال‌خان لە لایەن جەعفەرقولی‌خانەوە دژداری بوو. قەلای هود خۆی لە بەر نەگرت و خانئەبدال ڕای‌كرد و رووی كردەخۆیە. قەلای هود تالان كرا و خەلكەكەی قەلاچۆ كران. جەعفەرقولی‌خان ناوی زۆری خستە سەر دەشتی سەلماس و حەوتەم ڕۆژی مانگی مەولوود دەگەڵ دوژمن ڕووبەڕوو بوو. لەشكری دوژمن دوو چەندانی لەشكری ئەو بوو. زۆریشی زیان لێدان؛ بەلام تا سەر خۆی لە بەر نەگرتن و ڕایكرد و خۆی لە قەلای ماكۆ قایم كرد. عەبباس‌میرزا چووە سەر خۆیە و خاپووری كرد و زۆری كوشتن و لە دواییشدا پیرقولی‌خانی قاجاری بە سەرەوە دانا و هاتەوە تەورێز.

جەعفەرقولی‌خان دەگەڵ دەولەتی ڕووسدا ڕێك كەوت و هێزیان دایە كە ولاتی خۆی لە داگیركەر وەرگرێتەوە. سەرەتای سالی ١٢٢٠.ك (١٧٩٥.ز) عەبباس‌میرزا كە زانیبووی دەولەتی ڕووس كۆمەگی دەكا، هەموو میرەكانی بەردەستی خۆی لێ دەنگدا كە لە پڕ هێرشی بۆ بەرن. بەلام جەعفەرقولی‌خان بێ‌خەبەر نەبوو؛ زۆر باشی خۆ لێ ساز دابوون. هەتا سالی ١٢٢٨.ك (١٨١٣.ز) شەڕ لە نێوانیدا هەر بەردەوام بوو.

لەو ساڵەدا جەعفەر قولی‌خان بۆ كۆمەگی مستەفاخانی تالشی چووە شیروان. لە ناوچەی شەكی لەشكرێكی قاجاریانی وەبەرهات و زۆری شپرزە كردن. عەبباس‌میرزا كە ئەمەی زانی، پیرقولی‌خانی قاجاری بە لەشكرێكی زۆرەوە ناردەسەر ڕێی. بەلام ئەوانیشی هەلّاداد كرد و زۆربەی زۆری لە ناو بردن. هەرچی لە كوژرانیش خەلەست، بەرەو ئەردەوێل قاچاندیان. عەبباس‌میرزا ئەمجار هەر خۆی لەشكری هێنا و ڕووی كردە شەكی. جەعفەرقولی‌خان لەو دەمەدا لە ئاقئۆغلان هەلێدابوو؛ كە زانی لەشكر هاتووە، نیوەشەوێك لە نەخافل بە سەریدا دان و كردنیە ئاردی ناودڕكان. عەبباس‌میرزا لە ئەسپ گلا و چەند برینێكی هەلگرت و تاقەسوارە خۆی دەرباز كرد. هەرچی هەبوو لە گرانبار و جبەخانە و ئابدارخانە، هەمووی وەگیر كوردان كەوت. سوپای ڕووسیش ڕیلنز و قەرەباغیان داگیر كرد.

سالی ١٢٣٠.ك (١٨١٥.ز) جەعفەرقولی‌خان كە شەكی و خۆی گرتبوو، كوڕی خۆی لە سەر دانان و هاتەوە ماكۆ و لەوێ مرد.

نەجەفقولی‌خان كوڕی شاباز‌خان

نادر شا كردبوویە یەك لە سەركردەكانی لەشكری و والی تەورێزیش. شاعیر و نووسەر بووە. ←

← ساڵی ١١٩٦.ك (١٧٨٢.ز) مردووە.

شازادەنادرمیرزای قاجار دەڵێ: کوڕی مورتەزاقولیخان و برای ئەحمەدخانی ناو براوە و پیاوێکی نەبەرد و بە زیپك و ئاوەدانی دۆست بووە. شوورەی تەوریز ئەو کردوویە و گەلێك دام و دەزگای گەورە و دیوانی حوکمات -کە ئێستا دەفتەرخانەی شاهی پێ دەڵێن- کاری ئەون و میری میرانی تەوریز و دەوروبەری بووە. ئەو جێیانەی کە بەرانبەر بە فەرمانێکی کەریمخانیزەند بە دەستیەوە بووە و ساڵی ١١٧٧.ك (١٧٦٤.ز) مانگی قوربان دەفەرمان‌نامەکەدا نووسراوە، ئەوانەن: ئەتراب و ئالان و براغوش و ئەرونەق و میهرانروود و سەردسەحرا و موسنعان و ویدهر و حاکمروود و برووجرد و دەخوارقان و ڕوودقات و بدوستان و نوجان و دەوروبەری و گەرمروود و سەراب و هەشتروود و مەرەند و گرگر و زنووز. دەشڵێ: دەبێ بنکەی فەرمانڕەواییەکەی تەوریز بێ و کاروباری هۆزەکانی شکاك و هیتریش و خێڵەکانی تورکمانیش ڕاپەڕێنی و ساڵانە دەمبڕ حەوسەد تمەن -بەدرە لە دراوی تەوریز- بە دەرباری بەرز بگەیەنێ.

ئەو میرە کوڕی زۆر بوون؛ بەناوبانگیان خودادادخان، ئاقامحەمەدخان و عەبدولڕەزاق بەگە.

ئەمیر خودادادخان کوڕی نەجەفقولی

کە باوکی مرد، ئەمیرئەحمەدخان کردیە جێنشین. بەڵام زۆر لە سەر حوکم نەما؛ چونکە لە ئەمیرئەحمەدخانی مامی یاغی بوو. ئەویش چل هەزار چەکداری هێنا سەر و لە چیای سورخاب لەشکربەزی کرد. خودادادخان لە قەڵای تەوریزدا خۆی داگرت و دەهەزار کەسی دژی مامی هەبوو. میرئەحمەدخان دەوری تەوریزی بەرنەدا هەتا گرتی و بردیە خۆیە و پاشان بەرهەڵدای کرد و پەیمانی دۆستایەتیان بەست.

عەبدولڕەزاق بەگ کوڕی نەجەفقولی

دۆستی هەرە نزیکی عەبباس‌میرزا بووە و لە شاعیرە ناودارەکانیەتی و نازناوی مەفتوون بووە و چەند کتێبی داناون کە لەوانە: *ماثرسلطانی در حالات سلاطین قاجار از بدو تأسیس تا سنه ١٢٤١*، کە بە فارسیە و لە تاران چاپ کراوە. هەروەها دەسنووسێکی بە ناوی *تاریخ دنابله* هەیە و لە کتێبخانەی شاهانەدا لە تاران نوسخەییێکی هەڵگیراوە. چەند شتیتریشی نووسیون. ساڵی ١٢٤٣.ك (١٨٢٧.ز) مردووە.

بەهائەدین محەمەد ئاقا

کوڕی عەبدولڕەزاق بەگ، زانایەکی لە زەبر و شاعیرێکی داهێنەر بووە. لە دوارۆژەکانیدا حاکمی تەوریز بوو. دیوانی شێعری زۆر تەڕ و ناسکی هەیە و کوڕێکی بە ناوی کوچك‌خان لە پاش بەجێ ماوە.

فەتحعەلی کوڕی خودادادخان

ڕەنگە هەوبێ کە سەر بە هۆزی زەڕڕابی دونبولیە و ئەمیروششوعەرای دەرباری قاجار بووە.

شابازخان کوڕی مورتەزا قولیخان

میری میرانی شیراز بوو. ساڵی ١١٢٥.ك (١٧١٣.ز) کرایە ئەمیری هەموو کوردەکانی ←

→ ئازربایــجان و لە دژی کەریمـخانیزەنــد، بــوو بــە هــەواڵی فــەتحعــەلی ئەفــشار و لــە شیـــراز گیـــرا و دوایــە کەریمخان بەریدا و کچەکەشی بۆ ئەبولفـەتحخـانی کـوڕیخـۆی هێنـا. مـن لام وایـە هـەر ئـەو شـابازەیە کـە خـۆی کردەشێخ. هەژار

مەحموودخان کوڕی شاباز

ببووە میــری میــرانی ئیسفەهان. شـاعرێك بـوو ملـەی دەگـەڵ ئـەنوەری بـەناوبانگ دەکـرد. هێنـدێك زانـست و هونەری تریشی دەزانیـن. ساڵی ١٢٦٠.ك (١٨٤٤.ز) مرد.

شابازخان کوڕی مەحموود

لە ڕۆژگاری ناسرەدینشادا میـرلیوا بوو. پاشان کرا بە میـری میـرانی ئیسفەهان.

محەمەدسادقخان کوڕی حوسێنقولی

میـری میـرانی ئازربایـجان بوو. کە فەتحعەلی شا مرد، وازی لە حوکم هێنا.

ئیسـماعیلخان کوڕی جەعفەرقولیخان

باوکی لە سـەر شـەکی دانـابوو. کـە ئـەو مـرد، خەڵکەکـە لێـی ڕاپـەڕین و لـە فـەرمانی دەرچـوون. سـوپای ڕووس کۆمەگی کرد و شۆڕشگێڕان بڵاو بوون و خەڵکەکەش کڕ بوون و بە سەریانەوە مایەوە.

ئەمیـرئەرسەلان کوڕی ئەمیـرئەحمەدخان

لــە پــاش مــەرگی جەعفــەرقولی بــرای، پــەنای بــە عــەبباسمیـــرزا بــرد. ســـاڵی ١١٤٣.ك (١٧٣٠.ز) ســوپای ڕووس ئازربایـجانی گرت و عـەبباسمیـــرزا قـەدەرێك لـە خۆیـە ماتـەی هـەڵگرت و لەوێـشی هەڵنـەکرد و قـەڵای بـەو ئەسـپارد و بـۆ خـۆی هاتـە سـندووس و سـاینقـەڵا. ئەمیـــرئەرسەلان دەگـەڵ بسکاویـچی سـەرکردەی ڕووس پێك هات و خۆیەی دانێ و بـۆ خۆشـی لـە بـاتی ڕووس بـە سـەری ڕادەگەیشت. کـاتێ ئێـران و ڕووس پێـك هـاتن، خۆیە هاتەوە بەر حوکمی ئێران و ئەوی هەر لە سەر بوو هەتا مرد.

سولەیمانخان کوڕی ئەرسەلان

کە باوکی هاتــە بـەر فـەرمانی ئێـران، ئـەویش هاتـە نـاو ڕێـزی میـــرانی سـەر بـە دەوڵـەت و خـۆی خۆشەویـست کـــرد و ســـاڵی ١٢٦٢.ك (١٨٢٦.ز) کردیانــە کاربەدەســـتی بەســـتام و شـــاهڕوود و ســـاڵی ١٢٦٦.ك (١٨٣٠.ز) لە وڵاتی خوراسان بە سەر شاری توربەت ڕادەگەیشت. جەمیل

بەندی دەیەم[1]

فەرمانڕەوایانی کەلھوڕ

ئەویش سێ لکی لێ دەبێتەوە

قسەقوت و نەقالآن و عەودالآن و سەرقالآنی هەلّوەدای شوێن شوێنەواری کوردەواری، وەچە و تۆمی سام و زالّ و ڕوستەمی بە گورز و گۆپالّیان -کە هور- هور بە بیر دۆزیوە و سەر بهوردی کەلھوڕانیان

١- لە بەندی شەشەوە هاتۆتە سەر بەندی دەیەم. بەندی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی هەلّبواردووە؛ کە دەبوایە باسی زەرزا و ئەستونی و داسنی بوایە. ئیتر شەرەفخان خۆی لێ بواردوون، یان لە ناو دەسنووس دەرچوون، بۆ ئێمە بەرپیوارە. بەلاّم هەر دەسنووسێك کە دەستکەوتووە، ئەو سێ بەندەی تێدا نەبووە. ئێمەش جارێ دەربارەی زەرزا و ئەستونیەوە شتێکی وا نازانین کە شیاوی باس بێ؛ بەلاّم لە مەڕ داسنیانەوە کەم تا کورتێکمان هەلکڕاندووە و لە کتێبەکانی *تاریخی‌سوران* و *تاریخ الدول والامارات الکردیە* و *الیزیدیون فی حاضرهم و ماضیهم* ئەوەندەمان دەسکەوتووە کە دەلّێن: هۆزی داسنی (یەزیدی) بەرفەرمانی پێشەوا ئایینیەکانیان بوون و هەوەلّیان شێخعەدیە و دوای ئەو، شێخحەسەنی کوڕیەتی؛ کە بەدرەدینلۆلۆی خاوەنی مووسلّی لێ ترساوە و گرتوویە و لە قەلاّی مووسلّدا بە ژێ کەوان خنکاندوویە. لە ڕۆژگاری تەیموورلەنگدا میر عیزەدینیبۆتانی هێرشی بۆ بردوون و لە ڕۆژگاری سولّتانقانسوەی غوری چەرکەسیدا، شێخ عیزەدینییەزیدی سەرەڕای یەزیدیان میری کوردەکانی نێوان حەلەب و حەما بووە و لە زەمانی سولّتانسەلیمی عوسمانیدا لە سەر کار لابراوە، دوای ئەوەش کە سولّتانسولەیمانی قانوونی -بە گزیکاری- عیزەدینشێری میری هەولێری لە ناو بردووە، حوسێن بەگی داسنی بە سەر هەولێرەوە داناوە و سەیفەدینی برای عیزەدین دەگۆی ڕاچووە و دەرپیەڕاندووە و ئەمو خۆی کوتاوەتە ئاستانە و لە پاداشتی هەلاّتنەکەی، تورکان خنکاندوویانە. لە دوای ئەوەش یەزیدی هاتوونەوە هەولێر و ئەمیرقولی بەرەنگاریان بووە و کوشتاری زۆر لە هەر دوولا کراوە. ئیتر تا زەمانی میری ڕەواندز باسیان نیە. ئەو پەلاماری دان و سەردارەکەی گرتن و لە ڕەواندز بەندی کرد و زۆریشی لێ کوشتن و تالآنی زۆریشی هێنان.

سالّی ١٣٠٨.ك (١٨٩٠.ز) یەزیدی لە دەولّەتی عوسمانی هەلگەڕانەوە و کوشتارێکی بێدادیان لێ کرا و زیارەتەکانیان لێ داگیر کرا و کرانە فێرگەی موسولّمانان و پاشان وازیان لێ هێنان.

سالّی ١٣٥٤.ك (١٩٣٥.ز) لە دژی سەربازگری، دەگژ حوکومەتی عیراق ڕاچوون و سەرکوتیان کردن. جەمیل

بە بەر مێشکا تێپەڕیوە- لایان وایە تیرەیەکن لە تۆرەمەی گۆدەرزی[1] گیو[2]؛ کە ئەو گیوە لە ڕۆژگاری پادشایانی کەیانیدا بە سەر بابل[3] ڕادەگەیشت؛ کە ئێستا پێی دەڵێن کوفە[!] گیو کوڕێکی بوو ناوی ڕەهام بوو. لە سەر فەرمانی بەهمەنی‌کەیانی[4]، لەشکری بردەسەر شام و قودس و میسر و ملی لە وێرانکاری و کوشتار و زۆرداری نا و هێندەی بەنی‌ئیسرائیل کوشت کە بە خوێنیان ئاشی گێڕا. مێژووناسان ناویان ناوە بەختونەسر و لە پاش ئەوە کە ڕێڕەوی خۆی تەخت کرد، چووە سەر تەخت و لەو ڕۆژەوە ئەو مەڵبەندەبە دەست بەرەی نەوەی ئەوە و ئەو هۆزی لەوان کەوتەوە، ئێستا بە گۆران ناسراون.[5]

١- دوو پادشای ئەشکانی و دوو پاڵەوانی ئێرانی ناویان گۆدەرز بووە: ١- شاپوور، کە پیاوێکی بەدفەڕ بووە و کلیسا و پەرستگای خاپوور کردوون و یەسوع پێغەمبەر لە ڕۆژگاری ئەودا هاتۆتە سەر دنیا ٢- گۆدەرز کوڕی ئێرانشا ٣- گۆدەرز کوڕی قاڕوون، کوڕی کاوەی ئاسنگەری بەناوبانگ. ٤- گۆدەرز کوڕی گەشواد، کوڕی گیو؛ کە ئەو گیوە وەزیری کەیکاوس بووە و ڕەنگە شەرەفخان ئەمەیانی نیاز بێ. ئەو گۆدەرزە دوو کوڕی بە ناوی گیو و ڕەهام هەبووە. کەوابێ گۆدەرزی گەشوادەنە گۆدەرزی گیوە.

٢- سەرکردەیەکی بەناوبانگی کەیکاوسە و خزمی ڕوستەم و باوکی بیژەنە و ڕەهام برای بووە و پیاوێکی‌تریش بە ناوی گیو، فەرمانڕەوای خاوەرزەمین و پاڵەوانی خوسرەوی کوڕی سیاوش بووە.

٣- پاتەختی کلدانیانە و دەڵێن ئەوسا ملیۆن و نیوێك خەڵکی تیا ژیاوە و گەورەترین شاری دنیا بووە. کوفە دوور لەوێ دامەزراوە و ئێستاش بابل هەر بابلە و کوفە لە بابل جیاوازە و دوو کیلۆمیتری نەجەفە.

٤- بەهمەن ئەسفەندیاری کەیانی، نازناوی ئەردەشیر بووە. کتێبی *اخبارالدول*، ڕوویەڕ ٣٥٠ دەڵێ: بەهراسب (بیوراسپ) ڕەهای ناردوە؛ بەڵام ڕاست نیە؛ چونکە بیوراسپ زەحاکە. *مروج‌الذهب* و *برهان‌قاطع* دەڵێن: لوهراسب نەوەی کەیقوباد ناردوویە. جەمیل

٥- نازانم بۆچی یەك لە چوار لکی کورد ناوی کەلهوڕی لێنراوە؛ بەڵام خویایە کە ئەو تیرە سەر بە کلاهوری پاڵەوانی فەرمانڕەوای پێشووی مازەندەرانن و کەیکاوس ویستی بیخاتە ژێر فەرمانەوە و بە ڕوستەمی زاڵدا نامەی بۆ نارد و فەرمانڕەواکە زۆر درشتی جواب داوە و هەڕەشەی کرد. بەڵام کلاهوری وای کرد کە دانەوێنی و گوتی: ئێمە دەرۆستی ڕوستەم و پاڵەوانەکانی نایەین. شانامە لە چەند جێگەیەکدا ناوی ئەو کلاهورەی هێناوە؛ وەك دەڵێ:

کلاهور کە لافاوە بۆ لەمپەران	هەموو نازی هەر بەو بوو مازەندەران
یان دەڵێ: کلاهور پەیا بوو وەکوو شێری نێر	سەری دالە سەرداری ئازا و دلێر
یان: کە پەنجەی دەپەنجەی کلاهور پەراند	هەموو ناخونی وەك خەزەڵ هەڵوەراند

←

← وێشدەچێ لە ناوی «کەڵوەران» وەرگیرابێ، کە بە کەڵەگا دەڵێن. کەڵوڕ و گۆران یەك تیرە نین؛ بە بەرەباب لێك جیان؛ بەڵام پێکەوە دەژین. جەمیل

*خلاصە تاریخ کرد و کردستان*ی ئەمین زەکی، تەرجەمەی عەونی، چاپی بەغدا، ڕووپەڕ ٣٩١، لە پەراوێزەکەدا لە ڕاونسون دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کالا و کەڵهوڕ لێك نزیکن. کەڵهوڕ خۆیان زۆر بە ڕەگدار دەزانن و لایان وایە وەچی ڕەهامن؛ کە ئەویش بەختونەسری بەناوبانگ و داگیرکەری دەوڵەتی جوولەکەیە. لە ڕاستیشدا ناوی جوولەکانە لە ناو کەڵهوڕاندا زۆرە و دووریش نیە ئایینی جوولەکەشیان هێندێك دەناو خزابێ. هەژار

لکی یەکەم
فەرمانڕەوایانی پلنگان[1]

لە ناو ئەوانەدا چوار پیاو بوونە خاوەن ناو و لە لای مەردم ناسراون:

غەییبوڵڵا بەگ

پیاوێکی خواپەرست و کارپەسەند و هونەرمەند بوو. پاشماوەی ئەو قەڵا و ناوچەکانی دێودز و نەودز و دزمان و کواە کوور و موور و کەلانە و نشوور و مراویدیمەنیان بە دەستەوەیە و خۆشی هەر لە پێشوودا هاتە بەر فەرمانی شاتۆماسب و لە پاشانیش لە سەر فەرمانی مردن، مرد.

محەمەد کوڕی غەییبوڵڵا بەگ

بوو بە جێنشینی بابی و دیوانی شاتۆماسبیش قۆڵی بۆ لە سەر کێشا. پیاوێکی دادگەر و هونەروەر و بەختەوەر و مەرد و ڕەند و خێرەوەمەند و زاناپەروەر بووە و فێرگە و نوێژگەی لە پلنگان دروست کرد و شاتۆماسب کیژی لێ خواست و خزمایەتی دەگەڵ داخست. چەند ساڵێك بە سەربەخۆیی فەرمانڕەوای ناوچەکە بوو. چوار کوڕی بوون: میرئەسکەندەر، میرسولەیمان، سوڵتانموزەففەر و جەمشید بەگ. بە زیندی سەر وڵاتەکەی لە ناو کوڕانیدا بەشکرد. ئەسکەندەری بۆ جێنشینی ناودێر کرد و لە پاشان مرد.

ئەسکەندەر بەگ

کە باوکی نەما، چووە قەزوێن و شاتۆماسب پەیمانی بۆ نوێکردەوە. لە ڕۆژگاری شائیسماعیلیش هاتە لای شاو ئەویش زۆری دەستی قەدرێ لێنا و لە بەزەیی بێبڕانەوەی شاهانەوە کرایەوە فەرمانڕەوای پلنگان و بە دڵخۆشی و کامڕەوایی گەڕایەوە. بیست ساڵ بە مەزنایەتی ڕاییوراد و لە ئەنجامدا پەنجەی پلنگی مردنی دەکرکراگەی گەردنی هاڵا و ڕێکی کوشی و ناوی ژیانی پێ هێق

١- پاڵەنگان بنگەی وڵاتی کەڵهوڕە و سەر بە سنەیە.

کرد و بۆ تاریکستانی گۆڕی نارد.

لـە مردن بەهرە نـادا خۆ بواردن　　　مرۆخۆرێکە تێر نابێ لە خواردن

هەر کە ئەمیـرئەسکەندەر سەری ناوا بوو، سولاغحوسێنتکلـو -کـە بـە بریکـاری شائیـسماعیل فەرمانڕەوای دینەوەر بوو- دەرفەتی لەو مەرگە هێنا و هاتە سەر قەڵای پڵنگان و ئەو قەڵایەی -کە بۆ ڕژدی و هەڵەمووتی لە هیچ هەردان وێنـەی نـەبووە- بـە زۆری زۆرداری گرتـی و جێـی ئەسـکەندەری گرتەوە.

سوڵتانحوسێن برای سولاغ -کە زۆر لە کاکی دەترسا- خۆی لە بەر چـنگی دزیـەوە و بـە دزیـەوە چووە شارەزوور و لە لای مەحـموودپاشای کـوڕی شەمـسیپاشـاخۆی دامەزرانـد. لـە پـاش مـەرگی شائیسماعیل -کە قزڵباش لێیان شێوا و دنیا ببووە هەرچی و پەرچی و هەر یەکەی لە ئاوازێك و هـەر سەرەی سازێکی دەژەند- سولاغحوسێن -کە نانــخۆری لـە مێژینـەی خانـەدانی وەلـیخـانیتکلـوی هەمەدان بوو- نانی خوارد، ناندێنی دڕاند و لە فەرمانی وەلیخانی سەرپێچی کرد و ئەویش سزای ئەو بێـنـمەکیەی نایە مشت و گرتی و کوشتی. لەشکرەکەی شارەزووریش کێس و هەلیان لـە دەس نـەدا و پڵنگانیان لە بەر چەنگی بەرەی تکلویی دەرێنا و بنەماڵەی میـرەکانیش تا ئەوسا کەسـیان نـەمابوو؛ ئێستاکێ ناوچەی پڵنگان لە دیوانی عوسـمانیەوە بە بێگانە دەسپێردرێ.

لکی دووەم

فەرمانڕەوایانی دەرەتەنگ

لە ڕۆژگاری پێشیندا[1] بە ناوچەی حلوان دەناسرا. فەرمانداریێکی دەرەتەنگ -کە نووسەری ئەم پەڕانە بیستوویەتی زۆراب بەگە- پیاوێکی ئازا و دلێر و دەستودلاواز و جوامێر وسەرگەرم و بەزیپك و نێر بووە. ناوچە و قەلاّی پاوە و باسکە و ئالانی و قەلاّی زنجیر و ڕوانسەر و دوان و زرمانێکی بە دەستەوە بووە و کە مردووە عومەری کوڕی جێی گرتووە.

عومەر بەگ

دەپێشدا تووش و چەمووش و دەست درێژکەر و خوێنڕێژ و بادەخۆرەوە و زۆردار بوو. لە دواییدا بەزەی خودا دەستی گرت و دەستی پێ لە گوناهان هەلگرت؛ ئەو جار ببووە پارێزگارێك نوێژی لە سەر داوێن دەکرا. لەو کاتەدا کە سولتان سولەیمانخانی خەزاکەر دەستی بە سەر ئارامگەی بەغدادا گرت، عومەر بەگ هاتە بەر فەرمان و بەر بەزەوی بەرێژەوی پادشاهانە کەوت و فەرمانی فەرمانداریەکەی لە دیوانی سولتانەوە بۆ نووسرا. لەو دەمەوە کە هاتە ناو ڕیز و کۆڕی نۆکەرانی هەرەبەرزی پادشاهی، هەرگیز لە ڕێی بەندەییدا -سەری موویەك- کلانەبووە و بۆ خزمەتیّ کەس وانەبووە. زۆریش ژیا؛ لە ئەنجامدا لە دەریای بیّ بنی مەرگا بەر شەپۆلی نەمان کەوت.

وای دانیّ کە زۆر زەلام و بەرزی	زۆرزان و زرینگ و ڕێك و تەرزی
مردن کە گەڕی دەپیاوی هالاّ	نازانیّ بلند و کورتە بالاّ

١- لە دەستنووسێکدا لە باتی ڕۆژگاری پێشین، نووسراوە: ڕۆژگاری کیسراکان. عەونی

قوباد بەگ

چ بۆ بوێری و ئازایی، چ بۆ دەست و دڵاوایی و چ بۆ قشتی و خوێن شیـرینی، گوڵی سەرتۆپی لاوانە و بژاردەی خاوەن ناوانە. جگە لە ناوچەی دەرەتەنگ -کە بەرانبەر بەو زۆرە، تەنگە- هەر لـە کەوشـەنی دێنەوەر بگرە هەتا بەغدای هێمناییگە، دەبەر فەرمانی ئـەو دایـە. لەمــەڕ وڵـسات و پاتـاڵ و دراوی نەغدینە و ماڵ و هاوکار و یار و هەواڵەوە، لەو ناوە تاکی بێتایە.

لكی سێهەم

فەرمانڕەوایانی ماهیدەشت

لە سەردەمی نووسینی ئەم نوسخە پەرێشانەدا، کەسێکی وام دەست نەکەوت کە شارەزای ماهیدەشت و ئاگای لە سەرگوروشتەی بێ. بەڵام کەمکەم لە دەماودەمم بیستووە کە بنکەی ئەو خانەدانە لە مێژەوە ماهیدەشت و تیلاوەرە[1]. زوربەی هۆز و تیرەکانیان خێڵەکین و خاوەن مەڕ و ئاژەڵدارن. لە بەرێدا وڵاتەکە دەبەر دەستی دوو برادا بوو: شاباز و مەنسوور. ساڵی ١٠٠٢.ك (١٥٩٢.ز) مەنسوور شابازی کوشت و هەموو هۆز و خێڵەکانی کوردەکانی ماهیدەشتی خستە ژێر دەست و ئێستا هەر خۆی لەو ناوەدا فەرمانڕەوای سەربەخۆیە.

شاباز کوڕێکی لە پاش بەجێما بە ناوی ئەلقاس؛ جارجار بە گژ مامیدا دێ. هەموو ساڵێ چل هەزار سەر ئاژەڵ لە میری ماهیدەشتەوە دەبێ بە دیوانی بەغدا بگا و مەنسوور پێی دەستەبەر بووە. دەگەڵ میر وگزیرانی سەر بە بەرەی عوسمانی و نەخوازە میری میرانی بەغدایە، تا بڵێی نەرم و نیان و بەرفەرمانە و وەکی دیش زۆر سەرگەرم و ئازایە و لە دەوڵەت و سامانیشدا لە وڵاتی خۆی یەکەم کەسە.[2]

١- ئەمین زەکی «بیلاوەر»ی نووسیوە. جەمیل

٢- خان هەتا ئێرەی هێناوە. ئەمین زەکیش زیادی نەبووە بیخاتە سەر. بەڵام لە *تاریخی کوردستان* دالە ڕاولینسون دەگێڕێتەوە کە: هۆزی کەلهوڕ زۆر کەوناران؛ لە بیست هەزار ماڵ زیاترن. نیوەیان دەناو ئێراندا بڵاو بوون و نیمەکەی تر لە چیای زاگرۆس -کە زێدی پێشوویانە- دەژین. ئەوانەش دوو بەرەن: یەکەمیان شابازی، کە بەرەی شابازن و هەشت هەزار ماڵێك دەبن و لە کرماشان و ماهیدەشت و مەندەلین. دووەم مەنسووری، دوو هەزار ماڵ دەبن و لە گەیلان دەژین. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هێندێك لە میرەمەزنەکانی کەلهوڕی، کە لە قەڵەمی شەرەفخان کەوتووە ئەوانەن:

ئیبراهیمسوڵتانخان

شائیسماعیلی سەفەوی کە بەغدای گرت؛ دایە دەست ئیبراهیم سوڵتانخان، کە ئەمیرێکی کەلهوڕ بوو. ساڵی ٩٣٠یان ٩٣٤ك (١٥٢٣-١٥٢٧.ز) کە بە سەردان چووبووە ماهیدەشت- زولفەقارخانی برازای بە سەری دادا و ←

← کوشتی و بەغدای لیّ ساند.

زولفەقارخان کوڕی ئەخوەتخان

سەرەکی هۆزێکی کەڵهوڕ بوو، بە ناوی هۆزی مووسڵوو؛ میری هێندێك لە لوڕستانیش بوو. دژی برایم سوڵتانخانی مامی ڕاپەری؛ کە بۆ شاتۆماسب بە سەر بەغدا ڕادەگەیشت و کوشتی و لە جێی دانیشت و زۆربەی شارەکانی عیراقی خستە دەست خۆی و ئەوسا لە ترسی سەفەویان، خۆی دەگەڵ عوسمانی ڕێك خست و دەگەڵ سوڵتان سولەیمانی قانونیدا باڵوێزیان ئاڵ و گۆڕ کردن. شاتۆماسب ساڵی ٩٣٦.ك (١٥٢٩.ز) یان ٩٤٠.ك (١٥٣٣.ز) لەشکری هێنا سەر و دەوری بەغدای تەنی و زولفەقارخان زۆر ئازایانە بەرەنگاری بوو، نەیهێشت زەفەری پێ بەرێ. شا کە زانی لە مەیدان چی بۆ دەگەڵ ناکرێ، کەوتە گزی و بە دزی عەلی بەگ و ئەحمەد بەگی برای فریو داو ئەوان بۆیان کوشت. جەمیل

بەندی یازدەمین

فەرمانڕەوایانی بانە

ئەو یـاوەران و یارانـەی دەسـت و مەچـەك لـە بارانـەی تـۆز و گـەردیان لـە بـەژن و ڕووی مێـژووی پێشوو تەکاندووە و کیمخـوا و خـارا و شـاڵ و والآی زەرد و سـووریان بـە بـەر بالآیـدا کـردووە و بـە دانسته خـاڵ و میلیـان دانەدانـە بـە دەم شـانەدا هێنـاوە و لـە پرچـی ئاوریـشمی و لـوولی، چـەند پەلکەیان هۆندۆتەوە، لەمـەڕ بـانووی ئـاوداوێنی ئاریـەباوە -کـە لـە بـەر نـاز بانـەی نـاوە- وایـان بـۆ گێڕاوینـەوە: بانـە نـاوی مەڵبەندێکـە سـەرەك هـۆز و میـرەکانی بـە بانـەیی بـەناوبانگن. دوو قەڵا و ناوچەی تێدایە: ناوچـەی بانـە و قـەڵای پیـرۆز یەکێکیانـە و ئـەویتـر قـەڵای شیوەیە؛ کـە لـە نێـوان ئـەردەڵان و خـاکی بابـان و موکوریـان هەڵکـەوتووە. میـرەکانیان پێیـان ئێـژن ئەختیارودین؛ گوایە هـەر بـە خۆشـی خۆیـان دەسـتیان لـە گـاوری بـەرداوە و بـە بـێ ئـەوەی هـیچ خونکارێـك لـە پادشـایانی موسـوڵمان فـەرمانیان بـە سـەردا بـدا، هاتوونـە سـەر دیـنی ئیـسلام و ئەو نازناوەیان لێ ناون. خوداش پتـری ئاگا لێیە.

میـرزا بەگ کوڕی میـرمـحەمەد

وەك دەماودەم هاتووە و مەردم بیستوویانە، یەکەمیـن میـرێکی لـەو میـرانە نـاوی بـڵاو بۆتـەوە، میـرزا بەگ بووە. ماوەیەك بوو فەرمانڕەوای بانە بوو. کیژی بێگە بەگی فەرمانڕەوای ئەردەڵانی هێنـا و بوو بە فەرمانداریکی سەربەخۆ. لـە سـەر ئـەو کیـژەی بێگـە بـەگ -کـە میـرزا بـەگ بـۆ خـۆی خواستبوو- سوڵتان عەلی بەگی غنلیج کەڵەوەکێشی دەگەڵ دەکرد و کێشەیان لـە نێـوان تونـد بـوو. سوڵتان عەلی میـرزا بەگی لە ناوچەی بانە وەدەر نا و قاتنمش بەگی برای خۆی لە جێ دانـا. میـرزا بەگ پەنای بە بێگە بەگ برد و بە کۆمەگی ئەو قاتنمشی ڕاو نا و خۆی کردەوە بە فەرمانڕەوای بانە و

لە دوای ئەوە میــرزای مەرگ، لە ناو سیایی مردوانیدا ناونووس کرد.

پێنج کوڕی بە یادگار بەجێ هێشت: بداغ بەگ، سولەیــمان بــەگ، غــازیخــان، میــرمــــحەمەد و ئەغوەرلوو.

بداغ بەگ کوڕی میــرزا بەگ

لە پاش نەمانی بابی، بوو بە فەرمانڕەوای بانە و دوای ئەوە کە چەند ساڵێك مەزنایەتی بە دەست بوو، میــرمــحەمەد و ئەغوەرلووی برای -کە لە دایکێکی دیکە بوون- گەڕیان تــێ هاڵانــد و لــە وڵاتیــان وەدەر نا و ئەویش پەنای بە ئاستانەی شاتۆماسب برد و شاکۆمەگی کرد و نیازی وابــوو بــە هیمــدادی شاوە بەرەو بانە بێتەوە و تۆڵە بستێنێتەوە؛ بەڵام شای مەرگ مۆڵەتی نەدا و تەقڵەکوت هەرای کردێ و هەر لە شاری قەزوێنێ لە ناو گڵکۆدا خپی کرد.

سولەیــمان بەگ کوڕی میــرزا بەگ

لە دوای برا گۆڕ غەریبەکەی، لە دیوانی شاتۆماسبەوە میــرایەتی بانەی بە میـــرات درایــە و بــولقلی بەگی ئایدین ئاغای زولقەدری والی مەراغەی ڕەگەڵ خرا کە پشتی بگرێ و لە سەر بانەی دانێتەوە. بە هیمدادی بولقلی بەگ و بەرانبەر بە فەرمانەکە، بۆوە بە سەرداری بانــە و بیــست ســاڵێك مەزنایــەتی کرد. چونکە پیاوێکی ویندار بوو، کاروباری دنیاداری بە ئەرکێکی دژوار زانی؛ بەدر بەگی برازای خۆی لە جێگەی خۆی کردەمیر وکیژی خۆشی لێ مارە کرد و ملی لە خواپەرستی نا و دوو جار سەری ماڵی خودا و مەدینەی نێژگەی پێغەمبەری دا- خوا لە پێروزیان کەم نەکا- جاری دووەم نەهاتەوە و لە سەر چاکی هەرە چاك و ئارامگەی فرە ڕووناکی چاکتــرین مرۆی سەر زەمیــن -گــەلێك درووود و ئافــەرینی خودا بۆ خۆی و خزم و یارانی- کروشــمەی کرد و لە مەدینەی بەرۆشنی نیشتەجێ بوو.

بەندی دوازدەمین

فەرمانڕەوایانی گەڵباخی[1]

گوڵ چینانی ناو باغانی بە پەرژینی کوت کراوی ڕێکخراوی بەسەرهاتان و ڕووداوان -کە ڕۆژی خۆی باغەوانی پیرەمامیان، نۆنەمامیان لێ ناشتووە و بە سەلیقە بە تاماوی لیقەی دەواتیان داشتووە- دەڵێن میرانی گەڵباخی یەکەم سەرناسیان هەباسە و باسەکەش وادەست پێ دەکا: هەباساغا ناو لە گەورەکانی خێڵی ئیستاجلوە و لە هۆزی خۆی بە هۆی ڕووداوێك ئاوارە بووە و لای بێگە بەگی میری ئەردەڵان گیرساوەتەوە و پەنای دراوە. زۆر زووی توانیوە خۆ خۆشەویست کا. پیاوێکی ئازا و زیت و

١- لە پێشەکی شەرەفنامەدا -کە سیایی سەربەندەکان نووسراوە- دەڵێ: بەشی دووەم لە ڕووپەڕی سێهەم بە دوازدەبەند کۆتا دەبێ. بەندی یازدەبەر «بانە» کەوتووە. «تەرزا» کە دەبوو دوازدەهەم بێ، لادراوە. تەنانەت ڕستی: «بەندیدوازدەهەم» نەنووسراوە. مامۆستا عەلیعەونی لە پاش بەندی یازدە-کە باسی بانەیە- دیسان هەر نووسیویە: بەندی یازدەهەم: گەڵباغی. لە داوێنی ڕووپەڕی ٤١٦ی چاپەکەی میسردا نووسیویە: «ئەم بەندەم لە ناوەرۆکی نوسخە جیاوازەکانەوە وەرگرت کە لە کۆتایی چاپ کراوەکەی زێرنوف دایە. دیارە هێــن شەرەفخانیش نیە؛ چونکە نەیخستۆتە ناو فیهرستەکەوە.» ئەوی سەرنــجی ڕاکێشام، ناڕێکی و ناکۆکی وشە و ڕستەکان بوو؛ کە دەگەڵ فارسیەکەی شەرەفخاندا عاسمان و ڕێسمان بوون. دەردەکەوێ کابرایەکی فارسینەزان نووسیویە و ئاخنیویەتە ناو بەرگە شەرەفنامەیەکەوە. جگە لەوە کە سەر و گوێی فارسیەکەی تێك کردۆتەوە و زۆر ڕستەشی هەر مانا نادەن، لە باسی حوسێن بەگ ناوێکدا کە کەوتۆتە ڕووپەڕ ٤٢٣ی چاپەکەی میسرەوە، دەڵێ: ئێستا کە ساڵی ١٠٩٢ه[!] لای هەڵۆخانی ئەردەڵانە. مامۆستا ڕۆژبەیانی ئەوەکەی عەلیعەونی وەرگێڕاوە؛ بەڵام کە زانیویە هەڵۆخان هاوچەرخی شەرەفخانە، تاریخەکەی کردۆتە ١٠٠٢. لەمەش ورد نەبۆتەوە کە هەموو ئێستا کانی شەرەفخان بۆ ساڵی هەزار و پێنجە؛ کە کتێبەکەی تێدا نووسیوەتەوە.

من ئەم بەندەبە نووسراوی شەرەفخان نازانم و ناشمەوێ لە ناو بچێ. وەك پەراوێزێك یان سەربارێك ڕەگەڵم خست و خواخێری نووسەری بنووسێ. هەژار

ئەوی شایانی باسە، کیژی هێژا و کوردناسی سوڤیاتی، ژ. ڤاسیلیێڤا -کە شەرەفنامەی کردۆتە ڕووسی- لە سەر ئەم باسە ڕەخنەی لە مامۆستا عەونی گرتووە و لە ڕووپەڕ ١٥ی پێشەکیەکەی خۆیدا دەڵێ: ئەو نووسینە هیچ لە کردەی شەرەفخان ناکا و هەڵەی ڕێزمانیشی زۆر تێدایە. کەمال مەزهەر

ژێهاتی و زۆر دەسکەرەوە و چاونەترساو و شیـرین ئاکار و خزمەتگوزار و مەردانە بـووە. بێگـە بـەگ زۆری پەسند کردووە و کیژی ئەلیاس ئاغای ڕەنگەڕێـژانی بـۆ خواسـتووە و کـانی و بەرکانیـەکی لـە مەریوانێ بە خەلات داوەتێ و دایـمەزراندووە. هەباس‌ئاغا لە زەویەکەیـدا بـاغی ناشـتووە و زۆریـش پیاوێکی دلاوا بووە؛ ڕێبوار و ناسیار کێ ڕابردبا، بە زمانی تورکی -کە زمانی خۆی بوو- بـانگی لـێ دەکرد: کاکە! گێل باغە. واتا: وەرە باغ. کوردی ئەو ناوە زمانی تورکیان زۆر پێ سەیر بـوو؛ هـەر لـە بەر ئەوەش ناویان لێ ناوە عەبباساغای گەڵباغی[1].

پوختەی مەبەست: ئەم کابرایە لای بێگە بەگی شارەزوور -کە لە قەلای زەلم دادەنیشت و خـاوەنی دوازدەهەزار سواری یەدەکدار بوو- دامەزرا و لە سایەی ئازایەتی و بەکاری خۆیەوە زۆری خـۆ ڕەپـێش خست و زۆری چاکە دەربارەی کرا و پلەی مۆرداری میـری پێدرا. ئەوسا ناردی لە ناو هۆزەکەی خۆیدا دووخوشکی هەبوون هێنانیە جەم خۆ و دانی بە خزمە ڕەنگەڕێژیەکانی و چەند لاوێکیان لێ کەوتەوە و پتـر لە پێشوو ڕەگی داکوتا.

نەیاران و بەدکاران -کە ئێرەیان پێ دەبرد- دوو زمانیان لە لای بێگە بـەگ کـرد، کـە هەباسـاغا نیازی وایە بتفەوتێنێ. هەباس کـە بـەو کـەین و بەینـەی زانـی، ڕۆژێـك بـە نوێـژی نیـوەڕۆ خـۆی و یارەڵڵاغای خوارزای -کە لە هۆزی ڕەنگەڕێژی بوو- پیلی مـاڵ و منـداڵیان گـرت و لـە شـاری زەلـم دەرکەوتن. بێگە بەگ کە باش دەیزانی ئەو جووتە چەند ئازا و دێون، کەسی نەناردەبەرایی و وازی لـێ هێنان. ئەو دووە هاتنە بیلاوەر و نیشتەجێ بوون. وردە-وردەدەگەڵ هۆز و تیـرەکانی لەك و مـادکی و سولەیـمانی و کەڵهوڕدا دۆستایەتیان داخست و خزمایەتیان دەگەڵ کردن.

لەو کاتەیدا شاتۆماسب دەچووە سەر وڵاتی ئوزبەگ و لە کن تـورکنج دابـەزیبوو، خـاڵ و خـوارزا چوونە لای شاو بۆ ئەو شەڕەی ڕەگەڵ کەوتن و لە مەیداندا بـۆ مەردایـەتی دادیـان داو لـە سـوپاگەی سەرکەوتواندا ناویان لە سەرووی ناوان بوو. پادشای ئوزبەگیان بە دیل گرت و دەگەڵ چەند دیلێکی‌تردا هێنایانە بەر سێبەری تەختی خەلیفایەتیەوە و شازۆری ئافەریم دانێ و بە پـاداش سـەربەرزی کـردن و

---

[1]- ئەمیـن زەکی دەڵێ: «شارۆکەی سەرچاوەی لە مەریوان دراوەتـێ و عـەبباس‌ئاغـای گـەڵباغی دامەزرێنـەری ئـەو میـرنشینەیە». من لام وایە ناوی باوکی گوڵاویاغا (گوڵابیاغا) بووە؛ بۆیە بووەتە گەڵباغی. جەمیل

فەرمانی فەرمانڕەوایی بیلاوەر و دوازدەتۆیماق[؟]ی بۆ نووسین.

چەند ساڵێك مەزنایەتی بیلاوەر و ئەو تۆیماقانەیان کرد و خەڵکێکی زۆر لە هۆزەکانی سولەیمانی و بادکی و کەڵهوڕ و وەرمەزیار هاتنە لایان و تێکڕایان بە ناوی هۆزی گەڵباغی ناودێر بوون. چەند جارێك لە ناو ئەوان و محەمەد بەگی گۆراندا چەند شەڕ و هەرایەك ڕوویدا؛ لە ئەنجامدا ئاشت بوونەوە و محەمەد بەگ کیژی خۆی دابە محەمەد قولی کوڕی یارەڵڵاغا و بوونە خزم. ئەمجار شەختەی مەرگ پارێزێکی بردەباغی ژینی هەباسی گەڵباغی و بەرگ و باری لێ هەڵوەراند.

جیهان چون جامە، مەی تاکامە، دەوران	لە پەستا تێدەکا بۆ چووك و گەوران
بە خۆشی خۆت نیە و نۆشین بە زۆرە	دەبێ وەیخۆی سەریشت بەریە هەوران

یارەڵڵاغا کە لە ڕۆژگاری هەباساغا هۆز و ناوچەکانی سەرپەرشتی دەکرد، لە پاش مردنی خاڵی، هەموو کار و باری مەزنایەتیەکەی دایە دەست عەلیاغای خاڵۆزای و گۆیا بەهانەی دەست لە کار کێشانەوەی ئەوە بووە گوتوویە من خێزانبارم و پڕکارم و قەرزدارم؛ هەر هێندەم بۆ دەکرێ بە کاروباری خۆم ڕابگەم و ناپەرژێمە دنیاداری. ئەو ئەرکەی بە تۆ دەسپێرم و خۆم لە گیرودار دەبوێرم؛ چاوەدێریشت لێدەکەم. یارەڵڵا زۆر دەوڵەمەند و ئاژەڵدارێکی قورس بووە. دەڵێن لە ناو ڕەوەی ئەودا سێسەد ئێستری تۆڕ هەبووە.

لە پاش دامەزراندنی عەلیش، دیاری و پێشکەشێکی زۆری بە نامەوە بۆ بێگە بەگ بەرێ کرد و باسی مەرگی هەباساغای پێ ڕاگەیاند و ئەوەشی وەبیر هێناوە کە هەر وەکوو هەباساغا پلەی مۆرداری تۆی هەبووە، کوڕیشی هەر بەندەی تۆیە و پێم خۆشە سەرفرازی کەی و ئەگەر لە ژێر سایەی تۆبێ، بۆمە جێگەی شانازیە. بێگە بەگ تکای یارەڵڵاغای گرت و ناوی میرێك لە میرانی بەردەستی خۆی لە عەلیاغای گەڵباغی ناو پێداویستی میرایەتیش هەرچی پێویستە پێی بەخشی. عەلی بەگ بە ئارخەیانی لە مەڵبەندی ژێردەستیدا فەرمانڕەوایی خۆی دەکرد.

لە وەختێکدا کە سەنان پاشالەشکری بەرەو نەهاوەندێ هێنا و ناوچەکانی دەوروبەری داگیر کردن، عەلی بەگی گەڵباغی -کە عالی گەڵباغیشیان پێدەگوت- هاتە بەر فەرمانی عوسمانی و

سەنانپاشاناردیە سەر کرند و شێخان و نامەشی دەربارە نووسی و یارەڵڵاغا نامەی بردەئەستەمبووڵ و گەیاندیە دەرباری سوڵتان و لە دیوانی عوسمانیەوە ناوچەکانی کرند و شێخان و چکران و قەڵای تفاب و خورخورە و تیرەزەند و قەڵاتەپە و چەند شوێنێکیتریش، بە سنجەق درا بە عەلی و ئەرکەلە و رەنگەرێژان و سەهبانانیش بە تیمار دران بە یارەڵڵاغا.

عەلی گەڵباغی

رووداو گێرەوەی زیت و خۆش ئاخێو و ئەندازەگری ڕاست و درووس پێو، مێژووی پێشوویان هەڵسەنگاندووە کە چایی و لاریان لێ پەڕاندووە و پوختە و پتەویان ڕاگەیاندووە و لە باسی عەلیگەڵباغیدا گوتوویانە: پیاوێکی زۆر خاوەن دەست و بە دەست و پێوەند و دەوڵەمەند بووە. هەموو ساڵ زۆری پێشکەش و دیاری بۆ بێگە بەگی ئەردەڵانی ناردووە و بێگە بەگێش زۆری خاتر گرتووە.

مەڕومالات و چادر و چیغی میر وولسات و ئاژەڵی خێڵانی گەڵباغی -لە پاش خاکەلێوەی بەهاران- دەچوونە بانەمەڕان و هەواریان لە زۆزانی کرند بوو. دەبوایە بە ناو زەهاودا تێپەڕن و پایزانیش -کە خێڵ بەرەو ژێر دەبوونەوە- ڕێبازیان بە ناو پووش و پاوانی زەهاودا دەهات. فەرمانێکی سوڵتانیان بە دەستەوە بوو کە هیچکەس ناتوانێ پووشانە و سەرانەو مەڕانەیان لێ وەرگرێ یان بەرگرییان لێ بکا. قوباد بەگی زەهاو -کە زۆر زیانبار دەبوو- ناچار بەرەنگاریان دەبوو؛ ڕێگەی کوێستانی لێ دەبەستن. هەموو ساڵێ دوو جاران پایزان و بەهاران زەهاوی و گەڵباغی لێك وەخۆ دەکەوتن و دەبووە هەرا و شەڕەپەیاغ.

عەلی بەگ بەهاری ژیانی کەوتە بەر پایزی مەرگ و لە خێڵی زیندووان بەجێ ما و لە گۆڕستان هەڵیدا. دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: حەیدەر بەگ و کچ بەگ.

حەیدەر بەگ

جێگەی بابی گرتەوە؛ هەر لەو ساڵەشدا یارەڵڵاغا -کە تیماری سەربەخۆی بە دەستەوە بوو- لە پاش

سەدساڵ تەمەن، تیماری لێ بوو بە بیماری و بە ناچاری دنیـای پـڕ لـە ئـازاری وەلا نـا. سـێ کـوڕ و پێنجسەد ماڵە بۆرەپیاگی لە پاش بەجێ مان. ناوی کوڕەکان: مـحەمەدقولی و ئەسەد و شاوەیس بوو.

حەیدەر و مـحەمەدقولی

کە یارەڵلاغا بە شوێن عەلیبەگدا مرد، مـحەمەدقولی کوڕی یارەڵلاغا خـۆی گەیاندەئەسـتەمبووڵ و فەرمانی هێنا کە حەیدەر لە جێی عەلی بەگ بێ و مـحەمەدقۆلیش بە سەر بەشی بابی خۆی ڕا بگا. سەرەڕای ئەوەش عوسـمانی چونکە مـحەمەدقولیان بە دەست پاك دەزانی، سێ جاران باجانەیان پێـدا ناردە ئاستانە و ئەرکی خۆی زۆر بە باشی ئەنـجام دەدا.

حەیدەر بەگ کوڕێکی هەبوو ناوی سورخاب بەگ بوو. دوو خاڵی ئەو سورخابە -کە یـەکیان نـاوی موحێبەدین بوو- لە وەختێکدا لە بەر نەگونجاوی خۆیان، لە وڵات ئاوارە ببـوون و لـە ئەسـتەمبووڵ دەژیان.[1] چەند جارێك حەیدەر بەگ ڕایسپاردبوو کە موحێبەدین بەرێتەوە، بەڵام ئەو سوێندی خواردبوو کە هەرگیز نایەتەوە. جارێکیتر سورخابی خـوارزای زۆری ڕوو لێنـا و موحێبـەدین دڵـی نەشـکاند و هاتەوە و لە تۆڵەی تۆبە شکاندنەکەشیدا سێ ڕۆژان بە ڕۆژوو بوو. کاتێ ئەم خەبەرە بە حەیـدەر بـەگ گەیشت، سورخابی بانگ کرد و گوتی ئەو ناڕاستە سوێندی خۆی بـە هـیچ نـەگرتووە؛ گەرەکمـە هـەر ئێستە بچی و بیکوژی. سورخاب سوار بوو بە پیـر خاڵیەوە چوو، لە نیوەی ڕێ تووشی بوو. تیـرێکی ژەهراوی لە سینگی دا، لە مۆغەرەی پشتیەوە سەری کرد و خاڵی خەڵتانی خوێن کرد و پەلەقاژەی لێ بڕی. ئێستاش ئەو جێیە لە ناو گەڵباغیاندا «موحیبکوژە»ی پـێ دەڵـێن. لـە پـاش کـوژرانی ئـەو، دوژمنایەتی زۆر سەخت کەوتە نێوان خزم و تیـرەی هـەر دوو لاوە. حەیـدەر بـەگ و سـورخاب بـەگ[2] لەشکریان لە عێلی کج بەگ کرد و سورخاب هەر بە دەستی خۆی حـەوت کەسـی لـە خـاڵوانی خـۆی کوشت. لە ئەنـجامدا هێندێك تفەنگچی عێلەکە هـەردوکیان بـە گوللـە کوشتـن و هاتیشن خێڵـی

١- ئەم باسی حەیدەر و مـحەمەدقولیە تا سوێند شکانەکە لە ڕووپـەڕ ٤٢١ فارسـیەکەی چـاپی قاهیـرە دایـە و زۆر پچڕپچڕ و پەرت و پەرێشان و تێك چڕژاوە هەر ئەوەندەم لێ هەڵکڕاند. هەژار

٢- لە فارسیەکەدا سغاب نووسراوە کە دیاریشە سورخابە.

حەیدەر بەگیان ساف لە ساف تالان کرد. لە پاش ئەوان، حوسێن بەگ[1] بەشی حەیدەر بەگی لە دیوانی سولتانەوە بە سنجەقی بۆ خۆی ئەستاند و دەگەڵ مرادخانی برایدا دوویەدوو بە سەری ڕادەگەیشتن. حوسێن بەگ، «بەگم»ی کیژی عێل بەگی کەڵهوڕی ژن بوو. ژنە -وەك لە ناو کەڵهوڕاندا باوە- هەر خۆی هەمە کارە بوو؛ حوسێن بەگی میردی هەڵپەساردبوو، چەند کەسێکی ڕاسپارد مرادخانیان بۆ کوشت. کوڕانی مرادخان -کە حوسێن بەگ و سوبحان وێردی بوون- بە ڕابەری خزمانیان خۆیان گەیاندەبەغدایە و لە لای بەگلەربەگی شکاتیان کرد. ئەویش فەرمانی بۆ قوباد بەگی درنە نارد کە خوێنی بابیان بۆ بسێنێ. قوباد هەلی بە دەرفەت زانی و دەشەوێکدا نەخافڵ بە سەر حوسێن بەگی دادا و حوسێن بەگ و دەستەو بەستەی ڕاپانکرد و لە سیروان چوون بەو بەرەوە و پەنایان بە هەڵۆخانی ئەردەڵان برد و ئێستاش کە ساڵی ١٠٩٢ه[2] هەر لە لای فەرمانڕەوای ئەردەڵانن. خوا دەیزانێ.[3]

١- هیچ دەرناکەوێ ئەو حوسێن بەگە چە کەس بووە؟!

٢- ئاوا نووسراوە. وەك لەمەوبەریش گوتمان ڕۆژبەیانی دەستکاری کردووە و کردوویەتە ١٠٠٢. لام وایە هیچیان خۆی نیە؛ بڕوانە پەراوێزی سەربەندەکە. هەژار

٣- ئەمین زەکی دەڵێ: هۆزی گەڵباخی سێ‌هەزار و پێنجسەد ماڵێك دەبن و لە بان هۆبەتوو و ساراڵ و قەرەدەوار نیشتەجێن کە سەر بە ئەستانی سنەن. جەمیل

ناوی ئەو هۆزە -لەسەر زاری خۆیان و جیرانەکانیان- «گەڵواخی»یە. وەك دەڵێن: «گەلی یاخی»یان پیان گوتوون؛ کە بۆتە گەڵباخی و ئەمجار گەڵواخی. ئەو خێڵە ئێستاکە زوربەیان وان لە ناوچەی ساراڵ کە دەکەوێتە باکووری سنە ونزیك بە دیواندەرەوە و لە سێ تایفەی گاملی، مراوگوزانی و چۆخەرەشی پێك هاتوون و دەوری سی ئابادییەکن. جیرانەکانیشیان قالقالی وخوڕخوڕە و تیلەکۆیین. لە هەوەتووشدا دو تایفەی کاکسەوەنی و قەمەری، گەڵواخین. ماجد

بەشی سێهەم لە رووپەڕی سێهەم

فەرمانڕەوایانی کوردی ئێران

ئەویش دەبنە چوار دەستە

زانا و هۆزانان -وەك پالّەی قۆچاغ- پالّەوانانە هاتوونە دەست و لە تەختە و پەلّەی نوخشەی ڕەسیوی داسووپەڕیوی مێژووی ڕوودانی بە پشت و دانی گوڵگوڵ داوێستاو و بە گێژ لێك هالاّ و زەند و مەچەکیان لێ هەلّمالّیوە و شاقەلی شۆڕیان هەلاّزنیوە و داسی بنووسیان بە سان ساویوە و بە تووژی و کرژی ملیان لێناوە و بەر خۆیانداوە و گەوزیان لێداوە و گەوز بوونە قول و قول بوونە مەلۆ و لە پەرێزی پاك، باغە بەسراوە و لە گرشە دراوە و بەخێشکی زانست، کێشە کراوە و لە سەر جێخونی ڕووپەل ڕاخراوە و گێرەی جەنجەڕی وردەوە بوونیان لە سەر گێڕاوە و خۆیانی کاودان کۆما کراوە و بەشەنی ئەزموون هەلاّوێژراوە و کوێزر کوتراوە و چی چەت و چێوە، لە کەو دراوە و هەلاّوێراوە و کە زانیویانە کا چوو، ما دانی، خەرمانی مێژووی پاکژ و پوختی شەقلّ کراویان -بۆ چاوەنۆڕی ئاهەنگ و بەزمی ڕۆژی سوورانە- لە بەر ڕاناوین. ولۆ خویانە کە سەردارانی کوردانی ئێران[1] دەبن بە سێ کوت: سیامەنسووری، چکنی و زەنگنە.

وەك دەماودەم دەگێڕنەوە، ئەو کوردانە لە سێ براوە -کە وەختی خۆی- لە مەلّبەندی لوڕستانڕا یان لە ولاّتی گۆرانڕا لە زێد پەڕەوازە بوون و بەرەو عەجەمسان هاتوون و بە ئاواتی پلە و پایە هاتوونە ژێر سای شای ئێران و بە نیازی خۆ گەیشتوون و هەرسێك برا کراونە میر. ئەو هۆزانەش -کە لە دەورەی ئەو سێ برایە کۆ بوونەوە- هەر کامێك بەرەی کام میرە، ناوی بۆ خۆی گرتۆتەوە و بەو نازناوەوە ناسراوە. هۆز و تیرەیتری کوردیش -کە لە ئێران بەر فەرمان و هاریکاری شا و دیوانن-

---

١- لە سیایی فیهرستەکەدا دەلّێ: فەرمانڕەوایانی کوردی ئێران کە «گۆران»یان پێدەلّێن. جەمیل

ئاوایان سیایی گیراوە: لەك، زەند، ڕۆزبەهان[1] متیلج، حەسیری، شارەزووری، وەرمەزیار، کەلانی، ئەمینلوو، مەملویی، کج، کوڕانی، زکتی، کەڵەگیر، پازۆکی، وەهی، چەمشکەزەك، عەرەبگیرلو و هیتریش. چوار لەوانە -کە پازۆکی و چەمشکەزەك و وەهی و عەرەبگیرلوون- هەر زۆر لە مێژینەوە میر ومیرزادەی خۆیان بە سەریان ڕاگەیشتوون؛ میرایەتی لە ناویاندا بە میرات هاتووە. بیستوچوار هۆزیتری کوردیش لە قەرەباغی ئێراندا نیشتەجێن و بە ئیگرمیدورت (بیستوچوار) بەناوبانگن. لە ڕۆژگاری شاتۆماسب ئەحمەد بەگی پرتاڵ ئۆغلی کرا بە میری ئەوانە و بڕیاردرا کە هەمیشە -چ لە سەفەر یان لە ماڵ بێ- دەبێ بەرانبەر بە سیهەزار شەڕکەر و پاسداری هەبێ.

لە خوراسانیش کورد هەن و بە ناوی گێل ناسراون و لە ڕۆژگاری شاتۆماسب، شەمسەدین بەگێك میریان بوو. کوردی پێ نەزانراویش لە خاکی ئێراندا زۆرن؛ کە لێرەدا درێژەدان دەبێتە مایەی سەرەگێژە و بە ناچاری خۆم لێ بواردن. سوپاس بۆ خودای بەندەناس.

١- لەك: هۆزێکی گەورەن و لە ئێراندا بڵاون، زۆربەیان لە لەکستان دەژین کە لە باشووری ئێران و باکووری لوڕستانە. زەند هۆزێکی لە مێژینەی کوردەبە سەرداری کەریمخانی زەند بوونە دەسەڵاتداری هەموو ئێران و حوکمیان لە ساڵی: ١١٦٧.ك (١٧٥٣.ز) را تا ١٢٠٢.ك (١٧٨٧.ز) هەر ما و فەرمانڕەوای بەناوبانگیان کەریمخان و لوتفعەلیخان و سادقخانی زەند بووە. پاش هەڵوەشانی حوکمیان، لە بەر یەك هەڵوەشاون و هێندێك لەوانە ئێستا لە زەنلئاوا (زەند ئاوا)ی لای قەرەتەپەی کوردستانی عیراق دەژین. ڕوزبەهان: ڕەنگە بە ناوی ڕوزبەهی وەزیری بەهرامی گۆڕەوە ناو نرابن و ئەمڕۆ بە ڕۆژبەیانی دەناسرێن. زەمانی شاتۆماسب میرسەبری روزبەهانی میری ئەم هۆزە بووە و ناوی لە قاموسالاعلامی شەمسەدین سامیدا هاتووە. جەمیل

دەستەی یەکەم
فەرمانڕەوایانی سیامەنسووری

خەلیل بەگ

سالّی ٩٦٠.ك (١٥٥٢-٥٣.ز) کوڕە میرێکی سیامەنسووری -کە ناوی خەلیل بەگ بوو- شاتۆماسب بردیە جەم خۆ و بۆ سەرڕاستی لە ڕاست کاروباری دنیاداری پەروەراندی و بەگی بۆ بە خان گۆڕیەوە و کردی بە میری میرانی هەموو کوردەکانی ئێران. بلّ ژ هۆزی سیامەنسوور بیستوچوار تیرە و هۆزی کوردیتریش -کە هەر بەرەی میری خۆیان بە جیا هەبوون- بەرانبەر بە فەرمانی شا، هەموو هاتنە بەرفەرمانی و سولّتانیە و زەنجان و ئەبهەر و زەڕرینکەمەر و چەند مەلّبەند و ناوچەیتری ئازربایجان و عیراق پێ خەلاّت کرا؛ فەرمانیشی بۆ دەرکرا کە گەرەکە سێ هەزار سواری کورد ساز بدا و لە نێوانی قەزوێن و تەورێز دامەزرێن و پاسداری ڕێ و بانان بن و نەهێلّن دز و پیاو خراپ ڕێ بگرن یان لە ڕێ دەرچن.

دوو- سێ سالّ ئاوا گوزەرا. کوردی دەستپیس و شەڕەخۆر، زۆربەی زۆریان چوونە لای خان و ڕاست و ڕەوان پێچەوانەی فەرمانی شا دەبزووتنەوە؛ چەتەیی و ڕێبڕیان دەکرد و کاروانیان ڕووت دەکردنەوە و بە خانیش زەوت نەدەبوون و لە ئەنجامدا کۆ بوونەوەی ئەو کوردانە لەو هەردانە ببووە مایەی پەرێشانی و ئازاردانی هەموو ڕێوینگ و ڕێبواران و شاتۆماسب خواخوای بوو وەك خۆی لێ بێتەوە. خەلیلخانی لەوێ هەلّداشت و ناوچەیەکی لە خوار عیراقێ پێ بەخشی و ناردیە سنووری خوراسان و کاتێ بەختی خواری هێنا و دز و چەتە نانیان بڕا، هەموو هەر یەك بە لایەکدا بلاّو بوون و ئەویش هەتا لە دنیا ژیا، هەر لە کەوشەنی خوراسان دەگەلّ هۆزی سیامەنسوور، کاروباریان پاسداری بوو. کاتێ کە کاروانی ژیانی تووشی ڕێگری مەرگ هات، کوڕێکی بە ناو دەولّەتیار بە یادگار لێ بەجێما.

دەوڵەتیار کوڕی خەلیلخان

بە فەرمانی شاسوڵتان محەمەد، دولەتیاری میرمنداڵ لە جێگەی بابی دانرا و نازناوی خانی پێدرا و بوو بە دەوڵەتیارخان. لەو سەردەمانەدا کە وڵاتی ئازربایجان دەبەردەستی عوسمانیاندا بوو، دەوڵەتیارخانیان ناردەسەر سنووری ئازربایجان کە ئاگادار بێ. ناوچەی کرشب و زەڕرینکەمەر و سجاس و زەنجان و سورلق و قیدار و شەبستان و ئەنگوران و قانجوغەی سەرێ و قانجوغەی خوارویان پێ سپارد. ئەو مەڵبەندانە لە بەر شەڕ و شۆڕ و هەڵات هەڵات و کێشە و ئاژاوە بە سمی ئەسپی قزڵباشان و لە تەق و ڕەوی کوردان، دەبەر پێیاندا چووبوون و هەموو وێران و خاپوور بوون. دەوڵەتیار دەبوو بە فەرمانی شابە سەر ڕابگا و ڕێکیان کاتەوە و ئاوەدانییان تێ بخاتەوە. ئەویش ناوچەی کرشی کردەبنکەی خۆی و دژێکی زۆر پتەوی لێ دروست کرد و شارۆکێکی بە دەورەوە بنیات نا. دێوی بابی بوون دەکەللەی دەمی و قەلای حەستەمی بیری پێ گۆڕی و نۆکەری کردنی پێ سەرشۆڕی بوو؛ لەبەر فەرمانی شاوەدەر کەوت.

سوڵتان محەمەد ویستی تەمبێی کا. دەوڵەتیارخان کە زانی خۆی لێ ساز دەدەن، ئەویش وەخۆ کەوت و لە دۆژی ئەنگوران و شەبستاندا، هیمی قەلایەك گەلەك مەزنی داڕشت. لەسەر فەرمانی شاسوڵتان محەمەد شەش هەزار سوار بە سەرداری مورشید قولیخانی شاملوو هاتنە سەر دەوڵەتیارخان و دەوری قەلایان دا. شەوێك لە شەوان دەوڵەتیارخان و کۆمەڵێك کوردی نەبەرد و ئازای یار و هاوکاری، لە قەلا دەرچوون و وەك بەلای عاسمان خۆیان پێدادان و بەربوونە گیانی قزڵباشەکان. وەك گورگی برسی خۆ باوێژێتە ناو کۆزی کاران، کارێکیان بە قزڵباش کرد و کارەساتێکیان بە سەر هێنان و دابڕێکیان وێ خستن و قڕانێکیان تێ خستن، هەر مەگەر قزڵباش باش بزانن کە چۆن ئاشێکیان بۆ نانەوە و چەند لاشیان لێ گلدانەوە. قزڵباش بە ورەنەماوی و بێزراوی و شپرزەکراوی و سەر لێ شێواوی، ڕێی هەڵاتنیان گرتە بەر و دەوڵەتیارخان کەوتە سەریان و ڕاوەدووی نان و زۆربەی زۆریان بە دەمی شیران لەت کران و زۆریان پێیان لەبەز دەچوو، دەگیران و دەبوورانەوە. دایکە پیرەی دەوڵەتیارخان -لەو ناو شەڕ و هەنگامەدا- سواری ئەسپی بێزین ببوو، وەشوێن ڕاکردووان دەکەوت و هەرای دەکرد: «هەی بەنەقارە! هەی بەنەقارە!» واتا تەپڵ و کەڕەنایان لە مل داڕنن. ملوانە و نەقارەی حەوت میرلیوایان وە دەست دەوڵەتیارخان کەوت و هێنانیەوە ناو قەلایە. قەلەوقوتە

و گەجەرگوجەری شڕ و شەپڕێوی پاشماوەی شیر و خەنجەری کوردان -کە دەرباز ببوون- لە ڕوویان نەهات بگەڕێنەوە مۆڵگەی پێشوویان و لە ترسی شاعەباس[1] بەرەو پاتەخت نەگەڕانەوە و لە ڕووی ناچاری چوونە گەیلان و خۆیان حاشاردا. خانئەحمەدخانی والی گەیلانێ پەسیوی دانێ و بژیو و نانی بۆ دابین کردن و لە پاش چەن ڕۆژێك بە فەرمانی شالە جەلەی دان و بردنیە قەزوێن و لە سەر گوناهی لە شەڕ هەڵاتن -دەگەڵ کۆمەڵێك لە تاوانباران- بەداردا کران.

بەو سەرکەوتنە گرینکە، دەوڵەتیارخان لە خۆ دەرچوو؛ شەیتانی شەڕ قانەقدی داو وازی بە ئاوەزی دەکرد و ڕۆژبەرۆژ لە ڕێی دەردەبرد؛ تا وای لێهات کە پەردەی شووورەیی دڕی و پای لە بێشەرمی هەڵبڕی و گوڕی بەستە سەر عیراق و ویستی ناوچەکانی سوڵتانییە و ئەبهەریش هەر بخاتە ژێر دەستی خۆی. بەڵام تا سەر بۆی نەچووە سەر؛ شاعەبباس لەشکری زۆری هۆزی شاملووی بە سەرداری مەهدی قولیخانی نەوەی ئوغزیوارخان ناردەسەری و بۆ کلۆڵی لەو دەمەدا هۆز و تیرەی سەر بە دەوڵەتیارخان و پیاوە شەڕانیەکانی لێ دوور بوون. چەند کەسێکی کەمی دەگەڵدا بوو؛ قەڵاش هێشتا سەر و بەری نەگیرابوو؛ بورج و ڕوانگەی دیدەوانی لێ نەکرابوو. لە قەڵادا خۆی مەڵاس داو شاملوو دەوری قەڵایان گرت و ڵامیان بۆ شاعەبباس نارد. شا زۆر بەلەز بەرەو شەڕگە کەوتە ڕێگە. دەوڵەتیارخان لە هاتنی خودی پادشازۆر سەرسام بوو. بە خۆشی خۆی لە قەڵاکەی هاتە دەر و بە سەرشۆڕی و پاڕانەوە ڕێسمەی دەرگانەکەی ماچ کرد. لەسەر فەرمانی شاعەبباس سێسەد کەسێك لە ئاغایان و سەرناسانی خزم و کەسی دەوڵەتیارخان خرانە کۆت و بەندەوە و زنجیر کران و ژن و ماڵ و وردەو منداڵیان بە تاڵان بران و پاش چەند ڕۆژێك دەوڵەتیارخان بە دارێکدا هەڵواسرا و لە دنیای پڕ لە فیزەوە بەرەو دنیای خۆشیان ڕۆیی.

باوەڕت بێ بە گفتی دوژمنی خۆت	پەتی خنکان دەخەیتە گەردنی خۆت
کلکی مارت پەڕاند و بوویتە برای	خۆت بە خۆتی دەکەی کە پێوەی دای[2]

١- باسی لەشکری شاسوڵتان محەمەدەو لە پڕ ناوی شاعەبباس دێ! دیارە ئەوەندەماوە بووە کە شای پێشوو نەماوە و شاعەبباس پەیدا بووە؛ بەڵام دانەر نێوانی بە باسەکە نەداوە. هەژار

١- حوسێنحوزنی لە *تاریخ عالمآرای عباسی* دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەمیر دەوڵەتیارخان لە میرە ←

← بەناوبانگەکانی شاتۆماسبی سەفەوی بوو. لە لای هەمزەمیرزای سەفەویش زۆر لە پێش و خۆشەویست و نیاز ڕەوا بوو. کاتێ هۆزەکانی تکلوی تورکمانی لە شا هەڵگەڕانەوە، زۆری یاریدەی شا داو لە پاداشتا کرا بە یەکێك لە سەردارە پایەبەرزەکانی تایبەتی شاهانە و تا ساڵی ٩٩٣.ك (١٥٨٤.ز) هەر بەو پایەوە مایەوە. کە شاسوڵتان محەمەدی خودابەندەی سەفەوی لە تەورێزەوە ڕووی کردەمەڵبەندی سوڵتانیە و لەوێی هەڵدا، کردیە میری سیامەنسووریان و لە شەڕی خۆیەخۆی نێوان شازادانیش بەشدار بوو. بە لەشکری خۆی زۆری تۆماسب‌میرزای برد کە دەهەزار تورکمانی دەگەڵدا بووە و بەو ئازایەتیە لای شای سەرخستووە و دەگەڵیشی چۆتە ساین‌قەڵایە و شەڕکۆتایی هاتووە.

هەروەها حوزنی دەڵێ: دەوڵەتیارخان -وەك هەموو میرە کوردەکانی ئێران- دەیزانی شا زۆر بێ‌هێزە؛ قەڵای خۆی پتەو کردن و ناوچەی گوشاد دەکردەوە و قەڵای سجاسی دروست کرد و چی پێویستی بوو تێی خزاند. ساڵی ٩٩٥.ك (١٥٨٧.ز) کە شاعەباس هاتە سەر تەخت، مورشیدقولی تورکمانی دووزمانی لە دەوڵەتیار کرد. شا هێشتا خۆی نەگرتبوو بۆیە خۆی تێنەگەیاند. ساڵی ٩٩٨.ك (١٥٩٠.ز) لەشکرێکی بە سەرکردایەتی حوسێن‌قولی‌سوڵتانی سیامەنسووری ناردەسەر و دەوڵەتیار بە گژیدا هات و لەشکری شا شکا و شاعەبباس هیچ ڕێی بۆ نەمان، ڕێگەی گزی و فزی نەبێ؛ بەڵام بەویش چی بۆ نەکرا.

ساڵی ١٠٠٠.ك (١٥٩١.ز) شاعەبباس زۆر بە هێز ببوو. لە قەزوێنەوە لە دەوڵەتیاری گێڕاوە کە با چاوی پێ بکەوی و پەیمانی دۆستانە ببەستن. دەوڵەتیار لە وەرامی شادا هەڵیکوتا سەر زەنجان و سوڵتانیە و ئەبهەر و تارم و هەمووی داگیر کردن. شاعەبباس لەشکرێکی یەکجار زۆری لێ کۆ کردەوە و بە سەرداری مەهدی‌قولی‌خانی شاملووی تورکمانی، ناردیە سەری و دەوڵەتیارخان ئەو لەشکرە زۆرەی لە ناو برد و بلاوی کرد و ئێرانی زۆر زیانبار کرد. بەڵام شا دەستی لێ هەڵنەگرت لە پێشوو پتر لەشکری تەیار کرد و بە سەرکردەیی حوسێن‌قولی‌خانی قۆرووچی بە گژ دەوڵەتیاریدا کرد و ئەویش لەوی پێشووی خراپتر بەسەر هات. ئەمجار شا حوسێن‌خانی شاملووی حاکمی قومی بە لەشکرەوە نارد و ئەو لە هەمووان تەختتر پشتی وە عەرزێ کەوت و ئەو لەشکرەش بووە بەفری پار.

شا هۆزی-هۆزی هاتەوە سەر گزیەبۆزی و زانی ئەگەر بە شەڕ نابێ، با بە گەڕ بێ. نامەی بۆ دەوڵەتیار نووسی و نیوە هەڕەشە و زۆر بە زمان لووسی و دڵخۆشی دانەوە و گلە و سکاڵای دۆستانە بوو؛ داوای لێکرد کە ببنەوە دۆستی گیانی و شەڕ بە دەلاقە هەڵپەسێرن. دەوڵەتیارخان لە وەرامدا داوای کرد کە لە جێیەك چاوی بە شا بکەوێ و شا بە ناوی ڕاوەوە هاتە دیدەنی و هێزێکی زۆریشی دەگەڵ خۆ هێنا و لە نزیك قەڵای ئەو لەشکریەزی کرد. دەوڵەتیار چووە دیداری و شا پێشوازییەکی گەرمی لێکرد و دەستی نایە ناو دەستی و بردیە ناو خێوەتی خۆی و هەلی لێ هێنا و خرمچون گرتیان و خستیانە ناو کۆت و زنجیران و دانیشتووانی قەڵاشیان بە شیران لە بنە هێنان و دەوڵەتیاریان بە دیلی هێنا قەزوێن و لە مەیدانی سەعداباد -کە هەر بۆ لێ‌هەڵواسینی کوردان تەرخان کرابوو- بە داردا کرا. دوایی هۆزی سیامەنسووری درانە دەست میرحوسێن‌قولی خانی سیامەنسووری؛ کە لەوەبەر پاسەوانی شا بوو؛ زۆریش بەڕێز و پایە بوو. هەر ئەویش ساڵی ٩٩٩.ك (١٥٤٩.ز) قەڵای ئیستەخر و چەند شوێنێکی بۆ شاعەبباس گرت و بەوە زۆری خزمەت پێکرد.

دەستەی دووەم

فەرمانڕەوایانی چکنی[1]

ئەو هۆزە لە ناو کوردی ئێراندا لە هەموو هۆزان ئازاترە و لە بە سامی و سەربەرزیدا لە گشتان دەست باڵاترە. لە پاش ئەوەی کە بێسەر و سەردار و بێ داژدار مانەوە و لە میر ومیرزادەکانیان کەسیان لە ئارادا نەما[2]، وەك کەرکەمەڕی دوورەشوان، پەرژ و بڵاو بوونەوە و هەر پارچەیەی لە شوێنێکدا گیرسانەوە و هێندێك چووبوونە عیراق و برێك بە ناو ئازربایجاندا خولیاندەخوارد و ڕێگرییان کردە کردەوە و هیچ کەسیشیان هەڵنەدەبوارد. بازرگان و سەوداگەر و چەرچی و کاروانی لە هەموو لای ئێرانەوە، بە داد و قوڕ پێوانەوە هاواریان بۆ شاتۆماسب نارد و دادیان لە دەست چنگنیان کرد. شافەرمانێکی وای دەرکرد کە لەشکری و خەلکیتریش لە هەر جێیەك چنگنی ببینێ بیکوژێ و ماڵی بەرێ و ئەبێ لە هەموو لایەکەوە لە ئێرانیان دەرخەنە دەرەوە و بۆ کوێ دەچن بچن. پێنجسەد کەسێك لەو چنگنیانە بە نیازی چوونی هیندستان ڕوو بە خوراسان ڕێکەوتن.

قوزاقخانی تکلوو -کە حاکمی هیراتێ بوو- لە شاتۆماسب دەترسا و لای وابوو پێیەوە دەدا. لەو چنگنیانەی گێڕایەوە و لە لای خۆی دایمەزراندن و زۆری چاوێری لێکردن.

کە مەعسووم بەگی سەفەوی کاری قوزاقخانی یەکجاری یەکلا کردەوە، چنگنیەکان ڕوویان کردەغورجستان[3] و لەوێ مەکۆی خۆیان دانا. شای ئێران کە ئەمەی زانی و دەشیزانی چەند ئازان و هەموو کەس لێیان دەترسێ، میرزادەیەکی چنگنی بە ناوی بداغ دۆزیەوە و کردیە پاسداری شاهانە و پایەی میرایەتی دایە و ناردیەوە ناو چنگنیان و ناوچەیێکی لە خوراسانێ پێ بەخشین، کە پێی بژین

١- چگنی: چنگنی.

٢- ساڵی ٩٥٥.ك (١٥٤٩.ز) عەلیسوڵتانی چنگنی میری ئەو هۆزە بووە و قەڵای وان و سنوورەکانی لە دژی عوسمانی پاراستووە و تەنانەت کە سوڵتان سولەیمان هاتووە، بەو میرە نەوەستاوە و پاشەکشەی لەبەر کردووە. جەمیل

٣- مەڵبەندێکە لە نێوان کابل و هیراتە و لە ئەفغانستانی ئێستایە. جەمیل

و هەموویان باش بووژانەوە.

ساڵی ١٠٠١.ك (١٥٩٢.ز) عەبدولـمؤمنخان، کوڕی عەبدوڵلاخانی ئۆزبەگ، بـۆ گـرتنی قـەڵای قۆچان بە سوپایەکی سیهەزار کەسیەوە هاتە سەر بداغخان و دەوری لێدا؛ شـاعەبباس بـە هاواریـەوە چوو. عەبدولـمؤمنخان وازی لە قەڵاکە هێنا و شا، بداغخانی بە لاواندنەوەی شـاهانە سـەرفراز و بـێ نیاز کرد و پێنج کوڕی بۆ کردەمیر وخۆیشی کردەمیـری میـران و گەڕاوە عـێراق و ئێـستا لـە ڕیـزی میـرە گەورەکانی شاعەبباسە.[1]

١- حوزنی موکوریانی دەڵێ: ئەم بداغخانە میـرێکی بەناوبانگ بووە. لە پاش مەرگی ئیسـماعیلمیـرزای سـەفەوی و هاتنە سەر تەختی مـحەمەدیخودابەندە، «خەیرەنسا بەگم»ی دایکی شاعەبباس، خوراسانی بە بداغخان سپارد کە بـە سەری ڕابگا و لە تەتەر و ئۆزبەکانی بپارێزێ. بداغ هێزێك گەورەی لە هۆزی چـنگنی پێکـەوە نـاو چـووە خوراسـان و خستیە ژێر پەنـجەی خۆیەوە ساڵی ٩٩٧.ك (١٥٨٩.ز) شاعەباس کردیە لەلـەی شازادەسـوڵتان حوسـێن و مەڵبەنـدی مەشهەدی لە خوراسان پێ بەخشی و خەبوشان و دەوروبەریشی دابە کوڕەکانی؛ کە حەسەن سوڵتان و حوسێن سوڵتانیان لە هەمووان بەناوبانگترن.

نوورمـحەمەد خانی نەتەوەی چەنگیز و عـەبدولـمؤمنخانی ئوزبەگ هاتنـە سـەری و شـەڕی زۆر خوێناویـان لـە نـاودا قەوما و کوردەکان توانیان هێرشبەران بە پاشدا بگێڕنەوە و سنووری ئێرانیان زۆر باش پاراست. کە ئێران و عوسـمانی بوو بە شەڕیان، شاعەبباس حەسەنعەلیخانی کوڕی بداغخانی کردەوالی هەمەدان؛ کـە سـنووری بپـارێزێ. تـا سـاڵی ١٠٠٥.ك (١٥٩٥.ز) لە هەمەدان مایـەوە. سـاڵی ١٠٠٦.ك (١٥٩٦.ز) لەشـکری ئوزبـەکان هاتـە سـەر دامغـان و بەستام. حەسەنعەلیخانی چنگنی بە گژیاندا هات و شەڕی پاڵەوانانەی کرد و دەگەڵ میـرزاعەلی دەبیـری لە مەیدانی شەڕدا کوژرا. دوای ئەو بەستام درایە دەست عەلیسوڵتانی برای ناونـجی.

ساڵی ١٠٠٧.ك (١٥٩٧.ز) بداغخان هێرشی بردەسەر مەروشاهجان و ماورائونەهر و پەلاماری تورکمـان و ئۆزبـەکانی داو بەرەو باغـباد و بوخارای ڕەتاندن و نیسا و ئەبیوەردی گرت و شاهجانی هێنا بەرفەرمان.

ساڵی ١٠١١.ك (١٦٠١.ز) مەزنایەتی قەڵای ماروچاق درا بە یوسفعەلیخانی کـوڕی بـداغخـان و مەڵبەنـدێکی زۆر هەراویش بە بایرامعەلی سوڵتانی کوڕی بداغخان سپێرا و دەگەڵ یووسفعەلیدا بە هاوبەشی بە سـەر بەشـی هـەردوولا ڕادەگەیشتـن.

ڕووپەڕ ٢٠٧ی کتێبەکەی ڕەشیدیاسـمی -کە نـاوی کـوردە- دەڵێ: «عاشـوورخانی چـنگنی لـە میـرە گـەورەکانی شاعەبباس بوو؛ بە سەر مەروشاهجان ڕادەگەیشت.» ئێستا بە تەواوی نازانیـن ئەو هۆزە لە کوێ دەژیـن. بـەڵام سـێ هەزار ماڵێکی ڕەوەندیان زستان لە لای هەڵەبـجەن و هاوین لە مەراغە دەژین و ڕەنگە ئەوانیتر لـە ئەفغانـستان بـن. جەمیل

دەستەی سێهەم

فەرمانڕەوایانی زەنگەنە

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری شائیسماعیلی سەفەویدا زۆریان گەشە کرد و پلە و پایە و سایە و مایەی فرەیان بۆ پەیدا بوو. لەوانە بوون کە نزیکان ئێرەیان پێ دەبردن. بەڵام کە میرەکانیان لە ناو چوون، ئەوانیش بڵاو بوون و بوونە خزمەتکاری قزڵباشان و لە عیراق و خوراسان دامەزران و هێندێکیشیان ڕەگەڵ پاسدارانی پایەبەرزی شا خران.[1]

١- لە مەڕ میرەکانی پێشوویانەوە شتێکمان چنگ نەکەوت. بەڵام نووسەری *تاریخی ئەردەڵان* دەڵێ: «عەلیبالیخان میری زەنگنە لە میرە هەرە نزیکەکانی لای شاعەباسی سەفەوی بوو.» ڕەشیداغای زەنگنەش لە کتێبەکەی خۆیدا کە هێشتا چاپ نەکراوە، دەڵێ: «لە چەرخی دوازدەهەمی کۆچیدا میرسمایل، میری زەنگنە بوو کە لە پاشان بۆ عوسمانیان ببووە گزیری کەرکوک.» هەتا میر بوو لە زنوراوای نزیک قەیتولی سەر بە سەنگاو بوو -کە ئێستا وێرانەیە- قەڵاکەشی ناوی قولەیخورمادار بوو. مەلا و فەقێ و شاعیری خۆش دەویستن؛ کاروانەرێی ناو دەربەندی باسرە و ڕۆخانەی خۆشکرد و لە پاش ئەو، ئەلقاسی کوڕی ببووە سەرکۆماری زەنگنە و پاش ئەویش ئەحمەد بەگ و محەمەداغای کوڕی پێ ڕادەگەیشتن. ئەحمەد، محەمەدی وەدەرنا و ئەویش پەنای بە ئێران برد و جوانڕۆیان پێ سپارد. محەمەدئاغا بە قەسیدەیەك، گلە لە برای دەکا و قەسیدەکەش ساڵی ١٩٤٥.ز لە *دەنگی گێتی تازە*، ژ١، بەرگی٥دا چاپکراوە. لەوێدا دەڵێ:

نەمەز چێش باچۆم زوبان بەستانەن   وەرنە تەرك زێد چەتەور شاسانەن

ئاو عەواسان، سەدای ڕۆڵەڕۆ   خەیلێ خاسترەن جە بوزورگی تۆ

ئەحمەد بەگ پەلی هاویشت و زەنگنە و گێلێ و هەمەوەندی خستە ژێر دەست و لە دەربەندەوە پەلاماری شارەزووری داو ساڵی ١١٣٣.ك (١٧٢٠.ز) خانەپاشا بەرەو پاشی گێڕایەوە. ئەحمەد بەگ ڕەشید و بەهێز و دادگەر و زانا و دڵاوا بووە؛ چەند قەڵا و پەنا و کۆشکی هاوینەی دروست کردوون و ئێستا ڕماون و نەماون و شوێنەواریان لە نزیك قەیتۆڵەوە ماوە. سولەیمان بەگ، کوڕی مستەفا بەگ، کوڕی میرسمایل -کە نازناوی شێعری «زەبوونی» بووە و لە پسمامانی ئەحمەد بەگە- ڕۆژێك چۆتە چیای خوڕنوزان کە لای گوندی کانیقادر و لە ناوچەی گێلێ دایە و شوێنەواری کۆشك و قەڵای ئەحمەد بەگی دیوە؛ قەسیدەکی پێ هەڵگوتووە کە لە ژ٥، بەرگی٥ی *دەنگی گێتی تازە*دا چاپکراوە. ←

چوو لە کیفی نیشتەجێ بوو. ئەو خەبەرە لە ئەستەنبووڵ بە بیسەری خاوەن شکۆی سوڵتان سولەیمانخان گەیشت، فەرمانی لە بان سەرانی بە مۆر نەخشاند کە درزی داود[1] گیر نەبێ و سەری وەیس و هاوکارانی و دەست و پێوەند و خزمان و ژن و منداڵی بە براوی بنێرێتە ئاستانەی کونە بەخت!

بە پێی فەرمان، درزی گەییە کیفی و سەری وەیس بەگ و وەلەد بەگی برای و خالید و ئەلوەندی کوڕی بڕی و بە دیاری بۆ ئاستانەی نارد و دوو کوڕی منداڵۆکەی وەیس: قلیچ بەگ و زولفەقار بەگ وەبەر سەر بڕان نەکەوتن و بردیاننە لای ئەحمەد بەگی زەرقی؛ کە میری عیتاق بوو. میری زەرقی پەنای دان و بۆشیان لە بەر سەردەرانەی بەرزی بەختەوەرگای دەرگای پادشا پاڕایەوە و بژیوێکیان بۆ بڕینەوە. لە پاش ئەوەی پێگەیشتن و بوونە پیاو، دەگەڵ خزم و هۆزی خۆیان باریان لێنا و چوونە پەنای شاتۆماسب و داڵدەی دان.

قلیچ بەگ کوڕی وەیس بەگ

هەرکە گەیشتە لای شاتۆماسب کردیە میری پازۆکیان و ناوچەی زکمی سەر بە وڵاتی گەنجەی دایە؛ نۆ ساڵانی لەوێ ڕابوارد. لەو کاتەدا کە شالە گورجستان دەگەڕاوە، دەرزی مەرگی دەدڵ ڕاچوو. کوڕێکی منالّی جێهێشت کە ناوی وەیس بوو.

زولفەقار بەگ کوڕی وەیس بەگ

لە جێی برای کرا بە مەزنی پازۆکی و شاتۆماسب دەیپەروەراند؛ بەڵام زۆر لە جیهانێدا نەما. تەمەنی هەر لە تەمەنی گوڵدا بوو، کە گڕەی مەرگی لێ هەڵکرد و لك و پۆپی تێك کردەوە و پەڕ بە پەڕی هەڵپرووزاند و دەژێر خاکی ڕەشی خزاند.

گەشە مێلاقە بۆچی جەرگی ڕەشە؟	بۆ وەنەوشە هەمیشە سەر بە هەشە؟
تێدەگەن هەرچی جوانە کەم تەمەنە	شینە بۆ زۆر نەمانەوەی چەمەنە

1- ئەمین زەکی بە داود درزی ناو دەبا و دەڵێ لە هۆزی «دورزی» بووە کە لە سووریا دەژین. جەمیل

چونکە نێرینەی لێ نەکەوتەوە، مەزنایەتی پازۆکی بۆ وەیس بەگی برازای ما و یادگاریەگیان بۆ کردەلەلە و دایکی وەیس بەگ لە یادگار بەگ ترسی پەیدا بوو مەبادا کوڕەکەی شتێکی بە سەر بێ، وەیسی هەڵگرت و هاتە قەزوێن و بردیەماڵی شاتۆماسب.

یادگار بەگ

کوڕی مەنسوور، کوڕی زەینەڵ، کوڕیشوکور، کوڕیحوسێن عەلی بەگ

لە دوای ئەوە دایکی وەیس کوڕەکەی خۆی لە مەزنایەتی پازۆکی دوور خستەوە، سەرناسان و کەیخوایانی پازۆکی قۆڵیان بۆ یادگار بەگ کێشاو بە فەرمانی شاهی مەزنایەتی پازۆکیان و میرایەتی ئەلشگوردی درایە دەست. یادگار بەگ پیاوێکی زۆر بیچم خول و دێوانانە هەڵکەوتبوو؛ هەمیشە دەگەڵ هەوالی دڵ ساویلکە و شێت و وێت و بێ پەرواد زۆر بە گەلۆری ڕایدەبوارد. بۆ خواپەرستیش خۆی نەبوو؛ زۆری گوێ بە دین نەدەدا. مەلا و کاڵ خۆشیان نەدەویست و جوێن و نەفرینیان بۆ دەنارد. لە سەر ئەوەشڕا تا بڵێی ئازا و مەرد و نانبدەبوو. لە سایەی مەزنایەتیەکەی پازۆکی زۆر بووژانەوە؛ دەوڵەت و داهاتیان زۆر بوو. نزیکەی دوو هەزار ماڵێك کوردی لاوە هاتنە بەر پێی و گوند و مەزرای ئەلشگوردیان هەموو ئاوەدان کردەوە و کێڵایان و بەروبووی داو بە گەل خۆیان بە هۆزی پازۆکی دەزانی.

پازدەساڵ مەزنایەتی کرد و خوا لە کۆڵ بۆڵەی مەلایانی کردەوە و بۆ خۆی بردەوە.

نیاز بەگ کوڕی یادگار بەگ

بە فەرمانی شاتۆماسب مەزنایەتی پازۆکیان و میرایەتی ئەلشگوردی پێ سپێرا. بەڵام ئەو بۆ لە دین لادان و گوێ بە فەرمانی خوانەدان، زۆر لە بابی خۆی تێپەڕاند. کاربەدەستی سنووری ڕۆم -بۆ تەوس و تەشەر و پلار- وڵامیان بۆ شای ئێران نارد کە بەرگی نوێی لێ موبارەك؛ ئەگەر ئاکار و کرداری قزلباشیش هەر وەك ڕەفتاری پازۆکیان و خەنسلوویی و چەمشکەزەگ بێ، با لە کوولەکەی تەرپێشدا

نەڵێن ئێمە موسوڵمانیین. شاتۆماسب بەو سەرکۆنەیە شڵەژا و هێندێکی خەنسلوو کوشتن و مەقسوود بەگی خەنسلووی لە قەڵای ئەڵەمووت بەند کرد و کاربەدەستانی سنووری هەموو لە سەر کار لابردن و نیاز بەگیش وەبەر کەوت؛ لە مەزنایەتیان دەرکرد و وەیس بەگیان -کە نازناوی قلیج بەگ بوو- لە جێگەی ئەوا کردە میر و تا شاتۆماسب زیندوو بوو، نیاز بەگ بە نیاز نەگەیشت و بە هیچ کارەیی دەخولاوە.

لە دوای مەرگی شاتۆماسب، شاسوڵتان محەمەد، پازۆکی کردنە دووپشك: ئەوانەی شوکور بەگی بوون بە نیاز بەگی ئەسپاردن و بوونە بەردەستی ئەمیرخان؛ بەرەبابی خالید بەگیش -کە هاتبوونە لای قلیج بەگ- توقماقخان سەرکردەیان بوو. ئەلشگوردیش وەك هۆزەکە ببووە دوو کەرت.

نیاز بەگ لەو سەر سنووره زۆری ئازایەتی نواند و لەو کاتەدا کە ئەمیرخان شەڕی لەلەپاشای کرد و شکا، نیاز بەگ لە شیروانێ لە چەمی قەنەدا -کە لکێکی ڕووباری کوڕە- خنکا.

وەیس بەگ -کە ناوی قلیج بەگیشیێ لێ نرابوو- وەگ لێی دواین، لە دوای ئەوە کە دایکی لە ترسی کوشتن ڕفاندی و گەیاندیە بەر داڵدەی شاوە و لە قەزوێنێدا گیرساوە، چونکە لە شار گەورە ببوو، زمانزان و وریا و دریا بار هاتبوو؛ لە ناو دۆست و هەواڵاندا دەستنیشان بوو. شاتۆماسب خستیە ڕیزی پاسدارانی پایەبەرز و نزیك بیست ساڵ ئەو کارەی کرد. لە پاش ئەوەی نیاز بەگیان لە سەر زمانشڕی و گوناهباری لە مەزنایەتی وەدەرنا، ئەویان لە جێگەی ئەم دانا.

قلیج بەگ زۆر مشورخۆر بوو؛ بە لێزانی و ڕێك و پێکی کاروباری ڕادەپەڕاند. جوێندان بە ئیمامی سوننی و قسەی سووك و کفر کردنی لە ناو پازۆکیان هەڵگرت و ئیسلامانە دەبزووتەوە و ئەوەندی لە وزەیدابوو، برەوی بە ئایین دەدا و دڵی سونیانی ڕادەگرت. کاتێ کە شاتۆماسب مرد -وەك دەزانین پەیمان و سوێندی پادشایان بنیان شڕە و هەڵدەوەشین- ئەلشگورد وەك دەوری پێشوو تووشی وێران بوون هاتەوە و کوندەبەبۆی کاول دۆستیش شوێنی هێلانەی بۆ نەما. هۆز و ئاپۆرەی پازۆکی وڵاتەکەیان جێهێشت و هەڵوەدای شوێن چارەنووس بوون.

ئەمیرخان یاریدەیێکی دان؛ میریەتیەکەی کردەدوو بەش؛ قلیج بەگی لە نەخچەوان دامەزراند و موچەیەکی بۆ بڕیەوە و دەگەڵ توقماقخان پێکەوە لە چغرسەعد ڕایاندەبوارد. لەو کەوشەنە زۆر

خزمەتی زۆر گرینگی ئەنجام دەدان.

ساڵی ٩٩٣.ك (١٥٨٥.ز) کە عوسمانپاشادەچووە سەر تەوریز، لەو ڕۆژەڕا کە عەسکەری دنیاگری ئیسلامەتی لە دەوری حەرامیبلاغی لەشکربەزی فەرمووبوو، توقماقخان و عەلی قولیخانی قلیجئوغلی و ئەسماخانی شاملوو و کەورەکانیتری قزلباش لە شوێنێك بە ناوی ئیبنە دەگەڵ سەنانپاشا چیغالئوغلیدا -کە پێشەنگی لەشکری هەمیشە لە سەر بوو- دەستەویەخە تێك هاڵان و خوێن و کیان بە تالان دەچوون و مەیدان ببووە کۆمی خوێنێ و کێ دەیوێرا ملی لێنێ و لێی وەپەڕێ و کەڵەکی کەلەشی وەرنەکەڕێ؟

لەو شەڕەدا قۆیوچی بەگ کوڕی شاقولی بلیلان سەری قلیج بەگی بڕی و هێنایە پێش عوسمانپاشاو ئافەریمی پادشاهانەیان پێگەیاند.

قلیج بەگ کوڕێکی بە ناوی ئیمامقولی بەگ لە پاش بەجێ ما. دەپێشدا دەبووە پیاوی سەرکردەکانی قزلباش و بە تایبەتی خزمەتکاری زولفەقارخانی قەرامانلووی حاکمی ئەردەویلێ دەکرد. لە دواییدا شاعەبباس بە پلەی پاسداری سەرفرازی کرد.

هێندێك لە پازۆکیان دەگەڵ میرەکانی دونبولی لە نەخچەوان هاتنە بەر فەرمانی ئاستانەی سوڵتانەوە و لە لایەن فەرهاد پاشاوە درانە دەست ئیبراهیم بەگ ئوقچیئۆغلی و هێندێکیش لە ناوچەی ئەلشگوردیان دەبەر دەست نا و پاش دووساڵان وەدەریان نا.[1]

١- ئەمین زەکی دەڵێ: هۆزێکی گەورە بە ناوی پازۆکی لە ئەستانی تاران دەژین و هێندێکیشیان لە باشووری ئێرانن و پێنج هەزار ماڵێکیان لە نزیك مەریوانن. جەمیل



ڕووپەڕی چوارەم

فەرمانڕەوایانی بدلیس

کە دەبنە باب و باپیرانی نووسەری ئەم ڕووپەڕانە

سەرەتا

شار و قەڵای بدلیس کێ بنیاتی ناوە و بۆ ئەو ناوەی لێ نراوە؟

وتار! چۆن پەیا بووی و لە کوێوە دێی؟ — چ جێت دیاری نەکراوە هێندەش بە جێی!

نەدیوی و لە تۆران هەموو نەخش و ڕەنگ — کری تۆن هەرا و بەزم و ئاهەنگ و جەنگ

لە تۆڕا پلەی پیاوەتی دەرکەوت — لە هاندانی تۆ بوو مرۆ سەر کەوت

نەشەی دڵتەڕانی و گەشەی دڵبەران — لە تۆن نرخی تاجی سەری سەروەران

ئەوەی تۆوی کارێك بچێنێ ئەتۆی — ئەگەر یادگارێك بمێنێ ئەتۆی

وەستاکارانی شیرینکار و پەل بەنەخش و نیگارانی حەوش و بان و دیوارانی باڵەخانە و تەلارانی کۆشك و سەرسەرا و دوودەری و شانشینی دیوەخانی مەکۆ و کۆڕی چیرۆکوانانی پێشینان، لە سەر ڕووپەڕی کاغەزی مینامەرمەڕی بێ دەغەز، بۆ وتاری وەك پازاری هێژا و نازاری هەڵسەنگاوی لێك و لووس و لەبار کراو و لە چەرخ و مشت و ماڵ دراو، خشتی قشتی خەت و خاڵی ورد و درشتیان -بۆ نموودی پڕ لە سوود و چاوئەندازی دڵنەوازی بە دڵخوازی هونەرمەندان- پاڵ یەك داوە و کۆنگرە و بورجی تەرز و بەرز و پتەو و گورجی دژی ڕژدی سەربهوردی کەونارایان بۆ هاوردووینە ئاراوە و لە مەڕ

قەڵای بدلیسەوە بە نووسیــن وایـان ڕانـاوە کـە قـەڵای بـدلیس شـوێنەواری ئەسـکەندەری یۆنانیـە.

حەمدوڵڵا مستەوفـی قەزوێنی نووسەر و دانەری *زینتالقلوب* دەڵێ: «سەرچاوەی ڕۆخانـەی دەجلـە لـە قەڵاکەی ئەسکەندەری جـووت قۆچـەوە سـەر هەڵـدەدا و لـە لای میافارقینـەوە ئاوەکـانی چـیاکانی کوردستانی تێکەڵ دەبن.»[1]

نووسەرانی تورك و فارس هێندێك جـاران «بـدلیس» یـان بـە پـیتی «ت» نووسـیوە، بـەڵام هـەر «دال»ەکە ڕاستە؛ بۆ چی؟ چونکە ئەوی زۆر لە باوە و لە زمـان زانـای بـە ئاگـاوە دەگێڕنـەوە، نـاوی یەکێك لە پیاوانی ئەسکەندەرە کە قەڵا و بازێڕی بدلیس ئەو پیاوە بنیاتی ناوە. لـە لایـەکیتریـشەوە خودانی *لوغەتیقاموس*[2] لە مەڕ ئەو ناوە دەنووسێ: «بدلیس بە جێگەیەك دەڵێن ئاوو هەوای سـازگار بێ.»

هێندێك دەڵێن شاری بدلیس سەر بە ئازربایـجانە و بڕێکیدیش وادەزانن بەشێك لە ئەرمەنـستانە؛ بەڵام ئەوی بێگومانە و جێگەی باوەڕی مەزنانە، لە سەر ئیقلیمی چوارەمە.

پوختەی مەبەست:

ئەوی کە زۆر سەرنـجی پیاو ڕادەکێشێ و لە بەر گوێ سـەمەرە و سـەیرە و هەواڵنووسـانی پێـشینە و شوێنەوار ناسانانی دێرینە لە سەردەمی قەڵەمەوە خستوویانەتە سەر ڕووپەڕ: لە ڕۆژ و ڕۆژگارێکدا کـە ئەسکەندەر لە بابل و عیراقی عەرەبانەوە بەرەو ڕۆم وەڕێ کەوتبوو، ڕێبـازی کەوتـە کـەناری ڕووبـاری «شط العرب» و ئاوەکەی وەبەر دڵ کەوت و فەرمانی دالێزان و پسپۆڕانی ئاو بە لێواری ئـەو چـۆمەدا پێ هەڵکشێن و وێکەون هەر ئاوێك کە پاژی زێیە، بیدەنە بەر ئەزموونەوە و بە چاوی زیت و ڕوونـەوە لێی بڕوانن و بیچێژن و پوخت و پەزی پێ بپێژن و سەنگی کەن و بیکەلێنن و بیپاڵێون و دایـدەڵێنن و ژنان مەشکەی پێ بژێنن هەتا باش ڕوون دەبێتەوە کام ئاوی کانی و دەراوان -لە چاوپڕایی سەرچاوان- سووك و ڕەوانتـر و سارد و تەزی و بەتامتـرە، دیاری کەن و بەرهەمی ئەو تۆژینەوە و دۆزینـەوەم بـۆ بێننەوە. بە ئاوەزانی لە ئاوزان، لە دواوانەوە بەڕێ بوون و بەرەو بناوان پێداچون و هەموو تەرزە ئاویان

١- قەڵای «ذوالقرنیـن» لە سەر ترۆپکی چیای ئەرغەنیە. گۆڕی «ذوالکفل» پێغەمبەریش ها لەوێ. عەونی

٢- مـحەمەدەدین کوڕی یەعقووبی فەیروزابادی، کە خاوەنی *قاموسی* بەناوبانگە. جەمیل

ئەزموون؛ تا گەینە سەر ئەو ڕێژگەیەی چەمی بدلیس دەگەڵ دەجلە تێکەڵ دەکا. کە دەیدەنە بەرهەڵسەنگان، لە هاوسەنگان گەلێك سڤکتر دێتەوە؛ کە لاوێچی لێ پڕ دەکەن و چەند قومێکی لێ فڕدەکەن، دڵیان فێنك دەبێتەوە و ماندوویيان دەحەسێتەوە. ئاوە و ئاو پێ هەڵادەچن تا دەگەنە ئەو بەستۆڕەی کە چەمی کسور و ڕەبات لەوێ باوەش پێکدا دەکەن. ئەو دوو ئاوەش هەمبەر بە یەکتر ڕادەنێن، لایان ئاشکرا و سوور دەبێ ئاوی ڕەبات لە چاو کسور وەك سوالەت و بلوور وانە و کسور گڕۆی بردۆتەوە. بەو دەم چەمەش هەڵدەگەڕێن تا دەگەنە بناوانی کە لە سەر چەشمێك هەڵدەقولێ:

لە لای ئەو ئاوە ڕوونی چاوی قرژاڵ	دەکەوتە بەرپلار و تەوس و تیتاڵ
لە شەودا ڕەنگی ئەستێرەی دەنەخشاند	لە ڕێی ڕۆژێکەوە ئاروی دەقەڵشاند
سەهۆڵ لە گرێوە ساردی دابەزیبوو	تەماشات کردبا چاوت تەزی بوو
ڕەشی زەنگی لەوێدا خۆی بشوتبا	دەبا کافوور و بەفرت پێ بگوتبا
لە ئاوا تاوی ئەسکەندەر گرەوبەر	لە مرواری چەوی ئاوی بەرەوبەر
لە ڕوویا ئارەقی سەر کولمی یاران	لە شەرمان خۆ وەدەر ناخەن چجاران
خدر لەو ئاوە لاوێچێکی نۆشی	بە بێ پیربوون دەژی تاسەر، بە خۆشی

مژدەبە ئەسکەندەر درا کە ئەو ئاوەی تۆ ئەو ماوەی چەندین ساڵە لە تاریکی بۆی دەگەڕای، لە کوردستانی ڕووناکدا بە ڕۆژی ڕوون دۆزرایەوە. بە بێ هیچ وچان و پشوو بە چوار ناڵە ئەسپی ئاژۆت و خۆی گەیاندەکانی و ئاوی پەسند کراو. دەورێکی لە سەر چاوەدا و بە دەورەی کانیدا ڕوانی؛ چۆن دیمەنێك و چۆن چیمەنێك؟! ئەوەندی چاو هەتەر دەکا، هەموو میرگ و میرغوزارە؛ پاك چیمەن و لالەزارە؛ چێنکەیە و شینکەی نزارە و چەند جۆبار و چەند ڕووباری بە ئاودا دێن. بۆ هەر لا لای دەکردەوە گەشکە دەبوو، گشتی سەوزەی تازە ڕواوی گەش و شەق و بەرەونەقە لە دەم دەرا و کەم کەم سەری دەرێناوە؛ وەك منداڵی ساوای نازدار لە باوەش و کۆش و بەری گیای هەراشدا لە نامۆ خۆی پەنا داوە. سوێسن و بەیبون و هەڵاڵە و بیزا و هەلز و دۆری و ژاڵە و بەڕەزا و چنوور و مەندێ و بێژان و گیابەند و خاوە، لێك هاڵاون و سەریان بە یەکەوە ناوە. چیا و کەژی بەرز و سەرکەش قیتوقۆز لە هەر

چوار دەورە وەکوو خدری زیندەی پیرۆزی بەودم و پیت و جێگەورە، سەرتاپا کەسکیان پۆشیوە. گوڵ و دەوەنی داوێن و تیسوێ و کیفاری تەلانان، تورت و شلك و شەمەندن و هێندەبە گەشە و لە شۆقن، سوێندێ بخۆ ئاوی ژینی ناو ئەفسانەیان نۆشیوە.

هەموو جێ پەنجەیەك لەو میرگ و دەشتە	بە ڕەنگ و بۆ هەزار هێندەی بەهەشتە
هەزار گوڵ هەر گوڵەی بۆنێك و ڕەنگێك	هەزار مەل هەر مەلەی ئاواز و دەنگێك
چلاّن سروە بە سرتە دەیدواندن	بە نەرمی ڕایدەژاندن بۆ نواندن
تکەی شەونم لە سەر پەلکی گوڵاڵان	وەکوو خوەدان لە سەر گۆنای ڕواڵان
لە دەم چەم داری میوە و داری بێبەر	دەیانڕازاندەوە دوو بەر بە سێبەر
هەور تا ڕێی دەکەوتە لێرەواری	لە جێی باران گوڵاوی لێ دەباری

ئەسکەندەر باوەڕی نەبوو کە هەرگیز دیدەی ڕۆژگار لەو شوێنە جوانتری دیبێ و لەوە خۆشتر بە سەر بیری خەیاڵاوی و بە بەردەم گوێی خەیاڵیشدا تێپەڕیبێ. بە دڵێك نا بە هەزار دڵ شێت و شەیدای ئەو جوانیە بوو. ئاواتی بوو شانەبوایە و بۆی بلوایە هەتا مردن هەر لەو مەڵبەندەبمێنێ و لەو دیمەنەوە ڕامێنێ و چاوانی لێ نەتروکێنێ.

بارونەی شایان هانی و لە گۆڕایی دەوری کانی خێوەت و خەرگا هەڵدرا و بار و ئابدارخانە خرا و بارەگای کۆڕی خۆنکاری لە لای سەرووی سەرچاوەوە بەرپا کرا و دەس کرا بە بەزم و ئاهەنگ و بەزمگەر بە تار و کەمانچە و بلوێر و دەف و چەنگ و ساز و سەمتوور، کۆڕی بەزمیان گەرم کرد و سترانوانانی خۆشخوانی خۆشدەنگ و خۆشڕەنگ و لەبار، بە گۆرانی و پەستەی دڵ و سەروپێ بزوێنیان، سەماکەریان لە فیز و ناز نەرم کردن و باڵابەرز و بەژنتەرز و قەدزراو و بەڵەكچاو و کەفەڵخڕ و مەچەكپڕ و شۆخ و شەنگ و ڕند و چەلەنگ و جگەربڕ، بە دەم سووڕدان و لەرە و سەماوە، دڵی شکاویان زاخاو دەدا و مەیگێڕانی لووس و سادە، بەزەرك و کۆجیلەی بادەوە، کۆڕی گەرمی مەینۆشانیان ئەخستە سەر جۆش و تێڕوانینی شەکرەسێوان و ماچ و مووچ لە کوڵم و لێوان، دڵی پیرانیان دەشێواند و دار و بەرد سەرخۆش ببوون و کەلەلا لە سەر هۆش چووبوون.

لە سۆنگەی ئازارێکەوە کە ئەسکەندەر تووشی ببوو، دوو پێشە -وەکوو شاخەگا- لە لاجانگیەوە

دەرچووبوون، بژیشك و لوقمانان گەڕا؛ دەرمان و هەتوانی زۆر و جۆر بەجۆری دەكار كردن؛ بەهرەی نەدا و دوو شاخە نەڕەوانەوە و هێندەلەو سەرە مانەوە تا خۆیان كردەنازناو و گوێ بە گوێی ناوی دەهاتن. ئاو و هەوای ئەو هەوارە سازگارەی زۆر پێكەوت. لەو ڕۆژەوە كە هاتەوێ، خۆی قەوی و شاخلاواز دەبوون و بەرەبەرە پووچانەوە و ڕەوانەوە و پاش سەردەمانێك هەر نەمان و لە سەر زمانی زەمانە، وەكوو ناوی بێ‌ئیشان مان. گۆڕەپانێك كە لە دەوری كانیەكەیە، ئێستاش ناوی گۆڕەپانی ئەسكەندەرە.

نیازی كرد كە یادگارێك بۆ شوێنەوار لەو ئاقارە بەجێ بێڵێ؛ بدلیس ناوی پیاوی ڕاسپارد كە لەو ناوە شار و قەڵایەك دروست كا، لە قایمی و پتەویدا بە جۆرێك بێ ئەگەر زۆردارانی وەك خۆم بێنە سەری، سەر بۆ هیچ كەس نەچەمێنێ و كەس زەفەری پێ نەهێنێ.

بدلیس بە فەرمانی خونكار -بێ خۆگرتن- وەكار كەوت و دوو فرسەخ دوور لەو سەرچاوە و لە نێوانی دوڕوانی كسور و ڕەبات، قەڵا و شارێكی بنیات ناو لە ماوەیەكی هندكدا ئەركی سەرشانی ئەنجامدا و لە قەڵا پاڵی دایەوە.

ئەسكەندەر كە لە لای ئێران بەرەودوا دەگەڕایەوە، سەری لە بدلیس دایەوە. بدلیس قەڵای لێ دابەست و دەرگای شاری لێ داخست و نافەرمانی خۆی ڕاگەیاند و دەشای گەیاند كە منیش بۆ خۆم شتێكم و هەر كەس ئاسۆگ بپەڕێنێ، سێبەری بە تیر ئەپێكم.

ئەسكەندەر لەو بابی بوون و یاخی بوونەی هەموو مووی لەشی گرژ بوون. فەرمانی بە لەشكری داشاڵا و بەرنە سەر ئەو شارە و خاپووری كەن و داری لە سەر بەرد نەمێنێ و ئەو ناكەس و بێ‌ئەمەگ و پێنەزانەشم بۆ بگرن تا دەخوێنی بیگەوزێنم و بزانێ ئەسكەندەر كێیە و جێی بدلیسی نۆكەر كوێیە؟ بەڵام هەیهاتە؛ دژ و شاری، شوورەقایم و دژوارێك بوون قۆچی ئاسنی دێوی دەشكاند. هەر چەندی كردیان و كڕاندیان و خۆیان لە دار و بەرداندا نە خشتێكیان پێ ڕووخێنرا و نە شوورەیان پێ ڕوشێنرا و قەڵای بەڵا بە فیزەوە تیزی بە ئەسكەندەر دەكرد، كە نەیتوانی تیزماڵكی لێ هەڵكڕێنێ. ناچار دەسبەرداری بوون و شاریان بۆ كابرا جێ هێشت و بەجێیان هێشت.

قۆناغە ڕێیەك دوور لەوێ ئەسكەندەر لەشكریەزی كرد و فەرمانی حەسانەوەی دا. بدلیسی نۆكەر

پەیدا بوو! شمشیر و کفن بە گەردن و کلیلی شار بە دەستەوە و بە سەرشۆڕی و لارەملی کەوتە سەر خاك و پای. گوتی: من نافەرمانیم نەکردی؛ تۆ چۆنت پێ فەرمووم وام کرد. تۆ قەڵایەکت لە من ویست هیچ کەس وێنەی نەدیتبێ و نەبیستبێ و بە خونکار و زۆردارانی وەکووو خۆشت داگیر نەکرێ و پارویێکی هێند دڕکاوی بێ بە پۆلاخۆرانیش نەخورێ. من شانازی بە خۆم دەکەم کە توانیومە ئەرکی سەرشان بەجێ بێنم و ئەمەگداری خۆم بنوێنم. قەڵاکە بە خۆت نەگیرا؛ واتا لە مەحەك دراوە و چی تۆ فەرمووتە کراوە. ئێستاش ئەوا من و کفن و ئەوەش شیری سەربڕینم. مەرگ و ژینم بەدەس خۆتە و بەخشینیش لە تۆڵە خۆشترە. ئەسکەندەر دڵی هاتە جێ و زۆری ئافەرین لێ کرد و لاواندیەوە و قەڵای بە ناوی ئەو ناو نا و شارەکەشی بە خۆی بەخشی و نەخشی هێنای و خوا دای و ئەگەر خوا دای، پالەوەدە.

نومای قەڵای شاری بدلیس سێ گۆشەیە. چونکە سێ گۆشەش بێفەڕە؛ بۆیە وا سەر بە گێچەڵە و گەڕ و گۆنگەڵی تووش دەبن. پیرەپیاوی باوەڕپێکراو دەگێڕنەوە کە لە ڕۆژگارێکی دووردا، هێندەی مار لێ پەیدا بووە، دژداران لە ناو قەڵادا حەجمینیان زۆر دژوار بووە و تێکۆشاون چاری بکەن. لە ئەنجامدا جادوگەران تەلیسمێکیان لە دەرگاکەی هەڵکەندووە کە ماران توخنی ناکەون و خەڵکی قەڵا ناترسێنن. ئەو تەلیسمە ئێستاش ماوە؛ زەلامێك بە مارێکەوە -کە دەناو قۆڵی گرتووە- لە بەردێك هەڵکەندراوە و دەدیوارەکە گیراوە و ناوی تەلیسمی دەرگایە.

شاری بدلیس دەربەندێکە لە نێوان ئازربایجان و دیاربەکر و ڕەبیعە و ئەرمەنستاندا. ئەگەر حاجی تورکستانی و هیندوستانی، یان ئێرانی لە عیراق و خوراسانڕا بەرەو مەکە و مەدینە بێن -خوا لە گەورەییان کەم نەکا- دنیاگەڕانی جەددەیی و زەنگباری و بازرگانی خەتا و خوتەن[1] و ڕووس و سقلاب و بولغاری و سەوداگەرانی عەرەب و عەجەمی بە وردەواڵەر و کاروانچی و هاتوچۆکەران، لە هەندەران وەڕێکەون و بیانەوێ بە بدلیسدا بێن، کونەبەردێکیان وەبەردێ؛ گەرەك بەڕەهۆڵە بەردا تێپەڕن و ڕێیتریان نیە. بەردەکونە لە باکووری شارەوەیە و فرسەخێك لە بدلیس دوورە. گراوێکیشی لێ هەیە لە

١- خەتا نیە و خیتایە و ناوچەیەکە لە چین و نیبنوبەتووتە دیویە و لە خانبالغی پاتەختی ژیاوە. ئێستا مەنگۆلیای ناوەوەی پێ دەڵێن. خوتان لە تورکستانی چینە و لە وڵاتی سینکیانگ دایە. جەمیل

شاخەکەوە دادەڕژێ و وردە-وردەدەبێتە بەرد و دەرگای کون تەنگ دەکاتەوە و جاری واش هەیە دەیگرێ. خاتوونێکی زۆر خێرەومەند -کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاوە- ڕێی لەو بەردەدابڕیوە و ئەو کونەی هەراو کردووە و ئێستا کاروان بە هاسانی دەرباز دەبن و هێندەی پیاوچاك پێدا هاتوون، شوێنێکی پاك و پیرۆزە. هەر ئەو خاتوونە کارچاکە مزگەوت و پردێکی دیشی لە ناو شاردا بنیات ناوە پرد و مزگەوتی خاتوونیان ناو نراوە.

واقدی[1] لە نوفل کوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕێتەوە کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی عومەری کوڕی خەتابدا -خوای لێ خۆشبێ- ساڵی ٢٧.ك (٦٤٨.ز)[2] ، عەیازی کوڕی غەنەمی ناردەسەر دیاربەکر و ئەرمەن. لەو دەمەدا سەروەند کوڕی یونس بەتاریقە، بە سەر بدلیس ڕادەگەیشت. مووش و ساسۆن بە دەست سەناسەری کافرەوە بوون. پێشەوا و سەرداری ئەوان، یوستینوسی فەرمانڕەوای ئەخلاتێ بوو؛ کە تاڕوون ناوی کیژی خۆی بۆ جێنشین دیاری کردبوو.

کتێبی *فتوح البلاد*[3] دەڵێ: باوکی تاڕوون نیازی وابوو کە کیژەکەی بداتە بوغوز کوڕی سەروەند؛ کە ئامۆزای خۆی و فەرمانڕەوای بدلیس بوو. کیژەکەش دڵی چووبووە سەر مووشی کوڕی سەناسەری؛ کە لاوێکی زۆر جوان چاك و خوێنشیرین و لە بەرچاو بوو. لەو جەنگەدا کە فەرمانڕەوا کافرەکان دەهاوار و هانای مریەمی[4] کوڕی دارابی فەرمانڕەوای ئامێد هاتن، تاڕوون لە باتی بابی هات. لەوێ چاوی بە مووش کەوت و هەر بە جارێك هۆش و دڵ و دینی دۆڕاند و داوامێن تنۆکی شەرمنی و ناز و فیزی مێوینەیی لە ڕاست ئەو لاوە داچۆڕاند و لە جێژواندا پەیمانیان داکە یان دەبێ بۆ یەکتر بن، یان ئاوێتەی ئاو و گڵ بن. پلانی ڕەوینیان دانا و بە نهێنی لە ناو سوپاگە دەرچوون و ئاگری دڵ گەیاندنیە لای عەیازی کوڕی غەنەم و لە سەر ئایینی دڵداران بە ئیسلام سەرفراز کران و ئەویندار لێك گرێ دران و گرێی دڵیان ڕەواندەوە. پاش ماوەیەك تاڕوونی بووك، دەگەڵ عەیاز و یارانی کەین و بەینی

١- عەبدوڵا کوڕی عومەری واقدی دانەری *فتوح الشام* لە ڕووپەڕ ٦١و١١٧، جزمی یەکەمدا ئەو باسە دەکا. جەمیل

٢- ٢٧ هەڵەیە و دەبێ ١٧ بێ؛ چونکە عومەر ساڵی ٢٣ مردووە و عەیازیش ساڵی ١٨ هاتۆتە جزیر گرتن. جەمیل

٣- نیازی «*فتوح البلدان*»ی ئەحمەد، کوڕی یەحیا، کوڕی جابری بلازەرییە و ئەو باسە لە ڕووپەڕی ٢٠٢-٢١٠ دایە. جەمیل

٤- بەو مریەمەدا ڕەنگە نێر نەبووبێ. جەمیل

خۆیان کرد و کیژ وەك ڕاکردووی دەس دوژمن هاتەوە ماڵی باوانی و تاوانی خستە سەر مووش و لە هەلێکدا کێسی لە باوکی خۆی هێنا و کوشتی و ئەخلاتی -بە بێشەڕ و شوڕ- خستە دەستی موسوڵمانان. سەروەندی مەزنی بدلیسیش یوقەنناى ناردەلای عەیاز و سەدهەزار دینار دراو و هەزار تۆپ کووتاڵی جوان و پارچەی نایابی فەرەنگی و پێنجسەد سەر ئەسپی عەرەبی و سەد ئەسپی سواری خۆماڵی -بە ناوی پێشکەشی و دیاری- پێشکەش بە عەیازێ کرد و لە ڕێی ئاشتیەوە پێك هاتن.

دانیشتوانی شاری بدلیس زۆربەی زۆریان ئەرمەنین و موسوڵمانەکانی ئەوێ لە سەر ڕچەی شافعین و هێندێکی زۆر هندك نەبێ کە لە ڕۆژگاری پێشوودا، چونکە ژێردەستەی تورکان بوون، بۆ مەزەبیش لاسای تورکیان کردۆتەوە و پەیڕەوی ئەبووحەنیفەن و بە خۆیان دەڵێن حەنەفی. خوا لە هەر دووکیان ڕازی بێ. تێکڕای خەڵکی وڵاتەکە لە نوێژ و ڕۆژوان زۆر خێران و خێران دەکەن و دڵاوان و ڕێبواردۆست و میوانپەرست و مەردانە و سەربەرز و ئازان. هەر گوندێکی موسوڵمانان- با هەر دوو-سێ ماڵێکیش بێ- مزگەوتێکی لێ چێ کراوە و بانگدەری بۆ ڕاگیراوە و پێشنوێژیان بۆخۆ هێناوە و لە ڕاستەرێی دینداریدا بێدرێغن و ئەرکی ئایین بە سەرڕاستی بەجێ دێنن.

شاری بدلیس زانای گەورەی لێ هەڵکەوتون. یەك لەوانە مەولای گەورە و بەناوبانگ و لە زانستاندا شەشدانگ و لە خودا بە ترسوبیم، مەولانا عەبدولڕەحیمی بدلیسی‌یە؛ کە پەراوێزی زۆر بەرێزی لە سەر *مطالع*[1] نووسیوە؛ کە باس لە «منطق»و«معانی» دەکا و لای مەلایان زۆر بە برەوە. هەروەها مەولانا محەمەد بەرقەلعی کە شەرع و حەدیسی وەك ئاو لە بەرە و بۆ «نحو» زانین یەکجار لە سەرە و کەنارەی لە سەر *هیندی* و *خەبیسی* بە ناوی ئەمیرشەرەفی بدلیسی نووسیوە، پەروەردەی شاری بدلیسە.

سەردەستەی خوداخواهان و ڕێشاندەری گومڕاهان و پەنادەری بێپەناهان و هەمیشە لای خوداگر شێخ عەممماری یاسر[2]، کە پیری دەستگیری شێخ نەجمەدینی گەورە[3] و موریدی شێخ ئەبوونەجیبی

١- *مطلع الانوار*ی قازی سراجەدین کوڕی ئەبوبەکری خەڵکی ورمێ‌یە؛ کە ساڵی ٦٨٩.ك مردووە. جەمیل

٢- لە زانا گەورەکانە و پیری بەر ماڵیش بووە. ساڵی ٥٨٢.ك (١١٨٦.ز) مردووە. جەمیل

٣- نەجمەدین ئەحمەد، کوڕی عومەر خەیوقی. نازناوی طامتالکبری (بەڵای گەورە) بووە. سەر تەریقەی کوبرەوییە لە میسر. زیارەتی شێخ ڕۆزبەهانی گەورەی کردووە و کچەکەشی هێناوە. تەفسیرێکی قورئانی بە ناوی ←

سوهرەوەردی بووە -خودا ڕەوانیان شادکا- بدلیسیە.[1] زانا و دانای هونەروەر و خوداپەرەستی بەختەوەر و بەوەج و گران و سەنگین، مەولاناحوسامەدین[2]. -کە پەروەردەی نازەنینی دەستی عەممماری یاسرە- بە دەروێشی و چلەکێشی پێگەیشت و لە ڕازی دەروون تێگەیشت و هەر لە باری سۆفیانەوە، تەفسیرەکە گەلەك هێژا، بۆ قورعانا پیرۆز نویسی و ئەویش هەر بدلیسی بووە.

مەولانا ئیدریسی بدلیسی زانا، کوڕی ئەو مەولانا حوسامەدینەیە کە لە پێشدا دێرزەمانێ لای شاهانی ئاققۆینلوو میرزا بووە؛ لە پاشان بە هەمنشینی سولتان سەلیمخان سەرفەراز کرا.[3]

← *بحرالحقائق و المعاني في تفسير السبع المثاني* لە یازدەبەرگدا نووسیوە و لە ١٠ی جیمادی یەکەمی سالی ٦١٨.ك (١٢٢١.ز) مردووە. جەمیل

١- شێخ زیائەدین ئەبوونەجیب عەبدولقادر سوهرەوەردی، سالی ٤٩٠.ك لە گوندی سوهرەوەرد هاتۆتە دنیا و بۆ خوێندن چۆتە بەغدا و لای عەلی کوڕی نیهانی و ئەسعەد کوڕی موهەننای خوێندووە و تەکیەیەکی بۆ لە لای ڕۆژاوای دەجلەوە دروست کراوە و سالی ٥٤٥.ك (١١٥٠.ز) بۆتە فێرکاری فێرگەی نیزامیە و سالی ٥٦٣.ك (١١٦٧.ز) مردووە و لە کەنار چۆم لە فێرگەکەیدا نێژراوە. جەمیل

٢- حوسامەدینعەلی لە تەریقەی نووربەخشیدا خەلیفە بووە. نووربەخش باپیری سەیدی بەرزنجەیە. شەرحێکی باشی لە *اصطلاحات صوفیە*ی عەبدولرەزاق کاشانی کردووە. تەفسیرێکی بە دوو بەرگ هەیە بە ناوی *اشارة منزل الکتاب*؛ دەسنووسێکی لە کتێبخانەی سولتانسەلیم لە ئاستانە هەیە. شەرحێکی بە فارسیشی لە سەر *گلشن راز* هەیە. سالی ٧٠٠.ك (١٣٠١.ز) مردووە. جەمیل

٣- ئەو مەولاناثیدریسە خوێندنی لە ئێران تەواو کردووە و بۆتە میرزای بەردەستی سولتان یەعقووبی کوڕی حەسەنەدرێژی ئاققۆینلوو. لە پاشان کرا بە وەزیر و لەو بەینەدا سەری لە سولتان بایەزیدی دووەم داو کتێبی هەشتبەهەشتەی بۆ دانا. دوایە ببووە نووسەری شائیسماعیلی سەفەوی و لە ئەنجامدا کە زانی عوسمانی زۆر لە پێشن، هاتە لایان و سولتانسەلیم کردیە قازی عەسکەر و دلخۆشی کوردانی دایەوە کە بێنە بەر ئالای عوسمانی و ولاتی خۆشیان هەر بە چنگ بێ. سالی ٩٢٦.ك (١٥٢٠.ز) مرد و لە گۆڕستانی ئەبووئەییوبی ئەنساری نێژرا. نازناوی شێعری ئەمیرەك بوو؛ دوو کوڕی بە ناوی ئەبولفەزل محەمەد و مستەفاعەلی هەبوون کە ئەمەیان بژیشك بوو. مزگەوتی «زێنەبخاتوون»ی ئاستانە، زێنەبی ژنی مەلائیدریس دروستی کردووە. جەمیل

ئەمین زەکی لە *خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان*دا، وەرگەڕاوی عەرەبی محەمەدعەلی عەونی، چاپی بەغدای سالی ١٩٦١، لە لاپەڕ ١٦٤- ١٧٧، باسی ئەو مەلائیدریسە دەکا و دەلێ: شائیسماعیلی سەفەوی نیازی وابوو حکومەتە کوردەکان و میرنشینەکان لە بەین بەری و قزلباشی شێعەیان لە جێ دانێ. لە سایەی مەلائیدریسی زاناوە، سیاسەتی عوسمانی لە مەڕ کوردانەوە دژی سیاسەتی عەجەم بوو. ئەوان کوردیان دلخۆش دەکرد و دۆستایەتیان دەگەلّ دەکردن و هەر بە هۆی ئەو سیاسەتە نەرمەشەوە هەرچی نیازیان بوو دەستیان کەوت. کە سولتانسەلیم ←

← لە ئاماسیەوە شەڕی ئێرانی دەکرد، چەند جارێك شێخ حەکیمەدین ئیدریسی بدلیسی ناردەکوردستان کە چاوی بە میر و سەرەك هۆزەکان بکەوێ و لە ڕووی شێعە و شائیسماعیلیان ڕاست کاتەوە. شێخ ئەو ئەرکەی زۆر زانایانە ئەنجام داو ساڵی ٩٢٠.ك (١٥١٤.ز) کە عەجەم لە چاڵدیران شکان، هەموو کوردەکان دەگۆ ئێران ڕاچوون. دیاربەکر شۆڕشی کرد و محەمەدخان ئێستاجلوویان وەدەرنا و هاتنە بەر فەرمانی عوسمانی. شەرەف بەگی بدلیس، خالید بەگی برای ڕاونا -کە گزیری عەجەمان بوو- ئاڵای عوسمانی لە سەر قەڵای خۆی چەقاند.
مەلیكخەلیلی خاوەنی حەسەنکێف و سعرد -کە لە وەچی بنەماڵەی ئەیووبی بوو- سەروەختێك شای ئێران گرتی و قەرەخانی ناردەسەر جێگاکەی و قەرەخان سعردی گرت و حەسەنکێفی بۆ نەگیرا. لەم هەلەدا وڵاتەکەی خۆی ساندەوە. محەمەد بەگی ساسۆن تیپی سوارەی عەجەمی لە ئەرزەن دەرکرد. سەیدئەحمەدی زەرقی بە کۆمەگی دیاربەکریان ئاتاق و میافارقینی گرتەوە. قاسم بەگ ئەگیلی ساندەوە. جەمشید بەگی مەرداسی پالۆی لە عەجەم داگیر کرد.
عەونی دەڵێ: بەدر بەگی بوختی سوپای ئێرانی لە جزیر دەرکرد. سەید بەگ کوڕی شاعەلی -کە میری سۆران بوو- ئێرانیەکانی لە کەرکووك و هەولێر دەرکرد. کە سولتانسەلیم دەچووە سەر ئێران، شازدەمیرە کوردی دەگەڵ چوون. سوڵتان، مەلائیدریسی کردەدەسکیس کە کوردەکانی نێوان مەلاتیە و گۆلی ورمێی بۆ تاو بکا. سۆلتان سەلیم تەورێزی گرت و پاش ماوەیەك بەجێی هێشت. شائیسماعیل کەوتە خۆ خرکردنەوە و بە سەرکردایەتی قەرەخان لەشکری ناردەسەر دیاربەکر و لە ڕێگەی چیاقچورەوە ڕۆیشت و قزڵباشی قەلاکانی ماردین و ڕەهاشی ڕەگەڵ کەوتن و دەوری دیاربەکریان دا. خەلکی دیاربەکر دەگۆیان ڕاچوون و هاواریشیان بۆ سوڵتان نارد. سوڵتان لە ئاماسیەوە حاجی یەکتای بە هێزێکەوە بۆ ناردن و دریان بە قزڵباش داو خۆیان گەیاندەهیمدادخوازان. شائیسماعیل زۆری لەشکر بۆ یارمەتی قەرەخان نارد و گەیشتبووە نزیك ئەرجیش و لێرەواریش زۆر چوغور بوو. مەلائیدریس کوردەکانی بدلیس و خیزان و مەکس و ساسۆنی وەدوو خۆ داو لەنەکاو بە سەری دادان و شکاندنی و جووقەواری لێ بڕین. قزڵباش ساڵ و نیوێك دەوری دیاربەکریان بەر نەدا. خەلکەکەی زۆر شپرزە بوون؛ پازدەهەزار کەسیان لێ مرد. بەڵام ئەو کلۆڵانەی چاردەساڵ پاڵەوانانە، بە گژ دوژمناندا دەچوون؛ وازیان لە شەڕ هەر نەهێنا. لە حەسەنکێف نامەی سوڵتان بە مەلائیدریسێ گەیشت کەوا محەمەدپاشا بیقلی بە هێزەوە بۆ هیمدادی دیاربەکر بەڕێکرا. مەلا نامەی بە کۆترێکی نامەبەردا ناردەدیاربەکر. خەلکی دیاربەکر بەو موژدەیە بووژانەوە و ئاهێکیان تێگەڕایەوە. محەمەدبیقلی هاتە حەسەنکێف و چاوی بە مەلا کەوت. قاسم بەگ و جەمشید بەگ و حوسێن بەگ، دەهەزارکوردی چەکداریان هەبوو؛ هاتبوونە لای مەلائیدریس. مەلا و پاشا -بە لەشکری کورد و تورکەوە- پەلاماری قورد بەگی قزڵباشیان داو قڕانیان دەلەشکری خست و ڕوویان کردەدیاربەکر. قەرەخان ترسا و وازی لە دیاربەکر هێنا و هاتە ماردین و مەلا و پاشا -بە بێ کوشتار- چوونە دیاربەکر. مەلائیدریس نامەی بۆ ماردینیان نووسی و زۆری ئایەت بۆ تێخستن و لە قزڵباشانی هاندان. سەیدعەلی ناو بە بریکاری هاتە لای مەلا و تێگەیەنرا کە کاتی شەڕ دەرگای شاری بکەنەوە و قزڵباشانیش هان بدەن کە خۆیان بە دەستەوە دەن.
قەرەخان چووبووە سنجاری؛ لەشکری مەلا و عوسمانی بە هاسانی دەیانتوانی بچنە شاری ماردینەوە. بەڵام ←

← قزلباشی دژدار شەڕیان کرد و قەڵاکەش ئەوەندەسەختە کە بە تەیموورلەنگیش نەگرا. کێشەی ماردین کۆتا نەبوو، شادی پاشا و محەمەدبیقلی کێشەیان لە ناو پەیدا بوو. شادی تۆرا و چووە ئانادۆڵ. مەلائیدریس هیمدادی لە سوڵتانی خواست. ساڵی ٩٢٢.ك (١٥١٦.ز) لەشکرێکی بیست هەزار کەسی بە سەرکردایەتی خوسرەوپاشای بۆ هات. قەرەخانیقزلباش لەم بەینەدا شەش‌سەد پاسەوانی شاهی -بە سەرکردەیی حاکمی هەمەدان و گوڵشەهر- ناردەسنجار و لە ڕێگە تووشی مەواهب چەلەبی کوڕی مەلائیدریس و میریجزیر هاتن و دوای سووکە شەڕێك ئەبولمەواهب هەڵات و بەو ڕێگەدا هات کە عەجەمەکانی لێوە هاتبوون. ماردین و حەسەنکێف هەر بە دەست قزلباشەوە بوون. لەشکری خوسرەوپاشا هاتە پاڵ لەشکری محەمەدپاشا و مەلائیدریس وای پێ باش بوو کە دەست بەجێ بە پانەوە هێرش بەرن. محەمەدپاشا بە قسەی نەکرد و حوسێن بەگی میر خەرپوتی بە چوار هەزار کەسەوە بە پێشەنگ بەرێکرد کە دەراو تاقی کەنەوە. ئەو پێشڕەوە تووشی داوی قزلباش بوون و سێ هەزاریان لێ کوژرا و هەزارەکەیتریش خۆزگەیان بە مردن دەخواست. دوای ئەوە لەشکری تورك و عەجەم لە کۆنە قۆچ حەسار گەینە یەك، خوسرەوپاشا بە شەش هەزارەوە ڕاستەی لەشکر بوو. چۆپەی لەشکریش چوار هەزار کورد بوو کە سەر بە مەلیك‌خەلیل و محەمەد بەگی ساسۆن و میرانی شیروان و قاسم بەگی ئەگیل و شەرەف بەگی بدلیس و داود بەگی ئەمیران و ئەحمەد بەگی زەرقی، میری ئاتاغ و شاوەلەد بەگی سلێمانی بوون و مەلائیدریس سەرداری هەمووان بوو. شەڕێکی زۆر بە سام قەوما. لە جەنگەی شەڕدا گوللەیەك بەر قەرەخان کەوت و کوشتی و عەجەم ورەی بەردا و مەیدانیان چۆڵ کرد. مەلائیدریس و کوردەکانی ڕاوەدوویان نان و دەماردینیان پەستاوتن. دەسکەوتی ئەو شەڕە ئەرغەنی و سنجار و تەلەعفەر و چەرمك و سوێرەك و بیرەجەك و ناو شاری ماردین بوو؛ کە گیر عوسمانی کەوتن. بەڵام سولەیمانخانی برای قەرەخان قەڵای ماردینی چۆڵ نەکرد و خوسرەوپاشا ساڵێکی بە دەورەدا هەڵخولا چی بۆ دەگەڵ نەکرا.

سوڵتان سەلیم دوای گرتنی حەڵەب و شام، محەمەدبیقلی بە لەشکرەوە بۆ خوسرەوپاشا نارد و قەڵای ماردینیان بەر تۆپ داو قەڵاکانی حەسەنکێف و ڕەها و ڕەققە و مووشیش بەر چەنگی عوسمانی کەوتن و تەنانەت هۆزە ڕەوەندەکانی ڕۆشنی و حەریری و سنجاری و ئیستاجلی و جزیری و هۆزی موالی عەرەبیش هەموو دەغالەتیان بە عوسمانی کرد. پوختەکەی ئەمەیە لە سایەی وریایی مەلائیدریس و ئازایی محەمەدپاشاوە، عوسمانی هەموو کوردستانی گرت. مەلا ئیدریس -کەدەیزانی لەو چەند ساڵەدا کوردستان چەند شپرزە بووە- بۆ سوڵتانی پێشنیار کرد کە یاریدەی کوردەکان بدرێ و دڵیان بە عوسمانی خۆش کرێ و زۆر باشی دەزانی کە کوردستان لە بارێکی تایبەتی دایە و میر و ئاغاکان شەڕی یەکتر دەکەن و بە هەوای ئازادی و سەربەستین و ئەو داوای سەربەخۆیی کردنەیان سەر دەکێشێتە شیرکێشان و ئەگەر تەنیا ئیدارەیەك بۆ هەمووان دابمەزرێ و هەموو کوردستان دابگرێ، سەر ناگرێ. مەلائیدریس - بەو هەموو زیرەکی و زیتیەی خۆی- زۆر بە زەحمەت توانیبووی هەموو کوردان بکاتە پیاوی عوسمانی و نەیدەویست ڕەنج بە خەسار بێ. بیری لەوە کردبوو کە ئیدارەی کوردان وەك وڵاتیتری عوسمانی نەبێ و هێندێك لە دۆز و ئاواتی کوردەکان نزیك بێتەوە. هەرچی ئەو پێشنیاری کرد خاوەن شکۆ (سوڵتان سەلیم) پێ ڕازی بوو. زۆری بڕوا بە مەلا هەبوو؛ گەلێك فەرمانی سپی بۆ ناردووە و مۆری پێوەناوە و گوتوویە مەلائیدریس بۆ خۆی چۆنی دەوێ، پڕی ←

← کاتەوە. حەڤدەئالآ و پێنجسەد خەڵاتی بۆ نارد کە لە ناو میرەکانی کوردستانێدا بەشی کا. بیست و پێنج هەزار دۆکەی زێڕیشی بۆ خودی جەنابی مەلائیدریس نارد. عەلیعەونی دەڵێ ئەو دراوەش هەر بۆ میرەکان بوو.
لە سەر پلانی مەلائیدریس، دیاربەکر کرا بە نۆزدەسنجەق؛ یازدەیان تورکی بە سەر ڕادەگەیشت و وەك ئەنادۆڵ وابوون. هەشتەکەیتر کە سەمغان و قوڵب و مەهرانیە و تەرجیل و ئاتاغ و پەرتك و چەرمك و چیاقچور بوون، بە دەست کوردانەوە بوو؛ بە میرات بۆ کوڕیان دەمایەوە. سەرەڕای ئەوەش پێنج حکوومەت لە لیوای دیاربەکر دامەزران کە ڕاستەوخۆ سەر بە سوڵتان بوون. ئەویش ئەگیل و پالۆ و جزیر و حەزۆ و گنج بوون. کتێبی *جیهانئوما* دەڵێ: بە حکوومەتی خاپوور و ئالشگوردەوە، حەوت حکوومەت بوون. سەرۆکی ئەو حکوومەتانە پلەی میرمیرانیان هەبوو. لە کاروباری ناوخۆدا دەسەڵاتدار بوون.
لیوای وانیش کرا بە سیوحەوت سنجەق و چوار حکوومەت؛ کە سوڵتان بۆ خۆی پێ ڕادەگەیشت. ئەوانەش: ١- حکوومەتی هەکاری؛ کە هەمیشە دەهەزار چەکدار و بۆ شەڕیش پەنجا هەزاری بوو. ٢- حکوومەتی بدلیس؛ ئەویش لە هەکاری بێهێزتر نەبوو. ٣- حکوومەتی مەحموودی لە ڕۆژهەڵاتی وان؛ سەدوبیست هۆزی کوردی لێ بوو؛ شەش هەزار چەکداری هەمیشەیی هەبوو. ٤- حکوومەتی پنیانش هاوسای مەحموودی و بە قەد ئەوانیش بەهێز بوو. ئەولیاچەلەبی لە بەرگی ٤، ل ١٧٨دا جگە لەمانە باسی پێنج حکوومەتی کوردیتر دەکا کە زەمانی ئەو سەر بە تەوریز بوون. ئەوانەش کۆتۆل و پیرەدۆزی و دمدمی و جۆلانی و دونبولیین.
گومان لەوەدا نیە ئەو دابەش کردنەی کە مەلائیدریسی بلیمەت بە بیریدا هات، تەواو دەگەڵ باری کوردەواری ئەو ڕۆژەدا ڕێك دەهاتەوە. کوردستانی وا سەخت و گەردنکەش کە خەڵکەکەی هەمیشە بە ئاواتی سەربەستی شۆڕش دەکەن و خۆ بە کوشت دەدەن، کەس تا ئێستا نەیتوانیوە و کەسیش ناتوانێ وەك مەلائیدریس کەوی و دەستەمۆی بکا. پێش زەمانی سوڵتان سەلیم چل و شەش میرنشینی کورد هەبووە کە لە سایەی پێشنیاری مەلائیدریسەوە زۆربەیان لە ناو چوون. دوای ئەوە کە مەلائیدریس بە شیرینکاری خۆی کوردستانی وا لێ کرد، هەر بە دەستی خۆی تەپڵ و ئالآی بە ناوی سوڵتانەوە بە سەرمیرەکاندا بەشیەوە. مەلیكخەلیلی یادگاری بەرەی سەلاحەدینی ئەییوبیش لەو دەهۆڵ و ئالآ پیرۆزانەی پێ بڕا. مەلائیدریس ببووە دەرزی بەر کۆڕەی سوڵتان و لە ئەندازەبەدەر خۆشەویست ببوو. کە سوڵتان لە ئێران دەهاتەوە و کە دەچووە میسریش، مەلای هەر دەگەڵ بوو.
کوردستانی وا سەخت و بەهێز -بە خوێن ڕشتنێکی زۆر کەم و بە بێ شەڕی گران و بە خۆشی و ڕەزامەندی کوردان- سەر بۆ حوکمی عوسمانی بچەمێنێ؟! ئەمە لە مێژوودا وێنەی نەبووە. کوردستان هەرگیز بۆ هیچ داگیرکەرێك تەواو نەهاتۆتە بەر کەمەند. هەر لە زەمانی ئاشۆرەوە هەتا ئێستاش زۆر بە توند و تیژی دەگژ داگیرکەرانی ڕاچووە. ئاشۆری، ئێرانی، پەرتی، ڕۆمانی و یۆنانی بۆ سەرکوت کردنی کوردان و داگیرکردنی کوردستان لەشکری زۆریان هێناوە؛ بەڵام هیچیان وەك مەلائیدریسی بلیمەتیان پێ نەکراوە. ئەو پیاوە بە وریایی و سیاسەت زانی خۆی، کارێکی وای کرد عوسمانی بیگرنە ناو پەنجەی خۆیانەوە و ئەو بەهرە گەورەیان پێ بگەیەنێ.
فەرمانی سوڵتان سەلیم -کە بۆ مەلائیدریس نووسراوە- تورکیە کە لە *تاج التواریخ*ی خواجە سەعدەدین، ←

← بەرگی ۲، ل۳۲۲دا هەیە. عەلیعەونی کردوویەتە عەرەبی و دەگەڵ تورکیەکەدا لە *خولاسەی تاریخی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی*دا خستوویەتە کەنارەی لاپەڕی۱۷۲و۱۷۳وە. من لە تورکیەکەیەوە وەرمگێڕا. هەژار

فەرمانی بە شان و شکۆی شاهانە:

سەرداری شتزانان! پێشەوای ئاکار جوانان! ڕێبواری شاڕێی تەریقەت! شارەزای دەستووری شەریعەت! کارامەی گرێ ڕەهانی! تیشکدەری تاسۆی بێگومانی! نموونەی یەکتاپەرست و خواخوازان! مەولانا حەکیمەدینی چازان! خوا بۆ کرداری چاکت بێڵێ.

بە گەیشتنی فەرمانی بەرز و پیرۆزمان لێت ڕوون بێ کە نامەکەت گەیشتە سەردەرانەی بەختەوەرمان و مژدەی پێ داین کە بە بۆنەی ئێوە و لە سایەی دەسپاکی و خواپەرستی و ڕاستی و دروستیتانەوە، هەموو لیوای دیاربەکر گیرا. منیش هەر وام دەتۆ ڕادەدیت؛ ڕووت سپی بێ. ئەگەر خوای گەورە حەز بکا دەبیە هۆی گرتنی هەموو لیواکانیتریش. گش چاوەدێری بەرزی شاهانەمان ڕووی دەتۆیە و دەربارەت دەکرێ. دەگەڵ مووچەی تا دوای شەشەکانی مبارەکدا، دوو هەزار فلوری و کەوڵێکی سمۆر و یەکی وشەگ و دوو پارچە فاسۆن و دوو چۆغ و کورکێکی خوری ئاستەڕ کەوڵە سمۆر و کورکێکی بەر کەوڵە و شەگ و شیرێکی کالان زێڕ و کیمخایەکی فەرنگیمان بۆ ناردی. لە خوا دەخوازم بە دڵخۆشی و لەشساغی وەریان بگری و لە خۆتیان بەخت کەی و بەرانبەر بە خزمەتکاری و دڵسۆزی و ڕاستیت، شیاوی ئاوڕوێدانەوەی شاهانەی شکۆدارمان بی.

چونکە ئەو میرانە لە دیاربەکرەوە هاتوون و دوای تۆ کەتوون، تۆ دەزانی چۆنن و کام نازناویان پێ ڕەوایە و چەندیان لێ دەوەشێتەوە و لە سنجەقان چیان پێ ببڕێ باشە و لەو دابەشەدا گەرەك هەر کەس بە پێی خزمەت و دڵسۆزیەوە لێی بڕوانن. ئەوا چەند فەرمانێکی سپیم بۆ ناردی و تووڕەی شاهانەی بە سەرەوەیە کە بدرێتە دەست.

جێ شانازی میرەگەورەکان و پشتیوانی زل و مەزنەکان و جێ گەورە و لە پێش، پایەبەرز و بەڕێز، لە خودای بێنیازەوە یاری دراو، میری میرانی دیاربەکر (محەمەد) هەمیشە بەختیار بێ.

پێویستە هەر پارچە هەرد و ئاوێك، هەر مووچە و دراوێك و هەر نازناوێك، بە میرێك لەو میرانە دەدری، و هەر فەرمانێك لە باتی سوڵتان دەنووسرێ، هەمووی لە دەفتەری تایبەتیدا بنووسری، و بۆ سەردەرانەی پیرۆزمانی بەرێ بکەن؛ تا لێرە هەڵبگیرێ و هیچ شتێك ون نەبێ.

بە درێژی باسی ئەو سنجەقانە بنووسن کە بەو میرانە دەدرێن و بشنووسن چۆنتان داونی و چ نازناوتان بۆ دیونەوە و چەندتان بەخشش بۆ داناون. مەرج ئەوەیە ئەم دابەشە لە ماکی کار زیان نەدا و لە ئاویاندا نێوان تێك نەدا. هەروەها چەند کاغەزێکی سپیم بۆ ناردی، تووڕەی شەریفیان لە سەرە. بۆ ئەو میرانەی بنێرە کە نیازمانە بیانکێشینە لای خۆمان. دەبێ نامەی لاواندنەوە بە ڕێك و پێکی بنووسرێ و دەگەڵ خەڵاتی شاهانە بۆیان بنێرە.

ئەو فەرمانە شاهانەش دەگەڵ ئەندازەی بەخشش و هۆی چاوەدێریەکە، لە دەفتەری تایبەتیدا ڕوونووس بکەن و بۆ ئاستانەی منی بنێرن -کە پەنای جیهانە- تا هەموو شتێکمان لە بەر چاو بێ. لەو بابەتەوە کاروباری شاهانە بە ئارەزووی من پێك هاتووە. خودای بەرز حەزکا، هەوساری بەزەییم بۆ ئەو لایە وەردەچەرخێ و پتر چاکەی شاهانەیان پێ ڕەوا دەبینم.

←

بۆ میسرگرتن، دەژێر ئاوزەنگی بە زەبر و زەنگی شاهانەدا بووە. لەوێش هەڵبەستەی زۆر بە کاکڵی بە بەژن و باڵای سوڵتان هەڵگوتووە و لە قەسیدێکدا دەردەدڵ دەکا و ئەو چەند تاکانەم لێ هەڵبژاردوون:

تا نەزانین لە برەودایە، ئەمن بێبرەوم
رۆژ هەتا رۆژی کەر و گا بێ، لە تاریکەشەوم
هەر نەزانە وەکوو بان بانکە لە بان زێڕ و زێو
منی زاناش بە زگی برسی لە خەپلێك دەنەوم
ئەم و ئەو رۆژ و شەوی شادییە، خۆشی و بەزمە
دەم لە پووشم منی بێچارە، نە ئەمم و نە ئەوم
وا گریمان کە لە لات تەنبەڵ و بێکارەم من
خۆ لە رێی نۆکەری تۆدا دڵ و باوەڕ پتەوم
زۆر کەست بردەبەرەوژوور و بە ریکت پڕکرد
من گلێشم نیە ڕایخەم، سری سەر خیز و چەوم
خزم و خێزانی نەدارم کە لە کوردستانن
هەر کەسە چاوی لە ڕێگامە کە فریای بکەوم
شوێنی تۆ کەوتم و لام وابوو لە بیرت ناچم
ئێستە بۆ نانێ گەرەك بێر و بە وێدا بڕەوم

← وا ئێستاش کوری ئەردەوێڵی (ئیسماعیلی گومڕا)، حوسێن بەگ و بارام بەگ ناوی ناردۆتە خزمەت بەختیاریمان. بە زمان و بە نووسین هەموو جۆرە بەندەیی خۆی دەنوێنی و دەپاڕێتەوە و بە زمانلووسی و ڕۆن تێدان دەیەوێ دەگەڵی ئاشت بم و گوتوویە: هەرچی من بمەوێ و ئارەزوو بکەم –بە بێ خۆ گرتن– دەیکا. بەڵام بەڵێن و دڵسۆزی جێگەی باوەڕ نیە. لەبەر ئەوە هەر دوو ڕاسپاردەم گرتن و خستمە قەڵای دیمقوقە و پیاوەکانیشیانم هاویشتنە قەڵای «کلیدالبحر». لە سەر تۆش پێویستە دەربارەی ناوبراوی بارکەوتوو، زۆر باش بیر بکەیەوە و هەر ئێستا بیری لێ بکەوە؛ بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی پایەدار و لە گەشەمان تێکۆشەر بە!

لە کۆتاییدا بە هومێدم کە زۆر ئاکاری باش و ئاسەواری جوان لە تۆ دیار بدا. ئەوەش بزانە پشتی خۆت بە توورەی پیرۆزمانەوە ببەستە. نێوەڕاستی شەشەکانی مبارەك، ساڵی ۹۲۱، بارەگای خەلیفە، ئەدرنە.

گەر بزانی کە چەوزانم و خاوەن هونەرم

تێدەگەی چەندی کزم، هێندەبە زانین قەڵەوم

دەستی ئیدریسە بە داوێنتەوەیە و لێم روونە

نایەڵی چیدی لە سەرمان و لە برسان نەخەوم

ژیننامەی هەشت پادشای عوسمانیانی، بە نزیکەی هەشتاهەزار شێعری جوان و تەڕ و لەبار هۆندۆتەوە؛ کە بە ڕاستی بۆ ڕەوانی دادی داوە و لە وێژەدا گۆی هونەری بردۆتەوە و ناوی ناوە هەشت بەهەشت. کە شائیسماعیل پەیدا بوو، شیعەگەری برەو پێدا. مەلائیدریس مێژووی ئەوسای بە ئەبجەدی بۆ ئیجاد کرد؛ پیتەکانی «مذهب ناحق» پڕ بە پێستی دەهاتەوە. شائیسماعیل کە ئەمەی بیست، مەولانا کەمالەدین تەبیبیشیرازی -کە هەمدەم و هەمنشینی هەمیشەی بوو- بان کردەکن خۆی و فەرمووی: نامە بۆ مەلا بنووسە و لێی بپرسە ئەم تاریخە کاری ئەوە یان نا؟ کەمالەدین نامەیەکی نەرم و خۆش و دۆستانەی بۆ مەلا نارد و ئەم پرسەشی تێدا گونجاند. مەلائیدریس لە وەرامدا نووسی: بەڵێ من گوتوومە؛ بەڵام ڕاستی ڕستەی عەرەبیە و نیازم «مذهبنا حق»[1] بووە. شائیسماعیل وەرامەکەی بە دڵ بووە و لە مەلای گێڕاوەتەوە کە بچتە لای و بیکاتە هاونشینی خۆی. مەلا نەچووە و لە وەرامدا قەسیدەیەکی بۆ ناردوە کە من چەند تاکە بەیتێکیان لێرەدا دەخەمە بەر چاو:

کە بەندەو نۆکەری خۆت باش بناسی باشترە میرم

لە مێژە نۆکەری ئەوخانەدانەن باب و باپیرم

دەزانی بابی بەندەباوە پیرەت درزی داداوە؟

خوداناسینی فێرکرد و لە ڕێگەی چەوتی لاداوە

منیش لای شاهی حەیدەر بووم و بۆ من تا بڵێی چابوو

نزیکی و هۆگریمان ڕاست وەکوو شیر و شەکر وابوو

---

[1] - مذهب ناحق: مەزەبی ناڕەوا. مذهبناحق: مەزەبی ئێمە ڕەوایە.هەژار

له بارەی خۆم و خۆشت ڕاکە بۆ قورعان و سیپارە

لە هەر جێ ناوی ئیسماعیلە ئیدریسی لە لا دیارە

ئەبولفەزلی کوڕیشی زۆر زانا و هونەرمەند بوو. لە زەمانی سوڵتان سولەیمانی بەهەشتەلاندا بە دەفتەرداری شاری ڕۆمئێلی سەرفیراز کرا. ماوەیەك لەوێ ژیانی دەرباز کرد.[1]

دوو کوڕی زۆر شایستەی هەبوون؛ بێ ئاگا لە چارەنووسیان لە غەلتەوە لە سەر کەشتی بەرەو ئەستەمبووڵ دەبنەوە و لە نەکاوا بای پێچەوانە هەڵدەکا و ڕایەڵ و پۆی هەودای هومێد تێکەڵ دەکا و دەریای خەمان پێلان دەدا و فرزەندی ئەو هونەرمەندەدەکەونە ناو گێژی بەڵا و گێژیان دەدا و بە ناکامی دەیانخاتە ناو هەناوی ئاکامەوە و نەهەنگی مەرگی مرۆخۆر، تێیان ڕۆدێ و بەرەو نەمانیان ڕۆ دەبا و لە ڕووی جیهانیان ڕادەدا.

کەڵەکە ژینی مرۆ، گێژی مەرگ بیڕفێنێ   خیگەدەردی و چەپەرو بێڵ وسەوڵ دەشکێنێ

ئەبولفەزلئەفەندی دەفتەردار -لە تاو و سوێی جووتە کوڕەی جوانەمەرگی- وا شپرزە و پەرێشان بوو، داوەبەنی هەڵزناوی تەونی ئاواتی تەمەنی، دەڵەتەری سەردەفتەری دیوانی گیانکێشان هاڵا و هاڵاوی دڵی بە کوڵی، گوڵی ژیانی ژاکاند و پەنجەی ڕەشی ڕۆڵەمردن، پەڕ-پەڕ هەڵیپریواند و بەر شەپۆلی نەمانی دا. جیا لەوانیش فرزەندی نێرینەی نەبوو. بە مەرگی ئەو، ئاسەواری خانەدانیان بڕایەوە.

دیسانەکە لەو ماقوڵە بدلیسیانە -کە ناوبانگیان دەرکردووە- یەکیان شێخ ئەبووتاهیری کوردە، کە زانای زۆر بە ناو و دەنگ، مەولاناعەبدولڕەحمانجامی، لە کتێبی *نەفەحات*دا باسی دەکا و گۆڕی

---

[1]- ماوەیەك لە مغنیسیا مامۆستا بوو. پاشان بوو بە قازی تەڕابلوس؛ دوایە کرا بە دەفتەردار و سیوسێ ساڵ ئەو کارەی کرد و دوایی ژیانی لە ئاستانە دەیگوزەراند. زۆر زانا بووە و زۆر کتێبیشی نووسیون. *تفسیر حسین واعظ* و *زەخیرەیخوارەزمشای* وەرگێڕاون و کەنارەی بۆ *تاریخی ئیدریس بدلیسی* -کە باوکی بوو- نووسیوە. *قصص الانبیاء* و *تاریخی عوسمانی* ئەو دایناون. دیوانی بە فارسی و عەرەبی و تورکی هەیە. بە دیوانێك لاسای حافیزی شیرازی کردۆتەوە. مزگەوت و فێرگەیەکی لە گەڕەکی تۆپخانە کردووە و هەر بە ناوی خۆیەسی. ساڵی ۹۸۲.ك (۱۵۷۳.ز) مردووە.

بە ودم و پیـرۆزی، والە گەڕەکی کسورە؛ لە لای خۆرنشینی بدلیس.

شوکری شاعیـر، کە سەردەمێك لای میـرانی تورکمان و ڕۆژگارێك لای شەرەفخانی بدلیس بـوو، پاشان کەوتە ڕیزی هەمدەمانی سولتان سەلیمخان و ڕووداوی زەمانی ئەوی بە شێعر هۆنیوەتەوە و بـە ڕاستیش گالەی کردووە و بە *سەلیمنامەی* ناوناوە. لەتیفی ڕۆمی خاوەنی *تەزکەرەی شـوعەرای تـورکی* ناوی ئەویشی نووسیوە؛ مندالّی شاری بدلیسە.

مەبەست ئەوە کە: هەمیشە شاری بدلیس مەکۆی دانا و زانایان و بنکـەی بـە هـۆش و گۆشـان و پەروەرندەی خوێندن بووە. ئوستادی جێ بەرز و بەڕێز مەولاناموسا -کە ئێستا مامۆسـتای فێرگـەی شوکریەس- لە مەولانا شاحوسێنی باپیـری خۆی -کە زۆر ژیاوە و دوازدەپێپیلکەی دەسالّەی لە سـەر دنیاوە دواداوە؛ واتا: سەدوبیست سالّ ماوە- چیـرۆکێ خۆشی بیستووە و بـۆ نووسـەری ئـەم پەڕانـەی گێڕایەوە کە: بارام بەگی زولقەدری لە بریکاری شائیسماعیل، پارێزگـاری عـەدلجـەواز و ئـەرجیش و بارگیـری پێ سپێرابوو. کارگوزارانی شەرەفخان لە ئەخلات و سەرکەوشەنان دامەزرا بـوون. ئـەو دوو هێزە تێك گیـران و هەرا قەوما. شەرەفخان لە بدلیسەوە شێخ ئەمیـری بلّباسی نارد کە سەرپەرشـتی شەڕ بکاً پێنجسەد فەقێ و مەلای بدلیس تیـروکەوانیان هەلّگرت و بۆخەزا ڕەگەلّی کەوتن؛ وێڕای ئـەو چوونە ئەرجیشێ.

ئاووهەوای سازگاری شاری بدلیس بە نووسیـن پەسنی نادرێ؛ شیبای نەرمی شەوگارانی و گەشـت و سەیرانی باغانی و جوانی دام و دەزگاکانی، لە وزەی لێدوان بەدەرە.

سەردەستەی بەرەی میـــرخاسان کـە خەلیفـەی شێخەلئیـسلام، مـەولانا عەبدولــخەللاق کـوڕی شێخحەسەن خێزانی، کە خەلیفەی شێخعەبدوللّای بەدەخشانی و گومبەزی پڕ لە ڕۆشناکی لـە نزیکـی گۆکمەیدانە و جێی ڕەوا بوونی نزایە و سەرزنـجیـــرەی تەریقــەتیان شـێخ ڕوکنـەدین عەلائودەولـەی سـمنانیە -رازی لای خودا پیـرۆز بـێ- لـە مرخـی گەوهەرباریـەوە، مرواری و دوڕ داوەریـوە و لـە پەسندی ئاووهەوای خۆش و نەرمی بدلیسێدا، ئەم چەند شێعرانەی نووسیوە:

ئـــەی دلّ وەرە تـــا مـــاوی ڕابـوێـرە لـە بـدلیـسا

تـــا ســـروەیـەکی لێ بـێ نـرخی نیـە فـووی عیسا

کوا خدری ئەمر بابیّ لەم ئاوە بکا چێژیّ
چەندەی هەیە ئاوی ژین لێم ڕوونە کە دەیڕێژیّ
باغاتی بەهەشت کوانیّ؟ با دەرکەویّ خۆڕانیّ
دەروێش وەرە ئەو ساکە و کولکەت لە گرەو دانیّ
هۆری کە دەیانزانی لەگرە چ بەهەشتێکە؟
بێزیان بوو لە جێی خۆیان لایان وەبوو نەشتێکە
کەس لێرە بەرامەی خۆش نافرۆشیّ نرخ ناکا
سەد بۆنی بەهەشت بمژە هەر دەم لە هەوای پاکا
زریان کە دەغەزدار بوو سووڕایەوە چەند سالێك
بۆ تۆزی کە دەرمان بوو نەیدۆزیەوە تۆزکالێك
دار و دەوەنی پڕ گوڵ، باخ و ڕەزی پڕ میوە
دەشت و دەری ڕەنگیوە کێووکەژی خەملیوە
بدلیسە مەکۆی ڕازان بۆ دلبەر و چاوبازان
پێك هێنەرە بۆ نیازان جیّ پەسنە لە لای چازان

کۆی زستان -لە بەر بەفر و مژ و بۆران- خەڵکی بدلیس سەغڵەت دەبن. بەڵام دیسان سەرما و سۆڵەی هێندەبە سۆزە و گەز نیە بیانئێشێنیّ.

دارا و نەدار و ناونجی و نامۆ و غەوارە و شارەیی، ئاوردوویان لە سەر دارە. باری داری قەلاشکەری -ئەوەندەی ئێستر هەڵدەگریّ- نرخی درهەمێکی زێوە کە دەکاتە دوازدەئاقچە. سووتەمەنی گەرماوانیش هەر ئێزنگە. هێندێك جاران لە ڕێبەندانی زستاندا، بەفر ڕێگایان هەڵدەنیّ و ڕێگەی هاتوچوو دەبەستیّ.

هەر لە زۆر لە مێژینەوە سوڵتانی دادگەر و خونکارانی خاوەنشکۆ -لە سۆنگەی شاریّ پارێزی- موسوڵمان و کافرەکانی ئەم شارەیان بە فەرمانان لە باج و پیتاك لاداوە و نەفرین‌نامەشیان نووسیوە بۆ هەر کەسی دەستەڵاتدار، کە لە فەرمانەکان لادا.

فەرمانڕەوایانی بدلیس بەرەودوای یەك، مزگەوت و تەکیە و پشووگە و فێرگە و خانەقا و گەرماو و پردیان لێ کردووە. بیستویەك پردەبەردینە لە ناو شارەکەدا هەیە؛ مەردم لێیان دەپەڕنەوە. شازدەگەرەگ و هەشت گەرماو[1] و چوار مزگەوتی گەورەی هەیە. مزگەوتێکیان لە پێشوودا کلیسای هەرمەنیان بووە؛ ئەو کاتەی لەشکری ئیسلام ئەم ولاتەیان گرتووە، کردویانەتە مزگەوت و قزلمەسجیدی پێ دەلێن. یەکێتریان سەلجووقیەکان کردوویانە و مێژووی دروست کرانەکەی بە خەتی کوفی نووسراوە و ناوی مزگەوتەکۆنەیە. یەکێکیتر میرشەمسەدین وێرای کاژێرە دەروێشێك لە تەنیشتی گۆکمەیداندا چێ کریە و ناوی لێ ناوە شەمسیە. نوێژگەی چوارەم شەرەفخانی باوەپیرەی منی هەژار دەگەڵ فێرگە و دەروێش دانێك لە تاخاماردین کردوویە و ناوی ناوە شەرەفییە. مزگەوتەکان پێشنوێژ و بانگدەریان هەیە و مووچەشیان خەیلێ فرەیە. لەو ڕۆژەوە کە ڕێ و شوێنی ئیسلامەتی پەیدا بووە هەتا ئێستا، بڕوات وابێ جارێك نەبووە نوێژی هەینی و نوێژی بە گەل لە شاری بدلیس نەکرابێ.

منی هەژار پێنج فێرگەم لێ بنیاد ناوە: خەتیبییە، حاجی بەگییە، شوکرییە، ئیدریسییە، ئیخلاسییە؛ لای خانەقاکەی شەمسییەن. ساڵی نۆسەدونەوەتونۆ سەرم گرتوون و ئێستاکە پڕن لە فەقێ، هۆزانانی هەڵبژاردەو مەلا چاکانی دیاردە-بۆ فێرکاری- لە فێرگەکان دامەزراون. مەولانا خدریبەبی[2] -کە بۆ ڕێ و شوێنی شافعی و مانا کردنی قورعان و فەرموودەکانی پێغەمبەر زانایەکی بێوێنەیە و دەلێن هەر کەس لای خوێندبێ خوا ئاواتی پێك هێناوە- دەرسبێژی شەرەفییەیە. بەڕێز شەمسەدین مەولانامحەمەدی شەڕانشی -کە بۆ گوتنەوەی مانای قورعان و باسی عاسمان و «مەنطق» و «کلام» زۆر کارامەیە و بە ئاکارتەرزی لە کوردستاندا و لە لای مەلایان زۆر جێگەبەرزە- مامۆستای فێرگەی ئیخلاسییەیە. ئاییـنزان و مەلاچاك و خۆپارێز و ڕاست و پاك، مەولانا محەمەد زەرقی، سۆفی فێرگەی حاجیبەگییەی بە دەستەوەیە و دەرسی تێدا دەلێتەوە. مەولانا عەبدوللای ڕەشك -کە زۆر زانا و بە هونەرە- بە فەرمانی ئاستانە، خۆی کردۆتە هەمەکارەی ئیدریسییە و قۆلی

١- لە دەستنووسێکدا بیست گەرماو. عەونی

٢- لە دەستنووسێکدا خدر خێزانی. عەونی

بۆ لەسەر کێشراوە.

مەردمی‌تری شارەکە -لە پیشەوەر و کاسبکار- هەشتسەد دوکانێکیان هەیە. لە ناوشاردا شوێنی بەهرەدەر زۆر هەیە. بە تایبەتی بلیمەتی دادگەر و دادیار و خێرەومەند و چاکەکار و باربۆکاری داماوان و پەسیوی لێقەوماوان و دڵسۆزی خوێندەواران و هەڵبژاردەی سەرداران و خۆشەویستی خونکاران و جێ باوڕی سوڵتانان، خوسرەوپاشاکۆنە میسری میرانی وان -بەر بارانی بە ڕێژەوی چاکە و بەزەوی خوا کەوێ- دوو گەرماوی لە مەڕ مەڕ و دوخان و سەد دووکانێکی دوودەروازە و دووهەڵاڵخانە و ئیدیشی درووست کردوون و دەقەبەڵی دەروێشدانی «ڕەهوا»ی کردوون و جگە لەوە کە سوود و بەهرەیان زۆرە، شارەکەشیان جوان کردووە. وردەکاری وێژەوان و ڕاوێژ و گفتولفت جوان و پیتۆڵ و دەم و پل ڕەوان و شارەزا لە هونەرمەندی، محەمەدجان ئەفەندی کە بە ڕەگەز قازی‌زادەو نەجیمزادەی ئەم ناوەیە و باب و کالآنی تم و تم پلە و پایەی بەرزیان بووە، بۆ مێژووی ئەو کردەوانە ڕستی «بنای‌خسروانە»ی هاتۆتە بیر[1].

سەرباری ئەم کارەچاکەش دوو پڕۆژەی زۆر گرینگی خستە کار و بە ماوەیەکی پڕهندك، سەرلەبەری گەیاندنێ و هەموو کەس ئافەرینی کرد. یەکەمیان ئاوایی ڕەهوا لە نێوان گوندی تاتوان و شاری بدلیس هەڵکەوتووە. دوو کاروانسەرای هەراو و دەروێشدانێکی بڵند و گەرماوێکی بە دیمەن و مزگەوتێکی لە گیان خۆش و دەدوکانی شتفرۆشان لە ئاواییەکەدا هەیە. بە مەودای دوازدەهەزار گەز ئاوەکانیەکی هێناوە و سی ماڵ فەلە و موسڵمانی لە دەوروبەر دامەزراندوون و ئەو زەویانەی کە پادشای خوالێخۆشبوو سوڵتانمرادخان بە بەخشش دابوونی، بە خوسرەوپاشادەقەبەڵی ڕەهوای کردووە و دەرامەتی بۆ ڕێبواران و میوانان دەدرێ بە شۆربا و چرا و نان، میر وسەرناس، ڕووت و کەساس، تورك و تاجیك، عەرب، عەجەم، بەندەو ئازاد و کەس‌نەناس، هەر کەسێك شەو بگاتە وێ -بە پێی پلەی- بەخێو دەکرێ. شوێنێکی زۆر کوێستانیشە؛ گەرچی لە نێوان بازێر و تاتوانێدا گوندی زۆر و کاروانسەرای زەوەند هەیە، بەڵام بە هۆی بەفری فرە و سەرمای زۆری -کە ساڵێك لە ناو ساڵاندا هەر جارێ بەفر باریوە، خەڵکی بدلیس پێواویانە، هەموو چەلان، لە سەرانسەری زستاندا، لە شێست بست

١- «بنای خسروانە» بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ٩٨٥. هەژار

کەمتری نەبووە- هەموو کۆێکی زستانەی، چەند ڕێونگ و بازرگانێك لەو ڕێیە سەرما بردوونی. لە پادشایانی پێشین و فەرمانڕەوایانی گەورە بە تایبەتی باب و کالّی پایەبەرزی ئەم هەژارە، چەند جارێك لێی وەخۆ کەوتوون کە ئەم ئاوەدانیە ساز کەن. ئێستاش شوێنەواری دیوارانیان لە پێیەك بلّندتر ماوە. بەلّام بە هۆی دنیا شێوان، ئەوانیش لێیان شێواوە و بە سەرنەگرتوویی ماوە.

ئارەزوو زۆرە و ڕای ژیان سەختە   ئاخۆ بۆ کێ بێ ئەم تەخت و بەختە؟

وا ئێستا بیست سالّ زیاترە کە لە سایەی کار باشی ئەو پاشاخوالێخۆشبووە، هیچ گیانداری‌ك لە ڕەهوایە بە سەرمایە نەمردووە. حاجی و ڕێبوار و بازرگان -بە بێ‌ترس و دلّەتەپێ- تێدەپەڕن.

دووەمین: لە شاری وانیش مزگەوتێکی تەرز و بەرز و فێرگەیەك و نێژگەیەك و گۆشەیەکی دەروێشانی خۆش و جوانی بنیاد ناوە. قورعانخوێنی خۆش‌ئاواز و خەلّك‌دوێنی سەربەرزەك و بانگدەری سەلّا و بانگڕەوان و زارا و شیرین و ئاهەنگزان و مجێوری ژیکەلّە و ڕووخۆش، لەو نوێژگەیە دامەزراون و هەر کەس بە گوێرەی ئەرکی خۆی، مووچەی بۆ دیاری کراوە. دوا بە دوای هەر پێنج نوێژەکان، بۆ شاد بوونی گیانی پاکی بە گەل فاتیحا دەخوێنن.

شەوانی هەینی و دووشەموان خەتمی قورعانی لێ دەکرێ و بە بێ گومان گیانی پاکی ئەو گەورەیە ودم و پیتەکەی وەردەگرێ.

سێهەمینیان:[1] نووسەری ئەم ڕووپەڕانە و ئاپۆرەی هۆزی ڕۆژەکی -کە ماوەیەك سەرگەردانی بیابانی پەشیمانی و نوقمی دەریای گومڕایی بووین و چلوچوار سالّ لە دەس بەدکار ملك و مالّ و زێد و هەوالّمان جێهێشت و کەوتینە ناو قزلّباشان و بە بیستنی قسەی سووکی ناکەس‌بەچە و بەدئاکاران گرفتار بووین- خوسرەوپاشابووە ڕێبەر و ڕێشاندەرمان و لە ئازارمان بوو بە دەرمان و زۆری ئەرك و ئازار کێشاتا لە دڕووجاڕی دەرکێشاین و پێشمان کەوت و هێنایینیەوە ناو باخچەی بێ چقلّی ئیسلام و گەیشتمەوە نیشتمانی خۆشەویست و شوێنی باب و باپیرانم.

١- دەپێشدا گوتی دوو کاری زۆر گرینگی کردووە، وا سێهەمیشی خستە سەر! جەمیل

پوختەی وتار

منی هەژار وێڕای نزیك بە هەزار کەس ژن و پیاو و زورهان و لاو، گەلێك ساڵان لە بەر خودا پاڕاینەوە بمانباتەوە ناو ئیسلام. خودا نزای ڕەوا کردین و خوسرەوپاشابوو بە سەبەب. کۆششی ئەو پیاوە کردی و تەقەلای ئەو پاشایە دای، لە ئەندازە چووبووە دەرێ. کاری ئەو بوو کە پادشای خوالێخۆشبوو لە ئەخچەوان ناردیە شوێنم و دەگەڵ ئەو هەزارە زیلەی بە تاسوخ و پەرەوازە، هاوردینیەوە ناو مەڵبەندەکانی ئیسلام و چاومان بە زێد ڕۆشن بۆوە و بەختەوەر و سەرفراز بووین. سوپاس بۆ خوا.

ئەخلات

ناوچەکانی دەوروبەری بدلیسیش هەر یەکجار خۆشن. ناوچەی ئەخلات -کە شارەکەی شوێنەواری کەونارایە و لە ڕۆژگاری نۆشیرواندا جاماسب[1]ی مامی لە سەر بوو، لە دواییشدا پایتەختی پادشایانی ئەرمەن بووە- هەوای لە ئەندازە بەدەر خۆشە. باغات و ڕەزی بێدادەو هەموو جۆرە میوەی هەیە و تەنانەت شێلانە و سێوی لە دنیادا بێوێنەیە. زۆر سێوی لە کێشانەدا بەرانبەر بە سەد درەمە! سێوی ئەخلات لای ئەرمەن و ئازربایجان بەناوبانگە. هەرمێی زۆر باشیشی هەیە.

مزگەوت و فێرگە و خانەقا و تەکیە و دەروێشدانی زۆرن و فرەش زانای بەناوبانگ و چاك و پیری لێ هەڵکەوتوون. یەك لەوانە سەیدحوسێنی ئەخلاتی[2]یە؛ کە هەم شێخ و هەم مەلا بووە و لە جەفریجامیع[3] زانیدا لە دنیا ناوبانگی هەبووە. بە زەبری جەفر زانیویە کە چەنگیزخان پەیدا دەبێ و ئێران و توران تێك دەدا و هەر پێشەکی -بەر لەوە بێن- دوازدەهەزار ماڵی خزم و دۆست و پەیڕەوانی شوێن خۆی داوە و نیشتمانیان جێ هێشتووە و چوونەتە میسر و تا چەنگی چەنگیزی مەرگ بەرگی ژینی لێ دادڕی، هەر لەوێ بوو. ئێستاش گومبەزی پیرۆزی لەوێ جێگەی نیازانە و لە میسر

١- کوڕی فەیرووز، کوڕی یەزدیگوردە. فەیرووز بیستەمین پادشای ساسانیە. جەمیل

٢- ڕەنگە نیازی حوسێن، کوڕی یوسف، کوڕی عەلی خەلاتی بەناوبانگ بێ کە ساڵی ٧٩٥.ك (١٣٩٤.ز) هاتۆتە دنیا و لە تەورێز وستانی خوێندووە و لە جزیر بۆتە قازی و فێرکار و چووەتە قاهیرە و شام و حەج و لە مەککە ماوەتەوە و ساڵی ٨٥٩.ك (١٤٦٤.ز) لەوێ مردووە. جەمیل[؟!] چەنگیز ساڵی ١٢٢٧.ز مردووە. هەژار

٣- پیتزانیشی پێ دەڵێن؛ گۆیا هەموو نهێنیەکی دوارۆژی پێ دەزانن. جەمیل

گەرەکێك هەیە، تاخی ئەخلاتیانی ناوە.

یەکیتریان مەولانا محەیەدینی ئەخلاتییە. کە بۆ ژمارە و پێوان و زانستی لە مەڕ عاسمانان، زۆر کارامە و زانا بووە. کاتێ کە نەسیرەدین محەممەدی توسی بە فەرمانی هەلاکۆخان لە مەراغەی لای تەورێزێ ڕوانگەی دادەمەزراند و خەریك بوو زیج[4]ی دەنووسی، مەولانای بردەلای خۆی و وێڕای ئەو و موئەیدەدین عەرووزی و نەجمەدین دەبیرانی قەزوێنی، ئەو ئەرکەیان ئەنجام داوە.

لە ڕۆژگاری ئیسلامێدا ئەخلات زۆر بەربەلا بووە و زۆر جاران کاول کراوە. سالی ٦٢٦.ك (١٢٢٩.ز) سولتان جەلالەدین خوارەزمشابە زۆری زۆرداری لە بەر چنگ و پلی سەلجووقیانی هێنا دەر و کوشتاری زۆری تێدا کرد. ئەو جار مغولی هاتنە سەر و وێرانکاری لە ئەندازە بەدەر بووە. سالی ٦٤٤.ك (١٢٤٦.ز) بوومەلەرزەێکی وای تووش بوو، زۆربەی زۆری خانووەکانی هەرفاندن. سالی ٩٥٥.ك (١٥٤٨.ز) چلەی زستان، شاتۆماسب دەوری قەلای ئەخلاتی داو لە بەر چەنگی پیاوەکانی سولتان سولەیمانخانی دەرێنا و فەرمانی دابە سەعاتێك قەلاکەیان دەگەل زەوی ڕێك کردەوە. لە پاشانیش سولتانسولەیمانخانیخەزاکەر خۆی دەشار و دژی پێشوو نەگەیاند و لە سەر ڕۆخی دەریاچەکە، قەلا و شوورەکەی دامەزراند و لە سایەی ئەم ئال و گۆڕە، کۆنەشار تەواو وێران بوو؛ شاری تازەش ئاوا نەبوو.

جیهان کۆخێکە وێرانە لە سەر ڕێبازی لافاوا
بە دەستی گۆج و چەنگێ خاك و خۆل، چاوای دەکەی ئاوا؟

ئێستاش هەرگا شوێنەواری شاری وێران دەدەنەوە، خانی و خان و گەرماوی لە بەرد تاشراو و مەڕمەڕ تێدا دەکار کراو، دەردەکەون.

مووش

ئەویش هەر سەر بە بدلیسە. شارێکی زۆر کەونارایە و ئاسەواری وارش و قەلای لە مێژینەی ئێستەش ماوە. لە ڕۆژگاری دەستەلاتی باب و کالی ئەم هەژارە سەرگەردانە، قەلای مووش مەودای فرسەخێك

٤- ئەو جەدوەلەیە کە ئەستێرەناسان دەکاری دێنن. جەمیل

لە باکووری شارەکەوە لە سەر کەژێك هەلکەوتبوو. گەلێك ساڵان ئاوەدان بوو. پاشان سولتانیخەزاکەر خۆی لێ کردەوێرانکەر و لە کەرستەی دار و پەردوی، لە سەر گردێك نیوەی دژێکی کەونارای ساز کردەوە و پەنجا کەسێکی دژدار و تۆپچی و کەلوپەلی پێداویستی بۆ دیاری کرد.

ئەرمەنی بە مژ دەڵێن «مووش». لە بەر مژ و دومانی زۆر، دار و باری گەشە ناکا؛ بەلام لە دەوری شارەکە هێندێك ڕەزی هەنگوور هەیە. ڕەزەکانیان لە سەر تەپك و لە قەدی کێوان ناشتووە. مێوی ئەوێ ئەگەر لە بەرزایی نەبێ و ئەگەر بەعەرزدا ڕانەکشێ، بەری نابێ. تەنانەت ناشێ ئەو مێوە بخرێنە سەر سندەگلێش.

دانەوێڵەی هەمەجۆرە و هەرزنیشی بێداد دەبێ. دەشتی باش و لەوەڕگەی بژوێنی زۆرە. دەشتەکیەکانی وێندەرێ گا و گامێش و پەزی فرە بەخێو دەکەن. ئەوان جووت بە کۆتان دەکەن؛ بەلام لەبری جۆتەگایەك بیستوچوار لینگەی تێدەکەن. تورك بە دەشتی مووش دەڵێن: مووشئەواسی. مەودای تێکڕای ڕاستاییەکەی دەدوازدەفرسەخ درێژە و لە چوار تا پێنج فرسەخ پانە و تژی لە گوڵ و ڕێحانە.

دەوری دەشتەکە کێواتە و کێوەکانیشی جەنگەڵی پڕ و چوغر و تژی بەفر و سەوز و شینن. چاوە و کانی و ڕووباری زۆر ڕوون و تەزی و بەتەوژم لە بەرزایی کەژانەوە سەربەرەژێر فڕکەیانە و لە دەشت یەکتر دەگرنەوە. چەمی فورات لە باکووری ئەو دەشتەوە سەر هەڵدەدا و سێیەکی دەشتەکە دەبڕێ و بەرەو باشووڕ تێدەپەڕێ. چەمی ناوداری قەرەسوو جواناوی چیای نەمروودەو لە خاوەری مووشەوە دێ و بە ناوەندی ئەو دەشتە وەك بەهەشتەدا چەندی خوا حەز کا مشەیە. بازی چەرموگ -کە باڵدارێکی نایابە- لە لێرەواری وێ هەیە و داری لاویش بازی سپی بە سەرەوە.

هەموو وەرزی سەوزە و هەمووددەم بەهار	بەهەشتێکە دەورەی چڕ و لێرەوار
چلۆی هەر یەکەی بەرگ و سازێك لە بەر	هەموو پیرەدارێکی بازێك لە سەر
لەرینی نەمامان بە سەد نازەوە	بەزمگێڕە باڵدار بەسەد سازەوە
لەبەر ئاوی کانیاوی کەوسەر بەزیو	بە زستانێ گەرمە و بە هاوین تەزیو
بە هەر لایەکا لا دەکەی هەر گوڵە	لە چاو هێزی بینین و فێنکی دڵە

لەو میرگ و میرخوزارەدا نزیکەی سەد ماڵ هەرمەنی لە دەوری یەك كۆ بوونەوە و لەولا و لەملای دەشتەکەشدا گوندی موسوڵمانان هەنە.

حەمدوڵلامستەوفی گوتەنی: لە زەمانی پادشایانی چەنگیزیدا پیتاکی مووش سێ چەل بیست و نۆ هەزار و پێنجسەد زێڕ بووە. کاتێ سوڵتان سولەیمانخانی خەزاکەر ناوچەی بدلیسی ڕزگار کرد و چاوی پێدا خشاندەوە، جیا لە داهاتی ئەوقاف و زەوی و زاری هومایونی، داهاتی عوسمانی لە مووش بە سەرانەی چوارهەزار کافریشەوە -کە لە سەر پێودانی پێشوو هەر کەس دەبوو حەفتا ئاقچە سەرانە بدا- تێکڕا دەکاتە پێنجسەد و سی و سێهەزار و سێسەد و بیست و چوار ئاقچە. کە دوازدەئاقچەی عوسمانی مسقاڵێك زێوی بێخەوشە.

دەڵێن بەر لە ئیسلامەتی -کە ئەرمەن دەستەڵاتدار بوون- فەرمانڕەوای ئەوساکەی مووش، ڕۆژێك لەشکری خۆی ڕانا. دەژێر سوارانی سوپادا شەشسەد ئەسپی هەبڵەقی دیت؛ هێشتا ئاخی هەڵکێشاوە و گوتوویەتی: «مووش سەرداری بە مشووری لە سەر نیە!»

خەنس

ناوچەی بەناوبانگی بدلیس یەکێکیتریان خەنسە؛ کە هەوارگەی زەحف هەیە. زۆزانی هەرە گرینگی سوشەهری و بینگۆل و کوێستانی شەرەفدینە. لە ڕۆژگاری باب و کالی نووسەری ئەم پەلکانەدا، ڕەوەند و خێلاتی کوردان دەهاتنە ئەو زۆزانانە و داهات و قازانجی زۆریان لەو ڕێگەوە پێدەگەیشت. دوو کانی لێن: یەکیان دەبێتە خوێی سپی و ئەویتر نمەکی سوورە و داهاتی خوێی ئەو دوو جێیە هەموو ساڵێك خۆ لە دوازدەهەزار ئاقچە دەدا. بۆ خەرج و باجی دیوانیش بەرانبەر بە مووش دێتەوە. ئەگەرچی ئێستا وەرزێر و پالە و فەلەخوێی هەرمەنی لە جاری جاران کەمترن، بەلام گوند و مەزراکانی بە قەبەڵ چوون و تیمارن و هەر ئێستاکێ چوارسەد پارچە دەمبڕ بە دەست خەلکەوەیە. ئەسپی کەحێلی عارەبی لە مەڵبەندی خەنس هەیە. داهاتی زەوی و زاریشی هەر تەنیا دانەوێڵەیە. شتی زۆر دیدەنی و سەیری زرێباری بولانقە؛ کە چوار دەورەی بە گومانم فرسەخێکە. هەمیشە ئاوی شلۆییە و قوڕاوێکی ئاماڵ سوورە و چەمێکیشی لەبەر دەڕوا هێند قوڕاوە کە هەرگیز ڕوون نابێتەوە.

گۆلێکی‌تر لە نێوانی ئەخلات و بولانق هەیە، دەریاچەی‌نازکی پێ دەڵێن. ئاوی بێ‌ئەندازە ڕوونە و زۆریش خۆش و سازگارە. زستانان جۆرێك دەیبەستێ کە چوار مانگان کاروانی بە سەردا دەڕوا. نێزیکی نەورۆز -کە سەهۆڵ دێتە شکەستن- قرچە و گرمەی هەتا سێ فرسەخ ڕێ دەچێ. کاتێ سەهۆڵ لەوێ نەما، نیشانەی هەوا خۆش بوونە. قوڕاوە سووری بەهاران ماسیەکی زۆر لەو گۆلەوە خۆ بە دەم سەرڕێژ دادەن و لە ناو جۆم و چۆمیلکەی گچکەدا، خۆ دەگرنەوە و ئاپۆرەی خەڵکی ناوچەکە بە گەل دەچنە ڕاوەماسی و هەتا هەیڤەك هەر کەس هەرچەندی بخوازێ ماسی هەیە و پەك ناکەوێ. ماسیەکان زۆر گۆشتیان خۆشە؛ درێژیان لە نیوگەز پترە. سەیر ئەوەیە گەرای ناوزگی ماسیەکان وەکوو ژەهرن! هەرچی لێی بخوا پێی دەمرێ. چەند کەسێك لە بەرچاوی خۆم کەمێکیان لەو گەرایە خوارد، شەو و ڕۆژێك بورانەوە و بە دەرمانان ڕشانەوە و ڕزگاریان بوو. هێندێك کارگوزاری دیوان لێ بڕابوون ئەو ماسیانە پاوان کەن و بیانفرۆشن. تەنانەت لە منی هەژاریان بە ئیجار گرت کە قازانجێك بۆ دەولەت بێ. بە هەلکەوت ئەو چەند ساڵە ماسی لە گۆل دەرنەکەوتن و کابراش هیچیان دەس نەکەوت.

لە باکووری شاری بدلیس و لە نێوانی مووش و ئەخلات، چیایەکی مەزن هەیە، کێوی نەمروودی پێ دەڵێن. وەك دەماودەم دەگێڕنەوە: نەمروود زستان لەوێ بووە و بۆ هەواریش هەر لەوێوە هەڵکشاوە و لە سەر ترۆپکی چیاکە دام و دەزگای پادشایانەی بنیاد ناوە. زۆربەی کاتی لەو کۆشکەدا ڕابواردووە. کاتێك خوا ڕووی لێ وەرگێڕا، کێوەکەی خستە لەرزەوە و تەپڵەسەری چیا ڕما و ڕۆچوو. لە شوێن قەڵا و سەرسەراکە، ئاوهەڵقولی.

چیای نەمروود لە زەویەوە بەرزایی دووهەزار گەزە. ئەو شوێنەی کە داتەپاوە، ئەندازەی داخزینەکەی هەزار و پێنجسەد گەز دەبێ و لە ناوەندی چیاکەدا لە هەر چوار لاوە ڕۆچووە و دەریاچەیەکی زۆر هەرا و لەو شوێنەدا پەیدا بووە کە چوار دەورەی پێنجهەزار گەز بگرە زیاتریش مەودایەتی. هێند بەردەلانێکی دڕ و هێند لێڕەوارێکی چڕە، تەنها دوو-سێ ڕێگە هەیە مەردم بتوانن بیچنێ. ولاخەرێش هەر دوانن. ئاوی گۆل زۆر ڕوون و ساردەو دەوراندەوری ئەو گۆلاوە دیوارێکی بەردی ڕەشی وەك شانە هەنگوین کون‌کونە و لە هێندێك جێ ئەو کونانە پڕ بوونەوە و بەردەکەی پتەو کردووە و سەنگی زۆرە. هێندێکیشی زۆر سووکەڵەن؛ وەك بەردەپێی خۆماڵی وان. تورکان بەو جۆرە

بەردانە دەڵێن «دەوەگوێزی» (چاوە وشتر). قەراغی خۆڵی زۆر کەمە؛ بەڵام ئەگەر گڵ کەندی لێ بدۆزیەوە و بیدەیەوە، ئاوی گەرمی لێ دەردەچێ.

لە لای باکووری چیاکە -لە پشتەوە- ئاوێکی خەست و ڕەش هەیە. چەشنی ئەو گۆڕاستانانەیە کە لە کوورەی ئاسنگەران پەیدا دەبێ. لە سەنگینی و لە سەختیدا ئاسنیش وەپاش خۆ دەدا. ئەو ڕەشاوە کە هەڵدەچێ، کەمکەم بەرەوژێر دادەخزێ. منی هەژار وای بۆ دەچم کە ساڵ بە ساڵ دێتە سەری و دوو چەندانە دەبێتەوە. لە بەرزایی سی گەزەوە و بە گومانم لە درێژایی پێنجسەد هەتا شەشسەد گەزدا، لە چەند شوێنەوە دەردەچێ. ئەگەر کەسێك وای نیاز بێ کە پارچەیەکی یەك مەنی لەو ڕەشاوە جوێ کاتەوە، تابۆی دەکرێ، لە شەکەتی خۆی فل دەبێ. دەستەڵات هەر لای خودایە.

بڕی یەکەم

هۆزی ڕۆژەکی و هۆی ئەم ناوەیان

کەحێل سوارانی سارای خۆشزوانی و جلیت بازانی دەشتی وێژەوانی، بە واژەی ڕاست و زاراوەی ڕەوانیان لە بارەی ڕۆژەکیەوە فەرموویانە: وشەی ڕووزەکی فارسیە و بە جیم و شینیش نووسراوە؛ بەڵام بە بنچینە ئەم وشەیە «ڕۆژە» و «کی» یەکی بۆ یەکیەتی وەدوو خراوە؛ وەکوو پیاوەکی و شتیتریش. هێندێکی پیتۆڵ و زۆرزان دەڵێن کاف و یێ بە فارسی پاڵدێمی شتی گچکۆکەن و جیمەکەش کاری عەرەبە؛ لە هەر کوێ ژێیان بێتە بەر، جیمێکی لەجێ دادەنێن. کوردیش زۆر جار لە جێگەی ژێ شین دەبێژن[1]. جا وەك دەڵێن، وێژە ئەگەر بیست و چوارە، هەر یەك ودوانی بەکارە؛ با باسی هۆزەکە بکەین. گوایە ڕۆژێك لە ڕۆژاندا بیستوچوار تیرەی سەرەکی لە بەرەبابی ڕۆژەکی لە نزیك تاب -کە سەر بە ناوچەی خوێتە- کۆ بوونەوە و بوونە دوو بەش. دوازدەیان یەکتریان گرت و ناویان لە خۆ نا بلباسی. دوازدەهۆز و تیرەکەیتر بە قەواڵیسی ناسراون. دەڵێن قەوالیس و بلباس دوو هۆزی بابانەکانن. ناوی بلبیس و قەوالیس لە دوو گوندانیش نریاوە کە هان لە ناو هەکاریدا.

پوختەی وتار: کاتێ لە تاب کۆ بوونەوە، زەویەکانی ئەو ناوەیان لە ناو خۆیاندا بەشیەوە و بە دڵسۆزی یەکتریان گرت و مەزنێکیان بۆ خۆ هەڵبژارد و بوونە هێزێکی بە پێز و ملیان لە وڵات گرتن نا. ڕۆژەکی ڕەسەن ئەوەیە بەشی لە گوندی تاب هەبێ. ئەوی بەری نەکەوتبێ، پێی دەڵێن زرەڕۆژەکی. ئەوسا کە بدلیس و حەزۆ لە دەست تاویت ناوێکدا بوون -کە نەتەوەی شایانی گورجستان بووە- ڕۆژەکی دەگژی ڕاچون و لە وڵاتیان تاراندووە. هێندێك دەڵێن حەزۆ لە گورجی گیراوە و بدلیس لە هۆزی گردکی. هێندێکیتر لایان وایە ناوچەی بدلیس لە ناو دەسی هۆزی زوقەیسی[2] دەرخرا.کامی

١- نیازی وایە کە ڕوزکی و ڕوجکی و ڕوشکی هیچیان ڕاست نین و هەر ڕۆژەکیە و وای بە سەر هاتووە! هەژار

٢- لە دەسنوسێکدا زوقەیشی نووسراوە. عەونی

ڕاستە و کام هەڵەیە، نۆباڵ وە ملی چیرۆکبێژان.

دوای گرتنی حەزۆ و بدلیس چەند ماوەیەك لە ژێر سایەی سەرکۆماری سەرداریاندا بە سەربەخۆیی و ئارامی ڕایانبوارد و کاتێ سەرۆك گیانی پاکی بە پێمیردی خودا ئەسپارد، نێرینەی لێ نەکەوتەوە و ڕۆژەکی بێ سەر مانەوە و هەر کەس بۆ لای خۆی ڕاکێشاو نێوان پسا و پێك وەربوون و تێك بەربوون و شێعری مەولانا هاتفی زۆر بەجێیە کە فەرموویە:

گەر وڵات لێی نەمێنێ فریاڕەس	ماڵی وێرانە بێدەس و بێکەس
هێزی فەرمانڕەوا ئەگەر فەوتا	قەحبە دەڕشێتەوە لە مزگەوتا

سەردەمێکیش وا ڕابرا. لە ئەنجامدا سەرەك هۆز و ڕاوێژکەران کۆ بوونەوە و بە دڵ لێ بڕان کە بۆ چاری ئەو بێبارییە کارێك بکەن. تێکڕا وایان بە باش زانی عیزەدین و زیائەدین -کە هەردوکیان برا بوون و لە ڕەگەزدا دەچوونەوە سەر کیسرایان و نیشتەجێ شاری ئەخلات بوون- بە میوانی بێننە ناوخۆ و لە ناو گەل و هۆزدا بژین و هەڵیان سەنگێنن و بیاندۆزن و هەرکێ لەوان بۆ فەرمانڕەوا دەست دەدا و حاکمەتی لێ دەوەشێتەوە، بیکەنە سەرداری خۆیان و خۆیان لەو هەر کەس هەرکەسی و نابارییە ڕزگار کەن و چیدی سەربزێوی نەبێ و پشێوێنی لە ناو لاچێ و ئارامی بێتەوە کایە و گەشە بە ناوچەکە بدرێ. گەورە و گچکەش سەر لە بەریان ئەم بیرەیان پەسند کرد و پەیمانیان داکە سەری موو لێی لانەدەن. هێندێك لە سەرناسانی هۆز چوونە ئەخلات و لە شازادانیان گێڕاوە و بەو پەڕی قەدر و ڕێزەوە هێنایاننە شاری بدلیس. کۆمەڵێکیان عیززەدینیان کردەفەرمانڕەوای بدلیس و دەستەیەکان زیائەدینیان بەدڵ بوو، دەگەڵ خۆیان بردەحەزۆ و کردیانە فەرمانڕەوای خۆ. خەڵکەکە بە گوێ لەمستی، هەموو هەست و نستی خۆیان دایە دەست ئەو دوو برایە و ئەوانیش زۆر بە لەباری بە کاروباریان دەچاران.

پەسنی هۆزی ڕۆژەکی

لە ناو هەموو کوردستاندا و لە چاو هەموو تیرە و هۆزان -بۆ ئازایی و دلاوایی و مەردایەتی و بە ناموسی و ڕاستی و چاکی و شەرم بەخۆیی و دەست پاکی و ئایینداری-

هـۆزی ڕۆژەکـی دیـاردەو لـە نـاو کـۆدا هەڵبـژاردەن. دڵـسۆزی گـەورەی خۆیـانن و هـەتـا بڵێـی ئەمەگـداران. هـەر کـاتێ فـەرمانڕەوایان تووشـی گیـرە و قەرقـەش دەبـێ، ئەوسـا بیانبینـە چـدەکەن؟! کـەس ئـاوڕ وەسـەر خـۆ نـادا و لـە پێنـاوی پارێزگـاری و ئاسـودەیی میـری خۆیـان، سەر و ماڵیان بەخت دەکـەن. هـەر جارێـك وڵاتـی بـدلیس بێگانـە زەوتـی کـردووە و مـیر ومـەزنی ڕۆژەکیـانی لـە سـەر فـەرمان لابـردووە؛ ڕۆژەکـی واهـاروژاون بـێ ئـەوەی کـەس کۆمـەکیان بـێ، دەست لـە دەسـت و قـەوەت لـە خـوا هانـاش دەسـت و ڕمـی خۆیـان؛ شیـشاونە گیـانی دوژمـن و حـەڵوای شـەقانیان پـێ کـردوون. لـە نـاو کـوردان بـاوە دەڵـێن بـە هـەژماری هـەر بـەردێکی دەدیواری قـەڵای بدلیـسێ گیـراوە، ئەوەنـدەش سـەری ڕۆژەکیـان لـە پێناویـدا پـەڕاوە. پادشـایانی زل و زۆردار کـە چـاو دەبڕنـە کوردسـتان و خـۆ لـە گـرتنی خـۆش دەکـەن، بـەر لـە هـەرکار پـەلاماری سـەرداری ناوچـەی بـدلیس و چـەکداری ڕۆژەکـی دەدەن. هـەتا ڕۆژەکـی بـە هێـز بـن، کوردسـتان بەکـەس ناگیـرێ و هۆزەکـانیتـری کـوردیش چـاو لـە ڕۆژەکـی دەکـەن و خـۆ بـە گـژ دوژمنـدا دەدەن. کـاتێ سـوڵتانی خەزاکـەر[1] وڵاتـی بدلیـسی گـرت و شەمـسەدین خـانی سـەرداری لێ وەدەر نا و بەرەو ئێـران ئـاوارە بـوو، تـا سـێ سـاڵان هۆزەکـانی بایـەکی و مـودکی و زێـدانی و بلباسی نەهاتنە بـەر فەرمانـەوە و سـوڵتان هـەموو مـیر ومـەزنی زلـی کوردسـتانی ناردنـە سـەرێ و ئـەو کوردانـە -وەك دێوەکـانی کێـوی قـاف- پـەلاماری ڕۆژەکیـان داو نەشـیانتوانی ڕامیـان بکەن.

سوڵتانی سولەیمانپایە، کە زانی بـە تونـد و تیـژی چـی بـۆ نـاکرێ و باریـان نابـا، بەهائـەدین بـەگی حـەزۆی هێنـا و کردیـە دەسکیـسی خـۆی و خـەڵکی دۆڵـی کیفنـدور و تیـرەکانی بایـەکیانی بـۆ ڕاسـت کـرد و لەولاشـەوە برایم بـەگ و قاسـم بـەگی کـوڕی شێخ میـری بلباسـی دڵخۆش کرد و مەلاسی کردن؛ ئەوسا توانی بدلیس بگرێ.

گـەلێك جـار وا هەڵدەکـەوێ کـوڕە میـرانی کوردسـتان دێـن و سـەر لـە بـدلیس دەدەن و ماوەیـەك دەیگـوزەرێنن. بـەڵام هـەرگیز ئاغـازادەو کـوڕە میـرانی ڕۆژەکـی بـۆ ڕۆژەکـیش

---

[1] - وادیارە نیازی سوڵتان سولەیمانی قانوونیە. عەونی

نەچوونە بەردەرکی ماڵی یەك لە میرانی کوردستان. لاوی کۆماری ڕۆژەکی لە ژیانی ئاوارەییشدا زۆر خۆڕاگر و بە پشوون؛ دڵسارد و ناهومێد نابن و کۆشش و خەبات دەکەن و ڕێگەی خۆیان دەکەنەوە و هونەر و جەوهەر دەنوێنن. بۆ نموونە دەروێش مەحموود کەڵەچێری -گەورەی تیرەی کەڵەچێریان- وڵاتی خۆی بەجێهێشت و خۆی گەیاندەبەر بارەگای عەرشاسایی سوڵتانی سولەیمان پایە و لە سایەی وریا و دریایی و هونەرمەندی و مەردی و ڕەندی و پیتۆڵی و لەبلەبانی خۆی، خۆی دەگەڵ پادشارێك خست و ببووە هەمدەمی تایبەتی و دەڤی دەکویی سوڵتاندا بوو. هێندەی هەمووشت دەزانی، نیویان لێ نابوو هەمووشت. شاعیرێکی بێوێنە بوو؛ زۆر هەڵبەستەی بە فارسی و تورکی داناون. نووسەری ئەم پیتۆکانە تاك بەیتێکی لە شێعرەکانی لەبەرە، دەڵێ:

سەوزەی بە ئاوی ژینە لە بان لێوی ئاڵەوە   یان وردەبازی هەنگە بە هەنگوینی قاڵەوە

قورئان خوێنێکی ئەوەندەلێزان و دەنگخۆش بوو کە نازناوی ئیدریسی دووەمی پێ وەرگرتبوو. ببووە کۆڕنشینی پادشاو پلە و پایەی کتێبداری دیوانی خۆی پێ بەخشیبوو. حەیدەر بەگی برازاشی بۆ ڕەشیدی و چاوەترسان، دەست نیشانی هەمووکەس بوو. لە دیوانی سوڵتانەوە سنجەقداری و هۆزی بەلکو (بەگلو)ی پێ سپێرا و هێندێکیش لە وڵاتی پالۆی بە مولکایەتی درایە.

سەرناسێکیتری ڕۆژەکی، ئیبراهیم بەگی بلباسی، کوڕی قەلەندەر ئاغایە. دڵی لە خزمان ڕەنجاوە و ئاوارەی سیستان بووە. لەوێ خۆی کردۆتە پیاوی محەمەدخانی تورکمان؛ کە ئەوسا فەرمانڕەوا بوو. شێردەکالان ئەوەستاوە و جەوهەری خۆی نیشان داوە و محەمەدخان کردوویەتە سنووورداری لای بلوجان. لەو کەوشەنە دەگەڵ بلوجان چەند جارێك بە شەڕ هاتووە؛ بەڵام کوردەی دێوئاسایی لە ئازایی دروست بووە، چۆن بلووجی پێ دەوێرن؟ بەزاندوونی و شکاندوونی و کوشتارێکی وای لێ کردوون زۆربەی پیاوی کاری و ئازای بلووجانی لە ناو بردوون و وڵاتی لێ داگیر کردوون و خەڵکی ناوچەکەی سەرانسەر هاتوونە

بەر فەرمانیەوە و خۆی بە سەردا سەپاندوون و بە مەزنایەتی ڕایبورادووە.

یەکیتر بەستامئاغایە، ئەویش گەیوەتە قەندھار بۆتە پیاوی سوڵتان حوسێن میرزا و لە ماوەیەکی هندکدا زۆریان بەرەژوور بردووە و بۆتە ئەندامێکی کۆڕی بریکارانی میرزایی و کات و ساتی بە هەمدەمی حوسێن میرزا ڕابراوە.

ناوداریکی ڕۆژەکی دی، قاسم بەگی شاحوسێناغای مۆر هەڵگرە. کاتێ کە دەگەڵ ڕۆژەکیان لە ئەخچەوان بەرەو بدلیس گەڕاینەوە، قاسم بەگ هەر لە جێی خۆی بوو. ئەو بەرانبەر بە بارەگای فرشتاوای مبارەك و بەرز و پیرۆز هێند بە ئەمەگ و دڵسۆز بوو، دانی بە جەرگی خۆیدا گرت و لە ڕێگەی ڕاستی لانەدا! چونکە ئەوسا پاسەوانی پایەبەرزی سوڵتانی بوو، لەبەر فەرمانی دەرنەچوو! بەڵام هێندێك کوردی عێراق -کە ڕکیان لە ڕۆژەکیان بوو- دەداو و دەلینگی بەربوون و لەسەر پلەی یووزباشیەتی ئەوەندەیان گەڕ تێ هاڵاند کە لە ئەندازە دەرچووبوو؛ تەمیان لێ ئەڕەواندەوە هەتا هەموو پلە و پایە و سایە و مایەیان لێ ساند و بێکاریان کرد. قاسم بەگ وەك فەرموویانە: پشوو دەرگا دەکاتەوە؛ خۆی مات داو پیشی خواردەوە تا ئەو دەمەی کە بریکارانی خونکاری تێگەیشتن چماڵێکە و چەند نانخۆرێکی بە نمەکە. زۆر بەباشی هاتنە پێش و کردیانەوە بە یووزباشی و ئێستا کە تاریخی کۆچی ساڵی هەزار و پێنجەمە، ئەو فەرمانەی بە دەستەوە. پیاو ڕاست بڕوا، لاوێکی زۆر شایستەیە و زۆر مەرد و ئازا و میرخاسە. بە هومێدم هەر سەرکەوێ.

سەبارەت بەم ئاکارانەش ڕۆژەکی لە کوردستاندا لە هەموو هۆزەکانیتر لە سەرتر و ناودارترن. ئەو هۆزە بیست و چوار تیرەن؛ پێنج لەمانە -کە قیسانی و بایەکی و مۆدکی و زوقەیسی و زێدانیین- کۆنە دانیشتووی بدلیسن. دەشیان -کە بەرەی بلباسن- کەلەچێری و خەربیلی و باڵەکی و خەیارتی و کۆڕی و بریشی و سەکری و گارسی و بێدوری و بەلاگەردین. ئەو نۆ هۆزەش -کە زەردووزی و ئەنداکی و پرتاقی و گردیکی و سوهرەوەردی و کاشاغی و خالدی و واستوکی و عەزیزانن- قەوالیسین.

بڕی دووەم

بنەچەکەی فەرمانڕەوایانی بدلیس

لە زۆرانڕا زانیومانە و لە مێژووانیشدا دیومانـە کـە ڕەگـەزی فـەرمانڕەوایانی بـدلیس دچـتەوە سـەر کیسرایەکان. هێندێ کەس بڕوایان وایە لە نەتەوەی نۆشیـروانن. بەڵام قسەی ڕاست ئەمەیە جاماسـبی کوڕی فەیرووز -کە پێنجەمیـن[؟] کیسرا بووە[1]- لە بریکاری کیسرا قوبـاد سەرپەرشـتی ناوچـەکانی ئەرمەنستان و شیـروان بوو. کە ئەو مرد سێ کوڕی لە پاش مان: نەرسـی[2] و سـورخاب[3] و بـەهوات[4]. نەرسی بوو بە جێنشیـن و نۆشیـروانیش بۆ دنیاداری پەروەرانـد و ڕۆژبـەرۆژ بـەرەو پـێش دەچـوو؛ وا بەهێز بوو کە لەشکری وەدو خۆی داو هێرشی کردەسەر گەیلان و بـە زۆر دەسـتی بـە سـەردا گـرت و کیژی شاهێکی گەیلانی بۆ خۆی هێنا و ئەم ژنـەی کـوڕێکی هێنـا، نـاوی گەیلانـشای[؟] لـێ نـرا[5]. پادشایەکانی ڕوستەمدار لە نەوەی ئەو گەیلانـشایەن. سـورخاب پادشـای شیـروان بـووە و میـرانی شیـروان وەچەی ئەون. بەهوات لە ئەخلات نێشتەجێ بووە و بە هندك داهاتێـك ساچـاندوویەتی و بـۆ جیهانگیـری تێنەکۆشاوە و خۆی گۆشەگیـری لە لاسای باب و باپیـری پێ باشتـر بووە.

میـرانی بدلیس نەوەی بەهواتن و دەگەڵ شاهانی ڕوستەمدار و شیـروان پـسمامێ هـەڤن. هـەتا

١- ئەو پرسە کە دەست نیشانی زێرنۆفە و دیارە بە هەڵەی زانیوە چونکە فەیرووز کیسرای بیستەمە. جەمیل

٢- دو شازادەی نەرسی ناو هەبوون: ١- کوڕی گۆدەرز، کوڕی بلاسی ئەشکانی ٢- کوڕی بارامی ساسـانی. زۆر گـەڕام چیتـرم بەو ناوە دەست نەکەوت. جەمیل

٣- سێ سورخاب هەن: ١- سورخاب کوڕی یەزدگورد، مامی نۆشیـروان ٢- سورخاب کوڕی بـارام گـۆڕ ٣- سـورخاب کوڕی ڕوستەمی پاڵەوان، کە زۆرابیان پێ گوتووە. جەمیل

٤- زۆر گەڕام تووشی ئەو ناوە نەبووم؛ وێدەچێ بەهرام بووبی و وای بەسەر هاتبێ. جەمیل

٥- *مروج الذهب*، ڕووپەڕ ١١٠-١٢٠ دەڵێ: «پاداشی سەریر گەیلان شابوو کە نەتـەوەی بـارامی گـۆڕ بـوو». زێرنـۆف پرسەکی لە سەر داناوە؛ دیارە بە هەڵەی زانیوە. جەمیل

ئەمڕۆ کە کلکەی مانگی قوربانی ساڵی هەزار و پێنجی کۆچە، وا بوو بە حەوسەد و شێست ساڵ، فەرمانڕەوایانی ناوچەی بدلیس و دەوروبەرەکەی و حەول و حەوشەکەی و بوود و نەبوودی، مشورخۆرانی ئەم خانەدانە سەرپەشتی بوون و لەو ماوەیەشدا بیخەیە سەریەك، سەدودەساڵێك لێیان سێنراوە و نامۆ و بیانی پێ ڕاگەیشتوون. ئەو بێگانانەش کە دەست درێژییان لەو ماڵە کرد و بە زۆر بدلیسیان لێ زەوت کردون، چوار چینە پادشان؛ کە لە جێی خۆیدا بە دوور و درێژی لە مەڕیان دەدوێم[1].

پوختەی مەبەست، وەك لەمەوبەر نووکی بنووسی خەمڕەوێن بۆی نەخشاندین:

عیززەدین لە ناوچەی بدلیس و زیائەدین لە حەزۆ، بوون بە سەرداری ڕۆژەکیان. ڕۆژگار دەهات و ڕادەبرد؛ خەڵکی بدلیس وردەوردەلە عیززەدین سارد بوونەوە و زیائەدینیان خۆش دەویست. زیائەدین هەستی پێکرد کە خەڵك لە برای دڕدۆنگن و ئەویشیان زۆر خۆش گەرەکە و بە ئاواتن کە خۆی بە سەریان ڕابگا. ڕۆژێك بۆ دیداری برای لە حەزۆڕا هاتە بدلیس و پێشوازی گەرمی لێ کرا و جووتەی برا پێك شاد بوون و دڵیان بە یەك گەشایەوە و ئیتر بوو بە بەزم و هەرا و ئاهەنگ و شایی و شایلۆغان. ئاووهەوای سازگاری شاری بدلیس زۆر بە زیائەدین کەوت و جگە لەوەش دەیدی کە وا گەورە و گچکە و بەرز و نزمی خەڵکی وڵات -بە دڵ و بەگیان- دەگەڵ ئەون، قرمی خۆی لە بدلیس خۆش کرد و بە دڵ لێبڕا کە بۆ خۆی یەکلا کاتەوە. بە دزیەوە کەین و بەینی دەگەڵ دژدارانی قەڵا داخست؛ گوتی: کاتێ کە من دەڕۆم برام بۆ بەڕێ کردنم لە قەڵایە دەردەکەوێ، ئەوسا بە فێڵێك فەرەجێك بۆ قەڵا دەگەڕێمەوە. ڕۆژی سەفەر زیائەدین ماڵاوایی لە برای کرد و ڕوو بە حەزۆ ملی ڕێی گرت و براش بۆ بەڕێکردنی دەگەڵی چوو هەتا لە شار دوور کەوتنەوە. زیائەدین لە پڕێکدا ڕووی کردەعیززەدین و گوتی: ئەنگوستیلەم لە قەڵادا بەجێ ماوە و خۆشم نەبێ کەس نازانێ لە کام شوێنە. ئێوە تۆزێك لێرە گیر بن تا من بە لەز دەچمە قەڵا و ئەنگوستیلەکەم دێنمەوە. خۆ برا لە برا دڵپیس نابێ؛ عیززەدین لە دەشت مایەوە و بە

١- وا دەردەکەوێ لەم چوار دەوڵەتە: قەرەقۆینلوو، ئاقۆینلوو، سەفەوی و عوسمانی نیاز بێ. عەونی

ڕاوەوە خـۆی خـەریك کـرد. زیائـەدین دەرفـەتی خـۆی لـێ هێنـا و هاتـە قـەڵا و دەروازەی دژ دابەستـرا و پـەیامی بـۆ براکـەی خـۆی نـارد کـە پێـی بڵـێن: تکـا دەکـەم وەك بـرای چـاك و بـە ئاکـار ئـەو پیاوەتیـەم دەگـەڵ بکـا و چـەند ڕۆژێـك بـچێتە حـەزۆ مـن لـە بـدلیس دەمێنمـەوە ئاوهەوای شاری بدلیس لە لەش و بەندەنـم خـۆش دێ. تـا عیـزەدین بـە خـۆی زانـی، کـاری لـە کار ترازابوو؛ لە لای برای شیـرینیەوە، تاڵاوی بە دەمدا کرابوو.

هاتـەوە بـەر دەروازەی دژ و دەگـەڵ بـرای بـێ‌بـەزەیی گـوتی و ڕسـتی و شـێر و ڕێـوی بـۆ هێناوە، بەهرەی نەدا. تووڕەی ئـاوی سـارد بـخۆوە! چـاری ناچـار زیـان لـە نیـوەش وەگـەڕێ هـەر قازانـجە. بـە کلکـی بـارگینی دادا و حـەزۆ و ساسـۆن بگـرە و هاتـم! و خـۆی لـەو ناوچـانە دامەزرانـد. فـەرمانڕەوایانی حـەزۆ کـە بـە خۆیـان دەڵـێن عـەززان، نەتـەوەی ئـەو عێزەدینـەن. فەرمانڕەوایانی بدلیس نەتەوەی زیائەدینن و ناویان کردوونە دیادین.

ئەو میـرانەی بە سەر بدلیس ڕاگەیشتوون و ناویان لە تاریـخدا هەیە و منی هەژار خوێندومنەوە، هەژدەکەسن. ماوەی حوکمیان لە چوار سەد و پەنـجا ساڵ تۆزێك زیاترە و بە بێ ناوبڕ سـەرداری ئـەم مەڵبەندەبوون. ئەو میـرەیان کە ئەتابیك ئاقسونقور[1] بدلیسی لە دەست دەرێنـا، نـەمزانی کامـەیان بووە. کە ئەم پەڕانەشم نووسیـن، چەند تاریـخێکم بۆ دۆزی، ناوی ئەوم نەدۆزیەوە. ڕاستی ڕووداوەکـە وایە: ئەوسا کە قزڵ ئەرسەلان خاکی ئازربایـجان و ئەرمەنستانی داگیـر کرد، بدلیسیـشی وەبـەر خـۆ دا. پاش زەمانی سەلـجوقیانیش ئاخر و ئۆخری خوارەزمیان بوو کە سولتان جەلالەدینی کوڕی سولتان مـحەمەدی خوارەزمـشاهاتە بـدلیس، مـەلیك ئەشـرەف حـوکمی دەکـرد. دوای ئەشـرەف مـەلیك مەجدەدین بە دوای ئەودا عیزەدین و لە دوای ئەو میرئەبوبەکر، ئەوسا ئەمیـرشێخ شەرەف و دواجـار میـرزیائەدین بووە؛ کە هاوچەرخی ئەمیـرتەیـموری کورەکان بووە و چاویان بە یەکتـر کەوتووە و لـەو دەمەوە هەتا ئێستا -کە فەرمانڕەوایی بدلیس بە کەلەپوور بۆ نووسەری ئەم پەڕانە ماوەتەوە- سـەربە وردیان ڕێك و پێکە و خۆش و ناخۆش هەرچێکیان بە سەر هاتووە، لە شوێنی خۆی باسی دەکرێ.

هێندێك لە میـرانی بدلیس بەر ئاوڕی پڕبەزەیی و خەنی‌کـەری سـولتانانی سـەربڵند و میـرخاس

١- ئەتابیکی مووسڵ بووە و ساڵی ٥٢١ دەوڵەتی ئەتابیکی دامەزراندووە. عەونی

پەسند کەوتوون و خۆیان لە ژێر چاوەدێری کەس نەبوێری سەروەرانی بەختەوەری خاوەن شکۆ و کامڕەوادا بە چاو دیوە و لە سایەیان پایە و ڕێز و هێز و پێزیان سەری لە عاسمان ساویوە. هێندێکیشیان بە ڕەشەبای ئامالّ گڕە و گڕی ئاگری تووڕەیی خاوەن ناوی وەك لافاوی بەستێن بڕی کەندالّ دڕی هەردەستێن وا خنکاون، وا سووتاون، بوونە لیتە و قەرەبرووت و ئاو ڕای داون و گێژەلّووکە لوولی داون.

جا ئێمە بۆ هەردووباران -کێهەیان ژینی خۆش بووە و کامەیان چارەڕەش بووە- دوورە پەرێز ناوەستین و دەست لە دەست و یاری لە خوا، بەرپێزە ڕێزیان لیّ دەگرین.

چیرۆك لێرە دەست پیّ دەکا لە ڕۆژگارانی پێشیندا دنیاگرێك کە مرخی خۆی لەم کوردستانە خۆش کرد و کێشە و هەرای بۆ میرە کوردان نایەوە، سەلجوقی ئازربایجانیّ بوون.

سولّتان مەحموود، کوڕی سولّتان محەممەدی کوڕی سولّتان مەلیکشای سەلجوقی، ئەتابیك عیمادەدین ئاقسونقوری بە سەر بەشێك لە عیراقی عەرەبەوە دانابوو. کوێخایەتی ئازەربایجان و ئەرمەنیش بە ئەتابیك ئیلدگز سپێرا بوو؛ کە دەبێتە باپیری قزلّ ئەرسەلان. ئەم جووتە کارگوزارانە پاسداری سەر سنووران و پارێزگاری بەرژەوندی سەلجوقیان بوون و هەرکەس لە مەلّبەندی خۆیدا ئەرکی خۆی بەرێوە دەبرد.

سالّی٥١١.ك (١١١٧.ز)[١] کە خاوەنی مووسلّ نەما، ئەویشیان هەر خستە بەردەست عیمادەدینی زەنگیەوە. ڕۆژبەرۆژ، هات ڕووی تێکرد و پلەی بەرەو ژوورتر دەچوو هەتا گەیشتە ئەو ڕادەکە لەشکری هێرش بەری بردەسەر شام و حەلّەب و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەستی بە سەر ئەوێشدا گرت. سالّی٥٣٤.ك (١١٣٩.ز) کوردستان و دیاربەکری پەلاماردا؛ بدلیس و ئاشووت و ئاکریّ و شوێنەکانیتری گرتن و قەلاّی ئاشووتی کاول کرد و قەلاّیەکی بە ناوی خۆی لیّ ئاوا کرد و عیمادیەی کردەپاتەخت. کوردستان و بەتایبەتی شار و قەلاّی بدلیس، چل سالّ پتر لە بەردەستی سەلجوقیەکان زالّەی دەهات.

سالّی ٥٧٦.ك (١١٨٠.ز) کە سولّتان سالحەدین، کوڕی نورەدین کوڕی [؟] سەیفەدین

١- ڕاستەکەی دەبیّ: ٥٢١.ك (١١٢٧.ز) بیّ. جەمیل

غازی ئەتابیکی[1] لە شەڕی میسریانی شکست خوارد، ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕۆژی بەختیان کشایەوە و دایە زەردەپەڕی کزی و بازەبەران بەرەوکانی قورە ڕەشەی دۆژی دەریای شەپۆل دەری شەوی ڕەشی بەلاّ و نەهاتی داکشی و کشی و ماتی بە سەردا هات. ئەوساکە هۆزی ڕۆژەکی -کە چەند ساڵ بوو ئەستێرەی بەخت و ئیقباڵیان ئاوا ببوو- ژینی تاڵیان تەمی ستەمی بێگانان دایپۆشیبوو، دەرەتانی لێ بڕیبوون و لە ترسی دەست وەشاندن و ئازاری ئاکار کێویان، وەك جانەوەرانی کێوی دابوویانە لێڕ و کێوان و چاوەنۆڕی دەرفەتێك بوون گۆپاڵیان لە خیز بێتە دەر. کە دیتیان هەلیان هاتەوە و ئەمجار نۆرە گورزی وانە، وەك شێر لە بێشە دەرچوون و دەگیانی دوژمنان بەربوون و هەڵیان کردەکلکە و پلکە و قەلە و قوتەی ئەتابیکان و بە خەنجەری جەوهەردارِیان، کەژ و کۆی زێدی نازداریان لە بەدکاران و نەیاریان، بە یەکجارەکی هەڵوەژارد.

ئەو کابرایە[2] کە لە لایەن سەلجوقیەوە لە سەر بدلیس داندراوە، زۆر شوێنەواری بە بەهرەی وەك خانەقا و کاروانسەرا و مزگەوت و پرد، لە شاری بدلیس و ئەخلات بە یادگار لە پاش ماوە.

وەکوو دەڵێن: شاری بدلیس بەرفەرمانی ئەتابیك قزڵ ئەرسەلان بووە. هەر چۆنێك بێت گزیریەتی ئاقسونقوری[3][؟] لە سەر عیراقی عەرەب و کوێخایەتی ئیلدگزی لە ولاّتی

١- دەناو ئەو ناوەدا مامۆستا زێرنۆف پرسەکی داناوە و بە هەڵەی زانیوە. وا دیارە بۆیە بووە کە دانەر ناوی دوانی تێکەڵ کردووە؛ یەکیان مەلیك ساڵح ئیسماعیل کوڕی نوورەدین مەحموودی زەنگیە و ساڵی ٥٦٩.ك (١١٧٣.ز) دەساڵان بووە و کراوەتە پادشای شام. دوایە سەلاحەدین مولکی لێ هەڵقرچاندووە و هەر حەڵەبێ ماوەتەوە و ساڵی ٥٧٠.ك (١١٧٤.ز) مردووە. دووەم سەیفەدینغازی، کوڕی قوتبەدین مەودوود، لە ئەتابیکانی مووسڵە. ساڵی ٥٦٥.ك (١١٦٩.ز) کراوەتە حاکمی مووسڵ و تا ساڵی ٥٧٥.ك (١١٧٩.ز) حوکمی کردووە. جەمیل

٢- لە نوسخەی ماکدا جێ ناوی ئەو پیاوە بە سپی ماوەتەوە.

٣- زێرنوف ئەم پرسەکەی لێ کردووە، کە وەدیارە بە هەڵەی زانیوە؛ چونکە ئاقسونقوڕ و ئیلدگز یەکتر ناگرنەوە. دوو ئاقسونقوڕ هەبوون: یەکیان قەسیموددەولە ئەبووسەعیدحاجب. ساڵی ٤٧٨ بە سەر شام و حەڵەبەوە دانراوە و ٤٨٧ کوژراوە. دووەمیان: قەسیموددەولە سەیفەدین ئەبووسەعید ئاقسونقوری بەرسقی بووە. ساڵی ٤٩٨ والی بەغدا و ٥٠٧ والی مووسڵ و شام بووە و ٥٢٠ کوژراوە. ئیلدگز لە ساڵی ٥٥٥ ڕا تا ٥٦٨ حوکمی کردووە. جەمیل

ئازربایسجان بەرانبەرن و دەوری حکومەت کردنیان لە یەك چاغ و مێژوودایە.[1] ئێستاش بەرەی سەراجیان -کە لە ناوچەی بدلیس دەژین- پاشماوەی سەلجوقیەکانن و سەلجوقیان بوەتە سەراجیان. بەرەبابی تاج ئەحمەد و قەراکوتە و قولی ئوزبەکان و هی‌تریش لەو تیرەیەن.

١- لە نوسخەی تردا نووسراوە: ئەو دەمەی ئاقسنقور گزیری عیراقی عەرب بوو، ئاران و ئازربایجان درابووە دەست ئیلدگزی باپیری قزل ئەرسەلان و دەورانی حوکمیان هەمبەرە و ڕۆژگاریان بەرانبەرە. عەونی

بڕی سێهەم
فەرمانڕەوایانی بدلیس
کە لای پادشایان بەڕێز بوون

مەلیک ئەشرەف

ئەو دەستە زانا و هۆزانەی کە بۆ مێژووی تیرە و هۆزەکانی کرمانج ڕووداوی ڕاستیان ئامانجە و بۆ تارانی تەتارانی چەوتی و هەڵە و چەت و پەڵەی چەوت و خواری هەرزەکاران، چابوکانە هاتونە دەست و بە چوستی گوڕیان بەستوە و بەرگی هونەریان پۆشیوە و بە یارمەتی شۆڕەسواری زۆر بە کاری بنووسی سەرپل و پەنجە، ڕەنجیان داوە و تێکۆشاون و ڕووپەری پڕ لە شانازی سەربەرزانی کوردستانیان پێ نەخشیوە، لێرەدا درکاندویانە: ئەو گەوهەرە یەکدانەیەی هیمدانەری خانەدانی مەزنەکانی بدلیس بووە، بە مەلیک ئەشرەف ناسراوە و پادشایانی میسر و شامێ، زۆریان لە لا بەڕێز بووە و چاوەدێریان لێ کردووە و هاوچەرخی مەلیک ئەشرەف[1] و بە بریکاری ئەو سوڵتانە، بۆتە سەرپەرشتی بدلیس.

ساڵی ٦٢٥.ك (١٢٢٧و٢٨.ز) سوڵتان جەلالەدین کوڕی سوڵتان محەمەد خوارەزمشا، لە بەر چەنگی زەبر و زەنگی چەنگیزخانی خۆی نەگرت و دەستەڵاتداری ئێرانی بەجێهێشت و کەوتە ولاتی هێندەوە؛ کاتێ بیستی کە چەنگیزخان لە جەنگی مردندا شکا و بە خاکی گۆڕەوە لکا، لە ڕێی کیج و موکرانەوە گەیشتەوە ئیسفەهانی پایتەخت و بە نیازی گرتنەوەی ئێران، شێرانە هاتە مەیدانێ. هەر وەك کرگاری ڕەوانی کەمال ئیسماعیل ئیسفەهانی گوتەنی:

١- مەلیك ئەشرەف موزەففەرەدین ئەبولفەتح موسا، کوڕی مەلیكعادل سەیفەدین ئەبووبەکر محەمەد - برای سوڵتان سەلاحەدینی ئەییووبی - ساڵی ٥٧٨ك هاتۆتە دنیاو ڕۆژی ٤ی محەڕەمی ٦٣٥ مردووە. دەگەڵ کەیقوبادپادشای ڕۆمدا دژی جەلالەدینمەلیكشا پێك هاتووە و بە جووتە لە ٢٨ ڕەمەزانی ٦٢٧دا شکاندوویانە. جەمیل

جیهان پێت ئاوەدان بۆوە دووبارە — لە دەردی دەردەداران بویە چارە
دەمت ودمی هەیە و پیرۆزە دەستت — دڵت ڕووناك و فەرمانت لە بارە
کە دوژمن تیسن و زەبری تۆی گەیشتێ — لە ئارادا نەما، وەك بەفری پارە
لە ڕوی کافر کە شیری تۆ بریسکا — وەکوو باڵدار دەکەونە بەر شەوارە
موسوڵمانی بە دەستی تۆ گەشەی کرد — لە تۆڕا زەنگ و خاچن پارە پارە
لە سایەی تۆ هەموو کەس کامڕەوایە — ئەوی لامان نەبێ دەرد و جخارە
وەکوو نۆحی و ڕەهات کردین لە لافاو — بمێنی و سەر بکێشی بۆ هەزارە

وەك ئاگری بێئامان بەربووە سەر و سامانی تەتاری گەمار و بە ماوەیەکی زۆر کەم سەرپاکی ئەو وڵاتەی لەو پیسانە پاك کردەوە. بەڵام لە دوای دوو ساڵان کە ئۆکتای قائان[1] زانی لە ئێراندا چڕوی داوە، سی هەزار مغولی وەك غوولی پیاوکوژ و خوێنمژی بە سەرکردایەتی بەهادوڕ و جرماغون نۆیان، بۆ شەڕی سوڵتان جەلالەدین ناردەئێران. سوڵتان مانەوەی بۆ نەما و بەر بە ئەرمەنستان و ئاران ڕەوی و لە ڕێی خۆیدا تفلیسی گرت. کە لەو بارەوە کەمال ئیمساعیل دەڵێ:

لە تفلیس تا عومان ئاژۆت بە سەرڕەو — وڕوهێڕ بوون مغول لەم سووکە غارە

خاوەنی تاریخی *روضة الصفا* دەڵێ: «سوڵتان لە عیراقەوە پێشان ڕووی کردەئەخلات. مەلیك ئەشرەف لە بدلیس بوو؛ مەلیك مەجدەدینی برای بە سەر ئەخلات ڕادەگەیشت. دانیشتوانی شاری ئەخلات مژ و تەم، مژی تێك دابوون. بە پتەوی شوورەی شار و بە قەڵای بەرز و دژوار و زۆری دژدار و چەکداران، وابایی بوون ئاوڕیان وە سوڵتان نەداوە و تەنانەت جوێنیشیان پێدا. ئەویش لەشکری لێ دەنگ دان و گەڕیان دەئەخلات هاڵاند و گڕی شەڕی لە چوار کەنار دەدار و دیوار هەڵگڕا و دەرەتان لە ئاشتی بڕا.

دەورەدانەکە زۆری برد و زۆربەی زۆری ئاپۆرەی شار لە برسان و لە ترسانیش لەرز و زەرد و زەبوون ببوون و بەری شاڵاویان نەدەگرت. پیاوانی سوڵتانی تووڕە، کەلێنیان دەشوورە کرد و خۆیان تووڕدایە ناو

[1] - کوڕی چەنگیزخان، ساڵی ٦٢٤ هاتە سەر حوکم و ساڵی ٦٣٩.ك (١٢٤٢.ز) مرد. جەمیل

شار و ملیان لە کوشت و کوشتار نا. دژێك لە ناوەندی شار بوو کۆیلەیەکی مەلیك ئەشرەف -کە عیززەدینیان پێ دەگوت- دژداری ئەو قەڵایە بوو. مەلیك مەجدەدین ڕایکرد و خۆی گەیاندەلای عیززەدین.

هێچك لە قەڵاش هاتە یەك؛ بێ بژێوی هێرشی هێنا؛ ورە و توانا باری لێنا و چاری ناچار خەڵکی قەڵاش هاواری شەڕبەسیان کرد و مەلیك مەجدەدین دەرکەوت و هەر ئەو ڕۆژە خۆی گەیاندەلای سوڵتان و سوڵتان لە تاوانی خۆش بوو؛ زۆریشی دڵخۆشی داوە و بە چاکە سەرفرازی کرد. کە ڕووی خۆشی لە سوڵتان دیت، لە کۆڕەکە هەستا سەرپێ و بۆ بەخشینی عیززەدینیش پاڕایەوە. سوڵتان لە وەرامدا فەرمووی: پیاوێك خۆی بە شابزانێ شایان نیە ڕاسپاردەی کۆیلەی خۆی بێ. عیززەدینیش لە پاش دو ڕۆژ -وێڕای هێندێك هەمکارانی- زریێیان وە ژێرخەفتان داو بە ناوی چوونە ژێر فەرمان، لە قەڵاکەوە دەرکەوتن و نیازیان وابوو کە بێنە ناو کۆڕی سوڵتان، دەستە و خەنجەر هەڵیکەنێ و لە پاڵەوە بیهەنجنن. هێندێك لە پیاوانی سوڵتان بەو کەین و بەینەیان زانی، تا چەکیان لێ نەکردەوە نەیانهێشت سوڵتان ببینێ. فەرماندرا عیززەدین و مەلیك مەجدەدینیش دەگەڵ زنجیر کران و بە جووت گران».

لەو بەینەدا کە ئەخلات دەورە درابوو، مەلیك ئەشرەف نامە و پیاوی بۆ لای پادشایانی شام نارد و داوای هیمدادی لێ کردن. لە جەنگەی گیراندا لەشکری میسر و شام گەیشت. مەلیك ئەشرەف بە سوپای کوردستانیەوە پێشوازیان چوو. لە دەشتی مووش گەینە یەك و تێکرا بۆ تەمێ کردنی سوڵتان جەلالەدین هاتن. لەشکری جەلالەدینیش لە دەشتی مووش پێشە و بڕەی لێ بڕینەوە و بۆ شەڕ کردن وەکوو دەڵێن: وەك تای تەوراس بە ئامادەیی هاتە پێش. هەر دو لەشکر پێکیان دادا و بە بێ ناوبڕ سێ شەوورۆژ شەڕی زۆر خەست و حەستەم و پڕ لە مەترسی و خوێناوی لە ناو ئەو دڕانە قەوما. بە هەڵکەوت جەلالەدین ئەوسا کە تۆزێك نەخۆش بوو، لە سەر تەختی ڕەوانەوە لە شەڕکەرانی دەڕوانی. سەرئەنجام لەشکری سوڵتان هێزی نەما و شکا و هەڵات. بەڵام سامی جەلالەدین ئەوەندەلەو سەر خەڵکە بوو،

کەس نەوێرا شوێن شکستەکەی کەوێ. سولّتان گەڕایەوە ئەخلات. هەر ئەو ڕۆژە دەنگ داکەوت سوپای مغول گەیشتوونەتە ئاڕان و قۆڵی سوپای بەهادوڕ و جرماغون نویانیش کەوتوونە ڕێ و لە ئالّی تەوریزەوە دێن. کە بیسەری بەرزی سولّتان ئەم خەبەرە ناخۆشەی بیست، زۆر شلّەژا و لە ناچاری باری کرداری خۆی گۆڕی؛ مەجدەدین و عێزەدینی لە زیندان بەرهەلّدا کردن و ڕای‌سپاردەمەلیك ئەشرەف کە دژایەتی نەمێنێ و کەس لە کەس تۆلّە نەستێنێ و ئاشت بینەوە و وەك دۆست پشتی یەکتر بگرین. مەلیك ئەشرەف زۆر بە نەرمی هاتە پێش و زۆر بە گەرمی دەستی دۆستایەتی گوشی و هەر بەمەشەوە نەوەستا، کیژی خۆی دابە سولّتان و بوونە خزمیش. سولّتان گوێزتیەوە بدلیس و لەشکرەکەی بلاّو کرد و خۆی لە ناو شاردا حەشار داو خۆی دایە سەر گەپ و گەمە و چەقەنە و بەزم و هەمهەمە و هەموو دەمان هەر خەریکی بادەخۆری و گەلۆری بوو.

مەلیك ئەشرەف ناوە-ناوە سەری دەدا و بە نەرمی سەرکۆنەی دەکرد و ئامۆژگارانە پێی دەگوت ئەم جۆرە خدەو ئاکارە لە سولّتان ناوەشێتەوە و بە بیری من لە ناو شاردا نەمێنیەوە و لە شوێنێکی چەپەك بۆی زۆر باشترە؛ خوا نەخواستە ئەگەر مغول پێت بزانن، دێنە سەرمان؛ دەترسم بەرپەلیان کەوی و تۆی نازەنین و خۆشەویست تووشی ئەشکنجە و ئازار بی و دۆست و یار و خزمانیشت لە سۆنگەی تۆ زیانبار بن. بەلاّم پەندی کێی دادەدا؟ هێندەوەبەر هەلّخوێندنە و شێر و ڕێوی هێنانەوە، با دەیبرد و بە هیچ دەچوو؛ باش تەنانەت جارێك بە بەرگوێی دانەدا. پاش ملە بە مینگە دەیگوت: ئەرکم لە سەر مەلیك زۆرە و لە میوانداریم وەڕەزە و نیازی وایە لە بدلیسمان وەدەر بنێ و خۆ ڕزگارکا!

سەردەمایەك بە سەردا چوو؛ شەوێك لە پڕ ئیماس بەهادوڕی مغول بە سوپاوە گەیشتە بەر شوورەی بدلیس. ئەو شەوەش وەك هەموو شەوان سولّتان سەرخۆش و کەلەلا لە مەستی لالاموی دەکرد. بە دەبەنگی لە سەر جێگا بێ‌جولّە خۆی لە گەز دابوو. بە پەلە خەبەریان بۆ برد؛ بەلاّم کردیان و کراندیان بێهۆش بێدار نەکرایەوە! ئافتاوەیەك ئاوی ساردیان بە سەردا کرد؛ ئەنجا تۆزێك ئەغیار بووە و لە کارەساتیان تێگەیاند. گوتیان ئەسپی زین کراویش

ئامادەنــە. ســولتان بــە خێزانــی خــۆی گــوت: بابــت زۆری نــسحەت کــردم، مــن بــەراوەژووم وەر دەگــرت؛ مــن ئێــستا دەڕۆم؛ تــۆ دەگــەڵم دێ یــان نایــەی؟ کیــژی مــەلیك لــە تــەهی دڵ خــۆی لــە ســولتان هــەڵناوارد و هــەر ئــەو شــەوە بــە نیوەشــەو جووتــە ســوارە لــە شــاری بــدلیس دەرکــەوتن. کەس نەیزانی ئــەو ســولتانە چــی بەســەر هــات! بــەلام شــێخ ڕوکنــەدین عەلائودەولــەی ســـمنانی - ڕازی لـــە لای خـــوا پیـــرۆزە- لـــە *ڕســـالەی اقبالیـــە*دا فەرموویـــە: لـــە پیـــری خـــۆم (شـــێخ عەبدولڕەحـــمانی کـــسرفی)م بیـــستووە کـــە ســـولتان بۆتـــە ئـــەولیا و لـــە گونـــدێکی نزیـــك بەغـــدا بـــە پینەدۆزیەتی دەژیا؛ هەتا خوا بۆ خۆی بردەوە.

خاوەنی *تاریخ گزیدە*دەڵێ: کوردێك برای لە هەراکەی شـاری ئـەخلاتێ کوژرابـوو، لـە ڕێ تووشـی سولتان هات و لە تۆڵەی برایدا کوشتی. خێوی *تذکرەدولتشاهی* دەڵێ: کوردان لە ڕێ تووشی بوون و بۆ خاتری ئەسپ و پۆشاکی کوشتیان و شەڕت و گومیان کرد. خوا دەزانێ!

مەلیك ئەشرەف بە بێ ئەوە کە سەر وەبەر باری هـیچ پادشـاو خونکارێـك بـێنێ، گـەلێك سـاڵی فەرمانڕەوایی کردووە و کاتێ لە سەر دنیای ڕوونیش کۆچی یەکجاری فەرمووە. -وەك باسـمان کـرد- مەلیك مەجدەدینی برای جێگەی ئەوی گرتۆتـەوە و کـە ئـەویش بـەرەو نـەمان بـوو، کـوڕ و نـەوە و نەتەوەیان بە مەزنایەتی هاتوون و تا زەمانی دنیاوانی خونکاری زۆر بە زەبر و زەنگ (تەیـمور لـەنگی کورەکانی) خوای لێ خۆش بێ، هیچکەس خۆی تێ نەگەیاندون و زیانی پێ نەگەیاندون.

حاجی شەرەف کوڕی زیائەدین

بازرگـانی سـەودا خۆشـی شارسـتانی مێـژووزانی کوتـاڵ و پارچـەی نایـابی قەنـەوز و خامـەك و خـارا و تافتـە و بافتـە و خانـم مـەڕۆ و هـەریر و ئاگربارانـە و ئەتلەسـی و کیمخـا و داوماسـی و مەخـمەری حـەوڕەنگ و شـێلە و هـەوری و چـیتی گـوڵ باتـمانی و کـەتان و زەڕی و کرێـشەی گوڵـدار و ڕێـڕێ و سـاکاری سـفت و بـەرپان و جـێ چـاکیان، بـە تـۆپ لـە بـان چـاوەی نەردەبـەر چـاوی کڕیـاران داوە و بـە بـاڵ و گـەزیان پێـواوە و قولانـجیـشیان لـە دو داوە و دەمـی خامـەی تیژ کراویان بە نـاو قەدانـدا هێنـاوە و لـە سـەرخۆ دایـان دڕیـوە و کولۆنـجە و کۆڵوانـە و سـابە و

کراس و لەچك و دەسماڵیان بە بەژنی چیرۆك بڕیوە و کۆك و پۆشتە، ڕایان ناوە و باس و خواسمان -بە پەرداغی- بە بەرچاودا ڕابوریوەکە: خاکەلێوەی ساڵی ۷۹۶.ك (۱۳۹٤.ز) فەروەردین مانگی جەلالی -کە ئەو ساڵەش ساڵی سەگ بوو- دنیاداری بە ناوودەنگ و خاوەن شکۆ (تەیموری لەنگ) پاش داگیر کردنی بەغدایە و گرتنی جزیر و مووسل و تکریت و ماردین و ئامێد، لە سیواسڕا بەرەو زۆزانی ئاڵەتاق وەڕێ کەوت و ڕۆژی شەممە پازدەهەمی ڕەجەبە مانگی ئەو ساڵە لە دەشتی مووش فەرمانی پشودانی داو چەند ڕۆژێك وچانی فەرموو. حاجی شەرەف -کە بە گفتی خاوەنەکەی *ظفرنامە*، لە مەڕ یەکڕەنگی و سەنگینی و دۆستایەتی و مەردایەتی لە سەرتاسەری کوردستان بێ هاوتا بوو؛ بۆ بەر فەرمانی خونکاریش، بێ دریغی و بە دڵسۆزی، هەمیشە دەس لە بان چاوە و دەستەونەزەر هەڵوێستا بوو- کلیلی قەڵای بدلیس و ئەخلات و مووش و دژیتریش -کە سەربەو بوون- وێڕای دیاری زۆر نایابی هەمە ڕەنگە و بە سەنگ سووك و نرخ گران و چەند ئەسپی عەرەبی نەژاد و ئێستری شەش دانگ و دوباد و ڕەهوان، بە ناوی پێشکێش هێنانی و بە سەرپەنجە ڕامووسانی پیرۆز و بە پیت و جوانی سەرداری هەموو سەروەران، بەختەوەر بوو.

یەك لەو ئەسپە پێشکەشیانەی، کوێتێکی داوێن تاریك و سم کۆدك و جومگە پەیت و لە سەر لنگ و ناودەست بڵاو و سینەتەخت و قەد باریك و دوو ئەستوور و گوێ سەگلاوی و هەنیە ڕەق و لاجانگ لەڕوو دەم و چاو و لموزشووش و بەژن ڕێك و کلكگر و باڵا بەرز و دیمەن تەرز و قیت و قۆز و زیت و نێسکە و لەنجەکەر و شۆخ و شەنگ و بەراپەڕ و ڕەوتمەڕ و ئاسکەباز و نازەنین و بێ مانگری و جووتە و گاز و سەروەشێن و هۆگر و ڕام و دەستەمۆ و جڵەو خۆش و لە ڕمبازیدا ڕەوان و پشوودار و بێ هەژان و سرکی و نرکە و سەرسم دان بوو. هێندەجوان بوو دەتگوت بە قەڵەم کێشراوە. بە تەمەنیش گەلێك جوان و جوانوێکی تازەگیراوی سێ ساڵان و پێکراو بوو؛ ددانی شیلەی پێ مابوون.گەلێك میر و بەگلەری دیش ئەسپیان بە پێشکێش هێنابوون. لە دەشتی مووش ملەکرا و بەرچاو دران.

هیچ کەحێلێك تۆزی نەشکاند و برەوی هەمووانی شکاند.

زریانی بەزاندبوو لە گەردا	دەیکردەمژ و دومان لە شەڕدا
کلکی لە زەوی بە گەرد و یالی	لەو بەرزیە هەوری ڕادەمالی
بەرتەنگ بوو زەوی لەوێ بە شەشدانگ	چوار نالی پەلەی دەخستە سەر مانگ
لە برووسکە لە پێش لە ڕێگە پێوان	لای بردبوو کات و سات لە نێوان
رابوردنی هێند بە هەلپ و زوو بوو	سەد پێنە شەوی لە ڕۆژ درووبوو

مەزنتر سەرداری سەرزەوی، بە چاکە و بەزەوی، دەحاجی شەرەفی ڕوانی و بە سەر و ڕوی پڕ خۆشەوە دواندی و ئەوەندەی لێ پێچایەوە و هێندەی دڵخۆشی دایەوە و لاواندیەوە، کە هامپا و دۆست و یارانیش ئێرەیان بە جێگەی دەبرد. سەرەڕای ئەو ڕێزگرتنەش جبەی تان تالی زێڕین و حەمایەلە شیری زێڕی خەلات کرد و سەرەڕای مەڵبەندی خۆشی، ناوچەی یاسین و ئۆنیك و مەلازگوردیشی پێ بەخشی و فەرمانی مەزناهینامە و نەفرین‌نامە لە نافەرمان، بە مۆری سەربزێو خۆری شاهانەی تەیموری نەخشی و بە جارێك سەرفراز کرا.

نایق سۆفی پادشازادێکی ئوزبەگ بوو؛ دژی سەرداری جیهانگیر، دەدڵدا بیری خرابوو؛ لە سەر ئەو سوچەی گرابوو. ئەویش درایە دەست حاجی کە لە زیندانی بدلیسدا بەند و کۆت و پێوەندی کا.

ئەو فەرمانە بابی‌دارە -وەك یادگاریّ پرهێزا- هەتا سالی ٩٤٠.ك (١٥٣٣.ز) هێشتا مابوو. ئەوسا کە شەرەفخان نەما[1] و شەمسەدین خانی فرزەندی بەدڵمەندی دەگەڵ پیاوانی ڕۆژەکی ئاوارەی عەجەمستان بوو، نیشان و مۆری تەیموری و فەرمانی شاهانی پێشووش، دێر و دەوێدا لە ناو چوون. کە شەرەفخان دەخەلاتان وەرپێچرا و وەبن خاکی ڕەش ئێخرا، ڕۆلەی دڵبەند و شیرینی (میرشەمسەدین) کە بە وەلی بەناوبانگە، بەجێنشینی داندرا.

١- دەپێشدا هەر ناوی حاجی‌شەرەف بوو؛ دوایی پێی دەڵێ: شەرەفخان! هەژار

میرشەمسەدین کوڕی میرحاجی شەرەفخان

تەونگەری کر و نەخشی تەشکەبەرەی سەرگورروشتەی دوری سفت و ریزهور، لە سەرپەڕان لە هەنیشك و لەپەدەستی بەرچەنەیان، دارهەنەیان چەقاندووە و لە خەتۆکەی گشت و قشتیان، تای تانیان رایەڵ کردووە؛ ماشەری هەودای ڕووداویان هەڵوێزنیوە؛ قانگڵەی مەبەستی زۆر جۆر و ڕەنگاوڕەنگیان لەو تەونە -کە مێژووی کەونە- هەڵواسیوە. واژەی وێژەی باو پێدراویان بە داوەپۆ تێوەداوە؛ گورد و شیش و هەپۆ و کەرکیتی بەند و بڕ و دێر و تیپی ڕێزەپیتی لە دەستان خۆش و لە باری داستانیان بە پەیتی لێ خستۆتە کار و ڕستەیان تێك پەستاوتووە و بە قەیچی و تۆرتۆ و برینگی ڕامان و ڕەخنەگرتن و لە سەردا پێداچوونەوە، بڕە و گرفنچك و زێدەو گلووی دزێوکەر و ناهەمواریان ڕێك و لووس و لێك کردووە و شەڕ و شوڕ و مەیدانداری پاڵەوانان لە چوار فەسڵەی زۆر ساڵاندا، وێنەی لێ کراوەتە وێنە و وەك ئاوێنەی جەمشیدی جەم، پیواران دێنێتە بەرچەم و ئێمە لە تێوەڕامانی گۆشەیەکی کەنارەکەی، وامان بەو ڕووداوە زانی کە: لە پاش ئەوەی قەرایوسف کوڕی قەرامحەمەد تورکمانی، لە بەر لێشاوی لەشکری ئارا و هەرد و بۆداگری ئەمیرتەیموری لەنگ بەزی و ڕایکرد و بە یلدرم بایزیدخان[1]ی والی ڕۆم پەناهەندەبوو، ئەمیرتەیمور پیاوی لە قەیسەر[2] ڕاسپارد قەرایوسفی پەنابەری بداتەوە و ئەم چەند شێعرەش خرانە ناو نامەکەوە و بە پیاوەکەدا بۆیان نارد.

ئەمن نامەوێ ڕۆمی ئارامگا ڕمی کێو ڕمێنی منی پێ بگا

کوماخ[3]م دەیە و جەنگ مەکە و دەنگ مەکە جیهانی گوشادیش لە خۆ تەنگ مەکە

١- سوڵتان بایەزیدخانی یەکەم، کوڕی سوڵتان مرادی یەکەم، ساڵی ٧٩١.ك (١٣٨٩.ز) هاتە سەر تەخت و زۆری دنیاگرت و تەیموری لەنگ شکاندی و گرتی و ساڵی ٨٠٥.ك (١٤٠٢.ز) لە بەندی تەیمووردا مرد. جەمیل

٢- بۆیەی بە قەیسەر ناو بردووە چونکە ڕۆم و قەیسەر دەمێك ساڵان هاتوونە گوێوە و فێری بوون؛ ئەگینا سوڵتان بوو.

٣- المنجد دەڵێ: کوماخ شارێکی شوورەدارە و لە باشووری ئەنادۆلی تورکیایە و لە سەر ڕەخی چەپی چەمی فوراتێیە و لە چەرخی ٧ی میلادی لە سەر وێ بێزەنتی و عەرەب شەڕیان بوو. ساڵی ١٥١٥.ز سوڵتانسەلیمی یەکەم (نۆهەم پادشای عوسمانی) داگیری کرد. هەژار

قـــەرای یوەســـــفی ناپـــەســنــــد و کـوڕی   کە ڕێگـــەی لـــە حـــــاجـیانی مەککەش بڕی
پــــەنــات داوە کــاتــێ لـــە بــەر مــن ڕەوی   گـــەمـارە لـە تـۆ نـایـە تـوخــنــی کــەوی
سـزای هـــەر ئەمــەس ســەربــــەنیستی بکەن   بە خەنـجەر سەری ژێکــە پــیـسـتـی بــکەن

ڕاسپاردەکەی ئەمیرتەیـمور گەیشتە ڕۆم و نیاز و نامەی پادشـاکەی لـە بـەر بیـر و تـێڕامـێنی هەموو سەر هەر دەخەملێنی سوڵتان ڕانا. وەرامی نامەی نووساند و قەرایوسفی تێگەیانـد کـە لـەو نزیکە نەمێنی و خۆ بـخزێنێتە ژێر باڵی سوڵتان فەرڕوخ[1] والی میسر.

قەرا یوسف وێڕای سوڵتان ئەحـمەد جەلایری حاکمی بەغدا -کە ئەویش پەنابـەرێك بـوو- چـوونە میسر و لەو دەمەشدا والی میسر دەمی دڵی بۆ هەمخـەمی و دۆسـتایەتی تەیـمور دەبـرد. گـورجێ هەردوکیانی گرت و لە بورجێکی قەڵای میسردا بەندی کردن. کاتێ بیستی کە تەیـمور مرد و بوو بـە خۆراکی مار و موور، زنـجیـری لە مل داماڵیـن و هێنانیە دەر و هەر یەك پێنجسەد نۆکەریان گـرت کە بژیویان لە سەر خەزێنەی میسر بوو. هاتنە ناو ڕیزی ئەمیـران و خزمەتی پادشایان دەکرد و ئەسپ و چەکیش -چیان بویستایە- مشە بوو. بـەڵام هەرچـی بـۆ نۆکـەری لـە سـوڵتان ئەحـــمەدی هـاڵان، هەمووی بەغدایی ئاوارە و مناڵ و کاڵی بێکارە و هەرچی و پەرچی و شاگرد چەرچی و کۆنە کـەردار و چەورە و لات و لووتی شار بوون.

هینەکانی قەرایوسف تورکمانی، قەراقۆینلوی بە کار و لە کڵ دەرهاتوی ڕۆژگار و ساز و ئامـادەو تەیار بوون. میسری لەو تورکمانانە و بەو زۆریە ترسیان ڕێنیشت و دەسوڵتان فەرڕوخیان گەیاند: پـەنا بە خوا، ئەگەر بێتو قەرایوسف و تورکومانی ئاق قۆینلو وابـمێنن، ئاژاوەیـەك دەنێنـەوە و هـیچ دوور نیە کەتنێکی زۆر گەورە بکەن. لە ئەنـــجامی ڕاوێـژکاری و سـەروبن کردنـی کارەکـە، چـارەکەیان وا دۆزیەوە ڕۆژی وازی گۆچانبازی، سوڵتان فەرڕوخ بە قەرایوسف بفەرموێ وێـڕای دەسـت و پێوەنـدانی، وردەبەردووکەی مەیدانێ کۆ کەنەوە و کە ئەوان دادەنەونەوە، دەستەیەك چەکداری میسری -بە تیـخـی

١- دەبێ نیازی سوڵتان فەرەج کوڕی بەرقوق بێ. عەونی کە دووەم پادشای کۆیلە چەرکەسەکانی میسرە و سـاڵی ٨٠١ بوو بە پادشا و لە سووریا دەگۆ تەیـمووریلەنگ ڕاچوو؛ بەڵام پێی نەوەستا و ڕێك کەوتن. ساڵی ٨٠٨ لە پڕێك ون بوو؛ کەس نەیزانی چی بە سەر هات. جەمیل

جەوهەردارەوە- هەڵیانکەنێ و بێسووچ و تاوان بیانکوژن.

قەرایوسف های لەو کەین و بەینە هەبوو؛ پیاوانی خۆی بە چەکداری و ئامادەیی هێنانە دورِ مەیدانەوە. سوڵتان لە سەر نیازی گۆرین، فەرمانی داقەرا یوسف و پیاوانی پەیابن و زییك و چەوان خرِ کەنەوە. قەرا یوسف هەر بە سواری هاتە بەرانبەر سوڵتان و گوتی: گەورەم! هەتا ئێستا تۆ بە چاوی باوك و فرزەند لەم نۆکەرەی خۆت ڕوانیوە؛ ئێمەش بۆ تۆ نان خۆرێکی ڕاست و چاك و چاکە لە چاو و شیرپاك بووین. ئێستاش بە فیتی بەدکاران و لە تێ چاندنی شۆفاران، دەتەوێ خوێنمان برێژی؟! هیچی من و هیچی تۆ؛ ئێمە ژینمان لێرە نەما. لە سەر سواریەوە بۆ کڕنوش بەرانبەر بە شاچەماوە و مامزەی گەیاندەتەڕادان و هەیدێی لە نۆکەران کرد و ئەسپیان بە تەقڵەکوت ڕادان و گۆڕ و مەیدانیان بەجێهێشت و وەکوو دەڵێن تا گەیونە دیاریەکرێ، سەدوهەشتا جار لەشکریان هاتۆتە سەر ڕێ و هەموو جاریش هێنند مەردانە و نەبەردانە هاتوونە دەست، دەستی دەستداریان شکاندوە و لەمپەریان بە زۆر پەڕاندوە و خۆیان گەیاندۆتە بدلیس و مەلیك شەمسەدینی حاکم پەنای داون و قەڵای ئۆنیك و پاسینی بە قەرایوسف بەخشیوە و کیژێکیشی لێ خواستوە.

قەرایوسف زستانی لەو ناوە ڕابوارد. تاوسانی ساڵی ٨٠٩.ك (١٤٠٧.ز) بە یاری مەلیك شەمسەدین، لە چغرسەعد دەگژ میرزا ئەبوبەکری کوڕی میرزا میرانشاهی کوڕی ئەمیرتەیمور ڕاچوو[1]. میرزا ئەبوبەکری ڕاو نا و چغرسەعد و نەخچەوان و مەرەند و سروور و ماکۆی گرت و زستانی بردەمەرەندێ. تاوسانی ساڵی ٨٠٩.ك(١٤٠٧.ز) میرزا ئەبوبەکر دەگەڵ میرزا میرانشاهی باوکی -لە عیراق و خوراساندا- لەشکرێکی بێ ژماریان بۆ ئازربایجان هێنا و هاتنە ویزەی قەرایوسف و لە شێوی غازانی تەورێز بە شەڕ هاتن و لەشکری مغولان شکا و میرزامیرانشابە کوشت چوو؛ ئازربایجان -سەر لەبەر- وەگیر قەرایوسف کەوت. ئیتر لەو ساوە ڕۆژبەڕۆژ پلەی بەختی باڵا دەچوو. دۆستایەتی و خزمایەتیشی دەگەڵ مەلیكشەمسەدیندا -دەم لە شوێن دەم- خۆشتر دەبوو؛ کە دەیدواند

---

[1]- ڕەنگە مەبەستی خەلیل کوڕی ئەمیرشاە، کوڕی تەیموور بێ. جەمیل

پێی دەگوت ڕۆڵەم. کە بووش بە شا، بەشەکانی سەر بە بدلیس و بدلیسیشی بە مولکایەتی پێ بەخشی و فەرمانەکانی کە دەربارەی میرشەمسەدین دەرکراوە -بێ دەستێدان- ڕای دەگوێزم.

ڕونووسی فەرمان:

فرزەندانی زۆر خۆشەویست! خوای بەرز بە منتتان بێڵێ. سەردەستان و سەرپەلان و سەرلقان و سەرهەنگان و سەرداران و ئەمیران و گزیران و سەروەران و کوێخایان و ئاغایان و مەلیکانی کوردستان و بۆرەپیاگ و دەشتەوان و بازرگان و سەرناسانی دانیشتوانی بدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس و دەوروبەریان و ئەوانەش کە سەربەوانن! با بزانن کە بێ هیچ ڕۆدەروایسی، دڵسۆزی بێ کەمایەسی و یەکڕەنگی بێ تلتە و خلتە و فیداکاری ڕیشەداری کوڕی گەورە و پایەبەرز و بە ناوەز و چاکەحەز و دەفریاڕەسی بێدەسان و پێکهێنەری مەبەسانم، میری میرەکانی عەجەم (میرشەمسەدینی سەربڵند) لە ئەندازە بە دەر بووە. لە خودام دەوێ هەرگیز پایەی نەوی نەوێ و هەتا قیامەت سەلامەت بێ و چی ئاواتە دەستی کەوێ. ئێمەش لە لای خۆمانەوە بۆ پاداشتی شایانی ئەو، بە ئەرکی خۆمانمان زانی کە وەك ڕۆژانی ڕابراو جەنابی میری ناوبراو بە هەموو جۆر چاوەدێری و بە زەمین پێ بەخشینی زۆر، بیبەینە سەرووی ئامپایان. لەو بارەوە دڵی نەرمی پڕبەزەیی شاهانەمان -جارێ وەکوو دەم خۆشکەرە- ئەم فەرمانەمانی دەلاند:

مەزنایەتی و میرایەتی و دەستەڵات و باج و پیتاکی دیوانی بدلیس و ئەخلات و خەنووس و مووش و دژ و قەڵاکانیتر و زیادەپارچەی سەرخراو و پاژە زەمینی لاوەیی دەپاڵ خزاو و ڕەپاڵ نراو -کە دەپێشداش هەرهی خۆی بوون- لە نوێ پێی دەبەخشینەوە و نابێ کەس بەشی تێدابێ و بەو هۆیەوە ئەم فەرمانە ڕەوانەمان -دەی خودا پیرۆزی کاتن- لە سەر هەموو هاوولاتیان پەخش کرا و بڕیاردرا کە میری دەست نیشان کراو ناوچە و مەڵبەند و پاوان و دەشت و کەژ و ئاوی و بەژێ کە بوویەتی، هی خۆیەتی و بە سەریانۆ هەمەکارەس و نابێ کەس -بە نیازی هاوبەش- هیچ کاتێ بە لایدا بچێ یان لە دەورەشی هەڵخولێ و کەس نەکا دەست و پێوەندی تووشی هەرا و کێشە بکا. هەرکێش بزانین نابارە و لیچی لەم فەرمانە خوارە، دەکێشرێتە پای قەنارە و سزای زۆر بێڕەزای دەدرێ. ئەرکی شانی

کارداران و سەرکار و کارگوزاران و ڕیش چەرموان و سەرناسـان و نیـشتەجێ و دانیـشتوانی بـدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس و شوێنەکان و گێلکەکان و پاسداران و دژدارانە، هەمیـشە زەلامـەکانی میـری پایـەداری کـوڕم بـە گـەورەی خۆیـان بـزانن و بـە ڕاسـپێری و ئامۆژگـاری و بەنـدی ڕەنـد و بەهرەمەندی ڕەفتار بکەن و مل بۆ دۆزی بـچەمێنن و خـاوی و خلیـسکی نـەنوێنن. هـەر تەگـەرە و گرێیەکیشیان دێتە بەر، پەنا بە پیاوی ئەو بەرن و هەر پسوولەی ئەو وەخـوێنن و بـە سەرشـۆڕی ویـدا بڕۆن، تا سەر و ماڵ نەدۆڕێنن.

ئەو فەرمانە باوەڕنامە، دەی مانگی مەولوودی ساڵی هەشتسەد و بیست،نویـسەرا و بـە ئیمـزای بەرز و جێ گەورە ڕازێنراوە و خەملێندرا.

خاوەنی *مطلع السعدین* دەڵێ: ساڵی ٨٢٣.ك (١٤٢٠.ز) ڕۆژی هەژدەی مانگی قوربان -کـە چـل ڕۆژ بوو قەرایوسف لە سەر دنیایە نەمابوو- نامەیەکی زۆر دۆستانەی بـۆ شـاڕوخ میـرزا نووسـی و نۆکەرێکی باوەڕ پێکراو لە قەرەباغی ئاڕانێ، نامەکەی بە شاڕوخ گەیاند.

دەخاکەلێوەی بەهاردا میـرزا بۆ شەڕی کوڕانی قەرایوسفی تورکمان، لە گەرمەسێری قەرەباغ وەڕێ کـەوت و هاتـە سـنووری ئەرزنـجان. یـەکی جیمـادی یەکـەمی سـاڵی ٨٢٤.ك (١٤٢١.ز) میـرشەمسەدین والی بدلیس، دیاری و پێشکەشێکی زۆری -بـە غیاسـی قـازی مـحەمەد دا- بـۆ شاڕوخمیـرزا ناردبوو. لە شوێنێك بە ناوی کتمە دیاریەکان گەیشتنە میـرزا و غیاسـی زۆر بـە خێـر هێنا و لە دیوانی بەرزی خۆیدا جێی نیشان داو داینیشاند و نیـاز ڕەوا بـەڕێی کـردەوە.کـە لەشـکری دنیاگری میـرزاشاڕوخ، لە لای ئەخلات لە مرگوا -کـە میـرگ و میـرخوزارێکی سـەوز و خـۆش و سازگارە- خێوەت و بارەگای هەڵدا، میرشەمسەدین و چەند کەسێك لە میـرەکانی کوردستان، چـوونە پێشوازی بەرێزی و یەکی جیمادی دووەمی ئەوێ ساڵێ، بەڕاموسانی سەرپەنـجەی بەرێزەوی سـەرفراز بوو؛ وەبەرئاوڕی خەفەتبـرِی شاهی کەوت و بە لاواندنەوەی شاهانە و خەڵات پەخشانی شایانی، شادی کرد و فەرمانی فەرمانڕەوایی بدلیسی بۆ نوێ کردەوە.

ئەڵێم چونکە کەسی خۆمە و نەڵێن باری وێژەوانی خۆی ڕادەنێ و بـە میـرشەمـسەدین هەڵـدەڵێ. ئەوی ڕاست بێ میـرشەمسەدین خواپەرستێکی بـە ڕاسـتی و دنیـادارێکی لێـزان و توانـا و بـەوەج و

زۆرزان بوو. دانیشتوانی ولاتەکە زۆریان لەلا پیرۆز بووە و ئێستاشیان زۆر بڕوا پێیە. گوایە لە ڕێ خواناسیدا لە حەوت ئاو پەڕیوەتەوە و پەردەی لە نێوان ڕاداوە و لە هێندێك نامە و نامیلکەی دەروێشانەدا نووسراوە: جانەوەر و مەلی کێوی دەستەمۆی بوون و لە کاتی دەسنوێژ هەڵگرتن، ئاوی دەستیان دەخواردەوە. کەشف و کەراماتیتریش زۆرن؛ بەلام کە من باسیان بکەم، بەجۆرێکیتر بۆی دەچن. هەموو دەم و کات و ساتێ بە هەمدەمی و هەمنشینی چینی هەرە جێبڵندی مەلا و زانای بەجەوهەر و سۆفی و دەروێش و پیران بوو. بە میرشەمسەدینی مەزن بەناوبانگە و گش مەردمی ئەو ناوچانە، داوای هیمدادی پیرانە، لە گیانی پاکی ئەو دەکەن. لە دەورانی دەستەلاتی تورکومانان سکە و خودبە بە ناوی خۆیەوە بووە. ئێستاش لە ناو کوردستاندا زێڕوزێوی مسقاڵی هەن؛ پێیان دەڵێن شەمسەدینی و کورد بۆ ودم هەڵیدەگرن و منی هەژاریش دیتوومە. سێ جۆرسکەی دیشم دیوە کە سێ فەرمانڕەوای بدلیس لێیان داوە. ئەو سێ میرەش: محەمەدکوڕی شەرەف و شەرەف کوڕی محەمەد و شەمسەدین کوڕ زیائەدین بوون.

لە ساڵی ٨١٠.ك (١٢٠٨.ز)دا میرشەمسەدین تەکیەیەك و نەخۆشخانە و میوانخانە و مزگەوتێکی لە گۆك مەیدان بنیاد ناوە و بە شەمسییە بەناوبانگن. گوندی ترمیتی لای مووش و کفوی سەر بە گورجیکان و گوندی کازوخ -لە نێوان ئەرجیش و عەدلجەوازن- دەگەڵ چوار پارچە زەمین و حەوت دووکان و کاروانسەرایەك و بیست خانوی هەرمەنینشین لە بدلیس و دەوروبەری، لە مەوقوفەجاتی ماون و زۆریتریش بوون، فەوتاون. تەکیەکە هەر ئاوەدانە و نان و شیوی بێ بژیوی تێدا دەدرێ. گوندی کازوخیش هەروەتر؛ نان و خوانی بۆ خۆماڵی و لاوەکیان هەر وەکووو یەکە و هەر کەس داواکا،دەیدەنێ.

لە ئەنجامدا میرشەمسەدین شەهید کرا. میرزا ئەسکەندەری کوڕی قەرایوسفی تورکومان -کە پیاوێکی زۆر نەزان و سەرشێت بووە- لە شاری ئەخلات کوشتوویە.

هێندێك دەڵێن هەر لە ئەخلاتێ نێژراوە؛ هێندێکیتر پێچەوانە دەڵێن جەنازەی پیرۆزی ڕاگوێزراوەتە بدلیس و لە بەرانبەر تەکیەکەیدا، لە ڕۆژهەلاتی گۆك مەیدان ناشتوویانە.هۆی کارەساتیش -وەك دەڵێن- خێزانەکەی کە دەبووە خۆشکی ئەسکەندەر، چونکە کیژە تورکومان بوو،

ئەسپ سواری و تیـرئەندازی و کاشۆیازی زۆر پێخۆش بوو. گاڤا لە بدلیسیش دەژیـا؛ جارویـارە وازی لێبوو بە دەستووری ماڵەباوان ڕەفتار بکا. میـری گەورە گەلێك جاران سەرکۆنەی دەکـرد و دەیگـوت: ئێمە کوردین و ئەوکارەی کە تۆ دەیکەی لە کوردان ناوەشێتەوە و داب و باوی تورکومانان، دەبێ لـە بیـــرەخۆت بەریـەوە. بـەڵام ژن، ژن نـەبوو؛ ژان بـوو. ئەوەنـد چـەقە سـرۆ و سـەهەندەو دەمگـەرم و چەقاوەسووبوو نەبێتەوە.دەیشیـڕاند و دەینیـڕاند و پەکی بەهیچ نەدەکەوت و وازی لە کوڕێنی نەدێنا.

کار بە نەرمیوشلی نەیەت چاری تونـدوتیـژی دەبێـتـە سەربـاری

ڕۆژێکیان لە دوڕ ئەو شەڕە دندوکەدا -کە زۆر قەرەچەناغی کرد- میرکێردی گەیشتە ئێـسکانی و بـەهێز مـستەکۆڵەیەکی بـە دەم و لەوسـی داکێـشاو کەلـپـە ددانێکـی شـکاند و خـاتوو ڕکوومـانی سەرەسۆدرە، هیچ سی و دوی لێ نەکرد و کەلپە زەردی دەپرێسکەیەکەوە پێچا و بـە گازندەنامێکـەوە بۆ ئەسکەندەری برای نارد، کە ئەوساکە لە ئەرجیش بوو.

کاتێ کە ئەمیـرشەمسەدین بۆ دیدەنی برای ژنی -کە دەلوشی بە نازناو بە سەردا بڕابوو- چووبووە ئەخلات، هەر چاویان بە یەکتـر کەوت، دەلوونەسکەندەری بێفەڕ، بە بەهانەی کەلپی خوشکی، گەڕی تێ هاڵاند و کوشتی؛ بەڵام بـە بیـر و بـاوەڕی نووسـەری ئـەم ڕووپەڕانـە، ددانەکـە بەهانـە بـووە و دۆستایەتی شاڕوخمیـرزا ئەو کەتنەی کرد.

میرشەرەف کوڕی میرشەمسەدین

عەوداڵی بە کەوڵ و پۆست و خەرگە و سەڵتە و تەیلەسان پۆش، متەشاو تـەوەرزین بـە دۆش، بەنـدی تۆربە و حەمایەل و شیـر و تەزبێ و مت و مۆری درشت و هور لە ئەستۆدا و کلاّفـەتا و دەرزیـدان و نەینۆك و شانە و کلتوور لە ناو بەریك و باخەڵدا و کەشکۆڵ و دەف و کوولەکە دەلاقۆڵدا و گمگمۆکـە و زەرکی ئاو و جامی چلکلیلی حەج و زەرکی بەزریزە و پلپلە لە شوتکدا، شەتەکدراو و عاسای سـەر بە گۆ لە مشتا و تەپلەی لوا لەسەرپۆڕی پەریشانی بە زەمزەمەی دەروێـشانە و یـاهوو کێـشان، ئـەم بەیت و باوەی گێڕاوە. پاش نەمانی میـرشەمسەدین، میـرشەرەفیان لـە جـێ دانـا؛ بـەڵام پیـاوێکی

دێوانە و ناماڵ شێت و کەللەیی بوو؛ هۆش و گۆشی دنیاداری لەلا نەبوو؛ گەمەی بەم ژیانە دەهات! خەوی شەوی لە تونخانەی گەرماوان بوو. قەفەزێکی بە باڵای خۆی لە ئاسن دروست کردبوو، ڕۆژانە دەچووە ناویەوە و لاسای کەوی دەکردەوە و بە قاسپاندنەوە دەیگوت: جێی نێرەکە و ناوڕکەیە! فەرمانڕەوای ناوتون و تولْ هێندەنەژیا؛ تۆڕ و داوی ڕاوی مەرگی لە مل هالاْ و هەر بە لاوی توونی جیهانی جێهێشت و لە ناو ڕکەی گۆڕیچەدا لە فڕە و پەلەقاژە کەوت.

بڕوانە بە بیری خۆت چەند شاه و گەدا ڕۆیی بێهودەلە ژینی خۆت مەڕوانە بە نامۆیی
لێکی مەدەوە هێندە، گۆشتن وەدەکا و لەڕ وا گەللایی وەبەر خۆیدە! چۆن لیێیخوڕی وادەڕوا

لەم بەینەدا کە ئەم لە ناوڕکە و توندا ڕایدەبوارد و بە بەزم و ئەزمی جەزمەوە سەرگەرم بوو، شاهمخاتوونی خێزانی -کە شازادەی حەسەنکێف بوو- لە سەر پرس و ڕای مەلایان مارەی خۆی هەڵوەشاندەوە و شووی بە میرسەیدی ئەحمەد ناسرەدین کرد و لە پاش مردنی میرشەرەف -لە بەر ئەوەی میرشەمسەدینی جێنشین زۆر منداڵ بوو؛ بە کار و بار نەدەچارا- هەموو داهات و دارایی و مەزنایەتی وڵاتەکە کەوتە ناو لەپ و چنگوڕی شاهمخاتوون و میردەکەی. پیاو ماقوڵانی ڕۆژەکی ئەو دوانەیان وەك لاپرەسەنی خۆسەپێن سەیر دەکرد؛ کردیانە کەڵەوەکێشی و سەریان وەبەر بار نەهێنا و ملیان نەخستە بەر نیر و هەر کەس خۆی بە میردەزانی و هەر کەسێ لە بەرخۆیەوە دەستی بە سەر ناوچەیەکدا گرت. میرمحەمەد ناسرەدین، ئەخلاتی برد و عەبدولڕەحمان ئاغای قەوالیسی، چەقچوور و مووشی زەوت کرد و بەربەرەڵدایی بەربلاو کەوتە ناو ڕۆژەکیانەوە.

تاوێك دنیا بێ میرە گزیر لە جێ وەزیرە
ئەگەر نەما پشیلە مشکان تلیلیلیلە!

ئاوا دێوی سەربزێوی، بە ئەگریسی بدلیسی کردەجێ گەرا و چەشنی دۆڵپا دولینگانەی تێ وەرێنا. لەو بەینەدا شەمسەدین لە خەم ڕەخسیبوو. ڕۆژێك بە نیازی ڕاووشکار بە سواری لە شار دەردەچوو گەیشتە سەرپردی عەرەب و لەولاوەش عومەریادگاران -کە پیاوەکی بایەکی بوو- بە چەند بارەدارێکەوە لە کیفەندورەوە دەهات و لە سەرپردێ تووشی میرهات. خۆی گێل کرد و هەروەك

نەیناسیبێ و هیچ جاران میـری نەدیبێ ڕووی وەرگێڕا و هەی لە گوێدرێژەکان کـرد و هـەڵی پێـچان و لەو ملەدا سەرە دارێك وە بەر کەشکەئەژنۆی میرکەوت و ئـێش و ئـازاری پـێ گەیانـد. میربـە سـەریا گوڕاند وتی: کوێری! بۆ کەرەگەلت لانادەی؟

عومەر لە وەرامدا گوتی: من کوێر نیم؛ ئەو کەسە کوێرە کە خـەنیمی خـۆی ناناسـێ و عـەیب و عاری خۆی نابینێ. میرلێ ڕاسا کە بیکوژێ؛ بەڵام زوو دەستی سارد بـۆوە و بـەزەیی پێـدا هاتـەوە و وازی لێ هێنا و بەجێهێشت.

ترشە بەرسیلە لە دەم خۆش نیە، ڕاوەستە کەمێ سەردەمێ پێ بچێ لەو ترشیە شۆکت دەدەمێ

میرلە ڕێ بیـری کردەوە، هەیاران! ئەو کابرا ڕووتە چۆن وێرای وا لـە ڕوومـا هەڵگەڕێتـەوە و ئـەو تەوسە چ بوو دەمنی گرت؟ نابێ ئەو ماستە بێ‌موو بێ؛ شتێك دەژێر لێفە دایە و من نازانـم. ئێـوارێ کە دەگەڕاوە تووشی عومەریادگار بوو، ئەویش باری خۆی فرۆشتبوو لە شار بەرەو مـاڵ دەبـۆوە. لێـی پرسی وەرە پێم بلێ تەچاڤا ئەو سخێف گۆتن و ئەو پلارەت بۆ لە من دا؟

عومەر زۆر شوورەیی گرتی و سـەری داخسـت و پـاڕاوە کـە لـە تـاوانی ببـورێ و بـە تـەریقی و شەرمەزاری گوتی: چ بکەم بە دەست خۆم نەبوو؛ ئەوەندەمن تۆم خۆش دەوێ و دڵسۆزی خانەدانی تۆم؛ مەگیـن خوا بۆ خۆی بزانێ. ئەگەر بە سووك باستان بکرێ و تەوس و تانووتان لێ بدرێ، چاوم بەر پێی خۆم نابینێ و بۆ خۆم نازانـم دەڵێم چی. ئەگەر بە گرانی نەزانی و ئەگەر لێشم تووڕە نەبی، پێم خۆشـە کوڵ و زووخاوی چەند ساڵەت لەلا هەڵڕێژم و چی لە دڵمایە پێت بێژم. چـوونە سووچـێکی دوورەچـاو و نووك و بەدی کارەساتی دایکی و میـرسەیدی ئەحـمەدی بۆ گێـڕاوە؛ چـۆن بـە زینـدی سـەری بـابی، دایکی حاشای لۆ کردووە و خۆی دەباوەش بێگانەیەك هاویشتووە و چۆن ئێـستا بـە مـەرگی شـادن و خەڵك و خواش لە پاشملەدا چۆن گۆڕی مردوو دەشێلن و فلان و فیستان دەڵێن چی؟

میرشەمسەدین زانی عومـەر زۆر دڵـسۆز و ئەمەگدارە، لاواندیـەوە و بـۆ درکانـدنی ئـەم ڕازەی سوپاسی کرد و پێشی گوت: وەك لەم خەوەت ڕاپەڕاندم و دەدەردی خۆمت گەیاندم، دەرمان و چارەشت هەیە؟ خۆت دەزانی برینەکە وەبنی داوە و دەبێ بە نەشتەر هەڵـدڕێ. تـۆ ئـەو نەشـتەرە وەبینـە؛ تـا منیش ئەم پەرۆشینە لە شانی خۆم بکەمەوە. عومەر ناوی چەند لاوێکـی لـە لا هەڵـدا و گـوتی: تـۆ

خۆشت بیانبینە و دڵیان بە لای خۆتا بێنە؛ ئەوسا پێت دەڵێم چۆن دەکەین. میرشەمسەدین لە سەر پلانی یادگار هەر ڕۆژە یەك-دوو لاوێکی بە دزیەوە چاو پێدەکەوت و دەگەڵیاندا ڕێك دەکەوت و پەیمانی دەگەڵ دەبەستن.

میرسەیدئەحمەد[1] بە کەین و بەینەکەی زانی و بۆ ڕزگاری کەوڵ و گیانی، بێ ئاوڕدانەوە هەڵات و خۆی گەیاندەلای میرئەبدالی بۆتانی و پەنای پێ برد.

میرشەمسەدین هەر دەسبەجێ دایکی خۆی بە زوێڵ هەڵێنا و دوای عەریفی دایکی کەوت. میرئەبدال ئاگادار کرا کە لەشکری ڕۆژەکی دێ. ئەویش لەشکری بۆتانی کۆ کردەوە و خۆی بۆ شەڕێ ئامادەکرد. دوو لەشکر بەرانبەر وێستا و هاوێستا و ها تاوێکیتر پێك دادەن و شەڕ بقەومێ، میرشەمسەدین پیاوی ناردەلای میرئەبدال، میرسەیدئەحمەدی بداتێ. میرئەبدال وەرامی داوە: پیاو بە پیاو دەگۆڕینەوە. ئێمە خوێنی میرزادێکی بۆتانیمان لە سەر میرحەسەن شیروەییە و پەنای بە ئێوە هێناوە. میرحەسەنمان بدەنەوە و میرسەیدئەحمەدی بەرنەوە. پاش زۆر قسە بە زۆران دان و وتووێژ، بڕیار درا. چەند ئاغایەکی ڕۆژەکی بە بارمتە لە بۆتان بن تا میرحەسەن پەیدا دەکرێ و ئەویش ئێستا میرسەیدئەحمەد بداتە دەست میرشەمسەدین. ئاوا سەودایان سەری گرت. میرشەمسەدین وەناو کەوت، چەند ڕۆژەکی زۆر مەلەوان و کارامەی هەڵبژاردن و تێگەیاندن کە لەوێ بچنە خانووی وا لە ڕووبارەوە نزیك بێ. هەر گا قریوە و هەراتان لە ئێمەوە بەر گوێ کەوت، بزانن ئەوە نیشانەی پەلاماردانی شەومانە. چەك و ئەسپان بەجێ بێڵن و بە ڕووتی خۆ ڕەزگ چەم نێن و بە مەلە لێ بپەڕنەوە و وەرنەوە ناو سوپای خۆمان؛ چونکە هەرگیز ئامادەنیم میرحەسەنیان بدەمە دەست. لە سەر بڕیار چەند ئاغایەکی ڕۆژەکی ڕەوانەی لای میرئەبدال بوون و ئاشت بوونەوە و شەڕبەس کرا و میرسەیدئەحمەدیش ناردرا.

کاتێ خودای ڕۆژپەرستان مەودای هەنگڤاری بڕی و لە ئاسۆی زەردەپەڕەوە بەرەو بارەگای خۆرنشین نشێو بۆوە و لە سەر تەختی شەوەزەنگی شەوەڕەنگی ڕازا و بەکرێ دەخەو ڕاچوو، ئەستێرەی بزۆز بزۆزان و بەجریوەیان دەشەو بێدارانیان خوڕی: ڕابن! شەو

1- دەپێشدا میر سەیدیئەحمەدی پێ گوتووە و لێرەوە پێی دەڵێ میر سەیدئەحمەد. هەژار

قەڵای میـردانە، دەرفەتتانە.

پەردەی ڕەشی شەوکە سورِ دەپۆشێ   نازدار دەخەوێت و کورِ دەکۆشێ

میرشەمسەدین بێ خۆگرتن میرسەیدئەحمەدی نانخۆری ناندێن دڕێنی گرت و بە سیـرمەی ڕاهێنا و فەرمانی شەوەیـخونی داو کەڵەکەڵەی دڵ پتـەوی لەشـکری هـۆزی ڕۆژەکـی، ئـەو شـەوە ڕۆژ ڕۆژی وانبوو؛ بە چرە و گورِ و هەرِەشـەوە، هەڵمـەتیان بـرد و خۆیـان گەیاندەسـەر ڕەخـی چـەمی زەڵـم[1].

پاسدارانی بۆتانیەکان بە جارێك سەریان لێ شێوا و هەروا تێکەوە دەگلان و دەست و پێی خۆیان لێ ون بوو. ئاغای ڕۆژەکی بارمتەش، کێـسیان هـانی و بـە سـۆبایی لـە ئاوەکـە پەڕینـەوە و هاتنـەوە نـاو سوپاگەی خۆ.

شەوەکی سەرێ سپێدێ، دەبوومەلێڵەی بەیاندا -کە پێشڕەوی سـوپای خونکـاری خـاوەرێ تـەق و ڕەوی وەناو لەشکری قولان خست و شەوی شکاند و لە ترسی تیخی تیـرێژی بە ئاورینگ و پرشـەدەری خاوەن شکۆی ڕووناکایی، ئەستێرە بە تاق و وازی و بە ناسازی و ڕەنگ پەڕیوی، بەرەودوا پەڕیوە بوون و لە ئاسۆگەوە نەدیو بوون- لە هەر دوو ئالی چەمەوە لەشکری بۆتی و ڕۆژەکـی لێـك هـاروژان و بـۆ لێکدان بەرانبەر بە یەکتـر وێستان.

میرشەمسەدین ئەسپی ڕادا و تا دەنگرەس نزیك کەوتەوە و بانگی میـرئەبدالی کرد و گوتی: مـن نۆکەری بێتەمەگ و سپڵە و پێنەزانی خۆم کوشت و پەڵەی خۆم بە خوێن سرییەوە. دەگەڵ تۆ دوژمنـیم نیە و حەزیش ناکەم ببینە دوژمنی خوێنی. ئەگەر هەر وازیش نەهێنی ئەوە تۆ و ئەوە گۆومەیدان، تـا ڕەش و سپی دەرکەون. کە بۆتانی ئەمەیان بیست میرئەبدال بە دەنگیەوە هات و بە دەنگی قەو بانگی لێ کرد: میـری گەورەم! باو و کاڵی جێ بەرزی تۆ زۆر دەمێکە گەورە و ڕیـشسـپی تایەفـە و بـاب و باپیـرانی من بوون و هەمیشە نێوان خۆشبون و هەرگیز لێکتـر نەرەنـجاون. مـن هـیچ کـاتێ ڕێـم ناکەوێ نێوانی وا خۆش بپسێنم و تۆوی دوژمنی بچێنم. خوانەخواستە من هێندەناشایستە بـم ئەو دام و دەستوورە تێك دەم. لە فەهێت و شەرمەزاریم ناشێ تازە سەر هەڵێنم و لە مـەرِ پیاوەتیـەوە بـدوێم.

---

[1] - چەمی جزیری بۆتان دەجلەیە؛ زەڵم لە شارەزوورە. وا دیارە لە دەسنووسدا ئەم هەڵە ڕووی دابێ. هەژار

میرسەیدئەحمەدی نۆکەرت کە پای بە ئەندازەی بەڕەی خۆی ڕانەکێشابوو؛ تۆ پات پێ هەڵکێشایەوە و سزای کردەوەت دایەوە و دەستت خۆش بێ. ئێستاش میرم نەچووە بچێ؛ با ئەو دڵمەندیە نەمێنێ. بمانبەخشە و با دیسان وەك جاریجاران هێمی دۆستایەتی داخەین و هەر چی بووشە با بەردێکی لە سەر دانێین. میرشەمسەدین بەو قسانە کینەی لە سینەدا نەما و گەردی لە سەر دڵ سڕاوە و خۆی گەیاندەمیرئەبدال و هاتنە دەست و ڕووی یەکتر و لە تەهی دڵ ئاشت بوونەوە و میرشەمسەدین گەڕایەوە و لەو ڕۆژەوە ناویان نابوو ئەمیرشەمسەدینی دژوار.

میرشەمسەدین پێنج کوڕی بوون: سوڵتان ئەحمەد، سوڵتان مەحموود، زیائەدین، ئەمیرشەرەف، ئیبراهیم. سوڵتان مەحموود و زیائەدین ساڵی ٨٣٥.ك (١٤٣٢.ز) بە فەتای چاوقووڵکە مردن؛ میرشەرەفیش لە هەڕەتی لاوەتیدا و لە جەنگەی بەهاری ژینا، بەر گڕەبای مەرگ کەوت. میرئیبراهیم بوو بە جێنشینی بابی و ماوەیەك فەرمانڕەوا بوو. کە ئەویش بوو بە گۆڕنشین، میرحاجیمحەمەدی کوڕی جێی گرتەوە و ساڵی ٨٤٧.ك (١٤٤٤.ز) لە ناوەندی شاری بدلیس و لە سەر ڕەخی چەمی ڕەبات، فێرگە و مزگەوتێکی چێ کرد و لە ساڵێکدا سەریان گیرا. ساڵی ٨٦٥.ك (١٤٦١.ز) ڕەنجی ژیانی لە کۆڵ بۆوە و لای مزگەوتەکەوە نێژرا و دوو کوڕی لە پاش بەجێ مان: ئیبراهیم و میرشەمسەدین. ئیبراهیم بە ڕاسپێری باب، بە جێنشین دیاری کرا و ژیننامەشی لەمەبەولا باسی دەکرێ.

میرئیبراهیم کوڕی میرحاجیمحەمەد

وەرزێری چا و لە گەنجینەی ئاسەواری کوردەواری، گاسنی وەسەر دەندەخست و بەڕوولەی دەشیلە ڕاکرد و هەوجاڕی دالە بنەوەند و هێرتەی لە سەرمژانە بەست و کەڵی هێنانە بەر نیر و کەڵەوەی لە مل گرێ دان و پای لە سەر پاشدەندەدانا و دەستە کەوشەی لێ داگرت و بە هێڵ و کووز و هۆگانان کۆدەو بەیاری شێوبڕی و وەرد و سێ گاسنەی دایەوە و لە بەرهەمی تۆژینەوەی وا دەرکەوت کە هەر زۆر لە مێژینەوە بەرەی قەراقۆینلوان و خێڵەکانی ئاقۆینلو دوژمنی بابەکوشتە بوون و لە پەی سەری یەك دەخەفتان و وەك بەرانی ڕەش و

سپی ناوچیرۆکان، یەکتریان بەر قۆچان دەدا و هەمیشە و دایم شەڕیان بوو.

دەپێشدا ئەمەشمان زانی قەرایوسفی قەراقۆینلو، خزمی میرانی بدلیس و خۆی لە جێی بابیان دەزانی. کاتێ ئوزون حەسەن بەگ جیهانشای ئاققۆینلو، کوڕی قەرایوسفی کوشت، دیاربەکر و ئەرمەنستان و ئازربایجانی داگیر کرد و بە دڵ لێ بڕا ئاسەواری بنەماڵەی قەراقۆینلوی تورکمان ببڕێتەوە و خزم و دۆست و هەمکاریشیان بە یەکجاری لە ناو بەرێ. بەو مەبەستە بەرلە هەرشت لەشکرێکی بێ هەژماری بە سەرداری سولەیمان بەگ بیژەنئوغلی ناردەبدلیس تا میرەکانی بۆ بگرێ و مەڵبەندەکەش داگیر بکا. سولەیمان بەگ بەرەو کوردستان ڕەوان بوو؛ لەشکر گەیشتە بدلیس و تورکمانان لە ڕووکاری قەڵاکەیدا چادریان هەڵدان. ئەو دەم فەرمانڕەوای بدلیس میرئیبراهیم، کوڕی حاجیمحەمەد بوو. بورج و شوورەی دابەستن و دەروازەی لێ داخستن و ملی لە سەنگەربەندی نا. سولەیمان بەگ مەنجەنیق و بەرەقانی و کەرەستەی قەڵاگرتنی هەمە جۆرەی خستەکار و سێ ساڵی ڕەبەق دەوری دا. هەموو ساڵێ کە خەزەڵی گەڵاڕێزان بە ڕەنگ پەڕیوی و لەرزۆکی دادەوری و بە خشکە و بە خشپە و چرپە خەبەری شاڵاوی شەختەی بە گوێی زەویدا دەسرتاند و عاسمان لە ترسی سەرمایە، کەپەنکەبۆری هەورانی کونبڕ دەخۆوە دەپێچا و ڕەشەبای وەیشوومەی پاییز دەسکەنەی گژوگیای دەکرد و چل و گوڵی بە قاللۆری دەخڕ و بودڕان داخنی و داری بۆ ئاگر دەشکاندن، سولەیمان بەگ بێگومان بوو کە بەفری زستانی بدلیس لە باتی ئەو دەورە لە دژداران دەدا و دەرەتانیان بۆ ناهێڵێ؛ وازی لە بدلیس دەهێنا و ڕووی دەکردەگەرمەسێری ناوچەی ماردین و بشێری. خاکەلێوەی بەهارانیش کە لەشکری تین و تیشك بە سەرکردەیی با و باران دەهاتە جەستەی بۆران و باڕن و کرێوە و کەرەسیسە و گلێرکە و شەشپەڕ لە پرووشەکردن دەکەوتن و قەڵای کەوی دەورە دەدران و کلێڵە هەرەسیان دێنا و ڕنوودەپسان و دادەڕمان و پادشای نەورۆز تاوڵی گوڵی لە دەشت و چیمەن هەڵدەدا، بیژەنئوغلی -لە چاڵاوی پڕ هاڵاوی گومڕاییەوە- ڕووی دەکردەوە بدلیس و دەهاتەوە شەڕەجەنگی ئەو ڕوستەم و گۆدەرزانە و دەوری قەڵاکەی دەداوە و دەبووە گرمەی مەنجەنیق و زرمەی بەرد و هاشەی تیر و لە ژێر و ژوور هەر مێشك و خوێن بوون دەپژان و لە دار و دیوار دەپڕژان.

دوچیـــن پاڵـەوانی بە بـاهۆ و مـەچەك لە یەکدی هـەموو دڵ پـڕ و دەس بە چەك

ڕمێـنی مـەرگ بــوو لـە ژوور و لـە ژێر ژمـارەی لـە دەس چـوویـوو مـردوو ژمێـر
کـە بــەردێــك دەبـاری لـە بـانی قـەلا لە گـای ژێـرزەمـیـن دەبـووە دەرد و بـەلا
کە تیـرێك لە ژێر ڕوو بــە بـالا دەچـوو دەجــەرگ و دلـی کـاکـەشـان ڕادەچـوو
تفەنگ دلــڕەقــە و دژ بـە هێمنـایـەتـی دەگـرمێـنـێ بــە نـیـازی کوێخـایـەتـی[1]
دەر و دار و دیــواری دژ ڕەنــگـی گــولّ شەلاڵ بوون لە خوێنی لەش و جـەرگ و دلّ

ئەم شەڕە درێژەی کێشا؛ برسـایەتی و بـێ بـژیوی و نەخۆشـی زۆر هێـزی بـە دژداران نەهێشت و زۆربەی بە ناخدا ڕۆهێشتـن. سەرەڕای تورکومانانیش پەتا و چاوقوولکەش دەوری دان و یـەك لـە دوو یەك چنینیەوە و میربرایم و حەوت کەس نەبێ، زیندوو دەقەلادا نەمان.

لــەو بەینــەدا مەحــموودئۆغلی کــە شاعیـــر و پەسـندەری سولەیـــمان بێـژەن ئـۆغلی بــوو، هەلّبەستێکی تورکی نووسی و ئەم تاك بەیتەی تێدا گونـجاند و بۆ خزمەت حەسەن بەگی نارد.

چجار سەر بۆ سولەیـمان نانەوێنـن کوردی بدلیسێ
ڕەگەز کورد یاری ئاورگێکە ئــاوری هەر بئاییسێ[2]

لە ئەنـجامدا کە لە سۆنگەی ئەو شەڕەوە، هەر دوولا زۆر زیانبار بوون و تووشی زۆر دەرد و ئـازار بوون. پێکهاتن پێشنیار کرا و پێکهێنەر بوونە ڕیشسپی و بڕیار درا سولەیـمان بەگ ژیـان و ئـابڕووی میرئیبـراهیم بپارێزێ و ئەویش قەلا و مەلّبەندەکە بەجێ بێلّێ. کاتێ وتووێـژ سـەری گـرت، حەسـەن بەگیان ئاگادار کرد و ئەنگوستیلەی بە نیشان نـارد و پەیــمانی ئاشـتی بەسـتـرا. میرئیبــراهیم لـە قەلایە هاتە دەر و چووە تەورێز بۆ لای حەسەن بەگ. سولەیــمان بەگ دەستی بە سەر بدلیسدا گرت.

گوایە دوازدەمالّ ڕۆژەکی -کە یەك لەوان مالّی شەمسعاقلان بووە- ڕەگەلّ میرئیبـراهیم کەوتوون

١- زەمانی ئاققۆینلوو تفەنگ نەبوو؛ نازانـم دانەر چۆنی ئەو شێعرە هێناوە؟ بەلام وەرگێڕ دەسپاکی کـردووە کـە بـێ دەسکارێ ڕایگوێزتووە. هێمن

٢- عەلیعەونی دەلّێ: نیازی وابووە کورد بۆ بنەمالّە نەبێ سەر ناچەمێنن. ڕۆژبەیانی دەلّێ: نیازی ئەو چیـرۆکەیە کـە بە ئەفسانە گوتراوە ئاگر خۆشـکەرەکەی بـرایم پێغەمبـەر کوردێـك بـووە بـە نـاوی هـەبرین. دەشـکرێ یـادی کۆنـە کوردەئاگرپەرستەکانی کردبێ. هەژار

و چوونەتە ئازربایجان. کە میرگەیشتە تەوریزێ، لە سەر فەرمانی حەسەن بەگ لە شاری قوم موچەیەکیان بۆ بڕیەوە و بەرەو عیراقیان بەڕێکرد.

ئەوەندەی حەسەن بەگ مابوو زۆری چاوێری لێ دەکرا. لە ئەنجامدا کە حەسەن بەگ ئەنگوستیلەی مەرگی بۆ هات و قەلای جیهانی جێ هێشت و لە گۆڕستانیان دامەزراند و سەری هەودای کاروباری دنیاداری وەدەست یەعقووب بەگی کوڕی کەوت، بە تاوانی سەربزێوی ڕۆژەکیان و دانەمرکانیان لە بدلیس، فەرمانی داله شاری قوم میرئیبراهیمیان سەربڕی. میرئیبراهیم ژنی لە خانەدانێکی سەرناسی قومی هێنابوو لەو ژنەی سێ کوڕی هەبوون: حەسەنعەلی، حوسێنعەلی، شامحەمەد.

بیستونۆ ساڵ ناوچەی بدلیس لە دەست ئاققۆینلوودا بوو. هۆزی ڕۆژەکی بە یەکجارەکی لێیان قەومابوو. پیاوە سەرناس و ماقووڵەکانیان هەر کەس بۆ لایەك پەرەواز بوون و ئەوی مابووشن بوونە گۆشەگیر و لە ماڵی خۆیان دەرنەکەوتن و دەستیان بە کلاوی خۆیان دادەگرت نەوەك با بیبا. تەنانەت پیاوی وەك محەمەدئاغای کەلهۆکی -کە هەڵبژاردەی ڕاوێژکەرانی لای خانەدانی زیائەدین و گەورە کەیخودای ناو ڕۆژەکیان بوو- لە ڕووی ناچاری ببووە نۆکەری تورکمانانی ئاققۆینلوان و لە عیراق دەژیا. زۆر جار وادەبوو دەچووە شاری قوم سەری لەو کوڕە میرانەی دەدا و بۆ خزمەتکاری و دڵخۆش کردنیان درێغی نەبوو. تۆمەز پیاوێکی زۆر جیهاندیدەو خاوەن ئەزموون و تێگەیشتوو بوو هەر هێدی هێدی باسی ڕۆژەکی و پیاوی زۆریان و لە خۆ بوردوویی و چاونەترسیان بە گوێ هەڵدێنان و بۆی دەکوتن کە چۆن خانەدانی وان لە کوردستاندا کەس تایان نیە و لە پایەبەرزی و ڕەگەزپاکیدا بێ بەرهەڵستن. جارجارەش خۆشی کەشی کژان و تەرزی باغان و سەوزی چیمەن و دیمەنی جوانی ناوچەی بدلیسی بۆ باس دەکردن و مەبەستی خۆشی دەخستە سەری و لە بنەوە دەیگوت وەنەبێ قەلا و شوورەکان هێندەسەخت و دژوار بن بە کەس نەگیرێ. هۆزی ڕۆژەکی سەرداریان هەبێ، زۆر بە هاسانی بەردەستیان دەکەن. کە زانی کوڕگەل گوێی بۆ شل دەکەن، بە ڕاشکاوی لە لای درکاندن کە ئەگەر یەکێك لە ئێوەی ئازیز بێنە کوردستان، هەر بگاتە وێ، هەرچی ڕۆژەکین گەورە و گچکەیان شوێنی دەکەون و بە یاری خودا چی وای پێ

ناچیٚ قەڵاکان دەگرین و ئەوسا بە دڵی خۆش، خانەدانی سیس، گەش دەکەینەوە و بە ئاوات دەگەین. ئەوجار ما دایك! چووە خزمەت ئەویش و بە زمانی خۆشی و نەرم و نیانی گرێی دڵی خۆی لە لا کردەوە و گوتی ئەزیەنی ئەگەر دڵت بیٚ و یەك لە کورەکانت ڕەگەڵ ئەم بەندەی دڵسۆزەی بخەی و من لە خزمەتیا بچمە کوردستان، بە دڵ و بە گیان نۆکەری دەکەم و هۆزی ڕۆژەکیش بۆ دەنگ دەدەم و دەتوانین بدلیس لە ژێر چنگاڵی تورکومانەکان بە زۆر دەرێنین و تۆڵەی چەند ساڵەی خۆمان بستێنین و هۆزی ڕۆژەکیش -کە دەربەدەرن و زۆر خاکە سەرن- لە سایەی تۆوە دێنەوە ماڵ و سەر خاك و ئاویان و چاویان بە میریان ڕوون دەبێتەوە و ئەو چاکەت لە بیر کەس ناچێتەوە. هێندەی بۆ هەڵخوێند و دەسوێندانی گرت، دایکی بێچارە لە ڕووی ناچاری ڕازی بوو ڕۆڵەی لیٚ دوور کەونەوە. دوو جگەرگۆشەی کە حەسەنعەلی و حوسێنعەلی بوون دانە دەست ئاغا و محەمەدئاغاش هەردووك میرزادەی دەگەڵ خۆ هێنا و هاتە هەکاری و بوونە میوانی هۆزی ئاسوری -کە لە ناو خەڵکی بە سەوەچنان ناوبانگیان هەیە- لای پیاوماقولی هۆزەکەی دانان و گوتی ئەوانە فرزەندی منن و پێویستە زۆر باش ئاگاتان لیٚ بن و تا من دێمەوە لە پارێزگاریان درێغی نەکەن. خۆشی بە تەنیا ڕووی کردەبدلیس کە هۆز و خزمان ئاگادار بکا و کۆیان کاتەوە و مژدەی هاتنەوەی میرزادەکانیان پیٚ ڕاگەیەنیٚ و خۆ ئامادەکەن تا لە ژێر سایەی شاباڵی واندا وڵاتی خۆیان لە دەست داگیرکەر ڕزگار بکەن و ژیانی سەربەستی دامەزرێننەوە.

ئەو سەروبەندەش ئەو ئاسۆریانە کە ژێر فەرمانی عیززەدین شێری میری حەزۆ بوون، فەرمانی میریان خستە بەرپێوە و لەڕیٚ لایان داو هەرچی میرگوتی جوابیان نەداوە و هەرایان ناوە و میرعیززەدین شێر خۆی لیٚخۆش کردن تەمێیان بکا و لە پڕ لەشکری هێنانە سەر و شیشاجەستەیان.

ئەگەر ڕێگای هەڵاتن بکریٚ بەربەست   پشیلەش دێتە شەڕ وەك شێری سەرمەست

ئاسۆری کە دیتیان چاریان ناچارە و هات و هاواری سەر و ماڵیانە، زۆر نەبەردانە ڕووبەڕووی بوون و دەگژی ڕاچوون و دەستیان دانەنواند و پاڵەوانانە هاتنە مەیدانیٚ و هەنگامەیان کرد. هەردووك میرزادەش کە لەو شەڕەدا بۆ هاریکاری خانەخوێی خۆیان

هاوکاریان دەکرد، شەهید کران و سەریان تێدا چوو.

محەمەدئاغا لە لای خۆیەوە هۆزی ڕۆژەکی دەدەسك نابوو، هەر چاوەنۆڕ بوون میرزادەبێن و پێشوازیان بچن و فەرمانیان دەنێ و هەڵکەنە دژ و دەگژیان ڕاچن و دژ و قەڵایان لە دەس دەرێنن و هەروەها مەزن و سەرۆکەکانی کوردستانیشی بۆ ئەو مەبەستە تێگەیاندبوو. گش چاوەنۆڕ بوون کە ئەمرۆ و سبە میران بێنەوە و شۆڕش هەڵگیرسێ؛ کەچی لە نەکاو ئەو دەنگ و باسە جگەربرژێن و هەناوسووتێنەی مەرگی ناکاوی ئەو جووتە لاوەی هێندەچاو لە دوو، کەوتە بەر گوێیان و گشکەس لە سوێیان و لە تاو و توێیان هۆشی لە دەس داو دەسی کلۆلیان وەبەر تویڵی ناهومێدی داو دڵسارد بوونەوە.

بوو بە شین و شەپۆڕ و گریان و قوڕپێوانێك، ڕۆژی حەشریش وانابێ. ڕۆژەکی بە دابی خۆیان بۆ شینگێڕی و ئازەیەتباری، خۆیان دەخۆڵ دەگەوزاند و کولاڤی ڕەشیان کردەبەر و پەڵاس و کوێنەدەواریان بە سەر شان و پیلان دادا و پێسیری خۆیان دادڕی.

هەموو چاوێك لە تاوان خوێنی باراند   دڵان بۆ جێی کەسەر، خۆشیان دەتاراند

بەڵێ دنیا هەروا بووە؛ هەرواش ئەوێ. هەرچی لە ئاسۆ سەرکەوێ و تیشك بدا، ئاواش ئەوێ. کام دام و دەزگای پتەوە کە هەتا سەر هەر بمێنێ و بوومەلەرزەی دەستی گەردوون نەیلەرزێنێ و نەیرمێنێ؟

چمان دی و چەنێ بەژن و باڵا چەمان؟   گوڵی گەش وەرین و نەمامان نەمان!

لە باغی جیهان چی هەتا سەردەژی؟   مرۆ بۆ گڵی گۆڕە، دار بۆ ڕەژی

پاش ئەو بەڵای ناگەهانە، محەمەدئاغای کەلهۆکی کەوتە ناو شیوی شێوان و قەڵەمی دەست و پێی شکا و ڕایەڵ و پۆی بیر و هۆشی تێك ئاڵقان و ئاڵۆزان و دایە کێوان و دەستە و ئەژنۆ بە قوڕپێوان دەگۆشە و کەناران دەخزی و فرمێسکی هەڵدەوەراند و بە دەم قوڵپی گرینەوە و بە جەرگی پڕ برینەوە، لە بەرخۆیەوە دەیورتاند: گوڵ خونچەی گەشی باخی ئاواتم! هیوای داوڕۆژی کوردستانەکەم! شەختەی نەهاتی و چوون بەسەردا هات؟ مەرگی بێوادەچۆنی دینەوە؟ چز و هەڵوەرین؟ چۆنتان جێ

هێشتم؟ بەهاری ساوام خەزەڵوەری کرد و چومە پاییزی هەناسەساردی. هەزار ئاخ و داخ بۆ نۆنەمامی شەنگ و چەلەنگی باغی میرانم؛ کە جێ هومێدی کوردەواری بوون. کامە چاوپیس بوو کە بەژنوباڵای بە چاو هەنگاوتن؟ مەرگی لە نەکاو وا بە ناکامی هەڵی پەرتاوتن و بە تەوری ستەم بە لایدا هێنان! من لە دوای ئێوە ژینم بۆ چیە؟ ئێوە هومێد و ئاواتی من بوون؛ پیاوی ناهومێد داری بێبەرە و چاری برینە و بۆ ئاگر دەشێ.

ئەو خەریکی شین و شەپۆڕ و هەناسەی سارد هەڵکێشیان بوو، کەچی لە پڕ یەکێك لە دۆستانی لێ پەیدا بوو پێی ڕاگەیاند کە مزگێنیم بۆ هێناوی ئەوسا کە سولەیمان بەگی بێژەنئۆغلی هێرشی کردبووە سەر بدلیس و ئابلۆقەی قەڵاکەی دابوو، برایەکەی ئیبراهیم بەگ میرشەمسەدین ڕۆژێك دەرفەتی هێناوە و لە قەڵایە دەرکەوتووە و ڕایکردووە و چۆتە بۆتان و خۆی کردۆتە پەنابەر و میرمحەمەدی ئازۆخی کیژی خۆی لێ مارە کرد و لەو کیژە کوڕێکی هەیە ناوی لێ ناوە شەرەف بەگ و ئێستا باوك و فرزەند هەر دوو ماون و لە ناو بۆتانیانن. محەمەدئاغا بەو موژدەتەمی خەمی لە سەر ڕەوی و ئاهێکی دەبەر گەڕاوە و تەواو بووژاوە و گەشاوە. بە لەز ڕووی کردەبۆتان و میرشەمسەدینی چاو پێکەوت و زۆریش وە بەردڵی کەوت و لە هەستان و ڕۆنیشتن و ئاخافتنی بۆی دەرکەوت زۆر پیاوێکی بە قیمەتە و ئەوی ئەو بە ئاواتیەوە بوو، هەوە. لە لای دانیشت بە هەنیسك و فرمێسکەوە هەرچی بەسەرهاتەکەی بوو سەرلەبەری بۆگێڕاوە و میرشەمسەدین کولیگری دەئەوکێ ما و لێی پرسی ئێستا چت دەوێ و بۆچی هاتووی؟ گوتی: ئەز غولامێ تەمە؛ ئاخر چارەمان هەر ئەتۆی. دەست لە دەست و قەوەت لە خوا ڕابە و لەگەڵما وەرەوە و سەرداری هۆزەکەت بکە با چیدی سەرگەردان نەبن و وەك پەزی بێ شوان نەمێنن. میرشەمسەدین دڵی نەشکاند و لە تەکیا هاتەوە وڵات و هەر دەگەڵ گەیشتنەوەیان، هەزار و پێنجسەد مەردئازا و کارامەی هۆزی ڕۆژەکی لە ژێر ئاڵای کۆ بوونەوە و بێ خۆگرتن دەورەی قەڵای بدلیسیان دا. لەو دەمەشدا ناوچەکانی بارگیری و عەدلجەواز و ئەرجیش، بە دەست هۆزی تورکمانی محەمەد شالوییەوە بوون. هەر کە زانیان میرشەمسەدین هاتۆتە سەر قەڵای بدلیس، بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتنە یاریدەی دژداران. شەمسەدین پێشی لێگرتن و شەڕی تورکمان و کوردان لە دەشتی ڕەهوادا قەوما و هەر دوولا زۆر بە دلێری دەگژ یەکتری ڕاچوون و

کوردی نەبەرد و پاڵەوان لە عەگیدی و میرخاسیدا کارێکیان کرد کە مێژوو شانازی پێ بکا. بەڵام دیسان بێئەنجام بوو.

کە گەردوون چاکی لێ کردی بەلادا ... کەمەند و شیر و تیرت بەهرە نادا!

لەشکری ڕۆژەکی شکا؛ میرشەمسەدین بەر لەوە بە ئاوات بگا و قۆڵی دوژمن ببڕێتەوە، قەلی مەرگ لێی قڕاند و مەلی گیانی هەڵفڕاند و گوڵی تەمەنی بابردی و پەژارەی ئاکامی ناکام -چەشنی تیکان و دڕکەزی- بە برك و سی یاران و دۆستانی داچوو. محەمەدئاغا نەکوژرا؛ بەڵام سەدخۆزگەی بە کوژراو «ماوم بەڵام چمانێ؟ گەلێك خۆشترە نەمان[1].» کەوتەوە ناو نامرادی و خۆشی و شادی لێ تەرەبوو. خزا بن تەرەی دڵساردی و بە چاوی تەڕ و سوورەوە لە بەرەژووری دەڕوانی و بۆ گازندەی چارەڕەشی بەمجۆرە گەردوونی دەدواند:

کەنگێ لە خەوێ ڕادەپەڕێ بەختی ڕەشی من؟ ... تا کەنگێ کلۆڵی و کول و بێبەشیە بەشی من؟

وەك جاران بگرە زیاتریش سەری ئەژنۆی کردەسەرین و شین و گرینی نوێ بۆوە؛ بارانی ڕۆندکی سووری خوێناوکی لە برینان پڕژاند و کوتە جەرگی توێ- توێ بۆوە، نە هەوای سەربەستی مابوو، نە دەستی دەچووە هیچ کاران. تەنیا ئامەزرۆی مردن بوو! کەچی لە ناکاو وەك یەکێك لە عاسمانەوە بیدوێنێ و فرشتەیێکی بەهەشتی دەگوێی هۆشی بسرکێنێ:

سەرت هەڵبێنە ئاکەی سیس و سستی ... بە لاداکە بە گورجی چاکی چوستی

دەنك دەرزێ بمێنێ زۆر لە بن گڵ ... ئەشێ دەرچێ هەتا گوڵ بێ لە سەر چڵ

لە سەر خۆ لادەپەردەی ناهومێدی ... تەمەڵ بەختی لە کاردا بووبێ کێ دی؟

بە دڵساردی مەوێژە چی لە من دێ؟ ... لە خۆبوردوو بە! کێوت بۆ لە بن دێ

لەو دوژدامانە تێپەڕە! لەم خەوە چاوە هەڵگلۆفە! ببزوو، ڕاپەڕە تەکانێك، بە تیری ساردەکەوانێك، کێلی ئامانجان بنگێوە! مامزەی شنگڵ لە خۆدانێك، لە تەڕادی ئەسپی ئاواتان ببزێوە! لە خەودان و

---

[1] - لەتە بەیتێکی هێمنی موکوریانیە. هەژار

ئارەقانیدا شتڵ کەو بە سەررە و هەرۆ عیراقیێ و میرشامحەمەدێکت ماوە سەرێکیش دەگەڵ وی بسوو! لە ئاسۆی ئەم خانەدانە، ئەویش ئەستێرێکی گەشە؛ مەهێڵە لە قوم بمێنێ و لە دەریای دووریدا قوم بێ. بیخەوە ناو گەل و هۆز و کلیلی دڵخواز و دۆزت -لێت ڕوون بێ- لە دەست ئەو دایە.

محەمەدئاغا کە لەپڕ ئەم بیرەی بە دڵدا ڕابرد، تروسکێك لە درزێکەوە تاریکی لە بەر چاو ڕەواند و جێ باقە تیشکێکی شاندا کە سەر ڕۆچنەی ئاخ و پەکوان داپۆشیبوو. پێی دەرکێف ناو عیراق و قوم بگرە و هاتم! چووە خزمەت دایکی میرزادان و بە دەم کوڵی گریانەوە کارەساتی جەرگبڕی حەسەن و حوسێنی گێڕاوە؛ کە بە ڕاستی شینی شەهیدی کەربەلای دێناوە یاد. باسی بۆ کرد کە چۆن میرشەمسەدینیشی کوژرا و چۆن ڕۆژەکی بێ سەرکردەو سەردار ماوە و منیان ناردۆتە خزمەت تۆ میرشامحەمەدی بنێری و بە بەندەی خۆتی بسپێری و بیبەمەوە کوردستان و هەموو هانامان هەر بەوە.

دایکی کلۆڵ و بەستەزمان کۆنەبرینی کولانەوە؛ گەرمەشێنی لێ ژیانەوە و دەستی کرد بە بانگ و هاوار و سینگ کوتان و هەیرۆڵەرۆ! ئیتر داوخوازی محەمەدئاغا و کوڕیتری دەگەڵ ناردن تازە نەدەکرا باس بکرێ. ژن لە تاو جەرگی بەو زگسووتانە کارێکی دەکرد هەر مەگەر دایکی دوو گۆڕ غەریبان بزانێ چۆنە! لە باتی وەرام، محەمەدئاغا چەند جوێنێکی خوارد و گوێچکەی باش ئاودا کە ئەو خەونانەی بەراوەژوون و بۆی نایەنە دی. محەمەدئاغا دەستبەردار نەبوو؛ داوێنی تکای لە دەست نەدەدا و بە کزی دەیگوت: ئەگەر بمکوژی و سیرمە- سیرمەم کەی تازە وەك هاتووم بە دەستی واڵا و بێ شامحەمەد ناگەڕێمەوە. خاتوونی بەڕێز! تۆ هەر بەزەیت بە خۆتا نەیە؛ سووکە ئاورێکیش وەسەر مە بدە. هۆزی ڕۆژەکی بە نێر و مێوە، گەورە و گچکەیان، منداڵ و لاویان، پیر و زورهانیان، بە دەربەدەری و هەناسەساردی و نێز و ئاوارە، لەودەر لەو کۆڵان، بێچارە و کلۆڵ دەسووڕێنەوە و گش کات و ساتێك دەستی نزایان بەرەو عاسمانە و لە دەرگای یەزدان دەپاڕێنەوە و هەر خواخوایانە شامحەمەدیان پێ ڕەوا بینێ و دڵ و دیدەیان پێ ڕوون بێتەوە. ئەگەر بەزەییت بە مندا نایە، بۆ ئەو بابە کوشتە و زگ سووتاوانەش سۆت نابێتەوە؟ ئیتر هەر چۆن بوو دایکی بێچارە لە ڕووی ناچاری ئەو تاقە کوڕەشی دابە محەمەدئاغا و ناردیە کوردستان. هێندێکیش دەڵێن بێپرسی دایك

محەمەدئاغا میرشامحەمەدی هەڵفریواند و دەگەڵ خۆی هێنا.

میرشامحەمەد لە ساڵی ٩٠٠ك (١٤٩٤و ٩٥ز)دا بە پێ و قەدەمی پیرۆزی بدلیسی بە سەر کردەوە و هۆزی ڕۆژەکی بە نیاز گەیشتن و دەهۆڵی درا و شایلۆغان کرا و گاوگەردوونیان دەپێشدا کرد و خێر و خێراتیان دەبەشینەوە و سوژدەی سوپاسیان بۆ خودا دەبرد.

دەست بەجێ کۆڕی پسپۆڕان گیرا و لەمەڕ گرتنی قەڵای بدلیسێ بە درێژی دوان. چون لایان وابوو کە ئەم چەند جارە بە ئاشکرایی دەورەیان داوە و هەر نەگیراوە و میرشەمسەدین و زۆر کورە ئاغای هۆزی ڕۆژەکێش لەو ڕێگەیەدا سەریان داناوە، بڕیاریان وادا باری شەڕەکە ئەمجار بگۆڕن و ئەمەش پلان بێ لە ناو دڵی ڕەشی شەودا کە گەردوون بۆ ئازیەتباری سەرتاپا ڕەشی پۆشیبێ و نەهەنگی دەریای تاریکی، ماندووی ڕۆژی هەڵلووشیبێ و جندۆکەی شۆفار و گوێگر، بە بەری عاسمان هەڵڕووسکابێ و دژداری تورکومانی چاو و دڵیان دەخەودابێ، ئەوسا ڕازەوانی چازان کەمەندان باوێننە بورجان و گورجانە بە دژ هەڵگەڕێن و بیکەینە جەنگی تەن بە تەن. ئاوا نەبێ ئەستێرەی چارەڕەشیمان ئاوا نابێ. بەو ئاوایە پیاویان ناردەناو بایەکی و مۆدەکیان و ڕازەوانیان دۆزینەوە و هێنایاننە خزمەتی میرشامحەمەد و ئەویش زۆری دڵ دانەوە و بە بەڵێن دڵخۆشی کردن. ڕازەوان پەیمانیان دایە هەرگا فەرمانیان پێ بدا، ئەگەر لە جێی پەت و گوریس شادەماری خۆیان دابێ و بە پێپیلکەی مەرگی ڕەشدا سەرکەوتبن، بە قەڵا هەڵدەگەڕێن و ئەوسا یان گیان دەدۆڕێنن یان دژداری تورکمانان دەخوێن و خوڕ دەگەوزێنن. ئەمجارە کەوتنە سەر بیری لێکدانی نەردیوانان و هۆنینەوەی کەمەندان و پەت و دار ئامادەکردن. جا وەك دەڵێن ئەگەر خودا کار ڕێك بێنێ، هۆیەکەشی دەڕەخسێنێ؟ خوا گەیاندی ئەبوبەکر ئاغای بایەکی -کە پیاوەکی دنیادیدەو زۆر کارامە و بە ئەزموون و دڵسۆز و دەبنەوەبڕ و کار قایم و دوورئەندێش بوو- هاتە خزمەت میرشامحەمەد و عەرزی کرد لەو ڕۆژەوە کە تورکمان بدلیسیان لێ داگیر کردووین کار و پیشەی شەوورۆژم نەردیوان هۆنینەوە بووە. هەر دەمگوت ڕۆژێك هەر دەبێ سەردارمان پەیدا ببنەوە و دیسان بە سەرمان کەنەوە. ئەوسا با منیش ئەوەندەم لە دەست هاتبێ. ئێستەش هەتا دەڵێن بەسە پەت و دارم لێك هاڵاندوون و لە کووپاندا شاردومنەوە و کووپەشم وەبن گڵ داون و چاوەنۆڕی ئەمڕۆژە بووم. سوپاس بۆ خودا کە بە نیازی دڵ گەیشتم.

خودای گەورە! لە سەرمە هەر سوپاست کەم هەتا ماوم
بـە ئـاواتت گەیاندووم و ئەوی ویستوومە پێت داوم

ئیتر خوا بتحەسێنێتەوە! ئەردیوانی ئەبوویەکرئاغا خێری خوا بوون و تێری کارەکەیان دەکرد. میرشامحەمەد هەر شاگەشکە بوو؛ پاش لاواندنەوە و ئافەرینی زۆر، دوو گوندی مولکی کە خەزونگین و ئیکسور بوون و سەر بە تاتوانن، کردنە خەلاتی ئەبوویەکرئاغا.

کەرستە ساز بوون؛ نۆبەتی کارهات؛ دەهەندەهەندی نیوەشەوێکدا کە ئەگەر مانگیش هاتبا لە بەر تاری ئەنگوستەچاو بە دەستەکوتە دەڕۆیی و عاسمان بۆ دیتنی زەوی بە هەزاران چاو دەیڕوانی و دەریا و چیاشی نەدەدین، ڕازەوانان لە لای باکووری قەلاوە -وەك پەلەپووشی گەردەلوول- بە دیواری بورجی ڕەشدا وەسەرکەوتن و ژوورێکی کەس تێدانایان لە ناو ژووراندا بەدی کرد و سەرەپەتی پەیژەکانیان لە پەنجەرانی گرێدا و هاتنەوە خوار. سا نۆرەی پالەوانان هات:

ئەوەندی کەمەند ڕوو بە بالا دەچوو   ستێرەش لە ترسی لەڕێ لا دەچوو
لە جێی نەردەوانان لە سەر پیل و شان   لە دیواری دژ سەرکەشان هەلکشان
کوڕی کوردی شیشانە گیانی نەیار   پەلاماری گورگانە بۆ کۆزی کار
کری شیر و خەنجەربڕینە و بڕین   لە کوردان گوڕینە و لە دوژمن گرین

کوردی دلێر و مەرگکڕ و دوژمندڕ، دەستیان لە گیان و ژیان بەردا و داوێنی هومێدیان گرت و وەسەر کەوتن. دژداران و پاسەوانانی تورکومان خاو-خاو لە ناو نوێن و باندا بە پرخەوە دەیانمڕاند و کوڕەکوردیان گەینە سەرێ و زۆریان هەر بە خەوالوویی لەو عاسمانە بەرزەوە بە جەهەندەم موشەڕڕەت کرد و بە هەلداشتن هەپروون بە هەپروونیان کردن. هێندێکیش کە لە ژووراندا بوون، دەرگەیان لە سەر گالەدان و کۆمەلێك هەرە بەکار، خۆیان دەپالّ حاکمی قەلاکە هاویشت و دەریانکێشاو ڕایانکێشاو سەکەتیان کرد و ئەو جار چوونە ویزەی دەست و پێوەندان و کارداران و یەك یەك پەتیان خستنە مل و کێشایانە پای حەسابێ و قەت تاقێکیان لێ نەبواردن و خڕ و پڕیان بە عیزرائیلی ئەسپاردن. ژن و منداڵەکانیشیان لە قەلا و ولاتیش دەرکرد و گولستانی نیشتمان و

میرخوزاری کوردستانیان لە گیا بۆگەنە بژار کرد و لە درِ و دالّیان پاکردەوە.

میرشامحەمەد بە شادی فەرمانڕەوایی ڕۆژەکی گرتە دەست و لە جێی باب و باپیرانی پایەبەرزی خۆی دامەزرا و ئەویش وەك ئەوانی پێشوو تێشوودەری هەژاران و پەنادەری بێچاران و دادگەر و گەلپەروەر بوو. بەلاّم دەورانی فەرمانی، وەکوو -هەرِەمەی لاوەتی- زوو ڕابرا و ماوەی سەروەری کردنی لە بەر کورتی وەك دەستی نەداران دەچوو. سێ سالاّن سەرداری کرد و لە سەر داربەستیان بەڕێکرد. لاوێکی زۆر هێژا بووە؛ زۆر ئازا و دلاّوا بووە و بە سەربەرزی و ئاکارتەرزی ئێستاش هەر زۆر بەناوبانگە.

سالّی ٩٠٣.ك (١٤٩٤.ز) عەمری خوای کرد و لە گۆکمەیدان لە لای گۆڕی پڕ لە نووری ئەمیرشەمسەدینی وەلی -خوا بیبەخشێ- ناشتوویانە. کوڕێکی تەمەن مندالّی لە پاش بەجێ مابوو کە ناوی میرئیبراهیم بوو.

بڕی چوارەم

ماڵە میرانی بدلیسیْ چۆنیان بدلیس لە دەست داوە؟

چوار هۆی هەبووە

هۆی یەکەم:

کێشە و هەرای میرئیبراهیم و میرشەرەفی خوالێخۆشبوو

خودا گەر بۆ یەکی هێنایە پێشیْ — لە گشلا هاتە پیلی ڕادەکێشیْ
لە سەر هەستە و بەری چاوانی ڕوونە — وشە و فەرمایشی بیْ چەند و چوونە
هەچی دەیلیْ و هەچی دەیکا ڕەوایە — لە بەریا کامڕەوایی وەك کەوایە
چ کەس بیْ و بەرهەڵستی بیْ زەبوونە — پەلە پیاڵەی ژیانی و سەرنخوونە
لە هەمبەریا ئەگەر سەد شێری بێشەن — دەیانهاڕیْ مەواچۆ ئینە چێشەن؟

چاپکسوارانی قیت و قۆز و دڵسۆزی هۆز، بە خەفتان و کڵاوخود و زریْ و قەڵغان و تەوەرزین و گورز و گۆپاڵ و کەمەند و تەرکەش و کەوان و نێزە و ڕمی هەژدەقەفی حەیزەران و شیری میسری جەوهەردار و خەنجەری دمشام و دەبان و قەزبێن و تێخی قەرەخوراسانی دوخ و مەودا ڕێك و مووکار و کالان زێڕ و دەسك ماهی و سیْگۆ لە سەر و بە کۆستەك ڕازانەوە، ڕاویان لە مێژوودا بەشی کارمامز و ئاسك و شوور و مەڕەسوور و کور و گێسك و نێری شاخی و کەڵەکێوی و قاز و قورینگ و هەڵەتانج و سوورەقانگ و چێرگ و پۆڕ و سوێسکە و بۆرچین و سەرسەوز و ڕەشیشە و سی، دەنگ و باسیان هەڵستاندن و قەفانچەلەی ژێی دوباد و کرژو بە کێشیان کێشان و بە تیری بە پەڕ و پەیکانیان پێکان و ئاوقای ئاڵقە و گەوی کەمەندانیان کردن و بەرزەفڕیان نەوی کرد و کوڕ ڕەگوێیان کەوی کرد و لە ناو بەندی ڕیز و پێتان لە خەتیان دان و شکارنامەی ئەم باسەیان بەم تەرحە نیشان ئێمە دا:

میرئیبراهیم کە باوکی مرد -ئەگەرچی هێشتا منداڵ بوو- بە جێنشین ناودێر کرا و هەڵسوڕانی

کاروباری دنیاداریش درایە دەستی بـە هێـزی عەبدولڕەحـمانئاغـای قەوالیـسی و چـەند ئاغایـەکی ڕۆژەکیش لەو ئەرکە هاریکاری بوون. میرشەرەفیش کە زەمانی میرشامـحەمەد لە ئـەروخی بۆتانـەوە هێنابوویان، لە سەر پەسندی ڕۆژەکیان، لـە بریکـاری میرئیبـراهیم ناوچـەی مووشـی پـێ سـپێرا و ماوەیەك ئاوا ڕابرا. تا شێخ بلباسی لە ڕکی عدبدولڕەحـمانئاغا و بەرەبابی قەوالیـسی، لـە بدلیـسێ باری کرد و ماڵەکەی خۆی بردەمووش و لە کن میرشەرەف دامەزرا. ئیتـر ئەوسا زمانشڕ و کەتنگێـڕ و چاوچنۆکان دەستیان خـستێ و تـەبایی ئامۆزایانیـان کردەنـاکۆکی و دردۆنگـی. میرئیبـراهیم بـە یارمەتی عەبدولڕەحـمان قەوالیسی، پیلانێکیان بۆ میرشەرەف دەبەرچاو گرت. وایاندانا کارێك بکـەن میرشەرەفێ بێننە بدلیس و سۆمای چاوی بۆ نـەهێڵن و هـەرتك گلێنـەی هـەلکۆڵن. سـەیدی ئاغـای قەوالیـسی[1] -کـە خەزنـەداریان پـێ دەگـوت- بـەو کاکـە و برالـەی زانـی و زۆر بـە هەلپـە خـۆی گەیاندەمیرشەرەف و دەنگ و باسی ڕاوەچاو و چاوەڕاوی بە گوێ گەیاند.

میرئیبـراهیم نـامێکی بـە ئـاب و تـاب و گێلۆکـە هەڵخەڵـەتێنی -بـە نۆکـەرێکی ڕازدار دا- ناردەمووش و بۆ میرشەرەفـی نووسیبوو: ئارەزووی دیداری ئێوە ئارامی لە من بڕیـوە و زۆر دەمێکـە تۆم نەدیوە و تکا دەکەم ئەگەر لێتان گران نەیە بۆ چەند ڕۆژێك بێنە بـدلیس و بـۆ ماوەیـەك پێکـەوە خۆشی ڕابوێرین. ئەم مابەینەش ئەگەر جار-جـار دەردی دووری گـەردێکی خـستۆتە نێـوان و تەنکـە تەمێك دێتە بەرچەم، بە هەمدەمی بە ودمی تۆ ڕایـماڵیـن و بیـرەوێنیـن.

میرشەرەف کە سوور دەیزانی ئەم دانەخۆرە بۆ ڕاوە و داوی چاوی لە بەرچـاو بـوو، خاوەخـاوی لـە چووندا کرد و خۆی لە قەرەی تەپکەی نەدا. زۆر نامە ئاڵ و گۆڕ کران و وردەوردەبۆرەگلەیی ورد و نەرم بوونە قسەی زل و درشت و گەف و هەڕەشە لێك کران و میرئیبـراهیم دەگەڵ هێنـدێك لـە میـرەکانی کوردستان لەشکری بردەسەر مووش و مووشەدەمەی شەڕی دەماند. لاگرانی میرشەرەفیش -کە سـوار بەگی پازۆکی (لەلە) و میربلباسی و سەیدی عەلیئاغای پرتاقی و جـەلالئاغـا و سـەید خەزێنـەداری برای و شێخی ئاغای جلەکی بوون- وێڕای دەست و پێوەندی میـر، خۆیان بۆ ئەو شەڕە سازدا و خزانـە قەڵای مووشەوە و سەنگەربەندی خۆیان کرد و وەك تای تەرداس ئامادەی بەربەرەکانی و خەبات بوون.

١- هەر جارێك «سەیدی» نووسیوە و دوایە دەیکاتە «سەید»ی ڕووت. هەژار

لە ئەنجامدا هەر دوو لەشکر پێك داهاتن.

زرێپۆش و تیخانی هیندی بە چەنگ — دوو دەریا لە پۆلاّ و پراوپڕ نەهەنگ
بە یەکتر گەیین، بوو بە قیسڕە و گوڕین — جەلێك سەر بڕینە و چەلێك زگ دڕین
لەبەر خوێن وخوڕ دەشتی شەڕ ببووە گۆم — لە تیران مەتاڵ بوونە تێژنگی دۆم
بە جۆرێك دەقەڵشی کلاّوخود بە شیر — وە بیریان دەهێناوە کێرد و پەنیر
دەهۆڵ کوت بوو پێمیردی مردن لەوێ — کەمێ دیبوو شاوا هەلێك هەلکەوێ

چون لەشکری میرئیبراهیم گەلێك زۆر و لاگرانی میرشەرەفێ زۆر کەمتر بوون، یەکەمین ڕۆژ سروەی باوخۆشی و سەرکەوتن ئالاّی بدلیسیانی شەکاند؛ بەلاّم چونکوو پیاوماقوولاّنی ڕۆژەکی دلّیان دەگەلّ میرشەرەف بوو، بە نهێنی نامە و پیاویان ناردەقەلاّ و دلّسۆزی خۆیان نیشان دا. چولاقخالید، کوڕی سوارەبەگیپازۆکی -بە پێچەوانەی باوکەکەی- شەڕکەری میرئیبراهیم بوو. ڕۆژێك شێخ میریبلباسی -کە لالۆی بوو- دەگەلّ سوارەبەگی باقی ڕایان ئەسپاردێ کە ئێمە دۆستی میرشەرەفین؛ زۆربەی سەرناسی ڕۆژەکیش دۆستی ئێمە پەسند دەکەن. تۆ چوویە لای میرئیبراهیم، پێمان نالّێی بەهرەی چیە؟ بە باب و فرزەندایەتی ڕووت لێ دەنێین؛ تۆش وەرە ناو کوڕی ئێمە و بەرفەرمانی میرشەرەف بە و فەرمایشتی وەك ئالّقەی کۆیلەی زێرخڕید، دەگوێ بگرە.

خالید بەگ بە گوێی کردن و هەوالّی بۆ باب و خالّ نارد وا شەوەکی میرئیبراهیم پەلاماری قەلاّ دەدا، ئێوە دەرگا گالّە مەدەن؛ خۆم و هەموو پیاوەکانم خۆمان دەخەینە ژوورەوە.

سۆزی کە پادشای ڕۆژهەلاّت هێرشی بردەسەر قەلاّی دێوی ڕەشی ئەستێرەگر و مەنجەنیقی ئاگرپژی تیشك و تینی لەسەر ئاسۆگان دامەزراند، تیری تیژی تیژپەڕ و نیشانپێکی دوورە هەلّەی لە دار و دیواران باراند و دەشت و کۆساری بەر خۆ داو خێوی شەوی تا ئەولای حەوکێوان تاراند. کوردی سەر و خەنجەر وەشێن و خوێن خۆرەوە و خوێن ڕژێنی ژێر فەرمانی میرئیبراهیم شالاّویان بۆ قەلاّ هێنا و لە جەنگەی هەلّمەت بردنا، خالید بەگی خاوەن بەلّێن دەرفەتێکی خستە دەست و لە لایێ فیسمالکی دایە و خۆی ئاویتە ناو قەلاّیە. میرئیبراهیم کە ئەم بەلاّیەی بەسەر هات، ڕەنگی بزڕکا و

شلەژا و ترسی هاتێ کە هات ڕووی لێ وەرگێڕابێ و هەر بەوەندەش نەبڕێتەوە و هیتریشی بە دوودا بێ، دەستی لە دەورەدان بەردا و بەرەو بدلیس گەڕایەوە.

میرشەرەف بە لەشکریەوە کەوتە شوێنی و دەورەی قەڵای بدلیسی دا. هەموو ڕۆژێ دەستە-دەستە و کۆمەڵ -کۆمەڵ، لە ئاغایانی ڕۆژەکی میرئیبراهیمیان جێدەهێشت و دەهاتنە خزمەت میرشەرەف. دەم لە شوێن دەم نیشانەی کزی و زەبوونی و گلان و سەرەونخوونی لە دژداران دەردەکەوت و ناهومێدیان بەردەکەوت. تا کار بە جێگایە گەیشت لە سەر بیری میرئیبراهیم و دنەی عەبدولڕەحماناغا، ڕیش چەرمگ و کەیخودایان ڕاسپاردەلای میرشەرەف و کەساسانە پاڕانەوە و گوتیان ئێمە کە پسمامێ هەڤدوین ئەم وڵاتە بە کەلەپوور پشکی مەیە، میرشەرەف برای مەزن بێ؛ بدلیس کە وار و بنگەهی لە مێژینەی خانەدانە، ئەخلاتیشی دەخەینە سەر، با بۆ ئەو بێ؛ مووش و خەنووس دەمێننەوە ببنە پارا میرئیبراهیم و هەردوو پسمام لڤرپیوە بە هاوبەشی بەو مەڵبەندانە ڕابگەن و دنیاش پێنج و دوو ڕۆژێکە و دەبڕێتەوە؛ ئامۆزا بۆ ماڵی دنیا شیر لە ڕووی هەڤدو بکێشن و خونا یەك و دوو بڕێژن، کارەکە گەلەك نەقەنجە و ئاکارەکی پڕ گەمارە.

میرشەرەف و هەواڵانی ئەو ڕێویبازی و فێڵسازیەی ئەمان هێنایانە کایە، بە دەسکەوتێ زلیان زانی و گوتیان بەو بەش بەشە ڕازین.

بڕیار درا میرئیبراهیم ئامادەبێ و میرشەرەف بانگێشتن بکا و بچتە قەڵا و ئاشت بنەوە و پەیمانی دۆسی ببەسن و ببنە سوێندخۆری یەکتر و هەتا ماون بە بەشی خۆیان بساچێن و کەسیان چاوچنۆکی نەکا. میرئیبراهیم نان و خوانی بۆ میوانی ڕازاندەوە و میرشەرەف دەستە پیاوێکی لە هاودەستان و یارانی نزیك و تێڕادیوی خۆی دەگەڵ خۆدا بردەقەڵا و ئامۆزای هاتە پێشوازی و یەکتریان دەهەمبێز گرت و هاتنە سەر و ڕووی یەکتر و زۆریان چاك و خۆشی کرد و چوونە سەر خوان. بەزم و ئاهەنگ شاهانە بوو؛ مەیگێڕانی شل و مل و چاو بەکل و بەڵەك پڕ و سپی و سۆڵ و نەرم و نۆڵ و دەس بە خەنە و دەم بە خەنە و ڕووگەش و شاد -بە نازەوە- بادی زێڕینی پڕ بادەی یاقووتی و ئاڵیان دەگێڕا و بە دیمەنی خەمڕەوێن و بە نەرمەگەشتی کۆتری، برەوبەری هۆری و پەری نادیار و بە شەڕابی نیشەدەریان، ڕمێن بەری ئەو مەیە بوون کە لە بەهەشتی پاکاندا ڕووبارێکە.

ستـرانبێژی لە چەم زان و شایەر و سازندەی سازان، بە گەلێك ساز و ئاوازان حەیران و لاوکی کوردانـە و شوور و ماهووری عەجەم و کوچەباغی و بەیاتی تورك و پەردەی مقامی حیجازیان لێدا و دەنگیـان لێ هەڵبـڕی و هەست و هۆشیان لە مەست و سەرخۆشان بڕی و تەنانەت هەیڤی عاسـمانێ لە خۆشیانا خۆی دەبزاوت و ئەستێرە لەوبەر لەوبەران چاویان لە یەکتـر دادەگرت.

لــە هەر گۆشێکەوە مەیگێڕی چاومەست | لە بــادەی ئاڵ و تاڵ سینی لە سەر دەست
لە گش لایــەك گەواڵ و ســاز و ســەمتوور | لە هەر ســووچێك دەگاڵێــن تار و تەنبوور
لە کرنووش بـردنــا چەنـگیش بــە کۆمی | بە بلوێری دەگـوت ئـاودەنـگی خــۆمـــی
بــە ستـرانبێـژ و شـۆخ و کـوڵـمە ئـاڵان | هــەزار دڵ پێـکـــەوە دەبـــران بـە تـاڵان

لەو جەژنە پیـرۆزە -خۆشە کە چاوباز بە دڵواز دەگەین و ئاواتـخوازان نیاز ڕەوا بوون و هەر کـەس لە گەورە تا بچووك بووکی هیوای گرتە باوەش- میـرزادان فەرمانیان فەرموو کـە ئاغایـانی ڕۆژەکـی هەر کەس وێڕای هەمبەزمی خۆی، بچێتە گۆشە و کەناران و لە نـەدیوو بـەرپیواران بـا بـە ڕاشـکاوی ڕابوێرن! خۆشیان دەگەڵ چەند لاوێکدا بە تەنیا لە هۆدەکە مان. لەو دەمـەدا لە پڕ شێخمیــریبەڵباسـی دەگەڵ چەند سەربزیوێکدا وە ژوور کەوتن. لە بان کورسی میرئیبـراهیمی دابەزاند و پێی گوت:

کـەی ڕەوایە لیسی بازان کوندەبوو بیگرێتەوە؟ | کوند دەگەڵ کوندان لە وێرانان دەبێ بوخلێتەوە

دەستی میرشەرەفیشی گرت و لە سەر کورسی دانیشاند و ئەم شێعرەشی بۆ خوێندەوە.

پیـرۆزە بووکی دەوڵـەتـێ بـگـرە دەبـاوەشـێ | با هەر کەسەی لە شوێنێ بنیشێ کە پێی دەشێ

میــرزاچاکانی دیوانی یەزدان لە ژێر سەردێڕی «بەخشندەخوایە» گەواهینامەی شیاوی مــەزناهیان دامیرشەرەف و جاڕووکەشانی حەوش و بارەگای «بێگانەبـەدەر» میــری بـەرێیان لـە پـا هـەتا مـل زنـجیـرپێچ کرد و ڕەپێچەکیاندا بۆ سووچی زیندان.

کە نـزمـی و بـڵندی دەبـن جاروبار | خودایە و بەدەس خۆیەتی کـاروبـار
یەکێ تەختی خونکاری بۆ گۆڕ دەکا | یەکێکی بەرەو گۆڕ سەرەو شۆڕ دەکا

هێـژ کـار نەگەییـە بـەردەمی شیـر و ڕمبەڕمـب و ڕمبـان، دەسـتەوبەسـتەی میربـرایم و عەبدولڕەحـمان قەوالیـسی -کـە چەشـنی کـۆ لێـك کـۆ ببـوون- لیـسی خۆیـان بەجێهێـشت و وەك حەوبرالەیان لێهات و هەر کەسە ڕووی کردەلایەك.

میرئیبـراهیم حەوسالآن لە زینداندا ما. ئەو کاتەی میرشەرەف گیـرا و خەبەر دەکوردستان گەڕا - کە ئەم باسەش لە دواییدا باسی دەکرێ و چۆن سەرکەوت و چۆن داکەوت و چی بە سەر هات، لـە دوی دەدەین- ڕۆژەکی میرئیبـراهیمیان لە گرتووخانە دەرێنا و کردیانـەوە فـەرمانڕەوا و گـەنج و سـامانی میرشەرەف ساف لە سافـێ تالآن کرا و نیازیشی بوو کوڕەکەشی میرشەمسەدینی دوو سالآن -کـە لـە کیژی عەلی بەگی ساسۆنی بوو- وێڕای دایکەکەی بیکوژێ؛ تا عیماداغای بایـەکی خـۆی گەیانـدێ و لێی پاڕاوە کە دایك و کوڕ بـدرێن بـەم و لـە تـوڵـەی زینـدیناغای مـامی خۆیـدا -کـە میرشـەرەف کوشتوویەتی- بیانکوژێت و بەو فێڵە ئەو بێسووچـانەی لـە مردنـێ ڕزگـار کـرد و دەگـەڵ دەسـت و پێوەنداندا باری کردن و هێنانیە دژی کیفەندور و پارێزگاری لێدەکردن.

پوختەی وتار:

کە میرشەرەف لە تەورێز خرایـە بەنـدێ، بـە فـەرمانی شائیـسماعیلی سـەفەوی، چـاپانسـوڵتان ئیستاجلوو بە لەشکرێك دەورەی قەلآی بدلیسی گرت و میرئیبـراهیم دوو سـالآنی خـۆ لەبـەر گـرت و لەوسا پێوە، بەرگەی قزڵباشی نەگرت و سێ تەلآقـەی نایـە مـستی بـووکی سـەرداری کـردن و چـووە ئەسعرد و لەوێش مردن پێسیـری گرت.

ئەو بەینەی کە لە بەندا بوو، کەنیزێکی نێـرینەیەکی بۆ دیبـوو، سـوڵتان مردایـان ناونـابوو. کـە میرشەرەف گەڕایەوە، سوڵتان مراد هاتە لای و ئەویش گرتـی و زۆر لـە زیندانـدا مایـەوە و هـەر لـە زندانیشدا ڕۆیشت. پاش هەلآتنی میرئیبـراهیم، ڕۆژەکی هەتا شەش مانگـان دژیـان بـۆ دژمـن چـۆڵ نەکرد و بە تەما بوون میرشەرەفیان بۆ بێتەوە؛ بەلآم کە لەو ناهومێد بوون، سالی ٩١٣.ك (١٥٠٧.ز) چاری ناچار قەلآیان دابە دەستەوە و چاپان سوڵتان، کورد بەگ شەرەفلوی ئیستاجلوی کردەفەرمانـداری بدلیس و بۆ خۆی گەڕاوە تەورێزێ.

هۆی دووەم:

دامەزرانەوەی میرشەرەف لە سەر بدلیس

دڵڕوناك و ئاكارچاكی ئەم جیهانی ئاووخاكە لێیان ڕوونە هەر كەس دەگەڵ خوای خۆی پاك بێ و پەنا و هانا و هیوای تەنیا بە یەزدانی بەرز و تاك بێ و لەو پێوە ڕووی دەكەس نەبێ و بە كەسیتر دەربەس نەبێ و خۆ لە نارەوایان لادا، خواش پشتی لە هەردێ نادا و بەردی سارد و گەرمی دەردی ناگوزوری و كەمایەسی ناخاتە بەر و كۆشكی نیازانی سەردەگرێ و باغی ئاواتی بەردەگرێ و گوڵی هیوای دەپشكوێ و سروەی شادی بۆ دەنگوێ و چی بوێ، بۆی دەچێتە سەر. هەر خاوەن پایە و مایەیكیش كە هەر بابی زێڕ و زۆرە و دین بە دنیاوە دەگۆڕێ و لە ڕاست خودا دڵ دەگۆڕێ و سەری لە بەر ناچەمێنێ، لە ئەنجام هەر دادەمێنێ و خودا زۆر زوو لە بنەی دێنێ و دژی لووتبەرزی و بە فیزی، بە بای توورەیی دەڕمێنێ و كوندەبەبووی لێ دەخوێنێ و لەجێ باغچەی بەخت و هاتی، گیا بۆگەنە و كەكرە و گوژاڵك و نوسەكە و دڕك و داڵ و كارگەگولانە دەڕوێنێ و دەكرێتە گەندەڵی بێبەر.

كە تۆ ڕێكیخەی بەندەیەك سەركەوێ	سەر و جێ بڵندەو بە كەس نانەوێ
كەسێكیش هەڵیدێری خۆی ناگرێ	هەزار جار بە لاساری پێ داگرێ!
كری تۆیە ئەستوور و باریك بووە	ئەگەر تەنگە كەڵ یان ملی میرووە
ئەتۆی تیژ دەكەی نووكی دڕك و چقڵ	لە پاسی گوڵە و بۆتە پەرژینی چڵ

مەبەستم لەم پێشدەستیە سەرەتایەك بۆ ژیننامەی خۆش ئەنجامی میرشەرەفی كامڕەوایە. كوڕێكی منداڵ و بێباب كەوتبووە ناو بۆتانیان و لە ئەرۆخدا دەیگوزەراند. هەر وەك لەمەوبەریشەوە بنووسی هونەرپیشەمان بە ژێهاتی بەسەرهاتی بە سەر زوانی لووسیدا هات، میرشامحەمەد ناردی لەوێ هێنایەوە و پەروەراندی. كاتێ ئەویش لە ژێر سەرپۆشی خاك خەوت، لە بریكاری میرئیبراهیم بە سەر هێندێك لەو ناوچانەی سەر بە بدلیس ڕادەگەیشت. دوایە بە یاری ڕۆژەكیان بوو بە فەرمانڕەوای بدلیس و لە پاش مەودایەكی هندك شائیسماعیلی سەفەوی بە لەشكر هاتە سەر مەرعش و عەلائەدەوڵەی زولقەدری دەرۆستی نەهات و شكا. لە پاش شكانی زولقەدری بەرەو دیاربەكر وەرچەرخا و لەو دەمەشدا بابی دایكی نووسەری ئەم ڕووپەڕانە -كە ئەمیربەگی مووسڵو بوو- بە

دیاریەکرێ ڕادەگەیشت؛ خۆی کردەبەرفەرمانی شاو دیاری زۆر و زۆر بەنرخی بـە نـاوی پێشکێش بـۆ هێنا. یەك لەوانە پارچە لاڵێکی «بوکرك[1]» بوو؛ لە گورچیلە مەڕی دەکرد. لـە خەزێنـەی خونکـارانی کەوناراوە کەوتبووە دەست پادشایانی بایەندوری و لەمانەوە بەو ڕەسیبوو. لەو ساوە کە کێوی خـەتلان لە زەمانی عەبباسیاندا لە بەر بوومەلەرزە قەڵشی و ساڵەهای ساڵ لە نـاو گـەرادانی بـەردین، پارچـە لاڵی وەك منالی ساوای نازدار بە خوێنی جگەر پەروەراند، هێشتان دیدەی خـاس پەسـندی دوڕنـاس و گەوهەرفرۆشان نە بەو ڕەنگە و نە بەو سەنگە و نە بەو ڕنـدی و قەشـەنگیە لاڵـی هاوتایـان نـەدیوە و تازەش وێنەی نابێتەوە. شالە خۆشیان هەر خەنی بوو بەگی بۆ گۆڕیەوە بە خان و کردیـە مۆرهـەڵگری شاهی و پلەی لەلەی شاتۆماسبیشی دایە و خوراسان و هیـراتیشی لە بـاتی بەخـشش پـێ بەخـشی و پایە و ڕێزی هاتە ڕیزی هەرە بەرزان. سەرپەرشتی دیاربەکریش بە مـــحەمەدخان ئیـستاجلووی کـوڕی میـرزا بەگ سپێرا.

هێندێك لـە هـۆزی زولقـەدری لـە دژی «خربـرت[2]» غـەزری بـوون و نەهاتنـە بـەر فەرمانـەوە؛ شائیسماعیل چووە سەریان و بە حەوتەیەك قەڵاکەی لە دەست دەرێنان و لەوێوە بەرەو ئەخلات هات و لە نزیك ئەخلات داوەزی.

میرشەرەف بۆ میوانداری کەوتە خـۆ ئامـادەکردن. خێـوەتی شایـستەی شـایان و کـۆنی هـەراوی ڕەنگاوڕەنگ، تاوڵی هەژدەئەستوندەکی و دەواری بە نەخش و نیگار، سـەریان لـە هـەوران دەسـاوی و وەك هەوری پڕی نیسانێ یەکتـریان پاڵەستۆ دەدا و بەندەئاوریشمی گورزەهۆن لێیان ببووە ناوبژیکەر و سەرانسەریان لە بەر جوانی مەیگێڕانی چاوئاسك و لەشناسك و باسك و زەندی هەڵماڵاوی سپی مینا، بەفر و بلوور و لاوی دەمرووت و لووس و پووس و زەڕینەپۆش و مەشرەفخۆش، کە بانگی نۆشانۆشیان بوو، چادر خەرمانی گوڵان و سابات جـێ ڕاوگـەی دڵان بـوون. ئـاورووی ترێـی ڕەش ڕژابـوو؛ خـوێنی کرابووە پیاڵەوە و ڕوومەتئاڵان و چاومەستان بەو ئاڵە خۆشە تاڵەوە، بە بەر ڕیزی بەرێزانـدا بـە سـەد

١- بوکرك نووسراوە. دەبێ «بوێگرەك»ی تورکی بێ؛ کـە بـە گورچـیلە دەڵـێن. وادیـارە لەعلەکـە هـەر وەك بیـچمی گورچیلەی بووە؛ ڕەنگیشی بەو سووریە بووە. هەژار

٢- ڕەنگە خرت برت (خەرپووت) بێ. جەمیل

کریشمە و نازەوە، بۆکڕنۆش دەچەمینەوە و بە لەباری و لە چەمزانی نۆشیگیان و فەرموویان بوو.

ساز لێدەری بەزم سازدەر - لە سەر هەوای گوڵگەشت و دەشت- بە گەواڵ و بلوور و چەنگ، گۆرانیبێژانی خۆشدەنگ، بە بەستە و دلۆ و لاوك و گەلۆ و ئازیزە و پایزە و سوارۆ و درکانە و شەو و نیوەشەو، شەویان کردەڕۆژی خۆشی و ڕۆژیان کردەجێژن و شایی.

لە سەر دەستی کیژی زەری کیژی ڕەز	کە هات پیر و دەرویش لە دین بوون وەڕەز
سەماکەر لە کۆڕدا بە سەد نازەوە	دەسووڕان بە دەم ساز و ئاوازەوە
ئەوەندەی لە بالا لەرین زەردەمەم	دڵی ئۆقرە ئۆقرەی نەما زۆر و کەم
بە حیلکان و چەپڵەی کچی شۆخ و شەنگ	لە پارێز و ترسان نە ڕوو ما نە ڕەنگ
لە بەر لاوك و دیمەنی لاوی لاو	نە گوێ گوێی لە کەس ڕادەداشت و نە چاو

ناندانەر و خوانوەڕازێن ئەوەندەیان شیو و تاشتی هەمە ڕەنگەی ئیشتیا بزوێنی لیکاوتکێن بە تەنگەی یەکەوە دابوو کە جیکڵدانەی ئارەزووی چاوچنۆك و خوازەڵۆکیش بە سەدیەکی نەدەگەیشت و پارووڕفێنی تامەزرۆ و زگپەرستی دەرفەت ڕەخسێن، لە زەحفیان سامی ڕێدەنیشت و واقی چلێسی وڕ دەما و هەر بە تەماشامڕ دەبوو.

لە پاش فراوین خارن و بە زیاد کردنی زەوادەکە، نۆرەی پێشکەش و دیاری هات. ڕەوە ئەسپ و کەریە پەز و ئێستر و وشتر، بە قەتار پێشکێش کران و گلێنەی پڕ لە بەزەیی مەزنانەیان هەڵازنی و دەفری دڵی دیاری گری شاهانەیان وا ئاخنی کە خەنی بوو؛ فەرمانڕەوانامەی بدلیس و زۆر خەڵاتی گرانبایی دابە میر وسەربەرزی کرد.

جاری دووەم: شائیسماعیل زستانی لە خۆی ڕادەبوراد. میرشەرەف و مەلیك خەلیلی حەسەنکێف و شاعەلی بەگی بۆتانی و میری جزیر و میرداودی خێزانی و عەلی بەگی ساسۆنی و یازدەپیاو ماقولیتریش لە میرەکانی کوردستان، بۆ ڕاموسانی سەر ڕێسمەی بارەگای شاچوونە خۆیە و بە ماچی سەردەرانەکەی سەرفراز بوون. دەپێشدا زۆر ڕێزیان لیّنان. محەمەدخان سەرپەرشتی دیاربەکر، کورد زۆریان بە سەر هێنابوو ئازاری لە دەستیان دیبوو. بۆ نموونە دەڵێن کاتێ محەمەدخان ڕوو بە

دیاربەکر دەچوو لە دێی پانشیــن -کە سەر بە ناوچەی بدلیسە- داوەزیبوو؛ کارگوزاری ئەمیرشەرەف -کە شێخ میــری بلباسی بوو- چووە دیدەنی و کاتێ هەستا بــە گۆپالەکـەی چـەند جارێـك تەپـەی لـە قالیچە هێنا و بە تووڕەیی تێی ڕاخوڕی ئۆمـحەمەد بەگ! گەرەکە چاڤێن خـۆ وەکـەی؛ تەبـــخۆ ئـان مرۆیێن تە د بدلیسێوە ببوورن بە زۆر گیسکێك لە ڕۆژەکیەکی بستێنن، لە چنگی من ڕزگار نابن.

شاقولی سولتان ئیستاجلوو چاوشلوو -کە دوایە والی هیــڕات بوو- بۆ نووسەری ئەم ڕووپەڕانــەی گێڕاوە، گوتی: باوکم پیاوی ئەو مــحەمەدخانە بوو؛ دەگەڵی دەچووە دیاربەکرێ. لە هــەموو ڕێ و بـە تایبەتی لە لای بدلیس بێ تۆشەیی کارێکی کرد کە هەموو کـەس ئەسـپ و چـەکی خـۆی فرۆشـت و بەنانیان دا. باوکم لە دۆڵی کیفەندور ئەسپەکەی خۆی بە چوارنانی گارس فرۆشت و کەس نەیدەکرا بـە خۆڕایی مەنە جۆیەك یاخۆ نانەکی بتەرسی لە بۆرەپیاگان بستێنێ. شتی لەمانەش پیـستـری بـە چـاو دیبوو کە لە میــرانی دەزانی و لێرە بیلێم دەبێتە درێژدادڕی. جا کە زانی وا میــرە کورد بە سەرجەمی چوونە بەر بارەگای شایی، لە دیاربەکرەوە ڕایسپارد ئەگەر فــەرمانی شـاهانەی بــێ چـەند و چـون بـۆ گرتنی ئەو میــرە کوردستانیانە بێتە دانێ، بەڵێن دەدەم ئەو شوێنانەی کوردستانیش کـە هــیچ کـاتێ نەهاتوونە بەر کەمەندی پادشایانی لە مێژینەش، مــن بــە ماوەیــەکی زۆر هنـدك بیگـرم و بیخەمـە مشتت. کاتێ ئەم پێشنیارەی ئەو لە بەردەمی شادانرا، لە سەر گفتی ئەو کافرە بەرهەڵدایە -جیا لـە شامــحەمەد شێروەیی و عەلی بەگی میــری ساسۆن- خڕمچوون هەموویان پێچان و هــەر یـەك لـەوان درانە دەست ئەمیــرێك لە قزڵباشان. میرشەرەفـی دابە ئەمیــرخان مووسلۆ.

لەشکری شاگەلێك پتــر لە دەنکی بارانی غووررەم کۆ بوونــەوە و بوونـە ســێ قــۆڵ: قۆڵێـك چـاپان سولتان بردی کە بدلیسی پێ بستێنێ. دێو سولتان ڕۆملووش بە قۆڵێــك ڕووی کردەناوچـەی هــەکاری. یەکان بەگی قۆڕچی باشی تکلووش بە تیپە لەشکرێکەوە ڕەوانەی سەر جزیر کــرا. دیـسان باسـی ئـەو گیــرانە و ڕزگار بوونی هێندێك میــران -خودا یار بێ- بە نۆرەی خۆیان لێی دەدوێم.

پوختەی مەبەست:

ماوەیەك ئەو ئەمیرانە لە گرتووخانە مانەوە و ڕۆژێك لە پڕ دەنگ داکەوت کە شەیبەکخانی ئوزبەکی بە لەشکرێ بێدادەوە لە ئاوی جەیحوون پەڕیەوە و دەیەوێ خوراسان بگرێ. بە بیستنی ئەم هەواڵە شائیسماعیل شاش و واش بوو؛ لە گرتنی میر ومەزنانی کوردستان تووشی پەشیمانی ببوو. هێندێکی لێ ئازاد کردن؛ لێشی پرسین سەردار و پێشەواتان کێن؟ هەموو بە دەستیجەم گوتیان میرشەرەف و مەلیك خەلیل. ئەوانی دی هەموو بەردا و ئەو دوانەی بە بەندی هێشتن و دەگەڵ خۆشیا بەرەو خوراسانی بردن.

مـحەمەدئاغای کەلهۆکی[1] و دەروێش مەحمـوود کەڵەچێری -کە بە بیری کۆکەرەوەی ئەم پەڕانە بۆ دڵسۆزی و ئاکارچاکی لە ناو هۆزی ڕۆژەکیدا و بگرە لە هەموو کوردستان وەك ئەو دوانە دەس ناکەون- بە بێ ئەوەی کەس بیانناسێ ڕەگەڵ هۆردووی شادەکەون و دەچنە عیراق. هەر لە دۆژی چەند ڕۆژێکدا میوە و خۆراك هەڵدەگرن و دەچنە چادری تورکمانان و سەر لە میرشەرەف دەدەن و کەین و بەینی خۆ دەکەن کە چۆن ڕاکا و کەنگێ هەڵێ.

لەشکری شالە چاڵیکولی سەر بە ڕەی وچانی گرت. مـحەمەدئاغا و دەروێش مەحمـوود زانیان هەلە و هەلکەوتووە؛ چەند ئەسپێکیان بە زینەوە لە ئەدیوی هۆردوو ڕاگرت. مـحەمەدی میرئاخوڕی پرتاقی -کە لە بەرگی دەروێشاندا خزمەتکاری میرشەرەف بوو- لە شوێنی میرشەرەف خەوت و میرشەرەفیان لە ناو چادری دەست بە سەری هێنا دەر و سواریان کرد و چەند پیاوێکی زۆر بە کاری ڕەگەڵ کەوتن و کوردستانیان کردەڕووگە. بۆ بەیانی لای نیوەڕۆ تورکمانان پێیان زانی و لە خۆبوردوویی و بە جەرگی مـحەمەدی میرئاخوڕیان بە لاوە زۆر پیاوانە بوو، بە نەترسی خۆیان بەخشی و چیان لێ نەکرد.

مـحەمەدئاغا و دەروێش مەحمـوود و میرشەرەف هاتنە مەڵبەندی هەکاری و چوونە گوندێك کە شێخ ئەمیری بڵباسی لە بەر گێچەڵی قزڵباش لە زێدی خۆی تەرە ببوو، لەو گوندەدا خۆی مات دابوو؛ خەریکی گارس چاندن بوو. لەو دەمەدا کە ئەوان چوون، بێڵێکی بە دەستەوە بوو پەڵە

١- لە فارسیەکەی چاپی میسر، لێرە «یارمـحەمەدئاغایە» بەڵام دوایی هەر «مـحەمەد»ی بێ یارە. هەژار

گارسەکەی ئاو دەداشت. مــحەمەدئاغا و دەروێــش مەحــموود لــەو لای تەختــە گارســەکەوە قــاوی لێدەکەن و دەڵێن: وەرە مژدانیٚمان دەیە تا میرشەرەفت نیشان دەین. باوەڕ ناکا و دەڵێ ئەوە لە ئـاوەز بە دوورە. دەڵێین خوا دەرفەتی داوە و لە بەنـدیٚ ڕزگـار کـراوە و دەگـەڵ خۆمانــمان هێنـاوە و هــیچ گاڵتەشت دەگەڵ ناکەین. بێلی ئاودێری هەڵداشت و ســوژدەی شوکرانەی خـوای بـرد و ڕایکـرد خـۆی گەیاندەمیر وکەوتە سەر خاك و پایەوە و فرمێسکی شادی هەڵوەراند. مینا یـاقوب، کـە لـە گۆشـەی غەمــخانەدا لە سوێی یوسف سۆمای نەما و بە بۆی کراس بینا بۆوە، ئەویش بە ماچی دەست و پـای میــری هەرە خۆشەویستی، چاوی دڵ و دڵی چاوی ڕوون بوونەوە و بە گەشکە داریەوە دەیگوت:

سوپـاسم بـۆ خـودا وا بەختەیارم   لەمــەولا ڕێـك و پێـکن کـاروبارم

لە ئاسۆ تیشـکی دڵشادی پەیا بوو   شەوی دەرد و کەسەر تەفروتونا بوو

شەو و ڕۆژێك لەویٚ مان و لە سپێدێکدا -کە میــری ئیقلیمی چوارەم لە خێوەتی گرتووخانەی شەو دەرکەوت و لە ئاسۆی کۆساران هەڵات و تاری لە کوردستان تاراند- ئەو کۆســوارە ئەســپیان تـاودان و چوونە ناو هۆزی ئیسپایرد. شەرەف بەگی ئیسپایردی پێشوازی گەرمی لیٚ کردن و تا چەند ڕۆژێك بـۆ پشوودان و میوانی لەو نێوانەدا مانەوە. شێخئەمیردەگەڵ چەند کەسێك بە پێشڕەویی چوونە بدلیس کـە مزگێنی هاتنەوەی میرراگەیـەنن. تـا میرگەیـشتە بـەرەوە، ئـاپۆرە و حەشـاماتیٚ زۆر چـاوەڕێی مـیر وفەرمان بوون. دەستە و لەجیٚ دەورەی قەڵای بدلیس درا.

کورد بەگ شەرەفلوو -کە لە سەر بدلیس و عەدلـجەواز و ئـەرجیش گزیـری شائیـسماعیل بـوو- کاتیٚ زانی وا شێخ ئەمیربە دوو هــەزار چـەکدارەوە دەوری قــەڵای بدلیــسی دا، دەگــەڵ قزڵباشـەکانی ناوچەی بارگیــری و ئەرجیشدا پەلاماری شــێخ میــری داو لــە گــۆك مەیـدانی بدلیسیٚ دوو لەشـکر دەگژیەك ڕاچوون. زۆر نەمابوو شنەی شادی ســەرکەوتنیٚ بـەرەو ڕۆژەکیـانی هــەڵکا، کـە لـە پڕێکـا مــحەمەد بەگی پازۆکی ولامی نارد: من لە قزڵباش بێزاوم و دێمە هیمدادی خزمانـم. بە گزیکـاری و ڕێوی بازی فریوی شێخ ئەمیــری داو لە جەنگەی جەنگ و تەنگانە -کە تــینی بڵێــسەی شــەڕیٚ مــوی عاســمانی هەڵدەپرووزاند- دەگەڵ پێنجسەد کەس پازۆکی لە ئەسکەندەر بۆلاغیـیەوە هات و پشتی لــە شێخ میــری سەند و بە شیــر دەرۆژەکیان بەربوو!

ڕۆژەکی کە تا ئەو دەمە وەکوو لیزگەی کۆ لێك کۆ بوون، بە دەردی حەوبراڵە چوون و لێك بڵاو بوون! بەختی بنەمی کورد بەگی وەك ئەستێردی کاروانکوژەی لای شەوەکی گەشەی کرد و چاوی وڕەی ڕۆژەکیانی بە شەوارە لە سۆ خست و بە پانەوە شالاوی برد.

شێخ میروەك هەسێرەی بنە لە سێرە کرتن نەکەوت و لە مەیدانێ ئاوا نەبوو؛ خەزای کرد و هەرای کرد تا وێڕای عەلیاغای کوڕی، بەرکی شەهیدانیان پۆشی و مەردانە لە مەیدان کەوتن. قزڵباشان کە شێخ میریان ناو لێنابوو: قەرەیەزید، لاشەی ئەو و کورەکەیان لە ناو کۆك مەیداندا سووتاند.

دوای ئەو بەڵا دڵتەزێنە، دۆز لە میرشەرەف ئاڵۆزا و دیمی دڵخواز لە پشت پەردەی ناهومێدی خۆی مەڵاس داو تا چارەسازی بێچاران دەرەتانی بۆ ئەڕەخساند، کرێ کوێردەی ڕەها نەبوو.

هۆی سێهەم:

چیرۆکی بدلیس ساندنەوە و دوا بەسەرهاتی میرشەرەف

خودادای پاڵ دەوە! هەرگا خودا دای	لە ناو مەڵبەندی هاتان خێو و کوێخای
دەبەر ئاوزەنگی تۆدان خێر و خۆشی	لە سەر خەرمانی سووری بێ کڵۆشی
هەموو شوێنێك لە تۆڕا ئاوەدانە	مەلیش ڕامت دەبن بێ ئاو و دانە

میرشەرەف کە لەو هەلەدا بۆی ئەڕەخسا بدلیسێ دەسخاتەوە و بە شوێن چارەدا دەگەڕا، کاتێ زانی کە خونکاری سەرزەمینگر (سوڵتان سەلیمخان) بە نیازە بازێك بەرەو ئێران باوێ و داگیری کا، ئەویش وێڕای شۆڕەسواری دنیادیدەو پەسندیدەی هونەروەران و سەرتەریدەی بەختەوەران و شارەزای هەموو ڕێ و شوێنان و مامۆستای سپی وەخوێنان، لە کڕ و ئەخشی دینداریدا تەونگەری کرژپیس و ئەوەی خواناسانی بدلیس (حەکیم ئیدریس) و دەگەڵ ئامۆژگاری هەڵبژاردەی خانەدانی ناس و دیاردەی (زیانەدین محەمەد ئاغای کەلهۆکی) پەیمان و گفتی دڵسۆزی و سۆزی دوور لە گەرد و تۆزیان بە ئاسانەی دەوڵەتخانەی بەرەی عوسمانی ڕاگەیاند و بۆ ئەم مەبەستە بیست کەسیان لە مەزن و میری کوردستان دەگەڵ خۆدا کردەهەمدەست و نامەی بەندەواری خۆیان بە هۆی مەولانا ئیدریس و محەمەدئاغای کەلهۆکی بۆ ئاستانەی هات هێلانەی سوڵتان ڕەوانە کرد و سوڵتانی دۆست

لاوێنەوەی دژ و نەیار تاوێنەوە، لە سەر بیر و پێشنیاری میر ومەزنانی کوردستان، بەرەو عەجەمستان بزووت و بۆ ئەرمەن و ئازربایجان بوو بە بزووت و لە سەر سارای چالدیرانێ، شائیسماعیلی بەرخۆ داو تێکیشکاند. میرشەرەف و چەند سەردارێکی کوردستان، جلەوداری کامیاری سوڵتانی بەخت لەبار بوون. خانمحەمەد -سەرپەرشتی دیاربەکر- لەو شەرە سەری تێداچو؛ سێ برای بوون: قەرەخان و عیوەز بەگ و ئولاش بەگ. قەرەخان بوو بە جێگری و کرا بە والی دیاربەکر و بدلیس . درا بە عیوەز و فەرمانڕەوایی جزیرێش، دیوانی شانایە بەر چەنگی ئولاش بەگ.

کە ئالای بەرێزی سوڵتان لە تەورێزەوە بۆ لای ڕۆم ڕووی وەرگێرا، حەکیم ئیدریس بە سوڵتانی خاوەن شکۆی پێشنیار کرد کە میرەکانی کوردستان لە بەزەیی شاهانەتان چاوەنێڕن، ولگەی باب و باپیرانیان پێ ببەخشێ و یەکێکیشیان هەر لە خۆیان بۆ بکەی بە سەرداری گشتی و بە تێکڕایی هێرش بەرنە سەر قەرەخان و لە دیاربەکری دەرپەڕێنن. سوڵتانی هەموو دنیاگر لە وەرامیاندا فەرموویان هەر کام لەو میر ومەزنانەی کوردستانێ بۆ میری میران دەست دەدا با بۆ خۆیان ناودێری کەن و دابنرێ و میرە کوردەکانیتریش دەژێر فەرمانی ئەودا بن و کۆشش بکەن قزڵباش لە ناو بەرن. حەکیم ئیدریس جوابیداوە کە ئەوانە زۆربەیان هێند خۆپەرستن هیچیان سەریان بۆ ئەویتر ناچەمێنێ و ئەگەر تۆ چاوت لەوە بێ قزڵباشان لە ناو بەری، وا باشترە نۆکەرێکی بەر بارەگای دنیا پەنا ئەم پلەی پێ بسپێردرێ تا سەردارە کوردەکانیش زوو بێنە بەر فەرمانیەوە و ئەم کارە زووتر کۆتا بێ! لە سەر پێشنیاری مەلا چاوش، محەمەدئاغا -کە بیغلومحەمەدیان پێ دەگوت- کرا بە میری میرانی دیاربەکر و سوپاسالاری کوردستان بۆ گرتنی دیاربەکری ڕەوانە کرد. هەر دوو لەشکر لە قوچحەسار -کە لە ئالی نووسەیبینە- وەك هەوری بە شریخە و گرمە بەرانبەر بە یەك ڕیزیان بەست. یەکەم دەستەی بەر لە هەرکەس بوونە دەستەچیلەی شەڕێ، ڕۆژەکی بوون. ئەوان زووتر هێرشیان کرد و تاج ئەحمەد و قاسم ئەنداکی و میرشاحوسێنی کیسانی و میرسەیفەدین و عومەر جاندار -کە قارەمانی ڕۆژگار و پاڵەوانی هەرە بەکار بوون- لەو ڕۆژەدا شەهید کران.

زۆربەی ئاغای ڕۆژەکیانیش بە تایبەتی میرمحەمەد ناسرەدینی و سەیدسەلمانان قەوالیسی و قەرایادگار و زۆری دیش -کە دادی مەردایەتیاندا- لە مەیدانێدا زامار بوون. قەرەخان لە شەڕدا

کوژرا و لەشکری قزڵباش شکا و زۆربەی زۆریان بە دیل گیـران.

سەری دوژمنانیـان نەوی کـردەوە　　　پەری بەختی سلێیان کەوی کردەوە

وڵاتـی گراویـان بە شیـر ساندەوە　　　برینیـان بە سەربەستی برژانـدەوە

ئەوسا کە هەر میـرە کوردێك بۆ گرتنی مەڵبەندی خۆیـان بـزوتن، میـرشەرەفیش بـە هاوکـاری مـحەمەد بەگی حەزوەیی و میـرداودی مـەزنی خێـزان و میرشامـحەمەدی شێـروەیی و میـرانی مەکس و ئیسپایرد، دەوری قەڵای بدلیسیان دا. ئابڵۆقەدان زۆری کێشاو دژدارە قزڵباشەکان لە قـەڵادا زۆریان بۆهات. گوتیان ئەگەر مـحەمەد بەگی غەرزانی و میرشامـحەمەدی شێروەیی دەستەبەر بن - کە خوێن و ماڵ و منداڵمان دەپارێزرێ- قەڵا بە دەستەوە دەدەین. لە سەر ئەو مەرجە پێـك هـاتن و میرشەرەف ئەو دژدارانەی بە دوو میـرەکە ئەسـپارد و گەیاندیاننـە سـەر سـنووری ئـەرجیش و وان و ڕەوانەی ئێرانیان کردن.

ئیتـــر هـەتا دێرزەمـانێ لـە دیـوانی سـوڵتانەوە و لـە دوای ئـەویش لـە لایـەنی سـوڵتان سولەیـمانخانەوە، پارێزگاری ئەو سنوور و کەوشەنانە بە میـرشەرەف سپێرابوو؛ ئەرکی خۆشی زۆر بە باشی ئەنـجام دەدا و هەر دوو لاشی دڵ ڕاگرتبوون و نەیهێشت هیچ لای لێ بڕەنـجێن.

هەتا ئەو سەروبەندانە کە چوها سوڵتان تکلو ببـووە کوێخـا و هەمـەکارەی شاتۆماسـب و ئۆلـمە تکلوی خزمی کرا بە سەرپەرشتی ئازربایـجان و بۆ پارێزگاری کەوشەنان زۆرتر کاتی لـە وان و وسـتان ڕادەبوارد. کاتێ حوسێنخانی شاملو دەگەڵ چەند قزڵباشێکدا لە کوێـستانی کەنـدمانی ئیسفەهانێ، چۆها سوڵتانیان لە ناو برد و خێڵی تکلو لێیـان شـێوا، ئۆلـمە لـە تـەورێز یـاغی بـوو؛ گەنـجینەی شـاهانەی پـوڕکرد و دارای تـەوریزی ڕووت کـردن و بـە ملـهوڕی مـاڵی زۆری کـۆ کـردەوە و ڕووی کردەمەڵبەندی وان و نامەی تژی لە کۆیلەتی و بەڵێنی زۆر دڵخۆشکەرەی بە پیاوی ڕازداری خۆیدا، بۆ بارەگای سوڵتان سولەیـمانخانێ نارد. کاتێ دەنگ و هەواڵی ناو نامە، وەبەر گوێچکەی خاوەن شکۆی سوڵتان کەوت، بە فەرمانی بێ چەند و چون میرشەرەف بە لەشکرەوە ڕووی کردەوان کە ئۆڵمە و ماڵ و منداڵ و پیاوەکانی بنێرێتە ئاستانە. ئۆڵمە دەگەڵ دووسەد سوارێك لە پیاوانی هۆزی تکلـو تـا خرکـوم هاتە پێشوازی و لە سەر ڕەخی چۆمی خرکوم چاویان بە یەك ودوو کەوت. ئۆڵمە ڕوی لە میرشەرەف نا

کە لە قەڵای وان میوان بێ و ببێتە میوانی ئۆڵمە و پاش چەند ڕۆژ بچنە بدلیسێ. لەم بەینەدا هێندێك خەڵکی وان و وستان بە میریان گوت: ژنی ئۆڵمە دایەنی شاتۆماسبە و دەگەڵ برایەکی خۆیدا ناردویەتە لای شای ئێران کە نێوانیان خۆش کاتەوە. نەوەك ئۆڵمە بەگزیکاری ئەو میوانداریەی ساز دابێ و تۆ و ئاغایانی بەردەستت بکاتە دیاری دەستی خۆ و بە بەرتیل بتاندا بە شا. میرشەرەف لەو باس و خواسە تاسا و کەوتە دڵخورتیەوە و خۆی لە چوونە قەڵا گرت و هەرچەند ئۆڵمە تکای لێ کرد بەهرەی نەدا و زۆر بەهانەی هێنانەوە.

لە ئەنجامدا بڕیار درا ئۆڵمە سوڵتان و میرشەرەف لە گوندی خرکوم بمێنن و ئەمیرە بەگی مەحموودی و چەند پیاوێکی ئۆڵمە بچن ماڵ و منداڵ و بارخانەی ئۆڵمە و دەست و پێوندانی لە قەڵای وانێ دەرخەن و پێکەوە بچنە بدلیسێ. میرەبەگ و هاوڕێکانی لە شەوێدا گەینە وانێ و برای ئۆڵمە و چەندێکیتر دەروازەیان قایم کرد و ڕێیان نەدا میرەبەگ و پیاوی ئۆڵمە بچنە ژوورێ. میرشەرەف کە ئەمەی زانی پێی وابوو چوونە سەر قەڵا و دەورەدانی کەڵکی نیە و لەوانەشە قزڵباشی دەوروبەریان لێ کۆوە بن و ئۆڵمەش سەری تێدا بچێ. چاری ناچار ئۆڵمە و نزیکەی دووسەد کەس لە پیاوانی -کە بە پیر میرەوە هاتبوون- خستە تەك خۆ و بەرەو بدلیس ڕەوانە بوون.

ئۆڵمە و هاوڕێکانی ئۆڵمە ماڵ و منداڵیان بەجێ ما و عاشتەبایان بۆ دەرنەچوو. هەر بەو کەل و پەلی بەریان و بەو پاییزی سارد و زریان، هەناو بریان و چاو بەگریان و بە ئەسپی بێ زین و لغاو، بوونە هاوڕێی میرشەرەفێ.

محەمەدشەحنەمان قەوالیسی -کۆنە لەلەم- بۆی وەگێڕام گوتی: ئەوسا کە ئۆڵمە و چەند ئاغایەکی هاوکاری هاتنە بەر دەرگای خێوەت و گوتیان کارێکی گرینگمان لە خزمەت میرشەرف هەیە و دەمانەوێ عەرزی بکەین، میرشەرەف فەرمووی بێنە ژوور و لێی پرسین کارەکەو چیە؟ گوتیان ئۆڵمە لە دوای سڵاو عەرزت دەکا: میردەزانێ کە ئەو برا و خزمانەی من چەند بە نزمی جووڵانەوە و دەستیان بە سەر ماڵ و منداڵی مەدا گرت و ئێستاش ئاوا وەك سەلقی ڕووت بچینە بەردەمی سوڵتان نە بۆمە جوانە نە بۆ تۆ. یان فەرمان دەمن و هەموو هەواڵانم سەرژێ کەن و سەرەکەمان بکە دیاری و بۆ ئاستانەی خونکاریان بەرێ بکە، یاخۆ بەرماندەبەرەو وان بگەڕێینەوە ئەو ناکەسانە تەمبێ کەین و ماڵ و مناڵەکان بێنین و ئەوسا بە دڵی خاترجەم ڕوو بکەینە خزمەت

سوڵتان و بە سەربەرزی خۆمان ڕانێیسن.

میرشەرەف زۆری بۆ ڕاما و فەرمووی: فەرموودەی خودا و پێغەمبەرانیشە کە بۆ کاران ئامۆژگاری بە دۆست و هاوکاران بکرێ. ئێمەش تەگبیرمان دەنێرینە خزمەت سوڵتان. پیاوی ئۆڵمە گەڕانەوە و هەر لەو شەوەدا میرشەرەف چەند ئاغای جێ باوەڕی خۆی کۆکردنەوە و مەبەستەکەی خستە بەریان و هەر کەس چی پێ باش بوو گوتی.

لە دواجار میرشەرەف فەرمووی: لە ڕاستیدا ئەم کابرایەی بەم بیچمەوە بنێرینە خزمەت سوڵتان، دەیکەینە دوژمنی خۆمان. من بە لامەوە وا باشە سێسەد کەسێك پیاوی ئازا و لاوی بەکار بنێرینە سەر ڕێ وان و ڕێگەی ئۆڵمەش بدەین بڕوا. کاتێ کەمێك دوور کەوتەوە هەرا بکەین: ئۆڵمە هەڵات! هێندێك پیاویشی شوێن بخەین و ئۆڵمە و چەند کەسێکی هاوڕێ بکوژین و سەرەکانیان بە خەبەری ناخۆشەوە بنێرینە ئاستانە و ئەو بەڵایەی لە کۆڵ دنیا بکەینەوە. ئەینا ئاوا ئۆڵمە بڕوا و بگاتە بارەگای سوڵتان، ئێمە کردەپەشیمان و تووشی گێچەل و هەرا دێین. هێندێك گوتیان تۆ ڕاست دەکەی؛ بەڵام هێندێك ملیان نەدا و گوتیان: میر وچاوەشی بێگانە و سەر بە دەوڵەت لە ناو لەشکرماندا زۆرن، ئەگەر سبەی ئاشکرا بێ کاری مەیە، سزای زۆر گەورەمان دەدەن و پاکانەی خۆمان پێ ناکرێ. ئیتر نە بەردانی ئۆڵمە و نە پلانی میرشەرەفێ بەجێ هاتن. ئۆڵمە وەك دۆڵمەی هەڵۆەشاو هاتە بدلیس و لەوێ پوشتەیان کردەوە و بەوپەڕی ڕێز و قەدرەوە ڕەوانەی ئاستانەیان کرد.

ئۆڵمە کاتێ لە بەردەکونەی بدلیسێ چوو بەودیوا، بوو بە دێوێك کە لە ناو غارێ دەرچوبێ یان حەزیایەك کە تامەزرۆی خوێنمژین بێ، ڕك و کینەی لە میرشەرەف لە ناو سینە جێ کردەوە و هەر گەییشتە بەردەم سوڵتان ڕشایەوە و گلە و گازندەی هەڵڕێشتن و گوتی: چونکە دۆستی هەرە باشی قزڵباشە، سووکایەتی بە سەر هێنام و تەنانەت نیازیشی وابوو بۆ دڵخۆشی شاتۆماسب من بکوژێ. لە بەزەییت چاوەنۆڕم میرشەرەفێ لە کار بخەی و بدلیس بە بەندەبسپێری و خوا یارم بێ هەموو وڵاتی عەجەم و مەڵبەندی ئازربایجان خۆناگرن و بە زوێکی زوو دەیاندەمە دەست پیاوی تۆ و ئەو کارەش هەربە من دەکرێ و لە لام وەك ئاوخواردنەوەیە. بۆ ڕاست و درۆی قسەشم بنێرن لە دووی میرشەرەف؛ باوەڕ ناکەم بە قسەو بکا. لەو دەمەدا عەلیسەیدان -کە پیاوێ قەوالیسی بوو- دەگەڵ ئۆڵمەیان

ناردبوو؛ هەر لەوێ بوو. ناردیان هێنایانە دیوان و لێیان پرسی: لە ئاستانەی سوڵتانەوە لە میـــرەکەت بگێڕنەوە دێ یان نایە؟ کوردی دڵساف و بێگزی گوتی: ئێستا و لەم کاتە هاتنیان بۆ دەرگای بارەگـای بەرز، شتێ لە ئاوەز بە دوورە. وەزیران و کاربەدەستان وەرامی عەلی سـەیدانیان کردەبەڵگـەی ڕاسـتی ئۆڵمە و هەرچۆن پیسە، وایان بردەبەردەم سوڵتان و ئەم قسەیان بە نیشانەی یاغی بوون و شۆڕش زانـی و گوتیان دیارە قزڵباشی لە عوسمانی پێ باشتـرە. لە سەر ئەمە هەر ئەو دەمـە بـدلیس بـە ئۆڵمـە بەخشرا و زۆر چەکداری ینگیچەری و تازە شەڕکەر بۆ ئۆڵمە کۆ کرایەوە کە بدلیـسی دەگـەڵ بگـرن و فیل یاقوب پاشای میـری میـرانی دیاربەکریان کردەسەرداری لەشکر و ئەویش سیهەزار چەکداری لـە دیاربەکر و کوردستان و مەرعش و حەڵەبێ دەنگ داو بردنیە بدلیس گرتنێ.

میرشەرەف لەو دەنگ و باسە تاسانی بە سەردا هات و ئارام و حەجـمینی نەما. هەر چەند دیـاری و پاکژیننامەی ناردەبەر بارەگای بەرزی سوڵتان، سوودی نەدا. گەورە وەزیری ئەو دەمە ڕکی کۆنی لـە میرشەرەف دەدڵدا بوو؛ میرشەرەف ئەسپێکی باشی لە شەڕی هۆزی پازۆکی دەگـەڵ تـالانێ هێنـابوو، سەرەکوەزیر ڕووی لێ نابوو کە ئەسپەی پێشکەش بکا، نەیدابوویـە! ئـەویش تۆڵـەی خـۆی کـردەوە و گوێی بە داد و بێداد نەدا و بەهانەی ئەسپەکەی پێگرت.

میرشەرەف کە ناهومێد بوو، چاری ناچار قەڵای بدلیسی دابەست و سێـسەد پیـاوی خـاوەن نـاوی مـەرگکری پڵنگـدڕی ڕۆژەکیـانی خـستە بەردەسـت ئیبـراهیم ئاغـای بلباسـی و میـرمـحەمەد ناسرەدینی، کە پارێزگـاری بـدلیس بـن و ئەسـپاباتی قـەڵاداری و ئێـروی ڕۆژی تـەنگانان و هـەموو پێداویستی دانێ. میرشەمسەدینی کوڕی خۆی دەگەڵ ماڵ و خێزانیدا ناردەقەڵای ئەختمار و قـەڵاکانی مووش و ئەخلات و کیفەندور و ئامورەك و کەلـهۆك و فەیرووز و سەلـم و گوڵخار و تاتیك و سـوی - کە ئەو زەمان ئاوەدان بوون- هەمووی ڕۆژەکی لێ دانان و بۆ خۆشی وەك گوتوویانە «دوامیـــن چـارە داغ کردنە»، چەند کەسی دەگەڵ خۆی برد و خۆی گەیاندەئاستانەی شاتۆماسب؛ کـە ئـەو سـایە لـە تەورێز بوو؛ پەنای پێ برد و داخوازی هیمداد و کۆمەگی لێ کـرد و شـائەو پـەڕی ڕێـزی لـێ گـرت و هەرچی میرگوتی، نەیگوت نا.

فیـل یـاقووب و ئۆڵمـە سـاڵی ٩٣٨.ك (١٥٣٢.ز) هـاتن دەورەی بدلیـسیان داو شـەڕ و هـەڵڵا

هەڵاییسا و گڕ و بڵێسە و کوانوی شەڕ لە پشت هەورانیش داییسا. هەموو ڕۆژان کە پاشای شەڕی ئۆغڵەمەی قەڵای عاسمان کەمەندی تیرێژی بە تاو دەبورج و بارووی کونگرەی مەکۆی ئەستێران دەگیراند، گڕمەلای ئایەری جەنگیش دەخزایە ناو گەرمەلان و دەبووە شەڕی پاڵەوانان. هەرگا هەیڤی عاسمان پێو، لە ئاسۆی کێو دەردەکەوت و پاسەوانی دەشتەپانی عابی ڕەنگی بەر دەکەوت و تریفەی لە سەر کێفەوە پشوودانی ڕادەگەیاند، مەردانی دڵ بەرد و نەبەردانی دەشتی نەبەرد، خورووی سەریان دادەمرکا و دەستیان لە شەڕ هەڵدەگرت و پایان لە گەڕ دەحەساوە و لەشیان دەخستە سەر هەرد و مۆژڵیان تێك دەپەڕاند و پیلوویان بە چاودا دەدا و خەونیان بە خوێنەوە دەدیت. ماوەی سێ مانگ واگوزەرا، بورج و کۆنگرەی شوورەکان بە تۆپی قەلاڕمێن و مەنجەنیقی کەفر سوتێن وەك ددانی پیرەنەنکان پڕ بوون لە کەلایی و کولێن و هێند نەمابوو کە قەڵا سەر بچەمێنێ، شاتۆماسب لە پاتەختی تەورێزەوە بۆ ڕێزگرتنی میرشەرەف بۆ خۆی ڕووی کردەبدلیس و کاتێ خەبەری هاتنی شاڵە ئەخلات و عەدلجەواز بڵاو بۆوە، فیل یاقووب و ئۆڵمە بە جووت دەستیان لە بدلیس هەڵگرت و ڕێ هەڵاتنیان ڕەچاو کرد. بە جۆرێك سەریان لێ شێوا، زۆربەی زۆری گرانبار و خێوەت و دوو تۆپی گەورە -کە لە لای ڕۆژهەڵاتی شار هەمبەری دەرگای تەلیسم، دابەسرابوون و دار و دیواری قەڵایان بەو دوو تۆپانە دەتەپاند -لە دەشتی شەڕگە بەجێ مان. دەگێڕنەوە قەرایادگار کە لە دوایە دورەك[1]یان بە نازناو دایە، هەر بە سواری لە قەڵاوە بازی برد و بە چوار ناڵە ئەسپی تاو داو لە ئەخلاتێ هەواڵی دوژمن هەڵاتی بە بارەگای شاهی گەیاند و بە لاواندنەوەی شاهانە و بە بەخششی شایانی خۆی سەرفراز و بێ نیاز کرا.

میرشەرف بۆ پێشکەشی شا و دیاری هەواڵ و یارانی، فەرمانیدا کە دەو و دووی ماڵ و داهات و مەڕانە و پاتاڵانەی هەموو هۆز و خێڵەکانی ناوچەی بدلیس و هەر شوێنێك کە دەبەردەستی ئەودایە - چ کافر و چ موسوڵمان- هەمووی دەبێ کۆ کرێتەوە. باج ئەستێنی زۆر قیرسیچمە و زبر و تیژی وە ناو خستن و بە سێ ڕۆژان دراوێکی بێدادیان بۆ وەسەر یەکنا. لە ئەخلاتێ بە خۆشی هاتنی شاوە، میوانداریەکی وای سازدا و ئاهەنگێکی وای بەرپا کرد کە هیچکەس وێنەی نەدیوە. حەوتەوانە لەو

---

[1] - باز، بەڵام بازی مەل، ناو بازی پەل. هەژار

عاسمانە بە هەر حەوتان لە دهۆڵی مانگیان دەدا و بانگیان دەدا و بانگیان لە ئەستێرە دەکرد بێنە سەیرێ. زوهرە وە سەما کەوتبوو؛ خۆی بادەدا. لەیل و مەجرووم بەیتی خۆیان لە بیر چووبوو؛ بەو ئاهەنگەیان هەڵدەگوت. جووتەی کەوان، کەوان ژەن و قرژانگ بە دوو سەر دەهات و سەری خۆی بە شاباش دەدا. گەلاوێژ گلەیی دەکرد کە خۆر رێگەی لێ بڕیوە و ڕێ نادا سترانەك بێژێ. کاروانکوژە بە واق وڕی دەکاروانچیانی دەخوری کە لەو خوانەدا بەشدار بن. تای تەراز و بە دوو سەرە هەر میوەیان هەڵدەکێشاو هێشوی پیرۆ لە خوای دەویست هێشووە ترێیەکی وا با، کە لەو کۆیەدا خورابا. رۆژی گەورە دامێن-دامێن باوەش-باوەش خەڵات پەخشانی زێڕی بوو؛ بەریکی داروددەونی ئاخنیبوو؛ ورچی زل و ورچە چوکە -بۆ مل و مۆی تیکە بەرماو- پاسەوانی خێوەتان بوون. بە هەزاران چاو لە کادز لە بەرد و کەڵی ئاورگی بەربەرۆشان پرووش بوون و ئاویان دەکرد. ڕەشماڵی سەد ئەستوندەکی و خێوەتی هەشتا چەڵاکی و کۆنی لە بان چیغی تازەی ئاوریشمچن، هەر یەك بۆ زۆر خۆ نیشاندان، قوتکەی گوڵێنگەی کولاویان دەورگی عاسمان گیرابوو. لە بەر تەختی زێڕ و زێو و مرواری بەند -کە کەس نەیدەزانی چەندن- هەر ڕێ ڕێداریش نەمابوو. لە هەردەران و دەوەران، داری عود و ئەسپەندەری چاوزاران، لە سەر سکلان هەڵدەقرچان و بێقل و کەپۆی میوانانیان دەئاخنی و بۆ پێ هەڵکالان لەمپەر بوون. سەتان لاوی قەد لاولاوی چاومەست و لە دڵ هەنگێوە بە پیانی زێڕ و زێوەوە و زەردەخەنە بە لێوەوە، هەرای فەرموو بخۆرەوەیان گاڵەی دەکرد و بە تیلەی چاو، خواپەرستی لە زەبریشیان وەردەگەڕاند. گۆرانی بێژانی دەنگخۆش ژانی دڵانیان دەڕەواند و خەمیان بەرەوڕوو دەکەواند و ڕەگی کەسەریان دەخەواند. سەماکەران لە دڵتەڕان و دڵبەران بە بەر دەف و دمەگەوە و بە جلکی هەمەڕەنگەوە، تەنگی دڵیان دەڕەتاند و ئیشتیای گراویان دەبزواند:

چلۆن بانگێشتنێك؟ مەر خوا بزانێ	چ کەس نەیدیگە ئاوا نان و خوانێ
ئەمەندەڕێز کرابوو جۆرە ماسی	گەرێ دەریا و چەمیش کەمیان دەناسی
لە ناو ڕۆندا مەلەی قاز و مراوی	بە کوژراوی و بەشی سوورەو کراوی
مریشك هەر نەپرسە چەی بە سەر هات	قرانی پۆپە لار و هێلکەکەر هات
کەڤۆك و کەو ئەوەندەسەر بڕابوو	گمە و قاسپە لە سەر دنیا نەمابوو

قورینگ و پۆڕ و چێرگ و بۆقلە و سیش
چزین و هەلکزانیان بوو لە سەر شیش

لە بەر پیری ئەگەر گۆشتی خورابا
دەبوو گای ژێر زەویش پەل پەل کرابا

پلاو ساوار نەبەس گۆشتی لە بەر بوو
کلاوی دووگەبەرخیشی لە سەر بوو

تەنانەت کار و بەرخی عاسمانیێ
وەیان زانی خوراون دێر زەمانیێ

گولاو و ماست و دۆ و دۆشاو و خۆشاو
گز و فتدەر بەزار و بێقل و چاو

سجوق و مێوژ و هەنگوینی شانە
مەلا و شێخیان دەخستە سەر بەهانە

ترێ و گندۆر و شفتی و خۆخ و هەرمێ
لە خۆرایان دڕاند ڕووبەندی شەرمێ

تا سێ ڕۆژان بەزم و ئاهەنگ لە ئارا بوو. لە ناو میوانان کەس نەما لە بەخشش گیرفان پڕ نەکا و هیچ تامەزرۆیەکیش نەبوو لە چێژەی خۆش، خۆی مڕ نەکا. ئەو جار نۆرەی پێشکەشی شاهانە پێشێ. شتی وایان لە کۆڕ دانا و دیاری وایان هێنا گۆڕێ، کە تا ئێستا نە هیچ چاوێك ئەوەندەی پێکەوە دیوە، نە هیچ گوێیەك باس و خواسی نایابی وای بە بەرگوێدا تێپەڕیوە. دەستە دەستە مەلی ڕاوی لە سەقر و واشەوە بگرە تا شاهێن و تەرلان و باز، ئەسپی کەحیل بەزینی قەلتاغ زێڕەوە، کەولەوشەگ، پارچەی حەوڕەنگ، مەخمەر و زێڕبافتی فەڕەنگ، لە بەر چاوی شارێزکران و چاوی پڕ بەزەی شاهانە بە خۆشیەوە سەیری کردن. ئەویش کەمبەرە شیرێکی زێڕ و گەوهەر وێ خراو و خەفتانی ئاوریشمی چوار توێی زێڕدۆزی بە خەلات دایە و نازناوی خانیشی لێ نا و یەکجاری سەرفرازی کرد و پلەی سەرداری لەشکر و میری میرانی کوردستانیشی پێ بەخشی و فەرمانی پیرۆز و جوانی لەو بارەوە بۆ خستە کار کە وا لێرە ڕای دەگوێزین.

ڕوونووسی فەرمان

چونکە نیازی بنەڕەتی دەسەلاتی خونکارانی ئاکار تەرز و هەوێنی بەرەوژوور چوونی کاروباری پادشایانی خاوەن شکۆ، چاوەدێری و ڕاهێنانی کۆمەلێك لە سەروەرانە کە ئەوانە دایم و دەرهەم لە پێناوی بیر و بڕوا تێکۆشاون و لە بەر هیچ کۆسپ و لەمپەرێك دانەماون و لە مەیدانی ماندوو بوونێ و بۆ نەترسان لە تێچوونێ گۆی چالاکیان لە ئامپایان بردۆتەوە، لە ڕای خزمەت گوزاریدا و لە باری

فیداکاریدا هەر سوور بوون و لە خاوی و گزی دوور بوون و هەموو سەرمایەی ژیانیان بۆ دەرگای جیهان پەنامان و بارەگای گەردوون ئاسامان بەخت دەکەن و بە گیانبازی و لە خۆبوردن، کەند و کۆسپی سەر ڕێ ئێمە تەخت دەکەن، لەو بارەوە پالاوی فەرمانڕەوایی و گەشەدەری دام و دەزگای ترۆپ بەرزی حکوومەتمان، سەروەری میرانی مەزن و پوختەی بنەماڵەی گەورە، ژێهاتوی دەستەلاتداری و بەختیاری دین و دنیا (شەرەفخان) زۆر بە دڵسۆزی و بڕواوە بەم خانەدانە بەرزەمان -کە هێلانەی سەربەرزانە- پەناهێنە و وازی لە دوژمن هێناوە و داوێنی چاکە و بەزەیی و پیاوەتی ئێمەی باداوە و وە زوان حاڵ پێمان ئەوشێ:

هاتنی من نە لەبەر ڕێزە نە زێڕوزێوە ترسی دوژمن منی پێچاوەتە ماڵی ئێوە

بە کۆڕی بەرز و پیرۆزمان سەرفراز بوو. بێگومان بەزەیی و چاکەی بێ ئەندازەی شاهانەمان ورەی دڵ و هێز و ڕێزی پێ دەبەخشێ و وەك زانایان بە ڕەوانی فەرمووگیانە:

پەسیو و پەنای بێکەسە ماڵی من کەسێك خۆ بهاوێتە بن باڵی من

لە کەس با نەترسێ بە سوێند و بەڵێن وەناکەم لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێن

وا ئەو میرە پەنابەرە لە ژێر سێبەری دووبەر و بەرپانی ئێمەدا ڕێگەی درا و پلە و پایەی نازناوی «خان»ی پێدراو ناومان لێ ناوە «شەرەفخان». پێشەوایی کۆیلەکانی دیوانی بەرزیشمان پێدا و لە ڕیزی خان و میرانی خودان شانی بەر بارەگای سەربڵندا حەساو کرا و کراش بە میری میران و فەرمانڕەوای هەموو میرانی کوردستان. بدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس -وێڕای ئەو شوێنانەیتریش کە ژێردەستەی میری دەسنیشان کراو بوون- بە زەمینی پارێزراوی بریکارانی پیرۆزی شاهانەی خۆمانن زانی و بەو پیاوە شایستەن بەخشی و سەر هەوساری بگرە و بەردەو گیرۆداری دنیاداری و دارایی ئەو وڵاتەمان دەناو مشتی گرێ گشتی ئەو میرە نا؛ تا هەمیشە وەك دبێژن: «بە چاکە کۆیلە پەیداکە» ئەویش چاکەی لە بەرچاو بێ و لە شارێی خزمەتی شادا ئەمەگدار و دەس بەکار بێ و وەك نۆکەری چاك و دڵسۆز، با چاکی لۆ بکا بەلادا و بۆ هیم پتەوی و هەمڕەنگی، ئەوەند هەوڵ و تەقەلادا کە میر ومەزنانی هاوسای گشتیان لاسای ئەو وەکەن و لە سایەی ئەم فیداکاریەی، دەم لە

دوو دەم لە بەرچاومان پەسندتر و لامان خۆشەویستتر دەبێ.

لە سەر هەموو میر وگزیران و سەرکردانی کوردستانە، کە ئەم خانە ناو دراوە، بە میـــری میـــران بزانن و سـەرکزی بەرفـەرمانی بـن و هـیچ کـات و سـات و زەمـانێ لـە بـەر فـەرمانی دەرنەچـن و خاوەخاویشی لێ نەکەن و گوێ بۆ جارەکانی شل کەن و هـەر پێداویـستێکی بـوێ -کـە بـۆ دەوڵـەت بەهرەی بوێ- بۆی پێك بێنن. پادشایان و کۆیـخان و بۆرەپیاگ و دانیشتوانی ئەو ناوچانە و سەرکۆمار و خێڵەوار و ئاژەڵداری سەر بەوێنـە، گەرەکـە خـانی نـاوبراو بـە تـەرخانی شـابزانن و فـەرمانڕەوایان خۆیەسی و هەرچی ئێژێ وەگوێ بکەن و لاری و چەوتی دەگەڵ نەکەن. ئەرکی سەرشانی خانیشە ئەڕای مسکێن و ژێردەستان ڕەفتاری ئەوەندەخاس‌وێ، نزای بەخێری بۆ بکـەن. زۆردار، بـێزۆر بەرخۆنـەدا و لاسار، هەژار دانەکرۆژێ؛ تا میـری دەرودراوسێش چاولێکەری ڕەچاوکەن و بەسەر شۆپی ئەودا بڕۆن.

هەرگا ئەم فەرمانە جوانە بە ئیمـزای بـەرز و پیـــرۆزمان ڕازایـەوە و نەخـشێندرا، ئـەوا فـەرمان سەپێندرا. بە فەرمانی بەرزەیانە خوای بەرز بەرزتری کا و هەتا هەتایە بیهێڵێ و هەمیشەش دەرمێندا بێ و دەستی کەسی پێ ڕانەگا.

لە بیستی سەفەرە مانگی ئاخر خێر و لە باو خۆشی ساڵی نۆسەد و سی و نۆ نڤیسەرا.

دوای وەی کە سەرچاوەی بەزەی ڕەوان و ڕوونی شاهانە ئەو فەرمانە جوانەی دەڵانـد، شـەرەفـخـان جگەرگۆشەکەی -کە میرشەمسەدینی ناوبوو- لە ئیختیمارەوە هێنا و ڕەگەڵ پیاوەکانی شـای خـست. ئاڵای لەشکری پادشا ڕووی کردەئازربایـجان و لە پاتەختا حەسایەوە.

لەو بەینەدا خەبەریاندا کە عوبێدخانی ئوزبەکی، خوراسانی بەرخۆ داوە و وا نزیکەی ساڵێکیشە لە دەورەی شاری هیـڕاتە و بارام میـرزای خستۆەتە ناو تەنگانەوە و پیاوەکانی بارام میـرزا لـە برسـانا هەر چەرمی کولاو دەجاون! بەو باسە چەرم برژێنە، شا شڵەژا و میرشەمسەدینی ناردەوە و نامـەی پـڕ لە دڵدانەوەی بۆ شەرەفـخانی نووسیـن و کاروباری ئازربایـجانی پێ سپارد. هێندێك میـری قزلبـاش وەك: هەلـهەل سوڵتان عەرەبگیـرلوو و ئوەیس سوڵتانی پازوکی و ئەجەل سوڵتانی قاجار و ئەمیربەگی مەحـموودی و مووسا سوڵتان -کە سەرپەرشتی تەورێز بوو- ڕای‌سپاردن کـە ببنـە یـار و هاوکـاری و

هەرگا لە دوی هەرکامی نارد و کۆمەگی لە کێ داوا کرد، زۆر زوو بـە دەنگیـەوە بـچن. خۆیـشی بـۆ کێشەی عوبێدخان ڕووی کردە ئالی خوراسان.

لە باوکی خۆم بیست دەیفەرموو: کاتێك کە من مالآواییم لە شاتۆماسبێ دەخواسـت، فـەرمووی: بچۆ بە باوکی خۆت بلێ هەتا ئێمە لە لای خوراسان دینەوە، هەر چۆنێك بێ دەگەڵ عوسـمانیاندا ڕێك بێ و تێکی نەدا؛ چونکە ئۆڵمە دوژمنیـەتی و لـە بـێ‌فـەڕی و کـەتنگێڕی و دووزمانیـدا لـە دنیـادا بێ‌وێنەیە. لەبەر چاومە دنەی عوسـمانی لێدەدا و تووشی گێچەڵێکی دەکا. بەڵام شـەرەفـخـان گـوێ نەدا بەو ئاموژگاریە باشانە و ویستی تۆڵە لەو کوردانە بکاتـەوە کـە هاوسـای بـوون و وەخـتی خـۆی چووبوونە لای فیل یاقووب پاشا و ئۆڵمەی و هاتبوونە بدلیس گرتنێ. چووە سەر مـیرداودی خێزانـی و ناوچەکەی لێ تالآن کرد و سێ ڕۆژانیش دەوری قەڵای خێزانی دا؛ کە میـرداودی تێدابوو. لە هـەر دوو لا چەند بریندار و کـوژراویش هـەبوون. لـە پـڕ دەنـگ و بـاس داکـەوت: ئۆڵمـە گەیـشتە بدلیـسێ. شەرەفـخان قەڵای خێزانی واز لێ هێنا و گەڕایەوە. لە سەر ئەوە میـرە خەیانـەت بارەکـان تـەواو لـە شەرەفـخان سڵ بوون و بە کۆمەڵ چوونە لای ئۆڵمەی. هەر لە ناو ڕۆژەکیانیشدا ئەمیربداغی کیـسانی و برایـماغای بلباسی کوڕ شێخ ئەمیر وقەلەندەراغای فرزەندی مـحەمەداغای کەلـهۆکی و دەروێـش مەحـموود کەڵەچێری لە شەرەفـخانێ زیز بوون و تەکیانداوە تەك ئۆڵمەوە.

پوختەی ئەمەس: دیـسانەوە دەهـەزار چـەکداری پیـادەو سـوار و تفـەنگوان و کـەوان بەشـان بـە سەرکردایەتی ئۆڵمە و بە کۆمەگی فیل یاقووب و بە هاوکاری ئەو کوردانـە، دەپـاییزی سـاڵی ٩٤٠.ك (١٥٤٣.ز)دا بە ڕێگەی ناوچەی خێزاندا لەشکریان بـەرەو تاتیـك هـات و لـەو دەمەشـدا چـەکدارانی شەرەفـخانی لە پێنج هەزار پتـر نەبوون. ڕاسپێری شاتۆماسبی هاتە بیـرێ؛ ویستی ڕوو بکاتە ئاڵەتاغ و ئەلشکوردێ و پیاو بنێرێ مووسا سوڵتان و میـریتر لە تەورێزڕا کۆمـەگ و هیمداد بنێـرن و ئەوسـا دەگژ ئۆڵمە ڕاچێ. بەو بیـرە ئاغای ڕۆژەکی ملیان نەدا و بە تایبەتی سەیدی عەلیاغای پرتـافی -کـە لەو دەمـەدا هەمەکارەی شەرەفـخان و ڕیش چەرموگی ڕۆژەکیان بوو- بە سەرڕەقی و هیـچ نـەزانی لـە کـۆڕی دیوانـدا گـوتی: ڕۆژەکـی ئەگـەر دەخۆیـان ڕانـەبینن کـە بەگـژ ئۆڵمـەدا بـچن، مـن فەلـە و هەرمـەنیەکانی وڵاتی بدلیس کۆم دەکەم و هەر بەوان ئەو شەڕەی دەکەم! شەرەفـخـان لەمـەڕ زانیـاری

ڕەمل و ئەستێرە ناسیەوە دەستێکی زۆر باڵای هەبوو؛ گوتی لە ڕەملم ڕوانیوە، ئەمجار پلەی بەختی ئۆڵمە زۆر لە سەرە و چارەنووسمان بەرەوژێرەو داکەوتووە؛ بە هیچ جۆرێك ڕەوا نیە لەم دەمەدا دەگژی ڕاچین. بەڵام چەنە بازی زۆر و هەر و گیفی ئەو کوردانە ئامۆژگاری وەبن خۆ دان و پێیان چەقاند کە بەو لەشکرە کەمەوە دەگژ ئەو هەزارە زیلەی ئۆڵمە و فیلە و کوردان ڕاچن!

ئۆڵمە گەیشتە تاتیکێ -- کە سەر بە ناوچەی بدلیسە- و هەر دوو لەشکر لەوێندەرێ تووشی یەك بوون. ئۆڵمە پشتی لەشکری خۆی دابووە کەژ و پێشەکەشی زەمینێك بوو هەرزنی لێدا چنابوو. شەوێ ئاوی تێکردبوو، ببووە قوڕ و ڕیزی لەشکری خۆی ڕانا، ینگیچەری و کەوانداری کردبووە دوو قۆڵ و لە ناو دڵی لەشکریدا جێ کردبۆوە.

شەرەفخانیش لە هەمبەر دوژمنی خۆیدا ڕیزی لەشکری خۆی ڕانا و چەکدارەکانی ڕۆژەکی بە بێ ئەوە زۆری دژ و ڕژدی جێگەی بێننە بەرچاو، بە فیز و دەخۆڕادیوی هێرشیان برد و لە هەردوو لا لاوانی لە شەڕ سەرخۆش و کفن پۆش و شیر وەشێن و شێر گورێن، لەو دەشتەدا مەحشەریان بەرپا کردبوو. تۆز و تینی شەڕ و گەڕان ببووە هەور و خوێنی گەرمی لێ دەباری.

لە دوو لاوە لاوانی کوردی نەبەز	بەگژ یەکترا چون لە دەشت و ڕەوەز
سمی یەکسمان ئاگری هەڵدەکرد	لەهی خوێنی گەش لاش و کەللەی دەبرد
کەمەند هەژدیها بو دەهاڵا لە مل	وەبەر خۆی دەدان هەر هەڵەی سی و چل
مەتاڵ ببووە سندانی ئاسنگەران	درینگەی دەبیسرا لە زۆر هەندەران
لە بەر ڕێژەو و گێژەوی تیر و شیر	ئەگەر مار هەبا دەچوە ناو پەلکە سیر
تفەنگ دووکەڵی ببووە هەورێك لە بان	برووسکی دەدا دووخی تیخی دەبان
لە گشلا مەرگ دادەباری بە تاو	لە گەرمی شەڕێ توانەوە جەرگ و ناو

لە جەنگەی ئەو هەنگامەدا و لەو تەنگانە بە سامەدا -کە هەموو مەردێکی گەڕناس لێ برابوو یان سەری خۆی بدۆڕێنێ یان ئەو شەڕەی بەرێتەوە- ئەمیربەگی مەحموودی کە سەرکردەی باڵی ڕاستی لەشکری شەرەفخانی بوو، کوردەناموسی بەرپێدا و پەڕۆی شینی بێئاموسی لە دوڕ هەنیەی خۆی گرێدا

ئەمەگیان هەر نەبوو یان تۆمی فەوتـا　　　پـڕ و پووچـە ئەگـەر دیشت لـە خـەوتا

بە خۆی و هاوکارانیەوە لە شەرەفخان هەڵگەڕاوە و گەیشتە سوپاگەی ئۆڵمەی! بە هەڵکەوت لـەو دەمەشدا گوللەی تفەنگ شانی چەپی خانی پێکا و تێك هەڵگلا و خۆی لە سـەر ئەسـپ بـۆ نـەگرا و دەستی جڵەوی شل بۆوە. ڕۆژەکی کە ئەمەیان دی، هەر یەك بە لایەکدا هەڵات. لـەو ڕۆژەدا حەوسـەد پیاوی پاڵەوان و لەشکرشکێن دەخوێنی خۆدا شەلاڵ بـوون؛ پێنجسەدیان لـە ئەمیـــرزادەو ئاغایـانی ڕۆژەکی بوون کە دەگەڵ سەیدی عەلیاغای بریکار سەریان تێدا چوو. سەکر بەگی کوڕی و هێندێك لـە ڕۆژەکیان بە دیل گیـران. ئۆڵمە لە پاش شەڕ بردنەوە، هەر لـەوێوە ڕووی کـردەوان و وسـتانێ و پێـی نەنایە ناوچەی بدلیس. منداڵ و مەزنی ڕۆژەکیان ئەم کارەساتە گەورەیان لە سەیدی عـەلیاغا زانـی و بە تووك و نەفرین و جوێنان بەری بوونێ و نزای خەڵکی لێ گیـرابوو بۆرە خزمێشی فـەوتان و هـەموو کەسیان دوابڕاو بوون.

شەرەفخان کە شەهید کرا، ئەمەنی لە چل بەولاوەو تەکی دابـوو بـە پەنـــجاوە. سی سـاڵ پتــر فەرمانڕەوای سەربەخۆ بوو؛ میرشەمسەدین تاقانەی بوو؛ کە لە کیژی عەلی بـەگی ساسـۆنیەوە خـودا دابووی. بووکەکەشی کەنیشکی مـحەمەد بەگیحەزوی بوو؛ کە خۆی بۆی خواست. حەو شەووڕۆژ بەزم و ئاهەنگی بۆ گێڕا و ئاهەنگ لە گۆك مەیدان گیـرا؛ نەیهێشت هیچ شتی ناڕەوا و پێچەوانەی دیـن و ئاییـن لەو بەزمەدا بێتە کایە و هەرچۆنی شەرع فەرمووبووی و شوێنی موسوڵمانەتی بوو، ئاوا کـرا. بەڵام تەرزە نان و خوانێك ڕازایەوە کاکێشانەکەی ئەو سەرە هەزاران چاوی داچەقاند و لە دوورەوە تێـی ڕادەما و هەسێرەی جگەرگۆشەی خۆی بۆ شاباش پێشنیار دەکرد و گوڵ ئەستێرەی دادەباراند. خێوەت و کۆن بە هەزار جۆر نەخش و نیگار خەملێنرا بوون و هـەزاران بـۆ گـوڵ و ڕیـــحان بـۆ بـۆ ویەرامـە چێنرابوون و بە سەتان تام شێو لێنرابوون. میـــرانی مـەزنی کوردسـتان سەیدمـــحەمەدی هـەکاری و شاعەلی بەگی بۆتانی و مەلیك خەلیلی ئەییوبی و حەسەن بەگی پالوهی لەو زەماوەندەبەشدار بـوون و زۆری پێ گەش و دڵشاد بوون. ئەو سەردەمە گەمەی لاوانی کوردستان گۆیێن و کاشۆبازی بوو؛ یا خـۆ

گاڵتەی قەبەقێن[1] بوو. هەروا یاڵتە بەکەزێڕ بوو بە شاباش و بەخشش دەدرا. لە پاش تەواوبوونی گۆوەند، پێشکەش و جیازی زۆر نایاب درا بەو میر ومەزنانە و بە دڵخۆشی گەڕانەوە.

میرشەرەفخان خراپەی لە بیر نەدەچوون؛ هەر کەس لە ساڵ و زەمانان دەگەڵ باب و کاڵانیشی ناهەنجاری لێ ڕوودابێ، دەسەریانەوە نەدەچوو؛ تۆڵەی خۆی لێ دەکردنەوە. بۆ نموونە شائیسماعیل چۆلاقخالیدی پازۆکی کردەسەرداری کوردستان و ئەویش مەڵبەندی ئوچکانی لە ناوچەی مووشێ دابڕی و خستیە سەر ناوچەی خەنووس و دای بە ڕوستەم بەگی برای و زۆری زۆری لە هۆزی ڕۆژەکی دەرکرد و زستانان لە ئۆچکان دەژیا. ساڵی نۆسەدوبیستودوو لە چلەی زستان و سەرمادا، تفت هەڵاویتبا دەیبەست و هاڵاو لە دەم دەرکەوتبا هەردەم و دەست وەهای دەبەست بە ئەڕدێن و سمێڵەوە خلەی دەهات، سمۆرە ئێزنگی دێنا و بەراز پووشی سەر یەك دەنا و قەقنەس باڵی بۆ لێك دەدان، کە ئاوری دزانە هەلکەن و تۆزێکیان گەرم بێتەوە، میرشەرفخان کێسی هێنا و هەزاروپێنجسەد جحێڵی ڕۆژەکیانی تەیار کرد و هەموو لاکان[2]یان کردەپا و ڕوستەم بەگیان پەلامار دا. ڕوستەم بەگیش و دوو کوڕی و چوارسەد زەلامی پازۆکی زۆر ئازایان لە ناو بردن. کوت و کوێرم ناپارێزم، شیر و خەنجەریان هەلکێشاو بەربوونە گەورە و گچکەیان و جوقەواریان لێ نەهێشتن. هێندێك لە دەستیان دەرچووبوون، چووبوونە ئەشکەوتێکەوە کە لە لای قەڵای ئۆچکانە. ئەوانیشیان بەدووقانگ داو لە دووکەڵدا خنکاندیانن. نووسەری ئەم ڕووبەڕانە لە دۆستانی خۆی بیستووە گۆیا تەنیا پیرێژنێك چووبووە بن هەمبانێکەوە و لەو پازۆکی قڕانەدا تەنیا هەر ئەو ڕزگار بووە. تا بەم جۆرە سزای کردەوەی ناڕەوای ئەو پازۆکیانەی دایەوە! ماڵ و مناڵیان هەرچی بوو بە دیل و تاڵان هێنانی و بە بێزیان گەڕایەوە.

ساڵی سی و نۆ[3] لێ بڕابوو قەڵای ئیختیمار وەستێنێ. ئەو قەڵایە لە مابەینی دەریاچەی وان و

١- دەڵێ «قبق انداختن» واتا: کوولەکە هاویشتن؛ کە ئەم گەمەیە نەبیسراوە. ڕەنگە هەر تۆپێنی نیاز بووبێ. هەژار

٢- لاکان پێلاوێکە بۆ سەر بەفر لە شوڵ دەیچنن و وەك ناڵێکی گەورە وایە و ئەوعە «ئیسکی»یەکە؛ بۆتانی «لیان»ی پێ دەڵێن. هەژار

٣- لە ماکە فارسیەکەدا: تسع و ثلاثین واتا: ٣٩ نووسراوە. عەونی ٩٣٩ی نووسیوە. ڕۆژبەیانی دەڵێ ڕەنگە ٩٣٩ بێ. من لام وایە «تسعمایە و ثلاثین» بووە و مەبەستی ساڵی ٩٣٠ بێ؛ چونکە مێژووی فەرمانی شا ٩٣٩یە و دەڵێ هەر چووە سەر خێزان و لە بەر تۆڵەی وازی هانی و لە چلیشدا کوژرا. دەشڵێ ساڵی ٩٣٨ کوڕی ناردەئیختیمار ←

ئەرجیشە و هەر زۆر لە مێژینەشەوە بە دەست ڕۆژەکیانەوە بووە. پاشان میرەکانی شەنبۆ دەستیان بە سەردا گرتبوو. چەند کەشتیەکی ئامادەکرد و بە زۆرداری قەلاکەی لە دەست دەرێنان. ڕوستەم بەگی کوڕ مەلیك بەگی هەکاری -کە فەرمانداری قەلا بوو- گوللەیەك پێکای و کوژرا. فەرمانڕەوای بۆتی بە زۆر ئەسعردی وەبەر خۆ دابوو، شەرەفخان لێی ئەستاندەوە و دایەوە مەلیك خەلیلی فەرمانڕوای حەسەنکێفا. هەر وەك بەرێش لە چیرۆکی ڕێك و پێکدا باسی کرا، ناوچەی ئەرزەنی لە چنگی مەلیك خەلیل ڕزگار کرد و نایە مشتی محەمەد بەگی ساسۆنی. ئەوساش کە هۆزی مەحموودی بە کۆمەگی قزلباشان چوونە سەر عیزەدین شێری هەکاری، شێخ بلباسی نارد و مەحموودی لە کۆل کردەوە. وەك گوتیشمان کاتێ کە ئورکەمز سولتان سەرکردەی قزلباشی وان، عیوەز بەگی مەحموودی گرت، بە زۆری پێی بەرهەلدا کرد.

بۆ خێر و خێرات کردنیش مزگەوتێکی زۆر لەبار و فێرگەیەکی زۆر تەیار و دەروێشدانێکی نازداری هەر لە بدلیس بنیاد ناوە و ناوی ناون «شەرەفییە» و ڕاستەبازاڕ و خانێکی دوو نهۆمی گەورە و چەند گوند و مەزرای زۆر باش و چەند دووکان و ئاشێکی هەمیشە گەڕ و بەهرە فرەی کردەوەقف و سەرپەرشتی ئەو وەقف و زەوی و زارانەی داوە بە وەچی نێرینەی، هەتا دنیا دەبڕێتەوە. لە لای مزگەوتە گەورەکەی شەرەفییە جێ گۆڕی بۆ خۆ دیاری کرد و کە مرد، شابێگی خاتوونی ژنی -کیژی عەلی بەگی ساسۆن- گونبەزێکی لە سەر کرد و سەریشی گرت. لە دراوی مەوقووفەجاتێ، قورعان خوێن بە کرێ گیراون هەموو بەیانی و ئێواران لە سەر گۆڕە پیرۆزەکەی خەریکی قورعان خوێندنن.

هۆی چوارەم:

ژیننامەی میرشەمسەدین، کوڕی شەرەفخان

ئەوانەی پیتۆل و ژیرن و دوور دەبینن و لە سەر بیرن و بە چاوی دڵ تیشکی بەزەی خوایان دیوە و مێشکیان بەژەکی یەزدانی پەروەریوە، لایان ڕوونە هەر کەس خودا دەستی بگرێ و نیازی بێ بەرزی کاتەوە و وەی لاوێنی و دڵخۆشی کا و خەمی لە بیر بباتەوە، هەروا لە چاولێکنانێکدا تاجی بەختی

← کە دیارە هی خۆی بووە. هەژار

لە سەر سەر و لە سەر تەختی کامڕەوا بوونی ڕادەنێ و لە بەرچاوی هەموو کەسێ خۆشەویست و جوان و ڕندەو جێی بڵندی بۆ دادەنێ و خودا بە دەستی توانای خۆی، ڕایدێنێ و دەیپەروەرێنێ و کە فەرموویە «چل بەیان هەر بە دەستی خۆم قوڕی ئادەمم شێلاوە»، ئەم نیازە دەگەیەنێ کە بۆ مرۆ جوانی و شکۆ و بەختەوەری و تێری و نێز، خاکەسەری و کرژی و خاوی و لەز و سستی و بەزەوقین و بەرزی و پەستی و تۆڵە و بەخشین، ساردی و گەرمی و خۆشی و ترشی پەیدا دەبن. گشتی هەر دەسکاری وین و بۆ فەرمانی ئەو سەرنەوین.

کە فەرموویە «بۆیەم ناردی کە دنیات لە بەر وەحەسێ»، فەرمووشیەتی «هیچ شتێك بە دەس تۆ نیە»، مانگی چاردەبەو جوانیە -کە نۆبووکی عاسمانیە- کیران و پەڵەی دێتە سەر. بەهاری واخۆش و ڕەنگین پاییزی سارد و خەمگینی بە شوێنەوە و ڕنوی بەفران -کە ڕێ دەبڕن- بە بای بەهار دەتوێنەوە و پنجە پووشی بابردەڵە لە زەنوێران دەڕوێنەوە. ئەوانە پەندن بۆ ئێمە و پەندەکەش زەحفە نەکێمە. دەستێکی لە پێوار هەیە ژاری و تەیاری بەش دەکا و بەختیاریت کاری ئەوە و ئەویشە چارەت ڕەش دەکا.

ژیننامەی پڕ لە هەنگامەی میرشەمسەدین، پاژێکە لەم مەبەستەمان. دەپێشدا لە شوێنی باوکی، بوو بە فەرمانڕەوای بدلیس و لە ئەنجامدا بەخت کۆمەگی نەکرد و سوڵتانی خەزاکەر ڕەنجا و لە نیشتمان ئاوارە بوو. درێژەی باسیش ئەمەیە:

لە دوای ئەوەی کە میرشەرەف لە تاتیکێ شەهید کرا، هۆزی ڕۆژەکی چوونە دووی و لە قەڵای ئیختیمارەوە هاوردیانەوە بدلیس و کردیانە فەرمانڕەوای خۆ و سەریان وەبەر باری هێنا و گێرودار و کاروباری دنیاداری خرا ناو لەپی لەباری حاجی شەرەف، کوڕی محەمەدئاغا کەلهۆکی. لە پاش ساڵێك و شەش هەیڤان کە فەرمانڕەوایی دەکرد، لە برانەوەی ساڵی ٩٤١.ك (١٥٣٤و١٥٣٥.ز) لە سەر دنەدانی ئۆڵمە، بە فەرمانی سوڵتان سولەیمانخان، ئیبراهیم پاشای سەروەزیر کرا بە سەردار لەشکر و ڕەوانەی ئازربایجان بوو.

کاتێ ئاڵای بەرزە باڵای لەشکری هەمیشە لە سەر، دیاربەکریان ڕۆشن کردەوە، شەمسەدین بەگ دیاری و پێشکێشی زۆر باشی بە پێشوازی پاشاوە برد. کاتێ گەیشتە سوپاگەی عەسکەری هەرگیز نەبەز و لە خزمەت پاشادابەزی، پاشاگەلێکی ڕێز لێ نا و بۆ خۆی لە بریکاری سوڵتان فەرمانی

فەرمانڕەوایی بدلیسی بۆ ئیمزا کرد و دەگەڵ لەشکری قەت نەشکاو ئەویش ڕووی کردەتەورێزێ.
شاتۆماسب کە زانیەوە وا عوسمانی هاتوونە سەر، دەستی لە خوراسان بەردا و بە هەڵەداوان هاتەوە ئازربایجان. کە ئیبراهیم پاشابیستی شالە خوراسانەوە هات، زۆر بە پەلە پیاوی ناردەئاستانەی عاسمان ئاسایی سوڵتانی و پەیکی پاشاوەك ڕەشەبا ڕێی دەپێوا و بە نامەوە خۆی گەیاندەبەر بارەگا.
لە نامەکەدا نووسرابوو: شاتۆماسب خۆی دێتەوە و چەتری عاسمان ڕووشێنی تۆش لە عەجەمستان بێ باشە. ئیتر سوڵتانی خەزاکەر بۆ شەڕی ئێران کەوتە خۆ و لەشکری ئەوەندەساز داکە لە ئەستێرەی عاسمان و لە ڕەمل و گەلای دارانیش زۆر پتر بوو. لە پاتەختی بێ چاوێنی ئەستەمبوڵێ وەدەرکەوت و بەرەو تەورێز جووڵەی فەرموو. هەردوك پاشالە مانگێکدا گەیشتنە ئازربایجان. ئەوسا سوڵتانی خەزاکەر -لە سەر دەستووری عوسمانی- پیکی وەسەر زوڕنای شەڕ خست و وای تێ توڕاند کە پەردەی گوێی فریشتەی عاسمانیان دڕاند. دەهۆڵی تورکی شەڕانی، دار و بەردی دەهەژاند و زار و زورهانی دەبزداند. سوڵتان بە گوێی میرە زەلامەکانی کرد؛ ئەو کەسانەی کە زۆر جاران لە زۆر شەڕان سەرکەوتوون و کارامەن و لە کلّی مەیدانێ دەرکەوتوون، هەمووی کردن بە پێشەنگی لەشکری بە زەبروزەنگی تا بە هەڵپە و گوڕ و تاویان و شیری جەوهەرداری تازەساویان زراوی عەجەمان بەرن و زۆر زوو بێ سەروبەریان کەن. ڕاستە و چۆپە و دوڕ لەشکری وەك شوورەی ئەسکەندەرتەنی و بە هەوای عیراق دەنگیدان. شاتۆماسب هات گەیشتە سوڵتانییە و سەر ڕێی سوپای سوڵتانی گرت. لەو دەمەدا قزڵباشان هەر خۆ بە خۆ تێك بەر ببوون؛ سەر و خەمیان لێ شێوابوو؛ لە هەشت هەزار سواری پتر دەگەڵ شای ئێراندا نەبوو. لە بەر ئەوە بۆی نەدەکرا خۆ لە بەر سوپای وەك دەریای سوڵتان سولەیمان ڕابگرێ و بۆ شەڕ کردن پێ دابگرێ، ناچار بەرەو دەرگەزێن و هەمەدان چوو. پلەی سەرما لە حاندی پلەی تەرازوو شازدەدەرەجە تێپەڕی. لەشکری بەفر و کرێوە و بادەوە و بۆران و تۆفان -کەی کەم نیسەی کەم- داباری و ڕێگە و بانی واتاخنین کە لەشکری پێ و قەدەم خێری عوسمانی نەیدەتوانی هەنگاو بنێ و لە سەرمانا -سەرلە بەریان- وەك مێوژۆکە هەڵدەلەرزین. زیندەوەرێکی زۆر بێداد لە ڕۆمی و ئەسپ و کەر و چارەوێ و پەرواری لە هۆردووی پیرۆزی سوڵتان کەسیرە بوون و لە بەر سەرما و بەستەڵەك و بەفری زۆر و بژیوی کەم، بە هیلاك چوون. چونکە عەسکەری ئیسلامێ چاوێنی

کاری لیّ کردن!

سولّتان ناچار ینگیچەری و گرانباری لە تەوریّز لە لای ئوّلّمە بەجیّ هیّشت و بەرەو ئارامگەی بەغدایە وەریّ کەوت. محەمەدخان شەرەفەدین ئوّغلّی تکلو -کە سەرپەرشتی بەغدا بوو- هەر کە بیستی سولەیمان هات، وەك میرولە عەجەمانە کەوتە پەلە و پەلی مالّ و منداڵی گرت و بەرەو شوشتەر و دەزفوولیّ قاچاندی و ئاوڕی نەداوە. بە بیّ هیچ شەڕ و خویّنڕیّژی، سولّتان بەغدای هاتە دەست و زستانی لەویّ گوزەراند.

شەمسەدین بەگ -کە ئەو بەینە هەر دەگەلّ سولّتانیّدا بوو- لە بەغدایە ئیزنی خواست و بەرەو بدلیس گەڕایەوە.

کاتیّ سولّتانی خەزاکەر لە خاکەلیّوەی بەهاردا لە خەتی ئالّتون کوّپریەوە ڕووی کردەئازربایجان و دەنگ و باسی گەڕانەوی بەرەو بارەگای شکوّدار لە گونبەزی ڕەنگاوڕەنگی عاسمانیّ دەنگی دایەوە، لە پشت ئەخلات چیغ و چادری بەسبات و سەیوان و ساباتی پڕهات سەریان دەمانگ و ڕوّژ هەلّسوون. لە سوّنگەی گوّلّمەزی ئوّلّمە و وەزیرە پایەبەرزەکان، لە دووی شەمسەدین بەگیان نارد و لە دیوانی سولەیمانی تیّیان گەیاند کە پادشاوای نیازە لیّت بخوازیّ دەست لە بدلیسیّ هەلّگری و ناوچەی مەلاّتیە و مەرعیش بە مولکایەتی وەرگری. شەمسەدین بەگ وەرامی دانەوە و فەرمووی: مولّك و سەر و مالّی ئیّمە هی پادشایە.

مەحموودعیمادان بایەکی -ئاغایەکی سەرناسی هوّزی ڕوّژەکی- کە لەو کوّڕەدا ئەمەی بیست، ڕووی کردەشەمسەدین بەگ و هەر بە کرمانجی دواندی و گوتی: ئەگەر بدلیس داگیر کەن و ئاگردانی خانەدانمان کویّر کەنەوە، ڕوّژەکی ژینیان بوّ چیە؟ میرم ئەگەر توّ لیّمگەڕیّی هەر ئیّستە ئیبراهیم پاشای گەورە وەزیر بەم خەنجەرەم دەهەنجنم. هەر ئەمڕوّ و لەم دیوانەدا سەدوپەنجا ڕوّژەکی هەن؛ هەمووان لە ڕیّی ئیّوەدا گیانی خوّمان بەخت دەکەین و ژیانی دیلی و ناوی زیند و بەجیّ دیّلین. میرشەمسەدین جوابی داوە: پادشاو وەزیر خراپەم دەربارە ناکەن سوچ و تاوان لە ئوّلّمەیە.

لە دوژمن بەخت و هات یەکلایەتی کرد　　دەنا فەرهاد گەلیّك ئازایەتی کرد

بەکر بەگی ڕۆژبەیانی -کە سەرۆکی کۆیلەکانی دیاربەکر بوو؛ لەو دەمەشدا بە سنجەقی عەدلجەواز ڕادەگەیشت- کە هەڕەشە و گەفی کابرای بە گوێ گەیشت، ئەویش هەر بە کوردی گوتی: ئەکەی بە قسەی کوردی نەزان بەڵایەك بە سەر خۆت بێنی؛ بدلیسیشت لەدەس بچێ. هەر خۆت بێمزەڕەت بمێنی، زۆر پێ ناچێ دیسانەوە دەیسێنیەوە.

کاتێ جوابی دڵسۆزانەی شەمسەدین بەگ بە خزمەت پادشاگەیشت، خەڵاتی شاهانە و ئەسپی بەزین و لغاو و ڕەشمە و زریزەی زێڕەوە و پسوولەی فەرمانڕەوایی مەڵاتیەی بۆ هاتە دەر؛ بدلیسیش درا بە ئۆڵمە. شەمسەدین بەگ قەڵاکانی وڵاتی بدلیسی چۆڵ کرد و نایە مشت کارگوزارانی سوڵتان. پازدەکەسی لە سەرناسانی ڕۆژەکی پێش خۆی ناردەمەڵاتیە. دوای وەی کاروانی بەودمی بارخانەی سوڵتان کۆچی کرد، شەمسەدین بەگ ماڵ و خاو و خێزانی برد و نیازی بوو بە ڕێی ساسۆندا بەرەو مەڵاتیە بچێ؛ ئەو سەردەمە سولەیمان بەگی عەززانی –میری وڵاتی ساسۆن بوو- چوونەکەی شەمسەدین بەگی بە دڵ نەبوو. کاتێ کە هەر خۆ بە خۆ بوون پێی گوت: لە خانەدانی ئێوەدا هەر تۆ ماوی کەلەبەرێ پڕکاتەوە. ڕۆمی بڵحن؛ جێی متمانە و باوەڕیە نین. ئەگەر شرت و گومیان کردی، ئەوسا خانەدانی بدلیس ئاسەواریان دەبڕێتەوە. ئەو قسانە ترسێکی زۆری وەبەر نا و لە مەڵاتیەی دوودڵ کرد.

وا هەڵکەوت لەو دەمەشدا شاتۆماسب لە ئەرجیش بوو؛ مونتەشاسوڵتان و عەبدوڵلاخان و بەدرخانی ئیستاجلووی هەر سێك ناردن مووش و ئەخلاتی تالان کەن. ترس هەبوو کە لەشکری قزڵباش دەربێکی باش لە هۆزی ڕۆژەکی بدەن. ناچار بیری مەڵاتیەی گۆڕی و یەکسەر بەرەو قزڵباشی باداوە و هاتە بەر بەیداغی شاوە؛ ڕوی کۆچی خستە تەورێزێ و شەش ئاغای هۆزی ڕۆژەکیش ڕەگەڵ کەوتن. کە ئۆڵمە بەم کارەی زانی، ترسا و بدلیسی بەجێ هێشت و لە شوێن سوڵتانی خەزاکەر خۆی گەیاندەدیاربەکرێ تا ماوەیەك قەڵای بدلیس بێ خاوەن و دژدار ماوە. پاشان لە سەر پێشنیاری ئۆڵمە، هەر چوار ناوچەی ئامورەك و خوێت و پوغناد و کرنج، لە بدلیس جوێ کرانەوە و ناوی سنجەقیان لێ نرا و دران بە ئیبراهیم بەگی کوڕی شێخ میری بلباسی. ئیبراهیم بەگ قەڵاکانی ئامورەك و کەلهۆك و پوغنادی وەرگرت؛ بەڵام بەختەکوێتی نەیگرت، دڵی ئاغای ڕۆژەکیانیش وەخۆ بگرێ.

قەلەندەراغای لێ ڕەنجا و بە هاوکاری میرمحەمەد ناسرەدینی و دەدەبەگی قەوالیسی و چوارسەد چەکداری ڕۆژەکی، لە میرلیواکەی بدلیسێ یاخی بوون و خێزان و ماڵیان بار کرد و لە زێدیان ئاوارە بوون و ئەویش بۆ ئازربایجان چوون.

لە پاش هاتنی ئەمانە شاتۆماسب ناوڕی لە شەمسەدین داوە و ناوی نا شەمسەدین‌خان و وەکوو میرە مەزنەکانی دەخوێندەوە. سەراب و چەند شوێنی‌تری پێ سپارد و پاشان ناردیە سەر مەراغە و سەردەمێکیش دەماوەند و دارەلمەرزی دایە و سەرئەنجام بەهرەی جەهروود و گریهروود و فەراهانی عیراقی بە مووچە لە بۆ بڕیەوە. شەمسەدین‌خان زۆربەی کاتی -لە زۆزان و گەرمەسێران- لە خزمەت شادا ڕادەبوارد. نزیکەی سەتوپەنجا کەس لە ڕۆژەکیان چوونە ڕیزی پاسەوانە گەورەکان و نۆبەچیە خاوەن پایەکان. دوو لەوانە -کە شێخ ئەمیری بلباسی و دەدەبەگ قەوالیسی بوون- پایەی بەرزی سەرلقایەتیان درایە و بەو پلە سەرفراز کران.

دوای کۆچی قەلەندەراغا و دەدەبەگ و میرمحەمەد، خوسرەوپاشامیری میرانی دیاربەکرێ لە ئیبراهیم بەگ دردۆنگ بوو؛ ناردی کە بێتە دیاربەکرێ. ئیبراهیم بەگ لە خۆی ترسا و خۆی لە قەرەی پاشانەدا و قەڵاکانیشی دابەستن. کاتێ ئەم دەنگ و هەواڵە دەدەورویەری بەرپێچکی تەختی خودان بەخت هاڵا، فەرمانی لە بان سەرانی بۆمیرانی کوردستان نارد هەموو وێکڕا بچنە سەر ئیبراهیم بەگ و دەردەستی کەن. ئەو میرانە لە سۆنگەی ئەو فەرمانەوە، دەوری قەڵای کەلهۆکیان داو دەبرایم بەگیان هەڵپێچا و هێچکیان لێ وێك هێنایەوە و هێندیان تەنگە پێ هەڵچنی خۆی کردەدۆستی دوژمنی و داوای ئاشتی و هێمنی کرد و قاسم‌ئاغای برای خۆشی نارد کە بچێتە لای خوسرەوپاشاو داوای بەخشینی بۆ بکا. پاشافەرمووی: خۆی بێتە لام تا بیبەخشم. برایم بەگ زاتی‌نەکرد خۆی دەداوی پاشابخا. ئەمجارە شێخ میری برای ناردەلای ئەو ئەمیرانە کە دەوری قەڵایان دابوو. ڕووی لێ نابوون کە شێخ میری بگەیەننە خوسرەوپاشاو پێشی بڵێن کە چەند ڕۆژێك مەودا بدەن و دەوری قەڵاکەم چۆڵ بکەن ئەوسا بە خزمەتی دەگەم و هەر چۆنی فەرمووی وادەکەم. ئەمیرەکان لەو بارەوە پرسیان لە خوسرەوپاشاکرد. ملی نەدا و قاسماغای بە سزادانەوە لە شاری دیاربەکرێ کوشت و فەرمانی بۆ میرەکان نارد کە شێخ ئەمیری براشی بە دەردی قاسماغا بەرن و

دەستیش لە قەلا هەلّنەگرن. شێخ میرلە دۆستانی خۆی بیست کە دەبێ چی دەگەلّ بکرێ، نوێژی شێوان بە بیانووی دەسنوێژ هەلگرتن لە کۆڕی میران دەرکەوت و خۆی هاویشتە مێشە و لێڕ و ڕای کرد و چووە ناو هەکاریان و لەوێشەوە بەرەو قزلّباشان ڕەوی.

برایم بەگ کە زانیەوە قاسماغای برای کوژیاوە و شێخ میرلەو ناوە نەماوە، لە کەلەهۆکێی گوێزایەوە و چووە ناو قەلاّی ئامورەك و لەوێش حەجیمی بۆ نەما و ڕای ئێرانی گرتە بەر و پەنای بە قزلّباش هاورد. گەمارۆ دراوەکانیش دەستە و دامانی میران بوون کە دەس لە خوێنیان بشۆرن. بە هۆی بەهائەدین بەگی حەزۆ، چاویان لە تاوانیان پۆشی و بە سلاّمەتی دەریانکردن و هەر سێك قەلاّ وێران کران.

شاتۆماسب و شەمسەدینخان ڕوویان بە برایم بەگ نەدا. لە دوای دوو سالّ هەمیسان هاتەوە ڕۆمێ و شیروکفنی دەستۆ کرد و خۆی هاویشە ژێر سەر ڕێسمەی دەرگای سولّتانی خەزاکەر (سولەیمانی دووەم). لە بەر تیشکی بەزەی سولّتان گوناهەکانی توانەوە و سنجەقێکیان لە ناوچەی ڕۆمئێلی دایە و هەتا مابوو هەر لەوێ بوو؛ لە دواییدا چەند کۆیلەکی خۆی کوشتیان.

شێخ ئەمیرسەر لە هەوەلّێ زۆری چاکە دەگەلّ کرا و یەکجار زۆری ڕێز لێ نرا و کرا بە سەرلقی بەرزی پاسەوانەکانی شایی و لە دواییدا ئەوەندەی تریاك دەکێشابە جارێك تامی خۆی بڕی و لە بەرچاوی شاو سوپایی و هۆز و خزم و خۆیی کەوت و هەموو کەس لێی دەتەکیەوە. سالّی ٩٦٥.ك (١٥٦١.ز) کە منی هەژار کردبوومە بریکاری خۆم، لە شیروان عەمری خودای کرد. دەدەبەگیش لە سەرلقی قۆلّچی تارانیان دەرکرد و وێڕای چلّ قۆلّچی ڕۆژەکی بریکاری و خزمەتکاری باوکی بەڕێزمی دەکرد و سالّی ٩٥٦.ك (١٥٥٥.ز) لە کوردستان شەهید کرا.

شەمسەدینخان یەکجارەکی لە هەمدەمی شاوەڕەز بوو؛ خۆی کردەگۆشەنشین و وای نەدەکرد کەس بیبینێ. سەد تمەن -کە دەکاتە دووسەد هەزار ئاقچەی دراوی عوسمانی- لە باجی شاری ئیسفەهان بە مووچە بۆی بڕایەوە؛ حوکمی تەرخانیشیان دایە. بکە و مەکەی لە سەر نەبێ، دەسالّ لەو شارەدا ڕایبوارد.

کە شائیسماعیلی دووەم لە دژی قەهقەهە دەرکەوت و لە قەزوێن نیشتە بان تەختی پادشایی ئێران

زەمیـن، ناردیە شوێن باوکی بەرێزم و بردیە قەزوێن. تەواوێك بە ناودا چووبوو؛ شێستوحەو پلەی لـە پەیژەی تەمەنی وەبەر خۆ دابوو. زۆربەی کـاتی مـــمبارەکیان بـە کـوڵ و کەسـەر دەبـووری و دەردی سوختە و شیلە و نیگار و تریاك کێشانیش مێشکیان وشك هەڵێنابوو؛ نەیدەپەرژا هاودەمی خونکاران بکا و تێکەڵی کەسی نەدەکرد و هەر هۆگری تەنیایی بوو.

هەتا دڵ بیـری تۆی بێ، کێی لە بیـرە؟ دڵ و مێشـك بـــە بـیـری تـۆوە گیـرە

تەمی لێك دووری و جودایی کوڕ و کیژان و خزمان و هەموو هۆزی رۆژەکیانی لێ هاڵابوو؛ ژیانیان لێ تاڵ کردبوو. بە هەڵکەوت ئەو کاتەی کە هاتـە قـەزوێن، زار و زیـچی گـەورە و گـچکە و پیـاوی سەرناسی رۆژەکی لە قەزوێن بوون. پێیان شاد و شوکور بۆوە و بە دیداریان گەشایەوە.

هەر لەو سەروبەندانەشدا بەرەبەرە دایە باری زەبوون بوون و هێز و گوڕی بە ناسازی باری کرد و لـە کەنەفتی پەکی کەفت و بانگەوازی «وەگەڕێ بۆ لای خودای خۆت! ڕازیت دەکا»ی بـە گۆشـی هۆشـی شنەفت و مزگێنی «ژیانی خۆشە و ها لە بەهەشتی بەرزدا»ی بە دڵ بیست و گەلێکی لە گیانی خۆش هات و هەر لە قەزوێن غەمنامەی ژینی سوتاند و لە سیایی بەهەشتا نووسرا.

کـەس ناشێ لە چنگ مەرگ ڕەها بێ وا هـاتـــووە، هـەر ئـەشێ وەهـا بێ
ئـەم ڕێـگـەیە ڕێـڕەوی هـــەمـــانـە گـۆڕخـانـەیـە کـۆڕی هـاودەمـانـــە
ئـەو گـــەیـیە بەهەشت و جێگەخۆشە بۆ ئێـمە نـــەمـانی جـێـی پـەرۆشـە

دوو کوڕی هەبوون: یەکیان شـەرەف کـە ئـەم پەڕانـە دەنووسـێ، دووەم خەلـەف بـەگی نـاوە کـە سەردەمێك نۆبەچی شائیسماعیل بوو؛ چەند ساڵێکیش بە شانازی پلەی سـەرلقی درایـە. زۆر دۆسـتی هەمزەمیـرزاش بوو؛ لە پاش ئەوەی میـرزا کـوژا، سـەری هێنـا بـەر فـەرمانی سـوڵتان مرادخـانی خودابەخشیو. بە پلە و پایەی سنجەقداری ئەلشگورد و مەلازگردێ سەرفراز بوو.

کۆتایی

ژیننامەی منی هەژاری شکستەباڵی ژیانتاڵ، لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە هەتا ئەمڕۆ، کە مێژووی کۆچ لە ساڵی هەزاروپێنج دایە.

منم وەك گۆ لە مەیدانی جیهانا … بەرانبەر چارەنووس بێهێز و توانا

تلاوتسلمە و لەبەر کاشۆ دەکەم ڕەو … نە ئارامم هەیە ڕۆژ و نە شەو خەو

بە بیرما دێ بەسەرهاتی ژیانم … هەڵێك دڵخۆش و سەد جار دڵ بە ژانم

مناڵ بووم خۆ نەگرتوو شلك و ساوا … بە ناز دەژیام لە باوەش دای و باوا

لە پشتی بێشکە نەمدەتوانی هەستم … گوناهیشم نەبوون، دەستیان دەبەستم

چەچەم هێزی نەبوو بیکەم لەمەم گیر … دەمم ڕاهێندرا بۆ مژتنی شیر

بە گاگۆڵکە لە ڕۆیین ڕادەهاتم … بەرەو پیری بەرەو پیری دەهاتم

بە پا ڕامیان ئەگرت بۆ دارە دارە … کەم و کور ڕادەوستام لارە لارە

بە پەیتی بوومە خێوی باز و هەنگاو … لە خاوم خستە دەر بەژن و لەشی خاو

درامە دەستی مامۆستا کە فێر بم … وەکوو بەرخێك نەبم بمخۆن و شێر بم

ئەلف بێ تازە بێنە و کۆنە لابە … ڕەوانت بێ و لە بەرکە ئاڕێ بابە

بە داری ئەو لە زانین بوومە دارا … لە بەرچاوم تەمی تاریکی تارا

لە سیپارە و لە وردەو پردەدەرچوو … زەمانی سوختەییشم زوو بە سەرچوو

هەمووم زانین لە زانستی دیاردە … هونەرمەندێك ڕەنێو هاتم بژاردە

***

دڵم کورکاندی بۆ دەروێشی کردن … کە لێم روون بن دەراوی ژین و مردن

بەزەی خواهات و ڕایکێشادەسی دڵ … لە گڵ دەرچووم و گوڵ بووم چوومە سەر چڵ

***

ئـەوێستـەش چـاوەڕێی کۆچباری مەرگـم	بـەرەو گـۆڕ تـێـك نـراوە ساز و بەرگم
لــە هـێـز و تـاوی لاوی بـەش بـڕاوم	مـنـەی کـز بـوون دەکـا سۆمایی چاوم
لــە دووردادوور دەهــۆڵـی گـوێ تەپەی دێ	کوتەی مەرگە و دپەیڤێ هەیـدێ! کەی دێ؟
ددان دەمـیان بە جێهێشتم تـەك و تـووك	لە ناو وێرانـە ورتـەی دێ پـەپـووی پووك
ڕەشـانـگـی ڕیـشـی داپـۆشیم کرێوە	لـــە لای خــۆم لاوە لای لاوان دزێــوە
لە کڕنوش بـۆ نـەمان پـشتـم چەمـاوە	لــە ئـاواتـی ژیـان چـم لا نـەمـاوە!

هەموو ژیر و زیدەزان و میـرزا چاك و خوێندەوارانی لە زەبر و زیت و دەبنەوەبڕ و دیـمەن کڕ، لـێم تێدەگەن کە نیازم لە ڕیز کردنی ئەم چەند کوچکە پێبازانە، شارەزا بوونی ڕێبوارە تا لە بواری زرێباری پڕ کوڵ و خەم و پەژارەی منی ژاری بێپەروپۆ، نەڕەونەوە و بپەڕنەوە و لەو ڕۆژەوە دنیای ڕوونـم بە چاو دیوە و بوومە هەودا و لە تەونی بێ ڕاهێڵ و پۆی ڕووی ئەم جیهانە کەونەدا تێوە دراوم و تێوە گـلاوم، هەتا وێستام کە لە شەکەتیان وەستاوم و چاوەنۆڕم کەی دەمکاتە بـڕە و بڕسـت و تـاوم لـێ دەبـڕێ و هەڵدەوەرم، لە بەر چاوانی ڕانێم و ژیننامەی پڕ لە هەنگامە و سەمەرەی من، لە نـاو گـۆرکی کـۆڕی گەرمی پیـرەپیاوان، خەمرەوێن و لە شەونشینی لاواندا، خەوزڕێن بێ.

کاتێ باوی خاوەن ناوی منی هەژار، چارەنووس پاڵی پێوەنا و لە نیشتمانی دڵگیـر و زێدی بـاب و باپیـرانی هەڵوەدابوو، کەوتە عەجەمستانەوە؛ کیژی ئەمیـرخان موسلوی خواست؛ کە ئەو ژنە دایکـی منە. ئەمیـرخانی بابی داکم کوڕی گولابی بەگ، کـوڕی ئەمیربـەگ تۆقـات بایەنـدوڕە؛ کـە زەمـانی دەسەڵاتی حەسەن بەگی بایەندوڕی میـرێکی پایە پتەو و گەوێکی ئەو زنـجیـرە بوو. کە حەسەن بەگ لە قەرەباغ دەگەڵ سوڵتان ئەبووسەعیدی کورەکان بوو بـە شـەڕیان و ئـەوجارەش کـە دەگـەڵ سـوڵتان مـحەمەدخانی خەزاکەر لە سەر سارای بایبۆرتی پێك هەڵپڕژان، باپیـرم لە هەردوك شەڕان زۆر عەگید و گەڕناس بووە و کرابووە میـری ئەرزنـجان. هێمان شوێنەواری باشی -لە مەر مەزگەوت و فێرگەوە- لەو شارۆکەدا هەر ماون.

ساڵی نۆسەدوچلونۆ (١٥٤٣.ز)، کە ساڵیش کەروێشکەساڵ بوو، ژینی دەربـەدەری بـاڤۆ تەمـەنی حەوساڵانە بوو. ئەم مرۆجاوە بێکارە و ئەم قەلەندەر و هەژارە لە ناوچەی قومی عیراقێ لـە شـارۆکەی

گریهڕودێ ڕۆژی بیستی ناو جێژنانێ لە ماڵی قازی ژدێ بووم. بەرەی ئەو ماڵە قازیانەی گریهـروودی دەچنەوە سەر قازی شوورەیحی کووفەیی و لەوەتا ئاوارە بوون و لەو ناوەدا گیرساونەوە، هەمیشە پیاوی زۆر زانا و بەناوبانگیان لێ هەڵکەوتوون. من کە هەر لە شلکیمەوە تا ئێستا، کە پلەی ژینم چۆتە ئەو دیوی پەنجاوە و پاڵی بە شەستەوە داوە، هۆگری خوێندەوارانم و هاونشینی زانیارانم و هەرگیز خۆم لێ هەڵنەواردون، لە پیتی نزای پیرۆزی ئەو بە ودمانەی دەزانم.

هەستە بە لەز خۆ بتەکێنە لە خاك   ڕێت بخە سەر شوێن و ڕچەی پیاوی چاك
کێیە زیانبار بێ لە لای پیاوی مەرد؟   پاکژی لای پاکە نە گەردە و نە دەرد

پادشاهی خوالێخۆشبوو شاتۆماسب کردبوویە خوو، منالی میر ومەزنانی لە تەمەنی بەرایی‌ڕا دەناردەناو ئەندەروونی تایبەتی دەرباری خۆی و شانبەشانی شازادەو نەجیمزادەکان -لە ژێر چاوەدێری خۆیدا- دەبا پەروەردەبوونایە و لەوێ پێیان بخوێندرایە. بە فێرکاری بە ئاکار و دیندار و پسپۆڕ و زانا و دڵسۆزی دەسپاردن و لە تێکەڵی پیاوی هەرزە و دەست و دامێن پیس و نەگریس و زوان شڕی دەپاراستن. تا شلك بوون فێری قورعان و ئایین و خەت و سیوادیان دەکردن. کە لە خەمیش دەڕەخسین و دەگەینە پلەی خۆناسین، فێری سوارچاکی و چالاکی و تیرئەندازی و شیروەشێنی و دام و دەستووری سوپایی و ڕەفتاری فەرمانڕەوایی و گەمە و یاری هونەراوی وەك جلیت و شەقێن دەکران. دەیفەرموو: نیگار بکێشن! دەس ڕەنگینی هونەرێکی بە بەهرەیە و فێرە سەلیقەتان دەکا:

خێوی دڵی پاك بەسەرتکاتەوە   شادی بە پێك هاتنی ئاواتەوە
چاوێ بگێڕێ لە زەوی پیاوی چاك   گوڵ لە دڕك دەردەچێ، گەوهەر لە خاك
تیشکی بەزەی پیاوی خودات وێ کەوێ   ڕام بووە بەخت و لە بەرت نارەوێ

بە پێی ئەو باوە گۆڕینە، کە تەمەنی منی هەژار پای نایە ناو نۆ ساڵیەوە، یانێ لە ساڵ نۆسەدوپەنجاوهەشتا (١٥٥٢.ز) بریامە ئەندەروونەوە و شوێنی تایبەتیم پێدرا و ماوەی سێ ساڵ لە ژێر سایەی ئەو پادشاڕەوشت پاکە و لە ڕێزی خزمەتکارانی بە ئاکاریدا ڕامانبوارد.

ساڵی نۆسەدوشەستویەك باوکی پایەبەرز و گەورەم خۆی لە خزمەتی شابوارد و گۆشەنشینی

هەڵبژارد. گەلەکۆی هۆزی ڕۆژەکی ڕوویان لە شاتۆماسب نا کە منیان بەسەرۆ دانێ. پاشالە سەر تکای ئەوان -هەرچەند دوازدەساڵانەش بووم- پلەی میرایەتی دامێ و سالیان و مەحموودابادی لە ناوچەی شیروان پێ بەخشیم. سێ ساڵان لەو ناوەدا مام. کاتێ شێخ میری بلباسی -کە لەلە و بریکارم بوو- عەمری خوای کرد، سالیانیشم لێ گۆڕدرا. منی هەژار لە هاوینەواری حەرقان[1] چوومە لای شا. ئەویش منی بە محەمەد بەگی لالۆم سپارد؛ کە حاکمی هەمەدان بوو. خاڵم -کە لە جێی باوکم بوو- کیژی خۆی لێ مارە کردم و ڕەگەڵ کوڕانی خۆی خستم. شاتۆماسب مووچەی من و بژیوی هۆزی ڕۆژەکی لە ئالی هەمەدان دەدا. سێ ساڵانیش لە هەمەدانێم گوزەراند.

لە هەرای سوڵتان بایەزید، کە هاتبووە لای شاو گیرا و هاتوچۆکەر لە ڕۆمەوە زۆر دەهاتن، ناردیانە شوێنی باوکم و بردیانە شاری قەزوێن و زۆریان دڵخۆشی دایەوە و دیسان کردیانەوە بە میری هۆزی ڕۆژەکی و گریهڕوودی سەر بە قومیان دایە دەست و ناردیانە وێ. بەڵام باوکم میرایەتی وای نەدەویست؛ پاش چەند ساڵێك دایە دواوە. شای بەهەشتی دیسانەوە ئەم هەژارەی کردەوە میری ڕۆژەکی و مووچە و ئێروی پیاوەکانمی لە باجی ئیسفەهان دەدا و منیش لە قەزوێن مامەوە و دوو ساڵان هەر لە لای خۆی بووم. لە ئەنجامدا خوا وای ڕەخساند خانئەحمەدی گەیلانی والی «بیە» گرا و شالێ بڕا وڵاتەکەی داگیر بکا. منی دەگەڵ چەند میرێکی قزلباشدا نارد کە بە بیە ڕابگەین. ئەمیرە قزلباشەکان کارێکی وایان نەدەکرد کە دڵی شای پێ وەحەسێ؛ زۆریان دەستدرێژی دەکرد و خەڵکیان وەزاڵە هێنابوو. جگە لە من کە خەڵك و خوام ڕازی دەکرد.

پیاوانێ کە کاربەدەستی خوونکارانن	چاکیان ئەوەنە کە هەوری دوو بارانن
گا بەردن و سەرشکێنی زۆردارانن	گا مەڵحەمی زامی دڵ برینداران

چاوەدێری دڵسۆزانەی بۆرەپیاگ و ژێردەستانی ئەو ناوەم کرد و هەمیشە تەقالام دەدا کە شادڵی بە من شابێ و بە ئاواتیشم گەیشتم. چەند جارێك بریکاری شافەرمانی جوانی بۆ ناردم دەیانفەرموو: تۆ پیاوێکی دادگەر و گەلپەروەری و ئازایەتی و نەبەردیشت دیاری داوە؛ ڕووسووری هەر دوو دنیا بی.

---

[1]- ڕەنگە خەرەقان بێ کە لە ئوستانی خوراسانە. هەژار

پوختەی وتار لە سۆنگەی نزای پادشای دادپەروەرم کارم گەییشتە جێگەیەک من چوارسەدوپەنجا چەکداری سوار و پیادەم بوو، شازادەیەکی گەیلانی -کە ناوی سوڵتان هاشم بوو- بە هەژدەهەزار کەسەوە هاتە سەرم و دەگژی ڕاچووم. خودای گەورە یاریدەیدام و شکاندم. هەزاروهەشتسەد گەیلانی لەو مەیدانەدا تخێڵ بوون. سێ کەڵەکم لە سەرەکانیان هەڵچنی. جگە لەوەش زۆر جاری دیش بەزەی خودا خوێندمیەوە و لە زۆر کاران هاتە هانام و سەرکەوتم و زۆر وەڕمین و برەوکەوتم.

هەوای گەیلان زۆر ناخۆش بوو؛ نەخۆشینی زۆر تێدابوو. زۆربەی پیاوی هەرە ئازای ڕۆژەکی لەوێ لە ناو چوون. منی هەژار گەیلانم لە بەر بێزابوو. ئەو بێزاریە و پێشیناری جێهێشتنم دەشاگەیاند. لە دوای حەوساڵ کە لەوێ بووم، ئیزنی درکەوتنم بۆ هات و هاتمە قەزوێن و پادشام لەوێ چاو پێکەوت و فەرمووی: هەر دەگەڵ خۆمدا دەبی. قزڵباش لێیان گۆڕابوو؛ ببوونە هەر کەس هەر کەس و دووبەرەکیان دەنایەوە. شاتۆماسب پیری کەنەفتی کردبوو؛ هاری پێ زەوت نەدەبوون. زۆر وێدەچوو زۆر پێ نەچێ تێك بەر بن و ئاژاوە بتەنێتەوە. بەلامەوە هیچ باش نەبوو بمێنمەوە؛ لێم داوا کرد کە بۆ لایەك لە وڵاتی پارێزراویم بەڕێ بکات. ئەویش لە وڵاتی شیروانێ چەند جێگەیەکی پێ بەخشیم و ئازووقەی هۆزی ڕۆژەکی لە باجی مەڵبەندەکانی سەر بە شیروانێ بڕیەوە. ئەو شوێنانەش تەراکمان و ئەرش و ئاقداش و قباڵە و باکو و کەناراب بوون.

منی هەژار چوومە شیروان. هەشت مانگ بوو لە شیروان دەژیام، کە شامرد و هەرا لە قەزوێندا ڕوویدا و سوڵتان حەیدەرمیرزا کوژرا و ئیسماعیل میرزا لە قەڵا دەرکەوت و گەیشتە پاتەختی قەزوێن. لە سەر فەرمانی پیرۆزی چوومە قەزوێن و لەوێنە بە پلەی میری میرانی کورد سەرفراز بووم. بڕیاریدا کە هەمیشە بە دیداری بەختیار بم و فەرماندرا میر ومەزنانی کوردستان و لوڕستان و گۆران و هەموو کوردی دیش، هەرکێ کاری بە پادشایە، بێتە لام و هەموو کارێك لە سەر دەستی ئەم هەژارە ببڕێتەوە. هێندەی دەستی قەدری لێ نام کە لە ئەندازە دەرچووبوو. پیاوی چاونەزێر و چنۆك و نەخوازا قزڵباشەکان گشیان ئیرەییان پێم دەبرد. تا سەرئەنجام کەتنگێڕان، شایان وا تێگەیاندبوو کە گوایە من و قزڵباش نیازمان وایە سوڵتان حوسێنمیرزای برای بکەینە شا. هەر خۆی پیاوێ وازوازی بوو. لە دواییشدا لە قەلادا فێری تلیاك کێشان ببوو؛ ئاوەزی تەواو تێك چووبوو. دەگەڵ کەسا

نەیدەتوانی مانگێك هەڵکا. بەم هۆیەوە گفتی درۆی دوو زمانانی دەربارەی بەندەقۆزیەوە. هێندێ لە قزڵباشانی سزا دان و خنکاندنی و هێندێکی لە کار وەدەر نا و بەندی کردن و منیشی بەو بەهانەوە کە نەخچەوانم دەداتێ لە دەوری خۆی دوور خستەوە. پسوولەم دەسەرم چەقاند و ڕەوانەی ئازربایجان بووم. هەر ئەمە خۆی لە لای خواوە بۆ شادی بەڵگە و نیشان و هەوری پێش ڕێژنەباران و مزگێنی دینی یاران و هاتنەوە بۆ نیشتمان بوو. دوای ئەوەی ساڵێك و چوار مانگ فەرمانڕەوای نەخچەوان بووم، لە سۆنگەی خوسرەوپاشاوە -کە میری میرانی وان بوو- لە زەینەڵ بەگی هەکاری و حەسەن بەگی مەحمودی ڕا مژدەم بۆ هات کە لە دەرگانەی خونکاری دنیاداری بەختیار و دادگەر و هەژار بەخێوکەر و قەدرزان بەهەشتی سوڵتان مرادخانی خودا لێخۆشبووی نورانیەوە، فەرمانی فەرمانڕەوایی بدلیسیان پێ ڕەوا دیوی و لە سایەی بەزەیی زۆر و بێ ئەندازەی شاهانەوە، مەزنایەتی خانەدانی باب و کالان هەر بە خۆت بەخشرایەوە و بە بێ دوودڵی و بەخۆشی بگەڕێوە نیشتمانت. وەك فەرمووەدەس «هەموو شتێك بەرەوماکی وەردەگەڕێ»، سێهەم ڕۆژی شەشەکانی ساڵی ٩٨٦.ك (١٥٧٥.ز) دەگەڵ چوارسەد کەسی هاوڕێم -کە دووسەدیان ڕۆژەکی بوون- لە نەخچەوانێ دەرچووین و بە یاریدەی عەسکەری وان و بە کۆمەگی میر ومەزنانی کوردستان گەییشتینە شاری وان و خوسرەوپاشام چاو پێکەوت. پێشوازی گەرمی لێ کردم و هەتا بڵێی ڕێزی گرتم و هاوردمیە ناو شارەوە و خەوەری هاتنی منی بە پێچکی تەختی بە بەختی شکۆداری سوڵتان گەیاند.

فەرمانی فەرمانڕەوایی بە خەڵاتی شاهانەوە و شیرێکی زێڕ کە لە خەزنەی سوڵتان قەدوانی چەرکەسی والی میسرێ[1] گەیشتبووە خەزێنەی دارماڵی سوڵتان، دەگەڵ نامەی پیرۆزبایی وەزیرە پایەبەرزەکان، بە تایبەتی نامەی وەزیری هەرەزل محەمەد پاشاشم بۆ هات و مستەفاچاوەش هێنانی. سەرەڕای ئەمانە هەموو، مستەفا پاشای سەرداری لەشکری هەمیشە لە سەر، شیری زێر و خەلاتی زۆر گرانبایی بۆ ناردم و لە ناو هەواڵ و ئامپایان شانازیم بە خۆم دەکرد و بە دڵشادی و کامرانی هاتمەوە بنکەی سەرداری باب و باپیرانی مەزن.

١- هیچ «قەدوان» ناو لە چەرکسان نەبۆتە شا. نۆیەم پاشای کۆیلەکانی دەریایی لە میسرێ «فلاودون» بوو. لەوانەیە فلاودون بوویێتە قەدوان. جەمیل

خوا پێکی هێنا ئاوات و نیازم   کاری ڕاست هێنا و گەیمە دڵخوازم

لەو دەمەوە کە سوڵتانی خاوەن شکۆ سوپای هەمیشە لە سەری بۆ شیروان و گورجستان و مەڵبەندی ئازربایجان نارد، دەساڵان بێ پسانەوە لە زۆربەی شەڕ و هێرشاندا منیش وەك بەخت و پیرۆزی پا بەپا دەگەڵدا بووم و هەرچیەکم پێ سپێراوە، بە دڵ و داو پێکم هێناوە و هێندم دڵسۆزی و گیانبازی لە خۆمەوە پیشانداوە کە سوڵتانی بە هەشتەلان لە بنووسی گەوهەرباریەوە مرواری بۆ باراندوم و هەر بە خەتی ڕەنگینی خۆی چوار جاران منی دواندووە و بە سەردێڕی «دۆستی بە ڕاستیم شەرەفخان» خوێندوومیەوە و درکاندووشیە کە دڵسۆزی و خزمەتکاریت لە بەرچاو و دڵی ڕوون و تیشکدەرمان ئاشکرایە و بە ڕاشکاوی چاوەنۆڕی ئەوپەڕی چاوەدێریم بە.

ساڵ نۆسەدونەوەدویەك (١٥٨٢.ز)، کاتێ فەرهادپاشای سەردار یەریوانی خستە دەست و قەڵایەکی لێ بنیادنا، منی دەگەڵ حەسەن پاشای میری میرانی شامێدا ناردەتفلیس و گورجستان کە ئازووقە و خەزنە بەرین. لەو سەفەرە هێندێك خزمەت لە دەس منی هەژار هاتن. لە پاداشاناوچەی مووش و چەند گوندێکی مولکی خاسەم بۆ خرایە سەر بدلیس و دووسەد هەزار ئاقچەشم بۆ بڕایەوە و مووچەم گەیشتە چوارسەدودەهەزار ئاقچەی عوسمانی.

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی خونکاران و پادشایانی خانەدانی عوسمانیدا هیچ میر وفەرمانڕەوایەك بە قەی من ڕەپێش نەخراوە و چون خۆم تەماشای نەکراوە.

وا ئیمڕۆش کە مێژووی کۆچی لە کلکەی مانگی قوربانی ساڵی هەزار و پێنج دایە، لە سایەی شای سایەچەور و گەورە (ابوالمظفّر) سوڵتان محەمەدخانەوە- خودای مەزن بێبەڵای کا- فەرمانڕەوایی چەند ساڵە لە دەست ئەم هەژارە دایە و ئەرکی دنیاداریەکەشم بە فرزەندی کار پەسند و نۆبەرەی بە بەروبومم ئەبولمەعالی شەمسەدین بەگ سپاردووە؛ خوا دەست دەبن باڵی گرێ و هەمیشە باڵا دەستی کا.

جا وەك باوی نووسەرانە، بە ئەرکی باو و فرزەندی، هەندێ پەند و ئامۆژگاری لە کتێبی «*خردنامە*»ی مەولانای جامی خوابەخشیو ڕادەگوێزم:

وەرە لامەوە کۆرپە شیرینەکەم!   گەشەی باغی ژین و گوڕ و تینەکەم

دڵـت بێنـە سەر هەست و گوێ شل‌کە بۆم — بە بڕوابـە دڵـسۆز و خـەمـخـۆری تـۆم
هـەمـوو پـەندی من وەك دوڕ و گەوهەرە — ئەگەر ژێـری گـوێ بـێـنە گەوهەر بەرە
کە بە گوێم بکەی، دەبیە مـەردێکی ڕەند — پەسەندی و لە لای هیچ کەسـێ نابیە پەند

***

خـودای گـەورە ڕاستە و گەرکیە بـە بست — لە ڕێی ڕاسـتـی خۆی لانەدا خـواپەرست
دەسی ڕاست بـەشـی هـێـز و پڕکاریە — گـەرای ڕاسـتـی مـاکـی ڕزگـاریە
هـەتـا خوات لە بیرە لە بیری خـودای — دەسـی پـێتـەوە و خۆشەویستی لە لای
کـەسـێ خـوا لە بیـر کا کلۆڵ هەر ئەوە — هـەوا پـێـوەر و داری بـێبـەر ئـەوە

***

لـە چـاو و لـە دڵ کـوێـرە نەخوێندەوار — خـودا نـاوی بـردوون لـە ڕیـزەی دەوار
گـەرەکتـە کە باش هەڵکەوی و سەرکەوی — لە فێربـوون و خـوێندن گەرەك نـەسرەوی
هـەچـی فـێرکراشی دەکـاری کـەوە — بە کار نایە خوێنـدن بـە بـێ کـردەوە
ئـەگەر خـوێنـدەوار ڕێ لە خۆ خوار دەکا — کـەرێکـە و کـتـێبـان لە خۆ بار دەکا

***

لـە مـێژووی بـەسـەرهاتی ڕابـردووان — بـڕۆنـێ چـیـان بۆ لوا و چـۆن لـوان؟!
ئەوەند میر وخـونکـار و زۆردارە هات — ئەوەند چـەوت و بـێبـار و لاسارە هات
ئەوەند دەستەڵاتدار لە سەر ڕووی زەمـیـن — بـە نـابـووتـی هاتن، بە ڕووتی ڕەوین
هـەژاران هـەزاران کـە چـەوسانـەوە — لـە بـێگار بە بێ نان بـە لـێدانـەوە
سـەرنـجێ بدەی گەر لـەوان و لـەمـان — لـە ژێـر خـاکی ڕەش بوونە تۆز و نەمان
ئەوی ماوە هـەر نـاوە بـۆ پیس و پاك — بـە دوویـانـەوە تـا هـەیە ئاو و خـاك
لکا ناوی بـەدفەڕ بـە سـەد جـوێنەوە — هـەزار تـووك و نـەفرینی بە شوێنەوە
بـەشـی پیاوی باش ئافەریـم و نـزان — لـە خـۆشـی ژیـاندان کە خۆشیان ڕزان
لە خۆت چاکتـران هـەڵبـژێرە بە دۆست — ئـەوان نایەڵن بێتە ڕێت کۆسپ و کـۆست
هـەواڵـی هـەوالانـی بـێفـەڕ مەبە — بـرای ڕژدی فـێـری گـزی و گەڕ مەبە

چ هـــاســـان و زوو خوّی خراب فێر دەبــی | بەرەو شیــوی شــێــوان ســەرەوژێر دەبی
ئــەگــەر کـــا لـــە پـــاڵ گـا ببەسرێتەوە | بـــەســـەزمان لە تووش تووشی دەگرێتەوە
وەخۆ مەگــرە دۆســـتـــی قــزە و نارەسەن | بە زێڕیان بکێشی هەر ئەو نــاکـــەســـەن
کـــەســـێــکــی بـــڵــێ دووپشك پەروەرم | لە دیزەی ئەشێ نەبڕێ مــاســـتــی گــەرم
گــەزنـــدەگـــەزیـــن بـــۆ تـــۆ ناکا ڕەها | ئـــەگەر گـــەورە بـــێ مـــار دەبێتە زەهـــا

***

پـــشـــووســـواری کـــار و کرت تێـك دەدا | سەری بەرد و هێلکـــەی مــرت لــێك دەدا
بـە تووڕەییەوە هەر کێ خـــۆی هــەڵمساند | بـــەن و ڕیـــســی ژێـــری و بــەبیــری پساند
لـە ســـەرخـــۆیـــی ئـاڵۆزی یەکلا دەکـــا | گـــرێ ڕادەکـــا و دەردی دڵ چـــا دەکـــا
بـــە بێـــهـــنـــی فـــرەهـ دارە گوێز دێتە بەر | بە فیتووی نـــەرم مـــار لــە کـون دێتە دەر

***

بـــە کـــار و بـــە کۆشش پلەت سەر بـخە | بە باهۆ و مەچەك نــانـــی خۆت دەر بــخە
بەری ڕەنــجی خۆت، گــەنــجی سەربەستیە | بەشی چاو لە دەس، ســـووکــیــە و پەستیە
لە پۆڕگی دەسی دەسکەنەی نیســك و نۆك | نـــەویـتـــر دەوەســـتـێ ملـــی خـــوازەڵۆك
ببەخشە و بـخۆ هەرچی خوا داویـــە بـــەش | شتێکـــیـــشی پـــاشقـلـدەبـۆ ڕۆژی ڕەش
نەوەك پەیکی مردن درەنـــگ بێـتە دووت | کــوڵ و دەردەپیـــری و هەژاری بە جـــووت
بنـــووســـم لـــە نـــووسیـــن زمـــانی سوا | ڕەشـــاوی لــە دەم هـــات و مـــووی لێ ڕوا
وشەی باش گەلێکە و لە لای زۆر کـــەســـە | ئـــەگـــەر تێگــەیشتووی ئەوەندەت بەسە

خوای گەورە یاریدەی دام و بنووسە وردەکارەکەم، بەرمۆری دوڕ و مرواری سەر بهۆرد و ئاســەواری مەزنەکانی کوردەواری، زۆر بە دانستە و لە باری پێوەکرد و لیزگەی ڕێك و تەرز و جـوانی ســەروەرانی کوردستانی لە بەر خوێندەواران ڕانا و لیــرەش پێــوە -وەك لــە دیباچــە لێــی دواوم- نیازمــە خامــەی دەمهەراش و نامەی ڕەوان و پاراوم بۆ ڕووداوی دوانەبڕاوی سوڵتانەکانی عوسـمانی و شــایانی ئێـران و تووران تەرخان بکەم.

خۆشە باسی کورد و کوردستانی خۆم	باسی خزم و خوێش و خانە و لانی خۆم
زۆر سوپاس کە خوا گەیاندی و رێکی خست	چوومە ریزەی نامەنووسی کوردپەرست
پێتی دەردانم لە دڵ کووژایەوە	سیس ببوو چیرۆکی کورد، بووژایەوە
چی لە دەستم هات و هاتە بەر وزەم	ئەرکی خۆم هێنایە دی و دەرچووم لە خەم
دێری کۆتابوون و پیتی دواییە	بشمرم چش پێچی مالاوایە

شەرەفنامە لێرەدا دوایی هات

شەرەفخان لێرەی بڕیەوە. ئەمین زەکیش نەیکراوە بیخاتە سەر. بەلام دەڵێ سالی ١٠٦٦.ك (١٦٧٦.ز) مەلیك ئەحمەدپاشای والی وانێ، بڕوبەهانەی دۆزیەوە و بە لەشکرێکی زۆرەوە چووە سەر عەبدالخانی میری بدلیس. زۆربەی لەشکرەکەشی کوردی دەوری بدلیس بوون. شەڕی پێ فرۆشت و ولاتی پێ بەجێ هێشت و تالانی کرد و ئەو سامان و گەنجینەی -کە دەمێك بوو تورکان چاویان بڕیبوویە- هەمووی هێنا و ئەو میرنشینیەی لە ناو برد. ئەولیا چەلەبی دەگەڵ لێژنەی تالان نووسەدا بووە و دەڵێ: «حەو باری وشتر کتێبی بوون. کتێبخانەی تایبەتی میر، پتر لە چوارهەزار دەسنووسی زۆر نایاب و بەهاداری تێدا هەبوو کە هەموو دەبەرگ گیراو و نەخشێنراو بوون و لەمەڕ ئایین و تاریخ و زمان و جانەوەر وگیا وگژ و بژیشکی و «تشریح» و پێوودانی شێعر و قافیە بوون و دیوانە شێعریش گەلێك بوون. زۆریش وێنە و نەخشە و تابلۆی نایابی هەبوون. هەر میربۆخۆی ٧٦ کتێب و ١٠٥ نامیلکەی بە فارسی و عەرەبی دانابوون».

ڕەنگە هەر ئەو میرە بووبێ کە جیهانگەڕی فەڕانسی «مسیۆ بارن تاوانیە» چاوی پێ کەوتووە. لە نێوان سالانی ١٠٤٥و١٠٧٠.ك (١٦٣٥و١٦٦٠.ز) لە دەورانی شاسەفی و شاعەباسی دووەم و شاسولەیماندا -بە بازرگانی- هاتۆتە خاوەرزەمین. مسیۆ بارن دەڵێ: «کە لە بدلیسێ دابەزیم، گورجێ حاکم پێی زانی و ناردیە شوێنم. دەشمزانی چۆن دەبێ بچم بۆلای میر؛ دوو تۆپ ئەتلەسی خەتخەتی هەودا زێڕین و زێوین و هێندێك دەسرەی ئاوریشم و دوو شەوکلاوی تورکانە و دەستێ جلی شەوانەم بۆ برد. زۆری وەبەردڵ کەوتن و ئەویش دوو مەڕی قەڵەو و هێندێك خواردەمەنی تێر و تراوی دامی و هێشوە ترێیەکی تازەشیان بۆ هێنام؛ کە لەو کژەدا زۆر پێم سەیر بوو هەیە.

لەو دەمەدا کە لە لای بووم، ئەمیـری حەڵەب ناردبووی بژیشکێکی برینگەری فەڕانسی بـۆ بنێرنـەوە؛ کە لە شەڕی کانادیا دیل کرابوو؛ لە حەڵەبەوە ڕایکردبوو پەنای بـە بـدلیس هێنـابوو. میربـە کـابرای ڕاسپاردەی گوت ئەگەر سپاردەنەبای زۆر بە بـێ زەلـەتی دەمکوشـتی؛ بـەلام ڕاسـپاردەناکوژرێن. بـۆ میـری حەڵەبی نووسی دەبێ سوڵتان بەو بێئەدەبیەت بزانێ. ئەگەر ئەویش سزات نەدا، خـوا دەیزانـێ بۆ خۆم تۆڵەت لێدەستێنم. لە ڕاستیشدا میـرێکی زۆر بە بڕشتە؛ ئێرانـی و تـورکی لـێ دەترسێـن و دیاری بۆ دەنێرن. چونکە زۆر باش لە دەستی دێ ڕێگەی نێوان حەڵەب و تەورێز ببەستێ. عوسـمانیش بە بدلیسدا نەبێ ڕێگەیان نیە بچنە وان. دۆڵی بدلیس لە هـەموو شـوێنی دنیـا سەختتـرە. دەکـەس بیگرن، هەزار کەسیان دەرۆست نایە. دوو کەژی ڕژدی هەڵەموت دەورەی بدلیسیان گرتـووە. قـەلاش لەو ناوەندەدایە و لە سەر کێوێکی خڕ و لووس هەڵکەوتووە و تەنیا ڕێییەکی بۆ دەچی و بە سێ شـوورە دەورە دراوە؛ دوانیان نێوانیان هەراوە و شوورەی سێهەم تەنگەبەرە و کۆشـکی میـری دەناودایـە. بـۆ سەرکەوتنی قەلایە، دەبێ ئەسپت زۆر بەکار بێ؛ بەلام هەر میر ومیـراخوڕ دەتوانن بە سواری بیـچنێ. سەرەڕای قەلای قایـمیشی، دەتوانێ بیست تا بیست و پێنج هەزار سـوار و زۆریـش پیـادەی چـەکدار ئامادەکا».

کتێبی *القضیةالکوردیة*، ڕووپەڕ ٤٩ دەڵـێ: «هـەتا سـاڵی ١٣٣١.ک (١٩١٣.ز)ش خـەڵکی بـدلیس کۆڵێـان نـەدا و داوای سـەربەخۆ بوونیـان کـرد. دوامیـن شـۆڕش مەلاسـەلیم و شـەهاب و عـەلی هەڵیانگیـرساند و سەرنەکەوتن. مەلاسەلیم پەنای بە قونسولـخانەی ڕووس بـرد و لەوێـدا مـا هـەتا تورك و ڕووس بە شەڕ هاتن. عەسکەری تورك ڕژانە ناو قونسولـخانە و مەلاسـەلیمیان دەرێنـا و لـە خەیابانی بدلیسێ هەڵیانواسی. جەمیل

سەعات حەوتان حەوت کەمی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، بیستونۆهەمی مانگی ئاب، ساڵی ٦٩ی زایینی -کە حەوتی خەرمانان دەکا- لە گوندی حاجی‌ئۆمەران، وەرگێڕانی شەرەفنامە کۆتایی هات.

خوا یارمەتی دام؛ زۆر شوکور.

هەژار

شەوی هەینی، حەڤدەهەمی مانگی ئەیار، ساڵی ١٩٧٠ -کە وەخت دوو سەعات‌ونیو لە نیوەشەو تێپەڕیبوو- لە جێ‌هەواری بێخۆڵان، لە لای گوندی مەمی‌خەلان، لە ناوچەی باڵەکایەتی، وەرگەڕاوی شەرەفنامەکەم نووسیەوە. بەختیارم کە خوای گەورە دەرفەتی داو ئەوەندە وشە کوردیەم لە سەر کاغەز جێ‌کردەوە. بەهومێدم لە ناو نەچن و منالانی دوارۆژی کورد بەهرەیەکی لێ ببینن. خوا گەورەیە.

هەژار

سەعات یەك و پێنج دەقیقەی بەیانی، بیستوحەوتەمی ئاداری ساڵی ١٩٧٣ز، واتا حەوتی خاکەلێوە، بۆ دووەمیــن جار منی هەژار شەرەفنامەم پاکنڤیس کرد.

بەغدا، گەڕەکی ئیسکان، هەژار

عزیز و محترم قاردашیم .

مکتوبلریزی و ملفوفاتینی بو گون آلدیم . علاقه‌گزه تشکر ایدیرم .
راحتسزلیگزه گوزدوگیم قدر سبب حصه و عاده عافیت ایچرزده بیلوب
سوینیدیم . عجیلوندن خبره ایدیر . اوندا و محتلی مرحومیم . رفیقم
بعداده اولمادیقینده صلاملرگزی تبلیغ ایده‌مدیم . اما یازدیم . بالمقابل قائم
افندیم حرمتلر ایدیر . بیزده اوغللری آنادالرگزیندنه گوزلریندن اوپر . صونلرده
دوستلرگزه سلام و حرمتلر ایدیرم .

اوراده اکیم رفیقلر شاعریز محترم «هژار» ی تورمدیغیم ایچون متأسفم .
علاقه‌سنه تشکر ایدیر . مونفیلر دیدیم . مرحوم جدیم و عائلیمیز حقنده
صورولدیغی قدر خانه‌مده جواب ویرمک احتیاج گلیم . نقصانه رفقا
برلری یا قالسینیک مقصد اولمادیغنی . داها زیاده قطاره متولد
اولدیغی اثبات ایتمه‌سی رجا ایدیرم :

جد سیدیمه اوله بو فصوص بیتی‌نا عرض ایدیم که ، شرفنامه‌یه
یازیلمسی اساسی قابلیسی مرحومک قوه‌سی دیرلیگی کردستان
بیولنتیده . زیرا مشرقده اولده ارشده صوگره ده عائله حقوقی
عینیک سیاسی و دولتی آدملری نشیدشیدر . (توریکه‌ی خانتی
مرشوری بیلسیز جنرتی) . عائله‌نک تنفذ سیاسی زمانلر
آزاد یا یچانه قدر ادرافشدر . عائله‌نک خصوص پاره‌کی واردی
دانالرینه عظیم ایروتوردی . گورولوشده حصرلیغ قدرمت قیداد
گلمشدر . (توریکه حیات آ سیفلری دیسی سیاسی دولتلری
گلیه‌سی) . .

مرحوم شرفخان (بدلیسی) ۱۵۴۳ ییلی ذالحجه آییندا
عائله‌گی محروم شهرینه باغلی کرهرودده دوغمدی . (۱۶۰۲) ویا
۱۶۰۴ سنه سنده بدلیسده وفات ایتدی .

بو یازیلاری محترم مشاهری قطعه‌ده ایدیگنی اعتبه ایدیر . وصولی خبرینی بیلدیرمه‌لر
محترم سوزلرگز دیه ایلکم عزیز قاردشم .

قارداشگز
[signature]

(حضرت عبدالرحمن نقشبندی‌یه سلام و فاتحه‌یه ... رجا ایدیرم .)

مامۆستا زیا شەرەفخان نەوەی شەرەفخانی مەزن، ئێستا لە بێروتی دەژی. زستانی ساڵی ١٩٧٢ بە هۆی مامۆستا نەجمەدینعەونی پرسیارم لێ کرد: مەرگی شەرەفخان لە چ ساڵێکدا بووە؟ لە وەرامدا ئەم نامە کلیشەکراوەی بە تورکی بۆ مامۆستا نەجمەدین نووسیوە، کە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی. هەژار

برای خۆشەویست و بەڕێزم!

ئەمڕۆ نامە و بەستەکەم وەرگرت؛ سوپاسی پەیوەندیت دەکەم. هێندەی کە بە نەساغیت دڵتەنگ بووم، هێندەپتر بە چا بوونەوەت شادم. حەجیشت پیرۆز. ئاواتمە تەمەن درێژ و لەشساغ بی.

خێزانم ئێستا لە ماڵ نیە؛ بەڵام سڵاوی ئەویشتان لێ دەکەم. سەلامم بۆ خانم ئەفەندی بەڕێزتان و چاوی ئازادی کوڕتان ماچ دەکەم. هەر کەس لێمان دەپرسێ و دۆستە، سەلامی لێ دەکەم.

بە داخەوە ئەو مابەینە کە لەوێ بووم هەژاری شاعیری هێژام نەدی. سوپاسی هەستی دۆستانەی دەکەم و سەرکەوتنی دەخوازم. هەر پرسێکی دەربارەی باپیری خوالێخۆشبوم و خانەدانەکەمانیەوە کردووە ئەوەندەی دەیزانم وەرامی دەدەمەوە و ئەگەر کەم و کوڕیشی تێدابێ لە قەستان نیە و دەبێ بمبەخشن. بەر لە هەموو شتێك دەمەوێ لەو بابەتەوە بدوێم کە شەرەفخان بە نیازی پێکهێنانی دەوڵەتیکورد ئەوکتێبەی نووسیوە. چونکە لەو خانەدانەدا -بەر لە شەرەفخان و دوای شەرەف خانیش- زۆر پیاوی سیاسی و بەنرخ هەڵکەوتوون (*دەستنووسی ئاساندنی تورکی، بەشی بدلیس*).

دەسەڵاتی خانەدان لە ڕۆژگارێکدا گەیشتبووە ئازربایجانیش؛ سکەیان بە ناوی خۆیان لێداوە و خودبەیان بە ناو خوێندراوەتەوە. بیستودوو فەرمانڕەوای سەربەخۆیان بە شوێن یەکدا هاتوون. (تورکجە حیات ئەنسقلوپیدسی، سلیمان دولتلری کلیمەسی).

خوالێخۆشبوو شەرەفخانیپێنجەم، مانگی قوربانی ساڵی ١٥٤٣.ز لە شاری قوم -کە سەر بە گریهڕوودی عیراقە- لە دایك بووە و ساڵی ١٦٠٣و ١٦٠٤.ز وەفاتی کردووە.

شاعیری بەڕێز دڵنیابێ کە ئەم نووسراوە ڕاستە و جێی گومان نیە. چاوەنۆڕی هەواڵی دەکەم. دیسان و دیسان چاوتان ماچ دەکەم، برای خۆشەویستم!

براتان: زیا شەرەفخان